pهەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 47

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و حەوت

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

له بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2008)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
بەرگی: 47
چاپی یەکەم: 2008
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/29 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/30 ل65

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/5 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/6 ل231

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/12 ل275

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/13 ل339

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/19 ل431

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/20 ل493

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/5/26 ل499

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/28 ل517



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیٚراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**سێ شەممە رێکەوتی 29\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29

کاتژمێر (30ر10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (30ر10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ رێکەوتی 29/ 2008/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە. بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادە 20 لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان_عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات 11,10 ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی, کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و بریکاری وەزارەتی دارایی دەکەم, زۆر بەخێربێن سەرچاو, بەردەوام بن لەگەڵمان لەسەر گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان, داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن, خوشك و برایانی بەڕێز ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشوو راپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندرایەوە, دواتر رای وەزارەتی دارایی و ئابووری و لەبەر رۆشنایی موناقەشاتی ئێوە و موداخەلاتتان, ئەمە چەند هەفتەیەکە ئەم پڕۆژەیە لە موناقەشەکردندایە, لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیە و ئەو دانیشتنانەی کە کرا لە هۆڵی پەرلەمان, قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, هەروەها بەڕێز وەزیری پلاندانان, زۆر مەسەلە لای ئێوە روون بۆوە, پاش ئەو هەموو

گفتوگۆیه چەند مەسەلەیەکی گرنگ تەسبیت کرا لەلایەن حکومەتەوە, کە لەلایەن ئەو وەزیرە بەڕێزانە تەمسیلیان دەکەن, تەسبیت کرا, بوو بەبەشێك لە میزانیەکە, یەکەم مەسەلە, مەسەلەی قانونی دەسەڵاتی دادوەری بوو, کە بەپێی یاساکەی دەبوایە سەربەخۆ بێت, ئەوە قبوڵ کرا و, جێبەجێش کرا, واتە دەسەڵاتی بودجەی دادوەری, بودجەیەکی تایبەتیان هەیە, دووەم مەسەلە, کە ئێوە داواتان کرد سولفەی عەقار بوو, کە دەبێ عەقار بدرێت, ئەوەش قبوڵ کرا و, پارەیەکی دیاری بۆ تەرخان دەکرێ و جێبەجێ دەکرێ لەلایەن حکومەت, سێیەم مەسەلە, کە گفتوگۆی لەسەر کرا یەکسانی مووچە بوو, مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرانی هەموو عێراق, کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یاسای تایبەتی بۆ دەرچووە بۆ بەرزکردنی مووچەی فەرمانبەران, ئەوانی کەم مووچەن, ئەوەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەگەڵ نوێنەرەکانیانەوە کە لێرە دانیشتوون هاتە قبوڵکردن و, لەزووترین کاتدا لەگەڵ بەغدا تەنسیقیان هەیە بەو پارە زیادەی کە بودجەی تەکمیلیە رەچاوی ئەوە دەکرێت, ئێرەش مووچەی فەرمانبەرەکان دەبێ هەمووی وەکی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بێت, چوارەم مەسەلە, مووچەی خانەنشینی کوردستانە, کە بەشێکی زۆر لە خانەنشینانی کوردستان کێشەیان هەیە, هەم ئەوانەی پێش راپەڕین خانەنشین کراون کە کێشەکانیان زۆر زیاد کراون, زۆر کەم مووچەیان بۆ دیاری کراوە, زۆر گرفتی دیکەیان هەیە, هەم ئەوانی تریش کە فەرقی هەیە لە مووچەی خانەنشینیەکانیان, حکومەت موافەقەتی کرد هەردوو وەزیری دارایی لێرە کە ئەوەش وەکو بەغدا بێت لێرە لە پەیوەندی بن, یەکسان دەبن, خانەنشینەکانی لای خۆمان یەکسان دەبن, خانەنشینی گشت عێراق یەکسان دەبن, بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی کە هەیە لەسەریان نەمینێ, پێنجەم/ مەسەلەیەك هەیە ئێوە باستان کرد, وشکەساڵیە, ناوچەیەکی زۆری کوردستانی گرتۆتەوە, کە بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لەلادێیەکان, گوندەکانیان چۆڵ بکەن و رووبکەنە شار, لەسەر کێشەی ئاو, ئەمەش حکومەت لەو میزانیەی کە پێی دەڵێن میزانیەی تەوارێ رەچاوی دەکات, هەروەها لەو پارەی کە لە میزانیەی تەکمیلی دیاری کراوە بۆ کوردستان, ئیهتیمامێکی زۆری پێدەدات, ئیعلان کرا لەلای حکومەت, بەڵام دوێنێ لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگیرەکەی ئاماژەیان بەوە کرد, کە هەرچیان بۆ بکرێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو وشکە ساڵیە و هاوکاری کردنی ئەو خەڵکەی کە دەیکەن, چ لە بودجەی تەواری, چ لە بودجەی تەکمیلەیی کە دێتن, ئەگەر بەشیشی نەکرد ئەوکات ئێمە روودەکەینە حکومەتی عێراق, داوای هاوکاری لەوانیش دەکەین, چونکە مەسئولیەتی ئەوانیشە, بەڵام ئینشاالله حکومەتی خۆمان دەتوانێت بەو ئیمکانیەتییەی کە هەیەتی رووبەڕووی ئەوە ببێتەوە, بەشێکی گرنگی میزانیەکە تەواو بوو بە موافەقەتی حکومەت لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانە کە ئاماژەم پێکرد, بەشەکەی تری میزانیە کە بریتیە لە میزانیەی وەزارەتەکان, سەرۆکایەتی هەرێم, سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, وەزارەتەکان, پەرلەمانی کوردستان, ئەمەش ئەمرۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین, ئەو مەبدەئانەی کەباسم کرد, ئەگەر رەبتی هەبێت بەمیزانەی هەر یەك لەو بابەتانەی کە باسی دەکەین رەنگی دەداتەوە, کەمی دەکات و زیادی دەکات, بۆیە ئێستا من داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم دەست

پێبکات به موناقەشەکردنی ئەو بەشە، پێشم وایە ئەوەی تایبەتمەندە بە مەسەلەکە قسەی بکات، مەسەلەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، لیژنەی ئاوەدان کردنەوە مەفروزە راپۆرتیان هەبێ، ئەوانەی کەبەدواداچوون لەسەر قسەکانیان بکەن، قسەکانیان لە حدودی میزانیەی ئاوەدان کردنەوە بێت، نەك بێتە سەر مەسەلەیەکی تر ئەوە دوێنی باس کرا، ئەوە پێری باس کرا، یەعنی تەحدید بێت، کاتمان بۆ بمێنێ، یەك نوقتەی ترم هەیە، تەبعەن مەسەلەیەك هەبوو کە پێویستە باس بکرێ، زۆر لە برادەران باسیان لەوە کرد کە ئەو میزانیەی کە لە عێراق تەرخان کراوە بۆ ئێرە، هەمان میزانیە نییە کە حکومەتی هەرێم تەقدیمی کردووە، ئەرقامەکانیان فەرقی هەیە، پێیان وابوو ملیارێك دۆلار فەرقی هەیە، من بەش بەحاڵی خۆم بەسەریدا چوومەوە کە وانییە، بەلاّم داوا دەکەم ئەگەر وەزیری پلاندانان ئەو شتەتان بۆ روونبکاتەوە، بۆ ئەوەی لاتان روون بێت کە هیچ فەرقێك نییە، ئەگەر هەبێت ئەوە ئەو کات پرسیارەکان ئاراستەیان دەکەین، هەرسێ وەزیر لێرەنە، بەلاّم پێشتر کاك عوسمان ئەگەر ئەوەی شەرح بکات، پێش ئەوەی دەست بەبەرنامەکەمان بکەین، سوپاسی دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاّحەزەکە لەسەر ئەوەی کە لە میزانیەی عێراقەوە هاتووە، لە وەقائیعی عێراقی تەبعەن نەشر کراوە، فەرقێك هەبوو برادەران تەصوریان کرد ئەمە خەلەلێکە، ئەوەی کاك سەرکیس خوێندیەوە ئەو رۆژە میزانیەی هەرێمی کوردستان 6 ترلیۆن و 580 ملیار و 784 ملیۆن و 714 هەزار دینارە، ئەو رەقەمە بەپێی میزانیە کە لە لاپەڕەی 16 هاتووە، ئەو رەقەمە بزەبت تەواوە، یەك ئیشکال هەیە، ئیشکالەکە لە مادەی 17 فەقەرەی 4 کە هاتووە ئەڵێ (تحدد كل الحصص من اقليم كردستان بنسبة 17٪ من إجمال النفقات مبينة في جدول (د) النفقات الحاكمة، الملحقة من هذا القانون الذي تمثل مبلغاً مقداره 5 ترليون و 799 مليار و 457 مليون على ان يتم الصرف بهذه الحصة إلا بعد التشاور و التنسيق بين الوزارة المالية و الوزارة المعنية في اقليم كردستان)، ئەمە باسی جەدوەلێك دەكات جەدوەلی (د)ە کە نەفەقاتی حاکیمەیە، تەحدیدی کردووە نەفەقاتی حاکیمە چییە؟ نەفەقاتی حەجە، نەفەقاتی ئیستیرادی تاقەی کارەبایە، نەفەقاتی دەعاوی حەلی نیزاعاتی مولکیەیە، ئیستیرادی وقودە، عەدەدی سوکانە، کە هەمووی 5 ترلیۆن و 799 ملیارە، حەصەی ئیقلیم 985 ملیارە لەم مەبلەغە، برادەران وایان حیساب کردووە کە ئێمە ئەو 985 مان حیساب نەکردووە، فیعلەن ئێمە وامان کردووە، چونکە لەلایەن عێراقەوە سەرف دەکرێ، موادیی غیزائی خۆتان دەزانن دەرمان و ئەوانەی کە باس کرا هەر هەمووی لە عێراقەوە سەرف دەکرێ، بەلاّم بەشی هاوولاّتی کوردستانی تێدایە، ئەم پارەیە داخیلی میزانیە نابێت، ویستم ئەمە بۆ برادەران و ئەندامانی پەرلەمان روون بکەینەوە، کە ئەم رەقەمەی کە هاتووە 6 ترلیۆن و 580 ملیار ئەوە میزانیەی حەقیقی کوردستانە، کە ئەو میزانیە لە بیدایەت هاتووە، یەك ئیشکال هەبووە، ئەویش کەئەو رۆژە میزانیەمان ئامادە کردووە لەسەر ئەساسی ئەو میزانیەی کە موصادەقەکرا لە مەجلیس وزەرای عێراقەوە،

که ڕەوانەی پەرلەمان کرا, لەناو پەرلەمان میزانیەکە تۆزێ زیادی کردووە, 108 ملیار فەرقی کردووە, 108 تەعدیل کردەوە کە ئەویش بۆ زیادەی مووچەیە لەلایەن برادەرانی وەزارەتی داراییەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر, ئەگەر ئەو بابەتانەی کە خوێندرایەوە لیژنەی تایبەت ڕاپۆرتی نەبوو, لیژنەی دارایی مولاحەزاتی خۆی بڵێت پێش ئەوەی کەس مولاحەزاتی بڵێت, فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان چاکە دەزگا بەدەزگا, یاخود وەزارەت بە وەزارەت بیخوێنینەوە بزانین چەندی بۆ تەرخان کراوە, بەنسبەت بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستسماری, باش.

(سەرۆکایەتی هەرێم/ 45222 کە دەکاتە 0,95٪ ی بودجەی تەشغیلی), (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ 54908 کە دەکاتە 1,16٪ بودجەی تەشغیلی), (ئەنجومەنی نشتیمانیی کوردستان/ 54908 کە دەکاتە 1,16٪ بودجەی تەشغیلی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر ئەو سێیە بەیەکەوە بێت, ڕەنگە ڕاپۆرتیان نەبێت لیژانەکان, ریئاسەتی هەرێم و ئەنجومەنی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران), ئەگەر خۆتان ڕەئیەکتان هەیە لەسەری, مولاحەزەتان هەیە وەکو لیژنەی دارایی لەسەر ئەو سێ بابەتە, بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك مولاحەزەی هەبێت موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی جگە لەو تێبینیانەی کە لەراپۆرتەکەمان هەیە, هیچ تێبینی ترمان دەربارەی ئەمانە نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو میزانیەی, کاك بارزان, فەرموو

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت کە تەحدیدی صلاحیات و زەوابتی سەرفی بودجەی هەرچوار دەسەڵاتەکە لەهەرێمی کوردستان بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوکاتەی هاتینە سەر قانونی میزانیە, ئەوە تەرح بکە, کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر میزانیەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان, هەندێك مولاحەزەم هەیە, ئەگەر مەجال بێت باسی بکەم, بەنسبەت, حەرسی شەرف, مەعلومی جەنابتانە, ئێمە لەو پەرلەمانە حەرس شەرفێکمان هەیە, کە سیمای کوردایەتی و خەبات و تێکۆشانیان پێوەدیارە, بەجلی کوردی ماوەیەکە خزمەت دەکەن لە پەرلەمان, بەلأم تا ئێستا ئەوەی مەعلوماتم هەیە میلاکیان تەسبیت نەکراوە لە پەرلەمان, لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژیشە لێرەن, ئیشەکەشیان قورسە داوا دەکەم کە ئەو میلاکە تەسبیت بکرێ لە پەرلەمان, ئەمە یەك, دوو/ ئەوەی من مەعلوماتم هەیە, لەو رۆژەی کە تەعیین بووینە راتبێك وەردەگرن کە ئێستاش هەمان راتب وەردەگرن کە هیچ زیادەیەکی بەسەر نەکراوە, بۆیە حەز دەکەم لە میزانیەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ئەو مەسەلەیە تەسبیت بکرێ, بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو خەڵکانی تر مەشمول بەو زیادەیە بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناو دەنووسم, ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە میزانیەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, زۆربەی پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوەداین, سەبارەت بە مووچە و دەرماڵەی پاساوانانی پەرلەمانتاران کە لەوەزارەتی داخلیە بۆیان سەرف دەکرێ, وەکو پەرلەماناتی دونیا لە میزانیەی وەزارەتی داخلی بگواسترێتەوە بۆ سەر بودجەی پەرلەمانی کوردستان, بەڕاستی ئەو پەرش و بلأویەی ئێستا هەیە سەبارەت بە وەرگرتنی مووچە لەلایەن پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان, بۆ ئەوەی تەلافی بکرێن و مەسەلەکە جێگای خۆی بگرێـتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر مولاحەزەیەکە دەیدەم, بۆ ئەوەی ئەو قسانەی کە دەکرێ نەبێتە هۆی ئەوەی بڵێن ئەندامانی پەرلەمان بەس موهتەمن بە حەرسی شەرفی خۆیان, ئەوە موناقەشەی میزانیەی پەرلەمانە لەبەر ئەوەی زۆر تەبیعیە موحەددەدە, بچینە سەر وەزارەتی فلان باس دەکرێت, ئەوە موناقەشەی پەرلەمانە, بۆ رەئیی ئەوانەی کە موتابەعە دەکەن و دەنووسن, لەبەر ئەوەی زۆر تەبیعیە باس لەو بابەتانە بکرێتن کە لە میزانیەی پەرلەمان باس کراوە, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ لەسەر هەمان رەئیی کاك کەریمم, پشتگیری لێدەکەم, پاسەوانەکانی ئێمە بەڕاستی موعاناتیان هەیە لە راتب وەرگرتن, ئەگەر بخرێتە سەر پەرلەمانی کوردستان ئەو موعاناتەیان لەکۆڵ دەبێـتەوە, خاڵی

**دووەم/ ئێمە گرنگ نییە باس لە رەقەمەکان بکەین, بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆنیەتی صەرف, هەر ئەوەندە گرنگە لەلای ئێمە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قسەکەی منیش پەیوەندی بە مووچەی پاسەوانەکان هەبوو, کە زیادەکە پەرلەمان دەیدات 100 هەزارەکە, بەڵام ئایا هەر بەردەوام دەبێت, یان بۆیان چاك دەکرێ؟ ئەوانیش شمولی ئەو زیادەیە بکەن کە فەرمانبەران بە گشتی وەری دەگرن, چونکە ئەوان زیادەکە شمولی نەکردبوون, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە, جێی خۆیەتی خۆی و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە پەرلەمان هەیە سەربەخۆ بێت, بۆیە منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم, تەنانەت ئەو هێزەی کە پاراستنی پەرلەمانیش دەکات, حەرس شەرفەکانمان, هەر هەمووی سەر بەپەرلەمانی کوردستان بێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش پشتیگری ئەو برا و خوشکە بەڕێزانە دەکەم, کە باسیان لە مەسەلەی پاسەوانەکان کرد, شتێکی زۆر ئاساییە, ئەگەر پەرلەمان نەتوانی دیفاع لەحەقی خۆی و دیفاع لە حەقی ئەو خەڵکە بکات کە لەگەڵی دایە, ناتوانێ دیفاع لە حەقی میللەتەکەش بکات, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تر ئەوەی کە من تێبینی دەکەم, بەڕاستی زۆرجار وایە کە بەسێ مانگ جارێك راتب وەردەگرن, بۆیە ئێمە موعاناتەکە دەزانین, کە داوا دەکەین بگەڕێتەوە سەر پەرلەمانی کوردستان, پێشتر ئێمە پرۆژە یاسایەکیشمان داوا کردبوو دامان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان, وابزانم سەرۆکایەتی دایتە ئەنجومەنی وەزیران, حەقە لێرە ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت گفتوگۆ بکەین, ئەو مەسەلەیە بکەینە واقعێك و بیگەڕێنینەوە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان, سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت, هەم دایان بمەزرێنێت, گۆڕانکاریەکانیش هەمووی لەپەرلەمان بێت, ئەوەی تێبینی دەکرێ تا ئێستا ئەوانە خزمەت گوزاری ئەندامانی پەرلەمان دەکەن, بۆیە ئەگەر بێنەوە ئێرە باشە, مەسەلەی تەقاعودیش ئەو خزمەتەیان بۆ حیساب بکرێ, کە دەیکەن, لەگەڵ رێزمدا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو قسانەی کە بەنیاز بووم بیکەم, برادەرانی پێشی من کردیان, دووبارەی ناکەمەوە, ئەوەندەی تەئکید دەکەمەوە پاسەوانەکانمان مەعاشیان لە پەرلەمان وەربگیرێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەهەمان شێوە تەئکید لەسەر ئەو زەمینانە دەکەمەوە کە باسیان کرد, پەرلەمان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە مەفروزە هەموو دام و دەزگاکانی سەربەخۆ بێت, سەر بەهیچ لایەنێکی تر نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی حەرسی شەرف, پشتیگری ئەو لایەنە دەکەم کە فعلەن میلاکیان یەکلایەن بکرێتەوە, خاڵێکی تر ئیزافە دەکەم, کە هەمەرەنگ بن, بەهەموو پێکهاتەکانی ئەو پەرلەمانە, چۆن پێك هاتووە, حەرس شەرفەکانیش فعلەن پێکهاتەکەی پێوە دیار بێت, بەهەموو رەنگەکان بێت, دەربارەی مووچەی حەرسی شەرفیش, بەپێی هاوپیشەکانی خۆیان چۆنە, خۆ ئەوانیش بەدەر نابن لە مووچە خۆرانی تری کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم کەوا بۆ زیاتر بەرچاو روون کردنی ئەندامانی پەرلەمان, هەندێك زانیاری زیاتر بخاتە بەرچاومان, سەبارەت بە شێوەی سەرف کردنی ئەو پارانەی کە بۆ ئەم سێ دامەزراوە سەرەکییە تەرخان کراوە, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی پێشنیارەکەی کاك شێروان و کاك کریم دەکەم, لەهەمان کاتدا داوا دەکەم حیماییەی پەرلەمان ئەوانیش میلاکیان تەسبیت بکرێ, یەعنی هەروا نەمێننەوە, پرسیارێکیشم هەیە, من لێرە نەبووم, ئەم سێ مەرفەقە, بۆ نموونە پەرلەمان, ئەو ئیعتیماداتانەی کەهەیبووە 43 ملیار و کەسر, بەلاّم ئەوەی کە سرفی کردووە 21 ملیار و کەسر, داوای بۆی کراوە بە 54 ملیار و کەسر, هەروەها بەنسبەت ئەنجومەنی وەزیران خۆ کراوە تەقریبەن بە سێ ئەوەندەی کە سەرفی کردووە لە 2007, عەدەدی میلاکاتەکە, ئەو زۆر نییە کە داواکراوە زیاد بکرێ, یەعنی لەسەر چ ئەساسێك ئەو زیاد و کەمیە هین کراوە, جا ئەگەر حەفتەی پێشوو باس کراوە, من داوای لێبووردن دەکەم لێرە نەبووم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەشێکی زۆری پرسیارەکانتان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە, زیاتر لەوەی ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بێت, بەنیسبەت پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان, خۆشم پشتگیری دەکەم لەبەر ئەوەی نووسرامان کرد بۆ حکومەت, داوامان کرد, بەلاّم هەردوو وەزیر, وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ

کاروباری ناوەخۆ, مولاحەزەیان پێشاندا کە ئەوە سیستەمەکە تێك دەدات و رازی نەبوون, بۆیە من داوام لێکردن کە رۆژێك بێنە ئێرە کۆبوونەوەی بکەین, بۆ ئەوەی رێگایەك بدۆزینەوە, ئەگەر داوای هەمووتان بێت, ئەوا دەکرێ بە پرۆژەیەك, ئەو دەبێت بەقەراری ئێوە, لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەو میزانیەی کە خاصە بەوان دەیخەینە سەر میزانەی پەرلەمان و دەتوانین ئەبوابەکانیان تۆزێ تەنەقول پێ بکەین, بۆ ئەوەی جێیان باشتر بێت, کاك هیوا فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێك ئەبینم, ئێمە پار لیژنەی دارایی ئیتیفاقمان لەسەر کرد لەگەڵ هەردوو وەکیل وەزیرەکە, کە میزانیەی پاسەوانەکانی ئەندامانی پەرلەمان خرایەوە سەر میزانیەی پەرلەمان, ئتیفاقمان کرد کە ئیتر لەمەولا لەسەر میزانیەی پەرلەمان بێت, بەلاّم پاش تێپەڕ بوونی یەك ساڵ دووبارەی ئەوە دەکەینەوە, لەزمنی زیاتر بودجەی پەرلەمان لەساڵی پار, حیسابی مووچەی پاسەوانەکانیشمان کردبوو, پرسیم بۆچی جێبەجێ نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم, پار بووبووە قەرار, یان تەوصیە بوو, ئەگەر بووبێتە قەرار ئەوە شتێکی ترە, بەلاّم تەوصیە بوو کە هێن نەکرایە, وا بەدوا داچووینەوە کە لە کۆبوونەوەکان باسمان کرد, ئاخیرەکەی کردمانە نووسراوێکی رەسمی بۆ حکومەت بەم شێوەی کە عەرزم کردن, کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێ. سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی خوشك و برایانم دەکەم سەبارەت بە پاسەوانەکان, بەلاّم موشکیلەیەك هەیە حەز دەکەم هەموو لایەك ئاگادار بێت, ئەو حەرەسانەی پەرلەمان و هەموو حەرەسی ئەحزاب و مەسئولین, زیاتر لە پێنج, شەش هەزار کەسن هیچیان میلاك نینە لەسەر وەزارەت, نەموستەقبەلیان هەیە, نەتەقاعودیان هەیە, نە خدمەشیان بۆ حیسابە, تا لە لای ئێمەن ئەوە ئیش دەکەن, وەکی ئێمە نەماین دەچنەوە ماڵی خۆیان, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوانەی پەرلەمان بکرێتە میلاك, هەیە 19 ساڵە خزمەتی, ئەوە شتێکی باشە, ئەوە یەك, ئیقتیراحی دووەمم, ئەوەیە جارێکی تر ئیرسالمان کردیە بە بیر جەنابتمان هێناوەتەوە, بەڕاستی قاعەکەمان بچووکە, حەز دەکەم لە میزانیەی ئەمساڵ وابکەین کە قاعەك دروست بکرێ, چونکە ئێستا جێمان نییە, مومکینە خەڵك زیاتر بن, قاعەکەش کۆن بووە, نەهی ئەو سەردەمەیە, نە هی وەزعی ئێستاشە, ئیقتیراح دەکەم کە قاعەك دروست بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیقتیراحەکەی کاك شێروانیش بۆ حەرسی شەرف, ئەویش جێی خۆیەتی یەعنی حەقە پرۆژەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەوانیش خدمەیان بۆ حیساب بکرێ, بهێنن لە پەرلەمان دەسەلاّتی خۆمانە, مولاّحەزەی

پەخشان خان کە پێم خۆش بوو ئەو مولاحەزەی پیشاندا, چونکە هەندێ ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان لەمن کرد, بۆچی تا نیوەی ساڵ پەرلەمان ئەممەندەی سەرف کردووە, ئەگەر حیساب بکەین, مانای وایە دەبێ نیوەکەی تریش حیساب بکەین, کەمترە لەو میزانیەی ئێستا, شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ, تا هین ملیارێك و کەسر بووە, دوایی بۆچی ئەوها زیادی کردووە؟ زیادەکە حەقە پرسیاری بکەن, یەکەم, پێش هەموو شتێك, دوو مەصرفە لەنیوەی دووەمی ساڵ پار, یەکێکیان کڕینی ئەو شوقانەیە بۆ جێ نشینی ئەندامانی پەرلەمان, کە بەناوی پەرلەمان تۆمار کراوە, موڵکی پەرلەمانە, دووەمیش/ تەجهیز کردنی ئەو شوقانە, کە هەمووی لە بەشی دووەمی پار ساڵ, کە لێرەدا دیار نییە, ئەوەی کە دیاری کراوە فەقەت شەش مانگی یەکەمە, بێجگە لەوەش مۆزەفینیشمان زیادی کردووە, ئەو فەرقە لەوە دایە پەخشان خان, ئەوساڵیش میزانیەمان داناوە بەهەمان شێوەیە, تەنها ئحتیاجاتە, کراوەیە هەر کەسێك ئەندامێکی پەرلەمان هەم دەتوانێت تەماشای بکات, بۆ ئەوەی تەفاصیلەکەی بزانیت, صەرفیاتیشی نەك بەس کراوە و شەفافە بۆ ئێوە, چاودێری دارایی دوو ساڵە لەسەر داوای خۆمان, پێش ئەوەی دەورشمان بێت, خۆمان داوامان کردووە بێتن تەماشا بکات, من شتێکتان پێدەڵێم بۆ جوابی سۆزان خان, ڕاست دەکات, گرنگ ئەوەیە چۆن سەرف دەکرێت, سەرف کردنەکە مەسئولیەتە, مەسئولیەتەکە یەکەم شەخص هەڵیدەگرێ, دووەم شەخص هەڵیدەگرێ, وەزیری هەڵیدەگرێ, بەلاَم یەك/ دەبێ متمانەی پێ هەبێت, دوو/ ئەو متمانەیە بە قانون ڕێکخراوە, جگە لەوە هیچ شوێنێك نییە بەپێی قانون موعەڕەز نەبێت بۆ دیوانی چاودێری, هەموو شوێنێك کە لەمیزانیەی حکومەتی هەرێم سەرف بکات, دیوانی چاودێری موکەلەفە بەدوای دابچێت, هەندێك شوێن نەچووە, ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ڕابردووە وە هەیە, بەلاَم بەپێی قانون دەبێ بچێتە هەموو شوێنێکەوە, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم دوو شەترە بوو, هی دووەم هیی پەرلەمان ئەوەی کە داواکراوە دانراوە, بەس ئەنجومەنی وەزیران, دوایی زۆر لە وەزارەتەکان یان زیاد کراوە, یان کەم کراوە, لەسەر چ ئەساسێك, دوو/ داوای خۆشیان لەسەر چ ئەساسێك, کە صەرفیاتی ساڵی پاریان لەوە کەمترە کە داوایان کردووە, یەعنی سوئالە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سوئالەم بۆیە جواب نەداوە, چونکە پەیوەندی بە وەزارەتەکان هەیە, من جوابی ئەو پرسیارەم هەیە کە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە, کە هاتینە سەر وەزارەتەکان دەتوانین باسی لێوە بکەین, ڕایەکەی کاك خورشیدیش قاعەکەمان بچووکە, ئێمە مولاحەزەمان کردووە لەمیزانیەی ئەوساڵ مەبلەغێك تەرخان کراوە, ئومێد دەکەم گەر بۆمان بکرێ دەستی پێبکەین, بۆ دروست کردنی ئەو قاعەیە, ڕەچاومان کردووە و لە میزانیەش هەیە, ئەگەر بتوانین هەر لێرە دروستی بکەین, ئەگەر نا بەرنامەیەکی تریش هەیە ستراتیجێکی تری گەورەتر هەیە کە جێگایەکی گەورە بۆ پەرلەمان بۆ داهاتوو, هەم قاعەکەی گەورە بێت,

**هەم ئەندامانی پەرلەمانیش, چونکە ئێستا جێگاکەی بچووکە, مۆزەفی دەوێت, کۆمپیتەری دەوێت, جگە لەوەش قاعاتی تری دەوێت, خۆ ئێمە هەر وا نامینێین, بێینە سەر هەرێم ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش زیاد دەکات, مانای وایە ژمارەی ژوورمان زیاتر دەوێت, بەرنامەی ستراتیجیمان هەیە ئەگەر ئەومان دەست پێکرد دەبێ تەحەمول بکەین لەگەڵ ئەو قاعەیە بۆ ئەوەی ئەو دەست پێبکەین, ئەگەر نەمان توانی ئەو قاعەیە ئینشاالله دەستی پێدەکەین پێش کۆتایی ساڵ, کاك دلێر ئەگەر بچیە سەر وەزارەتەکان, وەزارەت بە وەزارەت, رەئیی وایە دەڵێ یەك بەیەك تەصویتی بۆ بکەین, بۆ میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم, کێ موافیقە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ موافیق نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بۆ میزانیەی پەرلەمان, کێ موافیقە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ موافیق نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس موافیق نییە, واتە بەزۆرینەی دەنگ, من دەمەوێ بزانم بۆ میزانیەی پەرلەمان بۆ موافیق نیت؟ فەرموو.**

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە باسی ئەوە دەکەین, هەرچەندە کە هەندێ حیساباتمان لەبەردەستدا نییە, بەڵام ئەصڵ وابوو لەبەردەستمان بێت, بەم بۆنەیەوە قسە بکەین, من خۆم یەکێك بووم لە لیژنەی دارایی, ساڵی پار میزانیەکمان بۆ یارەمەتیدان و مەعاشی پاسەوانەکان خستە سەر بودجەی پەرلەمان, ئێستا دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم, ئایا ئەگەر ئەو بودجەی ئیزافە کراوە بە بودجەی پەرلەمان, بۆچی نەکراوە؟ ئەگەر وەزارەتی داراییە, بۆچی نەیکردووە؟ من ئەبینم بودجەی پەرلەمان بۆ ساڵی پار دەوری 20 ملیار بوو, لەسەر ئەساس لیژنەی دارایی زیادمان کرد, یەکەم/ بۆ کڕینی شوقەکان, دووەم/ بۆ مووچەی پاسەوانەکان, ئەمساڵ شووقەمان نەماوە بکڕین, تا ئێستاش وادەردەکەوێت بودجەی مەعاشی پاسەوانەکانیش نەهاتووە, بۆچی ئەبێتە 57 ملیار؟ من بەقەناعەتی خۆم وەڵامێکی ئەوانەم بدرێتەوە و ئەو زیادەیەش, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من جوابی سوئالەکانی ترم داوە لە شەرحەکەم, هەروەها ویستم تێبگەم بۆ دەنگت نەداوە, ئێستا بۆ میزانیەی ئەنجومەنی وەزیران, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا, دەچینە سەر وەزارەتی پەروەردە, کاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی ئەوانەی کە خوێندمانەوە سەبارەت بە میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی وەزیران, بودجەی ئیستسماریان نییە, بۆیە نەمان خوێندەوە, سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە, بڕی (794601 دیناری بۆ تەرخان کراوە, کە دەکاتە 16,73٪ ), ئەوە گەورەترین رێژەی بودجەی تەشغیلیە, کە بەری کەوتووە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی تەربیە راپۆرتان هەیە؟ فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتراحەکەم لەبەرئەوەی هەردووکی دەگرێتەوە, وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەگرێتەوە, لیژنەی دارایی باس لەو بڕە پارەیەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, کاك دلێر بڕۆ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا, چونکە لیژنەکەمان لێرە هەردووکی دەگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (بڕی 191619 دینار کەدەکاتە 4,03٪ بودجەی تەشغیلی), کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت نەفەقاتی رەئس مالی وەزارەتی تەربیە بڕی 2765 ملیۆن دینار, وەزارەتی تەعلیم عالی بڕی 161317 ملیۆن دینار, بۆی تەرخان کراوە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر داوای ئەو موناقەشانەی چەند رۆژە کردوومانە, هەندێك گۆڕانکاری لە میزانیەی ئیستسماری کراوە, حەقە ئاخیر نوسخە بدەینە کاك د. دلێر, بۆ ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە, ئەوان بخوێنێتەوە لەجیاتی ئەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە, دەبوایە پێشتر بدابوایە, سوپاس, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر قسەکانمان لەسەر بودجەی ئیستسماری بووە, نەك تەشغیلی, بەڵام وەکو خاڵێك کە ئەمڕۆ من ئیزافەم کردووە, دیارە لەبەردەستی بەڕێزتان نییە, لەوە دەست پێدەکەم:

پێویستە بودجەی تەشغیلی هەتا ئەکرێت کەم بکرێتەوە, بۆ ئەوەی ئێمە پەرە بەبودجە ئیستسمارییەکە بدەین, هەندێ بابی سەرفیش هەیە کە تکایە وەزارەتی مالیە رەچاوی بکەن, روونکردنەوەی لەسەربکەن,

مەعقولە لە شوێنێكی وەكو وزارەتی خوێندنی باڵا نووسراوە لە بابی تەغزیە 108 ملیۆن دینار, ئەمە یەكێكە لەو موڵاحەزاتە زۆر زۆر بچووكانەی كە لەسەر شێوازی پڕكردنەوەی فۆرمی بودجەی تەشغیلی هەمانە, هەزارەها موڵاحەزە هەیە, بەڵام ئێمە ئەو موڵاحەزەمان لەلا گرنگە, زۆر سوپاس.

بۆ/سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی كوردستان-عێراق

بابەت/ راپۆرت

سەبارەت بە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لیژنەكەمان ئەم كۆمەڵە تێبینی و پێشنیارانە دەخاتە بەردەم هەردوو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان:-

1- بودجەی دیاری كراو بۆ وەزارەتی پەروەردە 16٪ كە بەشێوەیەكی رێژەیی گونجاوە, هەرچەندە بەشێكی زۆری بۆ بەشی تەشغیلی دەروات نەك وەبەرهێنان ، بەڵام بودجەی دیاری كراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەشێوەیەكی رێژەیی كەمە ( 4٪ ) لە حالەتێك دا ئەم وەزارەتە سەرجەم زانكۆكان و پەیمانگاكان و ستافی زانستی و كارمەند و قوتابی و خوێنكارێكی زۆر دەگرێتە خۆی .

2- لە لیستی پرۆژە پێشنیار كراوەكان كە لە ساڵی 2008 جێ بەجێ دەكرێت لە پارێزگای سلێمانی 35 قوتابخانە دروست دەكرێت و هەروەها دروست كردنی نهۆمی دووەم بۆ 19 قوتابخانە كە زۆربەی ئەو قوتابخانانە لە رووی ئەندازەییەوە كۆنن و ئەوە بەزیانێك دەزانین بۆ بودجە ، چونكە دروست كردنی نهۆمی دووەم بەم شێوەیە سەركەوتوو نەبووە و زۆربەی قوتابخانەكانی كە سەردانمان كردوون گلەیی و گازاندەیەكی زۆریان هەبووە بەرامبەر ئەو نهۆمە تازەیە كە بەشێوەیەكی زۆر بازرگانیانە دروست كراوە, بێ گوێدان بە مەرجەكانی ستاندارد. لە لیستەكەی پرۆژە پێشنیار كراوەكانی سلێمانی باخچەی ساوایانی تێدانیە، لە دهۆك 17 قوتابخانە دروست دەكرێت, باخچەی ساوایانی تێدانیە، لە هەولێر 34 قوتابخانە و 7 باخچەی ساوایان هاتووە. ئەمەش جێی گلەییە كە وەزارەتی پەروەردە و پلان دانان بەجیددی سەیری نەبوونی بینایەی باخچەی ساوایانیان نەكردووە.

3- گۆژمەی پێشنیار كراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ، لەلایەن وەزارەتی دارایی زۆركەم كراوەتەوە ئایا ئەمە لەسەر بنەما و پلانێكی زانستی و واقعی یە یاخود تەنها راهاتنە و رۆتینێكە بۆ وەزارەتی پلان دانان دەگەڕێتەوە .

4- ئێمە پشتگیری لە زیاد كردنی صلاحیەتی صەرف كردنی وەزیرەكان دەكەین بۆ راپەڕاندنی كارەكانی وەزارەت, چونكە كاتێك كە ئەدای وەزارەتەكەیان خراپ دەبێت دەڵێن وەزارەتی دارایی هاوكار نیە .

5- پێدانی سەربەخۆیی دارایی و ئیداری زانكۆكان بە هەنگاوێكی زۆر گرنگ دەزانین بۆ پڕكردنەوەی كەم و كورتیەكانی زانكۆكان و بەتایبەتی لەپاش دەرچوونی یاسای چاودێری دارایی دامەزرانی دیوانی چاودێری دەتوانرێت سەرف كردنی بودجەی تەرخان كراو چاودێری بكرێت .

6- وەك ئاگادارین زانكۆی صلاح الدین چەندین ساڵە برێك پارەی زۆری تەرخان كردووە (4 ملیار دینار) بۆ دروست كردنی دیزاینی زانكۆیەكی نوێ, بەڵام بەداخەوە ئەمساڵیش لە پرۆژەكاندا نەبوو، (پارەی خەرج

کراو تا کۆتایی 10595/2007 ملیار دینار و گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 20148/2008 ملیار دینار) بەداخەوە کاری نەخشەکێشان بە 2 ساڵ هێشتا کۆتایی نەهاتووە .

بودجەی وەزارەت بۆ نۆژەن کردنەوە و بەکرێ گرتنی بینایەی تر بۆ زانکۆ دەڕوات بێ ئەوەی هەنگاو بۆ دروست کردنی کەمپی زانکۆیی بنرێت, وەك هاتووە بودجە تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی هۆڵی ئامادەکراو لە گشت زانکۆکان بە گوژمەی 13 ملیار دینار ، کە ئەمەش بەهەدەردانی پارەیە .

7- بۆ کۆمەڵگای زانکۆی سۆران لە 2007، 144 ملیۆن دینار دانراوە کە ساڵی رابردوو هیچ نەکراوە, بەڵام بۆ 2008/ 131 ملیۆن دینار دانراوە ئەو فەرقە لە بەینی 144 بۆ 131 واتە 15 میلۆن دینار بۆ کوێ دەروات؟

ئەوەی کە تێبینیمان کردووە لەگەڵ هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە بەشێك لە سیستمی بەرێوەچوونی کاروباری ئەم دوو وەزارەتە لە دروست کردن و دابین کردن و چاککردنەوەی بەشە جیاوازەکان و کەل و پەل کە لە بودجەی وەزارەتەکان دەستنیشانیشی کردووە, بەڵام وەزارەتی دارایی لەکاتی پێویست پارەکەیان ناداتە دەست بۆ نموونە: پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر لەسەرەتای ساڵی خوێندنی 2007- 2008 لە بینایەی نوێدا دەستیان بە خوێندن کردووە, بەڵام بێ هەبوونی کەل و پەلی پێویست لە پەیمانگاکەدا هەر لەسەرەتای ساڵەوە بەرۆتین و بەردەوام لە رێگەی وەزارەتی پەروەردەوە داوایان لە وەزارەتی دارایی کردووە کە بودجەکەیان کە تەرخان کراوە بۆ سەرف بکرێت بۆ کڕینی کەل و پەلە پێویستەکان و تەنانەت داواکاریەکان ئاراستەی لیژنەکەشمان کراوە, بەڵام تا ئەم ساتەش بڕی پارەی دیاری کراویان بۆ سەرف نەکراوە و قوتابیان لە دۆخێکی زۆر نەگونجاو ئەمساڵی خوێندنیان بەسەر برد هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان بەشێك لە پێویستیەکانیان وەك دیاری پێشکەشی پەیمانگا کرد .

8- لە لیستی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە هەولێر لە بەشی پەروەردە خاڵی حەوت هاتووە دروست کردنی 10 قوتابخانەی 12 پۆلی لە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری هەولێر بەبێ ئاماژە کردن بە ناوی قەزاو ناحیەکان .

9- نەخشەی دروست کردنی قوتابخانەی 3 پۆلی و 4 پۆلی لە دێ و شارە دێیەکان پێویستە نەمێنێ, چونکە سیستەمی خوێندن گۆڕاوە لە سەرەتایی بۆ بنەرەتی, واتە 9 پۆلی پێویستە .

10- لە خاڵی 24 هاتووە دروست کردنی چوار پۆل بۆ بینایەی قوتابخانەی سەرەتایی دەلالان لە رانیە و پێداویستی هۆڵی بۆنەکان لە رانیە ، کە ئەمەش جێگای پرسیار و تێڕامانە بۆ ئەم دوو کەرتە لێك جیاوازە تێکەڵ کراوە .

11-بەشێکی زۆری پرۆژەکانی پەروەردەیی لە پارێزگای دهۆك بۆ نۆژەن کردنەوەیە نەك بۆ دروست کردن، لە کۆتایی لیستەکەدا بڕگەیەك هاتووە بە ناوی "پرۆژەی جۆراو جۆر" لە سەکتەری پەروەردە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە جۆری پرۆژەکان بکات کە بەبڕی گوژمەیەکی 2 ملیار دینار.

له لیستی پرۆژەکانی دروست کردنی قوتابخانه ، بڕێکی باش گۆژمه دانراوه, لەوانه دروست کردنی هەر قوتابخانەیەکی 24 پۆلی 1.600 (ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دینار) و 18 پۆلی 1.400 (ملیارێك و چوارسەد ملیۆن دینار)، بەڵام لەوانەیە ئەم گۆژمەیە زیاد دەربچێت و پێویستە بڕی زیاد تەدویر ببێتەوە بۆ خودی وەزارەت بۆ ئەوەی لە پرۆژەی تر سەرفی بکات کە بەداخەوە لە زۆربەی کاتەکان پارەی تەدویر لەخودی وەزارەت سەرف ناکرێتەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, تێبینیەکان, بەشێکی زۆری عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, بەشێکی تریشی راسپاردەیە و عیلاقەی بە ئیدارەوە هەیە و عیلاقەی بە یاساشەوە هەیە, ئەوەی کە عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, حەز دەکەم باسی لێوە بکرێ, چەند کەس موداخەلەی لەسەر هەیە, تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی تەعلیم عالی, ناوەکان دەنووسم, کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاڕاستەی لیژنەی پەروەردە دەکەم, سەرەتا دەست خۆشیان لێدەکەم لەسەر راپۆرتەکە, ئایا ئەو هەڵمەتەی بۆ دروست کردنی بینای قوتابخەنەکان بەتایبەت بۆ بواری پەروەردە, بەپێی پێویستی هەرێمی کوردستانە, چونکە ئێمە یەکێك لە گرفتە گەورەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان, کەمی بینای قوتابخانەکانە, ئایا ئەو هەڵمەتەی کە من گوێم لێبوو خۆی لە 80 قوتابخانە ئەدات, جگە لەوەی پارێزگای سلێمانی کە 10 قوتابخانەیە, ئەوە دەکاتە 90 قوتابخانە, ئەوە یەك, دوو/ داوایان لێدەکەم تا ساڵی داهاتوو لیژنەی پەروەردە موتابەعەیەك بکات, ئایا ئەو قوتابخانانە دروست دەکرێن؟ یان نا؟ شتێکم هەیە حەز دەکەم بیڵێم, الحمدلله ئەمڕۆ گفتوگۆیەکان بەباشی ئەڕوا, شتێکی چاکە, یەعنی هەستی پێدەکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا, هەرچەند بودجەیەکی گەورە و بەهێز دابنێین, من پشتیگری لێدەکەم, ئەم دوو وەزارەتە وەکو دوو وەزارەتی گرنگ و زەرور, هەم بۆ لایەنی پەروەردەیی, هەم بۆ لایەنی فێرکردن, بەڵام من دوو تێبینم هەیە, تێبینی یەکەم/ پشتگیری تەواو دەکەم بۆ نەمانی سیستەمی دوو, سێ دەوامی لە قوتابخانەکان, بابڵێین خوێندگاکانە, تێبینی دووەم/ بەڕاستی من لە موناسبەیەکی تر, هەر لەم هۆڵە لەگەڵ جەنابی وەزیری پەروەردە, جەختم لەسەر ئەوە کردەوە, بەڕاستی ئیتر کاتی ئەوە هاتووە چیتر بە دەیان ملیۆن, بەسەدان ملیۆن سەرف نەکرێت, بۆ

هەڵوەشاندنەوەی دەیان تۆنی وەرەقە و نووسراوی رەسمی, تەنها لەبەر ئەوەی ناوی قوتابی نووسراوە, یان خوێندکار, بۆ ئەوەی بکرێت بە قوتابی, خوێندکار, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینم کرد لەم جەدوەلە, دیارە جەدوەلەکە گۆڕاوە, لەگەڵ راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە, وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی خوێندنی باڵا, ئەوەی کە داوایان کردووە, تەقریبەن سولسی ئەوانەیان بۆ موافەقەت کراوە, مولاحەزەم نەکردن راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە لەسەر چ ئەساسێك ئەوە کەم کراوەتەوە, ئەمە یەك, دوو/ پرسیارێکم هەیە, 108 ملیار بۆ تەغزیە, تەغزیەی چییە؟ تەغزییەی مەدرەسییە؟ شتێکی تریشم هەیە, بەڵام لەوانەیە تەعلیق بێت, ئێمە دەڵێین میزانیەی تەشغیلیە کەم بکرێتەوە, بەڵام میزانیەی تەشغیلی چەند بوارێکە, یەکێك لەبوارە گرنگەکانی مەسەلەی تەئهیلە, تەئهیلی ئەو خەڵکانەی کە لەو موئەسەسەن, ئینجا باشە ئێمە کە باسی کەم کردنەوەی دەکەین, چ بوارێك بڵێین کەم بکرێتەوە, چونکە مەسەلەی تەئهیل بەشێکە لە تەنمیەی بەشەری کە زۆر موهیمە, ئەگەر من بەڕاست بۆی چووبم کە لەزیمنی میزانەیەی تەشغیلی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینم کردیە لە ئیستمارەکەی, ئیعدادی موازنەی تەخمینی, هیچ بودجەیەکی تایبەت دانەنراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, یان لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ پێداویستی و بەڕێوەبردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری, کە ئەوە نەخوێندەوار و فێربوونە, کە ئەو پرۆسەیەکی زۆر چالاکانەیە, بەشێکی گرنگە لە ژیانی خەڵکەکە کە بودجەیەکی دەبێت بۆ تەرخان بکرێ, کە هەمەچەشنەکان فێرکردن و دووبارە بودجەیەك هەر لەهەمان کاتدا تەرخان بکات بۆ چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان, کە تایبەت بێت بۆ هەڵمەتی راگەیاندنی پڕوپاگەندە و پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری, یەعنی ئەوە هیچی بۆ نەکراوە, نە لەلایەن وەزارەتی دارایی, نە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران, دووبارە پێشنیاری ئەوە دەکەم دابین کردنی بودجەیەکی دیاری کراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئامار, ئێمە کێشەی ئامارمان زۆرە, بەتایبەتی لەبواری پەروەردە, دووبارە نەبوونی بودجەیەکی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی پلان, ئەوەی نەقصی هەیە لەوەی کە تەماشا دەکەم, نەقصی پلانمان هەیە, وەك لەخاڵی 4 لە تێبینیەکانی لیژنەی پەروەردە (زیاد کردنی صلاحیەتی صەرف کردنی وەزیرەکان دەکەین بۆ راپەڕاندنی کارەکانی وەزارەت, چونکە کاتێك کە ئەدای وەزارەتەکەیان خراپ دەبێت دەڵێن وەزارەتی دارایی هاوکار نیە), من زۆر پشتگیری ئەوە دەکەم, چونکە بەرای من کێشەی هەرە گرنگی وڵاتەکەمان ئەوەیە کە پلان و ئیدارە و

بەڕێوەبردنمان زۆر لاوازە, کێشەی تەمویل و بودجەمان ئەوەندە نییە, ئەوەندەی کەوا ئادائی بەڕێوەبردن و پلاندانان و ئیدارە, کێشەمان لێی هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو بابەی بودجەی گشتی ساڵی 2000, بەڕاستی بابێکی زۆر گرنگە, جێگای خۆشحاڵیشە کە 16٪ تەرخان کراوە بۆ کەرتی پەروەردە, بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ بەتایبەت ئێمە لە گشتە مەیدانیەکانمان لەسەر قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان, تەماشا دەکەین بواری پەروەردە لە کوردستان دەتوانم بڵێم بەتەواوی وێران بووە, یەعنی کارەساتێکی زۆر گەورەیە, من بەکارەسات ناوی لێدەنێم, لەبەرئەوەی تەواوی ئەو خوشك و برایانەی کە سەردانی ناوچەکانی تری کوردستانیان کرد, هەمان ئەو گرفتانە رووبەڕووی هەموو لایەك بۆوە, ئێمە بەبەڵگە و چەندین راپۆرتیشمان نووسیوە کەم و کورتیەکانمان خستۆتە ڕوو, لە مانگی 2005/12 چەند ئەندام پەرلەمانێك گەشتێکی مەیدانیانمان بۆ دەشتی هەولێر و پەروەردەی مەخمور کرد, لە مانگی 12/ 2007 جارێکی تر ئێمە گەشتێکی تری ئەو ناوچانەمان کردەوە, بەداخەوە ئەو کەم و کورتیانەی کە لە 2005 هەبوون, لە 2007 هیچی چارەسەر نەکرابوو, دەتوانم بڵێم خراپتریش بوو, بینایە زۆر کەم بوو لەو ناوچەیەدا, هۆیەکانی فێرکردن لە هیچ قوتابخانەیەك نەبوو, لەهەمان کاتدا ئەو کەل و پەلەی ناو قوتابخانەکان هەمووی زۆر کەون بوون, بە کەڵکی بەکارهێنان نەدەهاتن, زۆربەی زۆری قوتابخانەکانیش ئاو و کارەبایان نەبووە, جا ئەو هەموو گرفتەی کە لە قوتابخانەکاندا هەیە پێویستیان بە رێکخستنێکی تەواو هەیە, بۆیە من داوا دەکەم لێرەوە لەو بودجەی کە بۆ پەروەردە تەرخان کراوە, ئەهمیەتی زیاتر بە دروست کردنی بینایەی قوتابخانە بدرێت, مەسەلەن بۆ هەموو پارێزگای هەولێر 34 قوتابخانە دیاری کراوە, لەگەڵ 7 باخچەی ساوایان, بەڕاستی زۆر کەمە, مەسەلەن لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر نسبیەکی زۆر کەم دیاری کراوە, ئایا ئەوە چەندی بەر قەزا و ناحیەکان دەکەوێت؟ لێرەدا من داواکارم کە گرنگیەکی تایبەت بەناوچە بەعەرەب کراوەکان بدەن, من لێرەوە کە خەڵکی دەڤەری مەخمورم داوا دەکەم کە ئیهتیمامی زیاتر بەو ناوچەیە بدرێت, لەبەرئەوەی ناوچەیەکە بەڕاستی زۆر مەغدورن و غەدریان لێکراوە, لەهەمان کاتدا ئەوەی کە تەماشا دەکەین لە ڕووی چاپ کردنی کتێب, حەقە وەزارەتی تەربیەی کوردستان, ئەو کتێبانە لە دەرەوەی وڵات چاپ نەکات, چونکە رەوانی دەکات و هێنانەوەشی کولفەی زیاتری دەوێت, ئێستا لەکوردستان کۆمەڵێك چاپخانەی زۆر پێشکەوتوو هەیە, حەقە لێرە چاپ بکرێت, ئەو پارەیەش لەناو کوردستان صەرف بکرێت, نەك بچێتە وڵاتێکی تر, دواتر لە کەرتی پەروەردە بەراستی بێ پلانی هەیە, پلانی پەروەردە نییە, هەندێ قوتابخانە تەماشا دەکەیت یەك مامۆستای هەیە, 16 فەراشی هەیە, هەندێ قوتابخانەش 96

تەلەبەی لەیەك پۆل دەخوێنێ, بەلاّم لەهەندێ قوتابخانە 30 قوتابی لەیەك پۆل دەخوێنێ, یەعنی بەڕاستی بێ سەروبەریەكی تەواو لەو كەرتە هەیە, ئەو كەرتە پێویستی بەڕێكخستنی تەواو هەیە, ئەو بودجەیەش حەقە بەرنامەڕێژی بۆ بكرێ, هەم حكومەت و هەم پەرلەمان زیاتر بەدواداچوونی بۆ كەرتی پەروەردە بكەن, بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە نەمینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە راپۆرتەكەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ دەكەم, من چوار خالّم هەیە بە كورتی باسیان دەكەم, یەكەم/ لەسەر بڕگەی دووەمی راپۆرتەكەیانە, هەرچەندە كاك غەفور بەشێكی قسەكانی منی كرد, بەس بۆ تەئكید دووبارەی دەكەمەوە, پشتگیری ئەوە دەكەم كە فیعلەن ئیهتیمامێكی تایبەتی بە باخچەی ساوایان بدرێت لەهەرسێ پارێزگاكانی كوردستان, ئەپرسم ئایا ئەو سێ ژمارەی كە دانراوە بۆ قوتابخانە, بۆ ئەو سێ پارێزگایە كافییە؟ ئەوەی مەعلوماتم هەبێت, نەخێر زۆر پێویستیمان لەوە زیاتر بە بینای قوتابخانە هەیە, بەتایبەتی لەشاری سلێمانی, لەسەر بڕگەی 4 راپۆرتەكەیان, مەسەلەی صلاحیەتی صەرفی وەزیرەكان, لە كۆبوونەوەی پێشوو بەڕێز وەزیری دارایی پشتگیری لە مادەی 10 ی راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری كرد, پشتگیری ئەوە دەكەم كە فعلەن ئەو صلاّحیەتە زیاد بكرێتەوە, وەكو راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری لێبكرێ, خالّی سێیەم/ لە یەكگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە كۆمەلّێك بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەقەزا و ناحیەكان دروست كراوە, ئەگەر ئیهتیمامێكی چاكتری پێبدرێ بودجەكەیان زیاتر بكرێ, چونكە ئەوانە تازەن, پشتگیری ئەو پێشنیارەی ڤیان خانیش دەكەم بۆ تەرخان كردنی بودجەیەكی تایبەت بۆ هەلّمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە سالّی رابردوو وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا سیستەمی خوێندن بگۆڕێ, ئێمە چاوەڕیی ئەوە بووین ئەوسالّ بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە بڕێكی پارەی زۆر تەرخان بكرێ بۆ جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارە, ناكرێ ئێمە هەر بڕیارێك بدەین و پاش چەند سالّێك لێی پەشیمان ببینەوە, یان هەلّیبوەشێنینەوە, یان كۆمەلّێك مەصرەفی لێبكرێ, دوایی جێبەجێ نەكرێ, ناكرێ سیستەمی نوێی خوێندن بیهێنیە كایەوە, پاشان خوێندكار لە خانووی قوڕ و كابینەدا بخوێنن, پێویستە فیعلەن كە ئێمە سیستەمی خوێندن دەگۆڕین, هەموو شتێك بهێنینە بەرچاوی خۆمان وەكو ئەو شاشەیە, چەند خوێندنگامان دەوێ, فیعلەن باخچەی ساوا, ئێستا باخچەی ساوا لە راپۆرتەكەی لیژنەی پەروەردە هاتووە لە دوو پارێزگا هەر ئیشارەی پێنەدراوە, گەشەی بنەڕەتی لە خوێندن, باخچەی ساوایانە, ئەگەر سیستەمی نوێی پەروەردە پەرەپێدەدەی, مەفروزە باخچەی ساوایان پەرەی پێبدەی, خوێندنگایەكان گەشەی پێبدەی, پێم وایە ئەوسالّ دەرچووانی زانكۆ لەسەرتا سەری كوردستان شوێن نابێ لێی بخوێنن, ئەوانەی ئەوسالّ دەردەچن هیچ خوێندنگایەك نییە

بچن دەوامی لێبکەن, خێمەشیان بۆ بکەین هەر جێیان نابێت, بۆیە من پشتگیری ئەو لایانە دەکەم کە ئەو بودجەی وەزارەتی پەروەردە زیاد بکرێ, بۆ ئەوەی بینایەکان گەشە بکرێ و خوێندنگایەکان زیاد بکرێ, خوێندنگایەکان لەسەرتا سەری کوردستان هیچ شوێنێك نییە رێی تێ بچی, خاڵێکی تر کە هیچ ئیشی بۆ نەکراوە, زمانی یەکگرتووە, زمانی یەکگرتوو لە کوردستان, چۆن سیستەمی خوێندن گەشە دەکات کە زمانێکی یەکگرتوومان نەبێت؟ حەقە شان بەشانی گەشە کردنی ئەو سیستەمە نوێیە, زمانی یەکگرتووش کاری لەسەر بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من دەست خۆشی لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاْ دەکەم, پشتگیری لە راپۆرتەکەیان دەکەم, منیش لەو بڕوایەدام چی بۆ پەروەردە و خوێندن بکرێت هێشتا هەر کەمە, بەلاْم لەگەڵ ئەوەش من کۆمەلێك تێبینم هەیە, هەندێکی برادەران باسیان کرد بەسوپاسەوە, هەندێکی هێشتا ماون ئەمەوێ خۆم باسیان بکەم, من بەش بەحاڵی خۆم چی بۆ خوێندنی بالاْ بکرێت کەمە, کە دێین باسی وەزارەتی خوێندنی بالاْ دەکەین لەوێ من تێبینیەکم هەیە, من ئەمە بەحەلەقەیەکی زیاد دەزانم, چونکە ئەو بودجەیە بۆ ناوەندی وەزارەتی خوێندنی بالاْ دابنرێت, ئەو هەر ئەصڵەن بودجەیەکی زیادە, چونکە زانکۆ فەرقی هەیە لەگەڵ پەروەردە, پەروەردە پێویستی بەوەزارەت هەیە, بەلاْم خوێندنی بالاْ بەقەناعەتی من پێویستی بە وەزارەت نییە, بەلاْم ئەوە عیلاقەی بە بودجەکە نییە, هەر وەختێك بودجەکان بڕیاردرا کە خوێندنی بالاْ وەکو جارانی لێبێت, یەعنی ئەنجومەنێکی هەبێت ئەو کات بودجەکەی دێتە سەر سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان, چونکە ئەو ئەنجومەنە پەیوەند دەبێت, یان راستەوخۆ بەسەرۆکایەتی حکومەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەستێرێتەوە, بەلاْم لەگەڵ ئەوەش نوێژەن کردنەوە و تازە کردنەوە لەو پارەیە تەرخان کراوە بۆ نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان, بۆ کەل و پەلی قوتابخانەکان, بەلاْم دەبینین نوێژەن کردنەوەی قوتابخانەکان کاتێك کە دەکرێ کە دەوامە, یەعنی سێ دەوام لەیەك قوتابخانە دەکەن, من تێناگەم سیستەمی تازەی خوێندنی ئێمە, چۆن دەتوانێ سێ دەوام لەیەك قوتابخانە پەیڕەو بکات؟ یەعنی مەفروزە کاتێك کە نوێژەن کردنەوەکان دەکرێت لەکاتی خۆی بکرێت, یەعنی هیچ نەبێت لە پشووەکانی هاویندا بکرێت, چونکە نزیکەی چوار, پێنج مانگ هەیە بۆ ئەمە, خاڵێکی تر/ کەل و پەلی قوتابخانەکان, هەرچەندە پارەیەکی باش تەرخان کراوە, بەلاْم ئەبینین بەکەس و کار و بنەماڵەی قوتابیان کەل و پەلەکان دەکڕێن, ئەمە حەق نییە, پێم وایە نابێ شتێکی ئەوها هەبێت, ئەگەر وەزارەت کەمتەرخەمە, یان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کەم تەرخەمە مەفروزە موحاسەبە بکرێت لەسەر ئەمە, یان چ جیهەتێك کەم تەرخەمە بەرامبەر ئەمە, چۆن دەبێ لەکەس و کاری قوتابیان داوای کەل و پەل بکرێت, لەگەڵ ئەوەش میزانیەك هەیە, چوارەمین میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەرە دانراوە, من بەکەمی دەزانم ئەوەی کە ئێستا هەیە, من لەگەڵ رێز و خۆشەویستیمدا لەگەڵ برایانی تورکمان و کلدان و

ئاشوورییەکان و ئەو قوتابخانانەی کە بەغیری زمانی کوردی هەن, چیان بۆ بکرێ من بەکەمی دەزانم, بەڵام بەداخەوە قوتابخانەی تورکمانی هەیە, قوتابیانیان بەقەدەر ژمارەی دەستن, باشە چۆن دەبێ؟ لە نزیکی یەکتریشن, مەفروزە ئەو قوتابخانانە یەکبخرێنەوە, زیاتر بایەخیان پێبدرێ, نەك قوتابخانە هەبێت پانزە قوتابی هەبێت, یان $25$ قوتابی هەبێت, بەتایبەتیش لەنزیکی یەکترین, من پێم وایە ئەوە بایەخدان نییە بەخوێندنی تورکمانی, بەخوێندنی سریانی, یان بایەخدان بە خوێندنی عەرەبی, بەشێوەیەکی تر ئێمە دەتوانین بایەخیان پێبدەین, لەقوتابخانەکان باسی فەڕاشەکان کرا, بەڕاستی لەقوتابخانەکان فەڕاش یەکجار زۆرن, ئینجا من بەچاوی خۆم بینیمە قوتابیان لەجیاتی فەڕاشەکان ناو قوتابخانەکان پاك دەکەنەوە, ئاخر ئەمە چۆن دەبێ, کە فەڕاش دانرا, ئەوە بەژمارەیەکی زۆریش دانراوە, بەردەست هەن, فەڕاش هەن, مەفروزە فەڕاشەکان ئەو دەورە ببینن, نەك قوتابیان, خاڵێکی تر/ دەربارەی نووسەر لە قوتابخانەکان, ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە قوتابخانەکان هەیە, هەر قوتابخانەیەك جاری جاران لەسەرەتایی پێویست نەبوو نووسەر هەبێت, ئێستا قەیناکە با لەسەرەتایش نووسەر هەبێت, بەڵام نە ئەو هەموو نووسەرە, ئەمە هەمووی حیسابە لە بودجە ئەڕوا, ئێستا ئەو نووسەرانەش کەم بکرێنەوە, یەعنی لەهەر قوتابخانەیەك نووسەرێك, یان دووان هەبێت, نەك زیاتر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, زۆر مەوزوع تەرح دەکرێ کە پەیوەندی بە وەزیری خۆی هەیە, بۆیە لەچوارچێوەی میزانیەکە موناقەشە بکەن, مولاحەزەکان جێگای خۆیەتی, کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پرسیارێك ئاراستەی خۆمان دەکەم, لە بودجەی ساڵی پار, وتمان ئەزموونێکی تازەیە لە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان, بۆیە وتمان ئەگەر بەسەریا بڕۆین, ساڵی داهاتوو بەڵکو وردتر هەڵوێستە بکەین, لەبەر ئەوەی داوام وایە پەلە نەکەین لە موصادەقە کردن لەسەر بوجەی وەزارەتەکان, ئەمە یەك, دوو/ بەڕاستی ئێمە بەسەر سێ کەناڵ تێپەڕ دەبین بەبێ ئەوەی راپۆرت لەسەریان بخوێندرێتەوە, لەبەر ئەوە من دەنگم نەدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و بۆ ئەنجومەنی وەزیران, بەڵام مادەم تۆزێ ئاگاداری پەرلەمانی خۆمانم, ئەوا یەکسەر دەستم بەرزکردەوە کە ناڕازیم, بۆیە داوا دەکەم کە سێ راپۆرت هەبێت, لەسەر شێوازی خەرجکردنی بودجەی ئەو سێ ستافە سیادیە, بۆ ئەوەی وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر ئێمە بیخەینە بەر پرسیار و رەخنەوە, ئێمە قسەی خۆمان بکەین لەسەریان, چونکە بودجەیەکی زیاتریان پێدراوە, خاڵێکی تر/ ئێمە لە لیژنەی دارایی لەخاڵێك سێ تەعنی گەورەمان ئاڕاستەی ئەم وەزارەتانە کردووە, لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش ئەوە ئاماژە کراوە, من داوا دەکەم نەڕۆین بەسەریان, کابرا پسپۆڕە کە ئەمە دەخوێنێتەوە یەکسەر دەکەوێتە شك لەسەر قەزیەکە, ئێمە دەڵێین ئەو جیاوازە زۆرەی لە نێوان ئەو بڕە بودجەی کە وەزارەتی پەیوەندیدار خۆی داوای کردووە, لەگەڵ ئەوەی کە

وەزارەتی دارایی بۆی خەملاندووە, فەرقی زۆرە, جاری وا هەیە لە 50٪, جاری وا 60٪ ە, ساڵی رابردوو 2007 سەیر دەکەی زۆر زۆر زیادیان کردووە, لەکاتێك کە راپۆرت دەخوێندرێتەوە بەشێکی کەمی بودجەکە خەرج کراوە, خاڵێکی تر/ ئەو راپۆرتانە کەدەخوێندرێتەوە خاڵی وای تێدایە کە پێویستە وەزیری پەیوەندیدار و ستافەکەی وەلأمیان بدەنەوە, ئێمە کە حیساباتی خیتامیمان لەبەردەست نییە, من هەرگیز دەنگ نادەم بە بودجەیەك کە ئەو تەعنانە وەلأم نەدراوەتەوە, چونکە هەریەك لەوانە بەسە بۆ ئەوەی وەزیری و ستافەکەی بکەوێتە ژێر دەستی پرسیارەوە, داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی کە بەسەر ئەمە تێنەپەڕێ, جەدوەل بەندیەك بکەین, چەند دەزگامان هەیە کە بودجەیان هەیە کاتیان بۆ دیاری بکەین, ستافەکانیان حازر بێت, هەر لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە, لەئەنجومەنی وەزیرانەوە, لەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە چەند رۆژێکی زیاتر بدەین بە دیراسەی ئەمە, بۆ ئەوەی تەجروبەیەکی باش پێشکەش بکەین, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە راپۆرتەکەی پەروەردە دەکەم, بەلأم تێبینیەکم هەیە لە پارەی تەرخان کراوی بۆ گەشە پێدانی پارێزگاکان لەراپۆرتەکان باسی پارەی هەولێر و دهۆکی کردووە, چۆنیەتی صەرف کردنیشیان, بەس باسی پارێزگای سلێمانی نەکردیە کە 200 ملیۆن دیناریشی بۆ دانراوە, حەز دەکەم ئەوەی بەنەزەری ئیعتیباری وەربگرن, هەروەها تەئیدی ئەو رەئیەش دەکەم کە کتێبەکانی قوتابخانەکان لە دەرەوەی وڵات چاپ نەکرێ, چونکە ئێستا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك یەك دنیا مەتبەعە هەیە, با ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ خۆمان, باسی دروست کردنی قوتابخانەکان دەکەم لە دێهاتەکان, راستە لە دێهاتەکانمان, قوتابخانەکان زۆر کەمە, بەلأم واقعێك هەیە جەنابی سەرۆك, حەز دەکەم خوشك و برایان هەموو ئەو واقعەیە بزانن, کوردستان وێران بووە, بەو چوار, پێنج ساڵەی ئێستا پێنج هەزار مەدرەسە دروست ناکرێ, بەتایبەتی کاك غەفور باسی دەشتی هەولێر دەکات, منیش خەڵکی دەشتی هەولێرم, زیاتر لە 300 گوند لە دەشتی هەولێر وێران کراوە, ئێستا گوند هەیە دوو ماڵە, گوند هەیە شەش ماڵە, گوند هەیە چوار ماڵە, ئایا دەکرێ بۆ ئەو 300 گوندەی, یان 10 ماڵ و 5 ماڵە مەکتەب دروست بکرێ, من بە شتێکی زۆر زەحمەتی دەزانم, بەلأم ئقتیراح دەکەم بۆ برایانی وەزیر و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان, بیر لەوە بکەنەوە چۆن گوندەکان ئاوەدان دەکرێتەوە؟ نەك بەشکلی کۆنی, بەو شکلەی کە زیاتر چەند گوندێك بکەنە گوندێك, من دوو, سێ جاری تر لەپەرلەمان باسی ئەو مەوزوعەم کردووە, من بەتەحەداوە دەڵێم ناتوانین ئەو هەموو گوندە ئاوەدان بکەینەوە, چونکە هەر گوندێك مەدرەسەیەکی دەوێت, خەستەخانە, جادەی دەوێت, کارەبا, ئاو و بیری دەوێت, لەبەر ئەوە چەند گوندێك بکەنە یەك گوند, با حکومەتی ئێمە بەرنامەیەکی ئەوهای هەبێت باشترە, شەرت نییە بەساڵێك و دوو ساڵ تەواو بێت, موستحیلە بەم شێوەیە تەواو بێت, لەبەر ئەوەی دروست کردنی مەدرسە بۆ ئەو هەموو گوندانە زۆر ئاسان

نییه, ناتوانین بەتەواوەتی ئەو واجبە جێبەجێ بکەین, بەنسبەت هەولێر, 37 مەدرسە بۆ هەولێر دانراوە, بیستوومە لە زۆربەی خوشك و برایان, هەتا لە مەکتەبی گەڕەکی ئێمە قوتابخانەی کچان هەیە سێ دەوامی تێدایە, مەدرەسەی ئیبتیدائی هەیە سێ دەوامی تێدایە, پاش مەغریبێ مندالی سەفی یەك و دووی ئیبتیدائی لە قوتابخانە دێنەوە مالێ, بۆیە من ئیقتیراح دەکەم مەسەلەی دروست کردنی قوتابخانەکان زیاد بکرێ و ئیهتیمامی زۆری پێبدرێ, ئەساسی هەموو موجتەماعاتی دنیاش ئەوەیە کە پەروەردە و خوێندن هەر خوێندەواری بێت, میللەتەکە بخوێنێت, بۆ ئەوەی ژیان بەرەو پێش بچێت, بۆیە زۆر بەکەمی دەزانم هەولبدەن جەنابی وەزیری پەروەردە زیاتر ئیهتیمام بەو مەوزوعە بدرێت, قوتابخانەکان زیاتر بکرێت, بەتایبەتی باخچەی ساوایان ئێجگار کەمە, باخچەیەکی ساوایان لە پێش مالی ئێمە هەیە, مومکینە ئیستیعابی 100 مندال بکات, مومکینە 400 مندالی تێدابێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە دلنیاین لەو میزانیەی کە دانراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم, سەرۆکایەتی پەرلەمان, بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, بۆ هەریەك لەو وەزارەتانەی کە لەپێش دەستمانە زۆر زۆر کەمە, ناتوانین پێی ئیش بکەین, بەلام میزانیەکە ئەوەندەیە, میزانیەکە بەم شێوەیە دابەش کراوە, لەم شێوەیە زیاتر نییە, ئەگەر زیاتر هەبوایە بەتەئکید زیاتر دائەنرا, ئێمە دەزانین وەزارەتی پەروەردە زۆر وەزارەتێکی گرنگە بەرهەم هێنەر نییە, پارە سەرف دەکات, ئایندەی کوردستان لەسەر ئەو پەروەردەیە وەستاوە, هەرچەند بۆی سەرف بکەیت کەمە, بەلام ئەوەی لەبەردەست دایە هەر ئەوەندەیە, بۆیە من بەدلنیایەوە دەلێم وەکو تەوصیەك ئێمە داوا بکەین میزانیەی هەرێم کوردستان (17٪)ەکە زیاد بکرێ, داوا لە عێراق بکەین بەرەسمی ئەم میزانیەی کە داتان ناوە کافی نییە بۆ ئەم هەرێمە, بۆ ئەم خەلکە, بۆ ئەو گەشە پێدانەی کە ئێمە دەمانەوێ, یەعنی حەقیقەتیش دەریخستووە کە ئەو میزانیەی کە خۆی پێشکەشی کردووە, ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ و تاوتوێ کردن قسمێکیمان کردۆتەوە بەموافەقەتی وەزیرەکە خۆی کە لەوێ نەبووە, چونکە میزانیەکە کافی نییە, ئەگەر کافی بوایە ئیحتیمالە زیاتریش دەکرا لەسەری, بۆیە من ئەو پێشنیارە تیکرار دەکەمەوە, داوای لە ئێوەی بەڕێزیش دەکەم پەسندی بکەن, کە داوا لە حکومەتی عێراقی فیدرال بکرێت میزانیەی هەرێمی کوردستان لە 17٪ زیاد بکات, هەرچەندە لەسەر 17٪ یش جاران موشکیلەیان بۆمان دەکرد, دووبارە من وائەبینم ئێمە لێرە موناقەشەی ئەوە نەکەین کەوەزارەت چۆن ئیش بکات, ئەمە مەسەلەی میزانیەکەیەتی, پاشان بەرنامەیەك دابنێین وەزیر, وەزیر لەگەلیان بیهێنە ئێرە, بەتێر و تەسەلی بەرنامەجیان کە هەیە, ئەو قانونانەی کەهەیانە پێشنیاری لیژناکان بکەن, ئەوەی هەمانە خۆمان لەگەلیان باسی بکەین, ئێستا لەسەر ئەو میزانیەی کە ئەو ئەرقامانە کە هاتووە من دلنیام کە هەمووی کەمە, بەلام میزانیەی هەموو کوردستان هەر ئەوەندەیە, لەوە زیاتر شك نابم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, وەزیری دارایی, وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, ئەگەر چ مولاحەزەیەکیان نەبێت لەسەر راپۆرتەکە, لەسەر ئەو موداخەلاتانەی کە برادەران کردیان سەبارەت بە میزانیەیەك, چونکە زۆر مولاحەزە هەیە رەبتی بە ئێوە نییە, بەلام ئەوەی کە عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, ئەگەر جوابێکتان هەبێت, فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری بودجەی گشتی بکەن, وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا کۆبکەنەوە زیاتر لە یەك ملیار دۆلار لە میزانیەی 2008 بۆ ئەم کەرتە دانراوە, یەعنی بەپلە یەك دێت, هەرچەندە پەروەردە بە پلەی دوو دێت لە دابەشکردنی بودجەی وەزارەتەکان, بەس لەسەر یەك ئەگەر حیسابیان بکەین, دەکەوێتە پێشەوە و دەبێتە پلەی یەکەم, ئەگەر باس لەوە بکەین کە پێداویستی هەیە, بەڕاستی پێداویستیەکان ئێجگار زۆرن لەهەرێمی کوردستان, رەنگە بە بودجەیەکی 14 ملیار و 16 ملیار دۆلاریش چارەسەری کێشەکان ناکرێت, بەلام لێرە کە بەرنامەی دادەنێیت, پێویستە بێیت بزانین کامیان زەروری ترە, هەموویان زەرورین, بەلام کامیان زەرورییە ئەوەلیات دەبێ بدرێتە ئەو کەرتە, راستە ئەوانە هەموویان زەرورین, بۆیەش بەپلە یەکەم هاتوون, بەقەناعەتی من ئەگەر ئێمە بتوانین هەندێك کێشەی گرنگ وەکو کارەبا, وەکو ئاوی خواردنەوە, ئەو کێشانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵك هەیە, تەئسیر لە ئابووری کوردستان و هەموو قیتاعاتی ئیقتیصادی و کۆمەلایەتی دەکەن, بایەخیان پێبدرێ, هاوکات لەگەڵ ئەو بایەخ پێدانە ئێمە قیتاعاتی تریش حەرەکەتیان پێبکەین, ئاوەدانی بکەینەوە, دڵنیام لەوەی کە دەتوانین بەپێی بەرنامەیەك قیتاعەکان باش بەڕێوە ببەین, هەمووشمان دڵنیاین لەوەین کە کوردستان وێران کراوە کەس بایەخی پێنەداوە, 35 ساڵ لە ژێر ئەو حوکمە بووە, کاتی دەوێ بۆ ئەوەی ساڵ بە ساڵ ئێمە بتوانین ئەو کەم و کوڕیانەی خۆمان کەم بکەینەوە, بەنیسبەت موناقەشەکردن لەسەر بودجە, وەکو باسم کرد شێوەی موناقەشە ئەوەیە, تەعلیمات دەردچێت لەهەر وەزارەتێك لیژنەیەکی تایبەتی بە وەزارەتەکە دادەنرێت, ئەو لیژنەیی کە لەوەزارەتی مەعنییە, بەخۆی لە داخلی وەزارەتەکەی خۆی گفتوگۆ بکات, یەك بەیەك پێداویستیەکانی خۆی لەسەر ئەساسی بەشەکانی بودجە, لەسەر ئەساسی نەوعەکانی بودجە ئامادە بکات, پاشان بێت لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنەی بالایە لەهەرێم, موناقەشەی بودجە بکات, تەسبیتی ئەو ئەرقامانە دەکرێ بەپێی زرورەتە و ئەولیات, راستە من دڵنیام هیچ وەزارەتێك رەنگە ئەوەی کە بۆی تەسبیت کراوە موقنیع نییە بەوە, بەلام سەرەرای ئەو کەم و کوڕییەی کە ئێمە هەمانە ئەگەر سەیری بکەن ئێستاش حجزی بودجە هەیە, بەنیسبەت صلاحیەتی وەزیرەکان لە راپۆرتەکە لەیەکێك لە داواکانی لیژنەی دارایی و ئابووری, بۆ ئەو کاتیش ئێمە وتمان, بەڕاستی هونەرە جوانەکان ئاگادار نین, چونکە ئەگەر کەم و کوڕی وا هەبێت, یەك حاڵەت دەخرێتە پێش چاو من موتابعەی دەکەم, 108

ملیۆنەکە کە باسکرا وابزانم میوانخانەیان هەیە, رەوزەیان هەیە, هەندێك دەوراتیان هەیە بۆ کەشافە .... هتد, ئەوانە رەنگە بۆ ئەم شتە بێت, ئەوانە تەفاصیلی زۆر جزئینە, ئێمەش بۆ ئەوەی ئەو کێشانە نەمینێت, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان, بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان, بەڕێز سکرتێری پەرلەمان, لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسایش دانیشتبوون, حدودی مانگێك پێش ئێستا, باسەکە لەسەر ئەوە کرا, کە ئێمە وتمان ئەوە میزانیەی کوردستانە کە پێشکەشی دەکەین, جگەلە فەصڵی یەکەمی مووچە لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزارەتی مەعنی دابنیشن, ئەوەی کە ویستیان گۆڕانکاری بکەن بەپێی ئەو وەزعی مالی ئێمە, بەپێی ئەو میزانیەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت لە ئیراداتی نەفت و غیری نەفتی, ئەو بودجەیە ئێمە پێی رازین چۆن دابنرێ, بەس موجەرەد حجزەکە زۆر نەبێت, بۆمان دێت لە ساڵی 2008, بۆیە بەڕاستی زۆر لەگفتوگۆیەکان لیجانەکان دەبوایە بە قەناعەتی من لەوبوارەیەوە لەگەڵ لیژنەی مالی باسیان کردبا, ئەوەی کە زەروریبا, تەسبیت کرابا, زۆر خاڵیش باس کرا کە پەیوەندی بە ئیش و کاری وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە بووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك, سەبارەت بە وەڵامی راپۆرتەکە کە بەشێکی زۆری لەسەری مەشاریعەکانی پەروەردە بوو, ئێمە پشتگیری بەشێکی زۆر لە قسەکانیان دەکەین, بەڵام هەندێ واقیع هەیە کە هەرێمی, کوردستان و وەزارەتی پەروەردە وەکو زۆر لە برادەرانی پەرلەمانتار ئیشارەتیان پێدا کە گرنگیەکی زۆری هەیە, بەڵام واقیعەتەکەی پێویستی بە 1600 مەکتەب هەیە تاکو بتوانێت ئەو سیستەمە بگۆڕێت, ئەو میزانیە کە وەکو کاك کمال و برادەرانی تریش ئیشارەتیان پێدا, ئەو میزانیەیە ئەو رەقەمەیە کە ئێستا لەبەردەست دایە کە ناکرێ, برادەران کە موناقەشەکەیان کرد تەنها حیسابی ئەوەیان کرد کە وەزارەتی پەروەردە و یاخود سەنتەری خوێندن و فێرکردن هەیە, حیسابی ئەوە دەبێ بکەین ئەو بودجەیە بودجەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە بەهەموو سەنتەرەکانیەوە, بەپێی ئەو ئەولیاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایدەنێت, ئێمەش گرنگی وەزارەتی پەروەردە, گرنگی ئەوە دەزانین کە پێویستە کێشە ئایندەکان کە هەریەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئیشارەتیان پێدا, بەڵام وەزارەتی پەروەردە کاتێ کە موناقەشەمان لەگەڵ کردووە, خۆی ئەولەویاتی خۆی داڕشتووە بەپێی ئەو پارەیەی کە دابەش دەکرێ, ئەو حصەی بەری کەوتووە, لەپاشی وەزارەتی کارەبا و شارەوانی....هتد, موباشەرەتەن دوای ئەوان وەزارەتی پەروەردە دێت لەئەهمیەت و ئەولەوییەت, ئەو میزانیەی زۆری کە لە میزانیەی ئیعتیادی بۆی دانراوە, میزانیەی کەمتر لە ئیستیسماری بۆی دانراوە, بەحیساب و حوکمی ئەوەی میزانیەی ئیستیسمارەکەی کەمترە لە میزانیە ئیعتیادەکەی, ئێمە بەپێی ئەو ئیتیفاقیەی کە لەگەڵمان کردینە 97 پرۆژەی بەردەوامیان هەیە, پرۆژەی تازەیان هەیە کە بریتییە لە دروست کردنی مەکتەب, سۆزان خان ئیشارەتی بەوەی دا کە بەشێك لە مەکتەبەکان کە لە سلێمانی دروست دەکرێ هەمووی نهۆمی دووەمە, نهۆمی دووەمیش بێ سوودە, ئێمە

وەكو وەزارەتی پلاندانان و دارایی مەسئول نین لە تەنفیزی پرۆژە, هەروەها وەزارەت خۆی بەرپرسە لە چۆنیەتی تەنفیزی پرۆژە, لەچۆنیەتی جێبەجێ كردن و چۆنیەتی دیزاین, كێشەیەك هەیە لە ناو شاری سلێمانی, لەناو مەركەزی شارەكە و حەلقەی داخلی شەست مەتریەكە, عەرز نەماوە بۆ بینای تازە كە تێدا دروست بكرێ, عەدەدی سوكان زیادی كردووە, عەرزە چۆڵەكان هەمووی بۆتە خانوو, یەعنی هەموو كۆلانێك لەوسەری و ئەوسەری عەرزێكی چۆڵی تێدا نەماوە, ژمارەی منالەكان زیاد بووە, ژمارەی پۆلەكان لەقوتابخانەكان بەش ناكات, مەجبورە قاتی دووەمی لەسەر دروست بكات, ئەبی ئەو پرسیارە لەوەزارەتی پەروەردە بكەین, بۆ بینایەی باش دروست ناكات لەسەر ئەم تابقەدا, بەلأم لەهەولێر مەجالی زۆر فراوانتر هەیە پرۆژەی زۆر باشتر هەیە, تەوسعی هەولێر فەرقی هەیە لەگەڵ تەوسعی ناو سلێمانی, یەكێك لە مولأحەزەكانیان ئەوەیە كە بودجەكە كەم كراوەتەوە, فعلەن وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە یەك ملیاردۆلارە بەس بۆ بینایەی مەكتەب, توانیومانە ئێمە ئەو مەبلەغەی بۆ دابین بكەین, كە بتوانێ ئەو پرۆژانە تەواو بكات, هەروەها ئەو پرۆژانەی تریش كە لە ساڵی رابردوو دەستی پێكردووە كە 99 پرۆژەیە, بەشێكی تریش لەپرۆژەكانی تر كە گلییان لێ هەیە, پرۆژەی موحافەزاتە, ئەمەوێ ئەم راستیە روون بكەمەوە, بۆ ئەوەی پرسیارەكان دووبارە نەبێتەوە لە سەنتەرەكانی تر, وەزارەتەكانی تر كە دووبارە دەكرێتەوە, یاسای جێبەجێ كردنی پرۆژەی ئەنجومەنی پەرەپێدانی پارێزگاكان, دەسەلأتەكە لەدەست ئەنجومەنی پارێزگاكانە, ئێمە تەدەخول دەكەین لەبەر یەك سەبەب: لەبەر ئەوەی ئیعازەكە ئەوهایە, ئەبێ هەر موحافەزەیەك هەموو قایم قامەكان و مودیر ناحیەكان و, هەموو مودیر عام و مودیرە ئەساسیەكانی ناو پارێزگاكان كۆبكاتەوە كاتێ ئەو بەرنامەیە دادەرێژێت, مودیری تەربیەی كە داوا دەكات مەكتەبێكی چوار پۆلی بۆ بكات, ئەو حەقە ئەویش قبوڵی نەكات, حەقە كەس قبوڵی نەكات, بەلأم تەدەخول كردن لە ئیشی ئەنجومەنی پارێزگا بەم شێوەیە ناكرێت, چونكە دەسەلأتەكە لای خۆیتیان, خۆیان بەرنامەكە دادەرێژن, ئێمە تەنها بۆ موتابەقەكردنەوە و روونەدانی دووبارە بوونەوە لە نێوان پرۆژەكان ئەمە دەكرێتن, سەبارەت بە كولفەی پرۆژەیەك بە ملیۆنە, یاخود بە ملیارێك و 400 ملیۆنە, شتێكی تەبیعییە بكرێتن, لەوانەیە ئەو پرۆژەیە لە قەزای شەقلاوە بێت لەبەر كولفەی نەقل گرانتر بێت, 1600000 هەزار دەربچێت ئەگەر لە دەرەوەی شار دەربچێت, بەلأم ئەگەر لەناو هەولێر بێت لەوانەیە بە 1400000 هەزار دەربچێت, شتێكی ئاساییە هەردوو پرۆژە بەیەك كات ئیعلان دەكرێن, لەوانەیە فەرقی سعریان هەبێت لەگەڵ ئەوەی تر, ئەوەش بەپێی سیستەمی تەندەرەكە, ئەو پارەی كە جەنابت باسی دەكەیت, تەدویری دەبێت, بەتەبیعەتی حاڵ خۆی تەدویر دەبێت, چونكە ئەو پارەیە لەهەر وەزارەتێكدا بوو, كە ئەمساڵ موافەقەتی بۆ كرا, وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەندە مەبلەغەی هەیە, حەقی هەیە كە دیتی لەئەنجامی جێبەجێ كردنی پرۆژەكان یەكێك پارەی ئیحتیاتی دەمینێتەوە, حەقی خۆیەتی موافەقەتی وەزارەتی پلاندانان وەربگرێت, بۆ ئەوەی بڵێت ئەو پرۆژەیە ئیزافە دەكات, باسی تەنمیەی

بەشری و تەئهیلیان کرد, یان نەهێشتنی نەخوێندەواری, برادەران جوابیان داوە یەعنی زۆر زەرورە بیکەین, مامۆستایان باشتر ئامادە بکرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەویٚ بەس ئەوەندە بڵێم, وەزارەتی مالیە مەسئول نییە لە تەنفیزی مەشارع و چۆنیەتی سەرف, وەزارەتی مالیە جیهەتێکی مەمویلە, تەمویلی دەکات, بەڵام بەداخەوە ئێستا هەموو صەرفێك تەوجیهی وەزارەتی مالیە دەکریٚ, ئەوە لەشوێنی خۆی سەرف دەکریٚ, ئێمە تەنها تەمویل دەکەین بەپێی ئەو دەسەلأتەی کە بۆمان دێت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و داوای تەخصیصمان لێدەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی نیزامی داخلی مادەی 81 و 82, ئەو شێوازەی کە ئێمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین, هەر لێژنەیەك راپۆرتی خۆی لەسەر دەخوێنێتەوە, خیلافی نیزامی داخلیە, لەبەر ئەوەی لە مادەی 81 نیزامی داخلی دەڵێت (هەر لیژنەیەك بۆی هەیە تێبینیەکانی خۆی بۆ لیژنەی دارایی لەڕێگای سەرۆکەوە دەربرێت, دەربارەی ئەو بەشەی کە تایبەتمەندی ئەوە و پەیوەندارە لەنێوان بودجەی گشتی حیسابکاریدا), مادەی 82 دەڵیٚ (راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بەسەر ئەندامان دابەش دەکریٚ) مەبەستم فەقەرەی دووەمی مادەی 82 ە, کە دەڵیٚ (راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەو تێبینی و پێشنیارانە دەکات کە لە لیژنەکان دەربارەی پرۆژەی بودجە پێشکەشیان کردووە, لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە پێی گەیشتوون), بۆیە بەڕاستی بۆ ئەوەی سود لە وەختەکە وەربگرین حەقە بەپێی ئەو سیستەمە بڕۆین, ئەو راپۆرتە دراوتەوە لیژنەی دارایی, ئەگەر هەر لیژنەیەك بێت راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە, ئێمە هەموو پەرلەمان بێین گفتوگۆی لەسەر بکەین, لەوانەیە بەدوو هەفتەی تریش تەواو نەبین لەگەڵ پرۆژەی بودجە, بۆیە پێم باشە بەپێی نیزامی داخلی هەڵسوکەوت بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی نیزامی داخلی راستە, بەڵام هەندیٚ راپۆرت ئەمڕۆ بەیانی بۆمان هاتووە, خەتای لیژنەکانە, پاشان گۆڕانکاری بەسەر بودجەکە خۆی هات, پاشی راپۆرتی وەزیری دارایی و تەفصیلاتەکەی خۆیدا, راپۆرتەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبوو, قسەکانت راستە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە هیچ زەرەرێکمان نەکردووە, لێرە لیژنەی دارایی دانیشتووە, بۆ ئێمە دەیخوێنێتەوە و بۆ لیژنەی دارایش دەخوێنێتەوە, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی داوامان لەهەموو لیژنەكان كرد كە تێبینیەكانی خۆیان بۆمان بنێرن, دوێنێ ئاخیرجار بڕیار وابوو لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكان كۆبینەوە, ئەوەیش بەداخەوە كەسیان نەهاتن, دیارە هیچ تێبینیان نەبوو, ئیتر ئەگەر شتێكی تریشیان هەبێت لێرە باسی بكەن, ئەوە شتێكی ترە, زۆر سوپاس.

**بەرێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام حیسابە یان نا, بەلاَم لەسەر قسەی كاك شێخ كە وتی وەزارەتی دارایی تەنها حیسابە لەسەر مەسەلەی تەمویل كردن, ئێمە لە راپۆرتەكە باسمان كرد, برادەرانیش ئیشارەتیان پێدا, ئالیەتی پارەدانەكە موشكیلەی هەیە لێرە, چونكە ئێمە لەگەڵ هەردوو وەزیری مەعنی دانیشتووینە, هەردووكیان ئەو كێشەیان لەگەڵ ئێمە باس كردووە, بۆ نموومە ئەوی هونەرە جوانەكانمان هێناوە, لەمانگی 9 و 10 دەوامی كردووە, پارەشی بۆ تەرخان كراوە, ئەگەر بەهەڵە نەچم 49 ملیۆن دینار بووە بۆ تەجهیز كردنی, تاكو ئێستا ئەو پارەیان بۆ سەرف نەكراوە, یەعنی بۆ پارەكە نەگەیشتۆتە دەستیان, وەزیریش سەردانی كردوون, وەزیریش لەگەڵ وەزارەتی مالیە قسەی كردووە لەهەولێر, دیسانەكە بۆیان سەرف نەكراوە, مەسەلەكەی ئێمە ئەوەیە, بۆ نموونە مانگی 11 و 12 دێت, مەكتەبەكە پێویستی بە هەزار سۆپە هەیە, لەگەل ئەو رۆتین و بیرۆكراتیەی كە لەولاَتی ئێمە بەرقەرارە تامانگی 4 و 5 سۆپەكان ناگات, باشە مانگی 4 و 5 تۆ مەجبوری سۆپەكان لە مەخزن دانێیت, بۆ ئەوەی ژەنگ بكات و بۆ ساڵی داهاتووش بەكەڵك نایەت, چونكە مەخزەنیش نییە لەمەكتەبەكان, مەسەلەكە ئەوەیە لەكاتی پێویست مەسەلەكە تەعین كراوە, پارەكە دانراوە, واچاكە ئەو پارەی كە تەرخان كراوە لەكاتی خۆی بدرێت, بەو شوێنەی كە پێویستە بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەركیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەبالیغانەی كە باس كران, هەر لە صلاحیەتی وەزیرە, لە خەزینە داوا دەكات و هەر لە خزینەش بۆی سەرف دەكات, ئێمە كە میزانیە پەسەند نەكرابوو كڕینی ئامێر و كەل و پەل و ئەوانی تر تەقریبەن تەجمیدمان كردبوو, بەڕاستی بۆمنیش شتێكی نوێیە, بۆچی خەزینە سەرف نەكراوە, چونكە صلاحیەتی وەزیرە, بۆی سەرف بكات, بەبێ ئەوەی بۆ ئێمە بێت, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا و كاك ناصح نوقتەی نیزامیان هەیە, فەرموو كاك هیوا.

**بەرێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێ تەرحم ئاراستەی جەنابت كرد بۆ شێوازی موناقەشەكردنی بودجەكە كە وەجهی خۆیان هەیە, پێم باشە هەڵوێستەیەكی لەسەر بكەین, چونكە بەڕاستی دوایی پەرلەمان دەكەوێتە بەر پرسیاری زۆرەوە, هەروەك وتم ئەم راپۆرتە كۆمەڵە تەعنێكی تێدایە, بەرەو گەندەڵی دەڕوات, پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكان بێن, بەتایبەتی كە راپۆرتەكان نەهاتوون بۆ لیژنەی دارایی, كە لیژنەی دارایی دەبوایە پێچانەوەی لێبكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, ئەوەلەن جەنابت قسەت كرد, لە قسەكان رەئیی خۆت وت, هیچێك لەئەندامانی بەڕێز قسەكەی تۆیان دووپات نەكردەوە, تەئیدی قسەكەی تۆیان نەكردەوە, لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنیا یەكێك قسەی بكات, ناكرێتن بیخەینە موناقەشەوە, هەر جەنابت بەتەنیا ئەو مولاحەزەیەتدا, ئەو مولاحەزەیش نامەوێ موناقەشەی بكەم, تەنیا ئەو قسەیەی سۆزان خان روون دەكەمەوە, موهیم ئەوە نییە چەند دادەنرێت, موهیم ئەوەیە چەند سەرف دەكرێ, ئێمە داوای حیساباتی خیتامیمان كردووە, ئێستا خەریكە تەوحیدی دەكەین, دەینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران, ئەوكات وەختی دێت و لەبەرچاویش روون دەبێتن كە چۆن سەرف كراوە, بۆیە نەمویست موناقەشەی مولاحەزەكەی بكەم, كاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە باسی میزانیە دەكەین, هی هەموو وەزارەتەكان, مەفروز بوو هەموو وەزیرە پەیوەندیدارەكان ئامادە بن, نەك تەنیا هەردوو وەزیری دارایی و پلان دانان وەڵام بدەنەوە, چونكە ئەوە ئیشی ئەوان نییە, هەندێك تێبینی لێرە هات, من تێبینیەكەم لە جێی خۆیەتی, چونكە هەموو كاتێك وامان كردووە, وەزیری پەیوەندیدار لێرە ئامادە بێت, ئەگەر تێبینیەك هەبێت, وەڵامی تێبینیەكە بداتەوە, ئەگەر نا ئێمە دژی بودجەكە نین, بودجەكەیان چەند بۆ زیاد بكرێ هێشتا هەر كەمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای موازەنەكە بكەن, خاڵێكی تێدایە نووسراوە (موتەفیقە لەگەڵ وەزارەتی مالیە), ئەمە مانای چییە؟ یەعنی هەر وەزارەتێك میزانیەكەی خۆی داوەتە مالیە, پاشان كۆبوونەوە كراوە بە حزوری وەزارەتی مالیەش, ئیتیفاقیان كردووە لەسەر ئەوە, یەعنی ئەو میزانیە تەرخان كراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا, لەنێوان هەردوو وەزارەت ئیتیفاق كراوە, كەواتە وەزیری موختەص موافیقە لەسەر ئەوە, مومكینە داوای زیاتری كردبێ, لەبەر رۆشنایی ئیراداتی ئێمە, ئەو حەجمە لەوە زیاتر ناكرێ, ئەگەر نا ئەگەر 10 ملیار زیاترمان هەبێت, بە تەئكید هەر وەزارەتێك ختەی خۆی زیاد دەكاتن, بەڵام ئەوە دانراوە لەبەر رۆشنایی ئەو تێگەیشتنە, لیژنەكانی ئێرەش كە راپۆرتیان نووسیوە, لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند قسەیان كردووە و گفتوگۆیان كردووە, لەگەڵ وەزیر قسەیان كردووە, راپۆرتەكەیان

**لەسەر ئەو ئەساسە بووە, من لێرە تەنیا یەك شت دەڵێم ئەو راپۆرتانەی کە تەقدیم دەکرێن لێرە, ناتوانین میزانیەکانیان کەم بکەینەوە, ئەوە یەك, دوو/ بۆ زیاد کردنیش دوو رێگا هەیە, یان دەبێ بە عجز زیادی بکەیت, ئەوەیش مەعلوم نییە چی دەبێت, یان دەبێ لە شوێنێکی تر کەم بکرێتەوە, ئەوەش ناکرێ چونکە ئیتیفاق کراوە, یانیش فورسەتێکمان لە پێشە ئەو میزانیە تەکمیلیە کەدێت زیادی بۆ بکەین, بۆیە من لێرە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان, ئەوە روون دەکەمەوە کە ئەو راپۆرتەی پەروەردەو خوێندنی باڵا, کە مولاحەزاتی بەجێی هەیە, نوسخەیەك بدرێتە وەزارەتی دارایی, نوسخەیەکیش بدرێتە وەزیرە موختەصەکان, لەو میزانیە تەکمیلیە چ ئیمکان هەیە بۆ زیاد کردنی بودجەی پلان, نەك بودجەی تەشغیلی, بودجەی پلان واتە زیاد کردنی خوێندگاکان, قوتابخانەکان, تەئهیل...هتد, هەرچی ئیمکان هەبێت لە میزانیەی پلان, یاخود هەر داهاتێکی تر کە ئیمکان هەیە میزانەکە زیاد بکات, رەچاوی بکەن, نوقتەیەکی تری کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم, رەنگە لە پرۆژەی میزانیەکە بێتە چارەسەرکردن, ئەویش دەسەلاتە, دەسەلاتی سەرف کردنی میزانیە, دەسەلاتی وەزیر, دەست بەجێ بەجێ کردنی کار ئاسانکردنی ئەو میزانیە لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تایبەتمەند, ئەمە زوو وەربگیرێت لە چاو ساڵی پار و پێرار, کە زۆر لەوەزارەتەکان گلەییان هەیە کە وەکو پێویست دەسەلاتیان نییە, وەکو پێویست بودجەکانیان بۆ سەرف ناکرێ, سیولە ئینشاالله هەیە وەکو پار و پێرارنییە باشترە, ئەمە دەبێ لەوێ عیلاج بکرێ, هەم لە زیاد کردنی دەسەلاتی وەزیر, هەم دانانی ئالیەتێك, بۆ ئەوەی پرۆژەکان رانەوەستێت, بەتایبەتی پرۆژی پلان, ئەگەر هیچ مولاحەزە نەبێت دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پشتگیری لە قسەکانت دەکەم, بەلام یەك شت هەیە, ئێمە بەس گلەییمان لە بیرۆقراتیەتی سەرف کردن هەیە, جەنابت ئەبێ بزانی لەمانگی 9 پەیمانگای هونەرە جوانەکان چوونەتە ناو بینا تازەکەوە, لەمانگی 9 داوایان کردووە, ئەوە ئەم ساڵ مانگی 4 ە, خاڵێکی تر کە دەبێت بەڕاستی تەسبیت بکرێ, سەبارەت بەراوەستاندنی سەرفی بودجە, کە میزانیە دادەخرێ لە 12/1, بەعزێ جاریش لە 11/1, ئەوە دەبێتە هۆی کۆسپ دانان بۆ بەردەوام بوونی پرۆژەکان, پارە تەدویر کراوەکە من ئەزانم دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت, بەلام کێشەکە لەوەدایە هەتا موناقەشەی ئەو بودجەیە دەکرێ و تەدویر دەکرێت, ئینجا پارەکە دەخرێتەوە بەرکار, ئەوە دوو خاڵی زۆر گرنگە کە ئێمە پێداگیری لەسەر دەکەین, سەبارەت بەهەموو ئەو خاڵانەی کەبرادەران باسیان کرد, دەبێ بیرمان نەچێ عێراق هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەی باس کردووە, کە ئەو ئەڵێ لەهەموو عێراق پێویستمان بە 4500 قوتابخانەی تازە هەیە, کەواتە ئێمەشیان خستۆتە حیساب, ئێمە دوێنێ کتابێکمان بەدەست گەیشتووە, کە باس لەو برە پارە تەرخانکراوەش دەکات, کە بۆ ئێمە دەبێت وەکو هەرێمی کوردستان تایبەت بەدروست کردنی قوتابخانەکان, خاڵی چوارەمیش, ئەمە بۆ هەردوو وەزیر نییە, بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەکانە, پەرلەمان مەفروزە هەڵمەتی دروست**

کردنی قوتابخانەکان لە ڕێی لیژنەی پەروەردەوە دەست پێبکرێ, چونکە حکومەت بەتەنیا ناتوانێ ئەو وێرانکاریە و ئەو کەم و کوڕییەی کە هەیە جێبەجێی بکات, بەڵکو ئێمە دەتوانین خۆمان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بەرپا بکەین, بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە قودرەتی مالییان هەیە, بۆ دروست کردنی قوتابخانە, چونکە بەوە نەبێت رزگارمان نابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, یەك مولاحەزەم هەیە لەسەرقسەکانت, ئێمە تێکەڵاوی دەسەلاتی جێبەجێ کردن نابین, تەنیا چاودێری دەکەین, ئێمە دەسەلاتی جێبەجێ کردن نین, بشمان دەنێ وەری ناگرین, چونکە بۆ ئێمەش باش نییە, هەندێك ئەندامی لیژنەی پەروەردە مولاحەزەیان بۆمن نووسیوە, دەڵێن ئێمە ئاگادار نین لەو راپۆرتە, تەبیعیە بەلاَم دەیانتوانی داوای قسە بکەن, کە داوایان نەکرد, من ناتوانم مەجالی قسەیان بدەمێ, بەهەر حاڵ چونکە تەعبیر لە زۆرینە دەکاتن, وەکو عەرزم کردن, ئەو راپۆرتە دەدرێتە وەزارەتە تایبەتمەندارەکان, بۆ رەچاو کردنی ئەو خالانەی کەهاتوون, هەروەها بۆ رەچاو کردنی ئەوەی ئەگەر ئیمکان هەبێت لەبواری بودجەی پلان بۆ وەزارەتەکە, لە میزانیەی تەکمیلی, یان هەر داهاتێك هەبێت رەچاوی بکەن, بودجەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵدا نییە, تەنها کاك هیوا, کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بۆ ئەوەی ئاسان بێت, مولاحەزەکەم دووبارە دەکەمەوە, لەو وەزارەتانە لە میزانیەکانیان دوو شتی گرنگ رەچاو کراوە, یەکەم/ ئیمکانیەتی میزانیەی گشتی, دووەم/ ئیتفاق کراوە لەگەل وەزارەتەکە خۆی, وەزارەتی مالیە خۆی ئیتیفاقی کردووە, بەلاَم لێرە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەخوێندرێتەوە, ئەگەر شتی گرنگ هەبوو رەچاوی دەکەین, وەکو بۆ پەروەردە چیمان کرد, بۆ ئەوانی ترش وا دەکەین, ئەگەر لیژنەیەك راپۆرتی نییە تەبیعیە, یان ئەگەر نەشخوێنێتەوە تەبیعیە, دەکرێ ئیتیفاق بکرێ بلێ من راپۆرتەکەم دەدەم بەوان, مەگەر مولاحەزەیەکی زۆر گرنگ هەبێت, فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شەریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن (62095 ملیۆن کە دەکاتە 1,31٪ی بودجەی تەشغیلی).

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ئەعمار و نیشتەجێکردن بڕی 353728 خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو راپۆرتەکە چەند خاڵێك ناخوێنمەوە, چونکە ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم خاڵانە هاتووە, لەسەرەتای دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێدا, لەزۆربەی دانیشتنەکانی پێشووش, بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و هەردوو وەزیری بەڕێز بۆ کاروباری دارایی و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان پشتگیری خۆیان پێشاندا, بەلاَم هیواداراین ئەم پشتگیرکردنە ببێتە بڕیاری پەرلەمان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێ, لێژنەکەمان بڕیاریدا سەرۆکی لێژنەحیساباتی کۆتایی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ ساڵی (2007)وەربگرێت دوای ئەوە سەرۆکی لێژنە لە رۆژی 2007/8/22 سەردانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی کرد ئەم زانیارانەی خوارەوەی وەرگرت لەسەر بودجەی پرۆژەکان و ئاوەدان کردنەوە کەلەسالی (2007) بۆ وەزارت داندرابوو واتا بودجەی وەبەرهێنان ئەویش

بری ئەوپارەیەی بۆ پرۆژەکان وئاوەدنکردنەوە داندرابوو بۆساڵی (2007)بریتی بوو لە 317.526.000.00 سێ سەدوو حەڤدە ملیاروپێنج سەدو بیست وشەش ملیۆن دینار چاپی نوێی عێراق.

1- بڕی ئەوپارەیەی کەتمویل کراوە لەلایەن وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزارەتی دارایی بۆوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە (287.850.994.000)دووسەدوو هەشتاو حەوت ملیارو هەشت سەدووپەنجا ملیۆن ونۆسەدونەوەت وچوار هەزار دینارە.

2- کۆی پارەی سەرف کراو لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە (245.724.826 000) دوسەدوچڵ وپێنج ملیارو حەوت سەدو بیست وچوار ملیۆن وهەشت سەدووبیست وشەش هەزاردینارەلە ساڵی( 2007).

کەواتە بری پارە کەماوەتەوە لەناو هەردوو وەزارەتی هەرێم بۆ دارایی و وەزارەتی دارایی ئەکاتە 29.675.006.000=287850994.000-317.526.000.000 بیست ونۆ ملیاروشەش سەدوحەفتاو پێنج ملیون و شەش هەزار دینار، هەروەها بڕی پارەی کەماوەتەوە لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ساڵی (2007) دەکاتە (بڕی تمویل کراو- بڕی پارەی سەرف کراو)= ئەو بڕەی کەماوەتەوە 42.126.168.000 = 245.724.826.000 - 287.850.994.000

7)لەسەر یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لێژنەکەمان چەند تێبینیەکی هەیە و ئەیخەینە بەرچاوی بەرێزتان

- لەماددەی نۆیەم برگەیەکی تر زیادبکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندریتەوە (ئەبێ وەزیری دارایی لایەنی کەم شەش مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەر باری دارایی و کێشەکانی ئەو پارەیە کەلە بەغداوە دێت پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق بکرێت 0
- لەسەر ماددەی دەیەم زۆرینەی ئەندامانی لێژنەکەمان پێشنیار ئەکەن وەزیری پەیوەندیدار دەسەلاَتی خەرجکردنی بری (400) ملیۆن دیناری هەبێت بەتایبەت ئەو وەزیرانەی کەبرێکی زۆر پرۆژەیان هەیە بودجەی وەبەرهێنانیان زۆرە 0

8)لێژنەکەمان پێشنیار ئەکات بڕێك لەو پارەیەی کە بۆ وەبەرهێنان دانراوە بۆ وەزارەتەکان سەرف بکرێ بۆ راهینانی کادیری فەنی خۆماڵی لەبوارە جیاجیاکاندا 0

9)پێشنیار ئەکەین ئەو پرۆژانەی کە بچووکن راستەوخۆ وەزارەتی پەیوەندیدار خۆی جێ بەجێ ی بکات0

10)داواکارین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بودجەی ئەم ساڵ بڕێك پارە سەرف بکات بۆکاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی صیانە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك0

11) لێژنەکەمان پێشنیارئەکات بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بڕێك پارە ساڵانە لەبودجەی هەرێم دیاری بکەن بۆ وەزارەتی ئەشغاڵ و ئاوەدان کردنەوە بۆ ئەوەی لە بواری :

- نیشتەجێبوون سەرف بکەن لە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی لە ئەزمەی نیشتەجێ بوون رزگاریان ببێت بەتایبەت بو کەس وکاری ئەنفال و شەهید و فەرمانبەر و ئەو هەژارانەی کە تاوەکو ئێستا خاوەنی نیشتەجێبوون نین 0

هەروەها لیژنەکەمان پێشنیار ئەکات مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان کەمترین مووچە بۆ زۆرترین مووچە وەك مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندی لێ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, دەستی بەرزبکاتەوە, ناوەکان دەنووسم, کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پارانە کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێیانداوە, ئێستا فەرقێکی هەیە لە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە, من پێم وایە ئەو فەرقە بەپێی قانون, بەپێی شروتی مقاوەلات, غەراماتی تەئخیری, ئەماناتە, تەئمیناتە کە وەرگیراوەتەوە, ئەوە ئەو فروقاتایە, فروقاتی تریشی زۆر لەگەڵدایە, بەنیسبەت ئەو فەرقانەی کە لەلای ئێمە ماوەتەوە کە لەلایەن وەزارەتی مالیە نەدراوە, خۆی ئەوە مەبلەغی موخەصەصە, ئێمە هەموو کاتێك مەبلەغی موخەصەص تەمویل دەکەین, بەپێی داواکاری وەزارەتی مەعنی, وەزارەت داوامان لێدەکات, دەڵێ ئەوە فلانە مقاولە ئەمە سلفەکەیەتی بیدەنێ, ئێمەش تەمویلیان دەکەین, مەشروعەکە موستەمیرە و پارەکەشی موستەمیر دەدرێت, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك مولاحەزەم هەیە, ئەوەیش ئەوەیە کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە مەشاریعی ئێجگار زۆرە, یەکێك لە مەشاریعەکانی کە لە کۆنەوە لە ساڵی 2003, 2004 و 2005 دەستی پێکردووە, کێشەیەکی گەورەی هەبووە, بەتایبەتی لە بواری رێگاوباندا, کێشەکەش بریتیە لە بەرزبوونەوەی نرخی قیرتاو کردن و نرخی تێکەڵە کردن بەگشتی, بەعام ئەو کێشانەی هەبووە, بۆیە

پرۆژەکانیان زۆربەی ساڵەکان تەدویر بۆتەوە, خۆتان ئاگادارن چەندین نموونەی پرۆژەی ڕێگا و بانمان هەیە, لەهەموویان بەرچاو تر پرۆژەی ڕێگای دوکان و سلێمانییە, کە خەڵك پێی هاتوچۆ دەکات, ئەم پرۆژانە بەهۆی زیاد بوونی کولفەکانیان زۆرجار وای لێهاتووە دووبارە تەندەر کراوەتەوە, یان مقاول جێی هێشتووە, تووشی کۆمەڵە کێشەیەك بووینە, کە داوا دەکات تەخمینی ئەوها لە بیدایەتی ساڵەوە دەتوانێت 317 ملیار دینار سەرف بکات بەپێی 127 پرۆژەی کە هەیەتی, بەپێی ئەو پرۆژانە تەقدیری کردووە, بەلاَم نیهایەتی ساڵ کە دەکاتە مانگی 9 و 10 بەپێی ئەوەی ساڵی وا هەیە مقاول دوادەکەوێت, ساڵی وا هەیە باران زیاتر دەبارێت, بۆیە پارەی موخەصەص شەرت نییە سەد لە سەد هەمووی بۆ تەمویل بکرێتن, لەهەمان کاتیش لەساڵی رابردوو کۆمەڵێك مەشاریعی تازەی هەبووە, مەشاریعە تازەکانیشی دەست پێکردووە, نەیتوانیوە ئەو پارەی پێویست بووە سەرفی بکات, پارەکە تەدویر دەبێت, بەلاَم ئەم تەدویرە دوو بەشە, بەشێکی زۆری دێتەوە بۆ ئەوەی کە تەمویل نەکراوە, وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرفی کردووە لەبواری پرۆژەیەکی تر, یان لەمەجالێکی تر, یان لەمیزانیە ئیعتیادیە, بۆیە من پێم وایە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یەکێکە لە سکتەرە گرنگەکان, حەجمی میزانیەی کە بۆشی دانراوە ئەمساڵ بەس لەمشاریعی تازە لە 14,6٪ لەمیزانیەی ئیستیسمار بۆیان تەخصص کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆشحاڵیە لە بودجەی 2008 وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ بودجەی ئیستسماری موقارەنە کردن لەگەڵ ساڵی 2007 بڕێك پارەی زیاتری بۆ دەست نیشان کراوە, لەسالی 2007 (317 ملیارە), لەساڵی 2008 (353 ملیار) دینارە, یەکێك لە سیاسەتەکانی ئاوەدان کردنەوە, ئەوەی کە ئێمە بەردەوام باسی لێوە دەکەین, هەوڵدانە بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و لادێیەکان, بۆ ئەوە مەبەستە ئەرکێکی زۆر گرنگ لەسەر شانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە, بۆیە من لێرە داوا دەکەم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان, پلان و برنامەیەکی ستراتیجی نوێی درێژ خایەنیان هەبێت, بۆ هەنگاونان, بۆ ئاوەدان کردنەوەی زیاتری گوندەکان, لەهەمان کاتدا وەکو پێشنیارێك دەیخەمە بەردەمی وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی پەرلەمان, بودجەی تەکمیلی 2008 بڕێك پارەی زیاتر بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دابنرێت, تایبەت بە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, تەخمین کردنی بودجەی 2008 رەچاوی ئەو پێداویستەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بکات, داواکارم ئەوە وەکو پێشنیارێك لەلایەن لیژنەوە لێمان وەربگیرێت و کاری پێبکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم هەیە, بۆ هەندێ وەزارەت جەنابت هەندێ قسەی چاکت کرد, ئایا ئەوانە تەوصیاتن, یان بڕیاری پەرلەمانن؟ یەعنی قوەتی قانونی چییە بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار؟ ئەوە یەك, دوو/ بۆ ئەو

وەزارەتەی کە باسی دەکەین, من پێم باشە برێکی باش تایبەتمەندی خۆی بە مەسەلەی ڕێگا و بان بدات, ئەولەوییەتێك بدات بە پرۆژەکان, دیارە گلەیی و گازاندەیەکی زۆر هەیە لەسەر مەسەلەی ئەولەوییەت بە پرۆژەکان لەم وەزارەتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ قسەکانی من, ئەوەی کە بڕیارە و جێبەجێ کرا بیدایەتی قسەکانم بوو کە خوێندمەوە, ئەوەی وتم میزانیەی قەزایە, سولفەی عەقارە, یەکسانی مووچەیە, مووچەی خانەنشینە کە دەبێ بکرێت و ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی, ئەوانە بڕیارن, ئەوانی تر تەوصیاتە, لەبەر ڕۆشنایی ئیمکانیەتی حکومەت, وەزارەت ئەو ڕاپۆرتانە بەهەند وەردەگرێت, چەندی ئیمکانیەتیان هەبوو جێبەجێی دەکەن, کاك محمد رفعت, فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پێشنیارەکانی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە دەکەم هەمووی, لەگەڵ ئەوەش ئەو پارەی کە دەستنیشانیان کردووە 4226168 هەزار دینارە, ئەوە پارەیەکی زۆرە, وەکو کاك عوسمان باسی کرد, خۆ دەتوانن لە پرۆژەیەکی تر سەرفیان بکردبایە, ئەو پارەیە بۆچی لەلای خۆیان هێشتۆتەوە, لەلایەن وەزارەتی مالیە لەمیزانیەی خۆیان, ئەمە یەك, دوو/ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە پێویستە ئەهمیەتی پێ بدرێ, چونکە کوردستان وەکو ئەزانین وێرانکراوە, حەقە میزانیەکی باشی بۆ دابنرێ و صلاحیەتێکی باشیش بدرێت بە وەزیر, بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەرفی زیاتر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەوەی من بزانم, تێکەڵاویەك هەیە لەناو موناقەشەکان, چونکە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی بودجەی وەزارەتەکان دەکەین, بەڵام زۆر لە موناقەشەکان ئەوەیە کە ئیشارەت بە چۆنیەتی کاری پرۆژەکانی ناو وەزارەتەکان دەدرێت, چی لەبەردەستدایە, چی دەکات؟ بەحەقیقەت ئەوە خۆی بۆ خۆی تێکەڵاویەکە, ئەگەریش موناقەشەی بودجەی وەزارەتەکان بکرێت, ئەمە جێی خۆیەتی موناقەشەکە چۆن دەڕوا, ئەگەریش لەسەر پرۆژەکانە, دەبوایە وەزیری مەعنی ئەمڕۆ ئامادە بوایە کە ڕاپۆرتەکانیان دەخوێندەوە, چونکە کۆمەڵە شتێك هەیە ئێمە ڕووبەڕووی دەکەینەوە, دەبوایە ئەو شتانە وەڵامی هەبوایە, بەتایبەتی لە ڕووی ئاوەدان کردنەوە, لیژنەی دارایی ئیشارەتیان بەوە داوە کە لەڕووی ئاوەدان کردنەوە بۆ کەس و کاری شەهید و ئەنفال ئیشی باشتر بکرێت, بەرنامەی باش دابنرێت, ئەمە جێگای دڵخۆشیە, بەڵام ئەوەی کە بیخوێنینەوە و باسی بکەین, تاکو ئێستا من شتێکی وەهام نەبینیوە کە ئێمە لە مەنتیقەیەکی زیاتری ئەنفالکراو و شەهیدانین, هیچ بەرنامەیەکی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەم نەبینوە کە دەورێکی ئەساسی هەبێت لە ڕووی ئاوەدان کردنەوەی گوندێك, شارێك, جادەیەك, بانێك بەو دەرجە, ئەگەر بووش

**بێت زۆر کەمە, جا بۆیە ئەگەر ببوایە, جەنابی وەزیر خۆی لێرە ئامادە بوایە, مادەم پرسیار و وەڵامی تێدایە باشتر بوو, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشەکی داوا دەکەم وەزارەت ئەو پارەیە سەرف بکات, سەرفی بکات, واتە ئیشی تێدا بکات, نەك پارەکە بمێنێتەوە, چونکە کوردستان زۆر لەوەی وێرانترە پارەی بۆ بهێڵێەوە, ئەمە یەك, دوو/ ئایا لەوەزارەت حصەیەك دانراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە, سێ/ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەتوانێ گوندەکانی کوردستان هەمووی بە تێکڕا کە زۆر وێرانە ئاوەدانی بکاتەوە, بەجادە و ڕێگاو بانەکانی, من نموونەیەك دەدەم, بەرزنجە ناحیەیەك بووە لەساڵی 70 کان 2 هەزار ماڵی تێدابووە, ئێستا بەرزنجە 20 ماڵی تێدایە, وەزارەتیش هیچ پلانێکی نییە ناحیەکان ئاوەدان بکاتەوە, لەڕووی شارستانیەتیشەوە پێویستە ناحیەکان ئاوەدان بکرێتەوە, مەبەستم ئەوەیە دەتوانن ئەو پارەیە سەرف بکەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, ناحیەکان بەتایبەتی هەڵەبجە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەراپۆرتی لیژەی ئاوەدان کردنەوە لەخاڵی 11 هاتووە باسی نیشتەجێبوون دەکات, جەنابی وەزیر و ئێوەش موافەقەتان کرد لەسەر سولفەی عەقاری, ئێستا لەدنیا شتێك هەیە کە زۆر ئیقتیصاد پێش دەخات, دەڵێن سوق صناعەتی ئیسکان, یەعنی بازاڕی پیشەسازی خانوو, ئەوە دەوڵەتەکانیش ئیشتیراکی تێدا دەکەن, لەبەغدا لەوەزارەتی ئیشغال صندوقی ئیسکان هەیە, ئەو صندوقە وەزارەتی مالیەی بەغدا تەمویلی دەکات, من یەك, دوویەکم بینی دەڵێ وەزیر وەعدی دایە لە پارەی ساڵی پاریش مەبلەغێکی زۆرمایە لەوەش تەمویلتان دەکەین, خەبیرێکی تێدابوو, وتی لەهەندێ دەوڵەت ئامادەن کە تەمویلی ئەو صندوقە بکەن, باسی پارەیەکی زۆری کرد, هەتا گوتی بە ملیار دۆلار دەدەن بە قازانجی لە 2٪, کەباسیان دەکرد, باسی ئەزمەی سەکەنی هەموو عێراقیان دەکرد, من پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە, ناکرێ لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ئێمەش صندوقێك دابنێین, ئیستیفادە لەعێراقیش بکەین, چونکە ئەزمەکە ئێمەش دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەکو هەموومان دەزانین, زۆربەی زۆری داهاتی بودجەی کوردستان لەنەوتە, مەبدەئێکی واش لە دەستووری عێراق ئیقرار کراوە کە پێویستە ئەو شوێنانەی زیاتر زەرەمەندن لەبەرچاو بگیرێن, ئاوەدان کردنەوەش خۆمان دەزانین لەسەر ئەساسی ئەوەیە چەند ناوچەکە پێویستی پێیەتی, یان چەند کاولکاری تووشی هاتووە, هەروەها لەقانونی بودجەی حکومەتی فیدرالیش دیسان لەمادەی 3 ئاماژە بەوە دەکات**

دەڵێ ئەو ناوچانەی کەزیاتر زەرەمەند بووینە لەتەصروفاتی رژێمی پێشوو, دەبێ لە بودجە لەبەرچاو بگیرێن, بۆیە حەق وایە لە بودجەی ئەو وەزارەتە, یان بەشێوەیەکی سەربەخۆ, بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ ناوچەی گەرمیان و هەڵەبجە, چونکە خۆمان دەزانین تەدمیری ئەو دوو ناوچەیە لە سەدا سەدە, ئێستاش دواتر لە بودجەی کشتوکاڵ قسەی لەسەر دەکەم, دیسانەکە کاوڵکاریەکی سەد لەسەد لەنەتیجەی ئەو وشکەساڵیە تووشی بووە, جا من لەوە تەفاصیلی زیاتر قسە دەکەم, ئێمە لێرە باسی نیشتەجێکردن دەکەین, ئایا لە بودجەی ئەم وەزارەتە پارەیەکی ئەوتۆ تەرخان کراوە بە پێی ناوچەکان بۆ نیشتەجێ کردنی خەڵك لە ناوچەکان, لەناحیەکان و لە لادێیەکان؟ تکایە کێشەی سەرەکی خەڵك لە کوردستان کرێچی و نەبوونی نیشتەجێ بوونە, یان چۆن ئەمە تەنسیق دەکرێ لەگەڵ سولفەی عەقارات؟ ئایا ئەوە کە خەرج دەکات دەبێتە هاووڵاتی جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەوەی ئەگەر بێتو لەم وەزارەتە جێگای برێکی پارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لە هەموو دێهاتەکان نیسبەیەك دیاری بکری بۆ نیشتەجێبوونی خەڵك, نازانم ئەوە چۆن جیا دەکرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من تەئیدی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدن کردنەوە دەکەم, کە خۆم ئەندامم تێیدا, بەحەقیقەت ئەم وەزارەتە ئیشی زۆرە و موهیمیشە, بەلاَم پێویستە بەهۆی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە لەگەڵ وەزاەرتی پلاندانان, پلانێك دابنرێت هەموو لایەك بگرێتەوە, نەك لایەك دروست بکرێت و لایەکی تر بمینێتەوە, من چووم بۆ سەنتەری ئەنفال و کیمیابارانی دهۆك, تەبعەن ئەو گوندانەی کەلەوێ ئەنفالکراینە, کیمیارباران کرایە, ئیهمال کرایە, یەعنی هیچ بۆیان نەکرایە, ناڵێم نەکرایە, کرایە, بەلاَم زۆریش ئیهمال کراینە, لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە لەهەموو لایانێکەوە چاویان لێبێت, نەك لایەك بکرێت و لایەکەی تر بمێنێتەوە, ئەمە یەك, دوو/ ئەو نیزامەی ئاوەدان کردنەوە و دروست کردنی شوقە ئەوانە, ئەمەش بەپێی پلان لەسەر هەمووناوچەکان دابەش بکرێت, کە پێویستی پێی هەیە, لەبەر ئەوەی زۆر جێگا هەیە ئەو نیزامەی شوملی نەکردووە, نموونە شاری ئاکرێ هەتانووکە یەك شوقەشی لێ دروست نەکرایە, خەڵکێك هەیە مەعاشی ئەگەر بکەینە سێ بەش, دوو بەشی هەر بۆ کرێی خانووە, بەو گرانیەی قەت ناتوانێ بژی, لەبەر ئەوە داوا دەکەم بۆ هەموو لایەك وەکو یەك تەماشا بکرێت, ئەولەوییەت بدرێتە ئەنفال و کیمیاباران پاشان ئەوانی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی راپۆرتەکەی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە دەکەم, بەلاَم ئەوەی کە تێبینی دەکەم بەراستی پارەیەکی زۆر کەم بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە تەرخان کراوە, لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ئەرکێکی زۆر گەورەتری لەسەر شانە خۆشتان دەزانن ئەم وڵاتە هەمووی داڕووخاوە, حەقە رەچاوی

ئەوناوچانە بکرێت کە بەتەواوی وێران بووینە, من لێرە جارێکی تر لەدانیشتنی پێشتریش داوام کردیە کە مەنتیقەی مەخمور کە 140 گوندی یەکجار تێکدراوە, ئەم 140 گوندە لە 2003 ەوە تاکو ئەمڕۆ 10 گوند زیاتر ئاوەدان نەکراوە لەو ناوچەیە, کەواتە 130 گوند بەوێرانی ماوەتەوە, راستە مەنتیقەکە مەشمولە بە مادەی 140, کە تا مادەی 140 جێبەجێ نەکرێ ناگەڕێتەوە سەر کوردستان, بەلاَم وەکو حاڵەتێکی تارێ من داواکارم بەشێك بۆ ئەو ناوچەیە تەرخان بکرێ, هەم بۆ چاکردنەوەی ڕێگا و بانەکان, هەم بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, لەبەر ئەوەی ئەوەی کە تێبینی دەکرێت, ئەگەر چەند ڕێگایەك چاك بکرێتەوە خەڵکەکە دەتوانێت بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی, بەلاَم ئەم ناوچەیە هیچی بۆ نەکراوە, ئەمە خاڵێك, خاڵێکی تر/ مەسەلەی دروست کردنی شوقەی سەکەنی بۆ فەرمانبەران, ئێستا لەهەولێر کۆمەڵێك شوقە دروست کراون, بەلاَم تا ئێستا دابەش نەکراون, من پێم باشە ئەو شوقانەی کە دروست کراون, وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە سەرپەرشتنیان بکاتن بەشێوەیەکی دادوەرانە بیداتە فەرمانبەرانی کوردستان, لەبەرامبەر ئەوەش لە داهاتوو کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی گەورەتر دروست بکرێتن, بەنرخێکی رەمزی بدرێتە فەرمانبەرانی کوردستان لە مووچەکەیان بەشێك لە پارەکەیان بگێڕدرێتەوە, فەرمانبەر کە ئێستا کرێیەکی زۆر دەداتە خانووبەرە, ئەو کات ئامادە دەبێت بۆ ئەوە, ئەگەر نیوەی راتبەکەشی بێت هەر ناگاتە ئەوەی کە دەیداتە کرێ, لەداهاتووش شوقەکە لەسەری تۆمار بکرێتن, بەناوی ئەو بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رایەکەی کاك غفورم, ئەو بودجەیە کە بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە کەمە, لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتە ئێستا زۆر پێویستی بەوەی هەیە کە ناوچەکان چاوەڕێیەتی, تێبینیەکم هەیە ئەم وەزارەتە بەو هەموو پێویستیەوە چۆن 42 ملیار و هەندێکی ماوەتەوە لەساڵی رابردوودا, من نموونەیەکم هەیە باسی ناوچەی گەرمیان دەکەم, دەست خۆشیان لێدەکەم کە پردی نێوان گەرمیان و خانەقینیان چاك کردۆتەوە, کە بەسەر رووباری سیرواندا دەڕوات, پردێکی زۆر ستراتیجی و گرنگە, بەلاَم لە تەنیشت پردەکە, ئەو ڕێگایە کە دەگاتە پەروێز خان ڕێیەکی زۆر ئابووری و ستراتیجیە و زۆر بێ کەڵکە, ناوچەی گەرمیانیش تا ئێستا ڕێگایەکی قیرتاوی بۆ نەکراوە کە یەکێکە لەو ناوچانەی زۆر ڕێگاو بانی تێدا زەرورە, بەنیسبەت شوقەوە, بەداخەوە ئەو شوقانەی کە ئێستا دەکرێت هەمووی هی کەرتی تایبەتە, ئەوەندە سعرەکەی خەیاڵیە, هەژار ناتوانێت دەستی پێبگات, ئەگەر بەشێکی پرۆژەی ئەم وەزارەتە بۆ شوقە بێت و موڵکی حکومەت بێت, زۆر لەوە باشترە کە کەرتی تایبەت ئەو هەموو شوێنە دەبات و نرخەکەشی ئەوەندە گرانە, کە ئەزمەکە هەر وەکو خۆیەتی, دووبارە تێبینیم لەسەر ئەوەیە ئەو وەزارەتە تەنیا وەزارەتی شار و ڕێگا و بان نییە, بەڕاستی لادێیەکان پێویستی بەوەیە ئەم وەزارەتە دەستی پێبگات, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە, یەكەم/ دەست خۆشی لەراپۆرتەكەی لیژنەی ئاوەدان كردنەوە دەكەم, جگە لەو خاڵەی كە داوا دەكات صلاحیەتی وەزیر 400 ملیۆن دینار بێت, من پشتگیری ئەوە دەكەم كە دەسەلآتی هەموو وەزیرەكان وەكو یەك بێت, جیاوازی نەبێت, خاڵی دووەمم, لەسەر بڕگەی (6)ە, هەرچەندە هەردوو وەزیری بەڕێز, وەزیری هەرێم و وەزیری پلاندانان وەلآمیان دامەوە, بەلآم تازە دیارە قسەكەم دەچێتە باری تەوصیەوە بۆ حكومەت, ئێمە هەموومان باسی ئەوە دەكەین كە بودجە كەمە, باسی ئەوە دەكەین كە كوردستان وێران بووە, ڕێگا و بان نییە, بەلآم ئەوەی دیقەتمان داوەتێ, زۆربەی وەزارەتەكان بودجەكەیان وەكو خۆی صەرف نەكردووە و ماوەتەوە, هەرچەندە ئەو بەڕێزانە وەلآمیان داوەمەتەوە, ئەمە وەكو تەوصییەك وەزیری حكومەت و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی كارێك بكەن, یەعنی ئەم وەزاراتانە چالاك تر بن, ئیشەكانی خۆیان باشتر بەڕێوە ببن, بۆ ئەوەی ئەو بودجەی لەبەردەستیانە بیخەنە خزمەتی كۆمەلآنی خەڵكەوە, نەك بیهێڵنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێكردن بەڕاستی ناوەكەی بەخۆیەوەیەتی, جا كە دەڵێی وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە بەڕاستی ئەو شوێنانەی لە كوردستان وێران كراون چاوەڕیی ئەو وەزارەتە دەكەن كە وێرانكراوەكەیان بۆ ئاوەدان بكاتەوە بەتایبەتی, نیشتەجێ كردنیش ئەوە گرفتی نیشتەجێ بوون باس دەكات, بەراستی ئەوەی كە پێی دەوترێت قەلآدزیێ چەندجار شەهید, یەكێكە لەو شوێنانەی كە لەسەدان سەد رژێمی بەعس وێرانی كردووە, لەساڵی 1989 دوا قۆناغی وێرانكردن, كە تەرحیل كردنی قەلآدزێ و پشدەر دوا قۆناغ بوو, لەساڵی 1989 یەك خانوو, یەك بینا, یەك مزگەوت, یەك دائیرە و یەك شوێنی بەپێوە نەما لەقەلآدزێ و پشدەر, جا ئاوەدان كردنەوەكەی كات و سات و بودجەیەكی زۆری دەوێت, من لەو شوێنە تەنها باسی جادەی قەلآدزێ دەكەم, جادەی قەلآدزێ كە بەرانیە دەبەسترێتەوە (30 كم)ە, دوو بەشی تەواو بووە و كراوەتە دوو ساید, ئەو جادەیە لە دەربەندی رانیە تا قەلآدزێ دەتوانم بڵێم هەزار تۆپی بەركەوتووە, هەر كەسێك, هەر وەزیرێك سەردانی ئەو شوێنەی كردبێ بینویەتی, قەلآدزێیەكان پێی دەڵێن ڕێگای مردن, ئەوەندە ئەحداسی تێدا روودەدات, و خەڵكی تێدا دەمرێت, بەڕاستی جێی ئەوەیە كە وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە بە ئیستسنائیش بێت ئەو جادەیە لەرانیە بۆ دەربەند كراوە بە دوو ساید, تەواوبووە, لە قەلآدزێ تا ژارەوە كراوە بە دوو ساید, بەلآم قیر نەكراوە, دەتوانم بڵێم ماوەی (10 كم) دەمینێت, یەعنی ئەوە پێویستە وەكو شتێكی ئیستسنائی وەكو هەدیە و دیارییەكی ئاوەدان كردنەوە بۆ خەڵكی قەلآدزێ و پشدەر كە لەسەدان سەدی وێرانكراوە, نەك لە 99٪, بۆیە بەراستی داوا دەكەم وەكو شتێكی ئیستسنا بەلایەنی كەمەوە ڕێگای نێوان قەلآدزێ و رانیە, بەتایبەتی لەدەربەندەوە بۆ ژاراوە بۆ قەلآدزێ وەكو شتێكی ئیستسنائی حیسابێكی تایبەتی بۆ بكرێ لە بودجەی ئەمساڵدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەڕاستی ئێمە پلانمان هەیە كە وەزیرە پەیوەندیدارەكان بانگ بكەین, كە پەیوەندیان بەخەڵكەوە هەیە, یەك لەوانە وەزیری ئاوەدان كردنەوەیە, كە هاتە ئێرە ئەو موڵاحەزاتانەی بكەن, سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا فقی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەكانم مامۆستا عوسمان كردی, بەڵام چەند باسی قەڵادزێ بكەین, ئەگەر ئەو كەم و كورتیانەی كە هەیەتی ئەگەر لیستێكی بۆ بكەیت, بەڕاستی نابڕێتەوە, لەبەرئەوەی وەزیری پلاندانانیش لێرەیە, بۆیە تەئكید دەكەمەوە كە گرنگی تایبەت بەو شوێنە وێرانكراوانە بدرێ, بەیەكسانی لەگەڵ شوێنەكانی تر تەماشا نەكرێ, منیش نموونەیەك دەهێنمەوە, قوتابخانەیەك هەیە بەناوی شەهێدێكی ئەم شارە, كە شەهید سنوبەرە لە 82 شەهید بووە لە راپەڕین, تەماشا دەكەی ئەو مەكتەبە پێش ئەو كات جوانترین بینای لەسەر دروست كرابوو لە رژێمی پێشوو, كە رووخاوە ئەو 17 ساڵە تا ئێستا ئەم مەكتەبە لە كابینە دەخوێنن, یەعنی بینایەكی بەسیتی بۆ دروست كردوون, چەند جارێك وەزیرەكان سەردانیان كردووە, یەعنی بەڕاستی نازانی چۆن جوابی ئەو خەڵكە بدەیتەوە, كاریگەری لەسەر معاناتی خەڵكەكەی كردووە, بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە چەندجارێك لە 4/24 یاداشتی ئەم خەڵكەمان هێناوە بۆ پەرلەمان, بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەن, یەعنی خەڵك زۆر نیگەرانن كە جوابی داواكانیان نادرێتەوە, بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین كە بەلایەنی كەمەوە با بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان كردنەوە لەو شوێنانە هەبێت, یەعنی شوێنێكی وێرانكراوی ئەوها گەورە و قەزایەكی ئەوها گەورە, بەڕێوەبەرایەتێكی ئاوەدان كردنەوەی لێنەبێت, هیوادارام زیاتر گرنگی پێبدرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەڤە دانوستاندنی سەر میزانیە دكەین, ئەڤە چەندجار جەنابێتە بێژت ئەڤ راسپاردانە وەزیری مەعنی داوا دكەین و دگەل وان باس بكەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەكەت بەجێیە, بەڵام چی بكەم هەتا بە قسەم بكەن, ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك و پێشنیارێكم هەیە, پرسیارەكەم بۆ وەزیری ئاوەدان كردنەوە و وەزیری پلاندانانە, كە تاكو ئێستا هەندێك لە وەزارەت و فەرمانگە حكومیەكان لەكرێنە, ملیۆنەها دینار بۆ مەبەستی كرێدان دەچن, ئایا پلانیان چیە؟ بۆ دروست كردنی هەندێك بینا بۆ فەرمانگە حكومیەكان و هەندێك لەوەزارەت, پێشنیارەكەشم ئەوەیە كە زۆر لە برادەران باسیان كرد, كە لەبودجەی تەكمیلی عێراق وابكرێ كە بەشێك

له بودجەی ئاوەدان کردنەوە زیاد بکرێ, بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, بەڕاستی کێشەی کشتوکاڵ و وشکەساڵی و خۆراك, ئەو سێ کێشەیە چارەسەر بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەی من هاتنە کرنێ, تەئیدی راپۆرتی ئاڤەدان کردنەوە دکەم, نسبەتی کردستان حەمی هاتە وێرانکرن, بە سۆران و قەلاّدزێ و هەر جیهەتێك بێت, دیارە چەندین ساڵە گوندی مە هاتینە وێران کرن, هەتا نووکە نەهاتینە ئاڤەدان کرن, بەڵکو چەند گوندك هاتینە ئاڤاکرین, پێم ئەڤ پرسیارە وەزیری مالیە دکەم, بۆچی ژمارە کەمیا گوند هاتیتە ئاڤا کرن, تەئیدی حەمی برادەران دکەم بۆ خواستنی ئاڤادانکردنی گوندان مەبلەغێك بێتە تەخصیص کرن, یان میزانیەکی تایبەت تەخصیص کرن, چونکە ئەڤ بزانم ئەڤە قوتارکرن ئەڤ گەلك بەردەستی منە و ئەڤ باسی دکەین, یان ئیجارێ, یان گرانیا بازاڕێ و حەمی ئەوانی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەراپۆرتی ئاوەدان کردنەوە دەکەم, داوا دەکەم هەندێ لەو بڕە پارەیەش بۆ ئەو کەسانەی کە زەرەرمەند بووینە لەشارۆچکەی شەقلاّوە و بەبەر شالاّوی حزبی بەعس کەوتوون, هەندێ فندق و ماڵ و خانوو رووخاینە لەساڵی 1987, یەعنی ئەو کەسانە داوای قەرەبوو دەکەنەوە, هەتا ئێستا من ناوی لیستەکانم دا بەتۆ لەساڵی پارەوە, هەتا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە, ئەوانیش داوای قەرەبوو دەکەنەوە, هەروەها داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێم دائیرەی مەحکەمەی شەقلاّوە و دائیرەی تاپۆ هیچ دائیریەکی وایان نییە ناو فندق ئێستا بەکرێیان گرتووە, لەسەر رێگای رەئیسیە لە شەقلاّوە, یەعنی جێگایان زۆر خراپە, دائیرەی تاپۆ شوێنەکەی پێشتر موستەشفایەك بووە, یەعنی زۆر کۆنە, هەموو فایلەکان رتوبەتیان کێشاوە, سوپاس.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ ئەوە دەڵێم, کاك زرار دەڵێت 245 ملیار لەکوردستان سەرف کرایە, ئینجا کاك زرار دەی گوت (السلطة المالیة في کردستان یساوي صفر), گەلەك زۆرە ناکاتە سفر, ئەوە جێگای دڵخۆش کردنە کە ئاوەدان کردنەوەکە مورەکەزە لەسەر پارێزگای سلێمانی لە دروست کردنی پرد, لەدروست کردنی جادە و بان و لەزۆر شتی تر, من ئیقتیارحێك لەبەردەم هەردوو جەنابی وەزیر دادەنێم, کە میزانیەی نوێ دێت, ئەگەر لائیحەك بێت بەوەی کە ئەو مەشاریعانەی تەنفیز نەکرایە, یان ئەوەی مایە کە بخرێتەوە سەر میزانیەی 2008, تەصنیف بکرێت, تاکو زیاتر وازح بێت و روون ببێتەوە, هەندێك ئیشکال هەیە حەل ببێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی شوقەی نیشتەجێبوون من قسەی دەکەم, کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەتوانێت پلان داڕێژێت بەمەجامیع, نموونەیەك ئەهێنمەوە, مەجامیع دروست بکات, ئەو مەجامیعە بەقەرز ئەتوانن شوقە بۆ فەرمانبەران بە مقداری کەم بکرێت, ئێمە سوپاسی وەزارەتی دارایی لەولا دەکەین, کە شێخ بایز ئاگاداری ئەوەی هەیە, نموونەکەشم ئەوەیە کە ئەو شوقانەی برایەتی کە برادەرانی یەکگرتوو دروستیان کردووە, کە 252 شوقەیە, 252 خێزان جێگای بۆتەوە لەسەر قتعەیەکی عەرز کە پێی دراوە, مقدارێك پارە لە خۆیان وەرگیراوە, کە بریتیە لە دەفتەر و نیویێك, باقیەکەی تر بریتیە لەشێوەی قەرز لەلایەن دارایی ئەو لایەنە دراوە, وردە وردە قەرزەکەی ئەگێڕنەوە, یەعنی ژمارەیەکی کەم, پارەیەکی کەمی تێ ئەچێ, خێزانێکی زۆریش جێگای بۆتەوە, موشکیلەیەکی باشیش حەل دەکات, ئەکرێ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە مەجامع لەشارەکان بەم شێوەیە دروست بکات, دەورێکی باشیش ببینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆرم پێ خۆش بوو کاك مەلا سعدالدین ئەو پرسیارەی کرد, چونکە لەوانەیە زۆر خەڵکی تریش هەبێت لەدەرەوە لەو قسەی من نەگەیشتبێت, دەسەڵاتی دارایی فەرقی هەیە لەگەڵ دارایی, حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت خەزێنە دروست بکات, بیفرۆشێت, پاشان کە پارەی پەیدابوو لە خەڵکی بکڕێتەوە, کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی نییە, ئێمە حکومەتێکی سەربەخۆ نین, ئێمە سەر بەحکومەتی فیدرالین, ئێمە ناتوانین پارە چاك بکەین, کەنەتوانین پارە تەبع بکەین, دەبێ حکومەتی ناوەندی بۆمان بنێرێت, ئێمە ناتوانین پارە قەرز بکەین لە دەوڵەتانی دراوسێ, کەنەتوانین پارە قەرز بکەین, کەواتە دەسەڵاتی دارایمان سفرە, ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ دارایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من سوپاسی مەلا سعدالدین دەکەم بۆ ئەو سوئالە, چونکە فعلەن دوێنێ قسەیەکی وات کرد زۆر کەس ئەو تێگەیشتنەی نەبوو, ئێستا بەهۆی ئەو سوئالەوە ئەو شەرحەی کەکردی روون بۆوە, کاك زرار مەبەستی دەسەڵاتە, نەپارەی تەبع دەکەین, لەهەموو شتێك چاوەڕێی بەغدا دەکەین, من موڵاحەزەیەکتان پێ بڵێم, ئەوەی کە لەوەزارەتەکان داوایان کردووە بۆ میزانیەی خۆیان, یەعنی هەر وەزارەتێك میزانیەی خۆی تەقدیم کردووە, خۆی ئەو داواکاریانە بەپێی پێداویستیان, بەپێی مەساریفی تەشغیلی, هەم ئەوەی کە بۆ پلانە, بۆ ئیستسماریە, 13 ملیار و قصور دۆلارە, بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەکانیان بۆ ساڵی 2008 جێبەجێ بکەن, داوای 13 ملیاریان کردووە, وەزارەتی مالیە کە دەزانێ ئەو پارەیە خەیاڵە, ئێستا نیەتی هاتووە بەپێی دانیشتن وەزارەت بە وەزارەت, بەپێی ئیمکانیەتی ئەو 17٪ کە لەبەغداوە بۆی دێت و بەو تەفصیلاتەی کەدایان کەمی کردۆتەوە, لەگەڵ ئەوەش ئەجرێکی هەیە, هەمووی کەم نەکردۆتەوە, هەندێك

شت هەیە ناتوانێت کەم بکاتەوە, مەصاریفی تەشغیلی ناتوانێت کەم بکاتەوە, بۆیە ئەجرێکی پەیدا کردووە 840 ملیۆن دۆلارە, کە ئێمە داوای زیاد دەکەین بۆ وەزارەتێك لەوەزارەتەکان جێی خۆیەتی, بەلاّم دەبێ رەچاوی ئەوە بکەین کە ئەوە ئیمکان هەیە, یان نا, ئێستا تۆزێ ئیمکان پەیدابووە بەوەی کە میزانیەیەکی تەکمیلی پەیدابووە, ئیمکان هەیە میزانیەیەکی تریش زیاد بێت, پێشنیارێك هەیە کە زیاد بکرێ, چەند زیاد بکرێ بەتەئکید ئەو کات دەتوانین پێداویستی وەزارەتەکان, خوتەی ئیستسماریە, میزانیەی پلانە جێبەجێ بکەین, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو میزانیەی کە بۆ وەزارەتەکان دانراوە بە ئیتیفاق بووە, بەتێگەیشتنی واقعێك بووە, من ئیقتیراحم ئەوەیە کە تەنها راپۆرتەکان بخوێندرێتەوە, چونکە ماندوو بووینە ئاراستەی وەزارەتی تایبەتمەندەکان بکرێن, وەزارەتی دارایی, کە لەمیزانیەی تەکمیلی پارە دەمینێتەوە بەپێی ئیمکان, بەپێی پێداویستی و بەپێی ئەهمیەت ئەو پێشنیارانە رەچاوی بکەن, ئەگەر کەس مولاّحەزەی نییە, میزانیەی ئاوەدان کردنەوە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, باشە ئێستا راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ راپۆرتەکەی بخوێنەوە, تکایە؟ کاك فتاح فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژانی موختەص, بەتایبەتی لیژنەی مالی راپۆرتەکەی ئامادە کردووە, پێویست بوو ئەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی تاوتوێ دەکرێ, ئەگەر ئەوان موتەفیق بن, پێم وایە زۆربەی موناقەشەکانی ئێمە لە زیادەییە, پاشان ئەوەی کە لیژانەکانی تر کە باسی دەکات, لیژانی موختەص, مەسەلەن بۆ میزانی ئاوەدان کردنەوە, یەعنی هەر موداخەلەیەك ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان موەجەهە بەوەزیری موختەص, نازانم ئەو موناقەشەیە بۆچییە لێرە؟ دەبێ وەزیری موختەص مەوجود بێت, من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم, بەلاّم حەقە تەنفیز بکرێ, چونکە لەنیزامی داخلیش وا نییە ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیکەین, جا بۆیە داوا دەکەم, تکام وایە کە تەقریری هەر لیجنەیەك تەوجیهی وەزیری موختەص بکرێت, پێویستە موداخەلاتی ئێمە بۆ وەزیر بێت, نەك بۆ وەزارەتی مالیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ, پێشتر لیژنەی دارایی ئیشارەتی بە رەقەمەکەی بکات, تکایە, فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کشتوکاڵ راپۆرتەکەیان هاوبەشە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان, بۆیە خەرجیەکانی هەردووکیان دەخوێنینەوە, خەرجیەکانی کار پێکردن لەلایەن وەزارەتی کشتوکال 116212 ملیۆن کە

دەکاتە 2,45٪), خەرجیەکانی کارپێکردنی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان 13488 ملیۆن کەدەکاتە 0,28٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێتە 48624 ملیۆن دینار, هی سەرچاوەیە ئاوییەکان دەبێتە 83885 ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاک تەلعەت راپۆرتی لیژنەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر رۆشنایی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ نوێنەری هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ئەم راپۆرتەمان ئامادە کردووە, لەگەڵ راو بۆچوونەکانی جەنابتین لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەوانەی کە تەرخان کراوە بۆ هەردوو وەزارەتەکە,

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری سەبارەت بە بودجەی ساڵی 2008 تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو

لێژنەکەمان ڕۆژی 2008/4/8 لەگەڵ وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو کۆبۆوە و ڕاپۆرتی خۆی بە ژمارە (9) دەرچووی ڕۆژی 2008/4/8 , هەروها کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/4/2 لەگەڵ وەزارتی کشتوکاڵ ڕاپۆرتی ژمارە (5) دەرچووی ڕۆژی 2008/4/7 بەرز کردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان, بەلاَم دوای ئەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/4/23 تاوتوێ کراو و دواتر ڕاپۆرتی بەرێز وەزیری دارایی پێشکەش کرا, سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە لێژنەکانی پەرلەمان کرد لە بەر رۆشنایی هەردوو ڕاپۆرتەکە پێداچونەوە بە ڕاپۆرتەکەی خۆیان بکەنەوە ,بۆیە وا لە خوارەوە ڕاپۆرتی خۆمان دوای پێداچونەوەبە ڕاپۆرتی پێشوومان دەخەینە بەردەستی بەرێزتان :-

1 - پشتگیری لە ڕاپۆرتی دارایی و ئابووری دەکەین سەبارەت بە تێبینی و پێشنیارکانیان لە سەر بودجەی ساڵی 2008 .

2 - لە پێناو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران پێویستە بانکی کشتوکاڵ گرنگی پێ بدرێ بۆ ئەوەی جوتیاران بتوانن لە رێگەی قەرزی بانکەوە پەرە بە پرۆژەکانیان بدەن .

3 - بۆ چارەسەر کردنی وشکە ساڵی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پرۆژەی تێرو تەسەلیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و گوژمەی پێویستیان پێشنیار کردووە, داواکارین بە پەلە ئەم برە پارانە تەرخان بکرێت .

4 - ئەو جوتیارانەی کە قەرزیان لە بانکی کشتوکاڵ وەرگرتووە بە هۆی وشکە ساڵیەوە ئەمساڵ بەرهەمیان نیە و ناتوانن ئەو قەرزانە بدەنەوە , بۆیە داواکارین کە قەرزەکانیان دوا بخرێ بۆ ساڵی ئایندە.

5 - دوای تاوتوێ کردنی بودجەی ساڵی 2008 ی وەزارتی کشتوکاڵ لەگەڵ نوێنەرەکانیان, دەردەکەوێ ئەم برە پارەی لە وەزارتی داراییەوە پەسند کراوە زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ داخوازیەکانی وەزارتی کشتوکاڵ بۆ پەرە پێدانی کەرتی کشتوکاڵی و جێبەجێ کردنی پلانەکانیان , وەزارتی کشتوکاڵ لە پلانەکەی خۆیدا ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگ داوە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بووژانەوە هەیە لە بواری دانەوێڵە و پاراستنی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەردا, بۆیە ناکرێ ئەم گوژمانە کە تەرخانی کردووە کەم بکرێتەوە بەرادەیەك کە نەتوانێ پلانەکانی جێبەجێ بکات وەك :-

أ- کەرستەکانی پاراستن و قەلاَ چۆ کردنی نەخۆشیەکان (مواد المكافحه و الوقايه) وەزارت بڕی (8,608) هەشت مليارو شەش سەد مليۆن ديناری داوا کردووە , بەلاَم وەزارتی دارايی تەنها بڕی (2,800) دووملیارو هەشت سەد مليۆن ديناری پەسەند کردووە, کە جیاوازیەکەی دەکاتە (5,808) پێنج مليار و هەشت سەد و هەشت مليۆن, هەرچەندە بە هۆی وشکە ساڵیەوە ئەو گوژمانە گۆڕانی بەسەردا دێت, بۆیە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی وەزارتی کشتوکاڵ بۆ وشکە ساڵی پیداچوونەوەی بۆ بکرێ .

ب- کڕینی دانەوێڵە :

بە هۆی وشکە ساڵیەوە وەزارتی کشتوکاڵ لە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران داوایان کردووە کە بۆ ساڵی چاندن بڕی (30000) تەن گەنم و (3000) سێ هەزار تەن جۆ بکردرێ و بە سەر جوتیاران دابەش بکرێ . ئێمە لە لێژنەی کشتوکاڵ پشتگیری وەزارەت دەکەین بۆ تەرخان کردنی بڕی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە .

ج- کەرستەی پارستنی مەڕو ماڵات (مواد مكافحه للبيطرية)

وەزارت لە پلانی خویدا بڕی (9) مليار ديناری داواکردووە, کەچی وەزارەتی دارايی و ئابووری بڕی (2,300) دوو مليارو سێ سەد مليۆن ديناری پەسەند کردووە .

د- سەبارەت بە بوارەکانی (پەینی کیمیاوی, ئامێری ڕشاندن و دلۆپاندن, ئامێری کشتوکاڵی, پاراستن و پەرە پێدانی دارستانی سروشتی و چاککردن و پاراستنی باخچە و سەيرانگا و خانووی پلاستیکی , پرۆژەی چاندنی داری زەيتون ,پاراستن و پەرە پێدانی هەنگ و ماسی ) .

دیارە تەواوی ئەم بوارانە لە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن, بۆیە ئیمە وەك لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری داوا دەکەین چاوێك بە بودجەی وەزارت دا بخشێندرێتەوە و راو و تێبینیەکانی ئێمە و وەزارتی کشتوکاڵ لەبەر چاو بگیرێ .

سەبارەت بە وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو:

1- وەك لە ڕپۆرتی وەزارتی کشتوکاڵ جەختمان لەسەر وشکە ساڵی و چارەسەر کردنی کردۆتەوە, بە هەمان شێوە وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو ڕاپۆرتی خۆیان بۆ چارەسەر کردن وشکە ساڵی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران .ئێمە پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەیان دەکەین و داوا دەکەین ئەو بڕە پارەی کە داوایان کردووە بۆیان تەرخان بکرێ.

2- وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو پڕۆژەی بەنداوی بچووك و مام ناوەندیان لەپلانی خۆیان پێشنیار کردووە . بەلأم ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە زور کەمە و ناتوانن پڕۆژەکەیان جێ بەجێ بکەن وبڕە پارەی تەرخان کراوی وەبەرهێنان بریتیە لە( 72,940) هەفتاو دوو ملیارو نۆ سەدو چل ملیۆن دینارە,دیارە ئەو بڕە پارەیە بۆ هەموو پرۆژەکانە بەبەنداوە کانیشەوە , بۆیە وەزارت ناتوانێ بەو پارەیە پلانی خۆی جێ بەجێ بکات ,پڕۆژەی دروست کردنی بەنداوی بچووك و مام ناوەندی بۆ ئاییندە کاریگەری زۆری هەیە و یەکێکە لە ڕێگە چارەسەری گێروگرفتی وشکە ساڵی ,بۆیە تەئکید دەکەینەوە کە چاوێك بە بودجەی وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو بخشێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا وەکو ئیتیفاقمان کرد ئەو ڕاپۆرتە دەدینە وەزارەتی دارایی و هەردوو وەزارەتەکەی تر, بۆ ڕەچاو کردنی وەکو پێشتر باسمان کرد, کاك بەڵێن فەرموو:

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی لە لاپەرە 7 دەڵێ لەسەر ئاستی وەزارەتەکان جگە لە وەزارەتی دارایی ئەو وەزارەتانە زۆرترین تەرخانکراویان هەیە, کارەبا, پەروەردە, شارەوانی, ناوەخۆ, ئاوەدان کردنەوە, خوێندنی بالأ و تەندروستی, من پێم وانییە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەهمیەتی لەوانی تر کەمتر بێت, ئایا سەبەبی هاوێرکردنی وەزارەتی کشتوکاڵ لە ئەوەلیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ بۆ هاوێر کراوە, بۆ ئەو بڕە پارەی کە بۆی دانراوە کەمە, نامەوێ زۆر بچمە ناو تەفاصیل, حەز دەکەم جوابەکەم لەوەزارەتی مالیە وەربگرمەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا نوقتەی نیزامیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا حەز دەکەم هیچ نەخوێندرێتەوە لەو ناڕەزایانە, من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی هەر لەسەر راپۆرتەکە تەحفوزی خۆم نووسیوە, وا ئەڵێم لەمسئوولیەت و بەرپرسیاری, هیچ شتێکی تر نییە, بۆیە دەمەوێ چەند شتێك بڵێم, ئەم موناقەشە کردنە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد, شەرعیەتی لەت دەبینم,

چونكە هەرە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ هەروەك كاك غەفور خوێندیەوە بۆمان, پێویست بوو هەموو لیژنە پەیوەندیدارەكان راپۆرتەكەی خۆیان بنێرن و لەویٚ موناقەشە بكریٚ, ئەگەر پرسیارێك یان رەخنەیەك هەبوایە لەویٚ بەدەستمان كەوتبایە, ئێستا ئەمە نەكراوە, لەبەر ئەوە پێویستە وەزیری پەیوەندیدار بێت وەلاٚم بداتەوە, وەكو چۆن بەرِێز وەزیری دارایی راپۆرتەكەی خوێندەوە, بەحوكمی ئەوەی پێشتر بە ئێمە نەگەیشتووە داوامان كرد كۆبوونەوەكە دابخریٚ, تا ئێمە راپۆرتەكەی بە وەزیری دارایی بخوێنینەوە, هەر پرسیارێكمان هەیە لێی بكەین, لەڕووی ئەم ئەصڵەوە دەبیٚ راپۆرتەكانی تریش هەر وابێت, لەلایەن وەزیری پەیوەندیدار و وەزیرەكانی تر, لەبەر قەزیەی سومعەی ئەم پەرلەمانە, من پاریش ئەو مەوزوعەم زۆر باس كرد.

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا نوقتەی نیزامەكەت گوت, ئیتر ئەوەی تر موناقەشەكە هەمووی تیكرارە, نوقتەی نیزامەكەت قبوڵە, وەكو هی كاك غفوریشمان وت كە قبوڵە, بەلاٚم خەتای سەرۆكایەتی نییە, بەڵكو خەتای لیژنەكانە دواكەوتوونە لە تەقدیم كردنی راپۆرتەكانیان, ئێمە هەدەفەكەمان چییە, هەدەفەكەی ئێمە ئەوەیە كە بگەینە نەتیجەیەك, بگەینە باشترین موناقەشە, خۆ ئێمە لە نیزامی داخلیەكەی لامان نەداوە, بەلاٚم لە ئسلوبەكە تۆزیٚ موشكیلە هەبووە, رەخنەكە وەكو سەرۆكایەتی قبوڵمانە, لیژنەكانیش قبوڵی دەكەن, كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەرِێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرِێزتان تێبینیەكتان باس كرد, تێبینیەكتان باس كرد كە گوایە ئەم موناقەشەی دوایی دەچێتە بابی تەوصیەوە, بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكان, باسێكی جەوهەری و باشمان كردووە, وەكو چۆن كاك بەڵێن ئاماژەی پێكرد, لە ئەوەلیاتی وەزارەتەكان كە هاتووە, كشتوكاڵ دەیەمین وەزارەتە, لەگەڵ ئەوەش تەنها وەزارەتێكی بەكاربردن نییە, تەشغیلی نییە, بەڵكو بەرهەمهێنەرە, ئیستیسمارییە, ئایا ئەوە چۆن دەكریٚ بچێتە بار تەوصیاتەوە, كەوەزارەتێكە پێمان وایە فەرامۆش كراوە لە دەرەوەی كەناڵەكانی ئابووری, لەگەڵ ئەوەش ئێمە كاری لەسەر دەكەین و دەبێتە ئیستسماری و یارمەتی وەزارەتەكانی تریش دەدات, لەبەر ئەوە چۆن قسەی لەسەر بكەین كە نەچێتە بابی تەوصیاتەوە, تەعدیلی بۆ بكریٚ, زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من عەرزم كردن هەموو وەزارەتەكان پێدوایستی زیاتریان هەیە, رێژەی زیاتریان پێویستە, پارەی زیاتریان پێویستە, بەلاٚم ئەوەی كە كراوە بەپێی ئیتفاق بووە لەگەڵ وەزارەتەكان, كەدەڵێن دەچێتە

بابی تەوصیە، وەکو لیژنەی کشتوکاڵ، لیژنەی کارەباش، هەندێك شوێن هەیە تەندروستییە، پەروەدەیە کە پێویستیان بە میزانیەی زیاترە، کە بەدوای راپۆرتەکەی خۆیان بچنەوە، ئەگەر میزانیەی تەکمیلی پارەی تێدا هەبوو، هەوڵ بدەن برێکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت، ئەی بۆچی ئێمە دەڵێین بیخوێندرێتەوە و ئاراستەی وەزیری وەزارەتەکان بکرێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوون هەبێت، لەئایندەدا رەچاو بکرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر و ئەوانە هیچ موڵاحەزەیەکیان نییە، ئەگەرنا دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك سەرکیس.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پرسیارەی کە کرا، بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ لە زیمنی ئەوەلیات نەبووە لەو حەوت وەزارەتەی کە ئاماژەمان پێدا، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان مەصاریف هەیە هەر لە زیمنی وەزارەتی مالییە لە نەفەقاتی ئوخرا دادنرێت، هەندێکی تریش هەیە بەتایبەتی دادەبەزێت، ئەگەر سەیری بودجەی عێراق بکەن600 ملیار دەبێت بۆ کشتوکاڵ داینراوە، کە 102 ملیار بۆ ئەوانە بەڕێزی 17٪ تەقدیمی هەرێمی کوردستان دەکرێ، بەس ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ئیهمال کرابێ، هەر بەتەواوەتی لەوێ موشارەکەی هەیە، سەرەرای ئەوەش هەندێجار هەندێ مەبالغ لەسەر وەزارەتی مالیە تەسبیت دەبێت، وەك رەنگدانەوە دەعمیان هەبێت، ئەگەر تەماشای بودجەی وەزارەتی مالیەی عێراق بکەن 83٪ ئەوان دەکاتە 84823960 دینار، ئەوەی کە لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق بۆیان دانراوە 28 ملیار و شتێکی لێ دانراوە، ئەگەر بەراوردی بکەین 17٪ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەکاتە 19295، کەچی ئێمە لەهەرێم لە 116 زیاترە، یەعنی 102,39٪ میزانیەکەیە، یەعنی ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەبەراود لەگەڵ ئەو بودجەی کە هەیانە بکرێت لەزیمنی بودجەی خۆمان دایبنێین قەت بەراورد ناکرێ، بەڵام وەکو باسم کرد هەم لە سەر وەزارەتی مالیە، لەسەر نەفەقاتی ئوخرا ئێمە دەتوانین یارمەتی کەرتی کشتوکاڵ بدەین، هەم لەو میزانیەی 600 ملیارەی کە لە یاسای بودجەی عێراق هەیە و لەبەر دەستی سەرۆك وەزیرانی عێراقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، ئەمساڵ موقارەنەتەن بە ساڵی رابردوو گرنگیەکی زیاتر دراوە بە پرۆژەکانی هەردوو وەزارەت، تەبعەن من بەیەك چاو سەیری دەکەم، چونکە کشتوکاڵ و ئاودێری بەیەکەوەیە، گرنگیەکەش زیاتر بە ئاودێری دراوە، ئەمساڵ 71 پرۆژەیان بۆ دیاری کراوە کە دەکاتە 119 ملیار دینار، ئەمساڵ تەصور دەکرێ بە هەردووکیان 109 ملیار سەرف بکەن، بەهەردوو وەزارەتەکە، موقارنەی لەگەڵ ساڵی رابردوو کە زۆر ژمارەکەی کەمترە، ژمارەی پرۆژەکانی ساڵی رابردوو ناگاتە 10 پرۆژەش، ئەمساڵ گەیشتۆتە 71 پرۆژە، ئەمە گرنگی دانە بەم سەکتەرە، سەکتەری کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڵام وەکو لەسەرەتاوە باس کرا و جەنابیشت ئیشارەتت پێدا میزانیەکە ئەوەندیە، بۆیە تواندرا ئەوەندەیان بۆ

دابنرێ, ئێمە بیریشمان لەوە کردۆتەوە, لە میزانیەی تەکمیلیەکەش گرنگی بە مەسەلەی کشتوکاڵ و ئاودێری بدەین, مەسەلەی وشکەساڵیەکەی کە بردەران ئاماژەیان پێکرد, یەکێك لە تەوجیهاتەکانمان بۆ موحافەزەکان ئەوەبوو کە جگەلەو پارەی تەخصیص کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وشکەساڵی, کە پارەیەکی زیاتر تەخصیص بکرێت بۆ موعالەجاتی دائمی لەو مەسەلانە, مەسەلەی سەرچاوە ئاوییەکان گرنگیەیەکی زۆری هەیە لە موستەقبەلی هەرێمی کوردستان, بەداخەوە نەمان توانیوە بەپێی پێویست ئەوە بکرێت, بەڵام خۆتان دەزانن بەنداو, سیاسەتی ئاو, سیاسەتێکی موشتەریکە لەگەڵ عێراق, وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق پەیوەندی بەئێمەوە هەیە, تەخصیص کردنی مەبالغ بۆ پرۆژەکانی ئاودێری, مەبالغی زۆر گەورەی دەوێت, هەر سەدێك دروست بکەیت چەندین ملیار دۆلاری دەوێت, بۆیە تواندراوە بەس تەنها بیر لەوە بکەیتەوە پرۆژەی بچووك و ئاودێری زیاتر تەرکیزی لەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, من یەك مولاحەزەم هەیە, خوشك و برایان, سێ, چوار ساڵە میزانیەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت, پاش نەمانی ریژێم, هەموومان هەست دەکەین بواری کشتوکاڵمان مەفروزە ساڵ بەساڵ تۆزێك نیسبەتی میئەوی ئەگەر $1\%$ یش بێت گەشەی پێی بکرێ, هەموومان ئیعتیراف بەوە دەکەین و لەبەرچاومانە و شاراوەش نییە, نەك $1\%$ گەشەی نەکردیە, بواری کشتوکاڵمان ساڵ بەساڵ بەرەو نەمان دەچێت, بەتایبەتی ئەمساڵ وشکەساڵی وا بەرەو کۆتایی دەچێت, من سەد لەسەد تەئیدی تەقریری لیژنەی مالیە دەکەم, تەئیدی رایەکەی وەزیری مالیە دەکەم, ئەو پارەیە دانراوە موشکیلە نییە, بەڵام ئایا ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟ ئایا وەزارەتی کشتوکاڵمان, حکومەتمان هەر بەم شێوەی واز لە کشتوکاڵمان دەهێنێ, سەروەتی حەیوانیمان نەما, دەواجنمان نەما, میوەمان نەما, دەغڵ و دانمان نەما, جەنابتان لەمن شارەزاترن یەك لە ئەسبابی نەمانی ئیتحادی سۆڤیەتی زراعەت بوو, ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەت ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ بکە, ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکە, دەبێ ئەوە لە کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ دیراسەت کردنی وەزعی کشتوکاڵ ببەسترێ, جوابەکەی لەلای زۆرمان هەیە, بەڵام ئێرە جێی موناقەشە نییە, فعلەن ئەوە دیاریدەیەکی خراپە لە کوردستان, دەیخەمە دەنگەوە, وەزارەتی کشتوکاڵ کێ لەگەڵ میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵدا نییە, ئەویش کاك مەلایە, کێ لەگەڵ میزانیەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس

**لەگەڵدا نییە, ئەویش کاك هیوایە, بە زۆرینەی دەنگ هەردووکیان قبوڵکرا, بچۆ سەر وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ, هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر, فەرموو بخوێنەوە.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خەرجیەکانی کارپێکردنی وەزارەتی ناوەخۆ بەیەکگرتوویی یەك میزانیە دەخوێنمەوە, واتە یەك میزانیەیان بۆ دیاری کراوە کە 62759, کە دەکاتە 13,20٪, ئاسایشی هەولێر 8050 ملیۆن, ئاسایشی سلێمانی 85835 ملیۆن.**

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ 21450 ملیۆن دینار, خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەکانی وەزارەتی ناوەخۆ دەکاتە 11165 ملیۆن, خەرجی پرۆژەکی سەرمایەکانی ئاسایشی هەولێر و سلێمانی هەردووکیان نیتیان.**

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنە لەسەر بودجە**

**بەمەبەستی پێداچوونەوەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بەگشتیو بودجەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو هەردووك ئاسایش، لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی کردو سەردانی وەزارتی ناوخۆ و پێشوازی لە شاندێکی وەزارەتی ناوخۆی کردو لەئەنجامی ئەم کۆبونەوانە تێبینیەکانی خۆمان بەم شێوە پێشکەش دەکەین:-**

**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناخۆ**

**بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (385159) ملیۆن دینار کە لە ساڵی (2007) بودجەی تەرخان کراو بریتیبوو لە (370094) ملیۆن دینار, کەواتە بڕی (15056) ملیۆن دینار زیاد لە ساڵی 2007 تەرخان کراوە بۆ ئەم ساڵە.**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (241900) ملیۆن دینار کە لە ساڵی 2007 (115537) ملیار دینار تەرخان کرابوو، کەواتە بڕی (12636) ملیۆن دینار زیاد لە ساڵی 2007 تەرخان کراوە.**

**ئاسایشی هەرێم/ سلێمانی**

**بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (85835) ملیۆن دینار کە بودجەی تەرخان کراوی ساڵی 2007 (89500) ملیۆن دینار واتە بڕی (3665) ملیۆن دینار کەم کراوە.**

**ئاسایشی هەرێم/ هەولێر**

**بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (80050) ملیۆن دینار کە بودجەی تەرخانکراو بۆ ساڵی 2007 (96003) ملیۆن دینار بوو، کەواتە بڕی (15953) ملیۆن دینار کەمتر لەساڵی 2007 تەرخان کراوە.**

**راسپاردەکانی لیژنە:-**

**1- سەبارەت بە یاسای بودجەی ساڵی 2007 بەگشتی**

**بەمەبەستی کاراکردنی وەزارەتەکان‌و خۆ دوورخستنەوە لە مەرکەزیەت لە سەرف کردن، پێشنیار دەکەین کە وەزیر دەسەڵاتی سەرف کردنی (150) ملیۆن دیناری هەبێت بۆ هەر حاڵەتێك..**

**پێشنیار دەکەین کە هەوڵ بدرێت مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت, ئەگەر یەکسان نەبێت وەکو فەرمانبەرانی عێراق, بەڵام هەوڵ بدرێت جیاوازیەکە کەم بکرێتەوە.**

**پێشنیار دەکەین وەزارەتی پەیوەندیدار مافی دامەزراندنی هەبێت لەسنووری ئەو میلاکەی بۆی تەرخان کراوە, ئەمەش بۆ نەهێشتنی ڕۆتین.**

**بۆ ئەندامان‌و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ پێشنیار دەکەین مخصصاتی پیشەیی بگەڕێتەوە.**

**2- سەبارەت بە بوجەی وەزارەتی ناوخۆ**

**پێشنیار دەکەین (تعویضات الموظفین) وەکو خۆی بمێنێتەوە کە (286.391.000.000) دووسەدو هەشتاو شەش ملیۆن و سێ‌سەدو نەوەدو یەك ملیار دینارە کە کراوە بە (200.000.000.000) دووسەد ملیار دینار.**

**(سلع والخدمات والصیانە) پێشنیار دەکەین ببێت بە (90.000.000.000) نەوەد ملیار لە بڕی (64.930.000.000) شەست‌و چوار ملیۆن و نۆسەدو سی ملیار دینار لەبەر ئەوەی ئیفادی دەرەوەی عێراق‌و ناوەوەو دەرەوەی هەرێم زۆرە وەهەروەها سەردان‌و میوانداری زیادی کردووە, لەبەر ئەوەی وەزارەتەکە پێگەی تایبەتی خۆی هەیەو هێڵی دی دی کەیتیان هەیە کە خەرجیەکی زۆری هەیە مانگانەو هەروەها لەبەر زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان‌و چاککردنیان بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو بڕە زیاد بکرێت.**

**(منافع اجتماعیە) (2.689.000.000) دوو ملیۆن و شەش سەدو هەشتاو نۆ ملیار دینارە زۆر کەم کراوەتەوەو کراوە بە (900.000.000) نۆسەد ملیۆن پێشنیار دەکەین وەك خۆی بمێنێتەوە, چونکە خەرج کردنی (تعویضات شهداء) و هاوکاری پرسە بۆ کارمەندان‌و کەس‌وکاری کارمەندان خەرج دەکرێت.**

**(مصروفات اخری) زۆر کەم کراوەتەوە وەك خۆی بمێنێتەوە کە (2.510.000.000) دوو ملیۆن و پێنج سەدو دە ملیار دینارە.**

**(موجودات غیر مالیە) لەبەر ئەوەی بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (11978) لە (2007/10/25) دەسەڵاتی کڕین دراوە بە وەزارەت‌و کەل‌و پەل بەردەوام دەکڕدرێت بەتایبەتی مۆلیدات بەهۆی نەبوونی کارەباوە, هەروەها کردنەوەی فەرمانگەی تازەو جێبەجێ‌کردنی بەرنامەی (ئای تی) کە**

پێویستی بە کڕینی ژمارەیەکی زۆر کۆمپیوتەرو پێداویستی هەیە، هەروەها کردنەوەی ڕادیۆی ناوخۆ کە پێویستی بە کڕینی ئامێر هەیەو کڕینی چەندین شوقەو خانوو لە هەولێرو سلێمانی، بەهۆی تێکەڵبونەوە لەوانەیە پێویستیان بە زیاتریش هەبێت هەروەها کڕینی خانوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ژنان لە سلێمانی و کەلارو ڕانیە، بۆیە پێشنیار دەکەین کە بکرێت بە (65.000.000.000) شەستو پێنج ملیار دینار لەبڕی (15.000.000.000) پانزە ملیار دینار کە خۆمان داوای (54.792.000.000) پەنجاو چوار ملیۆن و حەوتسەدو نەوەدو دوو ملیار دینارمان کردووە پێش کڕینی شوقەکان.

3- سەبارەت بە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ

پاش ئەوەی کۆبوونەوەمان لەگەڵیاندا کرد هیچ تێبینێکیمان نیە لەسەر بودجەکەیان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئومێد دەکەین وەزارەتی پەیوەندیدارەکان دارایی، بەپێی ئیمکان ڕەچاوی پێشنیارەکانیان بکەن، ئەوانەی لیژنەی دارایی ئایا ڕاپۆرتەکە تەعبیر لە قسەکانتان ناکات؟ ئەگەر ڕاپۆرتەکە تەعبیر ناکات بۆ ئیمزاتان کردووە؟ ئەگەر تەعبیریش دەکات پێویستی بە قسەکردن ناکات، باشە ناوتان دەنووسم، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو ئێستا دیاری نەکراوە، ئێمە بەردەوام دەبین تاکو ئێوارە، یاخود پشوویەکمان دەدەنێ، چونکە مەعقول نییە ئێمە چوار سەعاتە لەم دانیشتنەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فرسەت نییە، با ئەوە تەواو بکەین، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی من یەك، دوو پرسیارم هەیە داوا دەکەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز دارایی وەڵامێکیان هەبێت، خۆزگە وەزیری داخلی لێرە بوایە، هەردوو ئاسایشی هەولێر و سلێمانی، دوو دەزگا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکی سەر بەوەزارەتی داخلین، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە/ چەند لەو وەزارەتانە هەن ئەندامی غیری پارتی و یەکێتین، هاووڵاتێەکی سادەن؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە، ئایا ئەگەر هەر سەر بەوانن، چ لەو حزبانە ئەندامی یەکێتی و پارتی ئەندامیان هەیە یان کەسێکیان هەیە لەناو ئەوانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە پرسیارەکەت دەرەوەی مەوزوعمانە سەد لە سەد، 1٪ رەبتی مەوزوعەکەمان نییە، بەڵام ئەو پرسیارە هەرکاتێك سەرۆك حکومەت هات، یان وەزیری ناوخۆ هات، یان مەسئوڵی ئاسایش هات لێی بپرسە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو تێکەڵاوییەی کە لەگەڵ هەردوو وەزارەت سلێمانی و هەولێر و دانشتین لەگەڵیان، بەحەقیقەت حەز دەکەم پرسیار لە وەزیری ناوخۆ بکەم، نیسبەتەکە زۆر کەمترە لەو مەبلەغەی کە وەزارەتی ئیقلیمی شئونی داخلی دیاریان کردووە بۆ وەزارەتی داخلی، لەوەی کە هەیە، ئەمان تەقریبەن لە 6٪ داناوە، ئەوانیش لە 8٪، 11٪ یان داناوە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی سلێمانی قسەمان کردووە، زۆر ناڕازیبوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەئەمە بەشی پێداویستیەکانیان ناکات، ئیشەکانیان فراوان بووە، ئەگەر ئیمکان بێت پێمان بوترێ بۆچی وا کەمە؟ لەمیزانیەی تەکمیلیش چارەسەری ئەوەیان بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەرچەندە لە لیژنەی ناوخۆم، کاك ئاخر راپۆرتەکەی خوێندەوە، من پشتیوانی راپۆرتەکە دەکەم، بەڵام ویستم بۆ بەرچاوی روونی وەزیری دارایی، فەرقێکی زۆر هەیە لەنێوان سلێمانی و هەولێر، وەزارەتی ناوخۆ لە ئیدارەی سلێمانی چەند قەزا و ناحیەك زیاد بووە، جگە لەوەش میزانیەکەیان کەم بۆتەوە ، قەزای قەرەداغ، سەید سادق، تەکیە، باوخۆ، سێوسینان، سیتەك، بیارە،.....هتد، ئەوانە هەمووی بۆ ئەو میللەتە زیاد بووە، کەچی دەبوایە میزانیەیان بۆ زیاد بووە، بەڵام بەداخەوە میزانیەیان کەم کراوەتەوە، جگە لەو قەزا و ناحیانەی سنووری تازە دوای ئازادی و پەیوەندی خەرجی لەسەر ئەو وەزارەتەیە، یان هەندێ خەرجیان لەسەر وەزارەتە، پاسەوان و پێویستی تایبەت، خانەقین، بەمۆ، سلێمان بەگ، هەتا ئەو مەنتیقەیە وەزارەتی سلێمانی هەمووی خەڵکی تێدایە، پۆلیسی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نوقتەی نیزامیم هەیە، وشەی ئیدارەی سلێمانی بەکار مەهێنە، وشەی سنووری سلێمانی بەکاربهێنە، وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری ناوخۆ، وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری دارایی، بڵێ سنووری سلێمانی نەك ئیدارەی سلێمانی، ئیدارەی سلێمانی هەر نەماوە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سنووری سلێمانییە راستە، ئەوانەی کەزیاد بووە، وەکو جەلەولاو بیارە و کۆکۆز، قەرە هەنجیر، قادر کەرەم، شوان کەمەرکەزەکەی رێدارە، چەندین بەڕێوەبەرایەتی تازەیان کردۆتەوە، وەکو بەڕێوەبەرایەتیە نوێیەکان، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان، نەهێشتنی توند و تیژی دژی ژنان، چەندین بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەرگری کردن و فریاکەوتن، لەهەورەمان و پێنجوین و گەرمیان، ئاکادیمیای

مەشق کە پێشتر لەژێر دەستی ئەمریکیەکان بوو, ئێستا لە لەلایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت, بۆیە پێشنیار دەکەم جەنابی وەزیری دارایی چاوێك بە میزانیەی وەزارەتی سنووری سلێمانی بخشێنێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر تیکرار دەکەمەوە, ئەو میزانیە بە ڕێك کەوتن لەنێوان وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی سنووری سلێمانی لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی ڕێك کەوتوونە, ئێستا گۆڕانکاری لە ڕیژەکان ناکرێت, بەلاَم ئێمە وتمان لەو میزانیە تەکمیلیە مەجال هەیە بەپێی پێویست ئەو پارمەتیان بدرێت, فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیزەبت وابوو کە جەنابت باست کرد, ئێمە لەگەڵ ئەوانە بە ئیتیفاقی هەردوولا ئەو میزانیە دانراوە, ڕەنگ هەیە هەندێك نەواحی ئیستحداس کراوە پاش میزانیەکە, من نامەوێ بچمە تەفاصیلەوە, مەسەلەن قادر کەرەم لەوەتەی ئنتیفازە هەیە عایدە بە سلێمانی, من خۆشم هەر خەڵکی ئەوێم, ئەو ناحییە و قەزایانە زۆری هەر وابووە, بەس ئەمانە عیلاجی بۆ دەکرێ, مەسەلەن لەو فەرەزەن ئەو میزانیە تەصدیق کرا و تەواو بوو, مەعقولە وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بەپارەیەك هەبێت, پارەکە زەروری بێت, یاخود لەیەکێك لە فەصڵەکان, یان لە مادەکان بەش نەکات موناقەلەی تێدا نەکرێت, ئەگەر مەجالی موناقەلەشی تێدا نەکرێت, ئەبێ لە ئیحتیاتی وەزارەتی مالیە بۆی ئیزافە بکرێت, هەتاکو ئێستا هەموو دەوائیرەکان ئێمە بەم شێوەیە موعالەجەمان کردیە, یەعنی موعالجەی ئەم ئیشانە هەمووی سەهلە, ئەوە نەبێت زەحمەت بێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە, ئەگەر جەنابت وەکو تەوصیات بە وەزارتی بدەیت, ئەویش ئەوەیە پۆلیسی پاسەوانی لە هەولێر مووچەکەیان کەمە, هەمووی وەکو یەکە کە 200 هەزارە, بەلاَم لە سلێمانی چەند گرفتی پۆلیس هەیە, ئەویش ئەوەیە کە هەندێك پۆلیس هەیە 330 هەزار وەردەگرن, کۆمەڵێکی تریش هەیە کەگرفتی چەند هەزار پۆلیسێکە, پۆلیسی پاسەوانەکان 240 هەزار وەردەگرن, ئەمە وەکو خۆشمان دەزانین کە قاعیدەیەك هەیە (التساوی بین متماثلین), یەعنی ئەوانە کە هەمان واجب دەکەن, هەمان ئیش دەکەن, بۆچی جیاوازیان هەبێت؟ پێم خۆشە وەزارەتی دارایی ئاوڕێك لە مووچەی پۆلیسی هاتوچۆ بدەنەوە, کە خزمەتێکی زۆر دەکەن, مووچەکەیان پێم وایە بەقەدەر خزمەتەکەیان نییە, پێشنیارێکم بۆ پەرلەمان هەیە, کە وەزارەتەکان یەکتریان نەگرتیتەوە, ئێمە ئەوانە کۆ بکەینەوە بە یەك مووچە دایبنێین, بڵێین بودجەی وەزارەتی ناوخۆ, بودجەی ئاسایشی گشتی, ئەوانی تر دیارە و دارایی ئاگادارە و با لەبەشی خۆیان دابەشی بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەڕاستی مولاحەزەکەت بەجێیە, کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من تەمەنام دەکرد ئەگەر وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بەشیان لەبودجەی وەزارەتەکانی تر برِی سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ مرونەتی زیاتر دەبێت, بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ کە گوێبیستی بووین, دیارە هەم بەنیسبەت ئاسایشی هەولێر و سلێمانی, هەم بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, لەچەند شوێنێك ناڕەزایی ئەوە هەبووە کە لەبودجەکەیان مەبلەغێك براوە, من داوا دەکەم پەرلەمان ئەو خاڵە رەچاو بکات, کە ئاسایش بەڕاستی زۆر گرنگە, من داوا دەکەم ئەگەر بکرێت, ئێمە بڕیار بدەین بەشێك لەو پارەیە کە داوایان کردووە لە رێگای لیژنەی ناوخۆ بۆیان زیاد بکرێت, ئێمە بڕیار بدەین کە بۆیان زیاد بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم, یەکێك لەوانە میزانیەی ئەمنییە, ئەوە پێویستی بەمیزانیەی سەریع و تایبەت هەیە, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تر ئەمانە پێویستیان بە ختوورە هەیە, سێ/ ئەو موخەصەصاتەی کە باس کرا, کاك ئاخیر باسی کرد, من دەیکەمە پێشنیارێك بۆ وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوەی موخەصەصاتیان هەیە, ئەوەی میهەنیەکەیان لێبڕیوون, با بۆیان ئیعادە بکرێتەوە, پێشنیارێکی ترم هەیە, ئازادی تەواو بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ, بۆ سەرف کردنی میزانیەکە, لەبەر ئەوەی گلەییان هەیە, زۆرجار مەشاکلیان بۆ دروست دەبێت, ئەوان وەکو وەزارەتەکانی تر نیین, ئەبێت لەوەزارەتەکانی تر زیاتر پشتگیریان لێ بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك ئارام کردی, تەئیدی رایەکەی ئەو دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داواکارییەکەم هەیە, ئەوێ رۆژیش ئەو داواکارییەم باس کرد, موجەهیش نییە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان, زیاتر بۆ پەرلەمانە, داوا دەکەم ئەگەر میزانیەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی مالیە, هەردوو دیوانی رەقابەی مالی و ئاسایشی سلێمانی و هەولێریش پەسند دەکەین, تەئکید دەکەمەوە, داوا دەکەم بە مەرج ئەو میزانیە پەسند بکەین, سەقفێکی زەمنی دابنێین لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو میزانیە دەربچێت, کە ئێمە ئەو میزانیانە پەسند دەکەین, بەو مەرجەی لەخیلالی دوو مانگی تر, سێ مانگی تر حکومەت

چەندی پێویستە بۆ یەکگرتنەوەی وەزارەتی مالیە و وەزارەتی ناوخۆ, جارێکی تر ئەو داواکارییە دەخەمە بەردەستی پەرلەمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن راستە ئەم قسەیەت کرد, بەلاَم ئێمە خۆشمان قسەمان کرد, لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کرد, لەگەڵ حکومەت قسەمان کرد, ئەو قەراردانە قورسایی دەخاتە سەر پەرلەمان خۆی, ئەگەر جێبەجێ نەکرا, ئێمە تەوجوهی حکومەت پشتگیری لێدەکەین, خۆیان بڕیاریان هەیە ئەو وەزارەتە رێك بخەن, لەگەڵ هەردوو وەزیری مالیە قسەمان کردیە, لەگەڵ ئیعلان کردنی کابینەی تازە, یان رێکخستنی هەرسێ وەزارەتەکە, بەنیسبەت ئەوانە کێشە نییە, میزانیەکە تەوحید دەکەن, ئەرقامە رێکی دەخەن و جارێکی تر تەوزیعی دەکەن, ئێمەش لەسەر سیقە ئیش دەکەین, کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مووچەی پاسەوانانی زێڕەڤانی من دەمەوێ قسە بکەم, ئەوەی کە تێبینی دەکرێ, پاسەوانی زێڕەڤانی هەر کەسێك لێرە 34 هەزار دیناری مانگانە لەراتبەکەی لێ دەبڕن, ئەگەر ئەو پاسەوانانە خدمەیان بۆ حیساب نەکرێت, مەشمول نەبن بە تەقاعودی ئایا ئەو پارەیان بۆچی لێدەبڕێ؟ دەچێتە کوێ؟ ئەوە یەك, دوو/ هەر گۆڕانکارییەك لەو پاسەوانە دەکرێت, پاسەوانە نوێییەکە کە دادەمەزرێت دێتە شوێنی نوێیەکە 300 هەزارەکە راتبێتی, بەلاَم 207 هەزاری دەدەنێ کە 100 هەزاری لێ کەم دەکرێتەوە, ئەوە هۆکارەکەی چییە؟ ئەوەش خاڵێکی تر, دواتر داوا دەکەم بەڕاستی پۆلیسی زێڕەڤانی مانگانە وەکو فەرمانبەرەکانی تر مووچە وەربگرن, یەعنی بەداخەوە جار هەیە دوو مانگ, سێ مانگ درێژە دەکێشێ راتبیان نییە, لەڕووی رەوشی داراییشەوە وەزعییان زۆر شڕە, بۆیە دەبێ هاوکاری زیاتر بکرێت, ئەوە خاڵێکی تر, لەهەمان کاتدا داواکارم مووچەی پۆلیس و زێڕەڤان و ئەوانە هەمووی یەکبخرێت, هاوشانی مووچەی پۆلیسەکانی ناوچەکانی تری عێراق بکرێت, ئەوەش حکومەتی کوردستان داوا هاوکاری زیاتر بکات لە حکومەتی عێراقی, لەڕووی مەسەلەی دابین کردنی پێداویستیەکانی دەکرێت ئێمە داوای لە وەزارەتی عێراقی بکەین لەڕووی چەك و هەندێك پێداویستی تر هاوکاری وەزارەتی هەرێم بکات, من تەئیدی برادەران دەکەم مەسەلەی یەکخستنەوە, بەلاَم ئەگەر هیچ نا لێرە ئەوان یەکبخەینەوە کەدوو بودجە, وەزارەتی دارایی, وەزارەتی ناوخۆ, دیوانی چاودێری ئاسایش, ئێمە یەك دانەیان پەسند بکەن, با دواتر بۆ خۆیان بودجەکە بەش بکەن لەنێوان خۆیان, بەلاَم ئێمە پەرلەمان دەبێت شەرعیەت بەم دابەش بوونە بدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره لە راپۆرتی لیژنەی دارایی خاڵێك هاتووە, كە دەڵێت تەصدیقی بودجە بكەین, بۆیە لەڕووی یاساییەوە هەم سیاسیشەوە ئێمە ئیعتیمادی موازەنە دەكەین, ئەوە بكرێت زۆر باشە, ئەگەر بەشێوەیەكی تریش هین كرابێت, تەصدیقی یەك بودجە بكەین زۆرباشە, لەراپۆرتەكە هاتووە, زۆر ئەندامان باسیان لێكرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو ئاسایشەكان, هی سلێمانی و هەولێر لەرێزبەندی وەزارەتەكان هاتووە, ئەوەی كە لەپەرلەمان بودجەی بۆ ئیقرار دەكرێ, ئەو وەزارەتانەی كە هاتوون قانونی وەزارەتەكان لە پەرلەمان ئیقرار كراوە, قانونیان هەیە دوایش بۆ بودجە بەپێی قانون, لێرەدا پرسیارێك لە لیژنە تایبەتەكان دەكەم, دەڵێم ئاسایشی سلێمانی و هەولێر قانونەكانیان لە پەرلەمان ئیقرار كراوە, قانونی ئاسایشی سلێمانی لەگەڵ قانونی ئاسایشی هەولێر وەكو قانونی وەزارەتەكان هاتووە بۆ پەرلەمان ئیقرار بكەی, تاكو بودجەكەی لە رێزبەندی وەزارەتەكان دابنرێت؟ ئەوە پرسیارێك, مولاحەزەیەكم هەیە, مامۆستا هیوا داوای كرد كە وەزیرە مەعنیەكان ئامادە بكرێن بۆ وەلاَم دانەوەی ئەو مولاحەزاتانەی كە لەسەر وەزارەتەكان هەیە, من لەوەلاَمەكەت حالّی نەبووم, كە پێویست نییە ئامادە بن, یان چۆن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێویستە ئامادەبن, بەنیسبەت قانونیان, قانونی ئاسایش لەهەولێر هەیە لە پەرلەمان دەرچووە, ئاژانسی پاراستنی هەرێمی كوردستان, هەروەها بەقەراری سەرۆكی هەرێم شتێك هەیە بۆ ئەم بابەتە, بەلاَم پرۆژەش هەیە بۆ رێكخستنیان, لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی, مەفروزە بێتە لامان تاكو ببێتە قانون و ببێتە یەك دەزگا, ئەو كات بەپێی هینەكە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم دوو ئاسایشە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بن, دەبوایە لەئەنجومەنی وەزیران حیسابی بۆ كرابا, نەك بەجیا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەر بەئەنجومەنی وەزیران نیین, تایبەتمەندیەكی خۆی هەیە, وەكو زۆر دام و دەزگاكانی تر كە پێویست دەكات قانونیەن یەكبخرێتە قالبی خۆی, هەنگاوی زۆریش نراوە, ئینشاللە تەواو دەبێت, وابزانم بەس د. ناصح ماوە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی من تێبینی دەكەم, هەمووم كۆكردەوە ئەو میزانیەی كە وەزارەتی ناوخۆ بوو, هەردوو بەشەكەی دانراوە لەگەڵ ئاسایشەكانە, یەعنی دووەم بودجەیە كە بۆ وەزارەتەكان دوای وەزارەتی پەروەردە كە هی پەروەردە 16,73٪, ئەو 16,63٪ ئەمە شتێكی باشە, من پێم وایە بایەخدانە, هەرچەندە لەرووی ئەمنیەوە من پێم وایە چەند بایەخ بە وەزارەتی داخلی بدەین هەر كەمە, بەڵام دیارە بودجەكە هەر ئەوەند هین دەكات, من پێم وایە شتێكی باش كراوە بۆ بودجەی وەزارەتی داخلی, بەڵام ئەوەی تێبینی دەكەم بەنیسبەت هەردوو ئاسایش, بابڵێین ئاسایشی هەولێر و سلێمانی, بەنیسبەت ئەوەی پێشنیار كراوە لەلایەن ئاسایشەكانەوە 81720 لەلایەن هەولێرەوە, كراوە بە 80, یەعنی فەرقەكەی 100, بەڵام ئەوەی تر 126 كراوە بە 85, یەعنی فەرقەكەی گەلەك زۆرە, من لەگەڵ رێزمدا ئایا ئەو فەرقەی كەدایناوە دروست نییە, بۆ ئەوەندە كەم كراوەتەوە؟ لەكاتێك ئەگەر بەپێی میلاك حیسابیان بكەین, میلاكی ئەو سنوورەكەی كەوا دیاری كراوە هی هەولێر 12715ی ئێستا هەیە, بەوەی كە دێت دەبێتە نزیكەی 14 هەزاری هەیە, هی سلێمانی 11882ی هەیە, بە زیادەكەش كە بۆی دێت ئینجا ناگاتە 14 هەزار, بۆچی ئەو میزانیە زۆرە بۆ ئەوە دیاری كراوە؟ میلاكی وەزارەتی پەروەردە ئەگەر لەگەڵ میلاكی وەزارەتی ناوخۆ بەراورد بكەین هی پەروەردە 148832 كەس دەكات, هی وەزارەتی داخلی تەقریبەن 120 هەزار دەكات, بەراوردەكەم بۆ ئەوە كرد كەشتێكی باش كراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ, بەس تێناگام بۆچی ئاسایشی سلێمانی میزانیەكەی لە ئاسایشی هەولێر زیاتر بێت, لەگەڵ ئەوەش بەمیلاكیش ئەوان كەمترن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستی لێرە منیش لەسەر ئەرقامەكان چەند پرسیارێكم هەیە, ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەكەم, لەوانەیە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆشی بكەم, ئەگەر تەماشای بەخەرج كردنی وەزارەتەكان بكەین, ئەوەی كاروباری ناوخۆیە 385159, ئەوەی وەزارەتی ناوخۆیە 241900, یەعنی فەرقەكەی 143259, یەعنی دوو وەزارەتە, یەكێك كاروباری ناوخۆیە, یەكێك وەزارەتی ناوخۆیە, یەكێك سنووری سلێمانییە, یەكێك هەولێر و دهۆكە, وەكو میلاك, وەكو سنوور, وەكو مەوقعی جوغرافی لەوانەیە مەنتیقەی هەولێر و دهۆك گەورەتر بێت لە مەنتیقەی سلێمانی, بەڵام ئەم رەقەمە بە 143 ملیار فەرق بێت, بەڕاستی مەوزوعێكە, مەسەلەكە لە چییە؟ یەعنی دەبێ ئەم حەقیقەتە بزانین, پەیوەندی بەیاساكەوە هەیە, بە سیستەمەكەوە هەیە, پەیوەندی بە فەرقی مووچەوە هەیە, دام و دەزگاكان زیاترن, چونكە رەقەمەكە زۆر گەورەیە, هەروەها بۆ پرۆژەی سەرمایەكانیش, دەبینین وەزارەتی كاروباری ناوخۆ 21450 ملیۆن دینارە, هی كاروباری وەزارەتی ناوخۆ 1165, فەرقەكە 10265 ملیۆنە, ئەوەی سەری 143 ملیار فەرقی كرد, لێرەش 10 ملیار فەرقی كرد بۆ سنووری سلێمانی, ئەوەش لە چییەوە هاتووە؟ هی ئاسایش ئەگەر هی سلێمانی تەماشا بكەین, 85845, هی هەولێر و دهۆك 8050, فەرقەكە 5775,

یەعنی ئەو رەقەمانە بە حەقیقەت چەند پرسیارێك هەڵ دەگرێت, ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ بۆ بەم شێوەیە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو قورسایانە ناخەمە سەر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, بەڵام داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم کە کاك ئیحسان و کاك د. ناصح ئەو پرسیارەیان کرد, من لەجیاتی ئاسایشی سلێمانی ئیجازەتان دەدەمێ بچن لەوێ پرسیار بکەن, وەڵامی باشتان بدەنەوە, نامەوێ من لێرە بڵێم, رەنگە من بیزانم, بەڵام نامەوێ بەدەمی من گوێتان لێبێت, هەر کاتێك ویستان بچنە سلێمانی من تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی دەکەم, کە کار ئاسانیتان بۆ بکات, وەڵامی ئەم پرسیارەتان بداتەوە, کە بۆچی ئەم میزانیە زیادە؟ من دەیزانم بۆچی زیادە, بەڵام لێرە نایڵێم, چونکە ئیشی من نییە, ئەگەر هەر کاتێك ویستان بڕۆن بۆ ئەوێندەر, نوقتەی نیزام نییە, باشە ئەگەر نوقتەی نیزام نەبوو قەتعی دەکەم, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم گومان کردن نییە, ئەگەر بە میلاکیش بێت حیسابی هەولێر زیاترە, بۆ وای لێهات؟ من مەبەستم گومان لێکردن نییە لەمەسەلەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, من نەم وت گومانە, پرسیارەکە لە جێی خۆیەتی, بودجە تەنها مووچە نییە, تەنها مووچەی فەرمانبەران نییە, بودجەی ئاسایش بواری زۆری تێدایە, بۆیە دەڵێم برۆ پێشانت دەدات, ئەگینا منیش دەزانم کارمەندیان بەقەت ئێرەیە, لەوانەیە کەمتریش بێت, بەڵام بواری سەرفیاتیان زۆرە, بواری نەشاتیان زۆرە, برۆ ئەوێ زۆر تەبیعیە, تەصورم نەکرد بە گومان لێم وەرگری, ئەگەر پرسیارەکەت بۆ دهۆك کردبا هەمان وەڵامم دەدایەوە, ئاسایش جیاوازە لە وەزارەتی ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ لەم زووانە تەوحید دەبێت, بۆیە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, هەردووك پێکەوە, دەنگ بۆ هەردوو میزانیەکە بدەن, کێ لەگەڵ هەردوو میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت وەرگیرا, ئاسایشی سلێمانی و هەولێر, هەردووکیان دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ هەردوو میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە, فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت هەردووك وەرگیرا, من پێم وایە ئێوەش ماندوو بوونە, ئەو وەزارەتانەی کەماوە, لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی یاسایی, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم, ئەو قسانەی کە کردمان, شێوەی بڕیاری وەرگرتووە, ئاماژەم پێکرد لە بیدایەتی قسەکانم مەسەلەی خانەنشینیە, سولفەی عەقارە, وشکەساڵیە, بیخەنە پرۆژەکەیان بۆ بەیانی بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین و هینی بکەین, بەیانی سەعات 10:30 دانیشتن دەکەین, یەك شت هەیە, کاك هیوا ئەم قسەیە بۆ جەنابتە, کاك هیوا جگە لەوەی کە قسەی کردووە, ئەو قسانەی کە کردی بەراپۆرت نووسیویەتی, بۆیە من تەئکید دەکەمەوە بۆی جارێکی

تر, ئەم دانیشتنە دانیشتنێکە بۆ بودجە, بۆ موناقەشەکردنی بودجە, بۆ پرسیار و موحاسەبەکردنی وەزیر نییە, داوامان کردیە وەزیری تایبەتمەند بێتە ئێرە, دوو, سێ جاریش باسم کرد, وەزیری پەیوەندیدار دەتوانین هەر جارێك داوای بکەین بێین لێرە موناقەشەی بکەین, جگە لەمەش لە راپۆرتەکان ئەو رەخنەی کە کرا وەڵام درایەوە, کە دەبوایە راپۆرتەکان بدرابا لیژنەی دارایی, خۆشت ئەندامی لە یەکێك لە لیژنەکان, خۆت داوات کردبا پێش وەخت, ئێستاش کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنم تا بەیانی, زۆر سوپاس, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**چوار شەممە رێکەوتی 30\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/30

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانیشتنى ژمارە (13)ى خولى دووەم, ساڵى (2008) ى خۆى بەست.**

**بەرنامەى كار:**

**بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیی كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتى ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنى ژمارەى (13)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات (10ر30)ى پێشنیوەڕۆى رۆژى چوارشەممە رێكەوتى 2008/4/30 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستان – عێراق و یاساكەى، كە لەلایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

**بەناوى گەلى كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەى كارى خولى گرێدانى یەكەمى ژمارەى دانیشتن 13، رۆژى دانیشتن 2008/4/30، سەعات 10/35 بەرنامەى كار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستانى عێراق و یاساكەى، كەلەلایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، جارێكى تر زۆر بەخێرهاتنى گەرمى وەزیرە بەڕێزەكان و ئەو خوشك و برا وخوێندكارو تەلەبەى بەشى رامیارى زانكۆى صلاح الدین دەكەین كە لەگەڵمان حازرن بەخێربێن بەسەر چاو، انشاء الله سوود وەردەگرن، لەئایندەدا بەڵكو هەندێكتان جێگاى هەندێك لە ئێمە بگرنەوە لێرە، سەركەوتووبن و بەردەوام بن لەخزمەت كردنى گەلى كوردستان، زۆر بەخێربێن سەرچاوم.**

**داوا لە لیژنەى دارایی دەكەم بێن لەشوێنى خۆیان دابنیشن، ئومێد دەكەم ئەمڕۆ بەهیمەتى ئێوە تەواوى بكەین.**

**دوێنێ هەرسێ سەرۆكایەتى و وەزارەتى ئاوەدان كردنەوە و وەزارەتى پەروەردەو وەزارەتى خوێندنى باڵا و وەزارەتى ناوخۆ وە هەردوو ئاسایشمان تەواو كرد، ئەمڕۆ دەستى پێدەكەینەوە، وابزانم وەزارەتى شارەوانییە لاى ئێوە چى ئیشارەت كراوە؟ د. دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقى شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئەو بودجەیەى بۆ وەزارەتى شارەوانییەكان تەرخان كراوە، لەساڵ 2008 بریتییە لە (271658) دوو سەدو حەفتاو یەك ملیارو شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینار، كەدەكاتە لە 5.72٪ سەرجەم بودجەى بەكارخستن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەرجی پرۆژە سەرمایەكانی وەزارەتی شارەوانیەكان دەكاتە (576415) پێنج سەدو حەفتاوشەش ملیارو چوار سەدو پازدەملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد راپۆرتتان هەیە فەرموو، بەتەنها وەزارەتی شارەوانیە؟ بیخویننەوە، راپۆرتەكان جیاوازن؟، یەك راپۆرتە؟ كەواتە هین گواستنەوەو گەیاندنیش بخویننەوە، كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی مواصلات بریتیە لە (2935) بیست و نۆ ملیارو سێ و پێنج ملیۆن دینار، كە دەكاتە 0,61٪ سەرجەم بودجەی بەكاربردن، وەزارەتی گواستنەوە (34895) سێ و چوار ملیارو نەوەت و پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە، كە ئەكاتە 0,73٪ سەرجەم بودجەی هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەرجی پرۆژە سەرمایەكانی وەزارەتی گەیاندن، دەكاتە (4932) چوار ملیارو نۆ سەدو سێ ودوو ملیۆن دینار، خەرجی پرۆژە سەرمایەكانی وەزارەتی گواستنەوە دەكاتە (27140) بێست و حەفت ملیارو سەدوچل ملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستاش راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە، بخویننەوە، فەرموو كاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راپۆرتی پێشوومان هەشت، نۆ خاڵی خویندرایەوەو وەڵامیش درایەوە، نامەویت دوو بارەی بكەمەوە، بەڵام ئێستا دەمەوێ باس لەوە بكەم ئەو سێ وەزارەتە بەگشتی بودجەكەیان كەمە بەتایبەتی وەزارەتی گەیاندن،

لەبەر ئەوەی وەزارەتێكی تازەیەو ئامانجی زۆرەو رۆڵی سەرەكی هەیە لەبووژاندنەوەی ئیقتیسادی كوردستان بۆ ئەوەی رێگاوبان تەرتیب كات و هێڵی شەمەنەفەر لەئاییندە بێنێت، ئەوەی داوا دەكەین لەبودجەی تەكمیلی حیسابێكی تایبەتیان بۆ بكرێت، بۆ ئەو سێ وەزارەتە انشاء الله، چونكە مەسەلە داواكاریمان زۆرە، بەڵام مەسەلە مومكیناتە، یەعنی چی هەیە باسی ئەوە بكەین، ئەو بەشە پارەیە هەیە لەو سنووریدا دەتوانین داوا بكەین، بەڵام لە بودجەی تەكمیلی مەجال دەبێت ئەو سێ وەزارەتە یارمەتیان بدرێت و هاوكاریان بۆ بكرێت، پێشنیارێكیشمان هەیە لەبودجەی حاكیمە خەرجییەكانی حەج 17٪ هین هەرێمی كوردستانە، كە پێنج ملیۆن و سەد هەزار دولارە، داوا لە بەرێزتان دەكەم دەسەڵات بدەنە هەردوو وەزیری بەرێز، ئەگەر بكرێت ئەو پارەیە لە حكومەتی فیدراڵ وەربگیرێت، بەڵام بۆ ئەبوابی تر لێرە سەرف بكرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر موقارەنە بكەرین ئەو پارەی لەحاجییان وەردەگیرێت بەراستی پارەیەكی كەم نیە، بۆ نموونە ئێستا مەسەلەن، عومرە هەیە هەر كەسێك دەچێت بۆ عومرە و دەگەڕێتەوە بە حەفت سەد دۆلار، دەچن و دینەوە تەنها خواردنی لەگەڵ نیە، كەچی سەفەری حەج هەریەكی دوو هەزار دۆلار دەدەن، ئەو پێنج ملیۆن و سەد هەزار دۆلارە بەقەناعەتی من جێی خۆی ناگرێت، داوا بكرێت هەردوو وەزارەتی بەڕێز لەئەبوابێكی تر سەرف بكرێت، چ دەیكەنە مینحە بۆ گەنجەكان، چ دەیكەنە دروست كردنی هۆڵی بۆنەكان لەو جێگایانەی كە هۆڵ نیە، بەتایبەتی لەگەڕەكە هەژارەكان، ئەوە یەك، دوو: خودای تەبارەك وەتەعالا حەجی لەسەر ئەو كەسانە فەرز كردووە كە ئیمكانییەتی خۆی هەیە، نە وەك پارەی عامی بدرێتێ و دەعم بكرێت، ئەو 17٪ هین هەموو پێكهاتەی كوردستانە، تەنها هین برا بوسڵمانەكان نیە، هین برا مەسیحێەكانە، هین برا یەزیدیەكانە، بەشی هەر هەموویانە، بۆیە داوا دەكەم ئەو پارەیە بەحیكمەت تەعامولی لەگەڵ بكرێت و وشكە ساڵیە هەزار ویەك كێشەمان هەیە، با لە بابێكی تر سەرف بكرێت، سێهەم: دوێنی زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان كردو زەخت لەسەر ئەوە كرا ئاوەدان كردنەوە پەرەی پێ بدرێت و ئەهمیەتی پێ بدرێت، كە چی ئێستا 44 گوند بەبەر ماستەرپلانی هەولێر كەوتووەو لە 20٪ی ئیتفا كراوەو، لە 80٪ ی ماوەتەوە، ئەو 44 گوندە سرف زیراعیە لەدەورو بەری هەولێر، ئێمە هێشتا نەمان توانیە بەحەقیقەت 10 گوندی ئاوەدان بكەینەوە وەكو مەفهومی ئاوەدانكردنەوە، كەچی دێین 44 گوندی ئیتفا دەكەین و تێكی دەدەین، داوا دەكەم ئەو مەشاریعانەی هەیە ئەگەر ئیستیسماراتە، ئەگەر غەیری ئیستیسماراتە، ئەو مەشاریعانەی سرف زیراعین بالەعەرزی زیراعی بكرێت، بەڵام ئەوەی مەشاریعی صناعیە بالەعەرزی غەیری زیراعی دروست بكرێت، لەهەموو جێگایەكیش ئەوە موتەبەعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوێنێیش باسم كرد، با لەمەوزوعی میزانییە دەرنەچین،بۆ ئەوەی وەختەكەمان نەڕوات، ئەوە یەك، دوو: ئەو مەوزوعەی حەجەیش عیلاقەی بەمیزانیەوە نیە، عیلاقەی بەوەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، لەوێ

دەکرێت باس بکرێت، وەکو وەزارەتەکانی تریش، ئێمە باسمان کرد کە بودجەی داوا کراو لە لایەنی وەزراەتەوە لەوە زیاترە کە دانراوە، ئەوەی دانراوە پاشی موناقەشەو گفتوکۆکردن لەگەڵ وەزارەتی مالیە، بۆیە بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی هەیە دانراوە، ئەگەر کەس قسەی نیە لەسەر ئەو سێ وەزارەتە، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ساڵ وەزارەتی شارەوانی لەمەشاریعی ئیستیسماری زۆرترین حسەی بەر کەوتووە، بەحوکمی ئەوەی شارەوانی 172 شارەوانی هەیە لەسنووری هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و خەدەماتی هاووڵاتی خەڵکی کوردستان لەرێگای شارەوانیەوە دابین دەکرێت، بۆیە 326 مەشروعیان هەیە ئەمساڵ لەگەڵ مەشروعە بەردەوامەکانیان، ئەم 576 ە، 220 ملیار دیناری بۆ پرۆژە بەردەواماکانە، 356 ی بۆ بڕۆژە تازەکانە کە لەساڵی 2008 تا جێ بەجێ دەکرێت، سەر باری ئەوەیش وەزارەتی شارەوانی حسەی ئەسەدی بردووە لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە تەقریبەن 53٪ی 495 ملیارەکەش هەر بۆ شارەوانی تەرخان کراوە، کە بریتیە لە خەدەماتی ئاوو ئاوە روو ورێگاوبان و شوستەو حەدیقەو هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە، سەبارەت بە وەزارەتی گەیاندن، وەزارەتی گەیاندن هیچیان بۆ دانەنراوە لە بەر ئەوەی چونکە گەیاندن بەرەو خەسخەسە دەڕوات، بەرو ئەوەی کەرتی تایبەت ئیش لەم بوارەدا بکات، بۆیە پرۆژەیان بۆ دابین نەکراوە، چونکە گەیاندن لە ئاستێکدایە کە کەرتی تایبەت باشتر بەڕێوە دەبات لە حکومەت، سەبارەت بەوەزارەتی گواستنەوە، وەزارەتی گواستنەوە تەرکیز کراوەتە سەر مەتارەکان کە دوو مەتاری ئەساسیمان هەیە لەهەولێرو لەسلیمانی، بۆ ئەوەی پرۆژەکانی مەتار خۆتان دەزانن گرنگی و ئیستراتیجییەتی ئەم دوو مەتارە زۆرە گرنگە، بۆیە تەرکیز کراوەتە سەری، سەرباری ئەو پرۆژەیەیش پرۆژەیەکی تریشیان بۆ داخیل کراوە کە پرۆژەی دروست کردنی شۆینی پاسەکانە، وەزارەتی گواستنەوە داوای کۆمەڵێ شتی تری کردووە کە رەنگە بەئیمکانیەتی حکومەت نەکرێت، وەکو دروست کردنی ترام، دروست کردنی های وای، دروست کردنی ئەندەر گراوندکۆم، کۆمەڵێ لەو بابەتانە، بەڵام میزانیە کەمان ئەمساڵ نەیتوانیوە بەشی ئەم شتانە بکات و هەوڵیش دەدەین لە رێگای ئیستیسمارەوە ئەم نەوعە پرۆژانە بکرێت، سەبارەت بە پرۆژەیەکی کە لەوانەیە کۆمەڵێك خەڵك پرسیار بکات لەسەر دروست کردنی گەراجات، لە موناقەشەمانا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە تەرکیز کراوەتە سەر ئەوەی کە هەوڵ بدرێت گواستنەوە بەعام بەرەو تایبەت بڕوات، هەتا دروست کردنی گەراجات، لە هەموو قەزاکاندا دوو گەراج دروست بکرێت، یەکێك نەفەرات، یەکێك بارهەڵگر، هەر لەڕێگای کەرتی تایبەتەوە لەناو شارە گەورەکان دوو گەراج یەك لە خواری شارەکە ویەك لە سەرەوە، یاخود لە رۆژ هەڵات و رۆژ ئاوای شارەکە دوو گەراجی گەورە دروست بکرێت، ئێستا حالیەن لە قۆناغی ئامادەکردنی دیزاین دانە بۆ ئیعلان کردن لە رێگای ئیستسمارەوە بۆ ئەم پرۆژانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن: كاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پرسـیارێكم لـە لیژنـەی شـارەوانی هەیـە، ئێمـە سـالّی پـار لێـرە كێشـەی نەخۆشـی كـولێرا لەسـنووری پارێزگای سلێمانی بلاّو بوو، ئەم سالّیش وشكە سالّییە و پار وەزیری تەندروستی باسی لـەوەكرد كـە ئەگـەر بۆ سالّی ئایندە كێشەی ئاو لەسنووری پارێزگای سلێمانی چارەسەر نەكرێت مومكینە كارەساتێكی گەورە تر رووبدات، ئایا لیژنەی شارەوانی لەسەر بەدواداچوونی خۆی لەسالّی پارو لەبودجـەی ئەمسالّ، هـیچ شـتێكم لەراپۆرتەكەدا نەبینی ئایا ئەمسالّ هیچ شتێك تەرخان كـراوە؟ بـۆ چارەسـەركردنی ئـەو كێشـەیە بـۆ سـالّی 2008، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی قسەكانی كاك بەلێن دەكەم بەراستی مەسەلەی ئاوی پارێزگای سلێمانی پار گـەورەترین كێشـە بوو كە ئەو خەلّكە تووشی كولێرەو رشانەوە بوو، ئێستاش ئێمە لە رۆژنامەو گۆڤارو بلاّوكراوەكان دەبیـنین كەحالّەتێكی زۆری رشانەوە لەسلێمانی تۆمار كراوە، ئیحتیماله بەرەو كـۆلێرە بچێت و ئاوەكـە پـیس بـووە، ئایـا لـەو بـوارەوە هـیچ كـراوە یـان نـا؟ ئـەوە خالّێـك، دوویـش: مـن دیسـان دەمـەوی لێـرەش بێمـەوە سـەر مەسەلەی مەخمور، ئاوی خواردنەوەی مەخمور ئاوێكە بەكـەلّكی بـەكار هێنـان نایـەت بەراسـتی، هـەتا بـەو دواییە پڕۆژەی ئاوی گاوەریان دروست كرد، ئەو پڕۆژەی ئاوی گاوەرەیش ئاوەكەی هەر تامی كبریت و شـتی وا دەدات، لەهەمان كاتیشدا مەجرا لە مەخمور تاكو ئێستا هیچی بۆ نـەكراوە، لـە چـەند شـوێنێكی زۆر زۆر كەم ئیشی لەسەر كراوە، من داوا كارم كە وەزارەتی شارەوانی لێرەش بەشێك لەپارەكەی خۆی تەرخان بكات بۆ تـەواو كردنـی پـڕۆژەی ئـاوی مـەخمور، لەهـەمان كاتیشـدا بـۆ دروسـتكردنی مـەجرا لـە مـەخمور، ئـەوە خالّێك، خالّێكی تریش مەسـەلەی گەراجـەكان و شـوێنی گواسـتنەوە، بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان باسـی كـرد، ئەگەر تەماشا بكەین لە هەموو كوردستان ئەو گەراجانەی كە بۆ گواستنەوەی بەینی شارەكان بەشـێوەیەكی زۆر زۆر ناشارسـتانی دروسـت كـراون و زۆر زۆر پیسـن، بەراسـتی پێویسـت بـەوە دەكـات كەسـەر لـە نـوێ هەمووی تازە بكرێتەوە، نەك تەنها لەشارێك بگرە لەهەموو شارو شارۆچكەكانیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەمووومان دەزانین وەزارەتی شارەوانی بەراستی دەتوانین بڵێین ناسنامەی خزمەتگوزاریەکانی هەموو حکومەتێکە، ئەگەر وەزارەتی شارەوانی ئیمکانیەتی باشی هەبوو حەتمەن دەتوانێت خزمەت گوزاری باش پێشکەش بکات، من وای پێشنیار دەکەم، وای بە باش دەزانم بودجەی ئەمسالّی وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی ئیستیسماریەکەی تەنها لەبواری ئاوا تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئاو پێویستی ژیانی یەکە بەیەکەی تاکی کۆمەڵە، یەعنی ئەگەر هەر کێشەیەك لەبوونی ئاوا دروست بوو هەموو لایەك ئەگرێتەوە، یەعنی وەکو ئەوە نیە، رەنگە خەستەخانەیەك تەنها نەخۆشەکان پێویستیان بە نەخۆشخانە بێت، بەلاّم ئاو هەموو خەڵك پێویستی پێیەتی، بۆیە من پێم وایە وەزارەتی شارەوانی بودجەی ئیستیسماریەکەی تەرخان کات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو وەکو برادەران ئەندامانی پەرلەمان پێش من ئاماژەیان پێ کرد، من وەکو تەجروبەو شارەزایی خۆم هەیە کە سەرۆکی یەکەی کار گێڕی بومە، یەکێك لەموشکیلەکانی تری ئاو ئەوەیە کە ئاو بەشێوەیەکی زۆر بەفیڕۆ ئەدرێت، یەعنی مقیاسێك نیە بۆ ئاو، ئەو ئاوە هەمووومان دەزانین ئەوە سامانێکە بۆ ئێمەیش و بۆ نەوکانی داهاتوو، یەعنی باش وایە میزانیەك تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی چۆنێتی چارەسەرکردی ئاو، لە دروستکردنی حەوزی ئاو بۆ مالاّن، لە دانانی پێوەری ئاو کە ئاو بە فیڕۆ نەدرێت هەروەها پێویستە ئیحتیاتێکی تەواری هەبێت بۆ کێشەکانی ئاو، چونکە زۆر جار لە گەڕەکێکا ماتۆڕێکی ئاو دەشکێت، حەوزێك تێك ئەچێت، هەتا وەکو موافەقاتی بۆ وەردەگیرێت گەورەترین کێشەو مەشاکیل ئەناتەوە، بۆیە پێویستە ئحتیاتی تەواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو هەبێت لەئاستی بەڕێوبەرایەتیەکان بۆ خوارەوە، نە وەکو پێوێست بە موافەقاتی سەرۆك بکات کە کاتی زۆری دەوێت، رەنگە لەهاوینا گەڕەکێك بێ ئاوبێت بە مانگێك موافەقاتی دەرنەچێت، بۆیە کێشەیەکی گەورەیە بەراستی، یەکێك لەکێشەکانی تر، من بۆ خۆم حەفتەی رابردوو لەگەڵ هەشت، نۆ سەرۆك شارەوانی کۆبوونەوەم کرد، بەراستی هەموویان بەعام باسی کێشەی ئاویان دەکرد وهەندێ شارەوانی هەیە ئەوانەی بەتایبەتی لەوسنوورەن کە لەگەڵ ناوچە دابراوەکانن، میلاکی خۆیان مۆزەڤ تری شوێنەکانی بۆ دامەزراوە کە خۆیان پێویستیان پێیەتی، ئەوە مەفروزە من لە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەگەر رێگام بدەن باسی ئەکەم، مەفروزە میلاکی ئەو ناوچانە، ئێمە خۆمان میلاکێك لەئاستی ئەنجومەنی وەزیرانا دابنەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئاوارەن و نەچوونەتەوە، لەوێ دامەزراون، ئەویش کێشەیەکە، بۆ نموونە شارەوانی کەلار دەڵێت: مانگانە 95 ملیۆن دینار مووچەی ئەوفەرمانبەرانەیە کە دەوام لای ئەو ناکەن، لەشوێنەکانی تر دەوام دەکەن، 240 فەرمانبەر هەیە لەسەر میلاکی ئەو شارەوانی یەیە لەشوێنی تر دەوام دەکەن، هەر وا شارەوانی کفری وایە، دەربەندیخان وایە، چەمچەماڵ وایە، رەنگە ئەو سنوورەی هەولێرو مەخمورو ئەولایش هەر وابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو مولاحەزەی کە دوێنێش دوو بارەم کردەوە، ئێمە کە باسی میزانیە دەکەین، لێرە گفتوگۆو تەرکیز لەسەر دوو شت لەمەسەلەکان بکرێت، میزانیەکە پێتان کەمە؟ بڵێن پێمان کەمە، لەبەر ئەو شتانە بۆ ئەوەی بەحکومەت بڵێین، بەوەزارەتی تایبەت مەند بڵێین، بە وەزارەتی مالییە بڵێن، رەچاوی بکەن لەئایندەدا کە میزانیەی تەکمیلی دێتن زیادی بکەن، ئەگەر میزانیەکەتان پێ زیادە، کەس تاکو ئێستا نەیوتووە شوێنێك پێتان زیادبێت، وەختی باسی دەکەین بزانە بۆ زیادە، د نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تاوتۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بەو شێوە ناکرێت کەوا بڵێین ئەو بڕە پارەی کەوا تەرخانکراوە بۆ ئەو وەزارەتە کەمە، یان زۆرە، لێرە هەوڵی زیادکردن یان کەم کردنەوەی بدرێت، ئەوە مەسەلەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە نابێت، ئێمە ناتوانین پرسیاریان ئاراستە بکەین تاکو بتوانن روونکردنەوە یان وەڵامان بدەنەوە، پرسیاری من پەیوەندی راستەوخۆ بە بودجەوە نیە، بڕێك پارە چەند ساڵێکە تەرخان کراوە بۆ چاکردنەوەی رێگای هەولێر - کەرکووك، ئەوەی کە پەیوەندی بە پارێزگای کەرکووکەوە هەیە، ئەوە خەرێکە ئەو رێگاو بانە تاکو ئەگاتە پردێ چاکبکرێتەوە، بەڵام لەهەولێرەوە تاکو پردێ تاکو ئێستاکە دەستی پێ نەکراوە، ئەوە چیەو کێ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەداتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

والله ئەگەر ئیجازەم بدەن وەزیران من وەڵامت ئەدەمەوە، چونکە بەسودفە ئاگادارم، پێشی حەفتەیەك لە گەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی ئەو مەوزوعە کرا، ئاگاداری کردین کە، موافەقەت کراوە میزانیەی بۆ تەرخان کراوە لەم نیزیکانەیش دەستی پێدەکەن و دراوەتە ئەو شەریکەیە بەینی ئێرەو کەرکووك تەواو بکات، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر میلاکاتی پێشنیار کراو بۆ تەعین هەیە، ئێمە دائیمەن سکاڵای ئەومان هەیە ژمارەی فەرمانبەران و مووچە خۆرانمان زۆرە، بەشێکی زۆر لە بودجەکە بۆ ئەوە ئەڕوات، بەڵام لێرە سەیرەکەی دیسان دوو بارە بووەتەوە ژمارەیەك دانراوە بۆ تەعین بوون، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بۆ ئەم وەزارەتانەو وەزارەتەکانی تریش کە لەگەڵ ژمارەی حەقیقی میلاکاتی وەزارەتەکانی خۆیان تەعامول بکەن و کۆیان بکەنەوەو بەگەڕیان بخەن، چونکە زۆر کەس هەیە مووچە خۆرەو ئیشەکەی خۆی ناکات و لەشوێنێکی تر کاسبە، یەعنی بەربلاوبوونەتەوەو لێرەیش ئێمە ئەبێ ساڵانە کۆمەڵێك خەڵکی تر تەعین بکەین، من لە گەڵ تەعیینی خەڵکی پسپۆڕو خاوەن ئەزموونم، بەڵام تەعینی بەلێشاو لە گەڵیا نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکەمین دوای ئەوەی کە کاك بەڵێن وتی، من تەئکیدی لێ ئەکەمەوەو نامەوێ دوو بارەی بکەمەوە لەسەر پرۆژەی ئاو کە قەرار بو چاك بکرێت، دووهەمیشیانم هەر بۆ ئەو پرسیارە بوو کە کاك د. نوری کردی لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە بەڕێزت جەوابیت دایەوە، سێهەمیان بەنیسبەت دوو حاڵەتە، یەکەمیان ئەو شەریکاتەی فڕوکەوانی، ئێستا ئێمە کە دەزانین خەسخەسە زیاتر شەریکات بەڕێوە دەبەن، بەڵام داهاتی ئەوە، هیچ داهاتێکی بەنیسبەت حکومەت دەگەڕیتەوە؟ ئەگەر نا چونکە سعری پلیتی تەیارە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوەو لەویەوە بۆ ئێرە زۆر گرانترە لەوەی کە لە وڵاتانی دەورو بەر هەن، نازانین ئەو رێژەیە چون تەعامولی لەگەڵ کراوە، دووهەمیان: لەگواستنەوە، لە ئیتیسالات بەس تەلەفۆنی نۆرماڵ لەپڕۆژەی شارەوانی باس کراوە، بەڵام غەیری پرۆژەی نۆرماڵ، مۆبایلیش هەیە، شەریکاتی مۆبایلیش لەکوردستاندا داهاتێکی زۆری هەیە، پێم وایە رێژەیەك هەیە کەوا حکومەت لەگەڵ ئەو رێژانەدا وەریدەگرێت، ئەم داهاتە چون تەعامولی لەگەڵا بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەست خۆشی لە راپۆرتەکەی لیژنەی شارەوانی دەکەم، بەڵام بەراستی ئەو قسانەی کە ئەمەویست بیانکەم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی تۆ بتەوێ ونەتەوێ، ئەبێ پرسیار بکەی بۆ ئەوە، دەربارەی وەزارەتەکان دەبێ بەئامادە بوونی وەزیریش، راستە ئێمە موناقەشەی بودجە ئەکەین، بەڵام هەندێ پرسیاریش خۆی فەرز دەکات مە سەلەی کولێرە ساڵی پار، جەنابی وەزیری تەندروستی لێرە بوو لەگەڵ هەندی وەزیری پەیوەندیدار، وتی دوای چەند مانگێکی تر ئەگەر مەسەلەی ئاو لەهەندێك شوێن چارەسەر نەکرێت، جارێکی تر ئەم نەخۆشییە سەر هەڵدەداتەوە و ئێستا وا باس دەکرێت خەریکە سەر هەڵدەداتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە من دەپرسم؟ ئایا ئەو وەزارەتی شارەوانی، ئەگەر مەسەلەکە، بودجەبێت پارە بێت، ئەوەندە بودجەی نیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە گرنگانە؟ دووهەم: پرسیارێکی تر هەر بۆ وەزارەتی شارەوانی، ئایا وەزارەتی

شارەوانی لەسەر کەمی بودجەیە کە زەوی و زار دابەش ناکات، بەڵام هیچ خزمەت گوزاری وەکو ئاوو کارەباو جادەو ڕێگاو بانیتر پیشکەش ناکات؟ سێ: مەسەلەی کۆمپانیای تەلەفونات، من نازانم لە کوێ بووە کە تەلەفۆنی نۆرماڵ یاخود تەلەفۆنی تر هەیە وەکو ئاریافۆن وئەمانە، کە تۆ ئەیکڕیت و بەکارت ئیستیعمالی دەکەیت، بەکاری دەهێنیت، بەڵام ساڵانە بڕە پارەیەك تەحدید کراوە دەبێت خەڵکەکە، صاحیب تەلەفۆنەکە بیدات، وابزانم لە هیچ شۆێنێکی دونیا شتی وانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یەك نوقتە تکرار دەکەمەوە، دوێنێیش باسم کرد، وەزیری پەیوەندیدار لەموناقەشەی بودجە ئامادە نابێت، مەفروزە لیژانەکان پێش ئەوەی بێنە پەرلەمان، لیژانەکان لە گەڵ وزارەت، لەگەڵ وەزیر دابنیشن بۆ موناقەشە کردنی، کاك خورشید فەرموو

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی پارەی حەج و حاجیان کرا، بەپێی ئەو تەجروبەی کە من پێنج، شەش ساڵ وەکیلی وەزیری ئەوقاف بوومە مەعلوماتێکی کاملم هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەو میزانیەی 17٪ی بۆ حەجاجی کوردستان تەخسیس دەکرێت، نادریتە حکومەتی کوردستان، لیژنەی عولیای بەعسەی عێراقی، لیژنەی عولیای حەج لەویەوە، وەقفی سونی و وەقفی شیعی و کۆمەڵێك لە وەزارەتەکانی تر وەکو خاریجیەو داخیلیەو هەندێك وەزارەتی تر، ئێمە نوێنەرێکمان هەیە لە بەعسەی حەجی عێراقی، هەموو ساڵێکیش فێڵمان لێ دەکرێت لەوێندەر، لە زمنی ئەو پارەی کە تەخسیس کراوە، مومەسلی ئێمە ناتوانێت تەسەڕوف پێ بکات، ئەو پارە بۆ چیە لەوێ؟ حەقی تەیارە چوون و هاتنەوەیە، حەقی ئوتێل کردن و خانوو کردنە، حەقی ئۆتومبیل کردنە لە حەرەمەوە بۆ ئەو شوێنەیە کە نیشتەجێ بوونە لێی، حەقی نان خواردنە، حەقی سەفەرە بۆ میناو عەرەفەی، ئەو پارەیە ئەوان تەسەڕوف پێ دەکەن، بەڵام خوا هەڵناگرێت هەموو ساڵێك نیوەی پارەکە دەخۆن، بەئاشکرایش دەیخۆن، وەسیراعێکی زۆریش هەموو ساڵێك لە مەکە دروست دەبێت لەبەینی وەقفی سونەو شیعە، بەڵام لێرە شتێکی کە هەیە، ئەمە وەکو کاك رشاد باسی کرد پارەی حەجاجان وەردەگرین لێرە ساڵانی زوو زوو دوو ساڵ هەر وەرماندەگرت چەند ساڵێکیش پێنج شەش وەرەقەیەکمان وەردەگرت، بەڵام پار 2000 دۆلار وەرگیرایە، ئێمە تاکو ئێستا لەپارەی کە بۆ حاجیانی کوردستانمان وەرگرت و تاکە دینارێکمان نەناردووە بۆ بەغدا، هەموومان کردوەتە ئێراداتی حکومەتی خۆمان، جا ئەوە جەنابی وەزیری مالیە دەزانی هەمووی دەدرێتە بەنك و وەزارەتی ئەوقاف یەك فلس وەرناگرێت، هەموو حاجیان دەچن لە بەنك پارەکە تەسلیم دەکەن، ئەوە مەوزوعی حەج، مەوزوعی بەلەدی جەنابتان و خوشك و برایانی تریش ئاگایان لێیەتی، جارێك جەنابی وەزیری بەلەدییات چەند مانگێك لەمەو پێش لێرە بوو، من باسی مەجاری هەولێرم کرد، لێیشم نارەحەت بوو کە مەبەستم ئەو نەبوو، مەبەستم هەموو مودیری بەلەدیات بو و نیشانیشم هێنا، من پرسیارێکم هەیە جەنابی سەرۆکی پەلەمان، یەك لە گەورە ترین موشکیلەی هەولێر،

نیوەی نەخۆشییەکانی هەولێر بە پێی قسەی دکتۆرەکانمان، نەبوونی مەجاریە، پایتەختە، عاسیمەی کوردستانە رۆژانە بە دەیان وەفد دێتەئێرە، ئەگەر ئەولەوییات هەبێت، ئەگەر موهیم هەبێت، ئەگەر مەسڵەحەتی میللەت هەبێت، ئەگەر چارەسەری نەخۆشی بکرێت مەعقولە بیر لەمەجرای هەولێر نەکرێتەوە، بۆ مەعلوماتی جەنابت کەشف و دیراسەتی مەجرای هەولێر تەواو بووە، ئەو مەعلوماتەیش لە مەسادیری مەوسوقەوە هێناومە، کەشفەکەی تەواو بووە، کولفەکەی تەواو بووە، 650ملیۆن دولار کولفەکەیەتی، مەجاری هەولێر بە ساڵێك ودوو ساڵ تەواو نابێت، هەتا شەریکەیەکی ئەڵانی وتوویەتی دێم دەیکەم بەشەرتێك یەك مەتر لە سەر عەرز ئیشناکەم هەمووی لەبن عەرز ئیش ئەکەم، بەڵام سولفەی سەد ملیون دۆلارم دەوێ، ئەو مەشروعە پێنج شەش ساڵ یەڵلا تەواو دەبێت، من رجام ئەوەیە بیر لەوە بکرێتەوە مەجاری هەولێر تەواو بکەن، بەوە نیوەی نەخۆشیەکەی تەواو دەبێت، بڕۆ راقی ترین گەرەکی هەولێر، لەبەر سیاناوی هەر ناتوانیت پێیدا بڕوێت، کۆمەڵێك نەخۆشیمان بەهۆی ئەوەوەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو مەوزوعە ئیهتیمامی پێ بدرێت و بەتایبەتی خوشك و برایانی پەرلەمانتاریش ئیهتیمامی پێ بدات، مەعقول نیە عاسیمەی کوردستان، بیر لەوە نەکرێتەوە مەجاری بۆ دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عثمان فەرموو**

**بەڕێز عثمان احمد حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو راپۆرتە کە راپۆرتی سێ وەزراەتە، تەبعەن وەزارەتی شارەوانییەکان و گەیاندن و گواستنەوە، ئەوەی کە جێی مولاحەزەیە وەزارەتی شارەوانیەکان، ئەو بودجەیەی کە وەزارەت داوای کردووەو وەزارەتی دارایی لەسەر نیوەی موافەقەتی کردووە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە لیژنەی شارەوانیەکان کە دەڵێت ئەوە بڕە پارەیەکی زۆر کەمەو ناگونجێ لەگەڵ پێویستی وەزارەتەکە و پێویستە زیاد بکرێت، بەڵام ئەوەی جێی مولاحەزەیە ئەوەیە کە لیژنە داوای دەکات، لیژنەی وەزارەت، لیژنەی تایبەت، لیژنەی موختەس، لیژنەی شارەوانیەکان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی دەبوو لەسەر ئەو فۆرمەی وەزارەت کە پلانی وەزارەتە، مەسەلەن بۆ خزمەتی شتە ئەساسییەکانیش شارەوانیەکان، چونکە سیمای هەر شاروشارۆچکەیەك بەراستی وەزارەتی شارەوانیەکان پێشانی دەدات، ئەوەی کە بڕادەران لەباسی گرفتی ئاو، بەتایبەتی ئاوومەجاری،یەعنی ئەو دووە بۆ هەر شاروشارۆچکەیەك زەرور ترین شتە کە لەبنچینەی پاك و خاوێنی، وەکو ئەوەی لەسلێمانی باسی کرایەو کە بەرەو وەرزی گەرمادەڕۆین بەراستی گرفتی ئاو یان ئەوەی هەولێر کە مەجاری نیە، ئایا پلانی وەزارەتی شارەوانی بۆ مەسەلەی ئاوومەجاری چیە؟ هەتا بزانرێت ئەو بودجەیەی کە بۆی دیاری کراوە کەمە یان زۆرە، ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین ئایا دەکرێت ئەو بودجەیە زیاد بکرێت لەسەر ئەساسی ئەو داواکاریە زۆر جدییەی وەزارەت یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. کمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تکایە ئێمە موناقەشەی میزانیە دەکەین، پلانی وەزارەت یان وەزیری پەیوەندیدار، لیژانە بەڕێزەکان، ئەتواندرێ پێشتر یان دواتر بیانبینن لەسەر ئەو تەفسیلاتە لەگەڵیان موناقەشە بکەن، ئەمڕۆ لەسەر ئەوە ناتوانین ئێمە موناقەشە بکەین، ئەو وەزیرە چۆن ئیش ئەکات یان پلانی چۆنە، هەر ئەم نوقتەیە زۆر زۆر تکام بۆ ئەو بەڕێزانەیە مراعات بکرێت بۆ ئەوەی وەختەکەمان ئیستیفادەی لێ بکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد پرسیارێکیان لە لیژنەی شارەوانی هەبوو، هەر وا یەك دوو مەسەلەیش ئاراستەی وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی هەیە، پرسیارێکیش لەلایەن کاك بەرزان محمدەوە هاتووە دەڵێت بەنیسبەت ئاوی لادێوە هیچ بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە، لەبەر ئەوەی فەك ئەلئیرتیبات نەکراوە، هەر وا لەمۆلەق ماوەتەوە، جاران ئاوەدانکردنەوە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بوو، ئێستا خراوەتە سەر شارەوانی، بەڵام بودجەی نیە، ئایا ئەم پرسیارە جەوابی هەیە لای ئێوە؟ فەرموو کاك رشاد یەکەم پرسیار بۆ جەنابت کراوە.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك بەڵێن، کە کاك دلێریش پشتگیری لێ کرد، مەسەلەی ئاوی سلێمانی، لەسنووری سلێمانی پارەی بۆ دابین کراوە، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت باسی لەوە کردو دووپاتیشی کرد وتی ئێمە ئیستیعداداتی کامیلمان وەرگرتووە، هەرچی پێویست بوو جێبەجێی بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە، بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك عادل، هەمان شت بۆ دابینکردنی بودجە بۆ ئاو، بودجە دابین کراوە و پڕۆژەی ئاوی سلێمانی ئەوەی کۆن، خەتی یەکەمی جێبەجێ کراوە و خەتی دووهەم ئێستا ئیشی تیدا دەکەن و بودجەکەیشی لەسەر بودجەی سنووری سلێمانیە کە سەرف دەکرێت، بەنیسبەت گێلاس خان من پشتگیری لێ دەکەم، بەراستی میلاکات ئیعادەی نەزەر بکرێت و میلاکاتی وەزارەت رێکبخرێت بەپێی هەیکەلی وەزارەت بێ ئەوەی فائیزەکان دیاربێت وچارەسەر بکرێت، کاك رۆمێو هەمان شت دووپاتی کردووە مەسەلەی کولێرەو ئاو، بەڕێز کاك خورشید ئیشارەتی بەوە دا مەسەلەی نەفەقاتی حەج و مەجاری بوو، بەنیسبەت نەفەقاتی حەج ئەوە باسی لێکرا بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەجێی ئەهێڵین، بۆ جەنابتان بڕیاری لێ بدەن، بەنیسبەت مەجاری ئەو مەجارییەی لەهەولێر کراوە ئەتوانم بڵێم پارەی یەك هەولێری لەسەر سەرف کراوە هەتاکو ئێستا، خاسەتەن بە قەراری 986، نەك بەملیۆن بەملیار پارەی لەسەر سەرف کراوە، بەڵام شروتی فەنی تێدا نەبووە، ئێستا داوا دەکەین بەشروتێکی فەنی پڕۆژەی بۆ**

دابنرێت، ئەنجا کەی جێبەجێ دەکرێت موهیم نیە، بەقەناعەتی من ئەگەر بەشروتی فەنی جێبەجێ ناکرێت، نەکرێت باشترە، چونکە ئیستیفادەی لێ ناکرێت، بەنیسبەت مامۆستا عوسمان باسی بودجەی وەزارەتی کرد، مەسەلە ئێمە دەمانەوێ دابین بکرێت زۆر زۆرە، بەلام مەسەلەکە مومکیناتە چی هەیە، هەمووومان پێمان خۆش بوو بودجەی وەزاراتەکان هەمووی بەملیارات دۆرلارات بێت، بەلام کە نەبێت، خۆی مەبلەغێکی موعەیەنە لە بەغدا هاتووە و دیاریکراوە لەسنوور ئەو پارەیە ئێمە دەتوانین شت داوا کەین، ئەوەیش دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتی پلاندانان و هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری چۆن دابەشی دەکەن، بەلام بەقەناعەتی من ئەگەر دابەشیش دەکرێت پڕۆژەی گەورەو یەك جێی لێ دروست بکرێت نەوەك پارچە پارچە دروست بکرێت لەبەینی وەزارەتەکان و، داوایش دەکەم لەبەڕێز وەزیری پلاندانان ئەگەر بکرێت پلانی درێژخایان لەبۆ ماوەی پێنج سالْ دانێن حەسەب ئەهمیەتی ورێزبەندی بکات بەئەهمیەتی پڕۆژەکان، ئەو پارەیەی کە سالانەدێت ئەمانەی پێ جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان دوو پرسیار رەبتی بەجەنابتەوە هەیە یەکێکیان مەسەلەی مەجاری هەولێرە، ئەوەی تریشیان پڕۆژەی ئاوی لادێیە، لەناحییەی خۆتەوە ودواییش لەناحییەی وەزارەتی مالیەوە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە مام رشاد جەوابی داوە، ئەوە فیعلەن حەقیقەتە، ئێمە مەفروزە مەسەلەن ئەبوایە لەسەر یەکتر ئیشمان بکردایە، مەسەلەن مەعالەجە ئەساسییەکانی کارەباو ئاو کە وتوومانە کێشەی ئەساسیە، پارەی زۆربەیشمان بۆ ئەوە تەخسیس کراوە، بەلام هەر لەبرادەرانی تری دوێنێ و پێرێ لە موناقەشەکانی حەفتەی رابردوودا، هەموو خوشك و برا ئەندامانی پەرلمان داوایان کرد، یەك دەلێت وەزارەتی پەروەردە دەربێت حسەکەی زیاد بکرێت، یەك دەلێت وەزراەتی خوێندنی بالا، بە تەئکید ئەم هەموو سەکتەرانە پێویستن، لەناو سەکتەری شارەوانیشا بە هەمان شێوە سەکتەری ئاوت هەیە، ئاوەرۆت هەیە، خەدەماتی گەڕەکەکانت هەیە، رێگاوبانت هەیە، حەدیقەت هەیە، ناکرێت ئێمە ئەو هەموو شارانە لەتەوەسع و لە فراواندانان هێچ خەدەماتێك بۆ ئەوانە نەکەین، ئەم گەڕەکە تازانە پێویستیان بە ئاو راکێشان، بە مەجاری کردنە، پێویستیان بە کارەبایە، بە شۆستەدروستکردنە، بە تێکەڵەپێش کردنە، ئینجا قیرتاوکردن، ئەو پارەی کەهەیە وەزارەتی شارەوانی خۆی ئەولەویاتی خۆی داناوە، ئەو ئەولەویاتەی کەدایناوە ئێمە بەپێی ئەو پارەی کە بۆیمان تەخسیسکردووە لەژمارەیەکەوە هەتاکو دەکاتە ژمارە 104 پڕۆژەکانی بۆ ئیختیار کراوە، سەبارەت بەکێشەی مەجاری هەولێر، هەولێر وەکو جەنابی کاك خورسید فەرمووی راست دەکات پایتەختی کوردستانە پێویستی بەوەیە، بەلام مەشروعەکە پێویستی بە 750 ملیۆن دۆلارە، پارەی میزانیەی ئیستیسماری بۆ ئەمسالْ بۆ مەشاریعی تازە تەنها ملیارێك و حەفتاوهەشت ملیۆن دۆلارە، ناکرێت بەتەنها مەجاری بکەین، ئیشەکانی تر نەکەین، ئەی ئەو هەموو کێشەی قوتابخانەمان هەیە

چۆن چارەسەری کەین، ئەی کێشەی ڕێگاوبانمان هەیە، کێشەی کارەبامان هەیە، وەزیری کارەبا هەموو ڕۆژێ قسەدەکات دەڵێت کاکە من میزانیەکەم کەمە بۆیە بەش ناکات، حەقە ڕۆژێك وەزیری کارەبایش بانگ بکرێت، کە ئەو هەموو پارەی بۆ تەخسیس دەکرێت تاکو ئێستا کەیشتوەتە چی، بۆ ئەوەی کە ئەو میزانیەی کە بۆ ئەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی تەخسیس کراوە حسەی ئەسەدی بردووە لەناو میزانیەی عاما، سەبارەت بە ئاوی مەخمور کەکاك غفور باسی کرد، وەزارەتی شارەوانی داخیلی کردووە بەنیازین لە میزانییە تەکمیلێکەدا ئاوی مەخمور و ئاوی ئاکرێ و ئاوی چەمچەماڵ، ئەم سێ مەشروعە داخیل بکات، هەر وەها دەست پێکردن بۆ مەجاری هەولێر، وەزارەتی شارەونی بڕیاری داوە، چۆنکە ماسترپلانی هەمووی تەواو بووە، کە تەواو بووە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێی دەکات، داخیلی کردووە لەمیزانیەی تەکمیلی، هیوادارین کەمیزانییەی تەکمیلی بۆ بێت، چۆنکە مەجاری هەولێر وەکو برادەران فەرموویان بەپێنج ساڵ ئینجا تەواو دەبێت، ئەوە خۆمان بۆی حازرکردووە، مەسەلەی داوای بودجەی زیاتر دەکەن بۆ وەزارەتی شارەوانی، بەراستی شارەوانی و خەدمات یەعنی ژیان، یەعنی ڕووی شارستانی هەروڵاتێك، هەر مەملەکەتێك، بۆیە ئێمەیش لەگەل ئەوە داین کە ئەوە بکرێت، بەڵام هەندێ مەسەلە هەیە برادەران ئیشارەتیان پێدا، دەبێت ئەوە بزانن لەناو میزانییەی ئیعتیادی موعالەجەی بۆ کراوە، فەسڵی سێیان هەیە لەناوموعالەجەیا کەباس دەکەن دەڵێی: بۆڕی دەشکێت، حەوزێك دەکرێت، ئاوێکی ئیزافی رادەکێشرێت، هەمووی لەفەسڵی صیانەدا پارەی بۆ تەرخان کراوەو تەسەوریش دەکەم لەناو ئەوەی کە من خوێندوومەتەوە لەناو میزانیەی ئیعتیادی پارەیەکی باش بۆ فەسڵی صیانەی وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی شارەوانی، ئاوەدان کردنەوە تەرخان کراوە، بۆ سیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەرکیس فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا، پێداویستیەکان زۆرن و ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێم کەمە، بەڵام هەر وەك ئێشارەت دەدین بۆ ئەوەی وەزعەکە باشتر ڕوون ببێتەوە بۆ بەڕێزان، وەزارەتی شارەوانی عێراق کە 83٪ میزانیەکەیەتی، (51163400) پەنجاویەك ملیارو سەدو شەست وسێ ملیۆن و چوارسەد هەزارە، لەسەر وەزارەتی دارایی (322195) سێ سەدو بیست ودوو ملیارو سەدو نەوەت و پێنج ملیۆنی بۆ دانراوە، یەعنی (373458400) سێ سەدو حەفتاو سێ ملیارو چوار سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن و چوار سەد هەزار، ئەگەر بێین سەیربکەین ئەو میزانیەی کە ئێستا هەیە بۆ وەزارەتی شارەوانی لەبودجەی گشتی هەرێم، (271658) دووسەدو حەفتاویەك مەلیارو شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن، یەعنی دەکاتە 72،74٪ نەك ڕێژەی 17٪ کە، بەنیسبەت گواستنەوەکە ئەوەی لەعێراق 83٪ کە بۆی دانراوە (145914362) سەدو چل و پێنج ملیارو نۆسەدو چواردە ملیۆن و سێ سەدو شەست ودوو هەزارە،

هەرێمی كوردستان (34895) سی و چوار ملیارو هەشت سەدو نەوەت و پێنج ملێونی بۆ دانـراوە، ئەگـەر موقارەنە بكەین 23,91٪ دەكات، لێرەیش ئەگەر سەیركەن لەو حـەدەی كە پێویستە لـە 17٪ كـە دیسان زۆر تریشە، هین گەیاندن (17329810) حەڤدە ملیارو سێ سەدو بیست و نۆ ملیـۆن و هەشـت سـەدو دە هەزارە، 83٪ كەی عێراق، بەڵام هین ئێمە ئەوەی لەبودجەدا هەیە (2935) بیست و نۆ ملیارو سێ وپێنج ملیـۆن كـە دەكاتـە 167٪ یـەعنی موقارەنـەت ئەگـەر بكرێـت لـە گـەڵ وەزارەتـەكانی عێراقـدا ئـەو تەرخانكراوانەی كە لێرە دانراون لەسەر ئەساسی حەجمی بودجەی هەرێمی كوردسـتان بەراسـتی بـەرزترە، بـەڕێزان پرسـیان لەسـەر مـەوزوعی میلاكـات، ئێمـە بیدایـەتیش هـەر ئیشـارەتمان بـەوە دا كـە یـەكێك لەكێشەكانی ئێمە ئەوەیە كە پێویستە  بەرنامەیەك دابنـەین، بـۆ ئـەوەی ئـەو میلاكـە زیادانـەی كـە هەیـە هەموویان كوبكەینەوە، ئێمە ئیستیفادە لەمیلاكاتی زیاد بكەین، بۆ دابەشكردن یان بەسەر وەزارەتەكان یان بۆ ئەو شۆینانەی كە پێویستیان پێ هەیە نەك دامەزراندنی نوێ بكرێت، ئـەمیش ئێمـە موراعـات دەكـەین لە سیاسـەتی حكومـەتی هـەرێم بـۆ دامەزرانـدن لەسـاڵی 2008 دا، پرسـیار كـرا لەسـەر داهـاتی شـەریكاتی مۆبایل، (3750) سێ تریلون و حەفت سەدو پەنجا ملیار دینار لە بودجەی عێراق دانـراوە لـە داهاتەكـەی، داهاتی ئەم كۆمپانییانەیە كە 17٪ بە هەرێمی كوردستان دەدرێت، یەعنی ئەو 17٪ كـە وەردەگـرێن تـەنها 17٪ نەوت نیـە هـین هـەموو داهـاتی غـەیری نەوتیـە لـەزمنی ئەوانـەیش شـەریكاتی مۆبایـل، هـین نـەقل، ئەوەی حوجاج بەراستی نەكرایەتە ئیراداتی نیهائی، ئێمە نـاتوانین هـەڵی بوەشـێنینەوە، چـونكە لەحاكیمـە ئەوە لەزمنی ئـەو سـەڵاحیەتانەی حكومـەتی ئیتیحادیایـەو بڕیـاری لەسـەر دراوە، لیژنەیـەكی بـاڵا دروسـت دەكرێت كەنوێنەرانی هەرێمی كوردستانیشی تێدایە لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە پارەكە خەرج دەكرێت، بـەڵام نایەتە سـەر وەزارەتـەكانی هـەرێمی كوردسـتان، وەك داهـات تۆماربكرێـت، بەنیسـبەت بەڕێوبەرایـەتی ئـاو، ئێمـە رەنگـە بابـەكان عادەتـەن بەڕێوبەرایەتیـە گشـتییەكان لەبابـەكانی بودجـە تۆمـار دەكـرێن، ئەگـەر بەڕێوبەرایەتی بێت رەبتی ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیانە دەبێت، بۆیـە زۆر لـە بەڕێوبەرایەتـە گشـتییەكان دیار نەبن كەسەیری بودجە بكەین، هەر وەكو بەڕێز كاك عوسمان ئیشارەتی پێی كرد زۆر لە كێشەكانی ئاو لەسـەر صـیانەیە یـان لەسـەر بودجـەی تەشـغیلیە وەكـو بـیر لێـدان بێـت، تانكـەری ئاوبێـت، یـەعنی ئـەو مەسائیلانە، لەوێ جێگایان بۆ كرایەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئـەو تێبینیانـە ئەغلـەبی روو بـەڕووی لیژنـەكان دەكرێتـەوە، لیژنـەی شـارەوانی وگواسـتنەوەو لیژنـەی گەیاندنیش، ئەوەی كاك رۆمیۆ پرسی لەسـەر مۆبایـل، خـۆی ئـەوە خەسخەسـەی شـەریكاتی خاسـە، ئەگـەر مەرجی تێدا نەبێت كەوەختی دەیكرێت بۆ نیە، ساڵانە ئەوە پارەی ئیزاق وەربگرێت، دیارە لە مەرجـەكانیا هەیە، رسومێك هەیە ساڵانە دەیـدەی یـان شـەش مـانگ جارێـك دەیـدەی، ئەگـەر تێیـدا نەنووسـرابێت ئـەو حەقـەی نیـە داوا بكـات، هەنـدێ تەوسـیاتیش هەیـە ئاراسـتەی وەزارەتـی پلانـدانانی دەكـەین بەتایبـەتی مەسەلەی مەجاری هەولێر كە رەچاوی بكات و لەئایندەدا زروفێك ئەگەر رەخسا ئەهمیەتێكی زۆری هەیـە،

ئیستاش یەك بەیەك دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی شارەوانیدایە؟ تكایە دەست بڵندكات.

بەكۆی دەنگ وەرگیرا، كێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی گواستنەوەدایە؟ تكایە دەست بڵندكات، بەكۆی دەنگ وەرگیرا.

وەزارەتی گەیاندن كێ لەگەڵ بودجەكەیەتی؟ دەست بڵندكات، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تەنها كاك هیوا لەگەلدایە، بەلاّم نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شتێكی تر هەیە لەكاتی تەسویتا، لەگەڵدای، لەگەڵدا نێت، مومتەنیعە، پەرلەمانتار ئەڵێت من مومتەنیعم، قسە ناكەم، چونكە زۆر مەجال نیە، حەزەكەم ئەوەش بۆمان تەوزیح بكەی، ئەگەر بەگوێرەی پەیڕەو هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر شكوكیەت بخەیتە سەر ئەوەی ئەكسەریەت تێدا بێت و ڕێژەیەكی زۆربن، ئەوانەی مومتەنیعن ئەوە دەكرێت، بەلاّم ئەوە نەبووە لای ئێمە تاكو ئێستاكە، ئەوە مانگێكی كە دەبینە سێ ساڵ، ئیتیباعمان نەكردووە ئەوە، خولی ئێمە سێ ساڵ پێشتریش نەبووە ئەوە مەعمول نیە، بەلاّم بە هەر حاڵ نوقتەی نیزامەكە نیو مەقبولە، كاك سەردار پێشنیارێكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ماوەی گفتوكۆكردنەوەكە كورت بكرێتەوە، پۆختكردنەوەی راوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار دەكەم راپۆرتی لیژانەكان هەمووی بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی دوای رەئی ئەندامانی پەرلەمان بەیەك جار وەربگیرێت، بەو شێوە پوختره دوای وەزارەت بە وەزارەت بدرێتە دەنگ دان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە ئیلتیزام ناكەن، دوێنێ وامان وت، بەلاّم ئیلتیزام ناكەن، وتمان راپۆرتەكان بخوێنرێتەوە، ئەگەر شتێكی زۆر گرنگ هەیە بیڵێن، ئێستا ئیلتیزام بكەن ئەوە دەیخوێنێتەوە، ئەوەی تەوسیاتی هەیە دەیدەینە وەزارەت و هەرچی لیژنەكەی خوی بەدوادا دەچێت، كاك ئارێز وەزارەتی رۆشنبیری وچی وچیە لیژنەكەتان.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ وەزارەت لای ئێمەیە وراپۆرتەکەیش هاوبەشە لە دوای ئەوەی ئێمە راپۆرتمان ئامادە کردووە، وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەو سێ وەزارەتەو راپۆرتەکەیش هاوبەشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەزارەتی رۆشنبیری ئەو بڕە پارەیەی کە لە میزانیەی تەشغیلیا بۆی دانراوە بریتیە لە (56974) پەنجاو شەش ملیارو نۆ سەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار کە دەکاتە لە 1,2٪ سەرجەم بودجەی تەشغیلی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە بریتیە لە (21210) بیست و یەك ملیارو دووسەدو دە ملیۆن دینار کە دەکات لە 0,45٪ سەرجەم بو دجە، سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو بڕە پارەی بۆی تەرخان کراوە بریتیە لە (5720) پێنج ملیارو حەفسەت و بیست ملیۆن دینار کە دەکاتە لە 0,12٪ ی سەرجەم بودجەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبداللە قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی رۆشنبیری (11920) یازدە ملیارو نۆ سەدو بیست ملیۆن دینارە، خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان (14113) چواردە ملیارو سەدو سیازدە ملیۆن دینارە، خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوە هێچ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز راپۆرتەکەت بخوێنەوە.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتەکەمان ئامادە کردووە هەندێك راوسەرنجی گشتیمان هەیە، رەنگە لەگەڵ وەزارەتەکانیش یەکتر بگرێتەوە، شەرت نیە بزەبت یەك نەگرێتەوە، بەڵام هەمووی دەخوێنینەوە، ئەوە هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و برادەرانیش، من پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە بکەم، ئێمە دوو پایتەختمان هەیە پایتەختێکی رۆشنبیری و پایتەختێکی سیاسیش، دوو وەزارەتی مالییەشمان هەیە، ئەگەر تاکو ئێستاش فۆرمەکانی ئامادەکردنی بودجە بەعەرەبیە، داوا کارین هەرچەند ئۆمید دەکەین تامانگێکی تر

هەردوو وەزارەتەکە یەك گرتنەوەکەیان رابگەیەنـدرێ، بـەڵام داوا کـارین ئـەو بـرادەرانـە بـەزوو تـرین کـات ئەوە بکەنە کوردی، ئەنجا با بەتەمای یەکتریش لێ نەگەڕێن، خۆیان یەك لای بکەنەوە چ وەزارەتـی لێـرە چ لەسـلیمانی بکرێـت، مـن بەراسـتی ئـەڵێم ئـەوە کـەمو کورتیەکـە هەیـە تـاکو ئێسـتا کـە فـورم بـە عـەرەبی پێشـکەش دەکرێـت، مـن بەدڵنیاییشـەوە هەنـدێك خانەهەیـە کـە بەعـەرەبی هەیـە رەنگـە بەشـێکمان لەعەرەبییەکەش تێنەگەین، ئۆمید دەکەین ئـەم مەسـەلە یـەك لایـی بکەینـەوە بـۆ سـاڵی ئاینـدە فۆرمەکـە بەزمای کوردی بێتە بەردەستمان.

بەمەبەسـتی بەرچـاوروونیو تـاوتوێکردنی بودجـەی خـەملێنراو رۆژی2008/3/30 لەگـەڵ وەزارەتـی وەرزشو لاوان کۆبووینەوەو ڕۆژی 2008/4/6 یش لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، لەهەردوو کۆبوونەوەکاندا بەڕێزان وەزیرانـی رۆشـنبیریو وەرزشو لاوان ئامـادەبوون. بەهـەمان مەبەسـتو بـۆ دیـاریکردنی سـەرنجو پێشنیارەکانمان سـەبارەت بـە هەرسـێ وەزارەتـی نـاوبراو ڕۆژی (2008/4/27) جـارێکی تـر کۆبووینـەوەو ئەوەی خوارەوەش راپۆرتی پوختەی سەرنجو پێشنیارەکانمانە:

1- ئێمـە لـە لیژنەکـەمان پشـتگیری تـەواوی پێشـنیاری کردنـەوەی پێشـینەی خانووبـەرەو، دامەزرانـدنی سندوقی نیشتەجێکردنو بایەخدان بە کارەباو سامانی کشـتوکاڵیو، ئـاژەڵیو، بەرهـەمهێنانو، کەرتـەکانی پـەروەردەو خوێنـدنو تەندروسـتی دەکـەینو داواکاریشـین مووچـەی پێشـمەرگەو پـۆلیسو فەرمانبـەران لەگەڵ هی سەرتا سەری عێراق یەکبخرێ.

2- پێویستە سیاسـەتی ئـابووریی حکومـەت ڕوونـترو ئاشـکراتر بـێو تایبەتمەنـدیی بـوارە زۆر پێویسـتەکان لەبەرچاوبگیرێ، نەك تەنیا هاوسەنگ کردنی نێوان داهـاتو خـەرجی بێـت، ئـەوەی ئێسـتا زیـاتر مەبەسـتە هاوسـەنگکردنە، نـەك چۆنیەتیو دیـاریکردنی ئامـانجی خـەرج کـردن، دیـارە مەبەسـتمان لـەیۆ بێگومـان هەرێمی کوردستان داهاتێکی هەیەو خەرجیشی هەیە، ئایە مەبەستی ئێمـە بەراسـتی ئەوەیـە ئـەو داهاتـەی هەمانە شوێنی بـۆ بکەینـەوە ولەخانـەکان دایـان بنـەین یـان سیاسـەتە ئابوریەکـەمان راسـت بێـت یـان ئـەو خانانەی کە پریان دەکەینەوە ئامانج داربێت بەئامانج پڕیاندەکەیەوە.

3- پێمان وایە لەبەر هەر هۆیەك بێ لە خەملاندنی بودجەی وەزارەتەکان پشت بە لێکۆڵینـەوەو نەخشـەو داتای زانستی نەبەستراوە.

4- تێکـەڵیو پێکەڵیـەك لـە پڕکردنـەوەی خانـەکانی فـۆرمی بوودجـەدا هەیـەو، دەبینـرێ هەنـدێ لـە وەزارەتـەکان هەنـدێ خانـەیان پڕکردۆتـەوە تیایـدا داوای بڕێـك پارەیـان کـردووە کـە ئـەو خانانـە هـیچ پەیوەندیان بەو وەزارەتانەوە نییە، هەمووتان لەبەردەستانە وئەو مەسەلەیە باش دەزانن.

5- ئـەوی جیـێ سـەرنجە هـەموو ئـەو خانانـەی کـە بـەناوی بـۆ خـەرجی تـر، بێگومـان خـەرجی ترهـاتووە خانەیەکی ئاساییە لە فۆرمەکەدا هاتووە، بەڵام هەموو ئەوانـە، چـاککردنەوەی تـر، تێچـوونی تـر، کـاری تـر واتا کاروبارو پێویستیە لاوەکیەکان هەموویان پڕکراونەتەوەو تەنانەت هەندێك جار هەنـدێ خانـەی شـتی

لابەلا بڕێکی زیاتری لەخانەی شتە جێگیرەکان تیادا نووسراوە وپێم وایە ئەوە پێویستی بەروونکردنەوەیە جەنابی سەرۆك.

6- بەشێوەیەکی گشی خەرجیەکانی لابەلاو بەردەستی وەزارەتەکان زۆرن‌و پێمان وایە دەکرێ بڕێکی زۆری ئەو خەرجیانە کەم بکرێنەوەو بخرێنە سەر کەرتو، بوارە پێویستیەکانی تری وەك کارەبا، خوێندن، تەندروستی، کشتوکاڵ، من تەنها نموونەیەك دێنمەوە هەموو وەزارەتەکان ئەگەر کەمێك لە سووتەمەنی بەردەستیان کەم بکەنەوە بێگومان دەکرێت بەشێکی زۆر پارە کوبکرێتەوەو بخرێتە سەر بوارەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریز ئەگەر ئیجازەم بدەی، ئەو راپۆرتەت زۆر باشە، بەلام ئەوە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی دارایی یەك دەگرێتەوەو موناقەشە کرا، مولاحەزەکانت ئەغڵەبی لەلیژنەی دارایی بوو بڕاوەتەوە، دەنگمان بۆ داوە، هەر لەبەر ئەوە تەئکید بکەوە سەر هەرسێ وەزراەتەکەی خۆت بیخوێنەوە، تکام وایە.

**بەڕێز ئاریز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە ناکرێت من لەیەکی بکەمەوە، کەمیش ماوە، وابزانم یەك خانەی ماوە.

7- تێبینیمان لەسەر ئەو شێوازە کارکردنەی وەزارەتی دارایی هەیە، ئەوە تێبینی بەینی خۆمانە لەوێ، ئێمە دەبینین بەزۆری ئەو بڕە پارەی لەلایەن وەزارەتێك بۆ هەر مەبەستێك دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە یەکسەر کەم کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری ئەو کەم کردنەوانە لەسەر ڕێڕەوی کاری ئەو بوارە لێکبدرێتەوە، لێرەدا ئەگەر وەزارەتی داراییش پاساوەکانی کەم کردنەوەی راست بن، بۆ نموونە کە بودجە دەرحەق دێتن، دەبینین وەزارەتەکانی تر بێ لێکدانەوە یاخود، بێ پاساوی رەوا ئەو بڕەیان نووسیووە، ئایا وەزارەتەکانی تر دەزانن وەزارەتی دارایی هەرلێیان کەم دەکاتەوە، بۆیە پتر دەنووسن، یان مەبەستیان زیاتر راکێشانی پارەیە بۆ بەردەستی خۆیان؟ پێمان وایە هەردوو ئەگەرەکە خراپن‌و پێویستە چارەسەری ئەو گیروگرفتە بکرێ کە بەڵگەی بێ پلانی‌و پشت نەبەستنە بە داتاو لێکۆڵینەوە زانستیەکان.

وەزارەتی رۆشنبیری.

1. سەرەڕای ئەوەی ئەو وەزارەتە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان خاوەنی چەندین خانووبەرەیە، پێویستی بە روونکردنەوەیە جەنابی سەرۆك، بەلام بەهۆی ئەوەی لەلایەن هەندێ لایەنی ترەوە داگیرکراون بەناچاری وەزارەت خانووی بۆ فەرمانگەکانی خۆی بەکرێ گرتووە، ئێمە داوا دەکەین بەزووترین کات ئەو خانووانە بدرێنەوە وەزارەتی ناوبراو بۆئەوەی ئەو پارەیەی دەدرێتە کرێ خزمەتو کاری تری پێ بکرێت لە وەزارەتی رۆشنبیری.

2. وەزارەتی رۆشنبیری داوای بڕی (3250) سێ ملیارو دووسەدو پەنجا ملیۆن دیناری کردووە بۆ کڕینی ئامێری (SNG) واتا پەخشکردنی راستەوخۆی تەلەفزیونی نەوروز، بەلام ئەو بڕە پارەیە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کراوە بە (250) لەکاتێکدا کەمترین نرخی یەك ئۆتۆمبێلی ئەو ئامێری (SNG)ە زۆر

لەوە پترەو ناشکرێ ئامێرەکە نیوەی بکڕدرێو نیوە کەی تر نەکڕدرێ. لێرەدا ئێمە پرسیار دەکەین ئایا چۆن وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیەی کەم کردۆتەوە؟ یەعنی بۆ یەك شتە، چۆن دەکرێت کەم بکرێتەوەو لەسەر نیوە بکرێت؟ دوو: بێگومان، ئەگەر توانای دارایی نەبێ دەکرێ بۆ ئەمساڵ هەر نەکڕدرێ، بەڵام نەك بەم شێوەیە هەندێك پارەی بۆ تەرخان بکرێ، چونکە پێمان وایە لە کۆتاییدا ئەو بڕە پارەیەش سوودی لێ وەرناگیرێ.

3. خەرجیەکانی تر واتە ئەو خەرجیانەی خانەی جێگیریان لە لیستی خەرجیەکاندا نییە بریتییە لە (1450) یەك ملیارو چوار سەدو بەنجا ملیۆن دینار، پێمان وایە دەکرێ بڕێکی باش لەو پارەیە بۆ مەبەستی تر بەکار بهێنرێ، چونکە ئەگەر لە کڕینی ئامێرێك رەچاوی نرخی بازاڕو پێویستی نەکرابێ پێشمان وانییە ئەو بڕە خەرجیانەش زانستیانە خەملێنرابن.

4. ژێرخانی رۆشنبیریو هونەر هێشتا باش نییەو پێویستی زۆری بە هۆڵو بینایەو کتێبخانەو شانۆو پێویستیەکانی وەك کتێبو کۆمپیوتەرو ئامێری مۆسیقایی و شتی تر هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەمساڵ لەجیاتی ڤیستیڤاڵو ئاهەنگو سەردان پارەی دیاریکراو لەو بوارانەدا خەرجبکرێو ژێرخانی هونەریو رۆشنبیری پێ ئاواو ئاوەدان بکرێتەوە، ئەوە پێویستە وپێمان وایە حکومەت زیاتر رەچاوی بکات و لە بەر چاوی بێت.

5. لەوەزارەتی رۆشنبیری بڕێکی زۆری پارە بۆ سەنتەرو رێکخراوەکان تەرخانکراوە، بەڵام بەم شێوەیە پارەکە باش جێگەی خۆی ناگرێ چونکە:

1- هەندێ سەنتەرو رێکخراو هەن پێویستیان بە هاوکاری زیاترە، کاریان هەیە، چالاکیان هەیە پێویستە زیاتر دەستیان بگیرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر هەبێت.

2- هەندێکیشیان هەن لە ئەرکەکانی خۆیان زیاتر وەردەگرن، واتا ئەوانەی کە زیاتریان پێ دەکرێت کەم وەردوەگرن، ئەوانەی کەمیشیان پێ دەکرێت زیاتر وەردەگرن.

بۆیە بە پێوستی دەزانین بە زووترین کات:

أ. چاوێك بە سەرجەم سەنتەرو رێکخراوەکاندا بخشێنرێتەوە، ئەوکات کۆمەك بکرێن.

ب. پارەی تەرخان کراوی تریش بۆ هەموو سەنتەرو رێکخراوەکانی تر لەهەر وەزارەتێك بێ بخرێنەوە سەر وەزارەتی رۆشنبیری، چۆنکە هەندێ وەزارەتی تریش هەیە پارەی سەنتەرو رێکخراوو شتی تر وەردەگرن کە تایبەتمەندی وەزارەتی رۆشنبیریە.

وەزارەتی وەرزشو لاوان

1. ئەگەر ئێمە سەیری لاپەڕەی سەرەتای فۆڕمی بودجە بکەین دەبینین خانەی: خەرجیەکانی تر واتە ئەو خانەیەی کە لە لیستی خەرجیە جێگیرەکان نییە بریتییە لە (11650) یازدە ملیارو شەش سەدوپەنجا ملیۆن دینار، ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری یەك ملیار بۆ یەك ملیارو شتیك بوو، ئەوە لێرە یازدە ملیارە هەمان خانەیە کە پڕکراوەتەوە، نزیکەی هێندەی هەموو خانەکانی تر، واتە هەرچوار خانە سەرەکیە

**جێگیرەکە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی ئەو بڕە زۆرە بۆ خەرجی لابەلا دادەنرێ؟ یازدە ملیارو ئەوەندە، ئەوەی تر سێازدە ملیارە.**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەپێی توانای دارایی حکومەت چەندی دەکرێ بۆ ئەو وەزارەتەش دیاری بکرێ، یەعنی زیاد بکرێت، بەڵام ڕێو شوێنی خەرجیەکان روونو ئاشکرابنو لەخانەی خۆیاندا جێگەیان بکرێتەوە.**

**2. بەهەمان شێوەی وەزارەتی رۆشنبیری داوا دەکەین بڕی هەرە زۆری پارەی تەرخانکراو ئەمساڵ لەبواری ژێرخانی وەرزشو کلتوری خەرج بکرێو خەرجیە لابەلاکان، واتا سەردان و فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و میوانداری، هەموو ئەوانە کەم بکرێنەوە، بەڵکو بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئەو وەزارەتە تەرخان بکرێت.**

**3. هەندێ تێبینی لەسەر شێوەی پڕکردنەوەی فۆڕمو بڕو چۆنیەتی داواکردنو خەملاندنی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بە نموونە دەهێنینەوە:**

**أ. کاتێك ئێمە باسی دیاریکردنی بڕی گەورەی داهات دەکەین، ئەگەر سەیری ل1 بکەین دەبینین وەزارەت داوای (502) ملیۆن دیناری بۆ میوانداری کردووە، بەڵام (240) ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر دراوە ئایا، بە چ پێوەرێك ئەو بڕە پارەیە دیاری کراوەو، بە چ بنەمایەك بەم شێوەیە کەمکراوەتەوە؟ لەهەمان شوێندا باسی کاروباری سەربار کراوە (الاعمال الاضافية) بەعەرەبییەکە کە هاتووە، (113) ملیۆن دینار تەرخان کراوە، ئایا ئەو کاروبارانە چین؟ ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە داوای (280) ملیۆن کراوە؟ بۆ کارو باری سەربار داوای (280) ملیۆن دینار کراوە، یەك سەر (113) ملیۆن بۆی رەزامەندی لەسەر دراوە.**

**ب. ل2 دەرماڵەی لابەلا لە (290) ملیۆنەوە موافەقەتی (125) ملیۆن کراوە، ئایا دەرماڵەی لابەلا چیە؟ بەڵام، لەخانەی دەرماڵەی چاودێری کە خانەیەکی جێگیرە لە (50) ملیۆن (38) ملیۆنی ڕەزامەندی لەسەر دراوە؟ ئەوەی لابەلا دوو بەقەد، سێ بەقەد ئەوەی لابەلایە، ئەوەی کە دیارە خانەی جێگیرە سێ بەقەد ئەوەی ترە، ئەوانە پرسیارە بەراستی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە.**

**ج. لە ل3 (10) ملیۆن بۆ کتێبو (23) ملیۆن بۆ گۆڤارەکان وابزانم (41) ملیۆنیش بۆ چاپە منی، تەرخان کراوە لەکاتێکدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بایی کەمتر لە (4) ملیۆن دینار، تەنها (4) ملیۆن دینار کتێب بۆ هەموو کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاری دهۆك کڕاوە.**

**د. ل4 خواردەمەنی تر نووسراوە بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان، لاپەڕە نەنوسراوە، ئەگەر سەیری فۆرمەکە بکەین ئەوە بۆ خورادەمەنی فوتابخانەکان، لەهەمان خانە خواردەمەنی تر نوسراوە، ئایا مەبەست لە خواردەمنی تر چیە؟ بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان، لەکاتێکدا لێرەدا (24) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، یاخود لە ل5 (اللوازم الاخرى) (21) ملیۆن تەرخان کراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕاپۆرتە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتە موحاسەبە کردنە، ئەو ڕاپۆرتە موناقەشەی میزانیە نیە بەراستی بەو شکڵە، ئەگەر پرسیاریان هەیە؟ با دە پرسیار بپرسن بەسەر چاو بەڵام ئەم ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتی موحاسەبەو موحاکەمە کردنە بەراستی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**شەرحی مەکە، تەواوی کە، بەڵام شەرحی مەکە، تکایە بەردەوام بە بەس جەواب مەدەوە.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هـ. لە ل6 دەرماڵەی شەوانە (95) ملیۆنو لەهەمان لاپەڕە لە دەرماڵەو ئیفاد جارێکی تر (80) ملیۆن تەرخان کراوەو خەرجی تر (النفقات الاخرى) (53) ملیۆنو لەهەمان لاپەڕە جارێکی تر (النفقات الاخرى) (30) ملیۆن تەرخان کراوە، ئایا ئەو هەموو دەرماڵەیە چۆنە؟ لەهەمان لاپەڕە تێچوونی سەردان و سەفەر (87) ملیۆن دینار.**

**و. لە ل9 کۆنگرەو کۆڕ (64) ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئەوە لە کاتێکدا لە خانەکانی سەردانو میوانداریو ئیفادو خانەی تریش پارە بۆ هەمان بوار تەرخان کراوە.**

**ز. لە ل10 چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان:**

**1- بارهەڵگر (46) ملیۆن. 2- ئۆتۆمبیلی کار (40) ملیۆن. 3- هۆیەکانی تر گواستنەوە (42) ملیۆن، ئایا مەبەست لەهۆیەکانی تری گواستنەوە چیە؟ وەزارەتی وەرزشو لاوان چەند ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری هەیە؟ لەکاتێکدا لە ل11 چاککردنەوەی ئامێرو ئامرازەکان (80) ملیۆنی تری بۆ تەرخان کراوە.**

**ح. لە لاپەڕە 14 دا داوای (500) ملیۆن بۆ باروبوو وهاوکاری کراوەو (490) ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر دراوە، ئەوە لەکاتێکدا لەخانە جێگیرەکانی تردا وەزارەتی دارایی هەمیشە لەنیوە شتێك زیاتر یان شتێك کەمتری کەم کردۆتەوە، بەڵام بۆ ئەو بوارە نادیارو ناجیگیرە تەنیا (10) ملیۆنی کەم کردۆتەوە؟.**

**گ. لە لاپەڕە 15دا داوای (25) ملیۆن بۆ (مکافئات المخبرين والمتعاونين) تەرخان کراوە، واتا هەواڵ نێرو هاوکارەکان کراوەو، ڕەزامەندی لەسەر (19) ملیۆن دراوە. ئایا مەبەستی وەزارەت لە هەواڵنێرو (المتعاونين) چیە؟ ئەم خانەیە لەلایەن هەندێك وەزارەتی تریشەوە بە بڕی جیاجیا پڕکراوەتەوە، بۆ ئاگاداریتان وەزارەتی تریش هەیە ئەو خانەی پڕکردوەتەوە.**

**4- سەبارەت بە هەردوو وەزارەتی وەرزشو لاوانو ڕۆشنبیری پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایە دوای یەکگرتنەوەیان تێکەڵیەك لە شێوەو جۆرو چۆنیەتی خەرجییەکان دروست نابێو نابێتە هۆی بەفیڕۆ چوونی بڕێکی پارەی تەرخان کراو؟ ئەوە پرسیارە بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەتەکە لەبەرچاوی بگرن، لە ئایندەدا.**

**وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.**

لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە بەدوای کێشەیەکی ستراتیجیدا دەچێ، رەنگە پێویستی بەتەرخان کردنی بڕێکی زیاتری پارە هەبێ، بەڵام بەهەمان شێوەی وەزارەتەکانی تر پارەی تەرخان کراو بۆ خەرجیە لابەلاکان زۆرەو دەتوانرێ بڕێکی زۆری ئەو خەرجیانە کەم بکرێتەوەو پارەکە بخرێتە سەر پارەی بوارە پێویستیەکانی تر، لەگەڵ ڕێزماندا، بەدڵنیایشەوە تەنها پرسیارە ئەوەی ئێمەو بەدواداچوونە، یەعنی لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ کەس ناکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئاریز، راپۆرتەکەت یەکەم: درێژبوو، دوو: بەشێکی پەیوەندی بەمیزانیەوە هەبوو، بەشەکەی تری پەیوەندی بە کاری لیژنەکەی خۆتانەوە هەبوو، دەبوایە لەگەڵ وەزارەت قسەبکەن، بەشێکیشی کاری چاودێریە، دیوانی چاودێریە بەراستی، چونکە ئەو ئیشە ئیشی وەزارەتی مالییە کاتێ کە موناقەشەی بودجەی وەزارەت دەکات، وەزارەتی مالییە موناقەشەی ئەو میزانییەی لەگەڵ دەکات، ئێوەیش پێش ئەوەی راپۆرتەکە بنووسن مەفروزە جەوابەکە لای ئێوە بێت، ئێمە لەئێوە پرسیار بکەین نەك ئێوە ئەو پرسیارانە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکەن، ئێوە ئەبێت بەدوای ئەو تەفسیلاتانە بچنەوە، لە وەزراەت بپرسن، خەڵك لە ئێوە بپرسێ و ئێوە جەواب بدەنەوە، لە راپۆرتەکانیدا فەقەت دوو، سێ شتی وەکو موقتەرەح هاتووە، ئەوەیش ئەوەیە بایەخدان بە ژێرخانی وەزارەتەکان لەجیاتی پارە سەرف کردن بۆ فیستیڤاڵ و کۆنفراس و ئەوانە، ئەوانە وەکو موقتەرحێك پێشنیاری وەزارەت بکەن، چونکە ئەوەیش پێشنیارێکی جیاوازی هەیە، ئەهەمیەتی کامیان باشە، من پێم وایە هەردووکیان ئەهەمیەتیان هەیە، ئەگەر پارەنەبوو بۆ هەردووکیان، ئەوە خۆی تەقییم دەکات، وەزارەت تەقییم دەکات، ئیشی حکومەتە، ئێمە لێرەدا ئەو پارەیەی کە دانرایە، دوێنی سۆزان خان قسەیەکی زۆر راستی کرد، وتی موهیم نیە چەندە پارەکە، موهیم ئەوەیە چۆن سەرف دەکرێت، چۆن سەرف کردنەکە ئەوە بەپێی رێنمایەیەك دەبێت، بەپێی قەوانینێك دەکرێت، بەپێی تەعلیماتی وەزارەتی مالییەیە، دواتریش لەژێر چاودێری دیوانی چاودێری داراییە، هەموو خۆ ئەوە نیە بنووسێتیش دەرماڵەی جیا، دەرماڵی جیا وا نانووسرێت، بنووسرێت لە 10٪ دەرماڵەی جیا غێر رێنمایەی وەزارەتی دارایی و ئابووری جێ بەجێدەکات، ئەو رێنمایانە دیاری دەکات چ دەرماڵەیەك دەبێت، دوایی ئەگەر دەرماڵەی جیا بدات ئەوەیش بەگوێرەی رێنمایی دەبێت، رێگا هەیە بۆ ئەوە یان نا؟ جا لەبەر ئەوە من پێم وایە راپۆرتەکەتان بدەنە وەزارەتەکانی تایبەتمەند و وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن ودیراسەتی بکەن، من پێم وایە ئەگەر مولاحەزاتان نەبێت یەك سەر دەیخەینە دەنگدانەوە، مولاحەزاتان هەیە؟، د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکان کە راپۆرت دەنووسن ئیمزای لەسەر ئەکەن، بەڵام لەئەسنای خوێندنەوەو تەقدیم تەوزیحاتی تر ئەدرێتن ئەوە ئیعتێبار ناکرێت لەسەر ئەو راپۆرتە، چونکە ئەو قسانەی ئەو بەڕێزە دەیکات ئەو برادەرانی

تر ئیمزایان لەسەر نەکردووە، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم غەیری راپۆرتەکە قسەکانی تر لەپرۆتۆکۆلەکە سەحب بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیریە، من پشتگیری لەبۆچوونەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، کە ئەبوایە لیژەی رۆشنبیری بەدوای ئەو سەرفانە چووبوایە یان ئەو تەخسیسانە چووبوایە، بچووایەتە وەزارەتی رۆشنبیری لەوێ یەکە یەکە پرسیاری بکردایە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە کە پرسیار لامان دروست ببوایە، پرسیارمان لە ئەوان بکردایە، ئەو سەرفە بۆ چیەو ئەو سەرفە بۆ چیە، پرسیاری دووهەمم بەنیسبە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، پارەکە زۆر کەمە پێنج ملیار پارەیەکی وانیە بۆ وەزارەتێك، بۆیە ئەبوایە ئەو پارە زیاد بکرێت، نەك لێی کەم بکرێتەوە یان بخرێتە سەر خەرجییەکانی تر وەکو پێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری، پرسیاری سێهەمیشم ئەوەیە نازانم هەموو برادەرانی لیژنەی رۆشنبیری ئەو راپۆرتەیان ئیمزا کردووە یان ئەو راپۆرتەیان نووسیوە یان رەئی هەموویان موتەفەق بوو لەگەڵ کاك ئاریز یان نە؟ یان رەئی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی کە راپۆرتەکە خوێنرایەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیرییەوە، ئێمە کە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەری وەزارەتەکان کردووە سەبارەت بە موناقەشە کردن لەسەر بودجەی پێشنیارکراوی بۆ ساڵی 2008، لەسەر ئەو ئەساسە بووە کە ئێمە پشتگیری لەکارو چالاکییەکانی ئەو وەزارەتانە بکەین و پشتیوانیان لێ بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو بودجەی بۆیان دەست نیشان کراوە لەلایەن وەزارەتەوە کەمەو ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کاروچالاکییەکانیان زیاتربێت، ئیتر هەندێ شتی بەشێوەی پرسیار هات ئەوە بۆیە من پێم خۆشە وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەی ئەو روونکردنەوە بەدەم، ئەمە یەکەم، دووهەم، سەبارەت بەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، دیارە ئەم بەیانیە ئێمە چەند ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ نوێنەرایەتی وەزارەت دانێشتین، من حەزەکەم لێرە لەسەرەتای قسەکانی برادەرانی لیژنەی دارایی باس لەوە کرا کە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بودجەی ئیستیسماری نیە، ئەوە ئەوان بە ئێمەیان وتووە بۆساڵی 2008، (17835) حەڤدە ملیارو هەشت سەدو سێ و پێنج ملیۆن دینار پرۆژەیان تەقدیم کردووە، ئەمە وەکو خاڵێك، دووهەم بودجەی ساڵی 2007، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەوەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە و لەلایەن

پەرلەمانەوە پەسەند کراوە شەش ملیارو چل ملیۆن بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەندێ کات بەڕێزتان و برادەرانیش ئەزانن کە ئەوە وەزارەتە، ئیتر بەپێی ئەوەی کە چاودێری زیاتری جێ بەجێ کردنی مادە 140 ی دستوری هەمیشەیی عێراق دەکات، وە فەترەیەکیش بەهۆی کۆموڵێك کێشەو گرفت لە حکومەتی مەرکەزیەوە بۆ ماوەیەك ئەو وەزارەتە کاری نەبوو، بۆیە لەساڵی 2007 ئەوان تەنها (650) شەش سەدو پەنجا ملیۆن دیناریان لەبودجەی دەست نیشان کراوی خۆیان سەرف کردووە، بەڵام بۆ ساڵێ 2008 کە ئێستا کاریان زۆر بووە و کۆمەڵێك ئیشیان هەیە، یەکەم ئەوان بەردەوام سەردانی بەغدا دەکەن چ وەکو وەزیر چ وەکو لیژنەکانی وەزارەت، دووهەم: کۆمەڵێك نووسینگەیان لەناوچەکانی پەیوەند بە مادەی 140 هەر لە شنگار لە زەمار لە بەعشیق لە مەخمور لە شێخان لە کەرکووك و ناوچەکانی تابعی کەرکووك وخانەقین و مەندەلی و کۆمەڵێك نوسینگەو فەرعیان کردوەتەوە، کۆمەڵێك ئەرك و ئیشی لابەلایان بۆ دروست بووە، هەر لەچاودێری کردنی سیجلاتی نفوسی ئەو ناوچانە، بۆیە بەتەئکید ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵیان دانیشتوین وە ئەوان داوا دەکەن ئەوە بڕە بودجەیەی کە بۆ ئەو وەزارەتە ئەمساڵ دەستنیشان کراوە کەمەو پێویستی بە زیاد کردن هەیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من حەز دەکەم لێرە تەئکید لە خاڵێك بکەمەوە، بەڕێزان دەزانن لەدوێنێوە بۆ هەر وەزارەتێك کە ئێمە موناقەشەمان کردووە دوای خویندنەوەی راپۆرت و رەئی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە بووە میزانیەی یاخود بودجەی وەزارەت زیاد بکرێت، ئەمە حەقیقەتێك دەردەخات بەراستی ئەو بودجەیەی بۆ هەرێمی کردستان دەست نیشان کراوە کەمەو بەش ناکات، بۆیە زۆربەی وەزارەتەکان مەشاریعەکانیان ئەبێ کەم بکەنەوە، ئەبێ کارەکان وەکو پێویست نەتوانن جێ بەجێ بکەن من داوا لە بەڕێزتان دەکەم دوێنێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئیشارەتی پێی دا، لەچوار چێوەی ئەو پێویستی و داوا کاریانەی پەرلەمان کردوویەتی بۆ بودجەی ساڵی 2008، من داوا دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئێمە بەرەسمی داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکەین بودجەی حکومەتی هەرێم زیاد بکات لەو رێژەی 17٪ کەهەیە، یاخود بودجەیەکی ئیزافی بەپەلەبنێرێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەراستی لێرە کاروباری وەزارەتەکان پێ جێ بەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لێرە دوو قسەم هەیە، یەکەم ئەوەیە کە کردم، بەڵام جارێکی تر دەیکەمەوە ئەو راپۆرتە راپۆرتێکی باشە، بەڵام دەبوایە ئەو راپۆرتە روو بە رووی ئەو سێ وەزیرە کرابوایە لەلیژنەکان، نەك لێرە وە جەوابیان بدایەتەوە، دووهەم: بەنیسبەت پرسیاری د. کمال و کاك اخر، کە ئەوە رەئی هەموو لیژنەکەیە و ئیمزایان کردووە، بەڵام ئەو رەئیەی کە خۆی دای نەك کە هاتووە لە راپۆرتەکە، شەرح ئەکات ئەوە رەئیی خۆیەتی، بەڵام راپۆرتەکە هین هەموو لیژتەکەیە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر شێوەی موناقەشە کردن، مەسەلەی بودجە تەخمینیە، حەقیقی نیە، مەفروزە ئەو بودجەیە کە کاری پێ دەکرێت شەش مانگ بەسەریدا چوویایە لیژنەکان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان هەر کەس سەردانی وەزارەتی خۆی دەکات بزانێ چێ جێ بەجێ کردووە لەو بودجەیە، ئەو رەقەمەی هاتووە شەرت نیە وابێت، ئێمە داخیلی وردە کاری بین، وابزانم شتێکی زیادە لەبەر ئەوەی ئەو وردەکاریانە ناکرێت لێرە باس لەوانە بکرێت، بودجەیش تەخمینیەو حەقیقی نیەو، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەراپۆرتەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان من بەحەقیقەت دوور لەو راپۆرتە هەموومان دزانین هەدری ئەموالی عام هەیە لەکوردستاندا، ئەوە حەقیقەتێکە بۆ ئێمە سەرەرای ئەوە کە ئەرکی ئێمەیە چاودێری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دەکەین، بەڵام داوایش دەکەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا دەکەم کە وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەێم چاوێك بەو مەسروفاتە لا بەلایانەو ئەوانەی کە جێ بوجێ ناکرێت و زۆر جار کە ئەدرێتە خەڵك و هەر ئەو خەڵکەیش گلەیی دەکەن لەو حکومەتە، پارەی چاکیان دەدەێتی و دوایش گلەیی دەکەن، نەیان دەیتێ گلەیی دەکەن، کەمیان دەیتێ گلەیی دەکەن، ئەو پارەیە هەموومان دەزانین ئەوەندەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەر ئەوە نیە کە کاك ئارێز باسی کرد، رۆژنامەکان هەر هەمووی باسی گەندەڵی ئەو وەزارەتە دەکەن، زۆرتریش پەرلەمانی کوردستان باسی گەندەڵی ئەو وەزارەتەی پێچایەوە، سەبارەت بە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، من ئەو پرسیارەم هەیە ئایا ئەوەی وەزارەتە تەنها عیلاقاتیە؟ یان لە کێشەکانی ئەو ناوچەیانە دەگوڵێتەوە ولەرێگای ئەو کێشەکانی ئەو ناوچانە چارەسەر دەکرێت؟ هەر شارۆچکەیەك، ئێمە لێرە تەنها بەبۆنەی کاك غفور مەخموری رەنگە تەنها گوێمان لەکێشەکانی مەخمور بێت، بەڵام لە خانەقین تاکو سنجار بەحەقیقەت کیشەیان هەیەو گرفتیان هەیەو زۆر لەو شارانە، یەعنی شارێکی وەکو دوزخورماتوو ئەو هەموو خەباتەی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا ئاوی خواردنەوەی نیە، حەتا مەشروعی ئاوەکەی تەواو نەبووە، ئێستا نیوەی شارەکە ئاوی خواردنەوەی نیە، ئایا ئەرکی ئەم وەزارەتەیە، ئەگەر ئەرکێتی حەقە بودجەکەی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە شێوازی موناقەشەكەیا نەقدم زۆرە، ئەویش ئەوەیە كاتێك كە راپۆرتی لیژنەكان لەگەڵ رێزما بۆ راپۆرتەكانیان، كاتێك دەخوێنرێتەوە كەئەنەهو وەزیری موختەس لێرە دانیشتووەو موحاكەمەی دەكرێت، یان موحاسەبەی دەكرێت، بەڵام بەراستی ئەم راپۆرتانە ئەبوایە پێشتر حەتا پێش هاتنی موازەنەیش، بۆ ئیلا لەكاتی موازەنەدا ئێمە بیرمان بكەویتەوە ئەم خەلەلانە؟ پێش هاتنی موازەنەیش با هەر لیژنەیەك موراقەبەی خۆی بكردایە، مادام ئێمە حكومەت حكومەتی خۆمانە، لەگەڵ حكومەتیشا خۆمان بە موتەكافئ دەزانین، ئەبێ بەهەردوو لا ئێمە موحاوەلە بكەین بۆ ئەوەی گەندەڵییەكان نەهێڵێن و شتەكانی تر چارە سەر بكەین، كەواتە ئێمە هەر یەكێك لە خۆمان لە لیژنەكانمان ئەگەر موراقەبەی ئەو حاڵەتانە بكەین وبچین لەگەڵ وەزیرەكانا قسە بكەین و خەلەلەكانیان پێشان بدەین و نەقدەكانمان بخەینە بەر چاویان، ئەو كاتە ئەوانیش چارەسەری خۆیان دەكەن، ئێمەیش ئەوەی خۆمان ئەمانەوێ تیێ دەگەین، نەك لەگەڵ رێزما هەموو راپۆرتێكمان، هەموو قسەیەكمان، هەموو شتێكمان بۆ ئەو كاتە كۆبكەینەوە یان كە موازەنە دێت یان لە پێش كامیرەدا ئەو قسانە بكەین ودەریخەین كە ئێمە كەسی پاكین و كەسی گەندڵ نین، واللە ئەگەر بێ و حكومەت ناجیح نەبێت زەنبی ئێمەیشی تیدایە، ئەو كاتە ئێمەیش گەندەڵین، ئەگەر نەچیەوە هۆی كێشەكانەوە وبەراستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتەكانا حەلی نەكەین، نەك تەنها لەپێش چاوی كامیرەدا دەریخەین، دوای ئەویش پشت گوێی بخەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ویستم كۆمەڵێك خاڵ باس كەم، بەڵام یەك، دوانی باس كرا، تەنها لەسەر وەزارەتی وەرزش لاوان یەك، دوو كەلیمەیەكم هەیە، بەحەقیقەت وەزارەتی وەرزش لاوان هەرچەند وەزراەتێكی نوێیە وەئەركێكی قورسیشی لەسەر شانە، ئەوە ئێمە ئیبینین رۆژانە لەسایتەكان، لە رۆژنامەكان، لە مقابەلە تەلەفیزیۆنییەكان، لاوانی وڵاتی ئێمە گلەییەكی زۆریان هەیە لەسەر چوونە دەرەوەیان، لەسەر بێكاریان، لەسەر ئەوەی كەخەم خۆریان یەقەی خۆی ناكرێت، بۆیە من لە لای خۆمەوە بودجەی وەزارەتی وەرزش لاوان بەكەم دەزانم و حەقە زیاتر بكرایەت بۆ ئەوەی كە بتوانن كێشەی لاوان و گەنجی وڵاتی ئێمە كەم بكاتەوە، دووهەم بەنیسبەتی ئەوەی راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری بەحەقیقەت هەمان رەئی كاك اخرم هەیە، ئەبوایە ئیشارەت بەخاڵەكان بدرایە كاتێ كە وەرزەكە ئامادە بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. رمضان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لەلیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان دەکەم  بۆ ئەو ماندوو بوون و وردەکاریەیان کە کردوویانە، چونکە بەر چاو روونیەك بوو بۆ ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو کوڕاسەی بودجەیە لەبەر دەستماندا نەبوو، بەراستی هەموو وەزارەتێك و هەموو دامودەزگایەك کۆمەڵێك چالاکی سابتی هەیە کە دیارن، مەفروزە بودجەی تەرخان کراو لەوچالاکیە دیارو بەرچاوکراوانەدا زیاتر بێت لەو شتانەی ناوی چالاکی تر، شتەکانی تر کە هاتوون و نادیارن، ئەوەی کە پێویستیشە پرۆژەی نیشتەجێبوون، پرۆژەی ئیستیسماریمان هەبێ بۆ لاوان لەوە باشترە کە ئەو خەڵکەمان فێری پارە پێدان کردووە و تەمبەڵمان کردوون، وامان لێ کردوون هەر چاوەڕوان بن، بۆیە دەست خۆشیان لی دەکەین وە هیواداریین بۆ دواتریش بەدواداچوونی خۆیان هەبێ و لێکۆڵینەوەی زیاتر و کەمکردنەوەی گەندەڵی کە دەزانین بنەبڕناکرێت، بەڵام بەمەبەستی کەمکردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم خۆشە لەسەر سیاسەتی بودجە هەندێ قسە بکەم و بەڕێزان گوێم لی رابگرن، ئەمشەو برادەرێکم لە هۆڵەنداوە قسەی لەگەڵما کرد کە لە پۆلی پێنجی عیلمی بەیەکەوە بووین، دەست خۆشی لەپەرلەمانی کوردستان کرد، بەراستی باسکردنی ئەو بودجەیە، نەك هەر لەناو هەرێمی کوردستان لەدەرەوەیش دەنگی داوەتەوە، من نازانم بۆچی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بەپەلەن لەپەسەند کردنی بودجە؟ ئێمە چەند قسە لەسەر بودجە بکەین خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین، پێمی راگەیاند وتی لەهۆڵەندا هەموو سێهەم سێ شەممەی مانگی نۆ، لەساڵی 2006، 9/16 کردووە، ساڵی 2007، 9/18 کردووە بودجە بێتە ناو پەرلەمانی هۆلەندا، سەدو دوو رۆژ، سەدو سێ رۆژ موناقەشەی لەسەر دەکرێت، ئەگەر نەیشیان توانی پەرلەمان لەو سەدو چەند رۆژە بودجە پەسەند بکەن، ئەوە وەزیری دارایی، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چوار لەسەر دوازدە، کە دەکات یەك لەسەر سێ، بودجەی هۆڵەندا سەرف بکات بۆ هەموو وەزارەتەکان تا ئەو کاتی کە پەسەندی بودجەکەیان دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن، ئیمە ئەوە هەمووی شەش دانیشتنە، بۆچی راپۆرتێك وردەکاری تێدابیت بێ ئەوەی بزانین وردەکاریەکان تەواون یان نا تەواون یەکسەر چەند ئەندام پەرلەمانێکمان هەڵدەسین و دەڵێین ئەوە وانیە، ئەوە هێرش کردنە، بەڕێزان خۆ ئێمە ئەگەر لە وەزارەتێك گەندەڵی هەبێت بەحکومەتی رابگەیەنین، ئێمە خزمەتی حکومەت و خزمەتی میللەتەکەمان دەکەین، خۆ ئەگەر حکومەت بڕۆخی ئێمەش دەڕۆخێین، کە واتا ئەوانەی بەدوادا چوونی تەواو دەکەن موخڵیسی ئەم وڵاتەن و موخڵیسی حکومەتەن، وەئێمە وەکو ئەندام

پەرلەمانی کوردستان، ئەوانەی کە لەدارایيا شارەزاییان هەیە، ئەوانەی کە بەدواداچوونیان هەیە، چەند وردەکاری بکەین، بەڵام بەدوادا چوونەکەمان لەپێناوی رۆخاندن نەبێت، بەدواداچوونەکەمان بۆ ئەوە بێت بودجەی هەرێمی کوردستانی پێ دەوڵەمەند بێت ئەوە شتیکی زۆر باشە، من لێرەوە سوپاسی ئەو برادەرەی خۆم دەکەم لەهۆڵەندا کە ئەو زانیارانەی پێ راگەیاندم، کە ئەویش خالید رەزایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

والله کاك زرار منیش لەشوێنێکا ئەو شتەم خویندوەتەوە، بەڵام هەر وڵاتێك ئەزموونی خۆی هەیە، تەجروبەی خۆی هەیە، ئەگەر کوردستانیش ئیستقراری خۆی هەبێت، سەرچاوەی خۆی هەبێت، دەتوانین، ئەگەر موستەقر بێن و دەوڵەت بین، لەمانگی شەشیش بودجەی دووساڵیش موناقەشە بکەی، زۆر موشکیلە نیە تۆ خوتەیەکە دایدەنەیت، مەعاشەکانت دیارە، میلاکاتت دیارە، پرۆژەکانت کە دای دەنەیت دیارە، بەڵام ئێمە خۆمان دەزانین لەعێراقدا وەزنمان چۆنە، لەبەر ئەوە تەجروبەی خۆمان تەنها خۆمان لێی تێدەگەین، لەبەر رۆشنایی دونیا ناتوانین تەجروبەی دونیا بێنین، زۆر جار مەقالێك دەنووسرێت دەڵێت لەپەرلەمانی سویدی وایە، بۆ ئێوە وانین؟ یەکێکی تر دێت دەنووسێت ئەڵمانیا وایە بۆ ئیوە وانین؟ یەکێکی تر دێت دەنووسێت هۆڵەندا وایە بۆ ئیوە وانین؟ ئێمە حەزئەکەین ئیستیفادە لە هەر وڵاتێك بکەین، بەڵام ناتوانین باز بدەین لەسەر واقیعی خۆمان، واقیعی خۆمان تەجروبەیەکی تایبەتە، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزشی لاوان لەو پەرلەمانە کە یاساکانیان دەرهات بەشێکی گرنگیان تەرخان کرابوو لەئامانجەکانیان کە هوشیارکردەوە بێت، بەڵام ئێمە تێبینی دەکەین بارودوخێکی زۆر سەخت هەیە لەکوردستان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کێشەی ژنان کەپێویستی بە هوشیار کردنەوەیەکی زۆر هەیە، من وا دەبینم کە جێدەستی ئەو وەزارەتە دەرهەقی هوشیار کردنەوەی ئەو توێژە کە کەم و کوڕی تێدایە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە هەم ئەو دوو وەزارەتە لەلایەکی کەوە لەبودجەی تەکمیلی هەرێمی کوردستان بڕێکی دیاری کراو تەرخان بکرێت بۆ مەسەلەی ژنان، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ژنان وەزارەتی تایبەتی خۆیان نیە، وەزارەتی هەرێمیان هەیە بۆ کاروباری ژنان، بەڵام بەداخەوە ئەگەر وەزارەتیان هەبوایە لەوانەیە بودجەیەکی زیاتر بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکرایە، لەبەر ئەوە من لێرە بە پێویستی دەزانم کە گرنگی زیاتر بەو بوارە بدرێت، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەم، پشتیوانی لە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندێیەکان دەکەین بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە باس لە بەفیڕۆدانی پارەو بودجەی وەزارەتەکە دەکرێت لە ئاهەنگ وفیستیڤاڵ، ئێمە ناتوانین بڵێین گرنگنین ئەوانە، بەڵام پێویستی بە چاو بەسەرخشاندنەوە هەیە، هیوا خوازبووم کە زۆربەی راپۆرتەکانی ئەو وەزارەتانە بەو شێوە

وردەكاری تێدابوایەو زۆر ئاساییە كە پەرلـەمان بەدواداچوونی هـەبێ بـەدوای بودجـەی وەزراەتـەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر خليل سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەز خۆم ئەندامێكی لیژنەی رۆشنبیریمە وكەیفامن گەلەك دهێت كە كاك ئارێز خۆ ماندوكر پێ ژمارە چ و پێ بابەتا چ، بەس بیرا  من هات تە ئیمزا نەكردیە وەكو دوو نامـە وی فەرقـە، ئـەو پێـت گـەڕێت و دڤێـت زانیاریا كۆمكەتن، وە ئەم ژی لگەل بـەس هـەر تشـتەكی، ئاخڤتنـەكی وەختـی خـۆی هـەی، سـێ وەزارەتێـت گرنـگ، وەزارەتە روشنبیریە، كە چەند سەنتەرێت روشنبیری وسنتەرێت رێكخراوی سڤیل پێڤەت گرێداینـە ،وەزارەتا وەرزش ولاوانا كەرتی لاوان كە پاشا رۆژا میللەتی مە  بـو وان رێگردایـە، لەسـەر سـنگێ وا نگرێـدا پشتەڤانی لێ بكەین، یادی وەزارەتێ سێ وەزارەتا  دەڤەرێت  ڤەقەتیایە ژ هەرێمێ كوردسـتانێ، ئەگـەر ئـەم بودجایا بڕین پرسیارمن بۆ جەنابێ وەزیرێ پلاندانان هەیە ئەرێ ئـەركی ئـەو وەزارەتـە تـەنێ هـەر ئـەوە دوا چـــوونا مـــاددا 140 یـــان ژی وەك حكومـــەتا تـــەنگا ڤیایـــە گـــەل حكومـــەتا هـــەرێما كوردســـتانێ كوخزمـــەتگوزاریا زۆر فـەروپێتڤیت بكگهیتـە وان دەڤـەرێت پشـتا ڤەقـەتیای ژ كوردسـتانێ، ئەگـەر وەك حكومەتا تەنگاڤیایە بو دجیای گەلەكا كێمـە، دێینـە سـەر خـالا خـۆ وەك لێـژنا رۆشـنبیری، ئـەم گـەل كـاك ئارێزن بس وەكی جەنابێ تە، ئەركێ مە وەك ئەنـدامی پەرلـەمانی دیـارە، دوو چونا بچینە وەزارەتـا گـەل وان روویـــنین وەزارەتـــا پەیوەندیـــدار پـــەروەردە، گـــەل وەزارەتـــا رۆشـــنبیری روونـــین گـــەل وەزارەتـــا خـــۆ نەدانووسانا جیان بین ڤان كێماسیا، گەل وان پرسـیار بكـەین پرسـیارێت ڕەوانـە، لینـە جێـوان هـیرە بـوون، دەبوایـە گـەل وا رێـنین، ئەگـەر دەنـگ مەڤـە نـەهاتن ئـەم ژی سـەرۆكاتیا پەرلـەمانێ داخـواز كـەین، بـژین وەزیری وەرزش ولاوان بلا بهێتە پەرلـەمانی، بومـە دەعـوەت بكەنـە پەرلـەمانی، وەزیـری رۆشـنبیری بومـە دەعوەت كەنە پەرلـەمانی، مەگەلـەك پرسـیار ژی هەینـە ئـەم ڤـی رەنگـی ئـەڤ  راپۆرتـە ئیمـزا نـەكر ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیا من هەر لەپێشتر راو بۆچوونی خۆم لەبارەی بودجە وتووە، بەڵام ئیتر ناچارین قسە بكەین، ئاماژە بە ئەركی پەرلەمانتار كرا، ئەركی پەرلەمانتار ئەوەیە لەسەر ئەم قەزیانە قسـە بكـات، ئـەركی پەرلـەمانتار كادیرێكی حیزبی نیە، ئەوەی لەسەرۆكی بەسەریا ئیملا دەكریت جێ بەجێ بكرێت، من دەست خۆشی لـەو

راپۆرته دهكهم، وابزانم له زۆربهی ئهو راپۆرتانهی كهپێشتر گوێبیستی بووین وردتر بوو، ههرچهند شهرح و بۆچوونی خۆیشی ههیه، مافی خۆیهتی دهری ببڕێت، سێههم من لێره گرفتهكه لهوه ئهبێنم بهڕێز سهرۆكی پهرلهمان بۆیه ئهم راپۆرتانه لهوانهیه بۆ ئێمه موستهفیز بێت، چونكه قهراره ئێمه سهلاحیهتی دهست كاریكردنی ئهو رێژانهمانه نیێه كه دیاری كراوه، بهلاّم له ئهسلا پێویست بوو ئهوه وهكو موفتهرحێكی وهزارهتی دارایی بێته بهردهستی پهرلهمان بڵی خهملێنراوی بۆدجهی فلان وهزارهت ئهوهیه پهرلهمان رای چیه؟ لیژنهكان قسهی لهسهر بكهن، لهسهر ئهنجامی ئهوه بریاری لهسهر بدرێت، بهلاّم ئێوه ئێستا بڕیارتان داوه، ئێمه لهبازنهیهكی داخراوا موناقهشهمان پێ دهكهن و دوایی دهچێته سهر ئهوهی كهبڕیار دراوه، بۆیه لێره مهسهلهن راپۆرتی لیژنهكان هیچ واتایهكی نامێنیت.

بهڕێز سهرۆكی ئهنجومهن، جهنابتان به گوێرهی یاسای موتهبع لهپهڕلهمانا، ههر چهند پهرلهمانتارێك داوای كرد پێویسته بخرێته بهر باسهوهو دهنگی بۆ وهربگیرێت، ئێمه چهند پهرلهمانتارێك داوای ئهوهمان كردووه كه پێویسته وهزیری پهیوهندی دار له ههندێ ولاّتا سهرۆكی حومهتهكه دێت، جێگرهكهی دێت، ئێمه نامانهوی ئهم یاسایه تێپهڕێنین، ئهمانهوێ بیكهیهنه ویستگهیهك له بابهتی بودجه دهست بخهینه سهر ههندێ بواری گهندهڵی، رێگه له گهندهڵی بگرین، گهوره ترین مهترسی لهبهردهم كێشهكانی ولاّتانا تهنها گهندهڵیه، زۆر سوپاس.

**بهڕێز سهرۆكی ئهنجومهن:**

كاك هیوا دوێنێ شهرحمان كرد لهنیزامی داخیلیماندا نیه ههموو وهزیرهكان حازر بن لێره، تهنها وهزیری دارایی و ئابووریه، بهلاّم ههر تیكرار دهكهیتهوه، من جارێكی تر تهئكید دهكهمهوه و تهماشای نیزامی داخیلی خۆمان دهكهم، ئهوهتا نووسراوه موازهنه دێته پهرلهمان بیدایهتی تشرینی یهكهم، پێش كۆتایی ساڵ، ئهوه یهك، دوو: موازهنه دهدرێته لیژنهی مالی و ئیقتیسادی وه مهشروعی قانونی موازهنهی عامه، مادهیهكی تر دهڵیت لیژنهی مالی راپۆرتی خۆی دهنووسێت دهربارهی موازهنه و لهماوهی سی روژدا لهو رۆژهی كهبۆی دێت، مادهی دواتر دهڵێت بۆ ههر لیژنهیهك ههیه مولاحهزاتی خۆی لهسهر ئهو بهشهی كه پهیوهندیداره پێی بدات وهكو ئێستا دهیكهین كه ئیختیساسی خۆیهتی بۆ ئهوهی بیداته لیژنهی دارایی، بهلاّم ئێمه وتمان و دوێنێیش شهرحمان كرد بۆ چێ ئهوه نهكراوه لهبهر ئهوهی گۆڕانكاری بهسهردا هات، لهبهر ئهوهی میزانیهی تهكمیلی هات، راپۆرتیان نووسیبوو، فریا نهدهكهوتین راوهستین جارێكی تر بیست رۆژی تر جارێكی كه كۆبووینهوه، خستمانه ئێره، ئهوه پشتگیری داواكاریهكهی تۆ زیاتر دهكات، لهجیاتی ئهو ههموو تهفسیلاته لهلیژنهكه باس بكهن، بێن لێره بڵێن بێ موناقهشه بڕوات، ئێمه تهفسیلاتمان لێره داوه ولێره موناقهشه كراوه، بهلاّم تهنها ئهو داوا كاریهت كه وهزیر بێته ئێره، شتی وا نیه، كاك غفور فهرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئامادە بوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکان، بەراستی بەرەئیی منیش ئیجاب ناکات ئامادە بن لەبەر ئەوەی وەزیری پلاندانان لێرە وجودی هەیە و ئامادەیە لە دانیشتنەکە و لیژنە تایبەت مەندەکانیش هەموویان ئامادەن، ئەو لیژنە تایبەتمەندانەی پەرلەمان دەبێت ئەو سەرنج و پێشنیارانە کۆ بکەنەوە بۆ بەدواداچوونی ئیشوکارەکانی خۆیان وسەرۆکایەتی ئاکاداربکەنەوە کە ئەو نیقاشانە کراوە بە داوکاری پەرلەمانتاران بووە، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارانە، ئەوە وەکو تێبینیەك، بۆ ئیشەکانی تریش من دێمەوە سەر مەنتقەی مەخمور جارێکی تر بەراستی لەبەر ئەوەی ئەو مەنتقەیە زۆر زۆر مەغدورە، بەنیسبەت وەزارەتی رۆشنبیری من پێشنیار دەکەم هەرچەند من هەقم لە کەمی و زۆری بودجەکە نیە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی راپۆرتەکەی خوێندەوە لەراپۆرتی وەزارەتی دارایی هەموو شتەکانی خستەڕوو و ئەو بودجەیش کە دانراوە بۆ وەزارەتەکان، تەنها من ئەوە دەخەمە روو کە ئەو ئەولەویاتانە هەیە، ئەو کارانە هەیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت، مەسەلەن لە مەخمور تا ئێستاکە هۆڵێك نیە بۆ کۆڕو کۆبوونەوەکان، بۆ چالاکی هونەری، بۆ چالاکی رۆشنبیری، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەبودجەی وەزارەتی رۆشنبیری بڕیك تەرخان بکرێت، کۆمەڵگایەکی هونەری بەهۆڵێکی گەورەی هونەری و رۆشنبیریشەوە لەمەخمور درەست بکرێت و، لەهەمان کاتدا لە ساڵی 1991 وە کتیبخانەی گشتی لەمەخمور نەماوە، لەکاتی راپەڕین دوای ئەوەی کە بەرەی کوردستانی لە ناوچەکە نەما، حکومەتی عێراقی رووخاو هاتەوە ناوچەکە، کتیبخانەی تاڵان کرد، زۆر بەی دەزگاگانی تری مەخموریشیان تاڵان کرد، تا ئێستاش کتیبخانە دانەمەزراوەتەوە، بۆیە پێویستی بە دامەزراندنی کتیبخانەی گشتیە لەمەخمور، بەنیسبەت وەزارەتی وەرزش ولاوانیش، من داوا کارم یاریگایەکی مۆدێرنی وەرزشی لەو شارە دروستبکرێت وە لەهەمان کاتدا مەلەوانگایەکی هەبێت، چونکە کە لەو روانگەیەیش و هیچی بۆ نەکراوە لەو رووەوە، بەنیسبەت وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانیش بەراستی ئەو بودجەیەی کە بۆی ترخان کراوە هەقە هەندێك پرۆژەی ئەگەر کاتیش بێت بەتایبەت بۆ گوندەکان لەو بڕە پارەی ئەو وەزارەتە تەرخان بکرێت و ئیهتیمامی تەواو بەو ناوچانە بدرێت، لەبەر ئەوەی وەك وتم من مەخمور وەکو شوێنێکی کوردستان و هەر پەرلەمانتارێکیش ئەلێرە کە خەڵکی شوێنێکە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین هەر کەس گرفتەکانی ناوچەکەی خۆی بخاتە روو، بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری و بەدوای دابینکردنی پێداویستەکانیانە بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزەکەم ئەم شتانە ئیجابی وەربگرن، واللە من دیفاع لە پەرلەمان و مەوقیعی پەرلەمان و سومعەتی پەرلەمانتاران دەکەم، جۆریك ناعەدالەتی دەبینم لەشێوازی خیتابەکەدا، ئێمە هەڵدەسین جەنابتان لائیحە ئێمە دەرئەهێنن، بەگوێرەی لائیحە پەیوەستم دەکەن، سوپاست دەکەم، من ئەبێ ملکەچی لائیحە بم، بەڵام لەدنیا نیە با ئێمە لیژنەیەکی تەحکیمی بێنین بۆ باسی ئەم بودجە لەکوێی دنیایە بودجەیەك هاتبێ قەراری موسبەقی لەسەر درابێت، لەبەر ئەوە هەموو شتەکان پۆچەڵ دەبێت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم مەوزوعە با لیژنەیەك بێت لەبودجە شارەزایی هەبێت، قەرارێکی موسبەق بێتە پەرلەمانەوە بڵێت پەرلەمانتاران موناقەشەی بکەن، هەر ئەبێ ئەوەیش بێت، کابرا وەتەنی ئەخۆی کەروێشك هەر کەرویشکمان هەیە، ناخۆی کەروێشك هەر کەروێشك هەیە، لەبەر ئەوە من ئیعتیراز ئەکەم لەسەر ئەم شێوازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ حەقی خۆتە ئیعتیراز بکەی، حەقی خۆتە دەنگیش نەدەی، ئەوە حەقێکی تەبیعیە، وەکو ماڤێکی ئەندام پەرلەمان بۆت هەیە رەئی خۆت بڵێیت، بۆت هەیە ئیعتیراز بگریت، بۆت هەیە دژی بێت، بۆت هەیە تەئییدیشی بکەی، بەڵام بۆشت نیە تۆ رەئێکت هەیە بتەوێ رەئیەکەت فەرز بکەی لەسەرمان، تاکو ئێستا کە هیچ ئەندامێکی پەرلەمان تەئیدی جەنابتی نەکرد بۆ ئەوەی تەئجیل بکرێت، ئەگەر ئێستاش کەسێك هەیە لەئەندامانی پەرلەمان تەئیدی ئەوە دەکات بودجە تەئجیل بکرێت، وەزیر بە وەزیر بانگی بکەن با دوو کەس قسە بکات، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگ دانەوە، ئێمە چوار، پێنج رۆژە موناقەشەی دەکەین، تەنها جەنابت وا دەڵێیت، لەبەر ئەوە ناتوانم تەنها لەبەر جەنابت، ئەگەر دوو، سێ کەس بڵێت دەبێتە موناقەشە، کەسێك تەئییدی نەکرد بڵێت واللە ئێمە دەمانەوێ وەزیری تایبەتمەند بێت، با دوا بکەوین و با موناقەشەی نەکەین، دواییش زوڵمێکی گەورە دەکەی لەئێمە، ئێمە لەبەر رۆشنایی داوا کاری ئێوە کۆمەڵێك قەرارمان دا لەسەر قانونەکە، کۆمەڵێك قەراراتی باشمان دا لەبەرژەوەندی گەلدابوو، سولفەی عەقارە، چاکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانە، چاکردنی مووچەی خانەنیشینە، رووبەرروونەوەی وشکە ساڵیە، راپۆرت تەقدیم کردنی وەزارەتی دارایی شەش مانگ جارێکە، کۆمەڵێك شتی ترە، یەعنی ئێمە باسمان کردووە، پێشتریش سوڵتەی داد وەری میزانتیە تایبەتی خۆی هەبێت، ئەمانە هەمووی تۆ کەئەنەهو هیچ نەکراوە، هەموو جار تۆ بەتاقی تەنها ئەوە دوو جارە، سێ جارە ئەتەوێ رەئیەکەت فەرز بکەیتە سەر ئێمە، واللە ئەوە زۆر زوڵمە لەسەر ئێمە دەیکەیت، کاك فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبداللە نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایەی شێوازی موناقەشەکەمان دۆێنێیش عەرزم کرد لەناو ئەو جەلسەیە زۆر بەتێکەڵی ئەیبینم، جارێ من وا تەسەور ئەکەم لە هەندێ موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کەئەنەما ئێمە پەرلەمانێکی موعارەزەین، ئەو حکومەتەی کە ئێمە هەمانە پێك هاتووە لەو پێکهاتانەی ناو پەرلەمانا، حەقە ئێمە هەر هەموومان ئەگەر گەندەڵیمان هەیە، بەحەقیقەت هەمانە، بەڵام گەندەڵیەکی عام هەیە،

با ئەو گەندەڵیانە پەنجەی بخەینە سەر، نەك بەشێوازی موناقەشە لەدونیادا دەنگ بداتەوە لەساڵحی ئێمە نیە، پێم وایە شێوازەکە بگۆڕین باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە لەسەر سەرۆکایەتی، بیزات جەنابت، یەعنی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و ئەعراف پەرلەمانی، ئەندامانی پەرلەمان کە داوای گفتوگۆ دەکەن ناویان دەنووسرێت، پاش ناو نووسین حەق نیە جارێکی تر مەجال بدرێت، یەعنی من مولاحەزەم کردووە ئەندام بەرلەمانەکانمان لەسەر یەك بابەت دوو، سێ جار قسە ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

والله ئەم جارە بوو کاك هیوا بۆ، ئەویش لەبەر ئەوەی تیکراری داواکەی دەکات و ئیلحاح دەکات بۆ ئەوەی لای هەمووتان روون بێت، ئەو ئیلحاح کردنە فەقەت هین ئەو بووە، کەسێکی تری ئەندام پەرلەمان تەئکیدی لەسەر قسە کانی ئەو نەکردۆتەوە، مەجبور بووم روو بەرووی بەکەمەوە و قسەیشی بدەمێ، قسەیش بکات، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند بەناوی نوقتەی نیزامیەوە کاك فتاح هەندێ لەقسەکانمی روون کردەوە، من ئەمەوێ روون کردنەوەیەك بدەم، ئێمە هەموومان ئەم حکومەتەمان دروست کردووە، حکومەت حکومەتی لایەك نیە، حکومەتی هەموومانە، بە هێزکردنی ئەرکی هەمووومانە، یەعنی ئەوە نیە یەکێك خۆی بکات بە مودافیعی حکومەت و یەکێك موعارەزە بێت، هەمووومان شەریکین لەو حکومەتەدا کە رەخنەیشی لێ دەگرین بۆ ئەوە نیە بیڕووخێنین یان خوا نە خواسە ئیسائەی پێبکەین، بۆ ئەوەیە بەهێزی بکەین، یەعنی ئەم موناقەشانە لەمەسڵەحەتی حکومەتدایە، ئەگەر حکومەت ئیشی باش بکات و خەڵك لێی رازی بێت لەمەسڵەحەتی حکومەت و ئێمەدایە، ئێمە بۆ ئەوە موناقەشە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر کەم و کورتیەك هەیە ئەم حکومەتە بەهێزبێ و خەڵك لێی رازی بێت، ئێمە لەموناقەشەکانی حەفتەی پێشووومان بەسوپاسەوە حکومەت و وەزارەتی دارایی وبرای وەزیری هەرێم بۆکاروباری دارایی و وەزیری پلاندانان بەئێشەکانیانەوە چوونەتەوە وکۆمەڵێ دەست کەوتی زۆر گرنگیان پێشکەش کردووە وهەمووی لەسەر پێشنیارو داواکاری ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی بووە، کە ئەمە دەست کەوتێکە ئێمە کردوومانە، پەرلەمان کردوویەتی بۆ ئەوەی حکومەت پێی بەهێز بێت، خەڵك لێی رازی بێت، ئەبێت ئێمە بەو روحیەتە ئەم رەخنانە قەبوڵ بکەین، ئێمە ئەمانەوێ حکومەت لەئاستی داواکاری وپێشنیارەکانی خەڵکدا بێت، ناکرێت ئێمە ئەگەر قسە

بکەین بۆ ئەوە بێت بیرووخێنین، وەکو باسم کرد ئێمە هەمووومان شەریکین لەو حکومەتە، ئەم مەسەلەیە کە هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری، من پێم وایە لە زۆر وەزارەتی تریش وایە، یەعنی تەسەور ئەکەم وابێت ئەمە وەکو ئیشارەتی پێدرا ئەمە بەهەدەربردنی ئەو بودجەیە، ئەو بودجە زۆرەیە کە دێتە هەرێمی ئێمە، کە لە بودجەی زۆر وڵاتانی دەرهاوسێ زۆر ترە، کە بە داخەوە لەبەر بەهەدەربردنی بەم شێوە لەهەندێ لە وەزارەتەکانا ناتوانین کێشەی ئاوەڕوو و کێشەی ئاو و کێشەی سووتەمەنی پێ چارەسەر بکەین، کە ئەکرێت پێی بکەین ئەگەر بەم شێوەیە هەدەرنەبرێت، راستە ئەمە، ئەم مەسەلەیە وارۆیشتەوە، رەنگە ئەمە پێویستی بەوە هەبێت ئالیەتێکی تازە بدوزینەوە پێویستی بەوە بێت ئەو پەیڕەوەی خۆمان بگۆڕین، پێویستی بە شتێکی کە هەیە کە ئێمە لەساڵی داهاتوودا کەوەزیری پەیوەندیدار لەگەڵ وەزارەتی دارایی دائەنیشێ لیژنەی پەرلەمانیش دابنیشی، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە پارەی بودجە بەهەدەر نەدرێت، بۆیە ئەبێت ئالیەتێکی تازە بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەك بودجەکەمان رێك بخەین، شەرت نیە هەر وەزارەتێك داوای بودجەی زۆری کرد بۆی دابنرێت، وەك هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد هەموو لیژنەیەك بڵێت پێویستە بودجەی ئەم وەزارەتە زیاد بکرێت، بۆی زیا بکرێت، ئەبێت هەندێکی کەم کەینەوە هین وەزارەتی کارباو هین شارەوانی و پەروەردەی پێ زیاد کەین، یەعنی ئالیەتێك بدۆزینەوە ئەمە رێك خەین، ئەم تەوسیاتانە من تەئکیدم 100٪ ساڵێکی کە حکومەت بەرچاوی ئەگرێت، جارێکی کە بودجەکە بەشێوەیەکی باشتر دائەریژێتەوە کە لەئاستی داوا کاریەکانی خەڵکدا ئەبێت، بۆیە وا پێویستە بودجەی ئەمساڵ لەمانگی یازدە بێت، بۆ ئەوەی ئێمە باشتر لەسەری دابنیشین، لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان ولەگەڵ وەزارەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی ئەو کاتە ئەبێتە یەك وەزارەت، یەعنی یەك وەزارەتی داراییمان دەبێت موناقەشەی بکەن بەشێوەیەك ئەو داواکاری و پێشنیارەی کۆمەڵانی خەڵك روون بکاتەوە کەبەبەهێزکردنی حکومەت و ئێمەیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکانت بەجێیە، ئێستا ئێمە سێ ساڵمان بەسەردا چووە، هەمووومان ئەزموونمان زیاترە، خیبرەمان وەرگرتووە، پەیڕەوی ناوخۆشمان پڕۆژەیەکمان هەیە بۆ هەموارکردنی، چ موقتەرحێکتان هەبو لە چەند حەفتەی داهاتوو دەیخەینە بەردەمتان و ئەگەر موافەقەتان کرد بەپێی ئەو پەیڕەوە دەڕۆین، بەڵام ئێستا ناتوانین لێی جیاببینەوە. کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر چاودێرێکی شارەزا لەزانستی بودجە تەماشاکات، تەماشای بودجەی هەرێمی کوردستان کات، ناهاوسەنگیەکی تیدا ئەبینێت، ئێمە بودجە لەکوردستان دیاری دەکەین کە لە جەلەساتەکانی رابردووی پەرلەمان و بەردەوام لە زەینێ هەر یەك لە ئەندامانی پەرلەمان باس لە ناوچەی گەرمیان و هەڵەبجەی شەهیدو باقی ئەو ناوچانەی تەواو وێران بوون و کارەساتی گەورەیان تێدا رووی داوە، لەوەدوا ئەگەر

زانستێەکی شارەزا لە بودجە تەماشاکات ناهاوسەنگی لەوەدا دەبێنێت، جا من پرسیارەکەم لێرە دایە، مەسەلەن ناکرێت و ئینکاریش ناکرێت کە ئەهمیەت و گەورەیی وەزارەتی رۆشنبیری ودەورو رۆڵی لەخزمەت کردندا، بەڵام ئەو بودجەیەی کەبۆی دیاری کراوە (56974) پەنجاو شەش ملیارو نۆ سەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار، کە لە 1,2٪ دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن دابینکراوە (62095) شەست و دوو ملیارو نەوەت و پێنج ملیۆن دینار کە دەکات لە 1,38 ٪، تەقریبەن شەش ملیاری فەرقە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە بودجەی ئەم ساڵ ناهاوسەنگییەکەی لەوەدایە ئەولەویەتی تێدا دیاری نەکراوە، ئەولەویەت لەوە دیاری نەکراوە مەسەلەن وەزارەتێکی وەکو ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێ کردن ئێستا هەزاران خەڵکی کوردستان وشوێنە وێران کراوەکان، مەسەلەن خەون و خەیاڵی خۆیان بەستوەتەوە دیاری کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو وەزاراتانەی کەوا بودجەیان بۆ دیاری دەکرێت، ئایە لێرەدا نەبوونی ئەو لەویەت مەسەلەن وەختی کەدیاری دەکرێت، یەعنی وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە شەش ملیاری تەقریبەن فەرقە، ئایا ئەوە ناهاوسەنگی نیە و نەبوونی ئەو ئەولەویەتە نابێ وەزارەتی دارایی بەلایەنی کەمەوە بۆ ساڵی ئاینده بەئەهمیەتی لەبەرچاو بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو ئاگادارن کەوا هەمیشە موداخەلەکانم زۆر کورتە، بەڵام هیوادرام ئەمڕۆ تۆزێك رێگەم پێبدەن کەوا هەندێك رووناکی بخەمە سەر ئەو خاڵەی کەوا ئەمڕۆ زۆر باسی لەسەر کرا بۆ شێوەی تاوتوێ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، لە هەموو ولاتانی دیموکراتیدا لەکاتی هەڵبژاردنا ئەو حیزب و کۆمەڵگایانە، ئەو گروپانەی کەوا بەشداری لەهەڵبژاردن ئەکەن، کۆمەڵێك کەوا هەوڵبدەن کە ئەو خەڵکە قەناعەت بکەن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەن، لە ئاکامی هەڵبژاردندا ئەو حیزبەی یان ئەو حیزبانەی کەوا بەشی زۆری دەنگەکان بەدەست دێنن لەناو پەرلەماندا داوایان لێ دەکرێت کەوا کابینەی نوێ دروست بکرێت، حکومەتیش ناچار دەبێت کەوا پڕۆگرامێك بخاتە بەردەست، واتا بەرنامەی کارکردنی لەو ماوەی کەوا لەسەر کاردا ئەبێت، ئەو بەرنامەیە چۆن جێ بەجێ دەکرێت لەرێگەی بودجەوە، هەر وەکو لە 23ی ئەم مانگەدا ئەلێرەدا وتم پڕۆسەی تاوتوێی بودجە بەقەت پڕۆسەی متمانەدان بە حکومەت گرنگە، چونکە هەموو ساڵێك کەوا بودجەی ئەو حکومەتە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەبێت بتوانن لەهەموو رووەکان بپێچنەوە، ئەو حکومەتە لەو بەرنامە چی جێبەجێ کردووە، چی جێبەجێ نەکردوە، وهۆیەکانی چیە هەتا پێکەوە بە هاوکاری یەکەوە بتوانن ئیشەکانیان جێ بەجێبکەن، کاك زرارو جەنابتیش ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کەوا لەهۆڵەنداوە وای وتوە، پێویست ناکات بچی

بۆ هۆڵەندا، بەڵام لەسەر دەمی حکومەتی پاشایەتیدا پێش ساڵی 1958 من خوێندکاربوم لە کۆلێژی حقوق لە بەغدا، تەنها کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە ئەوانەی پێیان دەوترا موافچ، قەت قسەیان نە دەکرد، چەند ئەندام پەرلەمانێك بە دوورو درێژی چەند رۆژێك راو بۆچوونی خۆیان دەخستە بەردەستی پەرلەمان ورۆژی دووهەم ئێمە خوێندکاربووین ئەچووین رۆژنامەکانمان دەکڕی تاکو بۆچوونەکانی ئەوان بخوێنینەوە، چونکە سوودمان لێ وەرئەگرت، کەسانی شارەزابوون وەکو صادق بسام، حسن عبدالرحمن، عبدالرحمن جلیلی و زۆر کەسانی تریش، پێویست ناکات درێژی بەوە بدەم، ئێستا لێرە دا باس لە بودجەی وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکان کراوە، کە کەمترین پارەی بۆ تەرخان کراوە، وابزانم هۆی ئەوە دوو شتە، یەکەمیان: ئەوەیە کەوا ئەم وەزارەتە چەند ساڵێکە دروست کراوە، دووهەمیش ئەوەیە کە وا پێویست بوو ئەم وەزارەتە لەجیاتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەو پارانەی کەوا تەرخان دەکرێت بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بدرێت بەو وەزارەتە ئەو سەرفی بکات بەهاوکاری لەگەڵ ئیدارەکانی ئەو ناوچەدا، بەداخەوە لەپاش رزگارکردنی کوردستان لەرێگای حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە ئەو پارە لەو ناوچانە سەرف کراوە، بەڵام بۆ مەبەستی حیزبایەتی تەسك، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو پارەی لەرێگای حیزبەکانەوە تەرخان دەکرێت لەو ناوچانە و کارێکی زۆر زۆر پێویستە دەبێت لەرێگای ئەو وەزارەتەوە سەرف بکرێت بۆهاوکاری کردن تاکو بزانن داواکاریەکانی ئەو ناوچانە چیە، هەتاکو ئەو سەرفی بکات، چونکە سەرف کردنی ئەو پارەیە لەرێگای حیزبەکانەوە ئاکامی خراپی لێ بوەتەوە، یەکێك لەوانە بوونی دوو دەزگای پەروەردە، یەکێك لەوانە بوونی دوو دەزگای پاراستن و هەر وەها ئەوەیش ئاکامی خراپێ لێ بوەتەوە و، تکا کارم کەوا بیرلەوە بکرێتەوە، ئەوە وەزارەتە، وەزارەتێکی رەسمیە تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە لەپاڵ جێ بەجێ کردنی مادەی 140 پێویستە هەر هاوکاریەك بەو ناوچانە دەکرێت لەرێگەی ئەو وەزارەتە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیوادرام ئەم جارە لێمان رازی بێت کاك دکتۆر بۆ وەختەکە.

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەو موداخەلاتانەو موناقەشاتانەی کە دەکرێت ئەوە چەند رۆژە لەسەر بودجە، ئێمە ئەبێ هەردوو بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانانیش تێبگەن کە بۆشاییەك و خەلەلێکی زۆر گەورە هەیە لەو پڕکردنەوەی ئەو فۆرمانەی کە هەیە، کە پێی ئەوترێ بۆ بودجەی تەشغیلی، یەعنی بابی وای هەیە من دەست خۆشی لە لیژنەی رۆشنبیری دەکەم، یەعنی ئێمە هەمووومان بینیومانە وابزانم منیش ئاماژەم پێی دا، حەقە ئیتر بیر بکەنەوە لەوەی ساڵی داهاتووا فۆرمەکە بەشێوازێکی کەبێت، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەم: لە دابین کردنی میزانیە و جێگیرکردنی میزانیە، مەفروزە ئاگادارمان کەنەوە وەکو پەرلەمانتار

بۆ ئەوەی ئێمەیش لەگەڵ ئەو وەزارەتانەیا دابنیشین بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە بەداخەوە من سەیرم لێی دێت زۆر لەو بەڕێزانەی، ئەندام پەرلەمانەی داوا لەوە دەکەن با داوا بکەین لە حکومەت، دەبا بەشەکەمان زیاد بکرێت، لەسەدا حەڤدەکە بازیاد بکرێت، بەشتی عاتفی نابێت، نابێت ئێمە بەشێوازێکی عاتفی بیربکەینەوە، ئەم بودجەیە کە ئەمڕۆ هاتوەتە هەرێمی کوردستانەوە لەحەیاتی هەرێمی کوردستان ئەو بودجەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوە هەردوو بەرێز وەزیری داراییش ئەگەر من هەڵە نەبێتم، قەت ئەو بڕە پارەیە نەهاتووە، بەڵام من جارێکی تر تیکراری دەکەمەوە چۆنێتی سەرف کردنی من هەر لێرەدا ئەمەویَ روونی کەمەوە سیاسەتی وەزارەتەکان بەهیچ شێوەیە رەنگی نەداوەتەوە لەناو ئەم بودجەیا، ئێمە لە موناقەشەی هەموو وەزارەتێك کە هاتووە وەزیر باسی لەئامانجی وەزارەتەکەی کردووە، یەك دنیا خاڵی باس کردووە، کە چی کە دێتە سەر بودجە ئەبینی شێوازی دانانی بودجەی هیچ لەکام وەزارەتەکان فەرقی نیە، ئەو، سپێشاڵەتی تێدا نیە، یەعنی من تێناگەم چۆن لەلایەن هەردوو وەزارەتی مالیەوە ئەو پارەیە بەو شێوەیە دابەش بکرێت، و بەهەدەربدرێت من هەمان قسەی کاك عوسمان ئەکەمەوەو، بەداخەوە من لەدوای ئەو هەڵدسام، بەڵام هەر لێرەیشدا یاداشتم کردووە، ئێمە ئەم هەموو داوایەمان کردووە، دوێنیَ لە وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە داوامان کرد جادە رێگاو بانمان بۆچاك کات، پردمان بۆ دروست کات، شوێنی نشتەجێکردنمان بۆ دروست کات، مع العلم ئەوەی کە بۆ ئەومان داناوە شتێی وای فەرق نیە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، ئیدی با بزانین وەزارەتی رۆشنبیری چی لیَ داوا بکەین، ئەبیَ چیمان بۆ دروست بکات، ژێرخانی کلتوری و رۆشنبیریمان ویرانە، تێناگەم بۆ لە بودجەی ئیستیسماریا باس نەکراوە یاخود باس نەکراوەو لەتەقریرەکەدا ئاماژەی پیَ نەدراوە، دروست کردنی کتیبخانەی گشتی و هەموو شوێنیَ ئاوەدان بکرێتەوەو، ئەوەی کەباس دەکرا خەوو خەیاڵێك بوو، ئەوەی کە لەسەر حەقیقەتە شتێکی کەیە، بۆ دەسەڵاتی داد وەری، کۆما 42 تەرخان کراوە، بۆ وەرزش و لاوان کۆما 43 تەرخان کراوە، برادەرینە ئێمە جارێکی تر داوا دەکەینەوە لەساڵی ئایندە هەمان گرفتمان تووش نەبیَ و هەمان موناقەشە نەکەینەوە، دەبیَ بودجەی هەرێمی کوردستان سیاسەتی رەوانی حکومەت و وەزارەتەکانی تێدا روون بکرێتەوە، ئەگینا ساڵی داهاتوویش بەهەمان شێوە موناقەشە دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەپێشەوە ئەو قسانەی کە لەجەلسەی یەکەمدا باسمان کردن، دوو بارەی ئەکەمەوە کە بەراستی بودجە ئەهمیەتی موناقەشەکردنی بودجە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندام پەرلەمانێکە، واجیبیشەو حەقی خۆیشێتی ئەندامی پەرلەمان بەشداری بکات لەگفتوگۆکردن لەسەر بودجە، چونکە ئەوە خۆتان ئەزانن هەم پێشکەوتنی وڵاتەکەمان، هەم ئەرکی خەڵکی پێوە بەسراوە، حەزیش ئەکەم ئەوە دوو بارە بکەمەوە کە

ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان، هەموو ئەم ئەندامانەی کە لێرەن هەموویان لەو حیزبانەیا کار دەکەن کە بەشێکن لە حکومەت و کەسیشی موعارەزە نیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ دایمە لەو چوار چێوەوە موناقەشەی ئەو شتانە بکەین کە ئێمە بەشێکین لەو حکومەتە و ئامانجیشمان ئەوەیە کە کەم و کوڕیەکانی حکومەت کەم کەینەوە وبتوانین حکومەتێکی وابێ کە فیعلەن خزمەتگوزاری باش بۆ خەڵك دابین بکات و، رەئی ئەو ئەندام پەرلەمانانە رەنگە ئیجتیهادی شەخسی خۆیان بێت، بەڵام من پێم وایە موساهەمەیەکی باشی کردووە لەدەوڵەمەند کردنی پرۆژەکەمان بۆیە من بە باشی دەزانم هەرچەند موناقەشەی زیاتر بکەین باشترە بۆ ئەوەی بتوانین کەموکوریەکانی ئەم مەشروعە یاسایە کەم کەینەوە، ئەوەێ کە ئەمەوی باسی بکەم نەمەزانی لە چی شوینێکا باسی بکەم، بەراستی بودجەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، چونکە ئێمە لیژنەیەکمان هەیە پێی دەڵێن لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی دەرەوە وەتاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری نیە لە دەرەوە بەرەسمی، رەنگە تەنها دوو نوێنەری هەبێ، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە نەمان توانیوە لەکوێوە ئەو بودجەیە تەرخان بکەن، بۆ ئەوە ئەگەر لەئەم ساڵە وابڕیارە نوێنەرایەتی هەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و بودجەکەی لەکوێوە و لەسەر چی وەزارەتێك حیساب بکرێت، ئەوە حەقە دەست نیشان بکەین لەئێستاوە، نوقتەی دووهەم کە ویستم باسی لێ بکەم لەراپۆرتەکەیشا باس کراوە، هەندی بودجە تەرخان کراوە بۆ رێکخراوو سەنتەری رۆشنبیری و هەندێ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، من لە سەرەتای باسکردنی بودجەیا باسی ئەوەم کرد کە بودجەیەك تەرخان بکەین و پەرلەمان سەر پەرشتی بکات بۆ دەعم کردنی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، لەبەر ئەوەی ئەوانە سەر بەحکومەت نین و بۆ ئەوەی مونەزەماتەکانیش موستەقیل بن وە لەو رێگەیشەوە دەتوانین ئەو مونەزەماتانەی کە سارا خان و برادەرانی تریش باسیان کرد کە چۆن بتوانین مونەزەماتی لاوان و مونەزەماتی ژنان و ئەوانەی تر دەعمیان بکەین، تەنمیەیان بکەین، بەڵام بودجەیەکی موستەقیلیان هەبێ، جا هیوادارم وەڵامێکم بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دێنو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ سەرۆکی لیژنەی، رۆشنبیری، وەختی راپۆرتی خۆی هاتیە خویندن، ئیشارەتەدا زیادکردنا موچەیە پێشمەرگەی وە چارەسەریا کێشەیە سووتەمەنیا، ئەز نەزانم ڤیرێ چ عیلاقەتا لیژنەیا یان وەزارەتا رۆشنبیریا یان بە وەزارەتا تر هەیە بۆ مووچەی پێشمەرگەی، یادوێ هیڤیدارم لێرە مەبلەغێك تەخسیسکرن ئەهمیەتێك گرنگ بۆ پاراستنە کەلتوری هەرێمەو هەر مەنتەقەیەکی ئەسەریە وە دەبینین چ قەلای هەولێر بێت یان لەزاخۆو چەندین جارە ئەز داخوازە کریە بێتە پاراستن، چونکە وەختا ئەز زاخۆ بەبینن وە رۆخاندنەیا چەندین جارا ئێمە داخواز کردیە بۆ ئەوی بێتن چارەسەریەك بێتن، چونکە

ئەمەبێت، قەلاَی هەولێر بێت ئەڤە وەکو بێژن هەبوونە گەلی ئێمەیە، هەبوونە گەلی کوردستانەیە، دەلیل وناونیشانا خەلَکە ئەم ولاَتەیە، ئەوانەی لێرە ژیاینە، ڤێرێ چەندین جارە تەلەب کردینە، حەتا نوکە خەبیرنینە، نەزانم خەبیر عەجەبا حەتا نوکە شارەزانینە لەکوردستانێ، ئەڤ رێکخراوی هاتینا دامەزراندن، بۆ چی هاتینا دامەزراندن مادام نەتانن چارە سەری مەنتەقەیە ئەسەری بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من وای تێئەگەم ئەگەر لیژنەی رۆشنبیری وەردەکاری کردبێت ودەسنیشانی هەندێ خالَی کردبێت، وا ئەزانم مەبەست لە رووخاندنی حکومەت نیە، تەبیعی لە ناو حکومەتە لەناو وەزارەتەکانا لەم رۆژانەدا لەشوێنێك دانیشتوبووین لەگەلَ چەند وەزیرێك، یەکێك لە وەزیرەکان وتی ئێمە شتێکمان پێویست بوو کڕیبوومان بلَێین بە هەزار دۆلار، وتی کە موحاسیبەکە وەسلَەکەی بۆ هێنام دوو هەزار دۆلاری نووسی بوو، منیش پێیم وت بۆ چی دوو هەزار دۆلارت نووسیوە ئێمە هەزار دۆلارمان سەرف کردووە، وتی ئێمە بۆ هەزار، دوو هەزار دەنێرین ئەوان هەزارمان بۆ دەنێرنەوە، مەعنای وایە حیسابەکەمان تەواو دەبێت، وتی پێیم وت ئاخر نابێت، وتی نا ئێمە با ئەمە تاقی بکەینەوە، وتی دوو هەزارمان نارد کە جەواب هاتەوە سەیرەکەین یەك هەزار دۆلار هاتەوە وکابرای موحاسیب وتی ئەوە هەزار دۆلارە، مەعنای وایە ئیتر نوقسانمان نابێت، ئێمە مەبەستمانە کە ئەم مەوزوعە لێرە باس کران، مەبەستمانە وردەکاری بکرێت لە فۆرمەکانا، وردەکاری بکرێت لە شێوەی حیسابات و شێوەی دارشتنی میزانیە، وردەکاری بکرێت بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە بپارێزرێ، دلَسۆزی خۆمان پیشان بدەین بەرامبەر بەحکومەت، ئەمە گرنگە ئەگەر ئێمە لەبەر ئەوەی کە شت بشارینەوە مەعنای وایە غەدرمان لەخۆمان کرد و غەدرمان لە حکومەت کرد، ئێمە مەفروزە بەراستی ئیشەکانمان لەپێناوی پاراستن و پەرەپێدانی حکومەت بێت، میزانیە، دلَسۆزی کردن لە دەرخستنی بەعزێك نوقات و هەلَە زۆر زۆر گرنگە کە ئێمە وردەکاری لە گەلاَ بکەین، پێویستمان بە وەزارەتەکان نیە بە وەزیرەکان نیە لێرە بن، ئیمڕۆ جەنابی هەردوو وەزارەتی دارایی لێرەن، با میکانیزمێکی رێك و پێکی ئەکتیف دابنێن لەداهاتووا بۆ پڕکردنەوەی ئەو فۆرمانە، بۆ ئەوەی تووشی ئەم مەشاکیلانە نەبێن و سبەینێ میزانیەی دەولَت بەشێوەیەك بێت بتوانرێت خزمەتی جەماوەری کوردستان بکات، من بەداوای لێبوردنەوە دەلَێم هەر تەنها پڕکردنەوە نیە، پروسەی پێادەکردن و جێ بەجێ کردنی کارەکان زۆر خاووخلیسکە، یەکێك لەوەزیرەکان بە ئێمەی وت ئێمە پڕۆژەیەکمان هەیە یەك فلسی ناوێ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفی کات، تەنها موافەقەتی ئەوێت، چوار مانگ ئەمێنیتەوە بۆ ئەوەی موافەقەتەکە بێت کە زۆر زۆر پێویستی ئەم کوردستانەیە، لەبەر ئەوە رجا ئەکەم با فراوانتر بیر بکەینەوە، ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە میکانیزمێکی رێك وپێك لە

ئیشەكانا هەبیٚ بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی میلەتی كوردستان بكەین و خەڵكی كوردستانیش پشتیوانی ئێمە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس موناقەشەكان تەواو بوون، پێویست بە جەواب ناكات كاك جمال بەراستی، مەن دوو، سیٚ مولاحەزە ئەدەم و تیكراری ئەكەمەوەو داوای لێبوردنیش ئەكەم، هەندێك كەسیش گلەیی لەمن دەكەن و دەڵێن تۆ زۆر تەدەخول دەكەی لە قسەكانا، لە گەڵ ئەوەیش دا عوزرم هەیە كە فایدەی نیە، ئعتیزار دەخوازم بۆ ئەو قسەیەی كە دەیكەم زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان قەراری داوە كە قسەیەك بكات چەندین جاریش بۆی روون دەكەینەوە كە ئەو قسەیە جێی ئێرە نیە، داوای لێدەكەین، رجای لێدەكەین كە لەشوێنی خۆیدا ئەو قسەیە دەكرێت، مومكینە مانگێكی تر ئەو قسەیە بكرێت، ئێمە چەندین جار وتمان لەو تەوەرا قسە بكەن كە باسی لێدەكرێت، ئەو وەزارەتانەیە، دەتوانم بڵێم 70٪ قسەكان پەیوەندی بەو تەوەرەوە نەبوو، بەو راپۆرتەوە نەبوو كە خوێنراوە، راپۆرتەكەیش خۆی زۆر زیاد بۆ لەوەی كە بۆی تەرخان كرا بوو، ئێستا تەبعەن ئەو قسانە دەكەم بۆ ئەوەی كۆتایی بە موناقەشەكە بێنم، چونكە 70٪ كە رەبتی نەبوو بە تەوەرەكە، ئێستایش موناقەشە بكەین ئەوە بەردەوام دەبین بەو شێوەیە، رجا دەكەم بۆ تەواو كردنی ئەوە تەئكید بكەن لەسەر خودی مەسەلەكە قسە بكەن، باسكردنی گەندەڵی، ئێرە نیە، ئێمە ناتوانین بە قسەی یەكێك یان قسەیەك لە جەریدەیەكدا دەنووسرێت ئێتیهامی وەزارەتێك بكەین بە گەندەڵی ئیتر لیژنەی تایبەت بۆ دروست كراوە هەر لیژنەیەك لەلیژنەكانی ئێوە راپۆرت بنووسێت، دەلیل پێشكەش بكات، دەست نیشانی گەندەڵیەك بكات، لێرەدا ئێمە بانگی وەزیری پەیوەندیدار دەكەین و روو بەرووی دەكەینەوە، بەڵام رەوشەن بیریەك نەبێت بەعام، مەسئولیەتێكی گەورەیە روو بەرووبونەوەی گەندەڵی، تەنها ئێمە مەسئول نین، هەموو هاووڵاتیەك مەسئولە، تەنها یەك نموونەیەك دێنمەوە لەبەر ئەوەی ئاماژەی پیٚ كرا، ئەگەر هاووڵاتی هەستی نەبێت بەو مەسئولیەتە مێژووییە بۆ روو بەرووبونەوەی گەندەڵی ناتوانین چارە سەری بكەین، لیژنەی موشتەرەیات لەهەر شوێنیكا دەچێت كە ئەو وەسڵەی باسی كرد هەزار دۆلار، یان دوو هەزار دۆلار ئەگەر ئەو هاوولاتیە مەسئولیەتی هەبێت بەو لیژنەیە بلێت یان بەو كەسە بلێت من شتی وات بۆ ئیمزا ناكەم ئەوە خیانەتە، ناوێرێت ئیتر یەقەی بگرێت، چێشتخانە خواردن دەنێرێت بۆ فەرمانگایەك یان بۆ وەزارەتێك ئەگەر موافەقەت نەكات وەسڵەكەی بۆ ئیمزا بكات بە 500 دولار زیاتر نیوەی بۆ ئەو نیوەی بۆ ئەوی تر ئەو گەندەڵیەیش رادەوەستێت، وەكو ئەووروپا بۆ چی توانیەتی رووبەرووی گەندەڵی ببێتەوە؟ لەبەر ئەوەی خەڵك هەستی بەقانون هەیە، دەسەڵاتی قانون خەڵك هەستی پێدەكات، ئلتیزامی هەیە بە قانون، هەر تەنها پۆلیسی مرور نیە موخالەفاتی سەیارەكان دەگرێت، هەموو هاووڵاتیەك خۆی بە پۆلیسی مرور دەزانێت، خۆی بە پیاوی ئەمن دەزانێت، هەر دیاردەیەك ببینیت لە شوێنێكدا خەتەرێك هەیە تەلەفونێك دەكات بۆ ئاسایش دەڵێت گومانم لەو سەیارە هەیە كە لێرە راوەستایە، سەیارەیەك موخالیف بڕوات هاووڵاتیەك رەقەمەكەی دەگرێت و دەیداتە پۆلیس

و دەڵێت ئەو سەیارە موخالیف بوو، لە وڵاتی ئێمەدا پێویستیمان بە ئەوە هەیە، ئینجا ئێمەیش کە مەسئولین پێویستیمان بە ئەوە هەیە کە بە واجیبی خۆمان هەڵبسین، دیوانی چاودێری پێویستی بەوەیە بە واجیبی خۆی هەڵبسیت، دەسەڵاتی دادوەری پێویستی بەوە هەیە بە واجیبی خۆی هەڵبسیت، بەڵام هەر یەکێك لەشوێنی خۆی، ناکرێت من بچم جێگای چێشتخانەیش بگرمەوە، جێگای چاودێریش بگرمەوە، جێگای مەحکەمەیش بگرمەوە، تێکەڵاوی دەبێت لەو قسانەدا ئەو راپۆرتەو ئەو پێشنیارانە دەیخەینە بەردەم وەزیرە پەیوەندیدارەکان و ئەو مولاحەزەیەیش کە ئاماژەی پێکرا، پێشنیار دەکەین بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان کە بایەخ بدەنە بابەتی ژێرخانی دروست بکەن، دیراسەتی ئەوە بکەن پارە سەرف کردن بۆ فیستیڤاڵ و کۆنفراس ئەگەر پێویست نەبێت بیری لێ بکەنەوەو کەمتر سەرفی بکەن، ئەمە مولاحەزەی زۆر لەئەندامانی پەرلەمان بوو، ئێستایش بە ئیجازەی ئێوە وەزارەتەکان دەخەمە دەنگدانەوە یەکە، یەکە، کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی رۆشنبیریە؟ تکایە دەستی بڵندکات، فەرموون، دوو کەسی لەگەڵدا نیە.

وەزارەتی وەرزش ولاوان کێ لەگەڵیایە؟ دەستی بڵندکات تکایە، فەرموون، سێ کەس لەگەڵدا نیە.

وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەروەی هەرێم کێ لەگەڵ بودجەکەیەتی؟ دەستی بڵندکات تکایە، فەرموون.

مولاحەزەی ئەخیریشم ئەوەیە کە موناقەلە لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی تر بەو شێوە دەکرێت کە پێشتریش کراوە ولەنیزامی داخلیش نووسراوە، دەبێ لیژنەی دارایی لە گەڵ وەزارەتی دارایی پێشتر باسی بکات، یەعنی هەر لیژانەکانی تر موفتەرەحیان هەبێت لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەبێت پێشتر بێت لێرە باسی بکەین، تووشی هەڵە دەبین، ئیحتیمالە ئەگەر زۆرینەیش دەنگ بدات تووشی هەڵە بێین، لەبەر ئەوەی نازانین بنەماکەی چیە؟ وەزارەتەکە لێرە نیە، بۆ ساڵی ئاینده ئەزموونمان زیاترە انشاء الله ئەو بابەتەیش تەواو دەکەین، فەرموو کاك ئارێز بگەڕێوە شوێنی خۆت، راپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیری کە ئیمزا کرایە لەلایەن سەرۆکی لیژنە، ئەیدەینە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

لیژنەی تەندروستی فەرموون، چەند وەزارەتە راپۆرتەکەت؟

وزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ژینگە.

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی کار پێکردنی وەزارەتی تەندروستی (231475) دوو سەدو سی و یەك ملیار و چوار سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن، کە دەکاتە 4،87٪، خەرجییەکانی کار پێکردنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (64350) شەست و چوار ملیارو سێ سەدوپەنجا ملیۆن، دەکات 1,35٪، خەرجییەکانی وەزارەتی ژینگە (6103) شەش ملیارو سەدو سێ ملیۆن، دەکاتە 0,13٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی تەندروستی (103667) سەدو سێ ملیارو شەش سەدوشەست و حەفت ملیۆن دینارە، خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (17334) حەڤدە ملیارو سێ سەدو سی و چوار ملیۆن دینارە، وەزارەتی ژینگە هیچ خەرجی بۆ پرۆژە سەرمایەکانی نیە.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لەسەر بودجەی 2008، لەسەر هەر سێ وەزارەتەکە، لە راستیا دەمەوێ هەندێ قسە بکەم پێش ئەوەی کە راپۆرتەکەمان بخوێنینەوە، ئەگەر سەروکایەتی لێم ببورێ، ئەم راپۆرتەی ئێمە بریتیە لە راپۆرت لەسەر بودجەی تەرخانکراوی هەر سێ وەزارەتی تەندروستی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە، لەراستیا ئێمە ناچینە وردەکارییەکانی کە تەرخان کراوە، لە راستیدا ئەم بودجەیە ئەبوایە پێشتر قسەی لەسەر بکرایە، من پێشنیار دەکەم هەر وەك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیشا هاتووە، لە یەکێك لە پێشنیارەکانیانا ئیشارەتی پێ ئەدەم کەوا ئەڵێت: لەسەرۆکی لیژنەی دارایی مەجلیسی نوابی عێراقی بەم نەصە هاتووە پێم وایە ئێمەیش دەتوانین سوودی لێ وەربگرێن لەساڵی داهاتووماندا، ئەڵێت: توصي اللجنة ان تشاور الجهات المعنية ان تعقد جلسات مع مجلس النواب قبل وضع الموازنة لعام 2009، سيما الجانب الاستراتيجي منها وبشكل تفصيلي، لەبەر ئەوە لەراستیا، ئێمە دەتوانین سوود لەم بۆچوون و پێشنیارانە و تێبینیانەی خۆمان وەربگرین بۆ ساڵی داهاتوو پێش ئەوەی کەوا میزانیەی هەرێم بێتە پەرلەمانەوە قسەی لەسەر بکرێت، لیژنەکانی تایبەتمەند لەگەڵ وەزارەتەکان، لە گەڵ وەزارەتی دارایی قسەی لەسەر بکرێت لەبەر ئەوەی هەرقسەیەك ئێستا دەکرێت لەراستیا ئێمە دەزانین جێگەیەکی زۆر ناگرێت، بەڵام سوودی لێ وەرئەگرین بۆ داهاتوومان و ئەو قسانەیش کەواکرا لە چەند رۆژی رابردوودا پێم وایە سوودێکی زۆری هەبووە، وەکو سەرۆکایەتی چەند جارێك هێمای پێ داوە، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، وەختان لێ بگرم، لەبەر ئەوە ئێمە راپۆرتەکەمان بریتیە لە چەند تێبینیەك لەوانیە بۆ ئەم ساڵ زۆر سوودی نەبێت، بەڵام سوودی دەبێت بۆ ساڵی داهاتوو هەرچەند هەندێ پێشنیاریشمان هەیە لەوانەیە لە بودجەی تەکمیلی داهاتوودا کە لەچەند مانگی داهاتوودا بڕیاری لەسەر دەدرێت لە حکومەتی عێراقەوە وە بودجەی تەرخانکراوی هەرێم دیاری دەکرێت، لەوانەیە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەو کەلێنانەی کە ئێمە ئیشارەتمان پێی داوە و هەندێك قسەشمان هەیە لەسەر ئەو راپۆرتەی وەزارەتی دارایی پێشکەشی کرد لەم دواییا.

لێژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی سازداوە بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی 2008 ، دوا کۆبوونەوەمان رۆژی 2008/4/16 بوو, و پاش کۆبوونەوەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەلآیەتی ڕۆژی 2008/4/16 و گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری ژینگە ئەم تێبینی و راسپاردە و پرسیارانەمان هەیە:

1- پێویستە دەستەیەکی پسپۆڕدابنرێت لە بواری ژمێریاری وئابووری بۆ سەر پەرشتی کردنی داهاتەکانی حکومەتی ناوەند تا بەشی کوردستان بەروونی دیاری بکرێت.

2- پشت بەستن بە ناوەندی شارەزا بۆ چاك کردنی پلان و پرۆگرامە ئابووریەکان لە هەرێمدا.

3- برەو دان بە سامانی مرۆیی، لەراستیا ژمارە تەرخانکردن گرنگ نیە بەوەی کەوا چەندجار بڕادەرانیش ئەندامان جەختیان لەسەر کردەوە، کەوا چۆن سەرف دەرکرێت و بەچی ئالیەتێك و توانای وەزارەتەکان لە حکومەتی هەرێمدا چیە؟ (الثروة البشرية) وە بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری تا توانای ئەندامانی جێ بە جێ کار بەرز بکرێتەوە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا کە ئەمە یەکێکە لە هۆکاری کەم و کوڕی لە پرۆژە سەرمایە گوزاریەکاندا کە پێی دەوترێت (المشاريع الاستثمارية والخدمية).

4- کەم کردنەوەی خەرجیەکان لە بواری بەڕێوەبردندا (التشغيلية)بە تایبەت ئەوەی دەچێتە خانەی بە فیڕۆدانی داهاتی حکومەت.

5- رەخنەیەکە لەخۆمان، دەبوایە پەرلەمان میزانیەی خەملێنراوی خۆی دابنایە، کە سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێداوە، بەلآم ئێمە لە راپۆرتەکەمانا هاتووە بۆیە باسی دەکەین.

6- پێویست بوو وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی تیشکیان بخستایەتە سەر هەندێك بواری خەرج کردنی ئەو بودجەیەی کە بۆیان تەرخانکراوە ، کە بریتیە لە 19.6٪ بودجەی هەرێم.

7- پێشنیار دەکەین وەزارەتی دارایی لە ساڵی 2009 دا پێش دانانی بودجە دانیشتن ساز بکات لە پەرلەمان لەسەر بودجە و خشتەی خەرج کردنی خەرجیەکان و بخرێتە بەردەم پەرلەمان تا بە هەماهەنگی هەردوولا تاوتوێ بکرێت.

8- دەبوایە وەزارەتی تەندروستی بودجەی تەرخان کردبا بۆ برەو دان بە توانای پزیشك و کارمەندان و پەرستیاران و دەبوایە وەزارەتی دارایی رەزامەندی بدایە لەسەر خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیەی ساڵی پار لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە پەسەند کرا بە ناوی (خطورة) بە پیی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کە 2007/10/31 دەرچووە, هەروەك دەزانین وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لە وەزارەتە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، بۆیە دەبوایە رەچاوی ئەوەبکرایە و لە هەمان کاتدا پێویستە مووچەی هەموو مووچەخۆرانی عێراق لە هەموو ئاستەکاندا بەکوردستانیشەوە یەکسان بێت هەروەك لە بڕگەی 14 ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا باس لە یەکسانی بوونی هەموو عێراقیەکان دەکات لە مافەکانیاندا بە بێ جیاوازی.

9- بودجەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراو پێویستیەکانی بەرەو پێش بردنی بواری تەندروستی پێ دابین ناکرێت لە بواری تەندروستی کۆمەڵ و توانای هونەری پەرستیاران و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، بۆیە داوادەکەین بەپێی توانا بەتایبەتی لەکاتی ڕوون بوونەوەی بودجەی هەرێم لەمیزانیەی تەکمیلی عێراق رەچاوی ئەوە بکرێ کە بودجەیەکی وا تەرخان بکرێت کە وەزارەت بتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت.

10- لەبارەی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی پێشنیار دەکەین ئەو سێ خەستەخانەیەی لە سلێمانی دروست دەکرێن لە یەك باڵەخانەدا دروست بکرێن. بۆ ئاسان کاری بەرێوەبردن و لەم سەردەمەدا لە جیهانی پێشکەوتوودا کەمتر بایەخ ئەدرێت به جیا کردنەوەی بەشە پزیشکیەکان.

11- پێویستە بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکریت بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەکی گونجاو لە پزیشك و کارمەندانی بە توانا بە پێی پرۆگرامێکی رێك و پێك بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەڕێوەبردنی خەستەخانە تازەکان.

12- لەبەر زۆری ژمارەی بنکە تەندروستیەکان یەکێکە لە هەڵەکان، وا باشە چاو بخشێنرێتەوە بەو چەند بنکە تەندروستیەی کە ئەمساڵ دروست دەکرێن وە ئەوەی پیویست ناکات دروست نەکریت، تەبیعی هەر بۆ بەڕێزتان، ئەمەوی بلێم کە وا ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لەهەر سێ پارێزگاکە بریتیە لە حەفت سەدو پەنجاو دوو بنکەی تەندروستی کە زۆربەیەکی زۆریان بەراستی ناتوانرێت کە ئێستە ببرین بەرێوە، لەبەر نەبوونی کادری پزشکی بەتوانا، جا لەبەر ئەوە، سەرباری ئەوە ئێستا دوو بارە پێشنیارکراوە بنکەی تریش دروست بکرێت.

13- داواکارین لە موازەنەی تەخمینی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو بڕە پارەیەی کەدانراوە بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە بریتیە لە (39535) سی و نۆ ملیارو پێنچ سەدو سی وپێنچ ملیۆن دینار، بکرێت بە (150) سەدو بەنجا ملیار دینار، لەبەر ئەوەی کە بودجەی تەکمیلی یان مەجال ئەبێت یان نا؟ بەراستی ئێمە نامانەوێ قسەی لەسەر بکەین لەمە زیاتر.

14- داواکارین وەزارەتی ژینگە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ هوشیاری ژینگەیی لە سلێمانی و دهۆك هەروەك لە هەولێرهەیە لەسەر بودجەی پارێزگاکان کە (400,000,000) (چوارسەد ملیۆن دینار) یان بۆ تەرخان کراوە، لە راستیا ئەمە لە هەولێر تەرخان کراوە لە دهوك و سلیمانیا نەکراوە، وەزارەتی ژینگە وەکو هەمووومان دەزانین وەزارەتێکی تازەیە و ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەر بۆ پاکو خاوێنی ژینگەی کوردستان، لەبەر ئەوە بەراستی پێویستە ئەهمیەتی پێبدرێت.

15- پێشنیار دەکەین قەرز بدرێت بەو هاووڵاتیانەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر دەکەنەوە (وەك لە عێراق هەیە کە 30ملیۆن دینارە)، تەبیعی ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، بۆیە باسی ئەکەین.

16- پشـتگیری وەزارەتـی ژینگـە ئەکـەین بـۆ تـەرخانکردنی بودجەیـەکی تایبـەت لەبەشـی وەبـەرهێنان (الاستثمار)لەبودجەی وەزارەت بەمەبەستی ئەنجامدانی ئامارو رووپێوی تایبەت بەو ناوچانەی کەبە چەکی کیمیایی بۆردومان کراون، هەروەها بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانـەی کـە پێشکەشـیان کـردووە وەك تاقیگەی ژینگەیی بۆ ئاوو هەواو خاك.

17- ئەو قەرزانەی وەزارەتـی دارایـی داویـەتی بـەوەزارەتی پێشـمەرگە سـاڵی 2007 گـەر هـات وحکومـەتی هەرێم قەربوو کرایەوە پێوستە پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە .

18- وەك لە یاسای بوجـەی عێـراق دا هـاتووە کـە خـەرج کردنـی بـڕە پـارەی خـەرجی مسـروفاتی حاکمـە پێوستە بە ڕاویژبێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق ووەزارەتی دارایی هەرێم، بەڵام هیچ میکانزمێـك دیـار نیە بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە، لەبەر ئەوە پێویستە لەراستیا ئەمە قسەی لەسەر بکرێت و ئەمە نـەك هـەر ئەرکی وەزارەتی داراییە، ئەرکی سەرۆکاتی کوردستانە بەراستی لەگەڵ سەرکردەکانی عێراقدا.

19- لەڕاپۆرتی وەزیری دارا یدا هـاتووە کـە هـەتا مـانگی 2007/2 چـوار جـار عێـراق دەسـتکاری بوجـەی کردووە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ووەزارەتی دارایی هـەرێم ئـەبێ هـەوڵ بـدەن ئەمـە دووبـارە نەبیت لە 2008 .

20- لەبەر ئەوەی ڕێژەی مووچە خـۆرانی هـەرێم زۆر بـەرزە کـە 40.2٪ بودجـەی هـەرێم پێـك ئـەهێنێ، ئەبی هەوڵبدرێت دامەزراندن لەم وەزارەت ودەزگایانـەدا کـەم بکرێتـەوە وەك نـاوخۆ، ئاسـایش، شـارەوەانی، ئەوقاف ودامەزراندن تەنها بۆ دەرچوانی زانکۆکان و ئەوپسپۆرو شارەزایانە بن کە پسپۆری و توانایـان زۆر بەسوودن بۆ کارەکانی حکومەت، لەراستیا نامەوی بچمە سـەری، بـەڵام وەکـو دەردەکـەوێ وەزارەتـی نـاوخۆ هەرچەند بەتەنها ئەرکەکەیان زۆر زۆر گرانە نیزیکەی سەد هەزار مووچە خۆریان هەیە لە هەردووڵا.

21/- پێوسـتە نەفـەقاتی حاکمـە وسـیادی روون بکرێتـەوە ولەسـەری رێـك بکـەون وبـەکورتی پێوسـتە پێناسە(تعریف) بکرێت.

ئەمەیە بەکورتی راپۆرتی ئێمە لەبارەی بودجەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د. فؤاد بۆ ئەو راپۆتە، تەبعەن راپۆرتەکە هەمووی پێشنیارن و پێشـنیاری بەجێیشـن روو بەرووی وەزارەتی تەندروستیش دەبنەوە زوریان، یەك شت هەیە ئێمە ناتوانین بودجـە لێـرە زیـاد بکـەین، ئەو پارەی تـەرخان کـراوە لـەوێ تـەرخان کـراوە قـەت زیادناکرێـت، ئەگـەر کەسـێك ئیقتراحـی کـرد کـەمی بکەینەوە ئـەوە مـەوزوعی بەحسـە، ئـەوە دەکرێت هۆیـەکانی دیاربکـات، بۆیـە مـادام کـەم کردنـەوەی تێـدا نەبێت، یەعنی موافەقەت کراوە لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە، ئەوە یـەك، دوویـش، ئـەوەکانی تر هەمووی پێشنیارن بۆ ئاینده، پێشنیارن بۆ ئەو بودجە تەکمیلیەی ئەگەر مەجال هەبێت ئەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری وپلاندانان هەردوکیان لێرەن گوێیـان لـەو پێشـنیارانە دەبێـت کـە لـە لایـەن لێژنەکانـەوە

دەنێردرێت بۆ تەرخانکردنی بڕیك پارەی زیادتر بە پێی ئیحتیاجات و بە پێی ئەو پارەیەی کە دەگات، بەپێی ئەولەویات رەچاوی بکەن، ئەگەر کەسێك قسەی لەسەر نیە یەك بە یەك دەیخەمە دەنگدانەوە.

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە لیژنەی تەندروستی ئەکەم، بەڵام من یەك پرسیارم هەیە ئەوان بەس تەنها باسی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتیان کردووە، من ئەمەوێ چونکە لەبەرنامەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە کە شێڵتەری پاراستنی ژنانیش لەلای ئەوان بکرێتەوە، پرسیارەکەی من بۆ ئەوان ئەوەیە ئایە لەناو بودجەکەیا پارە تەرخان کراوە بۆ ئەو کارە یاخود نە؟ شێڵتەری ژنان، چونکە بڕیار دراوە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری راپۆرتی خۆمان دەکەم، بەڵام دەمەوێ باسی شتێکی زۆر گەورە بکەم کە ئەمڕۆ هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان، ئەو هەڕەشەیەش هەڕەشەی خۆراکەو هەڕەشەی دەرمانە کە بەبێ مواسەفات و مەوادی تر لەگەڵ خۆراکەکە دێتە کوردستان، ئێستا دەزگایەك هەیە سەر بەهیچ وەزارەتێك نیە بەراستی نە تەندروستی و نە بازرگانی و هیچ وەزارەتێکی تر نیە کە دەزگای کوالەتی کۆنترۆڵە و چارەسەری ئەو کێشەیەیش لای ئەو دەزگایەیە و گەورەترین کێشەی ئەو دەزگایە ئەوەیە کە بودجەی تایبەتی نیەو ناتوانێت وەکو پێویست بەئەرکی خۆی هەڵبستێ، من لێرە حەزدەکەم داوا لەبەڕێز وەزیری مالییە بکەم کە زۆر ئهتیمام بەو دەزگایە بدرێت، بەراستی ئێمە ئەو کێشەیەمان پێ حەل ناکرێت و کێشەیەکی زۆر گەورەیەو رۆژ بەرۆژ بۆمان دەر ئەکەوێ ئەو خواردنانەی کەلەبازار هەیە زۆربەی مەوادی موستەنعی تێدایە بەنسبەیەکی زۆر گەورەیش، کێشەی تریش هەیە، کێشەی حەزانە، داینگە کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، بەراستی وەك پێویست ئهتیمام بە حەزانە نادرێت، هەر ژنێك بیەوێ لەدەرەوەی ماڵ کار بکات یەکەم پرسیار ئەوەیە کە منداڵەکەی لەکوێ دابنێت، ئەو داینگانەی کە ئەمڕۆ هەن مەساحەیان زۆر گچکەیە، ژمارەیان زۆر کەمە، ژمارەی منداڵەکانیان زۆر زۆرە کە ناتوانن وەکو پێوست خزمەتی منداڵەکان بکەن وە ئێمە ژنانی زۆر پسپۆڕمان هەیە کە ناتوانن کار بکەن لەبەر کێشەی منداڵ و داینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سۆپاس د. هالە، دەبوایە ئەو داواکاریانە لەلیژنەکە بکرێت و بنووسرێت، چونکە ئەوانە لەراستیدا هەمووی پێشنیارن، زۆر سوپاس. صبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەتوانم بڵێم بەشێکی وەکالەتە، چونکە من پشتگیری لیژنەی خۆمان دەکەم و راپۆرتەکەی ئەکەم و بەڕێز تاڤگە خان وەکو مەلەڤی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی و منداڵان کە مەلەڤی تایبەتی لا هەیە دوو، سێ داوا کاری هەبوو دەیخەمە بەر دەستی جەنابتان کە بەراستی ئێمەیش لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ودانیشتن لە گەڵ بەڕێز جەنابی وەزیرا ئیشارەتمان بەو خەلەلە گەورە کرد.

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، لەزۆربەی وڵاتانا وەزارەتی کاروکاروبای کۆمەڵایەتی مەنفەزێکی وەبەر هێنانە، یەعنی زۆرێك لەو وڵاتانە بەشێك لە داهاتی میللەت و وڵات لە وەزارەتێکی وەك کاروکاروبای کۆمەڵایەتی بۆی دێت، ئەوەی ئێمە هەمووی ئیستیهلاکە، لەکاتێکدا کە ئیستیهلاکەو سەرف دەبێت ودەڕوات، ئەتوانین بڵێین شێوازی تەوزیعەکەی دیار نیە بۆ نموونە ئەمساڵ ئەوەی داوا کاری وەزارەتی کاربووە سەبارەت بە پێداچوونەوەو بوونی سەنتەرات و مەراکیزی کۆمەڵایەتی تایبەت کە جارێکی تر بنیادی تاکی کۆمەڵگەی کوردی دروست بکاتەوە بەدی ناکرێت و بەشێکی چاك سازی کۆمەڵایەتی هەر بەدی ناکرێت، ئەوەی د. هالە ئاماژەی پێی کرد کە بوونی حەزانەو رەوزە بەدی ناکرێت وە ئەوانەی پێداویستیە تایبەتییەکان، من نموونەیەك بۆ جەنابتان ئەهێنمەوە، لە هەڵەبجە خێمەیەکیان هەڵداوە سێ ساڵە داوای بوونی شوێنێك دەکەن کە خۆیانی تیا ببینەوە تاکو ئێستا بۆیان دابین نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس صبریە خان، بەڵام بەراستی ئەوە حەق نیە هەردووکتان ئەندامی لیژنەی تەندروستین و راپۆرت بەتەواوی خوێنرایەوەو وەختان وەرگرت، دەبوایە لەوێ ئەو مولاحەزاتانەتان بنووسن، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی دارایی کە پشتیوانی تەواو لەو سێ وەزارەتە بکات، لەبەر ئەوەی زۆر زەرورن و یەك، دوو پێشنیارم هەیە بۆ وەزارەتی پلاندانان، یەکەم بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی لە کوردستان هیچ بەرنامەیەکیان هەیە؟ دووهەم بۆ پاراستنی ژینگە هیچ شتێك کراوە؟ سێهەم بۆ بەرگری لە هێنانی ئەو هەموو دەرمانی ئێکس پایەرە هیچ پلانێك هەیە کە بەرگری لێ بکرێت؟ بۆ ئەوەی نەیەتە کوردستان،

شتێكی كەیش هەیە من جارەكەی تر حەقی قسەم نەبوو، منیش ئەمەوێت، بەراستی داوای لێبوردن ئەكەم كە ئەو قسە ئەكەم زۆر بەداخەوە بۆ هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كە دەچنە باسی هەندێ موزوعەوە لەبەر خاتری جەریدەو تەلەفزێون و ئەو كەسانەی كە لێرەوە ئەو قسانە دەكەن ئەبێت زۆر چاك بزانن حكومەتەكە پەنجا بە پەنجایە تاكو ئێستا، ئەگەر گەندەڵی هەبێت لەحكومەت و لە حسەكانایە، تاكو نهایەتی ساڵی 2007 میزانیە بەش كراوە، ئەوە هەردوو لایەنیان مەسئولن، هەردوو وەزارەت هەر مەسئولن ئەمە یەك، دوو وەزارەتی دارایی مەسئول نیە لەسەر گەندەڵی كوردستان، هەر وەزارەتێ خۆی مەسئولە لەو میزانییەی كە بۆی تەخسیس كراوە، وەزارەتی دارایی بانقێكە پارە دەداتە ئەو وەزارەتانەو ئەوان مەسئولن لەسەرف كردنی، لەبەر ئەوە برادەران وا قسە ئەكەن كە ئەوان هەموو پیاوی چاكن و ئەم تەرەف پیاوی خراپن، وانیە هەمووومان موشتەرەكین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برسیارەكەم ئاراستەی وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتیە، بەڵام لەرێگای وەزارەتی مالیەوە، كە لێرە وەزارەتی كاروباری ژنان وەزارەت نیە، بەڵام نوسینگەیە، هیچ میزانیەكی نیە بۆ كاروباری ژنان وەكو سندوقێكی پاڵ پشتی ژنان و ئافرەتان، لێرە داوا كارین لە وەزارەتی مالیە كەوا سەندوقێكی پاڵپشتی و پشتگیری بۆ كارو باری ژنان تەرخان بكرێت، چونكە بودجەی تەرخان كراوی نیە ئەوە لێرە دەیگرێتەوە، پێشتر ئاماژەیان پێی كرد، بەڵام دەچێتە ئەو بابە لێرە، خاڵی دوهەمیشم دوو بارە بۆ وەزارەتی مالیە، ئایا وەزارەتی مالیە هیچ پلانێكی هەیە بۆ چارەسەر كردنی كێشەی بێ كاری وەكو ئەوەی كە لەبەغدا هەیە كە ئەمەیش لەرێگای پشتیوانی كردن وقەرزدانە بەكەرتی تایبەتی و یان رەخساندنی هەلی كاركردن بۆ خەڵكەكە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتانەی كە دەخوێنرێتەوە و هەروەزارەتێك كە ئێمە موناقەشەی بودجەكەی دەكەین، دەبێنین ئەمە تیكرار دەبێتەوەو هەموو لیژنەكان داوا دەكەن ئەو بڕە بودجەیەی كە بۆ وەزارەتەكە دانراوە زیاد بكرێت، جارێكی تر دەمەوێ تەئكید لەو خاڵە بكەمەوە كە پێویستە پەرلەمان لە راپۆرتی خۆیدا داوا بكات حكومەتی فیدراڵ بڕی میزانیەی هەرێم زیاد بكات یاخود میزانیەكی ترمان بۆ بنێرێت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام ئەو قسانەت تیکراره، دوێنێ د. کمال باسی کردو جەنابتیش باست کرد، خۆتیش باشتر دەزانێت بودجە لەبەغدا ئێستا کە ساڵێکی بەسەردا ڕۆیشتیە، چۆن دەبێت زیاد بکرێت؟ هەر زیاد ناکرێت، میزانیەی تەکمیلی هەرچەند زیاد بکرێت هەر 17٪ دا زیاد دەکرێت، بۆ ساڵی داهاتوو دەبێت خەبات بکەین ئەو وەختە کەرکووك دێتە سەری انشاء الله، خانەقین دێتە سەری، سنجار وناوچەکانی تر دێتە سەری، ئەو کاتە دەکرێت ئەم خەباتە ئێستا ناکرێت، ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی بۆ وەزارەتەکانی تریشە.

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی، لێرە من داوا دەکەم لە بودجەی خۆیدا نەخوشخانەیەك بۆ مەخمور دروست بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور دەرچووی لە مەوزوعی سەرەکی،ئێمە باسی میزانییەك دەکەین کە دانراوە، مەخمور کە هاتە سەر هەرێم ئەو کاتە میزانیەی خۆی لەگەڵ خۆی دەهێنێت بایەخیشی زیاتر پێ دەدرێت، وەکو پێویستێتی، وەکو ئەو زەرەرەی کەپێی کەوتووە لەساڵانەی لەئێمە، فەرموو جەنابت دانیشە.

لە جێ بەجێ کردنی میزانیە جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری تەندروستی هەر وەها پارێزگاری هەولێر گوێی لە ئێمەیە، پێی دەڵێین ئاگادار بێت ئەوەی پێی بکرێت بۆ پشتگیری کردنی داواکاری خەڵکی مەخمور بیکات.

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی تەندروسیە؟ دەستی بڵندکات، کێ لە گەڵیا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی ژینگەیە؟ دەستی بڵندکات، کێ لە گەڵیا نیە؟ بە کۆێ دەنگ قەبوڵ کرا.

کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی یە؟ دەستی بڵندکات، کێ لە گەڵیا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بچن بۆ خوێندنەوەی بودجەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار ):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی وەزارەتی شهیدان و ئەنفال (278627) دوو سەدو حەفتاو هەشت ملیارو شەش سەدو بیست و حەفت ملیۆن دینارە، دەکات 5,87٪ .

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ (4983) چوار ملیارو نۆ سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینارە، دەکاتە 1,1٪.

**بەڕێز احسان عبداللە قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەرمایەكانی وەزارەتی شەهیدان وئەنفال كراوەكان (3666) سێ ملیارو شەش سەدو شەست شەش ملیۆن دینارە. وەزارەتی ماڤی مرۆڤ هیچ خەرجی پڕۆژە سەرمایەكانی نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كە واتە راپۆرتی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و شەهیدان كاك محمد فرج سەرۆكی لیژنە دەیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی ماڤی مروڤ

سەرەتا ئێمە بۆ مافی مرۆڤ هیچمان نەنووسی، یەكەم زۆر كەمە باسەكەی، دووهەمیش كەوتوەتەوە رێزبەندی وەزارەتی ترەوە، لەبەر ئەوە زۆر لەسەری نەڕۆیشتین، تەنها لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال كراوەكان ئێمە قسەمان كردووە، كۆبوونەوەیەكی كرد بۆ تاوتوێكردنی پڕۆژە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2008 تابیەت بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان، لە كۆبونەوەكەدا بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان ئامادە بوو، لە كۆبوونەوەكەدا دوای گفتوگۆو بیروراگۆڕینەوە لەسەرتاپای پلانی وەزارەتەكەبۆ ساڵی 2008 ، وەكو لێژنە پێمان باشە جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كە وەزارەت لە پلانی ساڵی2008 دا جەختی لەسەردەكات كە بڕە پارەیەكی ئەبێ بۆ تەرخان بكرێت:

1. بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بكرێت:

ئێوە ئەوە دەزانن لە كوردستانا چوار كەیس هەیە پێویستی بە دادگایی كردنە، تەنها یەكێكیان تەواو بووە ئەوەیش كە ئەنفالە، سێ كەیسی تر ماوە، ئەمانە پێویستیان بە برێ پارە هەیە، یەعنی لەناو ئەم وەزارەتە بۆی تەرخان بكرێت بۆ ئەوەی وەكو ئەنفالی لێنەیەت، یەعنی بینیمان ئەو موحامیانەی كە لەو بوارەدا ئیشیان دەكرد كومەڵێك گرفتیان بۆ دروست بوو، لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی ئەم وەزارەتەیش بەیوەندی بە كۆمەڵێ تویژەوە هەیە زۆر حەساسن، یەعنی ئەوانە كە گیانی خۆیان بەخت كردووە، چ شەهیدی سەنگەر بێت چ ئەوانەی كە لەو كارەساتە گەوردا رۆیشتن، بەراستی پێویستیان بە وە هەیە كە زیاتر بە دەمیانەوە بین و ئەویش كە كراوە، شتی باش كراوە، بەڵام لە ئاستی پێداویستەكانی ئەوانا نیە، ئەم مەسەلانە پێویستی بەلا لێكردنەوە هەیە، ئەم كەیسانە ئێمە ئەگەر بەجدی بچینە پێشەوە دوو شتی زۆر موهیم بۆ ئێمە دروست دەكەن، یەكەم: هەر بڕیاری لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق دەردەكرێت، ئەوە ئەبێتە بنەمایەكی زۆر مەحكەم بۆ ئەوەی ئێمە بەناساندنی جینوساید كاری لەسەر بكەین، چەند خاڵێكی تر هەیە زۆر گرنگە ئەمەیش پێویستی بە بڕێك پارە هەیە ئەبێ وەزارەتی مالیە ئەگەر لێرەیشا ناكرێت لەتەكمیلیا ئەمەیان بۆ تەواو كات، چارەسەركردنی نەخۆشی كەس و كاری شەهیدانی كیمیاباران و ئەنفال،

لا یزال گرفتێکی زۆر گەورەیە، ئەڵێن رۆژانە چەندین کەس دێن موراجەعەی ئێمە دەکەن، دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دیارە ژمارەی ئەمانە ژمارەیەکی زۆر زۆرە کە ئەم وەزارەتە بە ئەمەی کە ئێستا هەیەتی ناتوانی هیچ بکات، دروستکردنی مۆنۆمێنتێك کەرەمزی جینۆسایدی گەلی کوردستان بێت، جگە لەوەی کە لەشوێنەکاندا دروست دەکرێت، بەڵام جێگەی خۆیەتی ئێمەیش وەکو هەر میللەتێکی تر، هەر نەتەوەیەکی تر رەمزێکی گەورە لەجێگایەکا ببێت کە خەڵکی بڵێن ئەمە رەمزی ئەساسی ئەوەیە، پێنجەم: کردنەوەی بنکەی مەشق و راهێنانی پیشەیی بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەمە ئێستا هەیە بەشێوەیەکی زۆر بیدائیە، ئەویش ئەو رێکخراوو مونەزەمانە دەیکەن، مەسەلەن وەکو کۆریەکان لەدەورو بەری هەولێر نەبێت دەرناچن بۆ شوێنی تر، بەڵام ئێمە دەزانین قورسایی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال لەکوێیە، ئەوە پێویستی بە میزانیەکی نوێیە بۆی بکرێت، ئێمەیش وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ چەند پێشنیارێکمان هەیە بۆ ئەم وەزارەتە:

□1. هاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کەلە هەندەرانن کە تایبەت مەندیان هەیە لە بواری کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالدا کاردەکەن، کۆمەڵێك رێکخراو هەن ناتوانن کار بکەن پێویستیان بەهاوکاری هەیە، پێویستیان بە پارە هەیە، ئەوانە ئیشی زۆر باش ئەکەن لەناساندنی ئەم کارەساتە بەئەنفال، لەبەر ئەوەی زۆر جار جێگەی خۆیەتی ئەم وەزارەتە یارمەتی وکۆمەکیان بکات، ئەم وەزارەتەیش نیەتی، لەبەر ئەوە ئێمە داوا ئەکەین لەمیزانیەی تەکمیلی ئەمە چارەسەرێکی بۆ بدوزرێتەوەو وەزارەتی مالییە کاری بۆ بکات

□2. وەزارەت بەدواداچوونی یاسایی تەواوی ئەو کۆمپانیانە بکات کەچەکی کیمیاییان داوەتە رژێمی پێشوو، من شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، ئەو برادەرانەی کە لەهۆڵەندان، هانزرات بۆ جاری دووهەم ویستی بە کەیسەکەی خۆیا بچیتەوە، پارێزەری گرتبوو ئەوایش داوایان کرد، ئێمەیش داوامان کرد لە سەرۆکایەتی هەرێم وئەوانیش بەسوپاسەوە داوایەکی زۆر کەم بوو داوای 5000 هەزار دۆلاریان کرد، توانیان موحامیەك بگرن جارێکی تریش هانزرات بدەنە زەویاو نەهیلن ئەو کەیسە بباتەوە، ئەمە پێویستی بەلاکردنەوەیەك هەیە، ئەگەر وەزراەتی مالیە ئەمە لەبەر چاو نەگرێت بۆ تەکمیلێکە ناتوانێت ئەم شتانە بکات و ئەمە شتێکی زۆر زەرووریشە بەراستی0

□3. برێ لە بودجەی تەکمیلی تەرخان بکرێت بۆ کەس وکاری شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان، یەعنی ئەمانە بەردەوام داواکانیان بەڕێوەیە بەردەوام، لەبەر ئەوە ئەگەر بەموتەفەعیش بێت پێم وایە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا تەواو وانیە؟ ئێستا تەسویتی دەکەین لەبەر ئەوەی داوای زیادە دەکات، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان تەرخان کراوە زۆر کەمە لەئاست و داخوازی و کێشەکانی بنەماڵەکاندا نیە، ئەگەر بودجەکە زیابوایە ئەوە مووچەکانیان زیاد دەکرا، ئەگەر ئەو بودجەی دانراوە لەمە زیاتر بوایە مووچەکانیان زیاتر ئەبو وە ئەو زەویانەیش، زۆربەی ماڵە شەهیدەکان زەویان وەرگرتووە، ئەو زەویەی کە وەریان گرتووە ناتوانن بیکەنە خانوو، ئەگەر ئەم بودجەیە زیاد بوایە یارمەتیەکیان بدرایە لەلایەن دەزگای شەهیدانەوە لەگەڵ پێشینەی خانووەکە دەیانتوانی بیکەنە خانوو وهەندێ بنەماڵە هەیە زۆربەیان نەخۆشن، بەڵێ ئێمە خەستەخانەمان هەیە لەناو هەرێمی کوردستانا، بەڵام هەندێکیان پێویستیان بەدەرەوەی وڵات هەیە، ئەوەیش ئەگەر بودجەکە زیاد بوایە هەندێك لەوانە دەنێریتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنی نەخوشێکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من ئەوەی پێشنیار دەکەم، ئەگەر بکرێت موناقەلەی ئەو بۆدجە بکرێت بۆ موقازاتی کۆمپانیا بیانییەکانی دەرەوە، ئەوانەی چەکی کیمیاویان دروست کردووە و دژی خەڵکی کوردستانیان بەکار هێناوە، جەنابتان ئاگادارن کە ئەو کۆمپانیانە چەکی کیمیاویان دروست کردوەو دایانە بەحکومەتی عێراقی بەکاری هێناوە دژی خەڵکی کوردستان، بودجەیەك هەبێت بۆ موقازاتی کۆمپانیا بیانییەکان، هەر زمنی وەزارەت خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەل پشتگیریم بۆ داواکەی کاك محمد، منیش ئەو بودجەیە بەکەم دەزانم، لەبەر ئەوەی ئێمە هەرخۆمان لێرە دوو قانونمان دەرکرد، قانونی ماف کەس و کاری شەهیدوئەنفال، وەزارەت نەیتوانی جێ بەجێی کات، لەبەر ئەوەی بودجەکەی نەبوو، یەعنی تاکو ئێستا بەپێی قانونەکە مووچەی کەس و کاری شەهید بەتایبەتی ئەنفال بەپێی ئەوە نەیتوانیە ئیشکات، بۆیە بەراستی منیش بەکەمی ئەزانم جگە لەقانونی سەندوقی یارمەتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالمان هەیە، بۆیە منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم کەپێویستە ئەو بودجە تەشغیلیەی وەزارەتی شەهیدان وئەنفال زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە داوای زیاد کردن دەکەن، من پشتگیریتان دەکەم، بەڵام عەرزم کردن وتم زیاد کردنەکە سێ ڕێگای هەیە یان دەبێت بە عەجز بێت و بە عەجز شتێکی باش نیە، شتێك زیاد بکەیت، ئان ئەبێت لە میزانیەی تەرەفێك کەم کەیتەوە کە ئەوەیش بۆ ئەغەڵەب میزانییەکان داوای زیادەتان کردووە، ئەوەیش ناکرێت، تەنها ڕێگا ئەوەیە میزانیە تەکمیلێکەیە، ئەویش زۆر بواری لەپێشە، زۆر شت هەیە، مەسەلەی وشکەساڵی لەپێشە، زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرانی لەپێشە، تەرخان کردنی پارەیە بۆ سەلفەی عەقار، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا داواکاریەکان حەقن روو بە ڕوویان دەکەینەوە، چەند ئیهتیمام بە شەهیدان بدرێت کەمە، واجیبە لەسەر شانمان و هیچ منەتیشی نیە، پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانیشەوە، هەموو دەزانم پشتگیری ئەوەن، چەند ئیهتیمام بەئەوان بدرێت و بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت وە ئەگەر ئەو مەحکەمەیەیش کە هاتە پێشەوە بایی ئەوەندە مەساریفی موتەفەریقە هەیە بتوانین لێی دەربێنین کە بکرێتەوە، ئەگەر شتێکی تایبەت نیە و هەر پشتگیری کردنە ئەوە هەمووومان پشتگیری دەکەین، تکام وایە قسەکان تێکەڵ مەکەن، هەرجی دەڵێن موئەیدن وهەمووشتان موئەیدن، ئێستا بودجەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەستی بڵند کات، زۆر سوپاس.

بودجەی وەزارەتی مافی مروڤ دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەستی بڵند کات، فەرموون بەکۆی دەنگ هەردووکی قەبوڵ کرا، بۆ وەزارەتی ئەوقاف و شئونی دینی.

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم محمد شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی کارپێکردن بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروکاروبای دینی (69400) شەست و نۆ ملیارو چوارسەد ملیۆن دینارە، دەکات 1,46٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجێ پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروکاروبای ئاینی یەك ملیارو حەفتاو هەشت ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعد الدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لەگەل ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەوقاف دانیشتنمان کردو لەگەڵ بەڕێوەبەری وەزارەتی ئەوقاف دانیشتنمان کرد، تەبیعی ئەو بڕە پارەیەی کە پێی دەوترێت نەفەقاتی ئیستیسماری کە دانرایە بۆ وەزارەتی ئەوقاف کەم کرایەتەوە، ئەو کەم کردنەوەیش لەبەر هۆیەکە دیارە خەڵکێکی زۆر چاوی لەوەیە

کە مزگەوت دروست دەکات، یەعنی ئەو مەشاریعە ئیستیسماریانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف ئەنجام دە درێت زیاتر خەڵکێکی خێر خواز پێی هەڵدەسێت، لەسەر قسەی وەزیری ئەوقاف دەڵێت ئێمە ئێستا کە شەست و حەفت مزگەوتمان هەیە کە وا خەڵکێکی خێر خواز تەقدیمی کردووەو دروستی دەکات، جا ئەوە لێرە ئیشکالێك هەیە ئێستاکە، یەعنی ئیشکالێك هەیە لە مابەینی خەڵکەکەو لەبەینی وەزارەتی ئەوقاف.

**جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە وترایە لە راپۆرتەکە تەقریبا لەگەڵ ئەمە یەك دەکاتەوە، تەنها دوو خاڵ نەبێت، خاڵی یەکەم ئەوەیە لەمەشروعی ئیستسماری کەم کرایەتەوە، لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمان کرد، دووهەمیش ئەو نوقتەیە کە ئەبێ ئێمە روونی بکەینەوە، ئەوەیە کە قەزیەی حەجە، قەزیەی حەجیش کە لێرە مام رەشاد باسی کرد وەکو سەرۆکی شارەوانی ئەوەیە کە موساعەدەی خەڵکەکە دەکات لەبۆ ئەوەی کەچوونە حەج، لێرەش چوونە حەج ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی خاریجیەوە هەیە، لە ئیختیساساتی وەزارەتی خاریجیە و ئێمەش وەزارەتی خاریجیەمان نیە وئەوان ئیشەکە جێ بەجێدەکەن و ئەوەندەیە ئیشەکە زیاتر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیار کرا بۆیە منیش دەپرسم، فەقەت ئەو پرسیارە هەیە نەك ئێستا پێشتریش مەسرەفی حەج یا ئەو پارەیە لەبودجەی هەرێم دەعم دەکرێت یان نە، هەندێك کەس پێیان وایە ئەو دەعمە پێویست ناکات، هەندی ئەندام پەرلەمان قسەی وایان کرد، ئەو دەعمەی حەج دەکرێت لەبودجەی هەرێمە یاخود لە ئیتیحادیە، کاك سەرکیس فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس اغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەزمنی خەرجییەکانی حاکیمەیە کە ئێمەیش 17٪ مان هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و خەرجییەکانی حاکیمە بۆ ساڵێکی کە هاتە سەر میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کاتە دەتوانن بڕیار بدەن کە ئەو خەرجیە نەمێنێت، بەس ئێستا لەسەر حاکیمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی مادام حاکیمیە، ئەو مەوزوعە لێرە موناقەشە کردنی باش نیە، دوایش نابێت قەرارێك بۆ سەر تاسەری عێراق درابێت ناکرێت ئەو فەرقە هەبێت، لێرە خەڵکانێك پێویستی بە پارەی زیاتر بێت بۆ چوونە حەج و لە بەغدا هەرزان تر بێت، ئەوە پێم وایە دەبێ قەرارێکی عام بێت بۆ هەموو عێراق، بۆیە من میزانیەکەی وەزارەتی ئەوقاف وەکو هەیە دەیخەمە دەنگەوە، فەموو کاك فتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ باس لەخاڵێك بكەم كە پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە من پێم وایە رەئی حكومەت وایە كەوا مزگەوت نەكرێت، لەو شارو شوێنانەی كە مزگەوتیان هەیە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم كە لەو شوێنانەی كە مزگەوتیان هەیە جێی خۆیەتی كە مزگەوت نەكرێت، بودجەكەمان بڕوات بۆ ئەو شتانەی كە ئەولەویاتیان هەیە لەگەڵ ئەوە دام، بەڵام ئێمە پێویستان بە ئاوەدان كردنەوەی دێهات هەیە، یەكێك لە ئەركی حكومەت، وەزارەتی ئەوقاف ئەوەیە كە هەندێ دێهات هەیە، (70) ماڵە، (100) ماڵە مزگەوتی نیە، بۆیە من داوا ئەكەم لەوەزیری دارایی لەو بودجەیەی كە دانراوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف ئیعازێك بدرێت بەڵكو ئەودێهاتانەی كە زۆر زەرورە مزگەوتیان بۆ بكرێت، داوام وایە مزگەوتیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام دەمەوێ شتێكت بۆ روون كەمەوە، حكومەت قەراری نیە مزگەوت دروست نەكرێت، بەڵام رێنمایی هەیە بۆ چۆنێتی دروست كردنی مزگەوت، بۆ چەندی مەسافە، بۆ بەینی مزگەوتێك و مزگەوتێك چەند بێت، لەشوێنێكی وەكو هەولێر رەنگە رێنمایەكان رێگا نەدەن ئێستا مزگەوتی تازە دروست بكرێت، بەڵام قەراری وا نیە ومن پشتگیری رەئیەكەت دەكەم بۆ ئەو دیهاتانەی كە مزگەوتیان نیە وماڵیان زورە بۆیان دروست بكرێت بە پێی پێویست، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵێتی؟ دەست بڵندكات، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا، فەرموون.

بۆ وەزارەتی دارایی، پێم وایە پێشتر موناقەشە كرایە، فەرموو كاك كریم بیخوێنەوە.

**بەڕێز كریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەرجییەكانی وەزارەتی دارایی، (933773) نۆ سەدو سی وسێ ملیارو حەفت سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینارە، دەكات 19,66٪.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ مولاحەزەتان لەسەری هەیە؟ موناقەشەتان كردووە، نەخێر دیوانی ریقابەی مالی جیاوازە، میزانیەی جیاوازە، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەكەم: ئەو بودجەیە بەراستی زۆر زۆرە لەسەدا 19,66 زۆرە، سەیرە ئەو بودجە زۆرە بۆ دانراوە بۆ ئەو دوو وەزارەتە، دووهەم: دوێنییش ئێمە وا بڕیار بوو ئەو دوو وەزارەتەی ناوخۆو هەرێم بەیەكەوە بخەینە دەنگەوە، ئەمڕۆ هیچ موبەڕیڕێك نیە ئەو دوو وەزارەتە بەیەكەوە نە خەینە دەنگەوە، بودجەی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ كارو باری دارایی، چونكە هەموو

ئیشەکانیان بەیەکەوەیە راپۆرت بەیەکەوە دەنووسن ئیشەکانیان بەیەکەوەیە، پێویستە ئەمڕۆ بەیەکەوە بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داراییش وای وت هەر ڕەقەمەکەیشی بەتێکڕا خوێندیەوە، کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقی خۆیەتی کە باسی وەزارەتی دارایی دەکرێت شتێك باس بکەین کە مەسەلەی بودجەی حیزبەکانە، راستە ئەوە یاسای بودجەی حیزبەکان خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵام من دڵنیام لەبەر پڕی کاری پەرلەمانی کوردستان ناتوانین لە $2008$ تا وتوویژو موناقەشە لەسەر ئەو یاسایە بکەین، بۆیە من داوا ئەکەم لێرەوە کە لەبەردەستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و جێگری وە هەروەها داوام لە خوشك و برایانی هەردوو فراکسیۆن ئەوەیە کە ئێمە لەموناقەشەی میزانیەی ساڵی پێشوشدا جەنابت وەکو تەوسیە بۆ حکومەتی هەرێم نووسیت، من داوام وایە کە چیتر هەست بەو مەزلۆمیەت و غوبن و ئەو زوڵمە لەئێمە وەکو حیزبێك دەکرێت دیارە هەموو حیزبەکانی تریش هەر کەس قسەی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە بەحەقیقەت لێرەوە ئەیڵێینەوە وچاوەڕوانی پەسەند کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانین، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپەلە ئاورێك لە بودجەی حیزبەکان بەتایبەت بودجەی ئێمە بداتەوە و ئەو غوبن و مەزلۆمیەتە لەسەرمان هەڵبگرێت، جگە لەوەی کە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم کە ئەو دامو دەزگا وەزارەتانەی کە بەدوو شێوە هاتوون لە سلێمانی و هەولێر ئەوە یەك بخرێنەوە وئێمە تەکریسی ئەو دابەش بوونەیش نەکەین و بەیەك ناو دەنگیان بۆ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك محمد حکیم، منیش ناچارم لەمەوزوعەکە دەربچم، بەڵام ئەو داواکاریە باس کراوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، ئیشی تریش باس کراوە پێش ئەوەی موزەکەرەکەی کاك غەفور پێمان بدات، ئێستاش لەسەر موزەکەرەکە هەندێ تەوزیحاتمان بۆ هاتووە لەسەر ئەوە کەسانەی کە ئیمزایان کردووە وتەوزیحاتیان داوە لەرۆژی دیاری کراودا موناقەشەی دەکەین، بەڵام ئەو داواکاریەی ئێوەو یەکگرتوو وحیزبەکانی تریش موناقەشە کراوە و هەر وەها لە ئەنجومەنی سیاسی بە ئامادە بوونی لێپرسراوی یەکەمی حیزبەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی باس کراوە، ئێمە داوامان لێکردوون پێش هەموو شتێك تەوحید بکرێت ئەو یارمەتیە و ئەگەر بێت و بە پێی پێویست ئەوەی کە تۆ ناوی دەنەێت مەزلۆمیەت، من دەڵێم بەپێی پێویست، بەپێی پێویست بودجەی تایبەت بۆیان تەرخان بکرێت،

چونكه پـێم وایـه مەزڵومیـەت نیـه خوانەخواسـتە، حكومـەت زوڵـم لەكـەس ناكـات، بـەڵام پێداویسـتی ئـەو حیزبانـەی كـە بەشـدارن لـە حكومـەدا، بەشـدارن لـە پەرلـەمانا حەقـە دابـین بكرێـت، مـن پشـتگیری ئـەو داواكاریە دەكەم بەتەواوەتی و بەردەوامین لەگفتوگۆ لەگەڵیان و دانیشتنیش لەگەڵ ئێوە دەكەین، د. نـوری فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەرووی قانونی لەسەر ئەرزی واقیع دوو وەزارەتی دارایی هەیە، ئەوەیش درێژە پێدانی ئەو واقیعـە تاڵەیـە كەوا پێشتر هەبوو، ئەوەیش بەو ماعنایە دێت كـەوا ئێسـتا هـەر یەكـە لـەو دوو وەزارەتـە بودجـەی خۆیـان هەیـە، ئـەوەی ئێمـە دەمانـەوێ بـزانین، پرسـیارەكەم ئاراسـتەی هـەردوو بـەڕێز وەزیـری دارایـی دەكرێـت ئەوەیە: لەسەر چ بنەمایەك ئەو بودجەیە دابـەش كـراوە، پێشـتر بـاس لـەوە دەكـرا رێژەیـەكی تایبـەتی بـو ئیدارەی سلێمانی و رێژەیەك بۆ ئێرە، ئێستایش هەر هەمان شتە؟ یان شتێكی تـرە، تكا كارم ئەوەیش روون بكەنەوە كەوا ئەو دەمەی هەردوو وەزارەتەكە لەسەر چ بنەمایـەك ئـەو دوو ەزارەتـە بودجەكەیشیان یـەك دەخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی دیوانی چاودێری سلێمانی و دیوانی چاودێری هەولێریش پەیوەندیان بە لیژنەی داراییەوە هەیـە، دەتوانین لێرە تەواوی دەكەین یەكسەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیری مالیە، ئایا كوردستان بەشی هەیە لەو تەحویلاتی حكومیەی كە ئەو هەموو یارمەتیە وئەو مینحە ئیداریانـەی  كـە لـە دەوڵـەت دامـەزراوە جیهـانی و نیۆدەوڵەتییـەكان بـۆ عێراق دێت ئایا بەشی هەیە كوردستان؟ ئەوە پرسیارێكم، ئەوەی تریشـم دانـانی سیاسـەتی بـاجی گـومرگ، ئایا ئەو سیاسەتەیان دەستی پێ كردووە بۆ رێگرتن لەو كالایانـەی كـە بـە هـەمان كـواڵتی دێتـە كوردسـتان؟ بەڵام بە شێوەیەكی زۆر هەرزان دەفرۆشرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارەی كاك نوری و ڤیان خان ئەگەر جەواب بدەنەوە كاك سركیس، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی بودجەکە لەنەتیجەی موناقەشاتی هەر وەزارەتێك ئامادە کراوە، بەپێی پێداویستی، وەزارەتی داراییش بەهەمان شێوە ئامادە کراوە، ئینجا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بودجە زۆرەکەیشی لەبەر ئەوەیە ئیحتیات لەزمنی وەزارەتی داراییە کە زیاتر لە 35٪ ئەو بودجەیە فەقەرەکەی ئیحتیات عامەیە کە لێی پێکهاتووە، وەزارەتیش کە بەڕێز د. نوری باس دەکات، هەر کاتێك هەردوو وەزارەتیش بوون بەیەك، یەعنی هەموو مەساریف دەبێتە یەك، ئەو کاتە دابەش کردن نیە کە بڵێین لەسەر نسبەیەك دابنرێت وبەش دەکرێت، ئەوەی مینحە کە باسیان کرد بەنیسبەت مینحە، مینحە داخلی بودجەی هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵام هەر وەکو پێشتر عەرزمان کردن بەپێی یاسای بودجەی ئیتیحادی فیدراڵی لە عێراق 17٪ لەفەرزو مینەح دەبێت بدرێتە هەرێمی کوردستان، تەنها ئەوانە نەبن کە بۆ مەشروعێکی ئیستراتیجی موحەدەد تەرخان دەکرێت، ئەوەی بەنیسبەت موختەبەرات، ئێمە لە نوقاتە سنووریەکان هەوڵمان داوەو هەوڵ دەدەین و دڵنیام ئەمساڵ بە هەوڵ و تەقەلای وەزارەتی پلانداناان زۆر پێشکەوتن دەبێت لەو مەجالەو رێکتر دەبین، نە تەنها ئەو مەوادانەی کە خرابن داخیل بن، بەڵکو شروت و زەوابتیش دادەنرێت، حەتا لە مەنشەئەوە، کام مەنشەئی بێت ئەو مەوادانە دادەنێتن، ئەگەر نە ئێستا بەردەوام موصادەرە دەکرێن و لەناو دەبرێن ئەو نەوعە مەوادانە ناهێڵین داخیلی بازاڕبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ بایز پرسیارێك کرا دەڵێت ئەو زیادانە چیە؟ هین هەردوو وەزارەت، ئەگەر تۆزێك بۆیان شەرح بکەی بڵێیت ئەو پارەیە لەکوێ شەرح دەکرێت، فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە وەزارەتی مالیە هەر بە تەبیعەتی ئیشەکەی ئەمەیە، ئەبێ پارەی ئیحتیاتی هەبێت، ئەبێت پارەی هەبێت بۆ رۆژی تەواری، بۆ فەیەزانات، بۆ ئەنواعی شتی تر، ئەوە ئەمساڵ وشکە ساڵێە، حەتا بەعزی حیسابات هەیە دێتە کایەوە غەیر مەنزورەیە، یاخود بەعزێك حیساباتی عەرەزی هەیە دێتە کایەوە، ئەمانە هەمووی لەزمنی وەزارەتی مالیەوە سەرف ئەبێت، مووچەی تەقاعودی ئێستاکە لەزیادو کەمایە، تاکو ئێستا ئەو پارەیەی کە عێراق بۆ ئێمەی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی فەرقی مووچەی پێ بدەین یاخود فەرقی تەقاعودی پێ بدەین، خۆ ئەو پارەیە لە 17٪ ، جاریێ یەکەم قەت 17٪ ناگاتە دەستی ئێمە، یەعنی ئێمە ئێستا ئەمەمان کردووە لەدەم لە 17٪ و لە 17٪، ئەوە دوای حاکیمەو سیادیە، ئەو نیسبەتەی کە دەگاتە ئێمە، ئەسلاً ئێمە ئەبێت دەعمیشی بکەین ئەوجا پارەی تەقاعود بدەین، دعمی بکەین ئەوجا پارەی مووچە بدەین و بەتایبەتی ئێستا ئەو موخەسەساتانەی کە دانراوە ئێستا ئێمە بیدەین و

بڕیارتـانیش لەسـەر داوە، بڕیارتـان لەسـەر مووچـە داوە، یـەعنی ئـەوەی لـەعێراق بێـت ئـەبێ ئێمـە لێرەتەنفیزی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو پارانە هەمووی لەوشوێنانە دەر ئەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هـەرێم بـۆ کاروبـاری دارایـی و ئـابووری کـە بودجەکـەیان بـە تێکەڵاوی خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی دارایی، دەیخەمە دەنگەوە کی لەگەڵێتی؟، فەرموون، کێ لەگەڵی نیە؟ بەزۆربینـەی دەنـگ وەرگـیرا، فـەرموو بـۆ پاشـی ئـەوە. کـاک کـریم فـەرموو راپـۆرتی وەزارەتـی، کارەبـا و پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی پیشەسازی (19141) نـۆزدە ملیـارو سـەدو چـلویەك ملیـۆن، دەکاتـە لەسەدا 0,40٪. خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی کارەبا، (409200) چوار سەدو نۆ ملیـارو دوو سـەد ملیۆن، دەکاتە 8,62٪.

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، (29956) بیست و نۆ ملیارو نۆ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن، دەکاتە 0,63٪.

**بەڕێز احسان عبداللە قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی پیشەسازی (25875) بیست و پێنج ملیارو هەشـت سـەدو حـەفتاو پێنـج ملیۆن دینارە.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی کارەبا (507803) پێـنج سـەدو حـەفت ملیـارو هەشـت سـەدو سـێ ملیۆن دینارە.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (3392) سی سێ ملیارو نەوەت و دوو ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی پیشەسازی بۆ ساڵی 2008

لیژنەکـەمان دوای زنجیرەیـەك کۆبوونـەوەو پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەر یـەك لـەوەزارەتی کارەبـاو پیشەسـازی وسامانە سروشتییەکان بەمەبەسـتی تـاوتوێکردنی بودجـەی سـاڵی 2008، چـەند سـەرنج و پێشـنیارێکمان

**هەیە دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتان، سەبارەت بە بودجە بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لەراپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەین و ئەم پێشنیارانەی خوارەوەمان هەیە.**

**1- دروست کردنی هەیئەتێکی بسپۆڕی بواری ئابوری بۆ پەرلەمان کەلەسەر جەم کێشە ئابورییەکاندا هەڵوێستەی یاسایی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی بە کەمو کورتیەوە بەسەر پەرلەماندا تێنەپەڕێت و ئاگایشی لەوداهاتە غەیرەی نەوتیانەی عێراق هەبێت وەکو قەرزو مینەح و باج و گومرگ و رسومات و خولی راهێنان وزەمالەی دیراسی زانکۆ جیهانییەکان و یارمەتی تەکنەلۆجیاو سەمادو تۆپ و کۆمپیوترو هەتا دوایی، کە بەداخەوە حکومەتی هەرێم کوردستان وەك پێویست ئاگای لەم بڕگانە نیە و عێراقیش زۆر بە وریاییەوە بودجەی هەرێمی کوردستانی لەو سەرچاوانە بێبەش کردووە.**

**2- داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سیستمێکی داتاو زانیاری بۆ هەرێم دروست بکات کە هاوکاری زۆر لەکێشە قورسەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانەو پێویستە بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت.**

**3- پێویستە حکومەتی هەرێم لە رێگاری بودجەوە گرنگی بەزیاد کردنی بەرهەمی نەتەوەیی و چارەسەری کێشەی بێ کاری و هەڵاوسان بدات و پلانی تۆکمەی ئابووری بۆ دارێژێت هەر وەك لەعێراقدا بۆ هەر یەك لەوانەی سەرەوە پلانی لە 10٪ لەبودجەی ساڵی 2008 بۆ دیزاین کراوە، بۆیە زۆر پێویستە بودجە بەشێوەیەك ئاراستەو دابەش بکرێت کە لە سەر بناغەی گەشە پێدانی ئابوری بێت نەك دابەش کردنی ژمێریارانە بەسەر کەرتەکانی ئابووریدا.**

**4- کەم کردنەوەی بودجەی تەشغیلی بەسیستەمێکی زیرەك بەشێوەیەك کە کاریگەری نەهێنی نەبێت لەسەر بودجەی وەبەر هێنان، ئێمە دەست خۆشی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و وەزارەتی پلاندانان کە ئەمساڵ بودجەی تەشغیلی بەشێوەیەکی باش کەم بۆتەوە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەسیستەمێکی زیرەك ئەوەیە کە کاریگەری نەبێت، هەزاران دەرچوی کۆلێژو پەیمانگاکان بەتاڵ ئەسووڕێنەوەو بواری دامەزراندنیان نیە لەدام ودەزگاکانی حکومەتدا، بۆیە زۆر گرنگە بەنیزامێکی زۆر جوان ئەوە بکرێت و هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە.**

**5- هاوکاری کەرتی تایبەتی کوردستان چونکە باشترین ئەدای ئابووری وڵات بەگشتی وکەرتی وەبەر هێنەر بەتایبەتی و باشکردنی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵ و کەم کردنەوەی هەڵاوسان ودیاردەی بێکاری تا ئاستێکی زۆر دەکەوێتە ئەستوی ئەم کەرتە لەکوردستاندا، بۆیە زۆر گرنگە بودجەیەك دیاری بکرێت بۆ دەعمی ئەم کەرتە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێمە لەزۆربەی راپۆرتی وەزارەتەکاندا ئاماژە بەوە درا کە هەموو داوای زیاد کردنی بودجە دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە ولەوە زیاتر نیە، بەراستی توانای جێ بەجێ کردنی سەرجەم ئەو هەموو داواکاری و زیاد کردنی بودجەیەی نیە، بۆیە زۆر گرنگە**

زۆربـەی ئـەو وڵاتانـە کـە تووشـی ئەزمـە بـوون پەنایـەکیان بـۆ ئالیـەتێك بـردووە کـە ئـەویش راکێشـانی سـەرمایەی خۆمـاڵی و بیانیـە بەشـیوەیەك کـە بەشـداری بکـات لـە پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو بنیادنانـەوە ژێرخانی ئابووری کوردستانە، من حەزەکەم ئەگەر بوارم بدەیت گرنگی کەرتی تایبەت بخەمە روو بەچەند خاڵێك.

1-کارکردن بۆ کەمکردنەوەی تەزەخومی ئیداری لەهەرێمدا کە زۆربـەی بودجـەی هـەرێمی کوردسـتانی بـۆ تەرخان کراوە، لەرێگەی گەشە پێدانی کەرتی تایبەتەوە دەبێت.

2- سەدان ملیۆن دۆلار لای کەم لەکون و قوژبنی مالآندایـە بـواری خسـتنە گـەڕی بـۆ نەرەخساوە، بەراسـتی لـەکاتی بووژانـەوەی کـەرتی تایبەتـدا ئـەکرێت بـوار بـۆ ئـەو پارانـە بڕەخسـێت کـە بەشـداری بکـات لـە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا.

3- لەهـەمووی گـرنگ تـر کەبـەلای هەموومانـەوە گرنگـە، چونکە لەهـەموو کۆمەڵگایـەك پێویسـتیمان بـە دیمـوکراتی کـردن کۆمـەڵگا هەیـە، یـەك لـە هۆکارەکانی دروسـت بـوونی رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لەسـایەی گەشـەکردنی کـەرتی تایبـەتا دەبێـت، چـونکە هەیمەنـەی حکومـەت بەسـەر ئـیرادەی تاکـەکانی کومەڵگاوە نامێنێت، لەبەر ئەوەی لەجیاتی حکومەت خەڵك بژێنێت هەروەك ئێستا لەکوردسـتانا بەراسـتی بەداخەوە هەیە، خەڵك حکومەت دەژێنێ، لـەم کاتـەدا رێکخراوکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی دروسـت دەبـن کـە لـەڕووی تـەمویلی مادییـەوە سـەربەخۆبن و ئەمـە یـەك لـە هـەرە جـوانترین خەسـڵەت و سـیماکانی دیموکراسیەتە.

4- دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو ناوچە کارەسات بەسەر هاتووەکانی ئـەنفال و کیمیا باران هەر وەك چۆن لەمادەی 102 دستوری هەمیشەیی یاسای بودجەی فیدراڵیدا هاتووە سـەرە رای رێـژەی دانیشـتوان وەك بنەمایـەکی سـەرەکی بـۆ چـۆنیەتی دابـەش کردنـی بودجـە بەسـەر ناوچـەکاندا، بەڕەچاوی مەحرومیەت و زەرەر مەند بکرێت، بەداخـەوە بەڕەنگدانـەوەی ئـەو مـادە دسـتوریە لەبودجـەی 2008ی هەرێمدا بەدی ناکرێت، بودجە یاسایە هەر خـەرقێك لەیاسا بەراسـتی ئـەوە خـەرقێکی یاساییەو ئەو یاسایەیش لەهەرێمدا نابێت پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی بن، کـە ئـەوە مـادەی دسـتوری هەیـە بـۆ ئەوە، بودجەی پارێزگامـان پێویسـتە لەیاسـای هـەرێمی 2008 دا وەك مادەیـەکی سـەر بـەخۆ ئامـاژەی بـۆ بکرێت، من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیری پلانداناں هەیە لەعێراقدا لـە 60٪ بودجـەی تەنمیـەی عیقـاری زیادی کردووە بۆچی لەکوردستاندا لە 25٪ زیادی کردووە؟ هۆکاری ئەم کەم کردنەوە چیە؟.

سـەبارەت بـە بودجـەی وەزارەتـی کارەبـا، بودجـەی ئاسـایی هـەموارکراو کـە لەلایـەن وەزارەتـەوە بـەبڕی تریلیۆنێـك و چـل وسـێ ملیـار دینـارە ئـەو بـڕە لـە 70٪ کـە دەکاتـە 108 ملیـار دینـار بـۆ کـرینی پێداویستییەکان و خزمەتگوزاری و چاکسازیە، سلەعی و خـەدەمی وصیانە، بـەڵام وەزارەتـی دارایـی تـەنها رەزامەندی لەسەر چوار سەدو نۆ ملیار دینار داوە کە دەکاتە لە 35٪ی بودجەی هەموار کراوە، بۆ زانیـاری بـەڕێزتان لەفەسڵی (سلەعی و خـەدەمی وصیانە) پێشـنیاری بـڕی 558 ملیـار دینـار کـراوە بـو کـڕینی

سووتەمەنی بـو دەزگاکـانی 500 میگـاواتی هـەولێر و 29 میگـاواتی و 10 میگـاواتی دهـۆك و سـلێمانی و هەولێرو موەلیدەو ئامێرەکانی تر، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەنـدی تـەنها لەسـەر 193 ملیـار دینـار داوە لەکاتێکدا بۆ ئیشپێکردنی ئیزگەی 500 میگاواتی هەولێر کە ئێستا دوو یەکـەی ئامادەیـە بـۆ ئیشـکردن تـا 2008/8/1، پێویسـتی بـە (203) ملیـۆن لـیتر گازوایـل هەیـە کـە نرخەکـەی 150 ملیـار دینـارە جگـە لەکرینی کارەبا لەویزگەی نـاو بـراو کـە هـین کـەرتی تایبەتـەو (150) ملیـار دینـار پێشـنیار کـراوە، بـەڵام وەزارەتـی دارایـی رەزامەنـدی لەسـەر (55) ملیـار دینـار داوە، بەراسـتی جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان حـەق نەبوو وەزارەتی دارایـی بـەو شـێوە تـەعامول لەگـەل بودجـەی ئاسایی وەزارەتـی کارەبـا بکـات، چـونکە ئـەو لەزمنی بودجە پێشنیار کراوە برێکی زۆری ئەتوانم بڵێم لە60٪ بۆ کرینی سـووتەمەنیە، یـەعنی مسـاوەمە کـردن لەسـەر ئـەو کرینـە نـە ئـەبوو بـەو شـکڵە تـەعامول لەگـەڵ وەزارەتـی کارەبـا بکرایـە، چـونکە ئەگـەر سوتەمەنییەکە دابین نەکرێت، بێگومان تەولیدیش نابێت و ئەزمەیەکی کارەبایش بەشێوە دروسـت دەبێـت وچارەسـەر ناکرێـت، بەنیسـبەت بودجـەی پلانـەوە، ئێمـە دەسـت خۆشـیان لـێ دەکـەین، وەزارەتـی کارەبـا پێشنیاری بری تریلیۆنێك و دوو سەدو پەنجا ملیار دیناری کردووە بۆ جێ بەجێکردنی پرۆژەکانیان، بەڵام وەزارەتـی پلانـدانان رەزامەنـدی تـەنها لەسـەر (507) ملیـار دینـار داوە، کـە دەکاتـە نزیکـەی لـە 20٪ ی بودجەی وەبەر هێنانی هەرێم، بەڵام لەو برەی کـە رەزاەنـدی لەسـەر دراوە (298) ملیـار دینـاری بـۆ جـێ بەجێکردنی پرۆژە بەردەوامەکانە، واتا ئەو پرۆژانەی کە ساڵانی 2006 و 2007 برِیاریـان لەسـەر دراوە، بەڵام یان تەواو نەبوونە یـان دەسـت بـەجێ بـەجێ کردنیـان نـەکراوە بـە هـۆی دواکـەوتنی بودجـەی سـاڵی 2007وە، واتا تەنها (209) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی ساڵی 2008 دانراوە، لەکاتێکدا بەستنەوەی وێزکەی (750) میگاواتی چەمچەماڵ بە تۆری کارەبای هەرێمەوە بری (85) ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، کـە دەکاتـە نیـوەی بـری تـەرخانکراو بـۆ پرۆژەکـانی سـاڵی 2008، بۆیـە ئێمـە وەك لیژنـە ئـەم پێشـنیارانە دەخەینـە بەردەست بەرێزتان.

1-لەبەر رۆشنایی پێشنیاری وەزارەتی کارەبـا وپشـتگیری لیژنەکەیشـمان بـۆ ئـەو پێشـنیارە داوا لـەوەزارەتی دارایی دەکەین کە ئەو برە پارەیەی لەبری کارەبا لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت تـەرخان بکرێـت بـۆ وەزارەتـی کارەباو جێ بەجێکردنی پرۆژەکانیان بەتایبەت لە بواری چاکسازیدا.

2- لەبودجەی تەکمیلی کە برِیارە بەگوێرەی مادەی 24 بودجەی فیدراڵ لەناو راستی ساڵی 2008 بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەند کردنی و رێژەی لە 17٪ بۆ هەرێمی کوردسـتانە، بـری (600) ملیۆن دۆلار بۆ وەزارەتی کارەبا تەرخان بکرێت بۆ جێ بەجێکردنی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2008 و پرۆژە بەردەوامەکانیان.

3- پـارەی مـدەوەری سـاڵی 2007 وەزارەتـی کارەبـا جـارێکی تـر تـەرخان بکرێتـەوە بـۆ جـێ بـەجێکردنی هەمان ئەو پرۆژانەی لەساڵی 2007دا برِیاریان لەسەر دراوە.

4- وەزراەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ تەخویلی وەزارەتەکانی کە گرێبەست واژوو بکەن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گرنگ و خەرج کردنی سلفە بەبڕی لە 25٪ نرخی تێچوونی پروژەکە، بەمەرجێك لەسەر پڕۆژەی ساڵی 2009، حیساب بکرێت، ئێمە لەجەنابی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم دەپرسین کە ئایە حکومەتی هەرێم ئەو مافەی هەیە کە داوای ئەو سلفەیە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بکات؟ چونکە لەسەر بودجەی ساڵی 2009 حیسابیان کردووە کە بودجەی 2009 لە 17٪ بۆ هەرێمی کوردستانە، ئەگەر وەڵام بەڵێیە، داوای ئەوە دەکەین ئەو تەخویلە بەوەزارەتی کارەبای هەرێم بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی گرنگ بەمەبەستی جێ بەجێکردنی پلانی درێژخایەنی وەزارەتەکەیان، ئەخیر پێشنیارمان، پێشنیار دەکەین دوای پەسەند کردنی یاسای بودجەی ساڵی 2008 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەکاتی خۆیدا وەزارەت لەبودجەی پەسەند کراویانا ئاگاداربکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەشێوەی سالی 2007 ئاگادار بکرێتەوە، ئەوە زۆربەی بودجەکەیان مدەوەری بۆ سالی داهاتوو دەگەڕێتەوە و ئەوەندە کاتیان بە دەستەوە نابێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکانیان جێبەجێ بکەن، چونکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆربەی پڕۆژەکانی کارەبا کاتی زۆریان دەوێت بۆ جێ بەجێکردن، سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی پیشەسازی ئەم پێشنیارانە دەخەینە روو، ئەو (110) ملیۆن دینارەی کە وەزارەتی پیشەسازی داوای کردووە بۆ کڕینی هەندێ کەرستەو ئامێری تاقیکردنەوەی سەیتەرەی نەوعی، وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر نەداوە، پێشنیار دەکەین ئەو بودجەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، چونکە ئەهمیەت و گرنگی سەیتەرەی نەوعی هەموو لایەك دەیزانین و ئەو بڕەیش کە پێشنیاریان کردووە (110) ملیۆن دینار بڕێکی رەمزیە وەئەکرێ موافەقەتی لەسەر بکرێت، دووهەم: ترخان کردنی بڕی (75) ملیۆن دینار لەبودجەی تەکمیلی بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم بۆ مەبەستی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی لەهەرێمدا تەنمیەی صناعی وەپێدانی ئەو برە بەو هاووڵاتیانەی خاوەن کارگە بچووك و مامناوەندییەکان لەهەرسێ پارێزگاکەدا لەرێگەی بەنکێکی پیشەسازیەوە، هەر چۆن وەزارەتی پیشەشازی عێراق لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا لەبودجەی ساڵێ 2008 ئەم پلانە جێ بەجێ دەکات، چونکە بووژانەوەی ئەم کەرتە لە کوردستان هەلێکی کاری باش دەرەخسێنێت و تائەندازیەك بێ کاری کەم دەکاتەوەو کاریگەری ئیجابیشی دەبێت لەسەر بووژاننەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، سێ: تەرخان کردنی بودجەی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی ئەو یازدە پڕۆژەیەی کە وەزارەتی پیشەسازی پێشنیاری کردووە بۆ ساڵی 2008، بەڵام وەزارەتی پلان تەنها لەسەر یەك پڕۆژە رەزامەندی داوە کە ئەویش دروستکردنی بەردی مەڕمەڕو گرانێتە لەماوات کەهێچ گرنگیەکی ئابووری وپێچەوانەی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێمیشە کەلەسەر بنەمای خەسخەسە و بازاڕی ئازاد داڕێژاوە.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.من وەك جیۆلۆجیەك حەزئەکەم لەسەر ئەم کارگەی بەردە یەك دوو تەوزیح بدەم بۆ جەنابی وەزیری پلان، بەڵێ من مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەکرێ یان موناقەلەیەك بیگوڕێت بە پڕۆژەیەکی تر، چونکە من وەك جیۆلۆجیەك قسە ئەکەم وبەرپرسیارم بەرامبەر بەقسەکانم کە مەنتیقەی

جوگرافی زۆر گرنگە، یاجەدوای ئیقتیسادی ئەو پڕۆژانە زۆر گرنگە، ئەو پرۆژەیەی کە جیّ بەجیّدەکرێت، بەداخـەوە هـیچ جەدوایـەکی ئیقتیسادی نیـە وهـەر وەك جـەنابی وەزیـری دارایـی ئیشارەتی پێدا پلانـی حکومەت دوورکەوتنەوەیە لە کارگـە حکومییـەکان، بەراسـتی و بـەرەو خەسخەسـەو بـازاڕی ئـازاد دەڕوات و زۆربەی کارگەکانیش حکومەتی کوردستان فرۆشتێتی بـە کـەرتی تایبـەت، مـاوات یـەك نـەوع بـەردی تیایـە پێی ئەوتری بەردی متەحەول، ئەم بەردە دوو ڕەنگی هەیە، ڕەنگی سپی و سەوزی کاڵ و لـەرووی مەسـحی جیۆلۆجیـەوە ودیراسـەتێکی وا نـەکراوە لەلایـەن ئەندازەییەکـەوە کـە ئـەو بـڕە پێداویسـتی ئـەو مەعمەلـە دەکات یان نا، لەکاتێکدا پێنجوین کە چەند کم لەماواتەوە دوورە سێ نەوع بەردی تێدایە، بەردی متحەولە، بەردی ناری تێدایە، وە بەردی رسوبی، زیاتر لە هەشـت نـەوعی هەیـە، نـەوعێکی هەیـە تاوکسلیکەیتی پـێ دەڵێن کە ئەوە لەمستوای بـەردی عالەمیدایـە وە لـە مەقلەعـەکانی هـەورامان و بەرزنجـەو شـوێنەکانی تـر نزیکن، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین یان ئەو پڕۆژەیە لەشوێنێکی تـر دروست بکرێت کـە وەسـەت بێـت بـۆ هەموو شوێنەکانی هەرێم، یان ئەگەر دروست نەکرێت وبگۆڕێت بە شتێکی تـر بـە پەسـەندی دەزانـین، بـۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان لە کۆی ئەو 12 پڕۆژەیە کە دراوە وەزارەتـی پیشەسازی بـۆ وەزارەتـی دارایـی یـان پلان ڕەفعی کردوون بـۆ جیّ بـەجیّ کـردن چـوار پڕۆژەیـان بـۆ گـەرمیان و هەڵەبجەیـە لەسـەر تەوسـیەتی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لـەکاتی سـەردانەکەیدا بـۆ ئـەو شـوێنانە، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو پڕۆژانە هیچیان تەبەنی نەکراون لە ئەو بەردە دروست دەکرێت، کە ئێمـە وەك ڕەئیـی خۆمـان ئـەوە هـیچ جەداویەکی ئیقتیسادی نیە، هەر وەك هەموو لایەك دەزانین کە کێشەی سووتەمەنی یەکێکە لەو کێشـانەی کە بەردەوام کاری گەری خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی هەریم دروست کـردوە، بۆیـە پێویسـتە حکومـەتی هەرێم پلانی پەلەو خێرای هەبێت بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم قەیرانـە درێـژ خایەنـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە راپـۆرتی لیژنەکەمانـدا کـە لـە مـاوەی رابـردودا ئامـادە کـراوە سـەبارەت بـەدوادا چونمان بـۆ دووزینـەوەی چارەیەکی بنە ڕەتی گونجاو بۆ جارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە هەرێمـدا، پێشـنیاری دامەزرانـدن ودروسـت کردنی عەمباری گەورەی سووتەمنیمان کردووە، بۆیە بەرەئی ئێمە ئەو پری سێ وسی ملیارەی لەبودجـەی وەزارەتی پلان ڕەزامەندی لەسەر دراوە بۆ جیّ بەجێکردنی پڕۆژەکانی سەرچاوە سرشـتییەکان زۆر کەمـەو چارەسـەری کێشـەکانی سـووتەمەنی ناکـات، پێشـنیار دەکـەین کـە بودجەیـەکی تایبـەت بـۆ ئـەو مەبەسـتە تەرخان بکرێت و لە ئەولەویەتی کارەکانی وەزارەت دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو راپۆرتەکان کە خوێنرانەوە دەنێنرێن بۆ وەزارەتە پەیوەندی دارەکان، بـۆ ئـەوەی دیراسـەتی بکـەن، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر دەتـوانن جـێ بـە جێـی بکـەن بـە نـەزەری ئیعتیبـاری وەربکـرن، ئەگـەر مەعلومەکـە ومیزانیەکە پێویستی کرد بە موناقەلەکردن ئەوە بـەینی ئەقسامەکانەو بـەپێی یاسـای خـۆی دیـاری کـراوە بەڕێگای وەزارەتی داراییەوە داواکردنی ئەو موناقەلەیە دەکرێت تەنها لە میزانیەی پەرلەمان و ئەنجومـەنی قەزا نەبێت وە هـەروا وا بـزانم سـەروکایەتی هـەرێمیش و ئەوانـەیش بـۆ خۆیـان دەسـەڵاتیان هەیـە، بۆیـە

لەبەر ئەو راپۆرتەی کە کاك بارزانیش خوێندییەوە لەسەر ئەو سێ وەزارەتە پێشنیاری بودجەی تێدا بوو لەسەر بواری کارەبا لەسەر بواری سامانە سروشتییەکان، هەروەها لەسەر وەزارەتی پیشەسازی، ئەویش وەکو راپۆرتەکانی تر دەنێرین بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن، کوێستان خان فرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواوی راپۆرتەکەیان دەکەم، دیارە جەنابیشت ئیشارەتت پێی دا لەسەر مەسەلەی زیادکردنی بودجەی کارەباو ئەوانە، ئێمە لێرە حەقە پێداگیری بکەین لەسەر ئەوەی کە بودجەی وەزارەتی کارەبا زیاد بکرێت، ئێمە ئەوەی ئاگایی هەیە زۆر نارازیە لەم بودجەیە پێیشی وایە ئەم بودجە کەمە کێشەی کارەبا چارەسەر ناکات لە هەرێمی کوردستان، هەمووشمان هەموو ساڵێك بەڵێنی ئەوە ئەدەین کە ئەم ساڵ کێشەی کارەبا بۆ کۆمەڵانی خەڵك چارەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی ئەم ساڵیشمان وەکو بەڵێنەکانی پێشووی لێ نەیەت پێویستە لێرە بڕیار بدەین کە ئەو بودجەیە زیادبکرێت، مەسەلەی سووتەمەنی ئەویش یەکێك بوو لەخاڵەکانی راپۆرتەکەی، یەکێکە لەو کێشانە کە کێشە زۆر سەرەکییەکانی کۆمەڵانی خەڵك کە پێویستە ئەویش چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، چونکە ناکرێت لەزستانێکی سەختدا وەکو سلێمانی ساڵی پار تەنها سێ بەرمیل نەوت دراوەتە هاوڵاتیان، ئەعنی ئەمە وای کردوە خەڵك زۆر کێشەی هەبێت کە سەعاتی کارەبای هەیەو سێ بەرمیل نەوتی ئەدەیتێ، ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێت، ئەمەوی شتێك لەیرە بیری هەموومان بخەمەوە، ئەوەیش ئەوەیە، ئێمە لەمانگی دوو کۆمەڵێك راپۆرتمان ئامادە کرد لەسەر کێشەکانی خەڵك کەسەرەکیترینیان کارەباو سووتەمەنی بوو لەهەردوو راپۆرتەکەدا کە دیارە لیژنە پەیوەندیدارەکان و زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان سەرقاڵی ئەو مەسەلانە بوون، دیارە دواکەوتنەکەی بە بونەی بودجەوە بۆ دوای ئەم بودجەیەیش حەتمەن ئەوانەیش ئەکەونە بەرنامەی کارەوە، من ئەمەم بۆیە هێنایەوە ئێمە لەهەموو ئەو راپۆرتانەدا ئیشارەتمان بەوە داوە کە پێویستە بودجەی وەزارەتی کارەباو بودجەی سووتەمەنی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە لێرە بڕیاری ئەوە بدەین ئەگەر لەبودجەی تەکمیلیش بێت ئەو دوو بودجەیە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کارئاسانیەك بۆ کۆمەڵانی خەڵك بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە داوا لە وەزارەتی داریی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان دەکەین کە ئیهتیمامێکی زۆر بدەن بە وەزارەتی کارەبا کە رەچاوی کۆمەڵی خەڵکە، هەر وا سووتەمەنیش بۆ ئەوەی لەمیزانیەی تەکمیلیش بڕێکی بۆ تەرخان بکرێت، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵانەی کاك بارزان خوێندیەوە هەندێك ئیشکالی هەیە لەلای ئێمە، خۆی ئیجمالی مەشروعەکان کە ئێستا لەژێر تەنفیزدایە کە ئەگەر بێت و موافەقە لەسەر ئەو بودجەیە بکرێت کۆی هەمووی دەکاتە (924) ملیار دینار، ژمارەکە دووبارە دەکەمەوە (924) ملیار دینار، خۆی (701) ملیاری ئەم ساڵە کە دەکەوێتە ژێر تەنفیزەوە وە (223) یشی لەپڕۆژە بەردەوامەکانە، بەڵام موخەسەس (507) ملیارە لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی وەزارەتی کارەبا بۆ تەنفیز کردن لەمودەی ساڵێکدا تەوەقوعەکەمان سەرف کردنی (507) ملیارە ئەوە گلەیەکەی لەوەدایە، یەکێك لەگلەیەکانی وەزیری کارەبا لەوەدایە، خۆی مەجموعی مەشروعەکانی (110) مەشروعە، هیچ لەو مەشروعانە بۆ ئاگاداری تۆیش و بۆ وەڵامی کوێستان خانیش هیچ لەو مەشروعانە پەیوەندی بە تەولیدەوە نیە، تەنها مەحەتەی پەنجاویەك میگاواتێکە نەبێت، چونکە هەردوو مەحەتەی کارەبا لەلایەن کاك احمد اسماعیل و ماس جوردن دروست دەبێت و دەکرێت لەناو ئەو بودجەیەدا نیە، ئەوە تەنها پەیوەندی بە تەولیدەوە نیە پەیوەندی بەتەوزیع ونەقڵەوە هەیە، یەعنی ژێر خانی کارەبایە، تەولیدی کارەبا نیە رەغمی مولاحەزاتی تایبەتیم لەسەر وەزارەتی کارەبا، بەڵام ئیمکانیەتی وەزارەتی کارەبا بەتەسەوری من ئەوەنەیە، سەرباری ئەوەیش ئێمە لەقەرزی یابانییەکە بەئیتیفاقی ئێمە و وەزارەتی تەخطیطي عێراقی بەحزوری وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان وە وەزیری شارەوانیش (300) ملیۆن دۆلار تەخسیس کراوە بۆ وەزارەتی کارەبا، ئەمە سەرباری ئەو پارەی بۆیان تەخسیس کراوە و لەبودجەی تەکمیلییەکە، ئێمە بڕیارە یەعنی بەشێکی زۆری دوای موحافەزات دەدرێتە سەکتەری کارەبا و ئاو، ئاو بە هەردوو بەشێوە ئاوی خواردنەوەو ئاودێریش، یەعنی ئەمە تەرکیزەکەیە کە لەسەر ئەوە، یەعنی کارەبا گرنگیەکی زۆری هەیە موعالەجەکردنی وەختی دەوێت، بەڵام وەزارەتی کارەبا تاکو ئێستا تەولیدی چاك نەکردووە نەك تەوزیع و نەقڵ، ئێستا خەریکی تەوزیع ونەقڵن و ئەو پارە زۆرەی تەخسیس کراوە بۆ تەولیدو نەقڵ نەك بۆ تەولیدی کارەبا، مەسەلەی یەکێك لەقسەکانی کاك بارزان کە باسی مەعمەلی ماوات دەکات، ئێمە داخیلمان نەکردووە، چونکە سیاسەتی ئێمە وازیحە، ئێمە هیچ مەعمەلێك داخیل ناکەین، ئەم مەعمەلە لەساڵی 2005 وە دەستی پێکراوە و، ئەو مەعمەلە عەقدی بۆ کراوە گونجاوە یا نەگونجاوە، ئێمە تێیدا بەر پرس نین، ئیقتیسادیە یان ئیقتیسادی نیە، چونکە بەشێك لەراپۆرتەکەی لیژنەی دارایی تەئکید دەکاتەوە کە مەعامیل دروست بکرێت، خۆیشی داوای کرد وتی کۆمەڵێك مەعامیل دروست بکەن لە گەرمیان، لەشارەزورو لەوانە، کەمن خۆم بۆحاڵی خۆم لە گەڵ ئەوەدا نیم هیچ مەعمەلێك لەلایەن حکومەتەوە دروست بکرێت، مەعمەل پێویستە ئێمە لەرێگەی بانقەکانەوە هاوکاری، ئاسانکاری لەرێگای ئیستسمارەوە بۆ کەرتی تایبەت، بۆ موستەسمری ئەجنەبی بۆ ئەو مەعمەلانە بکرێ، وەسەبارەت بە مەسەلەی داتاو زانیاری کە باسی کرد، من لەسەر مەسەلەی داتاو زانیاری قسەکەی لیژنەکە زۆر زۆر راستە بەبێ بونی داتاو زانیاری پلانی توکمە داناڕێژرێت، بۆیە ئێمە لەوەزارەتی پلاندانان سەنتەرێکمان کردووەتەوەو دەتوانین دەعوەتی هەموو برادەرانیش بکەین کە سەنتەرێکی زۆر زانیستیە و لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بە سێ شێواز داتا

پیشاندەدات، خۆم دەعوەتی لیژنەی ئابووریشم کرد کە بێن سەردانمان بکەن بەداخەوە دیارە مەجالیان نەبوو بێن سەردانمان بکەن، کە هەرچەند ئیمکانیاتمان کەمە، ئیمکانیاتی فەنی، ئیمکانیاتی مالی، بەلام رەغمی ئەوە بەجهودی چەند کادیرێکی باشەوە توانرا سەنتەرەکە دروست بکرێت کە ئەبێت بۆ هەموو هاوولاتیەك، بۆ هەموو موستەسمرێك، بۆ هەموو وەزارەتێك، هەموو داتاکان کۆدەکریتەوە لەوێ بەشێوەیەکی زانستی بلاودەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خوشی لەکاك بارزان و برایانی لیژنەکەیان دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە بەهێزە، دەربارەی ئەو تێبینیەی کەوا پێشانیدا کارگەی بەرد لەماوەت، من سەد لەسەد پشتگیری پێشنیارەکەی کاك بارزان دەکەم پشتکیری لیژنەکەیان دەکەم، بەلام بەداخەوە جەنابی وەزیری پلاندانان ئەلێت ئێمە حەقمان بەوەوە نیە لەبەر ئەوی پێشووتر دانراوە، ئەگەر ئیجابیە یان ئیجابی نیە، باشە یان خراپە، نەخێر ئێمە واجیبمان ئەوەیە ئەوەی کە باشە لەخزمەتی گەلەکەماندایەو، لەخزمەتی ولاتەکەماندایە، ئێمە پشتگیری ئەوە بکەین ئەوەیشی خراپە مەفروزە ئێمە ئیلغای بکەینەوە، پێویست نیە ئیدامە بە شتێك بدرێت کە بزانین ئێمە زەرەر مەندین تیایدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەسەلەی تەولید کە جەنابی وەزیر باسی کرد ئەوە هی کەرتی تایبەتە، هین حکومەت نیە، ئێمە ئەگەر کێشەی تەولیدمان هەیەو پێمان چارەسەر ناکرێت، جارێ ئەبێت کێشەی تەوزیع چارەسەر بکەین، ئەوەی کە هەیە بە توانانی وەزارەتی کارەبا بە خۆی ئەگەر تەولیدیش چارەسەر بکەین، دوایی کێشەکەی گەیاندنمان ئەبێت، ئەی ناکرێت ئێمە کێشەی گەیاندن چارەسەر بکەین، با وردە وردە ئێمە بێین کێشەی گەیاندن چارەسەر بکەین، ئەگەر تەولیدەکەیش چارەسەر بکەین دوایی پێمان ناگەیەنرێت، زور سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر ئەم داتایە لێرە كە وەزارەتی كارەبا داینـاوە، مەسـەلەن بودجـەی سـاڵی 2006، (96211) نەوەت و شەش مليارو دووسەدو يازدە مليۆن دينارى خەرج كردووە، لە سـاڵی 2007، ( 106163) سـەدو شەش مليارو سەدو شەست و سێ مليۆن ديناری خەرج كردوە، ئێستا چەندی بۆ دانراوە (409200) چوار سەدو نۆ مليارو دوو سەد مليۆن دينار، سەيربكەين يەعنی ئەو جياوازيەی لەبەينی سـاڵی 2006 و 2007 زۆر نيە، نەوەدو شەش بە سـەدو شـەش، مەسـەلەن چـەندی ماوەتـەوە چـەند بـۆ خـۆی (402999) چوار سەدو دوو مليارو نـۆ سـەدو نـەوەد و نـۆ مليـۆن، يـەعنی بلـێ چـوار سـەدو سـێ مليـار لەسـاڵی 2007 بـۆی تەرخان كراوە، سەدو چواری لێ خەرج كردووە، يەعنی كەوابوو وەزارەتەكە پلانێكی وازيحی نـەبووە ئيشـی لەسەر بكات، ئەمەيش كە ئێستا هەر ئەڵێن ئەم كارەبايە، پياوێكی وەكو احمد اسماعيل توانيوێتی (1200) ميگاوات كارەبا بەبەرهەم بێنی، ئەگەر هەندێ گـرفتی نـاخۆ نەبوايـە وەكـو سـەرۆكی حكومـەتی كوردسـتان باسی كرد، هەر لەساڵی 2007 تەواوی دەكرد، ئايا حكومەت ناتوانێت بەم ميزانيە زۆرەوە، يـەعنی (403) مليار ديناری بۆ تەرخان كراوە ساڵی 2007 سەدو سەش مليارى خەرج كردووە كـە هـيچ بەرهـەمێك ديـار نيە، وەختی دێيت لێرەوە سەير دەكـەی دوازدە هـەزارو كەسـرێك كرێكاری هەيـە، مـن يـەك نموونـە دەدەم لەسەر كرێكار ئەو مەحەتەی بيست و نـۆ ميگاواتيـە ئەوانـەی كـە دايانـا هـاتن و خۆيـان دروسـتيان كـردو هێنايان لێرە دايان نا لە هـەرێمی كوردسـتان وتيـان ئەمـە 45 كرێكـاری دەوێـت، ئێسـتا بـرۆ ئـەبينی 300 كرێكاری زياتری لێيە، يەعنی گرفتەكە ئەوەيە كە دەڵێن پارەی زياتری بۆ دابنرێ لەوانەيە هەر لەم شتانـدا ئەڕوات، يەعنی لەخەرج و لەمووچەدا ئەڕوات، بەڵام وەكو پلانێـك يـەعنی مـەعقول نيـە پياوێـك بتوانێـت ئەمە دروست بكات، بەڵام وەزارەتێك ناتوانێت بيكات، پلانەكە ديار نيـە، جـارێكی تـر دووبـارەی ئەكەمـەوە ساڵانی 2006، 2007 ئەو لـەوێ نـەوەد و شەشـی خـەرج كـردووە، وەلـەوی سـەدو شەشـی خـەرج كـردووە بەشەرتێك حكومەت ميزانيەكی باشی بۆی تەرخان كردووە، (403) مليار دينارى بـۆ دانـاوە تـەنها (106) مليارى لێ خەرج كردووە، لەبەر ئەوە داوا دەكەم، يەعنی هەم وەزارەتی پلانـدانان، هەم وەزارەتی كارەبا ئەم كێشەو گرفتە هەم لەكۆڵی خۆيان بكەنەوە، هەم لەكۆڵی هاووڵاتيش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش با نەڵێن هەر كەسێك ديفاع لەناوچەی خـۆی دەكـات، مـاوەت و قـەڵادزێ ومـەخمور، مـن ديفـاع لـەو شتانە ناكەم، بـەڵام باسـی ئـەو پڕۆژەيـە كـرا، مـن نـەختێك ئاگاداری وردەكاری ئـەو پڕۆژەيـەی مەعمـەلی مەڕمەڕم لەماوات هەيە، باسی ئەو كراو، بۆيە حەزم كـرد روون كردنەوەيـەك بـدەم، ئـەو مەشـروعە پـێش يەكگرتنەوەی هەردوو ئيدارەكەی سلێمانی و هەولێر لەسەر بودجەی ئيدارەی سـلێمانی ئـەو كاتـە دانـراوە،

ئەوە یەك، دوو: مەجموعەیەك خوبەرا لەمەجالی جیۆلۆجی كە لەمەجالی مەڕمەڕو ئەو شتاندا چوونەتە مەنتەقەكە و لە مەنتەقەی پێنجوین، لەماوەت، لەقەڵادزی، لەهەموو ئەم مەنتەقاندا ئەو بەردانەیان دۆزیوەتەوە كەلەو پرۆژەیە بەكاردەهێنرێت، دیارە لەمەنتەقەی ماوەتا ڕەنگە ئەو كەسانەی خەڵكی شارباژێڕبن زۆر شارەزاییان هەبێت لەوەی كەمەنتەقەیەكی فراوان هەیە كە ئەو نەوعە بەردەی تێدایە كەبۆ ئەو كارە بەكاردێت وە پێشم وایە گوایە ئەوە جەدوای ئیقتیسادی هەیە یان نیەتی ئەوە شتێكی ترە، مەسەلەیەكی ترە، بەڵام بعتیبار ماوەت كەوتوەتە بەینی قەڵادزی و پێنجوین وە نیزیكیشە لەسلێمانی، بۆیە ماوەت تەرخان كراوە، ئەگینا لەبەر شتێكی تر نەبووە وە پێشم وایە پرۆژەكە جەدوای ئیقتیسادی هەیە، لەبەر ئەوە حەزم كرد ئەو روون كردنەوەیە بدەم و جەنابی وەزیری پلاندانانیش كاك عثمان دیارە روون كردنەوەی خۆی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر پشتگیری لە پێشنیارەكانە پێویست ناكات، بەڵام هەر كەسێك دەیەوێت میزانیەكە كەم بكاتەوە، میزانیەی كارەباو ئەوانە قسە دەدەمە ئەو، كێ دەیەوێ میزانیە كەم بكاتەوە، كەس هەیە؟ روونكردنەوەمان ناوی تەنها كەم كردنەوە، بەراستی روون كردنەوە تاخیرمان دەكات و وەختیشمان لێ دەكوژێت، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشەكی پشتیوانی داواو داخوازییەكانی لیژنەی پیشەسازی دەكەم، ئەمە یەك، دووهەم: بەحەقیقەت مەسەلەی كارەبا گرنگەی پێ دراوە، سوپاسی وەزارەتی دارایی دەكەم كە خستیانەتە ئەولەویاتەوە لەكاتی ئەگەری تەرخانكردنی 17٪ خەرجییەكانی حاكیمە گرنگی بەكارەبا بدرێت، لەبەرچی، لەبەر ئەوەی كە موشكیلەی كارەبا هەر دروست كردنەكەی و بەرهەم هێنانەكەی نیە، گواستنەوەیەتی، دابەس كردنێتی، صیانەیەتی، تەئمینێتی، ئامادە كردنی پێویستیەكانێتی، ئەمانە هەمووی پارەی دەوێ، بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەیش من لەگەڵ ڕێزم بۆ تێبینی وەزیری پلاندانان، عادەتەن پرۆژەیەك كە لەشوێنێك دادەنرێت مەجموعەیەك موقەومات هەیە كە ئەبێ بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، یەكەم ناحییەی جوگرافی، دووهەم ناحییەی ئەیدی عامیلە، ئێستا تۆ پرۆژەیەك لەشوێنێك ئەكەیتەوە پێنج ماڵی تێدایە ئەیدی عامیلە لەكوێ ئەهێنێت؟ هەموو رۆژێك ئەبێت نیوەی ئینتاجەكەی بدرێت بە هێنان و بردنی ئەیدی عامیلە، لەبەر ئەوە زۆر زەروریە ئەم پرۆژەیە ئەگەر ئیتیفاقی لەسەر كراوە لەشوێنێ بكرێت، لەشوێنێك دابنرێت بتوانرێت ئیستیفادە لەبەردی پێنجوین و چوارتاو قەرەداغ و هەموو ناوچەكان بكرێ نەك تەنها لەیەك شوێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل ئەگەر قسەكانت وەكو كاك جماڵە مەجال نادەم بەحوا، بەڵام مادام پرسیارە فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەزانم، بەراسـتی ئـەو تەحمولـەی تـۆ هەیتـە، سـەبری ئەیوبـە، بەراسـتی لـەو هـەموو قسـەیەی کـە ئێمـە دەیکەین، من پرسیارێکم هەیە، لەئیدارەی سلێمانی پرۆژەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبا هـەبوو، لەمونزریـە بۆ کەلار، ئەوە شەش سەد هـەزار دۆلاری بـۆ تـەرخان کرابـوو، ئێسـتا بـەپێی مـەعلوماتی مـن مـەوادی ئـەو پرۆژەیە کە ئەکا (28) تاوەر لە مونزریەوە بۆ کەلار نزیکەی سەد تا سەدو پەنجا میگاوات کارەبا دەتوانێت بێنێت، ئایە لە پلانی وەزارەتی کارەبا دانراوە ئیشی بـۆ بکرێـت؟ کـە پـێم وایـە بڕێکـی بـاش کارەبـا دابـین دەکـات، ئـەوە پرسـیاری یـەك، پرسـیاری دووهـەمم: کارەبـا بەرهـەم هێنـان، گواسـتنەوە، دابەشـکردن، ئایـا وەزارەتی کارەبا بڕە پارەیەکی تەرخان کـردووە بـۆ ئـەوەی مقیاسـێك دابـنێ بـۆ خـەڵك چۆن کارەبـا بـەکار بێنێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەبوایە پێشتر لە رێگای لیژنەکانـەوە ئـەو پرسـیارانە ئاراسـتەی وەزیـری کارەبـا بکرایـە، کـاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر مەوزوعی کارەبا کە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، ئەو شەریکاتانەی کە هێنانی غازیان بە ئەستۆ گرتـووە، مـن دوو مـانگی رەبەقـە بـە پـردێ و ئێـرەدا دێـم و ئەچـم، بۆرییـەکان دانرایـە و زەوییەکـە هەڵکەنرایە، نازانم ئەوە چەند شەریکەیەکن، لەبەرچی هەتا ئێستا ئەو بۆڕیە نەبەسـترایە؟ چونکە ئەگـەر ئەو بۆڕی غازە نەیەت موستەحیلە بتـوانن بـەگازوایل ئـەو کارەبایـە ئـیش پـێ بکـەن، ئـەوەیش لەئەسـتۆی حکومەتە، نازانم ئەو پرسیارەم ئاراستەی وەزارەتی مالیەو پلانـدانان دەکەم، ئەو شـەریکانە گەیشـتنە کـوێ؟ تاکەی هەروا چاوەڕوان بین؟ ئەو خەتە کەی تەواو دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان شوانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها جەوابێکی کاك عادل دەدەمەوە بۆ مەسەلەی مەشروعی گەیاندنی کارەبا لەئێرانـەوە بـۆ هـەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو ئێران موافەقـەتی کـردووە موزەکەرەیـەکی تـەفاهومی لەگـەڵ حکومـەتی عێراقـی ئیمزا کردووە کەیەك ملیار دۆلار بەقەرز بداتە عێراق بـۆ جـێ بـەجێکردنی پرۆژەکـان و ئـەو پرۆژانـەیش راسـتەوخۆ بـە فائیدەیـەکی زۆر زۆر کـەم و جـوزئی بـە مـودەی (40) سـاڵ ئـەو پارەیـە دەدرێتـەوەو تـەنها خۆیان پرۆژەکان جێ بەجی دەکەن، ئێمە لەگەڵ وەفدەکەی حکومەتی عێراقا کە بەسـەرۆکایەتی بـەڕێز د.

بەرهەم سالح بوو، من و کاك هوشیار سوەیلیش کە وەزیری کارەبایە بەشداری وەفدەکەمان کرد، لەوێ چوار پڕۆژەمان داخیل کردووە، ئەوە لەبیرم کرد ئەو مولاحەزەیە بدەم، دوو پڕۆژەیان گەیاندنی کارەبایە لە هەردوو خەتی هەورامان وسەید سادیق و خەتی دووهەمیان لە مەهابادوە بۆ سۆران، ئەم دوو پڕۆژەیە کە بایی (84) ملیۆن دۆلارە ناردوومانە بۆ پەرلەمانی عیراقی بۆ موافقە لەسەر کردنی وئیمزای لەسەر بکرێت، هەردوو خەتەکەیش لەسەر قەرزەکە جێ بەجێ دەکرێت، بەتایبەتی گەیاندنی جانبی، یەعنی لایەنی داخیلی خەتی کوردستانی عێراقەوە دەرکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی راپۆرتی لیژنەکە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین، ئێستا بودجەی وەزارەتی پیشەسازی دەخەمە دەنگەوە کی لەگەڵێتی؟ دەستی بەرزکاتەوە تکایە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی کارەبایە؟ با دەستی بەرزکاتەوە تکایە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندایە؟ با دەستی بەرزکاتەوە تکایە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا. ئیستا راپۆرتی وەزارەتی عەدل و ئەنجومەی قەزا، لەبەر ئەوەی راپۆرتەکەیان لەلایەن ئەنجومەنی قەزاوەیە، جیاجیایە، بەڵام هەردووکی پێکەوە دانراوە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی وەزارەتی داد (28787) بیست و هەشت ملیارو حەفت سەدو هەشتاوحەوت ملیۆن دینارە، دەکاتە لە 0,19٪.

خەرجییەکانی ئەنجومەنی کارپێکردنی دادوەری (19954) نۆزدە ملیارو نۆسەدو پەنجاوچوار ملیۆن، دەکاتە لە 0,42٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەمایەکانی وەزارەتی داد دوو ملیارو حەفتا ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ راپۆرتان هەیە کاك شێروان؟ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوا بەدوای راپۆرتمان ژمارە (41) لە 8 / 4 / 2008 سەربارەت بە پرۆژە یاسایی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 ، کەلە پەرلەمان خویندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەبڕگە (8)ی دا پێشنیازمان

کردبوو بڕگەیەکی تایبەت بەبودجەی دەسەڵاتی دادوەری تیا زیادبکرێت ، و دوای ئەوەی لیژنەکەمان لەگەڵ نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری وشاندی یاوەری کۆبۆوە کەپێك هاتبوو لە سەرپەرشتیاری دادی وژمێرکارەکانی ئەنجومەنی دادوەری، چاوی بەهەردوو بودجەی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد خشاندەوە و ئەمەی خوارەوەش تێبینیەکانیەتی لەسەر بودجەکانیان:

یەکەم: دەسەڵاتی دادوەری:

ئەو بودجەی کەلە دواجار تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری و خراوەتە نێو بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

أ ـ بڕی داواکراو لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە: ( 53,749,000,000 ) دینار

ب ـ بڕی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە: ( 19,954,000,000 ) دینار

ج ـ ڕێژەی تەرخانکراو لەچاو بودجەی گشتی ( 0,42 ٪).

دووەم: وەزارەتی داد:

دوای ئەوەی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لەنێو بودجەی وەزارەتی داد جودا کرایەوە، بودجەی وەزارەتی داد بەم جۆرەی خوارەوەی لێهات:

بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن، لەبەر ئەوەی لەبیدایەت بودجەی وەزارەتی داد هاتبوو، دوایی ئعتیراز گیرا لەلایەن لیژنەی یاسایی وپەرلەمانەوە ە بۆ بودجەی دەسەڵاتی دادوەری وەك ئەوەی لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری هاتبوو کە دەبێ بودجەکەی سەر بەخۆ بێت رەوانە کرایەوەو لەدوای ئەوە وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتی داد رێککەوتوون لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری لەسەر سەر لەنوێ دارشتنەوەی، بۆیە بەراستی جۆرە تێکەڵاویەك لە بودجەکەدا بەدی دەکرێت، ئێمە دوو ژمارەمان لەپێشە، لێرەدا لەلایەن لیژنەی دارایەوە بە (28) ملیار خوێنرایەوە کە چی لەلای ئێمە، لەلیژنەی ئێمە بە (8) ملیار دینار هاتووە ئەوەی دادوەری، کە بەو شێوەیە.

أ ـ بڕی داواکراو لەلایەن وەزارەتی دادەوە: ( 20,335,000,000 ) دینار.

ب ـ بڕی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە: ( 8,833,000,000 )دینار.

ج ـ ڕێژەی تەرخانکراو لەچاو بودجەی گشتی: ( 0,19 ٪).

لێرەدا تێبینی دەکرێت کە:

1- جیاوازی هەیە لە نێوان بڕی داواکراوو بڕی پەسەندکراو. ئەمەش شتێکی ئاساییە. چونکە شتێکی سروشتیە کە وەزارەتی داد وئەنجومەنی دادوەری پلانی بەپێز دابرێژن و بری پێویست لە بودجە داوابکەن بۆ ئەوەی پلانی فەرمانگەکانیان جێبەجێ بکەن. هەروەها وزەراتی داراییش بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لە بودجەی گشتی هاتووە لە داخوازی وەزارەت وفەرمانگەکان کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی بە پێی ڕێژەیەکی دیارکراو هیچ لایەنێك لە بودجە بێبەش نەکات.

2. بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لەفۆرمێکی کۆنی ساڵی (2007) پڕکراوەتەوە و تەنها بەرگ و لاپەرەی یەکەمی ساڵی (2008) لەسەر نووسراوە.

3ـ بودجەی دادگاکانی استئناف لەنێو بودجەی وەزارەتی داد ماوەتەوە کە پێویست بوو بخرێتە سەر بودجەی ئەنجومەنی دادوەری وشپرزەییەکی زۆری پێوە دیارە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

أ ـ جاری یەکەم بودجەی ئەنجومەنی دادوەری پشت گوێ خرابوو، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی رایسپارد کە بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ دابین بکرێت ، زۆر بەپەلە ئەم فورمە ئامادە و ڕەوانە کراوە.

ب ـ تائێستا ئەنجومەنی دادوەری بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری دانەمەزراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری وەکو پێویست نەڕوات بەڕێوە، نەلەرووی کارگێریەوە و نەلەرووی دادوەریەوە. بۆیە ئێستا دەسەڵاتی دادوەری تەنها بەڕواڵەت جیایە ، ئەگەرنا لەرووی کارمەندو کارگێڕی و تەلار و فەرمانگەکانەوە لەگەڵ وەزارەتی داد لە زۆر رووەوە تێکەڵاوە.

بۆیە پێشنیاز دەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی جەخت لە سەر لایەنە پەیوەندارەکان بکاتەوە کە بەزووترین کات ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێت .

سێیەم: پێشنیاز دەکەین دوای ئەوەی بودجەی گشتی پەسەندکرا، وەزارەتی دارایی بە پێی مادەی شەشەمی ئەم یاسایە, بودجەی سەرۆکایەتیەکانی إستئناف لەبودجەی وەزارەتی دادەوە جیاکاتەوەو بیخا تەوە ناو بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ راپورتەکەتان، زۆربەی شەرح بوو و ئەو وەزعەیشتان کە شەرح کردەوە جێی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری تازەیە، لەبەر ئەوە کەم و کوڕیی تێدایە شتەکانیان، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی قانونی دەرچووە، دەبوایە جیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جیا کردنەوە دەبێتە هێزێکی تر بۆ جێ بەجێکردنی یاساکە بۆ ئەوەی خۆیان پێی هەڵبسن و ئێمە تەنها پشتگیریان لێ دەکەین، پێم وایە بیخەمە دەنگەوە باشترە، دەی کاک دوو محامی قەدیم باقسە بکەن، کاک شێروان و کاک عمر، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی خیلافەکە لەکوێیە بەراستی، خیلافەکە خۆی لەتەئخیر بوونی هاتنی میزانییەی سولتەی قەزائیە بۆ پەرلەمان، بەنیسبەت وەزارەتی عەدل (28) ملیار دینار دانرابو هەر وەکو ئیشارەتیان پێی دا برادەران، دوایی هێن سولتەی قەرزائی هات، هێن سولتەی قەزائی (19954) نۆزدە ملیارو نۆ سەدو پەنجاو چوار ملیۆنە، ئیلتیباسەکە لێرەیە عەجبەن ئەو (19954) نۆزدە ملیارو نۆ سەدو پەنجاو چوارە لەمیزانیەی وەزارەتی داد دەرچووەو هاتووەتە ئێرە، یان میزانیەتی وەزارەتی داد وەکو خۆی دەمێنیتەوە دواییش هێن سوڵتەی قەزائیش ئیزافە بکرێت، کە ئیزافە کرا مەعنای وایە ئەرقامەکان هەمووی دەبێت دەسکاری بکرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحاتێکمان بداتی زۆر مەمنوون دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێت ئەو بەشی تەشغیلیە، دەبێت قەتع بكرێت لەوەزارەتی عەدل، ئەوە بەتەئكید وایە، كاك سركیس فەرموو .

**بەڕێز سركیس اغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر وەكو بەڕێزتان فەرمووتان، ئەمانە دەوائیرن، ئەوانەی تەشغیلی، لەسەر میلاكی وەزارەتی عەدل بووە كە ئێمە میزانیەكی جیا دروست دەكەین بۆ مەجلیس قەزا، دەبێت هەموو ئەو نەفقاتە بگوازرێتەوە ئەگەر نا موكەرەر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەوەی كاك شێروان باسی كرد، ئەو (28) ملیارەی كە دانراوە بۆ وەزارەتی عەدل، ئەو پارەی كە ئێستا دانراوە بو مەجلیسی قەزا دانراوە پێی دەچێت ئەو 0,61 كە تەوزیع كرابێت بە دوو بەشەوە لە كاتێكدا لایەزال وەزارەتی عەدل لە زۆر لەشوێنەكانا بینای بەكرێ گرتووە، عەقدەكان لایزال بەناوی وەزارەتی عەدلەوەیە، یەعنی نەفەقات و مەساریفی زۆر لەسەر وەزارەتی عەدل ماوە، باشە مەحكەمەی ئیستئیناف كە وەكو لیژنەی یاسایی باسی كرد لایەزال لەسەر وەزارەتی عەدل ماوە، ئەمە جگە لەدەوائیرەكانی تر كە سەر بەوەزارەتی عەدلن وەكو قاسرین، وەكو كاتب عەدل، وەكو تەنفیز، وەكو دائیرەی تاپۆ، من پێم وابوو باشتر وایە هەرچەند یاسای دادوەران لەمانگی یازدەدا لە لای جەنابی سەرۆكی هەرێمەوە هاتووەتەوە، یەعنی دەكرا میزانیەكی تایبەتی بۆ دابنرێت بە تەئكید، چونكە ئێمە بڕیارمان دا كە ئەو سوڵتەیە جیابكرێتەوە، كە جیامان كردەوە میزانیەكی جیاوازمانیش بۆ دانا، ئەكرا ئەو فەترەیە هەتا مانگی چوار كە ئەو میزانیە هاتووە میزانیەكی بۆ تەحدید بكرایە بۆ مەجلیسی قەزا، تەبیعی مەجلیسی قەزا بەتەئكید ئەویش دەسەڵاتێكە كە هیچ گرنگی لەدەسەڵاتەكان ودامودەزگاكانی تر كەمتر نیە، بە عەكسەوە ئەوەندە گرنگی خۆی هەیە ئەگەر قیاسی كەین بە هەردوو ئاسایشی گشتی لەهەرێم، لەهەولێرو لەسلێمانی و وەزارەتە ناوخۆكان، دەسەڵاتی دادوەریە كە دەتوانێت ئیستقراریەت و ئاسایش وئەمن بپارزێت لە وڵات و بیباتە پێشەوە بە هەموو نەوعێكی، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی كە ئەو بڕە پارەی كە بۆ دەسەڵاتی داد وەری دانراوە، پێم وایە ئەوە لەگەڵ رێژما بۆ هەموو وەزیفەكانی ترو مەنسبەكانی كەو هەموو كارمەندانی ناو حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێم وایە ئەو بڕە میزانیە كەمەو گونجاو نیە ئەگەر قیاسی كەین بە دەرەجەی حاكمەكان هەر لەدەرەجە چوارو سێ و دووەوە كە ئەیگرێ، لەبەر ئەوە پێم وابوو باشتر وابوو ئەگەر وەزارەتی مالیە بیتوانیبایە لەسەر ئەو لە 20٪ كە بۆ هەردوو

**وەزارەتی مالیە دانراوە بڕێك میزانیەی تەخسیس بکردایە بۆی، هەرچەند دەسەڵاتی موناقەلەی فەسڵ و گواستەنەوەی هەیە وە لە کاتی میزانیەی تەکمیلیا نەیتوانی تەکمیلەی میزانیەکی باشتر بکات بۆ مەجلیسی قەزا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ مولاحەزەکانت، هەندێکی جەواب دراوە وەهەندێکیش ئاراستەیان دەکەین.**

**بودجەی وەزارەتی داد دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدا نیە؟ فەرموون.**

**بەکۆی دەنگ وەرگیرا. کێ لەگەڵ بودجەی دەسەڵاتی قەزایە، بادەستی بڵندکات تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبووڵ کرا. بودجەی هەردوو دیوانی چاودێری لە هەولێرو سلێمانی، کاك کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خەرجییەکانی کارپێکردنی دیوانی چاودێری و دارایی** (8960) **هەشت ملیارو نۆ سەدو شەست ملیۆن دینارە، دەکاتە** 0,19٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خەرجێ پڕۆژە سەرمایەکانی دیوانی جاودێری و دارایی هیچ نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پێم وایە ئەوە هیچ موناقەشەی ناوێت، لەبەر ئەوەی قانونێکی بۆ دەرچووە بەیەکەوە دەنگی بۆ دەدەین، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ دەست بڵند کات، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.**

**وەزارەتی بازرگانی، کاك کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار).**

**خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی بازرگانی** (26179) **بیست و شەش ملیارو سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە، دەکاتە** 0,55٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی بازرگانی هیچ نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەزارەتی بازرگانیش وەکو دیوانی چاودێری وایە، هیچ شتێکی نیە موناقەشە بکرێت، موقتەرەحەکە کە لیژنەی دارایی پشتگیری لێ کردووە، دەیخەمە دەنگەوە.**

بودجەی وەزارەتی بازرگانی کێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا. بۆ وەزارەتی پلاندانان، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار).**

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی پلاندانان (17525) حەفدە ملیارو پێنج سەدو بیست وپێنج ملیۆن دینارە، دەکاتە 3,37٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی پلاندانان دەکاتە (7542) حەفت ملیارو پێنج سەدو چل و دوو ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیش لەو وەزارەتانەیە کە نایەوێت موناقەشە بکرێت. دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا. وەزارەتی گەشت وگوزار، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار).**

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی گەشت وگوزار (1402) چواردە ملیارو دوو ملیۆن دینارە، دەکاتە 0,29٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی گەشت وگوزار (5800) پێنج ملیارو هەشت سەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داواکارم ئهتیمامێکی زیاتر بە وەزارەتی گەشت وگوزار بدرێت بەراستی، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ وەزارەتی دەستەی وەبەرهێنان، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجییەکانی کارپێکردنی دەستەی وەبەرهێنان (3115) سێ ملیارو سەدو پازدە ملیۆن دینارە، دەکاتە 0,7٪.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی دەستەی وەبەرهێنان (240) دوو سەدو چل ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆیان داوای (35483) سی وپێنج ملیارو چوار سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دیناریان كردووە، نازانم ئەو رەقەمەی لای من ئەوەی كە نووسراوە موتفق علیە راستە؟ سێ ملیارو قسور، باشە خۆیان داوای (35) ملیاریان كردووە، یەعنی زۆر زۆری فەرقە، یەعنی ئەوانی كە رەنگە ئینسان تەسەوری بكات لەسەد چلە، لە سەدا نیوە، بەڵام ئەمە زۆر زۆری فەرقە، ئەوانی كە سولسە، لەسەدا بیست و پێنجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەونجومەن:**

ئەغلەبی وایە، دوێنێ وابزانم تۆ لێرە نەبووی باسمان كرد، كۆی بودجە كە دراوەتە وەزارەتی دارایی وئابووری، كە خەملێنراو لەلایەن وەزارەتەكانەوە سیازدە ملیارو قسور دۆلار بووە، كە چی ئێمە هەموو بودجەمان پێنج ملیارو قسورە، لەبەر ئەوە هەمووی كەم بووەتەوە بەو رێژەیەی كە پێویستە.
بودجەی هەیئەی وەبەر هێنان دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندكات تكایە، فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا.

ئەوە بەشی دووهەمی گرنگی گفتوگۆكردن لەسەر بودجە تەواو بوو، بەشی یەكەمی وتمان راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بوو ئەمە بەو راسپاردانەو بڕیارانە كۆتایی هات، بەشی دووهەمی تاوتوێكردنی بودجە یان خوێندنەوەی خەملێنراو بۆ بەشەكان وەزارەتەكان، راسپاردەی لیژنەكان ئاراستەی ئەوە كراو دەنگی بۆ درا، تەنها بابەتی سێهەمی گرنگ ماوە ئەویش یاساكەیە، یاساكە ئەگەر باوەڕتان هەبێت من قەناعەتم وایە دەتوانن بە نیوسەعات تەواوی بكەن، لەبەر ئەوەی یاساكە خولاسەی ئەو شەش، حەفت جەلسەیەیە كە دانیشتین بۆی، هەمووی حازرەو رەقەمەكانیشی و مادە كانیشی، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەوە پرسیارە دەیكەم، ئایا ئەو پێشنیارانەی كە بڕیارمان لەسەری داوە هەموو پشتیوانیتان لێكردو بەتایبەتی جەنابتان و سەرۆكایەتی پەرلەمان و تێكڕای وەزیرە بەڕێزەكانیشە ئەی نابێت بخرێتە دەنگ دانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار عەفوم كە، من جار جار داوای لێبوردن دەكەم، زۆر مەسەلە دێتە شەرح كردن، دێتە باس كردن، ئەوەی كە بوو بە بڕیار مەسەلەی ئەنجومەنی قەزا كە نەبووەتە بڕیار، ئەوە دەنگی بۆ دراو تەواو، نەك هەر دەنگی بۆ درا هەندی شتی قانونیە پێویست ناكات بیخەینە دەنگدان، ئەوە قانونیە، ئەوەی تر كە رەئی ئێوەیە دەچێتە ناو قانونەكە، لەوی وەكو بڕیارە، وەكو ئەحكامی قانونی دەچێتە ئەوێندەر، ئەوەی راپۆرتی كە پێشنیار دەكەن بودجە زیاد بكرێت بۆ كارەبا، بۆ تەندروستی، ئەوانە پێشنیارن و راپۆرتەكان دەدرێتە

لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەوەی لەبودجەی تەکمیلی رەچاوی بکەن، ئینجا نازانم کاک شێروان رەئیتان چیە لیژنەی قانونی؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەك جەنابت ئیشارەتت پێی دا ئەوە هەمووی ئەرقامە، ئەرقامەکانیش هەمووی موناقەشە کرایە قانونەکەیش حازرە وە ئەو تەوسیاتەیش کە ئێمە تەبعمان کردووە ئەوەیش هەر حازرە، ئەوەی کە مەسرەفی عەقاریە ئەوەی موچەی فەرمانبەرانە، هین خانە نشینە حازرە، من پێم وایە ئیستمرار بکەین لەسەری زۆر چاکەو شتێکی تەبیعی و ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو شت هەیە من لەبەر ئەوەی بەیانی یەکی ئایارە، جەژنی کرێکارانی دنیایە لەدنیادا، پیروزبایی لێ دەکەین، ئومێدەوارین رۆژێکی خۆش ببەنە سەر، داوا کارییەکانیان جێ بەجێ بکرێت و ئاواتیان بێتەدی، بەڵام ناکرێت ئێمە سبەی کۆبوونەوە بکەین، دوو سبەیش عوتلەیە، سێ سبەیش عوتلەیە، من بەحەقیقەت پێم خۆش نیە ئەوەندە دوای بخەین و بڵێین بودجە لەمانگی پێنج پەسەندکرا، یەعنی لەبەر ئەوە دەبێت ئەمرۆ بەسەندی بکەین و تەواوی بکەین وە هیچیشمان نەماوە، یان ئێستا یان سەعاتی پێنج بێینەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە کێ دەیەوێت ئێستا تەواوی کەین با دەستی بڵندکات؟ بەئەکسەرێتی موتڵەق تەواوی دەکەین، ئەوە قابیلی موناقەشە نیە، لەبەر ئەوەی خولاسەی موناقەشاتی پێشووە یەك، دوویش ئەرقامە مادە بە مادەیە تەنها ئەحکامی خیتامی نەبێت، لەبەر ئەوەی لەبەردەستی ئێوەیە ئەویش سیاغەکەیەی کە کەسێك ویستی کەلیمەیەك زیاد بوو یان کەم بوو مانیع نیە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە سەبارەت بە دیباجەکە بگۆڕێت، چونکە ئەو پڕۆژەیە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لێرە لەدیباجەکە نووسراوە کە لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە.

یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2008، یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ ماوەی 2008/1/1، تاکو 2008/12/31.

ماددەی یەکەم:

گوژمەی (7628783) تەنیاحەوت ترلیۆن و شەش سەدو بیست و هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار دادەنرێ بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی 2008 و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

یەکەم: گوژمەی (2879079)تەنیا دوو ترلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو نۆ ملیارو حەفتاو نۆ ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پڕۆژە سەرمایەدارییەکان.

دووەم: گوژمەی(4674842)تەنیا چوار ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو چوار ملیارو هەشت سەدو چل و دوو ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکارخستن.

سێیەم: گوژمەی(54908)تەنیا پەنجاو چوار ملیارو نۆسەدو هەشت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عیراق.

چوارەم: گوژمەی(19954)تەنیا نۆزدە ملیارو نۆسەدو پەنجاو چوار ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی خەرج دەکرێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2008**

**قانون موازنة أقليم كوردستان ـ العراق للفترة من 2008/1/1 لغاية 2008/12/31**

المادة الاولى: يرصد لنفقات السنة المالية 2008 مبلغ قدره (7628,783) فقط ( سبعة ترليون وستمائة وثمانية وعشرون مليار وسبعمائة وثلاثة وثمانون مليون دينار) ويوزع كالآتي:

أولاً: مبلغ قدره ( 2879079 ) فقط ( ترليونان وثمانمائة وتسعة وسبعون مليار وتسعة وسبعون مليون دينار) لنفقات المشاريع الراسمالية .

ثانياً: ملبغ قدره ( 4674842) فقط ( اربعة ترليون وستمائة واربعة وسبعون مليارو ثمانمائة واثنان واربعون مليون دينار) للنفقات التشغيلية .

ثالثاً: مبلغ قدره ( 54908 ) فقط ( اربعة وخمسون مليار وتسعمائة وثمانية مليون دينار ) لنفقات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

رابعاً: مبلغ قدره ( 19954 ) فقط ( تسعة عشر ملياراً و تسعمائة واربعة وخمسون مليون دينار ) لنفقات السلطة القضائية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەزبوتە رەقەمەکانی جەنابی وەزیری دارایی؟ باشە ئەو مادەیە، مادەی ئەرقامە دەیخەمە دەنگەوە کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، کی لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنمیەی ئەقالیم جەنابی سەرۆك ئەمساڵ لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا دانراوە، لە بودجەی پلان، ئێمە ئەگەر شێوەی سەرف کردنی، ئێمە یاسایەك نیە بۆ پارێزگاکان، ئەگەر لێرە وەك مادەیەکی سەر بەخۆ ئیشارەتی پێنەرێت خازعی رەقابەی پەرلەمانی نابن بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە مەجالیسی موحافەزاتی لەسەر هەڵبژێرراوە، ئەوان خازعن بۆ مەجلیسی موحافەزە، موراقەبەی تەنفیزی خوتەکە ئەکات و موحافیز بڵێین ئیعدادی خوتەکەیان بۆ ئەکات، ئەگەر ئێمە لێرە بە یاسایەکی سەر بەخۆ

ئیشارەتی پێنەدرێت بەراستی بەدەر ئەبن لە رەقابەی پەرلەمان، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەمادەیەکی سەربەخۆ ئیشارەت بە بودجەی تەنمیەی موحافەزات بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خازیعە بۆ قانونی ریقابەی پەرلەمانی، خۆمان ئەو رۆژەی کەباسمان کرد، خازیعن بۆ ئەوە، ئەگەر ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بکەین، جگە لەوەیشە ئەگەر سەر بە حەتا مەسروفاتی ئیتیحادیش بێت خازیعە بۆ ریقابەی مالی عێراقی و هین ئێمەیش تەبعەن، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیە ئەمساڵ بەیەك وەحدە هاتووە، میزانیە لە عێراقدا حەتا ساڵی 2007 یش تەنمیەی ئێمە هەر سێ موحافەزەکە ئێمە لەگەڵ میزانیەی عێراقدا دەهات، بەڵام ئەمساڵ نەهاتووە، ئەمساڵ بۆتە بەشێك لەمیزانیەی ئیستیسماری هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کە دیاربێت، خۆ ئەوانیش بەشێکن لەناو ئەم مەوزوعەدا بە (495) ملیار بۆمان داخیل کردوون، فەقەرەیەکە لەزمنی ئەو دوو (879) یەدا ئەوەیشی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سرکیس لەزمنی ئەو پارەیە کە تەرخان کراوە بۆ موحافەزات داخیلی میزانیەی ئێمە کراوە لەبەغدا یان بە تەنها هاتووە؟.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو داخیلی میزانیەی ئێمە کراوەو لەزمنی پلان حیساب دەکرێت، بودجەی پلانی گشتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سەد لە سەدەی کە لێرە دانرایە، ئەوە جوزئێکە لەوە؟ ئێستا تێگەیشتین، بۆیە دەنگمان بۆ نەدا لەبەر ئەوەی نەخراوەتە سەر میزانیە، بەڵام دەستکاری ناتوانین بکەین وەکو مینحە دراوەتە تەنمیەی موحافەزات، لەزمنی پارەکەیە کە لەمادەی یەکدا دیاری کراوە، ئێستا زۆر روونە لامان، کەواتە خازیعی ریقابەیە، بەڵام دەنگمان بۆ نەدا، لەبەر ئەوەی دراوە بیگۆڕین، ناتوانین بیگۆڕین، نە ئەتوانین کەمی کەین نە ئەتوانین زیادی کەین، بەڵام لە زمنی مەجموعەکەیە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست کاری کراوە، من پرسیارەکەم ئاراستەی جەنابی وەزیری پلان و جەنابی وەزیری دارایی کرد، لە 60٪ لەعێراقدا زیادی کردووە، ئێمە کەم کراوەتەوە، لە 60٪ بووەتە 25٪ دا، چۆن دەستکاریمان نەکردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناتوانن کەمی کەن و ئەوەتا دەڵێن دەستکاری نەکراوە، ئەگەر لەبەغدا کەم کرابێتەوە لێرە دەستکاری نەکراوە، فەرموو کاك سرکیس.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێیتەوە لەسەر ژمارەی دانیشتوان حیساب بکەین ئەو کاتە لەبەینی 13 بۆ 14 لە سەد دەبێت، یەعنی ئەگەر بەو سیستەمەی عێراق دابەش بکرێت لەسەر موحافەزات، ئێمەش هەمان سیستەم بەکار بێنین لێرە لەسەر ژمارەی دانیشتوان، ئەو کاتە هەمووی کەمتریش دەبێت نەك زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ماددەی دووهەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: داهاتەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2008 لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی تەنها (6580784) شەش ترلیۆن و پێنج سەدو هەشتا ملیار وحەوت سەدو هەشتاو چوار ملیۆن دینار دەخەملێنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە مادەی دوو، کێ لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، تکایە ماددەی سێ یەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق پارەی حساباتی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بەپێی داهاتە دارایی دەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتولى وزارة المالية لإقليم كوردستان - العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ دەکات، کێ لەگەڵێتی؟ بادەست بلندکات، فەرموو، کێ لەگەڵیدا نیە؟ فەرموو، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس الوطني.

کێ پشتگیری دەکات دەستی بلندکات؟ کی نایکات؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ وەرگیرا.تکایە ماددەی پێنج.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج:

یەکەم: دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەك دەروازەدا بکات جگە لە بەشی مووچەکان، کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

دووەم: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانکراوەکانی گەشەپێدان لە نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

أولاً/ يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً/ لايجوز اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرم سوڕماوە لەبەینی ئەم دوو یاسایە، لەبەینی یاسای عێراق لەگەڵ یاسای هەرێمی کوردستان، یەعنی دوو شتی زۆر جیاوازە مع العلم میزانیەی هەردووکیان یەك شتە، هەر واریداتەکە نەوتە زۆربەی، ئینجا ئەوەی کە ئەخەملێنرێ وەك بووەتە ئەساسێك بۆ هەمووی، ئەم دوو شتە زۆر جیاوازە لێرە کۆمەڵێك شتی

جیای هەیە، مەسەلەن ئێمە لێرە لەمادەی یەك شتەكانمان وردكردوەتەوە، هاتووین لەمادی دوودا دەڵێین ئەمە داهاتەكەیەتی، داهاتمان ئەمەنەیە لەسەرەوە وردمان كردوەتەوەو لەخوارەوە داهاتەكی دەڵێن، دوو لێرە تەخسیساتی ئەلئیزافیە، هەندێ شتی وتووە، مەفروز وایە ئێمەیش بیڵێین، مەسەلەن هین حاڵەتی تەواری دیاریكردووە، هین ئەو تەخسیسەی كە دەدرێتە موحافەزەكان، كەلێرە دیاری كردووە (40) ملیار، چل ملیار دینارە بۆ موحافەزەكان بەپێی نفوس و ئەولەویەت، ئینجا ئەمانە كەئێستا صلاحیەتی وەزیرە پێویستی بە ئەحكامی وزاریە، یەعنی مەفروز وایە لێرەدا باس بكرێت، ئێستا ئێمە نازانین ئەم مینەح و شتانە كە دەدرێت لەهین وەزارەتی مالیە هیچ ئیشارەتی بۆ نەكراوە، یەعنی لە داتاكەدا كە دیاری كردووە لەئەساسا تەوزیعەكەی بەپێی ئەبواب و فصول هیچ ئیشارەتێكی بە مینەح نەكردووە، هیچ ئیشارەتێكی بە ئوخرا نەكردووە، مع العلم لە هەموو وەزارەتێكدا ئەوە هەیە، لێرە ئیشارەتی پێ كردووە، لەبەر ئەوە پێم وابوو، یەعنی زۆر دوورن لەیەكەوە ئەم دوو یاسایە، داوا دەكەم رێكخستنێكی هەبێت بۆ ئەوەی لێی تێبگەین، ئەم هەمووی داوە بە شەرح، یەعنی ئەم یاسای میزانیەی هەرێمی كوردستان هەمووی داوەتە شەرح، ئەوە هین وەزیری بێت، مع العلم ئەحكامی خیتامی دەتوانیت بە كورتی باسی بكەیت، بەڵام ئەساسەكان پێویستە بەراستی لێی بكۆڵینەوە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر گرنگ نیە ئیلا دەبێت لەوێ چۆنە لێرەیش دەبێت وابێت، زۆر بابەت هەیە جیاوازە، ئێمە پارەكەیش هەر وا رۆیشت و سالی 1993، و 1994 یش وا رۆیشت، ئەگەر شتێكت هەبێت، نەفەقات پێش داهاتە، ئەوە تەبیعیە نیزامی داخیلی خۆمانیش وادەڵێت كە نەفەقات پێش داهات موناقەشە دەكرێت، تەبیعی هاتووە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی تەحسیل حاسلە، یەعنی ئەو بودجەی تەنمیەی پارێزگاكان خازعی دیوان ریقابەی مالیە، بەڵام لە بۆ تەئكید كردن لەسەر پێشنیارەكەی كاك بارزان دەكرێت بڵێین: لایمكن اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات والتي تكون خاضعة لرقابة ديوان الرقابة المالية، بۆ تەئكید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەقانونی دیوانی ریقابەی مالییە نەمان نووسیوە؟ نووسراوە كە لەوێ نووسرابوو، یەعنی خەلاس، كە لە ریقابەی مالی و رێكخراوكانیش كە لێرە ناویشیان نەهاتووە هەموو رێكخراوەكان، سەنتەرەكان هەموویان خازیعن، كاك شێروان فورموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پارەیەی تەنمیەی موحافەزات لە زمنی موازەنەیە، موازونەیش بالکامل خازیعی ریقابەیە، یەعنی لەزمنێتی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەگەر تەحسیل حاسیل بێت، ئەنجومەی دادوەریش ئەو دەسەڵاتەی هەیە گوازراوە لە ناو بودجەی تایبەتی خۆی بکات لەلایەك بۆ لایەکێ تر، وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ئەو حەقەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیشارەتێك بدرێت بە میقداری پارەی موحافەزات لەو بوارەدا باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مولاحەزاتی کاك احسان، مادە (39) لەسولتەی قەزائی موعالجەی کردووە، تحدد رواتب ومخصصات قضاة محكمة التمييز والقضاة الاخرين بقانون، پێی ناویت لێرە ئیشارەتی پێ بکەین، زرۆ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی دەڵێت، دەڵێت موناقەلە، وناقەلە وەکو دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان، ئەویش دەسەڵاتە حەقی خۆیەتی راستە، با ئەوە ئیزافە بکرێت، سەرۆکی دەسەڵاتی قەزا با بخرێتە مادەیەك بۆی هەیە موناقەلەبکات، بیخە مادەی پێنجەم، یان دەکرێت مادەی چوارەم بکرێتە دوو فەقەرە، ئێستا دەیخەینە پێش هەموو شتێکەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی بە ئەنجومەنی قەزا بکات، کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بلندکات تکایە، کێ لەگەڵدا نیە، ئەوە دەبێتە مادەی پێنجەم، لەبەر ئەوەی مادەی پێشتر دەنگمان بۆ دا، ئێستا ئەو مادەی پێنجەم کە بووەتە مادەی شەشەم خوێندتانەوە بە دوو فەقەرەیە، فەقەرەی یەکەم بۆ وەزیری دارایی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە گوێزرانەوەی بۆ بکات لەنێوان پارە تەرخان کراوەکانی یەك دەروازە جگە لەفەسلی موچەکان کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە ونابێت لێی بگوێزرێتەوە،

دووهەم نابێت گوێزانەوە لە نێوان تەرخان کراوەکانی گەشە پێدان لە نێوان پارێزگاکانـدا بکرێت، ئـەویش هەر وەها شتێکی تەبیعیە، قسە کراو هـەر ئەوەنـدە بـوو وتیـان ریقابـەی مـالی، ئایـا موعـەرەزە بـۆ ریقابـە مالی؟ بەڵی موعەرەزە، پارەکەیشی دیاری کراوە لەویندەر، کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە دەستی بڵندکات؟ تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

ئەوە تەبعەن دەبێتە مادەی شەش، ئەوەی کە دەنگمـان بۆیـدا، مـادەی شـەش دەبێتـە مـادەی حـەوت ئێسـتا، بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارەی تەرخانکراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات بە مەبەستی فەراهەم کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانـەی کـە بڕیـاری لێکردنـەوەیان لـە وەزارەتێـك هەیـەو دەخرێتـە سـەر وەزارەتێکـی تـر، وەزیـری پەیوەندیـداریش بـۆی هەیـە گوێزانـەوە لـە چـوار چـێوەی یـەك فەسڵێك و ناو بەشێك و یەکەیەکی خەرجکردنەکەدا بکات.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده السابعه: لوزير المالية اجراء المناقلة بـين اعتمـادات ابـواب الميزانيـة لاغـراض تـوفير امكانيـات الصـرف للأدارات التى يتقرر فك ارتباطها مـن وزارة والحاقها بـوزارة اخـرى، وللـوزير المختص اجـراء المناقلـة ضـمن الفصل الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هین تەنمیەی موحافەزات دەنگی بۆ درا (499) ملیار دینارە، بەس لێرە شی کرایەتەوە هەر موحافەزەیەك بە جیاوازی، دەکرا بەجیاجیا تەسبیت بکرایە، بەنیسبەت هـەولێر (180) ملیـار دینـارە، سلێمانی (200) ملیار دینارە، دهوك (115) ملیار دینارە، ئەمە بەکۆی گشتی دەنگمان بۆی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دیاری کراوە بەکۆی دەنگیش دەنگـی بـۆ دراوە، کـێ لـە گـەڵ ئـەو مادەیەیـە کـە خوێنرایـەوە؟ دەسـتی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ مادەی حەوتەمیش تەواو، بۆ مادەی هەشتەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم:**

**وەزیری دارایی دەسەڵاتی پێ دەدرێت بۆ بەسەرخستنی پارەی تەرخان كراوی گشتی پەسەندكراو كە لە بودجەی ساڵی دارایی 2008 دا بە رێژەی 1٪ سەر جەم تەرخانكراو پەسەند كراوەكانی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:**

**یەكەم: تەرخان كردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەكانی فەرمانگە لە نوێ دامەزراوەكان لە ماوەی ساڵی دارایی 2008دا.**

**دووەم: تەرخانكراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەكان بۆ حاڵەتە ناكاوییەكان كە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة: يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية 2008 بنسبة ( 1٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:**

**أولاً: اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال السنة المالية 2008.**

**ثانياً: اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە لەبەغدایش وایە، كاك بارزان فەرموو.**

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كولفەی مووچەی پەسەندكراوەكان كام مووچەیە؟ مەبەست ئەوەیە خۆی گۆڕانكاری بەسەر مووچەدا دێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بودجەی پەسەندكراوەكان لەزمنی ئەوانە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، سەدا یەكی دەتوانێت فەرمانبەری تازە دروست دەكرێت و ئەوانە ناكرێت راوەستین تا ساڵێكی تر میزانیەی بۆ دابنرێت، میزانیەكی موئەقەتی بۆ دادەنەین، وەزارەتی دارایی سەلاحیەتی هەیە لەچاوی بودجەی فرەوان كە موتەفەریقەی تێدایە دەتوانێت موناقەلەی تێدا بكات، بەشەرتێك لە سەدا یەك تەجاوز نەكات لە عمومی میزانیە بۆ ئەو شتە تازانەی، كاك طلعت فەرموو.**

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا دەکرێت، ئێمە ئەو عەجزەی کە لەمیزانییەی کوردستانا هەیە ئیشارەتی لێرە پێبدەین لەو یاسایە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر عیلاقەی نیە، کە تو واریداتەکەت تەرح کرد لە نەفەقاتی، ئەوە عەجزەکەی بۆت دەردەکەوێت.

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی دەستی بلندکات؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ مادەی دواتر، مادەی نۆیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی دارایی 2008 رێك دەخات و لەبەر رۆشنایی تێچوونی مووچە پەسەند کراوەکانی بودجە پەسەندیان دەکات.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: تتولى وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2008 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە ئەو مادەیە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بلندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵیدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا. تکایە ماددەی دەیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: دەبێ وەزیری دارایی رێنمایی پێویست دەربچوێنی بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی خەرجکردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لەماوەیەك کە دوو حەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایەوە تێنەپەڕێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز اسبوعين من تأريخ إصدار هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان شوانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەركی ئەنجومەن.**

علی وزیر المالیة اصدار التعلیمات اللازمة لتنفیذ الموازنة، لەباتی تەحدید سلاحیەت سەرف، دوو بارە حەسری دەكەنەوە، بە تەحدیدی سەلاحیاتی سەرف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سركیس فەرموو.

**بەڕێز سركیس اغاجان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزیری دارایی بۆی هەیە كە ڕێنەمایی جێ بەجێكردنی بودجە دەربكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەو مادەیە پێم وایە زیادە لێرە، ئەو مادەیە زیادە لەبەر ئەوە لەوێ عیلاجی دەكات، ئەو مادە زیادە دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئەوەی ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئیلغاكردنیەتی با دەستی بڵندكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ ئیلغا كردنیا نیە؟ فەرموون، فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی وئابوری پێشنیازمان كردبوو فەقەرەیەك بۆ ئەو مادەیە زیادبكرێت، وەكو ئەوەی وەزیری دارایی هەر سێ مانگ جارێك راپۆرتێك سەبارەت بە دارایی پێشكەش دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رەبتی بە ئەوەوە نیە، ئەوە لە ئەحكامی خیتامیە، ئەحكامی موتەفەریقەیە، ئەحكامی كۆتایی چەند مادەیەكە یەكێك لەوانە ئەوەیە سیاغەت كراوە، ئێستا مادەی دە دیسان لەبەر ئەوەی ئەوە ئیلغا كرا، دەگەڕێینەوە سەر مادەی دەیەم ئەسڵی.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

یەكەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرج كردنی گوژمەیەكی هەیە كە لە (150) سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك هەیە، بۆی هەیە دەسەڵات بە سەرۆكەكانی ئەو فەرمانگانە بدات كە سەر بە وەزارەتەكەیەتی گوژمەیەك خەرج بكەن كە لە (50)پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: سەرۆكی ئەو فەرمانگانەی كە نەبە ستراون بە وەزارەت، دەسەڵاتی خەرج كردنی گوژمەیەكیان هەیە كە لە (60)شەست ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك لەگەڵ رەچاو كردنی نەچوونە ناو هیچ ئیلتیزامێك كە پشتیوانەی تەرخانكراوی لە بودجەدا نەبێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

أولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على(100) مئة مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد على (50) خمسون مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بالوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (60) ستون مليون دينار لكل حالة مع مراعاة عدم الدخول بالتزامات دون وجود اعتمادات في الموازنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا لە كوردێكەی 150 ملیۆنە بە عەرەبێكەیشی بیكە 150 ملیۆن دینار، بەڵام ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان داوایان كرد كە دەسەڵاتی وەزیر زیاد بكرێت بۆ دوو سەدو پەنجا، بەڵام وەزیر وتی لە بەغدا نازانم چەندە، پێنج سەدە؟ دەزانم ڕەئیتان وایە لە 250 كەمتر نەبێت لێرەیش، موافیقن جەنابی وەزیر؟ باشە 250 باشە، كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی پێشنیازمان كردبو لەبڕگەی یەكەمدا دەسەڵاتی سەرف كردنی وەزیر بكرێت بە 250 ملیۆن دینار، لە بڕگەی دووهەمیشا كە شەست ملیۆنەكە بكرێت بە 100 ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ (250) كە جەنابی وەزیر موافەقەتی كرد، بۆ (60) تەكە ڕەئیتان چیە؟ كە بكرێتە سەد ملیۆن كاك سركیس، بۆ ئەویش مانیع نیە بیكەنە (100) ملیۆن ئەویش، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی سەرف كردنی دەسەڵاتی وەزیرمان كرد، بەڵام بڕگەی دووهەم ئەوەی: ولە حق تخويل رؤوساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالايزيد عن خمسين مليون دينار، ئەگەر ئەوە ئێمە بمانەوێ گەشە پێدانێك بدەین بەو سیستمی ئیداریەو جۆرە لامەركەزیە، ئەبێت ئەو پەنجایەیش زیاد بكرێت، ئەلێرەدا بەقانون دیاری بكرێت، یەعنی لەقانونەكەدا باسی لێ بكرێت، ئەوەمان كردووە بە (250) ملیۆن، ئەبێت ئەوەی تریش بكرێت بە (100) ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەرت نیە خۆ وەزیر خوا نەخواسە نەمردووە نا، نا (50) ملیۆەكە زۆر زۆر مەعقولە، كاری ڕۆژانەیە، ئەوەی تر كە بووە پڕۆژەی گەورە پێویست دەكات لە ناو وەزارەتا، وەزارەتی دارایی وەزارەتێكی ترە لەناو دایرەی خۆیەتی، نازانم ڕەئی ئێوە چیە؟ جەنابی وەزیر، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کە دەنگی لەسەر درا ئەوە کۆتایی دێت، بەراستی ئێمە لەپێشنیارەکەی خۆمانا بڕیارمان دا بۆ ئەوەی زیاتر بکرێت لەبەر ئەوەی هەندێك پڕۆژە هەیە کەدەچێتە لای وەزیری پەیوەندیدار ئەگەر سەلاحیەتی هەبێت جێ بەجێکردنەکەی زۆر ئاسانە، ئێمە هەدەفمان ئەوەندەیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە هەنگاوێك چوینەتە پێش، پێشتر (150) ملیۆن بوو ئێستا بووەتە (250) ملیۆن، با قەفزە نەکەین، لەهەموو شتێکا قەفزە باش نیە، دوایش میزانییەی وەزارەتەکەت هەیە وەکە وەزارەت، خۆی بەرنامەی خۆی هەیە لەبەر رۆشنایی ئەو میزانییە و بەرنامەو خوتەی خۆی، ئەگەر سنووری سەرفەکە (150) ملیۆن بێت ئەوە خۆی سەرف دەکات، ئەگەر زیاتربێت، ئەوە وەزارەتی مالییە خۆنالێت رادەگرم، مەشاریعەکان رادەگرم یان سەرف ناکەم خۆا نەخواستە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نەچوینە پێش وابزانم، چونکە میزانیەی پار قانونی ساڵی 2007، مادەی 10، (250) ملیۆن دینار سەلاحیاتی سەرف دانا، (100) ملیۆن بۆ وەزیر، بۆ تەخویلیش (100) ملیۆن، دانرایە، وەبۆ رؤوساء الدوائر غیر المرتبطة، (150) ملیۆنی داناوە، ئەوەی پار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابێت (50) ملیۆنەکە، خۆ دەڵێت: مالا یقل عن خمسین ملیون دینار، بیکەنە (100) ملیۆن دینار، ئەوەیش بیکەنە (100) لەسەر داوای سۆزان خان، مالا یزید عن (100) ملیۆن، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەرچی وەزیرێکمان بینیوە داوای زیاد کردنی سەلاحیاتی سەرف کردنی کردووە، کەواتە موقەسیر لێرەدا بەڕێزان وەزیری مالیەکانن کە لەو رێنمایەی پاش ئەوە دەریان کردووە، لە پارا ئێمە (250) ملیۆن سەلاحیەتمان داوەتە وەزیر، هەرچی وەزیرێك دیارە پێیان رانەگەیاندوە کە (250) ملیۆن دینار سەلاحیەتی هەیە، لەبەر ئەوە هەموو جار چاویان بە ئێمە کەوتووە وتوویانە تکاتان لێدەکەین سەلاحیەتی سەرفەکەمان بۆ زیادبکەن، ئەی کەواتە ئێمە لێرە یاسا بۆچی دەرئەکەین؟ کە بەپێچەوانەی ئەوەوە کاربکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێمە کەقانونێکمان دەرکرد، قانونەکە صادر بوو، ئەوە هەموو لایەك مولزەمن پێی، ئەو قانونەی لە وەقائیعی کوردستان باس بکرێت وە لەجەریدە بڵاو دەکرێتەوە و وەزیر ئەو حەقەی خۆی تێدەگات وسەرف کردووە بە قانون، کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی من پێم سەیرە خوشکە سۆزان بەم نەوعە قسە دەکات، ئەو قانونەی کەدەرچوو قانونی موازەنە تەوزیع نەکرا بەسەر هەموو وەزارەتا؟ هەموو وەزیرەکان نەیاخویندوەتەوە؟ وفیعلەن من وەزیر هەیە تەلەفونی بۆم کردووە پێیم وتووە ئەوە قانونەکە بخوێنەوە، ئەوەتا لە لاتە، قانونەکەیان لەلایە وارید کراوە بڕۆون بزانە قانونەکەیان وارید کراوە یان نا؟ کە ئەوان خۆیان دەسەڵاتی خۆیان نەزانن چۆن دین بەم نەوعە قسە ئەکەن، زۆر سۆباس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامێکی باشە ئەفهەمەتنا، زۆر سوپاس، کە واتە با وەکو پاری لێ بێت، (250) ملیۆن دینار بە (150) ملیۆن دینار، باشە (ما لایزید عن 250، بما لایزید عن 100، بما لایزید عن 150)

**المادة العشرة:**

1 ـ للوزير المختص صلاحيات الصرف بما لايزيد على 250 مليون دينار عن كل حالة، وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد علة 100 مليون دينار.

2ـ لرؤساء الدوائر غير مرتبطة بالوزارة صلاحيات الصرف بما لايزيد على 150 مليون دينار لكل حالة مع مراعات عدم دخول بالتزامات دون وجود اعتمادات في الموازنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ ئەویش قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 11، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یازدە:** گۆژمەی پارەی پیتاکەکان کە لە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەخشراون دوای ئەوەی کە لە لایەن وەزیری داراییەوە قەبوڵ دەکرێن بە داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی تەرخانکراوی وەزارەت بە لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە خەرج بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية عشرة: تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائيا للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتقليصها من اعتمادات الوزارة أو الجهات غير مرتبطة بالوزارة لصرفها على اغراض التى منحة من اجلها.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی 12 كە دەڵێت وەزیری دارایی ڕێنمایی پێویست دەردەكات، چەند ئەحكامێك لەبەر ڕۆشنایی قسەكانی ئێوە ئیتیفاقی لەسەر كراوە، داوامان كرد، باشە ماددەی 11 دەنگمان بۆ نەداوە، دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قەبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە، ئەحكامی خیتامی گرنگە لەبەر ڕۆشنایی داواكاری ئێوەیە، كە حكومەت موافەقەی لەسەر كردووە، بە نوێنەرایەتی هەر 4 وەزیر لێرە، كاك عثمان فەرموو.**

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تەنها ئەو فەقەرە، ئەگەر بێتو بگوترێت (لوزیر المالیة اصدار التعلیمات اللازمة لتنفیذ احكام هذا القانون)، گوتم ئەوەی كە لەسەرەوە لە ماددەی 9 داڕشتنتان بۆ كردەوە ( مده الاسبوعین) با لێرە دووبارە بكرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك بارزان فەرموو.**

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وەك نەریتێك لە زۆربەی یاسای وڵاتاندا پەیڕەو دەكرێت، تەحدیدی سەلاحیاتی سەرف و زەوابتی سەرفی بودجەی هەر چوار دەسەڵاتەكە بە یاسا ڕێك دەخرێت، من پێشنیار دەكەم كە بڕگەیەك ئیزافە بكرێت بۆ ئەوە، تەحدیدی سەلاحیات و زەوابتی سەرفی بودجەی هەر چوار دەسەڵاتەكە، مەسەلەكە ئەوەنیە كە كەس گومانی هەبێت لە جەنابتان یان سەرۆكایەتی پەرلەمان یان هەر دەسەڵاتێكی تر، بەڵام وا باشترە كە یاسایەك ڕێك بخرێت، تەحدیدی ئەو سەلاحیاتە لە بودجەی فیدڕاڵی داهاتووە؟.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێمە ئێستا كە بودجە دەردێنین، ئەمە خۆی تەحدید كراوە، بۆ هەر وەزارەتێك، هەروەها سەلاحیات دراوە بە وەزیری دارایی، دەسەڵاتەكان دیارە ئەوەش بە ماددەیەك دەسەڵاتی سەرفی وەزیرێك بۆ خۆی تەرخان كراوە، زیاتر لە زمنی میزانیەكە داوای وەزارەتی مالیە دەكات، بۆچی داوای وەزارەتی مالیە دەكات؟ بۆ ئەوەی وەزارەتی مالیە فلتەرێكە بزانێت ئەوە زمنی میزانیەیە، زمنی ئەو پارەیەیە كە تەرخانكراوە، تەجاوزی تێدایە یان تێی دانیە؟ پلاندانان پێویستە لە زمنی بەرنامەی خۆی ئیستسماریە یان ئیستسماری**

نیە؟ پێویست ناكات بەوەی كە جەنابت دەفەرمووی، كاك عونی دەڵێت ئەوەی تۆ دەیڵێی لە زمنی ئەوەیە، بەڵی كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردووە، لە راپۆرتی ئەوەڵی خۆمان كە دەڵێین ( المادة 13 ) (یصدر قانون تنفیذ قانون الموازنة لتنظیم صلاحیات الصرف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وا نابێت، (لتنفیذ قانون) نابێت، فەرموون با بچینە ئەحكامەكان، بە عەرەبی سیاغە كراوە، كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لەسەر ئەو پێشنیازو داواكاریەی ئەندامانی پەرلەمان، دوێنێ لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەرێزان وەزیرانی دارایی گەیشتینە ئەو سیغەیەی كە ئێستا بە زمانی عەرەبی بە ئەحكامی موتەفەرقە داندراوە، دەیخوێنمەوە، ئەو ماددەیەیەی كە دەستی پێ دەكەین لە دوای ماددەی 11 ، دەبێت بە ماددەی 12.

المادة الثانیة عشرة:

على وزارة المالیة رصد المبالغ اللازمة ضمن المیزانیة العامة للاقلیم لتسلیف مواطني كوردستان السلف العقاریة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

على وزارة المالیة رصد المبالغ اللازمة، لتسهیل تسلیف المواطنین لمنح سلفة العقار وفق نظام ، كاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

منح نابێت، كە گوتت مەنح هیچی لێ وەرناگیردرێت، دەبێت تەسلیف بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەنحەیە كە هیچی لێ وەرناگیردیت، چی بڵێین كاك شێخ؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

قوربان، هەر سلفەكە بێت، یەعنی سولفەی عەقاریە ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە (لتسلیف السلفە العقاریە)، كاك شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی وەزیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بەڵام مادام کە داخلی موازەنە بوو، ئەو سیغەیە بەمن باشە، ئەگەر بە ئێوەش باش بێت، (اطلاق صرف السلف العقارية للمواطنين في الاقليم وفق ظوابط يحددها الوزير المختص).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەموو.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ هەموو رێزم ئیتلاقی سەرف ناتوانی بکەی، لەبەر ئەوەی لە ئیدارەی پێشووی ئێرە لە مالیەکەدا نەبووە، تەنها لە سلێمانی دراوە، ئیتلاقی سەرف نا، رەسدی مەبالغ بێت، بەرێزان ئێمە لەو هەموو موناقەشەیە نەگەیشتینە ئەنجام، ناشمانەوێت بکەوێتە بەر دەستی ئەوەی بڕیار بدرێت چەندەو چەند نیە، ئەوەی گوێمان لێی بوو لەو بەرێزانە 18 ملیۆن، ئێمە لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی 18 ملیۆنمان پێش 3 ساڵ داوە، 18 ملیۆنەکە ئێستا زیادی کردووە، دەبێت تەحدیدی بکەین چەند ملیۆنە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەمان کردووە و تەحدیدیشمان کرد، ئەوە وەزارەتی مالیەیە و پارەی تەرخان دەکات و ڕێنمایی تایبەتیش دەردەکرێت، ئێمە مەبدەئەکە دیاری دەکەین، کاك زانا فەرموو.

**بەرێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش پرسیارەکەم لەسەر بڕی سلفەکە بوو، چۆن دیاری دەکرێت؟ ئایا سعری فایدەی لەسەر دەبێت یان نا؟ چونکە ئێمە پێمان باشە حکومەت فایدە وەرنەگرێت لە میللەت، لەبەرئەوەی ریبایەو حەرامیشە، هەروەها بارێکی قورسە بۆ میللەت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەرێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی ئەوەی کاك شێروانم پێ باشە، چونکە ئیحتیماله وەزارەتەکی تر بیکات، مومکینە وەزارەتی موختەس ئەوان خۆیان لیژنەی موختەسیان هەیە، کولفەی بازاڕی دەزانن ئەوجا قەراری لەسەر دەدەن، هەر باشە وەزارەتەکە بیکات و تەواو.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرمووو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی میکانیزمی دیاری کردنی بڕی پارەکە، ئێمە ناتوانین ئێستا دیاری بکەین، چونکە تۆ نازانی چەندت پارە هەیە، دەبێت وەزارەتی دارایی دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ  بۆ پێتان وایە مەنحەکە هینە؟ مەنحی قەرزە، مانای وانیە قەرزەکە بۆ خۆی دەبات، ئەو دەیگەڕنێتەوە، کە گوتت مەنحی سولفەی عەقار، کەواتە دەگەڕێتەوە پێویستی بە تەسویەیە. کاك شێخ فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەر دەڵێین تەئمینی مەبالغی لازم بکرێت، بۆ ئەوەی تەسلیفی موەزەفین و مواتنین بکات،  مواتنی لەگەڵ دایە یان هەر موەزەفە؟ (تسلیف الموظفین والمواطنین) لەو حاڵەتەدا ( منح القرض العقاری)یان (منح سلف) موشکیلەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە کاکە ماددەکە بەو شێوەیە ئیقتراح کراوە، ( منح سلفة العقار للموظفین والمواطنین فی الاقلیم وفق ضوابط یحددها وزارة المالیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منح ئەو پارەیەیە کە ناگەڕێندرێتەوە، بەینەما سولفەی عەقاری دەگەڕێتەوە، کەواتە سولفە بێت دەگەڕێتەوەو منحە بێت ناگەڕێتەوە، من ئەوەندەی لێی بزانم وایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە باسمان کرد بە دوو شێوە، یاخود سولفەی عەقاری یان سندوقی ئیسکان، ئێوە یەکسەر بڕیارەکەتان دەرکرد بە قەرزی عەقاری، ئایا ئێمە گوتمان قەرزی عەقاری؟ چونکە بەشێك لە برادەران گوتیان سندوقی ئیسکان، کە لەوانەیە مەفهومێکی تری هەبێت جیاواز بێت لەگەڵ سولفەی عەقاری، حەقە ئەوە روون

بکەینەوە، چونکە دوێنێ لەکۆبوونەوەی ئیستسمار دا باسی سندوقی ئیسکانیان کردووە، یەعنی من نازانم نەتیجەکەی چۆن دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ناصح فەمرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ناو هینەکە هاتووە سلفەی عەقار بۆ موزەفین و مواتنین، خۆی موزەفیش هەر مواتنە بڵێین (للمواطنین کافة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوابی کاک عثمان دەدەمەوە دواتر هین دەکەم، ئێمە لێرە ڕاستە باسی سەندوقمان کرد، بەڵام مەبەستمان سەندوق نیە، چونکە سەندوق کاتی دەوێت، پرۆژەی دەوێت، هەنگاوی دەوێت، ئێمە مەبەستمان سولفەی عەقارە، سەندوق دابندرێت باشە، بەڵام بڵێی سەندوق ئەوە نادرێت، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لەو میزانیەیە سولفەیەك تەرخان بکرێت بۆ سولفەی عەقار، ئەوە یەك، دوو: بە تەئکید دەبێت بە پێی ڕێنماییەك بێت لە لایەن وەزارەتی داراییەوە، ناکرێت خۆ ڕێنماییەکە لێرە دانانرێت، لەبەرئەوە ( اعطاء سلفة العقار للمواطنين وفق ظوابط يحددها وزارة المالية) يان (صرف سلفة العقار للمواطنين في الاقليم وفق ظوابط يحددها وزارة المالية)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: على وزارة المالية تاجيل استيفاء اقساط السلف الزراعية الممنوحة للاقليم للسنة الحالية واعفاء الفوائد القانونية للمدة المذكورة اعتبارا من تاريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیرو وەزیری هەرێم بۆ کارەباری دارایی، ئەوەش داواکاریەك بوو لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵیەوە هاتبوو، کە ئەو ساڵ وشکە ساڵە ئەو سولفە کشتوکاڵیەی کە لەسەر فەلاح دا هەیە دوا بخرێت، مادام موافقن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە تکایە دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش پەسەند کرا، بەڵێ بۆ ساڵێك کە گوتمان وشکە ساڵی، یەعنی تەنها بۆ ساڵێکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة: لوزارة المالية رصد المبالغ لازمة لمعالجة أثار الجفاف للموسم الحالى من ميزانية الطوارىء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قەبوڵ كرا، بۆماددەی دواتر كاك كریم فەرموو.

المادة الخامسة عشرة: على وزارة المالية تحقيق مبدء العدالة فى مساوات رواتب و مخصصات العاملين والمتقاعدين السابقين والحاليين في الاقليم مع أقرانه في بقية اجزاء العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەقیقە عەدالەتەكەی یان كەلیمەی تری دەوێت؟ (على وزارة المالية تعديل رواتب الموظفين اسوة برواتب الموظفين في جميع انحاء العراق وفق التعديلات الاخيرة من قبل مجلس النواب العراقى)، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تعديل نسب الرواتب) نسبەكەی دیاری بكرێت، وە (تثبيت ذالك في الملاك)، هەروەكو جەنابت باست كرد، بەس نسبەكی ئیزافە بكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی هەردوو وەزیر رەئیتان چیە؟ چ  سیغەیەك موناسبە بۆ ئەوە؟ فەرموو كاك سركیس.

**بەڕێز سركیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر موساوەتەك بیت و عەدالەت بیت موشكیلەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەو شكلەی لێ دێت (تعديل نسب الرواتب والمخصصات  للعاملين فى الاقليم بما يحقق المساوات مع اقرانه في بقية اجزاء العراق) ، دەیخەمە دەنگدانەوە، جەنابی وەزیر لەسەر ئەو سیغەیە موافقن؟ فەرموو كاك سركیس فەرموو.

**بەڕێز سركیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی پێویستە باس لە موچە بكرێت، نەك لە دەرماڵە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ تۆ رەئیت چیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مەسەلەی دەرماڵە نابێت وجودی هەبێت، چونکە زۆربەی شەریحەکانی ئێستا ئێمە دەرماڵەیان دەدەینێ و لەوێ نایاندرێتێ، لەبەر ئەوە تەنها باسی مووچە بکرێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە فعلەن دەرماڵەکە ئەسبابی جیاوازی هەیە، واتە دەبێتە (تعدیل نسب الرواتب للعاملین فی الاقلیم بما یحقق المساواة مع اقرانه في بقیة اجزاء العراق)، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش پەسەند کرا، بۆ ماددەی تر تکایە ماددەی خانەنیشین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ماددەکە دەنگمان بۆی دا، بەڵام لەنگ بوو، دەبێت بڵێین ( تعدیل الموظفین والمتقاعدین). لیژنەی یاسایی داوا دەکات ئیعتیبار بکرێت دانگدانەکەی پێشوو نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زۆر خوێندرایەوە، کە دەڵێین عاملین ڕەنگە خەڵکی بێگانەش بگرێتەوە کە لێرە ئیش دەکەن، شمولی قیتاعی خاسیش دەگرێتەوە، ئەوەی ئیزافە دەکرێت (للعاملین في مؤسسات حکومة الاقلیم). سیاغەکەی دواتر چاکی بکەن، مەفهومەکە دەنگتان بۆی داوە،سیاغەکە بۆ لیژنەی قانونی دادەنێین باشترە، دەنگ بدەن بۆ ئەوەی کە ئەو جوملەی ئیزافە مان کرد سیاغەی بکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی قانونی چاکی بکات؟ بە کۆی دەنگ با چاکی بکات، (تعدیل رواتب المتقاعدین في الاقلیم بما یحقق المساواة مع اقرانه في بقیة اجزاء العراق) یان (بما یحقق العدالة والمساواة)، کاک شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صرف الرواتب التقاعدیة حسب ماورد في قانون تقاعد العراق الجدید.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە ئەوە بنووسن و بیکەن بە ماددیەك، لە جیاتی سەرف تەعدیل بنووسن، ئەوە ئێستا ماددەی 16 دەبێت سیاغەکەی وەکو ئەوەی پێشوو بێت، (تعدیل نسب الرواتب والمخصصات للعاملین فی الاقلیم بما یحقق المساواة مع اقرانه في بقیة اجزاء العراق)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش قەبوڵ کرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة: علی وزارة المالیة رصد التخصیصات اللازمة لتنفیذ ما جاء في المواد 12،13، 14، لتخصیصات المیزانیة التکمیلیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، ئەوە وانابێت، ئەوە تەوسیاتە، پێویست ناکات لێرە بگوترێت، تەوسیاتە، چونکە تەوسیاتێکی زۆر هەیە لەلیژانەکانەوە لەراپۆرتەکانیان وە دراوەتە وەزارەتی مالیە وە خۆێشیان لێرە گوێیان لێی بووە، بزانە جارێ ئەو میزانیەی تەکمیلیە چەندە، پێش هەموو شتێك دەبێت بەشی زیاد بوونی رەواتبەکان لێی دەردەچێت، بەشی زیاد بۆنی تەقاعودی لێدەردەچێت، بەشی ئیستیسماری لێ دەردەچێت، تەرخان کراوە، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەسڵەن پارەکە تەخسیس کراوە بەس بۆ مەشاریع، یەعنی ئەوە لەهەموو عێراقدا نە تەنها لێرە، بۆیە بۆ ئەوە نیە کە ئێوە دەڵێن واللە، ئەوە تەخسیس بکەن بۆ راتبی ئەوە، ئەوە دەبێت لەئیحتیاتی کە لەلای وەزارەتی مالیە دانراوە لەوە سەرف بکرێت، چونکە ئێمە ناتوانین بەو شێوە ئەوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من زیانیاریم هەیە میزانیەی تەکمیلی ئەوەی کە باس کراوە وە ئیقرار کراوە، کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەوەی باس کراوە راست دەکەی بۆ ئیستیسمارە، بەڵام ئەو زیادەی راتب کراوە، داوا کراوە میزانیەکی ئیزافی بدرێت بۆ ئەو زیادەی رەواتبە، ئەویش لێرە تەکمیلیە، ئەگەر، بەهەر حاڵ دەکرێت جوملەکە بڵێت: علی وزارة المالیة، ئەو مادە هەر زیادە بەخۆی بەپێی ئەهەمیەتی هەمووومان وتومانە زیادە پێوێست ناکات، ئەوەی تر کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەلیژنەی یاسایی سەرڤ نەزەر لەو مادەیە دەکەین، ئەوەی تازە خوێنرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چاوم لەکاك شێروان و کاك عونی و هەموو لیژنەی یاساییە، هەموویان موافیقن، فەرموو بۆ مادەی شازدە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة: على وزارة المالية تقديم تقرير دوري عن الوضع المالي للاقليم كل ستة اشهر الى المجلس الوطني لكوردستان -العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەل ئەو مادەیە؟ کە موقتەرەحی خۆتانە، موقتەرەحی لیژنەی دارایی بوو کە شەش مانگ جارێك بێت، بادەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبول کرا.

سێ مانگ هەردوو وەزیر وتیان ئیمكانیەت نیە بە سێ مانگ تەقریر پێشكەش بكرێت، جارێ ئێمە بڵێین سێ مانگ، ئەوە ئێمە دەچینە مانگی پێنجەم، هیچ نەكراوە هەر دەبێت شەش مانگ بێت تۆزی مەنتقیشە، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەی پێشتر خوینرایەوە ژمارەی مادەكە حەڤدە بوو، ئەو مادەی كە ئێستا دەخوێنینەوە ژمارەی هەژدەیە،

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەیەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانكاری حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح ۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەكۆی دەنگ مادەی نۆمان لادا كە دەڵێت: خلال فترة لايتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون، یەعنی پێش نیار دەكەم ئیزافە بكرێت لەسەر مادەی هەژدەهەم كەبڵێت: لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال فترة لايتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە ئێمە ئلغامان كرد تەحدیدی سەلاحیەتی سەرف بوو، بەلام ئەو تەعلیماتە بەبەردەوام مومكینە تەعلیمات بدەینە وەزارەتی مالیە، بۆیە ناكرێت حەتا دوو حەفتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکاتی خۆی وە جەنابتیش ئیشارەتت پێیدا، بەڕێز جەنابی وەزیری مالیەییش ئیشارەتی پێیدا لەکردنەوەی بانکی زیراعی، یان تەتویر کردنیان، یان پارەی زیاتر بۆ دروستکردنی، ئێستا لێرە نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەوسیاتە کاک طلعت، توسیاتە کە دەیان دەینی، ئەو راپۆرتەی ئێوەو هەموو تەوسیاتەکان دەچێتە لایان دیراسەتی دەکەن و بەپێی پێویست، کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو ئیرادات و نەفەقاتانە، ئەو جەدوەلانەی کە هەبوو، هەمووی دەنگمان بۆیدا، من پێشنیاردەکەم لێرە مادەیەك زیاد بکرێت بەم شێوە: تعتبر جداول الایرادات والنفقات الملحقة بهذا القانون جزء لایتجزء منه، یەعنی بەشێکە لەقانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەعلومە بەشێکە لەقانونەکە، ئەوە بەدیهیە، تێیدایە لە دواییا، خۆمان رەقەمەکەمان داناوە، لەمادەی یەکەمدا رەقەمان داناوە، لەماەی دووهەمدا رەقەمان داناوە، کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئێمە قانونی موازەنەی هەرێمی کوردستان – العراق بۆ ماوەی 2008/1/1، هەتا 2008/12/31، ئەو شتانەی کە ئێستا نووسیومانە مادە بە مادە، لە قانونەدا دامان ناوە، مەسەلەن زیادکرنی راتب وەکو حکومەتی فیدرالی لێ بێت، ئایا تەنها بۆ ساڵی 2008 تە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێك پێش هەموو شتێك لەکۆتایی مانگی شەشەوە جێ بەجێ دەکرێت دوایی تەبعەن میزانیەکە بۆ ساڵی 2008 تە، بەلام بۆ ساڵی 2009، کە تۆ میزانیە دادەنەیت مەعاشە تازەکە دادەنێی، خۆ مەعاشی کۆن دانانەیتەوە، ئەوە مەعلومە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر، ئێمە داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین بەبێ ئەوەی قانونەکە بپرسین پێویستە ئەو قانونە لەخیلال دوو حەفتەدا دەریبخەن، بۆ ئەوەی ئیشی وەزارەتەکان راوەستاوە، با گلەیی لێتان نەکەن، کاک عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حەقە تەحدید بکرێت بە دوو حەفتە، لەبەر ئەوەی دوو حەفتە تاکو ئەمە دەردەچێت، تاکو دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم، تاکو دێتەوە ئەوێ، لەمالیە ئەم جارە هەتاکو دەینێرێتەوە، خۆ دەبێت تەحدید بکرێت، مودەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئیشپێکردن بەمیزانیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمە تازە تەسویتمان بۆی کرد، بەڵام وەزارەتی دارایی پێویست ناکات کە راوەستێت بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، با حازری کات کەی دەرچوو بیداتە تەبع و شتی وا، خۆ باوەڕ ناکەم عەرقەلەی بکەن، یان بێگەڕیننەوە، خۆیان پەلەیانە، کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەوزیحێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك سەردار، مادەی ئەخیر لەقاونەکە دەڵێت: ینشر هذا القانون في الجريدة الرسمية ويعتبر نافذا اعتبارا من 2008/1/1، وەئەمە مانای ئەوەیە ساریە قانونەکە حەتا ئەگەر تەعلیماتیش دەرنەچێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باشە کاکە مادەی دواتر کاك کریم بیخوێنەوە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆزدەم:**

**پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەزیری دارایی پۆی هەیە رێنمایی بدات، دەنگمان بۆی داوە، کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوە لەراپۆرتی لیژنەی قانونی هاتووە، مادەیەکی موزافە، موقتەرەحی لیژنەی قانونیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تۆ خوت بیخوێنەوە کاك عونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ ئەوەیش قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر کاك کریم فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم:

ئەم یاســـایە لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردســـتان) بڵاودەکرێتەوەو لە رۆژی (1/1/ 2008)ەوە کاری پێدەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدانیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ. یاساکە هەمووی، یاسای بودجە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ یاساکەدایە؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدانیە؟ یەك کەس، کاك هیوا لەگەلیدا نیە، فەرموون، بەزۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، زۆر سوپاس ئومێد دەکەین، تەبعەن من سوپاسی هەمووتان دەکەم هەموو ئەندامانی بەڕێز، سوپاسی برا وەزیرەکان دەکەم، وەزیری دارایی دەکەم کە لەگەڵمان ماندوو بوون ئەو چەند رۆژە، سەبریان هەبوو، پێم وایە ئەمساڵ هەنگاوێکی زۆر چووینە پێش لەچۆنێتی موناقەشەی بودجە و دەوڵەمەندکردنی، وەرگرتنی وپێشنیارکردنی پێویست بوو بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ناتوانم بڵێم 100٪ رازین، بەڵام تاحەدێکی زۆر بەرەو پێشەوە رۆیشتین، کاری باشمان کردووەو ئومێد دەکەم ساڵی داهاتوو ساڵێکی باشتربێت، یەکەم بودجە لەوەختی خۆیدابێت وەکو لەنیزامی داخیلی خۆماندا هاتووە، دووهەم شەفافیەتی لەوەی ئەم ساڵ زیاتر بێت وە ئێمەیش ئەزموونمان زیاتر بێت وە نیزامی داخیلی خۆمان، پەیرەوی داخیلی خۆمان ئەگەر تەعدیل کرد لەبەر رۆشنایی ئەوە موناقەشە بکەین، ئەگەر نەمان کرد بۆ ساڵێ داهاتوو تێگەیشتنی باشمان هەیە، خۆمان باشتر حازر دەکەین، وەئومێد دەخوازم حکومەتەکەمان سەرکەوتوو بێت لەجێ بەجێکردنی ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ هەموو وەزارەتەکان، هەموو فەرمانگاکان، وەدابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك بەتایبەتی خزمەت گوزاری وەهەر بژێن ئێوەیش، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنم ئەلێرە، ئەگەر قسەیەك نەبێت لە لایەن جەنابی وەزیرەوە، کاك سرکیس فەرموو.

**برێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەیش سوپاسێکی زۆری بەرێزتان و ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان دەکەین، بەراستی ئەو موناقەشاتانەی لەو ماوەیەدا کرا تەجروبەیەکی باش بوو کە ئێمە بتوانین بەرنامە بۆ دانانی بودجەی ساڵی 2009 دابنەین، بۆیە لەئێستاوە ئێمە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کاتێ بودجەی ساڵی 2009، دەمانەوی ئامادە

بکـەین لیژنــەی دارایــی وئــابووری پەرلــەمان موشــارەکەمان بکــات نوێنــەرێکیان یــان دوو نوێنــەر، هــەر وەزارەتێکـیش ئەگـەر موناقەشـەی لەگـەڵ بکرێـت بـەرەئیی مـن ئەنـدامێکی لیژنـەی مـەعنی لەپەرلـەمانی کوردستان، بەلای کەمەوە ئەندامێك ئەگـەر ئامادەبێـت لـەکاتی گفتوگۆیەکانـدا زۆر زۆر بـاش دەبێـت، هـەم لەنیزیکەوە ئەندامانی پەرلەمان زانیاریان دەبێت لەسەر شێوەی ئامادە کردنی بودجە کە بەچـی شـێوەیەك موناقەشە دەکرێت، ئەرقام چۆن تەسبیت دەکرێت، وە هەم کـاتی پەرلـەمانیش زۆر ناگیرێـت وە زۆر وازیـح وروونتر دەبێت هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس کـاك سـرکیس کـە لـەجیاتی هـەموو بـرا وەزیـرەکـان قسـەت کـرد، مـن دەمـەوێ جـارێکی تـر سوپاستان بکەم، یەکەم بسوتان درێژبوو لەگەڵمان وە بەراستی وئەو شەرحانەی کە کردتان کار ئاسانی کـرد بۆ ئەوەی موناقەشەکانمان بەرەو پێشەوە بجن، هـەر وەهـا موافەقـەتکردنتان بـۆ داواکارییـەکانی ئەنـدامانی پەرلەمان لەو مەسەلانەی کە بوو بـە بەشـێك لەقانونەکـە، ئەمـەیش جیگـای دڵ خوشـییە کـە پەرلـەمان و حکومەت هەردوکیان هاوکارن بۆ چاکردنی وەزع، بۆ خزمەتی خەڵکی کوردسـتان، هـەروا دەمـەوی سوپاسـی راگەیاندنی جۆراوجۆر بکەم لەگەڵماندا لەو چـەند رۆژەدا مـابوون، ئـەوانیش سـەبریان هـەبوو، بەتایبـەتی ئەوانەی کە بەدائیمی لەگەڵمان بوون، چ لەتەلەفزیۆنەوە موتابەعە دەکەن، ئینجا شتی مەوزوعی دەنووسـن لەگەڵ ئەوانەی کە کارمەندی تەلەفیزیۆنەکانن وا لەسەروە دانیشتوون، تەبعەن دەست خۆشـیان لـێ دەکـەم و ئومێدەوارم کە نموونەیان زیاد بێت وە داواکارم موزوعیەت لەباسکردنی پەرلەمان و باسکردنی حکومـەت و دەستنیشان کردنی کەم و کورپیەکان وخسـتنەڕووی راسـتەقینە بـۆ خـەڵك بـەردەوام بێـت و زیاتربێـت و نموونەی ئەوانەی کە تەنها فەقەت تەرکیز دەکەنە سەر سلبیات، ئومید دەکەم کەم ببێتـەوە نـاڵێم تەبعـەن تەواو بێت، هەر دەمێنێت، بەڵام دەستخۆشی لەهەموومان دەکـەم، ئـەوانیش حـەقی خۆیانـە هەنـدێ کـەس هەیە تەنها ئیشی ئەوەیە جانیبە سلبیەکان دەربخات، کـەیفی خۆیـەتی، بـەڵام سۆپاسـیان دەکـەم، دانیشـتنی داهاتوومان رۆژی دووشەمە سەعات یازدە دواتر پێتان دەڵێم بەرنامەکـە چـێ ئـەبێت، زۆر بـەخێربین، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دوو شەممە رێکەوتی 5\5\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/5/5

كاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی دوو شــەممە ڕێكــەوتی 2008/5/5 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2008/5/5 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1– خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (31)ی ساڵی 2007 یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/5/5دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (31)ی ساڵی 2007 یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك عبدالعزیز تەیب وەزیری كشتوكاڵ و كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (31)ی ساڵی 2007 یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بیخوێننەوە تكایە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2008**

**یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 31ی ساڵی 2007**

**ماددەی یەکەم: بڕگەی (2- یەکەم) لە ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**(2- هۆشداری تەندروستی بە یەکێك لە هەردوو زمانە فەرمیەکەی عێراق بەپێی مەرجەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی).**

**ماددەی دووەم: دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە 31ی مایسی 2008 جێ بەجێ دەکرێت لە وەقائیعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2008**

**قانون التعديل الاول لقانون مكافحة التدخين في اقليم كوردستان – العراق رقم 31 لسنة 2007**

**المادة الاولى: تعدل الفقرة (2- اولاً) من المادة الخامسة وتقرأ كالاتي:**

**(2- تحذير صحي باحدى اللغتين الرسميتين في جمهورية العراق الفدرالي وفق ضوابط منظمة الصحة العالمية).**

**المادة الثانية: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة: ينفذ من تاريخ 31/مايس/2008 وينشر في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، تەنیا بۆ بیر هێنانەوەتان، کە ئەو ماددەیە داوا کراوە گۆڕانکاری بەسەردا بکرێتن لە ئەسڵەکەیدا ئێمە قانونەکەمان کە دەرکرد نووسیبوومان بە هەردوو زمان دەبێت بنووسرێت، جا ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ڕەئی ئێوە، ئومێد دەکەم بۆ هەفتەی داهاتوو تەواوی بکەین، بۆ ئەوەی پێش 31ی ئایار وەختێك هەبێتن بۆ جێ بەجێ کردنی، یەعنی ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو تێ نەپەڕێتن، ڕاپۆرتی لیژنەکان و کۆبوونەوەی لەسەر بکرێتن بۆ یەکلا کردنەوەی.**

**خاڵی دووەمی بەرنامەی کار/خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، فەرموون بۆ خوێندنەوەی، کێ ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ دەخوێنێتەوە، لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لێپرسراوی لیژنەی کشتوکاڵ بابێن دابنیشن، فەرموو. سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمڕۆ زانیمانە لەسەر چی دادەنیشین، راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکەش نەخراوەتە سەر مێزەکەمان، نەخراوەتە ناو سندوقەکەمان، بەڕاستی دەبوایە یەکێك لەو دوو حاڵەتە بکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی هاوبەش لەمێژە دابەش کراوەتە سەر ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم هۆیەکەی چیە، هەمووتان وەرتان نەگرتووە، فەرموو مامۆستا کاکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

ب/ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

بەپێی حوکمی ماددەی 6/39 لە پێڕۆی ناوخۆ، لیژنەی یاساو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لە ئێوارەی رۆژی سێ شەممە 13ی سەرماوەزی 2707ی کوردی رێکەوتی 2007/12/4 بە هاوبەشی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژە یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پێشکەش کراوەو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (25)ی رۆژی (2007/1/7) هەواڵەی لیژنەکان کراوە، دوای راگۆڕینەوەو گفتوگۆ لیژنە هاوبەشەکەمان هاتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1- سەرەتا تەئییدی پرۆژەکە دەکەین، چونکە بە ئامانجی پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵەوە ئامادە کراوە.

2- دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێت و زنجیرەی رەقەمەکان بە نووسین بنووسرێن و راستکردنەوەی زمانەوانی و رێزمانی لە هەندێ بڕگەیدا ئەنجام بدرێت و هەمان شێوازی ئەو یاساو بڕیارانەی تێدا پێڕۆ بکرێت کە ئەنجومەنی نیشتمانی تەشریعی کردوون.

3- ماددەی (8، 9، 10، 11، 12) لە پرۆژەکە ئیلغا بکرێن و دۆزی رێکخستنی لێپێچینەوەی زێدەڕۆیی و جەریمەو سەرپێچی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بدرێت بە دادگاکان، چونکە ویلایەتی گشتییان هەیەو لایەنی پسپۆریشن لە یەکلایی کردنەوەی ململانێ و لێپێچینەوەی سەرپێچیکاری و سەپاندنی یاساکاندا چاکتر لەوەی کە لایەنە ئیدارییەکان دەیکەن، نەخاسمە رەوشی تازە لە تەشریعە نوێیەکانی عێراق و

کوردستاندا ئەوەیە کە هەرسیّ دەسەڵاتەکان هەریەکەو بۆ خۆی سەربەخۆبن و سەیر کردنی کاروباری هاووڵاتیان و لە سنووردانی ئازادیەکانیان لەجیاتی ئەوەی بدرێنە دەزگای ئیداری و تەنفیزی بدرێنە دادگا پێوەندیدارەکان، نەخاسمە دادوەری (القضاء) سەربەخۆیەو لە سوڵتانی یاسا زیاتر سوڵتانی دیکەی لەسەر نییە، هەروەها پێشنیاز دەکەین ماددەیەکی سەربەخۆ زیاد بکرێت کە وەزارەتی کشتوکاڵ مافی ئەوەی هەبێت پێشنیاز بکات رەسمی گومرگ بسەپیّ و دیار بکرێت لەسەر هاوەردەی هەندیّ بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵی کە لە دەرەوە دەهێنرێن، ئەمەش بۆ پاراستنی بەروبوومی خۆجێی، هەروەها پێشنیاز دەکەین چەند ماددەیەکی پرۆتۆکۆلییش بۆ پرۆژەکە زیاد بکرێن و دارشتنەوەی  یاسایی پرۆژەکەو هۆکارەکانی دانانی پرۆژەکەش وەك ئەمەی خوارەوە بێت:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2008

یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی یەکەم: زەوی و زاری کشتوکاڵ و رووەك و باخ و لەوەرگاو سامانی ئاژەڵ و سەرچاوەو بەروبوومی ئاوو ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی سامانی نیشمانین، پێویستە لەسەر خاوەن و ئەوانەی پەیوەستن پێیەوە، بەپێی پلان و بەرنامەی دەسەڵاتەکانی هەرێم وەبەریان بهێنن و چاودێرییان بکەن و پەرەیان پیّ بدەن و هیچ کارێك نەکەن ببێتە مایەی لەناوچوون و زیان پیّ گەیاندنیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعتبر الاراضي  الزراعية والنباتات والبساتين والغابات والمراعي والثروة الحيوانية ومصادر المياه ومنتجاتها ووسائل الانتاج الزراعي ثروة قومية، يتوجب على اصحابها وذوي العلاقة فيها استغلالها وفقا لخطط ومناهج الاقليم والتعليمات والقرارات والتوجيهات الصادرة من الجهات المختصة في الاقليم، ورعايتها وتطويرها والامتناع عن كل ما يؤدي الى تلفها والاضرار بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ تەنیا صیاغەکەمان گۆڕیوە هەر بە وەزعی خۆی، لەگەڵ مەفهومی ماددەکەینە، ئێستاکە بۆتان دەخوێنمەوە:

**(المادة الاولى: الاراضي  الزراعية والنباتات والبساتين والغابات والمراعي والثروة الحيوانية ومصادر المياه ومنتجاتها ووسائل الانتاج الزراعي ثروة وطنية، يتوجب على اصحابها وذوي العلاقة فيها استغلالها وفقا لخطط ومناهج سلطات الاقليم ورعايتها وتطويرها والامتناع عن كل ما يؤدي الى تلفها والاضرار بها).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرقەکەی تەنیا ئەوەندەتان گۆڕیوە لە سەروەی قەومی کردووتانە بە سەروەی وەتەنی، (تعتبر)ەکەش لادراوە، فەرموو.**

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من هەر مەبەستم ئەوە بوو لە دوای (والمراعي والثروة الحيوانية ومنتجاتها ووسائل الانتاج الزراعي) ئەوجا (ومصادر المياه) مەبەستم تەرتیبی کەلیماتەکانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کەریم بەحری فەرموو.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زاراوەی سامانی نەتەوەیی (ثروة قومية) زاراوەیەکی یاسایی ئابووریە، لێرەدا ئەوە راسترە لە سامانی نیشتمانیی و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك محەمەد فەرەج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**چەند تێبینیەکم هەیە:**

**یەکەم/ پرۆگرامەکانی هەرێم، من پێموایە هەرێم ئامیرەیە، یەعنی دەسەلآتی هەرێمە، مەبەستەکە ئەوەیە ئامیرەیە، ئیدارییە، دەبێت بنووسرێت پرۆگرامە زانستی و ئەکادیمیەکان، یەعنی ئەمە دەتوانێت ئەوە بەرێتە  پێشەوە، ئێمە هەر لە ئێستاوە خۆمان پابەند بکەین بە ئوسوسە عیلمیەکان، نەك ئوسوسە سیاسی و ئیدارییەکان، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، بەتایبەتی ئێستا مەسەلەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێکی زۆر فراوانی لە خۆ گرتووە بۆ ئەم مەسەلەیە.**

**دوو/ لە بڕگەی خوارەوە هاتووە چاودێریان بکرێت و پەرەیان پێ بدرێت، بە مەفتوحی حکومەت خۆی نەکردووە بە ساحێبی هیچ شتێك لەمانە، لەکاتێکدا چاك کردنی کشتوکاڵ و بەرەو پێش بردن و گەشەپێدان هەمووی ئەرکی دەوڵەتە، ئەرکی حکومەتە، نەك ئەرکی خەڵك، خەڵك تەنها بە کارەکە هەڵدەستێت، ئەگەر خراپی کرد تۆ سزای دەدەیت، مەفروز وایە حکومەت لێرە دەوری دیار بێت و خۆی**

بکات بە خاوەنی ئەمە، بەڵام هەمووی بە مەفتوحی هێڵاوەتەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە ماددەی یەکەم ئەوەی کە بەم کارە هەڵدەستێت کە حکومەتە دەبێت دەوری دیار بێت، ئەو ئەم کارانە بکات بۆ؟ چونکە ئەو نەبێت بە کەس ناکرێت، ئەم پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ و پاراستنی بەرهەمەکان ئەگەر ئەو دروستی نەکات، بە کەس ناپارێزرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە من پێم باشە بکرێت بە دوو بڕگە وەکو هەر لە بیدایەت کە دەڵێت زەوی کشتوکاڵ و ڕووەك و باخچەو دارستان و لەوەڕگاو سامانی ئاژەڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەروبوومەکان و هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بە سامانی نەتەوەیی دادەنرێت هەتا ئێرە بێت، چونکە کە دەڵێت پێویستە لەسەر خاوەنەکانیان و خەڵکی پەیوەندیدار ئەوە لە ماددەی دووەم و لە ماددەی سێیەمدا ئەو ڕێنماییانەو ئاڕاستانەی کە پێویستە خاوەنەکانیان، یاخود لایەنە پەیوەندیدارەکان جێی بێتەوە لەو دوو ماددەیە دیاری کراوە، پێم باشە لێرە هەر تەعریفەکە بێت، ئەوەی کە دەیگرێتەوە تەغتیەی دەکات، ئەو واجیباتانەی کە دادەنرێت لەسەر خاوەن زەویەکان لە دوو ماددەکەی کە دیاری کراوە پێم باشە لێرە شەتب بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە لەسەر ئەو دوو ماددەیە، ئەو دوو ماددەیە ئەگەر بکرێت بە سێ بڕگە، ئەوە بۆ خۆی بۆ ئەو بڕگەیە بمێنێتەوەو دوو بڕگەی تری بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر تۆ زەوی و زارەکان حیفاز نەکەیت ناتوانیت ئەو بەرهەمە بەکار بێنیت، دیاری کردن و پێدانی شوێنی پێویست بۆ ئەو کۆمپانیانەو پرۆژە غەیری زراعیەکان هەتا لەسەر ئەرزی سەخەری بێت، نەك ئەرزی زراعی، چونکە ئەرزەکەمان لە دەست چووە بەشی زۆری، ئەگەر بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت و حکومەت مولزەم بکەین، پێویستە بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیاران لە نزیکترین شوێنی بەرهەمهێنان، نەقل کردنەکە لەسەر حکومەت ڕابوەستێت، نەك لەسەر جوتیاران، ئەوە تەشجیعێکە بۆ جوتیاران تا بتوانێت بەرهەمی زیاتر بەرهەم بێنن، ئەگەر بتوانن لە نزیکترین شوێن حکومەت لێی وەرگرت و نەقلی دەکات کولفەکە لەسەر ئەو ناکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەم خاڵە دەكەم، بەڵام لەبەر ئەوەی مەوزوعێكی گرنگ هەیە ئەمڕۆ دەربارەی خواردن و كشتوكاڵی بەرز بوونەوەی نرخی خواردەمەنی بەتایبەتی برنج و ئەم وشكەساڵییەی كە رووی تێ كردووین، ئەگەر گرنگیەكمان پێ بدایە لە پەرلەمان وەكو هەموو ئەو وڵاتانەی تر، ئێستا راپۆرتێكم لە لایە كە راستەوخۆ عیلاقەی بە ئێمەوە هەیە، كە ئێمە زۆربەی شتەكان بە حەقیقەت لە دەوڵەتە ئاسیاوییەكان دەهێنین، یان لە جاپانە، یان لە هیندە، یان لە چینە، بەتایبەتی برنج ئەمڕۆ لە عالەم سعر بووە بە دوو قات و سێ قات، لێرەش بە هاوكاری وەزیر كارێكی وا بكرێت خەڵكی موستەغیلی كوردستان ئیستیغلالی ئەو بەرز بوونەوەیە نەكات بەشێوەیەك كە سبەینێ تەئسیرێكی سلبی هەبێت بۆ دانیشتوان، حەز دەكەم ئەو راپۆرتە بخەمە بەر دەستی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەڕێز، لەگەڵ جەنابی وەزیر لێرەیە پلانێك دابڕێژن با ئیستیغلالی بازاڕ نەكرێت، چونكە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا نرخی خواردەمەنی بەتایبەتی برنج و گەنم و ئەوانە زیادی كردووە، كارێك بكەین كە بتوانین زەبتی بازاڕ بكەین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موفتەرەحەكەت بیدە بە جەنابی وەزیرو لیژنەكان زۆر لە جێی خۆیەتی، لیژنەی یاسایی، جەنابی وەزیر لەسەر ئەو پرسیارو شتانە وەڵامتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بە حەقیقەت بە تەسەوری ئێمە وەزارەتی كشتوكاڵ ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەكە زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە بە تەواوی و بە وردی بێتە جێ بەجێ كردن، لە مەفاصلی ئەساسی مەسئوولن بەرامبەر ئەم پرۆژەیە، من تەسەور دەكەم دەبێتە مایەی هەندێك پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵ لە موستەقبەلداو ئەو مەفاصلانەی كە بەرپرسیارن لە پرسیارێكی برادەران هاتووە، كە بەرپرسیارەتیمان دیار كردووە، ئێك/ وەزارەتی كشتوكاڵ بە دامودەزگای خۆی بەرپرسیارە.

دوو/ سەرۆكی وەحدەی ئیداری بەرپرسیارە.

سێ/ دامودەزگای قەزا بەرپرسیارە.

چوار/ جوتیارەكان و ئەوانەی بە كاری كشتوكاڵ هەڵدەستن، ئەوانە هەمووی بەرپرسیارن، ئەم پرۆژەیە تەنزیمی هەموو كارەكانی كردووە، هەر یەكەش مەسئوولیەتی دیاری كردووە چیە؟ بە موجیبی ئەو قانونە، بە تەسەوری من ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەكی گرنگە، پاراستنی زەوی و زاریش دەكات، پاراستنی دارو بارو هەندەی كە عیلاقەی پێوە هەیە تەنزیمی دەكات، ئامێرە كشتوكاڵیەكان دەكات و حیمایەی

مەنتوجیش دەكات، یەعنی ئەو مەنتوجەی كە دەردەكات حیمایەی دەكات بە موجیبی ئەم قانونە، من ئێستاش تەئكید دەكەم هەر وەختێك ئەو قانونە بە دیقەت بێتە تەنفیز كردن ئەم دامودەزگایانە بە دیقەت تەنفیز بكاتن دەبێتە مایەی كو ئەم كەسە پەرە پێ بدرێت، جانبی دی تر من خاڵی برادەران، من باسی برنج و ئەوانە دەكەم، تەبعەن ئێمە سەلەی غیزائیمان هەیە، ئەو سەلەی كە تەوزیع دەكەین، لەناو ئەو سەلەیە زەمانی ئەسعار تا حەددێكی باش، دوو/ لیژنەی ئیقتیصادیمان هەیە لەسەر ئاستی مەجلیسی وزەرا بەسەرۆكایەتی خودی سەرۆكی حكومەت و لەگەڵ جێگرو ئەو وەختە وەزیرەكانی تریشی تێدایە، یەعنی بە تەحدید موهیمەی وەزیری تیجارەو لیژنەی ئیقتیصادییە لە موحافەزات، ئێمە ئەو كارەشمان كردووەو موراقەبەشمان كردووەو پرۆژەیەكی تێرو تەسەلیشمان دروست كردووە بۆ ئەوەیە كە نرخی تەحدیدەن نرخی نان زیاد نەكرێت، ئەو پرۆژەیەش حازرە، من تەسەور دەكەم كۆتایی بێتە قەرارو قەراری پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو موقتەرەحاتانەی كە بۆ دەوڵەمەند كردنی ناحیەی زاراوی و ئەوانە بە هەند وەربگرن، بەس دەمێنێتەوە نوقتەیەك سەروەتی نیشتمانی، یان نەتەوەیی، ئەوەی كاك كەریم باسی كرد، یەعنی كامەیان لەلاتان پێ راسترەو ئیختیلافتان لەسەر نییەو لە چیەوە هاتووە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی كشتوكاڵ كە موناقەشەی ئەو ماددەیەمان كرد، پێمان باش بوو زاراوەی (ثروة قومية) لا ببەین، لەبەر ئەوەی ئەو تەعبیرە موستەڵەحێكی نیزامی كۆنە نەمانویست بەڕاستی لە كوردستان بەكاری بهێنین لەجیاتی ئەوە (ثروة وطن)یمان بەكار هێنا، رەئی كۆتاییش رەئی ئەندامانی پەرلەمانەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك كەریم گوتی ئەوە راستە، لەبەر ئەوەی كە تۆ دەڵێی قەومی مانای ئەوە نییە قەومی كورد، یان قەومی توركمان، كە دەڵێی قەومی یەتی ئینسانەكان و گەل، گەلیش بەبێ وەتەن نابێتن، لەبەر ئەوەی بۆ ئینسانە، نەك بۆ خاك و ئەو مەسەلەیە لە هەموو دنیاش موتەبەعە، دەڵێی ئەمنی قەومی ئەمریكی، ئەمنی قەومی عێراقی، مەبەستی شەعبەكەیە، ئەوە راسترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە (ثروة سمكية)ش ئیزافە بكەین لە دوایی (ثروة حيوانية)، (الثروة السمكية)ش بنووسرێتن لەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەروەی قەومی و سەروەی وەتەنی هەردووكیان لە زاراوەی ئینگلیزی هاتوونە (ناشناڵ) هەندێكیان بە قەومی لێكی دەدەنەوەو هەندێكیشیان بە وەتەنی، هەردووكیان مانای یەك شت دەگەیەنێت، بۆیە وەتەنی باشترە لە قەومی، چونكە ئەوە مەسەلەی قەومی نییە، مەسەلەیەكی نیشتمانییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر دلێر بەو ئیعتیبارەی سەرۆكی لیژنەی داراییە، لە رووی دارایی كامەی راسترە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوەيس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا سامانی نەتەوەیی و سامانی نیشتمانی، یەعنی (الثروة الوطنية) و (الثروة القومية) (الدخل القومي) و (الدخل الوطني) هەردووكی مورادیف یەكترین هیچ جیاوازییەكیان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە عێراق دەژین، لە عێراقی بەڕاستی ئێستا ئێمە قەبول دەكەین لە بەغدا بڵێین سەروە قەومیە، یان پێمان باشە ئەوانیش بڵێن وەتەنی، مەسەلەن لەوێ كە دەڵێن قەومی یەكسەر قەومی عەرەبی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی وەکو کاك دلێر گوتی فەرقێکی ئەوتۆی نییە، مادام فەرقی نییە، ئێمە لەبەر رژێمی پێشوو ئەوەندە ئەو کەلیمەیەمان بەکار هاتووە، ئەگەر کاك کەریم موقتەرەحەکەت سەحب ناکەیت دەیخەمە دەنگدانەوە، ئایا موسیری لەسەر ئەوەی بکرێتە قەومی، یان ئەو دوو شەرحەی مامۆستا کاکەو کاك شێردڵ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی دەڵێت هێزە نیشتمانیەکان، ناڵێن هێزە قەومیەکان، هێزە نیشتمانیەکان، لێرەدا بەشر ئینتیمای بۆ نیشتمانە، بەڵام ئەوەی لە نیشتمانەوە دێت ئینتیمای بۆ بەشەرە، دەبێت بڵێت سەروەی قەومی، نەك سەروەی نیشتمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی قەومی و نیشتمانی لە لاتینیەکەش (ناشناڵیزم) ئەمە قەومیەو نیشتمانیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە عەرەبیدا، لە کوردیدا فەرقی کردووە لە بەینی نیشتمانی و قەومی، نیشتمانیەکە باشترە لەبەر ئەوەی نیشتمان هەموو قەومەکە دەگرێتەوە، ئەگینا (ناشناڵیزم) یان (نیشن) یەعنی قەومی، کە ئەوە وەتەنیش دەگرێتەوە لە ئینگلیزی و لاتینیدا هەردووکیان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو موستەلاحاتانەی ئەوەی کاك دلێر گوتی زۆر راستە هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە موستەلاحاتە بەکار هاتووە، بە عەرەبیەکەی دەڵێی دەخلی قەومی ئەوە ماشیە، بەڵام سەروەی وەتەنی و سەروەی قەومی وەکو یەکن، ئەوەلەن موقتەرەحی لیژنەی یاساییە وەتەنیەکەی نووسیووە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەی وەتەنیەکە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە قەومی بێت و وەتەنیەکە نەبێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە وەتەنیەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی یەکەم دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە وەکو نووسراوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ئەمانەی خوارەوە لەسەر خاوەن زەوی و زارو جوتیارو کەشتیارو پێوەندیدارانی کشتوکاڵ پێویستن:

یەکەم/ خزمەتکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ مەبەستی کشتوکاڵ نەبێ وەبەرنەهێنرێن و بە بەیاری و بەبێ چاندن بەجێ نەهێڵرێن و رێگە نەدرێت بە هیچ شتێك برشتی کز بکات، یان بەرهەمی کەم بکات.

دووەم/ پرۆسەکانی کشتکاری بەشێوازی زانستیی نوێ و بەپێی رێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم پیادە بکرێن.

سێیەم/ بەکارخستنی کەرەستەو ئامرازی کەفائەت بەرز لەبەرهەمهێناندا.

چوارەم/ خزمەتکردنی مەکینەو ئامێرو ترومپا کشتوکاڵییەکان و پاراستنی بیری ئاو و کارێزو کانیاوە سروشتیەکان و ئەدەوات و ئامرازەکانی دیکەی کشتوکاڵ کە زیانیان پێ نەگات.

پێنجەم/ خزمەتکردنی کشتوکاڵەکان داچێنراوەکان هەر لە کاتی چاندنیانەوە تا دەگەنە وەرزی درەو، یان رنین رێگە نەدانیشی بە هەر شتێك ببێتە مایەی لەناوبردن، یان پێگەیاندنیان، هەروەها پاراستنیان لە نەخۆشی و پەتای کشتوکاڵ و لە ئاگرو لە لافاو.

شەشەم/ پاراستن و خزمەتکردنی سامانی ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەرو مێرووی بەرهەمهێن و رێگەگرتن لە هەر شتێك زیانیان پێ بگەیەنێت.

حەوتەم/ پێڕۆ کردنی سیستەمی خولەکانی کشتوکاڵ و دەست نیشان کردنی ئەندازەی ئەو پانتاییانەی کە لە هەر ناوچەیەکدا پێویستە بە بەروبوومی دیار کراو بچێنرێن، هەروەها دیار کردنی جۆرەکانی تۆو پەیین و قڕکەری بوونەوەری زیانبەخش و وادەکانی بەکارهێنانیان بەپێی پلان و رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

هەشتەم/ پاراستن و خزمەتکردنی باخەکان و بەرومیوەکانیان تا پێ دەگەن و دەبرێنە بازاڕ نابێ پشتگوێ بخرێن.

نۆیەم/ پاراستنی جەنگەڵ و لەوەڕگای سروشتی و دەستکرد.

دەیەم/ پێڕۆ کردنی سیستەمی عەمار کردنی دروست و بێ وەی بۆ بەروبوومەکان.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يتوجب على الفلاحين والمزارعين وذوي العلاقة الزراعية مايأتي:

1- العناية بالاراضي الزراعية وعدم استغلالها لغير الاغراض الزراعية او تركها دون الزراعة والامتناع عن كل ما يضعف خصوبتها او يقلل من انتاجها.

2- المباشرة بعمليات الزراعة وفق الطريقة العلمية الصحيحة وتوجيهات وزارة الزراعة في الاقليم والدوائر الزراعية الفرعية المختصة في المحافظة.

3- توفير المستلزمات الضرورية ذات كفاءة عالية في الانتاج.

4- العناية بالمزروعات من وقت زراعتها لحين انتهاءها والامتناع عن كل ما يؤدي الى تلفها او الاضرار بها و وقايتها من الافات الزراعية وحمايتها من الحريق والفيضانات والجفاف.

5- حماية الثروة الحيوانية والسمكية والدواجن والحشرات النافعة ورعايتها والمحافظة عليها من كل ما من شانه الاضرار بها.

6- حماية المكائن والالات والمعدات الزراعية ومصادر المياه من الاضرار والتلف.

7- اتباع الدورات الزراعية والمساحات التي يجب زراعتها بمحاصيل معينة في كل منطقة وانواع البذور والاسمدة والمبيدات ومواعيد استعمالها وفقا لخطط وتوجيهات الدوائر الزراعية في المحافظة.

8- حماية البساتين والعناية بها وعدم اهمالها والعناية بالاثمار حتى يتم نضجها وتسويقها.

9- حماية الغابات والمراعي الطبيعية والاصطناعية.

10- تنظيم عملية تسويق المنتوج الزراعي والعناية بها.

11- اتباع سياسة الخزن السليم للمنتوج الفائض.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لە ڕاپۆرتى هاوبەش كەلیمەى (صاحب الارض)مان ئیزافە كردووە لەسەر ماددەى لە پێشینە كە دەڵێت (يتوجب على صاحب الارض والفلاح والمزارع) فەقەرەى دەیەممان لاداوە لە پرۆژەكەى حكومەت، لەبەر ئەوەى لە ماددەى سێیەم هاتووە لە فەقەرەى دووەم لەوێ ئیزافەمان كردووە (تنظيم عمليات التسويق الداخلية والخارجية)، هەر ئەوەندە مولاحەزاتانەمان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

پێش ئەوەى موناقەشە بكەین فەقەرەى دە ئیقتیراح كراوە لا بدرێتن، ئەگەر كەس ئیعتیرازى نەبێت، لابردنى ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە، چونكە فەقەرە دە لە شوێنێكى تر هاتووە، ئیقتیراح كراوە لێرە لابدرێت پێش ئەوەى موناقەشە بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ لابردنى ئەو فەقەرەیە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس بەكۆى دەنگ فەقەرەى دە لابردرا لە ماددەى دوو، ئینجا دەبێت فەقەرەكەى تر موناقەشەى موقتەرەحى لیژنەى یاسایى بكرێت، كێ دەیەوێت قسەى بكات ناوى دەنووسم، كاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەى دووەم، بەڕاستى ئەو ئەركە زیاتر دەكەوێتە سەر وەزارەتى كشتوكاڵ، دەبێت وەزارەتى كشتوكاڵ بۆ جوتیاران هەندێك شت فەراهەم بكات، لەوانە گازوایل، تراكتۆر، سەمادى كیمیاوى، موزەخات، ئەوجا دەتوانین شتەكانى تر لەسەرى فەرز بكات، بۆ پاراستنى ئەو شتانەش، دەبێت ئەو جۆرە كەرەستانە بەشێوەیەكى عادیلانە دابەش بكرێن، چونكە ماوەیەكى زۆرە ئەو كەرەستانە دابەش كراون لە لایەن وەزارەتى كشتوكاڵەوە، یان لە ڕێگاى ڕێكخراوە خێرخوازەكانەوە، بەڵام بە عەدالەت دابەش نەكراوە، بەشى

زۆری ئەو کەرەستەیە فرۆشراوە لە لایەن ئەو جوتیارانەی کە کەرەستەکانیان وەرگرتووە، لە لایان نەماوە، جارێکی تر دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ بەسەریاندا دابەش بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە بەفیڕۆ دانی ماڵی دەوڵەت، بۆیە دەبێت سیستەمێکی عەدالەت دابنرێت و وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەندییەکی باشی هەبێت لەگەڵ وەحداتی ئیداری، بەلاَم هەندێك فەقەراتیش لێرە لە ماددەی دووەم تەناقوز دەگرێتەوە لەگەڵ قانونی پێشوو، چونکە قانونی پێشوو کەوا زەویەکە تاپۆ بوو، هی جوتیار بوو لەوێش هەندێك زەوابتمان بۆ داناوە، دەبێت ئەمە راست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەغلەب ئەو شتانەی کە جەنابت باست کرد لە ماددەی سێ هاتووە، هەر بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ماددەی دووەم، ماددەیەکی زۆر باشە، بەلاَم لە دیباجەی ماددەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمانەی خوارەوە لەسەر خاوەن زەوی و زارو فەلاح و زرعەتکارو پەیوەنداره کشتوکاڵییەکان پەیوەستن، دوو، سێ بڕگەی تیایە کە ئەمە پەیوەستە بە وەزارەتی کشتوکاڵ خۆیەتی، من پێموایە پێویستە لە جێگای پەیوەندارانی کشتوکاڵی راستەوخۆ بنووسرێت وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئیلزام بکرێن بەو بڕگانەی کە پەیوەندی پێوە هەیە، بۆ نموونە بڕگەی دووەم، بڕگەی حەوتەم، ئەمانە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، ئەمە یەك.

من پرسیارێکیشم لە جەنابی وەزیر هەبوو، جەنابیان تازە ئیشارەتیان بە هەوڵدانی چارەسەر کردنی کۆمەڵێك کێشەو گرفت و تەوزیع کردنی چەند دەورێك و بوارێك هەبوو، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدانی دەست نیشان کردنی نرخ، من پرسیاری ئێوە دەکەم کێ بەرپرسیارە لەوەی کە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە بازاڕ بە چ سعرێك بفرۆشرێت، من نموونەیەك دەهێنمەوە لێرە، زەرعەتکارێك، فەلاحێك بۆ کیلۆیەك تەماتە ئەو هەموو کوێرەوەری و نارەحەتی پێوە دەبینێت تا دێتە بەرهەم کیلۆیەك لە عەلوە بە (750) دینار دەفرۆشرێت، بەقاڵەکان لە بازاڕ بە (2000)، (2500) دینار دەفرۆشن، بەڕاستی فەرقەکەی یەکجار زۆرە، یەعنی ئێمە دەبێت لێرە بیر لە خەڵك بکەینەوە کە بە چ نرخێك بەروبوومەکانیان دەگاتە دەست، ئەگەر تەوازونێك هەبێت، هەم جوتیار بتوانێت ئیستیفادە بکات، هەم هاووڵاَتی زەرەری زۆر لێ نەکەوێت، ئەوەش بەشێوەیەك لە شێوەکان پارێزگاری کردنە لە بەرهەمی خۆماڵی، لەو حاڵەتەدا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، خەڵکی کوردستان هانا ناباتە بەر ئەو شتانەی لە دەرەوەی هەرێمەوە دێن بە نرخی هەرزانتر دەکڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی یاسایەكە بە عینوانی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستاندا، كە ئێمە لە واقیعێكدا دەژین كیلۆیەك تەماتەمان نییە، یەعنی هەرچی هەیە هەر هەمووی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانە، ئەسڵ وا بوو ئەوە هەبوایە، ئینجا ئەو یاسایە مەفعولی زاتی دەبوو، بەنیسبەت ماددەی دووەم، تەبیعی بە بۆچوونی من زیادە، چونكە لە ماددەی یەكەمدا باس لەوە دەكرێت ئەو خاوەندداریانە كە خاوەن موڵك و زراعەتن دەڵێ بەپێی پلان و بەرنامەی دەسەڵاتەكانی هەرێم وەبەریان بهێنێت و چاودێریان بكەن، یەعنی ئەوەی لە ماددەی دووەمدا هەیە تەحصیل حاصلە، باس لە باسی تەوجیهات بۆ خاوەن زراعەت و خاوەن باخ، ئەگەر بەرهەمەكەی خۆی رەصیدی هەبێت و سەرفیاتی هەبێت و دەوری هەبێت و وەزارەت پشتگیری بكات، خۆی ئیهتیمام لە سەروەت و سامانی خۆی دەدات زیاتر پەرەی پێ دەدات، بەلاَم ئەگەر هاتوو ئینتاجێكی وای نەبوو، یاخود بەرهەمێكی هەبوو دەستی نەكەوت، وەكو نەفرۆشرا ئیهمالی دەكاتن، لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من ئەو خاڵ بەندیەی لە ماددەی دووەمدا هەیە تەحصیل حاصلە بۆ خاوەن موڵكەكان و پێم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سمكۆ دزەیی فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل طاهر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە یاسای پەرەپێدانی كشتوكاڵی دەبێت وەزارەتی كشتوكاڵ بەرنامەیەكی هەبێت بۆ پەرەپێدان، ئەوەی لەو ماددەیە هاتووە هەمووی ئیرشاداتی زراعییە، بەڕەئی من وەزارەتی زراعە دەبێت بەرنامەی هەبێت چۆن گەشە بە كشتوكاڵ دەدات؟ چۆن گەشە بە مەشاریعی زراعی دەداتن؟ بەلاَم ئەوەی لێرە داوا كراوە، هەمووی داوای لە فەلاحەكە دەكات چی بكات و چی نەكات، یەعنی ئیرشاداتی زراعییە، بەڕەئی من ئەگەر وەزارەتی زراعە بەرنامەیەكی خۆی هەبێت بۆ پەرەپێدانی زراعەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو رەمزیە فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵێ ئێكێ (العناية بالاراضي الزراعية وزيادة مساحتها عن طريق تحويل الاراضي الديمية الى الاراضي الزراعية ثم باستخدام الالات والمكائن او ببناء سدود وخدم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**مام خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید سلیم شێره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لە فەقەرەی دوو (المباشرة بعمليات الزراعة وفق الطريقة العلمية الصحيحة وتوجيهات وزارة الزراعة في الاقليم)، تەبیعی سەدان ساڵە لە کوردستان دوو نەوعە زراعەت هەیە دێمی و ئاوی، بەنیسبەتی ئاویمان نازانم لە 2٪ و 3٪ بێت ئەویتر هەمووی دێمییە، دێمیش لە 95٪ی گەنم و جۆیان چاندووەو ئیعتیمادمان لەسەر باران کردووە، لەبەر ئەوەی هیچ تەتەورێکی عیلمی چەندین ساڵە، بە دەیان ساڵە لە کوردستان نەبووە چۆنیەتی گۆڕانکاری نەوعی حاصلاتمان، زراعەتمان بە رێگایەکی علمی وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو نەبووە تاکو بەرهەم زیاد بکەین، ئیعتیمادمان لەسەر باران بووە گلەیی لە حکومەتی خۆمان ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە تازەین و سەدان ساڵیشە ئەو وەزعەی ئێمە وایە، بەڵام رێگای عیلمی کامەیە؟ هەر عاردێکی دێمیمان هەیە هەر سێ موحافەزەمان و زراعەتی گەنم و جۆی لێ دەچینین، چ تەتەورێکی عیلمی تێدا بڕوا ناکەم بتوانین، ئەگەر حکومەت بۆ خۆی بەرنامەیەکی نەبێت، وەکو جارێکی تر باسم کردووە مەسائیلی شەریکات و جەمعیات و ئەرازی نەهێنا زراعەتێکی مەکنەنە بەو شێوەی کە ئێستا هەمانە، من تەسەور دەکەم بەتایبەتی کە ئێستا عاردمان دا بە فەلاح و بووە ساحێب موڵك، هەروەکو خۆی دەمێنێتەوەو پەرەی پێ نادرێت پێی دەڵێن عیلاقەی فەلاح و حکومەت کە ئێستا هەیە لە حقولی زراعی ئەوەش کەمتر دەبێتەوەو نامێنێت، ئەمە جانبێك.

خاڵی پێنجەم (حماية الثروة الحيوانية والسمكية والدواجن والحشرات) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوساڵ هەموومان دەزانین وشکەساڵییە، گیا نەماوە بۆ مەڕو ماڵات، من نازانم حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئیمکانیەتێکی زۆرەو زۆر خەریکی بیر کردنەوەنە، بۆ ئەوەی عیلاجی بکرێت، ئێستا جوتی مەڕی زای بە کاوڕەوە بە (500) دیناری ئەسڵیە، لەبەر ئەوەی لەوەڕ نەماوە بیخۆن، هەتا قەزای مەخمور مەشهورەو باشترین ماست و پەنیری هەیە، چونکە ئێستا ئەو خۆڵ بارانە بووە زیاتر ماستی مەخموری بۆنی خۆڵی لێ دێت، لەبەر ئەوەی لەوەڕ نەماوەو هەوا نەماوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە زووترین کات عیلاجی نەکات، بە مانگێکی تر ئەوەی ماوە یان دەمرێت، یان پێیان ناکرێت بفرۆشن، چونکە لەوەڕ نییەو ئالیك نییە بیانداتێ، سەروەی سەمەکیمان چ مەشاریعی ئەوتۆمان نییە، کە بتوانین ئینتاجی سەمەکیمان هەبێت، مومکینە هەندێك حەوزی سەمەکیمان هەبێتن هی قیتاعی خاص کراوە، بەڵام نەبۆتە جەدوەل و ئیقتیصادی نییەو بازاڕیشی پڕ نەکردۆتەوە، جەنابی وەزیر بۆ مەسەلەی دەواجن باشتر لە ئێمە دەزانێت، مومکینە ئێستا ئەو قسەیەی بکەم بە موبالەغەی بزانن، یان بە نەزانم تێ بگەن، مەسەلەی ئەنفلۆنزا من نازانم چ نەوعێکە، بەڵام ئەنفلۆنزا دوو ساڵە لە کوردستان لە دەواجن نە رۆیشتووەو تەحەدای دەکەم و مەجودەو ماوە، ئێستا حەقلی دەواجن هەیە سی هەزار هێلکە مریشکی داناوەتەوە، پێنج هەزاری ماوە، هەمووی مردووە هەتا ئەو دەرمانانەی کە دێتن قیتاع خاص دەیهێنێت ئەغلەبی ئێکسپایر دەهێنێت، لەبەر

ئەوەی ئەگەر وەزارەتی زراعە بتوانێت زیاتر ئیهتیمام بەو مەوزوعە بداتن و عیلاجێکی بکات، ئەمە شتێکی باشە، بتوانین ئینقازی سەروەی حەیوانی و دەواجن و سەمەکی بکەین، چونکە هیچمان نەماوە، ئێستا گۆشتمان لە دەرەوە بۆ دێت، باقی تر بەساتین و ئەوانە جارێکی تر من باسم کرد جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە قوشتەپە تا دەگاتە گعێتلی بەپێی مەعلوماتی ئەوەلی کە پێمان گەیشتووە، بەلاَم مومکینە لە (1500) بیری ئیرتیوازی کەمتر نەبێتن، بیری ئیرتیوازی لەناو عاردەکاندا هەبوو، سالآنی پێشوو دە سالّ، بیست سالّ لەوەو پێش هەمووی کیمیاوی لەناو کراوە، موفتەرەحم ئەوەیە گرنگی بەوە بدرێت، چونکە ئێمە ئێستا میوەمان نەماوە، سەوزەواتمان نەماوە، حکومەتی هەرێم چ عیلاجێك دەتوانێت بیکات، چونکە هەموو شتمان لە بازاڕە، ئەو بیرانە ئێستا راوەستاون، فەلاح وازی لە عاردەکەی هێناوەو نایکات، کیمیاویەکەی ناکات، زراعەتەکەی ناکات وازی لێ هێناوە، من ئێستا لەگەڵتان دێم بچین بە دەیان عاردی زراعی بیری ئیرتیوازی لەناوەو وازیان لێ هێناوە، مەبەستم عیلاجێکی لێ بکرێت، چۆن عیلاجەکە دەکرێت؟ من ئیقتیراحم نییە، چونکە ئیشی من نییە تاکو فیکرەکەم چۆن بێتن، مەسەلەی زراعەتیش جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، هەتا ئینتاجیشمان هەبێت، ئێمە لیژنەی تسویقمان نییە، لیژنەی تەسویق لە کوردستان نییە بچێت ئەو ئینتاجە وەربگرێت و سەرفی بکات، هەڵگرتنی مەنتوجی زراعی بەتایبەتی ئەوانەی قابیلی تەلەفن، ئێمە ساردخانەمان نییە لێی دابنێین، ساردخانەی مەحدودمان هەیە، هەتا بۆ دەواجنان ساردخانەی مەحدود هەیە ئیکتیفای ناکاتن، مریشکی هەولێر چۆتە تلکێف ساردخانەی بۆ دانراوە، لەبەر ئەوەی لێرە ئەو ساردخانەیە نییە، تەنیا ساردخانەی ئەحمەد ئیسماعیل و یەك، دوو ساردخانەی تر هەنە، ئەویش ئیکتیفای هیچ شتێکی تر ناکات ئیمکانیات و تاقەیان مەحدودە، لەبەر ئەوە ناتوانین هەتا مەنتوجاتی زراعە حیمایەی بکەین بە ساردخانە کە تەلەف دەبێتن و خراپ نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شەعبان فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینی سەر خاڵە هەشتێ هەی، ئەو ژی حیمایەتی بەساتین، بەڕاستی ئەگەر حکومەت هاریکاریا فەلاح نەکات، فەلاح نەشێت حیمایەی بستانی خۆی بکات، یەعنی وەکو ئەز ئاگادارم دەها جوتیارا دەستی بیستانێ خۆی بەردای، چونکە هاریکاری نینە، هاریکاری ژی وەکی رشاندنێ، وەکی کیمیاوی، وەکی شتەکی هەموویا، ژی ئەگەر حکومەت هاریکاریا نەکات، بەڕاستیا فەلاح نەشێت حیمایەتێ بیستانێ خۆ بکات، ئەگەر

حكومەت هاریکاریا بکات تەئسیر لەسەر بازاڕ دەبێت، یەعنی جوتیاریش دشێت فەرقی ژی بازاڕی بکات، زۆر مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز مەلا ئەنوەرو کاك سمکۆش کە قسەیان کرد پێش ئەوە، ئەم یاسایە حیکمەتەکەی لەوە دایە، کە ئێمە دەمانەوێت سیاسەتێکی زراعی تازە پشتگیری لە جوتیار بکات، بەس ئێمە جارێ لە پێشدا هێناومانە، ئەم ماددەی دووەم کۆمەڵێك ئیلتیزاماتمان خستۆتە سەر شانی فەلاحەکە لە پێشدا، تۆ دەبێت جارێ لە پێشدا حکومەت ئیلتیزاماتەکە بخاتە سەرشانی خۆی بزانین چی دەکات بۆ فەلاحەکە، لەبەر ئەوە بە رەئی من جارێ ماددەی سێ بچێتە پێشەوەو لە پێشتر بێت، یەعنی گۆڕانکاری پێ بکرێت، ئەگەر هەر لە شوێنی خۆی مایەوە، من کۆمەڵێك هینم هەیە لەسەری، ئەم بەندە دەڵێت (المباشرة بعمليات الزراعة وفق الطريقة العلمية الصحيحة وتوجيهات)، ئەگەر وەزارەتی زراعە تەوجیهاتی نەداتێ، ئەمە چۆنە؟ ئەمە بەڕاستی پێم باشە لابرێت، چونکە ئەوە ئەرکی وەزارەت خۆیەتی تەعلیمات بدات، ئەوە ئەرکی فەلاح نییە، چونکە ئەم لە پێشدا هاتووە دەڵێت (يتوجب على الفلاحين والمزارعين وذوي العلاقة الزراعية مايأتي:

المباشرة بعمليات الزراعة وفق الطريقة العلمية الصحيحة وتوجيهات وزارة الزراعة في الاقليم والدوائر الزراعية الفرعية المختصة في المحافظة)، ئەوە ئەرکی وەزارەتە بە فەلاحەکە جیهاتی راستی ببات.

خاڵی سێیەم/ کە دەڵێت (توفير المستلزمات الضرورية ذات كفاءة عالية في الانتاج)، ئەمە کێ تەوفیری دەکات؟ قابیلە فەلاحەکە خۆی نیەتی، نیەتی نان بخوات، ئەوەی کە زەرعی دەکات بەشیساڵەکەی ناکات، ئەگەر لابرا بێت، زۆر سوپاس.

خاڵی حەوتەم/ (اتباع الدورات الزراعية والمساحات التي يجب زراعتها)، کە تۆ بانگی نەکەیت بۆ دەورەی زراعی ئەو لە کوێوە بچێت؟ لە دەرگای کێ بدات بۆ دەورەی زراعی؟

خاڵی نۆیەم دەبێت لابرێت (حماية الغابات والمراعي الطبيعية والاصطناعية) لە ناو یاسای زراعەت ئەرکی وەزارەتە، نەك ئەرکی فەلاحە حیمایەی غابات و مەڕاعی تەبیعی و صناعی بکات، ئەوە ئەرکی وەزارەتە.

(اتباع سياسة الخزن السليم للمنتوج الفائض)، من دەڵێم نانی نییە بیخوات، مەنتوجەکەی بخاتە کوێوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری زراعە، من دوێنێ چاوم بە کۆمەڵێك خەڵك کەوتووە، ئێستا وشکەساڵییە جۆ دراوە بە حیساب بۆ فەلاحەکان، بە حیساب بۆ فەلاحەکان بێت، دراوە بە خەڵکانێك کە ئەسڵەن عیلاقەیان نییە بە فەلاحەکانەوە، حەفتەی دوو تەنی لێ دەفرۆشێتەوە بە خەڵك بەگرانی، من چۆن سیقە بکەم بەم یاسایە ئەم پەرەپێدانی هینە دەکرێت، کە نەدرێت بە خاوەنی شتەکە خۆی، دەدرێت

**به كەسانێك كە عیلاقەیان نیە بەسەر زراعەوە، ئەگەر دەتەوێت بەناویش بۆت دەهێنم و لە چ ناوچەیەك كراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك سەردار فەرمو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من سەرەتا دەستخۆشی لە وەزارەتی زراعەو هەردوو لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ دەكەم، یەعنی ئەو یاسایە زۆر پێ دەچێت پێوە ماندوو ببن، بەڵام بە ڕەئی من ئەو یاسایە ناتوانێت پاراستنی بەرهەمی كشتوكاڵی بكات، یاخود ناتوانێت بە تەنیا پاراستنی ئەو بەرهەمە بكات، لەبەر ئەوەی زۆر بە تەواوی نەچۆتە ناو ئەو مەترسیانەی كە لەسەر بەرهەمی كشتوكاڵی هەیە، بۆ نموونە زۆر لە برادەرەكان باسی ئەوەیان كرد، ئێستا ئەنواع مەنتوجاتی دەرەوە هەیە لە جنوبی ئەفریقیاوە بگرە لوبنان، توركیا، سوریا، ئێران، زۆربەی ئەو بەرهەمانەش لە هی خۆمان هەرزانترن، واتە لێرە دەبێت سیاسەتێك هەبێت كە زەڕائیب زیاد بكرێت لەسەر ئەو مەنتوجاتانە، بەو نەوعەی مەنتوجاتی خۆمان دەپارێزرێت.**

**دوو/ زۆر ساڵ هەبووە ئەو مەنتوجاتانە لە ڕووی ربحەوە، یاخود قازانج، جوتیار قازانجی نەكردووە، لەو حاڵەتە دەبوایە حكومەت ئەو بەرهەمانە لە جوتیار بكڕێتەوە بە نرخێكی تەفزیلی، نەوەك زەرەر نەكەن، بەڵكو دەبێت قازانج بكەن، ئەوە ئەو وەختی حكومەتی بەعسیش ئەو سیاسەتەی دەكرد لە ساڵی 1993 و 1994 تاوەكو ڕووخانی، من پێموایە ئەو شتانەی كە باس كرا، وەكو كاك سمكۆش باسی كرد (العنایة بالاراضي الزراعیة) یەعنی ئەو شتانە وەكو تەوجیهات و ئەوە دەربكات، جگە لەمە لە زۆر ڕووەوە ئەغلاتی دیكەی تێدایە، بۆ نموونە (يتوجب على الفلاحين والمزارعين وذوي العلاقة الزراعية) ئەو كەلیمەی زراعیە زیادە، یەعنی لە هەندێك شوێن باسی حیمایەی سەروەی حەیوانی و سەمەكی و مەڕاعی كراوە، كەواتە لێرە زراعیە زیادە، هەر بڵێی (وذوي العلاقة) كیفایەتە، لە هەمان ماددەشدا دەبوایە باسی صیادینیش بكرێت (وكل ذي حرفه) لەبەر ئەوەی باسی حەیواناتت كردووە، من پێشنیار دەكەم ماددەیەكی تریش ئیزافە بكرێت، چونكە لێرە باسی ئاژەڵ كراوە (حماية الثروة الحيوانية والسمكية) لە فەقەرەی پێنج، دەبوایە باسی ئەوە بكات ماسی بكرێتن، یەعنی پێشنیاری ماددەیەك دەكەم (يحضر صيادي الاسماك من اليوم الاول من شهر نيسان الى يوم 15 من شهر حزيران) یەعنی ئەو ڕۆژانە هی تەكاسورێتی (من كل سنة كما يحضر صيدها بالوسائل التي تلحق اضرار جدية بتكاثرها) لێرە ناكرێت بچینە ناو تەفاسیل وەكو كارەبایە، وەكو قونبەلەیە، وەكو هەندێك دەرمانی دیكەیە، جەنابی سەرۆك، زۆر یاسای ترمان هەیە كە حیمایەی سەروەی حەیوانی دەكات، بۆ نموونە یاسای ژمارە (21) دەرچووی ساڵی 1979 (حماية الحيوانات والطيور البرية)، قانونی غاباتمان هەیە (75) ساڵی 1955، مەڕاعی تەبیعیە یاسای دوو ساڵی 1983، بەڵام**

هی ماسی تەنها تەعلیمات و ئەوامر هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم جارێکی تر ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، لە رووی زمانەوانیەوە زۆر شتی غەڵەتی تێدایە، دوایێ پێشنیارەکان دەدەمە لیژنەی قانونی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارێکی باش کراوە کە ماددەی دوو و سێ ئیش و کارەکانی جوتیارو وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە یەك جیا کراوەتەوە، بەلاٌم بە رەئی منیش هەندێك خاڵ هەیە لەم ماددەیە پەیوەندی بە ماددەی سێیەوە هەیە، زیاتر ئەرکی لایەنە رەسمیەکان، جا وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، یان وەزارەتەکانی تر بێت، سەبارەت بە خاڵی یەکەم گرنگیدان بە زەوی زراعی، بەڕاستی ئەوەی دەبینین لە کوردستان گەورەترین دەست درێژی دەکرێتە سەر زەوی کشتوکاڵی لە لایەن دەوڵەتەوە، لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، هەروەکو لە ماستەر پلانی هەولێر بەرچاو دەکەوێت باشترین زەوی و زارەکانی کشتوکاڵ دەخرێتە بەر ماستەر پلان و زەرەرو زیانی گەورەی لێ دەدرێت، فەلاح هەرگیز زیان لە زەوی خۆی نادات، ئەگەر هاتو پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکرێت، حەقە مەبدەئێك تەسبیت بکەین، ئێمە لەو یاسایە هەرچەندە ئەوە باسی ئینتاجی زراعییە، کە بەڕاستی زەوی زراعی بپارێزرێت و نە حکومەت و نە هاوولاٌتیش بۆ غەیری مەبەستی زراعە بەکاری نەهێنێت.

خاڵی تر کە پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە، شەشەم (حماية الثروة الحيوانية) پەیوەندی بە وەزارەتی زراعەو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە، پەیوەندی بە جوتیارەوە نییە، نەقل بکرێت هەروەها حیمایەتی غابات و مەڕاعی لە نۆیەم، ئەمەش نەقلی ماددەی پاش خۆی بکرێت، چونکە پەیوەندی بە دەسەلاٌتەوە هەیە، پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەم یاسایە، یاساییەکی زۆر زۆر باشە، هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، بەلاٌم یەك شت هەیە، بەڕاستی ئێمە پێش ئەوەی جارێکی تر باسی ئەوەم کرد، لێرەش بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی ئەم ماددەیە بخرێتەوە، یان ماددەیەکی تر زیاد بکرێت، یان ببێتە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، کە پێناسەی جوتیار بکرێت، ئێمە بە هەزارەها دۆنم زەوی جوتیار فەلاحەتمان ماوە

بەتاڵ بەوەی کە جوتیار نییە، حەقی تەسەروفی هەیە، حەقی تەسەروفی لەو موڵکە هەیە، بەڵام لە شاردا ئیشێکی تر دەکات، پێشمەرگەیە، مامۆستایە، ئەو شتانە هەیە، تا ئێستا پێناسەی جوتیار نەکراوە، جوتیار چیە؟ ئەو کەسەیە کە زەوییەکە بۆ مەبەستی زراعەت بەکار دەهێنێت، بۆ مەبەستی کشتوکاڵ بەکار دەهێنێت، نەك ئەو کەسەیە وەکو ئێستا هەر مەسەلەن لە حەفتاکانەوە جوتیار بووەو لەو گوندە دانیشتووەو دانیشتووی ئەو گوندە بووە، ئێستا ماڵەکەی لە شارە ئیشێکی دیکەی هەیە، ئەو زەوییەش حەقی تەسەروفی هەیە لەوێ بە بەیاری ماوە، بۆیە پێویستە لێرە لە پێش ئێمە، یان لە بڕگەی یەکەمی، یان ماددەیەکی زیاد بکرێت بزانین جوتیار کێیە؟ جگە لەوەش بەنیسبەت ماددەی دووەم خۆشی، بەڕاستی منیش لەگەڵ ڕەئی کاك ئارام و برادەرانی دیکەم، بەراستی دەبێت ئەمانە بڵێین جێ بەجێ کردنی ئەمانەی خوارەوە بە هاوکاری وەزارەت لەسەر خاوەن زەوی و زارو......... پەیوەستن، یان دەبێت بێین ئەو شتانەی لەسەر وەزارەتی زراعەیە جیای بکەینەوە، ئەوانەی لەسەر خاوەن زەوی و زارە ئەوانە بە جیا بنووسرێنەوە، وەکو خاڵی سێیەم و شەشەم و حەوتەم و نۆیەم، بەڕاستی ئەوەی کە من لێرە مولاحەزەم لەسەر هەبێت ئەوەیە کە وەزارەتی زراعە تاکو ئێستا لە رووی ڕاگەیاندنەوە زۆر لاوازە، وەزارەتی زراعە، ئیش و کاری زراعە لەگەڵ جەماوەرێك، لەگەڵ خەڵکێك دایە کە زیاتر لە گوندن، زیاتر ئەو کەسانەن نەخوێندەوارن، یان بەدوای ئەخبارەکان ناچن، بە دوای شتەکان ناچن، وەکو زۆر ئاگادارم لەو شتانە مەسەلەن خانووی پلاستیکی، خانووی شیشی کە بۆ جوتیارەکان دابین کرا بوو هەر ناوچەیەك گوتیان نزیکەی پێنج سەد خانووی ئەوەی بەر دەکەوێت، کە لە زۆر جوتیارت دەپرسی، ئەو جوتیارانە ئاگایان لەو شتانە نەبوو، ئەو جۆرە بەرهەمانە، ئەو جۆرە پرۆژانە لە لایەن هەندێك کەسی ئیستیغلالییەوە، لە لایەن هەندێك کەسی دیکەوە بەناوی جوتیارەکانەوە ئیستیغلال دەکرا، ئینجا زۆر زۆر گرنگە وەزارەتی زراعە لە رووی ئامرازەکانی گەیاندنەوە ئەو شتانە لەناو خەڵك بڵاو بکاتەوە، با دە جار لە تەلەفزیۆن بێتە خوارێ، ئەو جوتیارانەی کە دەتوانن ئەو ئیشە بکەن دەبێت بێن ناونووس بکەن.

دووەمیش/ لە خاڵی سێیەم من نازانم فەرقێك دەبینم لە عەرەبی و کوردیەکە، کە دەڵێت (بەکار خستنی کەرەستەو ئامرازی کەفائەت بەرز لە بەرهەمهێناندا) لە عەرەبییەکە تەوفیرە، بەکارخستن مانای تەوفیر دەدات لە کوردیدا، بەکارخستن واتا ئیستیخدامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند مولاحەزە دەکەم ئێوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ تەعدیلی کردووە بە موافەقەتی جەنابی وەزیر، یەعنی ئەو ئەساسە بۆ موناقەشە، لەبەر ئەوەی ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەسڵەکە وەکو سۆزان خان دەگەڕێنەوە سەر ئەسڵەکە، تۆش دیارە پێت نەگەیشتووە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای من یەك بوونی دەكەم، كە یەك بخرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەقیقەیەك، كوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوای لێبووردن لە ڤیان خان دەكەم، من ویستم دوای ئەو نوقتە نیزامیەكەم باس بكەم، یەعنی من هەست دەكەم هەندێك لە موناقەشەكان دەرچووە لە یاسایەكە، یەعنی ئێمە دەكرێت جارێكی دیكە بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ بانگ بكەین بۆ ئەوەی دێهاتەكان ئاوەدان نییە، هەندێك كەموكورتی هەیە، بۆ هەندێك شت هەیە كە نەمانتوانیوە گەشە بە بەروبوومی كشتوكاڵی و زراعەت و ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانمان بدەین، ئەمە دەكرێت دانیشتنێكی تایبەتی بۆ بكرێت، ئەمڕۆ تەنها لەسەر یاسایەكەو ئەم ماددانە قسە بكەین، جارێكی دیكە داوای لێبووردن لە ڤیان خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت جێی خۆیەتی، فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە من داوا دەكەم پێناسەی جوتیار بكرێت هەر لەم یاسایەو پەیوەندە بەم یاسایە، باسی راگەیاندن دەكەم ئەوەش دیسان راگەیاندن بەكار بێتەوە.

خاڵی چوارەم/ خزمەت كردنی مەكینەو ئامێرو ترۆمپاو كشتوكاڵیەكان و لێدان و پاراستنی بیری ئاو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان وەختت زۆر وەرگرت، زۆر سوپاس، ڤیان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوە دامە ئەمڕۆ فرسەتە جەنابی وەزیری كشتوكاڵ لێرەیە باسی پێشنیارو تێبینەكانی خۆمان بكەین، لێرە من دوو، سێ پێشنیارو تێبینیم هەیە، لە خاڵی دووەم كە دەڵێت بەشێوازی زانستی لێرە پێویستە شێوازی زانستیەكان باس بكرێت، لێرە من پێشنیار دەكەم كە ئاودانی دلۆپاندن بكەوێتە گۆڕێ، كە ئەوە رێگایەكی زۆر ئابوورییە، پێشنیار دەكەم بۆ وەزیری كشتوكاڵ كە لەم ساڵە وشكیە ئاودانێكی زۆر باشە، كە هیچ زیان بە زەوی ناگەیەنێت رێگایەكی باشە بۆ دارو درەخت، ئەوە یەك.

لە خاڵی شەشەم كە دەڵێت پاراستنی سامانی ئاژەڵی، لێرە من پێشنیارێكم هەیە كە دروست كردنی پرۆژە بۆ پەروەردە كردنی پەلەوەر، كە پەلەوەر زۆر زۆر گرنگە، بەتایبەتی مریشكی بە هێلكە، كە ئەمەش بە دروست كردنی قاعاتی گەورەو پەروەردە كردن بۆ كارگەكانی عەلەف و مەفقەس، كە ئەمە هەموو

هێلکەکانمان لە وڵاتە دراوسێکان دێت، لێرە پێشنیار دەکەم کەوا دوو خاڵ زیاد بکرێت هیچ ئاماژە نەکراوە بە ناوچە شاخاوییەکان، پەرەپێدان بە ناوچە شاخاوییەکان ئاماژەی پێ نەکراوە، کە لێرە ڕێگایەکی زۆر جیهانی هەیە بۆ ناوچە شاخاوییەکان بەکار دێت، ئەویش کشتوکاڵی کەلتوری، کە ئەوە ڕێگایەکی ئابوورییە بۆ چاندن لە ناوچە شاخاوییەکان بەکار دێت، خاڵێکی تریش پێشنیار دەکەم کەوا زیاد بکرێت دروست کردنی کارگەی تەعلیب و تەعلیف بۆ بەرهەمەکانی کشتوکاڵی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لێرە پێشنیار دەکەم کە خاڵێك زیاد بکرێت بۆ ئەو ماددەیە، ئەویش بایەخدانە بە کشتوکاڵی چوار وەرزە، بۆ زیاتر دەستەبەر کردنی پێویستیەکان لە هەر چوار وەرزی ساڵدا، ئەوەش بە بایەخدان بە بیوتی پلاستیکی لە زۆر وڵاتاندا هەیە کە لە هەر چوار فەسڵ مەسەلەن تەماتە هەیە، یاخود هەندێك سەوزەی تر هەیە بەداخەوە ئێمە لە کوردستان ئەو بوارەمان نییە، پێویستە لێرە بیخەینە سەر جوتیار کە بایەخ بەو بوارە بدات و حکومەتیش هاوکاری بێت لەم ڕووەوە، لە هەمان کاتدا مەسەلەی پاراستنی سامانی ئاژەڵی، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئێستا سامانی ئاژەڵی بزات لەم وشکەساڵیەدا خەریکە وا لا دەچێتن، هەرچی مەڕو ماڵاتی خۆی هەیە دەیفرۆشێتەوە، بۆ ئەوەش بەڕاستی حەقە بەرنامەیەك هەبێتن بەپێی ئەو بەرنامەیە ڕێ بگرین بۆ ئەو ئاژەڵانەی دەچنە دەرەوە، کە ئێمە ئێستا یاسایەکە دەردەکەین، ئەگەر ئەوە نەمێنێتن پارێزگاری لە چی دەکەین؟ بۆیە بەڕاستی ئێمە دەبێت ڕێگریمان هەبێت بە تەئمین کردنی ئالیك، بە تەئمین کردنی جۆو شتی تریش، خاڵێکی تر، ئەوەی کە من بە پێویست دەزانم خاڵی حەوتەم و نۆیەمی ئەو ماددەیە بچێتە ماددەی سێیەم، منیش لەگەڵ ڕەئی ئەو بەڕێزانە دام کە پێشنیاریان کردووە ماددەی سێیەم بێتە جێی ماددەی دووەم، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت بە جوتیاری خۆمان بڵێین ئێمە ئەوەت بۆ دەکەین، تۆش دەبێت ئەوە بکەیت،نەك ئێمە فەرز بکەین لەسەری بڵێین تۆ دەبێت ئەوە بکەیت، ئینجا ئێمە ئەوەت بۆ دەکەین، نەخێر، دەبێت حکومەت هەندێك شتی بۆ تەئمین بکات بڵێ ئێمە ئەوەتا شتی ئاسانکاری بۆ تۆ دەکەین، تۆش لەسەر بنەمای ئەوە دەبێت بەو شێوەیە هەوڵ بدەیت بواری کارەکەی خۆت پێش بخەیت و بیپارێزیت و پەرەی زیاتری پێ بدەیت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی دووەم برگەی یەکەم حیمایە کردنی بەروبوومی جوتیاران بەڕاستی شتێکی دڵخۆشکەرە، هیوادارم ئەوە باش گەشەی پێ بدرێت و جوتیار سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم زیاتر راسپاردەیە بۆ جوتیار، یەعنی حکومەت راسپاردەی هەیە بۆ جوتیار، کە ئەو حیمایەی بەروبوومی بکات، ئەو کاڵاکانی بپارێزێت لە جیاتی خۆی پێدویستیەکانی دابین بکات بەپێی پلانێکی تازە کە گەشە بە بەرهەمی کشتوکاڵی بدات لە وڵاتەکە، بەڕاستی بە رەئی من لەوانەش گرنگتر ئەوەیە حکومەت بەروبوومی جوتیار وەربگرێت، یەعنی جوتیار ئەگەر بیکات خۆ کەس لێی وەرناگرێت، زۆر جار لە هاویندا لەبەر ئەوەی بێ پلانی هەیە وەزارەت نازانێ جوتیار چ زەراعەت دەکات لەو هاوینە، یان لەو ساڵەدا پێویستە بەپێی پلان زەرع بکرێت، چونکە ساڵ هەیە شوتی باش دەفرۆشرێت، ساڵی ئاینده هەموو جوتیارەکان زەرعی شوتی دەکەن، ساڵ هەیە خیار دەفرۆشرێت ساڵی ئاینده هەموو جوتیارەکان خیاری دەچێنن و کەس نایکڕێت، بۆیە پێویستە بەپێی پلانێکی زانستی وەزارەت لەگەڵ جوتیارەکان پەیوەندیدار بێت.

خاڵێکی تر، پشتگیری لەو رەئیە دەکەم کە جوتیارەکان پێناسەی پێ بکرێت کێ فەلاحە؟ ئەگەر پێناسەی فەلاح نەکرێت چۆن حکومەت هاوکاری فەلاح دەکات، پشتگیری ئەو رەئیەی سۆزان خان دەکەم، خەڵك هەیە هێشتا یەکەم هەنگاومان یاسایەکە دەرنەچووەو وشکەساڵە، باسی ئەوەیانە حەیوان هەمووی دەفرۆشرێت، جۆیان داوەتە کەسێك هەر پەیوەندی بەوە نییە، نە فەلاحە، نە ئاژەڵداریشە، جۆیەکە دەفرۆشێتەوە جارێکی تر، یان کوڕی خزمی مەسئوولێکە، یان خۆی مەسئوولێکە، چۆن شتی وا دەبێت، بۆ بەدواداچوون ناکرێت لەسەر ئەو شتانە، حەقە ئەو شتانە بگاتە فەلاح، فەلاحیش پێناسە بکرێت کە کێ فەلاحە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەبینم لە یاسایەکە هەم دیسان دەردەچین لە موناقەشەی ماددەکە، ئەوەی کە وەزارەتی زراعە وەکو دەگوترێت ئەگەر شتێکی داوەتە یەکێك، یان مودیریەتێك لە زراعە داوەتە یەکێك، بەڵام مەعلوماتی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، کە سەرپەرشتی لیژنەکان دەکەم، تا ئێستا بە دەقیقی ئەو شتە نەهاتۆتە بەردەستمان، بۆیە من تکام لەو بەڕێزانە هەیە ئەگەر شتێکی وای کۆنکرێت هەیە بیهێنن تەحویلی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن و لەوێ موناقەشە بکرێت، بۆ ئەوەی بەدواچوونی بۆ بکەین، ئەوا عام بۆ ئیعلام، تکایە با بێینەوە سەر ماددەکەو موناقەشەی ماددەکان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە سەرەتا جەنابی وەزیر راپۆرتێكی كورتی هەبوایە، راپۆرتێكی بخوێندبایەوە لەو جەلسەیەدا، ئەو هەموو زەوی و زاری بەراو و باخەی لە كوردستاندا هەیە لەسەدا چەندی ئەو هەزار دۆنمە زەرع دەكرێت بە فیعلی ئێستا لە كوردستان، ئایا لە 60٪، 50٪، 10٪ی زەویەكانی كوردستان زەرع دەكرێت.

دەربارەی خاڵەكانی ماددەی دووەم، فیعلەن ئەوەی برادەرانیش باسیان كرد چاكتر وا بوو ماددەی دووەم ئەركەكانی حكومەت و كشتوكاڵ دیاری بكات، ئەوەی كە پێویستە بیكات، چونكە لەڕاستیدا ئەگەر دیقەت بكەین لە ماددەی سێ، هەتا لە ماددەی دوو دەڵێ ئەمانەی خوارەوە لەسەر خاوەن زەوی و زارو فەلاو زەرعەتكارو پەیوەندیدارانی كشتوكاڵ پێویستن، لە ماددەی سێ بە وازیحی ناڵێت ئەوانەی كە لەسەر وەزارەتی كشتوكاڵ و حكومەت پێویستن، ئینجا بڕگەكان و خاڵەكانی ئەو ماددانەش، تەبعەن ماددەی دوو كە ئەركەكانی جوتیار، كە وەزارەت رێنماییان دەكات، ئێستا لە ماددەی سێشدا ئەگەر دیقەت بدەیت بڕگەی سێیەم كە باسی دامەزراندن و دروست كردنی عەمباری ساردكەرو ئەوانە دەكات، پێویستە هەر لە ماددەی دووەمدا بێت، ئەگەر قەرار بێت ماددەی دووەم ئەركی جوتیاران بێت، ئەوە لە ماددەكەدا لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنە موشتەرەكەش هەر تێدا ماوە سێیەم، ئەگەر لایان برد بێت، چونكە بەڕاستی دروست كردنی ئەو عەمبارە شتێكی یەكجار زۆر گرنگە، كە بەداخەوە لە كوردستان گرنگی پێ نەدراوە، ئەوەی لەو یاسایەدا شتێكی زۆر گرنگە، ئەگەر دیقەت بدەنە ئەوانەی كە شارەزای وڵاتانن، لە ئێران ئەوەندەی كە پاراستنی بەروبوومەكان بەهۆی دروست كردنی ئەو عەمبارانەوە پارێزگاری دەكرێت و هەم پارێزگاری بەرهەم و هەم پارێزگاری دانەبەزینی سعر، چونكە لە وەرزێكی تر كە ئەو بەروبوومەو میوەیە ناكرێت، هەم جوتیارەكە ئیستیفادەی لێ دەكات، هەم خەڵكەكە، جارێكی تر تەئكید لەوە دەكەمەوە وا دەزانم ماددەی دووەم ببێتە ئەركی حكومەت و ماددەی سێیەمیش ببێتە ئەركی جوتیاران، ئەوە باشتر دەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكانی من تەقریبەن هەمووی باس كرا، بەڵام یەك تێبینیم ماوە كاك خورشید زۆر باسی كرد، لە ماددەی دووەم بڕگەی شەشەم هاتووەو باسی ماسی و دەواجن و حەشرات و ئەو شتانە دەكات، ئێستا بەنیسبەت حەشرات ئێمە گەیشتینە بنبەستێك، یان دەبێت زراعەتمان نەبێت، یان دەبێت مێش هەنگوینمان نەبێت، ئێستا مێش هەنگوین زۆربەی زۆری دەمرن، لەبەر ئەوەی دەچن ئەو گوڵە دەخۆن،

ئەو گوڵەش ڕەشاندراوە بە ماددەی کیمیاوی، مێشەکان دەمرن جا لێرە دەبێت چارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەم شتە، یان ڕەزو باخ نەڕشێنن، یان مێش هەنگوین نەبێتن، یەکێك لە هەردووکیان، یان دەبێت شتێکی تر هەبێت ڕێگەی سێیەم، تەنها ئەو تێبینیەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی یاسایەکەو لە ڕاپۆرتی هاوبەشیش لە خاڵی چوارەم تێکەڵ کردنێك هەیە لەنێوان ئالات و موزەخات و (حماية الابار والكهاريزو العيون) حیمایەی ئابار زۆر گرنگە، ئەگەر بکرێت ئەوە ببێتە خاڵێکی سەربەخۆ، ئەو خاڵەی ئالات و موزەخات دەمج بکرێت لەگەڵ (توفير المستلزمات الضرورية ذات كفاءة عالية).

خاڵێکی تر، باسی گواستنەوەی ئینتاجی زراعی ناکرێت، کێشەی جوتیار ئەوەیە ئەمڕۆ کە ناتوانێت بەرهەمەکەی بگوازێتەوە بۆ ناو شار، نە لە ماددەی دووەم، نە لە ماددەی سێیەم باسی گواستنەوە نەهاتوە، ئەگەر ئەرکی فەلاحە پێویستە حکومەت دەعمی بکات، بۆ ئەوەی زۆر جار ناتوانێت بگوازێتەوە، لەبەر ئەوەی مەساریفی گواستنەوەی زیاترە لە قازانجی مەنتوجاتەکە، ئەگەر ئەرکی حکومەتە لە ماددەی سێ جێی بکرێتەوە زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژە قانونیەی وا ئەمڕۆ تاوتۆ دەکرێت لە پەرلەماندا گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو بەڕێز وەزیر ئاماژەی بۆ کرد، کۆمەڵێك ئەرك لەم ماددەیەدا خراوەتە سەر چەند لایەنێك، بەلاَم کە تەماشایان دەکەین بەشی زۆری ئەو ئەرکانە لەسەر شانی وەزارەتی کشتوکاڵە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کەوا لە عەرەبیەکەی (يتوجب على الفلاحين والمزارعين و ذوي العلاقة الزراعية بوجه خاص وزارة الزراعة القيام بما يلي)، لەو حاڵەتەدا بەشی زۆری ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی وەزارەتی زراعەیە دەبێت جێ بەجێی بکات، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کەوا پێویستە لێرەدا پێناسەی ئەو لایەنانە بکرێت لە قانونەکەدا هاتووە، چونکە لە قانونی مەدەنی عێراقیدا پێناسەی فەلاح، موزارع، ساحێب ئەرز کراوە، بەلاَم لە ماوەی سی ساڵی ڕژێمی بەعسدا بە سەدان قانون و بڕیاری بەناو مەجلیسی قیادەی سەورە دەرچووە، بۆ مەبەستی سیاسی ئەو پێناسانەی هەموو تێکەڵ و پێکەڵ کردووە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو ماددەیە ببێت بە دوو بەشەوە (أ- ئەو پێناسانە ئێمە لێرە خۆمان دیاریان بکەین.

ب- ئەركەكانی سەرشانی ئەو لایەنە پەیوەندیدارەكان دیاری بكرێت).

من لێرە شتێكم نووسیووە (یتوجب علی الفلاحین) ئەوە ئەوەیە كە مەبەست ئەوەیە:

1- صاحب الارض من یملك الارض او حق التصرف بها.

2- المزراع المتعاقد مع صاحب الارض لقاء حصة متعاقد علیها.

3- الفلاح من یقوم باعمال الزراعة بنفسه سواء كان مالكا للارض او مزارعا لها، اصحاب الزراعین الاخری وزارة الزراعة والمؤسسات التابعة لها) ئەمە فەقەرەی (أ) بێت.

فەقەرەی دووەم ئەم ئەركانە بێت كەوا لێرەدا دیاری كراوە، من ئەوەش دەنێرم بۆ جەنابتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان ئامێدی فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ئەسڵی ماددەكەو راپۆرتی هاوبەش دەكەم، چەند تێبینیەكم لەسەر راپۆرتی هاوبەش هەیە، ماددەی سێیەم كە دەڵێت (ذات كفاءات عالیة) پێشنیار دەكەم ئەو عالیە حەزف بكرێت، تەنها بمێنێت (ذات كفاءة)، چونكە نە حكومەت ئیمكانیاتی هەیە ئەو وەسائیلانە تەوفیر بكات، نە جوتیارو صاحێب مەشروع، بەتایبەتی لە ماددەی سێیەم حكومەت وەكو ئیلتیزام نەماوە بەرامبەر تەوفیر كردنی ئەو وەسائیلانە، بەڵكو موساهمە، لە بڕگەی پێنجەم كە دەڵێت (العنایة بالمزروعات) لە ئاخیرەكەی كە دێتن (ووقایتها من الافات الزراعیة وحمایتها من الحریق والفیضانات) ئەوە حەزف ببێتن زیادەیە، چونكە دەڵێت (العنایە) ویقایەش دەگرێتەوە، ئەوە یەك، دوو/ ویقایە فەلاح ناتوانێت لە فەیەزان و حەریق، هەتا زۆر جار حكومەتەكان ناتوانن، بەتایبەتی ئێستا نموونەیەك دەهێنمەوە لە دەڤەری دهۆك لە ناوچەی زاوێتەو سەندورو سەرسەنگ وگولی دەرچووە، جوتیار كە دەچێتە دەورەی زراعی ماددەی دەداتێ بۆ رەش، كە رەشەكە دەكاتن رۆژی پاشتر دەگەڕێتەوە ئەو كولیە هەر بەردەوامە، نە فەلاح ئەو ئیمكانیەتەی هەیە، نە دائیرەی زراعی ئەو ئیمكانیەتەی هەیە، چونكە وەكو حەملەیەكی زۆر گەورەی لێ هاتووە، ئەوە لە وشكەساڵی كەمتر نییە خەتەرەكەی، ئەگەر حكومەت زۆر حەملەیەكی گەورە نەكات، چونكە جانبی دەرەوەی وەحدەی زراعی دەگرێتەوە، لە بڕگەی شەشەم، كە دەڵێتن (حمایة الثروة الحیوانیة) لێرە حیمایە ئیشی حكومەتە هی فەلاح نییە، بەڵكو ئەگەر ئەوە بگۆڕین بكەینە (محافظة علی الثروات الحیوانیة) چونكە حیمایە دائیمەن یان ئیهتیمامی سەروەی حەیوانیە، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی كە پێشی من لەسەر دەرمانەكان قسەیان كری، ئەوەی نۆیەم، دووبارە (حمایة الغابات والمراعي الطبیعیة) باشە ئەگەر ئەوەش بكەینە ئیهتیمام، چونكە ئێستا دائیرەیەكی شورتەی تایبەتە، حكومەت بەناوی شورتەی حیمایەی غابات، دوو/ ئەگەر ئیزافە بكەین (والحیوانات البریة)، ئێستا ئەو سامانە كە بەرەو قڕ بوون و نەمان دەچێت، (اتباع سیاسة الخزن السلیم) كە بڕگەی دەیەمە بە تەسەوری من ئەوە ئیشی فەلاح نییە، چونكە نە فەلاح

دەتوانێت مەخازن دروست بکات، نە حکومەت ئێستا دەتوانێت دروستی بکاتن، چونکە حکومەت تەشجیعی دەکات واش بەرفراوان نابێت کە هەموو فەلاح بتوانێت مەنتوجی خۆی بباتە مەخزەن، لەبەر ئەوە باشترە ئەو فەقەرەیە هەر نەمێنێت، چونکە ئیشی حکومەتە زیاتر، یان قیتاعی خاصە، کە مەخازن دروست بکرێت فەلاح بەپێی تروقی عیلمی ئەو مەخازنە دروست دەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش یەکەم جارە یاسا ببینم بەبێ تەعریف، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەرچوون، هەموو یاسایەکان تەعریفیان هەیە، ئەو عەناصرانەی کە زۆر ئەساسن لەو یاسایە تەعریفی کردوون، یەعنی دەبوو ئەم یاسایەش بە هەمان جۆر تەعریفی ئەو توخمە ئەساسیانەی کرد بوایە کە لەم یاسایەدا هاتووە.

دوو/ ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم بە قەناعەتی من یەك ناگرێتەوە لەگەڵ یاسای ئیتفای ئەرازی، ئێمە یاسایەکمان دەرکرد بەناوی ئیتیفای ئەرازی تەواوی ئەرازی دەوروبەری شارەکان بە چەندین کیلۆ مەتر، بە سی کیلۆمەتر کەوتە سەر شارەوانی، من قسەم لەسەر ئەوە نییە، قسەم لەسەر ئەوەیە ئەم زەوییە کشتوکاڵیە بە پیتانە دەکرێن بە مەعامل و مەصانع لە دەوری شارەکان، کە دوو، سێ زیانی گەورەیە، یەکەم/ ئەم زەوییە کشتوکاڵیانە لە بەرهەم دەخەن.

دوو/ ژینگە پیس دەکەن، یەعنی ئێمە ئەگەر سەیر بکەین ئەرازی وەکو گردۆلکەو تەپۆلکە لەم وڵاتەی ئێمە چەندە زۆرە، لە هەولێر بڕۆ بەرەو کۆیە بە هەزاران کارگەو مەصانع هەیە لەم شوێنانە جێگەیان دەبێتەوە، بۆچی حکومەت بیر لەوە ناکاتەوەو ئەوانە بباتە دەرەوەی شارەوە، کە زیانەکانی هەم لە هاووڵاتیان دوور دەخاتەوە، هەم ئەو ئەرازیە جوانە کە ئێستا لە دەوروبەری هەولێر سەیر بکەین، بەڕاستی سەیر دەکەیت مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و مەترسیشی هەیە لە ئایندە.

سێ/ لەم وشکەساڵیە، ئەگەر سەیر بکەین لەو وڵاتانە کە وشکەساڵی لێی داون هەموو حکومەتەکان کەوتونەتە خۆیان، پرۆگرامی نوێیان خستۆتە گڕ، چونکە ئەم وشکەساڵیە هەر ئەمە نییە ئەمساڵ بەرهەم نییە، ئەگەر سەیر بکەین ئەمساڵ مێروو ئەم زیندەوەرە زیان بەخشانە زۆر زۆر دەبن کاریگەری خراپیان دەبێت لەسەر تەندروستی خەڵك، یەعنی مەفروز وایە وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی نوێی زانستیانە بەکار بێنێت، کە چۆن ئەمە بۆ ئایندە چارەسەر بکەین؟ ئەوە ئەمساڵمان لە دەست چوو، ئەی چۆن ساڵێکی تر ئەوە چارەسەر دەکەین؟ لە حاڵەتێکی وەك ئەمساڵدا من پێموایە دەعمی مەنتوجاتی کشتوکاڵی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەگەر سەیر بکەین ئەو وڵاتانەی دەوروبەری ئێمە ئەو شتانە دەنێرن بۆ کوردستان بۆچی هەرزانە؟ خۆ ئەگەر بڕۆین لە وڵاتەکەی خۆمان مەسەلەن ئالۆبالۆ لێرە سعرەکەی چەندە؟ ئەگەر بڕۆین لە ئێران بیکڕین زۆر لێرە گرانترە، بەڵام حکومەتەکەی دەعمی دەکات بۆ ئەوەی

عوملەی سەعب بۆ خۆی دروست بکات، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کشتوکاڵ بخاتە ئەولەویاتی ئەرکی خۆی، یەعنی بودجەیەك دیاری بکات بۆ دەعمی بەرهەمی کشتوکاڵی، کە من پێموایە لێرەوە بەرهەمی کشتوکاڵی لە کوردستاندا زیاد دەبێت، دەچمەوە ماددەی یەکەم، یەعنی حەزم لێیە جەنابتان وەکو سەرکردایەتی ئایا معیار بۆ وەرگرتنی ئەو تێبینی و پێشنیارانەی کە دەکرێن لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چیە؟ من جارێکی تر دەچمە سەرەوە پرۆگرامی هەرێم چیە؟ سەیری فاو بکە پرۆگرام دەڵێ زانستییە، یان ئەکادیمییە، پرۆگرامی هەرێم چیە؟ بەڵێ ئاراستەو تەوجیهات راستە هی وەزارەتە، ئاراستەو بڕیارو تەوجیهات هی وەزارەتە، بەڵام پرۆگرام لە عالەمدا پرۆگرامێکی زانستییە نەتەوە یەکگرتووەکان داڕێژراوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر بمانەوێت کشتوکاڵ بکەین، دەبێت بە پرۆگرامێکی زانستیانە، لەبەر ئەوە پێم خۆشە ئەگەر ئێوە معیارێك بۆ ئەو تێبینی و پێشنیارانە دیار بێت شتێکی بە باش دەزانم، مەسەلەیەکی زۆر گرنگتر ئێمە لەم مەسەلەی کشتوکاڵە شتێکمان باس نەکردووە کە زۆر گرنگە، مەسەلەی ئاو، کشتوکاڵ بە ئاو دەکرێت، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت پەرە بدەین بە کشتوکاڵی دەبێت باسێك لە ئاو بکەین، پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا بڕگەیەك زیاد بکرێت لێرە کە تەشجیع کردنی سدودی تورابی، یەعنی بچکۆلە بە هەموو فەلاحێك دەکرێت، ئەگەر سەیری یۆغسلافیا بکەین یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆر گرنگی بەمە داوە، مەسەلەن ئەو بارانەی کە لە بەهاردا دەبارێت فەلاح دەتوانێت کۆی بکاتەوە لە بەنداوێکی زۆر بچکۆلە بەکاری بێنێت تا مانگی حەوت، کە مانگی حەوت هات ئەو بەرهەمەی نامێنێت، دەتوانێت ئەو جێگایانەی کە پێشتر نەکراوە بیکات، بەتایبەتی لە شوێنە دۆڵەکان و لە دامێنی پێ دەشتەکاندا دەتوانێت ئەوە بەکار بێنێت، لەبەر ئەوە زۆر بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانم و قسەیەکیش لەسەر ئەوە بکرێت، بەڕاستی لەم یاسایە ئەوەی کە باسیان کرد ئەم ئەرازیانە دەدرێن بە کێ؟ بە کەسێك کە سوودی لێ ببینێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە واقیعدا من حەز دەکەم هەندێ تێبینی راستەوخۆ پەیوەندی بە ماددەکەوە نییە بڵێم، زۆر زۆر سوپاست دەکەم کە مەجالت دام، حەز دەکەم برادەران لە ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەوەل رۆژ کە ئەم کابینەیە دروست کرا، یەکەم دانیشتنمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی من وەجهە نەزەرم لە دڵی خۆمدا، وجهە نەزرێکم لە دڵ دابوو و پرسیاریشم کرد لەوانەیە برادەران بزانن، بۆچی برادەرێك مەسەلەن وەزیرێك بووە لە

**شوێنێك، بۆچی كه تەشكیلی وەزارەتێك دەكرێت هەمان برادەر وەزارەتێكی تری دراوەتێ، من لەبەر ئەوەی موقنیع بوو له جوابەكه تا حەددێك، ئەو جوابەی كه به من درایەوە زۆر موتابەعەی وەزارەتی كشتوكاڵم كردووەو شارەزاییەكی زۆرم هەیە، چونكه زیاتر له پازده ساڵ میوەم فرۆشتووە له جوملەو مەزارعم كڕیوە له ئەمریكا، تەبیعی ئەوەی كه من قەناعەتم هێناوەو پرسیاریشم كردووە، باوەڕتان هەبێت له پرۆفیسۆری كشتوكاڵیش پرسیارم كردووە، بۆ ئەوەی بزانم ئیشەكانی جەنابی وەزیر تا چ رادەیەك سەركەوتوو بووە، به حەقیقەت جوابی زۆر ئیجابیان داوە به من كه زۆر سەركەوتووە، هەتا یەكێكیان گوتی زۆر عەجایبە مامۆستایەك بتوانێت ئەم هەموو كارە بكات و بەم شێوەیە سەركەوتوو بێت له ئیشەكانی، هەروەها هەر بەوە رانەوەستام خوا دەیزانێ له زۆر خاوەن زەویم پرسیوە، ئەوانەی كه زەوی زۆریان هەیە، ئەوانەی دەوریان بینیوە، واقیع زۆربەی خەڵكەكه زۆر به چاكی وەصفی وەزیریان كردووە، ئێمه كه هاتووینەتە ئێرە وەختی خۆی به حەقیقەت وەكو ویژدان یەك نوقتە باس كرا، من زۆر سوپاسی وەزیر دەكەم و زۆر سەركەوتووە له ئیشەكانی، ئەو ئینتاج و ئەو شتانەی بۆ بەرهەمهێنان تا ئێستا................ .**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك جەمال له مەوزوع لاتدا، ئێستا مولاحەزەت چی هەیە لەسەر بڕگەكە.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مولاحەزەم ئەوەیە حەقە تەقدیرەكەمان وەكو خۆی بێت، نابێت گلەیی لێ بكرێت كه كەموكوڕی هەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كەس گلەیی لێ نەكردووە، تۆ بۆ ئەو توهمەیە دەخەیتە سەر ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو دانیشە، جارێ دانیشتنەكەمان بۆ پرۆژەی یاسایە، نه بانگهێشتی وەزیر كراوە، نه لێرەیە بۆ گلەیی لێ كردن و موحاسەبە كردنی، كاك شوكری فەرموو.**

**بەڕێز شكری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی له دیباجەكەی ئەم ماددەیە هاتووە، كه ئەم ئەركه هەمووی ئەم ده خاڵه ئەركێكه كەوتۆتە سەر شانی جوتیارەكان، به حەقیقەت ئەو ئەركه بۆ جوتیارەكان زۆر زۆر گرانه بەو شێوەیەی كه هاتووە لەم ده خاڵەدا، به تەسەوری من ئەگەر هەندێك مولاحەزەو شتم هەیە، حەز دەكەم ئەو مولاحەزاتانە بڵێم، مەسەلەن له فەقەرەی سێ هاتووە (توفير المستلزمات الضرورية ذات كفاءة عالية في الانتاج)، ئەو جوتیارە فەقیرە له كوێ تەوفیری ئەو موستەلزەماتە زەروریە بكات، ئەگەر حكومەت هاوكاری نەكات، من لێرە دەڵێم ئەگەر جوملەیەك ئیزافە بكرێت (من قبل وزارة الزراعة) لەوانەیە ئەمە تەسهیلاتێك بۆ جوتیارەكە دەكات.**

**له فەقەرەی چوار (العناية بالمزروعات في وقت زراعتها لحين انتهائها)، بە حەقیقەت ئەو عینایەتە ئەرکی جوتیارە، بەلاّم (والامتناع عن كل ما يؤدي الى تلفها او الاضرار بها ووقايتها من الافات الزراعية وحمايتها من الحريق والفيضانات والجفاف)، ئەم فەلاحە فەقیرە لە کوێ ئەو موستەلزەماتە بێنێت تا ئەم ئیمتیناعە بکات، لێرەدا بە تەسەوری من ئەگەر ئیزافە بکرێت (بعد توفير المستلزمات الضرورية من قبل الحكومة) جوتیارەکە دەتوانێت لەوێ عینایەت و ئیمتیناع بکات.**

**بڕگەی پێنجەم دەڵێت (حماية الثروة الحيوانية والسمكية والدواجن والحشرات النافعة ورعايتها والمحافظة عليها من كل ما من شانه الاضرار بها)، دیسان دەڵێم ئەم جوتیارە چۆن بتوانێت ئەم هەموو سەروەتە، سەروەی حەیوانی و سەمەکی و دەواجن و حەشرات و ئەوانە حیمایەیان بکات، بە چ شێوەیەك حیمایەیان بکات؟ راستە حیمایە کردن ئەرکی فەلاحە با حیمایەیان بکات، بەلاّم لە کاتێك کە حکومەت هەموو موستەلزەمات و شتومەك و شتی بۆ تەوفیر بکات، ئەو وەختە ئەویش بەو ئەرکە هەڵبستێت.**

**بڕگەی شەشەم (حماية المكائن والالات والمعدات الزراعية ومصادر المياه من الاضرار والتلف)، بە تەسەوری من ئەگەر تەوفیر ئیزافە بکرێت (توفير المكائن والالات والمعدات الزراعية....... وحمايتها من قبل الفلاحين) لەوانەیە ئەگەر بۆی تەوفیر نەکرێت حیمایەی چی بکات.**

**فەقەرەی حەوتەم (اتباع الدورات الزراعية والساحات التي يجب زراعتها بماحصيل معينة في كل منطقة وانواع البذور............) دیسان لێرەش من دەڵێم (وانواع البذور والاسمدة......) ئەو شتانە دەبێت حکومەت پێی هەڵبستێت و تەوفیری بکات، حکومەت بۆی جێ بەجێ بکات، بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەستێت و ئەوەی پێویست بێت لەسەر شانی فەلاح بیکات.**

**فەقەرەی هەشتەم (حماية البساتين والعناية بها وعدم اهمالها والعناية بالاثمار حتى يتم نضجها وتسويقها) ئەگەر موستەلزەماتی زەروری بوو، ئەم فەلاحە فەقیرە پێی جێ بەجێ نەکرێت، چۆن دەتوانێت حیمایەی ئەو بەساتین و شتە بکات، ئەگەر هەموو موستەلزەمات و حیمایە کردن بۆی جێ بەجێ نەکرێت زەحمەتە بۆ ئەو، مولاحەزاتەکانی من ئەوە بوون، ئەگەر بڵێین لە ماددەی سێدا ئەم شتانە هاتوون ئەرکی حکومەت، بە تەسەوری من هەمووی نەهاتوونە، ئەمە یەك.**

**دووەمیش/ ئەگەر وا بێت من تەئیدی ئەو برادەرانە دەکەم کە پێشنیاریان کردووە ماددەی دوو ببێتە ماددەی سێیەم، ماددەی سێیەمیش ببێتە ماددەی دووەم، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی حکومەت پێشتر لە ئەرکەکانی جوتیارەکان دەست نیشان بکات و سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێزم.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من دوو، سێ نوقتەم هەیە دەمەوێت تەوزیحی بکەم، یەك/بەنیسبەت یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی ئەمساڵ دەرنەچووە، ئەم پرۆژەیە تەنها پرۆژە نییە، بەڵکو ئێمە یاسایەکمان هەبووە لە ساڵی 1978 لە عێراق دەرچووە، هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان پیادە کراوە، بەڵام ئەو پرۆژەی کە ئێستا تەقدیم کراوە بۆ تەتویر کردنی پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵیەکانە لەسەر ئەساسێکی عیلمی و زانستیانە، بۆیە پرۆژەکە بەشێوەیەکی زانستیانە دەوڵەمەند کرا، ئینجا هاتۆتە پەرلەمان.

دوو/ بەنیسبەت پێناسەی فەلاح و پێناسەی ساحێب ئەرز لە قوانینی پیادە کراو هاتووە، بە هەزاران عقودی زراعی کراوە لەسەر پێناسەی فەلاح ئەو عەقدانەی پێ دراوە، ئەو ئەرزە زراعیەی پێ دراوەو ئەو وەحدەی تەوزیعی پێدراوە، واتا پێناسەی فەلاح و ساحێب ئەرز پێویست ناکات لەم یاسایە بێتە گۆڕێ سەر لەنوێ، نەوەکو ئێستا ئێمە تەعریفی دەکەین، بەڵکو لە یاسایەکانی کشتوکاڵی لە چەندین یاسا ئەم پێناسەیە هاتووە.

سێ/ زۆر لە بەڕێزان بەنیسبەت عیلاقەی زراعی دەچن وەکو عیلاقەیەکە لەنێوان ساحێب ئەرز و وەزارەتی زراعە، ئەم عیلاقەی زراعەیە لەنێوان دوو شەخصە، یەکێکیان ساحێب ئەرزەکەیە (فەلاح)ەکەیە کە رێژەیەکی موعەیەن وەردەگرێت ساحێب ئەرز لەو بەروبوومە کشتوکاڵیەی کە فەلاحەکە دەیچێنێت، بۆیە من بە پێویستم زانی ئەو چەند تەوزیحە بدەم بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چونکە ئەم تەعریفاتانەی کە پێویست دەکات، پێویست ناکات لە یاسایەکی ئەم بابەتە بێتە گۆڕێ و لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، موداخەلاتی ئەندامانی بەڕێز هەندێکی زاراوەیی بوو، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەوەیە کە تەداخولێك هەیە لەنێوان ئەرکی فەلاح و ئەرکی وەزارەتی زراعە، رەئیەکی هەیە دووبارە بۆوە کە ماددەی سێ لە پێش ماددەی دوو بێت زۆریش ئەوە ناکات، من پێش ئەوەی کە داوای قسە لە جەنابی وەزیر بکەم، لە لیژنەکە بکەم موقتەرەحێك دەخەمە روویان، ئێوەش وەڵام بدەنەوە لەگەڵ رەئیەکان و پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش ئەوەیە ئەو ماددەی دووەم و سێیەم یەك بخرێت و ببێتە یەك ماددە بگوترێت لەسەر فەلاح و موزارعین و وەزارەتی زراعەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی زراعی واجبە بەو مەهاماتەی خوارەوە هەر یەکە بەپێی ئیختیصاص و سەڵاحیەتی خۆی، ئەوە دوایی رێك بخرێت، فەرموون جەنابی وەزیر وەڵامی ئەندامانیش بدەوەو لەگەڵ ئەو پێشنیارەش.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم مەجال بۆ من هەیە باسی پلانێ وەزارەتی زراعە بکەم بەشێوەیەکی تەفسیلی، یان نا، چونکە ئەوی باس کراوە زۆر شت باس کراوە عیلاقەی بە مەشروعەکە نییە، ئەگەر مەجال هەیە من حازرم و لە

خزمەتی جەنابتان دام لە پرۆژەی پێشی ئێستاش من لە جەنابتان داوام کرد، من گوتی حازرم هەر وەختێکی جەنابتان ئەمر بفەرموون من حازرم بێم موناقەشەی پلانی ستیراتیجی وەزارەتی زراعە بکەم بە تەفسیلی، من ئێستاش دووبارە تەئکید لەوە دەکەمەوە چ وەختێك جەنابت ئەمر بکەیت من حازرم بێم موناقەشەی ئەوە بکەم، چونکە ئەو مولاحەزاتانەی کە ئێستا دیار کراوە، یەعنی وەزارەت بێ پلان نییە، حکومەتیش بێ پلانی ستیراتیجی نییە، وەزارەتیش بەبێ پلانی ستیراتیجی نییە، پلانێکی تەفسیلیشمان هەیە و وەڵامیشمان هەیە بۆ هەموو پرسیاری بەڕێزەکان، کە پرسیاریان کردووەو وەڵامان هەیە، ئینجا ئەگەر مەجال هەبێت من حازرم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن، من داوات لێ دەکەم ئەو حازریە زۆر سوپاست دەکەم، بەلأم بۆ دانیشتنێکی تر بێت، ئەو پرسیارانەی کە کران عیلاقەی بە ختەی بەرنامەی وەزارەتی زراعە هەبێتن لێرە وەلأم مەدەوە، ئێمە لێرە تەنیا باسی ئەو پرۆژەیەو خاڵەکانی ئەرکی فەلاح و هین و ئەوانەو ئەو ماددەیە، ئەگەرنا هەندێك قسە هاتووە فیعلەن رەبتی بەو پرۆژەیەوە نییە، پێویست دەکاتن لە رۆژێکی تردا قسەی لەسەر بکەین، تەنیا ئەو مولاحەزاتانەی کە عیلاقەی بە ماددەی دووەوە هەیەو لەگەڵ ئەو پێشنیارەی من عەرزم کردن، ئەگەر وەلأم بدەیتەوە مەمنونم.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە سەرەتاوەش باسم کرد، من گوتی چوار عەناصری رەئیسی عیلاقەی بەم پرۆژەوە هەیە، عونصری یەکەم/ برادەران باسی جوتیاران و ئەوانەیان کرد، من باسی ئەوە دەکەم ئەوی بە ئەرکی چاندن را دەبێت، بێژا هەر کەسێك بێت شەریکە بێت، جوتیار بێت، موزارعێکی گەورە بێت، یەعنی ئەصناف هەیە، ئەمە ئەرکی وان دیارە، چ ئەرکیك دەکەن، دوو/ لە ماددەی دووەم دیسان ئەرکی وەزارەت و ئەرکی دامودەزگای حکومەت هەموو دیار کراوە، مەسەلەن (المساهمة) ئێمە نابێ هەموو ئەجهیزەکان ئێمە تەوفیری دەکەین، مەسەلەن ئەمساڵە سەدو سی و هەشت میرەشاتی میحوەریمان دابین کرد، ئەو میرەشاتی میحوەری لەسەر ئێمە بە بیست و دوو ملیۆن دینار بوو، ئێمە بە شەش ملیۆن دینارمان دایە بە جوتیار، یەعنی ئێمە موساهەمە دەکەین، تەوفیر ناکەین بەکاملی بڵێین ئێمە تەوفیر دەکەین، مەسەلەن بیوتی پلاستیکی برادەران باسی کر، بیوتی پلاستیکی ئێمە ئێستا لەمەرحەلەیەکی ئیرشادین، لە مەرحەلەی ئیرشادی لەسەر ئێمە نۆ هەزار دۆلارە، ئێمە سەد لە سەد دەعمان کردو یەك فلسیشمان لە جوتیار وەرنەگرت هەموو لەسەر ئێمەیە، سەماد دیسان کەمیەك سەمادمان هاتیە کرین، دیسان لە سەدا پێنجی (50٪)ی موساهەمەی ئێمەیە، یەعنی ئەمە وەك میسال من دەیهێنم، باسی سەروەی سەمەکی زۆر زۆر کرا، سەروەی سەمەکی ئێستا مەعمەلمان دروست کردووە، ئینتاجی ئیسبوعی و ئینتاجی نەوعی، دوو نەوعی سەمادیس دکەت، یەعنی بە کاملی، لە سلێمانی دەستمان پێ کردووەو لە هەولێریش بە تەمای دروست کردنین، یەعنی بۆ

هەر شتێك پلانێك هەیە، بەس ڕەئی من ئەوەیە پلانی ستیراتیجی بێت، شتێکی ستیراتیجی بێت تۆ دەعمی دەکەیت، ئەمە ئەوروپایە، سوقا ئەوروپایە موشتەرەك دەعمی جوتیار دەکات مەشاریعی ستیراتیجیە، بەس دەعمی ناکات 100٪، لەوانەیە دەعمی بکات لە 25٪، لە 40٪ بکات، 30٪ بکات، یان لە 50٪ی بکات بە حەجمی مەشروعە، ئەگەر مەشروع ستیراتیجی بێت ئەکید حەجمی دەعمی ئێمەش وەك وەزارەت و وەك حکومەت ئەکید فراوانتر دەبێت و گەورەتر دەبێت، مەسەلەن زۆر زۆر باسی تەسویق دەکرێت، پار ساڵ تەجروبەیەکی ئەوەلیمان هەبوو، ئەو فەترەی تەماتەی کوردستان چێ بوو، ئێمە ڕەسمی تەماتەی گومرگیمان خستە سەر تەماتەی دەرەوە، تەماتەی دەرەوە نەهات، ئێستا مەسەلەن باس کر لە چوار مانگ کیفایەتی خۆی کوردستان تەماتەو باینجان و کودی و ئەو شتانە هەمووی هەیە، موشکیلەی ئێمە فەترەی زستانە، ئەو فەترانە نینە، من بە ئەرقامیش دەدەم جەنابتان باستان کرد کو مەسەلەن حکومەت نازانێت لە کام مەنتیقە ئیشی کردووەو لە کام مەنتیقە ئینتاج هەیە، لە کام مەنتیقە ئینتاجی نییە، لە چ ئینتاج هەیە، من ڕەقم بە ئەرقام و بە کیلۆش دەدەم، پارساڵ بەحسێکمان کردووە لە علوە، هەرسێ علوەی سەرەکی هی کوردستان لیژنەمان هەبووە، هەر بەروبوومێك لە دەرەوە هاتبێتە ناو کوردستان تەسجیل کراوە، بە کیلۆ تەسجیل کراوەو هەر بەروبوومێکی ناوەوەش بە کیلۆ تەسجیل کراوە، ئێمە ئێستا دەزانین و من حازرم بۆ جەنابتان بنێرم بە کیلۆ ئێمە بزانین کە پارساڵ چەند ئینتاج هەبووە لە سێو بگرە، لە ترێ بگرە، لە تەماتە بگرە، لە خیار بگرە، لە لای ئێمە دوو موشکیلە هەیە، موشکیلەی یەکەم فەترەی زستانەو ئەم مەسەلەیە بیوت پلاستیکە، بیوت پلاستیکیش ئێمە ئێستا قوناغێکمان بڕیوەو لە قۆناغێکی زۆر زۆر پێشکەوتووین، دوو سەدمان تەوزیع کردووە لە مەناتیقی گونجاو، ئێستاش دوو سەدی ترمان کردووەو تەوزیعی دەکەین و عەمەلیەکە بەردەوام دەبێت، هەتا وای لێ بێت ببێتە سیستەمێك بۆ کوردستان، سیستەمی بیوت پلاستیکیە، چونکە ئێستا موستەسمیرو خەڵکیش لەناو ئەو هەولێرە پێشی فەترەیەك دە بیوت پلاستیکی داناوە لەسەر حیسابی خۆی، ئەمە هەدەفی ئێمەیە، هەدەفی ئێمە هەتا ئەو مەرحەلەیە ئێمە لەگەڵ جوتیار بین، ئینجا ئینسحابی بکەین و تەرك بکەین بۆ کەرتی تایبەت، چونکە کەرتی تایبەت ئەم کارانە ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوە بۆ تەسویق و بۆ حیمایەتی مەنتوج پارساڵ ختوەیەکمان هاوێشت، ئەمساڵیش ختوەی ئێمە فراوانەو پارەش بۆی تەخصیص کراوەو ختوەیەکی فراوانترە، مەناتیق فراوانتر دەگرێتەوەو پتر دەعمی جوتیار دەکەین و بەرهەمێکی زیاتر بێتە مەنتیقە، بەڵام خوشکە کوێستان باش بۆی چوو، کاك شێروان حەیدەری ئەوەل پرسیاری من وەڵام ئەمانە نادەم چونکە وەڵامەکە هاتبوو، کە باس کراوە، مەسەلەی ئەنفلۆنزا من بە حەقیقەت زۆر غەریبە مەسەلەن هەندەك برادەر دەڵێن ئەنفلۆنزا شتێکی وەهمییەو نییە، وابزانم لە عالەم ئەنفلۆنزا تەعریف کراوەو ئەنفلۆنزای باڵندە هەیە، تاریخیەن جێگایەکەی زۆر زۆر کۆنەو کارەساتێکی گەورە لەدوای هەیە، لەبەر ئەوە خۆشبەختانە ساڵی یەکەم هەندەك حالات هەبوو، بەس ئەمساڵ، ئەوە دوو ساڵە کۆنترۆلی هاتیە کران لەسەری دەرمانی پێویستیش هەمووی دابین کراوەو موتابەعەیەکی دەقیقیش کراوەو لیژنەی باش دروست کراوە بۆ موتابەعە کردنی

ئەنفلۆنزا، جانبی تر حیمایەتی مەنتوجی ئان پرۆتینی حەیوانی، ئەمە بە حەقیقەت کێشەیەکە ئێمە لەدواینەو دەعمی بکەین وای لێ بکەین بتوانین موناقەسەی مەنتوجی دەرەوە بکرێت، موشکیلەی ئەوان ئەوەیە، موشکیلەی کارەبا، موشکیلەی وقودە، پارساڵ لە لیژنەی ئابووری هەشت ملیۆن دۆلار تەخصیص کرا بۆ پرۆژەی پەلەوەر بەس بۆ گازو غاز، ئەمە دابین بکات هەشت ملیۆن دۆلار تەخصیص کراوە، یەعنی حکومەت موساهەمەی دەکات و موساهەمەی کردووە، ئێمە حەز دەکەین حەجمی موساهەمەکە زۆرتر بێت، بەلاّم جانبی تر لە وشکە ساڵی لیژنەیەك پێکهاتووەو ئەو لیژنەیە ئێمە بە کاری خۆمان کردووەو لیژنە تەشکیل کرا لەسەر ئاستی موحافەزات و بەری ئاستی موحافەزات بودجەکەش مەفتوحە لە ئەنجومەنی وەزیران تاکو مەسحەکە لە پارێزگاکان بێت و خەتەواتی خۆی دەست پێ بکات، بەلاّم دەربارەی عەلەف و ئەوانە ئەو کەپەکەی کە هەمانە لە ژێر دەستی ئێمەیە عەمەلیەکە بەردەوامە، بە دەعمە، دەعمی 35٪ لە حکومەتە ئەوی تر لەسەر جوتیارە کە بەردەوامە، ئەگەر حالاتی خەرق هەبێت، من دیسان فیعلەن جەنابی دکتۆر کەمال ئیشارەتی پێدا فیعلەن ئەو حالەتانە لە لیژنەی زراعی مەوجودە، لیژنەی زراعی عیلاقاتمان زۆر زۆر بەقوەتە، هەمووومان بە دانووستاندن لەگەڵ لیژنەی زراعە بەردەوامە، من پێم خۆشە لیژنەی زراعی بێت ناوەکان بداتە ئێمە بێژیت ئەو حالەتە وەختی تەوزیع ئەم حالەتە هەنە، من ناڵێم هیچ حاڵەتێك نییە، راستە هەیە بە بلاش ئەو خوشکەش باس ناکات، بەس بدەن بە ئێمە تاکو ئێمەش موتابەعەی بکەین و ئیجرائاتی خۆمان وەرگرین، هەر وەختێك هاتو ناوەکان بۆ ئێمە هاتووە، ئێمە ئیجرائاتمان وەرنەگرت، ئەو وەختە حەقی گلەییتان هەیە گلەیی لە ئێمە بکەن، خاڵێکی تر بەنیسبەت من دەڵێم ماددەی دووەم بێتە جێگای ماددەی سێیەم، ئان ماددەی سێیەم بێتە جێگای ماددەی دووەم لە لای من مانع نییە، مەسەلەکە زۆر زۆر ئیعتیادییە، بەس من دیسان تەئکید دەکەمەوە کەرتی تایبەت وەختی ئێمە دەبێژین فەلاح و موزارع، کاکە ئێستا شەریکات پەیدا بووینە حقوولی گەورە دروست دەکەن، لەوانەیە من دەعمی بە شێوەیەك دەکەم جوتیارەکان بەشێوەیەك دەکەم، لەبەر ئەوە من مەبەستم تێکەلاّویەك هەبێت ئەگەر گواستنەوەیەك بێت لەلای من هیچ مانیعێك نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئێوە هیچتان هەیە، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك موداخەلات هات نازانم برادەران مومکینە زۆر بە دیقەتەوە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشیان نەخوێندبێتەوە، بەنیسبەت کاك شێخ ئاخیرو کاك ئارام بەڕاستی ئەگەر تەماشا بکەن لەسەر ئەو دوو خاڵی چوارەم و پێنجەم دەڵێ خزمەت کردنی مەکینەو ئامێرەکان، خاڵی پێنجەم دەڵێت خزمەت کردنی کشتوکاڵ، یەعنی مەبەست لە تەوفیر کردن نییە، پێشتر لە پرۆژە ئەساسیەکە تەوفیر بوو کرا بە خزمەت

کردن، یەعنی فەلاح ئەگەر خزمەتی ئامێرەکەی خۆی نەکات، خزمەتی کشتوکاڵەکەی خۆی نەکات، ئەی واجیبی چیە؟ ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی جوتیار، لەبەر ئەوەی ئەگەر باشترو بە دیقەتتر بخوێننەوەو لە ئاستی پرۆژەکە موقارەنەی بکەن گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

سەبارەت بە سۆزان خان، لە پرۆژەکە هاتووە دەوراتی زراعی مەبەستی لە دەورەی زراعی نییە جوتیارێك داخیلی دەورەی زراعی بکەین دەڵێت (اتباع الدورات الزراعیە) پەیڕەو کردنی سیستەمی خولەکانی کشتوکاڵ، یەعنی دەوراتی زراعی، نەك دەورەی زراعی فەلاح بێت بەشداری دەورە بکات، یەعنی تۆ پارچە زەویەکت هەیە سیستەمی دەوراتی زراعی تێدا بەکار دێت، ئێمە چوار فەسڵە تۆ دەبێت زەویەکە بەجێ نەهێڵێت و دەبێت بیچێنیت، مەبەست لەوەیە، مەبەست لە دەورەی زراعی نییە فەلاح بچێتە دەورەی زراعی.

بەنیسبەت ڤیان خان باسی شێوازی زانستی دەکات، شێوازی زانستی لێرە هەدەفەکە دیارە، کە بتەوێت وردەکاری بکەیت دەبێت سێ، چوار کتاب بێنیت لێرە بۆ یاسایەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری لیژنەی زراعە وەڵامی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان دەداتەوە، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو شتانە پرسیارمان نەکردووە، یەعنی ئێمە زیاتر پرسیارەکانمان تەوجیهی بووە، ئەگەر پرسیاریشمان کرد بێت تەوجیهـ بووە بۆ جەنابی وەزیر، ئەمە یەکەم.

دووەم/ مولاحەزاتی ئێمە، بەتایبەتی مولاحەزاتی من لەسەر بڕگەی سێیەم و چوارەم نەداوە، من لەسەر................ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، تۆ لە دیوی خۆتەوە راست دەکەیت، بەڵام کۆمەڵێك پرسیار کران ئاراستەی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە، بەڵام من داوا دەکەم یەکە یەکە وەڵام نەداتەوە، ئیلا ئەو پێشنیارانەی کە پێتوایە پێویستە وەڵام بدرێنەوە.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك پێشنیاریش کرا بەڕاستی ئەوە ئەرکی حکومەتەو لە ئەرکەکانی حکومەت دیاری کراوە، یەعنی لە ماددەی سێ زیاتر روون کراوەتەوە لە ئەرکەکانی حکومەت کە برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی یەك شت هەیە كاك عەونی پێش ئەوەی قسە بكەیت، من كە پێشنیارەكەم كرد گوتم ئەو دوو ماددەیە دەبێت یەك بخرێتن یەك مەسەلە هەیە لەبەر ئەوەی لە ماددەی دووەمدا هەندێك ئەرك هاتووە ئەركی وەزارەتە بە حەقیقەت، مەسەلەن لە خاڵی دەیەم (اتباع سياسة خزن المنتوج) ئەوە بەشی وەزارەتی زراعەیە سایلۆ هەیە لەوێ دادەنێت و خەزنی دەكات، مەسەلەن لە نۆیەم (حماية الغابات والمراعي الطبيعية والاصطناعية) راستە ئەركی هاووڵاتیشە، بەڵام ئەركی وەزارەتیشە، لە شەشەم (حماية الثروة الحيوانية والسمكية والدواجن والحشرات النافعة) ئەو حەشرات نافیعە ئەو هەنگە دەگەیەنێت ئەركێكی زۆری وەزارەتە، تێكەڵاویەك هەیە، جا بۆیە دەڵێم ئەگەر لەناحیەی قانونی ئەو دوو ماددەیە یەك بخرێت بەو صیغەیەی كە من گوتم، یان دەبێت دەنگی پێ بدەین دوایێ دەسەڵات بدەینە لیژنەی قانونی و لیژنەی زراعە هینی بكەن، ئەمە پێم باشترە تەوحید بكرێت، كاك عەونی رەئیت چیە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر رەئی خۆی لەو نوقتەیە دا دەڵێت ئێمە پێمان باشە دوو ماددەكە جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی ئەركەكان هەندێك لەسەر فەلاحەو هەندێكیش لەسەر حكومەتە بەجیاواز، بەڵام تێكەڵاویەك هەیە، ئەو تێكەڵاویە دەتوانین چاكی بكەینەوە، هەر چەندە ئێمە بە تەحدید بەیانمان كردووە ئەو نوقاتانە واجیبە لەسەر ساحێبی ئەرز، یان فەلاح، یان موزارع، یان زەوی عیلاقەی فەلاحی كە لە بیدایەتی ماددەكە ئیشارەتمان پێ داوە، ئەوە مەبەستمان ئەوەیە ئەوانە ئەركی ئەو ئەشخاصانەنە كە جەنابی وەزیریش تەئكیدی لە نوقتەیەكی ئەساسی دەكات، دەڵێ ئێستا تەوەجوهی عام لە دنیا گۆڕا، قیتاعی خاص هەڵدەستێت بەو ئیشانە، واتا دەبێت ئەوانە بە تەواوەتی لە یەك جیا بكەینەوە، نەك ئەركی حكومەت كە لە ماددەی سێ هاتووە، كە موساهەمە دەكات، یان تەنزیم دەكات، یان هاوكاری دەكات، ئەوە نوقتەیەك، ئەگەر مەجالم بدەیت وەڵامی هەندێك برادەران بدەم كە ئیشارەتیان پێدا، یەك لەوانە شێخ ئاخر دەڵێ ئەو ماددانەی لەو قانونە هاتووە تەعاروز دەكات لەگەڵ ماددەكانی قانونێك كە پەرلەمان پەسندی كردووە، نازانم ئێمە پێمان خۆش بوو ئەگەر جەنابی ئیشارەتی دابا ماددەكە، كە كام ماددە تەعاروز دەكات بەو ماددانەی كە لەو قانونەدا هاتووە، بەنیسبەت كاك سەرداریش ئیشارەتی بەوەیدا دەڵێ ئێمە دەبێت ئیجرائاتێكی وا بكەین كە حیمایەی ئینتاجی خۆمان بكەین و تەشجیعی بكەین، دەمەوێت بۆ جەنابی مەعلوم بكەم كە لە ماددەی یازدە ئێمە تەحدیدمان كردووە رەئی لیژنەی كشتوكاڵ كە ماددەیەكمان ئیزافە كردووەو ئیقتیراحمان كردووە ئیزافە بكرێت گوتمان (لوزارة الزراعة اقتراح فرض رسوم كمركية وتحديدها على استيراد بعض المنتوجات الزراعية والحيوانية المستوردة من الخارج لغرض حماية المنتوجات المحلية كلما رات ذلك ضروريا) ئەوە یەك.

بەنیسبەت حیمایەی ماسی و شتی وا باسی کرد، ئەوە حەتمەن تەعلیمات و شتی وا هەیە لە وەزارەتی زراعە دەردەچێت، ئێمە پێی ناوێت هەموو وردەکارییەکی لەو قانونە تەسبیت بکەین، فیعلەن بێجگە لەوەی کە قانونیش هەیە.

برادەران ئیقتیراحیان کرد کە حیمایەی حەیواناتی بەڕی ئیزافە بکرێت لە قانونەکە، بەڕاستی ئێمەش لەگەڵ ئەوە داینە، ئەوە شتێکی باشە ئەگەر ماددەیەك، یان بڕگەیەك لە بڕگەکان تەسبیت بکەین، دیارە ئەوەش پێشنیاری کاك ڕەفعەت بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی سێ خاڵ هەیە لەو ماددەیە، یان زیاتر ناتوانم بڵێم ئەرکی فەلاح و وەزارەت نییە، بەڵام زیاتر ئەرکی وەزارەتی زراعەیە، حیمایەی سەروەی حەیوانی و سەمەکی و دەواجن و حەشرات و ریعایەت کردنیان، ئەوە زیاتر هینە، حیمایەتی غابات و مەراعی تەبیعی زیاتر وەزارەتی زراعەیە، راستە ئەرکی هاووڵاتیشەو ئەرکی موزارعیشە، یەعنی موشتەرەکە هەر یەکە بە گوێرەی ئیختیصاصەکەی خۆی مەسئوولیەتی هەیە، ئیتیباعی سیاسەتی خەزن هەتا دەگاتە سایلۆ مەسئوولیەتی فەلاحە، دوایێ دەبێتە مەسئوولیەتی زراعە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئیختیصاصەکان جیایە، یەعنی ئەو بێستانەی لە دەست جوتیارە، یان فەلاحە، یان موزارعە لە دەست ئەو کەسەیە واجیبێتی حیمایەی بکات، خۆی حیمایەی بۆ دانا، حەرەسی بۆ دانا، حیمایەی مەکائینەکان دەکاتن، حکومەت، یان وەزارەت ناچێتن ئەوە بکاتن، بۆیە لێرە من دەبینم ماددەکان زۆر بە رێکی هاتووەو هەر کەس لە شوێنی خۆیەتی، هەر کەسیش واجیباتی هەیە، حکومەتیش واجیباتی هەیە کە وەزارەت چی بۆ ئەوانە بکاتن، فەلاحیش واجیبی لەسەریەتی کە باش ئیش بکات و حیمایەی باخەکەی بکات، خۆ حکومەت ناچێت حیمایەی بۆ دابنێت، کە هەر فەلاحێك حیمایەی باخەکەی بکات، بۆیە من دەبینم وەکو خۆی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی راستی ئەو خەلتە هەیەو لازمە چارەسەر بکرێت، مەهامی فەلاح و وەزارەت تێکەڵ بووە، ئەویتریش ماددەی سێ باسی مەهامی وەزارەت و غەیری وەزارەت، جیهاتی حکومی عامە، موئەسەساتی ئیقلیم جیهاتەکانی عامترە، لێرە من پێم باشە بۆ موعالەجە کردنی ئەو مەوزوعە دیباجەی ماددەی دوو لە جیاتی ئەوەی بڵێین (یتوجب على صاحب الارض والمزارع وذوي العلاقة) ئەم عیبارەتە بێن چارەسەر دەبێتن، بڵێین (تتولى وزارة الزراعة وبالتعاون مع الجهات ذات العلاقة تنظيم القطاع الزراعي وحماية انتاجه وتنميته ويتوجب على اطراف العلاقة مایاتي) یەعنی هەمووی دەگرێتەوەو چارەسەر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەختی خۆی لە دەرکردنی یاسای وەزارەتی زراعە پێشنیارێکمان کرد کە عەروەکانی حکومی بە کرێ نەدرێن فەلاح یەکسەر بەرهەمەکانی بێنێتە ئەوێ و خۆی بفرۆشێت، کە بەمە فەلاحەکە سوود وەردەگرێت و گرانی بازاڕیش کەم دەبێتەوە، نازانم ئەوە چی بەسەر هات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو دوو ماددەیە ماددەی دووەم و سێیەم وەکو خۆی هاتووەو دیراسەیەکی باش کراوە، کە باس کرا ماددەی سێ بێتە جێی ماددەی دووەم، ئەرکی حکومەت پێش بکەوێت ئەوە دەگونجێت، کە ئەرکی فەلاح بکەوێتە دوای ماددەی دووەم بچێتە ماددەی سێیەم، بەڵام کە دەڵێین پاراستنی بەروبوومەکان، یەعنی درەختی بەدار نەبڕێت، یەعنی ئەو دارستانەی غاباتە مەسەلەن نەچێت بیبڕێت، بیپارێزێت، مەسەلەن ئەرکی فەلاح ئەوەیە زیادی بکات، ئەرکەکانی جوتیار ئەوەیە نەك خۆی بچێت نەمام لە دەرەوە بێنێت و بینێژێت، ئەرکەکانی حکومەتیش لە دواوە دیاری کراوە تەکنەلۆجیاو هاوکاری کردنی فەلاح و تەشجیع ئەوەش ئەرکەکانی حکومەتەو زۆر وازیحە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس خیلافی نییەو جەنابی وەزیریش مانیعی نییە، کە ماددەی سێیەم بێتە جێی ماددەی دووەم، بەڵام پێم بڵێن فەلاح چ ئیشی بە غاباتەوە هەیە؟ فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە لەسەر غابات نییە، هی خاڵی دەیەمە کە جەنابت باست کرد پەیڕەو کردنی سیستەمی عەمبار کردنی دروست، یەعنی ئەگەر بە وردی تەماشای بکەین دەڵێین پەیڕەو کردن، داوای لێ ناکات ئەو بچێت سایلۆی بۆ دروست بکات، دەڵێ ئەگەر هاتو جوتیارەکە خۆی ویستی عەمبارێك دروست بکات، دەبێت پەیڕەوی سیستەمێکی باش بکات لە عەمبار کردنەکە، خۆ ئێمە نەمانگوتووە فەلاح بێتن سایلۆ دروست بکاتن، گوتمان ئەگەر خۆی ویستی بەروبوومەکەی خۆی عەمبار بکات، دەبێت چی بکات؟ دەبێت سیستەمێکی نوێ پەیڕەو بکات، خۆ ئێمە داوامان لە فەلاح نەکردووە بچێت سایلۆ دروست بکات.

سەبارەت بە خاڵی پێنجەمیش پاراستن و خزمەت کردنی سامانی ئاژەڵی، یەعنی ئەوە ئەرکی خۆیەتی و خۆی پرۆژەی هەیە، یەعنی حکومەت بچێت بیپارێزێت، یان خۆی واجیبیەتی بیپارێزێتن.

سەبارەت بە جەنگەل و لەوەرگا، منیش پێموایە لێرە بە غەڵەتی هاتووە، ئەوەش نەقل بکرێت بۆ ئەرکی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نۆیەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێ، هەرچەندە موشتەرەکیشە، ئەوە هەموو هاووڵاتیش موشتەرەکن جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لای من مانع نییە بێتە گواستن، بەس بە تەسەوری من ئەرکی هەموو ئینسانێکە، یەعنی ئەمە سەروەیەکی وەتەنییەو نەك بەس ئەرکی حکومەت، ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین و ئەو کارەش دەکەین و شورتەی غاباتیشمان هەیەو دەپارێزین، با بڵێین ختوتی ناریش دروست دەکەین و هەموو ساڵێك دەیپارێزین، ئەمە ئەرکی ئێمەیەو ئێمە خۆی لێ نادەینەوە، بەس ئەرکی جوتیارو هاووڵاتی و فەلاحیشە دەبێت بپارێزێت، مەسەلەن لەوەڕگا زیاتر جوتیار موحتاجە، دەبێت ئەو بپارێزێت، چونکە بۆ وییە، بۆ ئاژەڵەکانی ئەوە، دیسان غابات موحتاجی چنین و ئەوانەیە  بۆ زستان، دیسان ئەرکی ئەوە دەبێت بیپارێزێت، جاران لە گوندەکانی ئێمە غاباتەکان کێ دەیپاراست، فەلاحەکان دەیانپاراست، ئەگەر بە تەمای حکومەت بوونایە لە گوندەکان، لەوانەیە هەتا سەیارەی ئیتفا دەگەیشتە ئەوێ سێ سەعات و چوار سەعاتی دەویست، بەس چونکە ئەوانە موحتاج بوون، چونکە مەسلەحەتی ئەوانی تێدا بوو، چونکە لەبەر حەیواناتی ئەوان و لەبەر فروتن دەچوون ئەوانەیان دەپاراست، لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم مانای ئەوە نییە ئەرکی ئێمە نییە، یەعنی ئەرکی حکومەت نییە، چونکە ئێمە نافرۆشین، حکومەت ناسوۆژیت، لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم زیاتر ئەرکی ئێمەو ئەرکی جوتیارەکانیشەو ئەرکی هەموو هاووڵاتیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار نوقتەی نیزامییە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خۆی ئەو خاڵی نۆیەم هەر حکومەت خۆی لە خۆیدا، مەسەلەن بۆ نموونە پۆلیسی دارستان هەیە، ئەرکی سەر شانی حکومەتە، حکومەت ئەوە جێ بەجێ دەکات، بەلاّم کە لێرەدا هاتووە شتێکی باشەو خراپ نییە، بۆ نموونە لە گوندەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە رەئیە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی من رەئیە دەستم بۆ نوقتەی نیزامی هەڵنەبڕیووە، من زۆر سوپاسی وەزیری کشتوکاڵ دەکەم بۆ تەوزیحاتەکەی، بەلاّم کە دەڵێت حیمایەی غابات و مەراعی تەبیعی، ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین، هەندێك شت تێکەڵ بووە، راستە ئەسڵەن لە هەندێك شوێن هەیە هەر خەڵکی دێیەکە خۆیان دار بڕینەوەیان مەمنوع کردووە، بەلاّم من حەز دەکەم بیری جەنابی بخەمەوە پار لە مەنتیقەیەك لە مەنتیقەکان ناوی ناهێنم سێ ساڵ بوو دوو بەرمیل نەوتیان وەرگرت بوو، لەناو بەرنامەیەکی رادیۆییدا خەڵکەکانی ئەو دێیە هاتنە بەردەم قائیمقامەکە پێیان وت، ئەگەر نەوتمان بۆ نەنێری دارەکان دەبڕینەوە هی خۆمان، لەبەر ئەوە دارەکە نەبڕنەوە بە پەلە پەل چوو نەوتی بۆ ناردن، ئاخیر ئێمە خۆمان وا لە فەلاحەکانی خۆمان دەکەین کە شتێکی وا بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لە مەوزوع دەرمەچوو، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم یاسایە هەر لە ئەساسدا زیادە، لەبەر ئەوەی ئێمە یاسای وەزارەتی زراعەمان هەیە، یەکێك لە ئەهدافەکانی وەزارەتی زراعەو ئەرکەکانی وەزارەتی زراعە ئەوەیە کە بەروبوومی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بپارێزێت و خزمەتی بکات و یارمەتی فەلاح بدات و تەسهیلات بۆ فەلاح بکات، ئەم یاسایە ئەگەر سەیرێکی بکەین ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم لە قانونی ئیسلاّح هەیە لە قانونی وەزارەتی زراعە خۆی هەیە، ئەمە ئەرکی وەزارەتی زراعە خۆیەتی دەتوانێت بە تەعلیمات دەری بکات، چۆن موحافەزەی غاباتەکان دەکات؟ سەروەتە حەیوانیەکان، سەروەتە نەباتیەکان، سەروەتە سەمەکیەکان، ئەگەر بگەڕێینەوە ئێمە قانونی ژینگەمان هەیە، لە قانونی ژینگە باسمان لە حیمایەی غابات و ئاو و سەروەی حەیوانی و سەروەی حەیواناتی بەڕی و نازانم ئەوەی کە تەیرو تیور و غابات و ئەمانە هەمووی باسیان لەسەر کراوە، پێویست ناکات لێرە باسی لەسەر بکرێتەوە، لە لایەکی دیکە ئەم یاسایە لە ماددەی هەشت و نۆ و دەو

ئەمانە بۆتە یاسایەکی عیقابی، یەعنی پێویستە ئەم یاسایە ئەم تێکەڵ بوونەی تیا نەبێت، بە واتا ئەم یاسایە لە ئەساسەوە زیادە، ئەوەی لەسەر وەزارەتی زراعەیە لە ئەهدافەکانیەوە هاتووە، هەر واجیبی خۆیەتی یارمەتی فەلاح بدات، بە مەکینەی زراعی بدات و ئەسمیدەی بداتێ، تەسلیفی بکات و بازاڕی بۆ پەیدا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی کاك عومەر نیمە، چونکە قانونەکە ئەسڵەن دەڵێت (قانون حماية وتنمية الانتاج الزراعي)، واتا ئەو مادده عیقابیانەی کە لەناو قانونەکەیدا هاتووە زیاتر ئەوەیە توند کردنە، زیاتر ئەوەیە موعاقبە کردنی ئەو کەسەیە کە دەبێتە سەبەبی زراعەت و ئینتاج زراعی زەربەی پێ بکەوێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەنیسبەت مەراعی تەبیعی یاسای تایبەتی خۆی هەیە، چونکە تەعامول لەگەڵ مەڕاعی تەبیعی دەکرێت، بەنیسبەت غاباتیش یاسای تایبەتی هەیە چۆن تەعامول لەگەڵ غابات دەکرێت، بەڵام ئەمە حیمایەتی ئەم ئیتارەیە بەڕاستی، بۆیە ئەو عقوباتانەی کە دانراوە، هەر کەسێکی تەجاوزی کردە سەر مەڕاعی تەبیعی ئەوە عقوبەکەیەتی، هەر کەسێك تەجاوزی کردە سەر غابات ئەمە عقوبەکەیەتی، هەر خاڵێك کە عیلاقەی بە ئینتاجەوە هەیە، عقوباتەکان بۆیە دانراوە، لە یاسایەکانی تردا دانەنراوە، هەتا ئەگەر تەماشای یاسای عێراقی بکەین، دەبینین لە کاتی خۆی دەسەڵاتی حاکم دەدرا بە قائیمقام، بە مودیر ناحیەکان، لەبەر ئەوەی دادگا تەواجودی نەبوو لە قەزایەکان و ناحیەکان، بۆیە ئەم دەسەڵاتە دەدرا بە قائیمقامەکان و روئەسای وەحدەی ئیداری، بۆ ئەوەی تەنفیزی ئەم یاسایە بکەن، ئێستا لەبەر ئەوەی لە ناحیەو قەزایەکان هەمووی تەشکیلاتی وەزارەت هەیە، ئێستا ئێمە لێرە پێشنیاریشمان کرد، کە ئەمە ئیحالەی سوڵتەی قەزائی بکرێت، بۆ ئەوەی مەحاکم ئەو کارەی ببینێت، چونکە لە هەموو قەزاو ناحیەکان ئێستا تەقریبەن تەواجودی مەحکەمە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رەئیەکەی کاك عومەر دەکەم، نەك بەو نەوعە کە یاسایەکە هەر نەبێت، ئێمە لە موناقەشەی یاسای بودجە کە لە چەند رۆژێك بەر لە ئێستا پیادە کرا، لە راپۆرتەکەی وەزارەتی زراعە کە گوێمان لێ بوو تێبینی ئەوەمان کرد، کەوا بودجەیەکی وا وەك پێویست دابین نەکراوە بۆ دەعمی تەنمیەی زراعە لە هەموو ئاستەکاندا، بە تەوەقوعی خۆم ئەگەر ئەم یاسایە بەو شێوەیە جێ بەجێ بکرێت و بودجەی تایبەتی بۆ دانەنرا بێت، یان زەمینەسازی بۆ نەکرا بێت کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی کە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، کە ئێمە لە مەوسیمی مەحصولاتی خۆمان لە کوردستاندا، کە گومرگێکی زۆر دەخرێتە سەر هاوەردەو ئەو مەنتوجە زراعیانەی لە دەرەوە دەهێنرێن، کە ئەمە ئەوەندەی تر گرانی بازاڕ دروست دەکات، جەنابی وەزیر باسی ئیتیحادی ئەوروپی کرد، زۆر لە وڵاتە ئەوروپییەکان بەتایبەت، مەسەلەن بۆ نموونە بەریتانیا کە ناچێتە ناو ئیتیحادی ئەوروپی تەنها لەبەر ئەوەی دەعمی ئەسعاری بەروبوومە زراعیەکانی خۆیان دەکەن، کە ئەوەش لەگەڵ رێنماییەکانی وڵاتانی ئەوروپی ناگونجێت، بەشێوەیەك کە بتوانێت مونافەسەی بەروبوومی وڵاتانی ئەوروپا بکات، یەعنی بە هەرزانتر دەفرۆشێت لە بازاڕەکەی خۆیدا، نەك بەو شێوەیەی کە ئێمە ئیجرائاتی گومرگی زیاد بکەین، یان غەراماتی گومرگی و رسومات لەسەر هاوەردەکان زیاد بکەین، کە من بە تەوەقوعی خۆمەوە ئەوەندەی تر دەبێتە هۆی گرانی بازاڕ، زۆر وڵاتی دنیا بۆ نموونە ئێران کە ئێستا لە 8٪ دەعمی ساڵانەی خۆی دەکات، بەتایبەت لە بواری بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیدا، یەعنی ئێمە کە سەیری بودجەی وەزارەتی زراعە دەکەین زەمینە سازی نەڕەخساوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایەو بودجەیەکی پێویستی نییە، نازانم چۆن جوتیاری خۆمان بەبێ هیچ دەعمێك ئیلزام دەکات بەوەی کە رێکخستنی، یان فرۆشتنی کاڵەکان لە بازاڕدا، لە کاتێکدا حکومەت بە هەموو نەوعێك غائیبە لە دەعمی زراعە، وەزارەتی زراعە چۆن دەتوانێت شروتی خۆی فەرز بکات بەسەر جوتیاردا؟ بۆیە من وای دەبینم ئەگەر ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێت لەم کاتەدا، بەڕاستی رەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان، بەتایبەت گران بوونی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی کە من باسی دەکەم پەیوەندی گشتی بە یاسایەکەوە هەیە، منیش تەئیدی کاك بارزان دەکەم لەو یاسایە، یاسای پاراستنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان یاسایەکی گرنگە، بەڵام ئەم یاسایە چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی، چۆنیەتی رێگەگرتنی ئەو میکانیزمیەی، ئەو رێگاو شوێنەی دەگرێتە بەرێ، ئەگەر تەماشای

واقیعی كوردستان بكەین، تەبیعی كوردستان هەم لە رووی ئاوو هەواوە، ئاوێكی گونجاوی هەیە، چوار وەرزی تێدا دێت، ناوچەی شاخاوی پێ دەشتی هەیە، دەتوانێت تەكامولی ئیقتیصادی بكات، یەكێكیش لە گرفتە هەرە سەرەكیەكانی ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجمان لە دەركردنی ئەم یاسایە پاراستنی بەروبوومە كشتوكاڵیەكانە، چۆن یاسایەكە دەتوانێت بەروبوومە كشتوكاڵیەكان بپارێزێت، بێگومان یەكەم شت دەبێت پارە تەخصیص بكرێت، كە من بۆ خۆشم لە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان هی وەزارەتی كشتوكاڵ دەنگم نەدا، لەبەر ئەوەی بودجەكەم پێ كەم بوو، جەنابیشت هەستم كرد كە تێبینیت هەیە، بەڵام بودجەكەم پێ كەم بوو لە ئاستی ئەو خواستی خەڵكی كوردستان و ئەو واقیعەی كە ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان تێدا هاتووە نییە، من پێموایە ناتوانرێت بە تەنیا وەزارەتی كشتوكاڵ پاراستنی بەروبوومەی كشتوكاڵیەكان بكات، دەبێت بەرنامەیەكی، سیاسەتێكی حكومەتی كوردستان هەبێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەروبوومی چی؟ بەروبوومەكان، بۆ ئێستا جوتیار بەرهەم ناهێنێت، كە تەماشای ساڵی 1991 بكەین جوتیار شەڕی دەكرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە گوندەكەی خۆی و خوێنی خۆی دەڕێشت، بۆ ئەوەی زەویەكەی دەست بكەوێتەوە، بەڵام ئێستا زەویەكەی خۆی بە ئارەزووی خۆی بەجێ دەهێڵێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە نەتوانراوە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی وەكو پێویست رێك بخرێت، بەتایبەتی كەرتی كشتوكاڵی، ئێستا لە حاڵەتی مردندایە، ئێمە پێشتر چۆن كەرتی كشتوكاڵی زیندوو دەكەینەوە، ئینجا بتوانین پاراستنی بەروبوومەكانیان، بەزیندوو كردنەوەی كەرتی كشتوكاڵی یەكەم/ دەبێت دەعمی ماددی، دووەم/ ئاودێری، ئەو ئاوەی كە هەیە بتوانین ئاوی شیرینی زۆرمان هەیە، بتوانین ئاودێرییەكی زۆر بكەین لە زێی گەورە، زێیەكانی تر، كە لە ساڵێكی وەكو ئەمساڵدا.

سێیەم/ لە كاتێكدا جوتیار تووشی ئافاتێك دەبێت، بۆ ئەوەی ساڵی دووەم هان بدرێت و بەردەوام بێت لە كشتوكاڵ كردن، نەك واز بهێنێت، دەبێت پارەیەك تەخصیص بكرێت، وەكو ئەمساڵ كە دەبینین وشكەساڵییە تۆییەكی زۆری چاندووە، هیچی بۆ نایەتەوە لەو حاڵەتەدا حكومەت دەتوانێت ئەوە بكات، من پێموایە لەو حاڵاتانە دەبێت، ئەوە یەك.

دووش/ بەروبوومە كشتوكاڵیەكان، بۆ ئەوەی بازاڕ ئەوە بێت، دەبێت كارگە بكرێتەوە، ئەو كارگانەی كە بەروبوومە كشتوكاڵیەكان وەردەگرن، بەتایبەتی خستنە قووتوو، كە ئێستا میوەیەكی زۆرمان دەبێت لە هاوین نافرۆشرێت.

سێ/ ئەو بەروبوومانەی كە دەخسترێنە شوێنی هەڵگرتن.

چوار/ كردنەوەی كارگەی رۆن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمە كشتوكاڵیەكان لێی وەربگیرێت، بۆیە من لێرە دەڵێم كە تەنیا بە وەزارەتی كشتوكاڵی ناكرێت، دەبێت بەرنامەیەكی گشتگیری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ئێستا زۆر لە لامان روون بوو، زیاتر لە پێویست موناقەشەش كرا، مەوزوعی ئەوەی ماددەی سێ بێتە پێشەوە دواتر قەراری لێ دەدەین، ماددەی دوو ئەگەر بمانەوێت وەكو خۆی بمێنێتەوە،

من ئیقتیراح دەكەم یەك كەلیمەی بۆ زیاد بكرێت ئیشكالەكەمان حەل دەبێتن، ئەویش ئەوەیە لە سەرەتای جوملەكە نووسراوە (یتوجب على صاحب الارض والفلاح والمزارع وذوي العلاقة الزراعية) لەجیاتی (وذوي العلاقة الزراعية) پێش ئەوە (ووزارة الزراعة وذوي العلاقة الزراعية بشكل عام) وەزارەتی زراعە زۆر شت دەگرێتەوەو موشكیلەكەمان حەل دەبێت، ئەو برگانەی كەوا رەبتی هەیە بە وەزارەتی زراعەوە، وەكو گوتم شەشەم و هەشتەم و نۆیەم ئەگەر ناوی وەزارەتی زراعەش بێنین هەموویان موشتەرەك دەبن، بۆیە من ئیقتیراح دەكەم لیژنەی هاوبەش و ئەگەر جەنابی وەزیر مانیعی نییە، كەلیمەی وەزارەتی زراعە ئیزافە بكرێت لەوێ، كەواتە جەنابی وەزیریش موافیقە، لیژنەی كشتوكاڵ مانعتان نییە، ئەگەر كەلیمات، زاراوە، راست كردنەوە، دەیخەینە بەردەم هەردوو لیژنەكەوە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بەو تەعدیلاتەی كە باسمان كردو كەلیمەی وەزارەتی زراعە لە بیدایەتی ئیزافە بكرێتن و ئەو زاراوانەی كە ئاماژەمان پێ كردو قانونی بێتن داخیلی بكەن دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: پێویستە لەسەر لایەنە تایبەتمەندەكان لە هەرێمدا كە:

یەكەم/ دابین كردنی كەرەستەی كەفائەت بەرزی بەرهەمهێناندا بەشداری بكەن و پشتگیری بكەن.

دووەم/ پرۆسەكانی فرۆشتن لە بازاڕەكانی ناوەوەو دەرەوە رێك بخەن، بەپێی ئەو پلان و بەرنامە رێژەی كە وەزارەتی كشتوكاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی دارایی و ئابووریدا، بۆ رێكخستن و بەرزەفت كردنی هاوردنی ئەو بەروبوومانە دایدەنێت، كە نموونەیان لە هەرێمدا هەیە.

سێیەم/ هاندانی (گاڵدانی) دامەزراندنی كۆگای ساردكەرو سەهۆڵبەست لە هەرێمدا.

چوارەم/ كار كردن بۆ قەرەبوو كردنەوەی خاوەنی كشتوكاڵ و خاوەن پرۆژە كشتوكاڵیەكان لە حاڵەتێكدا كە بەهۆی كارەساتی سروشتی، یان بەهۆی هێزێكی لە ئیرادەبەدەر لەناو دەچن، یان تووشی زیان دەبن.

پێنجەم/ بەشداری كردن لە زیاد كردنی زەوییە بەراوەكان (المرويه)و فەراهەم كردنی دەزگای پاشەكەوت كردنی ئاودا.

شەشەم/ لە رێگەی قەرزو ئاسانكاریی بانكەوە بەشداری لە پێكەوەنانی سەرمایەی پرۆژە كشتوكاڵیەكاندا بكەن، بۆ وەبەرهێنەرە نیشتمانیەكان.

حەوتەم/ پاڵپشتی لە بەروبوومە ستراتیجیەكان بكەن.

هەشتەم/ فرمانبەرە كشتوكاڵیەكان وەك سەرپەرشت بەسەر پرۆژە كشتوكاڵیەكانەوە دابمەزرێنن لەوانەی كە بڕوانامەی زانستی كشتوكاڵیان بەدەست هێناوە، بەخاوەن بڕوانامەی دواناوەندیی كشتوكاڵییشەوە تا بەرزترین ئاستی زانستی كشتوكاڵ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: على الجهات المختصة في الاقليم اتباع مايلي:**

**1- المساهمة في تأمين المستلزمات الضرورية وذات كفاءة عالية ودعم حكومي.**

**2- تنظيم عمليات التسويق الخارجية وفق خطة مدروسة من قبل وزارة الزراعة بالتنسيق مع وزارة التجارة والمالية من حيث تنظيم وضبط استيراد المنتوجات المماثلة والموجودة في الاقليم.**

**3- تشجيع انشاء المخازن المبردة والمجمدة في الاقليم.**

**4- المساهمة في تعويض اصحاب المزروعات والمشاريع الزراعية في حالة تلفها او الاضرار بها نتيجة كوارث طبيعية او قوة قاهرة.**

**5- المساهمة في زيادة المساحات المروية وتوفير الاجهزة التي تستخدم في ترشيد المياه.**

**6- المساهمة في تكوين راسمال المشاريع الزراعية للمستثمر الداخلي عن طريق القروض والتسهيلات المصرفية.**

**7- دعم المحاصيل الاستراتيجية وتحدد وزارة الزراعة هذه المحاصيل.**

**8- تعين موظفين زراعين كمشرفين على المشاريع الزراعية من حملة شهادة بكالوريوس في العلوم الزراعية.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەو گۆڕانکاریانەمان لەسەر ماددەکە کردووە:**

**یەکەم: لە بڕگەی دووەم (تنظيم عمليات التسويق الداخلية والخارجية) داخليە ئیزافە کراوە لە پێش خارجیە، لە بڕگەی چوارەم (المساهمة) کراوەتە (العمل على تعويض اصحاب المزروعات.......)، لە بڕگەی شەشەم (المساهمة في تكوين راسمال المشاريع الزراعية للمستثمر الداخلي) کراوەتەوە (للمستثمر الوطني)، حەوتەم (دعم المحاصيل الاستراتيجية وتحدد وزارة الزراعة هذه المحاصيل) ئەوەمان لابردووە، هەشتەم صیاغەکەمان گۆڕیەوە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە (تعين موظفين زراعين كمشرفين على المشاريع الزراعية من حملة الشهادات في العلوم الزراعية بما فيها حملة شهادات الاعدادية الى اعلى مستوى علمي في الزراعة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر موناقەشە کرا لە ماددەی پێشوودا، باوەڕ ناکەم شتێکی وا مابێت، کاك تەلعەت نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاس، بەڕاستی مادام لە ماددەی دووەم باسی وەزارەتی زراعەی تێ کراوە، بەڕاستی ئەهمیەتی فەقەرەی یەکەم لە ماددەی دووەم نەماوە، با لەگەڵ ماددەی سێیەم تێکەڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەرکی فەلاح**

و ئەرکی وەزارەتمان لە یەك قانون دانا، ئەمە لە ماددەی یەکەم دەڵێت (یتوجب على اصحابها وذوي العلاقة) (ذوي العلاقة) کێیە؟ زۆر موتەفەرغی زراعی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لە ماددەی دووەم تەواو بوو، دووەمیش/ ئەوە لە ئیختیصاصات جیاوازە، لێرە وەزارەتی دارایی هەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، وەزارەتی زراعەش هەیە، ئەتراف تریش هەیە کە سەر بە حکومەتی هەرێمن، کێ دەیەوێت قسە بکاتن، تکایە رەچاوی ئەوە بکەن بە کورتی قسە بکەن، کاك کەمال دەڵێت تەحدیدی وەقت بکە، لەبەر ئەوەی لەسەر داوای ئەو دوو دەقیقە زیاترتان نادەمێ، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە راپۆرتەکەی هاوبەش دەکەم، پێموایە من دەگەڕێمەوە بۆ ماددەی دوو، لە ماددەی دوو زۆر قسەی لەسەر کرا، سی و قسور کەس ناوی خۆی نووسی و قسەی لەسەر کرد، جەنابت تەنها بە یەك کەلیمەی نیهایەتت بە هەموو قسەی برادەران هێنا، تەنها نیو کەلیمەت ئیزافە کردە سەری، ئەویش ئەوە بوو بەس وەزارەتی زراعە، هەموو برادەرانیش کە قەرار دەدەن بە کۆی دەنگ ماددەکە قەبول کرا، یەعنی بەڕاستی ئەگەر لە ماددەی سێش بە هەمان شێوەی ماددەی دوو قسە بکرێت سی و قسور کەس قسە دەکاتن، دوایێش بە کۆی دەنگ موافەقەی لەسەر دەکرێت و هیچ ئیزافەی بۆ نابێت، شتێکی زۆر بێ مانایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو موناقەشەیە نەکرێتن ناگەیە ئەو قەناعەتە، لە ئێستاوە من پێت دەڵێم ئەگەر قسەی راپۆرتەکە دەکەن دەنگی بۆ بدەن، بەڵام دەبێت تێر بکرێتەوەو موناقەشات بکرێت و رەئی باشتر بدرێتن، چەندین رەئی درا، رەئیەك درا کە تەوحید بکرێت، رەئی درا هەندێك بڕگە بچێتە ماددەی سێیەم، بەڵام کە ئەکسەریەت گوتیان وەکو خۆی بمێنێتن، وەکو خۆی مایەوە پێویست بە جوملەیەك دەکاتن، من ئێستاش رەئیم وا نییە کە پێرفێکت بووە، بەڵام کە دیتم ئەغلەبیەت رەئییان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەبێ ئەو کەلیمە ئیزافە کردنە لەنگ دەبوو، مەسئولیەتی منیش تەحەمول دەکەم ئەو لەنگەیە، بۆیە ئەو کەلیمەیە تەحصیل حاصل بوو بۆ ئەوەی ئەغلەبی موناقەشاتەکان بگرێتەوە، ئەگەرنا وا نەبوو بە کەلیمەیەك بێت، خۆ کەلیمەی سحری نییە حەل بکرێتن، بەڵام دیارە تۆ هەموو موناقەشاتەکان ئاگات لێ نەبووە، بۆیە وا تەسەور دەکەیت، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان سامانی ئاژەڵ یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی سامانی کشتوکاڵی، لەو هەشت بڕگەیە ناوی نییە، زیکری نەهێناوە، پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك بەناوی (9- العمل على تطوير الثروة الحيوانية من حيث

**الاهتمام بالصحة الحيوانية وتحسين نوعية بعض الحيوانات الانتاجية كالابقار مثلا وتوفير المحميات الطبيعية والصناعية لتطوير هذه الثروة).**

**بڕگەی دووەم/ باسی هیجرەی موعاکسەتان نەکردووە، یەکێك لە مەشاکیلەکانی دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵی هیجرەی لە گوند بۆ شار، کەواتە حکومەت دەبێت زۆر هەنگاوی عەمەلی وەربگرێت، بۆ ئەوەی (تشجیع هجرة معاکسة) لە ڕێگای تەتویر کردنی لادێیەکان و تەقدیمی خەدەمات بۆیان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جەمال قاسم فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەبیعی پشتیوانی لە ڕاپۆرتەکەی هاوبەش دەکەم، تەنها یەك زانیاری بۆ جەنابی وەزیر بەنیسبەت ماددەی سێیەم بەشی پێنجەم (فەراهەم کردنی دەزگای پاشەکەوت کردنی) تەبیعی بیست ساڵ لەمەو پێش لە ئەڵمانیا لە مەنتیقەی دیسدۆرف وشکەساڵی بووە، ساڵی دوای ئەوە ئیحتیات دروست کردووە لەناو دێیەك لە سەرووی شاری دیسدۆرفە، دەکەوێتە بڵێین شمالی غەربی دیسدۆرف، ئەگەر بتوانرێت سەردانی ئەوێ بکرێت ئەوە ببینن هەمووی لە ژێر ئەرزدایە لە ئاوی باران و لەوانە ئیحتیاتیەکی یەکجار گەورە، تەسەور ناکرێت چەند دوورو درێژە یەعنی مەنتیقەکە، ئەگەر بتوانرێت ئیستیفادە لەوە بکرێت شتێکی زۆر باشە وەکو پێشنیازێك زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕاستی ئێمە باسی قانونەکە حیمایەی تەنمیەتی ئینتاجی زراعی دەکەیت، ئێمە دەزانین تەبیعەتی کوردستان ئینتاجی زراعی زۆربەی پێشتر هەموو باسی ریف بووە، لە ئەریاف بووە، لە گوندەکان بوو، پێم باشە یەعنی نوقتەیەکی تایبەت (تنمیة الریف ورفع القدرة الانتاجیة) تەشجیعی بینایەی ئەریاف و ئەوانە، هیجرە کاك جەمال ئیشارەتی پێدا ئەوە نوقتەیەك بێت باشە، نوقتەیەکی تر باسی حیمایەی صحی (توفیر الحمایة الصحیة للثروة الحیوانیة والنباتیة)، ئێستا مونەزەماتی دەولی هەنە، ئیتیفاقات هەنە، لەوەش ئەگەر بڕگەیەکی تێدا بێت باشە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك حەمە ڕەشید فەرموو.**

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو باسانەی کە کران، مەوزوع تەنمیەیە، تەنمیە پێویستی بە کۆمەڵێك توخم هەیە، یەك/ لەوانە مەسەلەی تەوعیە کردن، لەناو هینەکە باسی تەوعیە نەکراوە، تەوعیەی جوتیاران کە زەرورەیەتێکی زۆرە، هەرچەند وەزارەتی کشتوکاڵ بنکەی تەوعیەی تایبەتی رەنگە هەبێت، بەلاّم دروست کردنی بنکەی تەوعیە بۆ جوتیاران و فێر کردنیان و دانانی پلانی دروست بۆیان کاریگەری هەیە، خاڵێکی تر لەوە کە باس کرا، باسی هیجرە بوو، ئێمە هیجرەی زۆرە ملێ دەورێکی زۆری هەبووە لەسەر کۆچ کردن و چۆل کردنی دێهاتەکان و نەمان و فەوتانی بەروبوومەکان، بەتایبەتی میوە لە شوێنە دوورەکاندا، هێشتا ئاساری هیجرە ماوەو هیجرەی موعاکسیش هیچی بۆ نەکراوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە کۆنگرەیەك، یان کۆنفرانسێك بگیرێت بۆ مەوزوعی چۆن موعالەجەی هیجرە دەکەیت؟ چۆن هیجرەی موعاکس دروست دەکەیت؟ چ پلانێکی بوێت ئێمە ئیستیفادەی لێ بکەین.

خاڵێکی تر لەوە مەسەلەی ئیستیسمارە، ئیستیسماری ئەرازی زراعی، پێم باشە وەزارەتی کشتوکاڵ بە هەر شێوەیەك بێت ئیتیصال بە هەندێك سەرمایەداری گەورە بکات، کە ئیستیسماری ئەرازی زراعی بە جەماعی بکرێت، بۆ نموونە یەکێك لە رەئیسی بانکی دیجلە لە کاك محەمەد فازلم بیستووە، لە زەمانی سەددامدا شەریکەیەکی فەرەنسی داوای شارەزووری کرد، بە مەرجێك ئینتاجەکەی یەك بە حەفتا زیاد دەکات و داهاتەکەشی ئەگەر بیداتێ ماوەیەك بۆ ئیستیسمار، داهاتەکەشی لە 50٪ی بۆ ئەو و لە 50٪ی بۆ جوتیاران بکات، ئەمە کارێکی گەورە دەکات، دەورێکی زۆر گەورەی دەبێت لەسەر تەنمیە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من دەمەوێت خاڵێك پێشنیار بکەم، ئەویش ئەوەیە مەکنەنەی زراعییە، لە ولاّتی ئێمە تاکو ئێستا صونعی مەکائینی زراعی، یان قیتەعی غیار بۆ مەکائینی زراعی نییە، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم وەکو خاڵێك (التسنیق بین وزارة الزراعة والصناعة لتشجیع المستثمرین للمساهمة في صنع مکننة زراعیة وقطع الغیار لها في الاقلیم)، یەعنی ولاّتێکی وەکو ئێران، ئەوە لە کوردستانی ئێران دەیان تراکتۆر لە مانگێکدا دروست دەکەن، تاکو کەی ئێمە پارچەیەکی تراکتۆرمان پێ دروست نەکرێت، تا کەی ئێمە ئیستیراد بکەین، تا کەی ببێت بە عبئێکی گران؟ پێموایە ئەگەر ئێمە تەشجیعی موستەسمیر بکەین بۆ قیتەعی غیاری زراعی دروست بکرێت لە ولاّتی ئێمە رەنگە موساهەمە بکات و باش بێت.

نوقتەی دووەم/ بە حەقیقەت وشکەساڵی کارەساتێکە ئەمڕۆ لە ولاّتی ئێمەو لە زۆر ولاّتانی دنیا، دەکرێت ئەوە موعالەجە بکرێت، لە کوردستان رووباری زۆرمان هەیە، بوحەیراتی تەبیعی دروست بکرێت، هەر لە مەجرای رووبارەکان بوحەیراتی تەبیعی بکرێت و خەزنی ئاو لە ولاّتی ئێمە بمێنێت، لەبەر ئەوە من

پێشنیاری ئەوە دەکەم، موساهەمە بکرێت کو سدودی تورابی دروست بکرێت وەکو کاک محەمەد فەرەج باسی کرد پێش ئێستا، بوحەیراتی تەبیعیش لە ولآتی ئێمە دروست بکرێت، کە ئەمە ببێتە خەزێنەك لە ولآتی ئێمە ئیستیفادەشی لێ بکەین لە وشکەسالّی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەمە بەشی زۆری لەناو ئامانجەکاندا جێی دەبێتەوە، ئامانجەکانی وەزارەتن بەڕاستی هەندێکیشیان دەکرا بە ڕێنمایی عیلاج بکرێن، نەك بکرێنە بڕگەو ئەوانە، بەلآم من پێشنیار دەکەم بەڕاستی ماددەیەك زیاد بکرێت بەشی زۆری ئەرزی کشتوکالّی ئەم ولآتەی ئێمە لەناو پرۆژەو مەشاریعی نیشتەجێ بوون و ئەوانە شاراونەتەوە، ئەوە زەرەرێکی زۆر لە بواری کشتوکالّ دەدات، من پێشنیار دەکەم ڕێگا نەدان بە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون، یان هەر پرۆژەیەکی تر لەسەر زەوی کشتوکالّی بکرێت، مەگەر لە حالّەتی زۆر زەروریدا نەبێت، ئەوە یەك.

بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، برادەران قسەیان لەسەر ئەوە کرد چۆل کردنی گوندەکان، یەك لە گرفت و مەشاکیل بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکالّی دروست دەکات، ئەوە قسەیەکی ڕاستە هەماهەنگی و هاوکاری وەزارەتی کشتوکالّ لەگەلّ ئەو وەزارەتانەی کە پلانیان هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەڕاستی وەزارەتی کشتوکالّ ڕەئی هەبێت لە چ مەنتیقەیەك، لە چ گوندێك پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بۆ ڕێگاوبان و بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەو مەکتەب و بنکەی تەندروستی، یان هەر بوارێکی تری ئاوەدانکردنەوە، چونکە هەندێك جێگا بەڕاستی زۆر ئیهتیمامی پێ بدرێت هەم بواری کشتوکالّەکەی باشە، هەم خەلّك بواری بەرهەمهێنانی کشتوکالّ لە دەوری تەئسیری زۆریان هەیە، ڕەنگە لە هەندێك ناوچە بواری کشتوکالّ ئەوەندە بەرهەمی نەبێت، ڕاستە هەموو کەس پێویستی بە خزمەتگوزاری و پێویستە خزمەت بگاتە هەموو کەس، بەلآم لە بواری کشتوکالّی بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێك بۆ وەبەرهەمهێنانی کشتوکالّ بکەین و بواری بەرهەمهێنان لە کشتوکالّ زیاد بکرێت هەماهەنگی و هاوکاری وەزارەتی کشتوکالّ لەگەلّ وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لە بواری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان پرۆژەیان هەیەو هاوکاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەو رەئیەی کە من باسی لێوە دەکەم بەناوی خۆم و برای بەڕێزم کاك ئەرسەلان کە بە یەکەوە باسمان لەوە کردووە، لە ماددەی سێیەم برگەی شەش باس لە ڕێگای قەرزو ئاسانکاری بانکەوە دەکات، ئێمە وای دەبینین کە مەبەست لێرە ئەوە لە بانکی زراعی و سلفەی زراعی بێت، بۆیە پێمان باش بوو، ئەوە زۆر بە ئاشکراترو روونتر بنووسرێت، بۆ ئەوەی روونتر بێت، باس لەوە دەکات دەڵێت لە ڕێگای قەرزو ئاسانکاری بانکەوە بەشداری لە پێکەوەنانی سەرمایەی پرۆژە کشتوکاڵیەکاندا بکەن، بۆ بەرهەمهێنە نیشتمانییەکان، واتا دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵی و پێدانی سلفەی زراعی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین برگەیەك زیاد بکرێت بۆ ماددەکە ئەویش باس لە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ کردنەوەی کۆلیژی کشتوکاڵ لەو شوێنانەی کە زیاتر کشتوکاڵین.

خاڵی دووەم/ حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات کێشەکانی زەوی لەو ناوچانەدا چارەسەر بکات، کە زۆرترین کێشەی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رەئیم وەکو رەئی کاك جوتیارو کاك زاناش کە پێشتر باسی کرد، یەکێك لە مەترسیەکان لەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی قانونی ئیتفایە.

دوو/ من پێموایە لە ماددەی سێ کە دەڵێت (علی الجهات المختصة) جەنابی سەرۆك، جیهاتی موختەص قیتاعی خاصیش دەگرێتەوە، لەوانەیە هەتا جوتیاریش بگرێتەوە، لێرە پێموایە دەبێت وازیحتر بێت بڵێین (علی الجهات الحکومیة المختصة) یاخود (علی الجهات الرسمیة المختصة).

سێ/ لە برگە چوار پێموایە نە موساهەمەو، نە ئەوەی لیژنەی هاوبەش پێشنیاریان کردووە (العمل علی تعویض) بگوترێت (تعویض)، یەعنی بیکەینە ئیلتیزامێك لەسەری، پێشنیاریش دەکەم جەفافیش زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی جەفاف دیاردەیە، دیاردەیەکی سروشتییە، نە کواریسەو پێموایە قەوەتی قاهیرەش لەسەری تەتبیق نابێت، بۆیە ئەگەر ئەوەش زیاد بکەن، کاك کەریمش داوای ئەوەی لێ کردم کە باسی ئەو خاڵەش بکرێت (3- تشجیع انشاء المخازن المبردة والمجمدة في الاقلیم) سەبەبەکە چیە؟ یەعنی بۆچی ئەو مەخازنەو یەعنی بگوترێت (لحفظ المنتوجات) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شەوقی فەرمووو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە هەندێك لە شتەکان ئاماژەی پێ کرا، بەڵام تەئکیدی دەکەمەوە بۆ ئەوەی پێش ئەوەی لێ بگرم، هەتا نەڵێی تەنیا یەك کەس باسی کرد، کاك حەمە ڕەشید باسی ئەوەی کرد (توعیة المواطنین لشراء المنتوجات المحلیة) ئەوە شتێکی باشە وەزارەت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، سەبارەت بە خاڵێکی دیکە وەکو سارا خان ئاماژەی پێ کرد نەك کردنەوەی کۆلیژ، ئەو ئیمکانیەتە لەبەر دەستدا نییە، من پێموایە وەزارەت گرنگی بدات بە لێکۆڵینەوە کشتوکاڵیەکان، کە لە لایەن خەڵکی موختەص پێشکەش دەکرێت.

سەبارەت بە فەقەرەی یەکەم (المساهمة في تأمین المستلزمات) من پێموایە موساهەمە نەبێت، یەعنی با شتەکە نەبێتە ئیختیاری، بکرێتە تەوفیر نەك وەکو ئەوەی کاك جەمالیش ئاماژەی پێ کرد کە ئێمە مەشاریعی صناعی دروست بکەین وەکو ئەوەی لە وڵاتانی تر، پێموایە ئەو ئیمکانیەتە نییە، بەڵام ئێمە دەتوانین یەعنی وەزارەت بەو ئەرکە هەڵبستێت کە تەوفیری ئەو مەوادانە بکات لە ڕێگەی عەقد کردن لەگەڵ شەریکەکان، کە چۆن وەزارەت بەو ئەرکە هەڵبستێت، من پێم شتێکی باشە.

سەبارەت بە فەقەرەی سێیەم (تشجیع انشاء المخازن) من پێموایە (و)کی بۆ زیاد بکرێت (تشجیع وانشاء المخازن)، یەعنی هەر تەشجیع مومکینە ئەو هاندانەی هیچ ئەو دەورو تەئسیریەی نەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێین (وانشاء) ئەوە ئەرکێکیش دەگرێتە ئەستۆ، کە پێویستە بۆ ئەوەی خەڵکی تریش تەشجیع بێتن بۆ ئەو کارەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کشتوکاڵ لە چاندنەوە تا ئینتاج پێویستی بە ئیشراف هەیە، ئێمە لە ماددەی دوو باسی ئەوەمان کرد خاوەنی ئەرزو فەلاح و موزارع، لەو ماددەیەش باسی ئەوە کراوە لە کاتی تەعویز، دەڵێ (تعویض اصحاب المزروعات وذوي المشاریع الزراعیة) بەڵام لە خاڵی هەشت دەڵێت (تعین الموظفین الزراعین کمشرفین علی المشاریع الزراعیة) تەنها مەشاریعی زراعی نووسیووە، یەعنی لایەنەکانی دیکەی باس نەکراوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم باسی لایەنەکانی دیکە بکرێت، ئەوانەی ئەرزیان هەیە، ئەوانەی ئیشراف لەسەر هەموو حقولی زراعی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیزەدین فەرمووو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەوحیدی هەردوو ماددەكە وابزانم قانون گشتی قانونی یەك وەحدەیە، مانای ئەوە نییە ماددەی یەكەم ئان دووەم، لە جیاتی یەك بێت ئەوە تەنفیز دەبێت، ئان تەنفیز نابێت هیچ مانای تیا نییە، ئەگەر قانونەكە گشت تەنفیز بێت ئەوە بە ئەركی خۆی را دەبێت، ئەوە یەك.

دووەم/ خاڵی سێیەم (تشجیع) پێموایە زیاد بكرێت (والمساهمة في انشاء المخازن) نەك بەس تەشجیع، تەشجیع بەشی بە ئافەرین بە چی؟ بە مادده، بە ئالیات، بە شتێكی تر، یەعنی موساهەمەش تیا بكرێت.

ئەویتر خاڵی چوارەم كە كاك سەردارو برادەران باسیان كرد (المساهمة في تعویض) نەك موساهەمە تەعویز، یەعنی هەر رەئسەن تەعویزی ئەسحابی مەزروعات و ....... مەشاریعی زراعی) هەروەها حالأتی جەفاف، چونكە حالأتی جەفاف كەوارس نییە، حالأتی جەفافیش ژی ئیزافە بكرێت.

خاڵی شەشەم باسی ئیستیسمار دەكات كە قەرزو تەسهیلاتی مەسەرەفی بدەینێ، ئان بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت، ئان ژی لەم خاڵەدا زیاد بكرێت (تفعیل المصرف الزراعي لدعم الفلاح عن طریق السلف الزراعیة) ئەوەش زۆر زەرورییە.

خاڵی هەشتەم وەكو برادەرێ (تعین الموظفین وفتح دورات تأهیلیة للفلاحین)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا موحسن فەرموو.

**بەڕێز محسن علی اكبر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لەم ماددەیە كە شتی زۆر باشی تیا هاتووە، دوو خاڵی تر زیاد بكرێت، یەكێكیان پەیوەندی هەبێت بە رێگەی هاتوچۆ كردن، یەعنی شەبەكاتی مواصەلأت بۆ ئەوانە، چونكە واقیعی زراعی ولأتی ئێمە دیارە لەبەر كۆمەڵێك ئەسباب دواكەوتووە، یەكێك لەو سەبەبانە رەنگە ئیستیقراریشی پێوە بەند بێت، نەبوونی رێگاوبانە بۆ ئەو شوێنانەی كە شوێنی كشتوكاڵین، مەسەلەی تەسویق پەیوەندی بە رێگاوبانەوە هەیە، كە تۆ بازاڕی بۆ بدۆزیتەوە ئەگەر دوور بێت لە مەراكیزی بازاڕەكان نەتوانێت بە ئاسانی بەروبوومەكانی خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنانە، من پێموایە ئەو قازانجەی لێ نەكات كە بمێنێتەوەو كاری زراعی و ئەوانە بكات، لەبەر ئەوە بازاڕ بەس تەنیا بازاڕی مەحەلی كوردستانی خۆمان نییە، حەق وایە یەعنی بازاڕ بدۆزرێتەوە بەرەو خوارووی عێراق و ناوەڕاستی عێراقیش، ئەوەش پێویستی بە تۆڕێك لە تۆڕەكانی گواستنەوە هەیە.

دووەم/ مەسەلەی پیشەسازی تەواوكەر، كە صناعەتی تەكمیلی پێ دەڵێن بەرهەمی كشتوكاڵی ئەگەر ئەو صناعەتەی لەگەڵدا نەبێت، زۆر جار هەندێك بەرهەم هەیە هەروەها دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بكەن و فەلاح زەرەری لێ دەكات، لە بابەتی مەسەلەن مەعمەلی رۆن، یاخود هی دۆشاو، یان موعەلەبات كۆمەڵێك لەم شتانە هەیە، حەق وایە حكومەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان بایەخ بەو بوارەش بدەن، بۆ

صناعەتی تەکمیلی کە یارمەتی دەرە بۆ مەسەلەی مانەوەی فەلاح و ئیش کردنی و بەروبووم پێش بخات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەی سێ، سەرەتای دەست پێ کردنی ماددەکە دەڵێت پێویستە لەسەر لایەنە تایبەتمەندەکان لە هەرێمدا، من پێشنیار دەکەم ئەو لایەنانە دەست نیشان بکرێت، چونکە ئەمە یاسایە دەردەچێت و ئەو لایەنانە کێن کە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، هەر لەبەر ئەوە دەست نیشان بکرێت لایەنەکان رەنگە باشتر بێت.

دووەم/ هەرچەند یەك، دوو ئەندامی بەڕێز ئیشارەتیان پێدا، خاڵی سێیەم (دنەدان یان گاڵدانی دامەزراندنی عەمبارکەری ساردکەرو سەهۆڵبەست لە هەرێمدا) کێ دنەی بات و کێ جێ بەجێی بکات؟ بۆیە پێویستە ئەوە بڵێ پێویستە هەست بە دروست کردنی عەمباری ساردکەرو سەهۆلبەستی، یەعنی ببێت بە ئەمرێکی ئیجباری، نەك هاندان، چونکە پار لە نەبوونی عەمباری ساردکەر لە سلێمانی مریشك برا بووە موسڵ لەم هاتوچۆ کردنە لە گەڕانەوەی ئەو عەددە مریشکە کە گەڕایەوە سلێمانی خراپ ببوو، هەر بەو خراپ بوونەش گەیشتە سلێمانی و کەوتە ناو بازاڕو لێی فرۆشراو، ئەوە زیانی لێ دەکەوێتەوە، من پێم باشە عەمباری تریش، یەعنی نەك هەر ساردکەرو سەهۆلبەست، عەمبار بۆ دانەوێڵەو ئەوانە دانەوێلەی وشکەش وەکو سایلۆ، ئێستا سایلۆیەك لە سلێمانییە، سایلۆیەکی زۆر گەورەیە ماوەیەکی زۆرە لە کار کەوتووە، رەنگە ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی تیجارەوە هەبێت، بەلاّم پێویست دەکات ئەو سایلۆو عەمبارانەش تەعمیر بکرێت، یان هی تازە دروست بکرێت.

خاڵی سێیەمیش/ پشتیوانی ئاڵوگۆڕ کردنی ماددەی دوو و سێ، ماددەی سێ بخرێتە پێش ماددەی دووەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت، یان ئەو لایەنە پەیوەندارەی کە باس دەکرێت دەبێت ئەو هەنگاوی یەکەم بنێت، ئینجا جوتیار هەنگاوی دووەم بنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی قسەیان کرد زۆربەیان پشتگیریان لە خاڵەکانی ماددەی سێ کرد، تەنیا هەندێك کەلیمات هەیە لەسەر مەسەلەن رەنگە ئەسڵەکە باشتر بێت (المساهمة في تعويض) لێرە نووسراوە (العمل على تعويض)، (العمل) ئیلتیزامی تێدا نییە، موساهەمە ئیلتیزامی تێدا هەیە، موساهەمە باشترە لە عەمەل، عەمەل کار دەکەیت، دوایێ دەڵێ پێم نەکرا، بەلاّم موساهەمە ئیلزامە بۆ بەشێك، زۆر پێشنیاری تازە هاتنە پێش کە ئیزافە بکرێتن، یەك لەو پێشنیارانە ئەرکی لایەنی پەیوەندیداری حکومەت تەوعیەی

جوتياران بكات، پێشنيارێكی بە هەندە دەيخەمە بەردەم جەنابی وەزيرو هەردوو ليژنەكە، ئيستيسماری ئەرازی زراعی پێشنيارێك هاتۆتە پێش دەڵێ بخرێتە ناو ئەوەكە تەشجيعی ئيستيسمارو ئەوەی كاك جەمال باسی كرد، دانانی سدودی تورابی و بوحەيراتی تەبيعی كاری باشن بخرێتە سەر ئەركی حكومەت، بۆ ئەوەی هەم وشكەساڵی عيلاج دەكاتن، هەم تەتويری زراعە دەكاتن، زۆر سوپاس، وەڵلاً ئەوانەی قسەيان كرد زۆربەيان پشتگيريان لە خاڵەكانی ماددەی سێ كرد، تەنيا هەندێك كەليمات هەيە لەسەری مەسەلەن، رەنگە ئەسڵەكە باشتر بێتن (المساهمة في تعويض) لێرە نووسراوە (العمل على تعويض)، عەمەلی تێدا نييە موساهەمە ئيلتيزامی تێدا هەيە لەسەر تەعويزو ئەوانە، موساهەمە باشترە لە عەمەل، عەمەل كار دەكەيت دوايێ دەڵێی هين نەكرا، بەلاَم موساهەمە ئيلتيزامە بۆ بەشێك، زۆر پێشنياری تر كرا كە ئيزافە بكرێتن، يەك لەو پێشنيارانە، ئەركی لايەنی پەيوەنديداری حكومەت تەوعيەی جوتياران بكات، ئەوە پێشنيارێكی بە هەندە دەيخەمە بەردەم جەنابی وەزيرو هەردوو ليژنەكە، ئيستيسماری ئەرزی زراعی پێشنيار دەكات دەيەوێت بخرێتە ناو ئەوەكە، تەشجيعی ئيستيسمار، ئەوەی كاك جەمال باسی كرد، دانانی سدودی تورابی بۆ بوحەيراتی تەبيعی كاری باشن بخرێتە سەر ئەركی حكومەت، بۆ ئەوەی ئەم وشكە ساڵی عيلاج دەكاتن، هەم تەتويری زراعە دەكاتن، زۆر زياتر لە چەند ئەندامێك باسيان لە بووژاندنەوەی لادێ كرا و پشتگيری كردن لە گەڕاندنەوەی خەڵك بۆ لادێ، ئەمە خاڵێكی گرنگە، ئەگەر بكرێ بەتەنيا جێی بكرێتەوە لێرە لەبەر ئەوەی دوو، سێ كەس ئاماژەی پێكرد و صيغەيەكم نووسيوە: كاركردن بۆ بووژاندنەوەی لادێ و پشتگيری كردنی گەڕاندنەوەی خەڵك بۆ لادێيەكان لە جوتيار و فەلاح لە شارەوە بۆ لادێ بە پێی سياسەتێكی ستراتيژی بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتەكانی پەيوەنديدار، ئەمە لە هەموو وڵاتێكدا هەيە، چونكە هەموو وڵاتێك جگە لە ئەوەی وڵاتی ئێمە، جگە لە هيجرەی تەبيعی خۆی هەموو دێهاتمان وێران كرايە بە زۆر خەڵك هێنراوەتە شارەكان بۆ ئەوەی دێهاتمان چۆڵ بووە، دوو: دوو عاميلی گەورە هەيە لادێی ئێمەی چۆڵ كردووە، يەكێكيان سياسەتی حكومەتی بووە كە لادێی نەهێشتووە و وێرانی كردووە، ئەوی تريش بە حوكمی هەر تەبيعەتی موجتەمەعاتی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست هيجرە لە لادێوە بۆ شار هەيە، جا لەبەر ئەوە وەكو بەرنامە زۆر زەرووريە خاڵێكی تايبەت هەبێ لە هينەكە لە بۆ تەشجيعی ئەوەش تەبعەن بە تەنيا ناكرێ، دەبێ لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە بەو ئيعتيبارە هەر ئەوەندەنيە تۆ بە فەلاح بڵێی وەرە ئەوە پارەت دەدەمێ بچۆ بۆ دێيەكەی خۆت، دەبێ مەكتەبی هەبێ دەبێ جێگای باشی هەبێ خانووی هەبێ و هاريكاری بكرێت، تەنيا وەزارەتی كشتوكاڵ ناتوانێ بەوە هەستێت گرنگيدان بە كردنەوەی خولی تايبەت و ئەوانەی ناو و هەڵسانی وەزارەتی كشتوكاڵ بە ئەوەی كە كاك شێردڵ ئاماژەی پێكرد، ئيشراف لەسەر هەموو حقولی زراعی و تەوسيعيشی، ئەوانە دەيخەمە بەردەم جەنابی وەزير و هەردوو لێژنەكە، ئەگەر نا خودی ماددەكە كە هاتووە لە لايەن لێژنەی ياسايی پشتگيری لێكراوە تەنيا يەك دوو خاڵ نەبێت، فەرمووو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك سەردار ئیشارەتی بە نوقتەکی زۆر موهیمی دا بە ڕەئی من دەڵێ: على الجهات الرسمية او الحكومية المختصة ، لە بیدایەتی ماددەکە ئیزافە بکرێت، وا بزانم ئەوە شتەکی باشە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان رایان لەسەر بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

على الجهات الرسمية او الحكومية المختصة، کاك سەردار فەرقی چیە بۆمان تەوزیح بکە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الجهات المختصه ، فراوانە هەمووی دەگرێتەوە و قیتاعی خاصیش دەگرێتەوە، فەلاحیش دەگرێتەوە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نیە لەسەرەوە ئەرکەکانی فەلاح هاتیە لیرە بەس جیهاتی حکومیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بنووسە الجهات الحكوميه المختصه، جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەقصەدا مە على الجهات المختصه في الاقليم، نەخێر جیهاتی تریش دەگرێتەوە، غورفەت تیجارە، خۆ موئەسەسەیەکی حکومی نیە ، بەڵام عوزوە لە لێژنەی ئیقتیصادی لەگەڵ ئێمە ئیش دەکات و تەنسیقیش دەکات، جەمعیاتی فەلاحین و نیقابات بە تەصەوری من وا باشترە جیهاتی موختەصە لە ئیقلیم هەموو جیهاتێك دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونکرنەوەی جەنابی وەزیر مەنتیقی زۆر تێدایە منیش تەئیدی دەکەم، ڕەنگە لایەنی دەرەوەشی تێدا هەبێت و هاوکاری بکات و میزانیە تەرخان بکات، ئەویش جیهاتی موختەص دەبێت و حکومیش نیە و ڕەسمیش نیە، کەواتە صیغە ئەصڵیەکە باشترە، جهات المختصه باشترە، ئەو پێشنیارانەی کە کران من خوڵاصەم کرد، چ پێشنیارێکی ترم لە بیر کردووە تیکرار کرابێ نەك یەك کەس کردبێتی؟ ڕێگا وبان نووسیمە، بەڵام نەمگوت، انشاء و تطوير الطرق و المواصلات لتسهيل وصول المزارعين، ئەوەش پشتگیری کردنە لەگەڵ وەزارەتی تەختیت، لێرە وامان نووسیوە التعاون مع وزارة التخطيط و تطوير الطرق و المواصلات ، ئەوە ئاماژەیان پێکردووە ، ئیهتیمام دان بە ڕێگا و بان، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەصەور دەکەم ئەمە مەسەلەی ئاوەدان کردنەوەی گوند و مەسەلەی ڕێگاوبان ئەوە مەسائیلی تابیعی وەتەنیە و زۆر وەزارەت دەگرێتەوە و خاصەتەن وەزارەتی ئیعمار، من تەصەور دەکەم ئەمە تەخەصوصێکی

تایبەتیە ئێمە با تێکەڵاوی هەموو وەزارەت نەکەین، مەفروزە ئەگەر تێکەڵاو بکەین با وەزیرەکانی تریش لێرە بن و ئێمە موناقەشەی دەکەین، بە تەصەوری من ئەوە کیفایەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدت لەوە دایە ئێوە وەکو وەزارەتی تەختیت پەیوەندیتان لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان هەیە، وەزارەتی تەختیت ئەو وەزارەتەیە کە پێداویستی هەموو وەزارەتەکان دەخاتە بەردەم حکومەت و بەرنامەی بۆ دادەنێت، لێرە کە دەڵێین هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتی تەختیت، چونکە وەزارەتی تەختیت دێتە لای جەنابتان لە زیمنی داواکاری ئێوە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو، بۆ دە ساڵی داهاتوو دەڵێن ڕێگاوبانی لادێ زەعیفە پێویست دەکاتن و تەشجیعی زراعە بۆ ئەوانە فلان جێگاو فلان جێگا ڕێگایان نییە، مەزورعاتیان ناگاتن، بەروبوومی فلان شاخ ناگاتن، لەبەر ئەوەی هیچ سەیارەی پێدا ناچێتن، مەقصەد لەوە دایە، ئەوەی کە باس کرا مەبەستیان لەوە دابوو، چونکە زۆر جێگا هەیە مەسەلەن سێوی هەیە، یان ئینتاجی هەیە، بەلاَم ڕێگای نییە، بۆگەن دەبێتن کەڵکی نامێنێتن، لەبەر ئەوەی ڕێگاوبانی نییە ئاسان نییە بێتن، ئەگەر ئەو خالاَنەی کە ئاماژەم پێ کرد لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان هەموو شتی کاری باشن، ئەو هینەکە بیگەڕێنەوە موساهەمە، بەڵێ (الصناعه التكميليه) ئەویش بەڵێ، ئەو چوارەم/ (العمل على تعويض)، نەخێر (المساهمة على تعويض) بیگەڕێنەوە ئەسڵی پرۆژەی حکومەت باشەو ڕاسترە، چوارەمەکە موساهەمەکە ڕاسترە لە عەمەل، کەواتە ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریانەو پێشنیارانەی کە قبوڵ کران لە لای جەنابی وەزیرو پشتگیری کران لەلایەن هەردوو لیژنەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەمجارە تۆڵەمان کردەوە کاک ئیسماعیل، بەلاَم دەبوایە تۆ دەنگی بۆ نەدەیت مادام ئیعتیرازت کرد، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من گلەییم لە لیژنەی یاسایی هەیە، دەبوایە ئەوان پرسێك بە لیژنەی کشتوکاڵ بکەن، ئەگەر خاڵی یەکەم وەزارەتەکەیان تێخست، چونکە وەزارەتی تەختیت لەوێ موشارەکە لەوێش موشتەرەکە، مادام هەر دەبوایە بە هەمووی ماددەی دوو و ماددەی سێ ببێتە یەك ماددەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەرچەندە ڕۆیی و دەنگمان بۆدا، بەلاَم کاک بەڵێن لێرە دانیشتووە ڕەئی دەداتن زۆر فەرقی هەیە، ئەوەی ماددەی دووە هەرچەند کاک ئیسماعیل ئیعتیرازی گرت، ئەو کەلیمەیە زۆر زۆر زەروری بوو، چونکە چەند خاڵێك هەبوو ئەرکی وەزارەتی زراعە بوو، بەلاَم پەیوەندی هەبوو ئەرکی هاوولاَتیش بووە، ئەرکی فەلاحیش بوو، ئەو کەلیمەی لەوێ ئیزافە کرا، بۆ ئەوەی لێرەدا ئەرکەکانی هەموو حکومەتە، خەڵکی تریشە کە پەیوەندیان بە زراعەوە هەیە، بۆیە دەڵێین (الجهات المختصه) لێرە فەرقی هەیە، ببوورە بۆ

ماددەی دواتر تکایە، ئێستا پێویست دەکات بیخەینە دەنگدان، کاکە پێویست بە دەنگدان ناکات، ئەوە موافیقەو جەنابی وەزیری موافقە دەیخەینە دوو و سێ و ئەوانە، بەڵێی کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە ئەسڵەن زیادە بە کاملی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگمان بۆدا کاکە، چۆن زیادە؟ لوبی قانونەکەیە، ئەسڵی قانونەکەیە، کاکە دەیخەمە دەنگدانەوە، ماددەی سێ بچێتە جێگای ماددەی دوو، ماددەی دووش بێتە جێگای ماددەی سێ، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ بەیانی، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تا سبەی سەعات یازدە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 6\5\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (15)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2008/5/6

كاتـژمێر (11)ی سـه‌ر لـه‌ بـه‌یانی ڕۆژی سـێ شـه‌ممه ڕێكـه‌وتی 2008/5/6 ئه‌نجومـه‌نی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز عدنان ڕشاد مفـتی سـه‌رۆكی ئه‌نجومـه‌ن و, بـه‌ ئامـاده‌بوونی بـه‌ڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ ڕێكەوتی 2008/5/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1—بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستانەوە، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار، خولی دووەمی هەڵبژاردنی ساڵی سێیەمی لە 2008، خولی گرێدانی یەكەم ژمارەی دانیشتنی 15 لە 5/6 /2008 ، بەرنامەی كار بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، زۆر بەخێرهاتنی عبدالعزیز تەیب وەزیری كشتوكاڵ دەكەم، هەروەها كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، بەخێربێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ دەكەم بێن لێرە لەشوێنی خۆیان دابنیشن، دوێنێ 3 ماددەمان تەواو كرد، ئەمڕۆ لە ماددەی (4)ەوە دەست پێ دەكەین، بەڵام ئەگەر ئیجازەم بدەن رەخنەیەك لە خۆمان و رەخنەیەكیش لە ئێوەی بەڕێز دەگرم، ئەوەش بە عام ئەو رەخنەیە هەیە لە ئسلوبی ئیدارەی جەلسات، لە موناقەشاتەكان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە رەخنە هەیە، وەكو گوتمان رەخنەی بەجێ دەبێت ڕەچاوی بكەین و قەبوڵیشی بكەین، من لەلایەن خۆمەوە ئەگەر رەخنەكان ئاراستەی من بكرێت قەبوڵی دەكەم، ئەگەر ئاراستەی ئێوەش بكرێت قەبوڵی بكەن، بە مانای ئەوەی كە هەوڵ بدەین تیكراری نەكەینەوە، ئەوەشی لە ئیدارەی جەلساتە، بە من دەڵێن زۆر مرونەتم هەیە، ڕێگا دەدەم كە قسە تیكرار بێتەوە، ڕێگا دەدەم بە تەجاوزی كات، ڕاستە دەتوانم دیفاع لەوە بكەم، چونكە ئەگەر ئەو ڕێگایە نەدەم لە تەلەفزیۆنەكان و رۆژنامەكان دەڵێن سەرۆكایەتی ڕێگای پێ نەداین، مەسەلەكە مەسەلەیەكی زۆر گرنگە بە دوو دەقیقە ناتوانین تەعبیر لە رەئی خۆمان بكەین، ئەو رەخنانەش لە جەریدەكان دا دەبێتە مانشێت كە سەرۆكایەتی پەرلەمان ڕێگای نەدا قسە بكەین، ئەگەر ڕێگاشتان پێ بدەین خەلەل دەكەوێتە ناو جەلسەو كاتێكی زۆر بەهەدەر دەڕوات، چونكە قسەكان زۆری تیكرارە، جا باشترین شت ئەوەیە لە هەمواركرنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هەندێك شتی تازە بێنین، بۆ ئەوەی هەم ئێمە ئیلتیزامی پێوە بكەین و هەم ئێوەش ئیلتیزامی پێوە بكەن، تا دەگاتە ئەوكاتەی پەیڕەوی ناوخۆ

زیاتر سیستەمێك دادەنێت بۆ ئیدارەكردنی جەلسات، ئەوەی كە ئەو تەسریحاتانەی داوە پێ دەكەنێت و دەزانێت مەبەستم ئەوە، هەر جەنابت نیت زۆری تریش هەن، جا من بە حەقیقەت جوابم ئەوە بووە كە ئەندامی پەرلەمان فەرمانبەر نیە، ئەندامی پەرلەمان، وەكو سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێرەكەی هەمان حقوق و حەسانەی هەیە، هەمان رێزی هەیە، هەروەها هەمان كەسە كە گەل دەنگی پێ داوە، بۆیە رەئیس و مەرئوس نین، تاوەكو مودیر عامێك بێت و بەدڵم نەبێت پێی بڵێم برۆ ماڵی خۆت یان نەقلی شوێنێكی تری بكەم، ئەو قسەیە دەكەم بۆ ئەوە نیە لە فەرمانبەریەتی كەم بكرێتەوە، بەلام سیستەمی ئێمە وایە، تەنها بۆ ئەوەمە كە خەڵك تێ بگات كە مرونەتێكم دەبێت بۆچیە؟ چونكە ئەوە قانون ئەو حەقەی داوە پێی، بەلام ئێوەش دەبێت هاوكاری سەرۆكایەتی بن كە ئەو رەخنانە لەسەرمان كەم ببێتەوە و نە من ئیتیهام بكرێم بە مرونەت و بە زەبت نەكردنی جەلسە لە هەندێك حاڵەت دا، نە ئێوەش ئیتیهام بكرێن بە تیكرار كردنەوەی قسەكان، چونكە زیاد لە لزوم موداخەلاتتان هەیە، بۆیە ئومێد دەكەم ئەمرۆ رەچاوی ئەوە بكەن، ئەم پرۆژەیە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە، پێش ئەوەی بگاتە لای ئێوە بخرێتە ناو موناقەشە، هەردوو لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ چەندین دانیشتنیان كردووە و بانگهێشتی وەزیری كشتوكاڵیان كردووە و قسەیان لەگەڵ كردووەو راپۆرتەكەشیان بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنە بووە، واتە ژمارەیەكی زۆری پسپۆر لە بواری یاسایی و بواری كشتوكاڵی، ئەوان مەسەلەكە تێ دەگەن و رێككەوتوون لەسەر ئەم مەوزوعە، جەنابی وەزیریش موافەقەتی كردووە لەبەر رۆشنایی كۆبوونەوەكان، بۆیە تكام وایە كە موداخەلە دەكرێت شتێكی جەوهەری ئەگەر هەبێت بۆ گۆڕانكاری یان هەڵەیەك هەستی پێ بكەن باسی بكەن، نەك بۆ نموونە تیكراری عەینی جوملە بێت كە دوێنێ كراوە یاخود عەینی قسە بێت كە لە ماددەكانی پێشوودا هاتووە، زۆر سوپاستان دەكەم، داوای لێبوردنیش دەكەم كە لە كاتم گرتن، كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كۆبوونەوەی دوێنێ 3 ماددە لە یاساكە پەسەند كرا، ئێستاش باسی ماددەی 4 دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە فەرموو ماددەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 4: پارێزگار دوای وەرگرتنی رای بەرێوبەرایەتی كشتوكاڵ لە پارێزگادا، ئەو لایەن و فەرمانگانە دەست نیشان دەكات كە بەرپرس دەبن لە پشكنینی كێڵگەو پرۆژە كشتوكاڵیەكان و لیژنەكانی تایبەت بە

چاودێری کردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنێت، بە پێی چەند ڕێنماییەك کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێم دا دەری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 4: یتولى المحافظ بعد استشارة المدیریة العامة للزراعة فی المحافظة تعیین الجهات والدوائر المسؤولة عن تفتیش الحقول والمشاریع الزراعیة وتشکیل اللجان الخاصة لمراقبة تنفیذ احکام هذا القانون وفقا لتعلیمات تصدرها وزارة الزراعة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ گۆڕانکاری لەسەر نەکراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: کەواتە وەکو گوتم لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ پشتگیریان لە ماددەکە کردووە، بۆیە لە کاك کریمەوە دەست پێ دەکەین، بەڵام هەندێك جار دەڵێن قسەکان با نەیبات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە پێموایە ناکۆکە لەگەڵ مەسەلەی لامەرکەزیەت، ئێمە ئەنجومەنی پارێزگامان هەیە، ئەنجومەنی پارێزگاش لیژنەی هەیە، لەوانە لیژنەی زراعی، کە ئەو لیژنەیە دەتوانێت مەسەلەی تەفتیش و حقول و مەشاریعی زراعی پێی هەستێت، نەك لیژنەی دیکە کە لەلایەن پارێزگارەوە بێت و ئەو مەهامە بدرێت بە محافز، بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە بگوترێت من پێشنیارێکم هەیە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە ( تتولى اللجنة المختصة بالزراعة في مجلس المحافظة تفتیش الحقول والمشاریع الزراعیة في المحافظة، والتعلیمات الزراعیة التی تصدرها وزارة الزراعة فی الاقلیم)، یەعنی بەو شێوەیەی لێ بێت، نەك ئەوەی مەهامەکە بدرێتە پارێزگار، کە ئەوە دەلالەت لە مەرکەزیەت دەکات نەك لە لامەرکەزی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاپۆرتەکەشت ئیمزا کردووە و ڕەخنەش دەگری، باشە کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەرچەندە هەردوو لیژنە موتەفقن لەگەڵ جەنابی وەزیریش، بەڵام زۆرجار پێشنیاری نوێ لەوانەیە لە قاعەدا بێتە پێش دەبێتە مایەی ئەوەی کە یاساکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت، بەهەرحاڵ ماددەی 4 زۆر روون نیە لەلای من، یەکەم: لێرەدا سەلاحیات دەدرێتە محافز، دووەم: محافز ئیستیشارەی مودیری عامی زراعە دەکات، سێیەم: محافز هەڵدەستێت بە تەعینی جیهات کە بەرپرسن لە پشکنینی کێڵگەو پرۆژە کشتوکاڵیەکان، ماددەی 4 رەئی من سەیرە خۆی ئەوە لە سولبی وەزارەتی زراعەیە (وفقا لتعليمات تصدرها وزراة الزراعة) یەعنی بە رەئی من ئەوە زۆر مەفهوم نیە، ئەو سەلاحیاتەی کە لەو قانونە هاتووە وەکو باسم کرد لە سولبی مەهامی وەزارەی زراعەیە، بە رەئی من ماددەکە وا دابڕێژین، یەعنی لەگەڵ ئەوەی بە لامەرکەزیەت تێی گەیشتووین، هەندێك سەلاحیات بدرێتە ئەنجومەنی محافەزەو محافز، بەڵام با وەزارەت و جەنابی وەزیر تەحدیدی ئەوە بکەن، من پێشنیاری سیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە دەکەم (يقوم وزير الزراعة باصدار التعليمات اللازمة بتحديد الجهات والدوائر المسؤولة عن تفتيش الحقول والمشاريع الزراعية، وتشكيل اللجان الخاصة لتنفيذ احكام هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، بۆ ئەوەی کات نەکوژین ئایا ئەو ماددەیە زیاد نیە؟

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەوە بەخۆی تەحسیل حاسلە، یەعنی پارێزگار نوێنەری وەزیرە لە مەوقعی خۆی، یەعنی ئەو تەمسیلی وەزیر دەکات بە پێی قانون، یەعنی تۆ ئەمە دانێی و دانەنێی هەر واجبی محافزە موتابەعەی ئەوە بکات، لەبەرئەوە من تەسەور دەکەم کە ئەمەمان داناوە (تحديدا) مان زەق کردووەتەوە، بۆ ئەوەیە کە باشتر تەرکیزی لەسەر بکرێت، من لەگەڵ ئەوەم کە بمێنێتەوە وەکو خۆی، چونکە ئەمە سولبی موهیمەی مەحافزە و لەگەڵ مەبدەئی لامەرکەزیەت دەگونجێت، ئەگەر هەموو شت لەدەستی وەزیر بێت مانای وایە هەر نەفسی شتە، من تەسەور دەکەم ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن تەجاوز دەکات لەسەر قانونی محافەزە، لە لیژنەی زراعی لە محافەزات ئەو بەخۆی ئەرکی وایەو دەتوانێت وەکو لیژنەی زراعی بێت لە پەرلەمان، ئێستا بۆیە لیژنەی زراعی هەیە کە ئەگەر بچێت تەفتیشی هەر شوێنێك بکات خەلەل بدۆزێتەوە، لیژنەی محافەزەش دەتوانێت بچێت تەفتیشی بکات و خەلەلی تێدا بدۆزێتەوە و بیداتە وەزیرو بیداتە مەحافزیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان هەر چیم گوت مادام قسەی دەکەن، هەر چیم گوت کە سۆزان خان لێرە نەبوو پێی بڵێ، کاك سعدالدین:

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کە دەڵێت (يتولى المحافظ) لە ئیستیشارەی مدیریەتی عامە لە زراعە، پێشتر مەجلسێکی زراعی هەبوو لە هەر محافەزەیەك و لەهەر نەواحیەك، ئیشی ئەو مەجلسە زراعیەی کێ و کێ تێیدا بەشداربوون؟ محافز، مودیری عام، مودیری بەلەدیەی، لەگەڵ شئونی قانونی، ئەوانە ئیشیان تەفتیش و کێشەی زراعیان حەل دەکرد، لەپاشان کە ئەو مەجلسە زراعیە نەما کە زۆر باشتر بوو ئەگەر بمابا، چونکە زۆر جاری وا هەبووە یەك لەو کێشانەی کە زەمەنی بەرەی کوردستانی و پێشتریش کە کێشەی زراعی هەبوو، ئەو کێشە زراعیە کە حکومەتی عیراقی کە خەتەکەی چۆل کرد، زۆر کەسی دیکە هەبوو بەناوی دیکە هەستا چوو ئەو زەویانەی هەمووی بەناوی خۆی کرد، کە دەچووە مەحاکم لەوێ دەیگوت من تاپۆم هەیە، فەلاحی قوڕ بەسەریش لەو گۆرە دەماوە، یەعنی ئێستاش هەندێك کێشە هەیە بە هەڵپەسێوراوی هەر ماوە، کابرای ئەوەی کە زەویەکانی بەناو کراوە دەچووە مەحکەمەو مەحکەمەش حەقی دەدا ئەو کەسەی کە زەویەکەی بەناوە، کە ئەو مەجلسە زراعیە نەما، ئەو ئەشکالیەتەی دروست کرد، جا ئێستا کە  بوونی محافز لێرە لەو مەنزورەیە کە ماوەتەوە لەو قانونەی دا،  کە کێشەکان بەو شکلەو بەو شێوازەی دەچێتەوە لای ئەو بە ئیعتیباری ئەوەی کە ئەو رەئیسی وەحدەی ئیداریە، جا من وەکو پێشنیارێك ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر دەکەم، چونکە قانونی زراعە قانونێکی موختەلفە لەگەڵ قانونی مەحاکم، کە ئەو مەجلسە زراعیە بێتەوە وجود هەم  مەحافزیش سەرپەرشتی دەکات و هەم حەلی ئەو کێشانەشی تێدا دەکرێت، لەگەڵ رێزم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەبەرئەوەی لە ماددەی 12 ئیشارەت بەوە دراوە کە جەنابی وەزیر تەعلیمات دەربکات بۆ تەنفیزی ئەم قانونە، بە نیسبەت جیهەی پەیوەندداریش لەبۆ موراقەبە ( المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية) ئەو مودیریە قائیمە لە وەزارەت، ئەو مودیریەتە لیجانی تایبەتی هەیە، تەفتیشی حقول دەکەن، مەنحی ئیجازات دەکەن، هەتا موختەبەریش عایدی ئەوانە لە هەر پارێزگایەکیش مودیریەتێکیان هەیە ئەوانە کە ئیشرافی سەر ئەو حقولانە دەکەن، ئەوجا بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بە کاملی لابەردرێت، چونکە مانەوەی هیچ سودێکی نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کریم قسەیەکی کرد، باسی لە مەرکەزیەتی کرد، کە من سەد لە سەد لەگەڵ ئەوەم، ڕاستە لێرە جەنابی وەزیر سەلاحیات دەداتە پارێزگار، یەعنی دەسەڵات دابەش دەکات، بەڵام لەبەرامبەر دا کە دەسەڵاتی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا زیاد دەکرێت، کە ئێمە ئەنجومەنی پارێزگا بە یاسایەکی تایبەت هەڵبژاردن دەکات و دەسەڵاتی خۆیان هەیە، ئەوە یەکەمیان، دووەمیان هیچ پێویست ناکات (ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە) من تەئیدی ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە بمێنێت، چونکە وەزیر هەموو کاتێك بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بۆ ئیش و کارەکانی وەزارەت، چونکە ڕێنماییەکە لە دەسەڵاتی خۆیەتی، لێرەش هاتووە جگە لە دەسەڵاتی وەزیر کە لە یاسای وەزارەت پێی دراوە، لێرەش جارێکی دیکە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، پێویست ناکات، بەڵام ئەگەر هەر پێویست بکات، لێرە دەسەڵات دەدەینە پارێزگار، بەڵام لەسەر حیسابی ئەنجومەنی پارێزگا، لەبەر ئەوە من پێموایە پێچەوانەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من خاڵێکم هەیە نازانم تا چەند خارجی ئەو خاڵەشە، بەڵام هەر لە زمنی مەشروعەکەیە، مەشروعەکە جێگەی دەست خۆشیە و تێروتەسەلە لەبواری گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی دا، بەڵام خاڵێك هەیە من دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش لەسەر کۆمەڵێك مەعلوماتی وەکو (ڕوپێو کردن) کە خاڵی لێکۆڵینەوەیە و دروست کردنی ناوەندی لێکۆڵینەوەیە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ، ئەگەر بێتو ئەوە زیاتر پشتگیری بکرێت لەو بوارانە، بۆ نموونە ڕووپێوێك کراوە لەسەر مەنتیقەی گەرمیان بەشێوەیەکی عام وشکەساڵیەکە لەوێوە دەستی پێ کردووە، کەرتی کشتوکاڵی و ئەوەی ئاژەڵ و ئەوانە زیاتر لەوێ بەخۆیەوە بینیوە، لێرە ئاستی دائیرەی ئاو لەسەر ئاستی کشتوکاڵی، لەسەر ئاستی بەیتەری، کە ناوەندی گەرمیان کردوویانە، بۆ نموونە دەڵێت ڕێژەی ئاو لە ئەم ساڵ 70٪ لەو سنوورە کەمی کردووە، هەروەها سەرچاوەی خۆراکی ئاژەڵی 95٪ ی ناتەواوەو کەمی کردووە، هەروەها 85٪ دەغڵ و دان فەوتاوەو نەهاتووەتە بەرهەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی کاك سەردارم، بەڵام بە زیادەکردنی بڕگەیەك کەوا بەهاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، لەگەڵ پارێزگاکان، چونکە وەزارەتی کشتوکاڵ لایەنی پەیوەنداری سەرەکیە، ئەو دەتوانێت ئەو خەڵکانە دەست نیشان بکات بۆ شێوەی چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جعفر فەرموو.**

**بەڕێز جعفرمصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم ماددەکە بگۆڕدرێت بۆ ئەم شێوەیە، چونکە تەنیا ئەنجومەنی هەڵبژێردراو لە مەرکەزی پارێزگا هەیە، لە قەزاو ناحیەکان نیە، بەو جۆرە بنووسرێتەوە و تەعدیلێکی بکرێت باشتر دەبێت، ( پارێزگار و بەرپرسەکان و ئیداریەکان، کە مەبەستم قایمە قام و مودیری ناحیەکانە، لەبەرئەوەی بەرپرسن لە هەموو ئەو لیژنانەی کە لە سنووری دا دروست دەکرێت، ئەوان مەسئولی یەکەمن و بەپرسن و چاودێری هەموو پشکنینەکان دەکەن، کە زیان بە بەروبومی کشتوکاڵی بگەیەنێت بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بەرێوبەری گشتی کشتوکاڵ لە قەزاو ناحیەکاندا، چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لێرەدا دەردەکەوێت)، چونکە ئەوە جەنابی وەزیر دەیزانێت، ئێستا بەرێوبەرایەتی گشتی لە قەزاو ناحیەکانیش هەیە، لەبەرئەوە قەزاو ناحیەکانی با بۆ زیاد نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بە پێی قانون ئەگەر نەشنووسرێت، ئەوە پارێزگار مەسئولە کە بەو ئیشە هەڵبستێت، واجبی ئەوە ئیشراف لەسەر هەمووسنووری خۆی بکات، ئەگەر ماددەکە تەماشا بکەین، من پێموایە رەغمی ئەوەی ئیعتزازاتی لەسەرە، باش سیاغە کراوە، چونکە کە دەڵێت: (یتولى المحافظ ) لەگەڵ بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵ، پارێزگار ئەو لایەنانە دەست نیشان دەکات کەمەسئولن لە تەفتیش بە تەئکید لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا، لیژنەی تەفتیش هەیە، لیژنەی زراعی هەیە، ڕەنگە ئەوان دەوریان هەبێت، ئەوەی تریش کە دەڵێت ( لمراقبة تنفيذ أحكام هذا القانون وفقا لتعليمات وزارة الزراعة) دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی زراعە، نازانم لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر ئەو مولاحەزاتانەی کە دران هیچ ڕەئیەکتان هەیە لەسەری؟ فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جەنابی وەزیر تەوزیحەکی باشی دا دەڵێت مەبەست لەو ماددەیە زیاتر تەئکید کردنە لەسەر ئیشەکان، وە هیچ تەناقوزیش ناکات لەگەڵ قانونی محافەزات کە هێشتا قانونی محافەزاتمان دەرنەکردووە لە کوردستان، بەڵام عمومەن ئەو قانونەی کە ئێستا بەرکارە تەناقوزی لەگەڵ دانیە، ئێمەش لە لیژنەی هاوبەش وابزانم هەموو موتەفقن لەسەر ئەوەی کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، **زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکانتان شتێکی جەوهەری نەبوون بەڕاستی، کەلیمات و گۆڕینی وشەکان، ئەوەی کاک رشاد گوتی ئیلغابکرێت، ئەویش جەنابی وەزیر موسیر بوو لەسەر ئەوەی کە بمێنێتەوە، من خۆم هینەکەی ئینسیحاب دەکەمەوە کە گوتم زیادە، یەك کەس داوای ئیلغای کرووە، بۆیە نایخەمە دەنگدانەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی محافز لە ناو حدودی محافەزەکەی خۆی تەمسیل و تەنفیزی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات،ئەو خاڵەی لێرەش نووسراوە بەڕاستی ئەو دەزگایەی کە تەمسیلی سیاسەتی حکومەت دەکات و وەزارەتی زراعەش جیهەتێکی تەنفیزیە، زۆر ئیعتیادیە لە وەزارەتی زراعە بۆ ئەوەی ئەحکامی ئەو قانونە جێ بەجێ بکرێت، زۆر زۆر تەنها مراقەبەکە هەڵبگیردرێت، بە قەناعەتی من هیچ تەعاروزێکیش ناکات لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من مراقەبەکە دەبێت بمێنێتەوە، چونکە لە پرۆژەی قانونی محافەزات بۆیان هەیە ئەنجومەن مراقەبەی دەوائیر بکات بە تایبەتمەندی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی محافەزە جیهەتی تەنفیزی نیە، پەرلەمانێکی بچووکە، ئەو فەقەرەیە تەواو بۆ تەنفیزی ئەو قانونەیە، یەعنی لەبەرئەوە دەسەڵاتی محافز دەبێت زەق بکرێتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندی بە لیژنەی ئەنجومەنی محافەزەوە نیە، محافەزە جیهەتی تەنفیزی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر من پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر دوو، سێ جوملەی لێی لاببردرێت، (يتولى المحافظ بعد استشارة المديرية العامة للزراعة، تشكيل اللجان الخاصة لمراقبة تنفيذ أحكام هذا القانون وفقا لتعليمات تصدرها وزارة الزراعة في الاقليم)، ئەوەندە بەسە ( أو تعيين الجهات) ئەوە لابدرێت، ئەوە تۆزێك تەعقیداتەكەی لەسەر لادەبات، فەرقی نیە (لمتابعة تنفيذ هذا القانون)، باشە جەنابی وەزیر موافقە، دەیخوێنمەوە عەرەبیەكەی (يتولى المحافظ بعداستشارة المديرية العامة للزراعة في المحافظة تشكيل اللجان الخاصة لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون وفقا لتعليمات تصدرها وزارة الزراعة في الاقليم) .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئەو ماددەیە كەهاتووە، تەنها وەزارەتی زراعە مەسئول نیە، لە تەفتیشی حقولەكان، لەگەڵ موحافیز ، بەڵكو دەوائیری تریش هەیە، وەكو صەحە ئەوانیش مەسئولن تێیدا، لەبەر ئەوە موراقەبەكە بمێنێت، بەڕەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە كە تۆ ئەڵێیت موحافیز خۆ خەڵكی تری لێ مەنع ئەكەیت، ئەوانیش مەسئولیەتیان هەیە، جێبەجێی ئەكەن، قانون ڕێگای داونەتێ، دەسەڵاتی داونەتێ، وەزارەتی صەحە دەسەڵاتی هەیە، بەپێی قانون بچێتە هەر شوێنێك كە عیلاقەی بەتەندروستی خەڵكە وە هەبێت، كەلێرە نەینووسین مەعنای وانیە لێمان قەتع كردووە، ئەویش حەقی خۆیەتی، ناوخۆش بزانێت شتێك هەیە، كە پەیوەندی بەناوخۆوە هەیە، حەقی خۆیەتی بچێت، بەڵام لێرەدا جیهەتی تەنفیزی موحافیزە، ئەوە مەسئولیەت ئەخەیتە بەردەستی بۆ ئەوەی لەگەڵ مودیرییەی عامە لەبەر ڕۆشنایی تەعلیماتی وەزارەتی زراعە، موراقەبەی جێبەجێكردنی بكات، وەكو سەرۆكی هەیئەی ئیداری محافەزەكە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو وتم موراقەبەی تەنفیزی تەعلیمات و جێبەجێ كردن وحقول، موتابەعەكردنی صوڵبی لیژانی موختەصە لە مەجلسی موحافەزە، ئیشی ئەوە نیە كە لیژانی تر تەشكیل بكرێت لەلایەن موحافیزەوە، ئەو كاتە تەداخول دروست ئەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت ڕوونكردنەوەی هەیە، بۆ تۆ فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم: ئەو ماددەیە هیچ عیلاقەتی بە مەركەزیەت و لامەركەزیەت نیە، بەڕاستی، دوو: تۆ صەلاحیەتێك بە موحافز بدەیت، لیژان تەشكیل بكات، صەڵاحیەتی تەشكیلی لیژانی هەیە، سێ: مەعنای ئەوە نیە، هەركە صەلاحیەتت بە موحافز دا، حەقی ئەتراف ترت حەصر كرد لەگەڵی، پەرلەمان لیژانی خۆی هەیە، سوڵتەی تەنفیزیش لیژانی خۆی هەیە، كە مەهامی ریقابی هەیە، چوار: تۆ چەند ئەترافەكانی موراقەبە و موتابەعە زیاد بكەیت، باشترە، ئەمە مسۆگەركردنی تەنفیزی قانون ئەكەن، نوقتەی تریش هەیە، هەر سەرۆك یەكەیەكی ئیداری نەك موحافز بەتەنها، یەكێك لە موهیمەكانی سەرەكی ئەوەیە، موتابەعە كردنی تەنفیزی قانون وتەعلیماتە، سەرۆكی یەكەی ئیداری بە حوكمی عەمەلی خۆی، تەمسیلی سوڵتەی نەنفیزی ئەكات، لە ناوچەی خۆی، مەعنای ئەوە نیە كەصەلاحیەتێكت پێدا، یەعنی حەجبی ئەو صەلاحیەتەت لە جیهاتی تر كرد، بەس من تەئیدی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئەكەم، تەعینی جیهات و دەوائیری مەسئول، یەعنی( تعین الجهات والدوائر المسؤولة عن تفتیش الحقول والمشاریع الزراعیة)، لێرە جوان هاتووە، محافز نابێت، بێت دائیرەیەكی تازە دابنێت، بڵێت برۆ تەفتیشی فلان شت بكە، حەقی هەیە لیژان دروست بكات، چونكە صەڵاحیەتی دەوائیری تر، موحەدەدن بەقانون، محافز ناتوانێت كەمی بكات یان زیادی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام لیژنەی یاسایی و لیژنەی كشتوكاڵیش و جەنابی وەزیر موافق بوون، ئەو جوملەیە لادەبەین و دەیخەمە دەنگدانەوە، (یتولى المحافظ بعد استشارة المدیریة العامة للزراعة، تشكیل اللجان الخاصة لمراقبة ومتابعة تنفیذ أحكام هذا القانون وفقا لتعلیمات تصدرها وزارة الزراعة فی الاقلیم)، هەمووتان عەرەبیەكەی تێ دەگەن، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 5 كەس لەگەڵ دانیە، باشە بەزۆرینەی دەنگ قەبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر فەرموو مامۆستا كاكە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 5:

پێویستە لەسەر كارگەو سنعەتگایەكان، ئەوانەی بەروبومی كشتوكاڵی وەك كەرستەی خاو لە سنعەتی كشتوكاڵی دا بەكاردەهێنن، كەرستەی خۆجێیی ئەگەر پەیدا بێت بەكاربهێنن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مادە 5:**

**يتوجب على المعامل والمصانع التى تعتمد على المنتوجات الزراعيه كماده اوليه فى التصنيع الزراعى ان تستخدم منتوجات محليه عند توفرها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەکەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك سەردار بە تەنیا رەئی هەیە.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو ماددەیە ماددەیەکی زیادەیە، لەگەڵ بنەماکانی بازاڕی ئازاد ناگونجێت، تۆ ناتوانی فەرزی هیچ لایەنێك و هیچ کەسێك بکەی مەواد لە شوێنێك بکڕن، لەبەرئەوەی لە ماددەی 13 لە ئەسڵی مەشروع لە ماددەی 10 راپۆرتی موشتەرەك هاتووە دەڵێت ( يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنة................في تلك العقوبتين كل من يخالف أحكام هذا القانون) واتە ئەگەر بێتو شتی مەحەلی نەکڕێت ئەو مەعاملە سجنیش دەکرێت، ئێمە باشتر وایە ئەتۆ زەرائیب و گەمارۆ زیادبکەی لەسەر مەنتوجاتی ئەجنەبی، ئەو ماددەی 11ی موقتەرەحەکەی کاك عونی دوێنێ باسی کرد، کە وەزیر بۆی هەیە رسومی گومرگی زیاد بکات لەسەر مەنتوجاتی ئەجنەبی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە لابرردرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵڵاهی کاکە من بە تەواوی دژی ئەو رەئیەی تۆم، حیمایەی مەنتوجاتی وەتەنی چۆن دەکرێت ئەگەر شتێکی وانەکەی، کاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشنیار دەکەم زۆر زۆر ئەهمیەت بەو جانبە بدرێت کە ئێمە بەرهەمی خۆماڵی بەکاربێنین لە کارگەکان، داوا لە وەزیری زراعە دەکەم کە داوا بکات لە وەزیری پلاندانان لە پلانی ساڵی داهاتوو مەعمەل شەکر دابنێت لە پلانی خۆمان، بۆ ئەوەی..... .**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نیه کاك رشاد؟ باشه فکرەکەت گەیشت تەئیدت دەکەین. کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە وشەی (اصحاب) زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفورطاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ماددەیە دەبێتە هۆکارێك کە زیاتر جوتیار تەشجیع بکات موهتەم بێت بە ئینتاجی زراعی خۆی، لە هەمان کات زۆر لە وڵاتانی تری دونیا هەیە کە ئەولەویەت دەدرێتە کاڵای ناوخۆیی بۆ بەکارهێنان لەو پیشەسازیانەی کە مەوادی ئەوەلیت هەبێت لە وڵاتەکەدا، بۆیە کە تۆ کۆمەڵێك کارگەت هەبێت لەو وڵاتە، بۆ نموومە کارگەی لە فوتوونان بێت یان هەر کارگەیەکی دیکە بێت دەبێت ئەولەویەت بدەیە بەروبومی خۆمالی، بۆیە بەروبومی خۆماڵی بەو شێوەیە دەپارێزرێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی بەتەواوی پشتیوانی لە راوبۆچوونەکەی کاك سەردار دەکەم، حیمایەکردن و پاراستنی مەنتوجاتی وەتەنی بەوە دەپارێزرێت کە زەرائیب زیادبکرێت لەسەر مەنتوجاتی بێگانە، نەك بەوەی لێرە حوکمی بۆ دابنێیت بۆ مەنتوجاتی مەحەلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو رەئیەی کاك سەردارو کاك کریم کە بەتەنیا ئەو رەئیەیان هەیە کە دەڵێن پێویست ناکات و لەگەڵ بازاڕی ئازاد ناگونجێت، کێ موئەیدی ئەو دوو بەرێزەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ 5 کەس ، دەقی ماددەکە کە بەئیزافەکردنی وشەیەك کە محمد رفعت ئیزافەی کرد (یتوجب على اصحاب المعامل)، دەڵێ شەریکاتە عەینی مەعنا دەگەیەنێ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستی من لەگەڵ ئەوەم نەك هەر بمێنێت، کەلیمەی (ئەگەر هەبێت) بکرێتە بە پلەی سەرەکی بەرهەمەکانی خۆماڵی بەکاربهێندرێت، چونکە کەلیمەی (ئەگەر) حاڵەتێکە پشتگیری تەتویری ئینتاجی

ناوخۆیی ناکات، بەڕاستی مادام کەلیمەی پێویست هەیە، لە بیدایەتەوە دەبێت بە پلەی سەرەکی دابندرێت، هەتا ئەوەی خۆمان هەبێت هی تر بەکارنەهێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناوەند دەگرین، نە ڕێگای کاك سەردارو کاك کریم دەگرێن، نە لەگەڵ ڕەئی جەنابتین، وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ سێ کەس لەگەڵی دانین، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەکەی تر تکایە، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە کۆبوونەوەمان کرد ئەمڕۆ بەیانی، سەبارەت بە ماددەی 6 گەیشتینە ئەو قەناعەتەی فەقەرەی 1 و 3 لە ماددەکە ئیلغابکرێت، لەبەرئەوەی لە قانونی ژمارە 1ی ساڵی 2008ی یاسای ڕیکحستنی مافی دەستکاری زەوی و زاری کشتوکاڵی......... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نوقتەی نیزامیم هەیە لەسەر جەنابت، پێشەکی دەقی ماددەکە بخوێننەوە، ئەوجا ڕەئیەکە بڵێن، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم أبوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 6:

1 ـ ئەگەر جوتیار یان ئەو کەسەی زەویە کشتوکاڵیەکەی بەدەستەوەیە، هەر کارێکی نائاسایی کرد بە تایبەتیش ئەگەر گرێبەستی فرۆشتن و بەکرێ دانی بە نهێنی لە زەویەکە کردبێت، ئەوا زەویەکەی بە بێ بەرامبەر لێ دەسەندرێتەوەو دامەزراو و چێندراوی سەر زەویەکەش بە نرخی هەمان ڕۆژی هەڵکێشانەکە قەرەبوو دەکرێتەوە.

2 ـ ئەگەر جوتیار یان ئەو کەسەی زەویە کشتوکاڵیەکەی یان باخەکەی بەدەستەوەیە یان ئەو کەسەی بەرپرسە لە بەرێوەبردنی ملی نەدا بە بێ پاساوی بەجێ زەویەکە بکێڵێت و بچێنێت یان خزمەتی نەکرد ئەوا پارێزگار بۆی هەیە زەویەکە بسپێرێت بە بەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی چۆنی بە چاك دەزانێت ئاوا کشتوکاڵی لەسەر بکات و سوود لەبەروبومی و میوەو و شکەلی (احطاب) وەربگرێت، بە بێ ئەوەی خاوەنەکەی مافی داواکردنی کرێی هاوتای هەبێت، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی وەرزەکەدا بەڵێن بدات کە بەشێوەیەکی دروست زەویەکەی وەبەردێنێت و خزمەتی دەکات، ئەوا زەویەکەی دەدرێتەوە، ئەگەر بە وەرزی پاشتریش هەر گوێی پێ نەداو ملی نەدا ئەوا زەویەکەی لێ دەسەندرێتەوە بە بێ بەرامبەر.

3 ـ ئەوانەی کە بە پێی یاسا موکەلەفن ئەگەر پاڵیان دایەوەو هیچ پابەندبوونێکی خۆیان لە خزمەت کردنی زەویەکە یان باخەکە بەجێ نەهێنا، ئەوا فەرمانگە کشتوکاڵیە پەیوەندارەکان لە پارێزگاکەدا ئەو

کارە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەرك و خەرجیەکەش لە موکەلەفەکە دەسەندرێتەوەو ڕێژەی 40٪ یش سەرباری کارگێڕی دەخرێتە سەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة 6:

1 ـ اذا قام الفلاح أو المتصرف بالارض الزراعية بأي اجراء غير قانونى وخاصة عقود البيع والايجار من الباطن على ارضه فتسترد منه الارض دون مقابل وتعوض المنشات والغروسات المقامة عليها بقيمتها مستحقة القلع.

2 ـ اذا اهمل أو امتنع الفلاح أو المتصرف بالارض الزراعية أو المسؤول عن ادارتها عن حراثة الارض وزراعتها أو العناية بها دون عذر مشروع، فللمحافظ ان يعهد الى المديرية العامة للزراعة اتخاذ ما يلزم لزراعتها بالطريقة التى تراها مناسبة والتصرف بأثمارها واحطابها دون أن يكون لصاحبها المطالبة بأجر المثل وتعاد له الارض في نهاية الموسم عند تعهده بأستغلالها والعناية بها على الوجه الصحيح ، واذا طال الاهمال أو الامتناع للموسم التالى فيسترد منه الارض دون مقابل.

3 ـ اذا تقاعس المكلفون قانونا عن القيام بأى من التزاماتهم في رعاية الارض فتتولى الدوائر الزراعية ذات العلاقة في المحافظة القيام بذالك، وتستوفى التكاليف من المكلف قانونا مضافا اليها تحميلات ادارية بنسبة 40٪ منها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە کە راپۆرتەکەمان ئامادەکرد لە بەرواری 12/9/ 2007 یاسای ڕێکخستنی مافی دەستکاری زەوی و زاری کشتوکاڵی لە هەرێم دەرنەچوو بوو، پاش دەرچوونی کە لە 3/31/ 2008 لە پەرلەمان پەسەند کرا، مولاحەزەمان کرد، ئەمڕۆش کۆبوونەوەمان لەسەری کرد، بینیمان تەعاروزێکی تێدایە، لەبەرئەوە ئێمە وا ئیتیفاقمان کرد کە دوو فەقەرە لابچێت، واتەفەقەرەی 1 و 3 ، هەروەها جوملەی ئەخیری لە فەقەرەی 2 لابچێت، تاوەکو تەعاروز نەکات لەگەڵ قانونەکەی کە لە پەرلەمان تەسدیق کراوە، ئێستا من بەکاملی بۆتان دەخوێنمەوە، تاوەکو بۆتان وازح بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ با فەقەرەی 1 و 2 کە لاچوو لە تەعدیلی فەقەرەی هین ئەوە دیارە، ئەوکات بیخوێنەوە فەقەرەکە، لە ماددەی 6 سێ فەقەرەیە، وەکو لیژنەی یاسایی شەرحیان کرد، فەقەرەی 1 و 3 داوا دەکەن ئیلغابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی دوای دەرچوونی ئەو قانونەی کە ئاماژەت پێی کرد، ئەوە پێویست ناکات، چونکە تەعاروز دەکات، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە و جەنابی وەزیریش موافق بووە، کێ موافقە لابچێت دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ موافق نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەوە لاچوو ئێستا لە جیاتی دووەم دەبێتە ماددەیەك، ئەوجا ئەگەر لیژنەی قانونی هیچ تەعدیلاتێکتان هەیە بیڵێن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 6 پاش ئەوەی کە پەرلەمان پەسەندی کرد ئەو پێشنیارە.

المادة 6: اذا أهمل أو امتنع الفلاح والمتصرف بالارض الزراعية أو البستان أو المسؤول عن ادارتها عن حيراثة الارض وزراعتها أو العناية بها دون عذر مشروع، فللمحافظ ان يعهد الى المديرية العامة للزراعة لاتخاذ ما يلزم لزراعتها بالطريقة التى تراها مناسبة والتصرف بأثمارها واحطابها دون أن يكون لصاحبها المطالبة بأجر المثل وتعاد له الارض فى نهاية الموسم عند تعهده باستغلالها والعناية بها على الوجه الصحيح.

واتە جوملەی ئەخیریشمان لاداوە. (واذا طال الاهمال أو الامتناع للموسم التالى فيسترد منه الارض دون مقابل)، لەبەرئەوەی وەکو گوتمان تەعاروز دەکات لەگەڵ قانونی ڕێکخستنی مافی دەستکاری زەوی و زاری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

1 و 3 ئیلغاکرا بوو بە ماددەیەك، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من قسەیەکم هەیە ڕەنگە زۆر جار باسکراوە، لەوانەیە پەیوەندی  بە شێوەی زمانی یاساکەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە دارشتن و لەرووی ڕێزمانیەوە کەموکوڕی زۆری تێدایە، هەندێك کەلیمە کە داتاشراوە بە رەئی من لە هیچ شێوەزارێکی کوردی دا نیە، ئێمە  کەلیمەیەکی زۆر جوانمان هەیە کە جوتیارە بۆ ببێت بە فەلاح، یەعنی حەقە ئەوە بگۆڕین و بچینەوە سەر کەلیمە کوردیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ملاحەزەکەت زۆر ڕاستە، حەقە لە هەموو شوێنێك دا عەرەبیەکەی ئەگەر شتی زاراوەیی بێت چاك دەکرێت، دواتر پێش ئەوەی ئیمزا بکرێت خەڵکی پسپۆر هەیە، تا ئێستا کاك ئارێز ئیعترافمان پێ ناکات، بەڵام زۆر باشن دەتوانن باش ئەوانە چاك بکەنەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من داوای لێبوردن دەکەم کە ڕەئیەکی موخالفی جەنابتم هەیە، ئێستا جەلسەکانی پەرلەمانی کوردستان لە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە، لەبەرئەوە هەرچی زاراوەیەك بەکاربێنین زۆر تەئسیری دەبێت لەسەر خەڵکی ترو وای لێ دێت دەبێت بە نەریت، ئەگەر ئێمە زاراوە ڕاستەکان بەکاربێنین زۆر باشە، ئەگەر ئەو ماددەیە پاش چاك کردنەوەی کە جەنابتان دەیڵێن، من ئەوە دەکەمە پرسیارو لە لیژنەی یاسایی دەپرسم و هیوادارم وەڵامم بدرێتەوە، تۆ بە پێی ئەو یاسایەی کە دەرمان کردووە کە یاسای ڕێکخستنی زەوی و زارە، زۆری ئەوانە دەبن بە موڵك، ئایا ئەم شێوە تەسەروفە زەرەر نیە؟ یاخود لێدانی حەقی موڵکیەت نیە؟ تۆ کە دێیت لە یەکێك کە موڵکی خۆیەتی دەتوانێت ئەو ساڵ زراعەتی لێ ناکات، ساڵێکی تر دەیکات، بۆ نموونە ئەمساڵ ئیمکانیەتی نیە و ساڵێکی تر دەیکات، ئایا تۆ ئەم تەسەروفە بکەی لێدانی حەقی موڵکیەت نیە؟ ئەگەر وایەچۆن دەبێت دابندرێت، ئەگەر وانیە دەبێت شتێکی تر دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر فەقەرەی $2$، من پێم وایە کەلیمەی فەلاح لەوێدا زیادەیە،چونکە فەلاح و موتەسەرفی هێناوە، ئێمە لە قانونی تەنزیمی حقوقی تەسەروفی هەر بە موتەسەرف ناومان هێناوە، فەلاح سیفەیە و موتەسەرفیش بە گوێرەی قانونی پێشوو دەبێتە خاوەنی زەویەکەو تەسەروف دەکات لەو زەویە، پێویست ناکات ئەو کەلیمەیە لەوێدابێت، ئەمە یەك، خاڵی دووەم، ئەو بەشەی کە لابرا بە گوێرەی ڕەئی لیژنەی یاسایی، پێم وایە ئەوە بمێنێ باشترە، چونکە ئەوە موناقەزەی قانونی حقوقی تەسەروفیەکە دەکات لە فەقەرە $2$ لە ماددەی $1$ باسمان کردووەو دەڵێین بەشەرتی ئەوەی کەوا موتەسەرف، موستەفید بەردەوام بێت لەبەکارهێنانی زەویەکە، ئەگەر بەردەوام نەبێت کەواتە شروتەکانی خۆی تەحەقیق نەکردووە، جەنابی وەزیری زراعە بۆی نیە حەقی تەسەروفەکەی بداتێ، بۆیە من پێم وایە ئەو بەشەی خوارەوەی بمێنێت لەو فەقەرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئی خوشکە سۆزان دەکەم، ئێمە لە قانونی ڕابردوو زەویمان دا فەلاح و کردمانە موڵکی ئەو، بۆیە ئەو زەویە موڵکی ئەوە، حەقی ئەوەی هەیە کە بیفرۆشێت، دواتر ساڵێك دەیکات و ساڵێك نایکات حەقی خۆیەتی، چۆن تۆ دەتوانی لێی بسەنیەوەو ئەگەرساڵێکی تر مەوسمەکە موساعد بوو و چۆن بەڵێنی

دەدەی بیدەیتەوە، ئەوە موڵکی شەخسی خۆیەتی مومکینە زۆربەی ئەو زەویانەی کە ئێستا هەیە کە موڵکیەتی خەڵکێك رەغبەتی وایەو سەلاحەتیشمان داوەتێ کە بیفرۆشێت، بە رەئی من ئەوە تەناقوزێك دروست دەکات، چونکە حەقێکی دراوەتێ، ئەو ساڵە ئەگەر بە بێ عوزری مەشروع نەیکرد ساڵێکی دیکە ئەگەر تەعەهودی داو دووبارە بیدەیتەوە، پێم وایە ئەوەش تەناقوز دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم (مملوكة للدولة) ئەوە عەقد و عقودەکەیە، زیاتر عقودە، جەنابی وەزیر ئەوەی شەرح ناکەی ئەگەر زەحمەت نەبێت.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، نەخێر مەبەسمان عقود نیە، چونکە فعلەن بە پێی قانونی پێشوو عقودەکان نەمان، مەلکی سەرف یان حقوقی تەسەروفی پێ دەدەین، بەڵام دەوڵەت حەقی هەیە کە چۆن تەئمینی ئەمنی غەزائی دەکات، ئەمنی غەزائی مەفروزە هەتا ساحیب موڵکیش مادام زەوی زراعی هەیە دەبێت بیچێنێت بەبەردەوام هەموو ساڵێك، نابێت بە کەیفی خۆی سێ ساڵ و چوار ساڵ تەرکی بکات و شینایی نەکات، لەبەرئەوە من تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە ئەمە زۆر زەروریە بێتە تەسبیت کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەیەکم هەیە لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر، پێم خۆشە وەڵامی خوشکە سۆزان و مام خورشید بدەمەوە، لێرە لە فەقەرەی 1 و3 ئیستردادمان لادا، حەقی ئیستردادی نەما، واتە زیاتر تەئکیدی ئەو مەوزوعە دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو فەقەرەیە دەتوانم بڵێم عەمودی فەقەری قانونەکەیە، مانەوەی زۆر زەروریە لە پێشەوە نووسراوە ئەگەر مولاحەزە بکەی دەڵێت (دون عذر مشروع) یەعنی ئەگەر پاساوێکی نەبێت، جوتیار ئەگەر بە بێ پاساو و عوزرەکە مەشروعی نەبێت و زەویەکەی بەجێهێشت و نەیکرد، بە پێی ئەو فەقەرەیە لێی ناسەندرێتەوە، بەڵکو وەزارەتی زراعە موکەلەفە کە بەناوی بکات و هیچ حەقێکیشی ناداتێ، لێ سەندنەوەی زەوی بەگوێرەی ئەو فەقەرەیە نیە، بە گوێرەی یاسایەکەی ترە، ئەگەر 3 ساڵ لە دوای یەك پابەند نەبوو

به کێڵانی زەوی، ئەو کاتە وەزارەتی زراعە لێی دەسێنێتەوە، نەك بەگوێرەی ئەو بەندە، ئەو بەندە ئیلزامی دەکات بە چاندنی زەویەکە لە کاتێك ئەگەر پاساوێکی نەبوو، ئەو کاتە بە گوێرەی ئەو بەندە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت، لەبەرئەوە داوا دەکەم ئەو بەندە بمێنێت وەکو خۆی کە لە یاساکە هاتووە، چونکە بەندێکی بەقوەتی یاسایەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم گوتی خەمان خان ئەوەی لە بیدایەتەوە گوتم بە سۆزان خانی بڵێ، کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش لەگەڵ ئەو رەئیەی کوێستان خانم، نازانم بۆچی جوتیار بووە بە فەلاح، لە حەقیقەت دا پێشتریش باسی ئەوەم کرد کە باسی زمانی کوردی بکەین پێویستە لە موئەسەساتەکانەوە قسەی لەسەر بکەین، من پێم وایە ئەو فەقەرەیە زیادەیە، چونکە ئێمە لە یاسای دەستکاری زەوی دا باسی ئەوە کرا ئەگەر خاوەنی زەوی 3 وەرز زەویەکەی بەکار نەهێناو نەیکێڵا دەسەڵاتی وەرگرتنەوە هەیە لەو زەویەی کە زەویەکەی لەسەر تاپۆ دەکرێت، بۆیە لەوێ موعالەجەی ئەوە کراوە، لێرە پێویست ناکات جارێکی تر دووبارەی بکەینەوە، پێشتر رەئیم وابوو ئەو دوو فەقەرەیەی تریش زیادەیەو ئەمەش هەر زیادەیە، بۆیە لەوێ علاجی کراوە پێویست ناکات دووبارە بنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەکانی من برادەران کاك عونی و کاك بەلێن گوتیان، من پشتگیری لە قسەکانی ئەوان دەکەم، بە تایبەتی لەوەی کە لیژنەی یاسایی بڕگەی دووەمیان لاداوە، لە جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ یاساکەی تردا بگونجێت، ئەمە بە پێچەوانەوە پشتگیری کردنە لە هاندانی جوتیار بۆ ئەوەی ئەرزەکەی بکێڵێ و بەرهەمی هەبێت، ئەمە تەنها بۆ لێسەندنەوە نیە، بەڵکو بۆ هاندانە، لەگەڵ رێزم بۆ وشەی جوتیار کە وشەیەکی زۆر پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتم تەعلیق دەدەم لەسەر قسەکانی سۆزان خان، نەتانهێشت ئەگەر نا نەقسەی کاك جوتیار تیکرار دەبووەوە نە قسەی کاك د. ناصح، ئێمە لە کۆڕی زانیاری نین تاوەکو لێرە ئەو وشەیە بگۆڕین و ئەوە نەگۆڕین، مولاحەزەمان دا پێش ئەوەی قانونەکە دەربچێت ڕەچاوی ئەوە دەکات و چاکی دەکاتەوە، بەڵام لێرە ناکرێت بڵێین فلان وشە چاك بکەوە ئەوە وا لێ بکە، کاتێکی زۆرمان لە دەست دەچێت، بەڵام ئەو مەبدەئە ڕاستە کە جوتیار بنووسرێت و فەلاح نەنووسرێت، کە سۆزان خان گوتی مولاحەزەکەمان

وەرگرت، پێشمان گوتن بۆ ئەوەی چاکی بکەنەوە، تکایە تکراری مەکەنەوە، چونکە چەندین جار ئەوەمان گوتووە، دواتر لە جەریدە دەبێتە مانشێت و دەڵێن پەرلەمان بووەتە کۆڕی زانیاری، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو ماددەیە ماددەیەکی زیادەیە، پێشنیار دەکەم لابدرێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کام خورشید دەکەم، جارێ وشەی فەلاح زۆر بە فراوانی هاتووە، ئەوەی من تێی دەگەم فەلاح خاوەن موڵك دەگرێتەوەو عەقدیش دەگرێتەوە، حەقی تەسەروفیش خۆی هاتووە، جارێ لە ماددەکە دەڵێت ( اذا قام بأی اجراء غیر قانونی) ئیجرائاتەکە خۆی غەیری قانونیە، مەبدەئەکێکی قانونیمان هەیە دەڵێت ( کل مبنی علی الباطل باطل) یەعنی ئیجرائەکە ئەسڵەن پێی وەرناگیردرێت، ئەو ماددەیە پێم وایە دژی مەبادئی عەدالەتە و قودسیەی مولکیەیە، ئەگەر موڵك بوو خۆی حەقی تەمەتوعی بە موڵکی خۆی هەیە، ئەگەر گرێ بەستیش بێت هەرچەندە بووەتە موڵك، بەڵام بە پێی ئەو عەقدەی کە وەزارەتی زراعە لەگەڵ فەلاحەکەی جێ بە جێی دەکات، خاڵێکی تر من پێم وایە ئەو ئیلتیزامەی کە دەخرێتە سەر وەزارەتی زراعە کە بڵێن ئەو زەویەکەی دەکات، وەزراەتی زراعە پێم وایە ئەو ئیلتیزامەی پێ جێ بە جێ نابێت، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو ماددەیە لابچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونەکەی کاك عمر دەکەم، لەرووی یاساییەوە تەواوە، چونکە ئێمە بە پێی قانون، ئەوەمان گۆڕی، جوتیار نەماوەو فەلاح نەماوە، لەوەدا هەموو ئەسحابی حقوقی تەسەروفین بە پێی یاسا یان موڵکی سرفە، بۆیە من تەنها تێبینیم لەسەر ئەوەیە جارێکی تر ئەو یاسایە بەڕاستی بەرەو مەرکەزیەت دەبات، بۆ دەسەڵاتەکە دەداتە موحافز؟ بۆ نایدات بە ئەنجومەنی پارێزگا؟ نازانم سەبەبەکەی چیە؟ یەعنی ئەنجومەنی پارێزگا لیجانی تایبەتی هەیە با ئەو مەسەلەکە هەڵسەنگێنێت، ئایا ئەو جوتیارە کەمتەرخەمە یان کەمتەرخەم نیە؟ هەم پارێزگارو هەم لایەنە پەیوەندارەکان ئاگاداربکاتەوە کە فەلاح کەمتەرخەم بووە، بوونی ئەو ماددەیە من بە زەروری دەزانم کە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم ئەو مولاحەزەیەت تکرارە، لەبەر ئەوە من حەزدەکەم روونکردنەویەك بدەم لەسەر محافەزەو ئەنجومەنی محافەزە، پرۆژەیەکی قانونی کە لەبەردەممانە هێشتا تاوتوێی لەسەر دەکرێت و رەئی مەجلسی محافەزەش هەیە نازانم دەگاتە چی؟ بە پێی ئەو پرۆژەیە قانونێك دەردەچێت بۆ مەجلسی موحافەزە، محافز جیهەتێکی تەنفیزیە و ئەوانیش جیهەتێکی تەشریعی و مراقەبە دەبن لەسەر هینەکانی

خۆیان، ئەو قانونەی خۆیان تەنزیمی دەسەڵاتیان دەكات، ئەگەر محافز ئەو شتەی دێتە پێشی بە پێی قانونەكەی خۆی زانی ئیشی خۆیەتی و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی محافەزەیە دەیداتە ئەنجومەنی محافەزە، پێویست ناكات ئێمە لە هەموو شوێنێك بیڵێین، قەوانینی تر هەیە، خۆ ئەو قانونە جێگای هەموو قانونەكان ناگرێت، ئێستا كاك خورشید داوای ئیلغا دەكات، باشە فەموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من گوتم ئێستا عقود نەماوە، بووەتە موڵك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە فەرموو، سێ كەس داوای ئیلغایان كردووە، سۆزان خان و كاك جوتیار و كاك سەردار، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغابكرێت؟ سێ كەس دەنگی نەهێنا، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لەم میحوەرەوە قسەی دەكەم كە ئێستا دەنگی لەسەر درا، ئێمە تەملیكی عقودی فەلاحیمان كرد مانای ئەوە نیە فەلاح نەما، بە حوكمی عیلاقەی زراعی فەلاح هەر دەمێنێت، ئەو بەرێزانەی كە ئیشارەتیان بەوە دا حەزدەكەم تەعریفی فەلاحیان بۆ بكەم كە لە یاساكان داهاتووە (الفلاح كل شخص یعتمد الزراعة مهنة له ویقوم بالاعمال الزراعیة بنفسه لقاء حصة عینیة من الحاصل ویشمل هذا تعبیر فلاح البساتین)، ئەوە تەعریفی فەلاحە كە دوێنێش تەعریفمان كرد كە گوتم لە یاساكانی تردا هاتووە، پێویست ناكات لەو یاسایە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەكە یەك ملاحەزەی لەسەر هەیە كە كاك عمر هەیەتی، ئەویش ئەوەیە كە دەڵێن لە جوملەی ئەخیری هاتووە كە لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ لەگەڵ وەزیر ئیتیفاقیان كردووە كە لابردرێت، ئەوە پێم وایە زەروریە بمێنێت، حەزدەكەم جەنابی وەزیریش بۆ ئەو شتبەی روونكردنەوەیەك بدات كە بۆچی ئەو شەتبە هەبێت؟ پێم خۆشە جەنابی وەزیر زیاتر تەوزیح بدات.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەختێ ئەو مەشروعەمان تەقدیم كرد، لە مانگی 7ی ساڵی 2006 بوو، تەبعەن 3 تا 4 مانگ لە ئەنجومەنی وەزیران دواخرا، مەشروعی دووەم كە هی مەسەلەی عقودە دوای ئەوە هات، لەبەرئەوە پێشی ئەو مەشروعەی ئەمڕۆ بوو، لەبەرئەوە لابردرێت هیچ تەعاروزێك ناكات، چونكە كە تاپۆیان بۆی كردووە و حقوقی تەسەروفیان دایە، تۆ ناتوانی لێی بستێنیەوە كارەكانی تر، چونكە ئەو مەسەلەیە تەواو بووە، لەبەرئەوە من تەسەور دەكەم دەتوانێت وەزارەتی زراعە بۆ ساڵی سێیەمیش هەر بیچێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێویست ناكات زۆر موناقەشەی لەسەر بكەین، كاك عونی خۆت بیخوێنەوە بۆ ئەوەی رەدی هینەكەی بكەی، قانونێك هەیە دەڵێت ڕێگا دەگیردرێت لەوەی كە تۆ دەیڵێیت، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، ئەو قانونەو مەشروعەی كە لە حكومەت هاتووە، موقتەبەسە لە قانونی ژمارە 71 ساڵی 1978 ی عیراقی، گۆڕانكاری لەسەر كراوە كە بۆ ئەوەی ئەوە بگونجێت لەگەڵ زروفی كوردستان، ئەو گۆڕانكاریە كە ئێمە لە لیژنەی هاوبەش دیراسەمان كرد، بەڕاستی ئەو شتانەمان دیت لە پرۆژەكە شتی زۆر باشی تێدابوو، بەو شێوەیەی كە پەرلەمان دوو ڕۆژە موناقەشەی لەسەر دەكات، كە لە ئەنجامی موناقەشەكەی برادەران ئەوەیان تەرح كرد كە بە عقودی زراعی ماوە یان نەماوە یان خاوەن زەوی بووە یان نەبووە، ئەمانە هەمووی تەبیعی لە قانونی پێشوو كە پەرلەمان تەسدیقی كرد لە ژمارە 1ی ساڵی 2008 زۆر لەو كێشانەی موعالەجە كردووە، ئەو كەسانەی كە 3 ساڵ زەویەكەی ئیستغلال دەكەن بە گوێرەی قانونی نوێ دەبنە ساحیبی موڵك ئەگەر ئیستغلالەكەیان زراعی تەواو بوو، لەگەڵ ئەوەش دا برادەران ئاماژەیان بەوە كرد كە فەلاح كێیەو موتەسەرف كێیەو لە قانونی 117 ساڵی 1970 عیراقی كە ئێستا بەركارە لە كوردستان تەعریفەكان بە وازحی دیارە وەكو كاك شێروان ئیشارەی پێدا، واتە لێرە هیچ كێشەیەكمان نیە، دەمێنێتەوە لە پرۆژەكەی كە هێشتا نەهاتووینە سەر ماددەكان، ئەگەر مەجالمان بدەن تەوزیحی بكەین، ماددەی 7یش دەمانەوێت ئیلغابكرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە ماددەی 6 ەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كاك عونی با ئەوە تەواو بكەین، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كە گوتم فەقەرەی ئەخیر بمێنێتەوە، ئێمە قانونێكمان تەسدیق كردووە پێشتر لە فەقەرە 2 ی ماددەی 1 دەڵێت: (علی المستفید) یەعنی ئەوەی كە موتەسەرف دەبێت بەوە (أن یستمر الارض الزراعیة والعنایة بها و بعكسه یلغی قرار حق التصرف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەناقوز نیە، بە عەكسەوە تەواوكەری یەكترن، ماددەكە بە پێشنیاری لیژنەی یاسایی كە ئەخیر جوملەی ئیلغابكرێت دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ كرا. تكایە ماددەی دواتر، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 7:

1 ـ ئەو بڕیارانەی بە پێی ئەم یاسایە لەسەر پەیوەندارەکان دەبێتە ماڵ و وەردەگیردرێتەوە بە پێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکان، کە ئێستا لە هەرێم دا کاری پێوەدەکرێت.

2 ـ بە پێی ئەم یاسایە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆی هەیە، کرێی خزمەت و کرێی ئەو ئیشانەی کە دایەرە تایبەتمەندەکان ئەنجامی دەدەن لە جیاتی پەیوەندارەکان  دیار بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 7:

1 ـ  تستوفى المبالغ المترتبة بذمة ذوى العلاقة وفقا لهذا القانون بموجب احكام قانون تحصيل الديوان الحكومية المعمول به في حالة امتناعهم عن الدفع.

2 ـ لوزرارة الزراعة تحديد اجور الخدمات والاعمال التى تقوم الدوائر المختصة بأدائها بدلا من ذوى العلاقة وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش پاش ئەوەی دیراسەتی مەوزوعەکەمان کرد بینیمان ئەو ماددەیە پەیوەندی بە ماددەی 6 ەوە هەیە لە فەقەرەی 1 و 3 یەتی، بۆیە تەعاروز دەکات لەگەڵ ئەودا، کە فەقەرەی 1 و 3 یش ئیلغاکرا واتە دەبێت ئەو ماددەیەش ئیلغابکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی موشتەرەك کە لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵە، جەنابی وەزیریش موافەقەتی کردووە کە ئەو ماددەیە ئیلغابکرێت و کەس هەیە دژی ئیلغاکردنەوەی بێت؟  کێ لەگەڵ ئیلغاکردنیەتی دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ماددەی 7 ئیلغاکرا، بۆ ماددەی دواتر، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 8: دوای ئیلغاکردنەوەی ماددەی پێشوو دەبێتە ماددەی 7.

1 ـ سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە داوا لە دادگای پەیوەندار بکات لەو تاوانانە بپێچێتەوە کە دەقەکانیان لەم یاسایە داهاتوون.

2 ـ ئەو بڕیارانەی بە پێی بڕگەی 1 ی سەرەوە دەرچوێندراون لەبەردەمی دادگای تاوانی ناوچەکەدا دەکەونە بەتانەو بڕیاری دادگاکەش لەم رووەوە بنبڕە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 8:

1 ـ للقائمقام أو مدير الناحية اجراء التحقيق بنفسه فى الجرائم المنصوص عليها فى هذا القانون أو ان يطلب من المحققين اجراءه وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائية وتكون له سلطة التحقيق لاغراض هذا القانون.

2 ـ تكون القرارات الصادرة وفق البند (1) خاضعة للتميز لدى محكمة الجنايات ويكون قرارها قطعيا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە له راپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئیشارەتمان پێی دا لە بیدایەتی کە ماددەی 8 و 9 و10 و 11 و 12 ئیلغا بکرێت، کە ماددەی 8 ئیلغاکرا، سیاغەکەی بەشێوەیەکی تر داڕێژراوە کە لەبەرئەوەی مەحاکم تایبەتمەندە بە تەماشاکردنی کێشەکان، هەروەها لەبەرئەوەی تەوەجوهی عام ئێستا وایە کە مەحاکم ویلایەی عامەی هەیە لەسەر هەموو خەڵك تەنانەت حکومەتیش، لەبەرئەوەی مەبدەئی ئیستقلالیەتی قەزا لە قانونی سوڵتەی قەزائی ژمارە 23 ی ساڵی 2007 ئەو مەبدەئە تەسبیت کراوە، لەبەرئەوە ئێمە بەباشمان زانی ئەو سەلاحیەتە لە مەحافزو لە قائیمقام و لە رۆئەسای وەحداتی ئیداری وەربگیردرێتەوە و بدرێتە مەحاکم، لەبەرئەوەی مەحکەمە جێی تایبەتمەند و جێی سیقەیە بۆ تەماشاکردنی کێشەکان، رەئی کۆتاییش رەئی ئەندامانی پەرلەمانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەدیلەکەی چیە؟ باشە بیخوێنەوە کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئیلغاکردنەوەی ماددەیەك.

المادة 8:

1 ـ لرؤساء الوحدات الادارية الطلب من المحكمة المختصة اجراء التحقيق في الجرائم المنصوص عليها في هذا القانون.

2 ـ تخضع القرارات الصادرة وفقا للفقرة 1 اعلى للطعن فيها أمام محكمة الجنايات في المنطقة ويكون قرارها بهذا الشأن باتا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لای من روون نیە، ئێستا ئەو ماددەیە که خوێندتانەوە بەدیلی ماددەی 7، باشە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەكانی لیژنەی قانونی و لیژنەی كشتوكاڵم، بەڵام لەو ماددەی پێشنیاركراوە، ( لرؤساء الوحدات الادارية الطلب من المحكمة) ئەو تەڵەبە نابێت ببێت، مەحكەمە دائیمەن تەحقیق لە مەوزوعێك دەكات ئەگەر دەعوا هەبوو، بەرەئی من بكرێت (للادعاء العام باقامة الدعاوى)، مەحكەمە بە تەڵەب ئەوەی خۆی تەحقیق ناكات، ئەگەر ئەو گۆڕانكاریە بوو لە بڕگەی 2 ی، فەقەرەی 2 ئیلغا دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساییم، بەڵام لە فەقەرەی 2 من پێم وایە تەعنی ئەو قەرارانەی كە لەبەردەم مەحكەمەی جینایە دەكرێت، مودەیەكی تەعنی بۆ دابندرێت، نابێت بێ سەقف بێت، دەبێت بڵێی خیلالی مودەی ئەوەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام سەلاحیاتی مەسائیلی زراعی كە زۆر پێویستی بە سورعەتی ئینجازە و لە هەموو شوێنەكانیش دەبێت هەبێت، ئێمە مەحاكمیان نیە لە هەموو وەحداتی بچووك وەكو ناحیەو ئەو شوێنانە، بۆیە زەرورە ئەم سەلاحیەتە بە پێی یاسا دراوە بە روئەساتی وەحداتی ئیداری كە دەسەڵاتی حاكمی جونحیان هەیە كە كەتنە، ئەوە بمێنێتەوە باشترە، نەك ئیلغابكرێتەوە، ئەو سەلاحیەتە با هەر بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەو قسانەی كاك كریم بحری دەكەم كە وەكو خۆی بمێنێت، بەڵام پرسیارێكم لە لیژنەی یاسایی هەیە، مادام ئەوان ماددەكەیان گۆڕیوە ئەی ئەو شوێنانەی كە مەحكەمەی تێدانیە؟ ئەو قائیمقام و مدیر ناحیە چی دەكەن؟ ئەگەر ئەوان مەسئول نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە فعلەن موتەفق بووین لەگەڵ لیژنەی قانونی و زراعی، كە ئەو گۆڕانكاریە دروست بێت، ئیتیفاقی ئێمە ئەوە بوو لەسەر فەسڵ و مەبدەئی سوڵتات، یەعنی هەندێك لیژنەی زراعیمان دانا، كە ئەو لیجانە زراعیەش ئیعتمادی لەسەر ئیجتیهادو میزاج بوو، زۆرجار لەبەرئەوەی دەچێتە مەحاكم، دیسان من تەئكید لەسەری دەكەمەوە، بۆچی پێشی ئەوەمان تەڵەب نەكرد، چونكە هێشتا عقود مابوو، قانونی تر بەرێوەبوو، ئەم قانونە بە پێی ئەوەوە بوو، هەردوو قانونەكەی تر تەسویەو نەهێڵانی عقود، مادام ئەمانە نەمان بە تەسەوری من لیجانی زراعی پێویست ناكات هەبێت، با هەموو ئیشەكان بچێتە قەزا، جانبی تر ئەو فەراغەی كە كاك جعفر باسی دەكات، تەبعەن مدیری ناحیە دائیمەن لازمە محامی و قانونی بێت، لەبەر ئەوە هەندێك جار ئیشی قەزاش دەكات، وەكو حاكمێك كار دەكات، قائیمقام شەرت نیە قانونی بێت، بەس مدیری ناحیە هەر دەبێت قانونی بێت، لەبەرئەوەی ئەو فەراغە پڕدەكەنەوە، من تەسەور دەكەم زۆر زۆر ئیعتیادیە بچێت بۆ قەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە راپۆرتی هاوبەش دەكەم، چونكە بە حەقیقەت زۆر شوێن قائیمقام قانونی نیە، یان نائیبی مەحافز قانونی نیە، جا ببێتە حاكم ئیحتیماله تووشی هەڵەی زۆر بێت، بۆیە بڕوام وایە بچێتە قەزا لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كاك سەردار باسی تەڵەبی كرد كە نەمێنێت لە فەقەرەی 1 ، مەبەستمان لە تەڵەب شەكوایە، ( الطلب في تحقيق مخالفة ما وقعت نتيجة تطبيق هذا القانون)، تەسجیلی شەكوا یەعنی تەڵەب.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زەحمەت نەبێت ماددەی 8 هەیە، ئێستا بۆ ئەوەی لە ئێمەو ئەندامنیش تێك نەچێت، سیغەیەكی ترتان داوە، ئەو سیغەیەم بدەیە كە نووسیوتانە، دواتر دێینە سەر ماددەی 9 و 10، بۆ ئەوەی ئەندامان موناقەشەی بكەن، ئەوەی ئێستا خوێندتەوە، بەدیلی ماددەی 8، ئەوەی كە خوێندرایەوەو جەنابی وەزیر پشتیوانی لێی كردووە، زۆر جوان هاتووە، یەك كەلیمەی زیاد بكەین كە مودەكە دیاری بكەین، كاك فرسەت دەڵێت لە قانون دا هەیە مودەكە كە مانگێكە مەعلومە تیكراریش نەكرێتەوە عەینی شتە، لەبەرئەوە ئەو رەئیەی كە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیلغابكرێت، تەنها یەك كەسە، تەلەبیش تەبیعیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی كشتوكاڵ كە وەزیریش موافەقەی لەسەركردووە ملاحەزەیەكی جدی لەسەر نەبوو، وەك خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ موقتەرەحەكە نیە؟ فەموون، بە زۆرینە ئەو ماددەیە قەبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر، مامۆستا كاكە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی 9: دادگای سەرەتایی ناوچەكە تایبەتە بەسەیركردنی دەعواكانی زێدەڕۆیی لەسەر زەویە كشتوكاڵیەكان و باخەكان و دەعواكانی نیزاعی سنوورەكانیان و ئەو مافانەش كە تێیان دەكەوێت، پەیوەندارەكانیش بۆیان هەیە لە ماوەی 15 ڕۆژدا و لە ڕۆژی تەبلیغەوە لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكەدا، وەك دادگای پێداچوونەوە تانە لە بڕیاری دادگا سەرەتاییەكە بدات، لەم رووەوە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەكە بنبڕە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة 9:**

**1 ـ لمدير الناحية في الناحية وللقائمقام في القضاء ونائب المحافظ الذى ينسبه المحافظ في مركز المحافظة النظر في قضايا التجاوز على الاراضى الزراعية والبساتين و التنازع على حدودها و حقوقها المجردة بما في ذالك تقرير حق المجرى والمرور وفقا لمقتضيات المصلحة العامة، ولذوى العلاقة الاعتراض لدى المحافظ على القرار الذى يصدر فيها خلال خمسة عشر يوما من تاريخ تبليغه ويكون قرار المحافظ بهذا الشأن نهائيا.**

2 ـ ينفذ القرار الصادر بمقتضى البند ( أولا) بالطريق الادراية بعد اكتسابه الدرجة النهائية ويبقى حكمه نافذا حتى يصدر قرار نهائى فى هذا الموضوع عن المحكمة أو الجهة المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پێش ماددەی تر ئیشارەتمان بەوە دا كە لەبەرئەوەی حاكم ویلایەی عامەی هەیە، مەبەستیشمان ئەوەیە كە سەلاحیات لە روئەسای ئیداری وەربگیردرێت بۆ مەحاكەمە و بدرێتە مەحكەمەی تایبەتمەند، سیاغەی ماددەكەمان بە شێوەیە دارشتووە:

المادة 9: تختص محكمة بداءة المنطقة بنظر قضايا التجاوز على الاراضى الزراعية والبساتين والتنازع على حدودها والحقوق فيها ولذوى العلاقة الاعتراض على القرار الذى تصدره المحكمة خلال 15 يوما من تاريخ التبليغ لدى محكمة استئناف المنطقة بصفتها التميزية ويكون قرارها بهذا الشأن باتا.

جەنابی سەرۆك، ئیعتیادی ( تجاوز الحقوق، دعاوى منع المعارضة) بە پێی قانونی مرافەعاتی مەدەنی لە ماددەی 31 و 32 ماوەی تەعن 30 ڕۆژە، بەڵام لێرە لەبەرئەوەی مەوزوعەكە ئیستعجالی تێدایە، ئێمە بە باشمان زانی كە ماوەكە كەم بكەینەوە، خیلافەن لە ئەحكامی قانونی مرافەعات، واتە ئەو قانونە قانونێكی خاسە، قانونی مرافەعاتیش قانونێكی عامە، ئەوە تەقیدی ئەوی دەكات، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندیان لەسەری هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، باشە بۆچی ئەو مانگەیان كردووە بە 15 ڕۆژ؟ مەبەست چیە لەوەی؟ یا هەروەكو قانونەكە بێت، بۆ ئیستسنای تێدابێت؟ بۆ لەویٚ ڕۆژەكە دیاری بكرێت و لێرە نەنووسرێت؟ وابزانم زەختێكە زیاد لەسەر فەلاح، كەواتە پێش ئەوەی هین بكەم جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایش موافەقەتیان كرد، كە 15 ڕۆژەكە لابچێت و وەكو ئەوەی تر مانگەكە بێت، ( بصفتها التميزيه )، من تەعلیقم هەیە لەسەر لیژنەی یاسایی خۆیان هەموویان ئیمزایان كردووەو هەمووشیان نوقاتی موهیمیشیان هەیە، دواتر قسە بكە با گوێ لە ئیعتیرازەكان بگرین، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عونی خۆی تەوزیحێكی باشی دا لەسەر قانونی مەدەنی كە دەعاوی تەجاوزو ئەمانە، لەو دەعاویانەن كە تورقی تەعنەكان ئیستئنافیش دەكرێت، هەروەها جائیزە تەمیزیش بكرێت، من پێم وایە حەسر نەبێت

له ئیستئناف به ته‌نیا ته‌حقیقه‌ن بۆ عه‌داله‌ت با تورقه ته‌عنه‌كانی خۆی ئیكمال بكات، هه‌ر له ئیستئناف و هه‌ر له ته‌میزیش، هه‌ر له ته‌سحیحی قه‌راری ته‌میزیش، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

كاك كریم فه‌رموو.

**به‌ڕێز كریم بحری عبدالله:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

به‌ڕاستی، من هه‌رچه‌نده له لیژنه‌ی یاسایم، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌وه به‌شداریم نه‌كردووه و ته‌وقیعیشم نه‌كردووه، بۆیه ده‌مه‌وێت لێره به‌شداری بكه‌م.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌وه حه‌ق نیه به‌ڕاستی، غائیب ده‌بی و دواتر ده‌ته‌وێت موناقه‌شه بكه‌ی. به‌ڵێ كاك كریم.

**به‌ڕێز كریم بحری عبدالله:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

من ته‌بلیغ نه‌كراوم بۆ ئه‌و كۆبوونه‌وه هاوبه‌شه، زۆر سوپاس. سه‌باره‌ت به‌و مادده‌یه به‌ڕاستی منیش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دام، 30 رۆژ بێت، وه‌كو ئه‌وه‌ی كه لیژنه‌و سه‌رۆكایه‌تیش ئاماژه‌یان پێیدا، مه‌سه‌له‌ی ڕێگای تانه لێدان له مه‌حكه‌مه‌ی ته‌میز بێت نه‌ك مه‌حكه‌مه‌ی ئیستئناف، هه‌موو ڕێگاكانی تانه‌ش بگرێته به‌ر، ڕێگای ئیستئنافی هه‌م ته‌مییزیش با پێكه‌وه بن، پشتگیری له ڕاوبۆچوونه‌كه‌ی كاك عمر ده‌كه‌م، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

كاك فرست ره‌ئیه‌كی هه‌یه، كه ده‌ڵێت ئه‌و جومله‌ی ئه‌خیری زیاده له‌به‌رئه‌وه‌ی له قه‌وانینی تردا هه‌یه، ته‌نها بنووسرێت (تختص محكمة بداءة المنطقة بنظر قضايا التجاوز على الاراضي الزراعية والبساتين والتنازع على حدودها والحقوق فيها)، كاك شێروان فه‌رموو.

**به‌ڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

ڕاسته له قانونی مورافه‌عات هه‌یه، به‌ڵام ئێمه له‌و قانونه فه‌لاح محاسه‌به ده‌كه‌ین له‌سه‌ر مه‌وسمێكی زراعی ئه‌گه‌ر زه‌ویه‌كه‌ی نه‌چاند، ئێمه ئه‌و ئیجرائاته‌مان كردووه له بۆ ئیستعجال 30 ڕۆژمان كردووه به 15 ڕۆژ، ده‌زانین ده‌بێته ئیستئنافیش، به نیسبه‌ت ته‌جاوزاتی ئیعتیادی، به‌ڵام ئه‌وه ته‌جاوزه‌كه له‌سه‌ر حیمایه‌ی ئینتاجی زراعی، بۆیه ئه‌وه‌ڵه‌ن ته‌قلیسی موده‌كه‌مان كردووه بۆ ئه‌وه‌ی 15 ڕۆژ بێت، دووه‌م مه‌حكه‌مه‌ی ئیستئناف به سیفه‌تی ته‌میزی قه‌راره‌كه‌ی با بدات، بۆ ئه‌و مه‌سه‌لانه ته‌نها، ئه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی ته‌جاوزات هه‌موو قانونی مرافعاتی له‌سه‌ر ته‌تبیق ده‌بێت، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌گه‌ر 15 ڕۆژه‌كه ببێته 30 ڕۆژ، ئه‌وه‌ی تر كه‌یفی خۆتانه مانه‌وه‌شی شتێكی هین نیه، بۆ ئه‌وه‌ی ئیستسنا نه‌بێت، چونكه شتێكی وا گه‌وره نیه كه ئیستسنای بكه‌ی، 15 ڕۆژه‌كه فه‌لاحه‌كه مومكینه كه

نەزانێت، یان سەفەری کردبێت، لەوانەیە ماوەیەکی زۆری پێ بچێت، بیکەنە 30 رۆژەکە باشترە، دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو موقتەرەحە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە؟ 3 کەسی لەگەڵ دانیە، باشە بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە؟ مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی ( ئیلغاکراو):

ئەو بڕیارەی فەرمانبەری کارگێڕی دەری دەکات، جێ بە جێی دەکات، لە دەسەڵاتی سەرۆکی جێبەجێکردنی نموونەیی لە یاسای جێبەجێکردن هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ( ئیلغاکراو):

ینفذ الموظف الاداری القرار الذی یصدره وتكون له سلطة رئیس التنفیذ المعینة في قانون التنفیذ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی ئێمە ماددەکانی پێشوومان موعالەجە کرد، سەلاحیات درا بە مەحاکم، واتە ئەو ماددەیەش دەبێت سەلاحیەتی موزەفی ئیدرای نەمێنێت، لەبەرئەوەی قانونی تەنفیزمان هەیە، قانونێکی عامە ئەو قانونەش، هەر کێشەیەك هەبێت لە دەوائیری تەنفیز تەنفیز دەکرێت، هەروەها پەیوەندی بە مەحکەمەوە هەیە، لێرە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە ئیلغابکرێت، چونکە لە ماددەکانی تر هەندێك شت هەیە کە دواتر قسەی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هەمووی موافقن کە ئیلغابکرێت، ئەگەر کەس نیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئیلغاکردنەوەی ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ ئیلغاکرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە؟ مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (ئیلغاکراو):

1 ـ لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ، پەسەندکردنی وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری داد، بۆی هەیە دەسەڵات بە قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیە بدات، وەکو دادوەری کەتن، بە دەرکردنی مەرسومێکی هەرێم لە پێناو دەرکردنی بڕیارو حوکمەکە بۆ پیادە کردنی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشی لەبەردەم دادگای تاوانە گەورەکان تەمیز دەکرێتەوە، کە بە شێوەیەکی خێرا سەیری دەکات و بڕیارەکەشی بنبڕە.

2 ـ ئەگەر قائیمقام یان بەڕێوبەری ناحیە لە کاتی لێکۆڵینەوە دا یان لەکاتی سەیرکردنی دۆسیەکەدا دەسەڵاتی دادوەری کەتنی پێ نەدا، پێویستە دوای تەواوکردنی لیکۆڵینەوە پەراوەکان ڕەوانەی لای پارێزگار بکات بۆ ئەوەی بیداتە فەرمانبەرێکی کارگێری ئەو دەسەڵاتەی پێی دابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (ئیلغاکراو):

1 ـ لوزیر العدل بناء علی اقتراح وزیر الداخلیة، وتأیید وزیر الزراعة تخویل القائمقام و مدیر الناحیة سلطة حاکم جزاء بمرسوم أقلیمی لاصدار القرارات والاحکام تطبیقا لهذا القانون وتکون قراراته خاضعة للتمییز لدی محکمة الجنایات التی تنظر فیها بصورة مستعجلة ، ویکون قرارها قطعیا.

2 ـ اذا کان القائمقام أو مدیر الناحیة الذی اجری التحقیق في الدعوی غیر مخول سلطة جزائیة للنظر فیها فعلیة ارسال الاوراق بعد اکمال التحقیق الی المحافظ لیحیلها الی موظف اداری مخول هذه السلطة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە راپۆرتی هاوبەش لە بیدایەتی ئیشارەتمان پێی دا کە گوتمان ماددەی 8 و 9 و 10 و 11و 12 ، ئیلغا بکرێت، ئەو ماددانەی کە تەسدیق کران، هەندێك ماددە جیگای ئەو ماددانەی گرت کە ئیلغاکرانەوە، وابزانم ئێستا دووبارەن هەتا دەنگدانیشی پێ ناوێت، با هەر بێینە سەر ماددەی 9 لە راپۆرتی خۆمان، کە ماددەی 10 بوو، بوو بە ماددەی 9، کە لەوێدا دێینە سەر عقوباتی جەزائی جێگای ئەو ماددانە دەگرێت کە داوامان کردووە ئیلغابکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی وا نابێت، پێویستە یەك، یەك ئیلغای بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات کە ئەو ماددەیە ئیلغابکرێت؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش ئیلغا کرا، بۆ ماددەی دواتر مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی (ئیلغاكراو):**

**1 ـ ئەگەر بۆ دادوەری لێكۆڵینەوە یان دادوەری كەتن لە كاتی لێكۆڵینەوە یان لە كاتی سەیركردنی دۆزەكە، بەدیار كەوت كە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، پێویستە بۆ سەرۆكی كارگێری بنێرێت.**

**2 ـ ئەگەر بۆ سەرۆكی یەكەی كارگێری لە كاتی لێكۆڵینەوە دا یان لە كاتی سەیركردنی دۆزەكەدا بە دیار كەوت كە لە تایبەتمەندی ئەو دەزگایە بەدەرە، پێویستە بۆ دادوەری لێكۆڵینەوە یان دادگای كەتنی تایبەتی بنێرێت.**

**3 ـ دادگای پێداچوونەوە سەرچاوەی سەیركردنی كێشەكانی تایبەتمەندیە كە لە ئەنجامی پیادەكردنی حوكمەكانی ئەم ماددەیە پەیدا دەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة (ئیلغاكراو):**

**1 ـ اذا ظهر لحاكم التحقیق أو حاكم الجزاء عند اجراء التحقیق أو النظر في قضیة أنها مشمولة باحكام هذا القانون، فعلیه ان یودعها الى رئیس الوحدة الاداریة.**

**2 ـ اذا ظهر لرئیس الوحدة الاداریة عند أجراء التحقیق أو النظر في قضیة ، أنها خارجة عن اختصاصه، فعلیه ان یودعها الى حاكم التحقیق او محكمة الجزاء المختصة.**

**3 ـ تكون محكمة التمیز مرجع البت في تنازع الاختصاص الذی ینجم عن تطبیق أحكام هذه المادة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەش وەكو ماددەكانی تر لیژنەی قانونی دەیانەوێت ئیلغا بكرێت ئەو ماددەیەش، كێ لەگەڵ ئیلغاكردنیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ بە كۆی دەنگ ئەوەش ئیلغاكرا، بۆ ماددەی دواتر مامۆستا كاكە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی 12:**

**1 ـ جوتیار، گەشتیار، یان خاوەن پەیوەندی كشتوكاڵی سەرپێچیكار لە حوكمەكانی ئەم یاسایەو ئەو بەیاناتانەی بە گوێرەی ئەوەوە دەردەچن سزا دەدرێت بە حەبس بۆ ماوەیەك كە لە 1 ساڵ كەمتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە 750 هەزار دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردوو سزاكە.**

2 ـ فەرمانبەری کشتوکاڵی کە سەرپەرشتی پرۆژە کشتوکاڵیەکان دەکات ئەو سزایەی بەسەر دادەرێت کە لە بڕگەی 1 ی سەرەوە داهاتووە، بە دەستەبەری لەگەڵ خاوەن پرۆژەکە، لە حاڵەتێك دا ئەگەر ببێتە هۆی سەرنەگرتنی پرۆژەکە یان زیانێکی گەورە بە پرۆژەکە، ئەگەر پێشتر فەرمانگەیەکی ئاگادار نەکردبێتەوە و هۆشداری بە خاوەن پرۆژەکە نەدابێت.

3 ـ هەر فەرمانبەرێك یان کرێکارێك بە کەمتەرخەمی یان بە ئەنقەست لە ڕاپەڕاندنی ئیشەکەی دا بووبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەروبومی کشتوکاڵی سزای حەبسی دەدرێت بۆ ماوەیەك لە 6 مانگ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە 450 هەزار دینار زیاتر نەبێت، زیانەکەشی پێ دەبژێردرێت.

4 ـ ئەگەر ڕەفتارێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو ماددەیە دا نەگونجا و تاوانێکی لێ کەوتەوە سزاکەی بە پێی یاسایەکی دیکەی کارپێکراو لە هەرێم دا گران تر بێت، ئەو کاتە کام دەقیان سزاکەی گران ترە ئەوەی بەسەر دا دەسەپێت.

5 ـ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ داوا لەسەر فەرمانبەری سەرپێچی کار بە پێی بڕگەی 2 و 3 تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 10:

1 ـ يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنة أو بغرامة لاتزيد على سبعمائة وخمسين ألف دينار أو بكلتا العقوبتين كل من خالف احكام هذا القانون والبيانات الصادرة بموجبه دون الاخلال ( المساس) بالاجراءات الواردة في المادة 6 من هذا القانون.

2 ـ يعاقب الموظف الزراعى المشرف على المشاريع الزراعية بالعقوبة الواردة في الفقرة 1 اعلاه فى حالة تسببه في الحاق الفشل أو الضرر البالغ بالمشروع تضامنا مع صاحب المشروع ما لم يقم مسبقا باعلام الدائرة وتوجيه الانذار الى صاحب المشروع.

3 ـ يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ستة اشهر أو بغرامة لاتزيد على اربعمائة وخمسين ألف دينار مع التعويض عن الضرر كل موظف أو عامل تسبب باهماله وتقصيره المتعمد في اداء واجبه بالحاق الضرر بالانتاج الزراعى.

4 ـ اذا كون الفعل المخالف لاحكام هذه المادة جريمة عقوبتها اشد بموجب قانون اخر نافذ في الاقليم فيطبق النص الاشد عقوبة.

5 ـ تحرك الدعوى ضد الموظف المخالف وفق الفقرتين 1 و 2، بعد استحصال موافقة وزير الزراعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عونى فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، جگە لەوەی کە جوملەی ئەخیری بڕگەی 1 ئیلغا کرا، (المساس بالاخلال.............. من هذا القانون)، لەبەرئەوەی هەندێك فەقەرە ئیلغارکرا، پێویست ناکات ئەوە لێرە بمێنێتەوە. تەنها سیاغەکەمان گۆڕی، لە ناحیەی قانونی دیتمان ئەو شێوەیە قانونی **ترە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی موناقەشە بکەن، سیاغەی فەقەرەی یەکەمیان گۆڕیوە، لە جیاتی ئەو سیاغەی پێشوو بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر و لیژنەی هاوبەش ئەو سیاغەیان داناوە ( يعاقب صاحب الارض أو الفلاح ) ئەوە سیاغەی تازەیە بۆ فەقەرەی یەکەم ( أو المزارع أو ذوى العلاقة الزراعية المخالف لاحكام هذا القانون والبيانات الصادرة بموجبه بالحبس مدة لا تزيد عن سنة أو بغرامة لا تزيد عن 750 ألف دينار أو بكلتا العقوبتين)، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە قانونی حیمایەی ئینتاجی زراعیەیە مەعقول نیە وا بێت، من لەگەڵ ئەوەم با حەبسەکان هەمووی لاچێت، با غەرامەکان زیادبکرێت، مەعقول نیە فەلاحێك لەبەرئەوەی زەویەکەی نەچاندووە یان ئیهمالی کردووە بیخەیتە حەبسەوە، تکا دەکەم با یاساکانمان تۆزێك مرونەتی تێدابێت، پێم وایە غەرامەکە زیادبکرێت زۆر زۆر تەبیعیە، ئەو کەسە ئەو پارەیە لە ڕەنجەکەی خۆی دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دەڵێت بە یەکێك لە سزاکان، نەیگوتووە هەردووکی لە هەموو قانونێك دا ئەوە هەیە، خۆ قانونی سەحافە نیە بۆ ئەوەی هین بێت، ئەگەر پارەی نەبێت چی دەکەی؟ ئەحکامی ئەو قانونە تەنها وەرگرتنەوەی زەویەکە نیە، ئیسائەیە، بەکارهێنانیەتی بە خراپی، ئەنواع و ئەشکال موخالەفەی تێدایە، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەجاوزاتی ئیعتیادی حوکمی تێدایە، نەك تەجاوزات لەسەر ئەرازی زراعی، تەجاوزات لەسەر ئەرازی زراعیش دەبێت حوکمی تێدابێت، نابێت تەنها بە غەرامە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی منیش تەنها پێم باشە غەرامەکە هەبێت، ئەگەر هاتو غەرامەکەی نەدا، ئەو کاتە ئیمتیناعی کرد لە غەرامەکە با سجن بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی وایە، کە وا دەڵێت ئەوە قانونە، جا مەحکەمە خۆی تەقدیری ئەوە دەکات، کە حەجمی مەخالەفەکەی چەندە، تەنها ئەگەر بەس بە غەرامە بێت نابێت، چونکە مەحکەمە باشتر تەقدیری ئەوە دەکات، باشتر دەزانێت لە هەموومان، چونکە تەفسیلاتی لەپێشە، ئێستا ئێوە ئەگەر رەئیەك بدەن تەنها لەوانەیە یەك جانب لەبەر چاو بگرن و لە خەیاڵتان بێت، مەحکەمە قەزیەکەو مەلەفەکە دیاری دەکات، ئەنواع شتی تێدایە، خۆی تەقدیری ئەوە دەکات، دەکرێت کاك عونی ئەوەڵ جار بە غەرامە بێت دواتر بە حەبس بێت؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەوانینی عقوبات لە هەموو عالەم ئەو سیغەیەی بەکاردێنێت، حەبس و غەرامە، مەحکەمەش ویلایەی عامەی هەیە کە چۆن قانونەکەی تەتبیق دەکات، حەتمەن مەحکەمە بە غەرامە دەست پێ دەکات، ئەگەر غەرامەکەی نەدا ئەوجا حەبسی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، زۆر سوپاس، ماددەکە بەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی و لیژنەی کشتوکاڵ و موافەقەتی جەنابی وەزیر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 10: وەزارەتی کشتوکاڵ بۆی هەیە پێشنیاز بکات رەسمی گومرك دابندرێت لەسەر هاوردەی هەندێك بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی کە لە دەرەوە دەهێندرێن، بۆ ئەوەی لە هەرکاتێك دا بە پێویستی بزانێت بەروبوومی خۆجێی بپارێزێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت  ئەوەیە پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکەی تر ئەوە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵە، جا موبەرراتی موقتەرەحی ئەو ماددەیە چیە؟ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە ئەگەر ئێمە بیگەڕێنینەوە ماددەی 3 کە هاتووە، لە خاڵی 2 (تنظیم عملیات التسویق الداخلیة والخارجیة وفق خطة مدروسة من قبل وزارة الزراعة بالتنسیق مع وزارة التجارة والمالیة من حیث تنظیم وضبط استیراد المنتوجات المماثلة الموجودة في الاقلیم)، بە تەسەوری من ئەو نوقتەیە کیفایەتە، ئەو ماددەیە زیادەیە با تووشی ئەشکالیەت نەبین، لە موستەقبەل عیراق بە عام بەرەو مەنزومەی  تیجارەی حورە دەچێت، مەنزومەی تیجارەی حورە ئەم ماددەی بە زەقی تێدایە، داوا لە تۆ دەکەن لە موستەقبەل ئەو ماددەیە هەیە، لەبەرئەوە من تەسەور دەکەم، ئێستاش ئەوە کە دەڵێین (تنظیم عملیات التسویق الداخلیة والخارجیة وفق خطة مدروسة من قبل وزارة الزراعة بالتنسیق مع وزارة التجارة والمالیة من حیث تنظیم وضبط استیراد المنتوجات المماثلة الموجودة في الاقلیم) بەتەسەوری من ئەوە هەر نەبێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵە کە دەیڵێین، ئێمە بۆ حیمایەی ئینتاجی ناوخۆمان ئەو پێشنیارەمان خستووەتە ناو پرۆژەکە، ئێمە دیفاعیشی لێ دەکەین، مرونەتیشمان داوە پێی و نەمان کردووە بە فەرز، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە پێشنیار بکات، یەعنی نەمان گوتووە تەنها دەبێت بە هەموو مەوادەکان فەرزی زراعی دابندرێت، یەعنی سەلاحیەتەکەو دەسەڵاتەکەمان بۆ وەزراەت هێشتەوە، لەبەرئەوە بەڕاستی لەو قۆناغەی ئێستا ئینتاجی جوتیاری ئێمە پێویستی یە حیمایە کردن هەیە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت حیمایەی ئینتاجی خۆمان بکەین تەنها یەك ڕێگامان لە پێشە، ئێمە ناتوانین ئەوەی کە فەلاح پێویستی پێی هەیە بۆ گەشەپێدانی بەروبوومی خۆی، ئێستا لەو کاتە دا حکومەت ناتوانێت شتەکانی جوتیار دابین بکات، جوتیار ئێستا خۆی موکەلەفە زۆربەی شتەکانی خۆی دابین بکات، بەڵام کە کاتێك ناتوانێت مەنافەسەی بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەر بکات، تەنها یەك ڕێگا لە پێشمان دایە ئەوەیە کە وەزرارەتی کشتوکاڵ  تەکلیف بکرێت بەوەی کە ئەو بەرهەمانەی کە ناوخۆیین لە کاتی پێگەیشتنی

هەندێك لە رسومات و گومرك دابنێت لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لە دەرەوە دێن، بۆ ئەوەی جوتیاری خۆمان تەشجیع بکرێن کە بەرهەم بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا من لەگەڵ ئەو موفتەرەحەم، چونکە لە جێیە کە لیژنەی کشتوکاڵ کردوویەتی و لیژنەی یاسایش پشتگیری لێی کردووە، جەنابی وەزیر یەکەم شت دەسەڵاتەکە دراوە بە وەزارەت، واتە دەتوانی ئەگەر بە پێویستی نەزانی جێبەجێی نەکەی، خاڵێکی تر کاك سەردار لێرە نیە ئەگەر نا دووبارەی دەکردەوە لە ناحیەی حوریەتی تیجارەو ئەوانە، ئێمە جارێ نەبووینەتە ئەندام لە مونەزەمەی تیجارەی عالەمی، کەی بووینە ئەندام ئەو کاتە ئێمە شروتی ئەوان قەبوڵ دەکەین، ئەوانیش دەبێت تەسهیلاتمان بۆ بکەن، ئەو کاتە هینی دەکەین، بەڵام ئەوەی ئێستا بەڕاستی لە ناو بازاڕی کوردستان دا پێوستە حیمایەتێك هەبێت، یەعنی ئەو حیمایەتە تەشجیعە بۆ فەلاحەکان و زراعییەکان، تەشجیعە بۆ ئەوانەی بەساتینیان هەیە، هەروەها سەلاحیەتەکە دراوە بە وەزراەتی زراعە، نەك تەرەفێکی تر، دەتوانن ئیقتراح بکەن یان نەیکەن، بۆیە من پێم وایە زۆر موناقەشەی لەسەر نەکەین، چونکە موفتەرەحی خۆتانە، کەس هەیە دژی ئەو موفتەرەحەی بێت؟ کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە لایەنی ئیجابی و سلبیشی هەیە، هەر بۆیە پێم خۆش بوو قسەی لەسەر بکەم، جاری وا هەیە ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە لە ناو هەرێمی کوردستان دا هەن لەوانەیە بەشی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان نەکات، ئەو کاتەی کە گومرگ دەخرێتە سەر ئەو مەوادانەی کە لە دەرەوە دێن دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاجیرەکان سعرەکەیان بەرز بکەنەوە و خەڵکیش دەیکڕێت، ئەو کاتە دەبێتە هۆی گرانی ئەو شتانەی کە لە دەرەوە دێن، بەڵام من وای دەبینم کە لایەنی ئیجابیشی هەیە، بەڕاستی لە هەندێك حاڵەت دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتەکانی ناوخۆ زیاتر ئیهتیمامیان پێ بدرێت، لەبەرئەوە ویستم بەو روونکردنەوەیە قسە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە نووسراوە خارج، کە دەڵێت خارج مەبەستی لە خارجی هەرێمە، ئەی ئەو سنوورانەی کە لەگەڵ عیراق دا هەن؟ من پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەکەم وەزراەتی مالیەی ئێمە بۆی هەیە تەعاریفی گومرگی بگۆڕێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

که گوتت گومرگ یەعنی دەرەوەی عیراق، واتە سنووری عێراق دەگرێتەوە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەو شکلەیە دابڕێژرێت کە دەیخوێنمەوە، (لوزارة الزراعة بالتنسيق مع وزراة التجارة منع استيراد بعض المنتوجات الزراعية والحيوانية المستوردة من الخارج لمدة معينة لغرض حيماية المنتوج المحلي كلما راى ذالك ضرورية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەوهەری بابەتەکەی فەرقی نەکردووە، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام هەر ئیقتراح هەبێت، ئەو ماددەیە جێی لێرە نیە، لەبەرئەوەی ئێستا ئێمە ئینتاجی مەحەلیمان ئەوەندە زۆر نیە، بۆ ئەوەی لەبەر ئینتاجی مەحەلی خەڵك زۆر ڕەواجی لەسەر نەبێت، بۆیە ئینتاجی دەرەوە ڕەواجی لەسەر زۆرترە، ئینتاجی مەحەلی کەنگی زیادی کرد ئەو کاتە مەفروزە جێی لێرە بکرێتەوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە پێویستە تەنزیمی ئینتاجی ناوخۆیی حیمایە بکەرێت، بەڵام وەزیری هەرێم داوا بکات لە وەزیری زراعەی عیراقی کە ئەو گومرگ تەنزیم بکات، وابزانم ئەوە نەبێت باشترە، چونکە گومرگ ئیتیحادیە، نەك داخلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن مەبدەئیەن ئێمە وەکو وەزراەتی زراعە لەگەڵ موحتەوای مەوزوعییینە، لەبەرئەوەش ئێمە عمومیاتمان هێنا لە ماددەی 3، لە ناحیەی تەنفیزی ئێمە تەنفیزمان کردووە، ئەم ساڵیش بە تەواوی تەنفیزی دەکەین، بەڵام حەق وایە ئێمە لەو ماددەیە تەنزیمی ئەوە بکەین، کە گوتمان تەنزیمی عەمەلیاتی تەسویق، تۆ کە رەسمی گومرگی دەکەی کە شتێکی زۆر زەقە بە تەسەوری من، ئەو تەنزیمە کیفایەتەو دەتوانێت حیمایەتی مەنتوجاتی خۆمانی پێ بکەین بە شێوەیەکی ڕێك و پێك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست شەرحی هەیە لەسەر مەوزوعی گومرگ، چونکە مەسەلەیەکی ئیتیحادیە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە رسومی گومرگی مەوزوعەکی ئیتیحادیە، بەلاّم ئێمە دەتوانین لەو ماددەیە بەو شکلە بیگۆڕین ( لوزارة الزراعة اقتراح فرض رسوم و تحديدها على بعض المنتوجات الزراعية والحيوانية لغرض حيماية المنتوج المحلى) کەلیمەی گومرگی و کەلیمەی ئیستیرادو موستەورەدی خارجیش هەڵبگرین، ئەو کاتە بە ڕەئی من کە مەنتوجەکە داخل بوو لە سەرسنوور ئێمە ناتوانین شت بکەین، چونکە رسومەکە تابعی حکومەتی ئیتیحادیە، بەلاّم کە داخلی کوردستان بوو دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان موعالەجەی ئەوە بکەین، ڕەسمەك لەسەری دابنێین بە ناوی شتێکی تر، خۆ شەرت نیە هەر بڵێین بۆ حیمایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەگەر ئەوە بێت، ئەو قسەیەی جەنابی وەزیر ڕاست دەردەچێت، کە لە ماددەی 3 دا موعالەجەی ئەوە کراوە، من داوا دەکەم ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ سەحبی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ڕوونکردنەوەی مەسەلەی ئیتیحادی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە هەڵبگیردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست بە تەسویت ناکات،چونکە موقتەرەحێکی تازەیە، بۆ ماددەی دواتر مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 11: وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 11:

1 ـ يلغى قانون حيماية وتنمية الانتاج الزراعى العراقى رقم 71 لسنة 1978.

1 ـ لوزير الزراعة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەسڵی پڕۆژەکەیە کە کاک محمد خوێندیەوە، لەبەرئەوەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ناتوانین قەوانینی ئیتیحادی ئیلغا بکەین، دەبێت ڕای بگرین، لەبەرئەوەی ئێمە پێشنیارمان کردووە لە ڕاپۆرتەکە تەنها فەقەرەی 2 بمێنێتەوە ( لوزیر الزراعە اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ هذا القانون)، یەعنی لە کوردیەکە تەنها ئەوە خوێندرایەوە، بە تایبەتی ئێستا قانونێکی خاسمان لە کوردستان تەشریع کردووە، واتە هیچ عیلاقەی بەوەوە نیە کە ئیلغا بکرێت ئەو قانونەی مەرکەز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی ئێمە بە پێی دەستور (وقف في نفاذ القانون) مان هەیە، ئەگەر بیکەینە (وقف نفاذ القانون في اقلیم کوردستان) ئەوە باشترە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی قانونەکە بووە قانونێکی خاس بە کوردستان هیچ عیلاقەی بە قانونی مەرکەزی نیە کە قانونی ژمارە 71 ی ساڵی 1978 ، قانونێکی خاسمان داناو گونجاندمان ئەو مەبادئانەی کە لەوێ هەیە، هەروەها لە قەوانینی تر وەرگیراوە تەسبیت کرا، واتە قانونێکی خاسە بە کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک عونی، ئەوە ئەگەر بێتو تەعاروز بکات لە گەڵ قانونێکی ئیتیحادی ئەوە ئەشکالمان بۆ دروست دەکات، ئەگەر لێرە وەقفی نەفازەکەمان نەکردبێت، بۆیە ئەو فەقەرەیە زەروریە بنووسرێت، ( وقف نفاذ قانون حیمایة وتنمیة الاستثمار) ئەوە بە پێی حەقی خۆمانە، لە فەقەرەی 2 لە جیاتی ئیلغایەکە وەقفی نەفازەکە بنووسن، ( ایقاف نفاذ قانون حیمایة وتنمیة الانتاج الزراعی العراقی في اقلیم کوردستان رقم 71 ) ئەوە ئیزافە بکەن، خاڵی دووەم (لوزیر الزراعة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفذ احکام هذا القانون)، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە بەو تەعدیلاتەی کە عەرزم کردن، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بلند بکات؟ بە کۆی دەنگ بەو تەعدیلەی کۆتایی قەبوڵ کرا، ماددەی دواتر کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوە بچینە ماددەی کۆتایی لە پرۆژەکە، لیژنەی هاوبەش پێشنیارمان کردووە کە دوو مادده ئیزافە بکرێت لە سەر ئەو قانونە بەو سیغەیەی خوارەوە:

المادە 12:

لايعمل  بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحە رۆتینیە لە هەموو قانونەکان دا هاتووە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو  ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ئەو مادده ئیزافە کرا، بۆ ماددەی دواتر کاک عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 13: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش هەر رۆتینە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش قەبوڵ کرا .

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی کۆتایی کە بووە ماددەی 14 ، سیاغەکەی گۆڕاوە و بەو شێوەیەی ئێستایە کە دەیخوێنمەوە:

المادە 14: ينفذ القانون بعد مرور تسعين يوما على تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بڕۆ بۆ هۆکاری دەرهێنانەکەی، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارەکانی دانانی ئەو یاسایە

لەبەرئەوە زەوی و زاری کشتوکاڵی و باخ و دارستان ە لە وەرگا و سامانی ئاژەڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیش لە مەکینەو ئامێرو ترومپای ئاوو بیرو کارێزو کانیاوی سروشتی پەیوەندی بەو سامانەوە هەیە و بە بەشێك لە سامانی کوردستان لە قەڵەم دەدرێن، جا بە هۆی خراپ بەرهەمهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵی و دواکەوتنی هەردوو کوچکەی بەرهەمهێنانە کشتوکاڵیەکە لە ئەنجامی بەسەرهاتی هەڵومەرجی ناهەموار کە بەسەر کوردستان دا هاتبوو گوندەکان وێران کران و لەو ساڵانەی پێشتردا گەمارۆی دوو لایەنە

بەسەر ناوچەکە دران، لەبەر زەرورەتی بەرژەوەندی گشتی و لە پێناوی گاڵدانی بەرهەمهێنانی زەوی و زاری کشتوکاڵی بە شێوازێکی زانستیانە و دروست، بۆ زۆرتر کردن و چاکتر کردنی بەروبومی کشتوکاڵی و پاراستنی بەرهەمی خۆجێی و وەبەرهێنانی ئەو سامانە بە پێی ئامانجەکانی پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی کوردستان و بۆ ئەوەش کە خاوەنی ئەو سامانانەو ئەوانەش کە ئەو سامانانەیان بە دەستەوەیە، ئەوانەش کە بەرپرسن لە ئیدارەو بەرێوەبردنیان پابەند بکرێن کە خزمەتیان بکەن و پەرەیان پێ بدەن و پشتگوێیان نەخەن و نەبنە هۆی لە ناوبردنیان، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرد.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

انطلاقا من ان الاراضى الزراعية والبساتين والغابات والمراعى والثروة الحيوانية ووسائل وادوات الانتاج الزراعى المتعلقة بها من مكائن والات ومضخات زراعية وابار و كهاريز وعيون طبيعية، تعتبر جزءا من الثروة القومية لكوردستان و نظرا لسوء استغلال الاراضى الزراعية وتدهور الانتاج الزراعى بشقيه نتيجة الظروف الصعبة التى مر بها اقليم كوردستان و تدمير القرى و فرض الحصار المزدوج على المنطقة خلال سنين مضت ولمقتضيات المصلحة العامة و تشجيع استغلال الارض الزراعية بالشكل العلمى الصحيح للانتاج الزراعى والعمل على زيادة الانتاج الزراعى كما و نوعا و حماية المنتوج الزراعى المحلى واستغلال واستثمار تلك الثروات استثمارا علميا وفقا لاهداف خطة التنمية القومية لكوردستان و تكليف اصحابها والمتصرفين بها و المسؤولين عن ادارتها بالعناية بها وتطويرها وعدم اهمالها أو تعريضها للتلف فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەومیەکە بکرێتە وەتەنی وەکو لە قانونەکە دا هاتووە، هەر ئەو مولاحەزەیە هەیە؟ کاك بارزان فەرمو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دوای ئەوە کە دەڵێت زەوی و زاری کشتوکاڵ و باخ و دارستان و لە وەرگا و سامانی ئاژەڵی، با پەلەوەرو مێرووەکانی بۆ ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ڕەچاوی ئەو مولاحەزەیە بکەن، پرۆژەکە لەگەڵ هۆکاری دەرچوونەکەی دەیخەمە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ببێتە یاسایەك، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بلند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، ئومێد دەکەم هەنگاوێکی باش بێت بۆ پاراستن و پێشخستنی بەروبومی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان دا، ئەگەر بمەوێت بە پەتی قسەی بکەم منیش دەتوانم، بەڵام دەمەوێت بیری لێ بکەمەوە، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە دەبێت، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

**تەبعەن زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەكەم بۆ ئەو جهودەی كە دوو رۆژە لەگەڵ یەكیان بووە، دیسانەوە سوپاسی كۆمیتەی گشتی كشتوكاڵی و كۆمیتەی یاسایش دەكەم، بە حەقیقەت جهودێكی باشیان هەبووە بۆ ئەوەی كە ئێمە بگەینە ئەو نەتیجەیە، من ئەوەندە دەڵێم پار ساڵ لیجانمان دروست كرد لە عەلوەكان تەسبیتیان كردووە كە چ بەرهەمێك لە دەرەوە هاتووە كە داخلی عەلوەكە بووە، لە قەزایەكانیش هەموویان تەقدیری ئەوەیان كردووە بە ئەرقامێكی زۆر زۆر ڕێك وپێك، من داوا دەكەم لە برادەران ئەگەر حەز بكەن ئیتلاع بكەن لەسەر ئەو داتایانەو ئەو ئەرقامانە، ئەو كاتە دەزانن لە هەر بەروبومێك چەند لە سەدی ئێمە دەتوانین تەختیەی بكەین، كە چەند شت لە دەرەوە دەهێنین، پلانیشمان بە فۆڵدەرە، كە مەجموعە فۆڵدەرێكی كورتە كە لە ناو ئەوانەش دیسان دیارە پلانی ستراتیژی وەزارەت بۆ ساڵی پارو ئەو ساڵیش، زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئەوە سوودی زۆری دەبێت بە لای كەمی ئەگەر ژمارەی كە بیدەنە لیژنەكان، بە تایبەتی لیژنەیكشتوكاڵە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووریش، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنم تا رۆژی دووشەممە سەعاتی 11، زۆر سوپاس، ئەگەر هەریەكی نوسخەیەكی بۆ بێت باشە.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 12\5\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/5/12

كاتــژمێر (3)ی پــاش نیــوەڕۆی رۆژی دوو شــەممە ڕێكــەوتی 2008/5/12 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (16)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (16)ی خولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كـات (3)ی پـاش نیـوەڕۆی رۆژی دوو ڕێكـەوتی 2008/5/12 دا بـەم شێوەیە بێت:

1—بەرچاو خستنی سیاسەت و بەرنامەی بەكارهێنانی سامانە سروشتییەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق لەلایەن بەڕێز وەزیری سەرچاوە سروشتیەكانی حكومەتی هەرێمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی دووەمـی هەڵبـژاردنی سـاڵی سـێیەمی 2008 ، خولی گرێدانی یەكەمی ژمارەی دانیشتن 16 رۆژی دانیشتن 2008/5/12، بەرنامەی كار:

بەرچاو خستنی بەرنامەی بـەكار هێنـانی سـامانە سروشـتیەكان لـە هـەرێمی كوردسـتان_عێـراق، لـە لایـەن بەرێز وەزیری سەرچاوە سروشـتیەكانی حكومـەتی هەرێمـەوە، سـەرەتا بـەخێرهاتنی بـەرێز كـاك د.ئاشـتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەكان، كاك سعد وەزیـری حكومـەتی هـەرێم بـۆ كاروبـاری پەرلـەمان كـاك خالـد صالح راوێـژكاری وەزارەت دەكـەین، زۆر بـە خێـر بـێن كـە لەگـەڵمان بەشـدارن، دیـارە ئـەو دانیشـتنە دانشتنێكی گرنگە، حەز دەكەم پێش ئەوەی داوا لە وەزیر بكەم، دوو، سێ خاڵ بڵێم: پاش ئەوەی كە یاسـای نـەوت و غـاز لـە پەرلـەمانی كوردسـتان پەسـندكرا، ئـەو وەزارەتـەش لـە كابینـەی یـەكگرتووی حكومەتـدا دامەزرا بۆ ئەوەی بەو ئەركانەی هەڵبستێ كە بـۆی دانـدراوە بـە پێـی دەسـتووری عێراقـەوە، لـەو ماوەیـەدا وەزارەت كاری زۆری كردووە، نەك تەنیا پرۆژەی یاسایەكەی كـە پێشكەشـی ئێمـە كـرا، پرۆژەیـەكی یاسـای زۆری دەوڵەنەد بوو، ماندووبوونێكی زۆری پێوە دیار بوو كە خۆیان و هەموو ئەو پسـپۆرانەی لـەو بـوارەدا

حازریان کردبوو لە لایەن ئێوەوە دەوڵەمەند کرا و هەموار کرا، من پێم وایە یاسایەکی زۆر گرنگ بوو ودەرچوو لە لایەن ئێوەوە، دواتر مەسەلەی نەوت و غاز کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە عێراقدا، چونکە عێراق ولاتێکی دەوڵەمەندە بە سەروەتی نەوتەوە، خاکی کوردستانیش دەوڵەمەندە بەو سەروەتەوە، حکومەتی هەرێم بە پێی ئەو دەسەلاتەی کە پێی دراوە لە دەستووری عیراق، لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ دەدات بۆ خزمەت کردنی گەلی کوردستان بە پابەند بوون بە دەستووری عێراقەوە، بە داخەوە هەندێك گیروگرفت دروست بوو لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەبەر بۆچوونی جیاواز لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی وەبەرهەم هێنانی نەوت و یاخود سیاسەتی نەوت لە عێراقدا، ململانێیەکی جیدی پەیدا بوو وتا ئێستاش بەردەوامە و پێشم وایە بەردەوام دەبێت، لەبەینی هەردوو بۆچوون، ئایا سیاسەتی نەوت هەروەها وەکو پێش سیاسەتێکی مەرکەزی بێت، لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە دارێژرێت و ئینتاجی بکات و تەسویقی بکات و کەسیش نەتوانێ تەدەخول بکات یان موشارەکە بکات لەو سیاسەتە، یاخود بە پێی دەستووری عێراقەوە بێت؟ ، ئەمە مەسەلەیەکە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عیراقەوەی پێ بەندە، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، دەستوور دیاری کردووە، دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵ و دەسەلاتی پارێزگاکان، چەند گرێبەستێك حکومەتی هەرێم ئیمزای کردووە لەگەڵ چەندین کۆمپانیای بیانی، کە بوویتە هۆی ئەوەی گیروگرفتەکە لەبەینی حکومەت هەرێم و حکومەتی فیدراڵ زیاد بکات، لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت لەو مەسەلەیەدا، چەندین جار کۆبوونەوە کراوە، گلەیی لە حکومەتی هەرێم کراوە کە ئەو گرێبەستانە چۆنە؟ ،و نهێنیە و پێویست دەکات ئاشکرای بکات، تەنانەت وەزیری نەوتی عێراق جارێك وتی: ئەگەر گرێبەستەکان وا لە قازانجی خەڵك دایە، با وەزیری نەوتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان روونی بکاتەوە و شی بکاتەوە، ئێمە پشتگیری لێدەکەین، دواتر بەرنامەی حکومەت هەر ئەوەبوو لە ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سروشتیەکان مەسەلەکانی روونکردەوە بۆ کابینەی وەزارەت، لە کۆبوونەوەیەکیدا خۆشم بەشدار بووم و گوێبیستی تەفصیلات بووم و لەوێش ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت و لەگەڵ جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان، کە ئەم تەفصیلاتە پێویستە لەپەرلەمان ورد بکرێتەوە و شی بکرێتەوە، نەك تەنیا ئەندامانی پەرلەمان پێی ئاشنا بن و لە رێگای ئێرەشەوە هەموو خەڵکی کوردستان ئاگاداری هەموو ئەو تەفصیلاتە بێت کە روویداوە، و شەفافیەت لە قازانجی حکومەتە و لە قازانجی دیموکراسیەتە و لە قازانجی پەرلەمانە و لە قازانجی دوا رۆژیشمانە، هەموو کارەکانیشمان بەو شێوەیە بڕوات، بە دڵنییایەوە کارەکانمان دەکەین و پەرلەمانیش دەبێ ئاگادار بێت، بۆیە جەنابی وەزیریش پێ خۆش بوو کە داوامان لێی کرد بێتە ئەو کۆبوونەوەیە، سوپاسی هاتنی دەکەین، پێم وایە ئێستا ئەو کوراسەمان داوەتە پێی، بەڵام حەز دەکەن چۆن بۆ وەزیرەکانی باس کرد، بۆ ئێوەش باسی بکات، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی بەکارەکان و دواتر یاسای نەوت و غاز، فەرق و جیاوازی بەینی ئێرە و حکومەت و تەفصیلاتی و تێگەیشتنی ئێمە بۆ دەستوور و گرێبەستەکانیش، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین بێت بفەرموێت لێرە دابنیشێت، ئێمەش و ئێوەش و

خەڵکی کوردستان کە ئێستا راستەوخۆ ئەم دانیشتنە دەگاتە کۆمەڵانی خـەڵکی کوردسـتان، ئومێـدەوارم کـە ئاشنایی پەیدا بکەن لەسەر ئەم تەفصیلاتە و بـزانن کـە لـە بەرژوەنـدی گـەل دایـە، و دوا قسەشـم ئەوەیـە ئێمە ئەو بەرنامەی کە هەمانە بۆ دانیشتن لەگەڵ وەزیـرە بـەرێزەکان لـە پێنـاوی بـەهێزکردنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە، ئیشـەکەمان یـەکتری دەگرێتـەوە، شـەفافیەت لـە قـازانجی ئێمەشـە و لـە قـازانجی ئەوانیشە، ئومێد دەکەم ئەو هاوکاریە بۆ قازانجی خەڵك بگەڕێتەوە، بۆ چەسپاندنی یاسا و دیموکراتیەت لە کوردستاندا هەنگاوێکی گرنگ بێت و، زۆر سوپاس، فەرموو کاك د.ئاشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاستان دەکەم بۆ داواکردنتان کە بێم و دووبارە بۆتان ئاشکرا بکـەم بـۆ مەسـەلەی نـەوت، ئیشـی ئێمـە چیە و چیمان کـردووە؟ ، بـە شـەفافیەت مـن ئامـادەم ئەمرۆکـە هـەر چـی پرسـیارتان هـەبێ بۆتـان ئاشکرای بکەم و جوابی بدەمەوە، بەڵام پێش ئەوە حەز دەکەم سـەر و سـەعاتێك و لەوانەیـە زیـاتریش بـێ کە هەموو شتێکتان بە شەفافی بۆ باس بکەم، بەڵکو وەڵامی زۆر لـە پرسـیارەکانتان بداتـەوە و دوای ئـەوەش موناقەشـە دەکـەین، تەبعـەن ئاسـانترە بـە پـاوەر پوینـت باسـی بکـەم، چـونکە ئـەو شـتانە هـەمووی فەنیـە وهەروەها رەسمەکە باسی خۆی ئەکات، پێویست ناکات مـن زۆر بـە دوور و درێـژی باسـی ئـەو شـتانە بکـەم، بەراستی ئێمە باسی چ بکەین ئاشکرا دەبێت بۆتان و، هـەمووی مەسـەلەی دەسـتووریە بەراسـتی، وەلـەو بـە ناوی قانونی نەوتەوە و ئەوەی موخالەفات هەیە لە بەینی ئێمە وبەغـدا، بـرادەران لـەوێ جار و بـار باسـی مەسەلەی نەوت بە تەنها نیە، مەسەلەکە دەستووریە یان مەرکەزیە یان فیدراڵیە، ئەوەیە مەسەلەکە، بەڵام شـەڕەکە هاتووتـە نـاو نەوتـەوە، ئـەوەی مـن ئەمـەوێ باسـی بکـەم بـڕۆین بـۆ بنـودی دەسـتووری یەکـەم، ئاگادارتان بکەم کە ئەو شتانەی کە بووە لەو ماوەی دوو ساڵەی لە بەینی ئێمـە و بەغـدا، دەوری ئێمـە چـی بـووە؟ تەبعـەن دوای یاسـای نـەوتی کوردسـتانیش ئێمـە چـەند عەقـدێکمان کـردووە و حـەز دەکـەم باسـی ئەوانەش بکەم و لە عەقدە کۆنەکانیش لەگەڵتان بم، لە پێشەوە ئێمە باسی بنودی دەستووری بکـەین، مـن هـەمووی ناخوێنمـەوە عەرەبیـە، چـونکە یاسـا بـە عەرەبیـە و دەسـتوور بـە عەرەبیـە، بـەڵام بـە کـوردی و عـەرەبی دەکـەین، مـاددەی 111 ئـەوە خیلافمـان نیـە لەگـەڵ کـەس، نـەوت تـابیعی میللـەتی عیراقـە، بـا مەعناکەی چیە؟ کە لەوێ پێش ئەوەی دەربیکەی ئیستیفادەی لێ ناکەی، کـە دەرچـوو مولکیەتەکـە چیـە؟ مولکیەتەکە ئەوەیە تەوزیعی عائیداتە، بە صەراحەت ئەوە تەفسیری ئێمەیە بۆ ئەوە، مـاددەی 112 باسـی ئیدارە دەکات، باسی ئیدارەی نـەوت دەکات، دوو فەقەرەیـە، فەقـەرەی یەکـەم: باسـی حوقـولی کـۆن دەکات، ئەوانەی کـە ئـەو وەختـە ئینتاجیـان هـەبوو لـە کـاتی دەسـتووردا و ئـەڵێ: ئیـدارەی ئـەو حەقلانـە، نـەوتی موستەخرەج لێیان بە شەراکەت ئەکرێن لەگەڵ حکوماتی ئـەقالیم و حکومـەتی ئیتیحـادی، ئەگـەر سـەیری ئەو کەلیماتانە بکەین باسی کەلیمەی (مع) دەکات، ئەوە موفاوەزاتی زۆر گەورەی لەسەر کرابوو و من لێـرە نەبووم و شەڕەکە شەڕی خۆتان بووە، قیادەی سیاسی کـوردی ئـەو کەلیماتانـەی بـۆ چـەند سـاڵێك و چـەند

مانگ موفاوەزات لەسەر ئەو دوو کەلیمە بووە، ئەتوانین مەعنای ئەوە بگۆڕین و بیکەین بە تەشاور، بە تەشاور هیچ قیمەتی نامێنی، بەڵام ئەوە لێرەدا نووسراوە کە (مع) و ئیدارەکە موشتەرەکە و دواییش ئەڵێ شەرتی داناوە کە ئەتوانێ حکومەتی عیراقی شەراکەت بکات لەگەڵدا، ئەگەر بە عەدالەت تەوزعی عائیدات بکات، ئەگەر نەیکات ئەو حەقەشی نامێنێ، ئەوە بۆ حوقولە کۆنەکان، هەروەها ئەڵێ سیاساتی نەوت بۆ ئەو شتانە بەیەکەوە دایدەنێن نەك بەتەنها حکومەتی مەرکەزی بە کەیفی خۆی دایبنێ و، تەشجیعی مەبادیئی سوق و تەشجیعی ئیستیسماریشی کردووە لە عەینی فەقەرات، ناتوانی سیاسەتی دانێ ئیحتیکاری نەوتەکە بکەی بە دەست نەوتی وەتەنیەوە مەسەلەن یان وەکو شەریکەی خۆتەوە، بەڵام ئیشی لەسەر نەکەی، ماددەی 160 باسی تەوزیعی عائیدات دەکات، بەڵام بەو شێوەیە کە باسی هەیئەیەکی حکومەتی ئەقالیم و موحافەزاتە کە شەراکەتن لەوەی کە ئیشراف عام بکەن لەسەر عائیداتی نەوت و غاز، ماددەی 105 عیلاقەی بەنەوتەوە هەیە نەختێك، چونکە باسی ئیداراتی موئەسەساتی حکومی دەکات و ئەڵێ: ئەبێ شەراکەتی عەدالەت هەبێ، مەسەلەن نەوتی وەتەنی ئەبێ دەورمان هەبێ، مەجلیسی ئیتیحادی ئەبێ دەورمان هەبێ، موئەسەساتی بەرز ئەبێ دەورمان هەبێ، چونکە وڵاتێکی ئیتیحادیە، ماددەی 115 دانراوە بۆ ئەوەی حقوقی زۆر ببەستێ، چونکە ماددەی 112 حقوقی مەشتەرەکە بەینی ئیتیحادی و ئەقالیم، ماددەی 115 ئەڵێ ئەوەی لە ماددەی 112 نیە مەسەلەن لە مەوادی فلان نیە، ئیختیصاصی ئەقالیم و موحافەزاتە بە تەنها، مەعنای ئەوەیە روقعەی ئیستیکشافی مەسەلەن، ئەو شوێنانەی کە نەوت هێشتا نەدۆزراوەتەوە یان دۆزراوەتەوە بەس هێشتا تەتویر نەکراوە و ئینتاجی نەبوو، باسمان لە کاتی دەستووردا ئەگەر لە بیرتانە، ئەوە حەصریە بە دەستی ئیقلیم، هیچ شکی تێدا نیە ماددەی 112 داندرابوو بۆ ئەوەی حکومەتی ئیتیحادی بەکەیفی خۆی نەڕوات و ئەو شتانە بیکاتە مەرکەزی و یاخود بیکات بە شەراکەت، ماددەی 112 زەمانی ئەوەی بۆ تۆ داناوە کە ئەگەر حکومەتی ئیتیحادی قانونێکی دەرکرد مەسەلەن، شت بکات بە مەرکەزی و دژی دەستوور، حەقەت هەیە بچی قانونی ئیتیحادی تەعدیل بکەی و حقوقی خۆت وەربگریەوە کە لە دەستووردا دانراوە، ئەوە مەبادیئەکانە لە ناحیەی دەستووریەوە، ئەگەر ئیتیفاق نەبێ چ ئەکەی؟ قانون ناتوانێت دەرگای دەستووری نەبێت، ئەتوانی موفاوەزات بکەی، بەڵام حودودی هەیە، ئێمە ئیستیشارەکمان کردووە، من موحامی نیم، بەڵام وەکو ئەوەی بە ئێمەیان گوتووە: دەستوور لە سەرووی میللەتە، میللەت دەنگی لەسەر داوە، تۆ ئەگەر بتەوێ تەنازول بکەی لەسەر حقوقی خۆت وەکو کەلیمەی (مع) یان بیکەی بە تەشاور، بەراستی ئەوە لە دەسەڵاتی من نیە، هی مەجلیسی وەزرای حکومەتی کوردستانیش نیە، بەخوای نازانم دەسەڵاتی ئێوەشە یان نا؟ ، ئەوە من موحامی نیم، چونکە ئەبێ بچیتەوە بۆ میللەت و داوای لێبکەی، ئایا ئێوە ئامادەن تەنازول لەوە بکەن؟ ، چونکە باشترە بۆ عێراق مەسەلەن، ئەوە ئیشی من نیە کە تەنازولی لەسەر بکەم، من بۆ ئەوە تەخویل نەکراوم، ئینجا ماددەی 126 ئالیەتی بۆ داناوی چۆن تەعدیل ئەبێ لە دەستوور، چونکە ئەگەر ئەتوێ قانونێکی مەرکەزی دەربکەی بۆ نەوت ئەبێ بچی دەستوورەکە بگۆڕی لە پێشەوە، پێش ئەوەی قانونەکە بگۆڕیت، ناتوانی بە عەکسەوە، چونکە

ماددەی دوای ئەوە ئەڵێ: لا يجوز سن قانون يتعارض مع هذا الدستور، ويعد باطلآ كل نص يرد في دساتير الاقاليم او اي نص قانوني اخر يتعارض معه ، کەواتە پێویست ناکات تۆ خۆت بشاریتەوە لە دەستوور و بچی قانونێك دروست بکەی و بیکەی بە مەرکەزی، چونکە باتیلە و موستەسمیر نایەت ئیش بکات و ئیشکالیشت بۆ دروست دەکات لەگەڵ ئەقالیم و موحافەزات، ئەوە مەبادیئێکی زۆر بەسیتە بەراستی، دوو، سێ ماددەیە و کەلیمەی (مع) تێدایە و موشارەکەی تێدایە، بۆ ئەوەندە موشکیلەیە؟ ئێمە دوو ساڵە نەمانتوانیوە بگەینە مەبەست، چونکە زۆر کەس هەیە ئەڵێ ئەمە لابدە، یان بە ناحیەی دەستووریە بچێ تەعدیلی بکات و فاشیل بوون لەوە، خۆ جەنابتان ئاگادارن هەموو، یان وەکو بە ناوی قانونەکانی تازەوە کەمی بکاتەوە، ئێمەش وتوومانە بە قانون ناتوانین بیکەین، ئێمە با باسی ئەو موفاوەزاتاتەتان بۆ بکەم کە ئاشکرا بێت، چونکە خەڵك وا ئەزانێ ئێمە تەعاونمان نەکردووە، یەکەم موبادەرە بۆ قانونی نەوتی عیراق ئێمە دەستمان پێکرد، کە من هاتمەوە ئەو قانونە لە گیرفانم بوو لە جانتاکەم بوو بەراستی، چونکە لە عالەما ئیشم کردووە بۆ $35$ ساڵ، لە دەستووردا شارەزا بووم، یەکسەر لە ماوەی مانگێکدا تەواومان کرد، کە جەنابی رەئیس وزەرا کە هاتە ئێرە دوای تەشکیلی حکومەتی عیراقی لەگەڵ وەزیری نەوت، ئێمە مسوەدەکەی خۆمان پێشکەشی ئەوانمان کرد، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەین بۆ قانونێك بۆ هەموو عیراقە، موبادەرەکە هی ئێمە بوو، با ئەوە هەموو کەسێك بزانێت، ئەوە لە مانگی پێنج ساڵی $2006$ بوو، لە باتی ئەوە وەعدمان پێدرا کە ئەوە دیراسە دەکرێ و لێژنە دروست دەکرێ، لە باتی ئەوە بانگمان بکەن و مسوەدەکە موناقەشە بکەن بە دەستووری داندرابوو، لێژنەیەکی تری سێ قۆڵی دروست کرد لەو زەلامانەی کە زۆر دژی میللەتی کوردن و من دەزانم کێن؟ لە دەرەوە دانیشتبوون و هێناویانە ئێرە و وەزارەتی ئێمە تەعاونیان لەگەڵ کردن و بە سێ قۆڵی یاسایەکی مەرکەزیان دانا، ئێمە دوای ئەوە یاسای خۆیان بلاوکردەوە بۆ موناقەشە، چونکە زانیمان جیدی نین و مسوەدەیەکمان کرد بۆ هەرێم، کە ئەوەمان بلاوکردەوە یەکسەر لێژنەیەك دروست کرا لە بەغدا، بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم و جەنابی د.المالکی تەوجیهی کردین کە ئێمە ئەبێ بە دەستووری ئەو یاسایە دابنێین، ئەوە کەلیماتی خۆی بوو: بە دەستووری قانونێك، مسوەدەیەك دروست بکەن با بێت بۆ پەرلەمان، بەلام بەداخەوە لێژنەکە نەیتوانێ ئیشەکەی خۆی بکات، چونکە کە گەیشتینە موناقەشە، ئەو مسوەدەیە کە سێ قۆڵی کردبوویان لە دەرەوە و بە بێ ئیشراف لەگەڵ ئێمە و ئەوەیان هێنایە سەر مێزەکە بۆ موناقەشە، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە تەقریبەن شەش مانگ خەریکی موفاوەزات بووین تا گەیشتینە نیهایەتی مەتاف، لە مونتەصەفی مانگی $12$ بریارماندا ناتوانین ئیتیفاقی نیهائی بکەین، چونکە ئەوکەلیمە جەوهەریانە وەکو (مع) و ئەوانە، ئیتیفاقی لەسەر نەبوو، ئێمە چووین بۆ لای جەنابی رەئیس وزراء ئەو وەختە کاك نیچرڤان بارزانی لەگەڵ کاك بەرهەم لەگەڵمانـدا بوون، پێشکەشمان کرد و وتمان ئەوە مسوەدەکەیە و ناتوانین ئەو چەند فەقەراتە ماوە ئیتیفاقی نیهائی لەسەر بکەین و یارمەتیمان بدات، رەئیس وزراء سەیری کردین و وتی باش و من ئەزانم ئەمانە چیە، و وازی لێبێنن و من تەعامولی لەگەڵ دەکەم، بەراستی لە جیاتی ئەوەی کە ئەوە حەل

بکرێت، ئێمە دوای سێ، چوار حەفتە تێگەیشتین کە وەزارەتی نەوت، مسوەدەکەی تێك دابوو و ئەوەی ویستمان لایبردووە و ئەوەی کە ئیتیفاقی لەسەر کرابوو، کە مفاوەزات تەواو کرابوو لەسەری و چەند کەلیمەیەکی ئەویش گۆڕدرابوو بە جەوهەری و بلاویان کردەوە و وتی ئەو قانونە ئیتیفاقی نیهائی لەسەر کراوە، لەسەر ئەنتەرنێت یەکسەر تەصریح دراوە و بلاوکرایتەوە، کە ئێمە داوامان کردبوو، مسوەدەکە جیاواز بوو لەوەی کە موناقەشەی لەسەر کرابوو بە صەراحەت، وتمان ئێمە لەگەڵ ئەو مسوەدەیە نین، تەبعەن ئەو نوقاتانەی خیلاف کە هەبوو لەگەڵ جەنابی رەئیس وزراء کە باسمان کرد، یەعنی گەیشتینە مەرحەلەی نیهائی، کە ئەمەلمان هەبوو کە ئیتیفاقی لەسەر بێ، بەلام بەداخەوە تێك چوو تا مانگی یەکی 2007، ئێمە سەر و مانگێکی تر موفاوەزاتی تازە دەستی پێکردەوە و گەیشتینە شوباتی 2007مسوەدەی تازە هات، وەکو ئەوەی مانگی 12ی پێشوو، بەلام ئیئتیفاقی نیهائی نەبوو لەسەری، چونکە بە تەواوی دەستووری نەبوو، ئیتیفاق کرا با ئەو مسوەدەیە بمێنێ و نامەیەکی جانبیی مفاوەزاتی لەسەر کرا، ئەونامە جانبیە زۆر جەوهەری بوو، چونکە مسوەدەکە وەکو مولحەقی ئەو نامەیە بوو، ئەو نامەیە ئیمزا کراوە لە لایەن جەنابی سەرۆکی کۆمار و لە لایەن کاك مسعود لێرە و هەروەها لە لایەن د.مالکی، هەرسێکیان ئێمزایان کرد کەوا ئەو نامەیە مەبدەئی ئەساسیە بۆ ئیتیفاق بۆ قانونی نەوت، با بچین و سەیری ئەو نامەیە بکەین نەختێ، ئەو نامەیە ئەڵێ: ئەبێ هەموو شتێك ئیتیفاقی لەسەر بکرێ و بچێ بۆ مەجلیسی نواب، قانونی نەوتی وەتەنی، ئەم قانونە خۆی، لەگەڵ قانونی تەوزیعی عائیدات، ئیعادەت تەنزیم عائیداتی نەوت، لەگەڵ مەعاییرو ئەو شتانە، هەمووی ئیتیفاق بکرێ، لەهەمان کات فەقەرەی دووەم ئەڵێ: ئەبێ مسوەدەکەی قانونەکەی کوردستان لەگەڵ ئەو قانونە جیاوازی زۆری نەبێت و ئەبێ بگونجێن لەگەڵ دەستوور، کەواتە ئەو شتانەی کە مابوون دەبێ موراجەعە بکرێتەوە و بە دەستووری دەربچێ، دوای ئەوەش مەوعیدێکی داناوە ئەڵێ بۆ مانگی پێنج ئەو شتانە هەموو تەواو ئەبن، لەبەر ئەوە ئێوە هیچ عەقدێك ئیمزا مەکەن، ئێمە بریارمان دا و گوتمان باشە و هیچ عەقدێك ئیمزا ناکەین و مفاوەزاتیش ناکەین و ئەوەستین، حەتا یاسای خۆشمان نابەین بۆ پەرلەمان با بگونجی لەگەڵ ئەوە ئینجا ئەچین، باشە مانگی چوار هات و لائیحەی خۆی بلاوکردەوە، لە 93٪ نەوتی عێراقی داوە بە نەوتی وەتەنی بە بێ ئیلتزام، بەبێ عەقد و بە بێ موناقەشە لە لێژنەکە، هەروەها موناقەشات نەبوو لەسەر مەعاییر لەسەر مفاوەزات و لەسەر قوانینەکانی تر، کە ئەوە تێکچوو ئێمە دوو خەیارمان هەبوو، خەیاری یەکەم کە ئەوە موفەزەڵ بوو: ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئیشەکەی خۆمان، موستەقیل بین، هیچ ئیلتیزامان نیە کە رابوەستین، یان ئەوە مانگێکی ئەدەینی بۆ مفاوەزاتی ئیزافی، ئەو مانگەش بەسەر چوو و هیچ نەبوو، ئینجا مانگی حەوت ئینجا من مسوەدەکەی خۆمان برد بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ موناقەشە، مانگی هەشت هاتە لای جەنابتان بۆ موناقەشە، تەبعەن هەشت جەلسە ئیتیفاقی لەسەر کرا و مانگی نۆ دەستمان پێکرد بە مفاوەزات بۆ عەقد، ئێمە وەستاین تاوەکو مانگی نۆ نەك مانگی پێنج، هیچ نەبوو لەبەغدا هیچ موناقەشە نەبوو لەسەر قانونی نەوت، هەرچی مولحەق دەرچوو نەوتەکەی کردووە بە

مەرکەزی داویەتی بە نەوتی وەتەنی، ئیلتیزامی نەماوە بە نامە جانبیەکە کە مەبدەئی ئەساسی بوو بۆ ئەوە، هەروەها مسوەدەکەی قانونەکە کە نیمچە ئیتیفاقی لەسەر کرابوو بردیان بۆ مەجلیسی شورا و لەوێ شتێکیان دابوو ئینجا نامەیەك هەیە لە مەجلیسی شورا با بچینە سەری، مەجلیس شورا سەیری مسوەدەکەی کرد و تەدەخولی وەزارەتی نەوت کە چوون لەگەڵیاندا دانیشتن بۆ ئەوەی موراجەعەی بکەنەوە، دوای سەرووی مانگێك، دوو مانگ نامەکە هاتەوە و لەگەڵ مسوەدەکە کە بە جەوهەری گۆرابوو لە 30٪ نەصەکەی لابردووە و هەمووی کردۆتە مەرکەزی و سێ حوجەی داوە، یەکێکیان دەڵێ: نەوت و غاز زۆر حەساس و زۆر موهیمە بۆ عیراق، ئێ تەبعەن ئێمەش عیراقین و بەشدارین، لەوە موشکیلە نیە، لەبەر ئەوە سوڵتاتی ئیقلیمی و موحافەزە خیبرەیان نیە، دەبێ مەرکەزی بێ ئەوە رەئی خۆیەتی، هەروەها دەڵێ دەستوور لەوانەیە بگۆڕێ، ئەو وەختە موناقەشەی دەستوور هەبوو، لەبەر ئەوە ئەو یاسایە مسوەدەکەی دەبێ بگونجێ لەگەڵ دەستوورەکەی موستەقبەلی، ئەوە چۆن مەنتیقە؟ ئەوە مەنتیقی چیە؟ ئیشی ئەو چیە؟ ئەو مەفروزە دیفاع بکات لەسەر ئەو دەستوورەی ئێستا، سێیەم دەڵێ: ئێمە شارەزایی فەنیمان نەبوو لە نەوتدا ،بۆیە بانگی وەزارەتی نەوتمان کرد ئەوان پێیان گوتین چ بکەین، ئێ باشە وەزارەتی نەوت 11 ئەندامن لە لێژنەکە، ئەو تەرەفی موتەنازیعە، چۆن ئەچی خۆت بە تەنها دادەنیشی لەگەڵ لێژنە و پێیان دەڵێی چۆن تەعدیلی بکەی؟ ئەوە تەدەخول نیە؟ خەتای ئێمە نەبوو ئەوە خەتای خۆیان بوو، ئێمەهەتا دوای ئەوەش ئەو تەعدیلاتەی کرابوو و قبولمان کرد بە شێوەیەکی قانونی، بە شێوەیەکی جەوهەری وتمان نا و ناردمانەوە بۆ مەجلیس وزرای بەغدا بە تایبەتی بۆ جەنابی رەئیس وزرا و، ئاشکرامان کرد کە چی گۆڕابوو و چی داوامان کردبوو ئەو بگۆڕێ، تا ئێستاش هێشتا وەڵاممان بۆ نەهاتۆتەوە، ئەوە ساڵێك دوای ئەوە، ئەم شتانەی کە هەبوو ئەو تەدەخولات و ئەوانە هەمووی تێك دا لە مەجلیس شوراوە تا وەکو مەلاحق و تا وەکو قانونی نەوت و ئەوانە، ئێستا دێمە سەر قانونی خۆمان، ئێمە دەرمان کرد، لە دوای مانگی هەشتی 2007 چەند عەقدێکمان کرد، تەبعەن هەمووتان ئاگادارن چەند موناقەشە هەبووە لەسەر عوقودی ئێمە کە پەرلەمان کردووە ونازانم و شتی وا، ئێمە چووینەوە بۆ بەغدا دوو سێ جار ئەم ساڵ، سێ حەفتە لەمەو پێش لە بەغدا بووین بۆ دوو حەفتە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و چەند ئەندامێك و وەزیریش لەگەڵی ئیتیفاق کرا لەگەڵ جەنابی رەئیس وزەرا لەوێندەرێ کە یەکەم ئەو شتانەی کە ماوە بە دەستووری تەواو بێت، دووەم: ئەچینەوە بۆ مسوەدەکەی شوباتی 2007 دەستکاری تەواوی ئەوە بکەین ئەو قانونانەی کە تەواو نەبووە بە صەفقەیەك ئەچێت بۆ مەجلیس وزرا بۆ ئەوەی تەواوی بکەین، لە هەمان کاتدا کە ئێمە لە بەغدا بووین، دوو رۆژ دوای ئەوەی کە کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو، ئەو نامەیە دەرچووە بۆ مەجلیسی نواب، قانونەکە بە تەنها خۆیان دەریان کردووە، بە نامەیەك ناردوویانە مەجلیس وزرا ئەڵێن موناقەشەی بکەن با ببێتە قانون و تەواو بێت، سوپاس بۆ لێژنەی تاقە لە بەغدا کە د.علی بەلو رەئیسێتی، ئاگاداری بوو لەمە وە چوو بۆ ناحیەی قانونی و وەستاندی، وتی ئەمە قانونیەن ناتوانین ئەمە وە بکەین ئەمە ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە، وتی لە عەینی

وەختیشدا کە موناقەشەی دەکەین لەگەڵ هەرێمدا چۆن دەتوانین ئێمە تێکی بدەینەوە دیسان، من ئەمەوێ تێتان بگەینم کە تێکی ئەدەن، هەموو جارێك کە نەختێ تەقەدوم دەکەین یان وەکو ئەزانن ئێمە مافی خۆمان داوا دەکەین، یان بە دەستووری دانـدراوە، یەکسەر ئەترسن و ئەیانەوێ مسوەدەیەکی بخەنە ناو پەرلەمانەوە و پەلەی لێبکەن و تەواوی بکەن، ئەوە مەسەلەکە ئەوەیە، با بێنە سەر سرد الاحداث، خەتای ئێمە تەئخیر بوونە، ئێمە ئەوە دوو ساڵە ماوین و وەستاوین بۆ ئەوە، ساڵێك لەمەو پێش دەستوور و سێ ساڵ بەس نیە بۆ میللەتی عێراق بوەستێ بۆ ئەوەی نەوتەکەی بەکاربێنێ بۆ موستقبەلی میللەتەکە؟ ئێمە تەعاونمان کردووە لە هەموو مەرحەلەیەکدا خەتای ئێمە نەبووە، نەخێر، خەتای ئەوانە کە دەستووریان ناوێ، کە دژی فیدراڵین، مەرکەزیەت ئەساسە بۆ مەبادیئی ئەوان، باشە مەعنای چیە ئەم شتانەی کە باسمان کرد؟ با میسالێکی بینم با بچینە سەر فەقەرەی سوڵتاتی هەیئەی ئیقلیمی لە فەقەرەی پێنج، لەو فەقەرەیە ئێمە ئەمانەوێ لە سوڵتەی هەیئەی ئیقلیمی بێت، ادارة النفط و الغاز في الحقول الحالية مع السلطات الاتحادية المعنية وفقاَ للمادة 112 من الدستور، ئەڵێ من ئەوەت نادەمێ، ئێ ئەوە نەصی دەستووریە، من لە دەستوور دەرم کردووە و بیخەرە ئەوێ با هین نەبێ و سوء تەفاهوم نەبێ، ئەڵێ نابێ، ئێ باشە ئەوە نابێ بچۆ دەستوور تێك بدە، چونکە ناکرێ موناقەشە بکرێت، تۆ ئەوەم نادەیتێ، لێرە مەعنای ئەوەیە نیەتت خراپە، مەعنای ئەوەیە کە قانونەکەت غوموزی تێدابێ بۆ ئەوەی بەکارێ بێنێ بۆ مەصلەحەتی خۆت، یەعنی شتی وا باس دەکەین ئێمە شتی وا مەبدەئی و جەوهەری لەو شتانە کە ئیتیفاق نەکراوە، باشە نەتیجەکەی چیە؟ تەئسیری هەیە لەسەر مەواریدی مالی، لەسەر مەواریدی مالی ئێمە ئیتیفاقمان کرد عائیدات تەوزیع دەبێ دوای ئەوەی نەفەقاتی ئیتیحادی وەردەگرێ و هەموو پارەکە ئەچێتە سندوقی داخیلی و خارجیەوە، لێژنەیەکی ئیتیحادی لەسەری ئیشراف دەکات کە ماددەی 106 دایناوە، ئیمە حیسابی عائیدات لە 17٪ دێتە کوردستان حیسابی بۆ دەکەینەوە لە بانکی مەرکەزی لە هەولێر یان لە سلێمانی، بڕیار دەدەین، 8٪ دەچێت بۆ نەفەقاتی موحافەزات و ئەو شتانە، ئەگەر فایزت هەبوو لای خۆت ئەمێنێتەوە، فایزت نەبوو بۆ مەشاریعی خۆت دایدەنێی، وەلەو موازەنە دەست پێدەکەی، بەڵام تەوزیع بە عائیداتی حەقیقیە، باشە چی تێکچوو دوای موفاوەزاتەکە؟ سندوقێکی موستەقبەلیان دانا بە کەیفی خۆی ئەتوانێ پارە بخاتە ئەوێندەرێ بە بێ حدود، ئەڵێ من تەمویلی مەشاریعی ستراتیجی دەکەم، ئێ ئەو وڵاتە ئێوەش بەشدارن لەو وڵاتە، ئەوە راستە، بەڵام حدودەکەی چیە؟ تۆ ئەگەر بتوانی هەموو ساڵێك فایزت هەبێ و بیخەیتە ئەوێوە من چیم بۆ ئەمێنێتەوە هەر ئەوەی کە لە موازەنەکە هەیە، تۆ وەکو ئەجیری، شەریك نی لە عائیداتەکە، وەکو ئیستا لە موازەنە نەختێکت بۆ دێت وفایزەکە بۆ کوێ ئەچێ، هەر لەوێ ئەمێنیتەوە لە شوێنی خۆی، ئەم دوو، سێ کەلیمەیە هەموو حدودەکەی گۆڕیوە، حەتا لێرەش چۆن پارەکە دەردەکەی کە دێتە کوردستان لە بانکی مەرکەزی با لە هەولێر بڵێین: ئەڵێ ئەبێ موافەقەتی بانکی مەرکەزی بەغداش وەربگری تا پارەکە دەربکەی، ئەگەر مەرکەزی نیە چیە؟ هیچی تێدا نەماوە بۆ دەسەڵاتی ئێمە، با بچینە سەر ئەوە با باسی موازەنە بکەین مەسەلەن، موازەنەی ئەم ساڵ

هەموو ئاگادارن ئەڵێ: حیسەی ئێمە 5 ملیار و نیوە، چۆن گەیشتووتە ئەوە؟ ئەڵێ: 1700 ملیۆن بەرمیل دەردەچێ رۆژانە، حەقیقەت دوو ونیوە ئێستا تەقریبەن و هەندێکیش ئەڵێن لەوانەیە ببێت بە سێ، ئـەڵێ سیعری ئـەوە 57 دۆلارە، ئێمـە هـەمووومان دەزانـین 87 تـا 100 دۆلارە ئێسـتا، باشـە هـەموو عائیـدات لـە پەنجایە، هەتا بەو کەمەش ئێمە ئەڵێن لە 80 کەمتر نیە، نەفەقاتی ئیتیحادی لێ دەربکە 33 ئەمێنێتـەوە 17.5 و 5,5 ،ئەگـەر ئـەو موعادەلەیـە وەربگرێـت تـۆ حـەقت 11 ٪، ئـەڵێ زۆرمـان وەرگرتـووە 5,5 وەرگرتووە و ئێمە حەقمان 11٪، یەعنی لە جیاتی ئەوەی تۆ دیفاع لە حەقی خۆت بکەی، بڵێ بزانە ئـەوە راستە، بڵێ بۆمان ئاشکەرا بکە نەوت بە چەند دەفرۆشرێت؟ چـەند دەر ئەکـەی؟ چـەند تەصدیر ئەکـەی؟ پارەکە کوا؟ صافیەکەی چەند ئەمێنێتەوە؟ حیسەی ئێمـە کـوا؟ ئێمـە ئـەو پرسـیارانەی ناکـەین و ئـەویش پێمان ناڵێت، ئێمە نازانین ئەو نەوتە لە کوێ دەفرۆشرێت؟ نازانین ئەو فایزە ماوەتـەوە لـە کـوێ ئـەمێنێ؟ هەموو میللەتی عێراق عەینی شتە، خۆ ئەم شەڕە هـەر هـی ئێمـە نیـە، بـەس هـی کوردسـتان نیـە، هـەموو موحافەزات حەقیان هەیە کە بزانن ئەو پارانە لە کوێیە و چۆن تەوزیع دەبێ؟ ئەگەر بەردەوام بووین بەو شێوەیە با بڵێین ئەگەر عیراق لە ئاسایش و ئەوانەی تەواو بوو ئینشاء الله و گەیاندمانـە 6 ملیـۆن بـەرمیل یان حەوت یان هەشت، حیسەکەی تۆ بە عەینی ئالیەت 14 ملیارت بۆ دێ، بەڵام ئەگەر بە عەدالەت بـێ و بە تەوزیع بێت وەکو ماددەی 112 دەڵێ ئەبێ 35 بێت، ئایا ئەوەستێ ئێستا و بەردەوام دەبێت بەو ئیشەی یان وەکو شتێك دەکەی زەبتی دەکەی بە قانون بۆ ئـەوەی حیسـەی خـۆت بـە عائیـدات بـۆت بێـت، ئـەوەی هێشتا ماوە ئیشکالێکە حەل نەبووە هێشتا، ناحیەی قانونی نەوت خۆی با بـزانین ئیشکالەکان لـە کوێن؟ ئەڵێ: سوڵتەیەکی داناوە موشکیلە نیە مەجلیس وزرا هەیە و مـەجلیس نـەواب هەیـە کـە تەشـریعی قـانون ئەکات، مەجلیسی ئیتیحادی نەوت و غاز هەیە، هەیئاتی موختەصە هەیە وەکو وەزارەت و هەیئەی ئیقلیم و شەریکەی نەوتی وەتـەنی، لێـرە ئـەڵێ مـن تـەنزیمی ئـەو شـتانە هـەمووی دەکـەم (قـانون ضـمان مشـارکة الاقلیـم حسـب الدسـتور)ئـەوەی لابـردووە و ئـەڵێ: ضـمان الاستشـارة، ئێمـە هـەمووومان ئـەزانین ئیستیشـارە جیـاوازە لـە (مـع)یـەك نینـە و قیمەتەکـەی ئـەڕوات یەکسـەر، ئـەوە مەکـەزی یەکـەم لەسـەرەوە دانـاوە بۆی،لێژنەی ئیتیحادی عەینی شتە ئەڵێ: تۆ هەر چی ئەکەی لێرە دەبێ بێـی بـۆ لای مـن بـۆ موافەقـە، ئـێ ئەگەر موافەقە بەدەست تۆ بێت چی دەمێنێتەوە بـۆ ئێمـە؟ کۆنتـرۆلەکە بـە دەسـت تۆیـە، کەواتـە مـاددەی 115 قیمەتی نەما بەو شێوەیە، ئەوە جیاوازیەکەی ئێمە لەسەر ئەم چەند کەلیمـە بەسـیتەیە و هـەمووی لە دەستووردا دایناوە، ئەوە نەوەك کەم نەبێ هـەموو حەقلـەکانی داوە بـە نـەوتی عیراقـی لـە 93٪ نـەوتی ئیحتیاتی عێراقی ئی هەموو عیراق، ئێ لـە 93٪ نـەوتی وەتـەنی بێـت و ئیـدارەی ئـەویش مەرکـەزی بێـت کەواتە چ ماوە بۆ ئیستیسماری خاریجی یان بۆ سوڵتاتی موحافەزات و ئیقلیم؟ هەرمەرکەزیە و وەکو جاران وایە، ئێمە لەبەر ئەوە داوامان کردووە ئەبێ قـانونی نـەوتی وەتـەنی ببیـنین، لەبـەر ئـەوەی بـزانین دەوری وەزارەتی نەوت چیە؟ چونکە ئەگەر سوڵتەکە بە قانونی بخاتە ئەوێ هیچ بەدەست تـۆ نـامێنێ، لەبەرئـەوە بە صەفقە ئەمانەوێ بڕوات، باشە موڵەخص وەزارەتی نـەوت چـی کـردووە تـەدەخولی لەسـەر ئـەو هـەموو

پرۆسەیەی کردووە تاکو ئێستا، لە ناحیەی عەمەلیی یەك عەقدی نەکردووە موساعەدەی میللەتی عیراق بکات تاکو ئێستا، ئیستیمراری فەساد هەموو ئاگاتان لێە، تەدەخولاتی مەجلیسی شورا بە نەصیحەتی وەزارەتی نەوت، تا ئێستا بە بەردەوامی 600ملیۆن موکەعەب نەوتی عێراق ئەسووتێ سالآنە، ئەوە لە هەمان کاتدا کە کارەباش نیە و قیمەتی ئەوە تەقریبەن 35 ملیار دۆلارە سالآنە، ئەگەر ئێمە شتی وا بکەین گلییمان لێ دەکەن، کە ئێمە لە بەغدا بووین لە هەیئەی نەزاهە ئەلێ لە ماوەی پێنج سالدا 250 ملیار دۆلار سووتاوە یان بە سەریقە یان هی موشتەقات یان ئەو غازە سووتاوە لێرە نیهایەتەکەی ئەوە لەسەر حیسابی ئێمەیە، ئەگەر 250 ملیار هەبوایە لە 17٪ هی تۆیە، سوء الادارە لەسەر حیسابی تۆ، باشە ئێمە چیمان کردووە؟ تەبعەن ئێمە ئەوەی کە کردمان وەك باسم کرد یاسا دەرچوو و تەقریبەن من ساڵ و نیوێك لێرە بووم و یەك عەقدمان ئیمزا نەکرد، مفاوەزاتی من محاوەلەمان کرد کە بەغدا ئیتیحادی ببێ ئینجا گەیشتمە قەناعەت قانونی خۆمان دەرچوو، ئینجا دەستمان کرد بە مفاوەزات و بەعەقد لە کوردستان، با باسی ئەوانە بکەین، تەبعەن لە ناحیەی دەستووریەوە و لە ناحیەی قانونی ئیتیحادیەوە وەکو باسمان کرد ئێمە تەعاونمان کردووە زۆر لەگەڵ هەموو کەسێك، نەتائیجی ئەو ئیشانەی کە کردوومانە تا ئێستا لە ماوەی چەند مانگێکدا، سێ حەقلی تازەمان کەشف کردووە، دوو بلیون بەرمیل نەوتی تازەی تیایە کە عێراق ئەو نەوتەی نەبوو پێش ئەوەی ئێمە دەست پێبکەین، لە جیاتی ئەوەی تەهانیمان بۆ بنێرن، گلەیی ئەکەن، ئەو نەوتە بۆ هەموو میللەتی عێراقە هەر بۆ کوردستان بە تەنها نیە، ئێمە موراجەعەی عەقدە کۆنەکانمان کردووە، تەقریبەن 10بلیۆن دۆلار ئیستیسمارە بۆ کوردستان لە ڕێگەی ئەو عەقدانەی کە کردوومانە ئەوە ئیستیکشافە بۆ ئەوەی نەوتی تازە بدۆزینەوە، حیسابمان کردووە بە صافی 40000 بەرمیل سەروو ساڵێکی تر تەواو ئەبێ، دووانی تر مفاوەزات خەریکە تەواوی ئەکات، ئێمە لە ماوەی 18 مانگ تا دوو ساڵ ئەگەینە تەقریبەن تاقەی ئینتاجی 100000 بەرمیل، مەشاکیلی کوردستان کەم دەکاتەوە و حەلی ئەکا، ئەمانەمان هەموو کردووە لە ماوەیەکی کەمدا، لە ماوەی چەند مانگێکدا، هەموو ئاگادارن لە عەقدی کۆرمۆر لەگەڵ جانراس، ئەو پرۆسس پلانتێکمان هەیە، ئێمە لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەمە کە عیراق سێ ساڵ مفاوەزاتی کرد و نەیتوانی عەقدەش ببات، ئێمە لە ماوەی ساڵێکە بۆ مانگی حەوت و هەشت ئەم ساڵ ئەو پرۆسە پلانە تەواو ئەبێ تەقریبەن 600 ، 700 ملیۆن دۆلار سەرف کراوە تا ئێستا لەسەری نەك 70 ملیۆن کە عیراق باسی ئەکرد ئەو وەختە و نەتیجەکەی ئەوەیە ئێمە 1500 مێگاوات کارەبا ئەدرێ لە ماوەی سێ چوار مانگی داهاتوو، ئەوە ئینجازێکی زۆر گەورەیە لە ماوەیەکی کەمدا بۆ کوردستان، من حەز دەکەم ئێستا باسی عەقدە کۆنەکانتان بۆ بکەم، چونکە ئەو شتێکە هەموو کەسێك باسی ئەکات، لە کوێ بوون ؟ ئەوانە لە شوێنێك بوون لە هەولێر ودهۆك لە مەنتیقەیەك پێی ئەڵێن DNOشەریکەیە و لێرەش چەند شەریکەیەکی تورکی هەبوون کە پێیان ئەڵێین لیسینس زاگرۆس لەگەڵ گەرێللا کە لەگەڵێدابوو، و چەند MOEیەکیش کرابوو کە هەردوولا تەقریبەن 50 MOE هەبوو، بەلآم سوپاس بۆ ئێوە یاسای کوردستان هەموومان لەغو کرد، لە ماددەی 54 فەقەرەی

دوو هەرچی MOE کە ئیلتیزامی تەواى لەسەر نەبوو بە عەقد لەغو کرا، موراجەعەی عەقدە کەونەکانیش فەرزکرا لەسەر ئێمە کە بیکەین بە شێوەیەکی یەکەم دەستووری و دووەم ئیقتیصادی بگونجێ لەگەڵ قانونی تازە، ئەوەشمان کردووە، لێرە ئێمە لێژنەمان هەیە قانونی کوردستان داینـاوە ئـەوە دەسەڵاتی من نیە بەتەنها، من ئەندامێکم لەوانە و ئێمە پێنج ئەنـدامین، سـەرۆکی ئەنجومـەن نایـەت سـێ عوزو و وەزیری تیایە وەزیری مالیە وئیقتیصاد و وەزیری تەختیت، ئـەوە دەسـەڵاتی باڵایـە لـە هـەرێم بـۆ نەوت و غاز، بۆ عوقود، ئەوە دەسەڵاتی ئێمـە نیـە، ئێمـە مفـاوەزات دەکـەین و ئامادەکردنەکەی دەکـەین و ناحیە فەنیەکە شی دەکەین و ئەچین بۆ ئەو لێژنەیە، ئەبێ ئـەو قەناعـەت بکات ئینجا ئیمـزا ئـەکرێ، تـا ئێستا یەك عەقدمان نەکردووە کە هەموو پێنج ئەندامەکە موافەقـەیان نـەکردبێ، ئەگـەر یـەکێکیان شـکی هەبوایـە ئێمـە ئەوەسـتاین و مفاوەزاتمـان کـردووە و ئامۆژگاریمـان کـراوە و رۆیشـتینەوە بـۆ لێژنەکـە و موافەقەتمان وەرگرتووە و ئینجا ئیمـزا کـراوە، ئینجا ئەگـەر خـەڵك وا ئـەزانێ ئێمـە چووینە و لـە ژووری تاریکەوە مفاوەزات ئەکەین، شتی وا نیە، ئێمە ئەزانین چیمان کردووە، هەروەها دەسەڵاتی ئـەو لێژنەیـەش دانراوە لە مانگی پێنج بەو شێوەیە ئێمە ئیشمان کـردووە، مـاددەی 54 کـە باسمـان کـرد ئـەڵێ ئـەوە لـەغو ئەبێ، ئـەوە هـیچ ئێمـە لـەغومان کـردووە و موراجەعـەی عەقـدەکانمان کـردووە کـە ئـەوەش باسـی ئەکـەم دوایی، تەبعەن ئێمە بە کەیفی خۆمان ئیش ناکەین، ئێمە لە ناحیەی فەنیەوە ئـیش دەکـەین، تەفاصیلمان هێنا بۆ ئێرە، بڕیارتان لەسەردا جەنابتان، ئەو تەفاصیلانە لە ماددەی هـین دانـراوە و حـدودوی دانـاوە بـۆ درێژایی عەقد، پێی ئەڵێن تەنازول یان مودەی ئیستیکشاف چەندە و مودەی تەتویر چەندە، رەیع چـەندە، کولفە چەندی ئەدەی بە مقاولەکە و حدودی ماکسیمام چەندە کە ناتوانێ لەوە زیـاتر تـەجاوز بکات؟ ئـەو شتانە ئالیاتە دانراوە لە یاساکە، نەك لە عەقدەکە کە ئێمە ناتوانین تەجاوزی ئەوە بکەین، زۆر شـت هەیـە کە تەعون دەکات و بە پاکی ئیش دەکـەن لـە ناحیـەی ئیـدارە و لـە ناحیـەی کرێـی فەنیـەوە و لـە ناحیـەی بیئە، ئەو شتانە هەموو لە قانونەکە و لەسەر عەقدەکە دانراوە، من نامەوێ قانونەکە بخوێنمەوە دووبـارە، بەڵام بۆ ئاگاداریتان تکایە سەیری بکەن دووبارە، چونکە حـدودی زۆر دوور و درێـژی دانـاوە بـۆ عەقدەکـە، لەبەر ئەوە ئێمە چیمان کرد دوای قانونەکە ؟ فریم ووٚرکی تازەمان دروست کـرد بـۆ مـۆدێلی عەقـد، یـەك عەقـدە و نـایگۆڕین هـەر وەکـو قانونەکـەش بـە خـۆی ئەوهایـە، ئیلتیزامـاتی تیایـە و مفـاوەزات لەسـەر کۆمەرشیلە، تێکستەکەی مفاوەزات ناکـەین ئـەڵێین ئێمـە ئـەوە مـۆدێلی ئێمەیـە یـان بیبـەن یـان مفـاوەزات ناکـەین، مفـاوەزات لەسـەر روقعـەی ئیستیکشـاف دەکـەین، چـەند نـەوت وەردەگـرین؟ چـەند پـارە سـەرف ئەکەین؟ چەند کەفائە ئەدەین و ئەو شتانە؟ فەقەرەیەك هەیە زۆر موهیمە باسی شەفافیەت و ئەو شـتانە ئەکەین، ئێمـە لـە قانونـدا خۆمـان دامانـاوە و بڕیارتـان لەسـەر دا جـەنابتان کـە هـەر مـوەزەفێکی حکومی بەشدار بێ لە عەقد و مەنفەعەتی هەبێ، ئەوە عەقدەکە باتیڵ ئەبێ، ئەگـەر تـۆ مقـاول بیـت و بێـە ئێـرە سەد ملیۆن سـەرف بکـەی یـان بلیۆنێـك سـەرف بکـەی نـاتوانێ موجازەفـەی وا بکـەی کـە شـەرێك بێنێـت و بەشداری بکەی لە عەقدێکدا و یان پارەی بدەیێ یان رەشاوی بدەیتێ، موجازەفـە لەسـەر تۆیـە و عەقدەکـە

لەغو ئەبێ ئەگەر بە خراپی ئیش بکەی، بۆچی دامانا لەوێ؟ بۆ ئەوەی لەو موشکیلانە رزگارمان بێت، مقاولەکە ئەتوانی منەتی لەسەر بکەی و بڵێت من ناتوانم ئیشت لەگەڵ بکەم، چونکە ئیشەکەت قانونی نیە، دیفاعی بۆ داناوە بۆ ئەوەی کەس زەغتی لەسەر نەکات، با بێینە سەر عەقدە کۆنەکان، ئایا خراپ بوون؟ بەڵێ خراپ بوون، من وام وتووە لە پێشەوە، لە ناحیەی ئیقتیصادیەوە قسمێکیان باش نەبوون و لە ناحیەی فەنییەوە چەند مەشاکیلێکیان تێدا بوو، بەڵام ئێمە حەلمان کرد، دوایی قانونەکە و تەعیدلکراوە و یەکە یەکە دوای مفاوەزات تەعدیل کراوە، با بڵێین ئەوانەی گۆڕیمان چی بووە؟ مەسەلەی DNO مەسەلەن لە 95٪ نەوتەکە ئەیتوانی بەکاری بێنی بۆ کولفەکە یەعنی ئەولەویەت بۆ ئەو بوو، دوای کولفەکە لە 20٪ ربحی هەبوو، دوای کە کولفەکەی تەواو بوو نەوتەکە لە 100٪ ربحە ، لە 20٪ بۆ ئەو بوو و لە 80٪ بۆ حکومەت بوو ، یەعنی ئەوە باشە زۆر خراپ نیە، بەڵام بۆ مستەوای عالەمی خراپە، ئێمە تەعدیلمان کرد، تەعدیل کرا ئەوە مساحەکەمان کەم کردەوە، یەکەم چەند روقعەیەکمان دەرکرد و بوو بە عەقدی تازە لەگەڵ چەند شەریاتێکی دیکە، ئێستا چوار شەریکاتی تر لە عەینی مەنتیقە کە DNO هەیان بوو، ئەوان هاتنە ناوی، چونکە مەساحەکەمان کەم کردەوە بۆیان، ئەوە یەکەم تەعدیل بوو، تەعدیلی دووەم: وتمان ئێمە ناتوانین ئەوەندەت بدەینێ، وتمان لە 60٪ ئەدەینی و ئەوەی کە سەرفت کردووە تا ئێستا لەوێ وەریگرەوە، دوای ئەوە لە 40٪ ناتوانی بەکاری بێنی، ئەوە لە ناحیەی کولفەکەوە کە بوو بە ربح هەر لە 12٪ دەدەینێ، پێشتر لە 20٪ هەبوو، ئەوە تەعدیلی جەوهەریە کە کردوومانە لە DNO کە لەگەڵ مەعاییری عالەمیە و دێمە سەر ئەوەش دوایی، با بێنە سەر مەنتیقیەی گەرمیان و کفری ئەوە نیوەی کوردستانە لەوێ، ئەم عەقدە کرابوو لەگەڵ شەریکەیەکی بچووك و سەبەبەکەشی سیاسی بوو، ئەوە وەختی ئەوە پێش دەستووریش بوون لە 2003 ، ئێمە دەبێ تەماشای وەزعەکەی بکەین بە تەوازون، ئەو وەختەی کە کرابوو، ئێمە پێویستمان بە تەعاون هەبوو لەگەڵ حکومەی تورکیا و ئەو شتانە و ئەوانە هاتبوون و ئیشیان لەگەڵ دەکردین وتمان باشە و بچن نەختێك ئیستیکشاف و ئەو شتانە بکەن و عەقدێکمان دا بەوان بەڵێ 100٪ کولفەکە بۆ ئەوان بوو، کە کولفەکە تەواو بوو لە 49٪ ربحمان دانابوو، ئەوە خراپە؟ بەڵێ خراپە، بەڵام ئیستیفادەی لێنەکردووە تا ئێستا مقاولەکە، ئێمە هاتین تەعدیلمان کرد و کەممان کردەوە بۆ ئەو مەنتیقە بچووکە، چیمان پێداوە؟ لە 36٪ بوو کولفەکە کە کولفەکەش تەواو بوو هەر لە 12٪ داوە پێیان، ئەمە چوار جار کەمترە لەوەی کە وەعدی پێدراوە لە پێشەوە، تەعدیلەکی جەوهەری تریشمان کردووە وتمان کە تۆ شەریکەیەکی بچووکی ئەگەر ئسێستا دێی بە مفاوەزات قبول ناکەین و مەعاییری ئێمە بەرز بوویتەوە، لەبەر ئەوە بچوو و شەریکەیەکی تر بینە لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەوەی مستەوای فەنیت بەرزکاتەوە، شەریکەیەکی ئۆستورالیان هێنا و موافەقەتمان کرد ئینجا عەقدەکەمان موراجەعە کردەوە، ئەگینا دەرمان دەکردن، ئەوەشمان کردووە کە ئەو شەریکەیە مستەوای بەرزە و عالەمییە و لە ولاتی خۆیان و لە ولاتانی تر ئیش دەکەن و ئەوە ئەتوانێ دیفاع لەو شەریکەیە

بکات، بەڵێ عەقدە کۆنەکە کرا و بوو بە عەقدە تازەکە دوای تەعدیلەکەی عالەمیە و لە مستەوایەکی باشە لە مستەوای ئیقتیصادی و مستەوای

ئیشمان کردووە، ماددەی $54$ کە باسمان کرد ئەڵێ ئەوە لەغو ئەبێ، ئەوە هیچ ئێمە لەغومان کردووە و موراجەعەی عەقدەکانمان کردووە کە ئەوەش باسی ئەکەم دوایی، تەبعەن ئێمە بە کەیفی خۆمان ئیش ناکەین، ئێمە لە ناحیەی فەنیەوە ئیش دەکەین، تەفاصیلمان هێنا بۆ ئێرە، بڕیارتان لەسەردا جەنابتان، ئەو تەفاصیلانە لە ماددەی هین دانراوە و حدودوی داناوە بۆ درێژایی عەقد، پێی ئەڵێن تەنازول یان مودەی ئیستیکشاف چەندە و مودەی تەتویر چەندە، رەیع چەندە، کولفە چەندی ئەدەی بە مقاولەکە و حدودی ماکسیمام چەندە کە ناتوانێ لەوە زیاتر تەجاوز بکات؟ ئەو شتانە ئالیاتە دانراوە لە یاساکە، نەك لە عەقدەکە کە ئێمە ناتوانین تەجاوزی ئەوە بکەین، زۆر شت هەیە کە تەعون دەکات و بە پاکی ئیش دەکەن لە ناحیەی ئیدارە و لە ناحیەی کرێی فەنیەوە و لە ناحیەی بیئە، ئەو شتانە هەموو لە قانونەکە و لەسەر عەقدەکە دانراوە، من نامەوێ قانونەکە بخوێنمەوە دووبارە، بەڵام بۆ ئاگاداریتان تکایە سەیری بکەن دووبارە، چونکە حدودی زۆر دوور و درێژی داناوە بۆ عەقدەکە، لەبەر ئەوە ئێمە چیمان کرد دوای قانونەکە ؟ فرێم وۆرکی تازەمان دروست کرد بۆ مۆدێلی عەقد، یەك عەقدە و نایگۆڕین هەر وەکو قانونەکەش بە خۆی ئەوهایە، ئیلتیزاماتی تیایە و مفاوەزات لەسەر کۆمەرشیلە، تێکستەکەی مفاوەزات ناکەین ئەڵێین ئێمە ئەوە مۆدێلی ئێمەیە یان بیبەن یان مفاوەزات ناکەین، مفاوەزات لەسەر روقعەی ئیستیکشاف دەکەین، چەند نەوت وەردەگرین؟ چەند پارە سەرف ئەکەین؟ چەند کەفائە ئەدەین و ئەو شتانە؟ فەقەرەیەك هەیە زۆر موهیمە باسی شەفافیەت و ئەو شتانە ئەکەین، ئێمە لە قانوندا خۆمان داماناوە و بریارتان لەسەر دا جەنابتان کە هەر موەزەفێکی حکومی بەشدار بێ لە عەقد و مەنفەعەتی هەبێ ئەوە عەقدەکە باتیڵ ئەبێ، ئەگەر تۆ مقاول بیت و بێیە ئێرە سەد ملیۆن سەرف بکەی یان بلیۆنێك سەرف بکەی ناتوانێ موجازەفەی وا بکەی کە شەرێك بێنێت و بەشداری بکەی لە عەقدێکدا و یان پارەی بدەیی یان رەشاوی بدەیتێ، موجازەفە لەسەر تۆیە و عەقدەکە لەغو ئەبێ ئەگەر بە خراپی ئیش بکەی، بۆچی دامانئا لەوێ؟ بۆ ئەوەی لەو موشکیلانە رزگارمان بێت، مقاولەکە ئەتوانێ منەتی لەسەر بکەی و بڵێت من ناتوانم ئیشت لەگەڵ بکەم، چونکە ئیشەکەت قانونی نیە، دیفاعی بۆ داناوە بۆ ئەوەی کەس زەغتی لەسەر نەکات، با بێینە سەر عەقدە کۆنەکان، ئایا خراپ بوون؟ بەڵێ خراپ بوون، من وام وتووە لە پێشەوە لە ناحیەی ئیقتیصادیەوە قسمێکیان باش نەبوون و لە ناحیەی فەنییەوە چەند مەشاکیلێکیان تێدا بوو، بەڵام ئێمە حەلمان کرد دوای قانونەکە و تەعیدلکراوە و یەکە یەکە دوای مفاوەزات تەعدیل کراوە، با بڵێین ئەوانەی گۆڕیمان چی بووە؟ مەسەلەی DNO مەسەلەن لە $95\%$ نەوتەکە ئەیتوانی بەکاری بێنێ بۆ کولفەکە، یەعنی ئەولەویەت بۆ ئەو بوو، دوای کولفەکە لە $20\%$ ربحی هەبوو، دوای کە کولفەکەی تەواو بوو نەوتەکە لە $100\%$ ربحە ، لە $20\%$ بۆ ئەو بوو و لە $80\%$ بۆ حکومەت بوو ، یەعنی ئەوە باشە زۆر خراپ نیە، بەڵام بۆ مستەوای عالەمی خراپە، ئێمە تەعدیلمان کرد، تەعدیل کرا ئەوە

مساحەکەمان کەم کردەوە، یەکەم چەند روقعەیەکمان دەرکرد و بوو بە عەقدی تازە لەگەڵ چەند شەریکاتێکی دیکە، ئێستا چوار شەریکاتی تر لە عەینی مەنتیقە کە DNO هەیان بوو، ئەوان هاتنە ناوی، چونکە مەساحەکەمان کەم کردەوە بۆیان، ئەوە یەکەم تەعدیل بوو، تەعدیلی دووەم: وتمان ئێمە ناتوانین ئەوەندەت بدەینێ، وتمان لە 60٪ ئەدەینێ و ئەوەی کە سەرفت کردووە تا ئێستا لەوێ وەریگرەوە، دوای ئەوە لە 40٪ ناتوانی بەکاری بێنی، ئەوە لە ناحیەی کولفەکەوە کە بوو بە ربح هەر لە 12٪ دەدەینێ، پێشتر لە 20٪ هەبوو، ئەوە تەعدیلی جەوهەریە کە کردوومانە لە DNO کە لەگەڵ مەعاییری عالەمییە و دێمە سەر ئەوەش دوایی، با بێینە سەر مەنتیقیەی گەرمیان و کفری، ئەوە نیوەی کوردستانە لەوێ، ئەم عەقدە کرابوو لەگەڵ شەریکەیەکی بچووك و سەبەبەکەشی سیاسی بوو، ئەوە وەختی ئەوە پێش دەستووریش بوون لە 2003 ، ئێمە دەبێ تەماشای وەزعەکەی بکەین بە تەوازون، ئەو وەختەی کە کرابوو، ئێمە پێویستمان بە تەعاون هەبوو لەگەڵ حکومەی تورکیا و ئەو شتانە و ئەوانە هاتبوون و ئیشیان لەگەڵ دەکردین وتمان باشە و بچن نەختێك ئیستیکشاف و ئەو شتانە بکەن و عەقدێکمان دا بەوان، بەڵێ 100٪ کولفەکە بۆ ئەوان بوو، کە کولفەکە تەواو بوو لە 49٪ ربحمان دانابوو، ئەوە خراپە؟ بەڵێ خراپە، بەڵام ئیستیفادەی لێنەکردووە تا ئێستا مقاولەکە، ئێمە هاتین تەعدیلمان کرد و کەممان کردەوە بۆ ئەو مەنتیقە بچووکە، چیمان پێداوە؟ لە 36٪ بوو کولفەکە کە کولفەکەش تەواو بوو هەر لە 12٪مان داوە پێیان، ئەمە چوار جار کەمترە لەوەی کە وەعدی پێدراوە لە پێشەوە، تەعدیلەکی جەوهەری تریشمان کردووە وتمان کە تۆ شەریکەیەکی بچووکی ئەگەر ئێستا دێی بە مفاوەزات قبول ناکەین و مەعاییری ئێمە بەرز بوویتەوە، لەبەر ئەوە بچۆ شەریکەیەکی تر بێنە لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەوەی مستەوای فەنیت بەرزکاتەوە، شەریکەیەکی ئۆستورالیان هێنا و موافەقەتمان کرد، ئینجا عەقدەکەمان موراجەعە کردەوە، ئەگینا دەرمان دەکردن، ئەوەشمان کردووە کە ئەو شەریکەیە مستەوای بەرزە و عالەمییە و لە وڵاتی خۆیان و لە وڵاتانی تر ئیش دەکەن و ئەوە ئەتوانێ دیفاع لەو شەریکەیە بکات، بەڵێ عەقدە کۆنەکە کرا و بوو بە عەقدە تازەکە دوای تەعدیلەکەی عالەمیە و لە مستەوایەکی باشە لە مستەوای ئیقتیصادی و مستەوای فەنی، مەنتیقەی ویسترن زاگرۆس عەینی شت بوو، لە 80٪ کولفەیان هەبوو و لە 35٪ ربحیان هەبوو معەدەل و ئەویش بووە لە 36٪ و لە 12٪، و مەنتیقەکەش زۆر گەورەتر، ئەوەشمان بردەوە و دوو، سێ مقاولی تر هاتن کە لەوێ ئیش دەکەن ئێستا، یەعنی دابەشمان کرد و لەوانیش عەینی کولفە وەردەگرین و عەینی ربح وەردەگرین، ئەمە ئەوەی شەریکە تورکیەکەیە کە باسمان کرد، MOUمان هەبوو کە باسمان کرد و ئەوەش یەکێکە لەو MOU، لە سلێمانی دابوویان بە شەریکەیەك و لە دهۆکیش بە عەینی شت، هەمووی لەغو کرا بە ئەمری پەرلەمان، زۆر سوپاستان دەکەم، چونکە ئەوە مەجالی کردەوە بۆ ئێمە کە عەقدی تیجاری بکەین،ئێستا تەقریبەن 10 شەریکە هاتوون و مفاوەزات دەکات و بە عەقدی عەینی مەنتیقە، ئەو عەقدانەی کە کردوومانە ئەوە تەعدیلات بوو و ئەو عەقدی تازە چیە؟ عەینی مەبادیئە و عەینی قانونە و عەینی کۆنتاکتە، بەڵام با باسی بکەین پێش ئەوەی عەقد بکەین، ئێمە

**بڵاومان کردووە بە شەفافی ئیشمان کردووە و ئەمە نموونەی ئەو شتانەن کە نەشرمان کـردووە لـە ناحیـەی قانونی و لە ناحیـەی مفاوەزاتـەوە و لـە ناحیـەی کۆنتاکتـەوە و بـە کـێ عەقـدمان داوە؟ بچـینە سـەر ویـب سایدەکەی حکومـەت ARJ.ORG دەبـینی فەقـەرە بـە فەقـەرە هـەر چـیمان کـردووە بڵاوکراوەتـەوە لـە رۆژی دووەم یان رۆژی سێیەمی ئیشەکەمان، خەڵك ئەڵێ شەفافیەت نیە؟ هەمووی هەیـە و هـەمووی لـەوێ بڵاوکرایتەوە، نەموزەجی عقودی مەرحەلەی ئیستیکشاف چیە؟ ئێمە تەبعەن کە دەستمان پێکرد حەقلمان نیە، خەڵك وا ئەزانی نەوت حازرە و ئەچین دەری ئەکەین، بەڵام وا نیە، مەنتیقەیەکی عەقـد هەیـە ئـەبێ نەوت بدۆزیتەوە و موجازەفە هەیە، پێش ئەوە بێمە سەر ئەوە: عەقد بـەینی دوو تەرەفـە، تـەرەفی یەکـەم حکومەتە و تەرەفی کە ئەو رەیعەی هەیە لەگەڵ زۆربـەی ربحەکـە بـۆ ئـەوە، تـەرەفی دووەم: مقاولـە، مقـاول لەوانەیە یەك مقاول بێت یـان دوو یـان سـێ بەیەکـەوە بـن، لـە ناحیـەی قانونیـەوە حـەق هەیـە کـە لۆکـاڵ پارنـەری تێدا بێت، بەڵام من ئاگادارتان دەکەم کە هیچ عەقدێك نە کۆن نە تازە، مقاولی داخیلی تێدا نیـە، چونکە ئێمە نەماندۆزیتەوە، مقاول کە کەفائەی مەعقولی هەبێ یان وەکو موستەقیل بێ کـە عیلاقـەی بـە کەسەوە نەبێ یان لەگەڵ حکومەت یان شتێکی وا، لەبەر ئەوە وتمان با موشکیلەمان بـۆ نـەکا ئێمـە مقـاولی داخیلی ئێستا ئامادە نین ئەبێ مەعاییری بۆ دانـێن بـۆ ئـەوەی بـۆ موسـتەقبەل مـەجالی هـەبێ بچـێتە نـاو عەقدەوە، دوای ئەوە کـە قەناعـەتمان هـات کـە شـەفافیەتی تـەواوی تێدا هەیـە، لەبـەر ئـەوە تـا ئێسـتا مـن ئەمەوێ ئاگادارتان بکەمەوە کە مقاولی داخیلی، وەلەو ئالیەت هەیە لە عەقدەکەدا و، وەلـەو ئالیـەت هەیـە لە قانوندا، مقاولی داخیلیمان دانەناوە، هەمووی مقاولی خارجین، ئینجا دەوری ئەو چیە؟ ناحیـەی کولفـە وەردەگرێتەوە لەگەڵ قسمێکی بەسـیت لـە حیصـەی ربحەکـە، ئێمـە لـەوەش حـەقمان هەیـە کـە شـەریکەی حکومەتیش بخەینە ناو عەقد لەگەڵیدا، وەکو شەریکەی نـەوتی وەتـەنی کوردسـتان کـە دروسـتمان کـرد لـە قانونی کوردستان گەر لـەبیرتان بێـت، ئـەو شـەریکە ئێمـە دائیمـەن لـە 20٪ یـان 25٪ حیصـەمان داوە بـە شەریکەی خۆمان کە مقاول، بەڵام کولفەشی نیە، کولفەکە ئەو ئەیدات لە جیاتی ئەو، جا لە جیاتی ئـەوەی ئێمە ئەڵێین لە 12٪ هەیە مقاولەکە، لە 25٪ هی خۆمانـە، چـونکە ئـەویش مقاولـە شـەریکەکەی خۆمـان، یەعنی صافیەکەی تەقریبەن لە 9٪ بـۆ 10٪ بـۆ مقاولەکـەی خـاریجی، نـەك 49٪ یـان 50٪ وەکـو ئـەوەی خەڵك ئەڵێین، کە مفـاوەزات دەکـرێ ئـەوە زۆر دوور ودرێـژە و خـەڵك پرسـیاری هەیـە بـۆ ئـەوەی کـە ئایـا قانون هەیە؟ ئایا دەستوور هەیە؟ ئایا حەقت هەیە تۆ عەقد بکەی؟ ئایـا لـە ناحیـەی ئیقتیصـادیەوە وەزع باشە لە کوردستان؟ ئایا چەند رەیع ئـەدەن؟ ئایـا چـەند کولفـەم ئـەبێ؟ ئەوانـە هـەمووی پرسـیارن مقـاول ئەیکات بۆ ئەوەی بگاتە قەناعەت، لەگەڵ ئێمە ئەتوانێ ئیش بکات یان ناکات؟ من بە درێـژی باسـی ئەوانـە ناکەم، بەڵام کە گەیشتە مەرحەلەی عەقد، مەنتیقەی عەقد بە ئیحداسیات تەحدیـد دەکـرێ، ئـەو شـتێکی عالەمیە کە ئـەڵێ حـدودی عەقدەکـە لـە کوێیـە؟ مەسـەلەن ئـەوە پێـی ئـەڵێین روقعـەی ئیستیکشـافی، هـەر یەکێك لەمانە بەشمان کردووە بۆ شتێکی بچووك، بۆ ئەوەی زۆر مقاول بێنە ئێرە و مونافەسـە هـەبێت، بـا بڵێین بۆ نموونە ئەگەر مەنتیقەیەك هـەبێت لێـرە مەنتیقـەی عەقـدە، مقـاول دوای دوو و سـێ سـاڵ ئـیش**

دەكات لەوانەیە شتێك بدۆزێتەوە، ئیحتیماله نـەوتی تێدا بێـت، ئەمـە موجازەفەیـە پـارە سـەرف دەكات و دیراسە دەكات و تەقریبەن سی ،چل ملیۆن سـەرف دەكـات ئینجـا دەگاتـە ئـەو مەرحەلـە، كـە گەیشـتە ئـەو مەرحەلـە ئـەبێ بـیری حـەفر بكـات و واجیبـە لەسـەری لـە عەقدەكـە، دوای ئـەوە ئـەبێ تـەنازول بكـات لـە قسمێك لە مەنتیقەی عەقدەكە، خۆی ئیختیاری هەیە ئەبێ لە $25\%$ بگەڕێتەوە بۆ حكومـەت، دوای مـاوەی سالێك ئەبێ $25\%$ بگەڕێتەوە و دووبارە حدودی دووەم نیهایەتەكەی ئەوەی كە ئەیەوێ بۆی ئەمێنێتـەوە و باقیەكەی تەسلیم دەكاتەوە بۆ حكومەت، ئینجا تەتویر لەسەر ئەو مەنتیقەیە ئەبێ كە نەوتی دۆزیتەوە و غازی دۆزیتەوە و ئیتیفاق دەكات و پلان دێنێ بۆ ئێمە و ئێمە بڕیار ئەدەین، ئەگـەر باشـە ئـەڵێین باشـە و بچۆ تەتویری بكـە و كولفەكـەی چـەندە ئیتیفـاق دەكـەین لەسـەری، لـە مەرحەلـەی تـەتویردا چـی دەبـێ؟ تەبعەن ئێمە حدودمان بۆ داناوە كە باسمان كرد، حیصەكەی ئەو چۆن ئەبێ، ئێمە رەیعێك بـۆ ئێمەیـە لـە $36\%$ هەیە مەسەلەن بۆ ئەوەی كولفەی وەرگرێتـەوە، لـە $13\%$ تـا $15\%$ هەیـە وەكـو ئـەوەی كـە مقـاول لـە ربحەكـە وەرگرێتـەوە، مقـاول ئێمـە لـە $20\%$ یـان $25\%$ بـۆ خۆمانـە، بـۆ شـەریكەی نـەوتی وەتـەنی خۆمـان دامانناوە وەكو مقاول لەگەڵیان، ئەوە مەعیارێكی عالەمیە من دوایی دێمە سەر ئەوە كە موقارەنەی بكـەین لەگەڵ ئەو شتانەی كـە لـە عالـەما هەیـە، نیهایـەتی ئـەو هـەموو شـتە مقاولەكـە چـی بـۆ ئەمێنێتـەوە؟ كـە كولفەكەی بۆ ئەگەڕێتەوە تەقریبەن $10\%$ صافی یان $12\%$ یان $15\%$ لەگەڵ شەریكەكەی ئێمە، دوای رەیـع و دوای حیصەی ئێمە صافی قازانج بۆ شەریكەی خاریج تەقریبـەن لـە $10\%$ معـەدەل، نـەك لـە $50\%$ یـان $70$ یان $80$ معەدەل وەكو ئەوەی باسی ئەكەن لە جەرائید و لەئیعلام، یەكەم جار با باسی عەقد بكەین، عەقـد چیە؟ عەقد لاپەڕەیەك نیە، ئەوە نموونەی عەقدە بـۆ حـەقلی تەقتـەق مەسـەلەن، موراجەعـەمان كـردەوە دووبارە، ئەم عەقـدە لەسـەر مـەعاییری عالـەمی دانـدراوە و ئـەگونجێ لەگـەڵ قانونەكـەی خۆمـان و لەگـەڵ دەسـتووری عێـراق، ئەمـە مفـاوەزاتی لەسـەر نـاكرێ، تەجمیـد كـراوە، مفـاوەزات لەسـەر ئـەو ژمارانـەی كـە باسمان كرد، مەنتیقەی عەقدەكەی ئاشكەرا دەكەین و مفاوەزات دەكەین، حیصەی ئەو چـەندە و هـی ئێمـە چەندە؟ چەند پارە سەرف دەكات و چەند موكافەئە ئەدات؟ لە مـاوەی چـەند وەختـدا ئـەو شـتانە ئـەكات؟ لاپەڕە لاپەڕە موحامیەكانی ئێمە لەگەڵ موحامیەكانی ئەوان ئیمزا ئەكەن، دوایی ئەوە ئەچێت بۆ لێژنـەی نـەوت و غـازی خۆمـان و بڕیـاری لەسـەر ئـەدرێ، ئەگـەر وتـی باشـە ئـەروا، وتـی خراپـە ئەوەسـتێ و بچـۆ موراجەعـەی بكـەوە و تـەواو، ئێمـە مـۆدێلی ئیقتیصـادیمان هەیـە بـۆئیش كـردن، ئـەم مۆدێلـە زۆر دوور و درێژە من باسی ناكەم، فەرەزیاتی خۆمان هەیە لە ناحیەی فەنی تەقییم دەكەین كە چەند لەوانەیە هـەبێ و چەند لەوانەیە نەبێ؟ چەند موجازەفەیـە و چـەند موجازەفـە نیـە؟ مەسـەلەن ئێمـە بـۆ نموونـە ئەگـەر $100$ ملیـۆن بـەرمیلم هـەبێ لێـرە، كولفـەی مقاوەلەكـە چـەندە لـە عەقدەكـە؟ چـەند سـەرف دەكـات لـە مەرحەلەی ئیستیكشاف؟ چەند لە مەرحەلەی تەتویردا؟ بۆ ماوەی چەند ساڵ سەرفی ئـەكات؟ چـەند ربحـی ئەدەینێ، ربحی حكومەت چەندە؟ چەند سیعری نەوتە؟ تەقدوم دەكەین تەقریبەن هەشـتا دۆلارە معـەدەل و دیستكاونت فاكتەر لە $10\%$ مان داناوە و دوور و درێژ حیساب دەكەین مقاولەكە چەندی بۆ ئەمێنێتەوە؟

ئێمە خۆمان ئەکەین کە ئەنـەما مقـاولین بـزانین چـەندمان بـۆ ئەمێنێتـەوە؟ مـن ئـەبێ بـزانم ئـەو چۆن حیسابی خۆی ئەکا، حەتا بـزانم چـۆن مفـاوەزات بکـەم لەگـەڵی، کـە گەیشـتینە ئـەو مەرحەلەیـە تـەقییمی ئەکـەین و ئـەزانین کـە ئـەو لـە 9٪ تێدایـە بـۆ ئـەو ئـەڕوا بـۆ عەقدەکـە، کـەمی بکەمـەوە، را ئـەکا، ئـەوە موعادەلەکەیـە مـن حیسابی ئـەو ئەکـەم و حیسابی بـۆ خۆشـم ئەکـەم، ئینجا ئێمـە مفـاوەزات دەسـت پـێ ئەکەین، ئالیاتمان هەیە، فەنیمان هەیە، موستەشارمان هەیە، ئەو شتانە ئێمـە بـەو شـێوەیە ئـیش دەکـەین، ئەوە مەسەلەیەکە با بڵێین حەقلێکمان هەیە 100 ملیۆن بەرمیلی تێدایە، پرسـیار هەیـە ئـەڵێ: بـۆ خـۆت نایکەی کـە حکومـەت؟ ئێمـە باسـی ئـەوەمان کـرد کـاتی خـۆی کـە قـانون دەرچـوو، ئێمـە خیبرەمـان نیـە، عیراقیش خیبرەی نیە، ناتوانێ ئەو شتانە هەمووی تەمویل بکات و موجازەفـە وەربگرێـت، بـەڵام بـا بڵێین ئەگەر بتوانین بیکـەین، راسـتە ئـەو حەقلـە تەقریبـەن 3 بلیـۆن دۆلاری صافیت بـۆ ئەهێنێتـەوە کـە ربـح ئەگەر خۆت بیکەی، ئەگەر مقاولێك بـێنی و موجازەفەکـە هـەمووی لەسـەر ئـەو بێـت، تەقریبـە 100 یـان 150 ملیۆنی بۆ ئەوە و باقیەکەی بـۆ خۆتـە، چـونکە ربحەکـە زۆربـەی هـی تۆیـە، بـەڵام ئـەگەر مقاولەکـە نەهێنێت و خۆت ئیشەکەت دوا بخەی بۆ ماوەی 18 مانگ، قیمەت ئەو 3.1 ملیۆن دۆلارە ئەبێ بە عـەینی قیمەت کە بۆت ئەکات، چونکە ئـەو ئـەتوانێ خێراتـر ئـیش بکات، پارەکـە زووتـر بـۆت ئـەهێنێ و قیمـەتی زۆرترە، ئەگەر زۆر تەئخیری بکەی بـۆ سـاڵێکی تـر یـان دوو سـاڵی تـر تـۆ زەرەر ئەکـەی، لـە جیـاتی ئـەوەی بوەستی کە خۆت خیبرە پەیدا بکەی و پارە بدۆزیەوە، مقاولێك بێنی باشترە، چـونکە پارەکـە بێتـە دەسـتت باشترە ئەتوانی تەمویلی بکەی، ئەتوانی ئیستیسماری بکەی و ئەتوانی تیجارەی پێبکەی و ئەتوانی بیخەیتە بانکەوە و لە 10٪ دەداتێ، جا لەبەر ئەوە خەڵك ئەڵێ با بوەستێ و دە ساڵی تر خـۆم ئەیکـەم، دە سـاڵی تـر زەرەر دەکەی، لە ناحیەی ئیقتیصادیەوە بـۆ تـۆ بـاش نیـە، خـەڵك ئـەڵێ بـۆ چـی ئـەو مۆدیـلێ کۆنتراکتانـە، پرۆدیکشن شێری باس ئەکەن، یەعنی مقاول حیصەی هەیە، باسی ئەوەمان کرد کاتی خـۆی کـە یاسـاکەمان بوو، با باسی ئەمانەش بکەم دووبارە، ئەوە وڵاتانی عالـەمی ئـەوە مـن دامنـەناوە، خـەڵك بڵاویکردۆتـەوە و من هێناومە پێشانی جەنابتان بدەم، ئەوە ئەو وڵاتانەن کە ئەو مەنتیقانەی عالـەمین، فارئیست، سـۆڤیەت یۆنیۆن، لاتین ئەمریکا و ئەو شتانە، ئەمانـە هـەموو وڵاتـەکانن کـە پرۆدێکشـن شـێریان هەیـە وەکـو ئێمـە، ئەوەش پرۆدێکشن شێرێنك بە نەوعێکی تر بە زەریبە و بە تێکس فەقەت، هەموو ربحەکە لـە موعادەلـەی یەکەم بۆ مقاولەکەیە لـە 100٪ ربـح ئـەڕوا بـۆ ئـەو و حکومـەت عیلاقـەی پێـدا نیـە، بـەڵام لـە ربحەکـەی زەریبەیـەکی گـەورەی ئەخاتـە سـەری، ئـەو عـەینی شـتە وەکـو موعدەلەکـەی ئێمەیـە، ئـەوەی کـە عەقـدی خەدەمات دەکەن لە عالەمدا تەقریبە 12 نموونەمان دۆزێتەوە، ئەمە 120 هەر ئـەوە ئـەکا، ئێمـە شـتێکی تازەمـان دروسـت نـەکردووە، معیـاری عالەمیـە ئـەوە، لـە هـەموو عالـەما ئـەو عەقـدە همـوو کـەس ئـەزانێ مەعنای چیە؟ چۆن حیسابی ئەکەی؟ خەڵك ئەڵێ ماوەی زۆرت داوە بۆ ئیستیکشاف، 5 سـاڵ، 7 سـاڵ، ئـەوە زۆرە، ئـێ باشـە ئـەوە هـەموو وڵاتـەکانی دەرەوە کردوویانـە، ئـەوە ئەبوزەبیـە، وڵاتـی عەرەبیـە و وڵاتـی ئیسلامیە و چوویتە سەر سەری و دوو پەڕە لەوێ، هەموویان وەکو ئێمـە وانـە، 5 سـاڵە، 7 سـاڵە، 3 سـاڵە،

معەدەلی ئەوانە 3 ساڵە، 2 ساڵ و نیوە و  2 ساڵە و 7 ساڵە، ئێمەش 3 ساڵین و دوو و یەك، عەینی معیاری عالەمیە، ئەڵێ عەقدەکە زۆر درێژە، عەقدی ئێمە 20 ساڵە، معەدەلی ئەوانە 25 ، ئێمە موخالیف نینە لەگەڵ مەعاییری عالەمی عەینی شتە، ئەڵێن حیصەی زۆرت داوە بە مقاولی خاریجی، باسم کرد لە 10٪ و 11٪ ئەوەیە، باشە ئەوە نموونەی وڵاتی عالەمیە، لە ئەوروٚپا حیصەی حکومەتە وەریدەگری، یەعنی ئەوە رەیعە و زەریبەیە و حیصەی ربحی نەوتەکەیە هەمووی بەیەکەوە لە ئەورووپا بە تەدریجی لە بەینی 20٪ هەیە تا 80٪ حکومەتە، ئەوە ئیعتیماد دەکات لەسەر مەنتیقەی عەقدەکە، نەوتی زۆرە یان کەمە؟ بچووکە یان گەورەیە؟ لە لاتین ئەمەریکا عەینی شتە لە 30 ەوە تا وەکو 85 ، مولەخەص ئێمە لێرەین لە 90٪ هی خۆمانە، لە هەموو کەسێك باشترین،  با بچینە سەر معیارێکی تر ئەوە بە شێوەیەکی تر عەینی مەعلوماتت دەداتێ لە وڵاتانی عالەمی کە دایناوە کولفە چۆن وەردەگرێ مولەخەصی ئەوە چیە و حیصەی حکومەت چیە؟ حیصەی حکومەت بە ئیجمالی لە عەقدەکاندا، لە 40٪ یان لە 90٪، ئێمە لێرە لە هەموو وڵاتانی تر باشترین بۆ حکومەت، لە 90٪ هی حکومەتە و هی مقاولەکە لە 10٪ ئەکات، ئەوە مەعاییری عالەمیە و کەس ناتوانێ رەخنە لە مەعاییری ئیقتیصادی ئەو ئیشەی کە ئێمە کردوومانە، چونکە ئەگەر بڵێ تۆ زۆرت داوە بە مقاولی خاریجی باشە با دیفاعی لەسەر بکەین، ئێمە ئەو دیفاعەمان داناوە لە بیدایەتەوە، خەڵك زۆر باس دەکات کە ئەوە باشترین و خراپترین عەقدە کە کراوە بۆ حکومەت، پێی ئەڵێن(mother of all peaces ) یەعنی (ام كل العقود) بۆ حکومەت، ئەمە لە ئەندۆنۆسیا کراوە، حیصەی حکومەت 85٪، ئێمە 89٪ دا پێی لە ئەویش باشترە، ئەوە میسالی چەند وڵاتێکە وەکو نموونە هاتووە کە ئیحتیکار دەکەن وەکو ئێمە مەرکەزیە و ئێمە ئەمانەوێ شەریکەی نەوتی وەتەنی خۆی ئیشەکە بکات، نەتیجەی ئیشەکانی ئەوان چی بەسەر هاتووە، ساڵ بە ساڵ دێتە خوارەوە، عەینی شت لە مەکسیکەوە، روسیا ئێستا کە حکومەت بە قوەت بووە خۆی کە ئەچێتە ناو عەقدەکانەوە، خۆی ئەم ساڵ فۆرکاسی عالەمی دەڵێ ئەم ساڵ ئینتاج کەم دەبێتەوە، ئێران هەموومان ئەزانین کە ئینتاجەکەی شەش ملیۆن و 1979 و ئەوانە و ئێستا ناگاتە چوار ملیۆنیش دوو ملیۆن کەم بوویتەوە، چونکە شەریکاتی خاریجی لەوێ ئیش ناکات، بە عەکسەوە ئەو وڵاتانەی کە کراینەوە بۆ شەریکات و ئیستیسمار وەکو ئێمە و ئەیکەین لە کوردستان، ساڵ دوای ساڵ ئینتاج ئیزافە بووە و ئیستیسمار کراوە وەکو قەتەر وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامیە و عەینی شتە وەکو ئێمە ئیش دەکات، نامەوێ باسی ئێران بکەم، بەڵام هەندێ مولاحەزاتم هەیە، خەڵك رەخنەی هەیە لە ئێمە ئەڵێن ئەو شەریکانەی هینایتتان شەریکەی بچووکن، من باسم کرد ئەوەی کۆن بچووك بوون قسمێکیان، بەڵام معیارمان بۆ دانان و مستوایان بەرز بووە و شەریکەیان هێنا لەگەڵ خۆیان، ئەو عەقدە تازانەی کە کردوومانە شەریکەی بچووك نیە، شەریکەی متەوەستە، هینندیمان هەیە، شەریکەیەك پێی ئەڵێن ئینتەرناشیۆناڵ مارکێت ڤالیوی پێی ئەڵێن، تەقریبەن 85 ملیار دۆلارە، گەورەترین شەریکەی هیندیە، ئەوە وڵاتێکی هیچ و پوچ نیە و شەریکەیەکی هیچ و پوچ نیە، شەریکەی بەرزە و لە وڵاتێکی بەرز هاتووە بۆ ئێرە، شەریکاتی کۆری ئەیانەوێ ئیستیسماری گەورە بکەن، شەریکەی

نەوتی وەتەنی کۆری لەگەڵ شـەریکاتی عالـەمی کـە هەیـە، ئەوانـە لەگـەڵ ئێمـە ئـیش دەکـەن، شـەریکەی ONVGER کە گەورەترین شەریکەیە لە وەسەتی ئەوروپا ئـەوە لێـرە ئـیش دەکات و عەقـدی هەیـە لـە مەنتیقەی مەلا ئۆمەر و هەولێر و ئەو شوێنانە، شەریکەی مۆڵی هەنگاری تەقریبەن مستەوای سـێیەم یـان دووەمە لە مەعاییری عالەمیدا، مستەوای زۆر بەرزە، چوار شـەریکەی ئـەمریکیمان هەیـە، ئـەمریکا خۆتـان ئەزانن وڵاتێکی هیچ وپوچ نیە، کە خەڵك ئـەڵێ لـە وڵاتێکـی هـیچ و پـوچ هاتینـە ئەوانـە لـە تکساس و لـە وڵاتی خۆیان هاتینە کە لێرە لەگەڵ ئێمە ئیش دەکەن، لە وڵاتـی کەنـەدا هـاتوون و لـە ئوسـترالیا هـاتوون، هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێمە ئەمانـەوێ تـەعامولمان هـەبێ لەگـەڵیان، شـەریکەکانیش معیاریـان زۆر بـەرزە ئەتوانین دیفاعیان لەسەر بکەین، بەڵام باشە ئەو شەریکە بەرزانەی کە عیملاقیان پـێ ئـەڵێن پێـنج، شـەش شەریکەی عالەمین کە ئایا بۆ نـایین بـۆ ئێـرە؟ سـەبەب هەیـە، چـونکە ئێمـە روقعـەی ئیستیکشافیمان زۆر بچووك کردۆتەوە بەکار نایەت بۆ ئەوان، ئەبێ کوردستان بکەی بە سێ پارچە ئینجا ئەڵێ یـەڵلا مەرحـەبا، ئەوە لە مەصلەحەتی ئێمە نیە، عیراق شوێنی تری هەیە لـە صـەحرای غـەربی بـا بچـن لـەوێ ئـیش بکـەن موشکیلە نیە، ئەگەر دێن بۆ کوردستان لەسەر سەرمان موشکیلە نیە، بەڵام بەراستی ئیشکالێکیان تێدا بـوو، ئەوانە بلاکمەیل کرابوون لـە بەغـدا کـە ئەیانویسـت بـێن بـۆ ئێـرە، ئێمـە مفاوەزاتمـان کـرد لەگـەڵ چـەند شەریکەیەك لەو گەورانە، ئەترسان بێن بۆ ئێـرە، چـونکە بەغـدا وتوویانـە ئەگـەر بچـن بـۆ ئێـرە ئێمـە لـە عـیراق هیچـتان نـادەینێ، ئـەوە بـەو شـێوە بەغـدا تـەعامولیان لەگـەڵ ئـەکردن، ئەترسـان بـێن، چـونکە مەنتیقەکەی ئێمە بچووکە و نایانەوێ موجازەفە بکەن بۆ مەنتیقەیەکی بچووك لەبەر ئەوە نەهاتن، بەڵام بەراستی ئێمە شەریکاتمان ئەوێ کە بێن و پارە سەرف بکات، ئەمرۆ ئینتاج بەرز بکاتەوە، سبەینێ بۆ ئێمە، شەریکە گـەورەکان بیروقراسـیان گـەلێك گەورەیـە، وەکـو شـەریکاتی نـەوتی وەتـەنی تەقریبـەن و نـەختێك جیاوازترن، ئەوە نموونەیەکە، ئەوە ئەو هەموو شەریکە گەورەی عالەمی هەموو بەیەکـەوە سـاڵ دوای سـاڵ ئیحتیاتی نەوتی خۆی کەم دەبێتەوە، مەعنای وایە ناجیح نەبووە، ئەگـەر عـەینی مەجموعـە بـەکار بێـنم کە ئێمە عەقدمان لەگەڵ کردووە ئەوە بەعەکسەوەیە، سـاڵ دوای سـاڵ نـەوتی دۆزێتـەوە و ئیشـی کـردووە، یـەعنی ئـەدائی ئـەکا و منـیش لـە 90٪ بـۆ منـە، لەبـەر ئـەوە بـۆ ئێمـە باشـترە ئـەو شـەریکانەی کـە ئێمـە تەعامولمان لەگەڵیان کردووە نەك بوەستم تا پێنج شەریکە دێن ئەگەر ئەوان نەیین من دانیشنم 15 سـاڵی تر، خەڵك ئەڵێ بۆ پەلە ئەکەی و پارە هین ئەکەی و نەوت ئەبێ بە 300 دۆلار ئەو وەختەی ئیسـتیفادەی لێدەکەی، لە ناحیەی حەقائیق وا نیە ئەو تەئریخی نەوتە لە 1947 تا ئێستا، ئەگەر سەیری ئـەوە بکـەین 20 دۆلارە و دێتە سەرەوە و دێتە خوارەوە، ئەوەی کە هاتووتە سەرەوە عیلاقەی بە حەربەوە هەیە، وەکو حەربی عیراق و پێش ئەو حەربی عێراق و ئێرانە و ئـەو وەختـە بـوو، نـەوت زەمـانی نیـە، هـەموو جـارێ کێرڤەکەی بچێتەوە سەرەوە و ببێتە 300 دۆلار، بـا موقارەنـەی بکـەین و بچـینە سـەر دوای ئـەوە، سـتۆك مارکێت، مەسەلەن ئەگەر FOODS100 ، وەربگرین یەکێکە لە شەریکە بەرزەکانە کە لە ستۆك مارکێتی بەریتانیە مەسەلەن، ئەگەر پارەی ئیزافیت ئەوە ئیش بکە و ئەتوانی سـەرفی بکـەی لەسـەر موازەنـە و ئـەو

شتانە، ئەگەر پەیوەستێت پێ نیە ئینتاجی نەوتی بکە و بیخەرە ئەو شوێنانە و پارەت بۆ دروست دەکات، ساڵ لە دوای ساڵ قیمەتەکەی گەورە ئەبێ، سەیری بکەن لە ماوەی چوار ساڵدا بووە دەبڵ، ئەگەر بلیۆنێک هەبێ دەبێتە دوو بلیۆن، ئەوە باشترە نەوتەکەت بەدەست بێت مەشاریعی پێ بکەی لە جیاتی ئەوەی بمێنێتەوە، چونکە تەوقع ئەبێ ببێتە 300 دۆلار، ئەوە شتێکی واقیعی نیە، باسی ئەوەمان کرد کە ئەڵێ با عەقد 20 ساڵ نەبێت یان 25 ساڵ نەبێت، با بیکەین بە 10 ساڵ، ئەگەر بیکەی بە 10 سال لەسەر حیسابی خۆتە، چونکە مقاولەکە ئەگەر بلیۆنێك سەرف بکات لە ماوەی 10 ساڵدا ئەیەوێ وەریبگرێتەوە نەك لە ماوەی 20 ساڵدا، لەبەر ئەوە زۆربەی پارەکە لە ماوەی 10 ساڵدا بۆ ئەو ئەڕوات لەسەر حیسابی تۆ، پێویست ناکات وا بکەی، نەتائیجی ئیشەکانی ئێمە چیە؟ ئێمە تەوەقوع ئەکەین لە ماوەی 4 تا 5 ساڵ لەمەودوا ئەگەینە ملیۆن بەرمیل نەوتی تازە کە کوردستان نەیبوو و عیراقیش نەیبوو، من باسی کەرکووك ناکەم و باسی مەناتیقی موتەنازیعە ناکەم، باسی ئەو روقعە ئیستیکشافیانە دەکەم کە حەقلمان دۆزێتەوە حەقلی تریش ئەمەڵان زۆر گەورەیە کە نەوت بێت، ئەوە موستەقبەلی تۆ زەمان دەکات و بونیەی تەحتیت بۆ دائەنێ، خەڵك دێت ئیستیسمار دەکات، باسی ئەوەم کرد کە یەکێك لە 10 بلیۆن دۆلار سەرف ئەکا کە ئەوە بدۆزێتەوە، ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟ خەڵك ئیشیان لەگەڵ ئەکات و ئیستیفادەی لێ ئەکات، بونیەی تەحتی ئەبێ و مەصافی ئەبێ و کارەبات ئەبێ و ئەو شتانەی ئەبێ بۆ موستقبەل زۆر باشە، باشە ئەمە ئایا مەصڵەحەتی ئێمەیە یان نا؟ جوابەکەی دوو قۆلە، یەکەم: ئەگەر عێراق هیچ نەکات وەکو خۆی ملیۆن و نیوێك یان دوو ملیۆن دەربکات، تۆش ئەمە تێکەڵ ئەکەی، زەرەر ئەکەی، چونکە ملیۆنێك ئەخەیتە سەر دوو ملیۆن لە 17٪ بۆ دێتەوە، ئەگەر عێراق تەشجیعی بکەی وەکو ئێمە بێ کە ئەمانەوێ یاسای عێراق ئتیحادی بێ و کە تەشجیعی ئیستیسمار بکات و ئەو شتانە نە وەکو وڵاتانی دراوسێ ئیش بکات، مەسەلەن وەکو وڵاتانی عالەمی وەکو ئەندۆنیسیا و وەکو قەتەریش، ئینتاجی عێراق دەگاتە حەوت و هەشت ملیۆن، ئەو وەختە تۆ ملیۆنێك دەرئەکەی تەوازون هەیە بەینی ملیۆنەکەی تۆ و حەوت ملیۆنەکە، لە 17٪ عەینی شتە ناگۆڕێ، ئینجا پرسیار هەیە ئەڵێ ئەگەر ئەوە بەرزی نەکردەوە چی ئەبێ؟ بەلوعەکە بەدەست خۆتە، کۆنترۆل بەدەست خۆتە، ئەتوانی بڵێی من نیو ملیۆن دەرئەکەم لە مەوزوع، ئەگەر تەعاون نەبوو ئەوە نەچووە پێنج ملیۆن ئەتوانی حیسەی خۆت کەم بکەیەوە و ئینتاجی خۆت کەم دەکەیتەوە تا تەوازون هەبێ، ئەوە بە دەست خۆتە و ئەوە ئالیەتەکە کە دامانناوە لە عەقدەکان، ئێمە تەبعەن ئیستیشارەمان کردووە و هیوادارم کە ئەوە بخوێنرێتەوە، ئەوە تەفسیری من نیە، ئەوە تەفسیری قانونیەکی عالەمی بەرزە کە هیوادارم شتێکی غەڵەت نەڵێم کە خەڵك ئەچن بۆ لای ئەوە و فەتوا ئەدات، فەتوا ئەدات لەسەر دەستوور و فەتوا ئەدات لەسەر خانوو، تەفسیرەکە کە بڵاوئەکاتەوە خەڵکی قانونی ئیحتیرامی خۆی هەیە، چەند زەڵامێك وەکو ئەوانە هەن ناتوانی بڵێی راست نیە، ئەمە وەکو فەتوایە، وەکو خەڵك ئەڵێ پێنج جار نوێژ بکە، پێنج جار نوێژ ئەکەی هەر ئەوەیە، لە ناحیەی قانونیەوە جا بە نیسبەت ئێمەوە ئەوەمان کە بڵاوکردەوە ئێمە بۆ ئەوەی کە بزانین چیمان کردووە دەستووری نیە یان خەلەلمان هەیە؟ ئەڵێ هەموو

شتێك له 100٪ دەستووری کراوە، دووەم ئەڵێ: ئەو یاسایەی کە عیراق ئەیەوێ بیبات بە بێ تەعدیلی دەستووری کە ئێمە داوامان کردووە(یعتبر باطلآ)، چونکە دەستووری نیە، من بە داخەوە دوو سلایدتان پێشان دەدەم،ئێمە خەلەلی خۆشمان هەیە و خۆمان تێناگەینین و حەقمان چیە؟ لە جیاتی ئەوەی دیفاع لەسەر خۆمان بکەین، گلەیی لە خەڵکی ئێمە دەکەن وا ئەزانن ئێمە شەڕ ئەکەین لەگەڵ بەغدا، با دیفاع بکەین لەسەر مەصلەحەتی خۆمان، لە جەرائید و ئەوانە بلاوئەکرێتەوە لە جیاتی دیفاع لە حکومەتی هەرێم بکەین یان وەکو ئەوەی کە ئێمە شەڕمان لەسەر کردووە، ئەڵێ وەللا ئێمە پارەی زۆرمان وەرگرتووە، ئەگەر لە ناحیەی عەدالەت بێ ئەبێ ئێمە لە 11٪ بۆمان بێت، ئێ باشە بۆ شەڕەکە لەسەر 11 بلیۆنەکە ناکەین لە باتی ئەوەندە پێنجت بۆ هاتووە؟ ئەوە مەصڵەحەتی ئێمە نیە بەو شێوەیە بێت کە ئێمە باسی مافی کوردستان دەکەین، یان وەکو ئەوەی لێژنەی ئابووری کوردستان کۆ دەبنەوە و مێشکیان بە یەکەوە ئەبێ چیت پێ ئەڵێن؟ ئەڵێن وەللائێمە ئیشی خراپ ئەکەین، حکومەتی عێراق ئیشی باشترمان بۆ ئەکات، لە جیاتی ئەوەی پارمەتیت بدات ئەیکاتە موشکیلە بۆت، یان ئەڵێ هەر چی عەقدمان کردبێ با موافەقەتی بەغدای لەسەر بێ، دەستوور ئەوە ناڵێ، ئەوە کورد وا ئەڵێ، من نامەوێ کورد وا بکات، ئەمەوێ ئەو زمانە بەکاربێنێت کە دەستوور وای داناوە، من قبولی ئەکەم لەسەر سەرم کە د.شەهرستانی ئەڵێ من هیچت نادەمێ، کەیفی خۆیەتی، ئەوە ڕەئی خۆیەتی و ئیحترامەمان هەیە، رەئی هەیە، ڕەئی هەبێ ئەو کورد نیە، بەلام من عاجز دەبم کە کورد بە عەینی زمان قسەم لەگەڵ بکات، هیوادارم لەمەودوا بە تەنها نەبم لەو شتانە کە ئەندامی پەرلەمان، چونکە ئەمەش بەراستی ئیشی ئێوەیە، ئیشی من نیە بەتەنها، ئیشی مەجلیس وزرای ئێمەشە و ئیشی ئێوەشە، چونکە ئیشەکەمان لە مەصلەحەتی هەرێمی کوردستانە، با دوو، سێ سلایدتان پێشانبدەم تا بزانن چیمان کردووە، ئەوە لە کوردستاندا، ئەوە مونشەئاتی ئیستیخراجی نەوتە لە مەنتیقەی دهۆك، لە مەنتیقەی دیانا، ئەوە معیاری عالەمیە، ئەچی بۆ ولاتانی بەرز ئەوە ئەدۆزیەوە، لە عێراقدا نموونە وا نیە هەر لە کوردستاندا هەیە، ئەوە لێرە کراوە ئەگەر تەشجیعی ئیستیسمار نەکات نەئەهات بۆ کوردستان، ئەوە تەقریبەن 300 ملیۆن دۆلاری لەسەر سەرف کراوە تا ئێستا پێش ئەوە مقاولەکەش تەصدیر بکات، ئەوەش عەینی شتە ئەوە بۆڕیە بۆ DNO و ئەوانە و ئەوەش بیرە کە تەواو بووە و ئەوە فەحصە لە لای بیرەکە کە نەوت دۆزراوەتەوە و ئەوە مونشەئەیەکی تازەیە بۆ تەصفیەی ئەو غازەیە بۆ ئەوەی کارەبایەکەمان بۆ بێت، ئەوە نموونەی ئەوانەیە، ئەوە تەقریبەن 45 تەنە لێرەوە تا ئەچیتە دەرەوە، ئەوە تەقریبەن دوو مانگی پێ چوو تا گەیشتە کوردستانەوە، ئەوە نموونەیەکە نایدۆزیەوە لە عێراق هەر لێرە هەیە، ئەگەر تەشجیعی ئیستیسمار نەکەی و عەقد نەکەی ئەو شتانەت بۆ نایەت، ئەوە مەنتیقەیە، ئەوە غازەکە پاك ئەکاتەوە وەکو شارێکە مەنتیقەیەکی زۆر گەورەیە، کۆتایی ئەوە ئێمە ئیشمان کردووە بۆ مەصڵەحەتی گەلی کوردستان و بەڕەئی من بۆ مەصڵەحەتی گەلی عێراق هەمووی بە عمومی کە ئەوانیش ئیستیفادە ئەکەن لەو نەوتەی کە ئێمە دۆزیتمانەوە و، لە کۆتایی ئەڵێم ئێمە داوای هیچ ناکەین، ئێمە داوای چیمان کردووە؟ حەقی

دەستوور كە دانراوە، ئێمە دەمانەوێ شەریك بین نەك ئەجیر لەم وڵاتە، دەستوور وای داناوە بۆ ئێمە و هیوادارین عێراق بە فیدرالی بمێنێتەوە نەك بچێتەوە بۆ مەركەزی، ئەوە مەعنای نیە كە ئێمە تەنازول بكەین لە ماددەی $112$ و $115$، ئەوە مەعنایەكەی ئەوەیە كە بەڵزەبت ئەوەی تەتبیق بكەی كە دەستوور داینـاوە و بۆ ئەوەی ئیش دەكەین یان ماددەی $112$ ئەوەی كە ئیش دەكەین و بە دەسەڵاتی خۆمان داماناوە، تەبعەن ئەوە فورسەتێكی تەئریخیە ئەگەر بەكاری نەهێنی ئێستا بەخوا دەستت ئەشكێ، یەك مەرحەلەیە یان ئەچێتە مەركەزی یان دیفاعی لەسەر ئەكەی كە ئێستا بە دەستوور و بە قانون، من ناڵێم بچۆ شەڕی لەسەر بكە، قانون بەدەست خۆتە و دەستور بەدەست خۆتە بچۆ دیفاعی لەسەر بكە بۆ چی تەنازول ئەكەی؟ ئەتەوێت تەنازول بكەی؟ باشە بڕۆ لای میللەت و داوای لێبكە ئایا میللەت ئامادەیە تەنازول بكات؟ ئیشی من نیە من ناتوانم بە غەیری دەستوور و بەغەیری قانونی ئیش بكەم، ئەگەر داوام لێبكرێ وا بكەم نایكەم، شەفافیەت باسی لێئەكەین ئێمە بەسەر سەرم من لەگەڵ شەفافیەم، من حەز دەكەم شەفافیەت ببێ، بە داخەوە لای خۆشمان خەڵك كە باس دەكەن و گلەیی ئەكەن كە شەفافیەت نیە من نازانم باسی چی ئەكەن؟ من هیچم نەدیوە كە خەلەلی تێدا بێ لای ئێمە و بە شەفافی ئیش دەكەم، بەڵام ئەوانەی كە توهمەی ئەكەن لە لای خەڵكی تر من هیوادارم سەیری خۆشیان بكەن جار وبار بزانن كە ئەوان راستن؟ پێش ئەوەی كە تۆ توهمەی تەوجیە بكەی بۆ برادەرێكی خۆت، بیری لێ بكەوە كە ئەوە لە مەصڵەحەتی كوردستان نیە كە تۆ شەڕی لەسەر ئەوە بكەی، ئەگەر شتت دیوە و خەلەلی تێدا بووە وەرە بۆ لای من باسی بكەین، ئێمە لەغوی ئەكەین و عەقدەكە لەغو ئەكەین، قانون وا ئەڵێ، با بێینە سەر سلایدی نیهائی كە ئەوەی ئێمە كردوومانە كە من ئەڵێم لە مەصڵەحەتی هەموو میللەتی عێراقە و بەردەوام ئەبین لەگەڵ دەعمی جەنابتان، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك د.ئاشتی بۆ ئەو هەموو روونكردنەوەیە كە زۆربەی زۆری ئەندامان ئاشنایی زیاتریان هەیە ئێستا لەسەر چۆنیەتی كاركردنی وەزارەتەكەتان و چۆنیەتی كاركردن بەو یاسایەی كە لە پەرلەمان پەسندكراوە و دەرچووە، ئۆمێدەوارم كە بەو شێوەیە بەردەوام بین لە كارەكانمان بە روونكردنەوەی هەموو راستیەكان بۆ خەڵكی كوردستان، ئێستاش داوا دەكەم لە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی كە پرسیاری هەیە، بەرەچاو كردنی هینەكە پرسیارەكانتان دەقیق بێتن ، موتەئەكیدم پرسیارەكانتان تیكرار دەبێتەوە، تكام وایە پرسیارێك ئەگەر كرا ئەوەی دواتر بڵێ پرسیارەكەی من كرا و تیكراری نەكاتەوە بە صیغەیەكی تر، ناو دەنووسم، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە، تا چ ئاستێك ئەو عەقدانە كێشەی سووتەمەنی لە ناو هەرێمی كوردستان چارەسەر دەكات؟ لە خیلالی قسەكانی جەنابی وەزیر باسی هیچ پاڵەوگایەك نەكرا، هیچ

مەصفایەك ئایا كێشەی لە هەرێمی كوردستان حەل دەكرێ لەو زووانە یان نا؟ یەعنی هەمووی خوتەی بەعید ئەلەدا بوو، هیچ خوتەی كورت خایەنمان بەدینەهێنا نەمانزانی كە هەیە یان نیە لە عەقدەكان؟ و تا چ رادەیەك كێشەی كارەبا حەل دەبێ؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە قسەكەت پێ دەبرم، داوا لەو كەسانە دەكەم كە ئیجازەیان وەرگرت و چوونە دەرەوە و هاتنەوە ئینتیباە بكەن ئەگەر سوئالێكیان كرد من پێی دەبڕم ئەگەر دووبارە كرابوو، مەسەلەن ئێستا باسی مەصفا دەكات، باسی مەصفای كرد و پیشانیشی دا رەسمەكان.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها باسی پرۆژەی قادر كەرەم كرا، ئەوەی دانا غاز كە پرۆژەی كارەبا دەكات، ئایا هیچ پرۆژەی لەو بابەتە نیە؟ لەبەر ئەوەی هەموو هاووڵاتیانی كوردستان چاویان لەو پرۆژەیە كە كێشەی كارەبا حەل دەكات، هەر تاكە پرۆژەیەكە ئەو كێشەیەمان بۆ حەل دەكات، پرسیاری دووەمم ئەوەیە لەو عەقدانە حیصەی هەرێمی كوردستان تەنها لە 17٪ و لە 83٪ ئیستیفادەكەی بۆ عیراقە، ئایا ئێمە لەوە زۆر ئیستیفادە دەكەین یان زەرەرمەند دەبین؟ بۆ ئەو هەموو عەقدە پێكەوە دەكرێ كە تا ئێستا عەقد لەگەڵ 15 شەریكە كرایە لە وڵاتان؟ تەنها یەك عەقد لەگەڵ یەك شەریكەی عیملاق دەكرێ، ئێمە تەقریبەن 15 عەقدمان هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم بۆ ئەو روونكردنەوەی بابەتێك زۆر لەو پرسیارانەی كەوا لە مێشكی زۆرماندا دەسووڕانەوە، تەنیا پرسیارێكم هەیە ئەویش ئاراستەی پەرلەمانی زیاتر دەكەم هەتاكو وەزیر و حكومەت، چونكە كۆمەڵێك رەخنە لە دوو ماددەی چوار و پێنجی قانونی نەوت و غازی هەرێمی كوردستان دەكرێ بەوەی كە دەسەڵاتی مۆر كردنی ئەو رێككەوتنامانەی كە لەگەڵ كۆمپانیا نەوتیەكاندا ئەكرێت بە دەزگایەكی داوە كە پێك هاتووە لە 5 كەس نوێنەرایەتی هەردوو دەسەڵاتی سەرەكیەكەن لە هەرێمی كوردستاندا، پرسیارەكە ئەوەیە: هەتا لە سەردەمی حوكمی پاشایەتیدا مۆركردنی لەو جۆرە رێكەوتنامانە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا بوو، لە سەردەمی حوكمی نوری سەعیدیشدا، پێویستە ئەو دەسەڵاتە

بدرێتەوە پەرلەمان، ئەوە لە بەرژەوەندی حکومەتە و ئـەوە لـە بەرژەوەنـدی خـەڵکی کوردسـتانە، ئـەوە لـە بەرژەوەندی پەرلەمانیشە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.نوری، بەڵام هەر بۆ مەعلوماتت بـۆ ئـەوەی موصـتەڵەحاتەکان بـاش بـەکار بیـنین، دوو دەسـەڵات نیە حکومەتە، حیسابی ئەمڕۆ مەکە قانون کە دەردێنین دراوەتە دەسەڵات، دەسـەڵات کـە دراوەتـە سـەرۆك حکومەت و جێگرەکەی و سێ وەزیر، ئەو جوملەی تـر دەکـرێتن لـە بـاس کردنـی دەسـتووردا بـاس دەکـرێ، پەرلـەمانیش ئیمـزا ناکـات پەرلـەمان موصـادەقە دەکـات، عـەفوم دەکـەی حکومـەت ئیمـزا دەکـات، بـەڵام پەرلەمان بۆی هەیە قانون ڕێگە بداتن، موصادەقە بداتن یان ڕەفزی بکاتن، ڕوونی بکەوە بۆ ئەوەی نەچی لە جەریدە جوابم بدەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە پەرلەمان کەوا پەسندی دەکات، بەڵام لێرە تاوتۆ ئەکرێت لە هەموو ڕویەکەوە ئـەو دەسـەڵات ئەداتـە حکومەت بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێککەوتنامە مۆر بکرێ یان دەستکاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردناوانەی کە جـەنابی د.ئاشـتی کـردی، بەراسـتی مـن وام ئـەزانی جـاری یەکەم کە هات ئەو موناقەشەمان لەگەڵی کرد لەو دانیشتنە وام ئـەزانی پسـپۆرە لـە بـواری هونـەری، بـەڵام خۆشبەختانە ئەبینم لەوەتی بۆتە وەزیر خەریکە لە ئێمەش بەولاتر ئەڕوا و مەسائیلی یاساییش، خەرێکە ئەبێتە پسپۆرێك لە مەسائیلی یاسایی و دەستووری، ئەوەش جێی خۆشحاڵیە کە موتابعـە ئـەکات و شـتێکی وای کردووە کە یاساکەمان لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێت، بە دەلیلی ئـەوەی کـە زانایـانی بـواری یاسـا پشتگیری لە پرۆژەکانی ئێمە ئەکەن و ئەو عەقدانەی کە تا ئێستا بەستراون، من کۆمەڵێك پرسیارم هەبوو، بەڵام ڕوونی کردەوە دەربـارەی عەقـدە کۆنـەکان و ئەوانـە، بـەڵام دوو سـێ پرسـیارم هـەر مـاون، یـەکێکیان دەربـارەی ئـەو نەوتـەی کـە ئێسـتا و ئـەو بەرهەمـەی کـە لـە زاخـۆ و شیواشـۆك هـین ئـەکرێ، چـەندن لـە هەردوولا و چۆن سەرف ئەکرێن؟ ئایا بۆ دەرەوە ئەنێردرێن یان نا؟ ئەگەر ئـەنێردرێن بـۆ دەرەوە، چـونکە گلەیی وا هەیە بەعز جار تێبینی وا هەیە کە هەندێ جار هەندێ لەو نەوتانە بۆ دەرەوە ئەچن، ئایـا شـتی وا هەیە یان نا؟ خاڵێکی تـرم دەربارەی بە تەئکید دۆزینەوەی نەوت و بەرهەم هێنـانی نـەوت خێـری زۆری تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو ناوچانەی کەوا نەوت ئەدۆزرێتەوە هەر تـەنها خێـر نیـە، یـەعنی هەنـدێ

جار تەئسیر لەسەر ژینگەش ئەکات و لەسەر ئەو ناوچەیەش ئەکات، ئایا لەو بەرهەمە هیچ مەبلەغێك پارە و رێژەیەکی پارە دیاری کراوە بۆ ئەوەی ژینگەی ئەو ناوچانە بپارێزرێت و هەروەها بۆ رێگە وبان و خزمەتگوزاری؟ یەعنی هیچ شتێکی وا دیاری کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو مەنتیقەیە سوودمەند بێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس گەیشت سوئالەکەت، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من لە پێشەوە سوپاسی حکومەتی کوردستان دەکەم بۆ ئەو کارە جوان و بەنرخانەی کە کردوویەتی، چونکە بەراستی ئابووری ئەساسی پێکهێنانی دەوڵەتە و ئەمە سەرەتایەکە و دەبێتە هۆی دڵخۆشیمان کە ئێمە وا هەنگاو ئەنێین بەرەو ئەوەی کە ساحیبی سەروەتەکانی وڵاتی خۆمان بین، زۆر جار ئێمە لە مێژووی خۆماندا وبووینە قوربانی هەندێ سیفەت کە لە کەلتووری ئێمە هەیە بەداخەوە، میر محەمەدی سۆران کاتێك کە خەریکی دروستکردنی سوپا و جبەخانە بوو بە فیتی دەوڵەتی عوسمانی و بە وەعزی هەندێ لایەنی خۆمان ئەو میرنشینیە لەناو چوو، دەیان تەجروبەی وامان هەیە، من دەڵێم با ئێمە کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆییمان هەیە تێکەڵ نەکەین بە بنەما و پایانەی کە حکومەتی کوردی دەهاوێژی بۆ بەرەو بەدەوڵەت رۆیشتنی کوردستان، ئەمەش یەك لە هەرە بزمارە گەورەکانە کە دایکوتاوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش میللەتی ئێمە حەقی خۆیەتی کە داوای شەفافیەت بکات و دوای ئەو هەموو داواکردنە ئەمڕۆ ئێمە بە شەفافیەت ئاگامان لە هەموو تەفاصیلی عەقدەکان دەبێت و بەراستی کۆمەڵێك گومان دەڕوێتەوە، ئەوە ببێتە کەلتوورێك لەلای ئێمە بەر لەوەی کە خەڵك داوای شەفافیەت بکات، بە شەفافیەت باس لە بەرنامەکانی حکومەت بکرێ، بەر لەوەی خەڵکی خۆمان تووشی گومان نەکەین، داوا لە د.ئاشتی دەکەم بەپێی ئەوەی کە چوویتە ناو تەفاصیل: ئایا ئێمە کە خاوەنی سیستەمێکی زۆر خراپی خوێندنین، ناتوانین لەناو هەموو ئەو عەقدانە جوزئێکی زۆر کەم دابنێین بۆ ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەکان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تێبینیەك و چەند پرسیارێکم هەیە، تێبینیەکەم: لە عیراقدا ئێمە ئەزانین دەستوور تەوافوقیە، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە مشتو مڕمان بێت، هەر کەسێك کە داوای مافی خۆی دەکات تەبیعیە بەرامبەرەکەی قسەی لەسەر بکات، پێویست بەوە دەکات ماندووبونمان نەبێ و نەفسەمان درێژ بێتن لەو مەسائیلانە، دووەم: من ئەمەوێ پرسیار لەوە بکەم، ئایا ئەو عەقدانەی کە هەن چەندن؟ ژمارەی

عەقدەكان چەندە؟ ئەوانە چەندیان ئینتاجین؟ چەندیان ئیستیكشافین؟ دوو: ئەو عەقدانەی كە (مشاركە بالانتاج)، ئایا ڕێژەكەی چەندە؟ ڕێژەكەی بۆ ئێمە و ڕێژەكەی بۆ ئەوان چەندە؟ ئێمە ئەوە ئەزانین لە دونیا ئەوانەی كە موشارەكە بە ئینتاج ئەكەن ئەڵێن: شر لابد منه، یەعنی هەمێشە لە بەرژەوەندی بەرامبەرەكەدایە نەك لە بەرژەوەندی ئێمە، بەڵام بۆ ئاینده ئەكرێ ئێمە زیاتر ئیستیفادەی لێبكەین، ئەوەش ئەزانین ئەو شوێنانەی كە موشارەكە بە ئینتاج ئەكەن، دائیمەن لە جێگایەك ئەكەن جێگایەكە موخاتەرەی زیاترە، بەڵام ئەو وڵاتەی ئێمە ئەو عقودەی لەسەر كراوە هەمووی شوێنی سادەیە وسانایە، نە لەناو بەحرە و نە لە شوێنی كەژو كەنەڵان و شوێنی نارەحەتە كە موجازەفەی تێدابێ، من ئەو پرسیارەش ئەكەم ئەڵێم: ئەو سێ، چوار حقولەی كە دۆزراوەتەوە چەند بیرە؟ ژمارەكەیان بڵێ خراپ نیە، پرسیاری دوای ئەوەم، ئەو شەریكانەی كە ئەو عقودانە ئەكەن ئایا لە ڕێگەی تایبەتەوە هاتوون یان بە ئیعلان هاتوون؟ ئیعلانی عەقدەكان كراوە، یان لە ڕێگای تایبەتەوە هاتوون؟ ئەو شەریكە نیشتمانیەی ئێمە، شەریكەی كوردستان كە ئەوە مەسەلەیەكی زۆر گرنگ بوو و بەقەناعەتی من موشارەكە دەكات لە تەواوی ئەو عقودانە، ئایا ربحەكەی لە كەیەوە دەست پێدەكات؟ ئەگەر دەستی پێكرد ئەچێتە كوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە مۆر كردنی گرێبەستەكان، پارەیەكی زۆر بۆ وەزارەت دێتن، لە تەصریحاتی بەڕێز وەزیر دەڵێت: لە زمنی وەزارەت تەنها دەمێنێت ناچێتە زمنی موازەنەی هەرێمدا، ئەوە وەكو دەزانن پێچەوانەی ماددەی 13 یاسای نەوتی هەرێمە، كە دەڵێت:تؤسس في الاقلیم صندوق كوردستان للعائدات النفطیة و تحتفظ في الصندوق الحسابیة سیشكلان جزءآ من العائدات العامة للاقلیم، تەفسیراتی جەنابی وەزیر چێك بكەوە دەڵێت وەزارەتی مالیە ناچێتە زمنی موازەنە، دووەم: لە ماددەی 26 دا دەڵێ: تدعو الوزارة باعلان عام لتقدیم طلبات الاجازة، وەزارەت تا ئێستا ئەو عقودانەی كە مۆر كردینە بۆ مونافەسە دروست ناكات لە بەینی شەریكات، هەتا عەرزەكە مەتروح بێت و مونافەسە بكرێت لە بەینی شەریكات هەتا كەمترین خەسارەت ئەو عقودانە مۆر بكەین، سێیەم من لەگەڵ ئەوەمە كە مەعاییری عالەمی گرێبەستەكان وەربگرین، بەڵام جیاوازیەك لە بەینی ئێمە و لە بەینی ئەوروپا و دوەلی دیكە هەیە، مەساحەی جوغرافی و ئیستیكشافی ئێمە بچووكە، دوو: ئەو تەعقیداتە لای ئێمە نیە، پرسیاری من ئەوەیە: جیاوازی لە بەینی ئێمە و حكومەتی فیدراڵ كە سیاسەتی نەوت و ستراجیە ئیتیحادیە، ئێمە عقودی موشاریكە مۆر دەكەین، ئەوانە عقودی موشاریكە نینە، ئەو ئیشكالە چۆن حەل دەبێتن؟ لە ئەمڕۆ و پاشەڕۆژیشدا؟، چونكە دەبێتە ئیشكالەك بۆ ئێمە، چوارەم: مەصافی بە تایبەتی تەفتەق و غیر جێگایانە دەبێ پارەكە حكومەتی مەركەزی

تەرخانی کردووە بۆ ئینجازی ئەو مەصافیە و دەڵێن پارەکەش گەیشتیتە هەرێم، بۆچی تەواو نەبوویـنە؟ ئەگەر تەواو نەبن وەزارەت چ عیلاقەی بەوە هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، یەکەم: بۆچی تا ئێستا هەیکەلی وەزارەتەکەی دانەڕشتووە کە ئەوانە بەشێکە لە گلە وگازاندەی ئەو نەبوونی شەفافیەت بگەرێتەوە بۆ ئەوە، پرسیاری دووەمم:ئەگەر داهاتی ئەو گرێبەستە نەوتانە بگەرێتەوە بۆ مەرکەز و لەوێوە لە 17٪ بۆ ئێمە دێتەوە، بۆچی ئێمە ئەو گرێبەستانە ئەکەین و ئەو هەموو کێشەیەش لەگەڵ شاهرستانی بۆمان دروست دەبێ، پرسیارێکی تریش هەر چەند کر: ژمارەی ئەو گرێبەستانە چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵاڵە خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی پرسیارەکەم لەلایەن د.هالەوە کرا سەبارەت بە پێداویستی خەڵکی کوردستان، بەشی دووەمی پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا ئەو خەرجیانەی کە ئێستا بەو شەریکانەی سەرف ئەکرێ لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا یان لە بودجەی حکومەتی مەرکەزیە؟ چونکە لە ئەنجامدا داهاتەکە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی و لە 17٪ بۆ ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە پرسیارەکانم کاك دیلمان کردی، من سەرەتا سوپاسی وەزیر دەکەم و دەستخۆشی لێ ئەکەم، بەڵام تێبینیەکم هەیە: من پێم وایە ئەبوایە جەنابی وەزیر زۆر پێش ئێستا ئەم روونکرنەوەی بدابا و بە شەفافی بۆ خەڵك بیکردبا بۆ ئەوەی ئەو کێشەمان بۆ دروست نەبا کە ئێستا لەگەڵ مەرکەز هەمانە، من پێم وایە کاتەکەی درەنگە کە ئەو دانیشتنە ئەبوایە زۆر زووتر بکرابە، یەك پرسیارم هەیە: دیارە من لە قسەکانی جەنابی وەزیر تێگەیشتم کە ئێمە هێشتا کێشەکانمان لەگەڵ مەرکەز ماوە، ئایا ئەو کێشانە گەیشتوونە بنبەست؟ ئەگەر گەیشتوونە بنبەست حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەکات، هەر بەردەوام ئەبێت یان رێگایەکی دیکە ئەدۆزێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاّ منیش تەئكید دەكەم لەسەر وشەی (مع)، كە لەگەڵ وەفدێكی پەرلەمانی كوردستان شەڕێكی زۆرمان لەسەر ئەو وشانە كرد هەتا تەسبیت بوو و دەست خۆشیان لێدەكەم كە سازشیان لەسەریان نەكردەوە و لەسەری ناكەن ئینشاء الله، چونكە مەبدەئی موشارەكە كردنمان لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ لە داهاتەكانی نەوت و دەرهێنانی و هەمموو عەمەلیاتەكان كارێكی زۆر گرنگە، خاڵێكی تر، وەزارەت چی كردووە بۆ گەیاندنی كادری پسپۆر لە بواری نەوت، ئایا لە كۆلێژەكانی كوردستان پێویست نیە بەشێك هەبێ یان پەیمانگایەك یان شتێك هەبێ بۆ پێگەیاندنی كادری پسپۆر لەو بوارە، لە لایەكی تریش من لەبەر ئەوەی هەموو پلانەكان لە كوردستان بە داخەوە بە گومانەوە سەیری یەكتر ئەكەین، لەوانەیە پەرلەمانی كوردستان بەو شەفافیەتەی كە هەیەتی لە هەموو جێگایەك زیاتر توانیبێتی متمانەی خەڵك بە جێ بهێنێ، بۆیە تەئیدی بۆچوونەكەی د.نوری دەكەم، خۆزگە ئەو گرێبەستانە لە پەرلەمانی كوردستان بایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی پاڵاوتگەی كرد، بەڵام من پرسیارێكم ئاراستەی وەزیر هەیە: ئایا پاڵاوتگەی نەوتی بازیان كە دەبوایە لە ساڵی 2006 تەواو بێت تا ئێستاكە تەواو نەبووە، ئایا بە چ ئەنجام گەیشتووە، ئەوە یەك، دوو: ئایا دەرهێنانی ئەو ڕێژە زۆرە لە نەوت كار ناكات لەسەر ئیحتیاتی نەوتمان لە كوردستان؟ پرسیارێكی تریشم ئاراستەی وەزیر دەكەم كە لە سەرەتای بودجەكە میزانیە موازەنە دانرا، نرخی نەوت 57 دۆلار بوو، بەڵام ئێستاكە ستاندەری جیهانی گەیشتوتە 120 دۆلار، ئایا ئەوە داهاتەكەی زیاد كردیە، كار ناكاتە سەر زیادبوونی داهاتی تاكی عێراق بەگشتی و تاكی كوردستان بە تایبەتی؟ پرسیارێكی دیكەم: ئایا مەخموور و ئەو ناوچانە كەوا دەوڵەمەندن بە نەوت، كاتی گەڕانەوەیان پاش دوو مانگی دیكە ئایا ئەوەش چۆن دەبێ؟ چۆن دەبێ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی كوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.فؤاد.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له راستیدا روونکردنەوەیەکی زۆر بە پێز بوو و جێگای خۆیەتی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارەکانی تریشیدا هەر وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ باس کرا هەموو ئەو ئیش و کارانەی کە ئەنجامی دا ئەوها بە شەفافیەتەوە راستیەکان روونبێتەوە بۆ خەڵك تا وەکو بەرپەرچی هەموو ئەو پروپاگەندە بدرێتەوە کەوا کارەکانی حکومەت زۆری شاراوەیە و زۆری بە گومانە، زۆر سوپاسی ئەکەین بۆ ئەوە، گەلێك لەو پرسیارانەی کە لە مێشکماندا بوو جوابیداینەوە، پرسیارێکم هەیە لە بارەی ئەو لە 17٪ کەوا بەشی هەرێمە لە بودجەی عیراق لە رێی ئەو گرێبەستانە لام وایە روونیشی کردەوە کاك ئاشتی، بەڵام من فریا نەکەوتم لە سلایدەکانی پێشەوە، حکومەتی هەرێم ئەتوانێ یەکسەر دەستی کەوێ پێش ئەوەی بچێتە خزێنەی حکومەتی عێراقەوە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، پێشەکی من زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم، بەراستی جێگەی دڵخۆشیە کە من ئەبینم پیاوێکی وا لێهاتوو و زانا لەم بوارە هەمانە، زۆر سوپاسی خوا ئەکەم و سوپاسی ئەویش ئەکەم، من ئەمەوێ دوو، سێ پرسیاری بچکولە بکەم، یەکێکیان ئەوەیە:ئایا ئێستا ئینتاجی نەوت دەرچووە، ئەفرۆشرێت؟ ئەگەر ئەفرۆشرێت ئەدرێتە کێ؟ دووەم: ئەو عقودانەی کراون، ئایا موقابیلی پارەیە، قیمەتێکی وەرگێراوە؟ سێیەم: ئەو باسی کرد وتی مقاولی مەحەلیمان نیە، لەبەر ئەوە مقاولەکە شروتی تێدانیە بۆیە مقاولی مەحەلیمان نیە، ئایا ئەگەر نیمانە، خەڵکیشمان نیە لەگەڵ ئەو شەریکانە شەریك بن لە داخیلیەکەی؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەو بابەتەی ئەمڕۆکە کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان خستیە روو، بەراستی شەفافیەتی زۆر لە ئیش و کارەکانی دیاربوو و دەتوانم بڵێم بووە هۆکارێك کە ئەو گومانانەی هەبوو لەسەر ئەو وەزعە بڕەوێتەوە تا رادەیەکی باش، دەستی خۆش بێ کاری باشی کردووە، بەڵام من لێرە چەند پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هەیە، یەك : بۆ مەسەلەی پرۆژەی وێستگەی کارەبای هەولێر کە بە لوولە غاز لەو شوێنە دوورەوە دێنن بۆ ئەو پرۆژەیە، نەدەکرا لە مەنتیقەی دیبەگە و ئەوانە کە زۆر نزیکتر بوون هەمووی کەمتر لە 30کم کە هەم تێچوونەکەی کەمتر بوو و هەم بە ساناتریش

دەتوانرا سوود لە نەوتی ئەو ناوچانە وەربگرن و لە گازی ئەو ناوچانەش وەربگرن، ئەوە یەك، دوو: ماوەیەك پێش ئێستا زیاتر لە ساڵێك پرۆژەی پاڵاوگەی نەوت لە کوردستان لە نزیك خەبات بەردی بناغەی داندرا، ئایا ئەو بە چی گەیشت؟ یەعنی باوەر دەکەم تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە تا رادەیەکی باش وەبەرهەمهێنانی ناو خۆمان دەداتێ بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی و بەکارهێنانی ناوەخۆ، چی بەسەر هاتووە؟، لە هەمان کاتدا بۆ کانزاکانی تری کوردستان جگە لە نەوت کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەو وەزارەتەی کە تایبەتمەندە بە هەموو کانزاکان کە لە کوردستاندا هەیە، ئایا لەو بارەیەوە چی کراوە؟ ئایا لەو بارەیەوە پشکنین کراوە؟ یان پرۆژەی وەزارەتەکە لەو بارەوە چیە؟ لە هەمان کاتدا ڤیان خانیش باسی کرد: مەنتیقەی مەخموور و دیبەگە و ئەوانە زیاتر لە 300 بیرە نەوتی تێدایە و هەر هەمووشی ئیستیکشافاتی تەواو بووە و بیرەکانیش جاهیزن و دەتوانین لە ئێستاوە نەوتەکانی لێ دەربێنن و کۆمەڵێك پاڵاوگەی نەوتیش لەو شوێنە دابمەزرێ، ئایا بۆ ئەوە ناکرێ سوودی لێ وەربگیرێت؟ ئێستا راستە لە رووی یاساییەوە مەشموولە بە مادەی 140، بەڵام ئیدارەکە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە لەگەڵ ئەو ناوچەیە دەکرێ، دەکرێ ئەوەش سوودی لێ وەربگیرێت؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم، تەوزیحێکی باشی داینێ لەسەر قانونی نەوت و لەسەر ئەو ئیجرائاتانەی کە باسی کردووە، بەڵام من دەمەوێ پرسیارێك بکەم لە جەنابی وەزیر: بە گوێرەی دەستووری عیراقی ماددەکانی 112 و 115 صەلاحیاتی دەرهێنانی نەوتی داوەتە دەست ئیقلیمی کوردستان و ئەوانەی لەمەودوا دەرئەهێنرێت، ئایا ئەو خیلافەی کە جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد بۆمان لەگەڵ بەرێز وەزیری نەوتی عیراقی حکومەتی عیراق ئیتیحادیە، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە صەلاحیەتە یان تەخویل دەکرێ یان ناکرێ؟ یان عەقدەکانمان چەند قانونیە و چەند قانونی نیە؟ یاخود ئەو خیلافە لەسەر نیسبەتە کە ئەو نیسبەتانەی تەحدید دەکرێ بۆ حکومەتی کوردستان یان بۆ حکومەتی عیراقی؟ یان ئەو عەقدانەی کە کراوە یان کە ئەکرێ، چەند موخالیفیەتی هەیە و چەند قانونیەتی هەیە بە دەستووری عیراقی؟، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تر من پێم وایە جەنابی وەزیر لە بەرنامەیەکیدا لە رۆژنامەی رۆژنامە دەڵێ:نەکردنی تەشکیلەی وەزارەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری سیاسی بەدەست پیاوە سیاسیەکاندا لە کاتێکدا قانونی وەزارەتەکەی جەنابی دەمێکە بڕیاری لەسەر دراوە، ئایا بوونی ئەو کێشانەی کە ئێستا هەیە لە وەزارەتی نەوت، بۆ میسال بڵێین: دەنگی ئەوە هەیە کەوا نەوتی خام تەهریب دەکرێ لە کوردستانەوە، ئایا ئەو نەوت تەهریب کردنانە لە بیرەکانی ناوەخۆمانە یان ناو ئیقلیمە؟ ئایا تەشکیل نەکردنی هەیکەلەی وەزارەت بوویتە سەبەبێك کە وەزارەتی نەوتی خۆمان و جەنابی وەزیر

ناتوانی ئیجرائاتی بەرامبەر بەوانە بکەن؟ ئایا ئەو دەنگ وهۆیەی کە لەسەر ئەو عەقدانە بڕێك پارە وەرئەگیرێ بە ناوی نازانم کۆمیشنی پێ ئەڵێن، شەکراوی پێ ئەڵێن؟ هەر شتێکی پێ بڵێن بەو تەعبیرانە، ئەو پارانە چەندە مەبلەغەکانیان؟ ئەچێتە سەر میزانیەی هەرێمی کوردستان، ئەچێتە واریداتی وەزارەتەوە؟ چی لێدێ و چەندیشە مەبلەغەکانیان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو پێداگریەی کە لەسەر مافی گەلی کوردستان کردیتی، بەراستی جێگای خۆشحاڵیە، ئەوە نیشانەیەکی زیندووە بۆ جێگیربوونی کیانی میللەتەکەمان کە بەراستی نەوت سەرمایەکی گرنگە بۆ هەر نەتەوەیەك، چ لە رووی دارایی و چ لە رووی سیاسی، بۆیە دەبێ زۆر هەستیارانە باسی لەسەر بکرێ چ لە رووی دەرەکی یان ناوەکی، لە رووی دەرەکی کە ئەڵێن محاوەلە بکرێ کە ئەو کۆمپانیا گەورانەی وڵاتانی بڕیار بەدەست بێنن کاری تێدا بکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندی داراییان لەگەڵ بەرژەوەندی ئێمە جووت بێت، بۆ ئەوەی لە هەر کاتێکی پێویست لە رووی سیاسیەوە پشتیوانیمان لێبکەن، لە رووی ناوەخۆیشەوە لەبەر ئەوەی نەوت سەرمایەیەکی نەتەوەییە بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستانە، دەبێ زۆر شەفافانە دیاری بکرێت بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەری ناوەخۆیی لە دەسەڵاتی حکومەتی کوردی دڵنیا بێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی نەوت، ئەوە بەراستی کارێکی گرنگە و هەردوو مەسەلەکە بۆخۆمان هەر چەند جەنابی وەزیر جۆرێك لەو متمانەی رەواندەوە کە باسی کرد لێرە، من چەند پرسیارێکم هەیە: ئایا گرێبەستە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان چەندە و چۆن کراوە؟ ژمارەیان چەندە؟ دوو: ئایا ئەو قسەیە راستە کە گوایە لە 50٪ دراوە بە کۆمپانیەکانی بێگانە، لە کاتێکدا بە پێی ستانداردی جیهانی ئەو کێڵگە نەتیانەی کەشف کراون لە 4٪ قازانجی بۆ کۆمپانیاکانە و ئەو کێڵگە نەوتیانەش کە کەشف نەکراون تەنیا لە 7٪ بە پێی ستاندەری جیهانی قازانج وەردەگرێ، بۆ لای ئێمە لەوانە زۆرترن؟ مەسەلە چیە؟ پرسیارێکی ترم هەیە: ئایا مەصروفاتی مەسح و حەفر کردن لە کۆمپانیاکان، پارەی ئێمە هی حکومەتی کوردستانی تێدەچی؟ پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئێمە پارە دەدەین لەو مەصروفاتانە بەراستی مەصروفاتێکی زۆر بە بێ مەعنایی دەکرێ لە کۆمپانیاکان کە حەقە حکومەتی ئێمە ئاگاداری ئەو مەصروفاتانە بێت، پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە ئایا ئەو زەویانەی ئەو جووتیارانەی کە بەبەر ئەو کێڵگە نەوتیانە دەکەوێ، یاسایەك هەیە کە قەرەبوو بکرێنەوە وەك یەك بە بێ جیاوازی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك عثمان پرسیارەكانت بە جێ بوو، بەڵام هەندێكیان جوابدرابۆوە، بەڵام پرسیاری دواییت زۆر بە جێیە، ئومێد دەكەم جوابی بداتەوە، فەرموو جەنابت لە دوو دەقە زیاتریش قسەت كرد، بەڵام فەرموو كاك عثمان احمد.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەركردنی ئەو قانونی نەوت و گازە لە كوردستان و پەرلەمانی كوردستان دەستكەوتێكی گەورەی مێژووییە، جێی خۆیەتی گەلی كوردستان بە شانازییەوە باسی بكەن، چونكە بەراستی مادام قەرارێك لە پەرلەمان ئیقرار كرا دەبێ هەمووومان بە عەزیمەتەوە قسەی لەسەر بكەین، ئەوەی جەنابی وەزیریش تەصریحی پێدا زۆر لە جێگەی خۆی بوو، یەك پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە ئەویش ئەوەیە: ئەو تەشویشە قانونیانەی كەوا حكومەتی فیدراڵ لە ڕێگەی شەهرستانیەوە دروستی دەكات لەسەر ئیشكالیەتی قانونی و دەستووری، قانونی نەوت و غازی كوردستان، ئایا هیچ گومانی خستۆتە سەر شەریكاتەكان كە هەرێم عەقدی لەگەڵ كردوون، گومانی تێدا دروست كردوون؟ یان هەر دڵ گەرمانە لە كار و لە ئیش دان؟، چونكە ئەگەر گومانیان لەسەرە، بە تەئكید خوبەرای قانونی زۆر شارەزا و خیبرەیان هەیە لەو بوارە، ئەگەر هیچ ئیشكال نەبێت، یان ساردیەك ڕووی نەكردبێتە سەر ئیشی ئەو شەریكاتانەی كە هەرێم عوقودی لەگەڵ كردوون، ئەوا دەڵێین با بڕۆین لەسەر بەرەكەتی خوا و با خوا پشت و پەنامان بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەكەمم لە بەڕێزیان ئەوەیە: ئایا مەسحێكی گشتی جیولۆجی كراوە بۆ سامانە سروشتیەكان لە كوردستان؟ و ئایا مەركەزیەت لە گەڕان بە دوای نەوتدا سەرپەرشتی سامانە سروشتیەكان پارێزراوە؟ چونكە دەبینین بەرهەمی سامانە سروشتیەكان وەكو گۆگرد ونەوتی ڕەش لە سنوورەكانی كوردستان دەچێتە دەرەوە، ئایا مەكەزیەت هەیە لە پاراستنی دەرچوونی ئەو سامانانە؟ باسی ئەوەی كرد كە سێ حەقڵ كەشف بووە لە كوردستان، ئایا ئەو سێ حەقلە هەموو ناوچەكانی كوردستانی گرتووتەوە یان لەیەك ناوچەیە و ئەو سێ حەقڵەی كەشف بووە كامانەن؟دوا پرسیارم ئەوەیە: دوا ئەنجامی بەڕێز سەرۆكی حكومەت بۆ بەغدا كە بەڕێزیان وەفد بوون لەگەڵیاندا، بە چی گەیشت؟ چونكە د.شەهرستانی حەفتەی پێشوو هەندێ تەصریحاتی دا كە عەقدەكانی كوردستان فەرمی نین و موحاسەبەی شەریكات دەكەین و لەم بابەتانە، كە وتی داوام كردووە بچمە كوردستان، ئایا ئەو قسانە تا چەند ڕاستن و ڕوونكردنەوەی وەزیرمان دەوێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ پرسیارم هەبوو پێش من کرا، ئەو پرسیارانەی ترم هەیە: ئایا وەزارەت توانیوتی کادری ناوەخۆ دابنێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ کراوە بۆ شارەزایی و فێربوون؟ کە بتوانێ لە داهاتوودا ئەوەندە پێویستمان بە کادری ئەوها نەبێ، پرسیاری دوو: ئایا لەو ڕێژەی کە دانراوە وەك کرێی مۆلك واتە رەیع، چەندی دەدرێتە ئەو ناوچانەی کە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە؟ پرسیارێکی تر: گرێبەستەکانی پێش قانونی نەوت کێ ئیمزای کردووە؟ پرسیارێکی تر: خەرجیەی ئەو گرێبەستانەی کە رووبەرەکەیان کەم کرایتەوە یان گرێبەستەکەیان هەڵوەشایتەوە لە ئەستۆی کۆمپانیای وەبەرهەم هێنەرە یان حکومەت؟ پرسیاری ئەخیرم: ئەو کانزایانەی کە دەدۆزرێتەوە لە کاتی گەڕان بە دوای نەوتدا، هیچ مافێکی ئەو کۆمپانیایەی ئەکەوێتە سەر کە گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە؟ بە دوای نەوت و غازدا ئەگەڕێ، بەڵام کانزای تر دەدۆزێتەوە، پرسیاری ئەخیرم: ئەو کانزایەی کە دەدۆزرێتەوە لە کاتی گەڕان بەدوا نەوتدا، کۆمپانیایەك بە دوای نەتدا دەگەڕێ، بەڵام کانزای تر ئەدۆزێتەوە، ئایا ئەو کۆمپانیایە هیچ مافێکی دەکەوێتە سەر؟ مسە، گۆگردە یان هەر کانزایەکی ترە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من ئەوەیە: جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا و وتی حەتا ئێستا عەقدی داخیلی لەگەڵ مەقاولی داخیلی نەهاتیە گرن، دەمەوێ پرسیارێك بکەم: عەقدی داخیلی کوردستانە یان سەرانسەری عیراقە، داخیلی عیراقە؟پرسیاری دووەم: ئەو ناوچەی حقولی نەوتی لێ دەربکاتن، خەڵکی ئەوان هاتینە تەعویز کرن یان نا حەتا هەنوکا؟ سێ پرسیاری من هەر ئیشارەتی پێدا کاك د.ناصح، مەبلەغێك حیصەی نەوتێ هاتیە تەخصیص کرن بۆ پاراستنا ژینگەهی، بۆ پاراستنا خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە حقولی نەوتی لێ دەردەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە: ئینتاجی ژمارەی بەرمیلەکانی نەوت حکومەتی مەرکەزی دەتەوانێ کۆنترۆلی بکات؟ ، چونکە ئەگەر ئەو کۆنترۆلی بکات لە ناحیەی ئیحتیاتی نەوتی حەقلەکانی ئێمە، ئێمە تووشی زەرەر دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوانە بەپێزەی کە پێشکەشی کرد، کە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە و هەروەها زۆر سوپاس بۆ ئەو هەڵوێستەی کە بەشێوەیەکی زۆر رێك و پێك داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلەکەمان دەکەن بە پێی یاسا و دەستوور، جێی خۆشحاڵیمانە، پرسیارەکانی من زۆربەیان لە لایەن برادەران کران، بەڵام من دوو کورتە پرسیارم هەیە: ئایا ئەونەوتەی کە لە زاخۆ و شیواشۆك دەردەهێنرێت رۆژانە هەریەکێکیان چەند بەرهەم دەهێنن و چۆن دەفرۆشرێت و پارەکەی چی بەسەر دێت؟ دووەم پرسیارم: لە چ تەئریخێکەوە هەر یەکێکیان دەستی بەکار کردووە و بەرهەمیان بەرهەم هێناوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم بەراستی شەرحەکەی شتێکی زۆر باش بوو، بەڵام سەد خۆزگە زووتربا ئەو شەرحە، من لەگەڵ کوێستان خان موتەفیقم و دەمەوێ لەو قسەیەوە دەست پێ بکەم کە جەنابت کۆتایی پێ هێنا کە دەڵێ: خۆزگە ئێمە بەتەنیا نەبین لەو داکۆکی کردنە، من پێم وا نیە جەنابت بەتەنیا بووی، زۆر لە ئێمە لە سەرۆکی پەرلەمانەوە تاکو زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەو داکۆکی کردنە یاخود لەو شەرە بەشدار بووینە، چ لەو سیمینار و کۆنفرانسانەی کە لە دەرەوەی هەرێم کراینە و چ لە ناوەخۆوە و چ لە ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ میدیاکاندا بەشدار بووینە و میدیا عالەمیەکان کە تەرەفی دیکەی تێدا بووە، ئەگەر بهاتبا و ئەو ئیجتیماعە زووتر بکرابا و ئەو مەعلوماتە لە لامان هەبوایە مەنتیقمان بە قوەت تر دەبوو لەو شەڕانە، من دوو پرسیارم هەیە، ئێمە یاسایەکمان دەرکرد (یاسای وەزارەت) بۆ چی تاکو ئێستا جێبەجێ نەکرایە؟ یەعنی ئەگەر بهاتبا مودیر عامت هەبا، موستەشارت هەبا، خەبیرت هەبا، پێم وایە زۆر زۆر وەزارەتەکە رێك و پێکتر دەبوو و عقودەکانیش باشتر دەبوو، پرسیاری دووەمم:لە قانونی نەوت وغاز، بڕگەیەك هەیە هی شەریکات، شەریکاتی کوردستان بۆ تەسویق و بۆ ئینتاج و ئەوانە، یەعنی ئایا ئەوە جێبەجی کرایە یان نا؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر لە روونکردنەوەکەیدا باسی لە پێداچوونەوەی گرێبەستە نەوتیەکان کرد کە پێداچوونەوەکە دوو خاڵی لە خۆ گرت، یەکەمیان: رێژەی قازانجەکە کەم بووە و بووە لە 12٪ و ئەو شتێکی زۆر باش بوو، بەڵام سەبارەت بە مەنتیقەی عەقد یاخود مەساحەکەی ئەویش گۆڕانکاری بەسەر هات، ئایا پێشتر دیاری نەکرابوو یان تەحدید کردنەکە بەو شێوەیەی جەنابی وەزیر بەکاری هێنا بە چ شێوەیەکە لە دوای پێداچوونەوە، یاخود گرێبەستە نەوتیەکان، لە ماددەی 58 یاسای نەوت و غاز باس لە قەرەبووکردنەوەی خاوەن زەویەکان دەکرێ، ئەو زەویانەی کە ئەو جۆرە پرۆژانەی لێ ئەنجام دەدرێ، ئایا میکانیزمی وەزارەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددە چیە؟ ئەو کێشانەی کە وەزیر جەختی لەسەر کرد یاخود زۆر جار باسی کرد، لە بڕگەی ئەخیری ماددەی 112ی دەستوور هەمووی چارەسەر کرایە، نازانم ئەو دەستوورە تەنها کوردستان پێی پابەندە و حکومەتی عێراق پابەند نیە؟ ئەو دەستوورە بەس بۆ ئێمە دەرچووە؟ لە ماددە 115 چارەسەر کردنی هەموو ئەو کێشانەی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا منیش دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام کاتەکەی درەنگە، دەبوایە زووتر بهاتبایە و ئەو شتانەی روون بکردبایەتەوە وکارێکی باشی کرد، پرسیارێکم ئەوەیە: ئەگەر ئێمە کێشەمان بۆ دروست بوو لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە لێرە کاردەکەن، شوێنەکەیان جێهێشت یان زەرەریان لێداین؟ ئایا پێویستمان بە حکومەتی ناوەندی نیە خۆی بکات بە خاوەنی و بچێ بەدواداچوونی بۆ بکات و شکات بکات؟ ئێمە خۆمان توانای ئەوەمان هەیە شیکات بکەین یان بەدواداچوونی بکەین یان پەیویستمان بە حکومەتی ناوەندی هەیە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە: ئایا ئەو گرێبەستانە بە شێوەی کێبڕکێ بوون، یەعنی بەشێوەی مونافەسە بوون و چەند کۆمپانیایەك بەشداریان کردووە؟ ئەگەر هەر کۆمپانیایەك بۆی دەرنەچووبێت بواری دراوتێ سکاڵای خۆی بکات کە ئەو عەقدەی بۆ دەرنەچووە؟ پرسیاری سێیەمم ئەوەیە، هەر چەندە ئەو پرسیارە کرایە و من جارێکی دی دووبارەی ئەکەمەوە: وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان،ئایا مەسحی جیۆلۆجی کوردستانی کردووە تا بزانێ چ جۆرە کانزایەك هەیە و بڕەکەی چەندە؟ یان بەس گرنگی بە دۆزینەوە نەوت ئەدات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەمە رەشید.

**بەڕێز رشيد محمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو روونکرنەوەی، حەز دەکەم قسەیەك بکەم، وەکو کاك سەردار ئیشارەتی پێدا، ئێمە ئەوە ئەزانین پەرلەمان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری وەزیرن و پشتگیری حکومەتن، حکومەتیش هەر پشتگیری پەرلەمانە، ئەو قسەی کە لەناو ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ بریتیە لە ئیحساسی خەڵك و قسەیەکە لەناو خەڵك دێتە دەرەوە، چەندێ جەنابی وەزیر شەفاف بێ لە جوابدانەوەی وا ئەزانم زۆر بە قازانجی وەزیر و دەزگاکانی هەموو لایەکمانە، ئەوە قسەیەك بوو، ئیستیفسارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە وەکو پرسیارێك: ئایا ئەو عەقدانەی کە تا ئێستا کراوە، باس لەوە کراوە کە دەستی کرێکاری ناوەخۆی تێدا بەکاربێت؟ و تەدریبی کادری ناوەخۆی و دەرەوە لەسەر حیسابی شەریکەکەیە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر دەستخۆشی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ روونکردنەوەکانی ، تەنها پرسیارێکم هەیە، چونکە زۆربەی پرسیارەکانم برادەران کردیان، ئایا نرخی سووتەمەنی بە نیسبەت کوردستانەوە موقارەنەتەن بە بەغدا و جنوب، بۆچی فەرقی هەیە؟ بۆچی جیاوازی هەیە لە ئەسعاردا، بە تایبەتی بەنزین کە جیاوازییەکی زۆر زۆر هەیە؟ ئەو جیاوازیە لە چ شتێکەوە هاتووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەك وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆریای جنوبی کرد، موزەکەرەیەکی تەفاهومیان ئیمزا کرد، نەوت بەرامبەر مەشاریع یاخود پرۆژەکان، ئایا هەڵوێستی حکومەتی عێراق چی بوو بەرامبەر ئەو سەردانەی کۆریای جنوبی و ئەو ئیتیفاقیەی کە کراوە؟ ئایا ئەگەر بکرێت 17٪ لە پرۆژەکان جێبەجێ دەبێ لە کوردستان و 83٪ بۆ عێراق دەبێت ئەو وەختە؟ ئەوە پرسیارێکە نازانم بەو ئەخیرە هەڵوێستی حکومەتی عیراق چی بوو بەرامبەر ئەوە؟ دووەم: تەئکیدی ئەو خاڵە دەکەم کە ئەو

شارانەی ئینتاجی نەوت دەکەن، ئایا قەرەبوو دەکرێن خەڵکی ئەو شارە، پرۆژەکان بۆ ئەو شارە زیاتر دەبێ؟ پرۆژەی ژینگەیە، پرۆژەی زیراعیە وشتی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم و دوو، سێ پرسیارم هەیە بە کورتی، یەکێکیان: جەنابی وەزیر وتی شەریکاتی خۆماڵی ناتوانێ نەوت بەرهەم بهێنی، ئایا شەریکاتی خۆماڵیمان نیە کە بتوانێ نەوتەکە بکرن و بیفرۆشنەوە؟ هەر نەوت دەرنەهێنن، ئەتوانن بیکرن لە شەریکاتەکانی تر و بیفرۆشنەوە؟ ئەو یەك، دوو: ئەو بیرە نەوتانەی کە کاتی حکومەتی عیراقی لێدرابوون لەگەڵ ئەو بیرە نەوتانەی کە ئێستا شەریکاتی ئەجنەبی لە کوردستاندا لیێ ئەدات وەکو یەك تەعامولیان لەگەڵ ئەکرێت؟ سێیەم: چەند سەرچاوەی نەوت هەیە لە هەرێم کە ئینتاج بدات؟ وەکو ئەوەی مامۆستا محمد فەرەج وتی، چوارەم: ئایا راستە شەریکەیەکی بەرهەم هێنانی نەوت لە مەنتیقەی کفری خەریکی ئینتاجە؟ و، چۆن چوویتە ئەوێ ئەگەر چووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆربەی پرسیارەکانم کرا، ئەوەی کە تەئکیدی لەسەر ئەکەم مەسەلەی جەنابی وەزیر لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا باسی ئەوەی کردووە کە مەبلەغێك وەرئەگیرێ لە کاتی ئیمزا کردنی عەقدا و دیاری کردووە بۆ چی و چیە، لەو بوارانە مەسەلەی ژینگەی تێدایە و مەسەلەی تەئهیل کردنی کادر لەو بوارە، یەعنی کۆمەڵێك عەقد ئیمزا کراوە ئایا دەست کراوە بەو ئیشە؟ تەخصیص کراوە ئەو پارەیە کە بۆ ژینگە وبۆ پێگەیاندنی پسپۆر لەو بوارە؟ پرسیارێکی دیکەم سەبارەت بە مەنافزی تەسویق یان هەناردە، رەنگە ئەوە زیاتر سیاسی بێ، یەعنی ئێمە لەوە کێشەمان بۆ نەبووە؟ جەنابی وەزیر باسی لە عقودی ئیستیکشاف کرد، ئەو عقودانە بۆ هەموو جێگەیەك هەمان کلێشەیە؟ چونکە وا تێگەیشتم کە عەقدەکانیش هەمان کلێشەیە، عقودی ئیستیکشاف فەرقی نیە لە مەنتیقەیەکەوە بۆ مەنتیقەیەکی تر، بەپێی سەختی مەنتیقەکە و بە پێی ئەوەی کە ئیشی زۆرتر تێدا ئەوێ؟باسی شتێك ئەکرێ لە لایەن هەندێ لە دەسەڵاتدارانی عیراقەوە، کە گوایە کوردستان لە مەناتیقی کە ئێستا هێشتا یەکلایی نەبوویتەوە خەریکی نەوتە، جەنابی وەزیر کە باسی ئەو حەقلانەی کرد بە تەحدید وتی لەو مەنتیقانەیە کە مەنتیقەی هەرێمە، هیوادارم ئەوەش زیاتر روونبکاتەوە، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد باش

تێنەگەیشتم بەراستی دوو شت، کە روقعەکە بچووك ئەکەنەوە؟ یەعنی ئەوە تۆزێك روون بکەنەوە، سێ: پرسیارێکی تر تێنەگەیشتم کە سێ حەقڵ هەیە و بەهەر سێك،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مام خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاکاك ئاشتی هیچی بۆ نەهێشتمەوە، ئەوە تەشقەڵەی پێدەکەین خوا قبوڵ ناکات، زۆر مەمنوون، بەڵام دوو، سێ پرسیارم بۆی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە: جەنابی وتی ئەو لێژنەی عولیای کە دانراوە ئیعادەت نەزەرمان لە حقولەکان کردیتەوە و مقاولی داخیلیمان لێ دەرهێناوەتەوە، سوئالەکەم ئەوەیە: ئایا ئە بڕیارەیان بۆ هەموو شوێنەکانە کە حقولی نەوتی تێدایە چ لە مەنتیقەی زاخۆ تا دەگاتە شێواشۆك وئەوانە، هەمووی تەتبیق کرایە یان هەندێکی تەتبیق نەکرایە؟ چونکە وەکو بیستوومانە کە هەندێ شوێن مقاولی داخیلیمان ئینسیحابی نەکردیە و ئیشەکەش راوەستایە، ئایا شتی وا هەیە یان نا؟ دیعایەکی زۆر هەیە هەتا لە تەلفزیۆنەکیش من گوێم لێبوو لەناو خەڵکی ئێمەش دیعایەی حەقلی زاخۆ زۆر هەیە کە 100000 بەرمیل دەردەکات و حکومەتی عیراقی مەنعی کردووە و تورکیا موافەقەی نەکردووە ئەڵێن بە موافەقەتی عێراق نەبێ صادر نەکرێ، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کاکە بۆمان روونکەوە، 100000 بەرمیل ئینتاج دەکەن یان چەندە؟ بۆمان روونکەوە، برام ئێستا ئیتیهام کراینە دەڵێن سەد هەزار بەرمیل دەردەکەن رۆژێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو جیۆلۆجیەك و وەکو لێژنەی پیشەسازی و وزەش ئەگەر یارمەتیمان بدەی وەکو لێژنە چەند پرسیارێکمان هەیە من ئاراستەی جەنابی وەزیریان دەکەم، من دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم کە ئەو روونکردنەوانەی دا، بەراستی حەقی خۆیەتی کە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان و گەلی کوردستان دەکات کە ئەو شەڕە دەستووریە بکەین، بەڵام دەبوو بەڕێزیان پێشتر ئەو روونکردنەوانەی بدابا و ئامادەکاری بکرابا لە ئاستی جەماوەری و لە ئاستی پەرلەمانیشدا بۆ ئەوەی ئەو شەڕە دەستووریە بکەین، من سەرەتا ئەپرسم: دابەش کردنی هەرێمی کوردستان بۆ 48 بلۆك لەسەر چ بنەمایەکی زانستی و جیۆلۆجی کراوە؟، چونکە زۆر لەو بلۆکانە موتەداخیلن، بۆ نموونە ئەوانەی کۆرییەکان و هێرتج لە بازیان کە لەوانەیە لە ئایندەکیدا بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، هەندێ بلۆك هەیە 2200 کم موربەعە و هەندێکیان 200 کم، هەیە 7 تەرکیبەی تێدایە و هەیە تێدانیە، بۆ نموونە ئەو بلۆکەی کە دراوە بە هێرتج لە نێوان

دێگەڵە و هەولێردا کە هیچ تەرکیبەیەکی تێدا نیە دوایی بۆیان گۆری بە بلۆکی میران لە باینجان، و هەندێ لەو بلۆکانە لە دەرەوەی هەرێمن، ئەو مەنتیقانەی کە مشتومڕیان لەسەرە، وەکو ئەوەی کە دراوە بە شەریکەی هاند لە کاتێکدا پێت اویل کە لە مەنتیقەی دۆلخایەن کە لە لای کەلارەوە ئیشی ئەکرد، ئیشەکەیان پێ گواستەوە بەو بیانووەی کە ئەوە لە مەنتیقەی دەرەوەی هەرێمە و هێناویانە بۆ بنەبایە، لە بنەبایە بۆ کاری سایزمێك و زلزالی بۆ بکرێت، بیریان پێ لێداوە کە ئەوە پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی زانستی جیۆلۆجی وجیۆفیزیایە، هەندێ رێکەوتننامە هەیە کە بە PSA ناسراوە، جەنابی وەزیر ئاگادارە، عادەتەن ئەو ئیتیفاقیانە ئەو گرێبەستانە کە دەکرێن لەو مەناتیقانە ختورەتیان زۆرە یان گومانی بوونی هایدرۆکاربۆنات لە نەوت و غاز لەو مەنتیقانە ئەو گرێبەستانە ئەکرێ، بەداخەوە لێرە ئەو جۆرە گرێبەستانە لەگەڵ هەندێ کۆمپانیا کراوە بۆ نموونە گاناباز وکۆرمۆر و لە مەنتیقەی بە نیازن لە چەمچەماڵ بیدەنێ کە نە لە رووی مەسحی جیۆلۆجیەوە مەسحی بۆ کراوە و سەلمێندراوە کە ئەو مەنتیقە هایدرۆکاربۆناتی تێدایە، بەڵکو چەمچەماڵ بۆ نموونە بیریشی تێدایە، هەندێ لەو بلۆکانەش دراون بە پێی ستانداردی جیهانی لە 5_10 رێژەکەیانە، بەلام هەندێ بلۆك لە 15٪ دراوەتێ، بەراستی هەر ئەوەیە کە زۆر جار وەزارەتی نەوتی عیراقیشی نیگەران کردووە بەو رێژەیە، وەکو عەقدەکانی شەریکەی نەرویجی DNO لە هەولێر و لە زاخۆ، ئایا بۆنەس شیرینی کە وەردەگیرێت ئایا ئەوە عایدی حکومەتی عێراقە یان حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟ من باسی پاڵاوتە ناکەم، بەلام وەزارەتی نەوتی عێراق بڕیار بوو لە هەرێمی کوردستان نزیکەی یەك ملیار دۆلار پرۆژەی نەوتی جێبەجێ بکات لە بواری پاڵاوگە، بە تایبەتی لە تەقتەق بڕیار بوو لە ساڵی 2003 بڕیاری لەسەر درا، بۆ چی حکومەتی عیراقی پاشگەز بووە لە جێبەجێ کردنی؟ ئایا حیصەی هەرێمی کوردستان لە نەفەقاتی حاکیمە لە بەشی نەوتدا حکومەتی هەرێم وەریگرتووە یان نا؟ دوو: ئەو بلۆکانەی کە بە شێوەی عەقدی PSA یان عەقدی سێرڤس خدمەت دراون، ئایا تا ئێستا هەیئەیەکی موتابەعەی جێبەجێ کردنی کارکانیان دامەزرێنراوە؟ چونکە ئەوانەی بە ملیارات دۆلار سەرف ئەکەن و کۆسری کەفەری دەبێ حکومەتی هەرێم نیوەی لێ بگێڕێتەوە، بۆ چی تا ئێستا هەیئەی موتابەعەیان بۆ جێبەجێ نەکراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بارزان، کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم، بەلام من تەمەنای ئەوە دەکەم جەلسەی ئەمرۆمان تەنها بەوە کۆتایی پێ نەیێ کە جەنابی وەزیر لێرە پزەنتێشنەکی پێشکەش کردووە و ئێمەش کۆمەڵێك پرسیاری لێبکەین و بەرێزیان وەلام بداتەوە، من داوای ئەوە لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانە بەرێزەکان دەکەم کە کۆتایی جەلسەی ئەمرۆ بە بریارێك و بە نامەیەکی کراوەی پەرلەمان بێت کە

پشگیری لە هەڵوێستەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکات کە پەیوەندیان بە ئەو هەنگاوانەی ئێمە بووە لەسەر عەقدە نەوتیەکان، یەعنی وەکو پشتگیری بۆ کارەکانی وەزارەت کە پێم وایە ئەوە حەقی خۆمانە، هەرچەندە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان چەند تەصریحێکی هەبوو لەسەر ئەوە، بەلاّم داوا دەکەین بە ناوی پەرلەمان بڕیارێك لەو شێوەیە دەربچێت، ئەوە یەکەم، دووەم:بەشی زۆری پرسیارەکانی من بەرێزان باسیان لێوە کرد، من تەنها دەمەوێ داوا لە جەنابی وەزیر بکەم شەرحێکمان بۆ بکات لەسەر ئەوەی چ کراوە بۆ تواناسازی؟ ناردنی خەڵکێکی خۆماڵی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ دیراساتی بالاّ بۆ زیاتر بەهێزکردنی توانای خۆیان لەبەر ئەوەی بەتایبەتی بە نیسبەت نەوت بۆ ئێمە شتێکی مەصیری و دوارۆژە و پێویستە خۆمان لەو بوارە زیاتر بەرفراوان بکەین و پرسیارەکانی تریشم برادەران باسیان کرد و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەستخۆشی لە بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەم، بەراستی کۆمەڵێك روونکردنەوە پێویست بە جێگای خۆشحاڵینە، ئەڤرۆکا حکومەتا هەرێما کوردستانی و هەر وەزارەتەکە تایبەت ئەدڤێ ماوەکینتا کەتنکارێکا مەڤسایی پیرۆزە خزمەتی مەزن بکاتن کە خزمەتا گەلی کوردستانیدا، پترییا ئەو پرسیارانەی دەمویست بکەم لە حەقیقەتدا هاتنە وەلاّم و هاتنە روونکرن و هەڤالاّ پێش مە پێشکەش کرن، ئەوە من دەموێتن ئەز داکۆکیا لە سەر بکەم پتر ئەوەیا: وەکو ماف سامانەك و سروشتی یی هەرێما کوردستانیا تا چ رادەیەك حکومەتێ، وەزارەتێ بەرنامەیەك دانایە تا بشێتن بەر هەر شتێ ئیکتیفا هاتی یان سووتەمەنی بۆخەڵکی کوردستانیدا، دووەم: تا چ رادە ئەو گرێبەستە کە هاتینە مۆر کرن سەرکەفتینە؟ هەمی جەدوا ئیقتیصادیا خۆدا هەر هەمینە دێشەد سەرکەفتێ دێنن بە رەنگێکی رێك وپێك، سێ:خاڵێ هەرە گرنگا بۆ مالی کوردستانێ هەمیشە قەیرانێك لە سووتەمەنی هەیە، ئەرێ دەست پێ کریە ئەڤ مەصفا یان پالاّوگا ل کوردستانێ بێنە دامەزراندن، ئەو بەرهەمە نەفتیە ژ بەرمیل دێتە دەرێ بچێتە پالاّوگە و ببێتە سووتەمەنیە جۆراوجۆر بەنزینە، نەفتە و لایەنێ ترن و تا چ رادە ئەڤ سووتەمەنیە دەچێت هاریکاریا هەندێ بکەن وبچێتن وزەی کارەبا دابین کرن بۆ خەڵکی هەرێما کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ، کاك محمد رفعت.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم دیارە جەنابی وەزیر تەنیا باسی عقودە نەوتیەکانی کرد، بەڵام کێشەی نەوت و سووتەمەنی بوویتە کێشەی کۆمەڵی خەڵکانی کوردستان بەراستی و بوویتە جێگەی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان، من پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم: پلانی چیە بۆ ئەوەی کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد و وتی:هیوادارم هەر بەتەنیا نەبم، دیارە ئێمە ئەزانین لە بەغدا و بەداخەوە تا ئێستا و لە ناو حکومەتیش کۆمەڵێك گیروگرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، بەشێك لەو گیروگرفتانە پەیوەندی بە مەسەلەی نەوت و وەزارەتەکەی ئەوە وەیە، ئێمە دڵنیای دەکەینەوە لەوەی ئێمە نەك هەر بەتەنیا بە جێی ناهێڵین، ئێمە هەمووومان یەك دەنگ و یەك هەڵوێستین، بەڵام بە داخەوە ڕەنگە بڵێم ئەگەر بکرێ، ئەگەر خۆی بە تەنیا دۆزیبێتەوە و ماوە ئەوە خەتاکەی لە خۆیتی یان لە وەزارەتەکەی بێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر زووتر زانیاریەکانی باشی دابایە، ئەوە یەك، دوو، ئەگەر زووتر لە کە ناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوونکردنەوەی دابایە سەبارەت بەو گرێبەستانەی لەگەڵ حکومەت کران و لەگەڵ کۆمپانیایەکان کراون و ڕوونکردابانەوە، ڕەنگە وای نەدیتبا، سێ: ئەگەرهەڵویستی پەرلەمانتارەکانیشی دیتبایە بە تایبەتی لەگەڵ کەناڵە ئەجنەبیەکان کە کراوە بێگومان ئەو گومانەی لا دروست نەدەبوو کە بەتەنیایە و هەمووومان لەو مەسەلەیە باش دەزانین، بە هەر حاڵ من دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، یەکێکیان ئەوەیە: کاتێك باسی بەشی حکومەتی کرد لە گرێبەستەکان، ئەڵێ: لە ئەندەنووسیا کە بە دایکی گرێبەستەکان بە ناوبانگە، بەشی حکومەت لە 85٪، و ئەڵێ لە کوردستان89٪ کە لە هەمووی زۆرترە، باشە لە کوردستان زیاترە و لە ئەندەنووسیاش زیاترە کە ئەندەنووسیا لە هەمووی زیاتر بوو، من پرسیار دەکەم: لە کوردستاندا لە ڕووی ئەمنیەوە سەد لە سەد ئارام نیە، یەك، کوردستان لە ڕووی یاساییشەوە کێشەی لەگەڵ عیراق هەیە، یەعنی چۆن ئەکرێ ئێمە لە هەمووی ئەو وڵاتانە یەعنی بەشی ئێمە لە هەموو ئەو وڵاتانەش زیاتر بێ کە ئەوەیان کردیە، ئەوە یەك، دوو: وەزارەتی نەوت وەزارەتێکی گرنگە و ئەزانین چەند کێشە و گیرگرفتمان بۆ دروست بووە لەوەتی حکومەتی هەرێم هەندێ گرێبەستی کردووە، پرسیارەکە لێرەیە: ئەگەر ئەو بوارە ئەوەندە گرنگ بێ و وەزارەتەکی بۆ داندرابێ، بۆچی تا ئێستاکەش، هەر چەندە برادەرێکی تریش ئەو پرسیارەی کرد، بۆچی تا ئێستا خودی وەزارەتەکە ئەگەر یاساشی هەیە و ئەگەر حکومەتیش یەکی گرتووە، وەزارەتەکە تەشکیل نەکرایە، تەشکیلاتی وەزارەتەکە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسەکەم لێت بڕی، هەم لەبەر وەخت و هەم ئەو سوئالەی ئەخیریت سێ جا تیکرار بۆوە، تەشکیلاتی وەزارەت لەبەر ئەوە وتم تکایە دووبارە نەبێتەوە، تەشکیلاتی وەزارەت سێ، چوار برادەر پرسیان و جوابەکەشی ئەداتەوە بە تەئکید.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم، پێم وابێ ئەمڕۆ هەموو نەوت، یان هەموو پترۆلی کوردستان دەربێنین و بیفرۆشین قازانجی زیاترە لەوەی کە دوو ساڵی تر یان سێ ساڵی تر یان پەنجا ساڵی تر بیکەین، من پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم: ئایا بەراستی بیری لە بەرژەوەندی نەوەکانی ئایندەمان کردووتەوە؟ ئایا بەراستی ئێمە ئەوەی ئێستا دەیکەین لەسەر حیسابی نەوەکانی ئایندەمان نیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم بەراستی بۆ ئەو ڕوونکردنەوە و تەئکید لە قسەکانی کاک سەردار دەکەمەوە بەراستی ئەو شەڕەی کەوتیتە نێوان ئێمە و حکومەتی مەرکەزی لە سەر مافە دەستووریەکانی خەڵکی کوردستان، من تەئکید دەکەمەوە کە جەنابی وەزیر و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەنیا نینە، خەڵکی کوردستان لە پێش هەموویان لە پێش حکومەتی هەرێم و لە پێش پەرلەمانیشدا دەبێ هەست بە مسئولیەتی خۆیان بکەن لەو شەڕە لەبەر ئەوەی هەموو دەستکەوتە سیاسیەکانمان لە دەستووری عێرق بە لایەك و ئەو مافەمان بەلایەك، چونکە ئەگەر ئەو مافە بەدەست نەینین پێم وایە زەمانەت و گرەنتی مافە سیاسیەکانیشمان لەدەست دەچێ، من تەنها یەك، دوو پرسیارم هەیە، سەبارەت بەو گرێبەستە نەوتیانەی کە پێش دەرچوونی یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، هەندێك گرێبەست کرابوو لەگەڵ هەندێك شەریکات، دیارە لە هەموو گرێبەستێك ئیلتیزامات هەیە، ئیلتیزاماتی دوو لایەنە هەیە، ئیلتیزامێك دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیلتیزامێك دەکەوێتە سەر شەریکەکە لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکە، یان لە کاتی بە ئەنجام نەگەیاندنی ئیلتیزامەکە لە لایەنی حکومەت یان لە لایەنی شەریکەکە، ئیلتیزاماتێك هەیە، ئیلتیزامی مالیە یاخود ئەو بڕیارەی ماوە و ئەوەکە، ئێوە دوای ئەوەی کە یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ئەو عەقدانە هەڵوەشانەوە، ئایا لەگەڵ هەمان شەریکە کرانەوە؟ عەقدەکان لەگەڵ هەمان شەریکە دروست کرانەوە، یاخود ئەگەر لەگەڵ شەریکەکە ئیلتیزاماتەکە چیە؟ ئێمە هیچ ئیلتیزاماتێکی مالیمان کەوتە ئەستۆ لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو عەقدانە؟ دوو: ئایا ئەو نەوتەی ئێمە دەریدەکەین لە کوردستان ئاستەکەی چیە یەعنی؟ دەرەجاتی

چـيە؟ لەسـەر چ ئاسـتێکە ،دەرەجـە يەکـە، دووە، سـێيە؟ قولآيەکـەی؟ چـونکە ئەوانـە تەئسـير لەسـيعر و ئەوانەش دەکات بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هيوا، کۆنگرەش تەواو بووە وپيرۆز بايیشتان لێدەکەم.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاست دەکـەين، وەلـلآ مـن لەوانەيـە ئاراسـتەکەم جيـاواز بێـت لـە ئاراسـتەی قسـەکانی پەرلـەمان، مـن وا ئەزانم هاتنی بەرێز وەزيری نەوت بۆ پەرلەمان، پەرلەمان بەرەو ئەوەی بـەرێت ئێمـە هەڵوێسـتێك بکـەين بزانين ئەو مەعرەکەی کە دەستمان پێکردووە لەگەڵ مەرکەزا لەسەر نـەوت و تـا ئێسـتاش بـێ دەرئەنجامـە چەندە لە بەرژەوەنـدی هـەرێمی کوردسـتان و نـەوەکانی داهاتوومـان ئەشـکێتەوە، مـن وا ئـەبێنم لـە رووی سياسـيەوە و لـە رووی ئابووريــەوە ئێمــە زۆر قازانجمـان لـەو گرێبەسـتانە نـەکردووە، بۆيـە داوا ئەکـەم پەرلـەمان هەڵوێستەيەکی تێدا بکـات، پشـتيوانی لـەو قسـەی د.نـوری ئەکـەم، مـن داوای سـەندنەوەی ئـەو دەسەڵاتە لەو ستافە ناکەم، بەڵام من داوا ئەکـەم هـەر گرێبەسـتێکيان کـرد ئاگاداری پەرلـەمان و جـەماوەر بکەن، خاڵێکی تر: ئەو رەخنەيەی کە روو لەو گرێبەستانە ئەکات بە تايبـەتی کـە وەزيـری نـەوتی عيراقـی ئەيکات، رەخنەکان لە رووی زانستيەوە بەجێن، من داوا ئەکـەم لـە حکومـەتی هـەرێم و لـە وەزيـری نـەوت چارەسەری ئەو رەخنانە بکات و رێگە نـەدات لەمـەودوا گرێبەسـتە نەوتيـەکان بـە نهێنی بێـت، گرێبەسـتە نەوتيەکان موزايەدەی تێدا نەکرێت، و گرێبەسـتە نەوتيـەکان حيسـابی ئـەوەی بکـەن کـە کـەمترين قـازانج بـدرێت بـەو کۆمپانيايـەی کـە پێـی هەڵئەسـتێ، مـن دوو بـارە دەسـت خۆشـی لـە وەزيـر ئەکـەم هەرچـەندە هاتنەکـەی دوا کـەوت، بـەڵام ئـەوان قـەرار بـدەن شـەفاف بـن و هـەموو شـتەکان بـۆ پەرلـەمان و جـەماوەر روونبکەنەوە ئێمەش پشتيوانيان لێ ئەکەين و سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاتوو سۆزان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـە پێچـەوانەی کـاك هيـواوە، ئـەوە شـەڕێکی دەسـتووريە، سـەرکەوتنی ئێمـە لـەو شـەڕە سـەرکەوتنمانە لـە هەموو شەڕەکانی ترە وەکو ماددەی 140 کە دەستوور دايکی هەموو ياساکانە، ئەگەر ئێمە شەڕ لەسەر ئـەو مافە دەستووريە و نەکەين تەسليم بين، مواتنی دەرەجە دوو بين؟ ئەجير بين هەتا ئێستا، من پرسيارەکانم بەرێز ئەوەيە: تەبعەن مەجليسی شورا کە ئەو هينەی بۆ برايەوە ياساکە، ئێمە چ دڵێکمان پێـی خـۆش بـێ لەمەودوا بۆ کێشەکانی ترمان ئەگەر ئەو بێ پرس بە وەزارەتی نەوت بکات؟ لەبەر ئەوەی کە خەبيری نيە، موتەحەديس بە ناوی سەفارەتی ئەمريکيەوە لە شەرقيە خۆم بينيم موقابەلەيان لەگـەڵ کـرد، پرسـياريان

لێکرد وتی: یاسایی نیە، عەقدەکانی هەرێمی کوردستان یاسایی نیـە، جـەنابی خانمێـك بـوو و ناوەکـەیم لـە بیر چوویتەوە، چونکە تەواو نوسیبووم، پرسیارەکەی من لەوەیـە: کێشـەکان هـەتا ئیسـتا حـەز دەکـەین بـە روونی و بە ئاشکەرایی پێمان بڵێ، هەتا ئێستا کێشەکان گەیشتووتە کوێ لەگەڵ مەرکـەزدا؟ چارەسـەری بـۆ دۆزراوەتەوە؟ یاخود هێشتا ئێمە لەو شەڕە هەر بەردەوامین؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیـە: لـە هـەردوو مـەرزی پەروێز خـان و حـاجی ئۆمـەران وتـەی بەرێوەبـەری گـومرکی ئـەوێ ئـەڵێ: ڕۆژانـە 10_12 ترێلـە نـەوتی هەرێمی کوردستان و بێجی لێرەوە ئەڕواتە دەرەوە، ئەو بێجیەکەشی بۆ ئیزافە کردووە و ئـەوەی کـە باسـی کرا و ئەوەی کە مەزەنە دەکرێ ڕۆژانە 250 تەنێك بڕواتـە دەرەوە و وەکـو بـاس ئەکـەن بـەرمیلی بـە 30 دۆلار ئێمە ئەیفرۆشین بە ئێران، ئایا ئەوە ڕاستە؟ داهاتەکەی ئەچێتە کوێ؟ جـەنابت ئاگـاداری؟ ئـەوە بـۆ ئەکرێ؟ دوو پرسیار زۆر بە سەریعی: لە یاسای نەوت و غازدا ئێمە شەرتێکمان دانا، ئـەو شـەریکە نەوتـەی کـە دێتـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان و ئیسـتیفادە لـە دەسـتی کـاری خۆمـاڵی بکـرێ، ماوەیـەك لەمـەو پـێش شەریکەیەکی نەوتی تورکی لە ناوچەی چەمچەماڵ کرێکارە خۆماڵیەکانی دەرکـرد، زەمـانی ئـەو کرێکارانـە چیە کە دەرنەکرێن؟ ئایا ئێوە لە عەقدەکاندا ئەو شەرتە تەسبیت کراوە، چۆن ئەتوانێ ئـەو شـەریکەیە لـە خۆیەوە کارێکی وا بکات؟ خـاڵی چـوارەمم ئەوەیـە: سـکیورێتی ئـەو کۆمپانیانـە کـە دێنـە ئێـرە، سـکیۆرێتی مەفروزە ئەوان پارە بدەن بۆ ئەوەی سکیۆرێتی و حیمایـەیان بکـرێ، ئـەوەی ئـەیزانین هێـزی پێشـمەرگەی کوردستان بۆ سکیۆرێتی ئەوان دانراون، بەڵام کاتێك کە سەیری مەعاشـەکانیان ئەکـەین هـەر عـەینی ئـەو مەعاشەیە کە حکومەتی هەرێم ئەیدات بە هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان، ئایـا ئێـوە لـەو عەقدانـەدا باسـی سکیۆرێتی و مەعاش و ئەو شتانە نەکراوە؟ یان ئەوە چۆنە؟ ئەو خەڵکەی ئێمە کار بکات بـۆ ئەوانـە بـەبێ هـیچ ئـەوەی بـاری ئیقتیصـادی ئـەوان زیـاد نـەکات، ئێمـە چ ئیسـتیفادەك و گۆڕانکاریـەکی ئیقتیصـادیمان هێنایە کایەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سوارە.

**بەڕێز سوارە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، بە حەقیقەت ڕوونکردنەوەکـەی زۆر جـوان بـوو، بـەڵام ئینشـاء الله زۆر زووتر بوایە، هەم گلەیی میللەت لە ئێمە و لە وەزیـر و لـە حکومەتەکـەمان و هـەم گلـەیی ئێمـەش لـە جـە نابی وەزیر زۆر زۆر ڕوونتر ئەبوو و شەفافتر ئەبوو، نە ئێمـە گلـەییمان ئـەکرد و نـە میللـەتیش گلـەیی لـە ئێمە ئەکرد، دەستخۆشی لێ ئەکەم و بەخێرهاتنی ئەکەم، من دوو، سێ پرسیارم هەیە، یەکێکیان: ئایا هـیچ تەنسیقێك هەیە لە نێوان وەزارەتی ئێوە وەزارەتی کارەبا؟ چونکە کێشەی سـووتەمەنی و کارەبـا بەیەکـەوە پەیوەستن، ئەوە یەك، دووەم: ئایا پاش بەرهەم هێنانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق لەگەڵ زاخۆ بۆ چارەسـەری

کێشەی سووتەمەنی نەوت و بەنزین و غاز، هیچ هەنگاوێك نراوە؟ سێ:ئایا لە بەرنامەدا هەیە کە کادیرەکانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات لە بواری نەوت و غازدا لە وەزارەتەکەیان تەعین بکرێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوا کەس کە داوای قسەی کردووە کاك مەلا سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیدایەتەن من بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، یەك روونکردنەوەم هەیە: ئەوانەی کە دەڵێن ئەو عقودانە بێتە پەرلەمان یان هەر شتێکی دیکە، بیدایەتەن پێش ئەوەی کە بە چاوێکی شەك و گومان تەماشای ئیشەکە بکەن، با داوای روونکردنەوەی بکەن، یەعنی پێش ئەوەی ئیتیهامی موقابل بکرێ، داوای روونکردنەوە بکرێ با شتەکە زیاتر لەبەر چاو روون بێتەوە،ئەوە نوقتەی یەکەم، دووەم: مەشاکیلی ما بەینی مەرکەز لەگەڵ مابەینی فیدراڵ، لە هەموو دەوڵەتە فیدرالیەکان لەسەر سێ شتە: لەسەر سەروەیە و لەسەر خاکە ولەسەر صەڵاحیاتە، ئێستا موشکیلە ئێمە لەگەڵ مەرکەز لەسەر ئەو سێ شتەیە، تەحدیدی مەصیر لەسەر ئەو سێ شتەیە، یەك لەوان لەسەر خاك، لەسەر ماددەی 140، دووەم، لەسەر سەروە، لەسەر نەوتە، سێیەم، لەسەر صەلاحیات، ئەوەی ئێستا دەیبینین هەمووی هەوڵ دەدات کە صلاحیاتی فیدراڵ کەم بکرێتەوە، ئەوەی هەیە دەبێ پشتگیری لەو دەستکەوتانە بکاتن، ئەوە بۆ ئەورۆ نیە، ئەوە بۆ موستقبەلی کوردە، ئەوە بۆ پاشانە، نوقتەی سێیەمم: وەزیری نەوتی عێراقی تاکە شەخصێکە ناتوانێ قسە لەسەر مەصیری میللەتی کورد بکاتن، رەجا دەکەم پێویستە کورد داوای حقوقی خۆی بکات لەو مەوزوعە، ناتوانێ تاکە شەخصێك قسە لەسەر مەصیری میللەتێك بکات یان بڕیار لەسەر هەر شتێکی دیکە بدات یان پرسی پێ بکرێت، من یەك پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، یەکەم: نەموزەجمان بداتێ لەسەر ئەوەی ئایا لە دەوڵەتەکانی تر ئەو عیلاقە لە مابەینی فیدرال و مەرکەز کو تەوزیع دەکرێ؟ یەعنی بۆ ئەوەی ئەوانەی دیکە زیاتر بەرچاو روون بن خاصەتەن لەسەر سەروەی نەوتی، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس بۆ پرسیارەکانتان وموداخەلەکانتان کە بەشێکی زۆری گرنگ بوون، خوڵاصەکە ئەوەیە هەمووتان دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەن لەو شەفافیەتە و لەو ماندووبوونەی کە کردوویەتی و ئەنجامی داوە و داواش دەکەین بەردەوام بێت لەو جۆرە سیاسەتە وئاگادارتان بکاتەوە لە هەموو تەفصیلات، ئەوە داواکاری پەرلەمانە بۆ جەنابی وەزیر و دەستخۆشیتان لێکرد لەو نەتائیجانەی کە کردوویەتی، پرسیارەکان زۆرن، بەڵام خوڵاصەکەی رەنگە خۆی لە شوێنی خۆی هین کرابێ ناکرێ یەکە یەکە جوابتان بداتەوە، تەرکیز کراوەتە سەر چەند بابەتێك، بابەتێك: عیلاقەی بەینی حکومەت و حکومەتی بەغدا و کێشەکان، بابەتێك: عیلاقەی بەو بیرە نەوتانەیە کە دەرچووینە و قسە کرایە لە زاخۆ سەد هەزار بەرمیل نەوت دەروا و لە حاجی ئۆمەران ئەوەندە دەڕواتن، ئایا راستی

هەیە یان نا؟ بابەتێك لەسەر ئەو كۆمپانیانەیە كە عەقدەكانیان هەڵوەشاوەتەوە ئایا لەگەڵ هەمان كۆمپانیا كراوە یان كۆمپانیای ترە، ئایا ئێمە زەرەرمان كردووە؟ پارەمان داوە یان نەمانداوە؟ پرسیارێك: ئەو پارەی كە وەرگێراوە بەناوی ژینگە یان بە ناوی گەیاندنی كادر، ئایا ئەو پارەیە وەرگیراوە؟ و چۆنە و چۆن مامەلە دەكرێتن؟ سوئال كرا: ئەو 17٪ كە هەمانە ئەو داهاتە چۆن تەقسیم دەكرێ لەگەڵ حكومەتی بەغدا؟ ئایا دەچێتە ئەوێ و لەوێ تەقسیم دەكرێ؟ ئایا مەصاریفی خۆمان دەدەین؟ سوئال كرا لەسەر ژمارەی عەقدەكان و پرسیار كرا ئایا دەكرێ لەو پارەیە بۆ بواری پەروەردە دابنرێ یان نا؟ پرسیار كرا ئایا خەرجیەكان و ئەوانەی كە شەریكاتەكان سەرفی دەكەن دوایی وازیان هێنا چ قەرەبوویەك ئێمە دەیكەن؟ هەمووی بەشێكی زۆری لە سوئالەكان خۆی لە شەرحەكەی خۆیدا كردوویەتی، بەڵام رەنگە پێویستی بە برەك تەفصیلات زیاتر بكاتن، ئەگەر وەكو من، چونكە من ئەوە دووە م جارە گوێ لێ بگرم، جاری یەكە م كە گوێم لێ گرت هەندێ پرسیارم لا دروست ببوو و ئەو جارە بە دیقەت تر گوێم لێگرت لەبەر مەوقیعەكەم، پرسیارەكانم 80٪ كەم بۆوە، بە قەناعەتی من ئێوەش ئەو كوراسەیە بخوێننەوە و جارێكی تر گوێتان لێبێت ئەو سوئالانەی كە كردتان لە 80٪ نامێنێت، پرسیارێك كرا بۆ چی تا ئێستاكە یاسای وەزارەت جێبەجێ نەكراوە؟ئەوەش پرسیارێكی گرنگە پێویستە وەڵامی بداتەوە، پرسیارێكی تر بۆچی لە چەمچەماڵ وەكو كاك بارزان وتی، جێگایەیكە دیراسەت كراوە و جێگایەكە نەوتیشی تێدا دۆزراوەتەوە وەكو جیۆلۆجییەك، ئەوە هەمووی لایەك دەستخۆشی لێكرا، پرسیارێك كرا وا بزانم كاك عوسمان بوو وتی:ئایا لە 50٪ دراوە بە كۆمپانیاكان یان نا وەكو لە هەندێ رۆژنامە باسیان لێ كراوە، پرسیارێك كرا و گومان خراوەتە سەر ئەو عەقدانە ئیشكال هەیە لە ئایندەدا بەینی ئێمە و حكومەتی هەرێم؟پرسیارێك كرا ئەو حقولانەی كە لە دەرەوەی هەرێمن وەكو كاك غفور وتی لە مەخموور و ئەوانە، خۆی لە خۆیدا یەكێكی تر جوابی دایەوە، دەڵێت ئیتیفاق كرایە كە نابێ سووتەمەنی دابیەزێنن، بەهەر حاڵ من داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم بە شێوەیەكی گشتی ئەو سوئالانەی كە پێی وایە جوابی نەدایتەوە لە شەرحەكەیدا جواب بداتەوە بە تایبەتی، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەكەم، ئەوە چوار لاپەڕە، بەڵام محاوەلە دەكەم ئەوەی كە باس كرا یان عیلاقەی بە یەكەوە هەیە شەرحی بكەم بە یەكەوە، بەڵام مەجالم نیە بیكەم بە گروپ وشتی وا لەبەر ئەوە ئەچم بەسەر لیستەكەو وەڵامی ئەدەمەوە، لە سەرەتاوە پرسیار كرا لەسەر مەصفا و كارەبا، ئایا ئێمە چیمان كردووە؟ وەكو ئەزانن وەزارەتی كارەبا ئێستا جیایە لەگەڵ ئێمە، مەصفا تەبعەن بۆ ئەوەی كارەبا ئێمە دەعمی ئەوەمان كردووە بۆئەوەی كە بگونجێ لەگەڵ سیاسەتی وەزارەتی كارەبا، بۆ مەصفا ئێمە چەند مەصفایەكمان دروست كردووە تەقریبەن چوار مەصفا لە رێگا هەیە، دووانیان عەقد كراوە لە مەنتیقەی بازیان و تەقتەق، دووانی تریش ئێستا خەریكی مفاوەزاتین، تاقەی ئینتاجی ئەوانیش بەیەكەوە تەقریبەن

80 تا 100 هەزار بەرمیل ئەبێ، دوو ساڵ ئەخایەنێ لەمەودوا تا بگەینە ئەو مەرحەلەیە، بەڵام دەستمان پێکردووە هەموو کولفەکە لەسەر مقاولەکە خۆیانە، ئێمە پارە نادەین لەسەر ئەو شتە، یەکێك پرسیاری هەبوو: بۆچی یەك شەریکەمان نەهێناوە، ئێمە لە جیاتی ئەوەی 15 شەریکە بینێن، بەراستی ئەوە بەلزەبت دژی مونافەسەیە و هەروەها ئەگەر یەك شەریکە بێنێن ئەوە لە یەك مەنتیقە دەست پێدەکات و 15 ساڵی تر ئینجا ئەگاتە ئەخیری، ئێمە ئەمانەوێ هەموو شوێنەکان بەیەکەوە ئیش بکات هەتا وەکو زۆر شەریکات مونافەسە بێت و نەوت بدۆزینەوە و هەروەها خەدەماتیش دەست پێبکات، ئەگەر یەك شەریکە بێت ئەوە ئیحتیکاریە، بەراستی وڵاتەکەت تەسلیم ئەکەی بە یەك شەریکە وەکو کۆنسوشینەکەی کلێمانسی 1927 و 1930، ئەوە شتی وا خەتەرە بۆ کوردستان و بۆ عیراقیش ئەگەر ئیحتیکاری کرد لە دستی دوو، سێ شەریکە، ئەبێ مەجال بدەی هەموو شەریکاتی عالەم کە توانایان هەیە بیکەنە مونافەسە یان لە کوردستان بێن یان لە هەموو عێراقەوە، پرسیارێك بۆ دەسەڵات،جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی دایەوە، بەڵام ئەوە پرسیارێکی خۆشە ئەگەر ئەتانەوێ بیگۆڕن ئەوە دەسەڵاتی پەرلەمانە، ئەگەر ئەتانەوێ 50 کەس بڕیار بدات، بیکە، دەتەوێ هەموو عەقدێك بێت بۆ پەرلەمان ساڵێك لەسەری موناقەشە بکەی بیکە، بەس لە وڵاتی عالەمیدا شتی وا نیە، لە وڵاتی دیموکراسی عالەمی دەسەڵات، پەرلەمان ریفرۆم وۆرك دەکات، دەسەڵات هی حکومەتە، حکومەت لێژنەی ئیختیصاصی خۆی دائەنێ، بەلزەبت ئەوە قانونە و ئێمە وای دایناوە، ئەوە خەتەرە بیکەین بە مەرکەزی، ئەوە ئالیاتی مەرکەزی کۆنە ئەگەر بچینەوە و ئیحتیکاری بکەین یان لە مەجلیس وزرای یان رەئیس وزرا بە تەنها یان بێتە پەرلەمان ئەوە عەرقەڵەی بۆ دروست ئەکەی، عەقد قەت نابێ، قەت نایەت بۆ ئێرە مفاوەزاتت لەگەڵدا بکات، وڵات زۆر هەیە، چەند وڵاتێك هەیە شتی وایان هەیە، بەڵام کەس عەقدیان لەگەڵ ناکات، یەعنی زۆر زۆر زەحمەتە کە عقد بگاتە نەتیجەی نیهائی، دوو، سێ ساڵی ئەوێ بۆ مفاوەزات تا یەك عەقد بکرێ، چونکە پەرلەمان دەستی تێدایەتی و شارەزایی کەمە و ماوەی کەم و هەموو کەسێك پرسیار ئەکا وەکو ئەوە، من یەك کۆبوونەوە دوو سەعات قسەی ئەکەم ماشاء الله هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیانە و پرسیار ئەکەن، ئەگەر تۆ حیسابی بکەی یەك عەقد بێتە پەرلەمان، عەینی شتت هەیە 15 جەلسە دائەنیشی وئیتیفاقیشی لەسەر ناکرێ، ئەوە خەتەرە بۆ ئێمە، باسی فرۆشتنی نەوت بۆ دەرەوە دوو، سێ جار کراوە ئایا راستە؟ من دوایی باسی ئەکەم، بەڵام ئێستا نا درۆیە و راست نیە، ئەوە مەتلەقە، جوابی ئێمە دەسەڵاتمان بەکەس نەداوە، ئێمە نەوتمان نەفرۆشتووە بۆ دەرەوە تا ئێستا، حەقی خۆمانە و ئەتوانین بیفرۆشین، بەڵام وەڵامەکە نا نەمانکردووە، پارە هەیە لە عەقدەکان؟ بەڵێ هەیە و باسی ئەکەم ئێستا و چەند پرسیارێکی تر، ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانەکان هەیە، ئایا ئەتوانین ئەو پارەیە بەکاربێنین؟ ئەوە ئیشی حکومەتە و لە حکومەت بپرسە، ئەوە بە دەست من نیە، من مەسئولی پارە سەرف کردن نیم، بەڵام حکومەت تەبعەن ئەگەر پارەی هەبێ ئەبێ تەوجیهی بکات بۆ شتی باش بۆ میللەتەکە، بۆ خەستەخانە، بۆ قوتابخانە، بۆ خانووکردن، بۆ ئەوانەی کە زەرەریان کردووە و ئەو شتانە و، ئەوە ئیشی حکومەتە، ئیشی من نیە کە بریاری لەسەر بدەم،

چەند عەقدمان هەیە؟ ئێمە تەقریبەن 20 عەقدە لە پێنجەکەی کۆنەکانیشەوە بە یەکەوە ئەڵێم تەقریبەن، چونکە ژمارەکە بەڵزەبت لە بیرم نیە، نزیکەی 18 تا 20 ئەوانە عەقدن و هەمووی کراینە تا ئێستا، ئەڵێن معەدەلی ربحی مقاول چەندە؟ باسم کرد تەقریبەن 10تا 12، معەدەلەکە هەر ئەوەیە و زیاتر لەوە نیە، لە شوێنێکی تر پرسیار کرا، ئایا راستە 40 مان داوە؟ نەخێر درۆیە راست نیە و ئیتیفاقمان نەکردووە، لەوانەیە ئەوەی وای گوتبێ باسی عەقدە کۆنەکانی کردبێ کە تەعدیلمان کردووە، ئەوە راستە 40ی تێدا بوو و 49 شی تێدا بوو، بەڵام ئەوە عەقدە کۆنەکان، ئایا عەقدمان هەیە ئێستا کە زیاتر بێ لەو ژمارەیەی کە باسم کردووە؟ نا نیمانە، 40 مان نیە و 30مان نیە و ئەو شتانەمان نیە، تەبعەن تەدریجیە و دەست پێ ئەکا، بەڵام مقاولەکە نیهایەتەکەی کە هەمووی حیساب دەکات تەقریبەن لە 15ی بۆ دێتەوە، لە 15٪ خۆمان بەشدارین، هی صافی مقاولی ئەجنەبی تەقریبەن 10 تا 12 یان 9 تا 12 ئەوە ئیعتیماد دەکات لەسەر مەنتیقەی عەقدەکە، چەند ئینتاج هەیە؟ هیچمان نیە، نەختێکمان هەیە باسی ئەکەم لە مەنتیقەی DNO و لە مەنتیقەی تەقتەق، بەڵام ئەوە زۆر زۆر کەمە و لە قتاعی مەحەلی بەکاری ئەهێنرێ، دوایی کە هاتمە سەر پرسیارێکی تر ئەوەش محاوەلە دەکەم وەڵامی بدەمەوە، ئەڵێ بۆ چی PSC ئەکەین و چەند بیر دۆزراوەتەوە؟ لە ناحیەی عەمەلیەوە، نەوت باسی بیر ناکەین، بیر هەر بیرە، حەقڵ مەنتیقەی عەقدە، تۆ حەقڵێ ئەدۆزێتەوە لەوانەیە یەك بیری هەبێ و لەوانەیە 50 بیری بوێ، هەر بیرێك بدۆزیەوە مەعنای ئەوەیە حەقلێکت دۆزیەتەوە، ئێستا مەسەلەن لە مەنتیقەی تەقتەق 10 تا 12 بیریان لێ داوە لە هەمان شوێنەکە، چونکە تۆ 20 تا 30 بیرت دەوێ لە حەقلێکدا بۆ ئەوەی تەتویری بکەی، ناتوانی هەموو نەوتێك دەرکەی، لە مەنتیقەی تەقتەق 10_12 بیرمان هەیە ئێستا، ئەوە بیر مەعنای نیە حەقل، بیر مەعنای نیە ئینتاج، ئەوە ئیستیکشافە و ئەوە تەتویرە بۆ ئەوەی کەشف بکەی بزانی چەند نەوتت هەیە و چەند ئەتوانی ئیستیفادەی لێبکەی بۆ موستەقبەل؟ بۆ چی بۆنەس نەچووە بۆ موازەنە؟ پرسیارێکی خۆشە، بەڵام بۆنەس بەراستی پارەی ئێمە نیە پارەی عیراقە، موکافەئەی ئینتاج وەکو عائیداتە، عائیدات ئێمە شەریکین لە وڵاتەکە و حیساب کراوە، رۆژێك لە رۆژان دائەنیشین لەگەڵ عیراقدا و ئەبێ حیسابی بکەین بڵێین ئەو پارەیە هاتووە بۆ کوردستان هێشتا نەگەیشتووە، بەڵام کە هاتە کوردستان ئەبێ بە عەدالەت پیشانی ئەوانی بدەی و لەگەڵیاندا باسی بکەی، من باسی ئەوها بۆنەسەکە دەکەم کە پرسیارێك کرا لەسەری، بەڵام لەناحیەی مالی شتی تریشی تێدایە عەقدەکان و ئەوانە بە باشی باسی دەکەم من، ئەڵێ موناقەسە نەکراوە، چۆن ئەزانی موناقەسە نەکراوە؟ ئێمە لە هەموو عەقدێك سێ، چوار مقاول هاتووە و داویی ئەوەی کە باشتر هینی داوە بە ئێمە ئەومان وەرگرتووە، چۆن ئەزانی موناقەسە نەکراوە؟ئێوە یەك موستەمسەکتان هەیە کە بڵێن موناقەسە نەکراوە؟ وەرە با باسی بکەین، ئەگەر ئیتیهام ئەکەی؟ باشە، ئەگەر پرسیارە؟ بەسەر سەرم، وا نیە، پرسیارەکە بە شێوەیەك کرا کەئەنما شتێك ئاگاداریتان لێی هەیە جەنابتان، بەڵام من شاردیتمەوە، ئەوە شتی وا نیە ، ئێمە هەموو عەقدێك موناقەسەی لەسەر کراوە، من ئەو شتانە دژیمە، پێش ئەوەی ئیتیهام بکەی موستەمسەکەکەت با بە دەست

بێ برا، ئینجا برۆ شەڕی لەسەر بکە، بەڵام هەروا شت فڕێ ئەدەی، وڵاتەکەی ئێمە ئیستیفادەی لێناکات، لە مەصلەحەتی ئێمە نیە کە بەو شێوە تەعامول لەگەڵ یەکتری بکەین، بەڵام ئەگەر پرسیار بوو بەسەر سەرم و وەڵامەکەی ئەوەیە: بەڵێ موناقەسە بووە لەسەر عەقدەکان، ئەڵێ چۆن PSAچارەسەر بکەین کە ئێمە ئەمانەوێ و بەغدا نایەوێ ، بەراستی بەغدا ناڵێت PSA ناوێت، منیش ئەگەر بێتە سەر عەقدە گەورەکان کە هەمانە وەکو کەرکووک، رمێلە و ئەوانە، لەوانەیە منیش PSA م نەوێ، نەقلی خەدەمات باشە بۆ ئەوە موشکیلەم نیە لەسەر ئەوە، من باسی ئیستیکشاف دەکەم کە نەوت نیە و هیچ خیبرەت نیە و نازانی هیچ هەیە یان نا؟ لە هیچ وڵاتی عالەمی من 35 ساڵە لە دەرەوە ئیش دەکەم، یەك عەقدم نەدیوە لە موجازەفەی ئینتاج، لە عەقدی ئیستیکشاف عەقدی موشارەکەی ئینتاجی تێدا نەبێ، چونکە ئەگەر بە خەدەمات بیکەی ئەبێ تۆ پارەکە بدەی، پرسیارێکی جوان کرا، 10 ملیار دۆلار ئێمە باس دەکەین لەو عەقدانە کە پارە موجازەفە ئەکرێ کە نەوت بدۆزێتەوە، ئەگەر تۆ بە خەدەمات ئەیکەی؟ بەڵێ حیسابەکەی لەسەر تۆیە، حکومەت ئەبێ پارەکەی بدات، ئەم پارەیە و ئەم دە ملیار دۆلارە کە باسم کرد من، ئەوە موجازەفەیە و کولفەکە لەسەر مقاولە و ئێمە یەك دۆلار ئیلتیزامان نیە و نە پارە تەعویز بکەینەوە، ئەگەر نەوتی دۆزیەوە یان نەیدۆزیەوە، ئەوە لە کولفەی نەوتەکە ئەیباتەوە کە باسمان کرد ئەگەر ناجیح بوو، پرسیار کرا لەسەر مەصفا کۆنەکان کە چیان بەسەر هات؟ بەراستی هیچیان بەسەر نەهات عێراق سێ ساڵ خەریکی ئەوە بوو، دوای ئەوە کە پارەکەی ئێمەیان تەواو کرد، دایانەوە بە ئێمە و وتیان خۆتان تەواوی بکەن، چونکە موازەنە لەسەر خۆتانە، ئەمانەش من پێیان ئەڵێم چیمنی واتا ئەوەی وڵاتەکە پیس ئەکات، ئەوە مەصفا نیە، ئەو پارەی کە سەرف کراوە بەراستی خەسارەتە، یەعنی باشتر بۆ ئێمە بچین مەصافەیەکی تازە بکەین لەوەی کە ئەوە عیلاج بکەین، خەریکین کە نەختێ ئیشی لەسەر بکەین لەگەڵ شەریکەیەکی ئەڵمانی دەستمان پێکردووە کە بێن یارمەتیمان بدەنی کە چۆن چارەسەری بکەین؟ چونکە ناتوانین بەکاری بێنین بەراستی نە بۆ بەنزین و نە بۆ نەوت، یەعنی هەندێ نەوتی رەشت دەداتێ زۆرلە 46٪ و باقیەکەی بەنزینەکەی بکەیتە ناو سەیارەکەتەوە ئەوە ئەتەقێتەوە و هیچ ئیش ناکات، ئەوە بەو شێوەیە سێ ساڵە و چوار ساڵە وەعدیان داوە کە ئێمە ئەو مەصفایەی ناردۆتەوە ئەوە ئێستا تەواو نابێت و دوو ساڵی تریش تەواو نابێت، ئەڵێ: وەزارەتەکەت بۆ دانەناوە؟ چەند پرسیارێك هات لەسەر ئەوە، بەقوربان، برادەران، بەرێزان: ئەوە لە دەست من نیە بەراستی، من کە ئەو موقابەلەم دا وتم بچن لە سیاسیەکان بپرسن، ئەوە بەراستی وەڵامێکە من ئێستاش دووبارەی ئەکەمەوە، من تا وەکو ساڵی رابووردوو مانگی هەشت وەزارەتمان نەبوو و هەیکەلی نەبوو، چونکە قانونی نەبوو، جەنابتان ئاگادارن، کە قانون بوو، ئێمە یەکسەر دەستمان کرد و شوێنی خۆمان دۆزیەوە و چووینە ئەو بەری ئەنجومەن و داوام کرد کە مودیر عامەکان دابنێن، چونکە مودیر عام بەدەست من نیە، سوڵتەی من نیە کە مودیر عام بێنم و بەداخەوە من حەز دەکەم مودیر عام کە دائەنرێ بە کەفائەت بێ، بەڵام ئێستاش هێنمان هەیە کە وەکو وەزارەتەکان دابەش ئەکرێ، ببورە بەڵام ئەمری واقیعمان وایە، بووین بە دیموکراتی، بەڵام هێشتا

نەختێکمان ماوە،  من داوام کردووە و بەرەسمی نامەم نووسیوە بۆ هەردوو لا و بۆ مەکتەبی سیاسیشیان، بۆ خاتری خوا  یارمەتیم بدەن و هینەکەم بکەن، نەهاتووتەوە تا ئێستا، ئێستاش مـن لـە ڕێگای ئێوە داوا دەکەم کوا مودیر عامەکان؟ ئەوە خەتای مـن نیـە و گلـەیی لـە مـن مەکـەن، چـونکە منـیش گلـەییم هەیـە عەینی وەکو خۆتان، برادەران من ئیشم لەسەر کردووە و داوام کردووە چەند جارێك وەڵام نەهاتووتەوە بۆ من، جا لەبەر ئەوە کە خەڵك گلەیی لە من ئەکات و دەڵێ خۆی بە تەنها لـە وەزارەتەکـەیی و جانتاکەیـەتی ئەوە زۆر ڕاستە، چونکە کەس نیە لەوێ بە رەسمی دانرابێ لەگەڵ ئێمە ئـیش بکات، دەڵـێ: ئـەو 10بلیـۆن دۆلارە ئایا لەسەر موازەنەی هەرێمە یان نـا؟، مـن وەڵامـم داوە لەسـەر مقاولەکەیـە و عیلاقـەی بـە ئێمـەوە نیە، ئێمە یەك دۆلار سەرف ناکەین و هەموو مجازەفەکە لەسەر ئەوانە، بەڵێ بەسەر سەرم درەنگ هـاتووی بۆ پەرلەمان قسەمان لەگـەڵ بکـەی، مـن خـراپ تێگەیشـتووم، وام زانـی بەعەکسـەوەیە کـە ئیشـتان بـە مـن هەبوو بانگم بکەن و یەکسەر دێم بۆ ئێرە، لەمـەودوا بەسـەر چـاو حـەز دەکـەن حەفتـەی جارێـك دێـم بـۆ لاتان، موشکیلەم نیە، من حەز دەکەم، چونکە ئەگەر جەنابتان ئاگادار ببوانایە من پشتیوانیم زیاتر ئـەبوو، من ئەزانم لەوە منیش خەتای خۆمە، بەڵام داوای ئەو شتانەم کردووە لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە و لە ڕێگای مەکتەبی سیاسی ئەولا و ئەملا، ئەوەم کردووە، بەڵام تا ئێستا کە گەیشتوونە ئەو مەرحەلەی ئێمە سوپاس بۆ جەنابی کاك عدنان کە داوای لێکردم  کە بێم بۆ ئێرە و ئەو شتانەتان بۆ باس بکەم دووبـارە، بـۆ کـادیر و ئەو شتانە ئایا ئێمە چی ئەکەین؟ تەبعەن ئێمە شەش مانگە دەستمان پێکردووە بە عەقد و شت، هەموو عەقدەکان و مقاولەکان ئیلتیزامیان هەیە کە مواتنی مەحـەلی بـەکار بێـنن بـۆ زۆربـەی کادیریـان، تەبعـەن نـاتوانێ هـەموو ئیشـەکە بـە بـەردەوامی بیکـات ئـەبێ ئیکسـپاتی خۆشـی بـێنی و مـوەزەفی خۆشـی بـێنێ و بەیەکەوە ئیش دەکەن، ئێمە فەرزمان کردووە کە تەدریب بکەن و بیانبـەن بـۆ تـەدریب و بێنـەوە بـبن بـە موزەف، یەعنی من 2000 جیۆلۆجیم هەیە ئێستا، بـەخوا نـازانم چیان لـێ بکـەم؟ باشـتر حـەل بـۆ ئێمـە ئەوەیە کە هەر شەریکەیەك 10 ، 15، 20 ببات و لەوێ فێر ببن و ببن بە موەزەف یان مودیر یان مـودیر عامی ئەو شەریکانە بۆ موستەقبەل، ئەوەیە تەوجیهی ئێمە کە ئەو شەریکاتانە یارمەتیمان بـدەن کـە ئـەو کادیرانەی کە هەمانە کە تەدریبی نەبوو یان شت فێر نەبووە، چونکە مەجالی نەدرابوو بۆ پێشەوە کـە بـە ڕێگای ئـەو شـەریکانەوە کـە هـاتوون کـە فێـر بـبن و بەشـدار بـن لـە خزمـەت کردنـی میللـەتی کوردسـتان لەمەودوا، پارەکە چی بەسەر دێت؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، کـە بـە تایبـەتی باسـی ئـەو پارەیـە کـە هـی خۆمانە وەرگرتووە باسی ئەوە ناکات، پرسیارەکە لەسەر ئەوە بوو ئەوەی عێراق کە نەوت بەرز دەبێتەوە و بە سەد دۆلار ئەیفرۆشی نەك بە 57 ، ملیۆنەك و 700 هەزار نیە، سێ ملیۆنە یان دوو ملیۆنـە، بەراسـتی پرسیارێکی زۆر خۆشە، منیش گلەییم ئەوەیە؟ نازانم، کێ ئەزانی با پێم بڵێ، کەس نازانێ ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟ حیصەی ئێمە چەندە؟ ئایا بەشمان ئەگرێتەوە؟  گلەیی من لەسەر ئەوەیە ئەڵێ ماددەی 115 ئەڵێ ئەبێ بە عەدالـەت تـەوزیع بـێ، شـەڕی ئێمـە ئەوەیـە و شـەری ئێـوەش ئەوەیـە بەراسـتی، پرسـیارەکە منئەیخەمەوە بـەردەم جـەنابتان، ئـەو پرسـیارە شـوێنی خۆیـەتی  و بـڕۆن بـە دوایـدا، بـڕۆن بـە دوای ئـەو

پارەیە، پارەکە حیصەی خۆت هەیە و دەتەوێ پرسیاری لێ بکە، من لەگەڵتم، زۆر پرسیارم کردووە و وەڵامی نەدراوەتەوە، لە 17٪ لە کۆنتراکتەکاندا، کۆنتراکتەکان بە داخەوە وا ئیش ناکات، کۆنتراکتەکان، ئیدارەیە و عەقدە و عیلاقەیە بەینی حکومەت و وەزارەتەکی ئێمە لەگەڵ مقاولەکە کە هاتە سەر ئینتاج و نەوت دۆزرایەوە و نەوت فرۆشرا، ئایا ئێمە ئەیفرۆشین یان حکومەتی عیراق یان بە یەکەوە؟ کە نەوت فرۆشرا بە رەئی من و ئەوەی کە من ئەیزانم لە دەستوور، ئەوە موشتەرەکە ئەبێ ئالیەتێکی بۆ بدۆزێتەوە و بچێت بۆ صندوقێکی موشتەرەك کە باسمان کرد لەوێ لە 17٪ بۆمان ئەگەرێتەوە و لە هەموو نەوتەکەی عێراق کە ئەفرۆشرێ و ناتوانین 17٪ لە بیدایەتەوە وەربگرین و باقیەکەی بنێرینەوە، وا ئیش ناکات، ئەگەر نەوتەکە ئەفرۆشرێ و ئەچێتە صندوقێکی موشتەرەك، لە هەمان کات ئێمەش تەوقوعمان ئەوەیە عیراق وا بکات، ئەویش نەوتەکە لە هەموو شوێنێك ئەفرۆشرێت و ئەچێتە عەینی صندوقەکەوە، لەوێش لە رێگای موازەنەوە و لە رێگای تەوزیعی عائیدات کە باسمان کرد، قانونێکت هەبێ کە حیصەکەی خۆت ساڵ بە ساڵ بۆت بگەڕێتەوە، ئایا ئینتاج هەیە؟ بەچەند و بۆ کێ؟ ئینتاج نەختێ هەیە باسی ئەکەم و نەختێ تر بۆ کێیە؟ تەبعەن بۆ حکومەتە و بۆ مقاولەکەیە حەسەب وەکو عەقدەکە دایناوە، بۆ کەسی تر نیە، هەر ئەوەیە، پارەکەش تەبعەن حیساب دەکرێ بۆ حکومەت، بۆ حکومەتی ئیتیحادی بۆ ئەوەی بەشداربین ئێمەش خۆمان لەگەڵ میللەتی عیراق هەمووی، ئایا کۆنتراکتەکان پارەی تێدایە؟ بەڵێ تێدایەتی و باسی ئەکەم، لۆکال کۆنتراکتەر یەعنی مقاولی مەحەلی ئەڵێ: بۆچی تێدا نیە؟ وەللا باسم کرد، بەراستی حەز دەکەم تێدا بێت، بەلاّم ئەگەر باسی عەقدی خەدەمات هەیە، هەیە، خەدەمات دەکەن مقاولی خۆمان موشکیلە نیە ئەوە، وەکو داناغاز 700 کەسی بەکار هێناوە لێرە، لە رێگای شەریکات و بەتەنیاش، بەلاّم لەناو عەقدی موشارەکەی ئینتاج ئێمە ئالیاتمان داناوە لە قانونەکەی خۆمان، ئەبێ ئەو شەریکە توانای هەبێ ئەقل شی مالی کە بەشداربێ و معیاری دووەمیش لەوانەیە خۆم دامنابێ، من ئەڵێم ئەو شەریکە ئەگەر عیلاقەی بە برای منەوە هەبێ یان بە برای تۆوە بێ یان بە موەزەفێ وەزیرێك بێت یان برای وەزیرێك بێت من ناتوانم تەعامولی لەگەڵدا بکەم، شەفاف نیە ئەوە، ئێمە زۆر شەریکەمان هەیە لە کوردستان، عیلاقەی هەیە، لەبەر ئەوە بە داخەوە تا وەکو ئالیەتی بۆ دانەنێی، خەتەرە شەریکە بێنیتە ناوەوە، چونکە دوایی بەلزەبت ئەوە دەکات، ئەڵێ: خراپ ئیشت کردووە، نەوتەکەت داوە بە شەریکەی خۆت، ئەبێ بە عەرقەلە ، لەبەر ئەوە، ئێمە بە پاکی ئیشمان کردووە و ئالیەتمان داناوە، ئەگەر بۆ موستەقبەل مەجال بوو کە شەریکەی مەحەلی بەشدار بێ بەسەر سەرمان با بێ و ئێمەش پشتگیری دەکەین، بەلاّم تا ئێستا لە هیچ عەقدێك دامان نەناوە، مەترسیمان ئەوە بووە نەوەك ئیتیهامان بکەن کەوا شەفافیەتمان نەبووە، هەر لەبەر ئەوە دانەنراوە، ئەڵێ پرۆژەی کارەبای هەولێر و کۆرومۆر بۆ غاز شوێنێکی نزیك نیە، بەراستی ئەوە زۆر باسی کراوە، بەلاّم ئەوەندە غاز نیە نزیکە بەشی مەنتیقەی کارەبایەکە بکات، لە مەنتیقەی کەرکووك هەیە، بەلاّم کەرکووك مەنتیقەی موتەنازیعە، ئێمە ناتوانین بچین بە کەیفی خۆمان نەوت دەرکەین و بیهێنینە ئێرە، کۆرومۆر پلانی هەبوو ئەوەندە نە وت و غازی

تێدایە کە ئەتوانین بیهێنین بۆ ناوچەی خەبات و بۆ بازیانیش، بۆ چەمچەماڵ، ئەڵێ ، ئایا چی کراوە بۆ مەصفای خەبات؟ وەڵامم دایەوە، چیمان کردووە لەسەر مەعادن؟ بەخوا نەختێك مەسح و شتمان کردووە، بەڵام زۆر ئیشمان لەسەر نەکردووە هێشتا، خەریکین ئێستا یاسایەك کە مسوەدەکە بنووسین و بیهێنین بۆ جەنابتان و بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە یاسامان هەیە کە تەنزیمی بکات کە چۆن تەعامول بکەین لەگەڵ شەریکاتی خاریجی و کە چۆن لەو نیتاقە ئێمە ئیش بکەین؟ پرسیارێك کرا کە 300 بیر هەیە لە دیبەگە و نازانم شوێنێکی وا بۆ بەکاری ناهێنن؟ من ئاگادار نیم کە 300 بیرمان هەیە بەراستی، نازانم دووشمان هەیە یان نا؟ من بەوە تێگەیشتبووم، بەکاری ناهێنین، چونکە ئینتاجی نیە و ئینتاجیی نیە، چونکە لەوانە مەسحی تەواو نەبووە و فەحص نەبووە، ئایا موشکیلەکەمان لەگەڵ بەغدا لەسەر داهاتە یان دەسەڵاتە؟ بەراستی لەسەر دەسەڵاتە زۆربەی، دەستووریە و دەسەڵاتە، داهات موشکیلە هەیە، چونکە قانونت نیە و بە موازەنە پارەکەت دەداتێ، لەبەر ئەوە هەموو پارەکە نازانی چیە؟ بەڵام ئەگەر قانونی بۆ دانین من تەوەقوع ئەکەم ئەوەکە حەل ببێ، ئەو نەوتە کە ئەدزرێ لە کوردستان، یان لە دەرەوەی کوردستان دێت؟ من ئاگادار نیم هیچ نەوت بدزرێ لەو مەنتیقانەی کە ئێمە کەشفمان کردووە و من موتەئەکیدم کە هیچ نیە، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان لە هەموو عیراق نەوت ئەدزرێ و قسمێکی خۆی دێتە ناو کوردستان، من موەزەف نیم کە مەسئولم و کە ئیشراف بکەم لەسەر ئەوانە، وەزاراتی ترمان هەیە، بەڵام بەراستی یەك شت بووە، چونکە ئینتاجێکی کەممان هەیە، قیتاعی مەحەلی لە فەحصی نەوتەکان کە کردوومانە، من کە بەوە تێگەیشتووم، ئەو قاچاغچیانەی کە ئەهاتن ئێستا کەم بووینەوە، چونکە مونافسیان هەیە مەحەلی، حکومەت مەجالی داوە کە نەوتی خۆی دەرچێ بۆ ئەوانەی کە پێویستیان پێ هەیە، بەڵێ پارەکە زۆر نیە کە ئەیفرۆشی، بەڵام باشترە لەوەی کە قاچاغچیەك بێتە وڵاتەکەتەوە، پارمەتی داوە کە ئەوە کەم کاتەوە، پارەکەشی بەسەرە لە کۆنتراکتەکان هیچی بەسەر نایەت پارەی حکومەتە، هی حکومەتە باسی ئەکەین کە هاتینە سەر پارە دوای ئەو پرسیارانە، شەریکاتی گەورە بێن پشتگیریمان لێدەکەن، ئەوە زۆر راستە من لەگەڵ ئەوەم، بەڵام شەریکاتی گەورەش هاتوون، هیندیمان هاتووە، پشتگیری هیندمان هەیە، کۆریمان بۆ هاتووە، پشتگیری کۆریمان هەیە، ئەوە وڵاتێکی زۆر بەرزە و بەشداریش بووە لە تەحریری عێراق بۆمان، شەریکاتی ئەمریکی لێرەن، بەڵام کۆرەکانی هەموویان نیە، بەڵام ئەگەر چوویە شەریکەیە زۆر گەورە و عیملاقەکە مەعنای ئەوە نیە حکومەتەکەی دێت لەگەڵیدا، ئەوە پشتگیری ئێمە راستە و ئایا سیاسەتەکەی ئێمە لەگەڵ شەریکاتی وڵاتانی گەورەش کردوومانە؟ بەڵێ ئەوە راستە، ئایا چووین بە دوای وڵاتاندا کە تەوازونی نیە و هیچ موساعەدەی ئێمە ناکات؟ نەخێر شتی وامان نەکردووە، ئەوە شتێکە تەئکیدی دەکەین لە لێژنەکە، هەموو جارێ، ئایا ئەو شەریکەیە موناسیبە بۆ ئەو عەقدە؟ ئەوەش موشکیلەیەکە باسمان کردووە زۆر جار، چەند عەقد و چۆن کراوە، باسمان کرد تەقریبەن 20 عەقدە، چۆن کراوە؟ بە مفاوەزات و بە قانون و بە نموونەی کۆنتراکتەکە کە باسمان کرد، لە 40٪ باسم کرد، لە 40٪ نیە، 40٪ درابوو باسم کرد تەقریبەن لە عەقدە کۆنەکان باسم کرد، 40 هەبوو و 49 و 35

و ئەوانــە، ئێمــە لامــان بــردووە، باســی ئــەوەی کــە لامــان بــردووە، تەبعــەن مفاوەزاتمــان کــرد، جــەنابتان سیلاحێکی گەورەتان دا بە من ئــەویش قانونــە، قــانون ئــەڵێ: حــەقی خۆتــە موراجەعــەی عەقــدە کۆنــەکان بکەیتــەوە، مــن ئــەوەم بــەکار هێنــا کــە ســیلاح، وەرە دانیشــە مقــاول عەقدەکــەت دەســتووری نیــە و ئــەبێ مفاوەزات بکەینەوە تا بگونجێ لەگەڵ ئەوە یان خواحافیز، نەتیجەکەی مقاول حیسابی خۆی ئەکات، ئەگــەر قانونی نەبێ ناتوانێ دیفاع لەسەر خۆی بکات، هاتەوە وتــی تەســلیم ئــەبم، چــیم ئــەدەیتێ؟ وتم تــەعامولت لەگەڵ ئەکەین وەکو مقاولەکانی تازە، بەو شێوەیە کە هاتووتە خوارەوە نەك چــووین و تــەعویزی ئــەدەینێ و پــارەی ئــەدەینێ، کــە مەنتیقەکــەشمان کــەم کردۆتــەوە و بردوومانــەوە بــە بــێ تــەعویز و داوامانــە بــە شەریکەیەکی تر بۆ ئەوەی مستەوای ئینتاجەکە و ئیستیکشاف بــەرز بکەینــەوە لەگــەڵ شــەریکاتی تریشــدا، ئایا مەسحی تەواومان هەیە؟ نا بەداخەوە هیچ مەسحمان نیە، لەبەر ئــەوە خــەریکی ئەوەینــە ئێمــە، بــەڵام ئەگەر مەسح یەك شەریکە بێنێن مەسح بکەین، دە ساڵی ئەوێ، ئەگــەر 20 یــان 30 شــەریکە بێنــێن ئــەوە ساڵێك ، دوو ساڵی ئــەوێ، ئــەوە بــەو شــێوەیە کــە ئێمــە عەجەلــەمان پێکــرد و مەســحەکە بکــرێ و مەســحی جیۆلۆجی و مەعایەنەی سایزی ئەکەین و نەتیجەی ئەوە روقعەی ئیستیکشاف بدۆزێتەوە و نەتیجەی ئەوە حەفر بکەین و نەوت کەشف ئەبێ یان غاز کەشف ئەبێ و ئیدارەی ئەکەی و پــلان ئەکــەی بــۆ موســتەقبەل ئەوە پرۆسەیە هەمووی پێنــج ساڵی ئەوێ، یەعنی کەمتر لەوە ناتوانین بیکەین، پرسیارێك کرا کــە جــەنابی وەزیری نەوت لە بەغدا وتوویەتی:کە عەقدەکانی ئێمە قانونی نین، پرسیارەکە ئەوە بوو کە ئایا مفاوەزاتی مانگی رابووردوو کە لەوێ بووین چ بریاردرا لەوێ؟ بەراستی ئێمە چووینەوە و نەختێ موناقەشــەمان کــرد لە دوو کۆبوونەوەدا موناقەشەی ئەو شتانە کرا، من ئەوەی کە تێگەیشتم ئەو بە کەیفی خۆی قسە ئــەکات، بەناوی حکومەتەوە قسە ناکات، بەڵام حوریەتی خۆیەتی و رەئی خۆیەتی، موشکیلەم نیە من لەسەر ئــەوە، بەڵام یەك ئیتیفاقمان کرد، کە لەمەولا ئێمە تەصریحات نادەین، کاك عیماد لەوێ بــوو و لەگــەڵمان ومحمــد ئیحسان لە تەنیشتمەوە بوو، ئێمە پێنج ئەندام بووین لە کوردستان دانیشــتبووین لــە لێژنــە بەیەکــەوە بــە داخەوە دوای کۆبوونەوەکە چوو وئەو تەصریحەی داوە، من چی لەسەر بڵێم؟ ئێمە برِیارمــان دا بــۆ ئــەوەی جەوەکە مولائیم بێ و کۆبوونەوە تەواو بکەین، با تەصریحات نەدەین، هەموو کەسێ وتی وەڵلا باشە، رۆژی دوایی ئەو تەصریحە درا، رۆژی دوای ئەوەش قانونە کۆنەکە نێنراوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەوە تێکبدات، چونکە ئەیانزانێ مفاوەزاتەکەی ئێمە جیدیە و ئەمانەوێ قــانون بــێ و باســی دەســتوورمان کــرد، کــە باســی دەستوور ئەکەی ئەترسێ و را ئەکات و ئەیەوێ تێکی بدات، ئەوەیە مەسەلەکە و ئەمری واقیع ئــەوە بــوو و بەو شێوەیە کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو ئەو رۆژە، باســی کــادری خۆمــان لەگــەڵ شــەریکەکان، ئێمــە باســمان کرد، فەرزمان کردووە ئەو شەریکانەی کە بەکاری دێنن تەدریبیان پێ بکەن، کــێ عەقــدە کۆنــەکانی ئیمــزا کردووە؟ ئەوە ئەگەرێتەوە بۆ 2003 ، قسمێك لــە ســلێمانی بــوو یــەکێك لــە عەقــدەکان لــە هــەولێر بــوو و ئەوانە کە مەسئول بوون ئەو وەختە کە ئیمزایان کردووە، گلەییان لێ مەکەن ئەو وەختەی کــە کردوویانــە کردوویانە، مــن باســم کــرد شــارەزایی نــەبووە ئــەو وەختــە، کوردســتان وڵاتێکــی تــر بــووە ئــەو وەختــە، دوو

ئیدارەت هەبوو، شارەزایی نەوت زۆر کەم بوو یان نەبوو، موجازەفە زۆر بوو بۆ شەریکات کە بێن بۆ ئێرە، لەبەر ئەوەی شەریکاتی ئەوانەی کە هاتوون دوای قانونەکەمان ئەوانە موستەعید نەبوون کە بێن بۆ ئێرە، ئەوەی کە هات لە ناحیەی سیاسیەوە کە هاتن بۆ ئەوەی تەعامول لەگەڵ ئەوە بکەن، من ئەزانم بۆ کردوومانە؟ بەڵام کە بوو بە ئەمری واقیع و ئێستا وەزعمان باش بوو، دەستوورمان هەیە و قانونمان هەیە بەکارمان هێنا و چووینەوە بۆ لایان بۆ خاتری خوا با دانیشین تەعدیلی بکەین، هەموو ئامادە بوون کە وەکو باسم کرد تەعدیل کراوە، ئەگەر شەریکەکەش توانای کەم بوو، فەرزمان کرد کە مقاولێکی تر لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ ئەوەی مستەوای هەردووکیان بەیەکەوە بەرز بێتەوە و توانای هەبێ کە عەقدەکە بە تەواوی ئیش بکات، ئەوە قبوڵ کراوە و ئەوەش کە کراوە بە شەفافی کراوە، بەراستی وەکو ئەڵێن( رغم ذلك) کە عەقدەکە کەم بوویتەوە و بەشی کەم بوویتەوە مەنتیقەکە کەم بوویتەوە دوای ئەوەش بۆینەسمان داوا کردووە کە پێشتر بۆینەسیان نەبووە، ئێمە بە عەدالەت ئیشمان کردووە، بەڵام بە توندیش، چونکە ویستوومانە عەینی شت و عەینی مستەوا لەگەڵ شەریکەکان ئیش بکەین، چونکە لەگەڵ یەکتری قسە ئەکەن، حەز ئەکەن کە بزانن تەعمولیان بە شەفافیەت لەگەڵ کراوە ئەوانیش، ئایا تەعویز کراوە لە زاخۆ؟ عەینی پرسیار کراوە و لە شوێنەکانی تریش، من نازانم لە زاخۆ بەڵزەبت؟ بەڵام ئەوەی کە مەفروزە بدرێ ئەگەر مقاول کەمومتەلەکاتی خەڵك بەکار بێنێ و کێ بڕیار ئەدا؟ حکومەت بڕیار ئەدا قیمەتی ئەو تەعویزە چیە و مقاولەکە ئەبێ بیدات، مقاول ئەتوانێ موناقەشە بکات، بەڵام ئاخیرەکەی بە دەست حکومەتە و حکومەت ئەبێ بڕیار بدات و ئەوەش لە قانونەکە دامانناوە، ئەگەر لە بیرتان بێ قانون ئالیەی بۆ داناوە، لە حەقلەکان کە کەشف ئەبن، دەڵێ: ئایا حکومەتی عێراق ئەتوانێ کۆنترۆلیان بکات؟ وەڵڵا ئەگەر حەقلەکە لە هەولێر بێ چۆن؟ نە دەستووری حەقی هەیە و نە لە هیچ شوێنیکی تر، ئەگەر بە شێوەیەکی تر ئەڵێ هوجوم ئەکات ئەوە ئێمە لەو عیراقە تەواو بووین، ئێمە لە عیراقێکی تازە و فیدراڵیە، ئیتیحادیە و کە نەوت ئەدۆزینەوە، ئیدارەی ئەکەین و ئیدارەکە موشتەرەکە لەگەڵ ئێمە و مقاولەکە، کە نەوتەکە دەرچوو ئەفرۆشرێ و حیصەی حکومەت ئەچێ بۆ حیسابێکی ئیتیحادی و ئێمە بەشدارین و حکومەتی عیراقیش بەشدارە، موشکیلەی تێدا نیە، موشکیلەکە لەگەڵ سوڵتەیە، دەسەڵات بەدەست کێیە؟ هەر ئەوەیە موشکیلەکە، زاخۆ و تەقتەق ئەڵێ: پارەکە چی بەسەر دێت؟ کەی دەستی پێکراوە؟ با من باسی ئەوەتان بۆ بکەم نەختێك، لە زاخۆ و تەقتەق نەختێك ئینتاجمان هەیە، قیتاعی مەحەلی کە من ئاگادارم هیچ نەوت دەرناچێ بۆ دەرەوەی کوردستان بۆ فرۆشتن، باسم کرد کە چۆن مەنتیقەکە ئیستیفادەی لێکردووە و چۆن قاچاغچیەکان کەم بوویتەوە، نەوتەکە بە شەفافیەت ئەفرۆشرێ بەو مقاولانەی کە پێویستیان پێ هەیە، کە بەکاری ئەهێنن، مەعمەلیان هەیە و نەوتەکە ئەبا و ئیشی پێ ئەکا، ئێمە تەقییمان کردووە ئایا بۆ خۆی ئەبێ یان ئەیباتە دەرەوە؟ ئەوانەی کە ئێمە تەعوملمان لەگەڵیان هەیە لە ڕێگای DNO و تەقتەق، ئێمە ئەزانین کە شەفافیەتی تێدایە لە ناحیەی پارەکەش و لە ناحیەی فرۆشتنەکە، چونکە هینە میتەر و موەزەف خۆمان لەوێە، پارەکەشی مەسەلەن مقاول حیصەی خۆی هەیە

و، مقاولی حکومەت دێتە حیسابی حکومەت کە بۆی کراوەتەوە و دستکاری نەکراوە و مەوازەنـەش نـاتوانێ بەکاری بێنی کە باسم کرد ، رۆژ هەیە دادەنیشین لەگەڵ بەغدا و تەسلیمی ئەکەین، ئایا پارەکە چـەندە؟ زۆر نیە 5_10 ملیۆن و زیاتریش نیە، دەش نیە بەخوا پێنجیش نیە، زۆر کەمە، ئێمە تەقریبەن مانگ و نیوێك لەمەو پێش دەستمان پێکردووە، ئـەوە تەقریبـەن لـە تەقتـەق 500 بـەرمیلی دەرکـردووە دوو، سـێ جار، لە dno 5000 یان 4000 بەرمیلە نەك هەموو موستەمیرە، بەڵام لە زەمانی کۆنـدا چییان ئـەکرد، فەحسـی نـەوتی ئـەکرد، ئـەو نـەوت فـەحس کردنـە، ئەیانسـووتاند، ئێمـە چـونکە نـەوت ئەوەنـدە گرانـە، فەرزمان کردووە لە مقاولەکە کۆی بکاتەوە و بیبات لە بازاڕ بیفرۆشێت، بەچەند ئەیفرۆشێ؟ ماکسیمام کە ئـەتوانێ وەریبـەگرێت، لـە معـەدەل تەقریبـەن 30 دۆلارە بـۆ هـەر بـەرمیلێك، بەداخـەوە 70 و 80 نیـە، ئەگەر بتوانێ تەصدیری بکەی ئەتوانی، ئەگەر ڤیتاعی خاص ناتوانێ ئەوەندە بکرێت، بیسووتێنێ باشـترە یان وەکو بیفرۆشێت؟ وەڵڵا تەبعەن بیفرۆشیت باشترە، من بەتەنیا نەبووم و دیفـاعم لەسـەر کـراوە و زۆر سوپاستان دەکەم، قەصدم ئەو نەبووە کـە کـەس پشـتی نـەگرتووم، زۆر سـوپاس، جـار وبـار یـەعنی ئیحـراج بووم کە دیفاعم زۆر لەسەر نەبووە، شەریکاتی کوردستان چی بەسەر هات؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، ئەو شەریکاتانە هێشتا ئیدارەی بۆ دانەنراوە هەر لەبـەر عـەینی سـەبەب کەوەزارەتەکـەی مـن مـودیر عـامی بـۆ دانەنراوە، بڕیار نەدراوە کەوا لیستەکە کێ بێ بۆ ئەوەی بینێین بۆ لای جـەنابتان و بڕیـاری لەسـەر بـدەن، چونکە ئەوە بەدەست من نیە، ئەگەر لە بیرتانە شەریکاتەکان جیامان کردەوە لە وەزارەت، ئێمە ئیشـرافمان هەیە لەسەریان، بەڵام ئیدارەی ئەوان بە دەست ئێمە نیە، مەجلیس وزراء ئەبێ ئەندامەکانی ئاشکرا بکـات و بێ بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی موصادەقەی لەسەر بکرێ، ئـەوە بەدەسـت مـن نیـە، مـن حـەز دەکـەم بـبێ بـە زووترین کات، بۆچی یاسای وەزارەت تەتبیق نەکراوە؟ باسم کرد، بچووك کردنەوەی مەنتیقـەی عەقـدەکان ئایا تەعویزمان داوە؟ باسم کرد نا، ئایا ئەگەر مقاولێکت هـەبێ ئـەتوانێ بـڕوات؟ تەبعـەن ئـەتوانێ بـڕوات ئیلتیزامـی هەیـە، ئـەبێ بـڕوات جارێـك خـۆی پـارەی سـەرف کـردووە و موجازەفـەی کـردووە، لەوانەیـە مەعلوماتەکەی داوە بە ئێمە، ئەگەر نـەتوانێ ئیشـەکە تـەواو بکـات و بـڕوات، ئیلتیزامـی هەیـە لەسـەرمان، بەڵام ئەگەر ئەوە بڕوات ئێمە ئەتوانین ئەو مەنتیقەیە وەربگرینەوە و بیـدەین بـە مقـاولێکی تـر، چـونکە ئەو حەقی نامینێت ئەگەر وا بکات، موناقەسە کراوە؟ بەڵێ کراوە، ئەوەی مەعادنیش باسم کرد خـەریکین، بەڵام ئەوە ئیشی زۆری لەسەر نەکراوە، چونکە قانونی نیە ئەویش، ئایا خەڵکی ناوەخۆ بەشـدارن؟ وەڵامـم دایەوە و وتم دانا غاز مەسەلەن 700 موزەف هەیە و شەریکاتی تر دەستیان پێکردووە بـۆ تـەدریب کـردن، جیاوازی بەینی ئێمە و قانونی عێراق باسم کرد، بەراستی شتێکی دەستووریە و دەسەڵاتە و هەر ئەوەندەیە جیاوازیەکە، ناتوانین حەلی بکەین بە بێ ئەوەی هەردووکی بە دەستووری نەبێ، ئەتوانین حەلی بکەین بـا تەنازول بکەین لە حقوقی خۆمان، ئـەو تەنازولـە لـە دەسـت جەنابتانـە و لـە دەسـت مـن نیـە، لـە ناوچـەی کفری ئایا عەقدمان داوە بەکەس؟ من ئاگـادار نـیم و لـە ناوچـەی کفـری عەقـد نـەکراوە، ئایـا لـە ناحیـەی تەکنەلۆجی و تەدریب و ئەوانە دەستی پێکـراوە؟ بـەڵێ دەسـتی پێکـراوە و ئـەوە خـەریکی ئەوەینـە ئێسـتا،

تەدریب تەقریبەن 10 سکۆلۆ شیتمان هەیە تەقریبەن لە کەنـەدا، لە ناوچـەی سلێمانی چوون بـۆ ئـەوێ لەگەڵ شەریکەیکدا و ئەوانی تریش خەریکی بەردەوامی ئەوەن، و تەکنـەلۆجیای تـریش نـەختێك پارەمـان داناوە لە عەقدەکە ئەوەیە ئەوەی تەکنەلۆجی ئەهێنێ بۆ کوردستان، بۆ وەزارەتەکەی ئێمـە، بـۆ شـەریکاتی نەوت، بۆ ئەوەی کەوادیرەکانمان مستەوایان بەرز بێتەوە، من باسی هاردوێر و سـوفت وێـر و کومپیۆتـەر و ئەو شتانە ئەکەم، ئایا ئێکسپۆرت چۆن ئەبێت؟ ئێکسپۆرت ئێمە عیراقین و وڵاتـی خۆمانـە و حەقمانـە کـە نەوت دەرچێ، چی بەسەر پارەکە دێت، باسم کرد کە ئەچێ بۆ صندوقێکی موشـتەرەك، حکومـەتی عێـراق ئەتوانێ بەکاری بێنێ، بەڵام شەرتی لەسەرە ئـەبێ تـەوزیعی بکات بـە عەدالـەت وەکو مـاددەی 115 باسـی کردووە، ئایا مقاولی داخیلیم لابردووە؟ من نەمووت کە مقاولم هەبووە، ئەو مقاولە کۆنەکان کـە عەقـدیان هەبوو و نەئەگونجا لەگەڵ قـانون و دەسـتوور، ئەوانـەمان گۆڕیـوەو تەعـدیلمان کـردووە، بـڕوا ناکـەم باسـی مقاولی داخیلیم کردبێ، مقـاولی داخیلـی هەیـە لـە خـەدەمات و ئەوانـە، ئێمـە داینـانێن، شـەریکات خۆیـان خەدەمات بەکاریان ئەهێنێ و عەقدێکی موئەقەتیان ئەداتێ تەواو بـێ و ئـەڕوا، بۆچـی ئەوەنـدە بلـۆکن بـۆ قسمێکیان گەورە و بۆ قسمێکیان بچووکن؟ ئەوە شتێکی فەنیە تۆ ئەگـەر سـەیری سـەلاحەددین بکـەی ئـەو شاخە بچـووکە، ئـەوە پێـی ئـەڵێن مەنتیقـەی روقعـە، چـونکە کـە ئـەیبینی وەکـو مەنتیقەیەکـە، ئەچـیتە چەمچەماڵ ئەوە مەنتیقەیە، یەعنی شتێکی عیلمی و جیۆلۆجیە، ئەوە سـەبەبەکەیەتی، سـەبەبی تـر نیـە، قسمێك هەیە 2000 کم مورەبەعە و قسمێك هەیە 500، سـەبەبە جەوهەریەکـەی ئەوەیـە کـە تەقـدیری مەنتیقەی ئیستیکشافیەکەی ئەکەی، ئایا ئەو مەنتیقەیە لە خوارەوە ئەگەر نەوت هەبێ بە یەکەوەیـە یـان جیا جیایە؟ ئەگەر بە جیا جیایە ئێمە حەز ئەکـەین بیکـەین بـە بلـۆکی ئیـزاڧ هـەتا مقـاولی ئیـزاڧ بێتـە ئەوێوە، جا تەقدیراتی ئێمە تەقدیراتی جیولۆجیە لە ناحیەی موەزەفەکان کە هەمانە تەقدیراتی ئـەوەیان کـردووە حکومـەتی عیراقـیش ئـەو شـتانەی کـردووە پێشـتر، بـەڵام نـەك بـە روقعـە و ئـەو شـتانە یـان بـە شێوەیەکی عام، ئێمە بەو شێوەیە مەنتیقەی عەقدەکانمان داناوە کـە کردوومانـە بـە بلـۆك، ئایـا هەنـد لـە دەرەوەیە؟ من ئاگادار نیمە هەند لە دەرەوەیە و، ئێمە بۆ ئاگاداریتان هەرچی عەقدێ کە کردوومانـە ئـەڵێ ئەگەر شکی لەسـەر بـێ حـەقمان هەیـە بیگـۆڕین ئەگـەر نـەگونجێ لەگـەڵ دەسـتووری عـیراق، ئەگـەر ئێمـە غەڵەتێکمان کردووە؟ من داوای لێبوردن دەکەم هەر لە موقەدیمەوە ئەگەر یەك عەقد هەبێ، ئەگەر کەشف بوو لە دەرەوەی حدودی کوردستانە ئەوە من دێم بۆ لاتان و خۆم تەعدیلی دەکەم، من ئاگاداریشم جـەنابی کـاك مەسـعودیش دوو، سـێ جـار ئـەوەی وتـووە، ئێمـە بـە دوای هـیچ نـین، بـە دوای ئـەوەین کـە ئـەوەی صەلاحیەتی خۆمانە بەکاری بێنێن، بەم زووانە ماددەی 140 هیوادارین تەعدیل بـێ و ئـەو شـتەش ئـەبێ بە ئەمری واقیع، چیمان هەیە و چیمان نیـە و ئەگـەر قسـمێك لەدەرەوەیـە وازی لـێ ئـەهێنین و تەسـلیمی ئەکەین، بەڵام من ئاگادار نیم کە شتی وا هەیە، ئەڵێ بـۆ چـی psc لـە مەنتیقـەی کۆرمـۆر کەشـف کـراوە؟ pscمان نیە ئێمە هەر عەقدی خەدەماتە، پرسیارێکی جوان و عەقـدی خەدەماتـە، بۆچـی dno ئەوەنـدە ربحی هەیە؟ وا بزانم پرسیارەکە ئەوە بوو کە ربحە کۆنەکە لە 20٪ بوو، کە باسم کـرد بوویتـە لـە 11٪ و

له 12٪ ، ربحی زۆرتر نیه له مقاولەکانی تر هەر عەینی شته، یەك ملیار دۆلار له مەصفای عێراق چی
بەسەر هات؟ من ئاگادار نیم لەوە، یەك ملیار دۆلار عێراق باسی ئەوەی کرد که بێته کۆیه، ئەوە لەسەر
وەرەقه بوو و نەچووە بۆ وێندەر و نه مواصەفاتی کراوە و نه ئیتیفاق کراوە بۆ هیچ شەریکەیەك، پێنج
ساڵه هەر باسی ئەکەن ، ئەگەر بوەستێ 15 ساڵی تر ئەچێ بۆ عەقد، 20 ساڵی تر لەوانەیه ببێته مەصفا،
هەر باسی ئەوە ئەکەن، ئێمه عەقدی هینمان نەدیوە و نه مقاوەله کراوە و نه مفاوەزات کراوە و نه عەقد
هەیه، ئەوە هەموو باسیان کرد، بەڵام له ناحیەی عەمەلی هیچ نەکراوە، جا لەبەر ئەوە هەر فیکرەیەکه،
بەڵێ مەنتیقەیەکیان دانابوو بۆی، هەر ئەوە بوو و لەوە زیاتر هیچی تر نەکراوە، بەڵام ئەوە مەنتیقەیه و
ئەچێته ئەوێ و نەختێ تەعدیلاتی کردووە، بەڵام ناحیەی مەصفاکه کوا؟ حەتا دیزاینەکەشمان نەدیوە
ئێمه، ئایا ئیدارە هەیه بۆ پارەکان؟ تەبعەن ئیدارە هەیه، ئیدارە وەزارەتی مالیەیه، بەدەست ئەوانه و
عیلاقەی به ئێمەوە نیه، وەزارەتی ئێمه تەعامول به پارە ناکات، دەسەڵاتی ئێمه نیه، برادەرێك ئیقتیراحی
کرد بۆ نامه بۆ بەغدا لەلای جەنابتەوە، وەڵڵا فیکرەیەکی خراپ نیه، ئەگەر نامەیەك له لایەن
پەرلەمانەوە دەربچێ و دیفاع له دەستووری عێراق بکات، دیفاع له یاسای هینی کوردستان بکات که
یاسایەکه دەستووری عیراقیه، دیفاع بکات که ئەوەی کردوومانه دەستووریه و ئەبێ تەعامول بکرێ و قبوڵ
بکرێ که دەستووریه، ئەگەر تەجاوزی دەستووری کردووە؟ ئێمه ئامادەین دەعمی نوێش لەسەری بێ که
تەعدیل بکرێ موشکیلەمان نیه، داواش له پەرلەمان بکات که مەجال نەدات به ئەوانەی که ئەچن یاسا
ئەبەنه بەردەمیان که هێشتا مفاوەزاتی لەسەرە و موافەقەتی لەسەر نەکراوە، که بەناوی شەفافیەتەوە
داوایان لێبکەن و مسئولیەتی ئەوانیشه که ئیحتیرامی دەستوور بکەن وەکو ئێوە ئیحتیرامی دەکەن، ئەگەر
ئەوان بێنه سەر ئەو قەناعەتەی که مەجال نەدەن به ئەوانەی که دژی دەستوورن و ئەوانەی دەستوور
تێك دەدەن له ناحیەی قانونەوە، لەوانەیه بگەینه مەرحەلەی نیهائیەوە، وەڵڵا فیکرەیەکی جوانه، بەڵام
ئەگەر بینێری بەناوی پەرلەمانەوە زۆر بەقوەته و دیفاع له دەستوور بکات و مەصاڵحی خۆمان و
تەوجیهی ئەوان کەن که به دەستووری ئیش بکەن و بیکه به ریساله مەفتوحه، بینێرن هەتا بڵاویبکاتەوە،
هەتا هەموو میللەتی عێراق ئاگادار بێ موناقەشەکه لەسەر چیه؟ ئەوە فیکرەیەکی زۆر جوانه و من ئەڵێم
باشه، بەڵام کەیفی جەنابتانه تەبعەن، ئەو دەعمی مەنتیقەی عەقد و ئەوانه ئایا هەیه؟ تەبعەن هەیه و
ئیقتیباستان بۆ دەکەم دوایی، ئێستا هاتیمه نیهایەتی وەڵامەکان، چیمان کردووە بۆ سووتەمەنی و کارەبا و
ئەوانه؟ بەراستی بۆ ئاگاداریتان سووتەمەنی بۆ موحافەزاتەکانه و هێشتا لای ئێمه نیه، له وەزارەتی ئێمه
نیه، چونکه ناوی نەوته مەعنای نیه لای منه، هێشتا سووتەمەنی بەدەست ئێمه نیه، چیمان کردووە بۆ
کارەبا؟ ئێمه دەعمی کارەبامان کردووە ئێستا بەردەوامین که لەگەڵ شەریکاتی کۆری و ئەوانه مفاوەزات
کراوە که موشکیلەی کارەبا به تایبەتی و ئاو و ئەوانه حەل بکەین، ئێمه نەوتی خۆمان و غازی خۆمان که
ئەیدۆزینەوە بەکاری بێنین بۆ ئەو شتانه، مەصفاکەشم باس کرد که سێ، چوار مەصفامان دەست
پێکردووە، سەرو ساڵ و نیوێك یان دوو ساڵی تر ئەوەش موشکیلەکەمان بۆ حەل ئەکات، ئەو psc که

کردوومانە عەقدەکان چەندی ناجیح بووینە؟ تەبعەن ئێمە ئەوە 6 مانگە تەقریبەن دەستمان پێکردووە، ئێمە تا ئێستا شتێکمان کردووە تەبعەن دوانیان کۆنە dnoو تەقتەق، dnoمەنتیقەیەکی تری دۆزیوەتەوە، ئەوە 10 هەزار بەرمیل دەرچوو لە یەك بیردا لەگەڵ 20 رۆژانە، ئەو مەجالمان ئەداتێ غازەکەش بەکار بێنین بۆ کارەبا و لەوێش نەوتەکە ئەوە نەوتی تازەیە، عیراق بیریشی نەکردووە نەوت لەومەنتیقەیە هەیە، چونکە ئەوە لە مەنتیقەیەکە تەبەقەیەکی جیۆلۆجی کە فەحسیشی لەسەر نەکراوە، ئەوە بۆ هەموو عیراق باشە کە ئێمە بزانین لەو مەنتیقە جیۆلۆجیانە کە نەوتی تازە هەیە لە کوردستان و کە لەوانەیە لە هەموو خوارووی عیراقیش، بۆ چی سووتەمەنی حەل نەکردووە؟ وەللا خەتای خۆتە نەهاتی بۆ پەرلەمان، بەسەر سەرم دێم بۆ لاتان کەی داوام بکەن، خۆ ناتوانم من خۆم فەرز بکەم، پێویستتان بە منە و کە شتێك ئەبیستن و ئەتانەوێ ئاگادار بن بەسەر سەرم دێم بۆلای جەنابتان، لایەنی ئەمنی باش نیە لای ئێمە لەبەر ئەوە بۆ ئەو شەریکانە دێن؟ یان وەکو پرسیارەکە ئەوەبوو کە ئەبێ نەختێك تەعامول لەگەڵ مقاولەکە بە تەسهیلاتتر بکەین و تەشجیعی بکەین، چونکە نەوت سیعری بەرز بوویتەوە توانیومانە کە ئێمە ئیستیقرارمان هەیە کە خەڵك هاتوون بۆ ئێرە، کوردستان ئەبێنێ و جیاوازی ئەکات لە بەینی کوردستان و باقی عێراق، ئەزانێ ئاسایش هەیە، ئەزانێ دەستوور هەیەن، بەراستی لە دەرەوە زۆرتر تێگەیشتوون لە خۆمان کە دێتە سەر قانون، ئەو خوێندوویەتی و ئەزانێ، چونکە ئیشی خۆیەتی و ئەیەوێ بێ ئیش بکات و ئەیەوێ تێبگات ئایا ئێمە ئەتوانین عەقد بکەین یان نا؟ ئەوەی خوێندوویەتی و دەستووری خوێندووە و قانونی ئێمە، خوێندووە کە یاسای ئێمە بینیوە و ئەزانێ شەفافیەتی تێدایە ئێمە ئەبینین کە مفاوەزات ئەکاتن ئەزانێ چی داوا لێ ئەکەی؟ ئەزانێ ئەوە وڵاتێکە ئەتوانێ ئیش بکات، چونکە ئێمە گەیشتینە مەرحەلەیەك کە خەڵك تەعامولمان لەگەڵدا ئەکەن، بەراستی نامەوێ من مەتحی خۆم بکەم کە ئیشی پێشەوەم هەبوو لە دەرەوە، زۆربەی ئەو شەریکانە من ئەیاناسم، چونکە ئەهاتن بۆ ئیستیشارەت بۆ لای شەریکەکەی من، ئەزانن من چۆن ئیش دەکەم و ئەزانن خیبرەمان هەیە و ئەزانن بە شەفافیەت ئیش دەکەین، لەبەر ئەوە کە دێن بۆ ئێرە ئەزانن چییان پێ ئەڵێم، ئەوە ئەولەوەیەیە کە نایگۆڕین، شتێ ناڵێین و لە دواوە شتێکی تر بکەین، ئەوە سیقەیە، ئەگەر سیقەی هەبێ مقاول ئەوە ئەزانێ و دێت بۆ ئێرە، خەتەرێك هەیە ئیقتیصادیە، ئایا نەوتەکە چۆن دەرئەکات؟ ئەوان ئەزانن ئێمە پارچەیەکین لە عێراق، ئەگەر عێراق حەقی هەبێ نەوت دەربکات، ئێمەش حەقمان هەیە، نەوتەکە هی عێراقە، حیسابیشی کردووە کە چوار، پێنج ساڵی ئەوی تا نەوت بدۆزێتەوە، ئەو وەختە عێراق عێراقی تازەیە، ئەو وەختە ئەو مەشاکیلانەی کە باسی ئەکەین، رۆیشتووە، ناتوانی بوەستی تا هەموو شت حەل بکرێ، ئەوجا ئیش بکەی، ئەو وەختە هیچت بۆ نامێنێ، جا لەبەر ئەوە شەریکەکان دێن بۆ ئێرە لەبەر ئەوەی ئێمە توانیومانە لە بەینی 85 و 89 بۆخۆمان وەرگرین، وەکو ئەو عەقدە ئەندۆنیسیەی کە خەڵك مەتحی ئەکات، منیش ئەڵێم کە ئێمەش ئەو شتەمان کردووە بۆ خۆمان، یەکێك لە هێنەکان ئەڵێ: با بوەستین بۆ 20 ساڵ، من باسی ئەوەم کرد ئەگەر بوەستین تۆ نازانی نەوت چی

بەسەر دێت؟ لە سیعر و ئەو شتانە؟ و هەروەها لەوانەیە ئەوە خەڵووزی بەسەر دێت، پێش ئەوەی کە نەوت بوو بە ئەمری واقیع و بوو بەوەی کە خەڵك بەکاری ئەهێنێن خەڵووز و ئەوە بوو، بەڵام بوو بەشتێکی پیس کە خەڵك نایەوێ بەکاری بێنێ و نەوت هاتە کایەوە بۆ موستەقبەل 10، 20، 30 ساڵی تر تەکنەلۆجیا ئەگۆڕێ، نیو کلێر هەیە و شتی تر هەیە، نەوت ئەبێ وەکو خەڵووز ئەگەر بەکاری نەهێنی 50 ساڵی تر، تۆ ئەبێ حیسابی ئەوەی بکەی 20 بەکاری بهێنێ بۆ ئەوەی وڵاتەکەت بگۆڕێ، ئیعتیماد لەسەر نەوت با نەمێنێت و بچۆ بۆ ئیقتیصادی تر، وڵاتەکەت دروست بکە، مەعامل دروست بکە وەکو دوبەی ، دوبەی هیچیان نەبوو 20 ساڵ لەمەو پێش من چووم بۆ ئەوێ هەروەکو کوردستانی ئێستا وابوو، ئێستا کە ئەچی بۆ ئەوێ لە 90٪ میللەت کە دێتە دەرەوە ئیش دەکات بۆ 10٪ ڤیتاعی مەحەلی کە خۆیان مواتینەکەن، ئێستا عائیداتی نەوت ئەوەندەیە و عائیداتی تر ئەوەندە بەرز بوویتەوە، جیاوازی ئێمە چیە لەگەڵ دوبەی؟ با عەینی شت بکەین و با میللەتەکەمان ئیستیفادە بکات ئێستا وڵاتی تازە دروست بکەین بە شێوەیەك کە نەوتەکە مەجالمان پێ ئەدا ئێستا، پرسیار کرا کە چۆن عەقدتان کردووە؟ ئێستا باسم کرد، پرسیارێك کرا وەڵڵا نەختێك نارەحەتم کە صیراعی خۆم هێناوەتە پەرلەمان، عەقدەکان بە نهێنی ئەکرێت، من تەحەدای ئەو پرسیارە ئەکەم، وەرە موستەمسەکێکم بۆ دەربێنە ئێستا ئیستیقالەکەم لەسەر مێزەکەت دادەنێم، عەیبە ئێمە لەیەکتری قسە بکەین ئەگەر موستەمسەکت نیە، ئەوە باش نیە بۆ ئێمە، دیفاع لە خۆت بکە بەقوربان، شەڕ لەگەڵ من مەکە، من شەڕی خۆم نەهێنا، من پێویستیم بەو مەنصەبە نیە، بمکە بە مودیر عام دەستت ماچ دەکەم، من نەهاتووم بۆ مەنصەب، نەهاتووم بۆ پارە، هاتووم منداڵی خۆم لە خاریج بە جێ هێشتووە، خێزانم بە جێ هێشتووە، شەریکەم بەجێ هێشتووە و هاتووم خزمەتی میللەت بکەم، نەك حیزب، من نەهاتووم بۆ ئەو شتانە، مەنصەب بەنیسبەتی من هیچ نیە، من ئەتوان بچمە مەجلیس ئیدارەی هەر شەریکەیەك لە عالەمدا ناوی بنێ، من پێویستم بەو ئیشە نیە، هاتوومە خزمەتی میللەتی کورد بکەم لە ڕێگای جەنابتانەوە، ئەگەر ناتانەوێ خواحافیز موشکیلەم نیە من، بەڵام توهمەم مەکە، صیراعم هێناوتەوە ئێرە، صیراعی شەخصی نیە، بمکە بە وەزیری نەوت لە بەغدا بەخوا نایکەم، پەیوەندیم نیە، من بۆ ئەو شتانە نەهاتووم، هاتووم یارمەتیتان بدەم و تەفسیری دەستوورتان بۆ بکەم بۆ مەصلەحەتی خۆتان وەرگرن، شەڕەکە شەڕی ئێوەیە، تۆ ئەڵێی وازی لێ بێنە و مەصلەحەتی شەخصیە و شتی بۆخۆی شەڕ ئەکا لەگەڵ شەهرستانی، ئەوە شەخصی نیە بەقوربان، دەستوورەکە بخوێنەوە، صیراعی دەستووریە، ئیشی ئێوەیە دیفاعی لەسەر بکەن، ئیشی منیشە، بەڵام ئیشی ئێوەیە کە ئەولەوەیەتە، نوێنەری ئەمریکا وتوویەتی موهیم نیە با قسەی خۆی بکات، زۆر کەس هەیە شتی وا ئەڵێ مانای ئەوە نیە ئەوە فەیلەسووفە و ئەزانێ لە عەقد، ئەوە کێیە؟ ئەوە دیبلۆماسیەکە لەوانەیە شت بزانێ و لەوانەیە نەزانێ، زۆرتریشیان هەیە کە قسەیان لەگەڵ من کردووە، ئەمریکیە و بەریتانیە و سەفیرە لە ئەو وڵاتانەی کە حەز دەکەی باسی بکەی ئەڵێن: لەسەر سەرمان و ئیشەکەی ئێوە دەستووریە و ئێمە تەشجیعی شەریکاتی خۆمان ئەکەین کە بێن لەگەڵتان ئیش بکەن، تەوازونەش هەیە، جاروبار زەلام هەیە

رەئی نەختێك موخالف ئەبێ ئیحتیرامان، هەبێ بۆ ئەوانیش، موشكیلەمان نیە لەسەر ئەوە، نەوت بۆ دەرەوە ئەڕوات؟ وەڵامم دانەوە، ئایا راستە؟ نا راست نیە، پارەكە؟ باسمان كرد، خەڵك دەركراوە لە تەقتەق؟ من ئاگادار نیم، ئەگەر خەڵك موشكیلەیان كردووە بۆ شەریكە حەقی خۆیەتی، ئەگەر نایەوێ موەزەفی داخیلی بەكار بێنێ؟ غەصبەن لەسەری بەكاری بێنێ، بەڵام موەزەفەكە ناتوانێ بەشەریكی ئیش بكات، ئایا مەعاشیان ئەدەنێ؟ تەبعەن ئەیدەنێ، بەڵام ئایا ئەبێ مەعاشیان بداتێ وەكو موەزەفێكی خاریجی كە خیبرەی هەیە و توانای هەیە؟نا، ئایا موەزەفەكە مەعاشیان كەمترە لەوەی كە ئێمە ئەیدەین بە موەزەفەكانی خۆمان لە وەزارەت؟ نا، ئێمە نامانەوێ یەك شەریكە لە تەقتەق یان لە dno یان لە گەرمیان، هەمووی بەكەیفی خۆی پارە بدات بە قیتاعی مەحەلی، چونكە موشكیلە ئەبێ، ئێمە ئەمانەوێ هەموو بە عەینی مستەویات بەكاریان بێنێ، ئێمە خەریكی ئەوەین كە نەختێ ئیرشادات بدەین بە شەریكەكان كە چۆن تەعامول بە موەزەفی ئێمە بكەن؟ دەرەجاتیان بۆ دانێن، مستوایان بەرز بكەن، كە تەدریبی بوو و خیبرەی بەرز بوو پارەی زۆرتری بدەنێ لە باتی ئەوەی خاریجی بێنی، ئێمە تەشجیعی ئەوە ئەكەین، بەڵام ناتوانین، چونكە لە نەوت ئیش دەكات یەكسەر 40 هەزار دۆلاری بدەیتێ، نا ناتوانین و ناتوانین فەرزیشی بكەین لەسەر شەریكات، بەڵام ئەگەر شتێكی تایبەتی هەیە و من ئاگادار نیم، حەز دەكەم بیبستم و حەلی ئەكەین بەسەر سەرم وموشكیلە نیە، دووبارە ئەبوایە زووتر بهاتبای، بەسەر چاو، بۆ سووتەمەنی و كارەبا چیتان كردووە؟ باسم كرد، تەعین كردنمان باس كرد، مەسەلەی صەلاحیات، ئایا ئەوە مەسەلەی صەلاحیاتە؟ تەبعەن مەسەلەی صەلاحیاتە، موشكیلەكەی ئێمە ئەوەیە نیزاعی شەخصی نیە، نیزاعی رەئی نیە، ئەوە رەئی من ئەوەیە، رەئی ئەوان ئەوەیە، ئەوە شتێكی دەستووریە بەراستی من لەبەر ئەوە زۆر پێخۆشحاڵ ئەبم، چونكە من ئەزانم ئەوە بە جیدی ئێوە وەریدەگرن، ئەزانن ئەوە شتێكی دەستووریە، سەیری دەستوور ئەكەی ئەگەر ئێمە شتێكی خراپمان كردووە؟ پێمان بڵێن با بیگۆڕین بەسەرچاو، ئێمە بۆ هاتووین بۆ ئێرە و قانونمان دانا؟ بۆ ئەوەی بە قانونی ئیش بكەین، قانون معیاری داناوە، عەقدی تەرتیب كردووە كە چۆن عەقد دەكرێ؟ بەو شێوەیە كردوومانە، باسم كرد لە ناحیەی ئیقتیصادیەوە كە عەقدەكان چی ئەكات بۆ كوردستان و بۆ هەموو عێراق، هیچ خەلەلی تێدا نیە لە ناحیەی ئیقتیصادیەوە، كەواتە هیچی خراپمان نەكردووە، سەرو پێنج ساڵێكی تر ملیۆنێك بەرمیل رۆژانە دەرئەچێ، ئەو بۆ مەصلەحەتی عیراقە و ئەبێ دەستمان ماچ بكەن نەك گلەییمان لەگەڵ بكەن، بەراستی نموونەیەكی فیدراڵی زۆر هەیە، من نامەوێ بچمە زۆر وڵاتێكی تر، بەس با باسی uaeبكەین، وڵاتی ئیماراتی عەرەبی، ئیتیحادیە لەوێ، هەموو ئیماراتیەك بۆ خۆی ئیش دەكات، پارە نەختێك جار و بار عیلاقەیان هەیە، هەتا وەزارەتیشیان شەریكاتیان هەیە، شەریكاتی خاریجی هەیە، عەقد دەكات، عەقدی موشارەكەی ئینتاج وەكو ئەو شتانەی كە باسمان كرد، قسمێكی خەدەماتیشیان هەیە، زۆربەی نەوتەكە لە ئیماراتەكە ئەمێنێتەوە و قسمێك ئەدات بە ئیتیحادی بۆ دیفاع و ئەو شتانە، ئەوە ناحیەی ئیمارات، وڵاتەكەش بەیەكەوە ئەژین، شەڕیان نیە، چونكە بوو بە مونافەسە، هەموو كەسێ مونافەسە لەگەڵ خۆشیان هەیە و هەموو كەسێك

یارمەتی یەکتریش ئەدەن، وڵاتانی تر، بچۆ بۆ کەنەدا، بۆ ئوستورالیا، هەمووی ئیتیحادیە، هەموو ئەو وڵاتانە بە ناحیەی ئیتیحادیەو ئیش دەکەن و بە تەئکید ناحیەی مالیەوە هەموو بەشدارن کە ئەوەی دەستوور کە ماددەی 12 دایناوە بۆ ئێمەش، جا لەبەر ئەوە کە فیدراڵی هەیە منافەسە هەیە، فیدراڵی تۆ ئیحتیکاری سوڵتەکە ناکەی لەگەڵ زەلامێکدا کە دانیشتووە لە وەزارەتێکدا، چەند وەزارەتێك هەیە و چەند موحافەزەیەك هەیە کە دەسەلاتی هەیە و ئەتوانێ عەقد بکات و ئەتوانێ مەنتیقەی خۆی تەتویر بکات، چونکە ئەو رەسمانەی کە پێشانمان داوە وهینمان کردووە کە مەنتیقەی دهۆك و مەنتیقەی سلێمانی و ئەمە سەرو پێنج ساڵی تر کوردستان ئەگۆڕێ بەقوربان، کە 10 بلیۆن دۆلار سەرف کرا لێرە تۆ وڵاتێکت دروست کردووە، ئەتەوێ واز لەوە بێنێ؟ بەسەرچاو ئەبێ سیاسەتی حکومەت ئەبێ وابکات، مفاوەزاتی دەستووری بکاتەوە؟ ئەوە من هیچ نیم ناتوانم، من یەك شەخصم کە صەوتم هەبێ لەسەر ئەوە، خۆتان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن و، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاك د.ئاشتی /وەزیری سامانە سروشتیەکان، بەراستی دانیشتنەکی گرنگ بوو، تێگەیشتنێکی باشمان پەیدا کرد هەموو لایەکمان و رۆشنبیریەکی تێر و تەسەل بوو لەسەر کاروباری وەزارەت لەو ماوەی رابووردوودا بە تایبەتی مەسەلەی نەوت و گرێبەستەکان، ئومێد دەکەم ئەو دانیشتنانە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی وەکو بەرنامەی خۆیان هەیە بە شەفافیەت کارەکانیان بۆ هەموو کۆمەلانی خەڵك روون و ئاشکرا بێت، جارێکی تر سوپاسی دەکەم، سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ماندوو بوون و پرسیارەکانیشتان هەمووی بەجێ بوون و کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنم، بەرنامەی کاری بەیانیشمان سەعات 11 بۆتان تەوزیع کراوە، چەند پرۆژەیەك خوێندنەوەی یەکەمی تێدایە، گفتوگۆ دەکەین لەسەر راپۆرتی لێژنەی تەندروستی و کۆمەلایەتی، لەسەر گرفتی دەرمان و خۆراك و چارەسەرکردنیان بە ئامادە بوونی وەزیری بازرگانی و وەزیری تەندروستی و وەزیری پلان دانان و وەزیری ناوەخۆش، تا بەیانی کۆتایی دێنین و خوا حافیزتان بێت.

فرست احمد عبدالله　　　　محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)　　　　عدنان رشاد مفتی

| | | |
|---|---|---|
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 13\5\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

### سێ شەممە ڕێکەوتی 2008/5/13

کاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی ســێ شــەممە ڕێکــەوتی 2008/5/13 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (17)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ ڕێكەوتی 2008/5/13 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 ـ خوێندنەوەی یەكەمی یاسای دانانی پلەی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاكی كارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.**

**2 ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 26 ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.**

**3 ـ گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنی گرفتی دەرمان و خۆراك و چارەسەركردنیان و ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی لەبارەیەوە و بە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەكان.**

**4 ـ خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 31 ی ساڵی 2007 ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە كێشان لە هەرێمی كوردستانی عیراق كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان دەكەینەوە لە خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەمی 2008، خولی گرێدانی یەكەم، دانیشتنی ژمارە 17، ڕێكەوتی 2008/5/13، كاتژمێر 11,12 پێش نیوەڕۆ. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بریتی یە لە:**

**1 ـ خوێندنەوەی یەكەمی یاسای دانانی پلەی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاكی كارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.**

**2 ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 26 ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.**

**3 ـ گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنی گرفتی دەرمان و خۆراك و چارەسەركردنیان و ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی لەبارەیەوە و بە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەكان.**

4 ـ خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 31 ی ساڵی 2007 ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەرێزان وەزیری ناوخۆو کاك عثمان، وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەرێم، وەزیری تەندروستی کاك د. زریان، وەزیری بازرگانی کاك محمد، وەزیری پلاندانان کاك عثمان، د. مؤيد لێپرسراوی کۆنترۆڵی نەوعی لە هەرێمی کوردستان، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان کە لە گەڵمان بەشدارن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە سەر مەنسە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەردوو خاڵی یەکەم و دووەم.

1 ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای دانانی پلەی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاکی کارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

تەبعەن ئەوەش لە کۆبوونەوەیك دا باسی لێوەکرا کە ژمارەی یاسایی پێشکەشی بکەن، 12 ئەندام لەوانە: کاك شێروان، کاك سەردار، کاك طارق، کاك عونی، کاك کریم، کاك خلیل، کاك عبدالکریم، کاك محمد صالح، کاك د. ناصح، کاك شوقی، کاك قادر، کاك رشاد، ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، داوایان لێ دەکەم بیخوێننەوە، کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيدجامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## بڕیاری ژمارە ( ) ی ساڵی 2008

1 ـ پلەیەك بە ناونیشانی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاکی کارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق لە نوێ دادەندرێت و یاسای خزمەت وخانەنشینی ئاسایشی ناوخۆیان بەسەردا دەسەپێندرێت کە لە هەرێم دا کاری پێکراوە.

2 ـ ئەم بڕیارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو ناونیشانە دامەزراون بەر لە دەرچوونی، باریان لەبەر روناکی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزی ئاسایشی ناوخۆ هەموار دەکرێت.

3 ـ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

4 ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقائع کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## قرار رقم ( ) لسنة 2008

**أولاً/ تستحدث على ملاك منتسبي المجلس الوطني لكوردستان العراق درجة بعنوان (حرس الشرف) ويطبق بحقهم قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي النافذ في الاقليم.**

**ثانياً/ يشمل هذا القرار المعينين بهذا العنوان قبل صدوره ويعدل وضعهم على ضوء قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي.**

**ثالثاً/ لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القرار.**

**رابعاً/ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ تاوتوێ کردن و دیراسەت کردنی و ئامادەکردنی راپۆرت بۆ ڕۆژی دیاری کراو، تەبعەن دیارە کە مەبەستمان حەرەس شەرەفی پەرلەمانە، ئەوانەی کە ڕادەوەستن، تێکەڵاوینەکەن لەگەڵ شتی تر ، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە. ئەو بەرێزانەی کە پێشتر ئاماژەم بە ناوەکانیان کرد ئەم پرۆژەیان پێشکەش کردووە، بفەرموون بۆ خوێندنەوەی، کاك طارق فەرموو.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ساڵی 2007**

**ماددەی 1:**

**1- بڕگەکانی 2و 3و 7، لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە 26ی ساڵی 2007ی (یاسای هەموارکردنی پیادە کردنی باجی داهاتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق) هەڵدەوەشێتەوەو دووبارە کار بە حوکمەکانی هەڵوەشانەوەکە پێش هەموارکردنەکە دەکرێت.**

**2- بڕگەی 8ی ماددەی 2 لە یاسای سەرەوە هەڵدەوەشێتەوەو وە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**فەرمانگەی تایبەتمەندی تۆمارکردنی خانووبەرە لە کاتی جێبەجێ کردنی مامەڵەکانی گواستنەوەی موڵکایەتی خانووبەرە باجێك لەو فرۆشیارە وەردەگرێت کە بڕگەی 1 نایگرێتەوە بە ڕێژەی 0,05 بە داهات بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت بە بێ ئەوەی پێویست بکات مامەڵە بنێردرێت بۆ فەرمانگەی باج لە هەرێم .**

**ماددەی 2:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی 3:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ و حوكمەكانی ئەم مامەڵەش دەگرێتەوە كە تەواو نەبوون و پێش جێبەجێ كردنی هەبوون و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

هۆیەكان و پێویستیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبەرئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لەم یاسایە دا سووك كردنی باری گرانی باج بوو لەسەر شانی هاووڵاتیان، بەڵام هەست كرا ئەم ئامانجە بەدی نەهات، جگە لەوەی كە جۆرێك لە شێواندن و ئاڵۆزی و دواخستن لە ڕواندنی مامەڵەتی خوڵقاند بە مەبەستی بەدی هێنانی نیازی یاسادانەر بە سووك كردنی باج و خێرایی ڕاپەڕاندنی مامەڵەكان و بەرەنگار بوونەوەی ڕۆتین ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مشروع قانون تعديل الاول للقانون رقم 26 لسنة 2007

المادة 1:

1 ـ تلغى فقرات 2 ،3 ،7 ، من المادة 2 من قانون رقم 26 لسنة 2007 قانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في الاقليم كوردستان - العراق، ويعاد العمل باحكام الفقرات الملغات قبل التعديل.

2 ـ تلغى الفقرة 8 من المادة 2 من القانون اعلى ويحل محلها مايلى:

تستوفى دائرة التسجيل العقارى المختصة اثناء اجراء معاملات نقل ملكية العقار من البائع غير المشمول بالفقرة 1 اعلى ضريبة بنسبة 0,05 وتقيد ايراداً لخزينة الاقليم دون الحاجة الى احالة المعاملة الى دوائر الضريبة في الاقليم.

المادة 2:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة 3:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره ويسرى احكامه على المعاملات غير المكتملة والسابقة على نفاذه وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

بما ان الهدف الاساسى من القانون كان تخفيف العبء الضريبى عن كاهل المواطنين ولكن لعدم تحقيق ذالك الهدف اضافة الى خلق نوع من الارباك والتعقيد والتاخير فى تمشية معاملات المواطنين ولغرض تحقيق نية المشرع بالتخفيف الضريبى وسرعة انجاز المعاملات ومكافحة الروتين، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیەش گرنگە و پەیوەندی بە ژمارەیكی زۆر لە هاووڵاتیانەوە هەیە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، لەبەرئەوە دەبێت ئینتیباهی بكەن، لەگەڵ لیژنەی یاسایی پێویستە راپۆرتی هاوبەش پێشكەش بكەن بەبێ دواكەوتن لە گەڵ ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز هەریەكە نوسخەیەكیان بدرێتێ، ئەو رۆژەی كە راپۆرتەكە ئامادەكرا بەزووترین كات ڕۆژێك دیاری دەكەین بۆ گفتوگۆ كردن لەسەری. خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار (گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنی گرفتی دەرمان و خۆراك و چارەسەركردنیان و راپۆرتی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی لەبارەیەوە و بە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەكان)، داوا لە سەرۆكی لیژنەی تەندروستی دەكەم بێت دابنیشێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی خۆیان، حەزیش دەكەم روونكردنەوەیەك بدەم بۆ ئەندامانی بەرێزو هەروەها بۆ وەزیرە بەرێزەكانیش، دانیشتنی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و وەزیرەكان ڕێكخراوە بە پێی نیزامی داخلی پەرلەمان، دوو جۆرە دانیشتن هەیە، دانیشتنێك هەیە كە تا ئێستاكەش بەردەوام بووینە لەسەری، ئەویش گفتوگۆ كردنە لەسەر مەسەلەكان كە لە لایەن لیژنەكانەوە داوا دەكرێن لەسەر ئەو موزوعانەی كە پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە، باسكردنیەتی، وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەیە كە ئاراستەیان دەكرێت، ئەمڕۆ ئەو دانیشتنە لەسەر ئەساسی ئەو بەرنامەیەیە كە لە لایەن لیژنەی تەندروستیەوە و لیژنەكانی تریش سەردانی بازاڕەكانی سلێمانی و هەولێرو ناوچەكانی تریان كردووە، ئەو دیاردەیان كردووە بە راپۆرتێك (دیاردەی خۆراكی بەسەرچوو و خراپ بوو، دەرمانی بەسەرچوو)، چونكە ئەوە پەیوەندی بە هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە، دیارە هەندێك جار لە تەسریحاتەكاندا باسی ئەوە دەكرێت كە ئەو نەوعە دانیشتنە هەندێك برادەر وای تەسریح دەدات كە لێ پێچینەوەیە و لێ پرسینەوەیە، تەبعەن ئەو دانیشتنانە لێ پرسینەوە نیە، چونكە دانیشتنی موسائەلە لە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری كراوە، سیستەمی خۆی هەیە، پێشتر دەبێت لیژنەكان و بە پێی مەعلوماتێكی دەقیق، لێكۆڵینەوەیەكی دەقیق ئامادەبكرێت، ئەو جۆرە دانیشتنانە دانیشتنی لێپێچینەوە نیە، موسائەلە نیە، دانیشتنێكە، گفتوگۆ كردنە لەسەر دیاردەیەك كە پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە، چونكە هەدەفی ئێمە خزمەت كردنی هاووڵاتیانە، چارەسەر كردنی گیروگرفتەكانیانە، نەهێشتنی دیاردەی خراپە لە هەموو جێگایەك، لە وزارەتەكان بێت یان لە بازاڕەكان، پێویستی بە هاوكاری ئێمەو حكومەتیش دەكات، پێویست بە هاوكاری هەموو لایەنێك دەكات، بەڵام ئەگەر لێپرسینەوە بێت دیاردەیەكی خراپە، گەندەڵیەكە دەست نیشان كراوە، لێپرسراوەكە دیارە، لێرەدا ئاراستەی دەكرێت، بەرپرسیاریەتەكەی دیاری كراوە، ئەو مەسئولە بەرپرسیارە لەو كارە بە پێی ئەو بەڵگانەی كە تەقدیم دەكرێت، پێشتر دەبێت لیژنەكان ئامادەیان كردبێت، بە پێی نیزامی داخلی خۆمان ئەو كاتە دەتوانین بڵێین دانیشتنی موسائەلەیە، بۆیە حەزم كرد ئەوە باس بكەم، چونكە هەندێك لە برادەرانی وەزیر ناڕەحەت بوونە، حەقیشیانە كە هیچ شتێك ئاراستەیان نەكراوە، هیچ توهمەیەكیان ڕووبەڕوو نەكراوەتەوە، تاوەكو بڵێین وەرنە ئێرە بۆ موسائەلە، پەرلەمان تەبعەن حەقی خۆیەتی ئەو شتە

بکات، بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەو شتە، چونکە مەسئولیەتی خۆیەتی، بەڵام هەر بانگ کردنێکی وەزیر ئەگەر وا تێ بگات بۆ ئەوەیە، حەقی خۆیەتی بڵێت ئەوە داخل و زمنی ئەو دانیشتنە نیە، ئیعتراز گرتنەکەی تەبیعیە، د. فؤاد فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی چەندساڵێکە کەرستەی دەرمان و خواردەمەنی بە بێ چاودێری و لێکۆڵینەوە دێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی تری عیراق و سنووره نێو دەوڵەتیەکانی کوردستان کە بووەتە هۆی تێك دانی باری تەندروستی هاووڵاتیانی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باری ئاسایشی نەتەوەییمان لە بواری دەرمان و خۆراك دا لەژێر هەڕەشەیەکی گەورە دایە، کە زیانێکی گەورە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەگەیەنێتن ئەمەش لە زۆر لاوە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناك.

بەرێزان نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لە چاو 7 ساڵ لەمەو پێش نزیکەی چوار بەرامبەر زیادی کردووە، بۆ نموومە لە ساڵەکانی 2000 دا ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لە پارێزگای سلێمانی 250 ـ 300 نەخۆش هەبووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە هەر بەرەو هەڵکشان دەچێت بۆ نموونە ساڵی 2006 لە پارێزگای سلێمانی 782 نەخۆشی شێر پەنجە تۆمارکراوە، ساڵی 2007 یش لە پارێزگای سلێمانی 1067 نەخۆشی تۆمارکراوە، لە ساڵی 2008 یش تا ڕۆژی 4/1 بۆ ماوەی 3 مانگ 283 نەخۆش تۆمارکراوە، تەبیعی ئەمە هەر بۆ نموونەیە، لە ڕاستی دا شارەکانی تریش هەر بەو شێوەیە هەمان کێشەیان هەیە، ئەم ڕێژانە زۆر ترستناکەو زیانێکی زۆر گەورە بە کۆمەڵگای کوردستانی دەگەیەنێت، هەرچەندە هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە بە شێوەیەکی زانستیانە ئاسان نیە کە بۆ هۆکارێکی تایبەت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی رووی داوە پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان لە سالآنی 87 و 88 بە هۆکارێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ پیس بوونی ژینگەو دروست بوونی چەندین نەخۆشی ترسناك و درێژخایەن، خوارنی ناتەندروستی و هاوردە بە ڕای چاودێرانی پزیشکی ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی چەندین نەخۆشی ناکاو و درێژ خایەن، لەم دواییە دا بە سەدان تەن خۆڕاکی خراپ و بەسەرچوو لەلایەن دەزگا تەندروستیەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و سوتێنراون، بەڵگەیەکی تر بۆ خراپی خواردن ئەوەیە کە بەر لە چەند مانگێك کۆمپانیایەکی خۆراکی بیانی نموونەی برنجی بازاڕەکانی کوردستانیان وەرگرتووە دەریان خست کە ڕێژەیەکی زۆری ماددەی ئەفلۆتۆکسینی تێدایە کە ئەمە جۆرە کەڕووەکە (فطریات) بۆماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی تووش بوون بە شێرپەنجەی جگەر، زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیان گلەیی دەکەن لەو خواردنانەی کە لە بریکارەکانی خۆراك وەری دەگرن، کە پێیان وایە بۆ خواردنی مرۆڤ ناشێت، بۆیە داواکارین بە پەلە چارەسەری ئەم کێشەیە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عیراق دا بکرێت، بەڵگەشمان لایە کە ڕاستی ئەو بێ کەڵکی خۆراکە دەسەلمێنێت.

بەرێزان، خواردن و خواردنەوە بە هۆکاری گرنگ دەژمێردرێت بۆ گواستنەوەی چەندین نەخۆشی بۆ مرۆڤ، وەکو گرانەتا و کۆلێراو سك چوون و ڕشانەوە، چەندین نەخۆشی تری ترسناك، بە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی خۆراك لەسەر ئاستی جیهان و کوردستان، ئەمە گرفتی گەورەی بۆ هەموو حکومەتەکانی جیهان دروست کردووە، بۆیە هەموو لایەك لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ دابین کردنی خۆراکی خاوێن و تەندروست، ئەم نەخۆشیانە لەسەر ئاستی جیهان مەترسیەکی گەورەی دروست کردووە، بۆنموونە تەنها لە ساڵی 2005 دا 1ملیۆن و 800 هەزار کەس بە هۆی سك چوونەوە مردوون، کە زۆربەیان بەهۆی خواردن و خواردنەوەی پیسەوە تووشی ئەوە بوون، لە ئەمریکا ساڵانە 5 هەزار هاووڵاتی بە هۆی نەخۆشیەکانی گوازراوە لە ڕێگای خۆراکەوە گیانیان لە دەست دەدەن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی 2000 هەندێك ڕێنمایی دەرکرد وەك بڕیار کە سەلامەتی خواردن بەرجەستە دەکات، وەك بەشێکی گرنگ لە پارێزگاری تەندروستی کۆمەڵ، دابین کردنی بڕێکی زۆری خۆراکی هەرێم لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بە درێژایی 17 ساڵی ڕابردوو هاووڵاتیانی دووچاری چەندین نەخۆشی کردووەتەوە بە تایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری لە ئاوارەو ڕاگوێزراوان روویان لە کوردستان کردووە، سەرباری وشکە ساڵی و کەمی ئاوی خواردنەوە، ئەمانە هەر هەموویان وایان کردووە کە نەخۆشیە گوێزراوەکان پەرەبسێنێت و زیانی گەورە بە ژیانی مرۆڤ و ئابووری هەرێم بگەیەنێت، کۆنترۆڵ کردنی ئەم کێشەیە هاوکاری هەمە لایەنەی دەوێت لە نێوان حکومەتی هەرێم و هەموو ئەو جێگاو دەزگایانەی پەیوەستن بە هێنان و ئامادەکردنی خۆراك و سەرجەمی هاووڵاتیان، یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی بۆ دابین کردنی خۆراکی هاوردەی تەندروست لە ڕێگای دامەزراندنی دەستەی کۆنترۆڵەوە دەبێت، بۆ ئاگاداریتان لیژنەکەمان زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەو گرفتە کۆکردووەتەوە بەو شێوەیە، لە پارێزگای هەولێر دەرمانی جۆراو جۆر بە قەبارەی جیاجیا لەناو براون لە کۆمەڵگای ناوەندی دەرمان، جگە لە چەندین تەن خواردنی ناو بازاڕەکان، لە پارێزگای دهۆك 59 تەن خۆراکی خراپ سوتێنراوە لەگەڵ بڕێکی زۆر لە دەرمان، لە سلێمانی پتر لە 300 ماددەی دەرمانی جۆراو جۆر بە قەبارەی جیاجیا زیاتر لە 30 تەن خۆراك و ئاوی ناتەندروست لە ناو براوە، بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە ڕۆژی 5/6/ 2008 بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی لیژنەکەمان پێشوازیمان کرد لە بەرێزان کاك عثمان شوانی وەزیری پلاندانان و کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و بەرێزان د. مؤید عبدالرحمن سەرۆکی دەستەی کوالیتی کۆنترۆڵی خۆراك و بەرێز د. رەمزی عثمان سەرۆکی دەستەی کوالیتی کۆنترۆڵ کردنی دەرمان، لە مانگی 1 ی 2008 دا دەستەی کوالیتی کۆنترۆڵی خۆراك لە وەزارەتی پلاندانان دامەزراوەو تاقیگەیەکیان لە هەولێر ئامادەکردووە لە ماوەی چەند هەفتەیەك دا دەکەوێتە گەر، بەردەوامن لە دامەزراندنی تاقیگەی هاوشێوە لە سلێمانی و دهۆك و خاڵە سنووریەکان، هەروەها بڕیارە لە 2008/7/1 دا مۆڵەتی هاوردەی جۆری کاری پێبکرێت، ئەم دەستەیە پەیوەندیان کردووە بە هەموو وەزارەتە پەیوەندارەکانی هەرێمەوە وەك تەندروستی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و وەبەرهێنان و ناوخۆ و ژینگە، ئێستا لە ئەنجومەنیوەزیران تاقیگەی بیناسازی

لیژنەیەکی بالاًیان پێکهێناوە لەسەر ئاستی بەرێوبەرە گشتیەکان و پەیوەندیان کردووە بە وەزارەتی پلاندانانی عیراق و رێکخراوی سیدای سویدی و چەندین دەزگای نێو دەوڵەتی بۆ کوالیتی کۆنترۆڵ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پێویستیەکانیان بۆ دابین کردوون و پلانیان دارشتووە کە لە ماوەی دوو ساڵ دا بتوانن ئەم ئەرکە بە توانایەکی بەرز ئەنجام بدەن، یان بەکورتی بۆ بەسیستەم کردنی ئەم پرۆژەیە، دەستەیەکی تر دامەزراوە بۆ کۆنترۆڵی دەرمان لە مانگی 11 ی 2006 ەوە، لە 4/20/ 2008 ئەم دەستەیە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی تەندروستی، کە ئەرکی سەرەکی بریتیە لە کۆنترۆڵی دەرمان و کەل و پەلی پزیشکی تا ئێستا مۆڵەتی دامەزراندنی دوو کارگەی موغەزیان لە هەولێرو سلێمانی بەخشیوەو ئامادەن لە 2008/6/1 ەوە دەست بە کار بن بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاری دەرمان.

بەرێزان، هەڵگرتن و بە قوتو کردن و گواستنەوەی خواردن پێویستی بە ئاوێتە کردنی چەندین ماددە هەیە، کە تێکرا پێیان دەگوترێت ماددە زیادکراوەکان، هەندێك لەو ماددەیانە ئەگەر بەرێژەیەکی دیاری کراو نەکرێنە ناو خواردنەکانەوە ئەوا زیانێکی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێت وەك نایترات، ئەو ئالیکەی کە دەدرێت بە مەرو مالاًت کە رێژەکەی ئەگەر رێژەیەکی بەرزی ئەفلەتۆکسینی تیابێت لەوانەیە ئەو ماددەیە لە شیری ئەو ئاژەلاًنە دەرکەوێت و ببێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مرۆڤ، بۆیە هاوکاری وەزارەتەکانی تر لەم رووەوە بە تایبەتی وەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵ زۆر پێویستە، مەترسیەکی تریش بەکارهێنانی سەمادی نایترۆجینە لە کشتوکاڵ بەرێژەیەکی بەرز وە دزە کردنی ئەم ماددەیە بۆ ناو ئاوی خواردنەوە بە رێژەی بەرز دەچێتە ناو مە ثە هیمۆگلۆبینیا کە ئەمە هۆکارێکە بۆ شێرپەنجەی پێست، بۆیە گەلێك لە ولاًتانی پێشکەوتوو ماددەیەکی تر بەکاردەهێنن لە کشتوکاڵ دا پێی دەگوترێت ( بایەفیتەلایزەر).

پێمان باشە سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشین کە لە سلێمانی وهەولێر نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیەکانی شێرپەنجە کراوەتەوە بە چاودێری چەندین دکتۆری شارەزا، کە خزمەتێکی گەورە بە هاوولاًتیان دەگەیەنن، بۆ نموونە تەنها لە نەخۆشخانەی هیوا سلێمانی لە یەك مانگ دا نزیکەی 1400 نەخۆش دەبینین کە نەخۆشی کۆن وتازەن، هەروەها لە هەولێر نزیکەی 3 هەزار تا 4 هەزار نەخۆش دەبینین، بەلاًم ئەم دوو نەخۆشخانە پێویستیان بە راهێنانی کارمەند و پزیشکەکان هەیە، لە نەخۆشخانە تایبەتمەندەکانی دەرەوەی هەرێم، گەلێك لە دەرمانە تازەکان دەست ناکەون، بۆیە بەرێوبەرایەتیە تەندروستیەکان ناچارن بە برە پارەیەکی زۆر بەردەوام دەرمانیان بۆ بکرن، بۆ نموونە لە ماوەی 4 مانگ دا تاوەکو 2008/5/1 بایی 1ملیارو 750 ملیۆن دینار دەرمان کراوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، هەردوو نەخۆشخانەکەی سلێمانی و هەولێر ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشی دەرەوەی هەرێم دەبینن کە دەکاتە نزیکەی 40٪ ی نەخۆشەکانیان، بۆیە پێویستە بەشی دەرمانیان لە بەغداوە بۆ زیادبکرێت و پرۆژەی فراوان کردنی نەخۆشخانەی نانەکەلی ئەنجام بدرێت و برەوی زیاتر بدرێت بە راگەیاندن، هەروەها هانی هاوولاًتیان و لێپرسراوان بدرێت کە پیتاك پێشکەش بەم ناوەندە بە کەلکە بکەن وەکو ئەوەی لە هەموو جیهان دا پەیرەو دەکرێت، زۆر سوپاس.

ئەگەر سەرۆكی پەرلەمان رێم بدات هەندێك روونكردنەوە لەسەر ئەم راپۆرتە بدەم سوپاستان دەكەم، كێشەی خواردن و دەرمان لە كوردستان داكێشەیەكی بەربلاّوەو هەمە لایەنەیە، لە ڕاستی دا ئەوەی كەوا ئەمرۆ لەو دانیشتنە ئێمە مەبەستمانە باسی لێوە بكرێت، ئەوەیە كە روونی بكەینەوە كە حكومەتی هەرێم چی لەسەرشانە بیكات و هەروەها چیشی كردووە؟ ئەو هەنگاوانە چین كەوا دەبێت بگیردرێتە بەر بۆ زامن كردنی خواردنی پاك و دەرمانێكی بەسەلامەت، تەبیعی چاكترین ڕێگە ئەوەیە كەوا خۆمان دەرمانمان هەبێت و خۆمان خۆراكمان هەبێت، بەلاّم هەموومان دەزانین، ئێستا بەرهەمی بەروبومی ناوخۆمان بەشی هەموو خۆراكی هاوولاّتیان ناكات، لەبەرئەوە خۆراك لە دەرەوە دێت، دەرمانیش بە هەمان شێوە، هەرچەندە ئێستا دوو كارگەی دەرمان مۆڵەتی پێدراوە، تەبیعی چارەسەری گەورە ئەوەیە كەوا ئەو كارگانە بكەونە ئیش و دەرمان لە ناوخۆ دروست بكرێت، بەلاّم هەموو ولاّتەكان ئەم كێشەیان بەوە چارەسەر كردووە كەوا مەعایرێكی گشتی و پێوانەیەكی گشتیان داناوە بۆ ئەو خۆراك و دەرمانانەی كە دێنە ناو ولاّتەكەیانەوە، ئێمەش ئێستا كێشەی گەورەمان ئەوەیە كەوا چۆن ئەم پێوەرە نێو دەوڵەتیانە لە ولاّتی ئێمە دا بە كار بێت، ئەمەش لە ڕێگای سیستەمێكەوەیە كە پێی دەگوترێت كوالّتی كۆنترۆڵی جۆری بۆ هەموو خواردن و دەرمانێك كە دێتە ناو هەرێمەوە، ئێستا وەزارەتی پلاندانان دەستەیەكی دامەزراندووە بۆئەم كارە كە پێی دەگوترێت كوالّتی كۆنترۆڵی خۆراك، لە وەزارەتی تەندروستیش دەستەیەك بەم نزیكانە پەیوەندیان پێوە كردوون كە پێشتر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوون بۆ كوالّتی كۆنترۆڵی دەرمان، لەبەرئەوە لە ڕاستی دا ئەركی سەرەكی ئێمە ئەوەیە كەوا چۆن ئەم خۆراك و دەرمانانە كە دێتە ناو هەرێمەوە بە چ شێوەیەك چاودێری دەكرێت؟ ئەم دەستەیە چۆن بە كارەكانیان هەڵدەستن؟ چیشیان بۆ دابین كراوە؟ كەوا دوایی هیوادارم وەزیری تەندروستی و وەزیری پلاندانان بۆمان روون بكەنەوە كە زیاتر بۆ ئەوەی هەموو هاوولاّتیان ئاگایان لێ بێت، لەبەرئەوە كێشەكان زۆر بەربلاّون، ئێمە ئێستا دەمانەوێت تەنها تەركیز بكەینە سەر ئەوەی كەوا ئەم كوالّتی كۆنترۆڵە چۆن جێبەجێ دەكرێت، چونكە ئەمە چارەسەری ڕاستی ئەو گلەیی و گازاندەیە كە ڕۆژانە لە بازاڕەكانی ئێمە قسەی لێ دەكرێت، چونكە بەڕاستی لیژنەكانی تەندروستی بە هاوكاری هەموو لیژنە پەیوەندارەكان لە ئیداراتی ناوخۆ سەرپەرشتی بازاڕ دەكەن، هەموومان دەبیستین كەوا وەكو باسم كرد لە راپۆرتەكەمان دا چەندین تەن دەرمان و خۆراك دەسووتێنرێت، بەلاّم چارەسەر ئەوە نیە، چارەسەر ئەوەیە چۆن بتوانین ئەو شتە نابەجێیانەی كەوا ناتەندروستن وبۆ خۆراكی بەشەر ناشێن بێنە ناو هەرێمەوە، د.هالەش چەند نموونەیەكی باشی لەلایە كەوا بەڵگەی باشن و ئەوە دەسەلمێنێت، یەعنی كێشەكە لەوە نیە كە ئەو دەرمان و خۆراكانەی بەسەرچوون، دەبێت ئەوانەی كە دێن بە هەموو شێوەیەك، دەبێت بە پێی پێوانەی نێو دەوڵەتی بن، بەسەر چوو بن یان بەسەر نەچوو بن، بەسەر چووبن زۆر خراپترە، بەلاّم ئەگەر بەسەریش نەچوو بن، دەبێت بە پێی پێوەری نێو دەوڵەتی گونجاو بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. هاله فەرمووو.

**بەڕێز د. هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن.**

له زنجیرەی بە دواداچوون کە لیژنەمان پێك هێنا لەو سێ، چوار مانگەی ئەخیر سەردانی ئەو دەزگا نوێیەمان کرد کە کوالێتی کۆنترۆڵ، بۆمان دەرکەوت کە ئەو سەنتەرە ئەو بەشە خۆراکەی بە ڕێگای بریکاری خۆراك وەردەگیردرێت هیچ مواسەفاتی تێدا نیە و زۆربەی خۆراکەکە ناشێت بۆ مرۆڤ، یەعنی هەموو تەقریرەکان کە لە تورکیا و لە کەنەدا نەتیجەیان ناردووە، ئەو بەشە خۆراکە بۆ مرۆڤ دەست نادات، ئێمە لە تەقریری خۆمان تەرکیزمان لەسەر ئەوە کردووە، کە ئەو خۆراکە بەر ڕێگای وەزارەتی تیجارەی عیراق دێت، لەبەرئەوە پێویستە و داوا لە بەڕێز وەزیری بازرگانی دەکەم کە ئەو کێشەیە حەل بکرێت، ناکرێت ئێمە تا ئێستا ڕابوەستین کە ئەو تەقریرەو بەڵگەمان لایە ئەوە مەترسیەکی گەورەی لای هاوولاتی دروست کردووە، لەبەر ئەوە حەز دەکەین وەزیری بازرگانی ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە، چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە، بەڵگەکانیش کە هەمانە لە هەموو فەقەرەکانی خۆراك لە برنج و رۆن و چا و سابوون، هەموو ئەمانە فەحس کراوەو دەست نادات بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایش دەڵێت راپۆرتمان هەیە، ئاریان خان فەرمووو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزگایەك ئێستا دامەزراوە لە کوردستان کە دەزگای ( کوالێتی کۆنترۆڵ)ە کە دەستی بەکارکردووە لە مانگی 11 ، سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێستا بووەتە دوو بەش، بەشی خۆراك کە سەر بە وەزارەتی تەختیتە و بەشی دەرمان کە سەر بە وەزارەتی تەندروستیە، بەڕاستی کێشەی دەرمان و هاوردنی دەرمان بۆ کوردستان شتێکی زۆر زۆر گرنگە، ئێستاش بووەتە مۆڵەتی مەعنەوی کە لە وەزارەت وەردەگرن، مۆڵەتی شروتی سەحی کە لە وەزارەتی تەندروستیە، ئەو شتە کێشەیەکمان بۆ دروست دەکات، دیتمان 34 شەریکە زیاتر مۆڵەتی وەرگرتووە لە وەزارەتی بازرگانی، بەڵام تەنها 24 لەوانە تەسجیل کراون لە وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستیش پاش دەست بەکاربوونی لە 6/1 دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ کە لە 80٪ ی تەسجیلی ئەو شەریکاتانە تەواو دەبێت لە 2009/1/1 ، پاش تەسجیل و دەست بەکاربوونی تەبعەن ئەوەش سیلسیلەیەکی زۆر زۆر درێژە، کارکردنی کوالێتی کۆنترۆڵ و تۆمارکردنی، لەو حاڵەتە روونکردنەوەکمان دەوێت لە جەنابی هەردوو وەزیر، کە لێرە ڕەچاوکردنی قانونی ئیستیسماریش بکەن، خاڵێکی تایبەت کە باسیان نەکردووە، چەند مەرجێك و خاڵێك هەیە بۆ هێنانی دەرمان و جۆریەتی دەرمان بۆ ناو کوردستان، خاڵێکی تریش هەیە حەز دەکەم باسی بکەم موئەسەسەیەك هەیە لە حکومەتی مەرکەزی پێی دەڵێن (مؤسسة مقاييس التقيس والسيطرة النوعية)، کە ئەوە لە قانونی 1979 دا هەیە،

ئێستا تەفعیل کراوەتەوە لە زمنی ئەو قانونەش (حيماية المنتج والمستهلك) ی تێدایە، هەتا ئێستا موختەبەراتیان ئیشی نەکردووە، بەڵام ئیعتمادیان لەسەر ستاندەری مەقایسی بریتانی و یابانی دەکەن، ئیعتیماد لەسەر دەستوری ئەغزیەی کۆلێکس دەکەن، ئەوەش هەیئەتێکی کاملە، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانانی بەغدا، بەڵام ئەوەی بیستمان کە حکومەتی کۆری شتێکی یەکجار زۆری بۆ بەغدا ناردووە لە بواری موختەبەرات، ئێمە کە باسی موختەبەرات دەکەین باسی قەوانین نەکراوە، قانون هەم مەعاییر و مەقایسی پێویستە، دەبێت دەربکرێت پێش ئەوەی بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوە حەزمان لێیە روونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدرێت، باسی ئیستیرادی دەرمان کرا، لیژنەیەکی تایبەت هەیە لە وەزارەتی تەندروستی مەسئولە لەسەر ئیستیرادی دەرمان، تەبعەن ئێستا پەیوەندی هەیە، وەزارەتی تەندروستی دەرمانی هەموو لە بەغدا بۆ دێت کەمیەیەکە، بەڵام کێشەکانی تر ئەوەی کە لەناو هەرێمە جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، ئێستا ئێمە زیاتر فکر لە نەخۆشیەکان دەکەینەوە و بەشێکیش نەشتەرگەریە، ئەو تەنسیقە چیە؟ یەعنی تەعامل کردنەکە چۆنە؟ سیستەمی هاوردنی دەرمان بە چ شێوەیەکە؟ چ نەوعە ئایتمێکی هاوبەش لەو شەریکاتانە هەیە کە دەرمان دەهێنێت؟ ئەوەش یەك نەوعە دەرمان لە زۆر شەریکات دێت، خاڵێکی تریش ئەگەر باسی تەسعیری دەرمان بکەین، جەنابی وەزیر باش دەزانێت کە تەسعیری دەرمان ئیعتیماد لەسەر چەند پێوەرێکی تایبەت دەکات، بۆ نموونە ئیتیحادی ئەوروپی و 9 دەوڵەتەکە و دەخلی عائیلی و زەمانی ئیجتیماعی، چەند ئەساسیات هەیە بۆ ئەو تەسعیرانە، چ هەنگاوێك کراوە لە کوردستان بۆ ئەو تەسعیری دەرمانە؟ هەروەها چەند کارگەیەکی دەرمان کراوەتەوە بۆ زەمانی دیفاع کردن لەسەر مەنتوجاتی وەتەنی؟ چ نەوعە هەنگاوێك نراوە؟ ماعەدا ئەوەی پەیوەندی و هەماهەنگی لە کوردستان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو مەوادانەی کە دێنە ناو کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راپۆرتەکەتان بە ئێمە نەگەیشتووە، ئەگەر حازرە دەبوو بۆمان بنێرن و بیدەینە وەزیرەکانمان، ئەگەر دەیخوێنەوە فەرموو د.دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتەکەی ئێمە ئامادەیە و پەیوەندیشی هەیە بە بابەتەکەوە، بەڵام خۆزگە جەنابی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش لێرە بوایە، چونکە بە ڕاستی ڕایەك هەیە کە ئێمە حەقی لیژنەی تەندروستی نەخۆین و بابەتەکەش گرنگی خۆی هەیە، ڕاستە پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، ئەگەر جەنابتان پێتان چاکە لە ڕۆژێکی تایبەت دا ئەم برا بەرێزانەو وەزیریش و جەنابی کاك هێرشیش بانگ بکرێت زۆر چاکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە ئەو دانیشتنەمان تایبەتە بە دیراسەت کردنی دیاردەی خۆراکی بەسەرچوو و دەرمانی ئیکسپایەر، ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو تەوەرە دایە ئەو راپۆرتە بخوێننەوە، ئەگەر لە تەوەرێکی ترە، ڕۆژێکی تری بۆ دادەنێین، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو لیژنەکان، مانگێك لەمەو پێش لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە داوامان لێکرا هەموومان دەربارەی خۆراك و دەرمان یەکی راپۆرتێك بدەین بە سەرۆکایەتی، بۆیە ئێمەش داومانە بە سەرۆکایەتی، تەمەنام دەکرد ئەوانە کۆبکرابایەوە، هەر هیچی نەبێت نیوەی عەرز بکرابایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەرکی هەموو ئەندامێکی پەرلەمانە کە بەدوای هەموو مەسەلەیەك و دیاردەیەك بگەڕێت کە نامۆ و خراپە، بەڵام کە کەوتە سەر سکەی خۆی دەبێت لیژنەی پەیوەندار دیراسەکەی تەقدیم بکات، ئەویش دوو لیژنەیە، لیژنەی تەندروستی و لیژنەی دارایی و ئابووریە کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، تەبعەن لە لایەن خۆمەوە زۆر بەخێرهاتنی هەموو وەزیرە بەرێزەکان دەکەم، ڕاستە مەسەلەن وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو مەسەلەیە نیە، سوپاسیان دەکەم کە ئامادە بوونە لەگەڵمان، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ پەیوەندیان لەگەڵمان هەیە وەکو دەسەڵاتێك، چونکە ئەو لیژنانە و لیژنەی وەزارەتی تەندروستی و لیژنەی پشکنینی بازاڕ پێو یستیان بە دەسەڵات هەیە، ئەگەر سەرپێچەك هەبوو و جەنابیان لێرە ئاگادار بوون، تەفسیلاتی ئەو ئەزمەی ناو بازاڕ دەکەن کە هەیە، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا هەر شتێك و گرفتێك هاتە پێش ئەو تەفسیلاتانەیان لەلا بێت باشتر دەتوان هەنگاو بنێن و ئیجرائات وەربگرن، داوا لە جەنابی کاك د. زریان دەکەم، ئەگەر شتێکت لەوبارەیەوە نووسیوە لەبارەی تەندروستی بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. زریان عثمان/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان، زۆر سوپاسی لیژنەی تەندروستی دەکەم بۆ ئەو تەقریرەی کە دایان، دیارە هەر شتێك کە پەیوەندی بە تەندروستی مرۆڤەوە بێت پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، خواردن و دەرمانیش کە هەردوو مەوزوع باسکراوە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بە ئێمە هەیە وەکو وەزارەتی تەندروستی ، دیارە ئەمنی قەومی غیزائی مەوزوعێکی گەرمە کە ئەمڕۆکە لە جیهان و هەموو دونیادا لە شەرێکی گەرم دایە لەگەڵ ئەو مەوادانەی کەوا تەندروستی ئینسان دەشێوێنن و سەرەتانی بۆ دروست دەکەن یان تووشی نەزۆکی دەکەن، لەوانە نموونەی زۆرە، بۆیە من حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم، هەر قسەیەکی کە لێرە دەیکەم بە دۆکیۆمێنت لە لامەو پاشان  هەموو دۆکیۆمێنتەکان دەدەم بە بەرێزتان و لیژنەی تەندروستی بۆ ئەوەی تەماشای ئەوە بکەن، دیارە کە مەسەلەی ئەمنی قەومی غیزائی زیاتر ئیهتمامی پێدراوە لەم چەند مانگی

دواییدا، لەبەر ئەوەی نرخی خواردن لە جیهان هەمووی زیادی کردووەو بەرەو چل لە سەد، ( ئینفیلەیشت) یەعنی تەزەخوم لە دونیا چەندین قات زیادی کردووە، ئەمە هۆکارێك بووە کە هەم بازرگان و هەم موستەهلکیش کە مواتنە بە دوای کاڵای هەرزان دەگەڕێت، وەکو بەرێزتانیش دەزانن کاڵای هەرزان لەسەر نەوعیەتی خواردنەکە دەبێت، لەبەرئەوە دەبینی بازرگان لەشتێکی هەرزان دەگەڕێت بۆ ئەوەی لە وڵاتان بیهێنێت، هاووڵاتیانیش لە شتی هەرزان دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیکرن، بەڵام ئەو هەرزانیە لەسەر حیسابی تەندروستی خۆیەتی.

من حەزدەکەم لەسەرەتادا خاڵێك دیاری بکەم لە راپۆرتەکەم کە دەڵێت ( دەرمان و خواردن بێ هیچ مراقەبەو چاودێریەك دێتە ناو هەرێمی کوردستان)، تۆزێك ئەمە ناهەقیە بەراستی لەبەرامبەر وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و بنکە پشکنیەنەکان و گومرگ و وەزارەتی تەندروستی و تجارەش، واتە هەموو ئەو لایەنانەی کەوا مەتەعەلقن بەو مەوزوعە، من تەنها نموونەیەك دەدەم بۆ ئەوەی ئسپاتی ئەوە بکەم کە چۆن ئەم شتانەش یەکجار بەو بەرەڵڵاییە نیە کە باس دەکرێت، بۆ نموونە لە ساڵی 2007 تەنها لە خاڵی ابراهیم خلیل، ئەوانەی ترتان بۆ ناخوێنمەوە، 3271 تەن خواردن و خواردنەوە رەت کراوەتەوە، نێردراوەتەوە بەرەو وڵاتی تورکیا، 3271 تەن دەکاتە دەوری 10 تەن بۆ هەر ڕۆژێك، ئەگەر ئەوەتان پێ کەمە؟ ئەوە وایە، مەسەلەن 423 تەن بەس خواردن لە شاری دهۆك سووتێنراوە، خواردنی خراپ و بەسەرچوو یان مواسەفاتی توبی تیا نەبووە، ئەمانە لە ساڵی 2007، لە ساڵی 2008 تەنها چوار مانگە 144 تەن بەس خواردن لە دهۆك سووتێنراوە، 1359 تەن خواردن و خواردنەوەی خراپ رەت کراوەتەوە بەرەو ئەو وڵاتەی کە لێی هاتووە، من هەموو ژمارەکانم لە لایە بە دۆکیۆمێنت و ئیحسائات، ئەمە دەتوانم ئیشارەت بەوەش بکەم کە ئیشی لەسەر کراوە، ئەمە جگە لەوەی کە بنکە تەندروستیەکانی ئێمە بەردەوام لە پشکنین دابوون لە ناو شارەکان بۆ گەڕان بەدوای خواردنی بەسەرچوو، حەز دەکەم قسەیەك بکەم، چونکە هەموو خەڵك گوێیان لێیە و بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بە زەمیرەوە بڵێن لە خلالی ئەو ماوەیەی دوایی دا، لە خیلالی ساڵێك و ساڵ و نیوی ڕابردوو دا شەوانە ڕەنگە هەفتەی شەوێك یان دوو شەو دەبینن بە چاوی خۆیان چەندین تەن دەرمان دەسووتێنرێت، ئایا دیاردەی وا هەبووە پێشتر کە بسووتێندرێت، من دەتوانم بە ژمارە پێتان بڵێم چی سووتێنراوەو چی کراوە، چەند تەن کۆگای خواردن و چەند کۆگای دەرمان دۆزراوەتەوەو ڕەنگە بە قاچاغ هاتبێت، بەهەر نەوعێك بێت ئەوا ئێمە نەمانهێشتووە، دیارە ئێمە لە بنکە رەسمیەکانی باشماغ و ابراهیم خلیل و ئەوانە بە تایبەت لە ماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو دا کە بە سوپاسەوە گومرگ هاوکارییەکی زۆری کردووین بە توندی هەموو حدودوکان داخراوە بەرامبەر هەموو خواردنێك و هەموو دەرمانێك کە بێتو شروتی تەندروستی ئێمەی تیا نەبێت، تیمە تەندروستیەکان خەریکە بچن و بەرێزیشتان لیژنەیەك پێك بهێنن، بۆ ئەوەی لەوپەڕی توندی دابن، بە پێچەوانەوە گلەییەکی زۆرمان لەسەرە کە تیمەکانمان ئەوەندە توندن نایەڵن هیچ شتێك بێتە ژوورەوە، بەوەش خەسارەتی یەکجار زۆرمان بە خەڵکی گەیاندووە، لە رووی تیجارەوە کە بە هەزاران ڕەنگە تەن

لۆریمان به ئەنواعی خواردن و خواردنەوه خەسار بووه، دەمەوێت باسی ئەوه بکەم تەقریبەن تەنها له شاری سلێمانی بۆ نموونه 18595 سەردانی تەندروستی کراوه له ساڵی 2007 بۆ ئەوەیزیاتر چڕی بکەینەوه، له 4 مانگی 2008 ، 17330 سەردانی تەندروستیمان کردووه، یەعنی ئەوەندەی یەك ساڵمان له خیلالی 4 مانگ دا کردووه، ئەو شوێنانەی که غەرامه کراون بەس له سلێمانی 818 شوێن بووینه، 189 شوێنمان داخستووه، هەموو داهاتەکەشی ئەمه وازحه، لەناو شاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی 1330 تەن خواردنمان سووتاندووه، ئەمه تەنها له ناو شاره گەورەکان نەك شارۆچکەکان، به دەیان شارۆچکەمان هەیه، بۆ نموونه له سێ شاره گەورەکه تەنها 8000 نموونەمان وەرگرتووه بۆ پشکنین، لەوانه 2380 ی شیاو بووه و 207 یشی نەشیاو بووه، ئەمه باسی هەموو شارەکانی تێدایه، بۆ نموونه باسی هەولێردەکەم که 23500 شوێنمان هەیه تەنها له ناو شاری هەولێر بۆپشکنین، لەو 23500 له ساڵی 2007 ، 22739 شوێنی پشکێندراوه، داهاتەکانیشی هەمووی وازحه، چونکه ژمارەی ئەو خواردنانەی که لەناو براوه تەنها له ناو شاری هەولێر 231 تەن و 797 کیلۆ بووه، خواردن و خواردنەوەش 242 هەزار لیتری ئاومان له ناو بردووه، به سەدان شوێنیش داخراوه، به سەدان خەڵکیش غەرامه کراوه، بەڕاستی ئێمه ئەوه به ئەرکی خۆمان دەزانین، بەڵام شانازیشی پێوه دەکەین که ئێمه نەشیت ترین له جاران، دیاره شێوەیەك هەیه که خواردن دێته ناو هەرێمی کوردستان له دەرەوەی خاڵه رەسمیەکان، ڕەنگه به قاچاغ بێت که هەزاران کیلۆمەتر، من ئاگاداری ئەوەم هەیه، ئاگاداری ئاسایشی سلێمانیشم کردووه، بۆ نموونه شوێنی وا قاچاغمان هەیه که به لۆری شتی قاچاغ دێته ژوورەوه، نەك به بارو شتی وا، بەرێزان قەناعەت بکەن خەڵکی هەموو شتێك نەخاته سەر ئێمه، وشیاری خەڵك زۆر گرنگه لێرەدا، ئێمه شتی وا سەیرو عەنتیکەمان دیتوه له ناو بازاڕ دا له خەیاڵی کەس دانیه، بۆ نموونه لەم ماوەیەدا لۆریەك دونگی حەیوانمان گرتووه، له تەوەقوعی کەس نیه که دونگ بۆچی بەکاردێت؟ که لێمان پرسی ئەوەتان بۆچیه، گوتیان بۆ مەعمەلی سابوونه، من وەکو بزانم مەعمەلی سابوونمان نیه له هەرێمی کوردستان، من دڵنیام ئەو بەزه دەهات بۆ ئەوەی بیتوێننەوه یان تێکەڵی رۆنی بکەن یان ئەوەتا بیکەنه قیمه لەگەڵ کەباب و گەس و ئەو جۆره شتانەی بکەن، بڕوا بکەن لۆری گۆشتمان گرتووه، بۆنی ڕۆژه ڕێیەك دەڕۆیشت، باشه کێ بەر پرسه لەوه ئەی بۆ هاوولاتیش هاوبەش نەبێت، ئێمه 35 هەزار کارمەندی تەندروستیمان هەیه، ئەگەر هەر 35 هەزارمان رەقابەی سحی بین، هەر دانەیەکمان لەسەر دوکانێ رابوەستین، ئەگەر بیانەوێت موخالەفه بکەن، موخالەفەی خۆیان هەر دەکەن، چونکه ئێمه ناتوانین، زۆربەتان ولاتانی دەرەوەتان دیوه، هەر ئەوه نیه که ڕێنمایی یاسا دەکەن و یاسا ناشکێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەیه که چاودێریان لەسەره، ئەسڵەن چاودێری نیه، چاودێر هاوولاتیانن که چاودێری دەکەن و ئەگەر شتێکی خراپ بوو خەبەری لێ دەدەن، لەبەر ئەوه بەڕاستی وشیاری خەڵکی لەم رووەوه دیاره خەڵکانێك تیجارەت دەکەن به تەندروستی میللەت، من دوو خاڵی زۆر گرنگ هەیه، که دەمەوێت داوا بکەم لەم جەلسەیه، یەکەم: هاوکاری خەڵکی بۆ دەزگا تەندروستیەکان وئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ، دووەم : سزادان، بەرێزان سزا تەبیعەتێکی ئیلاهیه له هەموو

دونیا پەیڕەو دەکرێت، هەمووتان دەزانن لە ئەوروپا کە ئارامە لەبەر ئەوە نیە کە خۆیان خەڵکی باش بن و لە ئێمە موسەقەف تر بن، لەبەر ئەوەیە کە سزا هەیە، یەکێك موخالەفەی شتێك بکات دەم و دەست سزای دەدەن، لەبەر ئەوە کەس نایکات، ئەگەرنا یەکێك بۆی کرابا ڕەنگە جیرانەکەی خۆی تالان کردبا، من لێرەدا داوا لە بەرێزان وەزیری ناوخۆ و دەزگای ئاسایش و کۆنترۆڵ دەکەم، کە ئێمە شت دەگرین و دەیسووتێنین، شتی ئەوەندە ترسناك هەبێت لەسەر ئەمنی قەومی غیزائی تەنها بە سزادانی پارە بە 100 هەزار دینار یان بە پێی یاسا 200 هەزار دیناری لێوەردەگیردرێت، ئەوە شتێك نیە، بە رەئی من توندترین سزا بدرێت، بۆ ئەوە جارێکی تر خەڵکی تریش عیبرەتی لێوەرگرێ، بۆ ئەوەی نەتوانێت شتی وا بکات و شتی وا بهێنێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

من دۆکیۆمێنتم زۆرە لەسەر خواردن و خواردنەوە، حەز ناکەم درێژە بەوە بدەم، بەڵام قسەکانم دەدەم بە بەرێزتان، دواتریش ئەگەر مۆڵەتم بدەن هەندێك قسەی تریشم هەیە، دەبێت بێمە سەرمەسەلەی دەرمان، بەپەلە باس لەوەش دەکەم، مەسەلەی دەرمان کە بوونی دەرمانی بەسەرچوو، دیارە ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی ئیعتیمادمان بۆ دەرمان لەسەر وەزارەتی تەندروستی بەغدایە، بە پێی یەك لە موخەسەساتی سیادی تەندروستی وڵاتەکە ئەوە نەدراوە بە خۆمان وەکو پارە، چەندین جار داوام کردووە کە پارەکە بدەن بە خۆمان و خۆمان بیکڕین، نامەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووە، کاك بەرهەم پشتیوانی کردووین و بۆ وەزارەتی بەغدای نووسیوە، ئەو بڕە پارەی کە حسەی ئێمەیە 17٪ ی بودجەی وەزارەتی تەندروستی عیراقی بدرێت پێمان وەکو پارە، نووسراوەکانم گشت داوە، تا ئێستا بە داخەوە وەڵاممان نەدراوەتەوە، بۆیە ئێمە پێمان چاکە ئەگەر ئەو پارەمان بدرێتێ خۆمان بتوانین ئیدارەی وەزعی دەرمانی خۆمان بکەین، من داوام کرد ساڵی 2007 ئێمە لەو بڕەیە بایی چەندمان بۆ هاتووە، تا ئێستا وەڵامیان نەداومەتەوە، بەڵام لە 2006 تەنها 11٪ یان داوینەتێ لە حسەی خۆمان، ئەو مەوادانەی کە دێن حەز دەکەم بزانن من دوو ساڵە هاوار دەکەم زۆربەی زۆری دەرمانم بۆ هاتووە دوو لۆری 5 ڕۆژی ماوە ئیکسپایەر بێت، من دەبێت لەو 5 ڕۆژە بە پەلە تەوزیعی بکەم و بڵێم بەکاری بهێنن بە زووترین کات، بەڵام کە گەیشتە ڕۆژی ئەخیری تەواو کۆی بکەنەوەو بۆمانی بنێرنەوە، بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی ئێمە دەبێت بیسووتێنین، ڕەنگە هەندێك برادەر بپرسن بۆ ئێمە وەری دەگرین؟ مخەولەکانمان بۆ دەیهێنن، حەز دەکەم ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە ئەگەر تەحەمولم بکەن؟ موخەولەکەمان تەلەفۆنمان بۆ دەکات دەرمانێك مانگێك ئیکسپایەری ماوە، ئەگەر نەیبەن 5 لۆری دەرمانەکەی تریشتان نادەینێ، ئێمە ناچارین دەیهێنین، ئەوەی بۆمان کرا بەکاری دەهێنین ئەوەی تر بە ئاشکراو بە شەفافیەتی تەواو بە هەموو ڕێنماییەکان، هەر لەبەر ئەوەش هەر زوو ئیکسپایەر دەبێت و ئێمەش دەیسووتێنین، ئێمە هیچ شتێکمان نیە کە بیشارینەوە، شەرمیش ناکەین، ئەوە وەزعە مەئساویەکەمانە، تا ئێستا دوو جار وەزیری تەندروستی نوێی عیراق کە دوو ، سێ مانگە لە شوێنی خۆیەتی کەهاتووە، بۆمان باس کردووە، دەڵێت هەر کوردستان نیە شارەکانی تری عیراقیش عەینی موشکیلەمان هەیە، چونکە لای ئێمە مەخازنی بەغدا ئەو دەرمانەی ئەخیر شت بێت، یەکەم شت سەرف

دەبێت، ئەوەی دەکەوێتە پشتەوە ئەوە ئاخر شت سەرف دەبێت، لەبەر ئەوە یەکێك کە بە سودفە بەوێدا تێپەڕ دەبێت دەبینێت دەرمانێکی ماوەی مانگێکی ماوە دەڵێت بە پەلە دەری بکەن و تەوزیعی بکەن، بۆ ئاگاداریشتان هەموو دەرمانێك کە نزیکی ئیکسپایەری دەبێت، دێت بۆ ئێمە بە عوملەی سەعبە حیساب دەکرێت بە پارە لەو 17٪، لەبەر ئەوە ئەو موشکیلەی ئێمە تەنها بەوە حەل دەبێت کە دەبێت پارەکەی خۆمان بدەنێ و ئێمە دەتوانین دەرمانی خۆمان بکڕین، من حەزدەکەم باسی کەموکوڕی ئەوە بکەم کە ئەو دەرمانە نزیکە لە ئێکسپایەری ئەوە نیە کە ئێمە دەمانەوێت، زۆرجار ئێمە شتێکمان دەوێت ئەوان شتێکمان بۆ دەنێرن کە ئەسڵەن پێویستمان پێی نیە، بۆ نموونە 300 هەزار دەرزی گارامایسینیان بۆمان ناردووە، ئەسڵەن ئێمە پێویستیمان پێی نیە و زۆر بە کەمی بەکاردەهێندرێت، پێمان گوتوون ئەو دەرمانانەمان ناوێت، ئەوان دەڵێن ئەوە زیادە لە مەخزەن دەبێت ئێمە تەوزیعی بکەین، یەعنی ئێمە مەشاکیلمان بەو شێوەیە هەیە، ئێمە لە ناچاری کە نەقس هەیە، دەبێ هەندێك دەرمان بکڕین، بۆ ئەوەی دەرمانەکان پڕبکەینەوە، باسی نەخۆشخانەی هیوا کرا، من بەڕاستی حەز ئەکەم، جەنابیشتان ئەزانن، سەلاحیەتم 250 ملیۆن دینارە مانگانە، بۆ دەرمان یەکجار، ئەو سەڵاحیەتەشم هەموو مانگێك بەکار هێناوە بۆ کڕینی دەرمان بە دۆکیومێنت، بۆ نەخۆشخانەی هیوا، ئەوە مەوجودە، بەڵام هەر ئەوەندەش سەلاحیەتم هەبووەو ئەوەندەشم پێکراوە، کەچی تەندەریشمان کردووە بەین بەین، بەڵام دەرمانی سەرەتانی ئەوەندە گرانە، دەرزی وام هەیە بە پێنج هەزار دۆلارە، یەك دانە دەرزی، کۆرسێکی دەوێت کە پانزە دەرزی دەوێت، بۆ مەعلوماتی جەنابتان لە 40٪ی موراجیعی کوردستان بۆ نەخۆشخانەکانی سەرەتانی لەدەرەوەی هەرێمە، لەشارەکانی کەرکووکە هەتا بەصرە خەڵکمان بۆ دێت، پیشەی ئێمە ئینسانیە، من منداڵێك لەبەصرەوە بێت سەرەتانی خوێنی هەبێت، یەك دەرزیم هەبێت لێی دەدەم، لە هەرێمی کوردستان بێت، یان نا، من ناتوانم لەوە نەدەم، بڵێم ئەم دەرمانە هی هەرێمی کوردستانە، داوامان لە وەزیری تەندروستی عێراقی کردووە، بردمە نەخۆشخانەی سەرەتانیەکە، بیزەبت بردمە نانەکەلی و بردمە نەخۆشخانەی هیوا لەگەڵ خۆم، رەنگە بەڕێزتان زۆرتان بینیبێتتان، وتم ئێمە مەئساوین و وەزعێکی خراپمان هەیە، هاوکاریمان بکەن لەدەرمانی سەرەتانی وئەوانە، وەعدیان دا هاوکاریمان بکەن، بەڵام تائێستا هیچمان لێیان نەدیووە، وەختێ وتیان ئەم نەخۆشخانانە موسەجەل نین، لەلای ئێمە وەکو نەخۆشخانەی سەرەتانی، عەریزەمان دا بەڕەسمی بیناسن وەکو نەخۆشخانەیەکی سەرەتانی بەڵکو حسەیەکیان بۆ دابین بکەن، ئێستا وا نامەیەك هاتووەتەوە ئەڵێت، ئەم نەخۆشخانەیە وەکو نەخۆشخانەیەکی سەرەتانی لە عێراق ناسێندراوە، چاوەڕوانین کە دەرمانێکمان بۆ بێت، تا ئێستا هیچمان پێ نەگەشتووە، ئەو برە دەرمانانەی کە ئێمە دەیکڕین، حەز ئەکەم باسی ئەوەتان بۆ بکەم، من حەز ئەکەم بەس بەڕێزتان بودجە لەلای بەڕێزتانەوە تەصدیق کراوە، هەندێك لەژمارەکانی بودجە ئەوە بەڕێز وەزیری پلانیش لێرەیە، بودجەی وەزارەتی تەندروستی ئەمساڵ 2008 تەبیعی من 2006 هیچ بودجەیەکم نەدیووە، 2007 لە نیوەی زۆر دڵم خۆش بوو، بودجە هات، لێرە تەصدیق کرا، کە

محاسبەکەی خۆمم بانگ کرد، وتم وەرە بودجەکەمان چەندە، وتی بەڕێز لە 20٪ زیاتر لە بودجەی خۆتت سەرف کردووە، ئەی ئەوە یازدە مانگە چی سەرف ئەکەیت، چۆن ئیستراتیژ و پلان دادەندرێت بەو شێوەیە، حەز ئەکەم بودجەی 2008 بێنمەوە یادتان، ئێمە داوای یەك تریلۆن و173 ملیۆن دینارمان کردووە، تەنها لە 25٪ی بۆمان دابین کراوە، بۆ بودجەی ئیعتیادی 231 ملیار دینار دراوە بەتەندروستی، لەو 231 ملیارە، 214 ملیاری مەعاشاتە، هی کارمەندانی تەندروستی، بەدکتۆریشەوە، یەعنی لە 95٪ی تەنها دەمێنێتەوە بەدەستمەوە دەوری 11 ملیۆن دۆلار، من ئەبێت ئەوەندەش بەدەرمان وبە بەنزینی ئیسعاف وبە شکانی ئیسعاف وهەرچی هەیە، لە تەندروستی سەرفی بکەم، بەڕێزان حەزەکەم بزانن لە هەرێمی کوردستان ئەم بودجەیەی کە دراوە بەمن، (چوار ولەدەیا هەشتی) بودجەی هەرێمی کوردستانە، ئێمە ئەسبەقیەی حەوتەمین لە بودجە، لەدوای شارەوانی وکارەباو ئاوو پەروەردەو کشتوکاڵ وناوخۆ، هیچی تر نەما بێتە پێشمان، حەز ئەکەم بزانن هەندێك ئەرقامتان دەدەمێ بۆ مێژوو، کەمتر لە 40 دۆلار، بۆ هەموو هاووڵاتیەك، لە یەك ساڵ داندراوە، بۆ تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، 40 دۆلار بۆ یەك هاووڵاتی بۆ ساڵێك، تەندروستی جیهانی دەڵێت بۆ ئەوەی تەندروستی بەڕێوە ببەیت لەوڵاتدا، دەبێ 550 دۆلارت هەبێت، بۆ هەموو هاووڵاتیەك بۆ ساڵێك، ئوردن جیرانی ئێمەیە 500 دۆلار لە ساڵێك بۆ هەر هاووڵاتیەکی دابین دەکات بۆ بواری تەندروستی، ئەمریکا میزانیەی 18 ترلیۆن دۆلارە، 16٪ ی ئەو 18 ترلیۆنە بۆ بواری تەندروستی دادەنێت، هەموو هاووڵاتیەك 6 هەزار دۆلاری لە ساڵێك بۆ داندراوە بۆ تەندروستی کە دەکاتە نزیکەی 200 ئەوەندەی ئێمە، ئوردن بۆ نموونە نزیکەی 20 قات ئەوەندەی هەرێمی کوردستان لە تەندروستی سەرف دەکات، ئەمە چەند ژمارەیەکن حەز دەکەم بۆتان بڵێم، لە ئیستسمار بودجەی ئیستسماری من 70 ـ 79 ملیۆنە لە زاخۆ هەتا هەڵەبجە، لە قەندیل تا کەرکووك، ئەوە بەڕێز وەزیری پلانیش لێرە دانیشتووە ئەمڕۆ نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێڵەیی بە 77 ملیۆن دۆلار دروست ناکرێت، من ئەوانەم هەموو قەبوڵە، چونکە مەسرەف بکەن لە مەسڵەحەتی خەڵکە، ڕێگاو بان چاك بکەن لە مەسڵەحەتی خەڵکە، هەموو کارێك ئەنجامەکەی بۆ خەڵکە، بەڵام ڕەجاتان لیٚ دەکەم کە تەوەقوعاتی غەڵەت نەدرێت بە خەڵکی، ئێمە بە پێی ئەو بودجەی کە هەمانە کاردەکەین، ئەگەر تەوەقوعاتی زیاد لە حەدی خۆی بدرێت بە خەڵك کە تەندروستی ئێمە وەکو ئەورووپای لیٚ بکەین لە خیلالی مانگێك، ئەوە هەڵەیە، چونکە پێمان ناکرێت بەو بودجەیە، ئەگەر بودجەیەکی زیاترمان بدەنێ بە چوار ساڵ وەکو جیرانەکانی خۆمانی لیٚ دەکەین، کە باس لە سەرەتان دەکرێت، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە برادەرانی لیژنەی تەندروستی کەوتنە هەڵەیەکی ئیحسائیەوە، حەزم نەدەکرد بکەونە ناو ئەو هەڵەیەوە، چونکە تا ئێستا لە 2006 و 2007 ەوە کە ئێمە هاتین زۆر ئیهتیمامان بە بواری ئیحسا داوە، من دەچمە سەر ژمارەکانی پێش 2005 بزانە سەرەتان چەند تۆمار کراوە، سەرەتان لە عیادەی دکتۆرەکان چارەسەر کراوە، وەکو فەردی، هەر دکتۆرێك بۆ خۆی نەخۆشی عیلاج کردووە کە ئەسڵەن تۆمار نەکراوە، زۆربەی زۆری خەڵك بە ئەجەلی خوا مردووە، ئێستا ئێمە لە 2006 ەوە نەخۆشخانەی تایبەتی سەرەتانمان داناوە

له سلێمانی كه نەخۆشخانەی هیوایه، سجلی سەرەتانیمان داناوه، هەموو ناوی نەخۆشەكانی سەرەتان دەنووسرێت، بۆیه ژمارەكان زیاد پیشان دەدات، چل له سەدی مراجعمان له دەرەوەی هەرێمی كوردستانه ئەوانەش ڕەنگه هەمووی نووسرا بن به نەخۆشیەكانی سەرەتان، من ئیسپاتم هەیه بۆ ئەوه، فەرموون تەماشا بكەن عیلاقەی عامی مردن نەخۆشی به حەوادس و نەخۆشیەكانی دڵ، هەموو ئەرقامەكان بەرەو زیادی چووه، سێ قات و چوار قات، نەك هەر نەخۆشی سەرەتان، چونكه ئیحساسمان باشتر بووه، نەخۆشخانەی تایبەتمان هەیه، چونكه هۆشیاری هاووڵاتی باشتر بووه كه هەر به ئەجەلی خوا نامرێت، نەخۆشیەكیش هەیه ناوی سەرەتانه، دكتۆرەكانمان هۆشیار ترن، دەزانن كه نەخۆشی سەرەتان، چونكه سەدان جیهازمان هەیه له كوردستان دەتوانن نەخۆشی تەشخیس بكەن له لەشی ئینسان، بۆیه ماوەی سەرەتان له وڵاتی ئێمه دا زیاتر پیشان دەدات، بەڕای من ڕەنگه سەرەتان زیاتر بێت له كوردستان وەك ئەوەی له هەموو دونیادا هەیه، به هۆی ئەو هەموو گۆڕانكاریەی له دونیا هەیه، وڵاتی ئێمه شوێنی تاقیگەی كیمیاوی و نەوەوی وهەموو شتێكی تریش بووه، بۆیه من ئەوه بەدوور نازانم، بەڵام بەو ڕێژەیه نیه، بەڕای من دوای سێ، چوار ساڵی تر لەسەر ئەو خەته بڕۆین ئەگەر هەر بەرەو زیادبوون بڕوات ئەو كات دەڵێین زۆر بەرەو زیادبوونه، بەڵام ئێستا وا خەریكه خەته بەیانیەكه، خەتی موستەقیمی خۆی دەگرێتەوه، هەموو حاڵەتێكی سەرەتانی تەسجیل دەكرێت له لای ئێمه، ئەگەر له خیلالی 3 ساڵی تر هەر زیاد بوو، من لێره تەئیدی ئەوه دەكەم كه سەرەتان سێ قات زیادبووه، بەڵام من پێم وایه ئەوه هەڵەیەكی ئیحسائیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. زریان، بەڕاستی هەندێكی مەترسی دارن، بەڵام دەبێت هەموو لایەكمان وشیار بین بۆ ئەو وەزعه نالەبارەی كه هەیه، نوقتەیەكی زۆر گرنگی باس كرد كه هاووڵاتیش دەبێت دەوری كاریگەری هەبێت لەمه ، وشیار بێت و موحارەبەی خۆراكی بەسەر چوو و دەرمانی بەسەر چوو له هەر شوێنێك دا هەبێت ئاگاداری بكاتەوه، من پێش ئەوەی كاك عثمان قسه بكات لەسەر مەسەلەی كۆنترۆڵ، كاك محمد وەزیری بازرگانیش داوا دەكەم ڕاپۆرتەكەی بخوێنێتەوه، فەرموو.

**بەڕێز محمد رووٴف محمد/وەزیری بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ ئەو تاوتوێ كردنانه، دیاره قسه لەسەر كواڵتی كۆنترۆڵ و مەسەلەی خۆراك و دەرمان دەكەین، زۆر به كورتی هەموو هاودەنگین و قەناعەتی تەواویشمان بۆ دروست بووه، تا كواڵتی كۆنترۆڵ وەك سیستەم دانەمەزرێت و دەسەلاتی نەبێت و بودجەی تەوای بۆ تەرخان نەكرێت ئەم كێشەیه چارەسەر نابێت، ئەوه ئەساسێكه كه دەبێت ئیشی جدی لەسەر بكرێت، مەسەلەی خۆراكی باییعی، بیتاقەی تەموینی بەڕێز دكتۆره پرسیاری لەوه كرد، وەزیره بەڕێزەكان لێره ئێمه ساڵی 2006 و 2007 هەم ساڵی 2008 یش دیراسەیەكی ووردی خۆراكمان كرد، كه دیراسەكەمان بەوردی

خستە  بەردەستی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەرئەنجام بڕیار درا بە کۆی دەنگی ئەنجومەن کە ئەو خۆراکە لە بەغداوە دێت، لەبەر کۆمەڵێك گرفتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، هەندێکی گرفتی بودجە بوو، هەندێکی گرفتی سنوورەکان بوو، هەندێکی تری ناوخۆیی کوردستان بوو، لەبەر ئەوە بڕیار درا ئەم ساڵیش لە عیراقەوە بێت، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو خۆراکی بکەین کە نەوعیەتی زۆر خراپە، تا ئێستا سێ جار نامەمان نووسیوە بۆ وەزارەتی بازرگانی بەغدا کە ئەو خواردنە هەموو کوردستان ڕەفزی دەکەن، هەموو هاووڵاتیانیش پێیان باش نیە، پارەیەك دەدرێت لە کوردستان سەرف دەکرێت، بە خەسار دەڕوات، جگە لەوەی کۆمەڵێك ئیحتیمالی ناخۆشیشی هەیە، وەکو ژمارە حەز دەکەم بزانن ئەو مەسەلەیە  ئەگەر وا بمێنێتەوە نە لە عیراق دا چارەسەری هەیە نە لە کوردستان بەو شێوازەیە، بۆ هەر تاکێکی هاووڵاتی عیراقی بە پێی بەشەکەی کوردستان 114 دۆلار بۆ 12 مانگ خۆراك، بەو مواسەفاتەی کە جەنابی د. زریان ئاماژەی پێدا کە ئەو 114 دۆلارە نەك بەشی ساڵەکە ناکات بەشی دوو مانگیش ناکات، کەمترین ڕێژەی پارە کە سەرف بکرێت بۆ تاکێك کە خواردنی کواڵتی بەرزی بۆ بێنیت لە دەرەوە، حەدی کەمی 500 دۆلارە، یەعنی خەڵکی کوردستان 4 ملیۆنە جارانی 500 دۆلاری بکە، ئەو خواردنەی کە کواڵتی بەرزی هەبێت و بێ ترس بێت، ئەوەندەی دەوێت کە نزیکی 2 ملیار دۆلار، عیراق نە خۆی بەرنامەی هەیە پارە زیادبکات، نە سندوقی نەقدی دەولیش ڕێگەی پێدە دا زیادی بکات، ئیحتیمالە ئەو ساڵ دەستیان لێ شل کردبێت بە بۆنەی ئەزمەی خۆراك ئەو 20٪ ی کەم نەکردبێت، ئێمە 556 ملیۆن دۆلارمان بۆ خۆراك بێت، ناکاتە روبعی ئەو خۆراکەی کە پێویستەو کە کواڵتی بەرز بێت بێتە کوردستان، جا ئەمە بۆ ئەمساڵ چوو، بۆ ساڵی داهاتوو ئاییندە موعالەجە دەکرێت، ئێمە ئەو ڕێگایانەمان هەیە، بە دیراسەوە خستوومانەتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، بە خۆراکی لە بەغداوە بێت، یان بە پارە وەری بگرین و خۆراك بکڕین، یان پارە بدەین بە هاووڵاتی، بە قەناعەتی خۆم هەرچەند پارە تەوزیع کردن تەزەخوم دروست دەکات، بازاڕ تێك دەدات بەسەر یەکدا، بەڵام ئەگەر کواڵتی کۆنترۆڵ دابمەزرێت، بۆ هەموو بەشەکانی نەك  تەنها بۆ خۆراك، بۆ دەرمانەو بەشەکانی تریش و بۆ بیناو ئینشائاتیش، ئەگەر ئەوە دابمەزرێت تەنها چارەسەر ئەوەیە پارەکە وەربگێردرێت بۆ سیستەمەکە تەوزیع بکرێت، بەڵام زەبت کردنی خۆراك بکرێت کە دێتە کوردستان، مەسەلەی کۆمپانیاکانی دەرمان چۆن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ساڵی پار کۆبوونەوەیەکمان کرد، سەرەتا من چوومە خزمەتی وەزیر و ئەو مەسەلەیەمان تەواو کرد، ئێمە بڕیارمان داوە تۆمارکردنی کۆمپانیا بە پێی یاسای کۆمپانیاکانی عیراق، کۆمپانیا هەر داوای تەسجیل بکات و شروتی ئەساسی و ئەوراقی ئەساسی تەسجیل ئەکرێت، وتمان ئێمە ئیستسنایەکمان کردووە، هەر کۆمپانیایەك، وەزارەتی تەندروستی پشتگیری نەکات، ئێمە داینامەزرێنین، هەر کۆمپانیایەکیش کەوا لەمەو پێش دامەزراوە، وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە موتابەعەو لێ پێچینەوەی لەگەڵ بکات، ئەگەر تەواوی شروتی تێدا نەبێت، بۆی هەیە دایبخات، بۆی هەیە نە هێڵێت ئیش بکات، تاکو هەموو پێداویستیەکانی جێبەجێ ئەکات، ئێمە بەنیسبەت دەرمان هەتا ئێستا یەك ئیجازەی دەرمانمان نەداوە، مۆڵەتی دەرمان لەلای ئێمە

نیە، مۆڵەتی خواردنیش تەنها یەك مۆڵەت یان دوو مۆڵەت ئەدەین، ئەو مۆڵەتانەی کەوا وەزارەتی کشتوکاڵ بەپێی ڕێکەوتنێك لەنێوان ئێمەو وەزارەتی کشتوکاڵدا هەیە، هەر شتێك ئەوان داوا بکەن، بڵێن فلاَن شەریکە بۆی هەیە، ئەوەندە گۆشت یان هێلکە یان مریشك یان فلاَن شت بێنێت، بەپێی ئەو مواسەفاتەی کەوا ئەوان پێیان ئیمزا کردووە، ئینجا ئێمە تۆماری ئەکەین و ڕێ پێدانی بۆ ئەکەین، بۆ ڕێپێدانی ئایندەش ئێمە چاوەڕێ ئەکەین، ئیجازەی مواصەفاتی کوالێتی کۆنترۆڵ دەربچێت، ئیجازەی کەممی لە وەزارەتی بازرگانی دەربچێت، ئەگەر ئەوان مواصەفاتیان بۆ هەموو شتێك دیاری کرد، ئەو کاتە مۆڵەتەکە لەوێوە دەرئەچێت، دێتە لای ئێمە، ئەمە کەمیەتەکەیەتی، کەمیەتیش بۆ ناو عێراق، و ناو هەرێمی کوردستان، ئەبێ یاسای بۆ دابندرێت، چونکە ئەگەر نەتتوانی بەدیلی بازاڕ دروست بکەیت، ئەگەر ئێمە توانیمان لە 40٪ی گەنم لە کوردستان ئینتاج بکەین، بۆ ئیکتیفای زاتی ئەتوانین مۆڵەتی لە 60٪ی بدەین، ئەویش هەتا ئەوکاتەی کە عێراق ئەچێتە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ئەبێت بە ئەندام، کە بوو بە ئەندام ئەو لە 40٪ و لە 60٪ش نامێنێت، ئەبێت بازاڕ کراوە بێت، ئەبێت سنوور کراوە بێت، بۆت نیە، تەنها ئەتوانیت ئیلزامی شەریکاتی ناوخۆ بکەیت لەگەڵ شەریکاتی دەرەوە، بەپێی ئەو سیستەمەی کەوا کوالێتی کۆنترۆڵ دای ئەنێت، وەزارەتی تەندروستیش هاوکاری ئەکات، شەریکاتی ئەجنەبی بۆت هەیە لێرەوە شروتی لەسەر فەرز بکەیت، یەعنی بۆ نموونە، شەریکەیەکی دەرمان لە هند ئەگەر شەریکەیەکی کوردستانی ئۆردەری لەوێ هەبوو، ئەتوانێ پێی بڵێت، ئەو دەرمانەی کەوا تۆ ئەینێریت، ئەوەندە تەنە، ئەگەر ئەم مواصەفاتانەی تێدا نەبێت، بۆیە ئێمە لە سنوور ڕەتیە کەینەوە، ئەمەش هەمووی بەوە ئەکرێ ئەبێ ئەم سیستەمە دابمەزرێ، چارە سەری ستراتیجی بۆ خۆراك بەنیسبەت کوردستان تەنها چارەسەرمان بریتیە لەوەی کشتوکاڵی ئەم ولاَتە بگاتە ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆی وەهەر  لەئێستاوە من ئەو پێشنیارە ئەکەم لە بەرێزوەزیری صحە کە لێرەیە، وەزیری کشتوکاڵیش لە ئێستاوە ڕێگە بگیرێ لەو مەوادە کیمیاویانەی کەوابیئەتێك ئەدات، ئێستا بیئەی کشتوکاڵی تورکیا نزیکترین دەوڵەتە بیئەکەی تێك چووە بەبۆنەی ئەومەوادە کیمیاویانەی کەوا بەکارهێنراوە بۆبەروبومی کشتوکاڵی زۆرنەوعی جوانەو زۆریش بەرهەم دێت، بەلاَم دەرئەنجام خراپە، لێرەوە ئاخرقسەشم بەوە کۆتایی پێدێنم ئەگەر قسەی تر هەبوو دوای پرسیاری تر هەبوو، دوایی لەخزمەتاندایین جواب دەدەینەوە، بەبۆنەی بەکارهێنانی مەوادی خراپ لەگۆشت لەئەوروپا یەك لەسەر سێی ئەوروپا تووشی نەخۆشی حەساسیەت بوون، ئەوە ئەو ئەوروپایەی کەئێمە وادەزانین کوالیتی کۆنترۆلی لە سەدا سەدە، وائەزانین ئەو قسەیەش لێرە مەعلوم بوو لەگەڵ ئەڵمانیەکان و ئیتالیەکان باسم کردو وتم ئیوە نەخۆشیەکی واتان هەیە بەبۆنەی خۆراك، وتیان: بەڵێ ئەو نەخۆشیە لە ئەو روپا هەیە جاهەرچی جدیتر، زیاترگرنگی بدەینەبەبەرهەمی ناوخۆ، کشتوکاڵە، حەیواناتە، بەیتەریە هەرچیەك هەیە، ئەوە عیلاجی ستراتیجی و ئایندەی ئێمەیەو ،زۆرسوپاستان دەکەم0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

زۆرسوپاس تەئکید لەسەر قسەکەی دوایت دەکەمەوە کە زۆرزەرورە دیارە لەقسەکانی جەنابت و قسەکانی جەنابی کاك د.زریان بەشێکی زۆری کێشەکان ئیلاقەی بە کۆنترۆڵەوەیە، کۆنترۆڵی نەوعیەوە هەیە، لەبەرەوە کوردستان و عێراق بەگشتی وەزعەکی نالەبارو ناتەبییعی بەسەر داهات خەڵکی، نامەسئول، بازرگان بێت، هەرکە سێك بێت، لایەن بێت، کۆمپانیابێت رویان کردۆتە ئەوبازاڕە بۆئەوە بەپەلە پارە پەیدابکەن و ئیستیفادە بکەن بەبێگوێیدان بەتەندروستی خەڵك و بەبێگوێدان بەولاتەکەیان و بەبێهەستی نیشتیمانی و هەستی مرۆڤیئیستاش، داوالەکاك عوسمان دەکەم ئەوقسانەی کەهەیەتی سەبارەت بەوەزارەتەکەی و پلانی ولەرووبەروو بوونەوەی ئەودوو دیاردەیە ، بابفەرمێ0

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرسوپاس جەنانی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ لیژنەی تەندروستی دانیشتین بەتەفسیلێ ئەو مەوزوعانەمان باس کرد کەلەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە دوای ئەوەش ئامادەین کەبرادەران هەرپرسیارێکیان هەبووجوابیان بدەینەوە، بەکورتیەکەی ئێمە ئەم ساڵ ئامادەینە بۆئەوەی کۆنترۆڵ وەك سیستەم جێبەجێ بکەین بەتەعاون لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، چونکە بودجەمان بۆدابین کراوە، موافەقاتمان بۆکراوە بەسوپاسەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هاوکاری تەواویان کردوویندە خەڵکمان ناردووە بۆتەدریب ،خەڵکمان تەعین کردووە، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کەموختەبەرێکی مەرکەزیان هەیە کەبەشێکی تایبەتەبەدەرمان کەخۆیان وەری دەگرن، ،بەشەکەی تری پەیوەندی بە خۆراك و ئاوەوە هەیە ئێمە وەری دەگرین، لە سلێمانی موختەبەرێکمان دروست کردوە وەخەریکی کڕینی ئەجهیزەینە بۆیان لە دهۆك بە هەمان شێوە، ئێستا حالیەن خەریکی دامەزراندنی فەرمانگەکەینە ، ئەگەر بەگشتی ئێمە سەیری ئەوە بکەین زۆر ئختیلاتێك هەبوو لە ڕاپۆرتەکەدا کە بینیم باسی دەکات دەڵێ دەستەیەکی خواردنی کۆنترۆڵی خۆراك نیە، شتی ئەوها،خۆی دەستەی پێوانە سازیو کۆنترۆلی جۆری لەعێراقا جیهازە لەکوردستاندا، دەستە یە کە خۆتان موافەقەتتان لە سەر کردووە پەرلەمان بڕیاردەری کوردستانە و بڕیارەکەی پێ دەرچووەو وەکو دەستە دامەزراوە، موختەبەرات هەیە موختەبەری صحە هەیە ،موختەبەری زراعە هەیە، موختەبەری صناعە هەیە، موختەبەری مەوادی ئینشائی هەیە، ئێمە وەك سیستەم سەیری ئەوە دەکەین ئەگەر بێتو لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمە ك دانەمەزرێ بۆ کوالیتی کۆنترۆل بە هیچ شێوە یەك ناتوانین نە گیرفانی هاوولاتی نە تەندروستی هاوولاتی بپارێزین، ئینجا هەرکە سێك بەپێی ئاستی ئەوەی خۆی ئێمە ئێستا ئیتفاقێکمان کردووە لەگەڵ هەر چوار وەزارەت لە م وەزارەتانە بۆئەوەی هاوکاریان بکەین لە دروست کردنی تاقیگەکانی کە ئێستا هەیانە، بۆئەوەی چۆن بتوانن لەمەودای دوساڵە ئێمە ئیشرافیان لەسەر بکەین ،وە هاوکاریان بکەین ئێمە نابینە مەسئولی کەس، ئێمە هاوکاریان دەکەین بۆوەرگرتنی ستاندەری عالەمی بۆهەرموختەبەرێك ، ئەم کێشانەی کەباس کران ،تەبعەن ئەمە

کێشەیەکە، یەعنی یەك پەکیە ئەوجا بەکاملی دەبێ سەیری بکەین ئەوەیە کەلە حدودا چۆن لەسنورەکانە کۆنترۆلی خۆراك دەکەی یان هەرماددەیەك دەکەی کی داخلی هەریمی کوردستان دەبێتن؟ ئەمە یەکەم شت دەبێ لەوێوە دەست پێ بکەین، دوەمیان لەناو شارەکان چۆن تۆ تاقیگەت هەیە وەتاقیگەیەکی مەرکەزی لە هەولێرە جگە لەدهۆك و سلێمانی دەبێ وە تاقیگەیەکی مەرکەزیش لێرە دەبینن سەرباری ئەوە ئەبێ حسابی ئەوە بکەین ئەوخاڵە سنووریانەی کەلەگەڵ کوردستان هاوبەش دەبێت بەشەکەی لەبەشەکانی تری عێراقە، خۆراك و دەرمان و کۆمەڵێك کالاْی تێدا داخیل دەبێت کە ئەوانیش مواصفاتیان تێدانیە، ئەوانیش دێنە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا کەپێویستمان بە هاوکاری وەزارەتی ناو خۆ و ئاسایش دەبێتن، بۆئەوەی چۆن هاوکارمان بکەن لەسنورەکاندا کەئەو خۆراکانە دێن ئەمەبکەین، دروست کردنی موئەسەسەیەك و سیستەمێك وەکو باسم کرد، باسی موختەبەر ناکەم، باسی سیستەم دەکەم، سیستەم جیاوازە لەگەڵ موختەبەر،موختەبەرێك لەوانەیە تۆبتوانی لە ساڵێك بە شەش مانگ دروستی بکەی، بەلاْم دروست کردنی سیستەمەك وەکو پاراستنی ژیانی هاووڵاتی بۆپاراستنی ئیقتصادی کوردستان پێویستت بەمودەی زەمەنی هەیە ،پێویستت بە بودجە هەیە وەکو کاك د. زریانیش ئیشارەتی پێدا فعلەن ساڵی پار ئیمکانیەتمان نەبوو،میزانیەکەمان درەنگ بۆهات ،بەلاْم ئەمساڵ میزانیەمان هەیە، پارەمان بۆ تخصیص کراوە، ئیعلانی ئەجهیزەمان کردوە، مۆزەفمان تەعین کردووە، سیاراتمان کڕیوە دوو دائیرەی تازەمان دروست کردووە، خۆمان مۆزەفمان ناردوەتە تەدریب بۆئەوەی کەفێرببن ،ئەم شتانەمان هەموو کردووە، تەسەورەکەین ئێمە بەرنامەکەمان بەم شێوەیەیە یەکەم : لە(7/1)دا ئیستزادی نەوعی دەکرێتەوە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تجارە ،من لەگەڵ ئیجازەی کەمی نیم، بۆئاگاداری بەڕێز وەزیری بازرگانی ئەمرۆکە تۆناتوانی کەمیە کۆنترۆڵ بکەی، ئەبێ‌نەوعیەت کۆنترڵ بکەی دوەمیان : وتمان ئەوەیە کە ئێمە ئەبێ موختەبەراتی هەولێرو دهۆك و سلێمانی تەواوبکەین کەبودجەمان هەیە وەدووبیناش دروست دەکەین یەك لەسلێمانی ،چونکە ئێستا خانوومان بەکرێ گرتوە یەك لەدهۆك تاوەکو بتوانین هەتاوەکو مووددەی ساڵ و نیوەکیدیکە ئیستیفادە لە موختەبەرەکەی وەزارەتی تەندروستی بکەین کەبەسوپاسەوە ئێستا شەریکین لەم بینایە کە وەری دەگرین، بینیم هەندێ شت تێکەڵ کرا لەقسەکانا لەنیوانی رەقابەی صحی ،لەنێوان کوالیتی کۆنترۆل، لەنێوانی رەقابەی تجاری، یەعنی ئەمە من پێشنیارێك دەکەم ئەگەر لەبەردەم ئێوەی بەڕێزدا کەهەمووەزیرەکان موەجودن ئەویش ئەوەیە کەلەهەر سێ پارێزگادا لجانی موشتەرەك دروست بکەین قسەم لەگەڵ پارێزگاکان کردووە، قسەم لەگەڵ بەڕێز وەزیری بازرگانی کردوە ئەویش ئەوەیە کەبینین ئاسایش وەکو ئاسایشی ئابووری دەست خۆشیان لیدەکەین ،ئیشی زۆرباشیان کردووە، ڕەقابەی صحی ئیشی خۆی دەکا، رەقابەی تجاری ئیشی خۆی دەکا،بەلاْم هەندێ‌گلەیی دێتە پێش وەکو لەبەرنامەی تەلەفزیۆنەکان بینیتان، یەعنی بەڕای من ئەگەرلجانی هاوبەش هەبێت لجنەکانیش لەژێر سەرپەرشتی راستەو خۆی محافزەکاندا بێتن، رەقابەی صحی، رقابەی تجاری، کوالتی کۆنترۆڵ، ئاسایشی ئابووری هەرچواریان بەیەکەوە کاربکەن وەتیمی ناوشارە گەورەکان دروست بکەن، تیمی دەرەوەی

قەزاكانیش دروست بكەن، بۆئەوەی زیاتر دەوری خۆیان ببینن لەگەڕاندا، چونكە ئێستا فەراغێك هەیە، فەراغی ونبوونی كوالتی كۆنترۆڵی تەواوە، دەبێ ئەم دووشتە جیاكەینەوە، كەتۆ لەوانە لە سنوورا كالآیەك، خواردنێك داخیل دەبێت، بەلاّم دێتە ناو شار هەتا ئەو هەڵی دەگرێت بەتەئكید تێك دەچێت، بۆیە ئەمە پێویستی بەمەیە تەكمیلەی ئیشەكە بكەین، تەكمیلەكەش بەوە دەكرێتن ئێمە هەموومان بەیەكەوە ئیش بكەین بۆپاراستنی سەلامەتی ژیانی هاوولاّتیان ،ئەمانەن ئێستا عێراق هاوكاریمان دەكات بەوەی كە تەبعەن خۆتان دەزانن لەدەستوری عێراق هاتووە مەسەلەی (المقایس المركزیە ) بەلاّم كۆنترۆڵی جۆری ئەكرێ هەركەسێك بیكاتن، صحە كۆنترۆڵی جۆری دەرمان دەكاتن، زراعە هی گۆشت دەكاتن، صناعە هی أنتاجی محلی دەكاتن، مختەبەراتی ئینشائیش هەیە هی مەوادی ئینشائی دەكاتن،ئێمە لەگەڵ ئەو رەئیەداینە هەموویان كۆبكەینەوە لەژێرچەتری سیستەمێك یان موئسەسەیەك كە كوالیتی كۆنترۆلە، من نالێم سەربەوەزارەتی پلاندانان بیت باسەربە ئەنجومەن بێ مهم نیە بەلامەوە سەربەچ دەزگایەكە بەڵكو وەكو سیستەمەو پاراستنی ئەم دەزگایەو سەروەری ئەم دەزگایە وە دەعمی تەواوی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆدابین كردنی پێداویستیەكانیان بۆئەوەی بتوانێ لەمودەیەكی زەمەنیا، ئێمەتەسەوڕەكەین لەمودەی ساڵ و نیوەكا بتوانین وەكو سیستەم تاكو دوساڵ سیستەم و كونترۆڵی جۆری جێبەجێبكەین ،تامانگی حەوت ئێمە دەتوانین موختەبەری هەولێرئێمە ئامادەینە، بەلاّم هێشتا برادەرانی وەزارەتی تەندروستی زۆرتەواو ئامادە نەبووینە، چونكە تازە وەریان گرتۆتەوە، ئێمە زوتر موختەبەرەكەمان وەرگرتەوە رەغمی مەشاكیلە ئیداریەكانی، ئێمە كارە بای چۆن بۆدێت ،مۆلیدەی چۆن بۆدەكرێ، كارمەند چۆن تەعین دەكەی، ئەنواعی ئەو مەشاكیلانە ئێمە حازرین بۆئەوەی كە هەوڵ بدەین لە ماوەیەكی زەمەنیا بەپێی بەرنامەیەك، چونكە ئێمە بەرنامەمان هەیە لەوەزارەتی پلان دانان دەستەی كوالتی كۆنترۆلەوە چۆن ئەو ئیشەدەكەین بەهاوكاری وەزارەتی زراعەو صناعەو صحە بیكەین بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن موختەبەراتی باشیان هەبێت، ئیستیفادە لە موختەبەراتی جامیعە بكەین، هەموو لایەنێك بەیەكەوە موشارەكە پێبكەین بۆدروست كردنیسسیستەمی كۆنترۆڵی جۆری نەك دەستەی كۆنترۆڵی جۆری سیستەمی كۆنترۆڵی جۆری بۆ پاراستنی سەلامەتی و ژیانی هاوولاّتیان و ئامادەشین بۆئەوەی برادەران ئەگەر پرسیاری تریان هەبوو جوابیان بدەینەوە، زۆرسوپاس 0

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس گوێتان لە هەرسێ بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری بازرگانی و وەزیری پلاندانان بوولە سەر تەوەرێك ،ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ پەیوەندی بەهەموو خەڵكەوە هەیە، بەژیانیان هەیە، بەژیانی منداڵە كانیان هەیە، دیاردەیەكی زۆر مەترسیدار لە كوردستاندا هەیە بلاّو بوونەوەی نەخۆشیە زۆریان بەهۆی ئەوەنەكە خۆراكی بەسەرچوو ڕووی كردۆتە كوردستان، دەرمانی ئێكسپایەر زۆرە، دەبێ هەموولایەكمان، پێش هەموو شتێك حكومەت لەناو خۆیدا هاوكاربێتن، ئەو وەزارەتانە لەگەڵ یەكتری هاوكاربن، دامو دەزگاكانی ئەمنی وەزارەتی ناوخۆ ئیجرائاتی توند وەربگریتن بەرامبەر ئەوكەسانە كە

ئەوكارە ئەنجام دەدەن، بازرگانی بە گیانی خەڵك دەكەن پلانێكمان هەبێتن بتوانین ڕووبەڕی ببینەوە پێكەوە، حكومەت بەدەرەجە یەك، پەرلەمان، ئینجا هاووڵاتیش، هاووڵاتی وەعی هاوڵاتی زۆرگرنگە دەبێ وشیار بێتن، دەرمانێك كە دەكڕێ تەماشابكاتن ئێكسپایەرە یان نا ئەگەر ئێكسپایەرە ، نەك بەس هەر نەی كڕێتن، بەڵكو خەبەری لەسەر بدات، لێشی قبوڵ نەكا، لەسەر خۆراك ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی وەزیری بازرگانی باسی ئەمانی كرد، بەبێوەعی هاوڵاتی موعالەجە ناكرێت، هاووڵاتی بەخاوەنی كۆمپانیاكەوە، بەخاوەنی دوكانەكەوە، بەخاوەنی سوپەرماركێتەكەوە، باسمان كرد ئەمڕۆ لە ئەوروپادا سۆپەرماركێت ڕۆژانە خاوەنی سوپەر ماركێتەكە بەسەر پێكهاتەی سوپەرماركێتەكەدا دەسووڕێتەوە، یان خۆراك بێتن چی بەسەرداچووە دەبێ لای بداتن رووبەری جامخانەكەیدا دایناوە بۆفرۆشتن، ئەگەرلای نەباتن لێپرسراوە محاسەبە دەكرێتن، وەزارەتی تەندروستی دایمەن لوجانیان هەیە، بەبەردەوامی دەسووڕێنەوە وەكو هاووڵاتیەك دەسوڕێن بزانن چ خۆراكەك هەیە ئێكسپایەر بووە ،لای نەداوە، ئەگەرتكرار بێتەوە ئیجازەكەی لێسەحب دەكەن، دەمینێتەوە سەر چاودێری كردنی دوكانە بچووكەكان كەئەوان رەنگەكەمتر تێگەیشتنیان هەبێتن، بۆئەمەش وزەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی بازرگانی دەبێ هاوكاربن، پارێزگاكان مەسئولیەتی گەورەیان هەیە، دامودەزگاكانی پارێزگاكان، ئەنجەمەنی پارێزگاكان واتە هەمومان مەسئولین، هەرهەمووومان دەبێ رووبەرووی ئەودیاردانە بینەوە وەمن باوەڕناكەم كەسێك هەبیتن ئەو قسانەی كەكرا ناكۆك بێ لەگەڵ ئەوقسانە،پشتگیری لەقسەكانی وەزیرە بەرێزەكان دەكەین، پشتگیری لە وداوایانە دەكەین كە داوایان كردووە بودجەكەیان زیاد بكرێتن ،ئیجرائات هەبێتن، بەدواداچون هەبێتن، پلان هەبێ، سەیتەرەی نەوعی زیاد بكرێ ،من پێش ئەوەی قسەبدەم بەئیوە، داواتان لێدەكەم تەبعەن هەریەكە پرسیارێك بكات، چونكە زۆرە ئەگەربێتو كە پرسیارەكان تەواو بووكەسێك مابوو پرسیارەكەی نەكرا، جارەكی دیكە قسەی بدەمێ ،وەعد ئەدەم، بەلاّم من پێموایە مەجالتان هەبوو، بیكەن، بەس پێش ئەوەی قسەتان بدەمێ داواله( **د.مؤید**) دەكەم كەلێپرسراوی سەیتەرەی نەوعیە ئەگەر قسەیەكی زیادی هەبێت لەسەر قسەكانی جەنابی وەزیر ڕێگای دەدەمێ، دەسەلآتی خۆمە بائەویش دووقسەبكات، فەرمووo

**بەرێز د.مؤید عبدلله/سەرۆكی دەستەی كوالیتی كۆنترۆڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆرسوپاس بۆئەو فورسەتە ،بەرێزسەرۆكی پەرلەمان، بەرێز میوانەكان، جەنابی وەزیرەكان بەكورتی بەس حەزدەكەم ئەوە بڵم كە ئێمە هەرچ عوزرەك بدۆزینەوە، كەئێمە هەرچ رێگایەك بدۆزینەوە تەبریری واقعی خۆمان بكەین یا هی ئێستا، واقیعەكەمان بەداخەوە زۆرباش نیە، كەئەوە ش دەڵێن بۆئەوەنیە كە خەڵك بترسێنین، بۆئەوە نیە كە فەوزایەك دروست بكەین یان بۆ ئەوە نیە كە زەم بێبۆ حكومەت یان بۆجیهەتەكی موعەیەن، ئیمەهەمووومان لەم بەلەمەین، هەمووومان ئەم خواردنە دەخۆین، هەمووومان ئەو ئاوە دەخۆین هەمووومان ئەم هەوایە هەڵدە مژین، ئەگەر ئێمە بڵێین من بەعومرا ڕۆیشتووم و فریانەكەوم ئەودەرمانانەو ئەو مەوادانە تەئسیرم تێبكەن، بەلاّم بەتەئكید لەمنداڵەكان و گەنجەكان زیاتر دەكات،

ئەوەی من دەڵێم ئێمە لە زۆر جیگا شتمان هەیە کەئیش دەکات،؟ موختەبەرمان هەیە فحوصات دەکات، بەلاّم تەقیمەك نیە کە ئەو موختەبەرانە چەند فەحسەکاو ئەو فەحسە قیمەتی چەندەو ئەو فەحسە چەند دڵنیایی بە خەخەڵکەکە دەدات؟ مەسەلەن فەحسەکی بەسیتی ئاو لە هەموو عالەم نابێ بکرێ پۆلۆن لە سەد مل بێت، لای ئیمەلە پەنجا مل ئەکەین،؟ مەسەلەن فەحسی خۆراك لە موختەبەرێکی زۆررێك و پێك وەزارەتی تەندروستی هەیەتی، بەلاّم قسمی کیمیای، فەحسی کیمیایی خواردن داخراوە، ئەوە تەقریبەن ساڵێك زیاترە، چونکە ئیمکانیاتیان نیە بیکەن، ئەوانەی سەر سنوور ئیمکانیەتیان هێشتا زەعیف ترەو هێشتاکەم ترە، هەوڵدانی ئێمە کە بەعزعەینات بنێرینە دەرەوە دائیمەن مەشاکلمان هەیە،زۆربەی عەینات حەساسە لەمودەیەکی کەم دەبێ بگاتە جێگا، یان دەتوانین قۆنتەراتمان هەیە لە گەڵ مەجموعەی موختەبەراتی دەرەوە مەسەلەن گۆشتەکی هندی هەیە، خیلافێکی گەورەی هەیە وە داوای ئیجتیماعمان لەسەری کردو تەحقیقی لەسەر بکەین، هەر چۆنێك بکەی ئەو گۆشتە لەسەری نووسراوە گۆشتی گامێش ،بەس لە گۆشتی گامێش ناچێت، بەلاّم عوزری بەعزە کەسیش دەڵێباوازی لێبێنین، باهەر بێت، چونگە ئەگەر ئەوە نەبێت گەس گران دەبێ، چونکە فەقیر گەس دەخوات، من نازانم ئەو موبەررانە هین ناکەم، بەلاّم عەینەن عەیناتمان حازر کردووە ویستمان بنێرین بۆ بەیروت، بەلاّم بەداخەوە مەتاری بەیروت داخرابوو، یەعنی مەشاکلی وامان هەیە، ئاوی بوتڵەکان، زۆربەی بوتلەکان لەبەر هەتاو دایان ناوە، دوو ڕۆژ تەسفیە نەکراوە ،خوا دەزانی چی دیکەی تێدایە ،ئێمە کەدەچین شت دەسووتێنین ،زۆرباشە شت دەسووتێنین، دڵنیایی هاووڵاتی دەکەین، بەلاّم دڵنیایەکی بەبێ ئەساس، یەعنی دڵیان خۆشەکەین دەڵێین ئێمە شتی خراپمان لابرد، ئێمە شتی خراپ سووتاندمان، مەعنای ئەوە ئەوە ی کەماوە لە دوکان، ئەوە ئەخورێ، ئەو مەعنایەی هەیە، وانیە ،بەلاّم دوایی موحاسەبەی ئەوەش دەکەین کەشتە خراپەکە دەفرۆشێ، چونکە شتەکانی ئەو دەسووتێن، بەلاّم زۆربەی جار ساحێب دوکانەکە ئەوە نیە کە شتەخراپەکەی گەیاندبێ، زۆربەی جار ساحێب دوکانەکە قوڕ بەسەر دەکەن، نەگبەت دەکەن، دووعانەی پێیە دەچێت لە تاجری جوملە دەکڕێ،دەیهێنێ لە دوکانەکەی خۆی دەی فرۆشێ، ئێمە دەچین یێخەی ئەو دەگرین، بەلاّم کەس بەپەتەکە ناڕوات بزانێ ئەو خواردنە لەکوێ هاتووە، کێ هێناویەتی چۆن هاتۆتە ژورەوە، تاجری جوملەکە کێیە، موستورەدەکە کێیە؟ نامەوێتن زۆرتر درێژی بکەم، بەلاّم کە مەوزوعەکە گەیشتەوە لای جەنابتان کەئیهتیمامی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزیرە بەرێزەکان زۆرزۆر بەگرینگیان گرتووە من موتەئە کیدم بوماوەیەکی کورت دەتوانین ئیشەکی باش بکەین ،بەس نامەوێوەکو دەڵین (— ) بە خەڵك بڵێین دڵنیایەکی بە بێ ئەساس،؟ بەس لە عەینی وەختدا ئیعتیزار دەکەم، ئەگەر بەنەوعێکی هەڵە بە خەڵکم گەیاندبێ، یان خەڵکم ترساندبێ، ئەوەی کەمن پێشنیارەکەم ئیشەکەی ئیمە زۆر عەرقەلەی تێدەکەوێ، لەبەرئەوەی فەراغەکە ،نەبوونی کۆنترۆلی جۆری دروستی کرد بوو،مەسولیاتەکەی بلاّوبوویتەوە، نەك لەبەر ئەساسێك، لەبەر ئەوەی حرسی هەموو لەیەك دەبێ هەوڵبدات لەنێوان ئاسایش و نێوان وەزارەت و ئەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی بتوانێ قانونیك دەربکات

کەتەوزیعی صەلاحیات بکات ،کاتێك دەستەی کۆنترۆڵی جۆری بەهەیکەل هەمانە، بەس قانونمان نیە، دەسەلأتمان نیە، ئێمە تەعلیمات بەکاردێنین تاوەکو ئیشەکانمان بەرێوە بچێت، بەلأم هیچمان بەدەستەوە نیە کە چووینە محکمە قانونەکم لە پشت دابێ، ئیمە ئێستاپشتگیری قانونی بەغداو عێراق دەکەین، بەلأم عێراق دەڵێ تۆ بەس بۆ مەقایس وە ستاندەرات عاید بە ئێمەی، بەلأم بۆ کۆنترۆڵی جۆری و ئیشی رۆژانە حوریەتی خۆتان هەیە، کەواتە ئێمە هەموو ئیجرائێك وەرگرین تاوەکو شت سووتاندنیش، ئیمە شتێکی قانونیمان نیە، هین نیە بەدەستمەوە لەسەر حدود شت رەفز بکەم لەسەرئەساسی جیهازی مەرکەزی لە بەغدا، واجبە سەیتەرەی نەوعی دوو شتی رەئیسیە یەکەم : شت لەسەر حدود کەبێت دەبێ مواصفاتی عێراقی لەسەری تەتبیق بێت، ئەوەش تەبعەن نەدەوری وەزارەتی تەندروستی، نەدەوری وەزارەتی کشتوکاڵ نەدەوری هیچ وەزارەتیك ئیلغا دەکات، چونکە ئەمانە مواصفاتی دیکەیان هەیە، مواصفاتی عێراقی شەرت نیە، مواصفاتی ئەوانیشی تێدابێت دوەم : واجبی ئێمە ئەگەر ئینتاجی مەحلی هەبێت، لەمەعمەل شتەکە دروست دەکرێ تا دەگاتە مەحەل پێش بچێتە بازاڕ مەسئولیەتی ئیمەیە، دوایی دەبێتە مەسئولیەتی رەقابەی صحی، ئیمە مۆنێتەری بازاڕ دەکەین، چونکە ئەو مۆنێتەری بازاڕ، مۆنێتەری خۆمانی پێوە دەکەین، ئیشەکەی ئێمە چەند هینە، ئەوەی لەحدود مەنعی دەکەین، فعلەن هەمووشتێکمان مەنع کردووە، بەلأم من بەداخەوە رەئیم ئەوەیە ئیمەنەك سەد تەن و دووسەدتەن و هەزار تەن بسووتێنین، چەند دەسووتێنین من موتەئەکیدم شەش جارو دەجارلەوەزیاتر دێتەژوورەوە، دەلیلی ئەوە کەدێتە ژوورەوە ئەوەیە ئەو زەرەری پێ نەکردووە یان ترسەکی پەیدا نەکردووە، ئیمە دەسووتێنین، ئەو دەچێ وەجبەی دیکە دێنێ، لەبەرئەوە حەل نیە، ئەوەشتێکی باشە ،ئەوە دڵنیاییەکە بۆخەڵك بەلأم دڵنیاییەکی خراپیشە، ئیمە بەخەڵك دەڵێین خراپەکەمان سووتاند، مەعنای ئەوەی تر باشە ،زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مەوزوعی یاسا، ئەگەر یاسای عێراق هەبێت پێشی ساڵی (1991)لیرە ساری مەفعولە دەتوانین بەوە کاربکەین، دەکریت وەزارەتی پلان دانان پرۆژەیەك تەقدیم بکات لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆئەو دەسەلأتە ، جەنابی کاك **عوثمان** و کاك کریم ئێوە چ قسەیەکتان هەیە؟نیتانە باشەناوەکانتان دەنووسم ، کوێستان خان بفەرموو.

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك جەنابتان، سەرۆکایەتی ئیشارەتتان پێدا ئەمە زۆر گرنگ و گەورەو خەتەرە پەیوەندی بەهەموو تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە، لە پێش هەموو کەسێك خۆمان و منداڵەکانمان، لەبەرئەوە پێویستە ئەم جەلسەیە ئەگەرتەواو نەبێ ئەمرۆ، زۆر باشە،ئاساییە سبەینێش دانیشینەوە، ئیمە وەکو پەرلەمانتاران ئامادەین وەئێمەتەنها پرسیارمان نیە، ئێمە کۆمەڵێك پێشنیارمان هەیە، جگە لەپێشنیارە کان کۆمەڵێك

روون كردنەوەی دیكەمان هەیە، لەڕاپۆرتەكەی لیژنەی تەندروستی دا هاتووە، بۆیە تكا دەكەین بابەردەوام بین و ڕێمان بدەن قسە زۆر بكەین ، سوپاس0

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ پێشنیارەك نیە بۆ تەئجیل كردنی، ،ناودەنووسم، بەڵێ فەرموو 0

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن0**

لەبەر گرنگی بابەتەكە هەموودەیانەوێت قسە بكەن جەنابت بۆ كات دەكوژی ناو ئەنووسی، بەسەرە پێدا بێ، ئەگەر هەر یە كێك بابەتەكەی باس كرابوو، دەڵێباس كراوە، زۆر سوپاس0

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بزانم هەمووتانن، كێ دەیەوێ قسەبكات؟ جارێكی دیكە دەستان هەڵگرن بزانم،خۆ هینەكەی دكتۆر دڵێر مەعقولە 15 كەس نایەوێت قسەبكات ،كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز أحسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆت پێش ئێستا وتت پەلەمان نیە، ئێستاش دەڵێی یەك دەقیقە، ئاخر مەوزوعێكی واگرنگ چۆن بەیەك دەقیقە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە ،دەقەیەك دەكاتە سەد دەقیقە، دەكاتە دووسەعات شتێك كەم، دەكاتە سەعات سێ، خۆت ماندوودەبی، دەڵێی ماندوو بووم دەمانەوێ بڕۆین، هێشتاقسەیان نەكردووە وەزیرە بەڕێزەكان، فەرمو كاك ئیحسان 0

**بەڕێز أحسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن 0**

بەڕاستی بابەتی دەرمانی ئێكسپایەرو خواردنی ئێكسپایەر یان مواصفاتی تەواو تێدانیە یان نەوعیەتی باش نیە، ئەمڕۆ كوردستان فراوان بووە چونكە زیاتر بەناوی بازاڕی ئازاد خەڵكانێك زیادە ڕۆیی دەكاتن لەم هەموو بوارانەدا، بەتەصەوری من ئێمە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەبینین مەسەلەن مەوادی ئێكسپایەر، دەرمانی ئێكسپایەر دەفەوتێنرێت، یان خراپ دەكرێت، بەڵام بەشێوەیەكی یاسایی تەعامل لەگەڵ ئەوانەی كەزیدە ڕۆیی دەكەن ،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:-**

بیلمناسەبە ئەوی بچێتەدەرەوە حەقی خۆمە لەكاتێ لە دەرەوەشە بڵێم فلان كەس لێرە نیە ناوی سقوت دەكات، ئینجا كەیفی خۆتانە0

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن 0**

پرسیاری من ئەوەیە ئەوخەڵکانەی کە تائێستا کۆمەڵێ زێدەڕۆیی لەم بوارانەدا کردیە ئاراستەی محکەمەیان کردووە کەحوکم بدرێت یان تەنیاشتەکان دەسوتێنن و ئیجرائات لەگەڵ شتەکانە،خۆی لەوانەیە بازرگانێك یان دوکانداڕێك ئاگای لەهەندێ شت نەبێت، بەس ئەوەی لەمەسدەرەکە شتەکە دەهێنێت بەتەئکید دەزانێتن ئەو مادده ئێکسپایەرە، ماموستا ئێوە مەجال نادەن ئەوە سێ جارە قەتعم دەکەی بشمبورە ئەوە یەك، ئیجرائاتی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی زێدەڕۆیی دەکەن خاڵێکی دی جەنابی هەردوو وەزیر پێش ساڵێك لێرە بوون کۆمەڵێ شتیان روون کردەوە ئەوەی ئەمڕۆش روونی کردەوە بەراستی زۆرباش بوون بۆئەوەی چاودێری بازرگانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بێت تائێستاوەکو نموونە لە دهۆك تەنیا حەوت کەس هەیە، لە محافزەکی حەوت قەزای هەیە مەنتقەکی فراوانیشی لەبەر دەست دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو کاك ئیحسان، ببورە ،کاك ئاخیر بفەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن0**

نیشتیمانی کوردستان پرسیارێکم لەوەزیری تەندروستی هەیە، ئایا بیرلەوە نەکراوەتەوە کە تەئمینی صحی یەعنی (دڵنیایی تەندروستی ) دروست بکرێت بەشێوەیەکی نوێ ویان دکتۆری خانەوادە، دکتۆری فاملی دروست بکرێ؟چ لە ئایندەیەکی نزیك بیریان لێبکرێتەوە پرسیاری دوەم: ئەوەیە بۆوەزیری بازرگانی زۆرشت ئێمە دەڵێین گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە، کوردستان لەئاوەدانی دایە، بەلاَم زۆرشت گران بووە کەرستەی خانووبەرە بەتایبەتی شیش کە تەنی چویتە (12)وەرەقەو نیو لێرە دا ئەڵێم لەبەرئەوەی مەعمەلەك دروست کرایە ئینتاجی زۆرە، ئیحتیکاریش کرایە، ئەو مەعمەلە ئاگاداری سنوورەکان کرایە کەکەس شیش نەهێنێ بۆیە ئەو شیشە گران بووە0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئاخرتکایە لە مەوزوع دەرمەچۆ، کاك ئارام بفەرموو 0

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بۆی دانیشتوین بابەتێکی زۆرگرنگە، گوێبیستی وەزیرە بەڕێزەکانیش بووین، باسیان لەوە کرد چەند هەنگاوێکیان ناوە بۆهەوڵدانی چارەسەرکردن و سنووردارکردنی کێشەی ئەو نەخۆشیانەو خواردنی ئێکسپایەر ئەوەی من دەیبینم بەداخەوە پێم وانیە هەنگاوەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبووبێت، لەبەرئەوەی کێشەکە بەزەقی ماوەتەوە، وەزیرە بەڕێزەکان باسی ئەوەیان کرد کە کەمیەی خواردنی ئێکسپایەر بۆ سووتێنراوە؟ من دەپرسم چەند دەرسەدی ئەوەیە کەسووتێنراوە چەند دەرسەدی

ئەوەیە کە داخیل بووە؟ لەهەمان کاتدا سەردانە تەندروستیەکان باسیان لێوەکرا، من پێم وایە ئەو سەردانە تەندروستیانەکەمیەو نەوعی نیە، لەبەرئەوەی ئێمە دەبینین قەصابەکە لەسەر ڕۆخی بازاڕ گۆشت دەفرۆشێ بەهەموو تەپەتۆزو بە هەموو ئەو میکرۆبەی کەلەوێ هەیە، بەچ شێوەیەك ئەمانە شروتی تەندروستیان پێدراوە؟ من پرسیارێکم هەیە لێرە دەمەوێ عەرەزی بەڕێز وەزیری تەندروستی بکەم، ئێمەبەرەو وەرزی هاوین دەڕۆین بەداخەوە دەبێ‌بڵێین وەرزی هاوین وەرزی کۆلێراو وەرزی ناخۆشیە گەورەکان کەڕوو لەشارەکانی ئێمەدەکەن، من دەمەوێ بپرسم بەڕێزیان چ هەنگاوێکی جیدی ناوە بۆبەرگری کردن لە وەی ئەو کێشەیەی پار جارێکی تر تکرار نەبێتەوە؟ 0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کات تەواو بوو دوودەقەو دەسانیەش تێپەڕبوو، کاك محمد رەفعت بفەرموو0

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیری تەندروستی هەیە، وەزیری تەندروستی باسی ئەوەی کرد کە ئەو دەرمانانەی کەلەوەزارەتی صحەی عێراقەوە دێت زۆری بەرەو ئێکسپایەر دەڕوات، ئایا بۆچی وەریانگرتووە ئەو دەرمانانە؟ چونکە لەدورووەوە زەرەر بەخەڵکی کوردستان دەگەیەنێت لەرووی یەکەم : تەندروستیەوە دووەم: لەرووی پارەشەوە وەکو خۆی باسی کرد زەرەرێکی زۆر لەحکومەتی کوردستان دەکەوێ، من تەوقوعی ئەوەم دەکرد کەجەنابی وەزیر باسی ئەوەبکات ئەولیژنەی ئەو دەرمانانەی وەرگرتووە محاسەبە بکرێن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ، نەوەکو ئەودەرمانانە بەم شێویە وەربگیرێن ئەوە یەك : دوو پرسیارێکم لەوەزیری تیجارەش ئەوەیە کەئێمە پارساڵ باسی خۆراکمان کرد وتمان ئەو مەغزەنانەی کەخۆراکی تیدا دەپارێزرێت زۆر خراپە وبەکەڵکی ئەوە نایێت، ئایە چیان کردووە لەماوەی ساڵێك بۆئەومەغزەنانە؟ ،سوپاس 0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو0

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی سەرۆك ئەوەی تائێستا کراوە دیارە کارێکی باشە، بەس من پرسیارەکەم ئەوەیە لەحکومەت بەتایبەتی زۆربەی وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئێستالێرەن، ئایا پلانێکی هەمانگیریان هەیە بۆئەوەی کۆنترۆڵی ئەو گرفتەیە بکەن لەڕووی ئابووریو لەڕووی تەندروستیو لەڕووی سیاسی ولەهەموو ڕوویەکانەوە، ڕۆژبەڕۆژ زەرەر لە خەڵکی کوردستان و لەمیللەتەکەمان دەدەن، پلانی ئەوان چیە بۆتەواو چارە سەرکردن و زاڵ بوون بەسەر ئەوە ؟ پرسیاری دووەم: مەسەلەکە هەرئەوەنیە هەندێ خواردن لێرە ئێکسپایەر دەبێت، هەندێکیش لە دەرەوە دێت، ئێمە لێرەش دەبینین بەتایبەتی ئەو پرسیارەم لە وەزارەتی

تەندروستییە ماست فرۆش و گۆشت فرۆش و پەنیر فرۆش و شیر فرۆش یەعنی هیچ مەرجێکی تەندروستیان تێدانیە، خۆمان دەبینین لەدوکانەکان بەراستی مێش دەورەی لەگۆشت دایە ،دەورەی لەماست دایە، تەبعەن ئەو خواردنانە هی ناو خۆمانن، هی خەڵکی خۆمانن، لێرە بەشێوەیەك دەیفرۆشن کەڕۆژانە نەخۆشیان لێ بڵاو دەبێتەوە هیچ جورە مەرجێکی تەندروستی تێدانیە، ئایا بۆئەم مەسەلەیە چی دەکرێت و چی بکرێ باشە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ، کاك مەلا انور بفەرمووo

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لە وەزیرە بەڕێزەکان و لیژنەی تەندروستی دەکەم، بەحقیقەت پرسیارێکم هەیە ئێمە دەزانین کەسانێك هەن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا چ مەنصەبی حزبی چ منصبی حکومی بۆ تیجارەت و ئەم بابەتانە، ئایا حکومەت یان وەزیرە پەیوەندیدارەکان چەند توانیویانە کۆنترۆڵی ئەو کەسانەبکەن کەحساب بۆ کۆمەڵگا ناکەن، بەڵکو هەر بیرلە ڕێژەی ئیقتیصادی خۆیان دەکەنەوە کەهەمومان دەزانین وەزعەکە چۆنە وەپێشنیارێکیشم هەیە بۆوەزیرە بەڕێزەکان تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بکرێ باشە بۆئەوەی ماموستایانی ئاینی لەڕۆژانی وتاری هەینیدا باس لەوە بکرێ کە ئەو خەڵکانەی غەش دەکەن، فێڵ دەکەن ئەوە وەکو پێغەمبەر دەفەرموێ (من غشنا فليس منا) بۆیە بەڕاستی پێویستی بە تەوعیەیەك هەیە، کۆمەڵگا بەوە زیاتر هۆشیار ئەبێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ وەزیرە بەڕێزەکان، بەڕاستی دیارە بەرنامەی کاری خۆیان ئاشکرا کرد، کە حوکمەت پلانی هەیە بۆ بەدواداچوون و تەنزیم کردنی بازاڕی کوردستان، نەهێشتنی ئەو جۆرە شتانە، بەتایبەتی هەر وەکو هەردوو وەزیری بازرگانی و تەندروستی کە باسیان کرد، دەستخۆشیان لێ دەکەم، شتی باشیان کردووە، ماوەتەوە من ئەوە بڵێم کە بەڕاستی ئێستا کێشەکە، لای خۆمانە لەلای پەرلەمانە، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان وپەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئێمە با قانونێك دەربکەین بەڕاستی، ئێستا کێشەکە لەلای ئێمەیە، نەبوونی قانونەکە وای کردووە، کە خەڵك بەو شێوەیە دێت، ئەو مەوادە خراپانە داخڵی ولاتی ئێمە ئەکەن، من هیچ فەرقێك نابینم لەگەڵ ئەوەدا کەدێت خۆی ئەتەقێنێتەوە، وەکو جەنابت سەرەتا باست کرد، خەڵك هەر لەکوردستان ئەیەوێت خۆی دەوڵەمەند بکات،

پێویستە ئێمە قانونێك دەربکەین، یان ئەو قانونەی کە هەیە، تەعدیلی بکەین، یان دوو ماددەی بۆ ئیزافە بکەین، یەکەم: سزایەکی توند، کە هەتا ئیعدامیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێز وتەقدیرم بۆ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستی، هەم بۆ ڕوونکردنەوەی وەزیرە بەڕێزەکان لەو مەجالەدا، کە ڕوونکردنەوەی زۆر باشیان دا، من بەتەواوی پشتیوانی لە کاك اسماعیل ئەکەم، ئەو قسەکانی منی کرد، شتەکە ڕوو بەڕووی ئێمە زیاتر ئەبێتەوە، دەرکردنی قانونێك بۆ سزا دان، کە تا ئێستا بە قانونی عێراقی ئیش ئەکەین، لەسەر قانونی عقوباتی عێراقی ماددەکانی( 368، 369، 467 )پێم وایە، ئێمە پێویستیمان بەقانونێکە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە سەرپێچی ئەکەن، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دووەم: قانونێکی تریش زۆر گرنگە، قانونی حیمایەی موستەهلیك، چونکە ئەو کەسەی کە خواردنەکە ئەکڕێت، یان شتەکە ئەکڕێت، ئێمە چۆن حیمایەی بکەین کە زەرەر نەکات، قسەکانی ئەو هەڤاڵانەی تریش دووبارە ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو ڕایانە ئەکەم، سەبارەت بەبوونی یاسا، چ بۆ بواری تجارەت و نەوعیەتی مەواد، چ لە بواری حیمایەی موستەهلیك، بەڕاستی من پرسیارم هەیە، ئیجازەی ئیستراد، هی موادی خۆراکی، زەوابتی چیە؟ هەرچەندە بەداخەوە یاسای وەبەرهێنان، تەسهیلاتێکی زۆر زۆری کردووە، بۆ ئەوە تا چەند ئێمە ئاگاداری مەنشەء هەین، زۆر مەواد کەدێت، ئەیبینین لۆك کراوە، بەڵام لەناوەوە مەوادی بەسەرچووی تێدایە، شیرە، ئاردە هەتا دوایی، دوو: ئیجازەی ئیستیرادی دەرمان، ئەوەندەی لە موتابەعەدا دەیبیستین، هەندێکیان لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستیەوەیە، وەزارەتی تەندروستی ئاگای لێیە، بەڵام زۆرینەی وەزارەتی تەندروستی ئاگای لێی نیە، ئەمە ناکرێت هەمووی کۆنترۆڵ بکرێت و وەزارەت ئاگای لێ بێت، حەسر بکرێت لە دەرمانخانەکاندا بفرۆشرێت، پرسیارێکی ترم هەیە، ئەو خواردنانەی کەوا وەزیرەکان باسیان کرد، کە سووتێنراوە، ئەمانە پاش ئەوەی لە بازاڕدا بڵاو بوونەتەوە، کۆکراونەتەوەو سووتێنراون، یان هەر لەسەر سنوورەوە سووتێنراون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، وەڵڵا بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە بێت، بەڕاستی وەزعمان شڕە، وەڵڵا من ڕەنگە نەتوانم بەدەقیقەیەك باسی ئەو هەموو شتە بکەم، چونکە ئێمە باسی ژیانی خۆمان و تەندروستی ئەکەین، ئەوەش ڕەنگە لەدەقیقەیەك زیاتری پێویست بێت، چونکە وەزعی تەندروستی لە هەموو شتێك گرنگترە، من زۆر سوپاسی هەموو لایەك ئەکەم، دەربارەی مەسەلەی دەرمان، ئیشارەتیان پێدا، ئەگەر بکرێت، وەزارەتی تەندروستی کۆنترۆڵی ئەو مەوزوعانە بکات، لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەلاَم ئەصڵی مەوزوعەکان من ئەیگەڕێنمەوە بۆ قانون، یەعنی خۆمان لێرە پەرلەمان، دەستوری هەرێمی کوردستان ببوایە باشتر بوو، بەشێك لەوەش چارەسەر ئەکرا، بەلاَم مەسەلە ئەساسیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ خۆمان، لەم وڵاتەی خۆمان شتە ئینتاجیەکان چیمان هەیە، بەتایبەتی کشتوکاڵی ومەسەلەی ئاژەڵداری و گۆشت و پێویستیەکانی تر، ئێمە ئەگەر پێویستیمان پێی نەبێت لەدەرەوە نایهێنین، بەلاَم ئێمە خۆمان لێرە چی ئەکەین بتوانین لەڕووی کشتوکاڵیەوە، مەسەلەن گەنم، خۆمان سایلۆمان هەبێت، مەعمەلی ئاردمان هەبێت، بیکڕینەوە لەخەڵك، تەشجیعی بکەین، مەسەلەی میوەو سەوزە، بەلاَم شیر، لە دونیادا شیر هەیە، بۆ یەك رۆژە، دوای یەك رۆژەکە بەسەر ئەچێت، ئەبێت کۆبکرێتەوە، بەلاَم شیرەکە لەوڵاتانەوە بە سێ رۆژ ناگاتە ئێرە، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی کۆمەڵێك شت هەیە، ئێمە پێویستە چارەسەرەکان لەلای خۆمان بێت، خۆمان محاوەلە بکەین، ڕێگە لە هەندێك شت بگرین، با خەڵك خۆی ناچار بێت، لێرە بیکات، یەعنی ماقولە سەوزە لە وڵاتێکی ترەوە بۆمان بێت، خۆ خەڵك لێرە بۆ سەوزە نامرێت، بۆ هەندێك میوە نامرێت، کەواتە ئەصڵی مەوزوعەکان لێرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەژمارە کۆمەڵێك نموونە ئەهێنمەوە لەبەر کاتەکە، ڕاستە ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا، چەندین تەن شت سووتێنراوە، بەلاَم من نموونەم لایە ناتوانم ئێستا باسی بکەم، دوایی ئەیدەم بەجەنابی وەزیر، بەدەیان تەنیش خراوەتە بازاڕ، خواردنی خراپ بوو، خەڵك خواردوویەتی، ئەمە کاتێك ئەسووتێندرێت، بازرگانەکە نیوەی کالاَکەی سەرف کردووە، زەرەرێکی ماددی کراوەو کۆمەڵێك خەڵکیش خواردنە خراپەکەی خواردووە، ئەمەوێت تێبگەم ئەم گۆشتی هندیە کێی لەپشتەوەیە، هەر ئەبێت دوای ئەوەی کەدەرکەوتووە، فیعلەن بەکەڵکی خواردن نایەت، هەر هەیەو ئەخورێت، لە گەصخانە هەیە، لە چێشتخانەکان هەیە، کە دەوڵەمەندە بەڕێزەکان لێی ئەخۆن، هەر فەقیرەکان نین دەوڵەمەندەکانیش لێی ئەخۆن، چونکە هەندێك لەچێشتخانەکانیش بەکاری ئەهێنن بۆ خواردن، ناکرێت ئێمە ئەمە بخەینە سەر

هاووڵاتیان بەتەنها، چونکە هاووڵاتیان بەشێکی زۆری نەخوێندەوارە، ئەی ئەو منداڵانەی کەوا لە حانووتی خوێندنگاو لە کۆڵان شت ئەکڕن، ئایا ئەو منداڵە زەنبی چیە؟ هۆشیارییەکەی چیە؟ تا بتوانێت ئەوە بکات، من بەپەلە کۆمەڵێك پێشنیارم هەیە، یەکەم: سزایەکی توونـد دابنێین، ناکرێت بازرگانێك چـەندین ملیـۆن دیناری قازانج کردووە، سەدو پـەنجا هـەزار دینـاری لـێ وەربگیرێـت، نەهێشـتنی واسـتە بـۆ بـەربوون وکـەم کردنەوەی سزا، کە من ناتوانم بیڵێم نموونەم لایە، کە دەست هەبووە، نەیهێشتووە بازرگانەکان سزا بدرێن، هـەوڵ بـدرێت ئـەوەی لیژنـەی تەنـدروسـتی پێـی ئـەڵێت، دەزگـای کـوالیتی کـۆنـترۆڵ، کـاك عوسمـان ئـەڵێت دەستەیە، ئەمە کارا بکرێت، ئەمە بتوانێت کۆنترۆڵی خواردن وداو دەرمانی ئەم سنوورە بکات، زۆربەی ئەو خواردنانەی کەدێت، وەکو ئیشارەتی پێدرا، لـە سوپەر مارکێتـەکان و دوکانـەکان ئێکسپایەر ئـەبێت، ئـەبێ دەسـتەی چـاودێری و دەسـتەی تەنـدروسـتی کـۆنـترۆڵی ئەمـە بکـات، ئـەبێ وەزارەتـی بازرگـانی و هـی تەندروسـتی، یـەك: فەرمانبـەرەکانیان زیـاد بکـەن، دوو: موسـتـەلزەماتیان بـۆ دابـین بکـەن، مـن ئەمـە لـە خۆمـەوە نـایڵێم، نموونـەم هەیـە، کـە ئەمانـە نـاتوانن ئیشـەکانیان بـەڕێوە بـەرن، کـە موسـتـەلزەماتیان لەبەردەستدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەنووسین بینێرە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە جەنابی سەرۆك، هەر ئەم چەند شـتەم مـاوە، ئەبوایـە وەزیـری بازرگـانی لـەماوەی ئـەم سـێ ساڵەی کەکاری کردووە، هەوڵی بدایە، سایلۆ دروست بکات، بەتایبەتی لە سلێمانی، دروسـت کردنـی ئاشـی هونـەری کە نیمانە، مەسـەلەی دروسـت کردنـی چـەندین مـەخزەن، بـۆ ئـەو بەڕێوەبەرایەتیانـە کـە ئـەوەشمان نیـە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەمووی ئەکات، دروست کردنی سایلۆو مەخزەن، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیوادارم ئەم دانیشـتنەمان وەکو دانیشـتنەکەی پـار بـێ بەرهـەم نـەبێت، ئـەنجامێکی هـەبێت، چـونکە ئـەوەی پـار دانیشـتنێکی تێـر وتەسـەل بـوو، بـە دیکۆمێنتـەوە هـەموویمان پێشکەش کـرد بـە پەرلـەمان وبەخەڵکیش، وەکو نووسینگەی سلێمانی، بەڵام دیار بـوو بەدواداچوون نـەکرا، بۆیـە ڕۆژ بـەڕۆژ وەزعەکـە خراپتر ئەبێت، ڕۆژانە بەتەن شت ئەسووتێندرێت، هیوادارم ئەمە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، خاڵی دووەم: پشتیوانی لە بۆچوونەکەی وەزیری تەندروستی ئەکەم، کە سزادان بەس سووتانی مەوادەکانی نەبێت، سزای توونـد تری بۆ دابندرێت، یا سزاکە هی خۆی بێت، شەخصی هی خۆی، یا گرتنی لەسـەر بێـت، چـونکە ئـەو

مەوادانەی کە ئەسووتێندرێت، خۆ بەشێکی لێ سەرف کردووە، دەست مایەکەی دەست ئەکەوێتەوە، ئەمە یەك: دوو: نەوعیەتی سووتاندنەکە، تەلەف کردنەکە، ئەوەش تەندروستی نیە، بەتایبەتی دەرمان، کە ئەزانن ژینگە پیس ئەکات، بۆیە داواکارم هەر بە سووتاندنی مەواد نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی بازرگانی عێراق، لەمانگی 7 ڕاپرسیەك ئەنجام ئەدات، لە هەموو عێراق بەتایبەتی لەسەر 6 ملیۆن خێزان، کوردستانیش مەشمول ئەبێت، لەسەر ئەوەی ئایا پارەی بتاقەی خۆراکی بدەنێ، یان خۆراکەکە وەر بگرێت، نازانم پلانی حکومەتی ئێمە چیە؟ بۆ ئەو حاڵەتە، بەڕێز وەزیری بازرگانی وتی، خۆراك لەبەغدادەوە دێت، یان پارە وەرئەگرین لەبەغدا یان پارە بەهاووڵاتی بدەین، بەتەصەوری من ئەگەر پارە وەربگرین وخۆراك بکڕین ولەجیاتی ئەوە بۆ هەمووی تەوزیع بکەین، تەنها لەسەر هەژارەکان تەوزیع بکرێت، ئەتوانین ئەوە چارەسەر بکەین، دەستەی کوالێتی کۆنترۆڵی خۆراك، لە 4/20 چووەتە سەر وەزارەتی تەندروستی لە 2008/6/1 دروست بووە، نەیتوانیوە کۆنترۆڵ بکات، لەراپۆرتەکەدا هاتووە، کە 6/1ی ئەمساڵە کۆنترۆڵی دەرمان ئەکات، نازانم چۆن ئەوە ئەبێت، زۆر شت کە دەرباز ئەبێت، لە خاڵی سنوور تیمی ئاسایش هەیە، پۆلیس هەیە، تیمی تەندروستیش هەیە، بەڵام هەندێك شت ماوەکەی کەم ماوەو دەربازیش ئەبێت، وەکو مەسەلەن ئێستا لەناو بازاڕ دیعایەی بۆ ئەکەن، کە ئایس کرێم ومۆتاو ئەوانە دێت، خۆ ئەتوانن ئەوانە قەدەغە بکەن، هەر دەرباز نەبن، بۆ ئەوانە ناکات حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها ئەوەندەیە، زوڵم لە حکومەت مەکەن، زۆر شت هەیە، کردوویانە، لە ڕاستیدا نەڵێین هیچ نەکراوە، گێلاس خان وتی هیچ نەکراوە، ئەو هەموو ئەرقامانەی کە دکتۆر زریان و کاك حمە رەئوف وتیان، ئەوە حەق نیە، بەو شێوەیە تەقیم بکرێت، مریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بەخێرهاتنا وەزیران بکەم، گشت وەزیران بکەم، راستی گەلەك خەڤمێت مین گرن برادەرو گەلێك ژیکرن، بەس پرسیاریك هەیە بۆ وەزیرە تەندروستیا گەلێك هاژیان صەیدەلیا هەیە هەموو رەسمیا ئان نە؟ صەیدەلی و هەندێك راستی من پێشنیار هەبوون بۆکی چالاك کردنا سستمی چاڤدیری و دەرچوانی لەسەر هەر کەلوپەل وئازوقە تێتە ناڤ هرێمە کوردستان، وە دانانی یاسا لیکولێنە سەر کەسان و گروپە کۆمپانیا سەر پێچیە دەکات، ویاسای گەران و پشکنینی بەردەوام بێت ئالیەت کۆمیتە وە لیژنە تایبەت ئەژ وەزارەتا ساغلەمی و ناوخۆ وبازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من هەستم پێكرد، زۆربەی هاووڵاتیانیش هەستیان پێكردووە، كە یەك: سیاسەتی تەندروستی و پاراستنی تەندروستی لەوڵاتی ئێمەدا پەیڕەو ناكرێت، دكتۆر موئەیەد كە من لەسەدا سەد قبوڵمە ڕەئیەكەی، هەمووی بەڕاستم وەرم گرتووە، چونكە ئینسانێكی پرۆفیشناڵە وقسە ئەكات، سەرۆكی ئەو دەستەیە كە بەرپرسە لێی، من بڕوام پێكردووەو دەشزانم هەموو هاووڵاتیانیش بڕوایان پێكردووە، بەڵام بەداخەوە وەزیری تەندروستی كەوتووەتە حاڵەتێكی دیفاع لەو وەزعە، كە خۆشی لە ڕابردوودا لە هەموو موقابەلەكان باسی لەو كەموكوڕیانە كردووە، بۆ نموونە باس لە سەرەتان دەكرێت، من خۆم هەموو موقابەلەكانی دەخوێنمەوە، چونكە پرسی تەندروستی لەلای من گرنگە، خۆی باسی كردووە، كە ڕێژەی سەرەتانی مەمك لە وڵاتی ئێمە یەكجار پەرەی سەندووە، زۆرجار لەم قسانە كراوە، باس لە وشیاری خەڵك ئەكرێت، دیسانەوە كەوتە تەناقوزێك، دەڵێت دەبێ خەڵك هۆشیار بێت، دوایی لەهەمان كاتدا دەڵێت، ئەوروپا هۆشیارن، بەڵام لەهەمان كاتدا هۆشیار نین، سزا هۆشیارییەكەی داوە بەخەڵك، ئێمەش ئەوانە ئەزانین هۆشیارییەكە پێویستە، بەڵام سزای توونديش پێویستە لەدوایی ئەم هۆشیارییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم لەوەزیری تەندروستیە، هەندێك لەو خۆراكانەی كە ئێستا هەیە، لەناو بازاڕەكاندا لەناو سوپەر ماركێتەكاندا، دەستكاری مێژووەكەی ئەكەن، مێژووەكەی بەسەر چووە، ڕەقەمێكی تری لێ ئەدەن یان دەستكاری ئەكەن، بەهەمان شێوە لەبازاڕەكاندا دەیفرۆشن، پێویستە لیژنەی تایبەتی دابندرێت، بۆ پشكنینی ئەو شوێنانە، دەورەیان بۆ بكرێتەوە بۆ ئەوەی شارەزا ببن لە چۆنیەتی پشكنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باس لەباری خواردن و دەرمان دەكرێت، كە لەئاستێكی زۆر ترسناكدایە، ئەوە دەمێكە ئێمە ئەو ڕاستیە ئەزانین، كاری ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە، چارەسەری ئەو كێشەیە بكەین، هەردوو بەڕێز وەزیری تەندروستی و بازرگانی، پێشنیازی ئەوەیان كرد، كە ئەو پارەی بۆ ئەو دوو وەزارەتە تەرخان دەكرێت، هەوڵ بدرێت یەكێك

بێت لەو کێشانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا یەکلایی بکاتەوە، بەوەی کەوا بخرێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، هەتاوەکو ئەو دوو وەزارەتە ئایا دەرمان بێت، ئایا شتەکانی دی بێت، یان وەزارەتی بازرگانی ئەو ڕاستەوخۆ بیان کرێت، کێشەیەکی تر هەیە، حەزەکەم ئاماژەی بۆ بکەم، لێرەدا باسی دەرمان و مەوادی بەسەرچوو کرا، بەڵام کۆمەڵێك دەرمانی دی هەن، ئەوانە لەسەرەتاوە بەپارەیەکی کەم کڕاون، چونکە بەڕێگەیەکی ناقانونی ئەوانە هێندراونەتە کوردستان، ئایا بەتەندەر بێت، لەڕێگەی وەزارەتی تەندروستیەوە، یان ڕاستەوخۆ ئەو کەسانە کە ئینگلیز وشەیەکی تایبەتی هەیە، پێیان ئەڵێت، (پشیلە قەڵەوەکان)، ئەوانە ئەو شتانەیان هێناوەتە ناو کوردستان، پاشان سەرفی ئەکەن بەسەر خەڵکدا، لەهەموو لایەکەوە، پێویستە قانونێك دابندرێت بۆ چارەسەر کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارو پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارەکانم یەکەم: داوا ئەکەم یاسای حیمایەی موستەهلك بەزووترین کات، لەپەرلەماندا ئیقرار بکرێت، ئەو مەسەلەی دەعمی مەوادی غیزائی کە ئێمە ئەڵێین صندوقی نەقدی دەولی و بانکی نێودەوڵەتی ناهێڵن، ساڵ بەساڵ کەمی ئەکەنەوە، بەڕاستی ئێمە وڵاتێکی نەوتین، زۆر عەیبە بۆ وڵاتێکی نەوتی وەکو ئەوروپا خۆمان حساب بکەین، کەتەواوی داهاتەکانی لەسەر باجی هاووڵاتیانە، ئەمە خەڵەتاندنێك بوو، دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی عەلاویدا، هێنای بەسەری حکومەتدا، خاڵی دووەم: ئەم سائیلە گرنگانەی ژیان، ئەساسیەکان، ئاو، خۆراك، دەرمان، هەوا، خۆ سیانیان ئێستا گرفتەکانی بەدەست ئێمەوەیە، ئایا کەدەرمانێکی ئیکسپایەر لەبەغدادەوە دەگاتە ئێرە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەیە، بۆچی خێرا وەزارەتی تەندروستی کارێکی ڕۆژنامەگەری دروست ناکات، دەرمانەکان بخاتە بەردەستی خەڵك بەئامادە بوونی ئەو یا ئەو وەزارەتەی لەبەغدا بەزۆر ئەمە ئەکات، حەیای بچێت، خاڵێکی ترم: داوا ئەکەم لە لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، یاسایەکی تایبەت دەربکەن بۆ سزادانی موخالفین، بەوانەی کەوا گەمە ئەکەن بەدەرمان بە خۆراك و بەئاو، کە ئەمە حەیاتی هاووڵاتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی وەزیری تەندروستی ئەکەم، کەوا توونـدترین سزا، بدرێتە ئەو کەسانەی کە ئەو تاوانە ئەکەن، من پێشنیارەکەم ئەوەیە، سێ یاسایی لەناو هۆڵی پەرلەمان خوێندراوەتەوە، هیوادارم

بەزووترین کات بخرێنە ناو بەرنامەی کار، یەك: لەوانە قانونی موستەهلك، دوو: (قانون المنافسە ومنع الاحتكار، سێیەم: قانون حیمایە البیئە، چونكە هەر سێكیان پەیوەندیدارن بەوەی ئەمڕۆ هەتا لە ناحیەی عەمەلی تەتبیق بكرێت، دوو قانونیش لە عێراق دەرچووە، پێم خۆشە وەزیری بازرگانی، پێویستە قانونی تەنزیمی تجارەت لەكوردستاندا هەبێت، چونكە ئەوەی عێراق هی ساڵی 1981 ە، دەست نادات لەگەڵ ئەمڕۆدا، دووەمیش قانون الصحە العامە، كە لە عێراق دەرچووە، ئەوەش هەروەها پێویستە وەزیری تەندروستی لە پرۆژە یاسایەك پێشكەش بە پەرلەمانی بكات، دەبێ ئەوەش بزانین كە رەسمی سیاسەتی تەندروستی گشتی لە ماددەی 104 هاوبەشە لەبەینی هەرێم و حكومەتی ئیتیحادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژانەی كەوا باسی ئەكەن، ئاراستەی لیژنەكان كراون، كەی ڕاپۆرتەكان تەقدیمی سەرۆكایەتی كرا، بە تەئكید ئەیخەینە بەرنامەی كارەوە، صەبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی ڕووی داوە تەراكوماتێكی زۆرە، ئێمە لەگەڵ هەموو قسورییەك، بەڵام ئینساف نیە، بیخەینە سەر شانی یەك، دوو كەسێك، لە یەك، دوو ساڵدا، بۆیە بەویژدانەوە سەیری شتەكە بكەین، تەراكوماتی چەند ساڵەیە، ئێستا شێوازێكی ستانداردمان هەیە، پلانی چارەسەركردنیش دارێژراوە، من دوو داواكاریم هەیە، ئەڵبەتە هەموو قسەكانمان لەناو لیژنەی تەندروستیدا كردووە، دوو داواكاری بەپەلەم هەیە، بەڕاستی یەكێكیان: ئێمە هاووڵاتیمان تووشی بێ متمانەیی بووە، بەرامبەر بە خۆراك، بەدەرمان، بەهەموو شتێك، لە سەدا سەد بەرەو ژوور تر، پێویستی بە بەرنامەیەكی ڕۆشنبیری و هۆشیاری هەیە، كە بەزووترین كات، بەهەماهەنگی لەگەڵ سووتاندن وكۆنترۆڵ كردنی ئەم لایەنە، تاك هۆشیار بكرێتەوە لە بەینی وەزارەتە پەیوەندیدارەكاندا، لەسەر ڕاگەیەندراو و نووسراو، بیستراو، هەتاكو تاك رۆشنبیری بۆ دروست بوو، ئەو كاتە ئەتواندرێت، خۆی هاوكارێكی سەرەكی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس گەیشت، ئەوی تری بنووسە، ئەبوایە لە لیژنەی تەندروستی ئەو قسانەت بكردایە، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو دەبینن هەر جارەو جەنابی وەزیرێك لێرە حاز دەبێت، كێشەی ئەوان زۆرترە، خەڵكی دەبینن كەوا كێشەی ئەوان زۆرترە، ئەوانەی كەوا فەرمانبەر نین، بەری چەندە وەزیری تجارە گوتی، چەندە فەرمانبەر هەنە، حەتا هەنكە، هەر ئەوەندەن یان كێشەی فەرمانبەریان هەیە، پرسیارەكی دی بۆ وەزیری تەندروستی، هەبوونی دەرمان لە ناو كۆڵان و حەتا ناو دەرمانخانەش، بەڵكو دوكانی بچووك هەنە، ئایا تا چەند كۆنترۆڵ

لەسەر کرن، ئەم خەڵکا مە سادە نـازانن، بچن بـۆ سـەیدەلە بـەڵکو لـەناو کۆڵان و دوکـان دەیکـڕن، ئایـا ئەمـە موراقەبەی صەحی لەسەر هەیە؟ مەفروزە کاری خۆی بکات، وەکو پێویست یان ئەز بینم موراقەبـەی سـەحی تەنها لە مەنتقەیەکی هەیە، دەلیلیش چەندین جارا، کتابا وەزارەت هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، ئێمە ئیعلانی بازاڕی ئازادمان کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ پێداویستیەکی بازاڕی ئـازاد جێبـەجێ بکەن، چ لەڕووی تەکنیکیەوە، چ لـە ڕووی یاسـاییەوە، ئەمـە یـەك: دوو: باسـی غـەرامات کـرا، جـەنابی وەزیـر ئیشارەتی بەغەراماتدا، ئەو کەسانەی کەوا ئەو شتانەی لێ دەگیرێت، تەنها بە غەرامە حوکم دەدرێت، فی حـین قانونی تەنزیمی تیجارە، قانونی عقوباتیش ساری مەفعولە، ئەوە حوکمی تێدایە، حوکمەکەشی قورسە، نازانم جەنابی وەزیر عەجەبا ئیحصائیەکی تێدایە، کە چەند کەس حوکم دراون، چـەند کـەس ئیحالـەی مەحکەمـە کراون، ئەخیر خاڵێشم ئەوەیە، حەق نیـە، حکومـەتی ئیتیحادی داو دەرمـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بکرێت، چونکە ئەوە لە زمنی دەسەڵاتی حەصری ئەوان نیە، موخالفی ماددەی 10ی دەستوری عێراقیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، پرسیارەکانی من برادەران کردیـان، بـەڵام پرسـیاری مـن ئەوەیـە، ڕاستە ئـەو بازرگـان وئـەو قاچاغچیانەی کـە شـتی ئیکسپایەرو خـراپ دەهێـنن، بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان کـار دەکەن، بەڵام من ئەو شتانەی کە وەکو دەرمانی ئیکسپایەر کـە پێـنج ڕۆژی دەمێنێـت ئێکسپایەر بێـت، دێتـە هەرێمی کوردستان حکومەت بۆ خۆی وەری دەگرێت، ئـەو مـەوادە خۆراکیانـەی کـەوا لـە سـاڵی 2003 وە کـە پێشتر لە بەردەستی ئێمە نـەبوو، بەکـەڵك نایـەت و ناخورێـت، ئەوانـەش هـەر حکومـەت وەری دەگرێـت، ئایـا دەبێ هەتا کەی ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین، نەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین، چ لە ڕێگای حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، چ لەڕێگای نوێنـەرانی ئێمـە لـە بەغـداد، بەڕاسـتی ئـەو دەرمانـەی کـە دێـت، کـە ئێکسـپایەرە هـەر زەرەرێکـی گەورەیــە، ئەگــەر ئەیســووتێنین زەرەرەکــەی گــەورەترە، یــەعنی ئــەوەش حصــەی هاووڵاتیانــە ئەسووتێندرێت، بەبەلاش ئەچێت، بەخۆشمان وەری دەگـرین وەکـو حکومـەت، حکومـەت وەری دەگرێـت، خـۆ قاچاغچی نەیهێناوە، تا گلەییان لێ بکەین، پێویستە هەوڵێك بدرێت ئەو کارە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شەوقی:

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەکارەکانی حکومەت ئەکەم، پێم وایە بودجە گرنگە، بەڵام هەموو شتێك نیە، بەباشی ئەزانم پێشنیار بکەم، هەموو وەزارەتەکان کۆنفرانسی تایبەت بەخۆیان گرێ بدەن، بۆ ئەوەی کە چارەسەرێکی گشتگیر بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی کە دەورو تەئسیری زۆر گەورەی هەیە، لەسەر ژیانی میللەتەکەمان، لەسەر ئایندەی میللەتەکەمان، پێم باشە خاڵێکی دیکەم، پڕوژە یاسایەك ئامادە بکەن، لەسەر ئەو موعاناتەی کە هەیانە، دەربارەی بازرگانەکان، دەربارەی ئەو کەسانەی کەوا تجارەت بەژیانی خەڵکەوە ئەکەن، خاڵێکی تر پێم باشە، تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی پێویستە ئیعادەیەکی نەزەر بە تەواوی کارەکانی خۆی بکاتەوە، سیستەمێکی تەندروستی تازە دابڕێژێت، بۆ ئەوەی هەم چارەسەری عیادە شەعبیەکان وئەهلیەکان ومەعامەلەکردن بە ژیانی خەڵك وهەتاکۆتایی، ئەمانە کەهەموویان پرسی گرنگن، جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەمەوە، کە بەڕێز وەزیری پلاندانان ئاماژەی بەوە کرد، کە تا کوالێتی کۆنترۆڵمان نەبێت، ئەوا لەتوانادا نیە، ئەو کارە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تەئیدی زۆرم و دەستخۆشی زۆرم بۆ لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، بەڕاستی ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەسەلەن هەڕەشەیەکی زۆر لە سەر خواردن و خواردنەوە هەیە، نەبوونی ئاسایشی خواردنمان هەیە، کەبناغەکەشی نەبوونی ئاسایشی ئاوە، کە کەمی ئاو خۆی ئەڵێت: ( ڕێوی خۆی لەخۆیدا نەبوو، هەژگێکی بەخۆیەوە بەستبوو)، وشکە ساڵیشی بۆ ئیزافە بوو، کەواتە ئێمە ئاسایشی نەتەوەییمان لەدەست داوە، لێرەدا من پرسیارم لەوەزیری بازرگانی هەیە، ئایا میکانیزمی هێنانەدی، ئاسایشی خۆراك چیە؟ بەتایبەتی ئەو باسی پلانی ماوە درێژی کرد، بەس باسی پلانی ماوە کورتی نەکرد، وەکو کیما پرژێنی باخچەکان، وەکو ئەوەی باسی کرد، کوالێتی کۆنترۆڵ ببێتە نیزامێك، ئەمە بۆ ئێمە دوورە، پێویستە باسی پلانی کورت خایەنمان بۆ بکات، پرسیارێکیشم لە وەزیری تەندروستی هەیە، بەڕاستی وێڕای دەست خۆشیم بۆ ئەو ئیشە باشانەی کە کردوویەتی، پێشنیارەکەم ئەوەیە، پرۆسەی پشکنینەکان زۆر تر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شعبان فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تێبینیەكم هەیە، لەسەر ئەم بابەتە ئەویش لەم مەوزوعەدا یان سزا دابندرێت، یان تێگەیشتن هەبێت، بەڕاستی ڕەئی من وەكو تێگەشتم باشتر وایە سزادان نەبێت،، چونكە تۆ ئەگەر هەر زەخت بكەیت، هەر زەخت بكەیت، خەڵك تێبگەیەنیت باشترە، بەوەی كە خواردنی باش بهێنێت، تێگەیاندن باشترە، لە سزادان، ئان كادرێكی صەحی دەرمانێكی بفرۆشێت باشترە، ئان تێبگات باشترە لەوەی كە سزای بدەین، بەڕای من هەر وەزارەتەكی كۆڕ و سیمینارا بدات، تاكو خەڵك تێبگەیەنێت، كادیری خۆ تێبگەیەنێت، كە ئەو شوغلەی خراپە نەیەتە كرنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو هەموو باسكردنی سزایە، باشە وەزیری ناوخۆو وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ لێرەن، هەموو داوای سزا ئەكەن، ئەوەش جێبەجێ كردنەكەی لەسەر ئێوەیە، سوهام خان فەرموو.

**بەڕێز سهام انور وەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان ئەزانین، ئەگەر دكتۆر بێت یان ئینسانی تەبیعی بێت، ئەزانێت كەوا خواردن زۆر زۆر گرنگە بۆ تەندروستی، ئەگەر خواردن باش بێت، پێویستی بەدەرمانیش نابێت، ئەگەر خواردنەكە خراپ بێت، دەرمانەكەش خراپ بێت، تەبعەن وەزعی هاووڵاتی زۆر خراپ ئەبێت، ئێمە سوپاسی حكومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەكان ئەكەین، كە ئەزانین ئیشوكاری خۆیان بەجوانی و ڕێكوپێكی ئەكەن، بەڵام ئێمەش دەبێ هەموومان خۆمان خەڵكی كوردستان، لە حكومەتەوە تا دەگاتە هاووڵاتی ئەو مەسئولیەتە لەسەر شانی خۆمان دابنێین، بەتەوعیە، بە موراقەبە، بەشتێك بزانین ئەوە مەسئولیەتێكی زۆر گەورەیە، چونكە تەندروستی خەڵكی كوردستان پەیوەندی بەهەموو چالاكیەكی میللەتی كوردستانەوە هەیە، ئەگەر تەندروستیمان باش بێت، كوردستانمان بەخێر ئەبێت، لێرە پێشنیار ئەكەم، تەوعیە زیاد بێت، بۆ هاووڵاتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی مەگەر ماتۆڕ لەخۆم ببەستم بۆ ئەوەی فریای هەموو قسەكان بكەوم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەكان لەو ڕوانگەوەی كە حكومەت باوكی میللەتە، من لەو ڕوانگەوە قسە ئەكەم، كەواتە ئەركی هەرە زۆری ئەمە دەبێت بكەوێتە سەر شانی حكومەت، ڕاستە بەڕێزتان دووساڵیش لەمەو پێش هاتن، هەر هەمان قسە بوو، پلانە ئەیكەین، انشاء الله هەوڵ ئەدەین، مافیایەك هەیە لەپشت ئەم وەزعە هەمووی، ئەمە

ئیشی مافیایە، ئیشی خەڵکی ئیعتیادی نیە، سەرۆکی پەرلەمان، جەنابت دوو، سێ جار ئیشارەتت بەوە دا هاووڵاتی، هاووڵاتی، ڕاستە هاووڵاتی سەیری ئیکسپایەردەیتەکە ئەکات، ئەویش تازە فێر بووە، بەڵام ئایا ئیشی حکومەت نیە، ئەو مەوادی موفەتینەی کەوا ئیزافە ئەکرێت، ئەو مەوادی حافیزەیە کە ئیزافە ئەکرێت، ئەو کۆنترۆڵی بکات، من هاووڵاتیەکی ئیعتیادیم نازانم، ئەو ئیپانە کە بەزەرد نووسراون لەسەر پاکەتەکان، ئەو (E)یانە مەعنای چیە، ناشزانم نیسبەتەکەی چەندە، ئەگەر بۆ ئەوەی بزانم، کە ئەوە خەتەرە لەسەر ژیانم یان نا، کەواتە ئێمە هاووڵاتی چۆن وشیار بکەینەوە، خاڵی سێیەم: ئەوەیە، بەڕێزان ئێمە لە هەموو پارێزگایەکدا پارێزگارو لیژنەی موحافەزە، ئەوانە مەفروزە بکەونە ناو بازاڕ، ماسی و مریشك، لەم گەرمایەدا لەبەر ئەو هەتاوەیە، بەبێ سەلاجە هەڵ ئەگیرێت، ئەوە گەورەترین کفرە، چومەتە ئەو خەستەخانە شەوانە رۆژییەکان، ئەو خۆڵەی لەسەر ئەو دەرمانە بوو، ئەگەر کۆی بکەیتەوە، بەتەنەکە لێی کۆ ئەکەیتەوە، خۆ ئەوە چ عیلاقەیەکی هەیە بەسەر بودجەوە؟ خاڵی چوارەم: تکا ئەکەم حکومەت لەمیزانیەی تەکمیلی، تکام وایە ڕەچاوی ئەوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سوارە، فەرموو.

**بەڕێز سوارە محمد حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەهەموو ڕیزەکانەوە، ئێمە هەموومان پێکهاتەی میللەتین، بەحەقیقەت دوێنێ وانەبوو بگەڕێین بۆچارەسەر، چارەسەر لە چیدایە؟ ئایا ئەگەڕێین بۆ ی یان هەر قسەکردنە لەمیدیاکانەوە بۆتەلەفزیۆنەکان؟ بەحەقیقەت سزادانی هەمو هینمان لەسەر سزادان کرد، ئەبێ لەسەر سزادان بکەین ئەودەرمانە یان ئەو مەوادانەی لەسنوورەکانەوە دێت قاچاغچین یاخود تجارن یاخود هەرکەسێکن، پێویستە سزایەکی توندیان بۆ دابنرێ، دوکانەکان، هەرئەوە نیە دوکانەکان دێنین، دەیسووتێنین لەبەر چاومانە هەموو دەسووتێن، قازانجەکە ئەوەندە زۆرە، یەعنی چاویان لە سووتاندنی ئەوەندە نیە، تکا دەکەم لەلایەنی پەیوەندیدار چارە سەرێك بۆئەم وەزعە بدۆزێتەوە بەسورەتی عام، ئەویش ئەو خەڵکانەی کەمەوادی ئێکسپایەر دەهێننە دوکانەکانیان یان لە سنوورەکان دەیهێنن، ئەمانە بهێننە سەرتەلەفزیۆن و سزایەکیان بۆدابنرێ، کە عبرەت گیر ببن، بە مە نەبێچارە سەرنیە، وەهەوڵی چارەسەر لەلایەنی پەیوەندیدارە، بزەبت واقیعیەت ئەمرۆ کۆمەڵێ خەڵك هەیە کەیاری بە خوێنی میللەتەکەمان دەکەن، میلەتێکە کەبە سەدەهاو ملیۆنەها خوێنمان داوە بۆچی ئەمڕۆ وای لێبێت، سوپاس

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس کاك سعدالدین، زۆرسوپاس کاك سەردار، زۆرسوپاس کاك سالم .

**بەڕێز سالم محمد علی :**

**بەرِیز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە گەنـدەڵی و بێویـژدانی لـە بـازاڕی ئـازادا بوەتـە زاهیرەکـی جیهـانی، مـن نـابینم ئێمـە بتـوانین بـە پێـی ئیمکانیـاتی محـدود کـۆنتڕۆل کردنـی هێنـانی دەرمـان و کـەل وپـە لی پزیشـکی بکـەین، خـراپ داخلـی هـەرێم نەبێت، پرسیاری من بۆچی ئیدارە بەتەنیٚ بەو کارە هەڵناستێت، وە بازاڕی ئازاد نەدیت بۆ هێنانی دەرمـان و کە ل و پەلی پزیشکی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز سارا خان بفەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسـەکانم کـاك طـارق و سـۆزان خـان کردیـان، زۆر سوپاسـیان ئەکـەم، بـەڵام پرسـیارێکم لەبـەڕێز وەزیـری تەندروستی هەیە، هـەتا چـەند بـۆ وشـیار کردنـەوە هەماهـەنگیان لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی و قسەکانی برا وەزیرەکان، سەیری دەورو پشتی خۆمم کرد، وتم شوکر ئێمە ماوین، ئەو دەرمان وخۆراکەی کە ئێکسپایەرە، یان ناتەواوە لەڕووی مواسـەفات و معایری دەولی لە وڵاتی ئێمەدا، ئەگەر نەڵێم هـەمووی، بەشـێکی زۆری دەفرۆشـرێت، بەشـێکی زۆر کەمیشـی لەناو دەبرێت، بەڵام تائێستا نەفرۆشیار، نەئەوانەشی کەپشتیوانی لیٚ دەکەن، بازرگان هیچ ئیجرائاتی لەگـەڵ نەکراوە، من نازانم چۆن داوا لە هاووڵاتیەکی هەژار و فەقیر بکرێت بۆ ئـەوەی خەبـەر بـدات، بەپێچەوانەوە ئەویش لە خۆی دەترسێت وجارێکی تر بیر لەخەبەردان ناکاتەوە، من دەڵێم دوای شـانزە سـاڵ، لـە حکومـەتی خۆمان ولە حوکم ڕانـی خۆمـان، کەچـی تـا ئێسـتا دەزگـای کـوالێتی کۆنتڕۆڵمـان نیـە، مـن لەجـەنابی وەزیـری تەندروستی دەپرسم، یەکەم: ئایا نەخۆشـێك بچێتە سیٚ، چـوار تاقیگـەی شـیکردنەوەی نەخۆشـیەکان، هـەر تاقیگەیەك نەتیجەیەکی جیاوازی بداتیٚ، بۆ چی؟ دووەم، ئایا پاك و خاوێنی عیادەی دکتۆرەکان پێویسـتی بـە کوالێتی کۆنتڕۆڵ هەیە؟ سێیەم: باسی دەرمانی ئیکسپایەرتان کرد، لە کۆگای ناوەندی، ئایا ئـەو لیژنەیـەی کـە سەر بەوەزارەتەو ئەو لێپرسـراوەی کـە بەرپرسـیارە لـەم کۆگایـەدا، ئەگـەر ئـەوان نـەبێت دەبیٚ چـی بکـەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەی وەزیرەکان باسیان لە زۆر کێشە کرد، بەڵام چارەسەر نەکردنی ئەو کێشانەیان گەڕاندەوە، بۆ ئەوەی کەوا دەستەی کوالێتی کۆنترۆڵ نیە، یاخود تاقیگەکان تا ئێستا کار ناکەن، ئایا هەموو کێشەکانی تەندروستی پەیوەندی بەو تاقیگەوە هەیە؟ ئایا جیاوازی نرخی دەرمان لە نێوان دەرمانخانەکان، پەیوەندی بەو تاقیگەوە هەیە، من کە باس لەجیاوازی ئەکەم، یەك مەنشەئەو هەمان پێوەری زانستیشە، ئەوە ئەرکی وەزارەتە ئەو جیاوازییە نەهێڵێت، هەروەها هەموویان باسی ئەوەیان کرد، کە سووتاندن تەنها چارەسەر نیە، پێویستە لیژنەکانی سەر بە تەندروستی تەفعیل بکرێت، جەنابی وەزیری تەندروستی ئاماژەی بە دوو سەنتەر دا، دوو سەنتەری زۆر گرنگ، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێر پەنجە، یەکێکیان لە سلێمانی، ئەوی تریان لە هەولێر، کە پێداویستیەکی زۆر کەم هەیە، خزمەتێکی زۆر پێشکەش ئەکەن، جەختیشی لەسەر ئەوە کرد، کە نەخۆشەکان تەنها کورد نین، هی هەموو عێراق دێت سەردانیان ئەکەن، کەموکوڕییان یەکجار زۆرە، پێویستە لە بودجەی ئەمساڵ پێداویستیەکانیان دابین بکرێت، هەروەها کارمەندەکانیان زۆر هەست بەغوبن ئەکەن، کە جیاوازییەکی زۆر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەزانین کە ئێستا هەڵاوسانێکی زۆر گەورە هەیە لە خۆراکدا لەهەموو جیهاندا، بەڵام خۆش بەختانە ئێمە یەکێکین لەو وڵاتانەی کەوا شتمان هەیە، ئەینێرینە دەرەوەو ئیستیفادەمان لەو گرانیە کردووە، کەنەوتە، ئەمەش داهاتێکی زۆری بۆ ئێمە دابین کردووە، وەزارەتەکانی ئێمە لەسەر بودجەی ئەساسی حکومەت، بودجەکانیان بۆ دابین کراوە، بەڵام بودجەیەکی تەکمیلی زۆر گەورەمان هەیە، کە دەکرێت زۆربەی ئەو کێشانەی کە بنچینەی بودجە تەکمیلیەکە چارەسەر بکرێت، خواردن و دەرمان کە دێتە کوردستانەوە، لەبەر گرانی بازرگانەکان ناچارن، بەدوای جۆر و نەوعی خراپدا بگەڕێن، خەڵکیش بگەڕێت بەدوای ئەوەدا، بەڵام پێویستە چاودێری لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە، دەزگا تایبەتمەندەکانەوە هەبێت، ئەو خواردنانە یان ئەو دەرمانانە لە ئاستی پێویستدا بن، بەتایبەتی بۆ دەرمانەکان کە جۆری زۆر باش نین، چونکە لەبەر ئەوەی کە زۆربەی کات کەبەکاری دێنن، تەئسیری جانبی زۆرخراپی هەیە، ئەو تەئسیرە جانبیانە لەبەر ئەوەی دەرمانەکان خراپن، حەبی ئەکتیڤیان ئەوەندە تێدا نیە، نەتیجە خراپەکانیانمان نەدۆزییەوە، هیوادارین وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەئەرکی زانستیانەی خۆیان هەڵبستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەمزیە خان فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بازاڕ علاقاتێکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی ئێمەدا ڕۆژانە هەیە، دەبێ بچین موراقەبەی بازاڕ بکەین، هەریەکە لەلای خۆیەوە، بەس لێرەدا پێشنیارا من ئەوەندەیە، لیژانی فەرعی هەبت، وە هی ڕەئیسیش هەبت، هی رەئیسی بۆ مەرکەزیەت موحافەزە بت، هی فەرعیش بۆ ئەترافا هەبت، چونکە ئەترافا ژی، دەبی لە دوکانا بچکی یان مجەمعەکی گەلەك شتی دیت، هەنە تێدا، کە تەئسیر لە هەمی مجەمەعا دکات، ڕاپۆرتا خۆ رۆژانە بنووسن، بیدەنە لیژنا ڕەئیسی لەوێش چارەسەر بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئاماژەکان زۆر ترسناکن، هەموو لایەکمانیان ترساند، ئێمە پێشتر چەند کۆبوونەوەیەکمان لەسەر ئەوە کردبوو، من چەند پرسیارێکم هەیە، لە وەزیری بازرگانی، یەکەم: ئێمە قسەمان لەسەر خراپی شوێنی هەڵگرتنی خۆراکی بائیعی کرد، کە لێرە پیشاندرا ئایا چارەسەری ئەوە کراوە؟ دووەم: دیارە کوالێتی ئەو خواردنانەی کە دێنە کوردستان جیایە لەو خواردنانەی بۆ وڵاتی خۆیانی دروست ئەکەن، موادی حافیزەی زۆری تێ ئەکرێت، دواجار ئەوانە بەشێکی زۆریان ئیکسپایەر ئەبێت، ئەوە وەکو ژەهر ئەدرێت بە هاووڵاتیانی ئێمە، هی کوردستان، تا ئێستا هیچ کۆمپانیایەك و هیچ بازرگانێك دراون بەدادگا؟ تەنها لەبەر ئەوەنا کە خواردنی ئێکسپایەریان هێناوە، لەبەر ئەوەی چەندین کەس بەپێی ئەو ئامارە، بەهۆی ئەو خواردنانەوە تووشی سەرەتان بوون و مردوون، گیانی ئەو هاووڵاتیانەی کە تووشی نەخۆشی بوون، یان ئەوانەی کەمردوون، کێ قەرەبوویان ئەکاتەوە؟ هیچ کۆمپانیایەك، هیچ بازرگانێك دراون بە دادگا؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە درا ئەو خواردنانەی کە دێنە ئێرە، بە هەزارەها تەنیان لێ سووتێندراوە، ئەو کەسانەی کە هێناویانە هیچ غەرامەیەك یان شتێکی ئەو تۆیان لەسەر نەکراوە؟ کە زەرەرێکی زۆر بکەن، جارێکی تر، ئێمە بووینەتە سەبەبی ئەوەی بۆیان سەرف بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەستەکانت خۆش بێت، کاك حمە رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، پەرۆشیان پێوە دیارە، جێی تەقدیرن، هەر ئەوەندەش ئەتوانن بکەن، من سێ قسەم هەیە، یەکەمیان: پشتگیری کاك اسماعیل ئەکەم، لە مەزوزعی دەرکردنی یاسا، یاسایەکی توند تەنها لە غەرامەدا نەوەستێ، دووەم: پێشنیارێکم هەیە، بۆ حکومەت خۆی کۆمپانیایەکی گەورە دروست بکات، یان خۆی ئیدارەی بکات، یان لە 50٪ی موساهیم بێت، لەگەڵ کۆمەڵێك بازرگاندا، بۆ ئەوەی خواردن ودەرمان لە دەرەوە بهێنن، بە چاودێری و بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی، پێشنیارێکیشم بۆ وەزیری بازرگانی هەیە، ئەتوانێت کە لەم کاتەدا کە مەسەلەی خواردەمەنی لەسەر ئاستی جیهان بەرزبووەتەوە، تجارەکان و بازرگانەکانی وڵاتی ئێمە، کۆبکاتەوە، ئەم هەرێمە کۆبکاتەوە لە کۆبوونەوەیەکدا، داوایان لێ بکەن، کە بەلای کەمیەوە، سعر یان ئەو ربحەی کەدەستیان ئەکەوێت، کە مێك لە ربح کەم بکەنەوە، لەسەر خەڵکی تاکو خەڵکیش ئیستیفادەیەکی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك دوو پێشنیارم هەیە، پرسیارێکیشم لە جەنابی وەزیری بازرگانی هەیە، یەکەم: بەشە خۆراکی 2006 -2007 بەتایبەتی شیر، ماددەی شیر کە نەدرابوو بە هاووڵاتیان، ئەنجامەکەی چی لێ هاتەوە؟، تەعویز دەکرێن بەپارە یان ڕۆی؟، دوو: هەتا یەکلایەنە بکرێتەوە لەگەڵ بەغدادا، ئەو دوو موشکیلەیە، مەسەلەی خۆراك و دەرمان، بە قەناعەتی من هیچ عیلاجێکمان پێ ناکرێت، چونکە خارجی ئیرادەی ئێمەیە، دەکرێت ئەو بەشە پارەی کە بەر هەرێم ئەکەوێت، لێی وەر بگیرێت و لێرەش برێك لە بودجەی خۆمان ئیزافە بکرێت، حەسر بکرێت، پێنج مەواد (ئارد، ڕۆن، برنج، شەکر، شیر)، ئەوانی تری لێ تەرك بکرێت، ئەوانە بێنن بۆ هاووڵاتیان و تەوزیعی بکەن لەسەریان، بەنیسبەت دەرمان، شەریکاتی قتاعی خاص مەنع بکرێت، حەسر بکرێت، لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی تەندروستی بێت، هێنانی دەرمان ئەوان بیهێنن ودابەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك، ئێمە ئەبێت، بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین، من دوو هۆکاری سەرەکی لەم کێشەیەدا ئەبینم، چونکە ئەم کێشەیە کاتی خۆی لەلای ئێمە نەبووە، یەکەمیان ئەگەڕێتەوە بۆ وێران کردنی گوندەکان لەکوردستاندا، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئێمەی تووشی ئەمڕۆ کردووە، دووەمیان

ئەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەڵەی بازاڕی ئازاد، من لەگەڵ ئەوەی کەلەگەڵ مەفهومی بازاڕی ئازادم، بەڵام بازاڕی ئازاد مانای ئەوە نیە، هەر کەسێك بۆ خۆی ئەم فەوزایە دروست بکەن، لەبەر ئەوە ئەبێت دەوڵەت لە ڕێگەی دام ودەزگاکانیەوە، لەڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە، چارەسەر بدۆزێتەوە وبێتە ناو کایەکەوە، ڕۆڵی خۆی ببینێت، بۆیە من لێرەوە پشتگیری ئەو خوشك وبرا بەڕێزانە ئەکەم، کە پێشتر داوایان کرد کە سزاکە بەهێز بکرێت و لێپرسینەوەی لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مام خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاری ڕابردوو کە جەنابی وەزیری تەندروستی ئامادە بوو، من باسی مەوزوعێکم کرد وتی موعالەجەمان کردووە تا ڕادەیەك، مەوزوعی ئەجهیزەکانی غەسلی کلیە، کۆمەڵێك ئەجهیزە هاتووەتە کوردستان، کاری لەسەر ئەکرێت، دکتۆر مستەفا ئیشرافی لەسەر ئەکات، موشکیلەکە من چونکە لەناو خانەوادەی خۆم هەمە، بۆیە ئاگادارم لە مەوزوعەکە، من بووکێکم هەیە، هەردوو کلیەی ڕاوەستاوە، ئێستا لە تارانە، ئەو جیهازانەی ئێمە تووشی ڤایرۆس بووە، جەنابی وەزیر وتی لە دانیشتنی رابردوو کە موعالەجەمان کردووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا موعالەجە نەکراوە، دەلیلیشم ئەوەیە، ئێمە موراجەعەتمان کرد، وتمان ئێمە مەسرەفمان زۆرەو پێمان ناکرێت، دائیمەن ئەو نەخۆشەمان لە تاران بێت، ئایا نەخۆشەکەمان بهێنینەوە جیهازەکان چۆنن، وتیان نەخێر مەیهێننەوە، رجا لە جەنابی وەزیر ئەکەین بەدواداچوون بکات لەو مەوزوعە، چونکە زۆر خەتەرە، قەناعەتیشم پێ بکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من نامەوێت ڕەقەمەکە بڵێم خەڵکێکی زۆر بەو ڤایرۆسە مردووە، چونکە هەمووی تووشی ڤایرۆس بووە، لەپاش باش بوونی جیهازەکان، ئینجا کەسانێکی زۆر مردووە، دووەم: من سەد لەسەر سەد، تەئیدی جەنابی وەزیر ئەکەم، بۆ سزا دان، وەك برادەران وتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لەو کێشانەی کە بەڕێزان برادەران باسیان کرد، کێشەیەکی تریشمان هەیە لە کوردستان، کە کەمترین هەڵوێستەی لەسەر کراوە، ئەویش کێشەی زەوی و خەزن کردنی خۆراکە لە بازاڕەکانی کوردستان، بەداخەوە یەعنی لایەنی کەمی مەرجی تەندروستی لە عەرزکردن وخەزن کردنی خۆراك لە بازاڕی کوردستان و دوکانەکان نابینەدرێت، خاڵی دووەم: بەڕاستی مەسەلەی عقوبەیە، کاك شێروان ئیشارەتی بەوەدا، لەیاسا عقوبە تەنها ئەوە نیە، یەعنی غەرامە بکرێت، بەڵکو حوکمیش هەیە، من دەپرسم تائێستا چەند تاجر یان

دوکاندار کە خواردنی ژەهریان لەکوردستان فرۆشتووە، حوکم دراون؟ مەفروزە ئێستا جەنابی وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری ناوخۆ لێرە دانیشتوون وەڵامـان بدەنـەوە، سـێیەم: بەڕاسـتی ئـەرکی میدیایـە، میـدیای کوردستان ئەرکێکی لەسەرە بەڕاستی دەبێ بەدواداچوون بکات، ئـەو بازرگانـە بـێ ویژدانانـەی کـە خـواردنی ئێکسپایەر دێننە ناو کوردستان، رۆژانەش بەچاوی خۆیان دەیبینن کە ئـەو خواردنـە لـە تەلـەفزیۆن دەبیـنن دەسووتێندرێت، بۆ بەدواداچوون ناکەن تا بزانن، بۆ هێنـاوێتی و نـاوی سـیانی بـڵاو بکەنـەوە، لـە تەلـەفزیۆن رەسمەکانیان بڵاو بکەنەوە، تا ڕسوایان بکەن، بۆ ئەوەی چی تر ئەو ژەهردەر خواردی میللەت نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حاتم فەرمو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وێڕای بەخێر هاتنی ئەو وەزیرە بەڕێزانە، بەکورتی من دوو خـاڵم هەیـە، یەکـەمیان: بەنیسـبەت دەرمانـەوە، ڕاستە کۆنترۆڵ هەیە، لەڕووی باشی دەرمانەکانەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو کۆگـاو جێگـاو مەخزەنانـەی کـە ئـەو درەمانانـەی تێـدا هەڵـدەگیرێت، سـیفەتی تەنـدروسـتی تـەواوی تێـدا هـەبێت، لـە ڕووی گەرمی و ساردی شوێنەکەوە، تا ئێکسپایەر نـەبێت، دوو: بەنیسـبەت خۆراکەوە، گـرنگ ئەوەیـە ئەوانـەی کـە ئێکسـپایەر ئـەبن، دەسـتیان بەسـەردا ئـەگیرێت، هـەر ئـەوە نـەبێت کـە بسـووتێندرێت، مـوهیم ئەوەیـە کـە ئیجرائاتی تەواو و قانونی لەبەرچاوی خەڵك و جـەماوەر بکرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـزا بـدرێت، لەبەرچـاوی خەڵك لـەجێگای مەخزەنەکـە یـان ئـەو شـوێنەی لافیتـەیـەك دابنـدرێت، کـەوا ئەمـە گەنـدەڵ بـووەو مـەوادی ئیکسپایەری فرۆشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن تـەنها سـێ خـاڵم هەیـە، چـونکە زۆربـەی خاڵـەکانم لەلایـەن برادەرانـەوە بـاس کـرا، یەکـەمیان: بەڕاسـتی چـاودێری بـۆ تاقیگـەکانیش پێویسـتە هـەبێت، چـونکە موختەبـەرەکانیش ئـەو دەرمانانـەی کـەوا بـەکاری ئەهێنن، بۆ دیاری کردنی نەخۆشییەکە ئێکسپایەر بێت، دیاری کردنەکەیان غەڵەت ئـەبێت و لـەو حاڵەتـەدا، چارەسەرەکەش غەڵەت ئەبێت، دووەم: پێشنیار ئەکەم، وەزارەتی تەندروستی تەعلیماتێك دەربکات، کـە هـیچ دەرمانخانەیـەك بـەبێ راتێچـەی دکتـۆر دەرمـان نەفرۆشـێت بـە نـەخۆش، واتـە هەرکەسـێك بێـت کەبیـەوێت دەرمان بکڕێت، چونکە بەڕاستی ئەوەش مەترسی لە خەڵك دوور ئەخاتەوە، سێیەم: من لـە دەمـی دکتۆرەکـان خۆیانەوە زۆرم بیستووە، ئەو قەترەو دەرزیانەی کە بۆ دژی نەخۆشیە وەبائیەکان، بەتایبەتی هی منداڵان کە

بەكار دێت، بەهۆی كوژانەوەی كارەباوە ئێكسپایەر ئەبێت، ئایا وەزارەتی تەندروستی ناتوانێت موەلیدەیەكی تایبەت بۆ ئەو حاڵەتە تەشخیص بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل محمد عثمان گردی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوی ڕاپۆرتەكەی لیژنەی تەندروستی ئەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك جمال بۆتانی فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسە كانم بە چەند پێشنیارێك دەست پێ دەكەم، یەكەم: دەست خۆشی لەوەزیری تەندروستی دەكەین بۆ ئەو هەوڵانەی كە دەیدات بە بەردەوامی، پێشنیاری ئەوە دەكەم لەبودجەی تەكمیلی میزانییەیەكی تایبەت دابنرێت بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ باش كردنی وەزعی تەندروستی لەكوردستان، دووهەم: پێشنیارم ئەوەیە: قانونی تەئمینی سەحی بەئالیاتی تازەوە دەست پێ بكات و لەپەرلەمان پەسەند بكرێت وئەو قانونە پەیڕەو بكرێت وەكو دەوڵەتانی دراوسێ، سێهەم: پێشنیار دەكەم لە بودجەی لە 17٪ كڕینی دەرمان لەعێراق، ئێمە هەوڵ بدەین بەوەفدێكەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق كە ئەو 17٪ دەرمانەكەی خۆمان ئێمە خۆمان بیكڕین، لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی لە كوردستان، پرسیارەكانم ئەوەیە ئەو مەرجانە چین كە ڕێگا دەدرێت بە كەسانێك دەرمان دێنن لە دەرەوەی وڵات ئایا پسپۆڕیە، لەصەیدەلێ كار دەكەن، دكتۆر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەواو كاك جمال زر سوپاس، كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەكەم: پرسیارێك لە جەنابی وەزیری بازرگانی دەكەم، ئەوان خۆیان هەوڵیان داوە، وەكو وەزارەتی بازرگانی، وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان، بازاڕێك هەبێت كە لەژێر كۆنترۆڵی ئەوانا بێت بۆ ئەوەی نەهێڵن مەوادی ئێكسپایەری تێدا بێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریش بتوانن كۆنترۆڵی سەری بازاڕی پێ بكەن، ئەوە كاتی خۆیشی ئەو پێشنیارەمان كرد، دیارە ئیشی پێنەكرا، ئەگەر ئەوە هەبێت وەزعی بازار چاك دەكات، دووهەم پێشنیارێكم هەیە بۆ جەنابی وەزیری تەندروستی كاك دكتۆر زریان، ئەو عەددەدی نەخۆشانە كە لەعیادەكانی ئێمە دەبینرێت زۆر زۆرە، بەراستی دكتۆرەكان فریا

ناكەون بەڕێك و پێكی نەخۆشەكان ببینن كە تووشی غەڵەت دەبن، ئەوە لە دەرمانـە ئێكسـپایەرەكە خـراپ ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، ودڵنیای وەزیری تەندروستی دەكەم دەڵـێم ئـێمـە مەناعـەمان هەیـە لەنەخۆشییەكان هەرچەنـد خۆراكی ئێكسپایەر، دەرمانی ئێكسشایەر، هەوای ئێكسپایەر بێتە وڵاتـەوە ئـێمـە خەڵاس نابین، بەكیمیا باران خەڵاس نەبووین كاتی صدام حسین، ئێسـتاش خـەڵاس نـابین، مـن شـتێك داوا دەكەم لە دكتۆرانی بەڕێز، دڵێم ئێستا مندالەكانمان تووشی سكچوون و رشانەوە بینە تكایە عیلاجی ئەوانە بكەن، وە كولێرە ئەمساڵ انشاءالله سەیتەرە دەكەنە سەریا، چونكە ئەمساڵ وشكە ساڵیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەكان كرا، بەڵام ئەوە دووبارە دەكەمەوە، ئەم حاڵەتە بەیاسا رێك بخرێت و ئەركی ئێمەیە وەكو پەرلەمان پەلـە بكـەین لـە ئـەو ئەوقانونـە پەرتـەوازانا رێكـی بخەینـەوە لـە یاسـایەكدا، بـۆ ئـەوەی بتـوانین دەزگای پەیوەندیدار ئیجرای خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەل ئەو هەموو ئیجرائاتەی وەزارەتـی تەنـدروسـتی و دەسـت خۆشـیمان هەیـە بـو جـەنابی وەزیـر، دیـارە دەرمانێكی زۆر بەپێی مەعلوماتی ئێمە لە كۆگاكان هەیە كـە ماركـەو مـۆری تـازەی لەسـەرەو بووەتـە هـۆی خەتەرێك، ئایا ئیجرائاتێكی خێراترو سەریع تر هەیە بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەو دەرمانانە؟ خـاڵی دووهـەمم: كەیـەكێك لەئـەرك و مـەهامی وەزارەتـی پلانـدانان هانـدانی كـەرتی تایبەتـە بـۆ گەشـە پێـدانی ئـابووری و وەبەرهێنانی خۆماڵی، ئایا هیچ هەنگاوێكی عەمەلیّ نراوە بۆ چاكسازی ئابووری بازاڕی، نـەك بـازاڕی ئـازاد لەو بوارەدا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیری تەندروستی، ئێمە ئەو هەموو قسە دەکیەن بۆ ئەوەی سەلامەتی میللەت بپارێزین، ئێمە هەر ئەوە نیە کە کۆنترۆڵ لەسەر مەرزەکان بکەین، ئایا صیدەلێیەکان کۆنترۆڵ دەکرێن؟ لەبواری دەرمان کۆنترۆڵ دەکرێن؟ بە پێی مەرجەکانی گەرماو سەرما، بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی کە سەوائیلە، خۆی لەدەرجەی حەرارەی ئەوەندە زیاتر بێت فاسد دەبێت، ئەوەندە کەمتر بێت خەراب دەبێت، ئەو شتانە ئایا دەکرێت یان ناکرێت؟ پرسیاری دووهەمیشم ئەوەیە: ئێمە هەتا ئێستا زۆر کەس لەخەڵك، لەتەشخیس کردنی نەخۆش ودانانی دەرمانی غەڵەت بۆ نەخۆش تووشی هەزار مەشاکیل بووینە، ئایا ئەو کۆنترۆڵە لەسەر کێیە، کێ ئەو کۆنترۆڵی دەرمانانە دەکات ئەبێت کۆنترۆڵی دکتوریش بکرێت، ئەبێت تەشخیسی ئەو نەخۆشیانە کە دەکرێت دروست بێت، کێ بەرپرسە لە کۆنترۆڵی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری تەندروستی باسی ئەوەی کرد کە گوایە بەغدا هەندێك دەرمانی بۆمان ناردووە و ناچار بوونە کە نزیکی ئێکسپایەر بوونە، ماوەی کەم بووە، ناچار بووە زوو سرفی کات، من دەڵێم ئایا دەرمان خۆراکە وا بەناچاری زوو سەرفی کەین و بتوانیت تەواوی بکەی؟ بەتایبەتی کەوا دەرمان مەقادیری هەیەو نەخۆشی تایبەتی خۆی هەیە، دەبوایە هەر لە بیدایەتەوە رەفزی بکردایە و وەرینەگردایە، کابرایەك کوڕەکەی نەخۆش بوو پێیمان وت ئەرێ چیت لێی کرد؟ وتی واللە چوومە لای دکتور بایی سەد دینار دەرمانی بۆم نووسیوە، بەڵام نایخوات، ناچار بووم کە وا خۆم دەیخۆم، یەعنی ئەوە بەراستی ئەوە نابێت ناچار بین بیخۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستی هەموومانی داچەڵەکان بەتایبەت لەو خۆاردنانەی کەوا لەرێگای بایعییەوە دەدرێت کە بەپێی راپۆرتی لیژنەی تەندروستی بەکەڵکی خۆاردن نایەت، بەڵام بەراستی ئەوەی زیاتر دایچڵەکاندم ئەگەر بەغەڵەت حاڵی نەبیبن جەنابی وەزیری بازرگانی وتی بۆ ئەم ساڵیش لەئەنجومەنی وەزیران بەکۆی دەنگ بڕیار داروە ئەو خۆاردنە خەراپە بێت بۆ کوردستان، جا کە بەکۆی دەنگ بڕیاریان دابێت ئەوەی کە زیاتر دامدەچەڵەکێنی ئەوەیە، ئایا یەعنی چوون وەزیری تەندروستی و بازرگانیش ئەگەر

گوتبای بەزۆرینـەی دەنگیش حوسـنی زەنم دروسـت دەبـوو بەرامبـەر وەزیـری تەندروسـتی و بازرگـانی کـە ئەوان دەنگیان نەداوە، بەڵام کە دەڵێت بە کۆی دەنگ، دیارە ئەوانیش دەنگیان داوە کە ئەو خواردنە خراپە بێت بۆ کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم بابەتە بەراستی بابەتێکی زۆر گرنگـە، عیلاقـەی بـەژیانی هەمموومانـەوە هەیـە، حـەق نیـە پشـت گۆی بخرێت، حەقـە رێگـە چارەیەکی بـۆ بدۆزرێتـەوە ولێـرە بـە باشـی باسـی مەسـەلەکان بکرێـت، هـەر وا رۆتینیە ئەگەر کۆمەڵێك وەزیری پەریوەندیدار هاتووەنەتە ئێرەو و ئەندامانی پەرلەمان و چەندین مانگە خەریکی ئەو مەسەلەینە، هەر وا پوش بەسەر نەکرێت ئەو مەسەلەیە باشـە، خـەڵکی کوردسـتان چاوەرانی مەرگ دەکـات بەراسـتی بـەهۆی خـواردنی دەرمـان و خـۆراکی بەسەرداچـوو، یـەعنی ئـەوە زۆر زۆر کـارێکی خەرتـەرە، خـەڵکی پێیـان وایـە حکومـەت کـەم تەرخەمـە لـە دانـانی چـاودیری لەحـدودەکان و هـەم لـە ناوخۆیش، بەراستی ئەگەر حکومەت نەیکا، کێ بیکات؟ یەعنی لەحکومەت زیـاتر کەسـیکی تـر نیـە بیکـات، پرسیار ئەوەیە، چەندین کەسی قاچاغچی دەرمان دەفرۆشن و دەگیرێن، ئەو مەفرەزانەی چالاکێکە دەکـەن، زابتەکـە و پۆلیسـەکان لەتەلـەفزیون و دەموچـاویان پیشـان دەدرێـت وچـالاکیکەیان تۆمـار دەکرێـت، بـەڵام کەسی شاراوە کە قاچاغچێکەیە کە ئەو دەرمانە زەهراویەی هێناوە و بڵاوی کردوەتەوە بزر دەبێت ونە، نە موقابەلەی پێ دەکرێت، نە بابەتێك دەدات نە لە تەلەفیزیون پیشانی دەدەن، نازانی ئەو کەسە چی بەسـەر دێـت، بەراسـتی حەقـە ئـەو ئیجرائاتـە بکرێـت، ئەگـەر ئـەو ئیجرائاتـە نـەکرێت نـاتوانین چارەسـەری ئـەو مەسەلەیە بکەین، من یـەك نموونـەتان بـۆ دێنمـەوە لەبـەرواری یـەك دکتـۆر کـامران دیمانەیـەکی کـرد کـە هێشتا دکتۆرە لەزانکۆی صلاح الدین، دەڵێت من پێشنیارم بە نووسین داوە بە حکومەت، کە من دەزگایەکی کۆنترۆڵی چاودێری دروست دەکـەم بـە بـڕی یـەك ملیـۆن دۆلار، وەڵامیـان نەدامـەوە، پاشـی مـن بـە هەشـت ملیۆن دۆلار، بە دوازدە ملیۆن دۆلار دایانە بە پیاوێك، ئێستا کاری پێناکرێت، ئەوە دکتۆر کامران لەزانکۆی صـلاح الدینـە نـەکردنی ئەوانـە شـکمان لا دروسـت دەکـات، بـەڕای مـن چـارە ئەوەیـە، عـیلاج ئەوەیـە ئـەو کەسانەی خۆراك و ئەو تیجارانەی خۆراك و دەرمان داخیل دەکەن لە کوردستان دەسـەڵاتیان لەسـەر وەزیـر نەبێت رەجایە، بۆ ئەوەی وەزیر بتوانێت ئیجرائاتیان لەگەڵ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عزالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکانم کرا بەتایبەت پەخشان خان، بەڵام دوو پرسیارم هەیە یەکێکیان بۆ جەنابی وەزیری تەندروستی کە وتی یەکێك لەئەسبابی ئێکسپایەر ئەوەیە کە ڕێکاری خەزن کردنی دەرمان وبەریخستنی، ئەڵێت کاتی سەرف کردن ئەوەی کەتازەیەو ئەوەی کە کۆنەیە بەرێك سەرف ناکرێت وە ئەوکاتە ئێکسپایەر دەبێت، ئەی ئایا ئەو خەزنەکە لەژێر چاودێری تەندروستی نیە؟ وە کێ پێی بەرپرسە ئەو خەزنە؟ ئەوەی تر پێوەری تەسعیرەکەی دەرمانەکان چیە؟ چونکە ئێستا دەرمانەکان زۆربەی خەڵك موحتاجی دەرمانەکەیەو دەرمانەکەیش نیەو وەزۆر گرانەو یەکێك دەمرێت و ناتوانێت دەرمانەکە بکڕێت، بەڵام بێت بۆ هەولێر جیاوازە، سعرەکەی جیاوازە، لەدهوك جیاوازە، لەصیدەلێیەك بۆ صیدەلێیەك جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەو کێشەیە لەو باس و خواسەی هاتنی دەرمان و خۆاردەمەنیا حەل نابێت، وەکو زۆر لەبرادەران باسیان کرد پێویستی بە کارێکی یاسایی هەیە، یاسایەکی تەنزیمی تیجاری جاران هەبوو عقوبەکەی دەگەیشتە ئیعدام کردن، من پێم وایە ئەو یاسایە کارا بکرێت وتەفعیل بکرێت، وەبچێتەوە جێگای تەنفیز کردن، بەرامبەر بە ئەو کەسانەی کە سەر پێچی دەکەن، هەندێك لە کێشەکان کۆتایی پێدەهێنرێت بەڵام سزا شتێکی زۆر زەروریە و خەڵکیش لەسزا دان زۆر دەترسێن، لەلایەکی تر من هاوکات لەگەڵ وتەکانی بەڕێز وەزیری پلاندانان هاوکاری دەکەم بەوەی کە تیمی موشترك لە ناو پارێزگاکانا دروست بکرێت، لە وەزارەتی تیجارەو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها پێویستە بۆ جەنابی وەزیری تیجارەیش موخەسەسات و حەوافیزی ئەو لیژنانەی کە سەر بە وەزارەتی تیجارەن زیاد بکا، چونکە ئەرکەکانیان زۆرە، بۆ ئەوەی بتوانن سەیتەرە بەسەر وەزعەکانا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوني فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی لەلیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، بۆ ئەو مەوزوعە موهیمەی کە بەدواداچوونیان بۆی کردووەو دەست خۆشیان لی دەکەم دووبارە، من پشتگیری قسەکانی جەنابی وەزیری تەندروستی دەکەم، بەتایبەتی کە دەڵێت کیفایەت نیە کە غەرامە دەکرێت ئەو کەسانەی

كە موخالافاتی هێنانی دەرمان یان هێنانی خواردن، بەغەرامەیەکی زۆر کەم دەرباز دەبن، منیش پشتگیری دەکەم بەحەقیقەت ئێمە لەلیژنەی یاسایی حکومەت سێ پڕۆژەی بۆمان رەوانە کردووە دەربارەی حیمایەتی موستەهلیك و مەنعی ئیحتیکار و قانونی تەنزیمی حیمایەتی ژینگە، ئەوەی کە کاك تاریق وبرادەران ئیشاراتیان پێی دا، ئێمە ئێستا لەلیژنەی یاسایی ئیشی لەسەر دەکەین، بەڵام دەمەوێ نوقتەیەك تەوزیح کەم، قانونی تەنزیمی تیجارەی عێراقی رەقەم (20) کە ساڵی 1970 دەرچووە، دەتوانین ئێمە لێرە تەفعیلی بکەین، ئەحکامەکانی بگونجێنین لەگەڵ زروفی کوردستان، عقوبەی وای تێدایە حەتا دەگاتە حوکمی ئیعدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە ئەوسا گلەییمان لەوە کرد کەمەسەلەی کواڵیتی کۆنترۆڵ بتوانێت سەیتەرەی شتەکان بکات وەکو پێویست، بەڵام بەڕێز سەرۆکی کواڵیتی کۆنترۆڵ ئاماژەی بەوە کرد ئەو گۆشتەی کەدێت، بەناوی گامێش دێت، بەڵام گۆشتی گامێش نیە، خەریك بوو لێی بکۆڵنەوە، بەڵام دواتر وتیان لێی گەڕێن، یەعنی بەڕاستی ئەوە تاوانێکی گەورەیە، گوناهێکی گەورەیە، دەرحەق بەخەڵکی کوردستان دەکرێت، کە ئەو گۆشتە خراپە دەدرێتە خەڵکی کوردستان، یەعنی بەڕاستی حەقە لێپرسینەوە هەبێت، لە ئەمڕۆوە پەرلەمانی کوردستان دەبێت، ئەوە قەدەغە بکات، ئەو گۆشتە لەبازاڕ نەمێنێت، ئەوە خاڵێك: خاڵێکی ترم ئەوەیە، مەسەلەی ئەو کارگە ناوخۆییانە، بەتایبەت کارگەکانی ساردەمەنی کوردستان، ئەوانەی مۆتاو کرێمستی دروست ئەکەن، ئەوانەی بیبسی دروست ئەکەن، بەداخەوە ئەوانەش وەکو پێویست مەرجی تەندروستیان نیە، حەقە چاودێرییەکی توند لەسەر ئەوانەش هەبێت، خاڵێکی تر وەکو سزادان، بەڕاستی تاکو ئێستا ئەو بازرگانانەی کە شتیان هێناوەتە کوردستان، سزا نەدراون، حەقە نەك هەر بە غەرامەکە مۆڵەتی کارکردنیشیان لێ بسەندرێتەوە، زیندانی هەتا هەتاییان بۆ ببڕدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بازرگانانە، هیچ فەرقیان نیە، لەگەڵ ئەو تیرۆرستانەی کە دێن لێرە خەڵك تیرۆر ئەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوانیش ژەهر دێنن دەیدەن بەخەڵکی کوردستان، خاڵێکی تریش، ئەو دەرمانانەی کە دێنە کوردستان، هیچی نیسبەکەیان وەکو پێویست تەواو نیە، یەعنی تەماشا ئەکەیت، پاراسیمۆڵێك، 500 ملی گرام نووسراوە، لەوانەیە 5 ملی گرامی تێدا بێت، یان 10 ملی گرام، حەقە بەڕاستی ئەوانە چاودێری زۆر وردیان لەسەر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبداللە نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەستخۆشی لە وەزیری تەندروستی ئەکەم، بەڕاستی بەعزێ شتی باشی ورووژاند، بەڵام ئەوەی من ئەمەوێ باسی بکەم، کەم نەخۆشم دیوە، لە کوردستان چارەسەر بکرێت، ئەبێ نەخۆش بەرین بۆ عەممان، خۆم یەکێکم لەوانە، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ چی، یەکەم: دەرمانەکە یان ئیکسپایەرە یاخود ئەو شەریکەی کە دەرمانەکەی دروست کردووە، دیسان هەر نەوعێکە لە ئیکسپایەر هیچ کەڵکی نیە، دووەم: ئەو تاقیگانەی کە ئێمە هەمانە، موختەبەراتی فەحصی خوێن، یان هەر نەوعە فەحصێکی دی، من نازانم لەکوردستان تا چەند ئەو تاقیگانە ئیجازە دراون لەلایەنی تەندروستیەوە، من جارێکی تریش باسم کرد، نەخۆشێکی ئێمە لێرە خوێنەکەی نەوعێك بوو، چوو لە ئێران نەوعێکی تر بوو، کەواتە فحوصاتی خوێن لێرە بەڕاستی پێم وایە، پێویستی بە چاو پێدا خشاندنەوە هەیە، خاڵی دووەم: من رووی دەمم ئەکەمە وەزیری بازرگانی نازانم پێش شەش مانگێك من گوێم لێ بوو، جەنابی وتی ئێمە چواردە کارمەندمان هەیە، بۆ تەنزیمی بازاڕی ئازاد، ئایا تا چەند تەنزیم کراوە بازاڕی ئازاد؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەخریە خان فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، پرسیارێکم هەیە، ئەگەر بەپەسەندی بزانن، داوا ئەکەم صندوقی خێرخوازی دابندرێت، لە فندقەکان، لە سۆپەر مارکێتەکان، بۆ پشتگیری کردن لە نەخۆشخانەی نانەکەلی، یان ئەو نەخۆشخانانەی کەوا چارەسەری نەخۆشی شێر پەنجە ئەکەن، چونکە پێویستیان بەیارمەتیەکی زۆر هەیە، پێویستیان بەبینایە هەیە، هەروەها ئەم نەخۆشخانەیە، هەڵئەستێت بە دابین کردنی چارەسەری نەخۆشی تالاسیماش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڤیان احمد فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من بۆ وەزیری تەندروستیە، بەنیسبەت دەرمان، سەرچاوەی دەرمانی ئێمە، ئەوەی کە دێت بۆ کوردستان، یان سوریە یان ئێرانیە، یان ئوردنیە، ئایا لە ڕێگای کۆمپانیاکان کە وەسیتمان هەیە، بەڵام ئایا وەزیری تەندروستی لە ڕێگای لیژنەیەك ناتوانێت، ئەکتی دارێکت لەگەڵیان بکات، بۆ ئەوەی شتەکە زیاتر لەسەر بنەمایەکی تەندروستی وزانستی بێت، پرسیاری دووەم: دووبارە وەزیری پلاندانان لێرەیە لەگەڵ وەزیری تەندروستی، ئایا لەبەرنامەیان نیە، بۆ دامەزراندنی هەندێ کارگەی بچووك وەکو سرنج، دەستکێش

یان لۆکە، کەئەوە تێچوونێکی کەمی دەوێت، بۆ ئەوەی بزانین لەبەرنامەی 986 کە نەوت بەرامبەر بە خۆراکە، ئەو بەرنامەیە هەبوو، نازانم گەیشتە کوێ؟، بۆ دووبارە نۆژەنی ناکەنەوە، بۆ ئەوەی پێداویستیەکی تەنها رۆژانەی خۆمان بۆ ئیحتیات دابین بکات، موشکیلەیەکی ترمان هەیە، دووبارە وەزیری تەندروستی، ئایا کاتێ کە دەرمانی ئیکسپایەر دێت، لە سعر دانان ئەوەی کەوا شەش مانگی ماوە، ئەوەی کە وا دوو ساڵی ماوە، فەرق ناکات لە نرخەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەوا من تێبینیم کرد، لە قسەی خودی وەزیرە بەڕێزەکان، ئەوە بوو لە قسەکانیان وا دەرکەوت، کە هاوکارییەکی تەواو نیە لە نێوانیان، بۆ چاودێری کردنی بازاڕ و چاودێری کردنی تەندروستی و مەرجەکانی تەندروستی، ئینجا زۆرم پێباشە، ئەو سیستەمەی کەوا کاك عوسمان شوانی باسی کرد، بەزووترین کات بەهاوکاری هەموویان دابمەزرێت، چەند پرسیارێکیشم هەیە، لە بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئایا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ستاف و کارمەندانی تەندروستی و بواری تەندروستی پلانی وەزارەتەکەی چیە؟، چونکە بەڕاستی ئێمە زۆر گوێ بیستی ئەوە ئەبین، کە هەندێك جار دەورەی تایبەت هەیە، بەڵام بەنا عەدالەتیانە دابەش ئەکرێت، بەسەر هەندێك کەس کە لەو مەجالەدا ئیش ناکات، هەروەها جەنابی وەزیر باسی وشیاری کرد، وشیاری خەڵك ئایا مەفروز نییە پێش هەموو شتێك، وەزارەتی تەندروستی خۆی پلانێکی تایبەتی هەبێت، بۆ وشیار کردنەوەی خەڵك و لەم ڕێگایەشەوە ئیستیفادەیەکی باش لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك قادر سعید مەشهور بەزانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بۆ سزای توندتر بۆ ئەو کەسانەی کەوا ژیانی خەڵك ئەخەنە مەترسیەوە، چونکە ئەو کەسەی ترسی خوا نەیگێڕێتەوە، پێویستە ترسی یاسا رەدعی بکات، سێ پێشنیارم هەیە، یەکەمیان: دروست کردنی لیستی ڕەش بۆ ئەو کۆمپانیایانەی ئەم جۆرە کردارانە ئەکەن، دووەم: پێکهێنانی مولحەقی تیجاری، لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم، یان ئەو کەفالەتانەی هەیە، بۆ ئەوەی بزانین سیعر چۆنە، مەنشەئی ئەو شتانە چۆنە، سێیەم، پێویستە پارە بدەین بە رۆشنبیری ئابووری ماڵ، بەڕاستی لە ئیستیهلاك و لە کڕین، هاووڵاتیانی ئێمە زۆر شت ئەکڕین زیادەو نازانین چی ئەکڕین، کەواتە هاووڵاتی خۆی باشترین کوالێتی کۆنترۆڵە، ئەگەر هاتو کاری پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەواو بوو، من داوای لێبووردن ئەکەم، ئەوانەی کەوا غائیب بوون، دەنگم نەدانێ، حەقی خۆیانە، بەڵام بۆ ئەوەی هەمووجار داوا لەمن ئەکەن، بەچاوێکی عادیلانە تەماشای هەموو لایەك بکەم، من پێش ئەوەی ئیجازە بەخۆم بدەم، داواتان لێ بکەم، کەوا ئەم دانیشتنە تەواو نابێت، لەبەر ئەوە پێم باشە، سبەینێ یان ئێوارە، بە ئیستسنائی هەردوو وەزیری ناوخۆو کاروباری ناوخۆ، ئەوان ئەتوانن بڕۆن، یان ئێوارە یان بەیانی، لە جەنابی وەزیرەکان ئەپرسین، کاك کریم سنجاری وەزیری ناوخۆ قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، تەبیعی ئەمە بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ هەموو لایەك، هەمووشمان بەرپرسیارین بۆ موعالەجەکردنی ئەم وەزعە، ئێمە لەوەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەك و تەنسیقێك لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانی، چونکە بەڕاستی ئیشی ئەوانە، ئەوان بەئێمە بڵێن ئەمە خراپە، چونکە ئێمە نازانین، کام دەرمان خراپە کام نەوعە باشە، ئەوان دەبێ بە ئێمە بڵێن، کە بەئێمەیان وت ئێمەش ئیجرائات ئەکەین، بەنیسبەت سزا دان، سزا ئیشی ئێمە نیە، برادەران داوا ئەکەن، کەوا سزایەکی توند بدەین، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، ئیشی ئێمە سزا نیە، ئێمە کابرا دەگرین، دەیدەینە مەحکەمە، مەحکەمە سزای دەدات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیجرائاتی جێبەجێ کردنەکە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێم باشە ئەمڕۆکە بەردەوام بێت، تەسەور ئەکەم، دەتوانین، وەزیری تەندروستی و وەزیری بازرگانی خۆشم کە لێرە ئامادە بین، ئەگەر ماوەیەکی کورتمان بدەنێ، بۆ ئەوەی جوابی ئەوپرسیارانە بدەینەوە، چونکە کاتیش بۆ ئێمە زۆر گرنگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەکرێت ئێوارە بێت، سەعات پێنج باشە؟ بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی پێ بهێنم، یەك مولاحەزەم هەیە، دوو ئەندامی بەڕێز تەعلیقیان لەوەدا، وتیان بۆ دەیهاونە سەر هاووڵاتی، بەڕاستی من زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت، لە ئەندام پەرلەمان، کە قسەکان وەکو ڕۆژنامەنووسێك، مومکینە ئەو بەشێکی مەوزوعەکەی بینیبێت، تێنەگەیشتووە، ئەندام پەرلەمان موتابەعەی هەموو قسەکان دەکات، ئەو گلەییە لە ئێمە ئەکات، بەرپرسیارێتی یەکەم حکومەتە بەتەئکید، حکومەتە، وەزارەتی تەندروستیە، وەزارەتی بازرگانیە، پلاندانانە، چاودێری بازرگانیە، موحافیزەکانە، بەڵام لێپرسراوێتی هاوبەش هەیە، هەموومان بەرپرسین

لێی، ئەی ئەو کۆبوونەوەمان بۆ کردووە، ئێمە هاووڵاتی نین؟ ئەگەر هاووڵاتی هاوکار نەبێت، قەت مومکین نیە، بەتەنها حکومەت هیچ قانونێك جێبەجێ بکات، بۆچی ئێوە هەمووجارێك نموونەی ئەوروپا دێننەوە، هەستی هاووڵاتی لە ئەوروپا بۆ قانون، وەکو هەستی ئێرەیە؟ من دڵنیام لەوە ئەگەر هەستی هاووڵاتی لە وڵاتی ئێمە، وەکو هەستی هاووڵاتی بێت لە ئەوروپا بۆ قانون، زۆر لە کێشەکانم چارەسەر ئەبێت، لەبەر ئەوە لەوە نەترسێن، مەسئولیەتی هاووڵاتیشە، بەڵام نەوەك حکومەت مەسئول نیە، حکومەت رەقەم یەك مەسئولە، بەس دەبێ ئەوە بوترێت، خەڵك ئەبێت وشیار بێت، ئەی قابیلە ئێمە لە هەموو شوێنێکدا، موفەتیشێکی حکومەت پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی رۆژانە تەماشای هەموو شتێك بکات، هاووڵاتی بۆ خۆی دەبێت تەماشا بکات، ئەگەر بۆ خۆی ئەو وەعیەی نەبێت و تەماشا نەکات، بزانێت دەرمان بەسەر چووە، یان بەسەر نەچووە، مومکین نیە، بتوانین هەموو وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر رۆژنامەنووسێك بە هەڵە تێنەگات، کە رِەخنە دەگرێت، یان قسە ئەکەین، دەڵێین هاووڵاتی مەسئولە، هاووڵاتیش مەسئولە، هینەکە لەبیر نەکەین، وەکو حکومەت، وەکو وەزیر، وەکو پۆلیس وەکو دکتۆر، هەموومان مەسئولین، داوای لێبووردن ئەکەم، چونکە ئێوارە خاڵێکی تریشمان هەیە، ئەویش تەواو ئەکەین، تا ئێوارە سەعات پێنج بەخواتان دەسپێرم.

## دانیشتنی دووەم

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لە دانیشتنەکەمان بە رەخنەیەك لە هەندێ ئەندام پەرلەمان ئەویش ئەوەیە: کە جەرس لێدرا هەندێکیان هەر نایەنە ژووری تا من، نەیەم مەفروزە پێشتر رەخنەتان لە ئێمە کردووە کە دوا دەکەوین، وەختی ئەوە هاتووە کە ئێمەش رەخنە لە ئێوە بگرین کە دوا دەکەون، داوا لە جەنابی د.زریان وەزیری تەندروستی و جەنابی کاك محمد رؤوف وەزیری بازرگانی دەکەم بین لە لێرە دابنیشن و د.فؤادیش ، بۆ ئەوەی ئەگەر روونکردنەوەی هەبێ، لێرە دابنیشن بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە و کاك د. عثمان شوانیش، ئەگەر جوابت هەیە بۆیان، فەرموون هەر چوارتان بۆ ئێرە، لە دانیشتنی بەیانی گوێمان لە راپۆرتی لێژنەی تەندروستی بوو، دواتر قسەکانی وەزیرە بەرێزەکان و دواتر پرسیارەکان و هەندێك موداخەلاتی ئەندامانی بەرێز گوێ لێبوو، رەنگە تەوەرەکان وەزیرەکان خۆیان تەحدیدیان کردبوو، بەڵام پێم وایە سوئالەکان خۆیان کۆ دەکەنەوە لە هەشت نۆ پرسیار، داوا لە وەزیری تەندروستی دەکەم، کاك د.فؤاد چیت هەیە؟

**بەرێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستێدا هەندێك قسە کرا بەیانی لە بارەی ئیش و کارەکانی وەزارەتی تەندروستیەوە، ئێمە دەستخۆشیەکی زۆریان لێدەکەین بۆ هەموو ئەو ئیش و کارەی کە کردوویانە بە تایبەتی چاودێری

سنوورەکان و چاودێری بازاڕ و ئەو گرنگیەی کە داویانە بە خەستەخانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی، بەڵام هەموومان ئەزانین کێشەی تەندروستی کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە و ئەو پارەیەی کە لەم هەرێمە بۆی تەرخان کراوە بە بەراوورد لەگەڵ هەموو وڵاتانی دونیادا، ڕێژەیەکی ئەوەندە کەمە لەگەڵ دواکەوتنی بواری تەندروستی بەراستی لەمە زیاتری پێ ناکرێ، ئەوە پێویستی بە گۆڕانێك هەیە لەسیستەمی تەندروستیدا کە بتوانین ئێمە کەرتی تایبەت بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بەشێکی بەرچاوی هەبێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی، ئەگەر بێت و بودجەی هەرێم هەر هەمووی تەرخان بکرێ بۆ تەندروستی لە راستیدا ئێمە ناتوانین ئاستی تەندروستی بەرز بکەینەوە وەکو ئەوەی کە لە وڵاتەکانی دەوروپشتی ئێمەش هەیە، لەبەر ئەوە ئەمە کێشەیەکی ترە بەراستی جەنابی وەزیر ئەزانێ کەوا سیستەمی تەندروستی یەکێکە لەو سیستەمانەی کەوا لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، لەبەر ئەوە ئەبێ گۆڕان بکرێ بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، چاوەڕوانیش ئەکرێ لە مانگی شەشدا کۆنگرەیەکی تەندروستی ببەسترێ لە بەغدا بۆ ئەم مەبەستە، تەنها یەك روونکردنەوەم هەبوو لە بارەی ڕێژەی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە، لەراستیدا ئەو ڕێژەیە کە باسم کرد، ڕێژەیەکە لەگەڵ قسەکانی دکتۆر هەندێك نارێکی هەیە ، بەڵام لەسەر ئەوەی کە ئەوترێ لە ساڵی 2006دا ئەو تۆمار کردنە دەستی پێکردووە، هەر ئەگەر تەماشای ئەوەش بکەین لە ساڵی 2006دا لە پارێزگای سلێمانی 782 نەخۆش و لە ساڵی 2008دا تا 4/1 (283) نەخۆش کەوا ئەکاتە، ئەگەر هەر بەو ڕێژەیە تەماشای بکەین، لە 1060 نەخۆش تێپەڕ دەکات لە ساڵی 2008دا، مانای ئەوەیە ئێمە لە ماوەی یەك ساڵدا 350 نەخۆشمان زیاد کردووە، کە ئەوە ڕێژەیەکی بەرزە، هەر ئەمڕۆ پەیوەندیم کرد، ئێستا پاش ئەوەی کە کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو، بە خەستەخانەی هیواوە لە سلێمانی کە لە مانگی چواردا 85 نەخۆش کە لە شاری سلێمانیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە داخیل بووینە، یەعنی لە رۆژێکدا دوو تا سێ نەخۆشی تازە نەك نەخۆشە کۆنەکان داخیلی خەستەخانە ئەبن، ئەوە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و بە تەماشای ئەو ڕێژەیەی کەوا لە عێراقیشدا هەیە، وەختی خۆی لە ساڵی 2004دا د.علاء الدين علوان کە ئیخیصائیەکی نەخۆشی هەناو بوو، وەزیری تەندروستی عێراق بوو، تۆمارێکی بڵاوکردووتەوە لە باری تەندروستی عێراقەوە هەر هەمووی، ئەڵێ لە ساڵی 2000دا 10888 نەخۆشی شێرپەنجەیان تۆمار کردووە، ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ ئەو ڕێژەی ئێمە لە کوردستاندا، بە بەراوورد لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان، تەماشا ئەکەین ئەو ڕێژەیەی کەوا لە کوردستاندا هەیە زۆر زۆر بەرزە و هەر ئەویش تێبینی کردووە کەوا ڕێژەی شێرپەنجەی منداڵان لە عێراقدا و لە کوردستانیشدا بەگشتی دەگرێتەوە بریتیە لە 8٪ ژمارەی هەموو شێرپەنجەکانی عێراق، ئەمە ش 10 جار زیاترە لە بەرامبەری هەمان نەخۆشی لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا، لەبەر ئەوە بەراستی کێشەی شێرپەنجە لە کوردستان و لە عێراقیشدا لەوانەیە هۆکارەکانی زیاتر بێ، چونکە لەم دواییە هەندێ تۆمار بڵاوکرایەتەوە، بە تایبەتی لە بەصرە و ناصریە و عەمارە، کە پێشانی ئەدەن ڕێژەی شێرپەنجە لەوێش بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاوبوویەتەوە، لە کوردستانیشدا ئێمە هۆکاری تایبەتیمان هەیە کە

بەکارهێنانی چەکی کیمیاویە، هەرچەند زەمانێکی زۆری بەسەر چووە، بەڵام نەخۆشی شێرپەنجە خۆی وەکو نەخۆشیەکی درێژ خایەن زۆری پێئەچی تا نیشانەکانی دەرکەوێ، لەبەر ئەوە خۆی لە پاش دە ساڵ بەراستی ڕێژەی شێرپەنجە لە کوردستاندا زیادی کردووە و ئێمە چاوەڕوان ئەکەین ئەوە هەر لە زیاد بووندا بێت، تا ئێستاش ئێمە تۆمارێکی تەواومان نیە بەراستی کە دەریبخات کە ژینگەی کوردستان چەند پاك وخاوێنە؟ ئەو ماوانەی کە چەکی کیمیاوی لە کوردستاندا بەکار هاتووە و لە لێکۆڵێنەوەیەکدا کە هەندێ زانای بەریتانی لە ساڵی 1993 بڵاویانکردۆتەوە، لە دێی بەرژین لە بادینان دەریان خستووە کە ئەو ساڵە پاشماوەی چەکی کیمیاوی تا ئەو ساڵەش مابوو لە کوردستاندا، لەبەر ئەوە، ئەوە بەراستی ئەرکێکی گەورە دەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی وەزارەتی ژینگە کە لێکۆلینەوە بکات لەم بارەیەوە تا دانیشتوانی کوردستان دڵنیا بن کەوا تا ئێستاش پاشماوەی ئەم چەکانە لە ژینگەی کوردستاندا نیە و مەترسی نیە بۆ ژیانی هاووڵاتیان، لەبەر ئەوە ئێمە بەراستی ئەوە مەترسیەکی گەورەیە و ئەبێ هۆکارەکەی لێکۆلینەوەی ببێت، هەرچەند هەندێ هۆکار هەیە وەکو، تەمەن درێژی هاووڵاتیان بە بەراورد لەگەڵ رابووردودا، جگەرە کێشان و پیس بوونی ژینگە، سێ هۆکاری سەرەکی گەورەن بۆ ئەو کێشەیە، هەروەکو لە هەندێك لێکۆلینەوە دەستمان کەوتووە، ئەو خواردنانەی کەوا لە کوردستاندا بەکار دێت و ئەوانەی لە بازاڕەکاندا هەنە وەکو چای و وەکو روون و سابوون، فەحص کراوە لە دەرەوەی وڵات دەرکەوتووە کە هیچیان بۆ بەکار هێنانی مرۆڤ ناشێن، ئەمانەش دەرکەوتووە کە گەلێك لەو خۆراکانە ئەو ماددانەی تێدایە کە لە راپۆرتەکەمان باسمان کرد کە بریتین لە مەوادی حافیزە و گەلێك لەمانە مەوادی سەرەتانین، ئیمە نابێ ئەوە بشارینەوە لە خەڵکی خۆمان و ئەبێ وریا بین، خەڵك ئازادە لەوەی ئەو شتانە بخوات یان نا، بەڵام مانای ئەوە نیە کە ئێمە راستیەکانیان لێ بشارینەوە و، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د.فؤاد، زانیاری دەرخستن واجیبە، ئەگەر مەترسیداریش بێ، فەرموو کاك د.زریان.

**بەڕێز د.زریان عثمان/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاسی ئەو تەعلیقاتانە و ئەو قسانەی کە بەرێزتان دانی بەیانی فەرمووتان، هەندێکیان بەراستی زۆر بەناو و بە ئیستیفادە بوو بۆ ئێمە، بەڵام دیارە هەندێکیان بەراستی بۆ ئێمە بە ناهەقی ئەزانم و بە بێ موستەمسەك و دەلیلی ئەزانم، هەندێکیان لەگەڵ ئەجوائی میدیای رەخنەگر دەرۆیشت بەراستی زیاتر وەکو تەرزیە بوو، چونکە هیچ دەلیلێکی لەگەڵدا نەبوو، بەهەر حاڵ ئێمە هەر رەخنەیەك بەسەر سەر و چاو قبوڵمانە، بەڵام من ئەوەی مولاحەزەم کرد هەندێ شت بە هەند نەزانرا، وەکو بودجە و وەکو وەزارەتی تەندروستی، هەندێ برادەر پێیان وابوو بودجە هەموو شتێك نیە، منیش پێیان ئەڵێم: هەموو شتێك نیە، بەڵام ئێمە وەزارەتەکی خەدەمین و بودجە هەموو شتێکە بۆ ئێمە، بەبێ بودجە کارمان پێ ناکرێ، ئێمە پارە پەیدا ناکەین، ئێمە پارە سەرف ئەکەین، ئیشی ئێمە

ئەوەیە پارە سەرف بکەین، ئیشی ئێمە ئەوەیە خزمەت بگەیەنین بە خەڵك، هەندێ برادەر وشیاری خەڵکیان پێ موهیم نەبوو، من وشیاری خەڵکم زۆر زۆر پێ موهیمە، لە هەموو شتێك موهیم ترە، خەڵك هاوکارمان نەبێ ئێمە بە تەنها هیچمان پی ناکرێ، بە هەموو وەزارەتەکان ناکرێ، بە هەموو پەرلەمان ناکرێ، بەکەس ناکرێ، دەبێ خەڵك هاوکارمان بێ، هاوکارییەکە لەوەیە خەڵك خۆی ئاگای لە تەندروستی خۆی بێ، من ناڵێم مکەوناتی شتەکە بخوێنێتەوە چەند نایترات و چەند شتی تێدایە؟ ئەوە بۆ ئێمە بە جێ بهێڵێ خەڵکی پرۆفیشینالێ، بەڵام با ئەو هیچ نەبێ بزانێ ئێکسپایەرەکەی تەواوە؟ ئەگەر کابرایەك ئەبێنێ شتێ دەفرۆشێت لەبەر هەتاوە، شتێکی پیس ئەفرۆشێت، گۆشت ئەفرۆشێت لەو عەرزە داینـاوە با لێی نەکرێ، ئەگەر ئەو لێی نەکرێ من دڵنیام کابرا مەجبوورە جامخانەیەك دروست بکات و گوشتەکەشی هەڵبواسێ، بەڵام کە ئێمە ئیهتیمامان نەدا خەڵکیش بەردەوام دەبێت لەوە، هەندێ برادەر سووتاندنی شتیشی بە هیچ نەزانێ، بەراستی شتێکی زۆر سادەیە، ئینسان ماڵی پیس بێ چی لێ ئەکا؟ پاکی ناکاتەوە؟ شتە پیسەکان فڕێ ناداتە دەرێ؟ بە پێی توانا رەنگە هەمووی تەعقیم پێ نەکرێ، بەڵام ئەوەی پێ بکرێ پاکی ئەکاتەوە وناهێڵێ شتی پیس بێتە ژوورەوە و دەرگاکان دەگرێت، ئەو ژمارانەی من خوێندمەوە زیاد لە هەزار و سێ سەد تەن سووتاوە لە ناو شار و زیاد لە هەزار تەن لە سنووری ئیبراهیم خەلیل گەڕاوەتەوە دواوە، یەعنی لە هەردوو بوار ئیشمان کردووە، هەم سنووریشمان پاراستووە و نەمان هێشتووە بێتە ژوورەوە و هەم لە ناوەوەش بەردەوام پشکنینمان کردووە، مەبەستەکە لەوە بوو، برادەرێك پرسی کە چیمان کردووە لەو بوارە؟ دیارە چەند بە رێی رەسمی هاتووە؟ من دڵنیام ئەوەندەش بە رێی قاچاغ هاتووە، وەکو باسم کرد رێمان هەیە لۆری بە قاچاغ دێتە ژوورەوە، رەنگیشە ئێمە خەڵکی لەو خەبیرانەمان نیە، ئەو کادیرە تەندروستیانەی ئێمە ئەو تەدریبانەیان نیە لە کوالیتی کۆنترۆل کرابن کە بزانن بەلزەبت چیە و چ نیە؟ تەکویناتی کیمیاوی بەلزەبت بزانن سەرەتان دروست دەکات؟ رەنگە هەندێ شتێشیان ئیزن دابێ کە زەرەر بەخش بێ، من ئەم بەیانیە شتێکم دا بە هاوڕێی بەرێزم کاك محمد، شەکەراتێکە لە صین هاتووە، رەنگە نموونەکەی لا بێت بە شێوەی جگەرە، ئەوە ئیشی ئێمە نیە قەدەغەی بکەین، ئەوە ئیشی وەزارەتی تیجارەیە، لە ئێستاوە منداڵمان فێری جگەرە دەبێت لە شێوەی کاندی دروست کراوە ، شەکرە، ئەوە ژەهراوی نیە، بەڵام هەر فیکرەکەی زۆر خەتەرناکە و جێی مەترسیە، ئەو بەرێزەیان بڕیاری دا پاکێتەکە لەگەڵ خۆی ببات بۆ چین و لەوێ لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی چین باسی بکات، ئەو جۆرە شتانە نەهێڵن بێتە ئێرە، بەڵام ئێمە لەسەر خۆمانە ولاتی خۆمان بپارێزین، خەڵك گوێی لە ئێمە نیە، دەبێ ئێمە خۆمان خەمی خۆمان بێ، حەز دەکەم شتێکی دیکە بڵێم من لێرەدا، هەندێ کەس تەئیدی برای خۆشەویستم کاك مؤیدیان کرد لە رایاکانی، من لام وایە ئێمە خەڵك وشیار بکەینەوە و خەڵك نەتۆقێنین بەراستی، خەڵك ترساندن و تۆقاندن شتێکی خراپە و قازانج بە کەس ناگەینێ، ئێمە ئەوەی پێمان دەکرێ هەوڵ ئەدەین بازاڕ پاك بکەینەوە، بەڵام هەندێ شت هەیە و هەندێ قەزایا هەیە با بۆ خەڵکی پرۆفیشنالێ بە جێی بهێڵێن، لە بەینی خۆمان باسی ئەکەین، چی بۆ بکەین؟ پلانی بۆ دائەنێین، پیوێست ناکات لە ناو

هەموو خەڵکی بڵێین، چونکە بەراستی ترس و تۆقاندنێکی زۆر کەوتووتە ناو خەڵك لەسەر چەند تەصریحاتێك کەوا هیچ خواردنێکی بە کەڵك نیە لە ناو هەرێمی کوردستان، لەم جۆرە شتانە، من پێم وایە ئەو شتانە فازانج ناگەینێ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوە نیم و زۆر جار ڕەدم داوەتەوە، ئەگەر ئیسباتی ئەوە نەبووبێ کە ئەو خواردنەی پاش دەسووتێ باشە، ئەوەش نیە کە خراپە، ئەوە لایەنە باشیەکەی لەوانەیە باش بێت، من لەگەڵ هەمووڕێزم ئەو پیاوە پیاوەکی شارەزایە و زۆر خەبیرە من هیوادارم لەسەر دەستی ئەو بتوانین بازاڕی هەرێمی کوردستان، بەڵام من حەقی خۆمە وا بزانم شتێکی واریدیشە، لەگەڵ ئەو شتانە نیم، هەتا ئەو فسانەی کە بەیانیش بەرێزیان کردیان، ڕەنگە ڕاگەیاندن بیقۆزێتەوە و خراپ ڕەنگ بداتەوە بەنیسبەت گۆشتی هیندی بۆ نموونە، من ئیسباتم نیە کە خەراپە، بەڵام ئیسباتیشمان نیە کە چاکە، بەرێزیان دەزانن کە فەولە نموونە بنێرین بۆ لوبنان بزانین ئەوە گۆشتی چیە بەلزەبت؟ ئایا بە کەڵك دێت بۆ ئیستیعمالی بەشەر؟ ئەڵێین لە سنووری سلێمانی مەمنووعە، بەڵام لە سنووری هەولێر هەیە، بەڵام تا ئەنجامەکە نەیەتەوە ئێمە ناتوانین بڵێین نە باشە و نەخراپە، حەز دەکەم خەڵکیش بزانێ کە گوێی لێیە، ئێمە هەموو خواردنێك سەر بە وەزارەتی تەندروستی نیە، هەر خواردنێك ئامادە بێت بۆ خواردن، ئێستا حاڵی حازەر هی ئێمەیە، هی وەزارەتی تەندروستیە، ئێستا بۆ نموونە ئەگەر گۆشتی کوڵاو بێت هی منە، عایدی وەزارەتی تەندروستیە، بکرێتە کەباب، ئەگەر قوتیەك و شتێك کرابێتە موعەلەب و ئامادە بێت بۆ خواردن عایدی منە، هەر شتێك ئامادە نەبێ بۆ خواردن، خاو بێت، دەبێت شتێکی لێبکەی و عەمەلیەکی لێبکەی، ئەوە عایدی وەزارەتی کشتوکاڵە، ئێستا حاڵی حازر بۆ نموونە: هێلکە، گۆشت، ئەو شتانە عایدی ئەوانە، بەڵام ئەگەر گۆشتەکە کوڵاو بوو ئەو عایدی ئێمەیە، ئەگەر هێلکەکە کوڵا و کرایە سەندویچ ئەوە عایدی ئێمەیە، ئەوە ئەو تەوزیعە لە مێژە هەیە لە نەبوونی کوالیتی کۆنترۆڵ، ئێستا هیوادارین کە کوالیتی کۆنترۆڵ هەبێ، کوالیتی کۆنترۆڵ دەورێکی سەرەکی ببینێ، دووبارە وەزیفەکان دابەش دەکەینەوە، چونکە کوالیتی کۆنترۆڵ سنوورەکانی بە دەستەوەیە، ئێمە فحوصات هەندێکی عایدی ئێمە دەبێ لە سنوورەکان و بەعزێك عایدی ئەوان ئەبێ، لەناو شارەکان هەر عایدی ئێمە ئەبێ، نموونەیان بۆ وەربگرین، ئیشەکان دووبارە دادەڕێژینەوە، وەزیفەکان دادەڕێژینەو، ئەوە لاپەڕەیەکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان، باسی دەرمانی ئێکسپایەر کرا، بەراستی هەندێ شت بوویتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی، هەموو عالەم ئەڵێ ئێکسپایەر، ئەمڕۆ ئێمە قەناعەتم وایە کە لە 99٪ خەڵك نازانێ ئێکسپایەر چیە؟ با من تەعریفی ئێکسپایەرتان بۆ بکەم، عامیەن ئێکسپایەر یەعنی چیە؟ ئێکسپایەر بۆ خواردن نەهاتووە ئەصڵەن، ئێکسپایەر بۆ دەرمان هاتووە، بە ئینگلیزی دەڵێ: ئەگەر دەرمانێك لە 10٪ فەعالیەتی خۆی لە دەستدا، و مورەکەبەکی نوێ دروست بوو، ڕەنگە سام بێت و ڕەنگیشە خامەل بێت، دەوەستێتە سەر خەصائیصی فیزیائی و کیمیائی ئەو موڕەکەبە فەعالە، ئەو کات پێی دەڵێن، ئێکسپایەر بووە، ئەوە تەعریفێتی، هەر دەرمانێك لە 10٪ صەلاحیاتی خۆی لە دەست چوو، ڕەنگە ببێتە ماددەیەکی ژەهر، ئەوە پێی ئەڵێن ئێکسپایەر، ئێکسپایەری دایم کە لەسەر پاکێتەکان نووسراوە و لەسەر دەرمانەکان، تەبیعی ئەو

شەریکەی کە دروستی کردووە 10 ساڵ و 5 ساڵ چاوەڕێ ناکات تا بزانێ کەی ئێکسپایەر دەبێ؟ ئەوان تەریقەی تایبەتیان هەیە، تەسریعی پێ ئەکەن، بەپەلەتری ئەکەن، مەسەلەن دەرەجەی حەرارەی بەرز دەکەنەوە و ئەیکەنە ناو فڕنی تایبەت، بۆ ئەوەی بە پەلە ئێکسپایەر دەیتەکەی لەسەر بنووسن و لەسەری ئەنووسنن و دائیمەن سەیفتی مارجنێك ئەهێڵنەوە، ئەگەر بنووسن ئێکسپایەری ئەمڕۆیە، ئەوە چەند مانگێك ئەهێڵنەوە وەکو ئیحتیات بۆ ئەوەی ئەگەر سودفە ئینسانێك خواردی، من لەگەڵ ئەوە نالێم کە ئەگەر تەئریخەکەی ڕەد بوو بە هیچ شێوەیەك بەکار بێت، بەڵام حەز دەکەم ئەو بڵێم ئەگەر دەرمانێکیش نووسرابوو ئێکسپایەری، جارێ وا هەیە بە ڕۆژ ئەنووسرێ بە 2008/1/1 ئێکسپایەر دەبینین ئەوە تەواو، جاری وا هەیە مانگی شەشی 2008 تەواو دەبێت، کە وای گوت یەعنی تا 2008/6/31 ئەتوانی بەکاری بێنی، ئەوە مەعنای ئەوەیە، مەعنای ئەوە نیە پێش مانگی شەش دەبێ بەکار بێت، حەز دەکەم ئەوە روون بێت لە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، تەبعەن ئەوەش هەیە ئەگەر دەرمان ئێکسپایەر بێت بە دەرەجەی حەرارەی زۆر دایبنێ و بە پێی شرووتێکی تەندروستی هەڵی نەگری، حەز دەکەی ئێکسپایەری دە ساڵیشی لەسەر مابێ، ئەوە لە خیلالی مانگێك ئێکسپایەر دەبێ ئەگەر لە حەرارەتی 40 هەڵیبگری، زۆربەی زۆری ئەو دەرمانانەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دێت، ئەگەر لە پلەی گەرمی 25 و بەرەو خوارەوە هەڵبگیرێت، ئێکسپایەر نابێت و شوێنەکەی زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ژوورێك بۆ نموونە موکەیەفێکی تێدا بێ، ئۆرکەندیشنێکی تێدا بێ، بایی ئەوندە فێنك بێ پلەی گەرمی لە 25 بە خوارەوە بێت، ئەو دەرمانە شوێنەکەی باشە، شەرت نیە هەموو دەرمانێك لەناو فریزەر و لە ناو سەلاجەی دابنێین، حەز دەکەم بۆ روونکردنەوە بۆ بەرێزان ئەوە بڵێم: دەرمانی ئێکسپایەری بەغدا، هەندێ بەرێز دیار بوو فیکرەکە تێنەگەیشتبوون و لەگەڵم نەبوون، دوو ئیحتیمالم هەیە من، دەڵێن: پێنج لۆری دەرمانم هەیە بۆ نموونە بۆ شارێك، لۆریەك یان نیو لۆری لە درمان مانگێکی ماوە تەئریخەکەی بەسەر بچێت، دەڵێین: یان هەمووی نابەن، یان هەمووی دەبەن بەوخراپەیەوە، ئێوە بڵێن ئەگەر بڵێین هەمووی مەهێنە، نایهێنم، با بێ دەرمان بین، بەڵام من ئەوەم ئیختیار کردووە، دەڵێم با بیهێنین، کە هێناشمان ئەو نیە وەکو بەرێزێك وتی بە زۆر لە قورگی خەڵك بکەم پێش ئەوەی ئێکسپایەر بێت، باب لە جیاتی کوڕی خۆی بخوا، بایی ئەوەندە ئینشاء الله زانستیمان هەیە کە نەبینە نوکتە، ئێمە دەڵێین دەرمان پێویستە لە هەموو هەرێمی کوردستان و لە هەموو شوێنەکان تەوزیعی دەکەین بە پێی پێویست و کێ پێویستی بەم دەرمانەیە با بێت بەشی خۆی لەو دەرمانە ببات، سەرف بکەن ئەوەی پێی دەکرێ سەرف بکات، ئەوەی پێی ناکرێ، پێشی ڕۆژی ئێکسپایەری گشتی دەنێردرێتەوە بۆ مەخزەنی وەزارەت، کۆی دەکەینەوە و بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی و لەگەڵ ئاسایش، زۆر بە شەفافیەت بەدەیان تەن سووتاو و ئەیسووتێنین و یەك دانە حەبی ئێکسپایەر بێ و تەئریخی بەسەر چووبێ لە فەرمانگەی تەندروستی تەعلیماتی وازیحمان هەیە، بدرێتە هەر هاوڵاتیەك و بە هەر نەخۆشێك، زۆر بە توندی سزای ئەدەین بە پێی یاسا، حەز دەکەم باسی شەریکاتی دەرمانتان بۆ بکەم بەرێزان، من کە ئەو پۆستەم وەرگرت لە دەوری 22 شەریکەی دەرمان هەبوو، من لێتان ناشارمەوە،

هەندێ لەو شەریکانە وەزارەتی تیجارە مۆڵەتی دا بوون بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ تەندروستی، حەز دەکەم هەر بێت فایلەکەتان بۆ دێنم بیکەنەوە و یەك وەرەقەی تێدایە، بڕیارماندا مۆڵەتی هێنانی دەرمان بدەین بەئەوانە و خلاص، هیچ شروتێکی تێدا نیە، هیچ ئەوەلیاتێکی تێدا نیە، هیچ شتێکی تێدا نەبووە، من ئەڵێم دیارە هەندێ لەوانە، من ناڵێم هەمووی، خەڵکی شیاو نەبووینە بۆ تیجارەتی دەرمانن، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە من لێپرسراوم لە رۆژی 2006/5/7 ەوە، ئێستا 25 شەریکە هەیە، ئەو کات کە من هاتم 22 شەریکە هەبوو، ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تیجارە دانیشتین، ئەوان رایان وابوو کە ئیجازەی شەریکات بدەن، ئێمە گوتمان نەخێر، دەرمان ، دەرمانە، دەرمان شەریکە نیە، ئێوە ئیجازەی شەکر و چای بدەن، ئیجازەی دەرمان لای ئێمە بێت، شتێکی تایبەتە و ئەبێ موعامەلەیەکی تایبەت بکرێت، لەبەر ئەوە بەڕێزیان زۆر موتەفەهیم بوون بۆ قەزیەکە، ئێستا کە ئەوان ئیجازە ئەدەن، مۆڵەتی گشتی تیجارەی ئەدەنێ، دێت بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەڵێ: وەزارەتی تەندروستی، ئەوە مۆڵەتی گشتی تیجارەتی داوە، بەڵام داوای تیجارەتی دەرمان و پێداویستی پزیشکیش ئەکات، هەندێکیان هەیە تەنها داوای ئەجهیزە و پێداویستی دەکەن ، ئێمە کۆمەڵێك رێنمایی زۆر توندمان داناوە، کۆمەڵێك رێنماییین کە وەزارەتمان لەگەڵ سەندیکای دەرمان سازان لە نیمچە کۆنفرانسێك دامانناوە، شروتێکی تایبەتە، لێژنەیەکمان هەیە دەچێ و کەشفی شوێنی ئەو شەریکەیە دەکات، کە بزانێ تەئکید بکاتەوە بەپێی ئەو رێنمایانەیە؟ فەحصێکی بیدائی ئەکەن، پاشان کە ئیجازەیان دا پێی ئەچن و فەحصێکی سانەوی دەکەن، لەو شرووتانەی کە تێدایە، ئەبێ ئەو شەریکەیە بە ناوی دەرمانساز بێ، ئەبێ قاعەیەکی ئەوەندە مەتر بە ئەوەندە مەتر بێ، ئەبێ شوێنی فێنك کەرەوەی هەبێ، ئەبێ مەکتەبەکەی ئەوە بێ، و لەوانە گرینگتر ئەبێ وەکالەتی شەریکەیەکی دەرمانی ئەجنەبی ڕەسەنی هەبێ، کە یان ئەوروپی بێ یان ئەجنەبی بێ، ئەو شەریکەیە موسەجەل بێت لە عیراق، تەسجیل کرابێ، شەریکەیەکی ناسراو بێت، ئەو دەرمانانەی کە بۆی هەیە شەریکە تیجارەتی پێ بکات و بیهێنێت، تەنها دەرمانی ئەو شەریکەیە و هیچ دەرمانێکی تر بۆی نیە بێتە ناو هەرێمی کوردستان، کە داوای هێنانە ژوورەوەی هەر دەرمانێکیش ئەکات، ئەوە زیاد لە ساڵێکە بەو شێوە نیە کە خەڵك ئەیڵێت و باسی دەکات، حەز دەکەن لێژنەیەك بکەن بۆ سنوورەکان و لە لای ئیبراهیم خەلیل بزانن چۆنە؟ لیستێك ئەداتە وەزارەت و داوای دەکات دەڵێ ئەو دەرمانانە دێنمە ژوورەوە، وەزارەت سەیری دەکات، ئەگەر بێت وبە پێی مواصەفات بێت و لەو شەریکە ڕەسەنە بێت، ئێمە مۆڵەتی دەدەین، بەڵام بەشەرتێك لیستێك ئەکات و ئەیداتە وەزارەت، ئەڵێ: ئەو مەجموعە دەرمانە ئەهێنمە ژوورەوە، وەزارەت تەماشای دەکات، ئەگەر بێت و بە پێی مواصەفات بێت و هی ئەو شەریکە ڕەسەنە بێت، ئێمە مۆڵەتی ئەدەینێ، بەڵام بە شەرتێك، ئەڵێین نموونەمان بۆ بێنە، هەر یەك لەو دەرمانانەی ئەهێنیە ناوەوە، لەسەر حیسابی خۆیان هی شەریکەکە، ئەینێرینە وڵاتێکی دەرەوە، بۆ کوالێتی کۆنتڕۆڵ بۆ فەحص کردن، من وەکو ئێوە بووم ئەوەندە خەڵك گوتی دەرمان خراپە و ئێکسپایەرە، لەو قەناعەتەدا بووم، بەڵام وەرن دەلیلتان پێشان بدەم، بەدەیان نموونەی دەرمانمان هێناوە لە 80٪ دەڵێ ئەوە باشە، دەرمانەکە عەیبی نیە، گەڕاین لە ناو بازاڕدا

و دەرمانی هەرە خراپمان هەڵبژارد عەن قەصد و ناردوومانـە، لـە 80٪ ئـەڵێ باشـە، بـەڵام لـە 20٪ ئـەڵێ: خراپە، قەتی وا نەبووە بڵێ هیچی تێدا نەبووە مورەکەبە فەعالەکان، من نەمدیوە، یەکیان هەیە مەسەلەن ئەڵێ: لە 80٪ تێدایە، هەشە ئەڵێ لە 5٪ تێدایە، لە کەمیەی مەفرۆزی زیاتری تێدایە، یەعنی شتەکان بەو شێوەیە بووە و بەو خراپـە نیـە، مـن دیفـاع ناکـەم، بـەڵام ئـەوە واقیـع هەیـە و موستەمسـەك و ئەدیلـەمان هەیە، ئەوەی موستەمسەکی بویّ ئێمە ئەتوانین قسەتان لەگەڵ بکەین، من لە قسەکانی بـەیانیم نەمگوتیـە ئێمـە بـێ عـەیبین، مـن ئیعـتیراف بکـەم، لـە رۆژی یەکەمـەوە، مـن پیـاوێکی واقیعـیم، ئێمـە هـەزار و یـەك عەیبمان هەیە لە وەزارەتی تەندروستی، بەڵام وەکو بەرێزێك وتی ئەوە تەریکاتی کۆنە، هـی رۆژێـك و دوو رۆژ نیە، ئەوە دەیان ساڵە ئەو موشکیلە بەسەر تەندروستی ماوەتەوە، تەوەقوعیش ناکرێ بە شەو و رۆژێك هەمووی چاك بکرێت، گرنگ ئەوەیە لە لای منەوە، ئێمە بە ئەرقام و بە ئیحصائیات تەماشا ئەکـەین، ئایـا لە خەدەماتی تەندروستی ساڵ بە ساڵ خراپتر چووە یان بەرەو خراپتر؟ ، چونکە قسەیەکی زۆر بـەناوبانگ هەیە دەڵێ: بردنەوە ئەوە نیە کە باشترین شت بێ، ئەوەیە کە باشتر بێ لە پار، لە ساڵی پێشوو، بـەڕای مـن وایە و بە ئەدیلە و ئیحصائیات کە ساڵ بە ساڵ ئێمـە بـەرەو باشـتر ئەچـین، چونکە برادەرێـك گـوتی ئێمـە سـاڵ بـە سـاڵ بـەرەو خـراپتر ئەچـین، ئـەو قسـە ناحەقـە و وانیـە، بەراسـتی ئێـوەی بـەرێزان و ئەنـدامانی پەرلەمانن حەق وایە بتانزانی با کە هوجومێکی گەورە هەیە بەسەر هەرێمی کوردستان، لە زۆر لایەنەوە و لە زۆر خـەڵك خۆتـان ئـەزانن، یـەعنی حـەق وا نیـە ئێمـە قسـەی هەنـدێك لایـەن دووبـارە بکەینـەوە  یـان هەندێك میدیا بەناو دەکـەون و هـەر خۆیـان قسـەدەکەن، ئەگـەر قسـەیەك هەیـە بـە دەلیـل مـن ئامـادەم و وەزارەتەکەم لەبەر دەستتان دایە و چیتان ئەوێ بـە ژمـارە بۆتـان شـەرح بکـەم، ئەگـەر بەرێزیشـتان پێتـان وابێ ئێمە کەفۆء نین بۆ ئەو شوێنە، من لە ئەمرۆوە ئیستیقالە دەدەم، ئـەوە شـتێك نیـە بڵێـی کـە ئێـوەی بەرێزتان ئەو سیقەتان داوە بە ئێمە، ئێمەش هیوادارین کە جێـی سـیقەی ئێـوە بـین، ئـەوەی پێمـان کـراوە کردیتمان و من پێم وایە باشمان کردووە بەو بودجەیە و بەو ئیمکانیاتە، ئێمە ئێستا ئەگەر لـە حکومـەتی عێراقی مەرکـەزی ئاسـایش بـێ بـۆ مانگێـك زۆر لـە ئێمـە پێشکەوتووتر ئـەبن، بـڕوا بکـەن، ئێمـە زۆر بـێ کادیرین و زۆر بێ کەسین، ساڵەها زۆر مەحروم بووینە لە دەورات لە دەرەوە، ئێوە بەرێزتان ئـەزانن، خـەو بوو بۆ یەکێك بۆ ئێمە داوای پاسەپۆرت بکات، تـەحقیقاتی موخابـەراتی لـێ ئـەکرا، ئەگـەر یـەکێك فـیراری کردبێ و چووبێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە کادیری پزیشکی مستوای زۆر نزم بووە، بەرەو خوار چووە، کۆلێـژی پزیشکیەکانمان مستەوای زۆر بەرەو خوار چووە، پێتان سەیر نەبێ من جاری وا هەیـە لـەو وەزارەتـەی مـن لە 35 هەزارکەس رەنگە چوار کەسم نەبێ نامەیەکی ئینگلیزی رێك وپێکم بـۆ بنووسـی، بەسـەدان کـادری وەسەتی بەقوەت لێرەدا هەیە ئێستاش لە عێراق، بەس تەنها ئیستیقرارێك ببیـنن، ئیمکانیـاتێکی هائیلیـان هەیە، سەدان کەس خۆیان هیلاك کردووە، وەکو ئێمە نین، ئێمە تازە هەنگاوە سەرەکیەکان ئـەنێین، لەبـەر ئەوە بەراستی بخرێنە سەر رەخنە و توانج و چاوەڕێمان لێبکرێ کە ببینە وڵاتێکی ئەوروپی و بە 40دۆلار بۆ هاووڵاتیەك لە ساڵێك و بەو کادیرە و بەو بینای تەحتیە، حەز دەکەم باسی بینـای تـەحتیتان بـۆ بکـەم

من، موشکیلەمان چیە؟ لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمە، ستاندەرێکی دونیا هەیە، دوو ونیو قەرەوێلە هەیە بۆ نەخۆشخانە بۆ هەموو هەزار هاووڵاتی ، نفوسیان حیساب کردووە، ژمارەی ئیسعاف ئەڵێی و هاووڵاتی ئەڵێ؟ هەموو هەزار هاووڵاتی، دوو و نیو قەرەوێڵەی بۆ هەیە، لە ئوردن، لە سوریا،لە ئێران، هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەری ئێمە، لە ئەوروپا 9 قەرەوێڵە هەیە بۆ هەموو هەزار هاووڵاتی، لە ئەمریکا عەینی شت، لە وڵاتی ئێمە 8 قەرەوێڵە هەیە بۆ هەموو 10000 هاووڵاتی، ئەوجا وەرن موقارەنەیەك بکەن، لەبەر ئەوە بینای تەحتیمان نەبووە، حکوماتی پێشوو بینای تەحتی بۆ ئێمە نەکردووە، دواترین نەخۆشانە لەم وڵاتەی ئێمە کردبوو ساڵی 1984 بوو، نەخۆشخانەی ڕزگاری بوو، چاوەڕوان کردن بۆ عەمەلیاتێکی فتەق لە وڵاتی ئێمە ئێستا شەش مانگە، لەبەر ئەوەی ساڵاتی عەمەلیاتم نیە، ئەوانە هەمووی واقیعێکی عیلمین و پێویستە بیزانین بەراستی، من نامەوێ تەوەقوعاتێکی فەوقەلعادە و خەیاڵی بدەینە هاووڵاتیانی خۆمان، من ئەوە توانامە و من پێتان دەڵێم ئەوەندەم پێ دەکرێ و ئەوەندەش تواناکەمانە، بەو بودجەیە و بەو توانایە و بەو کادیرە و بەو بینای تەحتیە، هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ، موحاسەبەم لەسەر ئەوەم، بکەن ئەگەر ئەوڕۆ لە دوێنێ باشتر نەبووم، موحاسەبەم بکەن، دێمە سەر مەختەبەری کوالێتی کۆنترۆڵ، دیارە زۆر خۆشحاڵم کە مانگێکە موختەبەری سەیتەرەی نەوعی گەڕاوەتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی، بواری تەفتیش کردنی دەرمانەکەی، چونکە لایەنێکی گەورەی خواردن لەسەر وەزارەتی پلانە و بەرێز کاك د.مؤید سەرپەرشتی دەکات، ئەوە مانگێکە هاتووتەوە سەر ئێمە، دیارە خۆم لە حەفتەی ڕابووردوو سەردانم کردن، دیسان عەینی موشکیلەمان هەیە، کادرمان نیە بزانێ کاری لەسەربکات، سەیتەرەی نەوعی، ئەمنی قەومیە بۆ وڵاتێك، ئەمنی دەوائی کەمتر نیە لە ئەمنی حکومەت، لە ئەمنی هەموو شتێکی تر، حکوماتی پێشتری عێراق، نەیهێشتووە هەرێمی کوردستان موختەبەرێکی سەیتەرەی نەوعی هەبێ، چونکە یەك لەو شتانەی کە ئەتوانی سەیتەرەی نەوعی وڵاتەکەی پێ بکەی، دەتوانی ئازادی خۆتی پێ بکڕێ، ئەتوانی سەلامەتی هاووڵاتیانت پێ بکەی، ئەتوانی ئیعتیماد نەکەیە سەر لایەنێکی دیکە، لەبەر ئەوە دائیم شتێکیان بۆمان هێشتووتەوە کە ئیعتیمادمان لەسەر ئەوان بێت، ئێستا بۆ بودجەی خۆم نادەنێ؟ ئەوەتا هەموو دۆکیۆمێنتم لەلایە، بۆ 131ملیار دینارم هەیە لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی عێراق، بۆ پارەکەم نادەنێ؟ بۆ ئەوەی هەمیشە چاوم لەبەر دەستی ئەوان بێت، هەمیشە دەبێ ئەوان خێرم پێ بکەن، دەرمانەکانم و حەبەکان دانە، دانە بۆم بنێرن، ئەگەر ئێکسپایەر و ئەگەر کەمی مابێ، من ئەو قسانە ئەکەم و مەسئولم لەسەری، ئەزانم تەلەفزیۆن نەقڵ ئەکات، کێ ئەڵێ، من مانعم نیە ئەچمە بەغداش ئەو قسانە ئەکەم، لێرەش بە وەزیری تەندروستیشم گوتووە، بۆ کوالێتی کۆنترۆڵ، پلانی زۆر چاکمان داناوە، کۆمەڵێك دکتۆری زۆر پسپۆری عەرەبی هەن، نیازم وایە ئیستیفادەیان لێ بکەم، نەقلیان ئەکەم بۆ موختەبەرەکان، ئەوانە خیبرەیەکی زۆریان هەیە، هەندێك دکتۆری لەو برا عەرەبانەی بەغدا، نیازم وایە بیانهێنم و بودجەیەکی تایبەتیان بدەمێ و هەندێ صەلاحیاتیان بدەمێ بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو موختەبەرە دەست بەکار بێ، پلانی ئێمە ئەوەیە: لە 2008/6/1 ئەم ساڵ، دەست بە تۆمار

کردنی ئەو دەرمانانە بکەین کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، خوتەمان ئەوەیە: ئەگەر دەرمانێك دە نەوعی هەبێ، بیکەینە دوو نەوع یان یەك نەوع، بۆ ئەوەی لە بیدایەت بتوانین کۆنترۆڵی لەسەر بکەین، کەمترین ژمارەیان، ناڵێین دە نەوعە شەریکە عەینی دەرمان دروست بکات، یەك یان دوو ئیجازە ئەدەین، نیازمان وایە ئینشاء الله ئەوەی لەدوای من لەسەر ئەو پلانە بڕوات، لە 2009/1/1 ، 80٪ دەرمانی کوردستان لە ژێر سەیتەرە دەبێ، وەعدتان دەدەمێ، بەس لەسەر پلانەکان بڕۆن و ئێشەکانی خۆیان بە رێك و پێکی بکەن، زۆر سوپاس هیچ شتێکی وام نەما، بەس حەزم دەکرد شتێکی شەخصی بڵێم بە مام خورشید، مامی عەزیزی خۆمانە و هەر چ بڵێت بەسەر سەرمانە، مام خورشید، ئێستا چووم تەلەفۆنیشم کرد و ئەو کاتیش کە گوتم هەروا ئێمە 11 جیهازمان پاکە وئێستا ئیش دەکات و هەموو وەختێکیش ئیشی کردووە، دوو جیهازمان هەیە ئی ڤایرۆسی، ئەوە تەنها هی نەخۆشی ، چونکە عەمەلیەی غەسلی کلیە تووشی ، ئەو پرۆژانەش تەواو بێت، ئەگەر موشکیلەیەکەت هەبوو لەوەی هەولێر من خزمەتکاری جەنابتم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د.زریان وەزیری تەندروستی بۆ روونکردنەوەکانی، بەڵام دڵنیای دەکەم کە ئەوەندەی من تێگەیشتم تەقدیری ئەندامانی پەرلەمان بۆ جەنابتان و بۆ وەزارەت زۆر بەرزە، دەزانن زۆریش ماندوو بووی، موتابەعەی کاری وەزارەتەکە کراوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ پێکەوە باشتری بکەین، هەروەکو جەنابت فەرمووت لە پار باشترە، بەڵام با ساڵی دابێ لە ئێستا باشتر بێ، بە ئەوەش دەبێت کە خەڵکەکە تێبگەن و هەموو لایەك هین بکەن، یەك لە موشکیلەکان ئەوەیە کە ئێستاکە، ئەوەیە کە زانیاری زیاتر بووە ئێستا، دەتوانین بە زانیاریەوە قسەی بکەین، ئامار لەبەر دەستتانە، میدیا توانیویەتی زۆر مەسائیل هەن پێشتر لەبەر چاومان روون بوون ئەو میدیایەی کە بەرپرسن و بە مسئولیەتەوە کار دەکەن، ئەو راستیانە و ئەو زانیارانە بخەنە بەر دەم وەزارەت و لەبەر دەم خەڵك بۆ ئەوەی ئاشنا بێت پێی و پلان دانێین بۆ رووبەرووبوونەوەی، داوا لە کاك محمد رؤوف وەزیری بازرگانی دەکەم، با بفەرمووێ بۆ وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز محمد رؤوف/وەزیری بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، پرسیارەکان تەبعەن ئەوەی تیکراریە لەگەڵ بەرێزیان، نەمنووسیوە، لەبەر ئەوەی وەڵامەکە یەك وەڵام بێت لە جیاتی چەند وەڵامێك، سەرەتا حەز دەکەم لەوێوە دەست پێ بکەم کە کاك د. زریان تەبعەن لەبەر خەتەری مەسەلەی دەرمان هەردووکمان ئیتیفاقمان کرد لەسەر ئەوەی، کە ئێمە ئیجازەی دەرمان و حەتا صەیدەلیە و شەریکەش نادەین بەبێ موافەقەی ئەوان،دوو جۆرە شەریکات هەیە: شەریکاتی ئەمنی و لەگەڵ شەریکاتی دەرمانسازی بۆ کڕین و فرۆشتنی دەرمان، ئێمە بەبێ وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی صیحە نایکەین، مولاحەزەیەك عەرزی جەنابتان بکەم بۆ ئەو شەریکانەی کە هیچ ئەوراقێکیان

نیـه تـا ئێسـتا، یـەعنی بـا بڵـێین هـیچ فـایلی نیـه، شـەریکەی وا هەیـه فایلەکـەی یـەك وەرەقـەی تێدایـه، جوتیارێك چووە بۆ موسەجیلی شەریکات ئەڵێ متمانه بـه فلانـه کـەس بـدەن بـۆ ئـەوەی شـەریکه دادەنـێ، ئـەوە هـی پـێش دامەزرانـدنی کابینـەی پێنجـه، هـەموو ئـەو فایلانـه لـه سـەدا تەقریبـەن 15 و 20 مـان تەحقیق کردووە، زیاد له 15 مورەبەع ئەبێ پڕ بکرێتـەوە، ناردوومانـه بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، لـه دوای قانونی دامەزراندنی وەزارەت، قانونی تەسجیلی شەریکات له 100٪ جێبەجێ کراوە، بـەڵام پـێش ئـەوە بـه سـەدان فایـل هەیـه یـان وەرەقـەی تێـدا نیـه یـان یـەك وەرەقەیـه یـان دووە، ئێسـتا یـەکێك لـه ئێشـه زۆر قورسـەکانی موسـەجیلی شـەریکات ئەوەیـه، ئەچـێتەوە جـارێکی تـر بەسـەر ئـەو فایلانـه و ، وەختێـك کـه موحامیەکەی بانگ ئەکات و وەرە ئەوارەقەکانت تەواو بکه، هـەوڵ ئـەدەن بـه واسـیته و بـه تەلـەفۆن و بـه محاوەلات که جارێکی تر ئەو ئەوراقانه تەواو نەکرێت، ئەوە یەکێکه لـه گرفتـەکان، بـەڵام دوای ئـەوەی کـه تەسجیلی شەریکات بووە به مودیریەتی عامه و وەزارەت دەمەزراوە، به پێی قانونەکه جێبەجێ ئەکرێ، به نیسبەت مەسەلەی کوالێتی و ئەوەی که بۆی کۆبووینەوە، یەعنی ئەصڵەکه باسی کوالیتی کۆنترۆڵه، ئـەوەی تری هەر به دەوروبەری مەسەلەکەدا دێن، ئێوە و ئێمەش هـەموو ئێسـتا موتـەفیقین لەسـەر ئـەوەی کـه ئەم بابەته تا نەکرێته سیستەم و دەسەڵاتی نەبێ و بودجەی تێر و تەسەلی نەبێ، ئەم کێشانه وەکو خۆیان ئەمێننەوە، لەبەر ئەوە ئێمە داوا له ئێوە ئەکەین وەکو ئەوەی خۆشمان کاری بـۆ ئەکـەین، کـه ئەبێتـه سـێ مەسەله، تەشخیص کردنـی کـوالتی نەوعیـەت لـه لایـەن ئـەو شـوێنەی کـه بـه خـۆی بەرپرسـێتی و تـابیعی وەزارەتی تەختیته، دەسەڵاتی داخیل کردن،یەعنی ئەو شتەی که داخیلی کوردستان ئەبێت، تا ئەم لەحزەی که ئێمه لێرە دانیشتووین دەسەڵاتی عایدی گومرکەکانه، گومرکەکان عایدی وەزارەتـی مالیەیـه، دەسـەڵاتی رەقابه، ئەوەی که ئێمه ئێستا بۆخۆمان بەشێك له رەقابەی بازاڕ ئەکەین، وەزراەتی صیحه بەشێکی ئەکات، موحافەزاتیش، ئێمە هاوکاری موحافەزات ئەکەین، رەقابەی تیجاری له وەزارەتی بازرگانی پاش کۆبوونـەوە جاری پێشووی ئەو پەرلەمانه، ئێمە کردمان به رەقابەی بازاڕ، پێشتر رەقابەی تیجـاری مودیریـەتی هـەبوو له وەزارەتی مالی کۆن که دوایی بوو به وەزارەتی بازرگانی و هاته سەر ئێـرە، رەقابـەی سـایلۆ و مـەخازن و مەتاعم و سەمونخانه و نانەواخانەی کردووە،ئەوە ئیشەکەی بووە، ئێستا له پارەوە بووە به رەقابـەی بـازاڕ، رەقابەی بازاڕ که له پارەوە کراوە و ئەم ساڵ ئـەو صـەڵاحیەتەمان دا بـه خۆمـان بـه پشـتگیری ئێـوە، ئـەوە فایلی رەقابەی تیجاریه، به ئیزافەی ئەوانـەی کـه دکتـۆر خوێندیـەوە، ئـەوەی کـه لـه بازاڕەکانـدا کـراوە بـه ئەرقام لەبەر دەستماندایە له سلێمانی و دهۆك و هەولێر، دەرەنجامێکی زۆر ئیجابی هەبووە، من داوا دەکەم و تەئکید دەکەمەوە لەو بەرێزانەی که باسی ئەوەیان کرد، شت نـەگیری و نەسـووتێنرێ و تەلـەف نـەکرێ، بەدیلەکەی چیه؟ ئەوەی که ئێمـه و وەزارەتـی صیحه کردوومانـه لەگـەڵ هـەر سـێ پارێزگاکـان، حاڵـەتێکی ئیجابی دروست بـووە، بـۆ نموونـه لـه شـاری هـەولێر، جـاران بـه پـۆلیس و ئاسایش کـۆنترۆڵ دەکـرا، ئێسـتا سۆپەرمارکێت خـۆی تەلـەفۆن ئـەکات ئـەڵێ: هـەموو ئێکسـپایەرەکانمان کۆکردۆتـەوە و وەرن بیسـووتێنن، ئێستا له بازاڕ جارجار، هەرچەندە رێژەکەی زۆر نیـه، هاووڵاتی تەلـەفۆن ئـەکات و ئـەڵێ لـه فلانـه شـوێن

ئێکسپایەرم دیوە، لەو رۆژانە میوانێکمان هەبوو وتی، چوومە سۆپەرمارکێتێك سەیری شتێکم کرد بزانم رەقەمەکەی ماوە، نەماوە؟ ئێکسپایەر بووە؟ وتی : ئەوە شەش جار صیحە و بازرگانی فەحصیان کردووە و هیچ موشکیلەیەکی نیە، کاریگەری باشی بووە، من حەز دەکەم بزانن ، ساڵ و نیوێکە باسی کوالیتی کۆنترۆل ئەکرێ و خەڵك بیستوویەتی و ئەزانێت، نەبوو ئەو جۆرە شتانە، ئەو مەسەلەی تا وەکو سیستەم دائەمەزرێ ئێمە زەروورە لەسەری بەردەوام بین و بەردەوامیش ئەبێن، رەقابەی تیجاری هەرسێ شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی موحافیزدایە، موحافیز بۆخۆی سەرپەریشتی ئەکات و تەنسیقی بەردەوامیش لە بەینماندا هەیە، پرسیاری یەکەم کە کرا، من بەریز ئەچمە سەر پرسیارەکان، مەسەلەی ئەوەی کە تا ئێستا خەڵك مەحکەمە کراوە یان نەکراوە؟ ئێمە ئیجرائاتی مەیدانی و عەمەلیمان کردووە، ئەگەر قەرار بێ مەسەلەی مەحکەمە و ئەو شتانە بێنە پێش، ئەبێ بە قانونێك تەنزیم بکرێ، ئایا بە قانونی کۆنی عیراقی یان قانونێکی تازە لە کوردستان تەشریع ئەکرێت؟ ئەگەر کۆن کرا، ئێمە جێبەجێی ئەکەین، ئەگەر نوێشتان تەشریع کرد، هەر جێبەجێی ئەکەین، پرسیاری ژمارەی چاودێر کرا، حەز دەکەم پێتان بڵێم: زۆری فەرق نەکردووە لە پار، سلێمانی هەر 22 چاودێری هەیە بۆ هەموو سلێمانی ، هەولێر 29 ی هەیە و دهۆك 14ی هەیە، من پار ئەم قسەم لێرە کرد، جەنابی کاك عدنان ئیشارەتی کرد وتی: جا کارمەندتان زۆرە نەقلی بکەن، کەس ئامادە نیە بچێتە بازاڕ بۆ رەقابە یان ئەبێ بەشەڕ یان خراپ ناوی ئەبەن یان هیچ موحەفیزاتێکی وای نیە، ئەوە ئیشکالێك، جگە لەوە چاودێری بازرگانی، بینایەیە نیە و موئەسەسە نیە و دەعمی نیە، بە ئیزافەی ئەوەی تەبعەن خۆتان پەرلەمانن و ئەزانن، وەزارەتی بازرگانی بودجەی ئیستیسماری و بودجەی مەشاریعی نەبووە تا ئێستا، بۆخۆشتان لێرە ئیقرارتان کردووە، تەنها بودجەی تەشغیلی هەبووە، لەبەر ئەوە هەر چیەکیش کرابێ، بە نەسریات و بە دەعم و بە پشتگیری و بە هەندێ مەسائیل کراوە، پرسیارێك کرا رەبتی بەم مەسەلەیە نەبوو، بەڵام هەر بە چەند سانیەك جوابی دەدەمەوە، مەسەلەی گرانی و ئەو شتانە، بەحسی ئەم جەلسەیە نەبوو، شت گران بووە، ئەوە لە بۆرصەی عالەمیەوە گران بووە، هی کوردستان نیە، ئەوەی کە سووتێنراوە، چەندی ئەوەندەیە کە داخیل کراوە؟ هەر شتێك کە دێتە کوردستان مەعنای وا نیە کە هەمووی ئێکسپایەرە، من حەز دەکەم موراجەعە لەو مەسەلەیە بکەین، هەمیشە بەرێوەبەری رەقابەی تیجاریمان بانگ کردووە کە پەیوەندی بەردەوامیان هەیە بە سنوورەکان، ئەوەی کە داخیل ئەکرێ بە ئێکسپایەری داخیل ناکرێ، وا نیە ئەو تەصەورەی کە دروست بووە، لێرە دوو شت ئێکسپایەری دەکات، دوو حاڵەت، یان مانەوەی زۆری لێرە، یان ئەوەی کە لەبەر هەتاوەوە دائەنرێت، یان لە مەخزەنێکدا کە مواصەفاتی نیە، بە ئێکسپایەری شت داخیل ناکرێ بۆ کوردستان بەو شێوەی کە ئێستا لە ناو خەڵك وا تێگەیشتووە، هیچ شتێك نایەتە کوردستان ئێکسپایەر بێ، پرسیار کراوە چیتان کردووە بۆ مەخزەنەکان کە پار باسکرا، مەخزن لە 2006 کاك عوسمان دانیشتووە لە پاڵما، لە 2006 و 2007 و 2008، هەرسێ ساڵ پرۆژە تەقدیم کراوە کە مەخازن دروست بکەین، کۆنەکانیش تەعمیر بکەین، لەبەر نەبوونی بودجە نەکراوە، ئێستا هەفتەیەك لەمەوبەر تەلەفۆنی بۆ کردم، کە لە بودجەی

تەکمیلی مەسەلەی سایلۆ و مەخزەنەکان بودجەی بۆ دابنرێ، هەر وەختێك ئەوان دایاننا ئێمەش دەست بەکار دەبین،قانونی حیمایەی موستەهلیك و ئیحتیکار، بەرێزانی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لێرەن، ئەو دوو قانونە وەکو قانون و وەکو مەتنەکەی لە زووە تەواو بووە، هاتووە بۆ لای ئەو لیژنەیە و وا بزانم قیرائەی یەکەمیشتان کردووە هی حیمایەی موستەهلیك، کێشەی ئەم قانونە چیە؟ لەماوەی ئەو دوو مانگە دوو جار کۆبوونەوەمان کردووە، جارێك خۆم لەگەڵیان بووم و جارێك هەردوو موستەشار، ئەو دوو قانونە ئێمە پشتمان بەستووە بە یاساکانی وڵاتانی تر، بە ئەو شتانەی کەوا پێویستن، بەو تەعلیماتە دەولیانەی کە پێویستن، دوایی چونکە داخیل دەبین لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکان و لەگەڵ مونەزەمەی تیجارەی عالەمی و کۆمەڵێ شتی تر، ریعایەتی ئەوەمان کردووە ئێمە، ئەو دوو قانونە پێویستیان بە دوو دەورەی تەدریبی زۆر گەورەیان هەیە، تا بتوانین جێبەجێ بکەین و سوودی لێ وەربگرین، نەك ببێتە وەرەقە و لەسەر کاغەز دایبنێین بە بێ سوود، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی کردووە و قەناعەتی کرد کە ئەو دوو دەورەیە، دەورەیەکیان لە جنێف کردەوە، 15 کەس لە مامۆستایانی زانکۆ لە یاساناسان، لەو کەسانەی کەوا پەیوەندارن لەو مەسەلەیە، پەیوەستن بەوە و ئەبنە مودەریب لێرە  و لەگەڵ خوبەرای تر، بۆ پەیداکردنی بودجەی ئەو دەورەیە، لە رێگەی UN، هەوڵماندراوە ئەو بودجەیەی بۆ پەیدا بکەین بۆ ئەو خوبەرای لەوێ تەدریب دەکات بە نەفەرەکانمان، حکومەت تەنها تەحەمولی پلێتی تەیارە و هاتووچۆی دەکات، ئەوە تەقریبەن تەواو بووە، ئێمە ئیعلانیشمان کردووە لە میدیاکان کەوا داوامان کردووە لە زانکۆکان نوێنەری خۆیان بنێرن، (سی ڤی)بنێرن هی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بەشداری بکەن، پاش ئەوە ئەبێ لە هەولێر دەورەیەك بکەینەوە، بۆ کۆمەڵێکی خەڵکی زۆر لە هەموو موحافەزات، حەتا لە قەزاکانیش بۆ ئەوەی ئاگاداری تەواو بن لەو یاسایە، پێویستیشە تەبعەن کوالیتی کۆنترۆل دابمەزرێ و بە سیستەم بێت، ئینجا ئەو یاسایانە بە کەڵکە، وەکو مەتنی یاساش تەواو بووە، رەئی دەرەوەشمان وەرگرتووە وەکو خوبەرای دەولی بۆ مەتنی قانونەکان، پرسیار کرا زەوابیتی مەسەلەی ئیستیراد چیە؟ ئێمە تەبعەن تا ئێستا قانونی ئیستیراد و تەصدیر، لە کوردستاندا تا ئێستا لە  نەوەدەکانەوە تا ئێستا ئیستیراد بە ئیجازە نەکراوە، رەسمی نیە، لە گومرکەکان، ئەوەی کە دێت و داخیل دەبێ رەسمی  لەسەر وەردەگرێ، بۆ ئەوە بیدایەتێك دابنێین بۆ زەبت کردن، لەساڵی پارەوە لەگەڵ وەزارەتی زیراعە، دوایی مەسەلەی سەیاراتیشی هاتووتە سەر، ئێمە تەحەمولی تەنها ئەوەندەمان کردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو شتانەی کە داوای ئەکات بە پێی پێداویستی کوردستان ئەڵێ: ئەوەندە تەن گۆشت یان هێلکە، یان دەرمان، ئەو دەرمانانەی کە پێویستن بۆ بوارەکانی بەیتەرە، ئەوەندە تەن ئیجازەمان داوە، ئەوان بە ئیجازەی عیلمی و زانستی خۆیان کە پێوەری تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمەش مۆڵەتەکەیان بۆ ئەکەین، لەسەر ئەو مۆڵەتەی ئەوان داویانە، مۆڵەتەکە ئەچێ بۆ گومرکەکان یان لە سلێمانی داخیل ئەبێ یان لە ئیبراهیم خەلیلەوە، هەر ئەوەندە عایدی ئێمەیە، ئەو ئیجازانەی کە دراون، ئەوانە هەمووی دوایی نووسخەی تەسلیمی سەرۆکی پەرلەمان ئەکەم، هەمووی لێرە دانراوە، ئەوە د.زریان جوابیداوە، خواردنە سووتێنراوەکان لە بازاڕی ئێرە کۆ ئەکرێنەوە یان لە

سنوورەکان؟ لە هەردووکیان، تەبعەن لەوێش هەیە و لێرەش هەیە، لەوێ ئەگەر هەبێ ناهێڵن داخیل بێ، لێرەش تەبعەن لێرە کۆ ئەکرێتەوە، پرسیاری سایلۆ کرا، هەرچەند ئەویش تەبعەن بەراستی پەیوەندی نیە، بەڵام ناچارین پرسیار ئەبێ تەوزیح بدەین، سایلۆ، سایلۆی سلێمانی بوو بیلزات، لە ساڵی 2005 لە زەمەنی حکومەتی عەلاوی موافەقە کراوە، لە مینحەی یابانی جارێکی تر ئەو سایلۆیە بخرێتەوە گەڕ و چاك بکرێت، لەو کاتەوە تا ئێستا نیە، من ئەوراقێکم دەست کەوت کە کوێت، مینحەی هەیە بۆ عێراق، بەدوای ئەو مینحەیە رۆیشتم هەتا وەکو وەزیری تەختیتی عیراقیش، بەدوای رۆیشتم هەتا کوێتیش بەڵکو ئەو مینحەمان دەستکەوێت و پێی دروست بکەین، لەبەر ئەوەی بودجە لێرە نیە، تەخمین کرا بە 15 ملیۆن دۆلار و جارێکی تر دروست ئەکرێت، تەبعەن هیچم حاصڵ نەکرد، تا ناچار بووم تەکلیفم کرد لە سەرۆکی حکومەت و نامەیەکی نووسی بۆ وەزیری تەختیتی عێراقی ساڵی پار، ساڵ و نیوێك لەمەوبەر، کە هەوڵ بدەن لە مینحەی کوێتی یان مینحەی هەر وڵاتێکی تر ئەو سایلۆیە دروست بکرێتەوە، هەرئەودەم چووم لەگەڵی کۆبوومەوە و قەناعەتی پێکردووە و موافەقەی کردووە، موافەقەتەکە چوویتەوە بەغدا و لە وەزارەتی تەختیت دەرچووە، ئێستا خراوەتە ریزی ئەو مەشروعانەی کەوا دانی پێدانراوە لە وەزارەتی تەختیتی عێراقی، وێنەی ئەو بریارە لای کاك عوسمان خۆی هەیە و لای منیش هەیە، هیچ دەوڵەتێك کە مینحە بۆ عێراق ئەدات تا ئێستا ئامادە نیە ئەو سایلۆیە دروست بکاتەوە، لە بودجەی خۆشمان، بودجەی تایبەتی بۆ دانەنراوە، ئێمە قەرارەکەمان هەیە، هەر دەوڵەتێك مینحەی هەیە بۆ عێراق، خۆم وەکو وەزیری بازرگانی یان کاك عوسمان وەکو پلان دانان یان هەر ئەندامێکی بەرێزی وەکو ئێوە دەوڵەتێك بۆ وڵاتان ئەچن کە خەڵك ئەبێنن، هەر دەوڵەتێك مینحەی هەیە ئێمە ئەبینین ئەگەر خۆی موافەقە بکات لێی وەربگرێن، پرسیارێکی تر، قسەیەکە وەڵڵا پرسیار نیە تەعلیقە ئەڵێ: کۆبوونەوەی پار باش بوو، بەڵام موتابەعە نەکرا، موتابەعەی زۆر جیدی کراوە بەراستی فەقەرە فەقەرە، بەڵام هەر ئەوەندە کراوە کە ئاگادارن لە راپۆرتەکان، راپرسی ئەکرێ بۆ خۆراك، ئایا هاووڵاتی خۆی ئەم خۆراکەی بایەعی ئەوێ یان نایەوێ؟ من حەز دەکەم شتێکتان بۆ روون بکەمەوە، سێ شوێن دیاری کراوە: دهۆك، بەلەد، سەماوە، لە کوردستان و لە ناوەراستی عێراق و لە جنوبی عیراق، ئایا ئەو خۆراکەتان ئەوێ یان پارە؟ هەموو هاووڵاتی کوردستان ئەڵێ ئەو خۆراکە خراپە، لە راپرسیەکە لە 97٪ ئەڵێ ئەمەوێ، ئەڵێ پارەم ناوێ، من تا ئێستا لەو تەناقوزە تێناگەم، یەعنی کەس نیە بڵێ ئەم خۆراکە باشە، دوای راپرسی ئەڵێ با خۆراك بێت نەك پارە، یەعنی ئەوە جێگەی قسەیە بەراستی ، ئەو خۆراکە هەموو عێراق وەریدەگرێ بە یەك مواصەفات، نوقتەیەکی تر هەیە حەز دەکەم جەنابتان هەموو ئاگادار بن، هەر چی خۆراك لە بەغداوە دێت، کە داخیلی ئەو سێ پارێزگایە دەکرێ، تەنێك دێت یان هەزار تەن؟ هەر خۆراکێك دێت وەرەقەیەکی لەگەڵدایە هەرچی مواصەفاتی ئەو خۆراکەیە تێدایەتی، ئینجا لە خوارەوە نووسراوە صالح للاستعمال البشری، تکایە مودیریەتی عامی بازرگانی، تەبعەن ئەوان ئیعتیراف بە وەزارەتی بازرگانیش ناکەن بۆ ئاگاداریتان، ئیعتیراف بەس بە مودیریەتی خۆراك دەکەن، بە مودیریەتی عامیش ناکەن، ئەڵێم بەرێوەبەری خۆراك

ئەوەی کە بۆمان ناردوون صالح للاستعمال البشری، لە کوالێتی کۆنترۆڵی بەغدا دەرچووە، تکایە تەوزیعی بکەن، ئێمە چیمان کردووە تەبعەن؟ ئێمە نۆ مانگ و دە مانگ لەمەوبەریش ئیعتیبار بۆ ئەو صالح للاستعمال البشری دامانەناوە و داشینانێن، ئێوەش ئاگادار بن، موحافیزەکانمان ئاگادار کردووە و رەقابەی تیجاری و صیحی و موختەبەرەکان، هەموو خۆراکێك جارێکی تر فەحص بکەن، ئەگەر لە فەحصی کوردستان دەرنەچوو لە هیچ شوێنێك تەوزیعی مەکەن، ئیتر ئەوە صەلاحیاتی خۆمانە، بەرێزێکی تر پرسیاری کرد ئەو شیرەی کە تەوزیعتان نەکرد چی بەسەر هات؟ ئەو شیرە تەبعەن لە عیراق تەوزیع کراوە و تەواو بووە، ئێمە بۆچی تەوزیعمان نەکرد؟ شیرەکە لە فەحصی بەغدا دەرچوە، لە فەحصی موختەبەری وەزارەتی صیناعەی ئێرەش دەرچوو، لێرە فەحصیان کرد تەبعەن داوامان لێکردن، لێرەش هەر دەرچوو، بەڵام ئێمە هەر رەفزمان کرد لەسەر ئەوەی کە پرسمان کرد بە کوالیتی کۆنترۆڵ، ئەو کیسەی کە تیایەتی لە جیاتی لەسەر کیسەکە بە تەبعی ئەصلی بنووسرێ رۆژی دروست کردن و ئێکسپایەری، بەلەزگە لێی نووسراوە، لەزگە موخالیفی ستاندەرە، بۆیە ئێمەش ئەومان رەفز کردوو لە مەخزەن دامانناوە، ئەبێ لێژنەیەکی تایبەت لە بەغداوە بێت و جارێکی تر بیباتەوە بۆ بەغدا، خۆتان ئەزانن بەغدا بە شەش مانگ و بە ساڵێك نایپرژێتە سەر ئەوەی کە موتابەعەی ئیشێك بکات کە لە دەستی دەرچوو بێت، بەس لای ئێمە پارێزراوە ودانراوە، رەقابەی چەند موەزەفی هەیە؟ ئەوە باسمان کرد، بازاڕی ئازاد زۆر باس دەکرێ، بەرێزان حەز دەکەم تەنها یەك نوقتە بڵێم، لەو رۆژەی کە پەرلەمان و حکومەت دروست کراوە لەم هەرێمە، کە ساڵی 1992 تا ئێستا، بازاڕی ئازاد پیادە کراوە بە غەیر موباشیر، بە بێ سیستەم و بە بێ باس کردن و بە بێ ئیعلان کردن، چونکە قوتاعی حکومیمان نەبووە، سیستەمی مەرکەزیشمان نەبووە، حکومەت خۆی کڕیارو فرۆشیار بێت و موەزعیش بێ، سێ بازاڕی ناوەندی هەبووە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، بازاڕی سلێمانی و دهۆك هەر زەمانی کۆن بەسەری دا رۆیشتووە و نەماوە، ئەوەی ئێرەش تەنها یەك بینایەی دراوە بە موساتەحە، هەر زوو نەك ئێستا، لەبەر ئەوە سلێمانی و دهۆك موەزەفی هەر نیە، تەنها ئێرە کۆمەڵێك موەزەفی هەیە بە بێ ئیش، ئەم سیستەمە لە کوردستاندا بۆ یەك رۆژیش حکومەتی هەرێم یان بەرنامەیەك لە پەرلەماندا هەبێ پیاچوونەوە بکەن بۆ ئەوەی لە کوردستاندا چ سیستەمێکی ئابووری پیادە دەکرێ؟ تا ئێستا ئەوە قسە نەکراوە ئەوە یەکەم جارە و تازەش ئەو قسە باس دەکرێ، ئێستا عێراق لە دوای رووخانی رژێم، ئۆتۆماتیکیەن و بە پێی یاساکانی بریمەر یاسای دەرکردووە لە ماوەی ساڵێکدا، عیراق لە مەرحەلەیەکی ئینتیقالی چووە بۆ مەرحەلەیەکی نوێ سیستەمی ئابووری و، بە عەمەلی پیادە دەکرێ، سێ هەفتە لەمەوبەر عێراق چل مەعمەلی هەیە، لە بەصرەوە بۆ موصلّ و هەر چلی خەصخەصە کراوە لە ئیمارات، ئەوە کۆتایی هێنان بوو بەو قیتاعە، بەو شتانەی کە مەعامیلە لە قیتاعی عامی عێراقی، ئەویش تەواو بوو، لەبەر ئەوەی ئێستا بمانەوێ جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ سیستەمی مەرکەزی و حکومەت شت بکڕێت و تەوزیعی بکات و بازرگانی بکات، ئەوە لە سابیعی موستەحیلاتە و ئەبێ چارەسەری واقیعەکە بکەین وئێستا ئێمە چ سیستەمێکی ئابووری پیادە ئەکەین؟ خۆراکی سەر جادە، من پێشنیاریکم کردووە

سێ رۆژ بەر لە ئێستا بردمە بەردەم موحافیزی ئێرە، ئەو پێشنیارە لێرەش ئەکەم بۆ هەردوو پارێزگاکەی تر، داوا ئەکەم ئێوەش پشتگیریمان بکەن و پشتگیریەکە لەبەر یەك خاڵە، خەتەرترین شت ئەوەیە لـە دوای ئەوەی کە هاوین کە دێت و دەرەجەی حەرارەت کە لە سی تێپـەردەبێ بـەرەو چـل و پـەنجا، ئـەو خۆراکـەی لەسـەر جاددەیـە، ئەگـەر ئـەو رۆژەش دروسـت بکرێـت بـۆ ئێـوارە ئێکسـپایەر ئـەبێ، خـراپ ئـەبێ، چـونکە دەرەجەی حەرارەی پەنجا بـدات لـەوە، بەتایبـەتی ئـەو شـتانەی کـە شـلەمەنین و وشـك نیـە، موقاوەمـەیان کەمترە، هەر زوو تێك ئەچێ، لە هیچ دونیا نەماوە ئەو مونافەسەی سەر جادە، ئەو مەترێك ئەچێتە پێش و دوکانەکـەی دراوسـێی مـەترێکی تـر دێتـە پـێش، ئەگـەر ئێسـتا دەسـتکاری سـەر جاددەکـان بکـەن، ئـەڵێن حکومەت پێچەوانەی فـەقیر و هـەژارەکان دەکات، بەراسـتی ئـەوە ئـەبێ دوکانـەکان، تەبعـەن دوکانـەکانیش داواکاری تایبەتیان هەیە، لەناو دوکانەکان کارەبا نیە تا مـن تەحـەمولی بکـەم ئـەو هـەموو مەخزەنـە، ئـەو هەموو شتە لە کوێ دابنێم؟ ئەو جوابە عیلاجی ئەوە نیە کە نابێ لەسەر جادە خۆراك هـەبێ، ئـەبێ سـەر جـادە خـۆراکی تێـدا نـەمێنێ، کـە حکومـەت ئـەو ئیجرائـەی کـرد، ئـەبێ پەرلـەمان پشـتگیری بکـات، وتیـان حکو مەت کۆمپانیا دروست بکات،ئەوە ناکرێ تەبعـەن، بـەرێزیك باسـی ئـەوەی کـرد کـە مـن باسـم کـرد کـە حکومەت بە کۆی دەنگ بڕیاری دا کە وەکو خۆی بمێنێ، ئەو خۆراکە داواکاری خەڵکی کوردستانە کە بمـێنێ، ئێمە ئێستا لە دەست خۆمان دایە، ئەگەر خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009، حەتا بە قەناعـەتی مـن دوای مانگی شەشیش ئیحتیماڵە، ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ئەو هەرێمە ئەڵێن: پارەمان ئەوێ لە جیاتی خۆراك، ئەتوانین بیکەین بە پارە، داوا لە بەغـدا بکـەین بێتـە سـەر بودجـەی هـەرێم، بـەڵام ئـەبێ دوایـی تەحـەمولی سلبیاتەکەی بکەین، کە ئەڵێن تەزەخومە و حەرکەی بازاڕ جۆرێکی تری لێدێ، وتیان وەزیرەکان هاوکاری لە نێوانیان نیە، بە عەکسەوە وا بزانم ئەوەندەی من کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو بەرێزە ئەکەم لـە وەزارەتـی خۆمـان، هەر ئەوەنـدە کاك عوسمان ئەبێنێ، ئەوەنـدە باسـی کـوالێتێ کۆنترۆڵمـان کـردووە، منـیش تیایـدا ئیختیصاصـم وەرگرتووە، لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکانی تر کە رەبتمان هەیە بە یەکەوە، ئێمە مانگانە لە ئەنجومەنـی ئـابووری یەك ئەبینین و هەر مەسـەلەیەکی پەیوەنـدیـدار بەیەکـەوە باسـی ئەکـەین، ئـاخیر قسـە مەسـەلەی مولحـەقی تیجاری، کۆمەڵێك پێشنیار کرا، کۆمپانیـا بخرێتـە لیسـتی ڕەش و مولحـەقی تیجـاری هـەبێ، لەگـەڵ هۆشـیاری گشتی، ئەوە هۆشیاریەکە لەسەری موتەفیقین، مولحەق تیجاری، پێم وایە حـەقێکی دەسـتووری خۆمانـە و لـە دەستووری عێراقدا ئەبێ ئەو ئەکتیف بکرێت، ئێمە ئێستا خەریکی هەنگاوێکین، ئەگەر ئەنجومەنـی وەزیـران پشتگیریمان بکات، تەقریبەن نیوەی ئیشەکانیشمان تەواو کردووە، ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوە ئەبن بۆ خـۆراك بۆ کوردستان، ئێمە پێویستە لەو وڵاتانە مەرکەزێکی تیجاریمان هەبێ، هەموو خۆراکێك یان دەرمانێك ئەکرێ بەو فلتەرە تێپەر بکات ئینجا بێتە کوردستان، و دوایی رەبتێك لـە نێـوان ئـەو سیسـتەمی کـوالیتی کـۆنترۆڵ و ئەو مەرکەزە تیجاریە هەبێت، ئەویش تەخفیفێك ئەکات لـە مەسـەلەکان، ئەگـەر وەڵامـی هـەر پرسـیارێکمان نەدابێتەوە، ئێمە ئامادەین دوایی بکرێتەوە و وەڵامی ئەدەینەوە و، زۆر سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك محمد وەزیری بازرگانی بۆ وەڵامەكانت، وەڵلاّ من پێم وایە یەك تێنەگەیشتنێك هەبوو لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان، داوایان نەكرد كە ئەو دەرمانە ئێكسپایەرە بەسەرچووانە و ئەو خۆراكانە نەسووتێ، بە عەكسەوە داوایان كرد بسووتێنرێ، كاك عوسمان ئەوەی كە عیلاقەی بە سەیتەرەی نەوعی هەیە یان پرسیار كرا و ئاراستەی وەزراەتەكەتان كراوە، تكایە بفەرموون.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، وەڵلاّ ئەو دوو برادەرە وەكو ئەو نوكتەی برا پێشمەرگەكە چ قسەی ئەوهایان بۆ من نەهێشتەوە، هەموو تەفصیلاتیان باس كرد، بە تەئكید من هاودەنگ و هاورام لەگەڵ نیگەرانی هەموو برادەرانی پەرلەمانتار، كە ئەمڕۆ نیگەرانیان هەبوو لەسەر خۆراك و لە سەر دەرمان و لەسەر هەموو ئەو سیستەمە، بە تەئكید ئەوە كێشەی ئەمڕۆ نیە، كێشەی ئەوەیە كە بەشێك لە برادەران باسیان كرد، كە لە عیراقدا وەختی خۆی كوالێتی كۆنترۆڵ مەركەزی بووە، بۆ موئەسەساتی دروست نەكردووە لە هەرێمی كوردستان، ئێمەش لە هەرێمی كوردستان هەتاكو وەزارەتی پلان دانان دروست نەبوو، بیرمان لەوە نەكردووتەوە كە دەزگایەكمان هەبێ بە ناوی كوالێتی كۆنترۆڵ، بۆیە كە لە نیهایەتی مانگی 11 لێرە لە پەرلەمان موافەقەتی لەسەر یاسای وەزارەتەكەمان كراوە، یاسای كوالێتی كۆنترۆڵ وەكو پێكهاتە كراوە، و خستوویانە ناو وەزارەتەكەی ئێمە، لە مانگی یەكی ساڵی 2007دا، بڕیاری ئەوەمان داوە كە دەزگای كوالێتی كۆنترۆڵ دروست بكرێت، سێ بەڕێوەبەرایەتی لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دروست بكرێت، بەڵام من و مامۆستا محمد وەزارەتەكەمان تازەیە، كاك د.زریان نا، ئەو هاتووتە سەر وەزارەتێكی حازر، لە ئێمە بپرسن موعاناتی دروست كردنی دەزگایەك و وەزارەتەك و موئەسەسەیەك چەند زەحمەتە؟ چونكە لە نووكەوە دروستی ئەكەی هەتا ئەگاتە كۆتایی، سەرەرای ئەمەش ئەوە لەبیر نەكەین كە بە هۆی ئەو حەصارەی كە لەسەر كوردستان بوو و لەسەر عێراق بوو، خواخوامان بوو، من خۆم لە دەزگای گومرك بووم زیاتر لە دەساڵ، خواخوامان بوو مەنفەزێك هەبێت كاڵا و خوادەمەنی بێتە كوردستان، لەبەر دوو سەبەب، یەكەم: حاجاتی خەڵكی كوردستان دابین بكات و دووەم، گومركەكی لێ وەربگرین كە مەعاشی خەڵكی پێ دابین بكەین، ئەوە هەموو تەراكوماتی رۆژێك ودوو رۆژ نیە، ئەوە لە یەك رۆژیشدا حەل نابێت، من ئەمڕۆ لە كۆتایی قسەكانمدا حەول دەدەم بەرنامەی پلان دانان لە دەستەی كوالێتی كۆنترۆڵ ئەڵێن ئێمە چ دەكەین و بەرنامەكەمان چیە و بە تەئریخیش تەحدیدی دەكەین كە بەرنامەكەمان چیە؟ بەڵام حەقیقەت ئەوەیە كە چۆن ئەو سیستەمە دروست دەكەین ئاسان نیە، سیستەم دروست كردن ئەبێ هەموومان بە یەكەوە، وەزارەتی تەندروستی لە پێشی هەموومان و وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی، یەعنی هەموومان بەیەكەوە هاودەنگ و هاو ڕا و ئەوە بین، دووەمین، چۆن كارمەند پەیدا دەكەین، ئەو كارمەندە چۆن تەدریبی پێ دەكەی؟، سێیەم: بودجە چۆن دابین دەكەی بۆ ئەو شوێنانە؟ لەوانەیە من ئەم ساڵ 2008 زۆر باشترم و پار ساڵ هیچم بۆ دابێن نەكرابوو،

بۆیە نەمتوانیوە هیچ بکەم، ئەوە برادەران مەوجودن و ئەزانن، بەلاّم ئەمسالّ شتمان بۆ کراوە، رەیعمان بۆ دەرچووە زیاتر لە مانگ و مانگ نیویّك کە پیّداویستیەکانمان هەمووی دابین بکریّ لە کرِین، مەسەلەن ئەو موختەبەرەی مالیە کە بەشی خۆراك و ئاوەکەی، ئیّمە خەریکی ئەوەیەنە کە پیّداویستیەکانی لە دەرمان و ئەوانە بۆ کارمەندەکانی، ئیّستا تەقریبەن ئەوە حازر بووینە، بەلاّم وەزارەتی تەندروستی درەنگتر وەریگرتووتەوە، ئیّمە حازرین بۆ ئیفتیتاحەکەی و تەصور دەکەین لە 15 یان 20 رۆژی تر دەتوانین دەست بەکار بین لەو موختەبەرە، چونکە کارمەندەکانیشمان ناردووتە دەرەوە و ناردوومانە بۆ لوبنان و بۆ ئەوانە، من بەرنامەکەمان بەو شیّوە داناوە کە تاکو دەگاتە 7/1 موختەبەرەکەی هەولیّر ئیش بکات بەیەکەوە لەگەلّ وەزارەتی تەندروستی، ئیّمە حازرترین و لەوانەیە زووتریش بتوانین دەست بەکار بین، لە هەمان کاتیشدا ئیجازەی ئیستیرادی نەوعی لیّرە بەدواوە، هەموو نەوعە ماددەیەك کە ئیستیراد بکریّتن ئەبیّ پیّش ئەوە مواصەفاتی ئەو شەریکەی کە مەوادەکەی دیّنیّ، ئەبیّ مواصەفاتی بنیّردریّت، لەسەر مواصەفاتەکەی تەبعەن کۆمەلیّ ئیجرائاتمان کردووە، هەر ئاوا نیە وەکو من ئەلیّم ئیجازەی ئەدەن و تەواو، ئیتیفاقیە و پەیوەندیمان لەگەلّ کۆمەلیّ موئەسەساتی عالەمیمان کردووە، کە ئەو موئەسەساتانە موئەسەسەی موعتەرەفن لە 60، 70 ولاّتی دونیا، دامو دەزگایان هەیە بۆ کوالیّتی کۆنترۆلّ، بۆ ئەوەی کە ئەو خەتمی کرد و وتی ئەو مادەیە بەکەلّك دیّت بۆ خۆراك و صالحە بۆ ئیستیهلاکی بەشەری، یاخود موتابیقی ئەو مواصەفاتەیە کە لە هەموو ئەوەکانیدا نووسراوە، ئیّمە ئەو کات ریّگا دەدەین، ئیّمە حەقمان بەسەر کەمیەدا نیە، کەمیەت بەرای من ئیّستا لە کوردستاندا زەحمەت کۆنترۆلّ بکریّ، ئیّمە جاریّ با بەس نەوعیەتەکە کۆنترۆلّ بکەین، ئیّمە ئەبیّ سیستەمی کۆنترۆلّی زۆر هەموو بەشیّك بگریّتەوە، بەلاّم با جاریّ لەو سیّ ماددەیە دەست پیّ بکەین، لە دەرمان و لە خۆراك و لە ئاو و لە شلەمەنی، ئەوانە تەئسیری موباشیری لەسەر ژیانی خەلّك هەیە، لە دوای ئەوە ئیّمە بەرنامەکەمان ئەوەیە ئیّستا دائیرەی سلیّمانیمان کردۆتەوە و ئەجیهازەکانمان کرِیوە و تەئسیسمان کردووە و کارمەندمان بۆ تەعین کردووە، ئیّستا خەریکی تەعیناتەکەینە، لە 8/15دا موختەبەری سلیّمانی دەست بەکار دەبیّ، لە 10/15 تا دەگاتە 11/1، موختەبەرەکەی دهۆکمان دەکەویّتە کارەوە، تاقیگەکانی حدود تا دەگاتە سەری مانگ، چونکە موشکیلەیەکمان هەیە، عەدا ئیبراهیم خەلیل هیچ بینای تیّدا نیە، من ئەچمە باشماغ و پەرویّز خان، ئەچینە حاجی ئۆمەران، بینایەکی وای تیّدا نیە کە بە کەلّکت بیّت، ئەبیّ بچیە ناو کابینەی موختەبەریّك دابنیّن، ئینجا وەرەو موەزەف چۆن ئەچیّتە ئەوێ، رۆژانە ئەچیّ نەمازیج وەردەگریّ، بەس بۆ شتی سەریع کە فەحصیّك بیّت، تەصور دەکەم ئەوەی حدود ئیشەکەی تۆزیّك زەحمەت ترە لە ئیشی شارەکان، چونکە با واقیعی بین من خۆم وای نابیّنم وەکو زۆر کەس باسی دەکات، ئەی حکومەت بۆ نایکات؟ کاکە دروست کردنی ئەو شتانە بەیەك رۆژ ناکریّ، نەبوونی دەزگایەك و سیستەمیّك بۆ کۆنترۆلی جۆری بەیەك رۆژ نایەتە کایەوە، واقیعی بین ئیّمە رەئیمان وایە، تاکو نیهایەتی ئەمسالّ بتوانین بەشی زۆری لە مەوادی ئەساسی و خۆراك بە هاوکاری ئەو بەریّزانەی تر لە وەزارەتەکانی تر و لە دامو دەزگاکانی ترەوە، بەلاّم وەکو سیستەم ئیّمە تەسەور دەکەین هەتا نیهایەتی سالّی 2009 ئینجا ئەتوانین ئیّمە سیسیتەمی

کوالێتی کۆنترۆل کە سەد لە سەد ئیتمیئنان بدەینە خەڵکی کوردستان، من نامەوێ بەکەس بڵێم وەڵلا ئێمە وا ئەکەین، وامان کردووە، ئێمە بەرنامەمان هەیە و ئەو بەرنامەیە پەیوەندی بەوەیە چەند تەنسیقی لە نێوانی دامو دەزگاکانی حکومەتە کە ئێستا باشترە لە چاو ساڵی پار، ئەمساڵ دەعممان لە ناحیەی بودجەوە زۆر زیاترە، ئەو بودجەی کە بۆشمان دانراوە لە وەزارەتی پلان دانان، بەشی هەرە زۆریمان داناوە بۆ دەزگای کۆنترۆلی جۆری، جیگە لەوەش دوو تاقیگەی وەکو بینا لە سلێمانی و لە دهۆك بۆیان دروست دەکەین، لە ساڵی 2009 بەرنامەمانە بینایەکی موختەبەری مەرکەزی گەورە کە بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بێت لە هەولێر دروست بکرێت، ئەوە بەرنامەکەمانە، من ناڵێم ئەو بەرنامەیە وەکو سەعات ئەڕوات بەرێوە، واقیعی بین ئەوە وڵاتێکە لەم سیستەمە ئیداریە و لەو وەزعە هەر ئەوندەی لێ هەڵدەکەوێ، لەوانەیە حەز بکەم و حەوڵم دا بێ و ئەم برادەرە ئەزانێت زۆر زیاترمان حەوڵ داوە، بۆ ئەوەی لە ساڵی پار ئەو شتانەی کە ئەیڵێم بمانکردبا، بەس بۆ من نەهاتووتە دی، ئێستا پێمان دەکرێ ئەوە بکەین و وا ئەو وەعدەی کە ئێستا، ئەو بەڵێنەی کە لەبەردەم ئێوەی ئەیدەم بۆ هەموو خەڵکی هاووڵاتی کوردستانیش، چونکە ئەوە بەشێکە لە ژیانی من و لە ژیانی ئێوە و لە ژیانی هەموومانە، کە نیگەرانە لەوەی کە ئەو خۆراکەی کە ئەیخوات، ئەو دەرمانەی کە ئەیخوات و ئەو ئاوەی کە ئەیخواتەوە، هەر شتێك لەو بابەتە هەتا دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە، بە تەنها ئەمە کافی نییە، لە پاڵ ئەوەدا ئەو موختەبەرەی کە کۆرییەکان لەگەڵ وەزارەتی صناعە ئیتیفاقیان کردووە بۆ موختەبەراتی صناعی هەوڵ بدەین کاڵای صناعیش لێرە بەدواوە فەحص بکرێت، گلۆپێك دروست دەکرێت لە صین دەیهێنن عومری شەش سەعاتە، ئەمە چۆن دەبێت رێگا بدەین، ئێستا ئینسان دەبێت بەپێی ئەولەویاتی خۆی ئەولەویاتمان لەسەر ئەو سێ بەشە بوو کە باسمان کرد، بۆیە من هیوادارم بەم قسانە هەموومان بتوانین هاوکاری یەکتر بین، دەڵێن وەڵلا هیچتان نەکردووە، ئەوەی جەنابی کاك دکتۆر زریان شەرحی کرد، بەڕاستی زۆر بە رەقەم و تەفسیلی بوو، موقارەنەی ئەمساڵ لەگەڵ پاردا، دەڵێت ئەمساڵ وەزع خراپترە بەوەی کە ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی حکومەت ئیش دەکات، دەچێت خواردن دەسووتێنێ، ئەوە مانای ئەوەیە ئەمساڵ زیاتر بووە، نەخێر پار بێ دەنگتر بوون، پێرار بێ دەنگ بوون، ئەمساڵ زۆر باشترین، موقارەنەکە وا دەکرێتن، نەك موقارەنە بەوە بکەین وەڵاهی ئەمساڵ لەبەر ئەوەی خۆراك زۆر دەسووتێنین، مانای وەزع خراپترە، بە پێچەوانەوە پار بێ دەنگ بووینە، ئەمساڵ زۆر باشترین هەوڵ دەدەین ساڵی داهاتوو باشتریش بین، نامەوێت لێرە محامی هیچ لایەنێك بم، واقعیانە بیر دەکەینەوەو دەمانەوێت ئەوەی وەعد دەدەین جێ بەجێی بکەین بە پشتگیری هەموو لایەکتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ساڵی حەفتاو حەفت بوو پێشمەرگەیەك شەهید عوسمان قاڵەی منەوەری ناو بوو، ناسراوە لەلای هەمووتان، قسەی خۆش بوو، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر دوو برا بوون، یەکیان ناوی جوتیار بوو، ئەویتریان ناوی هەژار بوو، خاڵە سەید رەنگە بێتەوە بیری، ئەوان جەولەیان دەکرد لە دێیەکان کۆ

دەبوونەوە، نەدوەیان دەکرد، هەژارو جوتیار قسەزان بوون، وەکو بڵێی کتێبیان قووتدا بوو، باسیان دەکرد، باسی شۆڕشیان دەکردو دەیانووت دەبیّ خزمەتی وا خەڵك بکەن، حکومەتی دیکتاتۆر وابوو، رژێمە فاشیەکان و هیچیان نەدەهێشت لە تورکیاوە، لە ئێرانەوە هەموو شتێکیان باس دەکرد، دوایی دەیانگوت ئێستا خاڵە عەفان (عوسمان قالەمنەوەر) ئێستا ئەویش دێت قسەتان بۆ دەکات، ئەویش قسەکان هەمووی تەواو بووە، هیچی نەماوە، دەڵێت وەڵلاّ من نەصیحەتتان دەکەم دار مەبرن، دار سەروەتێکی گەورەیە بۆ میللەت، دار مەبڕن و خزمەتی دار بکەن و بۆ چەند رۆژێکی تر سەردانی دێیەکی تر دەکەن، قسەکان دەکەن لە ئاخیری قسەکان پێش ئەوەی قسە بدەنە عوسمان دەڵێن نەصیحەتی دواییشمان ئەوەیە دار مەبڕن، دار سوودی هەیەو وایەو وایە، ئەویش ئاوڕێك دەداتەوەو دەڵێ هیچتان بۆ من نەهێشت و هەستن با بڕۆین، کاك عوسمان گوتی من هیچم بۆ نەماوە، بەلاّم ماشەڵلاّی لێ بێت بەرێکی خستە ناو، زۆر سوپاسی دەکەین، سوپاسی هەرسێ وەزیری بەڕێز دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوانە، لە ڕاستیدا من پێموایە وەلاّمی زۆر پرسیاریان دایەوە، ئەگەر یەك، دوو کەس تەعلیقی هەبێت، ئەویش ئەگەر دوو، سێ کەس بێتن قسە دەدەم بە دوو، سێ کەس خۆم ئیختیاری دەکەم زیاتر نەبێتن، ئەویش یان سەرۆك فراکسیۆنەکان ئیختیار دەکەم، یان ئەوانەی کە قسەیان نەکردووە ئیختیاریان دەکەم، یان لە لیژنەکان، یەکەم ئەوەی قسەی نەکردووە، کاك کەرخی قسەی نەکردووە، فەرمووو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، لەڕاستیدا نیمچە گلەییەکم هەبوو، ئێمە دەچینە دەرەوە ئیزن لە جەنابتان وەردەگرین ئینجا دەچین، کە دێینەوە دەڵێی حەقی قسە کردنتان نەماوە، ئەوە پێموایە ئەوەش حەق نییە، لەگەڵ ئەوەش دووبارە سوپاسی جەنابت دەکەم بۆ ئەو دەرفەتە، بەخێرهاتنی ئەو بەڕێزانە دەکەین، بەڕاستی هەروەکو سۆزان خان باسی ئەوەی کرد، کە گوتی حکومەت باوکی میللەتە، چۆن ئەو باوکە وەها سەیری جگەر کۆشەکانی دەکات، کە بۆ ساڵێك چل ملیۆن دۆلاری بۆ مەسەلەی کۆڕو مەسەلەی تەندروستی دانابێت، هەر هاووڵاتیەك بۆ ماوەی ساڵێك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەی کاك کەرخی، قسەکانی بەیانی رۆیشت، ئێستا ئەگەر تەعلیقێکت هەبێت لەسەر روون کردنەوەکانی ئەوان، فەرمووو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بودجەیەی کە دانراوە، کە دەڵێت یازدە ملیۆن دۆلارمان لە دەست دەمێنێت، بۆ ئەوەی هەموو ئیشەکانمان پێ بەڕێوە ببەین، ئەوە پێموایە خۆی لەخۆیدا کارەساتە، دەبێت ئێمە وەکو پەرلەمان کە

میزانیەکی ئیزافی دابنرێت بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئینجا ئەگەر بتوانین و پێمان بکرێت شتێك داوا بکەین و شتێکیان بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سبەینێ پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری بازرگانی کرد، بەنیسبەت ئەو خۆراکانەی لە 2006 و 2007 وەرنەگیراوەو نەگەیشتۆتە دەست هاوولاتی، کەمیەکەشیان زۆرە، بەنیسبەت 2006 شەکر پێنج هەزارو حەوت سەدو دوو تەن و دوو سەدو سی و سێ کیلۆ وەنەگیراوەو ماوە لە زیمەتی بەغدایە، هەتا ئێستا نازانین چ ئیجرائاتی بۆ کراوە؟، بەنیسبەت شیر، دوو هەزارو حەوت سەدو حەفتاو دوو تەن و دوو سەدو شەست کیلۆ، شیری منداڵان سەدو پەنجا تەن و سێ سەدو شەست و سێ کیلۆ، سابوون هەشت سەدو نەوەد دوو تەن و نەوەدو پێنج کیلۆ، لە 2007 دوو هەزارو شەش سەدو پەنجاو حەوت تەن و نۆسەدو هەشتاو شەش کلیۆ شیری گەوران، شیری منداڵان دوو سەدو حەفتاو حەوت تەن و نۆسەدو پەنجاو هەشت کیلۆ، نیسك پێنج سەدو چل و نۆ تەن و هەشت سەدو حەفتاو شەش کیلۆ، رۆن هەزارو نۆسەدو شەست و نۆ تەن و پێنج سەدو یازدە کیلۆ، هی ئەو دوو ساڵەی ئەوەندە مەوادە لە زیمەتی بەغدایە، ئایا گەیشتە چی؟ ئەوە وەرگیراوە، وەرنەگیراوە، تەعویز دەکرێت، یان ناکرێت، ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تەوزیحاتم هەیە، یەکەمیان/ ئەوەیە جەنابی وەزیر مومکینە بە غەڵەت لەو مەسەلەیە گەیشتووە، ئێمە لە پەرلەمان نەمانگوتووە ئەم شتانە مەسووتێنن، بەڵکو ئێمە گوتوومانە ئەو شتانە بسووتێنن و جگە لەوەش ئێمە دەڵێین غەرامە زۆر زۆر کەمە لەو کەسانەو داوای ئیحصایەکمان کرد، ئایا کەس حوکم بووە؟ یان نا؟ بەلاًم وا دەرکەوت بە قسەی جەنابی وەزیر هەتا ئێستا هیچ کەسێك حوکم نەبووە لەسەر موخالەفە کردنی قانونی تەنزیمی تیجارە عەدا غەرامە نەبێت، ئەوە بەڕاستی پێویست دەکات پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت، چۆن دەبێت ئەم موخالەفە گەورەیە، هیچ کەسێك حوکم نەدرا بێت، ئەمە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دوو/ قانونی تەنزیمی تیجارە ساڵی 1970 دەرچووەو لە هەرێمی کوردستانیش پیادە کراوەو عقوبەی ئەعلای دەچێتە ئیعدام، دەتوانم بڵێم بە دڵنیاییەوە هیچ فەقەرەیەکی غەرامەی تێدا نییە،

هەمووی حوكمە، لەبەر تایبەتمەندی یاسایەكە وەختی خۆی پەیوەندی بە مەحكەمەی سەورەوە هەبوو، بەداخەوە دیارە لێرە ئەسڵەن هەر كاریشی پێ نەكراوە.

نوقتەی سێیەم/ بەنیسبەت موساتەحە، موساتەحە لەسەر ئەرازی دەكرێت، موساتەحە لەسەر ئەبنیە ناكرێت، من نازانم ئەو عقودی موساتەحەیە چۆن كراوە لەسەر ئەبنیەی كە قائیمە؟، جگە لەوەش ئەو دوو یاسایەی كە جەنابی وەزیری بازرگانی ئیشارەتی پێدا، فیعلەن ئێمە دوو كۆبوونەوەمان كردووە لە لیژنەی یاسا، بەلآم بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیرو موستەشارانی ئەنجومەنی وەزیران وتیان هەندێك مەبادئی تازە هەیە، ئێمە لە پەیوەنداین لەگەڵ دەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەبادیئەش بگەیەنینەوە، بۆ ئەوەی بكەینە پێشنیار لەبەر دەم پەرلەمان، ئینجا گفتوگۆی لەسەر بكرێت بۆ دەوڵەمەند كردنی پرۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری تەندروستی باسی شیرینیەكی كرد، كە لە شێوازی جگەرە هێناویانە، جەنابیان باسی ئەوەیان كرد كە جەنابی وەزیری تیجارە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ صین پیشانیان بدات كە ئەوە نەكەن، باشە ئەوە بە دەست صینە كە ئەوە نەنێرێت بۆ ئێمە، یان خۆمان نەهێڵین  تاجیرەكانی خۆمان ئەوە بێنن، بەڕاستی ئەوە پرسیارێك.

پرسیارێكی ترم، باسی ئەسواقی مەركەزی كە ئەوەی سلێمانی و دهۆك نەماوە، ئەوەی ئێرە بینایەكەی ئەوەی بە موساتەحە دراوە بە كرێ، ئەی فەرمانبەرەكانی لە كوێن؟ هەر لەماڵەوە دانیشتوون، چۆنن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەكانی كاك شێروان دەكەم، ئێستاش دوای ئەم هەمموو گفتوگۆیە پێموایە پێویستیمان بەوە هەیە كە سێ پرۆژە یاسا گەلآڵە بكرێت، كە لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوەو، لە لایەن وەزارەتی پلاندانان، لە لایەن وەزارەتی بازرگانیەوە، ئەویش یاسای رێكخستنی بازرگانی دەبێت تەفعیل بكرێت، یان بەشێوەیەكی مۆدێرن كە ئێستا لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆدا بگونجێت، هەروەها یاسا بۆ تەقیس و سەیتەرە بكرێت، ببێتە سیستەم، پێویستە یاسای بۆ ئامادە بكرێت، بۆ ئەوەی دەسەلآتی پێ بدرێتن لەو یاسایەدا.

ئەوەی سێیەم/ بەڕاستی یاسای تەندروستی زەمانێکە دانراوە، پێویستی بەوە هەیە زیاتر هەموار بکرێت و عقوبەکانیش زیاتر توندتر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبێت قسەکەت پێ دەبڕم، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیجازەم وەرگرت، ئیجازەشم لە سکرتێری پەرلەمان وەرگرت، بۆیە ئامادە نەبووم، کە ئامادە بووم ئێستا جەنابت دەرگای پرسیارت کردەوە، بۆیە من حەقی پرسیارم هەیە، ئەوە نوقتەی نیزام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا یەکێك غائیب بێت نوقتەی نیزام نییە، یەکێك غائیب بێت، مانای ئەوە نییە ڕاوەستین و بانگی بکەین، ئەگەر غائیب بووی ئەو هەموو موناقەشەیە لەکوێ توانیت موتابەعەی بکەیت، ئێستا پرسیار بکەیت ڕەنگە دووبارە بێت، داوای لێبوردنت لێ دەکەم، فەرموو پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی دکتۆر زریان باسی ئەوەی کرد، کە پێشووتر بیست و دوو شەریکە ئیجازەیان هەبووە، ئێستاش ژمارەکەیان بۆتە (25)، بەڵام هەندێك لەو شەریکانە لەناو فایلەکەیان تەنها یەك وەرەقە هەیە، کەواتە ئیشەکانیان مەزبوت نییە، بەپێی ستاندار نییە، ئایا چ ئیجرائاتێك وەرگیراوە؟ ئەو (22)ە هێشتا هەر ماون کە فایلەکانیان هەیە، یان مەفروزە ئەوانە ئیجرائاتیان بەرامبەر وەربگیرێت، ئەوە پرسیارێك بوو.

کاك محمد ڕەئوف باسی خۆراك و باسی پارەکەی کرد، ئەو خۆراکەی کە ئێستا وەردەگرین بە تەئکید ئەو پارەی کە تەرخان کراوە بدەن بە موقابیلی ئەوە نییە، بەحەقیقەت تۆ ئێستا بازاڕ دەبینی زۆر زۆر گران بووە، ئێستا ئەو خواردنانەی کە وەرمان نەگرتووە، هەر نەفەری تەنها (16) دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە، هەرچەندە جەنابی باسی زیاتری کرد بوو کاتی خۆی، بەس (16) دۆلاری دەدرێتێ، حەتمەن خەڵکی کوردستان حەقی ئەوەی هەیە داوای خۆراکەکە بکات، ئێمە داوای خۆراکێکی باش دەکەین و ستاندارد بێت و خۆراکێکی بەسەرچوو نەبێت.

بەنیسبەت کاك عوسمانەوە، باسی ئەوەی کرد کە هەندێك لە وەزارەتەکان تازەن، ئێمە بەداخەوە فێر بووینە ئەگەر وەزارەتمان وەرگرت، وەزارەتی پێشووتر کێ لەسەری بوو، من داوای لێبوردن دەکەم ئیتیهامی کەس ناکەم، دەمانەوێت وا پیشان بدەین کە خۆمان باشترین لە وەزیرەکەی پێشووتر، بەڵام بەپێچەوانەوە مەفروزە ئەو وەزارەتەی کە تازەیە بۆ خۆی دادەمەزرێنێت، مانای وایە هیچ خەلەلێکی پێشووتر نییە، ئەو دروستی دەکات، کەواتە بە پێچەوانەوە مەفروزە خەلەل لە لای ئەو دروست نەبێت، ئەگەر هەر خەلەلێك هەبێت خۆی مەسئوولە بەرامبەر بەو خەلەلە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەگەر ئەو دوو، سێ پرسیارە وەڵام بدەنەوە، کاك دکتۆر زریان فەرموو.

**بەڕێز د.زریان عثمان/ وەزیری تەندروستی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ ئەو پرسیارە، بەڕاستی من روون کردنەوەم نەدا، نەمویست زیاتر لە وەختی بەڕێزتان ببەم، من دۆکیۆمێنتم لە لایە مانگی رابردوو سێ شەریکەم بە ئیمزای خۆم داخستووە، کە ئێستا لەناو فایلەکانە دەیدەم بە بەڕێزتان، بۆ ئەوەی ببینن، ئەو رێنماییانەی کە لێرەن دوایێ پیشانی بەڕێزتان دەدەم ناردوومە بۆ هەر (24) شەریکە، ئێستا رەنگە (21) شەریکە مابن، یەك مانگ مۆڵەتم داون، دەڵێم لە ماوەی یەك مانگ رێنماییەکانتان لەبەر دەستە خۆتان چاك دەکەن بەپێی رێنماییەکان، لیژنەی تەفتیش دەنێرین، خۆتان چاك بکەن بەپێی مواصەفات سەرچاو، نایکەن داتان دەخەین، خۆشحاڵ دەبم هەر (21)یان بە قەڵەمی خۆم ئیمزا بکەم دایان بخەم، لەم هەفتەیەوە لیژنەیەکمان دروست کردووە لە سەندیکای پزیشکان، سەندیکای دەرمانسازسان لە وەزارەتی تەندروستی لەسەر هەر (21) شەریکە دەگەڕێت کەشفیان دەکات و تەقریرەکەی دەداتەوە بەخۆم، لە 6/1 دەبێت هەر هەموو ئەو شەریکانە کە مەوجودن پەیوەندی بە کواڵتی کۆنترۆڵەوە بکەن فۆرمێکی تایبەتی هەیە دەبێت پڕی بکەنەوە، دەبێت بەپێی ستاندەرو مواصەفاتی جیهانی لەمەودوا کار بکەن، ئەوەی توانای هەیە لە کارەکە بمێنێتەوە بەسەرچاو بەردەوام بێت، ئەوەی توانای نییە خوا حافیزی بێت، هیچی تر نامەوێت مۆڵەت بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەك وەڵام بۆ بەڕێز کاك دکتۆر ناصح، سەبارەت بەوەی کە بۆ هەر هاووڵاتیەکی کوردستان 42 دۆلار تەرخان کراوە، من راستیەکەی ئەو رەقمە پێموایە ئەگەر بێتو بەپێی مەعەدەلات حیسابی بکەین (323) ملیار دینار میزانیەی وەزارەتی تەندروستییە دابەشی ژمارەی دانیشتوان دەکرێت ئینجا رۆژەکە دەردەچێتن، بەڵام من یەك قسە بە بیری کۆمەڵێك برادەران دەخەمەوە، بەتایبەتی لێرە قسەکەی نازناز خان کە لە رۆژی موناقەشەی بودجەمان دەکرد، قسەکەی لیژنەی شارەوانی کاك رەشاد بە بیرتان دەخەمەوە، قسەکەی کاك تەلعەت و کاك بەڵێن لە لیژنەی زراعە بیرتان دەخەمەوە هەموو وەزارەتێك داوای دەکات بودجەی زیاتر بێت، حەقێکی تەبیعی خۆیەتی بەڕێز وەزیری تەندروستی، یان وەزیری بەلەدیە، یان هەر وەزیرێك دێتە ئێرە، وەزیری کارەبا گلەیی دەکات دەڵێت ئەو بودجەیەی بۆ منتان داناوە کە زۆرترین بودجەیە لە کوردستان بۆ ئەو دانراوە دەڵێت بەشم ناکات، حەقی خۆیەتی، بەڵام بودجە ژمارەیە، ئەو ژمارەیە بەپێی سەکتەرەکە تۆ دابەشی دەکەیت و ئەولەویات دەدەیتە ئەوە، حەقی وەزیری

تەندروستییە کە دەڵێت بودجەکم کەمە، بەڵام ژمارە دابەش کردن، ئەگەر بێمە سەر ئەوە من ئەو بودجە زۆرە بۆ وەزارەتی تەربیە دانراوە، خۆ راستە کارمەندەکەی مووچەی مەعلوم بێت بە سەدو قصور هەزار دینار، هەمووتان میلاکاتەکەتان بینی کە دابەش کراوە، بەڵام بەو حیسابە بێت، مانای وایە زۆرترین پارەم بۆ تەربیەو سەکتەری تەربیە تەخسیس کردووە، یەعنی ئەمە ئیش کردنەکەیە، ئیش کردنی میزانیە بەو شێوەیە دەکرێتن کە بەپێی سەکتەر تۆ دێیت چەند کارمەندی هەیە، چەند پێداویستی تری هەیە، بودجەی بۆ دابەش دەکەیت بەپێی ئەو ژمارانەی کە هەتە.

سەبارەت بە دروست کردنی بیناو ئەوە، بە تەئکید من گلەییم نییە لەوەی پێش خۆم کێ لە وەزارەت بووەو کێی لێ نەبووە، چونکە وەزارەتێك خۆت دروستی بکەیت، زۆر باشتر دروستی دەکەیت، بەڵام برادەرانی پەرلەمان نازانن ئێمەش موعاناتمان چیە کاتێك کە وەزارەتێك دروست دەکەین، چۆن کارمەند پەیدا دەکەیت؟ چۆن میلاکات وەردەگریت؟ چۆن بودجە وەردەگریت؟ چۆن میزانیەت دەدرێتێ؟ ئەوە مەجالی ئەوە نییە لێرە قسە بکەم، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد رەئوف چ قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد رؤوف محمد/وەزیری بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك تەوزیح بەکورتی، مەسەلەی ئەو خۆراکانە کە بە تەن و بە نەوعیەت ئەو بەڕێزە خوێندیەوە، لەوانەیە ئەوە زۆرتر بێت لە لای ئێمە، کەمتر بێت وەك لە لای جەنابت، چونکە هەمووی لە لای ئێمە هەیە، دوای ئەوەی چەند جارێك وەزارەتی بازرگانی عێراقمان ئاگادار کردەوە بۆ تەعویزی ئەو خۆراکە خۆیان لێ کڕ کرد، ساڵی پار ناچار بووین و لە میدیاکان رامان گەیاند لە مانشێتی جەریدەکان، دوایێ هەمووومان نارد بۆ بەڕێز دکتۆر بەرهەم وەکو سەرۆکی لیژنەی ئابووری عێراق، نوسخەشماندا بە ئەنجومەنی وەزیرانی ئێرە، داوامان کرد کەوا وەزیری بازرگانی خۆی بێت، نەهات، وتمان وەفدێك بنێرە دوای نۆ مانگ موفاوەزات، ئینجا وەکیل وەزیرێکی نارد لەگەڵ دوو، سێ کەس کە دەسەڵاتیان نەبوو، وەکیل وەزیرەکەش کوردە، بۆیە ناردی، جارێکی تر لەوێ گوتمان ئەو خۆراکە حەقی ئەو خەڵکەیە، یان پارەکەی بنێرن، یان خۆراکەکە تەوزیع بکەن، تەبعەن بە شەفەهی، نەك بە نووسراو بۆ وەزارەتی بازرگانی، وەڵامیان ناردۆتەوە بۆ خۆراکەکان، کە ئێمە تەعویزی ئەو خۆراکەتان بۆ دەکەین وەکو بەشەکانی تری عێراق بە بڕی (73) ملیۆن دۆلار، ئینجا ئەو (73) ملیۆن دۆلارە کاتێ لە لای ئێمە بە رەقمی ئەو کاتە، نەك هی ئێستا بایی (43) ملیار دینار بوو لە جەریدەکان بە کیلۆ و بە تەن و بە نەوعیەت بلاوومان کردەوە، ئەو (73) ملیۆنە تاکو ئێستا نەهاتووە، ئەو حەوت رۆژە میدیاکان پێوە مەشغولن، هەندێکیان بە غەڵەت بلاوی دەکەنەوە، سلێمانی لەو ماوەیە (18) مانگ بوو تەبعەن لەو ماوەیە نیوەی خۆراکی ئەوەی وەرنەگیراوە بەر سلێمانی کەوتبوو، سێ جار لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە، بۆ لەگەڵ سلێمانی وا دەکەن،

سەبەب چیە؟ ئێمە تێناگەین، بۆ دهۆك و هەولێر وەزعی باشترە، وەلأمی وەزارەتی بازرگانی ئەوەیە دەڵێت ڕێگەی سلێمانی خراپەو ئەمنیەتی تەواو نییە، بەڕاستی بیانوو بوو، ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، ئێستا ئێمە چاوەڕێین ئەو پارەیە بێتە بانکی هەرێم بە میکانیزمێکی گونجاو دابەشی بکەین، سلێمانی لەبەر ئەوەی نیوەی پارەکەی بەر دەکەوێت (32) دۆلارە بۆ هەر کەسێك ئەگەر بیدەن، ئێرەش (16) دۆلارە، دهۆکیش (11) دۆلارە بۆ هەر کەسێك، مەسەلەی غەرامە کە زیادی بکەن، ئێمەش دیراسەتی ئەوە دەکەین بزانین تا کوێ ئەو غەرامەیە، من سێ جار پێشنیاری زیاد کردنی غەرامەم کردووە، تاکو ئێستا لەو لیژنە تایبەتانە موافەقە نەکراوە، قانونی تەنزیمی تیجارە، ئێوە بڕیاری لەسەر بدەن، یان کۆنەکە، یان نوێیەکە هەموار بکەن، ئێمە جێ بەجێی دەکەین، مەسەلەی موساتەحە ئەوە دەکرێت دوایی لەگەڵ لیژنەی قانونی، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر تایبەتە ئەو دوو شوێنەی تر نییانە، ئێرە کراوە بە موساتەحە پێش کابینەی پێنج، کۆن کراوە، هەر دوو قانونەکە وەك جەنابت ئاگاداری ئێمە ئامادەین، پەرلەمان بڕیار بدات، هەفتەی ئاینده، دە ڕۆژی تر خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بڕیاری بۆ بدرێت، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە با ئەویتر دوابکەوێت، فەرمانبەرەکانی ئەسواقی مەرکەزی پرسیار کرا لەکوێین؟ ئەو دووانە هەر نیانە، ئەویتریش کە زیادە وەکو ئەو هەموو فەرمانبەرە زیادەی کە لە حکومەتی هەرێمدا هەیە دانیشتوون و مەعاشی خۆیان وەردەگرن بێ ئیش، هەندێکیان دەوام دەکەن و هەندێکیشیان نایکەن، ئامادەش نین نەقل بکرێن بۆ ڕەقابەی تیجاری، نەخێر ئامادە نین، بەنیسبەت فایلە چۆڵەکان هەر شەریکەیەك دەرمان بێت، یان غەیری ئەوانە، ئێمە موتابەعەی هەموو فایلەکان دەکەین، یەك بە یەك بە دوای فایلەکاندا دەڕۆین، وەقت دیاری دەکرێت بۆ ئەو فایلە چۆڵانە، ئەگینا ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە تەعویزی خۆراکیش پرسیار کرا ئەوە وەلأمەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم قسەی زۆرمان کردو دانیشتنێکی زۆر گرنگ بوو، ئێستا زیاتر دەتوانین لەو بواردا بە مەعلوماتەوە قسەی لەسەر بکەین، بە مەعلوماتەوە بەرنامە دابنێین بۆ چاکتر کردنی چۆنیەتی ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردە نامۆیانە، ناڵێم نامۆیە، چونکە وای لێهاتووە ڕۆژانەیە لە سەرتانسەری عێراق و کوردستانیشدا هەیە، ئێمە پشتگیری لە هەموو هەنگاوەکانی حکومەت دەکەین بۆ ئەو پلانانەی کە دایانناوە، ئەو هەنگاوانەی کە ئەنجامیان داوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەو دیاردە نابەجێیانە، کە زەرەری هاووڵاتیانە، من تەبعەن دەمەوێت هەم لە قسەکانی ئێوەی بەڕێزدا هاتووە دووپاتی بکەمەوە:

یەکەم/ ئەو پێشنیارانەی کە باس کران لە ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستیدا هاتبوو، تەبعەن دەکرێتە تەوصیات، پاش ئەوەی گوێ بیستی هەموو وەزیرەکان بووین، ئەوەی کە پێویستە بکرێتە تەوصیات ڕەچاوی بکەین، ئەوە هەر کەسێك پێشنیارێکی هەبێت ئاراستەی لیژنەی تەندروستی بکاتن پێش ئەوەی ڕاپۆرتەکەی بنێرێتن، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی بگرێتن و ئەو خاڵەی کە پێویستە لێرە قسەتان کردووە بیخاتە ناو ڕاپۆرتەکەی، مەسەلەیەکی تر هەیە کە دەبێت قسەی لەسەر بکەین زۆر باس کرا، ئەویش

مەسەلەی زۆر مەعامەلە کردن لەگەڵ ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن، موخالەفە دەکەن بەپێی یاسا، هەمووتان دەزانن تەبعەن من لێرە گوێم لە زۆر ئەندامان بوو، لە وەزیرەکانیش بوو کە موعامەلەیان لەگەڵ ئەوانەی سەرپێچی دەکەن تەنیا بە غەرامەیە، راستە پێویست دەکاتن یاسایەك دەربچێتن، بەڵام کاك فرسەتیش بۆی نووسیوم و کاك شێروانیش ئاماژەی پێ کرد یاسا هەیە، دەتوانین جێ بەجێی بکەین، یاسایەکی زۆر توندیش هەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەرچی یاسایەك پێشی کۆتایی مانگی دەی 1991 دەرچوو بێت لە لایەن حکومەتەوە، لێرەدا جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر ئیلغا نەکرا بێت، یان هەموار نەکرا بێتەوە، ئەو تاریخەش بۆچی دەڵێم، لەو تاریخەدا حکومەتی لەناوچوو ئیداراتی سەحب کرد، لەو تاریخەدا مانگی ئۆکتۆبەری یان 23 بوو، یان 27 بوو نازانم، ئەو یاسایەش هەیە زۆریش توندە، من مەتەئکیدم ئێستا یاساییەك دەربکەین لێرە قەت مومکین نییە سزایەکانی بگاتە ئەوە، چونکە رەخنەیەکی زۆریش گیرا عقوبەی ئیعدامی تێدایە، رەنگە موعارەزەیەکی زۆری تێدا بێت کە نابێت عقوبەی ئیعدامی تێدا بێتن، ئەو جۆرە هینەو ئەوانەی ئێستا مەجموعەیەك تاجیر کە ئیعدام کران، دەریانکردووە لە مەحکەمە لەبەر ئەوەی بنەمایەکی نەبووە ئەو ئیعدام کردنە، هەم لە قانونی عقوبات، هەم لە قانونی جەزائی ئەو مەوزوعاتانە باس دەکرێت، ئێمە پشتگیری لەو داوایە دەکەین کە وەزیری تەندروستی باسی کرد بودجەکەیان کەمە، لە موناقەشەی بودجەدا لیژنەی تەندروستی و زۆربەی ئەندامانی لیژنەی تەندروستی باسیان لەوە کرد، کە دەبێت بودجەی تەرخان کراو بۆ وەزارەت زیاد بکرێت، کە مەجال نەبوو بودجەی تەکمیلی کە دانراوە بۆ ئەو بوارانە، گوتمان رەچاوی ئەوە بکەین، یەك لە وەزارەتەکان کە پێویستە پارەیەکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت وەزارەتی تەندروستییە، ئومێد دەکەین کە حکومەتی هەرێم بە بایەخەوە ئەو تەوصیەیە وەربگرێتن، بەپێی ئیمکان و پێویست جێ بەجێی بکات، پێموایە دەبێت لیژنەکان بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی دارایی بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا بچنەوە، ئەو کارانەی کە ئەنجامیان داوە پێشتر بەردەوام بن لە ئەنجامدانی، بەتایبەتی لەگەڵ پارێزگاری شارەکان، لیژنەی بازرگانی، پارێزگای شارەکان، بازاڕ، پێویستی کرد بەپێی پێویست پارێزگاری شارەکان دەعوەت بکرێن بۆ لیژنەکانی ئێرە بۆ موناقەشە کردنی چۆنیەتی چارەسەر کردنی رووداوەکان و چاك کردنی وەزعەکان، ئەگەر پێویستی کرد جەنابی وەزیری پەیوەندیداریش لەگەڵیاندا بەشدار بێت، ئەوە باشترە، ئەو قسانە تەبعەن لەبەر رۆشنایی قسەی جەنابی وەزیرو قسەی ئێوەیە، بۆیە کۆم کردۆتەوە، ئەو لیژنانەی کە دەچن رەقابەی بازاڕ دەکەن، پێویستە لەسەریان لە جێگایەکدا موخالەفەیان دیت ئیکتیفا بەوە نەکەن تەنیا موخالەفەکەی لاببەن، پێویستە زەبتێك هەبێتن بە موخالەفەکەو بدرێت بە دادوەری گشتی، یان بدرێت بە حاکمی تەحقیق، دادوەری لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی بەپێی قانون سزا بدرێت، هەر ئەوەندە نەبێتن لە سەرپێچییەکە، یەعنی داواکاری گشتی بۆچی دانراوە، قانونی بۆ دەرچووەو دەسەڵاتی پێ دراوە، یەك لە مەسەلەکان رووبەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردانەیە کە لەلایەن حکومەتەوە، لە لایەن پۆلیسەوە، لە لایەن لیژنەکانەوە ئاراستەیان دەکرێت، داوای بە دواداچوونیان لێ دەکرێت، هەموو ئەو دەعوا جەزائیانەی کە لە

وەزارەتەکاندا هەیە، پێویستە جوولانەوەی لێ بکرێت بەتایبەتی بازرگانی بە دەرمان دەکەن، کە موخالیفی قانونە، پێویستە هەموو دامودەزگاکان هاوکاری وەزارەتی بازرگانی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو مەوادانەی بە قاچاغ دێنە کوردستان زیاتر موتابەعە بکرێن، من پێموایە زیاتر ئەو دەرمان و خواردنانەی کە سەرپێچی لایەنە تەندروستیەکان بە قاچاغەوە دێنە کوردستان، لایەنێکی تر کە زۆر باس کرا مەسەلەی ئەو خۆراکەی کە لە بەغداوە دێت، ئەو دەرمانەی کە لە بەغداوە دێت، ئەو سەکتەرانەی لە بودجەی ئێمە پارەکە دەبڕێت، بەڕاستی ئەوە پێویستی بە دیراسەتێك هەیە، چونکە ئەوە پارەکە باسمان کردووە، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی بازرگانی حەقە دیراسەتێك بکەن بە یەکەوە لە هەموو روویەکەوە، من پێموا نییە بەغدا ئیعتیرازی هەبێت، قسەمان لەسەر کردووە، من وام بیستووە ئەگەر غەڵەتم بۆم چاکی بکەنەوە، گوتوویانە ئەگەر ناتانەوێت دەتوانین ئێمە بیخەینە سەر میزانیەتان خۆتان بیکڕن، بەلاَم لێرەدا وەزارەتی دارایی و ئابووری پێی وا بووە ئەو پارەیەی کە ئێمە خۆمان ئەگەر خۆراکمان کڕی بۆ نموونە رەنگە زیاتری تێ بچێتن، رەنگە ئەو قودرەتەشمان نەبێت بتوانین ئەو هەموو خۆراکە بەو بڕە پارەیەی کە لە بەغدا هین دەکاتن، چونکە دەعمێکی لەوێوە هەیە، ئەو کواڵتیەی کە دەمانەوێت، ئینجا تەبعەن ئەوە دیراسەتی دەوێت، ئەگەر بێتو ئەو سێ وەزارەتە، یان حکومەت دەتوانێتن زەخت لەسەر ئەوە بکاتن، کە ئەو پارەیە لە بودجەی هەرێم نەبڕێتن و بخرێتە سەر مەسئوولیەتی خۆمان، تەبعەن ئاماژە بە پرسیارێك نەکرا بوو دەڵێتن صیدلیەکان ئایا قانونین، بەڵێ رێنمایی خۆیان هەیە، نەقابەی صیدلیە موتابەعەیان دەکات، وەزارەتی تەندروستی موتابەعەیان دەکات، هەر صیدلیەك بە قانون نەبێت، بە ئیجازە نەبێت، بە کەیفی خۆی ناتوانێتن، جگە لەوەش دائیمەن کۆنترۆلیان لەسەردا هەیە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو دەرمان و شتانە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتە، بەپێی رێنماییەکانی تەندروستییە، یان نا، وشیار کردنی خەڵك مەسئوولیەتێکی لایەنیە، هەمیشە ئاماژەمان پێ کردووە، خەڵك دەبێت وشیاری هەبێتن بۆ تەندروستی خۆی، بەرامبەر تەندروستی خۆی، بەرامبەر جێ بەجێ کردنی یاسا، بەرامبەر کۆمەڵگا، ئەمەش دەبێت هەموو لایەکمان پێی هەڵبستین و هەموو لایەکمان هاوکاری حکومەت بین لە جێ بەجێ کردنی بەرنامەکەیان، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەموو دیاردە نامۆیەکان، هەموو دیاردە خراپەکان، کۆمەڵگاکەمان رزگار بکەین لە دیاردەی گەندەڵی، لە دیاردەی دەرمانی ئێکسپایەر، لە دیاردەی خۆراکی وەقت بەسەرچوو، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین خزمەتی هاوولاَتیان بکەین کە هەدەف کۆتایی هەموو لایەکمانە، پەرلەمان، حکومەت، دادوەری، میدیا، هاوولاَتی، هەر هاوولاَتیەك هەستی لێپرسراوەتی هەبێتن، دەبێت هەست بەوە بکاتن هاوکاری ئەو بەرنامەیە بێت کە لە پێناوی هاوولاَتیانە، من پێموایە ئەوەندە بوو، داوا لە لیژنەی قانونی و لیژنەی تەندروستی هەرچی پێویست بێت ئەوەی ئەو یاسایە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و پلانداناں دابنیشن، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بکاتن یاساییەکی تایبەت دەربێتن، پرۆژەیەك تەقدیم بکەن رووی داواکارییەکە ئەوە بوو، رەنگە لەوەی بگەڕێینەوە پرۆژەیەك تەقدیم بکەن حاڵەتی تایبەتمەندی خۆی کوردستانی تێدا بێتن، سزای تێدا بێتن بۆ ئەوانەی

سەرپێچی دەکەن بەپێی ڕێنماییەکان ناجوولێنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم، سوپاسی هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم کە هاتوون، ئێستاش کۆتایی بەو خاڵە دەهێنین، خاڵی دواییمان ماوە لە بەرنامەی کار ئەویش کورتە، دەبێت وەزیری تەندروستیمان لەگەڵ بێت، ئەگەر جەنابی وەزیرەکانی تریش لەگەڵمان دادەنیشن هەر مەمنوونین، زۆرمان پێ ناچێتن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە تەنیشت وەزیری تەندروستی دانیشن بۆ موناقەشە کردنی خاڵی دوایی بەرنامەی کارمان کە بریتیە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە ($31$)ی ساڵی $2007$ یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

دیارە ئەو یاسایەمان دەرکرد، یاسایەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزا کراوە، یەعنی واتا لە $5/31$ دیاری کراوە دەبێت جێ بەجێ بکرێت، ئێستا حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکی ناردووە بۆ هەموار کردنی ئەو یاسایە، خاڵێکیان دیاری کردووە، کە دەڵێت ئێمە لە یاسایەکەدا تۆمارمان کرد بوو، دەبێت ئەو وشیار کردنەوەیە کە لە لایەن جگەرە خەتەرە بۆ تەندروستی ئینسان، دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی بنووسرێتن، داوایان کرد بوو لە پرۆژەکەیان، کە ئەو ترساندنە تەندروستییە وەکو لە دەستووری عێراقدا هاتووە، دەڵێت بەو شێوەیە بنووسرێت عەمەلیتر (باحدى لغتين) بە یەکێك لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، مەقصەدی ئەوەیە کوردی و عەرەبی، ئینجا ئێمە با بزانین لیژنەی یاسایی ڕەئییان چیە، چونکە ئێمە ئاراستەی ئەوانمان کرد، لەگەڵ لیژنەی تەندروستی ئاراستەی ئێوەشمان کرد، پاش ئەوەی کە ڕەئی لیژنەی یاسایی ئینجا دەیخەینە موناقەشەوە، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

بڕگەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، لەبەرچی؟ لیژنەکە وا دەبینێت ئەگەر پرۆژە یاسایەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوە بەکار هێنانی زمانی کوردی ئەوەی حکومەت ناردوویەتی ئاگادار کردنەوەی زیانی جگەرە پشتگوێ دەخرێت، یەعنی زمانی کوردی پشتگوێ دەخرێت، تەنیا زمانی عەرەبی بەکار دێت، ئەگەر ئەو مەجالە بدرێتن، ئێمە پێمان باشە شتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام پێشنیارێکمان هەیە لە جیاتی ماددەی یەکەمی پرۆژەکە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەم/$2$ لە ماددەی پێنجەم لەم یاسایەدا دوا بخرێت بۆ ماوەیەك لە $2008/12/31$ تێپەر نەکات بەتایبەتی، چونکە ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستی جگەرە تا کۆتایی هاتنی ئەم بڕیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا پرۆژەی حکومەت دەڵێت ئەو بڕگەیە ئیلغا بکەن کە دەڵێت بە هەردوو زمان بنووسرێت، دەبێت بنووسرێت بە یەکێك لە زمانە ڕەسمیەکانی جمهوریەتی عێراقی فیدراڵ بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئەوە موقتەرەحی حکومەتە، لیژنەی یاسایی دەڵێت نەخێر، ئەو بڕگەیە

نەگۆڕێت، چونکە پێویستەو لە دەستووردا هاتووە، زمانی کوردی و عەرەبی هەردووکیان رەسمین، ئێمە دەبێت لە ولاتی خۆماندا ئەوە تەسویر بکەین، بەلام وەکو ئاگادارم ئەو قسانە دەکەم، وەکو دیراسەتمان کردووە، رەنگە زۆر شەریکات هەیە فریا نەکەون لە 5/31دا لە مەصدەرەکەی ئەو تەحزیرە بە کوردیش بنووسن، وەختی دەوێت بۆیە ئیقتیراحیان کردووە کە نەگۆڕێتن، بەلام لە 5/31دا ئەو شەرتە تەتبیق نەبێت لەسەریان، بەڵکو لە کۆتایی ساڵەوە ئەو شەرتە جێ بەجێ بکرێت، واتا لە کۆتایی ساڵەوە موحاسەبە بکرێن بە زمانی کوردی و عەرەبی، شتێکی تریش پێش ئەوەی رەئی وەزیری تەندروستی داوا بکەم ئەو رەئی بداتن، ئەویش ئەوەیە تەبعەن دەڵێ نازانم لە یاسایەکە دەکرێت ئەوە روون بکەنەوە، ئەو تەحزیرە بۆ ئەو جگەرەیە نییە کە بە ترانزێت دێتە کوردستان، یەعنی جگەرەیەك ئەگەر لێرەدا دەچێتە خەلیج ترانزێتە، ئەوە تێپەر نەبێتن ئەو شەرتە لەسەر ئەو جگەرەیە تەتبیق دەبێتن کە دێتە کوردستان، ئەوەش با لە لامان روون بێت، داوا لە وەزیری تەندروستیش دەکەم رەئی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیەو رەئی لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی بدات، فەرموو.

**بەڕێز د.زریان عثمان/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتیوانی لە پێشنیاری لیژنەی یاسا دەکەم، چونکە بەداخەوە جیلی نوێی میللەتی ئێمە زۆربەی زۆری عەرەبی ناخوێنێتەوەو قسەشی پێ ناکات و بە نەقصێکی گەورەی دەزانم، بەلام ئەوە واقیعێکە، واقیعێکی ناخۆشە، لەبەر ئەوە بوونی بە زمانی کوردی پێویستە هەم وەکو کەلتوری خۆمان، ئەگەر ئیسپات بکەن پاکەتێك بێتە ژوورەوە تەنها بۆ ئیستیراد، بۆ رەت بوون بێت، ترانزێت بێت لە هەرێمی کوردستان، ئەو کات دەتوانین بڵێین بەس بە عەرەبی بێت، یان بە عەرەبی و کوردی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا موفتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی حکومەتیش تەئیدی کرد، یەعنی ئیختیلافێکمان نەما، کەس هەیە لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاسایی نەبێت، کە پشتگیری کرا لە لایەن ئەوە، بۆ ئەوەی وەخت نەکوژین هەمووتان دەزانم چ دەڵێن، یەعنی موفتەرەحەکە ئەوەیە کە نەگۆڕێت بە هەردوو زمان بێت، تەنیا ئەوەندەیە ماوەکە لە 5/31 عەمەلی نییە، ماوەکە دوابخرێت بۆ 12/31 کەس خیلافی لەسەر ئەوە هەیە، باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، موفتەرەحی لیژنەی یاسایی کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەتبیق دەبێت ئێمە لەگەڵ بازرگانەکان دانیشتووین ئەو یاسایە کە دەرچووە، جگە لەوەی لە زۆر شوێندا قەدەغەی دەکاتن کە پێویستە، وای کردووە ئەو بازرگانانە بەدوای کۆمپانیا ئەسڵیەکان بڕۆن، چونکە ئەو شتانەو مواصەفاتانەی کە داوامان کردووە، هەمووی لەبەر ئەوە خۆیان هاتوون و داوایان کرد گوتیان بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکەین، ئێمە ئێستاکە ناتوانین داوامان کردووە لە شەریکاتی ئەسڵی وەختمان بدرێتێ، زۆر سوپاستان دەکەم، بەڵێ کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ دیار نەبوو بە کۆی دەنگ بوو، یان بە زۆرینەی دەنگ بوو، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا کاك بارزان موخالیف بوو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکانی تریش دەبێت بخرێتە دەنگدان، ئەوەی کە دەڵێت جێ بەجێی دەکرێت، چونکە ئەوە یاسایە، بە یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا ماویەتی، ئێمە بەس گوتمان موقتەرەحەکە وەکو صیغەکەمان دانا، ئەوی تریش لەگەڵ هۆکاری دەرهێنانیەکەش دەیخەینە دەنگدانەوە، پەلەی مەکە، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێك لە بڕگەکانی یاسایەکە ئەوە بوو کە جێگە بۆ جگەرەکێشەکان بکرێت، بۆیە خرایە ئەو وەختە، ئەوە کراوە، ئێستا لە پەرلەماندا جێگەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دانیشتنە بۆ لێپرسینەوە نییە، بۆ بەدواداچوونی هەنگاوەکان نییە، بەڵام ئێمە داوا دەکەین لە بەیانیەوە لەو ماوەیەی ماوە تا 5/31 وەزارەتی تەندروستی، هەموو وەزارەتەکان، ئێوەش بەدوای دابڕۆن و ئاشنای تەواو و مەعلوماتی تەواو بۆ خەڵکەکە روون بکەنەوە، ڕێنماییەکانی تەندروستی بڵاو بکرێنەوە لە میدیایەکان و لە تەلەفزیۆن و لە رادیۆیەکان، بدرێتە ڕێستۆرانتەکان، بدرێتە هەموو دەوائیری فەرمی لە 31ی مانگەوە جێ بەجێ دەکرێت، پێش هەموو کەس دەبێت لەو پەرلەمانە جێ بەجێ بکرێت، ئینجا جگەرەکێشانی ئەندامانی پەرلەمان وریا بن، بەڵێ کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەوە تەسجیل دەکرێتن ئەو دانیشتنە، لە پرۆتۆکۆلەکانیش دەمێنێتەوە، حەقە صیغەکە بەو شێوەیە بێتن کە بە زۆرینەی دەنگ ئەو هەموار کردنە ڕەت کرایەوە، نەك پەسند کرا، چونکە پێشنیاری لیژنەی قانونی ئەو هەموار کردنە ڕەت دەکاتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەمەلیەن عەینی شت دەکاتن، لەبەر ئەوەی رەئی لیژنەی قانونی موخالیفی ئەو داوایە بوو، حکومەتیش تەئیدی لیژنەی قانونی کرد کە خستمانە دەنگدانەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونی، مانای وایە موقتەرەحەکەی حکومەتی قەبول نەکرد، موقتەرەحی لیژنەی قانونی قبول کرا یەك کەس دژی بوو، ئینجا بڕگەکانی تری قانونەکە بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بە پێویستی دەزانێ کەوا هەموار کردنەکە بەم جۆرە بێت:

ماددەی یەکەم: جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەم/2 لە ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە(.......) 2007/12/31 دوا بخرێت تا کۆتایی 2008/12/31.

ماددەی دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان پێویستە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی رەسمی وەقائیعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم ئێمە دەنگمان بۆدا، ماددەی دووەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان پێویستە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی رەسمی وەقائیعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

**بۆ ئەوەی ماوە بە دانانی تووتن و بەروبوومەكان بدەین، بۆ جێ بەجێ كردنی بڕگەی یەكەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە 31ی ساڵی 2007 بۆ تایبەتمەندی لكاندن و جێگیر كردنی زانیاری داواكراو بۆ هاوەردەكانیان، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**یاسایەكەو هۆكارەكانی هەموو پێكەوە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو یاساكەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، كۆبوونەوەی داهاتوومان ڕۆژی دوو شەممە بەرنامەی كاریشتان پێ دەگات سەعات (11) دەبێت دانیشتنەكەمان، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 19\5\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/5/19

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2008/5/19 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (18)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2008/5/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی ڕاگەیاندن كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979 ی هەمواركراو, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار، دانیشتنی ژمارە 18 ی خولی یەكەم، ڕێكەوتی 2008/5/19 ، كاتژمێر 11,12 دەقیقە، بەرنامەی كار لەم خاڵانە پێك دێت:

1 ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی ڕاگەیاندن كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

2 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەو خاڵە نووسراوە خستنە روو و گفتوگۆ کردن، بەڵام خوێندنەوەی یەکەمیەتی، بە غەڵەت چاپکراوە.
3 ـ خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە 87 ی ساڵی 1979 ی هەموارکراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.
4 ـ خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.
داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، لیژنەی شارەوانی و ناوخۆ فەرموون، ئەگەر راپۆرتتان هەیە دانیشن لە شوێنی خۆتان، پێش ئەوەی دەست بە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بکەین، بۆ وەبیرهێنانەوەیەك ئەمڕۆ 5/19 کە لە 1992/5/19 یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو بەو شێوەیەی کە هەمووومان لەبیرمانە ئەم ڕۆژە، کە ڕۆژی جەژن بوو بۆ هەموو گەلی کوردستان، ئاواتێکی مێژوویی گەلەکەمان بوو کە هاتەدی، لەو ڕۆژەوە رێبازی دامەزراندنی فیدراڵیەت لە هەرێمی کوردستان دا کە بوو بە بریارێك لە مانگی 10، ئەو هەڵبژاردنەی کە سەرتاسەری کوردستان بە ژن و پیاوەوە و ئەوانەی تەمەنیان لە 18 ساڵ زیاتر بوو بەشداریان کرد، ئەمەش شتێکی بێ وێنە بوو، دەتوانین بڵێین کە 100٪ ی خەڵك بەشدار بوون لەم هەڵبژاردنە کە لە ناو هیچ میللەتێك دا بەو شێوەیە نەبووە، ئەوەش هەمووی تینوویەتی خەڵك  بوو بۆ دیموکراتیەت، بە رەزامەندی و ئیرادەی خۆیان بەشداریان تێیدا کرد، ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە شانازی بەوە دەکەین کە پەرلەمان توانیویەتی تا حەدێکی زۆر بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت وەکو نوێنەری خەڵك، هەم لە دەرهێنانی یاسای پێویست و دەرکردنی بریاری پێویست بۆ گونجاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی  و سیاسی لەناو کوردستان دا، بۆ ڕێگا خۆش کردن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا و دامەزرادنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە دەبێت هەموو لایەکمان خەباتی زیاتر و ماندووبوونی زیاتری بۆ بکەین، هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان هاوکار بین بۆ نەهێشتنی هەموو کەم و کوڕیەکان و گەیشتن بەو کۆمەڵگایەی کە ئامانجی هەمووومانە، ساڵێکی تر هەڵبژاردنێکی ترمان لەپێشە، رێکەوتی 6/4/ کۆتایی بە کاری ئەم خولەش دێت، انشاالله هەموو پێداویستیەکان ئەنجام دەدەین، بۆ هەڵبژاردنی تازە، پێش هەموو شتێك هەموارکردنی ناوخۆمان، دواتریش سیستەمی هەڵبژاردن پێداچوونەوەی بۆ دەکەین لەبەر ڕۆشنایی هەماهەنگی کردن لە سیستەمی هەڵبژاردن لە عیراق دا، ئەگەر چ تایبەتمەندیەکیش پێویست بوو بێت ئەوا خۆمان لە کوردستان دا هەمواری دەکەین، ئومێد دەکەین قۆناغێکی زیاترو باشتر بچینە پێشەوە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریەکی تەواو لەسەر هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت هەڵبژاردن چۆن دەکرێت و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها چۆن ئەنجامەکەی قەبوڵ دەکرێت، ئەمەش هەمووی بەوە دەبێت کە کۆمەڵگاکەمان بەرەو پێشەوە بچێت، چەند کۆمەڵگای مەدەنی دابمەزرێنین ئەوەندە هەڵبژاردن ئاسان دەبێت، زیاتر دیموکراسیەت پەیڕەو دەکرێت، ئومێد دەکەم لەو یادە پیرۆزە دا

خەڵکەکەمان زیاتر پابەند بن بە یاسا ، ئێمەش زیاتر لە خزمەتی خەڵك دابین تا دەگەینە ئاواتەکانمان، زۆر سوپاس.

لە بەرنامەی کار کە لە خاڵی دووەم باسم کرد کە خوێندنەوەی یەکەمیەتی، دەمەوێت بیخەمە پێشەوە، ئەوەش دەخەمە دەنگدان، لیژنەی یاسایی پێی وایە لەبەرئەوەی خوێندنەوەی یەکەمیەتی با بخرێتە پێشەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی دووەم بخرێتە پێشەوە؟ باشە فەرموون، بە کۆی دەنگ خاڵی دووەم بوو بە خاڵی یەکەم، واتە ئێستا خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، تکایە بە کوردیەکەی بیخوێنەوە مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژە یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستانی عیراق

ماددەی 1:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون تەلاری نیشتەجێ بوون دروست دەکات و لە ناویاندا شوقەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات.

ماددەی 2:

پارەی تێچووی شوقەکان بە پێی هۆکارە جیاوازەکان کە تەلارێك لە تەلارێکی تر جیادەکاتەوە دەست نیشان دەکات بە پێی ئەو نەخشەیەی کە بۆی داندراوە لەسەر بنچینەی ئەو پارە تێچووانەی خوارەوە:

1 ـ پارەی تێچووی بینایەکە.

2 ـ نرخی زەویەکە.

3 ـ ئەو بەشە پارەیەی کە بەشی ڤیرتاو کردن و ئاوەڕۆ و گەیاندنی ئاو و کارەبا و پارەی تێچووی بەشەکانی دیکەی ئەگەر هەبوون، وەك ساردکەرەوەو گەرم کەرەوەو ئەسانسێر.....هتد، دەخەمەڵێندرێت.

ماددەی 3:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون بە هەموو هۆیەکانی راگەیاندن و قەبوڵ کردنی و بە موڵك کردنی شوقەکان لەو تەرەفانە نیشتەجێ بوونیان رادەگەیەنێت کە بە نیازە دروستیان بکات بە پێی ئەو نەخشەو نموونەیەی کە بۆی داندراوە، لەگەڵ نرخی خەمڵێندراو بۆ هەر شوقەیەکیان.

ماددەی 4:

1 ـ داواکردنی بە موڵك کردن بۆ ئەو کەسە قەبوڵ ناکرێت ئەگەر خۆی یان هاوسەرەکەی سوودی لە هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوونی هاوشێوە وەرگرتبێت.

2 ـ بەلاّم ئەگەر داواکاری بە موڵك کردنەکە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون پارەی لە بانکی خانووبەرە قەرز کردبێت، بۆی هەیە داوای بە موڵك کردنەکە بکات لە کاتی هاتنە دی مەرجەکانی دیکەی کە لەم یاسایەدا هاتوون لەو بارانەی کە بۆی هەیە لە نوێ داوای وەرگرتنی قەرز بکات لە بانکی خانووبەرە.

ماددەی 5:

داواکردنی بە موڵکردنەکە بە پێی فۆرمێك ڕێك دەخرێت کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ئامادەی دەکات، ئەمانەی تێدا دەبێت:

1 ـ ناوی داواکاری بە موڵك کردنەکەو شوێنی نیشتەجێ بوون.

2 ـ پیشەی داواکاری بە موڵك کردنەکەو ناوی ئەو فەرمانگەیەی کە سەر بەوە، ئەگەر فەرمانبەرە یان کارمەندی بەکارهاتوو یان کرێکار یاخود ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات کە سەر بە کەرتی تایبەتیش بێت.

3 ـ داواکاری بە موڵك کردنەکە بسەلمێنێت نە خۆی و نە هاوسەرەکەی سوودیان لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوونی هاوشێوە وەرنەگرتووە.

4 ـ هەر مەرجێکی دیکە کە وەزیر بڕیاری لەسەر دەدات بخرێتە سەر فۆرمی داواکاریەکە.

ماددەی 6:

داواکاری بە موڵك کردن، دوای ڕاگەیاندنی پەسەند کردنی داواکاریەکەی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە مێژووی ڕاگەیاندنەکەی کە دەبێت پارە بدات کە گوژمەکەی بگاتە 10٪ی نرخی خەملێندراوی بەرایی ئەو شوقەیەی کە دەیەوێت بە موڵکی بکات.

ماددەی :7

1 ـ بانکی خانووبەرە لەسەر ئاگادارکردنەوەیەك لەو وەزارەتە قەرز دەدات بە داواکاری بە موڵك کردنەکە بە قەد پاش ماوەی شوقەکەو لە دواییش دا ئەو قەرزە دەدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

2 ـ بانکی خانووبەرە قازانجێك وەردەگرێت کە لە 3٪ ی نرخی قەرزەکە زیاتر نەبێت و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بە پێی ماوەی قەرزەکە دەست نیشان دەکات.

3 ـ قەرزەکە بە قیستی مانگانە لە ماوەیەك دەبێت  کە لە 25 ساڵ زیاتر نەبێت دەدرێتەوە، بەمەرجێك پارەی قیستی مانگانەی لە 25٪ ی داهاتی مانگانەی قەرز وەرگرەکە  زیاتر نەبێت، ئەگەر فەرمانبەر بێت و سەر بە کەرتی تایبەت بێت، ئەوا بە دەستەبەری بانکی ئەو ڕێژەیەی لێوەردەگیردرێت.

ماددەی 8:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەڵێن دەدات شوقە بە جۆرێك بدات بە خاوەنەکەی کە ئامادەکراو بێت بۆ نیشتەجێ بوون بۆ ماوەی 2 ساڵ لە مێژووی دانی پارەی پێشەکیەوە.

ماددەی 9:

**شوقەکە بەناوی خاوەنەکەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەت بە مولکی سرف تۆمار دەکرێت، بە مەرجێك رەهەند کرابێ و رەهنێکی دابین کەر بەناوی بانکی خانووبەرە بەرامبەر بە گوژمەو پارەی قەرزەکە.**

**ماددەی 10:**

**تۆمارکردنی شوقەکە بەناوی خاوەنەکەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رەسمی تۆمارکردن بۆ جارێك دەبوردرێت.**

**ماددەی 11:**

**شوقە لە باجی خانووبەرە دەبوردرێت.**

**ماددەی 12:**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری پارەی پێویست تەرخان دەکات تاکو بانکی خانووبەرە بتوانێت قەرز پێدان بگرێتە ئەستۆ بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بەرامبەر بە قازانجێك کە 2٪ زیاتر نەبێت.**

**ماددەی 13:**

**وەزارەتی شارەوانی پارچە زەوی گونجاو تەرخان دەکات و وئامادەی دەکات بۆ بنیادنانی شوقەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە پێناوی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی 14:**

**پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان هەریەکە بە پێی تایبەتمەندی خۆی پەیرەو ورێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**ماددەی 15:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.**

**ماددەی 16:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی فەرمی وە قائعی کوردستان دا بڵاودەکرێتەوە.**

**هۆیە پێویستیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

**لەبەر فەراهەم کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ ئەوانەی داهاتیان سنووردارەو کەمە، دەکەوێتە سەر شانی حکومەت و لە پێناوی بەشداری کردن و چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ بوون و دابین کردنی بۆ هاووڵاتیان لە کوردستان دا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێ بوون و لیژنەی دارایی و لیژنەی شارەوانی دەکەم، بۆ ئەوەی راپۆرتی پێویستی لەسەر بنووسن و هەروەها بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە تێڕوانینی خۆیان و دیراسەتی بکەن و دەوڵەمەندی بکەن تا ئەو ڕۆژە دیاری دەکرێت بۆ موناقەشە کردنی، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار (خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی راگەیاندن کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، فەرموو سەرەتا رای لیژنەی یاسایی، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

م. تقرير اللجنة القانونية

اجتمعت اللجنة القانونية وملحق 27 (گەلارێزان) 2707 كوردی ليوم 2007/11/18 لدراسة مشروع قانون معاقبة اساء استعمال اجهزة الاتصالات المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له فی البرلمان بجلسته الاعتيادية رقم 19 والمؤرخة فی2007/11/15 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع لاسبابه الموجبة، راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع ورای اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء الرای المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شوقی فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی مرۆڤیش راپۆرتی هەیە، بەڵام کاک کرخی موکەلەف بوو کە بێتە ئەوێ، بۆیە ئەو کات لێرە نەبوو ئاگاداریشم کردەوە، دیارە پێی خۆش بوو لە لایەن جەنابتەوە تەکلیف بکرێت بۆ ئەوەی بێتە ئەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بفەرموو. کاک سەردار بەردەوام بە، کاک سەردار راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم

م. تقرير لجنة الشؤون الداخلية حول مشروع قانون معاقبة اساءة استعمال اجهزة الاتصالات

بعد احالة مشروع قانون معاقبة اساءة اجهزة الاتصالات قامت لجنتنا بعقد العديد من الاجتماعات والاستعانة بالخبراء في هذا المجال بهدف دراسة المشروع واغناء هذا القانون الذي يتناول موضوعاً حيوياً

**ويهدف الى تنظيم استعمال اجهزة الاتصالات ومعاقبة المسيئين لاستعمالها، وبالنتيجة فأننا نقدم الاقتراحات والاراء المتمخضة على النحو التالي:-**

**ان غالبية اعضاء لجنتنا تؤيد المشروع.**

**1-تقترح اللجنة اضافة مادة الى مقدمة القانون لتكون المادة الاولى وبالشكل التالي:**

**(تعتبر المكالمات الهاتفية والاتصالات الخاصة من الامور السرية التي لايجوز انتهاك حرمتها).**

**2- حول المادة الاولى نقترح تغيرها وتعديلها وعلى النحو التالي:-**

**(يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على خمس سنوات وبغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار كل من اساء استعمال وسائل الاتصالات وذلك عن طريق التهديد أو القذف أو السب أو نشر وتسريب محادثات أو الصور أو الرسائل المنافية للاتصالات والاداب العامة أو القاط صور بلا إذن أو اسناد امور خادشة للشرف أو التحريض على ارتكاب الجرائم أو افعال الفسوق والفجور أو نشر معلومات يتصل باسرار الحياة الخاصة للافراد والتي حصل عليها بأية طريقة ولو كانت صحيحة اذا كان من شأن نشرها وتسريبها الحاق الضرر بهم.**

**3- حول المادة الثانية تقترح اللجنة خفض الحد الادنى للعقوبة الواردة فيها الى ما لايقل عن ثلاثة اشهر واعادة صياغتها كالآتي:-**

**(يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على ثلاث سنوات وبغرامة لاتقل عن سبعمائة وخمسون الف دينار ولاتزيد على ثلاثة ملايين دينار او بأحدى هاتين العقوبتين كل من استخدم احدى وسائل الاتصالات بقصد ازعاج غيره في غير الحالات الواردة في المادة الاولى من هذا القانون.**

**4- المادة الثالثة لا توجد لدى اللجنة اية ملاحظات.**

**5- حول المادة الرابعة نقترح اعادة صيغتها على الشكل التالي:-**

**( كل من نشر أو اشاع مضمون اي اتصال بواسطة شبكة اتصالات عامة أو خاصة أو رسالة هاتفية اطلع عليها بحكم وظيفته أو قام بتسجيلها دون سند قانوني يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة ولاتزيد على خمسة سنوات وبغرامة لاتقل عن مليون ولاتزيد على خمسة ملايين دينار.**

**6- حول المادة الخامسة نقترح اعادة صياغتها على النحو التالي:-**

**(لا تحول المواد السابقة دون حق المتضرر في المطالبة بالتعويضات والحق الشخصي عن اية مخالفة لأحكام هذا القانون).**

**7- نقترح اضافة مادة اخرى لإلزام شركات الاتصالات بعدم بيع وسائل الاتصالات بدون الحصول على الوثائق الشخصية اللازمة للتعرف عليه ومحل سكنه وعمله وعلى النحو التالي:-**

**(على شركات الاتصال المرخصة العاملة عدم بيع اية وسيلة اتصالات للافراد بدون الحصول على الوثائق اللازمة للتعرف عليه وعلى عنوان سكنه وعمله).**

**8- نقترح اضافة مادة اخرى على النحو التالي:-**

(على شركات الاتصالات اعادة تنظيم اوضاعها بما ينسجم مع احكام هذا القانون خلال مدة لا تتجاوز 180 يوما).

9- نقترح اضافة مادة اخرى مكملة للمادة السابقة وعلى النحو التالي:-

(تعاقب الشركات المخالفة لاحكام المادة السابقة بغرامة لاتقل عن خمسون مليون دينار ولاتزيد على مئة مليون دينار).

10- نقترح اضافة مادة وعلى النحو التالي:-

(لا تسري احكام ايقاف التنفيذ في قانون العقوبات رقم 111 لسنة 1969 وتعديلاته على العقوبات الواردة في هذا القانون).

11- لا توجد ملاحضات على المادة السادسة والمادة السابعة والمادة الثامنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق وابوو راپۆرتەکە بە کوردی بوایە، بەڵام موشکیلە نیە، راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق

موضوع: تقرير اللجنة

اجتمعت لجنة البلديات و الاتصالات و المواصلات بكامل اعضاءها، لدراسة مشروع قانون معاقبة اساءة استعمال اجهزة الاتصالات، المحال اليها من قبل الرئاسة بموجب الكتاب ك 72 في11/6/ 2007، بعد القراءة الاولى له في البرلمان في 2007/11/5، و بعد المناقشة و المداولة، تقترح اللجنة ما يلي:

1- فيما يتعلق بالمادة الاولى، تقترح اللجنة اضافة مبلغ الغرامة و جعلها لا تقل عن 5 ملايين دينار و لا تزيد عن 10 ملايين دينار، و جعل كلمة كل شخص بدلآ من كلمة (من)، الواردة في السطر الثاني من المادة.

2- فيما يتعلق بالمادة الثانية تقترح اللجنة اضافة مبلغ الغرامة و جعلها لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن 3 ملايين دينار.

3- فيما يتعلق بالمواد الثالثة و الرابعة و الخامسة، لاتوجد لدى لجنتنا اي ملاحظات.

4- تقترح اللجة اضافة مادة بتسلسل ستة ، المادة السادسة(ا) على كافة الشركات للهواتف الخلوية، الاحتفاظ و تسجيل العناوين الكاملة و الهوية الشخصية للمشتركين و تقديمها الى الجهات الرسمية عند الطلب.

(ب) تعاقب الشركة المخالفة للفقرة (ا) من هذه المادة، بغرامة لا تقل عن 50 مليون دينار و لا تزيد عن 100 مليون دينار.

5- فيما يتعلق بتسلسلات مواد المشروع، حيث لا توجد لدى اللجنة اية ملاحظات اخرى . مع الشكر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/ راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ

رۆژی 2008/5/15، لیژنەکەمان لیژنەی مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی گرێدا بە مەبەستی تاوتویّ کردنی پرۆژە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و راگەیاندن، بە پێی پێوەرەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە جاڕنامەی گەردوونی و پەیماننامەکان کە جەخت لەوە دەکەنەوەمرۆڤ ئازادە لە بەکارهێنانی هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی، بە مەرجێك کاریگەری خراپی لەسەر کەسانی تر نەبێت، ئێمە وەك لیژنەی مای مرۆڤ پشتگیری لە رەشنووسی ئەم پرۆژە یاسایە دەکەین، لەگەڵ بوونی یەك تێبینی لە ماددەی 5 وشەی (لایمنع من) بگۆڕدرێت بە (یحق لمن) لەگەڵ ڕێزو و سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەست دەکەین بە خوێندنەوەی ماددە بە ماددە، بەڵام پێشتر لیژنەی ناوخۆ پێشنیاری کردووە لە ماددەی یەکەم ئیزافەیەك بکرێت، کاك شێروان رەئیتان چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی کە دەست بە موناقەشەی بکەن بە نیسبەت ئەو پرۆژەیە دوو مولاحەزەمان بۆ هاتووە، مولاحەزەی یەکەم لە سەرۆکایەتیەوە بۆمان هاتووە کە ناوی قانونەکە ئەگەر بکرێت وشەی (معاقبە ) هەڵبگیردرێت ببێتە وشەی (منع ) واتە دەبێتە (قانون منع اساءة استعمال اجهزة الاتصالات) ئەوە یەك لە پێشنیارەکانەو ئێمەش پشتگیری لیٚ دەکەین، یان (حظر ) بێت، خاڵی دووەم ئەو مەبدەئەی کە لە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ هاتووە ئێمە لەگەڵین، ئەوە تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە زۆر باشە، ڕەنگە لە قەوانینی تریش هەبێت، ڕەنگە لە دەستوریش تا ڕادەیەك ئیشارەتی پیٚ درابێت، ئەگەر ببێتە برگە یەکی ئەو ماددەیە ئێمە هیچ مانەعاتێکمان نیەو پشتگیری لەوەش دەکەین، جگە لەوە ئێمە راوێژمان کرد لەگەڵ زۆربەی ئەو راپۆرتانەی کە خوێندرایەوە لە لایەن لیژنەی پەیوەندارەوە، دتوانم بڵێم بۆچوونەکان تا ڕادەیەك نزیکی یەکترن تەنها لەوانەیە لە سیاغەو لەو مەسائیلانە جیاوازیەك هەبێت، ئەویش دەتوانرێت بیگەیەنینە

سیاغەیەکی ڕێك و پێك، واتە ئێمە هەندێك ماددەی ئیزافیمان دەبێت بە ڕاوێژکردن لەگەڵ لیژنەکانی تر، بۆ ئەوەی ببێتە ئەحکامی دوایی ئەم پرۆژەیە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پێویست بەوە دەکات ئەو موفتەرەحەی لیژنەی ناوخۆ کە پێیان وایە ئەو ماددەیە ببێتە ماددە 1 بیخەینە دەنگدانەوە، عنوانەکەش وەکو کاك شێروان باسی کرد، کاك کریم فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم هەموو پرۆژە یاساکان بە ئامادەبوونی وەزیری تایبەتمەندە، بەڵام وەزیری گەیاندن بۆ ئامادە نیە لە گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژەیە؟ نازانم ئاگادار کراوەتەوە یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئەمڕۆ ئێمە لە بەرنامەی کار ئاگادار کراوینەتەوە کە تەلەفۆنم بۆی کرد لە سلێمانی بوو، بۆیە نەیتوانی بەشداری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، پاش ئەوەی کە بۆ حکومەت نێردرا و موافەقەت لەسەر ئەو پرۆژەیە کرا، ئەوجا هاتەوە لای ئێمە، جەنابی کاك سعد بۆی هەیە تەمسیلی حکومەت بکات بۆ ئەوەی دیفاع لەو پرۆژەیە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە عینوانەکە وەك کاك شێروان چاکی کردەوە و لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی کاك سەردار لە لیژنەی ناوخۆ کە دەڵێت ماددەی یەکەم ماددەیەکی تازەی بۆ ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو دوو موفتەرەحەیە؟ شەمسە خان فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز شەمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر ئەو عینوانە لە کوردیەکەی دا نووسراوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ئەوان مەسەلەن ئەجهیزی ئیعلامین ( نووسراو بینراوو بیسراو) دەگەیەنێت کە زیاتر لەگەڵ مەزمونی ماددەی یەکەم دا دەگونجێت،

بەڵام لە عەرەبیەکە نووسراوە ( اجهزه اتصال) ئەوەش ئەگەر پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەو فەرقە چیە؟

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە هەر لە تەرجومەکە وای لێهاتووە، یەعنی ئەگەر تەرجومەکەی بە رێك و پێکی بۆ بکرێت ڕەنگە بەو مانایە نەیەت کە فەرق هەبێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحێکی تریش هاتووە، ئەوەش مەعقولیەتی تێدایە، د. رۆژان ناردوویەتی، دەڵێ ناوی پرۆژەکە بکرێتە (یاسای رێکخستنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی)، من پێم وایە (اسماء) ەتەکە باشترە، چونکە تەنزیمی ئەوەمان پێ ناکرێت بە قانونێك، نوقتەی نیزامی نیە؟ فەرموو کاك شێخ الله.

**بەرێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەندین جار لێرە تەئجیلی جەلسەی پەرلەمانمان کردووە کە وەزیری مەعنی لێرە نەبووە، نازانم ئێستا بۆ ئەو بڕیارە بەکارناهێندرێت؟

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شەرح کراو جەنابی وەزیریش لێرەیە و جوابی داوە، کاك شێروانش شەرحی ئەوەی کرد کە حکومەت موافەقەتی کردووە، ئەگەر جەنابی وەزیریش لێرە نەبێت، ئەگەر بزانین کۆسپی تێدایە و پێویستی بە گۆڕانکاری زۆر هەیە، یان پارەی تێدایە، تەقدیری دەکەین، بەڵام ئەوە لە بەرژەوەندی گشتیەو موافەقەتیشیان کردووە، کاك سعد دەتوانێت تەمسیلی حکومەت و وەزارەتەکەش بکات، ئەگەر زانی جوابی پێ نادرێت، دوای دەخەین، ئەگەر ئەو داوای کرد ئەوجا دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك غفور فەرموو.

**بەرێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەوەوە من دوو تەرجومەی کوردیم لەلایە، کە لە یەکێکیان نووسراوە دەزگاکانی راگەیاندن بووە بە ئامێری پەیوەندیەکان، خۆی دەبێب بکرێتە ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، چونکە لە زمانی کوردی وا دروست ترە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وایە ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، گوتمان ئەگەر مەسەلەی زمانەوانی ئیشاکالیەتی لەسەر هەبوو دواتر چاك دەکرێتەوە، سارا خان فەرمووو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش دەمویست بەرگری لە ڕەئیەکەی د. ڕۆژان بکەم، چونکە ڕێکخستنەکە گرنگە، ئێستا زۆر لە کێشەکان لە ئەنجامی ڕێکنەخستنی بەکارهێنانی ئەو یاسایەیە، بۆ نموونە لە خوێندنگاکان و لە فەرمانگەکان کە لە کاتی دەوام دا هاووڵاتی ناتوانێت کارەکەی خۆی بکات، جا یان دەبێت یاسایەکی تر بۆ ڕێکخستن دەربچێت، با ئەوەش جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێکخستن وەزارەتی هەیە، لایەنی پەیوەندار زۆرە، ریکخستن بەشێکە، یەعنی ئەو بەشە بەکارهێنانی بەخراپی ئەوە مەنع دەکەین، فراوانترە، بەشێکە لە ڕێکخستنی، وەزارەت مەسئوولە حکومەت مەسئوولە، هاووڵاتی مەسئولە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە عقودی موشتەرکین بخوێنینەوە، کە ستانداردێکی عالمیە، هەموو ڕێکخستنەکانی تێدایە،بەڵام بەڕاست ئێمە ئەمڕۆ موناقەشەی ئەو یاسایە دەکەین، خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرە موناقەشە دەکەین، کە چۆن موعالەجاتی بۆ ببینینەوە، موناقەشەکە لەسەر یاسایەکەیە، ئەوەی تر بە قەناعەتی من هەمووی تەنزیم کراوە و عقودەکەی بەتەفسیلی تێدایە، ئەوەش ستانداردێکی دەولیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شەریکاتانەی تەلەفۆن و موبایل کە ئیجازەیان دەدرێتێ، بە پێی چەند شروتێکە، ئەو شروتانە کە ڕێکی خستووە، بەڵام لێرە دەبێت بە قانونێك بێت، بۆ ئەوەی خەڵك بە خراپە بەکاری نەهێنێت کە زەرەر بداتە خەڵکێکی تر، بەکارهێنانە خراپەکەی مەنع دەکرێت ئەو یاسایە، ئەو موقتەرەحە تازەیە کە گۆڕینی عینوانەکەیە، بە ڕەچاوکردنی زمانە کوردیەکە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ موافقە؟ فەرموون، یەك کەس موافق نیە، عنوانەکە گۆڕا بۆ ئەو شکلە، موقتەرحی لیژنەی ناوخۆ کە دەڵێت ماددەی یەکەم ئەوە بێت کە خوێندمانەوە، کێ موقتەرەحی لیژنەی ناوخۆیی پێ باشە ببێت بە ڕەقەم 1 دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ موافەقەت کرا لەسەر پێشنیاری لیژنەی ناوخۆ، کەواتە ماددەی یەکەم دەبێتە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ناوخۆ کە وای نووسیوە (تعتبر المکالمات الهاتفیة والاتصالات الخاصة من الامور السریة التی لایجوز انتهاك حرمتها) پێم باشە زمانەوانیەکە بکرێتە ( المکالمات الهاتفیة وللاتصالات البریدیة والالکترونیة من الامور الخاصة لایجوز انتهاك حرمتها)، ئاوا باشە، ئەگەر بیخوێننەوە و بیکەن بە کوردی، کە گوتت ئەلیکترۆنی ئیمەیلیش دەگرێتەوە، ئەوە بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، ئەوە لە دەستوری جمهوری

عیراقدا هاتووه دەتوانرێت هینی بکەن، کە دەڵێت (ئازادی، پەیوەندی و بەریدی و بەرقی و هاتفی و ئەلکترۆنی، بە پێی یاسا مەقفوله ناکرێت و نابێت موراقەبە بکرێت، تەنها لە زەروراتی قانونی ئەمنی، ئەوە جیاوازە، کاك عونی ئەوە رەبتی نیە، ئەوەی من گوتم کاکە بیکەنە کوردی ئەگەر زەحمەت نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی تەلەفۆنی و پەیوەندیەکانی پۆستەیی و ئەلکترۆنی و کاری تایبەتی ئەلکترۆنی تایبەتین و نابێت سەرپێچی لێوە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس ئیعتزازی نیە ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم باشە مەسەلەی ئەوە نەبێت، مەگەر بە بڕیارێکی دادوەری نەبێت، با ئیزافە بکرێت، چونکە ناکرێت مەنع بکرێت و هیچ سانسۆر لەسەر گفتوگۆکان نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاك کریم دیارە ئینتیباهت نەکردووە کە چیمان گوتووە، ئێمە ئەوەمان نەگوتووە، ئێمە دەڵێین ئینتیهاك، کە دەڵێی ئینتیهاك قەراری قەزائی ناوێت، ئەوە مەبدەئێکی خاسە تەسبیت کراوە، جەریمەیەك نیە تاوەکو عقوبەی بدرێت، پێویست بە قەراری قەزائی بکات، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وای تێگەیشتم، نازانم لە خوێندنەوەکەی کە خوێندرایەوە (نابێت سەرپێچی بکرێت) ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکردن بە تەلەفۆنی و پەیوەندیەکانی پۆستەیی و ئەلکترۆنی، کاری تایبەتین (لایجوز انتهاك حرمتها)، (نابێت پێشێل بکرێت)، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 2 فەرموو ئەسڵەکەی بخوێنەوە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 2:

هەرکەسێ تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تەل و بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستەی ئەلکترۆنی بۆ خراپەکاری بەکاربهێنێت بە حەبس سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێت و لە 5 ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەکیش لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 5 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەو دوو سزایانە ئەو خراپ بەکارهێنانەش ئەوەیە کە بە هەڕەشە یان ببێتە شەڕو جوێن یان بلاَوکردنەوەو ئاشکرا کردنی گفتوگۆ یان وێنەی چەسپاو یان بزواو یان نامەی کورت، مەسەجی بەدڕەوشتی دژ بە نەریتی گشتی یان ڕەسم گرتنی بێ پرس و بێ ڕەزامەندی یان شتێك شەرەف بزڕێنێ یان هاندان بۆ تێوەگلانی تاوان یان ڕەفتاری گوناه و بەد ڕەوشتی یان بلاَوکردنەوەی زانیاری چ ڕاست بێت یان بە درۆ دەربارەی ژیانی تایبەتی خێزانی کەسانی تر کە لە هەر ڕێگایەکەوە بە دەستی هێنابێت، کە بلاَوکردنەوەو ئاشکرا کردنی ببێتە مایەی خراپەکاری و زیان پێ گەیاندنیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نیە، دوا ڕەئیش، ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار ئەو خاڵەی کە خیلافتان لەسەری هەیە، هەمووی مەخوێنەوە، لە ماوەکەی موعتەرزی، ئەو باس بکە تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند خاڵێکمان پێشنیار کردووە کە بگۆڕدرێت، حەدی ئەدنا لە سزاکە کەمتر بکرێتەوە لە ساڵێك بۆ 3 مانگ، ئەویش هەدەفەکە لەوەیە، یەعنی جەسامەتی ئەو تاوانانەی لەناو ئەو ماددەیە هاتووە لەوانەیە هەندێکیان هەبێت زۆر کەم بێت پێویستی بەوە نەبێت کە ساڵێك حوکم بدرێت، خاڵێکی تر هەروەها پێشنیاری ئێمە ئەوەیە ئەو (باحدی هاتین العقوبتین) لابردرێت، لێرە لەگەڵ عونسری تەجدیدین، لەبەر ئەوەی هەندێك جار حاڵەتێك هەیە تەنها غەرامەکەی حوکم دەدات، واتە هەدەفی ئەو یاسایە لەوانەیە جێ بەجێ نەکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەم سزای (اسالیب الحریات) لەگەڵ غەرامەکە پێکەوە تەتبیق بکرێت، یەعنی خەڵکانی دەوڵەمەند هەیە چەند غەرامە یان حوکمی بدەی لەوانەیە هیچ منەت و باکی پێ نەبێت و بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانانە، خەڵکانی فەقیریش هەیە لەوانەیە بەس سجنەکەی پێ خۆش بێت و بمینێتەوە لە حەبسەکە، بۆیە با پێکەوە بێت، واتە ( هاتین العقوبتین) لاببەین، هەردووکی جێ بەجێ دەبێت، هەروەها ئێمە پێشنیارمان کردووە کە ئەو هەموو تەفاسیلە کە (استعمال الهاتف الخلوی

و اجهزه الاتصالات الاسلكيه والانترنيت و البريد الالكترونى) پێشنیارمان كردووه كه ئەوەش لابردرێت و بگوترێت (وسائل الاتصالات)، خاڵێكی تر( صور ثابتة ومتحركة) ئەوەش لابردرێت، تەنها (صور) بمێنێتەوە، تەنها ئەوە مانای تەواو دەدات، خاڵێكی تر (الرسائل) پێی ناوێت بڵێی فەسیرەو مەسەج، مەسەج هەر با نەگوترێت، چونكە ئەوە وشەیەكی بیانیە، ئێمە تەنها كردوومانە بە (الرسائل)، ئێمە ئەوەمان پێشنیار كردووە، رەئی كۆتاییش رەئی ئێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد ئێوە هیچ موحەزەیەكتان هەیە لەسەر ماددەی 2؟

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین سزایەكە زیاد بكرێت لە ملیۆنێك بۆ 3 ملیۆن، كەلیمەی (من) بكرێتە (شخص)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كرخی مولاحەزەتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكە داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ پشتگیری لە دەقی ماددەكە و رەئی لیژنەی یاسایی دەكات، لیژنەی ناوخۆش پێی باشە پارەكە كەم بكرێتەوە، حەدی ئەدناكەی ببێتە 300 هەزار و مودەكە ببێتە 3 مانگ، هەروەها عقوبەكەش ببێتە (باحدى العقوبتين) لابردرێت، لیژنەی شارەوانیش داوا دەكات پارەكە زیاد بكرێت، ئێستاش رەئی بۆ ئێوە دەمێنێتەوە، ڕێگام بدەن با چەند كەسێك قسە بكەن، پێش ئەوەی موفتەرەحەكان یەكلابكەینەوە، كێ دەیەوێت قسە بكات ناوی دەنووسم، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی 2 ی پرۆژە یاساكە من پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەكەم، من پێم وایە لەوەش كەمتر بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرانەی كە ئێستا بۆ پەیوەندیەكان تازەیە لە كوردستان دا، خەڵكی زۆرهەرزەكاریش وەدەستی كەوتووە، لەوانەیە بتوانێت بەو شێوەیە بەكاری بهێنێت، كەواتە زیندانەكانی ئێمە پڕ دەبن لەوانە، وشیاری بەو ڕادەیە نیە لە چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەوە، ئێستا لە تەمەنی 12 ساڵە موبایلی پێیە، لەسەر شتێكی ئەوتۆ 5 ساڵ حوكم بدرێت، ئەوە باش نیە، خاڵێكی تر ئەوە ساڵ و تەمەنی

تێدا دیاری نەکراوە کە چ تەمەنێك دەگرێتەوە ئەو سزایە، خاڵێکی تر ئەوەی کە باس لە جنێو دەکات، لەسەر جادە لەوانەیە دوو دوکاندار پێکەوە کۆڵێك جنێو پێك دەدەن و دواتریش بە ماوەیەکی کەم پێکەوە ئاشت دەبنەوە، لەسەر جنێوێك 5 ساڵی حوکم بدەی ئەوە وانابێت، چونکە داب و نەریتی ئێمەو کەلتوری ئێمە ئەوەی تێدایە هەیە کە زوو ئاشت ببنەوە، من پێم وایە ئەوە تەحدید بکرێت بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە بە کاری دەهێنێت، ئیمێڵ بێت یان ئەنتەرنێت بێ، جیاکاری بکرێت، چونکە تێکەڵیەکی زۆر هەیە یان دەبێت حوکمەکانی کەم بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بۆ ئەوە تەعلیق دەدەم کە روونکردنەوەیەك بدەم، یەکەم: ئەو حوکمەی لەو قانونە هاتووە فەرقی هەیە لەگەڵ قانونەکی حەبس، کە یەکێك عومری 18 ساڵ کەمتر بێت حەبس بێت، ئەو قانونە کە 5 ساڵە ئەوانە ناگرێتەوە، قەوانینی تر دیاری کراوە، دووەم: بەکارهێنانەکان کۆمەڵێك تاوانی بەدوادا هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو یاسایە خۆی وشیارکردنەوەی خەڵکە، سزاش نەبێت لەو وشیار کردنەوەیە، ئەوە جێ بەجێ ناکرێت، کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم شت وەکو تێبینیەك، ئیحتماله نوقتەی نیزامیش بێت، دوو دەقی کوردی لەبەردەستمانە، ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم، وەکو یەك نین، هەردووکیشیان بە کوردین، نازانم ئێمە ئیعتیماد لەسەر کامەیان بکەین، یەعنی سیغەکە زۆر فەرقی هەیە، خاڵێکی تر من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە دەڵێت (تعاقب بالحبس............) من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی ناوخۆم، بەڵام ئەوەی کە کردیە 3 مانگ، بە رەئی من 1 مانگ بەسە، ئەگەر سزاکەی کەم بێت با لە 3 مانگ کەمتر نەبێت، مانای وایە حاکم ئەگەر ئیشەکەی چەند کەمیش بێت دەبێت حوکمی 3 مانگی بۆ بدات، ئەو 3 مانگە زۆرە، لەوانەیە کۆمەڵێك کێشە دروست بێت، موجەرەد بۆ دەعوایەك لە 3 مانگ کەمتر نیە، بە رەئی من ئەگەر ماوە کەمەکە بکەینە 1 مانگ و ئەوەی تریش با زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی دەستی حاکم کراوە بێت بۆ ئەوەی ئەو عقوبەیەی کە لە ئاستی کێشەکەیە بیدات بە ئەوانەی کە تاوانبارن، ئەوانەی تریش پشتگیری لە مولاحەزاتەکانی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو ماددەیە تەنها دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان ئایا ڕەچاوی قانونی ژمارە 363 قانونی عقوبات کراوە؟ کە باس لە یەك لە حاڵەتەکانی (اساءة) دەکات، ئەویش ئیزعاج کردنە، سزاشی بۆ داناوە کە لە

**ساڵێك زیاتر نەبێت و غەرامەکەش بۆ ئەو کاتی 100 دینار داندراوە، تێبینی دووەمم باسی حالآتی ئیسائە کراوە، یەعنی چەند نموونەیەك هاتووەتەوە، وابزانم پێویست ناکات ئەگەر بەو شێوەیە بێت دەسەڵات بۆ دادوەر بە جێ بمێنێت حاڵەتەکان دیاری بکات، چونکە بە ڕای من گەورەترین ئیسائە ئەوەیە کە موبایل بەکاردێت لە کاتی لێخوڕینی ئوتۆمبیل، ئایا ئەو ئیسائانە ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە، یەعنی پێویست دەکات ئەو نموونانە باس بکرێن لە ناو یاسایەکە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. رمضان فەرمووو.**

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نازانم ئەو بەرێزانەی ئەو یاسایانەیان داناوە، تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئێستا موبایل شتێکە سەرتاسەری عیراقی گرتووەتەوە، زۆربەی کاتیش ئێمە هەستی پێ دەکەین کە ئەو هەراسان کردنە خەڵکانێکن کە لە خارجی هەرێمەوەن، ئایا بە چ یاسایەك ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەواندا دەکەین، لەگەڵ ئەوەش دام کە سزاکان کەم بکرێنەوە بە تایبەتی لەوەی کە خەڵك وشیاری کەمە، هەروەها ئەوە نەبێتە بابێك بۆ ئەوەی ڕۆژانە مەحکەمەکانی ئێمە سەقاڵی ئەم جۆرە دادگایی کردن و دەعوایانە بن، کێشەیەکی دادوەرانە پەیدا دەکات بۆ خەڵك، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خلیل فەرمووو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشتگیری لە رای لیژنەی ناوخۆ دەکەم، باسی حاڵەتی ئیسائە کراوە، حاڵەتێکی تریش هەیە خاسەتەن لە مانگی نیسان کە درۆی نیسانی هەیە، بە یەکێك دەڵێن برۆ مناڵی تۆ لە بان کەوتووە یان سەیارەی لێداوە، یەعنی ترسێکی گەورە دروست دەبێت و لەو حاڵەتەش دا لەوانەیە دەعمیشی کردووە، لێرە لە دوای نەشر و تەسریب ئەو کەلیمەش زیاد بکەین تا ئەو حاڵەتە شامل بکرێت، (اخبار مختلق تثیر .........) تا ئەو حاڵەتەش بێت، کەزەرەری زۆری لێکەوتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من باسی حەدەسم کرد کە 10 ساڵە یان 11 ساڵە، کاك بەڵێن فەرمووو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی کن دەمویست باسی بکەم کاك باپیر باسی کرد و بەڕێزیشتان وەڵامتان داوە، هەروەها منیش پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من سەبارەت بە ماددەی 1 کە زیاد کرا، لێرەش دەبێت سزاکەی، یەعنی هەرکەسێك کە ئینتیهاکی حورمەتی کرد تێیدایە، ئایا ئەوە شەخسی مەعنەوی دەگرێتەوە؟ واتە فەرمانبەرانی شەریکەی پەیوەندیەکان، زۆر جار ئەوانە خۆیان ئیسائەی ئیستعمال دەکەن یان خۆیان ئەسراری دوو پەیوەندی دەردەخەن، مەسەجییێك دەردەکەن، شەخسی مەعنەوی کە شەریکەیەکە یان دەزگایەکە بە بێ ئەمری قازی موراقەبەی یەکێك دەکات، یەعنی ئەوانە هەندێك لە سەرپێچین کە شەخسی مەعنەوی دەگرنەوە، لێرە ئایا ئیشارەتی پێکراوە یان نا؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من دەگەڕێمەوە بۆ کاك باپیر، چونکە من ڕەنگە لە هینەکان دا بە پێی ماددەی 1 حەدەس، لە قانونی دیاری کردنی تەمەنی یاسایی لێپرسینەوە بەرامبەر قانون لە هەرێمی کوردستان دا ئیعتیبار دەکرێت، کە حەدەس ئەو کەسەیە کە 18 ساڵی تەواو نەکردبێت، هەمووی ئیعتیبار دەکرێت بە حەدەس تا 18 ساڵی تەواو نەکردبێت، 18 ساڵی بە منداڵ حیساب دەکرێت، بەڵام هەتا دەگاتە 18 ساڵی هەر بە حەدەس حیسابە، خاتوو چرۆ فەرموو.**

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان پێشنیارە، لێرەدا کە نووسراوە عقوبەکەو غەرامەکەشی لێ وەربگیردرێت، کە نووسراوە (او باحدی هاتین العقوبتین)، بە ڕای من ئەوە لابردرێت، چونکە بەڕاستی ئیستغلال دەکرێت بۆ حاڵەتی واستەو ئەو سەرو ئەو سەر، لەوانەیە تەنها غەرامەکەی لێوەربگیردرێت، لەبەر ئەوە بە ڕای من ئەگەر ئەوە لابردرێت باشترە، لە لایەکی تریشەوە من پرسیارێك دەکەم ئایا بە نیسبەت ئەم عقوبانەوە ئێمە ئێستا کە ئەم قانونە دەردەکەین بۆ ناو هەرێمی کوردستان، ئەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش زۆر جار ئەوان ئیسائەتەکە بەکاردەهێنن، ئایا ئەوانەش دەگرێتەوە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، بەڵام یەك پێشنیارم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئێمە دەزانین بە هۆی کاری موبایلەوە چەندین ئافرەت کوژراوە لە کوردستان دا بە هۆی نامەیەکەوە یان بە هۆی ڕەقەم تەلەفونێکەوە بە موبایلی یەکێك، ئەو کەسانەی کە ئاشکرا دەبن دەبنە سەبەبی کوشتنی کەسێکی تر بە هۆی موبایلەوە، ئەوانە ئیجرائاتیان چۆن لەگەڵ دا دەکرێت؟ حەقە ئەوانە حوکمی ئیعدام بدرێن یان ئەبەدی بێت، ئەمە یەك، لە لایەکی تر ئەو موبایلە بەکارهاتووە بۆ کاری تیرۆر و تەخریب، ئەوانە چۆن دەبێت حوکمەکەیان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بۆ کاری تیرۆر لە قانونی تیرۆر دا هەیە، تەنها باسی ئیزعاجاتە ئەوە، کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە گرنگیەکی زۆری هەیە، پێش ئێمە نزیکەی لە 50 وڵات ئەو یاسایە دەرچووە، دووەم خاڵێش کەلێنێکی یاسایی پڕ دەکاتەوە کە دێینە سەری لە یاسای هاتوچۆی جێ بەجێ کراو باسی موبایلی تێدانیە، خاڵی سێیەمم ئەوەیە دەپرسم لە چوار لیژنە سێ لیژنە ڕاپۆرتەکەیان بە زمانی کوردی نەبوو، بۆچی؟ چونکە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی هەیە، دەبووایە بە زمانی کوردی بێت و ئەوەش بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەوە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شەمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەو ماددەیە کە دەڵێت تەلەفۆنی خانەیی و تەل و بێ تەل و ئەوانە، لە ڕاستی دەبووایە ئێمە ئەو پێناسەیەمان لە ماددەی 1 دا بکردبایە، ئەوەی کە لێرە کراوە شەرحەو جێی نابێتەوە، خاڵێکی تریش ئەو عقوبانەی کە بۆ ئەو کارانە دیاری کراوە، تەسنیف نەکراوە بۆ نموونە ئەو فیعلانەی کە ئاداب و نیزامی عام دەشێوێنن، عقوبەکەی دەبێت جیاواز بێت، یاخود ئەوانەی زیاتر بۆ کات بەسەر بردنە و ڕەسائیل و مەسیجە، دەبێت عقوبەکەی دیاری بکرێت، یان ئەوەی دەبێتە ماڵ وێرانی و تێکدانی شیرازەی خێزان، بە ڕاستی ئەمانە دەبێت ئەو عقوبانە بۆ ئەو 3 حاڵەتە، ئەو فیعلانەی تێدا تەسنیف بکرێت، ئەو کردەوانەی کە تەنها بۆ کات بەسەر بردنە، ئەو کەسانەشی تێدانیە کە بۆ نموونە وەکو شەریکات کە زۆر زۆر پێویستە ئەو ئیجرائاتانە یان ئەو عقوبانەی بۆیان دادەندرێت، بە تایبەتی کە لە 12 ی شەوەوە

سەنتەکان دەکەن بە دوو سەنت، بۆ ئەوەی جێگای هەموو ئیسائەیەکی ئیستعمالی تێدا ببێتەوە، زۆربەی قسەکانیشم رەئی کاك محمدە، کە زۆربەی زۆری ئەو شەریکانە کارمەندەکانیان ئیسائەی ئیستعمال لە لایەن خۆیانەوەیە، کە رەئیم وایە کە کۆمەڵێك ئیجرائات یان عقوبات ئەو کەسانەش بگرێتەوە، بە ماددەیەکی سەربەخۆ بۆ شەریکات دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دا ئەگەر هەردووکیان بێت باشترە، یەکێکیان غەرامەی مالی لە بۆ سەب بێت، ناکرێت لەبۆ سەب، قانونێك دابنێی حەبسی بکەی لە ساڵێك تا 5 ساڵ، دائیمەن لە هەموو دەوڵەتانیش لەسەر سەب هەر غەرامەی مالیە، کەم جار هەیە حەبس بێت، یەعنی جەرائیمەکە هەربووە، یەعنی قانون مەجرای خۆی وەرگرتووە، ئەو (التحریض علی ارتکاب الجرائم) لە تەحقیقات دایە، ئەوە شتێکی زیادەیە لێرە، هەروەها ( اسناد امور خادش للشرف) ، دائیمەن خەدش بۆ شتی مەحسوس بەکاردێت، دائیمەن دەگوترێت (المخل بالشرف)، نەك خادش، ئەوەش کورت بکرێتەوە (وذلك عن طریق التهدید او القذف او السب او نشر او تسریب المحادثات والصور و الرسائل) ئاوا بێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئی لیژنەی ناوخۆ دەکەم بۆ کەم کردنەوەی حەدی ئەدنایەکە، سێ مانگ و سەد هەزار، (باحدی هاتین العقوبتین ) ئەوە هەر بمێنێت، ئەڤساو ئەدناش با تەتبیق بکرێت، (کل من اساء استعمال الهاتف الخلوی )بێت، چونکە زۆر جار بە خراپی دێتە ئیستعمال کرن، بەس قەسدی تێدانینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، هەرچەندە بۆ مودە کەمەکە قابیلی گفتوگۆیە کە ساڵێك بێت یان نا، 3 مانگ بەسە، چونکە ئەو یاسایە وەکو جەنابت فەرمووت بە شێکە لە کۆمەڵگای خۆمان، ئەو جەلسەیەش کە راستەخۆ دەگوازرێتەوە هەر بەشێکە لەو هۆشیاریەی کە دەیکەین بۆ کۆمەڵگای خۆمان و

پێویستیشە گرنگی زیاتری پێ بدەین، موبایل شتێكی نوێیە لەو كۆمەڵگایەی ئێمە، هەر شتێكیش كە لە نوێی پەیدا دەبێت ئاساییە كە خراپ بەكاردەهێندرێت لە لایەن مرۆڤەكانەوە، لەوانەیە پاش چەند ساڵێكی تر پێویست بەو یاسایە نەكات و خەڵك هۆشیار تر دەبێتەوەو بەكاری ناهێنێت، من ئاماژە بە راپۆرتێكی (ئیندپێندت) دەدەم كە دوێنێ لە بریتانیابڵاوبووەتەوە، بە داخەوە لەسەر هەرێمی كوردستان شتی نووسیوە، كە باس لەوە دەكات لە ئەنجامی خراپ بەكارهێنانی موبایل رێژەی كوشتنی ژنان زیادی كردووە، كۆمەڵێك ئەرقام و ئیحسائیاتیشی لەلایە كە لە راپۆرتی رێكخراوە نێودەوڵەتیەكانە، بۆیە ئێستا كاتێكی زۆر گونجاوە، ئەوەش هەر لە كوردستان وانیە، هەر رۆژی $5/16$ لە شارێكی نزیك پاریس سێ مێرد منداڵ لە ئەنجامی بەكارهێنانی مۆبایل بۆ تەسویری عەمەلیەكی ئیختیسابی كچێكی بچووك بڵاویان كردووەتەوە، یەعنی ئەو حەوادسانە هەیە لە وڵاتانی تریش، یەك عقوبە پێم وایە لە بیركراوە لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر رێگەم پێ بدەن پێشنیاری دەكەم ئیقافی ئیشتراك، یەعنی ئەو كەسەی كە خراپ بە كاری دەهێنێت موبایلەكەی، راستە غەرامەی دەكەی و سجنی دەكەی، بەس حەقە ناویشی بخرێتە قائیمەیەكی وا كە لەم شەریكەیە بۆ ماوەیەكی دیاری كراو، بۆ نموونە بۆ ماوەی $6$ مانگ یان بۆ ماوەی ساڵێك ئیشتراكەكەی ئیلغابكرێتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی كە لە دەرەوەی هەرێمن، ئیختساسی مەحاكمی ئێمە ئیختیساسێكی مەكانیە، كەسێك لە موسڵ، لە شوێنێكی تر كۆرەك خراپ بەكاربێنێت، لێرە ئێمە نە دەتوانین غەرامەی بكەین و نە سجنی بكەین، تەنها دەتوانرێت ئیلغای ئیشتراكەكەی بكەین، بۆ ماوەیەكی دیاری كراو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی قسەكانم بكەم پێشنیارێكم هەیە، پێشنیاری ئەوە دەكەم ماددەی $2$ و $3$ و $4$ بكرێت بەیەك ماددە، لەبەر ئەوەی هەر $4$ ماددەكە باس لە سزادان دەكات، بنووسرێت ماددەی $2$ و خاڵی یەك و دووی بۆ دابندرێت، بە نیسبەت ناوەڕۆكی ئەو ماددەیەش من لەگەڵ ئەوەدام ئەو سزایانەی كە لە ئەسڵی ماددەكە هاتوون سزای زۆر باشن، رێگریەكیش دەبێت، ئێمە دەبێت لە ئێستاوە هەوڵی ئەوە بدەین ئەگەر ئەو خەڵكە بەو شێوەیە سزا درا، خەڵكانی تر چاویان لێ بكەن كە ئەوە دووبارە نەكاتەوە، ئەگەر ئێمە سزاكە سووك بكەین، دەبێتە شتێكی زۆر ئاسایی، خاڵێكی تر مەسەلەی یەكێك لەو دوو سزایە ئەوە هەڵبستێت، لەبەر ئەوەی دائیمەن تەقدیری مەحكەمە ئەوە دەبێت كە سزا غەرامیەكەو مالیەكەی وەربگرێت، ئەگەر زیندانیەكە بێت یەك حاڵەت دەبێت، بۆیە هەم زیندانی و غەرامە مالیەكەش بێت، لەو یاسایە جێی ئەوە بكرێتەوە، ئەی ئەو سیم كارتانەی كە لە بازاڕ دەفرۆشرێن لە رێگای كۆمپانیاكان نیە؟ حەقە فەرز بكرێتە سەر هەموو كۆمپانیاكانی پەیوەندی كردن كە بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدرێت بە نایاسایی سیم كارتەكان لە بازاڕ بفرۆشرێن، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ جەنابتان ئاگادارن كە سیم كارتێك تۆ بە

10 هەزار دەیکرِی دەچی هەرِەشەی پیّ دەکەی و کاریّکی خراپی پیّ دەکەی و سیم کارتەکەی فرِیّ دەدەی، ئەوە کۆنترۆڵ ناکریّت، بۆیە دەبیّت تەسجیل بکریّت، لە شەریکات مۆڵەتی کارکردنەکەی پیّ بدریّت، ئەوکات دەتوانریّت کۆنترۆڵ بکریّت، چونکە ئەگەر سیمکارتەکە بە ناوی من نەبوو چۆن کۆنترۆڵ دەکریّت، حەقە لەو یاسایە شویّنی ئەو خاڵەش بکریّتەوە بۆ ئەوەی ئیّمە زیاتر بتوانین کۆنترۆڵی رِەوشی ئامیّرەکانی پەیوەندی کردن و هیّڵەکانی پەیوەندی کردن بکەین لە کوردستان دا، لەگەڵ ریّزم.

**بەرِیّز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان فەرمووو.

**بەرِیّز عثمان احمد حمدامین:**

**بەرِیّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو یاسایە بۆ خۆی یاسایەکی گرنگ و زەرورِیشە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی وا بۆ هەریّمی کوردستان دەربچیّت، بەڵام دەبیّت بزانین کە خراپ بەکارهیّنانی وەسائیلەکانی پەیوەندی و گەیاندن، موبایل و هەموو ئەو شتانەی ترکە لە یاسایەکە دا هاتوون، دیارە نەبوونی هۆشیاری و تەوعیە ئەو خراپ بەکارهیّنانە دروست دەکات، کەواتە لەگەڵ دەرکردنی ئەو یاسایە کە شتیّکی چاك و باشە، پیّویستە کۆمەڵیّك هۆکاری تریش پشتیوانی لەو یاسایە بکەن، بۆ تەوعیە کردن و تەسبیت کردنی ئەو یاسایە لە ناو جەماوەری کوردستان دا، وەك نەبوونی هۆشیاری سەبەبە بۆ بەکارهیّنانی خراپ بەکارهیّنان، کەواتە زیادبوونی هۆشیاری و تەوعیە لە ناو کۆمەڵگای کوردستانیدا بەخۆی کارەکان کەم دەکاتەوە، هاوکار دەبیّت لەگەڵ ئەو سزادانەی کەوا دیاری کراوە، لەبەر ئەوە وەسائیلی راگەیاندن، تەلەفزیون و رادیوو کەناڵە فەزائییەکان پیّویستە هاوکاربن بەبەرنامەی تەوعیەو هۆشیار کردنەوە و تەوعیە بۆ ئەوەی کە ئەو بەرنامانە هەیە پیّش تەتبیق کردنی و جیّ بەجیّکردنی هۆشیاریەکی گەورە بکەویّتە ناو کۆمەڵگاری کوردەواری، بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە ئیستعدادی هەبیّت، ئینجا بەراستی وەزارەتی پەروەردەو خویّندنی باڵایش، وەزارەتی ئەوقاف ئەوانەیش پیّویستە هاوکاربن، ئەوانە هەموویان پیّکەوە دەتوانن هاوکاربن بۆ جیّ بەجیّکردنی ئەو یاسایەو، زۆر سوپاس.

**بەرِیّز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەرِیّز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەرِیّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەلیژنەی یاسایی ولیژنەی ناوخۆیی دەکەین، هەر وەها پشتیوانی لەو یاسایەیش دەکەین، بەحەقیقەت من یەك تیّبینیم هەیە لەسەر ئەوە، ئەویش ئەوەیە ئیّمە زیاتر تەرکیز بکەین لەسەر حوکم بە حەبس نەك پارە، بۆئەوەی ئەو جەزا ببیّتە عیبرەت، خەڵك عیبرەت لیّی وەربگریّت، هەر وەکو کاك سەردار وتی خەڵکیّکی دەوڵەمەند هەیە ئەتوانیّت پارەیش بدات هیچ تەئسیریشی لیّ ناکات وە هیچ

عیبرەتیشی لێ وەرناگیرێت، بەحەقیقەت ئەوە حەبسەکە زۆر موهیم ترە، خاڵێکی تر، من پشتیوانی لە قسەکانی کاك عثمان دەکەم، دەبێت ئێمە ئەو ئەحکامانە، ئەو جەزائانە لەوەسائیلی ئیعلام بەلاڤ بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات کە شتێکی وا هەیە، نە هەر وەها ئێمە قەرارێك دەربخەین و کەسیش ئاگای لێ نەبێت، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بەنیسبەت کۆمەڵگای ئێمە، تەبعەن لەجێگای تر وەکو ئەوروپا مومکینە ئەو شتە زۆر ئیعتیادی بێت لەئەوە تەخریب زیاد بچیتە زۆر تیرۆر، ئەوەی تر زۆر عادییە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە تەقەبولی ئەو شتە ناکات، لەبەر ئەوە زۆر موهیمە ئەو سزایە وە ئەو قانونە دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن احمد فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم کە سزاکان لە تاوانەکان لەچەند بڕگەیەك جیابکرێنەوە بۆ زیاتر رێکخستنی ئەم مادەیە، پێشنیاری دووهەمم: جیابکرێنەوە،کۆمپانیاکانی مۆبایل لە کۆمپانیاکانی ئەنترنێت و سایتی ئێلیکترونی کەئەم دەزگایە وەکو ئاشکرایە رۆژ دوای رۆژ تەکنەلوجیای زانیاری و پەیوەندییەکان لەپەرەسەندندایە بۆ چاکردنی کۆنترۆڵ و سوود بەخشین بەدوو یاسا، یەعنی یاسای ئیلکترونی لەگەڵ کۆمپانیاکانی مۆبایل لەیەك جیابکرێنەوە، پێشنیازێکی ترمان ئەوەیە کە ئەرکی کۆمپانیاکان لەیەك جیابکرێتەوە وەك بەرێزان ئاماژەیان پێکرد کە ئاسانکردنی خزمەت گوزارییەکان بەرامبەر ماڤی بەکار هێنان، ئێستا ئەو سیمکارتانە لەبازاڕ پێیان دەوترێت سیمکارتی علوج، بەراستی لەبەر ئەوەی کەس خاوەنیان نیە، ژمارەیان دیار نیە، ئەوانە بۆ لۆك بکرێن، هەر وا هەندی تەلەفونی سەر جادەکان هەیە ئەویش کۆنترۆڵ ناکرێت، لەرێگای کۆمپانیاکانەوە چارەسەر بۆ ئەوانەیش بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ گومان ئەو یاسایە زۆر پێویستە بۆ ئەمڕۆی کوردستان بەتایبەتی دادگاکان نەقسێکی تەشریعیان هەیە، من هەر بۆ نموونە ئەیهێنمەوە وەکو ئیحسایەك، لەقەزای کەلار لە کۆی حەوت بنکەی پۆلیس لە 2008/1/1 وە تا وەکو ئەمڕۆ لەسێ بنکەی پۆلیس پەنجا سکاڵا کراوە لە ئەنجامی بەکار هێنانی مۆبایل بە شێوەیەکی خراپ، بەڵام من پێشنیارم ئەوەیە ئەبوایە ئێمە لەمادەیەکا پێناسەی کۆمەڵێ زاراوەمان بکردایە لەم یاسایە، چونکە خۆمان دەزانین مەبدەئێکی یاسایی هەیە کە ئەڵێت: لاجریمة ولا عقوبة الا بنص، یەعنی پێویستە ئەو کارداەی کە ئەڵێین تاوانە زۆر بە روونی پێناسەی بکەین و عقوبەکەیش

دیاری بکەین، مادەی یەك، مادەیەکە بەراستی زۆر دوورو درێژە، یەعنی کۆمەڵێك شتی داوەتە پاڵی یەك و یەك سزای بۆ داناوە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قانونی عقوباتی عێراقی لەمادەی (438) یەعنی زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کەلێرە باس کراوە لەم مادەیە هەیەو عقوبەیشی بۆ دانراوە، هەروەها لەمادی (363) دیسان لەوێ ئاماژە بەوە دراوە، یەعنی ئەبوو ئەم یاسایەی ئێمە تەنسیقیك بکەین بەراستی لەگەڵ قانونی عقوبات و ئەم قانونە تازە کە دەچێتە بواری قەوانینی جینائیەوە لەکوردستانا، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە پێناسەی بکەین، بۆ نموونە ئامێرەکانی پەیوەندی کردن زۆرن، مۆبایلە، ئەنتەرنێتە حەتا مۆبایل ئێمە خۆمان دەزانین زۆربەی بەرادیۆیی ئیش دەکات، بەڵام ثورەیا هەیە ئەوە لەرێگای ئەقمار سناعیەوە ئیش دەکات، ئامێری پەیوەندی کردن بەفاکس یان ئەنتەرنێت ئەمانە کۆمەڵێك ئامێرن، یەعنی مەفروزە ئێمە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ئەو ئامێرانە پێناسە بکەین بۆ ئەوەی کاتێك کە دەچێتە تەتبیقەوە مەجالی ئەوە نەمێنێتەوە کە قازی بە ئارەزووی خۆی ئیش بکات یان بوەستێت و نەزانێت ئەمە چۆن ئەم مادەیە جێ بەجێ بکات، من ئەو مولاحەزانەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەکانی یاساو ناوخۆ و مافی مرۆڤ و شارەوانییەکان، من لەگەڵ ئەوەم ئەو کەسەی بەو تاوانە هەڵدەسێت با بەپارەو بەحەبسیش بێت، لەگەڵ قسەکانی کاك زانام ئیسقات بکرێت ژمارەکەی یان رەقەم تەلەفونەکەی راگیری تاکو ماوەیەك نەیدرێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك غفور مەخموری کردی، لەبەر ئەوە من دوو بارەی ناکەمەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، واللە ئەغلەب ئەوانەی کە قسەیان کرد، پشتگیری راپۆرتەکەی ناوخۆو یاساییان کرد، بەڵام من تەنها یەك ئیختیلافێ بچووك ئەبینم لەهەردوو راپۆرتەکە ئەوەیش ماوەکەیە، لیژنەی ناوخۆ داوای کردووە کە حەدی ئەدناکە بکرێت بەسێ مانگ لەمادەی یەکەمدا و ئەو (احدی هاتین العقوبتین) لابچێت، موقتەرەحێکیش هاتووە دوو کەس کردوویانە، هێن کاك غفور بوو وکاك طلعت پشتگیری لێ دەکات، ئەویش دەڵێت مادەی 2، 3، 4، ببێتە یەك مادە بەوەی 1،2،3، من دەمەوێ رەئیی لیژنەی یاسایی بپرسم لەسەر ئەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەویَ هەندێك بەتەفسڵی بچمە ناو ئەو مەسەلەیە، تەبیعی هەموومان دیارە کۆکین لەسەر ئـەوە کـە مۆبایل بەشێوەیەکی ناڕێك و نا دروست لەهـەرێمی کوردسـتان بـەکار هـاتووە، بۆیـە ئـەم یاسـایە هاتووەتـە کایـەوە، وە مەسـەلەی هۆشـیار کردنـەوەیش زۆر زۆر تەبیعیـە کـە خـۆی لەخۆیـدا ئـەم دانیشـتنە هوشـیار کردنەوەیەکە بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵك بۆ ئەوەی بزانن لەپەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەر دەچێت بـۆ ئەم بابەتە، بەڵام من حەز ئەکەم لێرەدا ئیشارەت بەوە بدەم کە زۆر برادەران ئیشارەتیان پێدا بەنیسـبەت ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی ناوخۆ من ڕێزم لەبۆ ڕاپۆرتەکەیان هەیەو زۆر قسەیشم لەگەڵیان کردووە، لەلایـەك تـەخفیفی عقوبـە دەکـەن و لەلایـەك تەشـدیدی عقوبـە دەکـەن، تـەخفیفی عقوبەتەکـە ئەوەیـە لەساڵێکەوە دەیهێنن بۆ سێ مانگ، تەشدیدی عقوبەتەکە ئەوەیە هەم بە غەرامەت عقوبە بدرێت وهەم بە زیندان سجن بکرێت، بە هەردووکیان، واتا ئێمە دەبێت تەوازونێك دابنەین بۆ ئەو مەسەلەیە و ئەگەر هاتو ئەو مەسەلەیە وئەو مادانەی کە ئێمە دامان ناوە ئەگەر موقارەنە بکرێت لەگەڵ قانونی عقوبـات، بەراسـتی تەشدیدێکی زۆری عقوبەی تێدایە چونکە ئەوەی مادەی قەوانینی عقوبـات بەراسـتی، یەکـەم زینـدانیـە زۆر کەمەو، دووهەمین غەرامەکەیشی زۆر کەمە، سێهەمین (باحدی هاتین العقوبتین)، تێدایە واتا یان زینـدانی یـان حـوکم، بۆیـە ئێمـە پێمـان وایـە حـەتا ئەگـەر هـاتو سـەقفی عقوبەکـەیش کـەم بکرێتـەوە، بـەڵام زۆر زەرورییە، (باحدی هاتین العقوبتین) بمێنێتەوە، چونکە ئەوە دەرگایەکی گەورە بۆ مەحکەمە دەکاتـەوە بـۆ ئەوەی بتوانرێت مەحکەمە دەستێکی واڵای هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو خەڵکانە حـوکم بـدات یـان سـزا بدات بەپێی جەسامەتی ئەو جەریمەیەی کە کروویەتی، مەسەلەی د. ڕۆژان باسی مادەی (363) و (362) ی کرد ئەوە بەنەزەری ئیعتبار وەرگیراوە، هەموو ئـەو مادانـەی کـە لـەقانونی عقوبـات هـاتووە بەنـەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە و ئەگەر هاتو ئەو قانونە تـەنفیزکرا، ئـەو مادانـەی قـانونی عقوبـات کـاری پـێ ناکرێـت سـەبارەت بـۆ خاڵانـەی کـە لـەناو یاسـای ئێمـە دیـاری کـراوە، چـونکە ئـەوە لاحیقـە بـۆ قـانونی عقوبـات، پرسیارێك کرا سەبارەت بەشەریکات، بەقەناعەتی ئێمە شەریکاتیش دەگرێتەوە چونکە موهیم ئەوەیە ئـەو رەقەمە بۆ چی جیهەتێك تەرخان کراوە، هەرچی جیهەتێك بێت ئەم یاسایە دەیانگرێتـەوە، جگـە لـەوەیش مەسـەلەی مۆبایـل کـە کـاك طـارق ئیشـارەتی پێـدا، لەقـەوانینی تـر وابـزانم ئیشـارەتی پێـدراوە، تـەبیعی مادەیەکی تایبەت هەیە بەنیسبەت ئەو کەسانەی کـە حـائیزی مۆبـایلن، بـەڵام حیازەتەکـەیان مـەعلوم نیـە عەجەبا لەشەریکە نەیان کڕیوە یان شەریکە بەبێ سیمکارت داوێـتی پێیـان، یـاخود لەخـەڵکانێك کڕیویانـە کـە لەشـەریکە کڕیویانـە، دوایـی لەئـەوان کڕیانەتـەوە، ئـەو مەسـەلەیە لـەکۆتایی یاسـاکە وەکـو پێشـتریش ئیشارەتم پێی دا، پێشنیارمان کردووە کـە مادەیـەك ئیزافـەر بکرێـت بـۆ موعالـەجاتی ئـەو خەلەلانـەی کـە هەیە، ئەمە بەکورتی مولاحەزەکانی ئێمە بوو سەبارەت بەم نوقتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، والله من وامزانی تەواو بوو، بەس تەنها کاك رۆمیۆ و ڤیان خان ماون قسەی بکەن، فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باوەڕدەکەم ئەو خراب بەکارهێنانی مۆبایلە بەحوکمی ئەوەی ئەمە شتێکی تازەیە لەم وڵاتە، بەراستی دوایی چوار، پێج ساڵی تر ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم بەکارهێنانە نامێنێت، ئەم خراب بەکارهێنانە نەك تەنها لە وڵاتی ئێمە، بەڵکو لەهەموو وڵاتانی پڕ دیموکراسیش وابووە لەسەرەتا، بەلام دوایی دەرکردنی یاسا بۆ قەدەغەکردنی ئەوجا حەدێکیان بۆ داناوە، من دەبینم بەتایبەتی ئەم مادەیە، بەراستی بەنەفەسێکی عقوبە پێدانە و هەر لەسەرو بەندی مادەکە کە ئەوەندە دوورو درێژە، من لەو برِوایەم هیچیان نەهێشتووە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێ شتی تریش ماوە، جۆری بەکارهێنانی مۆبایل ماوە کە عقوبەی بۆ دادەنێ، خاڵێکی تر، من دوای پشتگیری کردن لەلیژنەی ناوخۆ، ئەوان لەلایەکەوە داوا دەکەن ماوەی حەبسەکە کەم بێت، بەڵام لەلایەکی تر ئەوان دەڵێن کە دەوڵەمەندەکان دەتوانن بەپارە خۆیان دەرباز بکەن لەمەسەلەی ئەم عقوبەیە، بۆیە من پێم باشە بۆ ئەوەی ئەملاو ئەولای نەمێنێت ئەو عقوبە یان بەیەکێك لەو دوو سزایە لابدرێت، ئەمە باشترین حەلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاری یەکەم تۆ لەلایەکەوە دەڵێیت دوورو درێژە، لەلایەکی تر دەڵێیت حاڵەتێکی تر هەیە کە ئاماژەیان پێنەکردووە، یەعنی ئەگەر ئاماژەیان پێ بکردایە دوورو درێژتر دەبوو، دووهەمینیش پشتگیرییەکەت، بتوتایە تەئییدی لیژنەی ناوخۆ دەکەم تەواو دەبوو، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکەم جار دەست خۆشی لەلیژنەی مافی مروڤ دەکەم کە راپۆرتەکەی بە کوردیەکی پاراو خوێندەوە هیواداریشم لەمەودوا هەموو لیژنەکان راپۆرتەکانیان بەزمانی کوردی بخوێنن، ئێرە شوێنێکە کە دەبێت گرنکی بە زمانی کوردی بدرێت و زمانی ستاندارتی کوردی دەبێت لەم شوێنە دەرچێت، ئەوە یەك، دوو: بەنیسبەت مادەکەیش من پشتگیری لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم، چونکە لەو هەموو شتەیە زیاتر ژن بووەتە قوربانی و باجەکەی زیاتر ژن داویەتی، بۆیە تا عقوبەکە قورستربێت بەلای منەوە باشترە بۆ ئەوە و، من لێرە هیوادارم کە دەزگاکانی راگەیاندنیش گرنگیەکی زۆر بەم یاسایە بدەن لەڕێگەی کەناڵەکانی خۆیان خەڵکەکە هوشیار بکەنەوە، هەروەها پێم باشە هەندێ ئامادەکاریش هەر لەم یاسایە هەندێك ئیهتیمامی پێ بدەن لەوەزارەتی گەیاندن و وەزارەتی رۆشنبیری ئامادەکاری بۆ بکەن بۆ بلاوکردنەوەی ئەم یاسایەو هۆشیارکردنی خەڵك لەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە، خاڵی سێهەمیشم ئەوەیە کە پشتگیری لەرەئیەکەی کاك زانا دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن و لەو رێگەیەوە خراپی بەکاردەهێنن، مۆبایلەکان

بەخراپ بەکاردەهێنن، لەرێگای وەستاندی بەشداری کردنیان لەو هێڵەدا و ئەو عقوبەیان زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت قسەکانی کاك غفور، دەڵێت مادەکان یەك بگرێتەوە، ئەوە جائیز نیە لەناحییەی قانونیەوە، چونکە حاڵەتەکان جیاوازە تەحدیدی عقوبەیش، (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، دەبێت بەجیاوازی تەحدید بکرێت لەبەر ئەوە مادەکان جیاوازن، وە فەقیرو دەوڵەمەندیش، تەبیعی دەڵێن فەقیر مەغدور دەبێت ئەگەر حوکمی بەغەرامە بێت ودەوڵەمەند بەئاسانی غەرامەی دەدات، ئەوە مەحکەمە تەحدیدی دەکات و عیلاقەی نیە بەدۆڵەمەندو فەقیرەوە، هەموو خەڵکێك لەعێراق، لەکوردستان یەکسانن بەپێی دستورو یاسا، بەنیسبەت مەلا سعدالدين، کە ئیشارەتی نوقتەیەکی دا، دەڵێت:( الجرائم المخلە بالشرف) بنووسن، (الجرائم المخلە بالشرف) تەعبیرێکی قانونی دەقیقە عیلاقەی بەوە نیە (بالجرائم المتعلقە بالاخلاق والاداب العامە)، (الجرائم المخله بالشرف) قەراری (609) لە 1987/8/12، دەرچووە تەحدیدی کردووە، دەڵێت: (تعتبر من الجرائم المخلە بالشرف مايلي: السرقە، الاختلاس، خيانە الامانە، التزوير، الرشوە، والجرائم المتعلقە بالتخريب الاقتصادی)، واتا ئەوە عیلاقەی بەشەرف و ئاداب و ئەو شتانەوە نیە، بەنیسبەت کاك رۆمیۆ، کە دەڵێت هەدەفی قانونەکە وادیارە تەشدیدی عقوبەیە، فیعلەن ئێمەیش دەڵێین هەدەفەکە تەشدیدی عقوبەیە لەبەر ئەوەی زۆر حاڵات رووی دایە، ئەو عقوباتەی کە لەقانونی عقوباتی عێراقیدا هەیە، دوو مادە بەس موعالەجەی کردووە، مادەی (362) وەمادەی (403) حوکمەکانیشی زۆر زۆر سووکەو کەمە، رەدع نیە بۆ مەنعی ئیرتیکابی جەریمە، لەبەر ئەوە ئێمە هەدەفەکەمان لەقانونەکە فیعلەن تەشدیدی عقوبەکەیە وابێت خەڵك لەعقوبەکان بترسێت وجەرێمەی نەکات، بەنیسبەت ڤیان خان، دەڵێت (خارج الاقليم) و تەئییدی قسەکانی کاك زانای کرد، قاونەکە تەبعەن بۆ کوردستانە، عیلاقەی بەخاریجی ئەقلیم نیە، بەڵام دەڵێت ئیقاف بکرێت ئەو کەسانەی کە مۆبایلی بەکار دەهێنن لەویٚ بۆ خۆی لەعقودی شەریکات هەیە مادەیەکی تێدایە دەڵێت: هەر کەسێك ئیسائەی ئیستعمالی کرد، شەریکە بۆی هەیە ئیقافی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك پرسیار بۆ ئێمە بوو، ئەوەی یەكەم یەعنی لیژنەی ناوخۆ، بۆیە پێشنیاری كردووە بكرێتە سێ مانگ، ئێمە ئەو سزانەی كە پێشنیارمان ئەوەیە كە (احدى هاتین العقوبتین) لابچێ، ئەوە بۆ تەشدیدە و تەشدیدیش گەورەیە، مەسەلەی فەقیرو دەوڵەمەندەكەیش، تەبعەن ئێمە وەكو موشەرعی كوردستانی یاسا دەردەكەین، هەتا پێمان بكرێت دەبێت یاسایەكی وابێت، كە قابیلی ئیجتیهاد نەبێت، ئیجتیهادی حاكمێك یاخود هەر لایەكی تربێت، هەتا بكرێت سزاكان بەرچاو روونیەكی تەواوی بدرێتێ، بۆ ئەوەی بۆ حاكیم ئەو كاتە مەجالی ئیجتیهادی تێدا نابێت، و هەموو سزاوقانونێكیش بەپێی پێشكەوتنی كۆمەڵگا دادەنرێت، ئێمە بۆچی پێشنیاردەكەین هەردووكی بەیەكەوە بێت، مەبەست لەوە ئێمە نەمانوتووە یەكسانین، یەكسانن، بەڵام دەوڵەمەند عقوبەكە زۆر لای ئیعتیادیە لەبەر ئەوەی پێنج ملیۆن هیچ نیە بۆ ئەو، لەوانەیە زیاتریش ئیمكانیەتی هەبێت كە بیدات، ئەوە سزا نیە، یەعنی حەبسەكە بۆ ئەو باشترە، فەقیریش هەیە زۆر تاوانبارە پەنجا سجنی دیتیە، چەندین جاریش سجنی كەی بەلایەوە هیچ نیە، ئەو وەختە غەرامەكەی لەسەر فەرز كەی زۆر باشترە، واتا ئەگەر هەردووكی بەیەكەوە بێت هەردوو لایان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شمسە خان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو خاڵەی كە تەسنیفی عقوبە بكرێت، كاك عادل هەر تەئییدی كردووە، كاك عونی هەر تەئییدی كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە لەبەر ئەوەی هێشتا نەگەیشتینەتە ئەوە، فەرموو، كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەتبیقی عقوبەكە، (باحدى العقوبتین) بێت، نابێت بەهەردووكی بێت، چونكە زۆر توندە بەراستی تەحەمول ناكرێت ئەوە، ئێمە لەبیدایەتین با خەڵكەكە رابێت، بەباشی نازانین، بافەترەیەك وابێت، خۆی غەرامەكەیش رادیعێكە، خۆ غەرامە ئەوە نیە كە كابرا پارەی دەدات، كە لەمەحكەمە رادەوەستێت خەڵك دەڵێت لەمەحكەمە راوەستاوە و جەزای دەدات، عەیبەكە لەویەیە بۆ شەخسەكە، خۆ شەرت نیە هەر بچێتە ناو سجن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك كرخی فەرموو.**

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من تەنها یەك تێبینیم هەیە لەسەر تەوزیحەكەی كاك سەردار بەراستی لەوەانەیە مەقسودیش نەبێت تەوزیحەكەی، خۆ شەرت نیە هەموو فەقیرێك فێری سجن بێت، یان سجن كرابێت، یەعنی ئەوە ئیجحافێكە بەحەقی فەقیران، ئەگەر تاوانبار بێت و چەند جارێك سجن كرابێت، ئەوە قەیناكا، بەڵام من لەگەڵ ئەوەیشدانیم كە دەوڵەمەند زۆر بائاسانی دەچێت پێنج ملیۆنەكە ئەدات، گوێی پێ نادات، بەخوا دەوڵەمەندەكە بەزەحمەت تر دەیدات، بۆیە پێم وایە ئەوە راستكردنەوەیەكی لازمە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەراستی من لەهیچ قانونیك نەمدیتیە خاسەتەن قەوانینی جەزائی تەفریقە بكات بەینی دەوڵەمەندو بەینی فەقیر، (المواطنون سواسیة امام القانون)، ئەگەر فەقیر بێت یان دەوڵەمەندبێت كە موخالەفەی قانونی كرد دەبێت سزای خۆی وەرگرێت، ئەوە نوقتەی یەك، نوقتەی دوو: چرۆ خان مەوزوعێكی ئیسارە كرد، ئەوەیش جەوابمان نەداوە، بەراستی مولاحەزەیەی بۆ ئێمە نارد، دەڵێت عەجبا ئەو مۆبایلانە دەگرێتەوە وەكو عێراقوناو ئەوانە، بەراستی لێرە ئەو قانونە تایبەتە بە هەرێمی كوردستان، ئەو شەریكانەی لێرە كاردەكەن بەراستی، دەرەوەی هەرێم ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە كە لێرە باسی دەولەمەند دەكەین، نەك هەر فەقیر، كە باسی فەقیر دەكەین و دەوڵەمەند دەكەین تەنها تاوانبارەكان خۆ هەموو دەوڵەمەندێكیش تاوانبارنیەو، هەموو فەقیریكیش تاوانبار نیە، بەڵام لێرە كە باس دەكرێت، ئەوانەی كە تەنها ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو برادەرانەی كەلێرە دانیشتوون، لێپرسراوی لیژنەكانن كە راپۆرتەكانیان نووسیوە، لەبەر ئەوە ئێستا نۆرەی ئەوانە، قسەیان دەدەمی داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر كەسێك دەستی بڵند نەكات، ئەگەر وابێت دەگەڕێینەوە بۆ ئەو نوقاتانەی كە هەموو جارێك رەخنەم لێی دەگرت، بۆیە ئێستاكە نۆرەی ئەوانە، بۆیە قسەم داوەتە ئەوان بۆ ئەوەی رەئیان بدەن، من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، یەكەم شتێك دائیمەن تكرار**

دەبێتەوە، لەزۆر موناقەشاتی یاساکاندا، دەڵێن ئەو یاسایە حاکم مومکینە زەحتی لێ بکرێت، واستە بکرێت، وابزانم چرۆ خان بوو وتی، نابێت یاسا دانان لەسەر ترس دابنرێت، واللە ئەو یاسایە نابێت دایبنێم، چونکە من سیقەم نیە، لەسەر شوبهە، شوبهە نابێت لەیاسادا، یاسا دادەنرێت لەبەر ئەوەی قەناعەتت پێیەتی، پێویستیت پێیەتی، ئەمە ئەو یاسایە فلان حاکم بە شێوەیەك جێ بەجێی دەکات، فلاّن حاکم خوانەخواسە واستە قەبوڵ دەکات، ئەوە نابێت وامان لێ بکات کە سیغەکە بگۆڕین، دوویش: وەکو کاك شێروان باسی کرد، فەقیرو دەوڵەمەند فەرقی نیە، ئەوەی تاوان بکات لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن و ئەگەر بێت و زۆربەی ئەوانەی کە ئەو ئامێرە بەکار دەهێنن بەشێوەیەکی خراپ، نابێ فەرق و جیاوازی بکەم، بەلاّم ئەوانە زۆربەیان کوڕە دەوڵەمەندن، ئەوان قودرەتیان زیاترە، پارەیان زیاترە، سیم کارتەکە دەکڕن و، ڕۆژانەیان زیاترە دەتوانن چوار سەعات، پێج سەعات قسەبکەن، لەبەر ئەوە فەقیرەکە حەریسە زیاتر لەسە ئەوەی پارە زیاتر سەرف نەکات، بەلاّم کە قانون دانرا دەبێت هەموو لایەك بگرێتەوە و ئەو قانونە وەکو عەرزیشم کرد بۆ ئەوەیە هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، چونکو وەکو باسمان کرد ئەو گۆڕانکارییەی کە لەدنیا رووی داوە ئێمەیشی گرتۆتەوە، مۆبایلە، ئەنترنێتە، ئیمێڵە، وای لێ کردووە بەشێکی بەخەراپ بەکاربێت، لەزەرەری خەڵکدا بێت و وروژاندنی کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێت کە ئێستا دوو رەئی هەیە لەسەر ئەو شتانە، ئختیلافەکە لەسەر دوو مەسەلەیە، لیژنەی یاسایی ولیژنەی ناوخۆ دوو ئیختیلافیان بۆ لەسەر ماوەکەی کە لیژنەی یاسای دایناپە بە ساڵێك، لەساڵێك کەمتر نەبێت، بەلاّم لیژنەی ناوخۆ دەڵێت سێ مانگ، ژمارەیەکتان پشتگیریتان لە لیژنەی ناوخۆ کرد لەوەدا، رەنگە هەردووکیان موافەقەت بکەن کە ببێتە شەش مانگ، حەدی ئەدناکە، ئەو مەوزوعە حەل دەبێت، ئەگەر کاك سەردار موافیقی بەشەش مانگ؟ لیژنەی ناوخۆ رەزامەندی نیشاندا کە شەش مانگ بێت، لیژنەی یاساییش رەزامەندی نیشاندا کە پڕۆژەکەی خۆی هەمواربکاتەوە وبیکاتە شەش مانگ، واتا بەرەئیی هەردوو لیژنەکە و لیژنەی شارەوانی ولیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیریان کرد، واتا ئێستایش هەر چوار لیژنەکە حەدی ئەدناکەیان کردە شەش مانگ، دەمێنی لەسەر ئەوەی کە، (احدى العقوبتين)، یەکێك لەو دوو عقوبەتە، کاك فرست رەئێیکی هەیە لەسەر حەد ئەلئەعلاکە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەد ئەعلای حەبسەکە پێنج ساڵە، حەد ئەدنا عەلا اساس ببێتە شەش مانگ، بەلاّم ئەگەر تەماشای غەرامەت بکەین، چونکە حاکم حەقی هەیە بەغەرامەت حوکم بکات یان بە حەبس، حەد ئەعلای حەبسەکە پێنج ساڵە، یەعنی پێنج ملیۆنە، پێنج ملیۆن موقابیل پینج ساڵ حەبسە، بەرەئیی من کەمە پێنج ملیۆنەکە، ملیۆنێك موقابیل شەش مانگ بێت خراپ نیە، بەس پێنج ملیۆن موقابیل پێنج ساڵ بێت بەرەئیی من نسبەوتەناسبی لەگەڵ یەك نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو لیژنە رەئیتان لەسەر قسەکانی کاک فرست جیە؟ کاک شێروان و کاک سەردار، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەگەڵ پێنج ملیۆنەکەین، پێمان وایە مەبلەغێکی باشە بەراستی، وەزیادبوونی بەراستی بەرەو تەشدید دەڕوات زیاتر، بۆیە پێمان وایە پێنج ملیۆنەکە شتێکی مەنتقی و مەعقولە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەدی ئەدنایەکە ملیۆنێکە، حەدی ئەعلایەکە پێنج ملیۆنە، دەمێنێت لەسەر ئەو ئیختیلافەی تر کە نووسرایە (باحدی هاتین العقوبتین)، لیژنەی ناوخۆ دەڵێت ئەوە پێویست ناکات، ئەگەر پێویست نەکات مەعنای وایە تەشدیدێکی زۆرە ئەوە، تەشدیدێکی زۆرە هەم پارەکەیە، هەم عقوبەکەیە لەراستیدا وەکو لیژنەی یاسایی وتی، ئەما ئەگەر بمێنێ وەکو خۆی ئەوە دەمێنیەتە سەر تەقدیری حاکم و حاڵەتەکە، مومکینە حاڵەتەکە ئیجاب بکات تەنها بەغەرامەتێك، مومکینە قەزفێکە، جنێو دانێکە، شەڕ فرۆشتنێکە، شەڕێکە، سێ وچوار جار تیکرار بۆەتەوە، پێویست بکات بەغەرامەکە، ئەگەر ئەو نەسەی تێدا نەبێت هەر حاڵەتێك هات، بچووك ترین شت بێت حوکمی شەش مانگەکەی بدات وپارەکەیش بدات، نازانم کاك سەردار ئەگەر موفتەرەحەکەت سەحب نەکەیتەوە، یەعنی رێك نەکەون لەسەر ئەوە، مەجبور دەبم بیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەراستی ئەو تەشدیدەی لیژنەی داخیلی زۆر زۆر موشەدەدە بەراستی، یەعنی پێم وایە سوڵتەیەکی تەقدیری هەر بۆ مەحکەمە بەجێبهێڵینەوە، هەر لەئێستاوە ئێمە قەرار نەدەین و کەئەنەهوو ئەو کابرایە لەئێستاوە شەش مانگ حوکم درا، لەبەر ئەوەی هەر تەلەفۆنێکی کرد، بەراستی ئەو سوڵتە تەقدیریەی بەگوێرەی جەسامەتی جەریمەکە بۆ مەحکەمە بە جێ بهێڵین و ئەگەر تەماشای بکەین بەگۆیرەی قانونی عقوباتیش ئەو جەرائیمانەی کە ئێستا ئێمە باسمان کردووە، بەراستی هەم غەرامەکانی زۆر کەمە و عقوبەکەیشی زۆر زۆر لەوانە کەم ترە، و دیسان هاتووە (باحدی هاتین العقوبتین)، هەر بەگوێرەی ئەو جەریمانە ئەگەر بە ئعتیادی رووبدات، بۆیە بەقەناعەتی من ئەگەر بەمۆبایلیش رووبدات قیدی ناکات باغەرامەکە زیاتر بێت وعقوبەکەیش زیاتر بێت، بەلام باحدی (هاتین العقوبتین) لەجێگای خۆیەتی و ئەو سوڵتە تەقدیریە بۆ مەحکەمە بەجێ بهێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار موفتەرەحەکەی خۆت سەحب ناکەیت؟ ئەگەر نایکەیت، رەئیی حکومەت وەردەگرین، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕەئیی خۆمان بەڕاستی ناتوانین سەحب بكەین، لەبەر ئەوەی بە كۆبونەوەی لیژنە ئەو ڕەئیەمان داوە، بەڵام ئەوە هەر تەشدیدی تێدا نیە، ئێمە لێرە كە كردمان بە شەش مانگ، یەعنی هەندێك جەرائم هەیە بۆ نموونە مادەی (432) لە قانونی عقوبات دەڵێت: (كل من هدد بالقول او الفعل)، هەتاكو ئاخیری، دەڵێت:( یعاقب بالسجن لمدة لاتزید عن سنة واحدة)، یەك ساڵ، لەو مەسەلەی زیندانیەكە ئێمە كەم ترمان كردووەتەوە، مەسەلە لێرە هەر تەشدیدەكەی تێدا نیە بەتەنها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە كاك سەردار نەصی ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ناوخۆیی، ئەگەر بەرەئیی ئێوە بێت مەعنای وایە هەر تاوانێك كە لەویاسایە هەیە ئەبێت عقوبەتدا، پارەكەیش وزندانێكەیش، هیچ تەقدیرێك بۆ حاكم نامێنێت تەقدیر بكات كە ئەوە زیندانی ناوێت، مومكینە وەكو عەرزم كرد یەكێك تەلەفۆنێكی كردووە یان شەو درەنگێك ئیزعاجی كردووە یان جیهازەكەی بردووە، كە بچێتە لای حاكم بەپێی ئەو قانونە ئەگەر (احدى هاتین العقوبتین) رەنگە پارەكە بدات وتەنبیهی بكات، بەڵام ئەگەر (احدى) كەی تێدا نەبێت مەجبورە شەش مانگەكەیش بیخاتە سجنەوە، ئەوە توندە بەحەقیقەت، كاك سەعد ڕەئییت چیە؟ جەنابت.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی ئەو تەوزیحەی جەنابت دەكەم، بەڕاستی ئەو پێشنیارەی لیژنەی ناوخۆ زۆر توندە با لێی بگەڕێن، بەتایبەتیش هەندێ خراپ بەكارهێنان هەیە ئیحتیماله زۆر ئەوە نەگونجێت بەو عقوبە قورسە، بۆیە تەئییدی ئەوە دەكەم لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ جەنابی سەرۆكی لیژنەو جێگر تەبیعی قسەمان كردووە بەڕاستی ڕازین لەسەر سەحبەكەی، بەڵام هەر ئەمەوی تەنها ئاماژە بە تەشدیدی ئەو عقوبە بكەم، لەبەر ئەوەی ئەوە جانبی ڕەدعەوییە، مەسەلە ئەوەیە كە مەشاكیل زۆر بووە لەخراپ بەكارهێنانی مۆبایل، ئێمە كە ئەو یاسایەمان داناوە مەبەستمان ئەوەیە ببێتە رادع بۆ ئەوكەسانەی كە بەخراپ بەكاری ئەهێنن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو تەشدیدە بووین، بەڵام برادەران ڕازین لەسەر سەحبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کەواتە ڕێککەوتن، ئەوە لیژنەی قانونی، بە تەعدیلی عقوبەکەی ئەوەی کەلە ساڵێکەوە بۆ شەش مانگ، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووان لەئەندام پەرلەمانەکان مەسەلەی لەکاتی لێخوڕینی سەیارە کە ئەویش خراپە بۆ هەموو هاووڵاتیان، ئەگەر بکرێت دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێدایە، تێدایە، من یەك شت ئەڵێم ئەو قانونە وەکو باسیان کرد لەهەرێم جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەگەر لەتەلەفۆناتی دەرەوەیش ئیسپات بوو لەسەری مومکینە حوکمەکە بدرێت، کە بێتە ناو هەرێم، یەکێك ئەگەر حوکمدرا ناوەکەی دەدرێتە هەموو ناوچە حدودییەکان کە بێتە ژوورەوە دەبێت عقوبەکەی جێ بەجێ بکات، وابزام کاك خلیل بوو ئیزافەیەکی کردووە، کاك شێروان ئەگەر سەیرێکی بکەن، دڵێت: (واخبار مختلقة تثير الرعب)، لەسەتری سێهەم، ئەوەی کاك خلیل مەبەست لەوەدایە، چونکە ئێستا بەمۆبایل یان بە ئیمێڵ یەکێك دەتوانێت خەبەر بنێرێت بۆ یەکێکی تر، ئینجا هەندێ جار بەسوعبەت بێت، بەراست بێت، مەسەلەن دەڵێت یەکێکی زۆر نزیکی ئەو حادیسەی سەیارەی لێ قەوماو مرد، مومکینە کابرا تووشی سەکتەی قەلبی بێت، ئەوە بەکارهێنانێکی خراپە، بۆ ئەو ئامێرەی کە بەدەستەوەیەتی مەبەستی کاك خلیل ئەوەی من تێگەیشتم ئەوەیە، باشە لیژنەی یاسایی ئەوەیشی ئیزافە کرد، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ کەس پێشنیاری ئەوەمان کرد بکرێت بە دوو بڕگە، بڕگەی ا: فیعل، بڕگەی ب: عقوبەکان، سزاکان، ئەوە بۆ زیاتر ڕێکخستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست دەڵێت شتی وانابێت، پێشتریش باسیان کرد کە جیاوازی هەیە، دەیخەمە دەنگەوە ئەو مادەیە بەو گۆڕانکاریەی کە لیژنەکان ڕێك کەوتن لەسەری بەو ئیزافەیەی کاك خلیلیش، کێ لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، فەرموو، کێ لەگەڵیدا نیە؟ دووکەس، سێ کەس لەگەڵیدانیە، بەزورینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بڕۆ بۆ مادەی سێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی سێهەم:

هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست ببێتە مایەی بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل یان دەزگاو ئامێرێکی بەتەل، یان بێ تەل، یان ئەنتەرنێت، یان پۆستەی ئەلیکترۆنی، بۆ بێزار کردنی کەسێکی تر بەو حاڵەتانەی کە لەمادەی یەکەمی ئەم یاسایە هاتوون، ئەوە بەحبس سزادەدرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ کەمتر نەبێت و لەسێ ساڵ زیاتر نەبێت و بەغەرامەیەکی لە (750) حەفت سەدو بەنجا هەزار دینار کەمترنەبێت و لە (3000000) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دووسزایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین لەلیژنەی ناوخۆ کە دوو گۆڕانکاری بەسەر بێت یەکەم: حەدی ئەدنا لەسزاکە لەشەش مانگ بکرێتە سێ مانگ، دوو: لێرە باس لە ئیزعاج دەکەیت، دەبێت باسی ئەوە بکەین کە بەقەستی تێدا هەبووە، یەعنی زۆر جار هەیە تەلەفۆن بەغەڵەتی لێدەرێت، هەندێك پێی ئیزعاج دەبێت، بەڵام مەقسەدی نەبووە، ئەو قیاسە دەیگرێتەوە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین سیاغەکەی بەو جۆرە بێت: (يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على ثلاثة سنوات، وبغرامة لا تقل عن سبعمائة وخمسون الف دينار ولا تزيد على ثلاثة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين، كل من استخدم احدى وسائل الاتصالات بقصد ازعاج غيره في غير الحالات الواردة في المادة الاولى من هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رشاد ئێوە هیچتان هەیە لەسەر ئەو مادەیە؟.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە لەسەر ئەو مادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، تێبینی یەکەم: ئێمە پشتگیری لیژنەی ناوخۆ دەکەین کە شەش مانگەکە بکرێتە سێ مانگ بۆ ئەوەی مونەسەق بێت لەگەڵ مادی پێشوو، تەنسیقێك هەبێت، شەش مانگ وسێ مانگەکە، ئەوە یەك، دوو: بەنیسبەت ئیزعاجەکە، ئێمە کە هاتین دەڵێین ئیزعاجێکی عەمدی بێت، واتا ئیزعاجی غەیری عەمدی ناگرێتەوە ئەگەر بەغەڵەت یەکێك یەکێکی تر داوا بکات لەمۆبایل، بەڵام ئیزعاجەکە

مەسەلەن بەعەمدی پێنج، شەش جار تەلەفۆنی بۆ بکات، رەنگە ئەوە دەبێتە عاملی ئیزعاج وەبەبێ ئەوەی دەنگی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست مولاحەزەیەکی بەجێی هەیە دەڵێت: ئەو مادەیە ئیزعاجە وەکو ئەوەی یەکەم نیە، لەبەر ئەوەی عقوبەکەی سێ ساڵەکەی زۆرە، ئێستا ئەو مادەیە هەردوو لیژنەو لیژنەی شارەوانیش وماڤی مروڤیش مانیعیان نیە، کاك رشاد مودەکە ببێتە ساڵێك پێت باشە؟ هەر چوار لیژنەکە ئیتیفاقیان کرد کە مودەکە حەدی ئەدناکەی ببێتە سێ مانگ، و حەدی ئەعلاکەی ببێتە ساڵێك، وە ئیزعاجەکەیش کەلیمەی عەمدەنیشی لەسەر بنووسرێت، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ولەراپۆرتی لیژنەی ناوخۆیش هاتووە، بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی مۆبایل و ئامێرەکانی تر، ئێستا خۆشك وبرایان باسیان کرد کە سیم کارت لەبازاڕ دەفرۆشرێت، پێشتر نیزامی تەلەفۆناتی نۆرماڵ کە لەمالآن هەبوو تەسجیل دەکرا بەموافەقەو کۆمەڵێك ئیلتیزامات هەبوو، چەندین شوێن هەموو کە دەبوایە موافەقەتی لێ وەرگرێت هەتا ئیجازەی تەلەفۆنەکەت دەدرایە، ئەگەر بیشی فرۆشتایە دیسان دەبوایە بەموافەقەتی جیهاتی موختەس بیفرۆشرایە ئەو تەلەفۆنە و، لەسەر ناوی لادەکەوت، ئێستا بەهەزاران تەلەفۆن و سیمکارت لەبازاڕ دەفروشرێت، نازانی ناوی کێیە، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم ئەوەی کە لیژنەی ناوخۆ داوای کردووە هیچ سیم کارتێك بەبێ شروت نەفروشرێت وە ئەوەی داوای دەکات نەیدرێتێ، بەکۆمەڵێك شروتی قانونی بیدرێتێ، ساحیب شەریکە پێت بیفرۆشێت، وە ئەگەر من ئەو سیم کارتەم کڕی حەقی ئەوەم نەبێت بیفرۆشم، تا موافەقەی ئەوان وەرنەگرم و لەسەر ناوم نەسرێتەوە وبەناوی ئەوی دەیکرێت بنووسرێت، چونکە تەلەفۆن هەیە بیست ناوی کردووە، بیست دەستی کردووە، جەریمەی پێدەکرێت و نازانی بەدەستی کێیە، لەبەر ئەوەی ئەوە نوقتەیەکی ئەساسییە بۆ ئەوەی خاوەن جەریمە یان خاوەن موخالەفەکە بدۆزرێتەوە، تەلەفۆن هەیە دە دەستی کردووە، تۆ یەقەی کێ دەگری؟ ئەوە نوقتەیەکی زۆر موهیمە، جەنابی سەرۆك ئەبێت حیسابی بۆ بکەی، کە من وەرم گرت دەبێت کۆمەڵێك شروتم هەبێت کە حەقی فروشتنیشم نەبێت بەبێ موافەقە، کە فرۆشتیشم لەسەر ناوی من نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مادەیەك هەیە لەلای لیژنەی قانونی ئەو تەفسیلاتەی کە جەنابت باست کرد تێدایە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە زیادە، بەراستی ئێمە ئەگەر تەماشای فەلسەفەی دارشتنی ئەم یاسایە بکەین، کە چەند جاریش جەنابت ئیشاراتت پێیدا، ئەمە بۆ هۆشیارکردنی خەڵکە بەتایبەتی ئامێرەکانی راگەیاندن کە چەند ساڵێکە هاتوونەتە کوردستان، من پرسیاردەکەم ئێمە خەڵك بۆ ئەوە هوشیار دەکەین هەرچی هات ملی بگرین و بیخەینە سجن، ئایا سجنەکانی ئێمە شوێنی چاکسازین کە خەڵکی لێ چاك ببێت؟ بەراستی من چاوەروانم دەکرد کە نوێنەری حکومەت لەو مەسەلەیە دیفاع بکات، ئێمە ناکرێت سجنەکانی خۆمان پرکەین لەخەڵك، سبەینێ ئەگەر رۆژنامەنووسێك دوو جار تەلەفۆن بۆ نەفەرێك بکات، کابرا دەڵێت واللە ئیزعاجی کردم، کۆمپانیایەك دوو ریکلام بۆ نەفەرێك بنووسێت دەڵێت واللە ئیزعاجی کردم، بەراستی ئەوە مەتاتییە، من داوا دەکەم، یەکەم: ئەو مادەیە لابدرێت، دووهەمیین: ئێمە با رەچاوی ئەوە بکەین کە وڵاتە دیموکراتخوازەکان وپێشکەوتووەکان سجن، حەبس کردن ئاخر عقوبەیە، با ئێمە نەیکەینە ئەوڵین عقوبە، ئێمە ئەگەر تەوعیە، ئەگەر بۆ هوشیارکردنەوەیە بابیر لەغەرامە بکەینەوە زیاتر نەك تەنها سجنەکانمان پرکەین، باشە ئێمە ناپرسین چ ئەرکێك لەسەر حکومەت دەکەوێت؟ هەر کەسێك کە سێ مانگ، یان شەش مانگ، یان پێنج ساڵ سجن بکرێت، بەراستی من داوا دەکەم خوشك وبرایانی بەرێزی ئەندامانی پەرلەمان لەو مەسەلەیە با تۆزێك بەشێوەیەکی فراوانتر باسی بکەین و داوایش دەکەم ئەو یاسایە مودەی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە سەردەمێك دێت لەم پەرلەمانە خەڵکێك بەئێمە دەڵێت بەچ بیرکردنەوەیەك ئەم یاسایە بەو تەشدیدە و ئەو عقوباتە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەرێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەمادەکەی دیکەدا بۆیە دەنگیشم بۆی نەدا، چونکە زۆر لەگەڵ مولاحەزەکەی کاك فرست بووم، ئێمە وتمان (باحدی هاتین العقوبتین) لابدرێت، دوایی بەڵی سەحب کرا، موشکیلەنیە، بەڵام کاغەزێکیشم نارد بۆ کاك شێروان، ئەبوایە غەرامەکە زیاد کرایە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیادنەکرایە لێرەدا من بەمەعقولی نازانم یەکێك سەبارەت بە زەرەری ئەخلاقی یان مەسەلەن جاری واهەیە باری خێزان ئەشێوێنێ، زۆر شتی تر کە لەمادەی یەکەمدا بووەتە هۆی یەك ملیۆن بۆ پێنج ملیۆن، بۆ لێرە (700) هەزار بۆ سێ ملیۆن، یەعنی فەرقەکە زۆر زۆر کەمە بەنیسبەت فەرقی بابڵێین کارەکە، کارەکە کە کەسەکە ئەنجامی ئەدات فەرقەکە زۆر زۆر کەمە، لێرەدا مادام لەوێ زیاد نەکراوە با لێرەیش کەم کرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەرێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید لەقسەکەی خۆم دەکەم کە پێشتر کردم، لێرە عەمدەن هاتووە لەو مادەی، پێویستە ژمارەی تەلەفۆنەکە لەو کابرا وەرگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی قسەکانم بکەم من گلەییەکم هەیە لەسەرۆکایەتی، من وەك ئەندامی لیژنەی یاسایی مافی خۆمە رەئی یاسایی بدەم لەسەر مەسەلەکان، کاتێك کە مەسەلەکە زۆر قوڵ دەبێتەوە لەناو لیژنەی یاسایی و لەناو ئەندامانی پەرلەمان لەوەدا ئەوەم هەیە، ئەگەر دەستیش بڵند بکەم، قسە بکەم لەگەڵ لیژنەی یاسایی، یەك راست دەڵێن ئەوە تۆ ئیمزات کردووە لەسەر راپۆرتەکە بۆت نیە قسە بکەی، ئەگەر وابێت من لەمەو دوا هەموو جار من دەستم بڵند دەکەم و تەوقیع ناکەم لەسەری، بەراستی ئەگەر مەجال نەدرێت قسە بکەم، برادەرانی منیش و پێش ئێستاش برادەری تریش ئیزن دراوە کە قسە بکات، موزوعەکە تەنها ئەوەیە من تەئییدی ئەوە ئەکەم کە ئەو مادەیە زیادە، لەبەر ئەوەی، ئەوەی لەو مادەیەدا هاتووە، من پێم وایە ئەوەی ئەو حاڵەتانەی لەو مادەیەدا دیاری کراوە علی سبیل المثالە، نەك علی سبیل الحصر، بۆیە مەسەلەی ئیزعاجیش دەتوانێت لەوێ بگرێتەوە بە بێ ئەوەی لێرەدا ئەو مادەیەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم حەزئەکەم جەوابی جەنابت بدەمەوە، سێ ئەندامی لیژنەی یاسایی، سەرۆك و جێگرەکەی و موقەریرەکەی لێرە دانیشتوون، جەنابت دەتوانیت ئەگەر زۆر مولاحەزاتت هەیە داوا بکەی لەجیاتی یەکێکیان بێیت لێرە دابنیشێ، دووهەمیش خۆم ئیقتیراحم بۆ جەنابت کرد هەر مادەیەك وەکو ئەندامی لیژەی یاسایی پێت وایە، مولاحەزەت هەیە، دواتر بۆت دێت مولاحەزەکە، پێشتر ناوت بنووسە، ئەگەر هیچتیش نەبوو بڵێ قسەکانم کرا، ئەگەر ناوت نەنووسرێت دوایی ئەندامانی تر گلەییم لێدەکەن ،ئەگەر بەتەنها دەنگ بدەم بەتوو، لەبەر ئەوەی فەقەت ئەندامی لیژنەی یاساییت، ئەوەی مولاحەزەی گرنگەو هاتووە ئەوەی کاك ئارامە، دەڵێت ئەو مادەیە زیادەو کاك کریمیش پشتگیری لێدەکات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو مادەیەی کە پەیوەندی بەئیزعاجەوە هەیە، بەراستی لەخۆمانەوە نەمان هێناوە بەڵکو لەقانونی عقوباتیش هەیە و لە مادەی (363) هەر وەکو د. رۆژان ئیشارەتی پێدا، ئێمە بەنەزەری ئیعتیبارمان

وەرگرتووە كە عقوبەكەی لەساڵێك كەم تر نیـە، وە غەرامـەیش لەسـەد دینـار كـەمتر نیـە یـان بەیـەك لـەو عقوبەتانەی كە ئیشارەتی پێدرایە، بەڵام ئێمە لێرە رەنگە عقوبەكەمان تۆزێك زیادكرد بێت، چ بەنیسبەت غەرامە چ بەنیسبەت حەبس، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین كە ئەو مادەیـە ئیلغـا بكرێـت، بـەڵكو زەروریـە، ئەو مادەی تێدایە ئامیرەیە، تازە هاتووە عقوبەیەك و یاسایەكی تازەمان بۆی داناوە، بۆیە ئێمە پێمان وایـە زەروریە ئەو مادەیە بمێنێتەوە، ئەوەی كـاك خورشـید ئیشـارەتی پێـی دا بەنیسـبەت سـیم كارتـەكان، ئێمـە مـادەی تایبـەتیمان هەیـە هـەر وەكـو ئیشـارەتمان پێـی كـرد، جگـە لـەوەیش موسـتەلەحێكمان بـەكارهێناوە ناویمان ناوە، (الحـائز غـیر المشـترك، مـن هـو الحـائز غـیر المشـترك)؟ حـائزی غـەیری موشـتەرەك بەنیسـبەت ئیعادەی نەزەر لەوەزعەكەی بكرێتەوە، ئـەو كەسـەیە یـان ئـەوەتا سـیم كـارتی كڕیـوە لـەو شـەریكە بـە بـێ ئەوەی مەعلوماتێك بداتە شەریكە، ئەوە دەفتەر نفوسی، ئەوە مەعلوماتـە بـەپێی شەخصـی خۆیـەتی، یـان ئەوەیە لەیەكێكی كڕیەتەوە، ئەو كـاتی خـۆی لەشـەریكەی كریەتـەوە، ئێسـتا حـائیزێتی، بـەڵام موشـتەرەك نیـە، سـەقفێكی زەمـەنیمان دانـاوە لەمادەیـەكی تـر دوایـی ئیشـارەتی پێـدەدەین بـۆ ئـەو مەسـەلەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك ئارام دەڵێت مەبەست لەیاساكە هۆشیاركردنەوەیە، نـەخێر تـەنها هۆشـیاركردنەوە نیـە، بـەڵكو زەبـرو رەدعیشە، خاڵێكی تر ئێمە لەموجتەمەعی ئەوروپا ناژین كاك ئارام، ئێمـە لەكوردسـتان دەژیـن و زۆر بـاش ئاگامان لە كۆمەڵگای كوردستان و ئەو تەتەوراتانەی هەیە كە وای كرد، ئەوروپا بیست ساڵە ئەوانەی هەیە، بـەڵام ئێمـە لەهـەنگاوی یەكـەمین، هەزارمەشـاكلمان بـۆ روودەدات، مەبەسـت لەیاسـاكە زیـاتر ئەوەیـە چارەسەركردنی كێشەكانی كوردستان بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە واتا هەر سێ لیژنەكان لەبەر ئەوەی كاك كریم پشتگیری لەقسەكانی كـاك ئـارام كـرد، كـاك ئـارام ئەگـەر موفتەرەحەكەت سەحب ناكەیت دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر سەحبی ناكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام ئیقتیراحی كرد كە ئەو مادەیە زیادەو كاك كـریمیش پشـتگیری لـێ كـرد، بـەڵام هـەموو لیژنـەكان دەڵێن لێرە زەروریە، كێ لەگەڵ موفتەرەحی كاك ئارام و كاك كریمە؟ بادستی بڵنـدكات، تـەنها چـوار كەسـی

لەگەڵدایە، مەعنای وایە هیچ، وابزانم گۆڕانکارییەکەی کە بەسەردا هاتووە تەنها عقوبەکەیە، کە لەسێ مانگ هەتا سێ ساڵە، بووەتە یەك ساڵ، یەعنی سێ مانگ و لەساڵێکیش زیاتر نەبێت، مادەکە بەو گۆڕانکاریە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، فەرموون، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، تەنها سێ کەس لەگەڵیدا نەبوون، بۆ مادەی سێ کە بووەتە چوار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی چوارەم: ئەگەر ئەو کردەوەی لەمادەکانی یەکەم و دووهەمی ئەو یاسایەدا هاتوون تاوانێکی لێ کەوتەوە ئەوە ئەو کەسەی بووەتە هاوکاری کارەکە بەبەشدار لەتاوانەکەدا دادەنرێت و هەمان سزای تاوانەکەی بەسەردا دەسپێنرێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، تەنها تێبینیەکی خۆم هەیە، ئەویش: ويعاقب بالعقوبة المقررة للجريمة المرتكبة، پێم وایە زیادە، تەحسیل حاسیلە بەپێی مادەی (48)ی قانونی عقوبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەجێیە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەین، هەر وەکو خۆی بمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەو رەئیەی کاك سەردار کە (ويعاقب) دەڵێت زیادە، رەئیتان چیە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی ئەوە زۆر زۆر موهیمە، چونکە مەسەلەی شەریك لەقانون هاتووە، شەریك کێیە بەراستی؟ بەڵام ئێستا زەروریە ئەوەی تێدا بێت و هیچ لەمەسەلەکەیش ناگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەریك لەجەریمە، لەمادەی (48) ئەگەر ئیجازەم بدەیت توزێك تەوزیح بدەم لەسەر ئەوە، لەمادەی (48) قانونی عقوبات هاتووە دەڵێت: (من حرض على ارتكابه فوقع بناء على هذا التحليل، من اتفق مع غيره على ارتكابه فوقعت بناء على هذا الاتفاق، من اعطى الفاعل سلاحا او الات او اشياء اخرى مما استعمل في ارتكاب الجريمة مع علمه بها او ساعده عمدا باي طريقة اخرى في اعمال استهدف ارتكابها)، ئەو پێشنیارەی ئەوەی لەقانون هاتووە بەراستی ئەوەیش ئیعتبار دەكرێت بەشەریك، كە ئعتیبار كرا بە شەریك یەعنی ئیزافە دەكرێت لەسەر ئەو مادەیە، لەمادەكانی داهاتوو (یعاقب الشریك) لەمادەی (50) دوهەم: (یعاقب الشریك بالعقوبه المنصوصه علیها قانونا ولو كان فاعل الجریمه غیر معاقب بسبب عدم توافر القصد الجرمی)، لەیەكەمیش هاتووە دەڵێت: (كل من ساهم بوصفه فاعلا او شریكا في ارتكاب الجریمة یعاقب بالعقوبة المقررة لها)، ئەوە هاتووە بۆیە دەڵێم تەحصیل حاصیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی راستە تەحصیل حاصیلە كاك سەردار، بەڵام ئەگەر لێرە تەئكیدی بكەی، تەئكید زەرەری هیچ نیە، كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو مادەیە كە لیژنەكان لەسەری موتەفیقن، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی؟ بادەستی بڵندكات، فەرموون، كێ لەگەڵیدا نیە؟ بەكۆی دەنگ ئەو مادە قەبوڵ كرا، بۆ مادەی چوارەم كە بوەتە مادەی پێنجەم، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم: بۆ مەبەستەكانی پیادەكردنی حوكمەكان ئەم یاسایە، ئەگەر ئەو كەسەی یەكێك لەو تاوانانە ئەنجام بدات كە لەمادەكانی یەكەم و دووهەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، كارمەندی هێزە چەكدارەكان بوو یان لەهێزی ئاسایشی ناوخۆبوو یان لەوانەبوو فەرمانی فەرمی خۆی بەكار هێنا لە ئەنجامدانی تاوانەكە یان بەپێی فەرمانەكەی یان پیشەكەی ئاگاداری نهێنی تایبەتی یان خێزانی كەسانی دیكە بوو، ئەوە دەبێتە هاوكار بۆ ئەوەی سزای توندتری بەسەر بچەسپێندرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

يعد ظرفا مشددا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون مرتكبي احدى الجرائم الواردة في المادتين الاولى والثانية اذا كانوا من افراد القوات المسلحة او قوى الامن الداخلي او ممن يستغل صفة رسمية او من المطلعين على الاسرار الشخصية او العائلية للافراد بحكم وظائفهم او مهنتهم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلیژنەی ناوخۆ پێشنیاری ئەوە دەكەین (افراد القوات المسلحه وقوی الامن الداخلی) بە زەرفی موشەددەد دانەنرێت، لەبەر ئەوەی بەڵكو ئەو زەرفە تەشدیدە بۆ قەناعەتی حاكم و زروفی جەریمەكە بمێنێتەوە، تەنها ئێمە لێرە پێشنیار دەكەین كە سیغەی مادەكە بەو شكڵەی بێت: (كل من نشر او اشاع مضمون اي اتصال بواسطة شبكة اتصالات عامة او خاصة او رسالة هاتفية اطلع عليها بحكم وظيفته او قام بتسجيلها دون سند قانوني يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة ولا تزيد عن خمسة سنوات وبغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو ئەو تەلەبەو خوێندكارانە بەخێربێن سەر چاو، بەخێربێن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەین و ئێمە لەكۆمەڵگایەك دەژین هەر وەكو هەموو لایەكمان دەزانین رەنگە هەندێك بەرپرس یان هەندێك وەزیفە هەیە ئەو شەخسە ئیستیغلالی وەزیفەكەی دەكات بەبیانووی ئەوەی كە بەرپرسێكە، تەلەفۆن دەكات، بەپێی مادە یەك و مادە دوو رەفتار دەكات بەحوكمی ئەوەی وەزیفەكە هین خۆیەتی، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە داین بەراستی كە حەدێكیش بۆ ئەوانە دابنرێت و ئەوەی لەمادەكە هاتووە ئێمە پشتگیری دەكەین بەو شێوەی كە هاتووەو، ئعتیباری دەكەین بەزەرفێكی موشەددەد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەهەمان بۆچوون، ئێمە پشتگیری لەبۆچوونەكەی لیژنەی یاسایی دەكەین، مادەكە بەشێوەی خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نور الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەیش هەر لەمونتەڵەقی ئەوەی کە دەبێت وەکو لیژنەی مافی مروڤ دیفاع لەحقوقی هاووڵاتیان بکەین، بۆیە لەگەڵ دەقی مادەکەین و ئەو زەرفە موشەددەدە بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو مادەیە، ناوتان دەنووسم باشە، کاک محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ لیژنەی یاسایی ئەوە ببێتە مادەی دوو وسێ نەك یەك و دوو، مادەیەکمان زیاد کرد من یەك پێشنیارم هەیە زیاد بکرێت ئەو (من استخدم وسائل الغیر، یەعنی اجهزة الغیر) وەکو بۆ دوو، سێ، مۆبایلێکی کەسێکی تری دەست دەکەوێت تاوانی پێ ئەنجام دەدات، ئەوەیش باحوکمەکەی موشەددەد بێت، چونکە ئستیغلالی دەکات، دوو، سێ سەعات مۆبایلەکەی لێ بزر دەبێت لەو کاتەدا شتێکی خراپی پێ ئەنجام دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باس لە توند کردنی سزاکە دەکات بۆ هەر ئەو تاوانانەی مادەی یەکەم و مادەی دووهەم، بەڵام لەمادەی یەکەم باسی ئەوە کراوە نهێنی کەسایەتی، ئەوانەی نهێنی کەسایەتی دەدرکێنن، بەرای من ئەو دێڕە زیادە، یەعنی ئەوانەی نهێنی کەسایەتییەکان دەدرکێنن یان نهێنی خێزانی هەر بۆ یەکەم دەگەڕێتەوە ئەوەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەو مۆزەفانەی کە لەکۆمپانیاکانی ئیتیسالات کاردەکەن، ئەوانەیش زەرفی موشەددەد بیانگرێتەوە، چونکە زۆر جار بەبێ ئەوەی کۆمپانیاکە ئیشارەتی پێنەدراوە، (بحکم وظائفهم)، مومکینە هەندێ شت هەیە بەقەراری قەزائی مەعلوماتی لەسەر هەبێت وبڵاوی دەکاتەوە، با کۆمپانیایەکان بە تەواوی ئیشاراتی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە زۆر بە دەقیقی داڕێژراوە ئەو مادەیە، هەمووی دەگرێتەوە ئەوەی کە لەکۆمپانیای مۆبایلیش ئیش دەکات، (بحکم وظائفهم او مهنتهم)، کەوات وت هەمووی دەگرێتەوە، ئەو قسەی کاك محمد حکیم

ئەوە جوملەیەکە، کە هەندێ کەس مۆبایلی یەکێکی تر وەردەگرێت و ئیستیغلالی دەکات و هەندێ شتی پێدەکات مومکینە خاوەنەکەی ئاگای لێنەبێت، ئەوەیش موشەدەد بێت لەسەری، جا کاك سەردار ئەگەر رەئیەکەی تەئیید دەکەیت، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەحبی موقتەرەحمان دەکەین و تەئییدی رەئی لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشە ئەو رەئیەی کاك محمد حکیم جێی بکەنەوە کاك شێروان، کەواتا ئەو مادەیە جارێکی تر کوردیەکەی بخوێنەوە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان بۆ ئیزافەکەی کام محمد حکیم، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم: بۆ مەبەستەکانی پیادەکردنی حوکمەکان ئەم یاسایە، ئەگەر ئەو کەسەی یەکێك لەو تاوانانەی ئەنجام بدات کە لەمادەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، کارمەندی هێزە چەکدارەکان بوو یان لەهێزی ئاسایشی ناوخۆ بوو یان لەوانەبوو فەرمانی فەرمی خۆی بەکارهێنا لە ئەنجامدانی تاوانەکە یان بەپێی فەرمانەکەی یان پیشەکەی ئاگاداری نهێنی تایبەتی یان خێزانی کەسانی دیکە بوو، ئەوە دەبێتە هاوکار بۆ ئەوەی سزای توندتری بەسەر بچەسپێندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیزافەی بکە کاکە یان ئەو کەسەی کە مۆبایلی یەکێکی تر بەکار دەهێنێت، بەڵی کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی رەقەمەکە بەناوێتی ئەو مەسئولە بەراستی لەو تەسەروفە، چۆن ئەو مۆبایلەی دەکەوێتە دەستی ئەو، بەراستی ئەوەی لە نەتیجەی تەحقیقات دیار دەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش شەریکە کاکە، باسی شەریکمان کرد، ئەگەر ئیسپات بوو لای حاکم کێیە، بەعەکسەوە تەشریعەکە زۆر زەروریە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ شەریکین، ئەوە هیچ ئەوە مادەیەکی تایبەتمان بۆی داناوە، ئەوە مەوزوع نیە، بەڵام بەعزێ مۆبایل هەیە بەناوی شەخسێکە و کابرا ئاگای لێنیەو دەیبەن، ئەوە یەك، یەعنی ئەوە مەحکەمە تەحقیق دەکات بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیزافە كە، دەڵێت: (او استعمل جهاز غيره للقيام باحد الافعال المذكورة اعلاه)، چونكە ئەو موفتەرەحە بۆچی بەجێیە؟ لەبەر ئەوەی تەلەفۆن یان مۆبایلی یەكێكی تر وەرئەگرێت وە ئەو كارە ناقانونیانە دەكات، دوو جەریمەی هەیە، یەكێكیان، وەكو باسمان كرد و دەنگمان بۆدا، جەریمەك كە ئیزعاجەكەیە، دوهـەمیان، ئەوەیە كە دەیەوێ ئەو تاوانە بخاتە سەر خـاوەن تەلەفۆنەكـە، خیانـەتی ئامانەتیشی تێدایـە ئـەوە، كـەواتا دەبێت سزاكەی موشەدەد بێت، دەیخەمە دەنگەوە ئەو مادەیە لەگەڵ ئەوە ئیزافەیە، كێ لەگەڵێتی؟ بادەستی بڵند بكات، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا، بچۆ بۆ مادەی پێنـج كە بۆەتە مادەی شەش.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم: ڕێگە  لەوانە ناگیرێت كە، یـەك لـەو تاوانانـەی مادەكـانی دووهـەم و سـێهەمی ئـەم یاسـایەدا هاتوون دەرحەق كراوە، ئەگەر ویستیان سەردانی دادگـای شارسـتانی بكـەن و داوای مـافی قـەرەبوو كردنـەوە بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی چیە؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشـنیار دەكـەین سـیاغەكەی بـەو شـێوازە بێـت: لاتحـول المـواد السـابقة دون حـق المتضـرر في المطالبـة بالتعويضات والحق الشخصي عن اية مخالفات لاحكام هذا القانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەماندا هاتبوو، (لایمنع من)، بگۆڕدرێت، بە( یحق لمن)، ئـەوە هـەموو موشـکیلەکە چارەسەر ئەکات، صیاغەکەش باشتر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی شارەوانی فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەماددەکە ئەکەین هەروەکو خۆی کەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی صیاغەکەی لیژنەی ناوخۆی بەدڵە، ئەگـەر بیکـەن بـەکوردی و کـەس مولاحـەزەی لەسـەری نەبێت، ئەوە شتێکی باشە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە داوای تەعویزدا خۆمان ئەزانین، مەبدەئێك هەیە، ئەڵێت(جزاء وقف المدني) یەعنی پێویستە لێرەدا، ئەم دەقە ساغ بکەینەوە، بڵێین ئەو کەسەی کەوا تاوانەکەی لەسەر ساغ ئەبێتەوە، یەعنی ئەگـەر تاوانەکـە سـاغ نەبێتەوە موجەڕەد تاوان کرابێ، حـەقی نیـە موراجەعـەی تـەعویز بکـات، ئـەبێ بنووسـین سـاغ بووەتـەوە، تاوانەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگـەر مەحکەمـە قـەراری نـەدابێت، حەقەکـەی لـە کـوێ ئیکتیسـاب ئـەکات، کوردیەکـەی مامۆسـتا کاکـە، نەصەکەی کاك سەردار بکەن بەکوردی و بیخوێننەوە، باشە کاك فرسەت ڕەئی وایە ئەو ماددەیـە زیـادە، بـا ڕەئی خۆی شەرح بکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی تەعویز، ئەگەر یـەکێك زەرەر لـە جەریمەیـەك ببینێـت، ئـەوە مەبدەئـە لـەقانون موحتـاج بـەوە ناکات، ماددەیەکی تر دابنێین، لەبەر ئەوە من ئەڵێم ئەو ماددەیە زیادە، ئەگەر وەکو خۆشی بمێنێت، ئـاخر شت حـەزف بکرێـت، چـونکە موتـەزەڕڕ حـەقی هەیـە، لەمەحکەمـەی جـەزائیش داوای تـەعویز بکـات، لـە مـەدەنیش داوا بکات، داعـی نیـە، مـن لێـرە جیـاوازی بکـەم، لـەنێوان مەحکەمـەی مـەدەنی و مەحکەمـەی جەزائی، بەس ڕەئی خۆم ئەوەی یەکەم، ئەڵێم کو ماددەکە زیادە، چونکە مەبدەئێك و قاعیدەیەکی قانونی هەیە، لەو مەسەلەیە، هـەر یـەکێك زەرەر لـە جەریمەیـەك ببینێـت، حـەقی تـەعویزی مەعنـەوی و مـاددی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئیەکەی برای بەڕێزم کاك فرسەت ئەکەم، چونکە ئێمە مەبدەئێکمان هەیە، دەڵێت، (الجزاء یقف المدني) ئەوە بۆ هەرتاوانێك و هەر تەعویزێك بەکار دێت، لێرەش تاوانێك و تەعویزێك هەیە، زۆر تەبیعیە ئەو مەبدەئە ئەیگرێتەوە، بۆیە پێویست ناکات تەئکید بکرێتەوە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی کاك فرسەت موقتەرەحێکی تازەیە، لیژنەی قانونیش پشتگیری لێ ئەکات، ئەڵێن ئەو ماددەیە زیاد یا ئیلغا بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ئێمە بچینە سەر ماددەی شەشەم، هەندێك ماددەی ئیزافیمان هەیە، ئەگەر مەجالمان پێبدەن ماددەکان ئەخوێنینەوە، دوایی لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە، چ تێبینیەکیان هەبوو، بەپێی ئەوە ئێمە ئەچینە دوای، ئەگەر ئێستا مەجالمان بدەیت ماددەکان ئەخوێنینەوە، یەك لەماددەکان ئەوەیە، هێشتا ڕەقەممان بۆ دانەناوە، بەڵام ئەگەر پەسەندتان کرد، دەبێتە ماددەی ڕەقەم شەش.

**المادة السادسة:**

على شركات الاتصالات العاملة في الإقليم اتخاذ ما يلي:-

أولاً: تسجيل بطاقة الموبايل الالكترونية وأجهزة الاتصالات الالكترونية والهواتف النقالة الأخرى الصادرة منها قبل نفاذ هذا القانون باسم الحائز غير المشترك وذلك خلال مدة ستة أشهر من تاريخ نفاذه وإلغاء بطاقة الحائز الذي يتخلف عن مراجعة الشركة خلال تلك المدة.

ثانياً: تقديم أية معلومة متعلقة ببطاقة الاشتراك والمشترك إلى المحكمة المختصة عند الاقتضاء.

ثالثاً: تعاقب الشركة المخالفة للفقرتين (أولاً وثانياً) من هذه المادة بغرامة لا تقل عن خمسة عشر مليون دينار ولا تزيد على خمسون مليون دينار. ئەوە یەکێك لەو ماددانەیە، کە ئێمە پێشنیارمان کردووە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو لیژنەکانی پەرلەمانە، بەنیسبەت ئەو ماددەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك خورشید کردی ڕەئی حکومەت لەسەر ئەو ماددەیە کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەد دەر سەد تەئیدی ئەوە ئەکەین، چونکە بەبێ بوونی ماددەیەکی ئاوا، قانونەکە زۆر ناتەواو ئەبێت، بەشێکیش لەو حاڵەتانەی کە ئێستا هەیە، ئەو تاوانانەی کە ئەکرێت، ئەو مەشاکیلە ئیجتماعیە گەورانەی کە لەسەرینی خراپ بەکار هێنانی مۆبایل دروست ئەبن، نەتیجەکەی ئەوەیە، واتە ئەو ژمارانەن کەتەسجیل نەکراون، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، بۆیە سەد دەر سەد لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی ئەکەین، ئێمەش هەمان پێشنیارمان هەیە، بەڵام بە سێ ماددەی جیا، ئەگەر ئیجازەم بدەن، هەر سێکی ئەخوێنمەوە، جیاوازییەکی وای نیە، لەگەڵ صیاغەکەی لیژنەی یاسایی، ماددەی یەکەم ئەوەی پێشنیارمان کردووە، (على شركات الاتصال المرخصة العاملة عدم بيع اية وسيلة اتصالات للافراد بدون الحصول على الوثائق اللازمة للتعرف عليه وعلى عنوان سكنه وعمله).
ماددەیەکی تر کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئێمەوە، (على شركات الاتصالات اعادة تنظيم اوضاعها بما ينسجم مع احكام هذا القانون خلال مدة لا تتجاوز 180 يوما).
ماددەکەی تر کە پێشنیار کراوە، (تعاقب الشركات المخالفة لاحكام المادة السابقة بغرامة لاتقل عن خمسون مليون دينار ولاتزيد على مئة مليون دينار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخى نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەماددە پێشنیارکراوەکەی لیژنەی یاسایی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئی کاك کەرخی بوو لە لیژنەی مافی مرۆڤ، ئێستا کاك ڕەشاد لە لیژنەی شارەوانیەکان فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش ماددەکە وا ئیقتراح ئەکەین، لە پەنجا ملیۆن هەتا سەد ملیۆن بێت غەرامەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی صیاغەی نەصەکە، کاك سەردار لیژنەی ناوخۆ، دوو، سێ ماددەت تێکەڵ کردووە، ئەگەر ئەو ماددەیە تەواو بوو، دوایی ئەتوانی لەسەر ماددەکەی تر قسە بکەیت، بەس ئێمە لەسەر ئەو ماددەیەین کەلیژنەی

یاسایی پێشنیازی کردووە، لەسەر شەریکاتی ئیتیصالات لەهەرێمدا ئەمانە بکرێت، یەك، دوو، سێی داناوە، تەنها ئیختلافەکە لیژنەی شارەوانی و ناوخۆ، داوا ئەکەن، پارەکە زیاد بکرێت، بەس لەسەر ئەو ماددەیە یان ئەو موقتەرەحە، مەچنە سەر ماددەی تر، بەڵێ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە ماددە پێشنیارکراوەکە ئەکەین، ئێمە تەنها دوو جیاوازیمان هەیە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، یەك: ئێمە پێشنیار ئەکەین، شەش مانگ نەبێت، 180 رۆژ بێت، چونکە مانگ تا مانگ جیاوازی هەیە، دوو: لەگەڵ لیژنەی شارەوانی هاوڕاین، کە غەرامەکان پەنجا ملیۆن هەتا سەد ملیۆن بێت، ئەو دوو جیاوازییەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەش مانگ، بۆ 180 رۆژ بێت، فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر باسی مانگ کرا، مانگ تەقویمیە، مانگی تەقویمیش 30 رۆژە، نە 29 یەو نە 31 یشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر مەبەستان لەمەودوایە، شەش مانگەکە زۆرە، سێ مانگ بەسە، ئەگەر مەبەستان ئەوانەی ترە، بۆ مەعلوماتتان لە هیچ وڵاتێك، کە داوای سیم کارتی مۆبایل ئەکەن، بەبێ ئەوەی تەسجیل نەکات، ئەدرەسی، عینوانی، هەویەی، پەساپۆرتی، حەتا ئەگەر بۆ سێ مانگیش کارتێك وەربگرێت، پەساپۆرتەکە بەتەنها قبوڵ ناکات، دەبێ یەکێکی خەڵکی ئەوێ هەبێت، عینوانی هەبێت، ئینجا ئەیداتێ، بۆ یەك هەفتەش بێت، کاك شێروان مودەکە 180 رۆژ چ فەرقێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە، شەش مانگ مودەیەکی مەعقولە، هەم بەنیسبەت موشتەریکەکەی، هەم بەنیسبەت ئەوەی کەنەیتوانیوە موراجەعات بکات، هەم بەنیسبەت شەریکەکە، بەتایبەتیش، ئێمە لەوێ جەزامان داناوە، لەسەر شەریکەکە، ئەگەر هاتو ئەو دوو بەندە جێبەجێ نەکرا، بۆیە ئێمە پێمان وایە، شەش مانگەکە لەجێگای خۆیەتی، رەنگە ئەو سیم کارتانەش، ئەگەر بە ملیۆن نەبێت بەهەزارەهایە، بۆیە وەختێکی باشی دەوێت، بەنیسبەت غەرامەکەش، ئێمە پێمان وایە، 25 ملیۆن مەبلەغێکی مەعقولە بەڕاستی، لەگەڵ پەنجا ملیۆنەکە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە، لەسەر ئەو مەسەلەیە، چوار کەس داوای قسەیان کردووە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو پێشنیازە ئەکەم، چونکە کۆمەڵێك کێشەی گەورە پەیدا بوون، هۆی سەرەکی پێشکەش کردنی ئەو پرۆژە قانونەش هەر ئەوەیە، کەوا کەسانێك هەن، نازانن کەوا خاوەنی ئەو مۆبایلانەن، ئەوان زیاتر بەو کارە ناڕەوایانە هەڵئەستن، بۆیە من پشتگیری لەو پرۆژەیە ئەکەم، داواکاریشم کەوا پەسەند بکرێت، لەلایەن پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی ئەکەم، تەنها فەقەرەیەکی ئیزافیم هەیە، ئەگەر بکرێت وەکو پێشنیار، (ینبغي اعلام الشركة والجهات المعنية، في حالة فقدان، او سرقة الهاتف الخلوي) یەعنی ئەمە ئیزافە بکرێت، ئەگەر دزرا یان ون بوو، ئیعلانی شەریکە بکەیت، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد محمود عبدالله( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەبارەت بەسیم کارت دوو حاڵەتمان هەیە، یەکەم: ئەو سیم کارتانەی کە چەند دەستێکی کردووە، واتە فرۆشراوە، حاڵەتی دووەم: ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لەبازاڕ هەیە، یەعنی هەموو سیم کارتەکان ئەفرۆشرێن، بە 5 دۆلار و بە 10 دۆلار، بەبێ ئەوەی تۆمار بکرێت، لەبەر ئەوە بەڕای من، ئیعلان بکرێت، لەرۆژی دەرچوونی ئەو یاسایە، هەرچی سیم کارتی بازاڕ هەیە، هەڵبگیرێت، ئاخر نەنووسراوە، نووسراوە شەش مانگ، یەعنی ئەو شەش مانگە نابێ بۆ ئەو حاڵەتە بێت، لە ئەمڕۆوە سیم کارتی بێ تۆمارکردن، ئەبێ هەڵبگیرێت لە بازاڕ، ئەوی تریان بەڕاستی 25 ملیۆن کەمە، بەڕای من یەك مانگ، کافیە بۆ ئەوەی شەریکە ئیعلان بکات هەرچی سیم کارتی تۆمار نەکراو هەیە، چ ئەوانەی کەوا چەند دەستێکیان کردووە، چ ئەوانەشی کە بەبێ تۆمار کردنن، بۆ ئەمە یەك مانگ کافیە بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بچێت، پاشان جەزاکەش بە ڕای من کەمە، 25 ملیۆن بکرێت بە پەنجا ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خۆرشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕای لیژنەی قانونی ئەکەم، بەڵام 25 ملیۆن دینار بۆ شەریکەیەك، کە ڕۆژی 25 ملیۆن دۆلار واریداتی دەبێت، ئەوە هەر هیچ نیە، پەنجا ملیۆنیش هەر هیچ نیە، چونکە ئەو شەریکە ئەگەر زەختێکی وای لەسەر نەبێت، ئیلتیزام بەقانون ناکات، جا ئەو شەریکاتانە، قانونێکی رادعی بەقوەت نەبێت، هەر منەتی مەحکەمەش نازانن، لەبەر ئەوە من ئیقتراح ئەکەم هەرچەندە پارەکەیان زیاد بکرێت و سزاکەیان قورستر بێت، هێشتا هەر کەمە، واریداتی شەریکەو 25 ملیۆن دینار چیە، ئێمە باسی هاووڵاتیەك ئەکەین، ئەڵێین 25 ملیۆن دینار چیە، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەوە ئەکەم، لەپەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت حەدی ئەدناکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی مام خۆرشید منیش ڕەئیم وایە، چونکە حەبسی تێدا نیە، تەنها غەرامەیە، کە غەرامەش بێت بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ئەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سورەتێکی وازحیان هەبێت لەو ماددەیە، ئەو ماددەیە بۆ هەر حاڵەتێکە، حەز ئەکەم بزانن، یەعنی ئەگەر حاڵەتی تر هەبوو، ئەوا ئەکات ملیارێك، ئەو کاتە بەملیارات ئەبێت مەسەلەکە، مەسەلە ئەوە نیە، دوو: دیسان تەئکید ئەکەمەوە ئەوەی کاك بەڵێن گوتی، چارەسەری مەسەلەکان ئەکات، هەروەکو لە یاساکەش ئیشارەتمان پێدا، کە حائز غیر مشترکمان ناو ناوە، ئەوە دەگرێتەوە، دەمێنێتەوە بەڕاستی ئەو سیم کارتانەی کە لەمەودوا بەڕاستی ئەوە ئیعتیادیە، دەبێ تەماشای عەقدەکەی بکەیت، نوسخەیەکیشم داوە بەسەرۆکایەتی، ئەو تەفصیلاتەی تێدایە کەچۆن مامەڵە، لەگەڵ ئەو سیم کارتانەدا ئەکرێت، کە دەستی دەستی کردووە، بەڕاستی هەم بەم قانونە عیلاج ئەکرێت، هەم بەو عقودانەی کە لەلایەن شەریکەوە مۆر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موشکیلەکە لەوەدایە،کاك شێروان ئەو عەقدەی کە شەریکەکە ئەیداتێ تا ئێستاکە کەس ئیمزای نەکردووە، ئێمە هەموومان لێرە مۆبایلمان هەیە، کێ ئیمزای کردووە، کەس نەیکردووە، کە ئیمزاشی نەکردووە مولزەم نیە پێی، ئێستا تەنها لەسەر پارەکە ماوەتەوە، دوو ڕەئی هەیە، دەڵێن با زیاد بکرێت، لیژنەی ناوخۆش پشتگیری لێ دەکات، کاك خۆرشیدیش ئاماژەی پێکرد، کاك رەشادیش کە لیژنەی شارەوانیە، ئەویش دەڵێت با زیاد بکرێت، بکرێتە پەنجا ملیۆن حەدی ئەدنا، وە سەد ملیۆن حەدی ئەعلا، مەسەلەن

شەریکە، ئەگەر بێت وپاش شەش مانگ ئەو کارەی جێبەجێ نەکردبوو، لەسەر هەر حاڵەتێك ئەوە موقتەرەحی تازەیە، شەش مانگەکە کە زیاد بکرێت، کێ لەگەڵ زیاد کردنی ئەو عقوبەیە لەسەر شەریکات، ئەگەر بێت وخاڵی یەکەم ودووەم جێبەجێ نەکات، لە پەنجا ملیۆن حەدی ئەدنا، بۆ سەد ملیۆن حەدی ئەعلا، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ کاك شێروان ئێوە لەگەڵ کامیانن؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە بەو گۆڕانکارییەی کەبەسەریدا کراوە لە سێیەم، مەبلەغی پارەکە گۆڕاوە لە 25 ملیۆن حەدی ئەعلا بۆ پەنجا ملیۆن، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبولکرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەیەکی تریشمان هەیە، ئەگەر مەجالمان بدەیت بیخوێنینەوە، ( یمنع استعمال الهاتف الخلوي النقال، (الموبایل) اثناء قیادة المرکبات، ویعاقب المخالف بغرامة لاتقل عن المائة وخمسون الف دینار، ولاتزید علی خمس مائة الف دینار او بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر، ولاتزید علی سنة واحدة، او بکلتا العقوبتین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەوە زەرەری خۆیەتی عقوبەی سجن وغەرامەو ئەوە من نازانم، من ئەزانم هەمووتان ئەوەتان ئەوێت کە عقوبەی سجنی تێدا نەبێت، ئەزانن چیە؟، یەکەم: ئەوە زەرەری خۆیەتی، کاکە لیژنەی یاسایی موافقن بەس غەرامە بێت، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەو حەبس کردنەمان پێ زیادە، بۆ مەسەلەك کە کابرا قسەیەکی کردبێ بەمۆبایل، دووەم: ئێمە غەرامەکەشمان پێ زۆرە، یەعنی 150 هەزار بۆ غەرامەیەکی مروری کابرا قسەیەکی کردووە، ئەلو 150 هەزار بدات، ئەوە زۆر زۆرە، ئێمە 50 هەزار تا 100 هەزارمان داناوە، وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار و کاك رەشاد موئەیدن بۆ 150 هەزار دینارەکە، باشە 50 بۆ 100کە، کاك بەڵێن بزانم تۆ چ موقتەرەحێکت هەیە.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی لێخوڕینی سەیارە، من پێشنیار ئەکەم، جەزای تێدا نەبێت، تەنها ئەگەر جاری یەکەم گیرا جاری دووەم، ئیجازەی سەحب دەکرێت، یەعنی ئیجازە سەحب کردنی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا میحوەری قسەکانتان بەو شێوەیە، عقوبەکە لاچوو، تەنها غەرامەکە مایەوە، لیژنەی یاسایی ئەڵێت 150 هەزار دینار حەدی ئەدنا، حەدی ئەعلاش نیو ملیۆن، لیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی شارەوانی و لیژنەی ناوخۆش دەڵێن، حەدی ئەدناکە 50 هەزار دینار بێت، ئەعلاکەس با 100 هەزار دینار بێت، لیژنەی قانونیش موافقن، کەواتە حەدی ئەدناکە 50 هەزار دینارە، حەدی ئەعلاکەش 100 هەزار دینار بێت، کەس قسەی هەیە، لەسەر ئەوە، ئێستا رەئی هەر سێ لیژنەکە ئەوەی مۆبایل بەکار بهێنێت، لەکاتی لێخوڕیندا، غەرامە بکرێت، کەمترینی بە 50 هەزار و زیاد ترین بە 100 هەزار دینار، کەس لەسەر ئەو موقتەرەحە قسەی هەیە، باشە ناوتان ئەنووسم، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەکارهێنانەکە حادیسەی لێ کەوتەوە، وا بزانم دەبێ عقوبەکەو غەرامەکەش فەرقی هەبێت، یەعنی لە شەخصێکی داوە لەمنداڵێکی داوە ئەسنای بەکار هێنانی مۆبایل، ئەگەر دووەم جارو سێیەم جار بوو، مەفروزە عقوبەکە زیاتر بێت، هەر جارەو 50 هەزار نەدات، ئەمجارە با 100 بدات، جاری سێیەم 150 بدات، بۆ ئەوەی رەدعی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر حادیسەی لێ رووبدات، مەعلومە عقوبەی هەیە، عقوبە خۆ بە 50 هەزارەکە رزگاری نابێت، کە حادیسەکە کوشتاری لێ بووەوە، 50 هەزارەکەو عقوبەی تریش دەیگرێتەوە، وەکو مەسئولیەت لە حادیسەکە، کاك بارزان فەرموو،

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم، دانانی ئەو غەرامەیە لێرەدا جێگای نابێتەوە، لە یاسای هاتووچۆدا، مەفروزە تەعدیل بکرێت و ئەمەی تێدا دابندرێت، پاشانیش ئێستا زۆر ئالەت هەیە، بەکاری ئەهێنن لەکاتی لێخوڕیندا بەڕێگای سەماعەیەکەوە مۆبایلەکە بەکار ئەهێندرێت، کەئەوە لە هەموو دونیا ڕێگە پێدراوە، حەقە ئەوە جیا بکرێتەوە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا پشتگیری لەڕەئیەكەی كاك بارزان ئەكەم، ئەوە خۆی باشە، بەڵام بەڕاستی لێرە غەرامە وەكو قانون لە پەرلەمان نایەت، ئەوە ئیشی مرورە حەق وایە ئەوان ئەوە تەنزیم بكەن، نەك لێرە بكرێت بەقانونێك و دیاری بكرێت، دوایی وەسائیل هەیە، ئێستا بە ئاسانتر بەكار دێت، نەك هەر بەو شێوازە بلوتوث هەیە، شتی تر هەیە، بۆیە من ئەوەم پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو قانونە بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی بەكار هێنانی خراپی ئامێرەكان، ئەوەش بەكارهێنانێكی خراپە، تۆ بەدەستێك سیاقەت بكەیت وبەدەستێكیش مۆبایل بەكار بهێنیت، ئەو كاتە ئاگای لەسیاقەتیش نامێنێت، مامۆستا ئەوەی كە وتت بە سەماعە قسە ئەكات، تۆ نایبینیت جریمەیە تا شعوری دەمێنێت، بەدەستەكانی سوكانەكەی گرتووە، بەڵام شەخصی وەریبگرن، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان ڕای كاك بارزانم هەیە، لەیاسای هاتووچۆدا جێبەجێ دەكرێت، بۆ نموونە ئێستا بەڕێنماییەك، لە پارێزگای دهۆك جێبەجێ دەكرێت و 30 هەزار غەرامە وەر ئەگرن، ئێستا خەڵك زۆر پێوەی پابەندە، غەرامەیەكی كەمیشە، بۆیە یەك: ئەو غەرامەیە زۆرە، دووش: ئەگەر بكرێت لەیاسای هاتووچۆدا جێبەجێ بكرێت، بەڕێنماییەك دەكرێت نەك یاسایەكی پێ دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی لەیاسا حاكم موخەیەر ئەكرێت لەبەینی 50 تا 100كە، بەس پۆلیسێكی هاتووچۆ ناكرێت، بۆیە دەبێ ئێمە تەحدیدی بكەین بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەی جانابت ڕاستە، جوابی كاك باپیرە، عقوبە نیە بەبێ قانون، بەبێ نەص، بەڕێنمایی نابێت، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك بارزان باسی کرد، زۆر ڕاستە، یەعنی لە هەموو ئەوروپا ئێستا بەکارهێنانی مۆبایل، تەنها بەدەست، چونکە دەستت ئیشغاڵ ئەکات، بەڵام مەسموحە وەختێك کە سەماعە لەگوێ دادەنێت، یەعنی ئەوە لەهەموو دونیا وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە 35 وڵات من موتابەعەم کردووە، ئەم بڕگەیە هەیە، واتە بەکارهێنانی مۆبایل بەدەست لەکاتی لێخوڕنی سەیارەدا قەدەغەیە، بەڵام ئەبێ تەعبیرەکە زۆر وازح بێت، دەبێ بڵێین بەدەست، بۆ ئەوەی مەسەلەی سەماعەکە نەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەڕەئیەکەی کاك بارزان و ئەوان ئەکەم، پێویستە ئەمە لەیاسای هاتووچۆدا جێگای بکرێتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە غەرامەکەت بۆ ئەکات، پۆلیسێکی هاتووچۆیە نەك مەحاکم، بەس غەرامەکانی تر لەڕێگای مەحاکم و دەعواوە وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەکەم، کە ئەو ماددەیە جێگای لێرە نیە، پەیوەندی بە قانونی مرورەوە زیاتر هەیە، نەك لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هاوڕام، لەگەڵ پێشنیاری هەر سێ لیژنەکە، لەسەر نەمانی عقوبە، تەنها غەرامە بمێنێت، غەرامەکەش هاوڕام لەگەڵ برادەراندا، بۆ قانونی مروری بەجێبهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شيرين عبدالرحمن دينۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری کاک شەوقی ئەکەم، ئەو بڕگەی جێگای لێرە نیە، لەقانونی مرور بێتە جێبەجێکردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئیختلافەکە، دوو شتە، یەکێکیان ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت، کە بەکار هێنانی بەدەست، کاک شێروان ئینتباه بکەن، بەکارهێنانی بەدەست بۆ ئەوەی زیاتر صەحیح و دەقیق بێت، تکایە ئەوە ئیزافە بکەن، دەمێنێ کە پێشنیاری چەند ئەندامێکی پەرلەمان کەوتیان، ئەوە جێگای ئێرە نیە، جێگای قانونی مرورە، ئێستا ڕەئیتان دوایی ئەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك: ئێمە قانونی مرورمان تەماشا کرد، هیچ بڕگەیەك یان ماددەیەکی تێدا نیە، ئیشارەت بەوە بدات، دوو: ئێمە پێمان وایە لە جێگای خۆیەتی، لەم قانونەی ئێستا کە تەنزیمی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل ئەکات، لێرە بێت باشترە، نەك بەڕێنماییەك یان بەتەعلیماتێك لەلایەن دەزگایەکەوە دەربچێت، بەکەیفی خۆی ئیتر 30 هەزار دائەنێت، یان 20 دائەنێت، حەدی ئەعلاو ئەدناشمان داناوە بەڕاستی، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت، لەگەڵ ئەوەداین کەوا لەناو یاساکەدا بمێنێتەوە، بەس تەنها بالید ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ڕای حکومەت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/وەزيری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من تەبیعیە، ئەگەر ئەوەش بەبەشێك لەخراپ بەکارهێنانی مۆبایل حساب ئەکرێت، بەڵام ئەو مەسەلەیە با بێینە سەر باری عەمەلی ئینسان سەیری بکات، ئیحتیمال هەیە، ئەوە وەکو شتەکانی تر نیە،

یەعنی زۆر واریدە، لە ئەوروپا کە ئاستی وشیاری فەرد چەند پێشکەوتووە، بەڵام رۆژانـە دەبیـنین لەبـەینی دوو شار کامیرەیەك بەنهێنی دادەندرێت، ئەو برادەرانەی کەوا لە ئەوروپا بوون باش ئەزانن، دەیان سـەیارە دەگرن، لە ئەسنای بەکارهێنانی مۆبایل بەدەست، بۆیـە ناکرێت ئـەو هـەموو خەڵکـە بنێردرێتـە ماحاکم، حـەدی ئـەدناو ئـەعلای بـۆ دیـاری بکرێت، مەبلـەغێك تەحدیـد بکرێت کەئـەوە زۆر عەمەلیـە، وەزارەتـی ناوخۆش تەبعەن دەکرێت، کە تۆی بینی مۆبایلەکەت بەکارهێناوە، یەکسەر وەصڵێکت بۆ بکات، بـۆ نموونـە 50 دینارە، کە ئەوە ڕای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، چەند گونجاوە، یـەعنی شـتێك بکـەین کـە عەمـەلی بێت، شتێك بێت ئەوە نەبێت لەشارێکی وەکو هەولێر رۆژانە 500 کەس ئیحالەی مەحکەمە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی مەعلوماتی ئێمە زوباتی مرور مخەوەلن، بە تـەفیزکردنی فـەرزی غـەرامات، لێـرە ئەگـەر غەرامەکـە دیـاری کـراو حـەدی ئـەعلاو ئـەدنا دانـرا، لەلایـەن زوبـاتی مـرور ئـەوە جێبـەجێ ئـەکرێت، نـەك لەلایـەن مەحاکم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم: لەقانونی مرور وەکو ئیشارەتیان پێدا، لیژنەی یاسایی ئەو نەصە نیـە، دوایـش بـە ڕێنمـایی نابێـت، دەبێ نەصێکی قـانونی هـەبێت، ئێمـە هـەر قانونێـك دەرئەکـەین ئـەڵێین، لایـەنی پەیوەندیـدار جێبـەجێی ئەکەن، یەعنی ئەو بڕگەیە وەزارەتی ناوخۆو مـرور جێبـەجێی ئەکـەن، بـەڵام مـن ئـەو قسـەی کـاك سـەعد وەزیری هەرێم، بیرێکی لێ بکەنەوە، یەعنی نەصەکە با موحەدەد بێت واتە 50 هەزارەکە موحـەدەد بێـت، بۆ ئەوەی زابتەکە بتوانێت قەرارەکە جێبەجێ بکات، کەواتە چاکی بکەن، (یغرم بخمسین الف) کاك شێروان دەبـێ دەسـەڵاتیش بدرێتـە وەزارەتـی نـاوخۆ، یـەعنی مـرور، فـەرموو کـاك کـەریم بـۆ ئـەوەی ئـیعتزازم لـێ نەگریت دوایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوە لێخـوڕینی ئۆتۆمبیلـە، خـراپ بـەکار هێنـانی مۆبایـل نیـە، ئـەوە عائیـدی قـانونی مـرورە بـا وەکـو جگەرەکێشـانەکەی لـێ نەیـەت، مەسـەلەی جگەرەکێشـان شەخصـی لـەناو سـەیارەدا، لـە قـانونی جگـەرەدا تەسبیتمان کرد، بـەڵام ئـەوەش مۆبایـل بـەکار هێنـان لـەناو سـەیارەدا، مخالەفەیـەکی مروریـە، نـەك خـراپ

بەکارهێنانی مۆبایل، مۆبایل زۆر بەئاسانی بەکار دێت، بەڵام مخالەفەیەکی مروریە، لێرەدا بۆ قانونی مرور ئەگەڕێتەوە، لێرە ئەگەر تەسبیتی بکەین پێم وایە، هەڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ژمارەیەك لە ئەندامان، ئەڵێن ئەوە جێگای نیە، دەبێ لە مرور بێت، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە کە لێرە جێگای نیە؟ بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کاك عەونی نوقتەی نیزامی لەکاتی دەنگدان نابێت، باشە دەی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە هی لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر کۆمەڵێك ئەندام ئەو فەقەرەیە داوا ئەکەن، کێی لەگەڵدایە کە ئیلغا بکرێت؟ دەیژمێریم باشە زۆرینەیە، کێی لەگەڵدایە کەبمێنێتەوە؟، کەمینەیە، کاکە لێرە ئیلغا ئەکرێتەوە واتە هەڵئەگیرێت، فەرموو کاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هیچ شتێکی تەبیعیە، بەڵام بەڕاستی باشە لە ماوەیەکی زۆر زوو، هەوڵبدرێت ئەوە بەتەعدیلێك بخرێتە سەر یاسای هاتووچۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، من داوا لەکاك سەعد ئەکەم، وەزیری هەرێم بەزووترین کات، پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە بێت، بۆ هەموارکردنی قانونی مرورو ئیزافە کردنی ئەو فەقەرەیە کە مۆبایل لەناو سەیارەدا قەدەغە بکرێت، بەو صیغەیەی کەهاتووە، فەرموو ئێستا بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: هەردوو وەزیری ناوخۆ وپەیوەندییەکان بۆیان هەیە، ڕێنمایی هاوبەشی پێویست، بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیان هەیە نا، دەبێ، لوزیر الداخلیە، دەڵێن صیغەکەی ئەوان باشترە، نەوەك پێویست بە تەعلیمات بکات، بۆ وەزیری ناوخۆو پەیوەندییەکان، بیخوێننەوە بەعەرەبیەکەی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

للوزيرين الداخلية والاتصالات، اصدار تعليمات مشتركة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

کەس ئیعتڕازی هەیە لەسەر ئەوە؟ فەرمووو کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە قانونی عیقابینە، قانونی عیقابیش تەعلیماتی ئەوێت بۆ جێبەجێکردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێویستی کرد، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لایەنەی کە ئەم یاسایە جێبەجێ ئەکات، دادگایە، مەفروزە ئاماژە بەوە بدەین، کە دەسەڵاتی دادوەری ئەم یاسایە جێبەجێ ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا لەماددەی دووەم کەبوو بەماددەی یەکەم، باسی نیزام و ئادابی عامەی تێدایە، کەئەوانەش قەواعیدەکانی ئامیرەن، کە قەواعیدەکانیش ئامیرە بن، دەبێ بڵێیت، علی الوزراء یان لەسەر ئەو لایەنە پێویستە، یەعنی بەوشەی ئەمر نەصەکە بنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەمان شەرح کرد، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوە باسکرا، کەئەو یاسایە بۆ هەرێمی کوردستان دەردەچێت، ئەمڕۆ هەردوو کۆمپانیای ئیتیصالاتی کۆڕەك و ئاسیا، بەشداربوویان هەیە، کەلەدەرەوەی هەرێمن، بە هۆی ئەوەی لەناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێم کاردەکەن، بەردەوامیش هەردوو کۆمپانیا کاردەکەن، بۆ ئەوەی نیتیۆرکی شەبەکەکەیان بگاتە سەرانسەری عێراق، ئایا بەشداربووانی ئەو کۆمپانیایانە لەدەرەوەی هەرێم، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەگەر بێنە ناو هەرێم ئەوا ئەیانگرێتەوە، لەدەرەوەش بن حوکمەکە ئەیانگرێتەوە، کە هاتنە ناو هەرێم حوکمەکە سجن بوو، لەمەتار ئەیانگرن، ئەو ماددەیە مادام ئیختلافی لەسەرە، ڕەئیەك هەیە، ئەڵێت هەر زیادە، کاك فرسەت ئەڵێت زیادە، تەئیدی کاك تەلعەتی کرد، کاك شێروان ئەی ئێوە موافقن؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ مانع نیە، ئەگەر ماددەکەش لەغوو بکرێت، چونکە ئەوە قانونێکی جەزائیە، جیهەتی پەیوەندیدار مەعلومە کێیە کە تەنفیزی ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لەسەر موقتەرەحی ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەی یاسایش تەئیدی کرد، کێی لەگەڵدایە کە ئیلغا بکرێت؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟، شەمسە خانی لەگەڵدا نیە، ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، بە ئیعتزازی شەمسە خان، بەڵێ کاك محمد حکیم پرسیاری هەیە.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم نارد بۆ برایانی لیژنەی یاسایی، بەڵام وەڵامم وەرنەگرت، ئەویش ئەوەیە، لە خوێندنگاکان بەتایبەتی سەرەتایی، ناکرێ ئێمە مەنعی بەکارهێنانی مۆبایل بکەین؟ گەر نا لەناو پۆلەکاندا، لێرە ئیشارەتی پێبدەین، قوتابخانەیەك مەنعی کردووە، بەبێ نیزام وشتی واش، دووەم: لە تەلەفزیۆنەکان ئەو شریتەی کە دێتە خوارێ هەمووی نووسراوی مۆبایلە، کە کێشەی لێ دەکەوێتەوە ئایا هیچ بۆ ئەوەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو ڕایەی کاك محمد حکیم کە پرسیاری کردووە، لە ئێوە کاك شێروان جوابتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئەوە دەبێ دیراسە بکرێت، ئاوا بەسەرپێی ناکرێت، چونکە هەر ئەو مەسەلەیە نیە، مەسەلەی زۆر زۆر لەوە فراوانتریش هەیە، بەڕاستی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شتانە ئیدارەی قوتابخانە ئەوانن، مەنعی بکەن، باشە بڕۆن بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ماددەیەکی ڕۆتینیە، وابزانم لیژنەی قانونیش پشتگیری کردووە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش ماددەیەكی رۆتینیە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟ كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنـگ وەرگـیرا، بۆ هۆكارەكانی دانانی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆیە پێویستەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەپێدانە كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەی كە بەسەر ژیانی هاووڵاتییان لە هەرێمی كوردستاندا هاتووەو سەبارەت بە سەیركردنی لاوان بۆ پەرەپێدانی تەكنۆلۆجی لەجێهانداو ئاسانبوونی پەیوەندییەكان لەنێوان گەلانداو، چونكە تەلەفۆنی پێشكەوتوو و پۆستەی ئەلكترۆنی و هۆیەكانی بەیەكگەیشتنی نوێ جۆرێكن لە جۆرەكانی ئەم پەرەسەندنانە و ئەم هۆیانەی كاری نەرێی دەكەنە سەر رەوشتی لاوان و كەسەكان ومنداڵان و، بەپێی ئەو شێوازەی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرتوویەتیە بەر بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی مەدەنی شارستانی بنچینەیەكی دروست و بەمەبەستی سزادانی ئەوانەی بەخراپی ئەو ئامێرانە بەكاردێنن و تاكو نەهێڵن كار بكەنەسەر ئازادی كەسەكان و دركاندنی نهێنی كەسایەتییان و خراپە گەیاندن بەڕەوشت و ئاداب و سیستەمی گشتی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەو موقەدیمەیە زۆر درێژە، هەر لە** انطلاقاً من نهج حكومة الاقليم في اقامة مجتمع مدني متحضر .... الخ، ئەو دوو دێڕە كافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەبوایە ئەوە لـە لیژنـە حەسـم بكەیـت، بـە هـەرحاڵ ئەسـباب موجیبەكـە تەئسیر ناكـات، ئەگـەر ئیعـادەی صـیاغەی بكەنــەوە، بەمــەرجێ رۆحەكــەی تێــك نــەدەن، پــرۆژەكــە لەگــەڵ ئەســبابی موجیبــەی بــەوەی كــە تەخویلی لیژنەی یاسایی ئەكـەین، برێـك موختەسـەری بكـەن، ئێسـتا دەیخەمـە دەنگـەوە، كێـی لەگەڵدایـە؟ بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سـوپاس دەسـتتان خـۆش، بەڕاســتی ئــەوە پــرۆژەیــەكی گــرنگ بــوو، لەبەرنامــەی كارمــان دوو خــاڵ مــاووە، یەكــەم خســتنەڕوو وگفتوگۆكردنی یاسای هەمواركردنی یاسای خانووبەرە، ژمارە(87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو، كەلەلایەن ئەنجومـەنی وەزیرانــەوە پێشـكەش كـراوە، دوو: خسـتنەڕوو وگفتوگـۆكردنی پـرۆژەی یاسـای هـەمواركردنی

**یاسای ژماره(26)ی ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دەبێ دوای بخەین، بۆ سبەینێ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەدوای بخەین بۆ سبەینێ؟ دەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ دواخرا، بۆ سبەینێ سەعات 11 کۆ دەبینەوە، خوا خافیز.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 20\5\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 20/ 5/2008

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2008/5/20 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكـەوتی 20/ 2008/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خسـتنەڕوو وگفتوگۆكردنی پـڕۆژەی یاسـای هـەمواركردنی یاسـای كرێـی خانووبـەرە ژمـارە (87)ی سـاڵی 1979 ی هەمواركراو، كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پـڕۆژەی یاسای هـەمواركردنی یەكـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی هەڵبژاردن لە کاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2008/5/20دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.**

**پێش ئەوەی داوا لە لیژنەی یاسایی بکەم، پێشنیاری لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە، ئەگەر موافەقەتتان نەکرد، ئەو وەختی بانگیان دەکەم، لیژنەی یاسایی داوا دەکاتن ئەم دانیشتنە موناقەشە کردنی دوا بخەین، لەبەر چەند هۆیەکەوە:**

**1-ئەو مەسەلەی یاسای خانووبەرە زۆر گرنگە، بەلأم پێیان وایە پێش ئەوەی ئەو یاسایە موناقەشە بکەن، ئەو یاسایە موناقەشە بکەن، دەبێت ئەو یاسایە موناقەشە بکەین و ئیقرار بکەین، کە دوێنێ خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد، دروست کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، پێیان وایە پەسند بکرێتن، ئەو وەختی لە رووی گفتیشەوە هێزمان زیاتر دەبێت بۆ موناقەشە کردنی بڕگەی یەکەم، لەبەر ئەوەی دوێنێ ئەو پرۆژەیە تەقدیم کراوە بۆ لیژنەکان، راپۆرتەکانیان حازر نەکردووە، جگە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئێمە ئاراستەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی شارەوانی و لیژنەی دارایی و ئابووریمان کرد بوو، پێویست دەکاتن ئەوان چەند ڕۆژێك تا راپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پرۆژەی یاسای نیشتەجێ بوون، بۆیە پێشنیاری لیژنەی یاسایی مەنتیقێکی هەیە، دوا بڕیاریش هی ئێوەیە، تەبعەن وەزیری دارایی و ئابووریش دەبوایە حازر بێت، بەلأم لەبەر ئەوە نییە کە حازر نەبووە، بەڵکو مەوعیدێکی هەبوو لە سلێمانی گوتی ئەگەر ئێوە قەرار دەدەن، من دێمەوەو ناچم بۆ سلێمانی، گوتمان ئەگەر موعیدت هەیە لەوێ، ئەگەر پەرلەمان قەراریشیدا بەردەوام بێت، دەتوانین بەردەوام بین رەئی تۆ دەزانین و وەزیری هەرێم لێرەیە، ئەو کاتە موناقەشەی دەکەین ڕۆژی دواتر، یان ئێوارەکەی ئەگەر بەردەوام بین دەتوانیت بێیەوە، وەنەبێت دواخستنی ئەو کۆبوونەوەیە لەبەر نەهاتنی وەزیر بێت، وەکو دوێنێ پرۆژەیەکیشمان ئیقرار کرد، ئەمەش رەئی وەرگیراوە لەسەری دەتوانین بەردەوام بین، بەلأم لێرە بێت باشترە لەگەڵمان، بە هەر حاڵ من پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەخەمە بەردەم ئێوە کە داوا دەکەن دوا بخەن، ئەگەر موافەقەتتان بۆ کرد باشە، ئەگەر نەتان کرد، داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی بێن دانیشن، کەسێك قسەی هەیە، کاك زرار فەرمووو.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەسەر یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ڕۆژی دەیان تەلەفۆنمان بۆ دەکرێت، یاساییەکی زۆر گرنگە، خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانە ئەو یاسایە تەواو بکرێت، بەس بزانین سەبەبەکەی چیە دوا دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من عەرزم کردن گوتم سەبەبەکەی ئەوەیە کە باسم کرد لە سەرەتاوە، پێیان وایە کە یاسای دابین کردنی خانووبەرەو جێگای نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان، کە دوێنێ خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد، پێیان باشتر وایە ئەو یاسایە پێشی یاسای خانووبەرە دەربچێت، ئەوەی دوێنێش خوێندرایەوە وەختی دەوێت بۆ ئەوەی لیژنەکان راپۆرتی خۆیان بنووسن، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە دوا بخرێت، چونکە هەردوو مەشروعەکە زۆر گرنگن، بەتایبەتی مەسەلەی ئیجارات و نیشتەجێ بوون لە ساڵی 1958ەوە لە زەمانی حکومەتی عبدالکریم قاسم و حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی عێراقی نەیانتوانی ئەوە چاك بکەن، ئەوە دیراسەتێکی زۆری دەوێت و، زۆر زۆریش گرنگەو عەجەلەشی ناوێت، شەست ساڵە، سەد ساڵە خەڵك وا چاوەڕوان بووەو با وردی بێت، چونکە کارەساتی لێ دروست دەبێت ئەگەر رەد فیعلی لێ بکرێت، لەبەر ئەوە من 100٪ تەئیدی ئەوە دەکەم تەئجیل بکرێت و دیراسەی زیاتری بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینشائەڵلا کارەسات نییە، بەلاّم تەئجیلیش بێت چەند رۆژێکە، هەفتەی داهاتوو رۆژی دوو شەممە یاسای نیشتەجێ بوون تەواو دەکەین و موباشەرەتەن ئەوەش موناقەشە دەکەین، خۆی دوو رەئیە، تەئجیل بکەین، یان نا، فەرموو کاك رەفعەت.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من بیخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو کەس قسەی کرد، کاك زرار دەڵێت بۆ تەئجیلی بکەین، کاك خورشیدیش تەئیدی تەئجیلی کرد، ، کاکە دوو رەئی هەیە، رەئیەك دەڵێت تەئجیلی مەکەن، گوتم تەئجیل کردنەکە زۆر نییە، موباشەرەتەن

پاشی موناقەشە کردنی پرۆژەی یاسای کە دوێنێ تەقدیم کرا یاسای نیشتەجێ بوون، موباشەرەتەن پاشی ئەو ئەوە دێتن، مانای وایە تەئجیلەکە بۆ هەتا هەتایێ نییە، یەعنی زۆر روون بوو، ئەگەر رەئیەکی موخالیفتان هەیە، ئێستا وەقتەکەمان گوت لەبەر ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەی بکەین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پێنج کەس، بەزۆرینەی دەنگ کۆبوونەوەکەمان دوابخرێت بۆ پاشی ئیقرار کردنی پرۆژەی یاسای نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیان، زۆر سوپاس، ئەگەر بۆ سەعات (12،30) سەرۆك فراکسیۆنەکان بێن بۆ لای من تۆزێك باسی بەرنامەی کار بکەین بۆ ماوەی ئایندە بفەرموون، ئەوەی دووەمیش وەزیری دەوێت شتێکی کەمیشە هەر ئەویش تەئجیل دەکەین، یەعنی دانیشتنەکەمان دوا دەخەین، من وامزانی دەنگماندا بۆ دواخستنی، کێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتنەکەمان دوابخەین بۆ هەفتەی داهاتوو دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ تەئجیل کرا بۆ دوو شەممەی داهاتوو سەعات (11)، بەرنامەی کاریشتان پێشکەش دەکەین پێش وەخت، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

## دووشەممە ڕێکەوتی 26\5\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## دوو شەممە ریكەوتی 26/ 5/2008

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ریكـەوتی 2008/5/26 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (20)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ریكەوتی 26/ 5/2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و بڕیاردان لەسەر دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ادهم عثمان بارزانی) لە ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسـای ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/5/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و بڕیاردان لەسەر دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ادهم عثمان بارزانی) لە ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەم و لە خوێندكارەكان دەكەم، كە لە وڵاتانی دەرەوە بەشداریمان دەكەن لەو دانیشتنەدا زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن دابنیشن، تەبعەن كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان مێوان نییە، لەبەر ئەوە بەخێرهاتنمان نەكرد بوو، یەكێكە لە خۆمان زۆر بەخێر بێت، لیژنەی یاسایی با بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار: خستنەڕوو و بڕیاردان لەسەر دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز كاك (ادهم عثمان بارزانی) لە ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق، بەڕێز كاك ئەدهەم نامەیەكی بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان نووسیووە، دەقی نامەكەتان بۆ دەخوێنمەوە، كە لە ڕێگای ئێمەوە بۆ ئێوەی عەرز بكەم:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان.

بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

**بەڕێز سڵاو و ڕێز.**

تكایە ئیستیقالەی من لە ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی پەرلەمان بێتە قەبول كرن، چونكە نەشێم چی تر تەبی ئەركیدا ببینم لەگەڵ قەدرو ڕێزی من، برایەتە نگۆ ئەدهەم بارزانی 2008/5/17.

دیارە هەموو ئەندامێك حەقی خۆیەتی هەر وەختێك هین بكاتن، لەو بەینەدا ئێمە هەوڵمدا قسەی بكەم لەگەڵ هاودەستم كاك دكتۆر كەمالیشم تەكلیف كرد، كە هەوڵ بدەین ئەگەر سەبەبێكی عیلاقەی بە ئێمەوە هەبێت چارەسەری بكەین و واز لە داواكەی بهێنێت و بگەڕێتەوە پەرلەمان، وابزانم كاك دكتۆر

کەمال قسەی لەگەڵ کرد بوو، ئەگەر دوا قسەی ئیسراری هەیە، یان پەشیمان ببێتەوە لەوەی تاوەکو عەرزی جەنابتان بکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزدار کاك ئەدهەم بارزانی قسەم کرد، هەوڵمان زۆر لەگەڵیدا، کە بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی و زۆر رێزی هەبوو گوتی رێزێکی تایبەتم هەیە بۆ گشت ئەندامێکی پەرلەمان و بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە جێگایەکی پیرۆزو موقەدەسەو پیرۆزە بۆ هەموو ئینسانێك لەوێ کار بکات، بەلاَم لەبەر هەندێك ئیرتیباتی تایبەتی من ناتوانم کارەکانی خۆم ئەنجام بدەم، لەبەر ئەوە داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم، داوا لە خوشك و برایانی ئەندامی پەرلەمان دەکەم، کە ئیستیقالەکەم قەبول بکەن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە ئەو داوایە ئەگەر کەس نوقتەی نیزامی نەبێت، تەنیا نوقتەی نیزام، فەرموون.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە هەموومان دەبێت نوێنەری هەموو گەلی کوردستان بین، بەلاَم تاکە کەس لەناو ئێمە لەگەڵ رێزمدا کە نوێنەری ناوچەی بارزانە کاك شێخ ئەدهەمە، من پێموایە پێویستە بمێنێتەوە، نەك ئیستیقالە بدات، هەرچەندە دیسان دووبارەی دەکەمەوە هەر یەکێك لە ئێمە نوێنەری هەموو گەلی کوردستانە، واجیبی ئێمەیە خزمەتی هەموو گەلی کوردستان بکەین، بەلاَم تایبەتمەندیش هەیە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموومان رێزمان بۆ کاك ئەدهەم هەیە، پێشمان ناخۆشە کە واز دەهێنێت و جێگایەکەشی دیارە، هەوڵیشمان لەگەڵدا کە پەشیمان بێتەوە لەوە، بەلاَم وەکو خۆشت ئاماژەت پێ کرد هەر یەك لە ئێمە نوێنەری هەموو ناوچەیەکە، هەڵبژاردنیش لە جێگەیەك نەکراوە، یەعنی بە دائیری نییە، ئەگەر دائیری بوایە، ئێستا ئەو ئیستیقالەی داوە لە شوێنەکەی خۆیدا دەکرا تا هەڵبژاردنی داهاتوومان نوێنەرایەتی ناوچەی بارزان و ناوچەکانی تریش دەتوانین بکەین، داوایەکەی کاك ئەدهەم دەخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیقە بۆ داوایەکەی کاك ئەدهەم کە لەسەر رەغبەتی خۆی ئێمەش هەوڵماندا، هەر موسیرە، رێز لە ئیرادەی پەرلەمان دەگیرێت، دەبێت رێزی هەر ئەندامێکی پەرلەمان لە واز هێنان و واز نەهێنان بگیرێتن، لەبەر ئەوەی داوایەکەی ئیستیقالەی کردووە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆرینە موافیق نییە، کەواتە ئیستیقالەکەی رەد کرایەوە، جارێکی دیکە هەوڵی لەگەڵ دەدەین و ئەگەر هەر موسیر بوو جارێکی تر داوا بکاتەوە.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، داوای لە لێپرسراوی لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەکەم بێن دابنیشن فەرموون، کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو پرۆژەیە، با بڵێین پەیوەندی بە لایەنێکی گرنگی ژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، کە ئەویش کێشەی نیشتەجێ بوونەو لە دە، پازدە ساڵی رابردووش هەموومان دەزانین یەکێك لەو کێشە جددیانەی کە خەڵك هەیەتی مەسەلەی ئەزمەی سەکەن و کێشەی نیشتەجێ بوونە، بەلاَم بەڕاستی ئێمە لەبەر سێ هۆکار داوای تەئجیلی ئەو پرۆژەیە دەکەین، هەتا پێمان باشە ئەگەر بۆ ماوەیەکی موحەددەد خراپ نییە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رازی بن سەحبیش بکرێتەوە، بۆ ئەوەی باشتر بێت و دەوڵەمەندتر بکرێت، ئەویش یەکیان/ ئەوەیە بەڕاستی جەنابتان دەزانن لە کاتی پەسند کردنی بودجەی ساڵی 2008 یەکێك لە بڕیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان مەسەلەی سولفەی عەقار بوو، خۆتان دەزانن عیلاقەی بە پرۆژەی ئەمڕۆوە هەیە، کە ئێستا بڕگەی یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆ موناقەشەی دەکەین.

دووەم/ پرۆژەیەکی هاوشێوەی ئەو پرۆژەیە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەتایبەتی لە لایەن دەزگای ئیستیسمار تەبیعی قسەی لەسەر کراوەو لیژنەی بۆ دروست کراوەو تەنانەت لەگەڵ هەندێك کۆمپانیا قسە کراوەو بانگیش کراون، پرۆژەکە ئەوەیە کە حکومەت دەعمی بکات بە هەندێك بانك، حکومەت کارئاسانی و شتی بۆ بکات بەشێوەی ئەقسات یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکرێت بۆ هاوولاَتی.

سێیەم/ ئەوەیە کە هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە پەیوەندیدارن بەو پرۆژەیە، هەر لە وەزیری ئاوەدانکردنەوە، وەزیری مالیە، وەزیری پلاندانان، تەنانەت سەرۆکی دەزگای ئیستیسماریش بەڕاستی لە سەفەرن، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم و لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم، کە ئەو پرۆژەیە وەکو باسمان کرد، ئەگەر ئیمکان بێت سەحب بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆژەکانی تر باشتر قسەی لەسەر بکرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت، ئەگەر دەنگ بۆ ئەوە نەدرا بە لایەنی کەم بۆ ماوەیەك تەئجیل بکرێت تا وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەگەڕێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی داوەو قسەشی کردووە، نابێت من هەندێکی رەد بکەمەوە، هەندێکیش شەرح بکەم، ئینجا داواتان لێ بکەم:

یەکەم/ ئەو پرۆژەیە سەحب ناکرێتەوە، چونکە لە حکومەتەوە نەهاتووە، دە ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، ئەگەر ئەو دە ئەندامە پەشیمان ببنەوە، ئەو وەختی ئەوان دەتوانن سەحبی بکەن، نەك حکومەت، نێردراوە بۆ حکومەت، حکومەت رەئی لەسەر داوەو پەسندی کردووە بە نووسراوی 4369 لە 4/29 پشتگیری لە پرۆژەکەی کردووە، کەواتە رەئی رەسمی حکومەت بەو نووسراوە کە لە لامانە پشتگیری لە پرۆژەکەی کردووە، کە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، تەنیا هۆ کە مەنتیقی هەبێت لە داوایەکەت ئەوەیە کە وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرە نییە، گرنگە.

دووەم/ ئەگەر داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بکەم تەئجیلی بکەین، تەئجیل ناکرێت بۆ سەحب کردن، تەئجیلی دەکەین بۆ ماوەیەکی دیاری کراو و لەو رۆژەی کە دایدەنێین وەزیر دەبێت ئامادە بێت، ئەگەر ئامادەش نەبوو موناقەشەکە بەردەوام دەبێتن، لەبەر ئەوە من رەئیم وایە کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت ئاماژەت پێ کرد، حکومەت موافەقەتی کردووە لەسەر ئەو پرۆژەیە، کە رەوانەی حکومەت کرا بوو، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد بوو بۆ دیراسەت کردنی پرۆژەکە، پرۆژەکە دیراسەت کرا ئێستا راپۆرتەکەی ئەو لیژنەیەی کە دیراسەتی پرۆژەکەی کرد بوو لە لای منە، ئەگەر ئیجازەم بدەن بۆتان بخوێنمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پێویست ناکات کاك عەونی بیخوێنیەوە، موقتەرەحەکەی کاك سەعد کە داوا دەکاتن تەنیا ئەو سەبەبەی کە من ئاماژەم پێ کرد سەبەبێکی مەنتیقی تێدایە، ئێمە هەفتەی پێشوو دوامانخست، پرۆژەی یاسای خانووبەرەمان دواخست، گوتمان لەبەر ئەوەی دەمانەوێت ئەو پرۆژەیە پێشتر گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەلأم ئەمجارە ناتوانین پرۆژەی کرێی خانووبەرە دوا بخەین، بەلأم دەتوانین ئەو داوایەی بخەینە دەنگدان لەسەر داوای حکومەت، کە دەڵێتن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، کە وەزیر لێرە نییە تەنیا ئەوە سەبەبەکەیە کە بتوانین ئەو هینە بکەین، نوقتەی نیزامی نەبێت قسەتان پێ دەبڕم، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیرو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە راپۆرت رەئی خۆیان داوەو رەئی ئەوان دیارە، ئەوە یەك.

دوو/ کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، خۆی چەند جار تەمسیلی حکومەتی کردووە، با ئەمجارەش تەمسیلی حکومەت بکات و بەردەوام بین لەسەر موناقەشە کردنی ئەو پرۆژەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەوە نوقتـەی نیزامـی نـەبوو، ئـەوە رەئیـەك بـوو، تكـام وایـە بـەناوی نوقتـەی نیزامـی رەئـی مـەدەن و پێشنیاریش مەكـەن، نوقتـەی نیزامـی تـەنیا ئەوەیـە ئەگـەر كەسـێك لـە بەرنامـەی كاردا دەرچـوو، یـاخود خیلاف قانون قسەی كرد، خـیلاف نیزامـی داخیلـی قسـەی كـرد ئـەوە نوقتـەی نیزامـە، لەمـەو دوا تـەعلیق دەدەم بەڕاستی، ئەوەی بەناوی نوقتەی نیزامی رەئی بداتن من تەعلیقی لێ دەدەم، ئێستاكە داوایەكەی كاك سەعد بە داوایەكی مەنتیقی دەزانم، كە وەزیری ئاوەدانكردنەوە زەرورەتە لێرە بێت، چونكە ئەگـەر ئـەوە ببێتە یاسا عەمەلیەن جێ بەجێ كردنەكەی دەكەوێتە سەر وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بۆیە بـۆ دەوڵەمەنـد كردنـی پـرۆژەی تریـان لـە پێشـەو لەگـەڵ وەبـەرهێنان و ئەوانـە، دوایـێ نـەڵێن پرۆژەكە نوقسانی تیایـەو هەموار نەكراوە، داوایەكەشی بەشێوەیەك من تەحدیدم كردووەو قسەشـم لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر كـردووە، كە بۆ هەفتەیەك بێتن لە دوو شەممەی داهاتوو، ئەگەر وەزیریش نەیەت، ئێمە كۆدەبینەوە، بۆ هەفتەیەك دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو داوایەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ یەك هەفتە دواخرا بۆ دوو شەممەی داهاتوو.

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار، ئەوەی پەیوەندی نییە لە لیژنەكان بۆ خاڵی سـێیەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمـارە (87)ی سـاڵی 1979ی هـەموار كـراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

ئاراسـتەی هـیچ لیژنەیـەكی تـر نـەكرا بـوو غـەیری لیژنـەی یاسـایی، باشـە داوا لـە لیژنـەی یاسـایی دەكـەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێننەوەو دواتر خاڵ بە خاڵ موناقەشەی دەكەین.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق

بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنـــەی یاســـایی رۆژی دوو شـــەممەی 7/گـــەلاڕێزانی 2707 كـــوردی رێكـــەوتی 2007/10/29 بـــۆ لێكۆڵینـەوەی چـوار یاسـای پەیوەنـد بـە هـەموار كردنـی یاسـای كرێـی خانووبـەرەی ژمـارە (87)ی سـاڵی 1979ی هـەموار كـراو كۆبـۆوە، سـێیان لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی كوردسـتانەوە بـەپێی نووســـراوی ژمـــارە (8058) لـــە رۆژی 2006/7/8 ژمـــارە (10601) لـــە رۆژی 2006/9/25 ژمـــارە (13685) لە رۆژی 2006/12/5 پێشكەش كراون، كە رێگا بۆ یەكخستنی یاسایەكانی كرێـی خانووبـەرە لە هەرێمی كوردستاندا خۆش بكەن، بەبێ ئەوەی دوو پرۆژەكـەی پێشـتر لەسـەر دوا پرۆژەكە بكێشـێتەوە، یەك لەم پرۆژانەش لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانـەوە پێشكەش كـراوە، دوای خوێندنـەوەی یەكەمی پرۆژەی دوایین لە پەرلەمان دانیشتنی ئاسایی ژمارە (9)ی رۆژی 16ی ساڵی 2007 كـە لـە لایـەن حكومەتەوە پێشكەش كرا بوو ئاراستەی لیژنەكەمان كرا، لیژنەش بڕیاریدا ئەم پرۆژانە یەك بخات و یـەك راپۆرت لە بارەی بابەتەكەوە پێشكەش بكات، كورتەی ناوەڕۆكی پرۆژەكان لەخۆ بگرێت لـە پێنـاوی ئـەوەدا

که هەموو هزرەکان یەك بخات لە ئەنجومەندا گفتوگۆو دەنگدانی لەسەر ئاسان بکات، دوای را گۆڕینەوەو گفتوگۆو سوود وەرگرتن لە رەئی هەندێك بەڕێزان قازی و پارێزەرو توێژێکی فراوان لە خاوەن موڵك و کرێچی و خاوەن کرێ، دوای گەڕانی مەیدانی و وەرگرتنی زانیاری و دیتنی نموونەی جۆر بە جۆری خانووبەرەی کرێ و بەکرێدراو لە بینایەی دروست کراوی کۆن و نوێ، بڕی کرێی کۆن و تازە............ هتد، لە پێناوی ئەوەشدا کە لە کەلێنەکانی تەشریعاتە کوردستانیەکان تێ بگەین و پێناسەکانی وا لێ بکەین، کە لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەرێمدا لەبار بێت و بگونجێت، بۆ ئەوەش ئامانجەکانیان لە پەیدا کردنی هاوسەنگی نێوان هەردوولایەکانی گرێبەستی بە چاوێکی عادیلانە لەسەر بنەمای یەکسانی بێتەدی، چاودێری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری بکرێت پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بەهێزو پتەوتر بکرێت، لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی ئاوەدانکاری وەبەرهێنان بەگشتی لە بواری نیشتەجێ بووندا گاڵ بدرێت، وەك ئەوەی لە کەرتی تایبەت گاڵ بدرێت، کە سووك کردنی گرفتی نیشتەجێ بوون (السکن)دا بەشداری بکات، لە پێناوی هەموو ئەوانەدا لیژنە وای دێتە بەرچاو، کە کاتی ئەوە هاتووە رێکاری پێویست بۆ هەموار کردنی پێشنیازەکانی یاسای کرێی خانووبەرە بگێردرێتەوە، چونکە ئامانجی ئەو هەموار کردنانە ئەوەیە کە یاسایەکانی کرێ لە هەرێمدا یەك بخرێن، جا بۆ بەدیهێنانی ئەوانەی باس کران و ئەمەش رەچاو بکرێن لیژنە گەیشتە ئەو قەناعەتە کە پێویستە گرێبەستەکانی ژێر سایەی یاسای بەرکار (النافذ) بەر لە هاتنی پرۆژەکە چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەو گرێبەستانەش چارەسەر بکرێن، لە ماوەی پرۆژەکەو دوای پرۆژەکەش بەکرێ دەدرێن، ماوەی بەکرێ گرتن و جیا کردنەوەی ئەو خانووبەرانەش کە بۆ نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن لەوانەی کە بۆ غەیری نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن، لەبەر ئەوە لیژنەکەمان زۆربەی ئەو هزرانە تەئید دەکات، کە لە هەر چوار پرۆژەکەدا هاتوونەو، پێشنیازیش دەکات یەك بخرێن و دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2007**

**یاسای هەموار کردنی سەپاندنی (تطبیق) یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979 هەموار کراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

ماددەی یەکەم: ماددەی سێیەم لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979 هەموار کراو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێت، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

یەکەم: ماوەی گرێبەستی واژوو کراوی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون (السکن) دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە، مادام کرێ گرتەکە لەناویدا بێت و بەردەوامیش کرێیەکەی بدات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە کۆتایی هاتنی ماوە درێژکراوەکە گرێبەست کۆتایی پێ دێت و خاوەنەکەی دەتوانێت بەکرێدراوەکە بە چۆڵی وەربگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو کرا بێت، یان درێژ کرا بێتەوە، ئەوە دوای بەکار خستنی ئەم یاسایە بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ دەکرێتەوە لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەوە، یان درێژ کردنەوەکە مادام کرێ گرتەکە لەناویدا بێت و بەردەوامیش کرێیەکەی بدات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو کۆتایی هاتنی ماوە درێژ کراوەکە گرێبەست کۆتایی پێ دێت خاوەنەکەی دەتوانێت بەکرێدراوەکە بە چۆڵ کراوی وەربگرێتەوە.

ماددەی دووەم: حوکمی بڕگەی یەك (أ و ب) لە ماددەی چوارەم لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە.

یەکەم/ کرێی ساڵانەی ئەو خانووربەرانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەو گرێبەستانەدا کە دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو دەکرێن لەم دوو ڕێژەی خوارەوە زیاتر نابن:

1- 4%ی بەهای گشتی ئەو خانووبەرانە، یان ئەو شوقانەی کە بۆ نیشتەجێ بوون (السكن) ئامادە کراون و بۆ ئەم بەمەستە بەکرێدراون.

2- 6%ی بەهای گشتی ئەو خانووبەرانە، یان ئەو شوقانەی کە ژوور ژوور بۆ نیشتەجێ بوون بەکرێدراون.

دووەم/ کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەو گرێبەستانەدا هەموار دەکرێن، کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو کراون، بۆ ئەو دوو ڕێژەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتوون.

سێیەم/ مەبەستی ئەم یاسایە لە بەهای گشتی خانووبەرە بریتییە لە کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەکاتی ئەو خەملاندنەی کە دەسەلاتی دارایی دایدەنێت بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرە کە دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە بە مەبەستی غەیری نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن، دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموار کراو.

دووەم: گرێبەستی بەکرێدانی ئەو خانووبەرەی بە غەیری نیشتەجێ بوون بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە بەکرێدراون بۆ ماوەی یەك ساڵ درێژ دەکرێتەوە لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکە، یان ماوەی درێژ کردنەوەکە، پاش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەش دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای مەدەنی ناوبراوەوە.

ماددەی چوارەم: خاوەن خانوو بۆی هەیە داوای چۆڵ کردنی بەکرێدراوەکە بکات حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە دەیگرێتەوە، بۆ ئەوەی بیرووخێنێ بەشێوەیەك بینای بکاتەوە، کە دوو یەکەی نیشینەیان زیاتری تێدا دروست بکات، یان بەشێوەیەك باڵاخانەیەك کە لە سێ نهۆم کەمتر نەبێت بە نهۆمی سەر زەوییەکەوە، ئەگەر لە مەرکەزی پارێزگادا بێت و لە دوو نهۆمیش کەمتر نەبێت بە نهۆمی سەر زەوییەکەوە ئەگەر لە قەزاو ناحیەکاندا بێت، یان خانووبەرەکە بڕووخێنێت، بۆ ئەوەی بەپێی نەخشەی ئەساسی پەسند کراوی دەسەلاتی ئەو ناوچەیەی خانووبەرەکەی تێدایە سەر لەنوێ بینای بکاتەوە.

ماددەی پێنجەم: بڕیاری ژمارە (32)ی ڕۆژی 2003/2/6 کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی شەشەم: وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ سانا کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرهێنێت.

ماددەی حەوتەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێت.

ماددەی هەشتەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)ەوە دەخرێتە کار.

هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

لە پێناوی ئەوەدا کە یاسا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا بخرێتە سەر بارێکی گونجاو، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی تەشریعی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، لە پێناوی ئەوەشدا کە هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێداندا بە چاوێکی عادیلانەی ئەوتۆ بێتە دی یەکسانی و ڕەچاو کردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەهێز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پەیدا ببێت، بزاڤی ئاوەدانکردنەوەو بەرهەمهێنان دنە بدرێت بەشێوەیەکی گشتی بۆ جێ بەجێ کردنی بواری نیشتەجێ بوون و کەرتی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە گاڵ بدرێت، کە لەم بوارانەدا هاوبەش بکات، گرفتی نیشتەجێ بوون سووك بکرێت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر دلێر ڕاپۆرتی دارایی و ئابووری هەیە، فەرموون.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرۆژانەی کە لە لایەن حکومەتەوە، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا بوو، پرۆژەکان زۆر زۆر شێواو و شپرزە بوون، ئێمە دیراسەمان کرد کۆمەڵێکی زۆر ڕاو بیروبۆچوون و تێبینیمان لەسەر هەبوو، بەلام دواتر کاتێك کە تێبینیەکانی لیژنەی یاساییمان بینی، ئێمە بە تەواوەتی پشتگیری لە ڕاو بۆچوونەکانیان دەکەین، لەبەر ئەوە ئێمە هەر ئەوەندەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تـەبیعی ئـەو پرۆژەیـە وەك بـەڕێزتان و ئەنـدامانی پەرلـەمان دەزانـن پـرۆژەیـەکی هەسـتیارە، راسـتە بـەو قانونە یەعنی هەوڵ دەدرێـت و بەشـێکی زۆر لـەوەی کـە هەیـە قانونەکـەی پێشـتر باشـتر موعالەجـەی ئـەو حاڵەت و کێشانە بکات، بەلأم دیسان بەڕێز کاك عەونی باسی کرد لە ئەساسدا چوار پرۆژەیە، سێ لـە لایـەن حکومەتەوە هاتووە، پرۆژەیەکیش لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، بۆیە ئەوەی من تێبینیم کـردووە زووتریش لەگەڵ وەزیرانی دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری قسەمان کرد، پێموایە راپۆرتی موشتەرەکیان نییە لەسەر ئەو پرۆژە، بۆیـە مـن هەسـت دەکـەم جـۆرە جیاوازییـەك وەکو وجهە نەزەرو هەندێك بڕگەکانی ئەو پرۆژە هەیە، ئەوە نوقتەیە.

نوقتەی دووەم/ بەڕاستی لەوانـەی وەزیرانـی هـەرێم بـۆ کاروبـاری دارایـی و ئـابووری و وەزیـری دارایـی بـا بەشێك لەو جیاوازانە ئیمکانـە لـە خیلالـی موناقەشـەو هینـەکان بەڕاسـتی بگەیشـتیباینە چارەسـەرو شـتی هاوبەش، بۆیە من پێشـنیار دەکـەم بەڕاسـتی ئەگـەر ئیمکـان بێـت ئـەو پـرۆژە تـەئجیل بکرێـت تـا وەزیـری دارایـی کـە لایـەنی پەیوەندیـدارە وەزارەتـی مالیـە ئامـادە دەبـن بـۆ موناقەشـە کردنـی ئـەو پرۆژەیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن/ ئەو پرۆژەیە لە لایەن حکومەتەوە هاتووە، وەختێکی زۆریشی بەسەرداچـوو، رەئیـەکی زۆریشـیان لەسـەر داوە، هەفتـەی پێشـووش کـە ئێمـە دوامانخسـت گوتمـان دوو شـەممەی داهـاتوو بـۆ ئـەوەی پـرۆژەی نیشتەجێ بوون تـەواو بکـەین، پاشـی ئـەو پرۆژەیـە موباشـەرەتەن چـوار شـەممە بەرنامـەی کـاریش ئیمـزا کـراوە، وابـزانم رۆژی پێـنج شـەممە خراوەتـە نـاو سـندوقەکانیش، دوێنـێش هـەروا بـە جـەنابتم گـوت کـە سبەینێ ئەگەر پەرلەمان موافەقەت بکـاتن بـۆ نیشـتەجێ بـوون دوابکـەوێتن، خـاڵی دووەم ئەوەیـە ئیجـاری عەقارە، کرێی خانووبەرە، لەگەڵ ئەوەشـدا حکومـەت داوا دەکـاتن تـەئجیل بکرێـت حـەقی خۆیـەتی ئەگـەر ئەندامانی پەرلەمان لەسەر داوایەکەی موافیـق بـن، ئـەوە دەیخەمـە دەنگدانـەوە، حکومـەت داوا دەکـاتن دوا بخرێت، نوێنەری حکومەت وەزیری هـەرێم بـۆ کاروبـاری پەرلـەمان پێـی وایـە دەبێـت وەزیـر ئامـادە بێـت، منـیش شـەرحم کـرد گـوتم وەزیـر مـەفروزە ئاگـادارە بـە دوو شـتەوە، یـەك/ ئێمـە هەفتـەی پێشـوو بـوو دوامانخست بۆ ئەمڕۆ.

دووش/ مەفروز بوو حازر بێت، لەگەڵ ئەوەش حکومەتە بڕیاریش بۆ ئێوەیە، کێ لەگەڵ ئەوە داوایەیە کـە دوابخرێت دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـە زۆرینەی دەنگ دواخرا، دیارە حکومـەت ئەگـەر کـاك سـەعد تەمسـیلی بکـاتن هـەمووتان موئەیـدن، ئەگـەر وەزیرەکانی تر لێرە بوانە موافەقەتتان نـەدەکرد، خـاڵی چـوارەم لـە بەرنامـەی کـار: خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی سـاڵی 2007ی یاسـای بـاجی دەرامـەت، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

ئەوەش داوا دەکەن تەئجیل بکرێت، فەرموو قسەی بکە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بە داوای لێبووردنێکی زۆرەوە، بەلاَم بەڕاستی بۆ موناقەشە کردنی ئەو تەعدیلەش من بە هەمان سەبەبی ئەوانەی پێشتر دەزانم، لەبەر ئەوەی وەزیری مالیە لێرە نییە، ئەگەر ئیمکان ببێت ئەوەش دوابخرێت بۆ جەلسەی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو داوایەش دەخەمە دەنگدانەوە کە خالَی چوارەم موناقەشە کردنی خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی سالَی 2007ی یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، نوێنەری حکومەت داوا دەکات دوا بخرێت، کێ لەگەلَ ئەو داوایەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلَدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەوەش دواخرا، بەلاَم هەفتەی داهاتوو بۆ ئاگاداریتان ئەوە بۆ یەك جار دوامانخست، بۆ هەفتەی داهاتوو داواکاری نییە لە لایەن حکومەتەوە، ناخرێتە دەنگەوە، ئەو دەنگدانە بۆ ئەوەی یەعنی حەتمیە هەفتەی داهاتوو موناقەشە دەکرێت، کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی چوار شەممەیە سبەی نا دوو سبەی لە هەمان کاتدا، بەرنامەی کاریش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاَ لەگەلَ چەند پرۆژەیەکی تر ئەگەر خوێندنەوەی یەکەمی هەبێتن، پێشتر پێتان دەدەین، جەنابی وەزیریش لە ئێستاوە بە وەزیری خوێندنی بالاَ بلَێت ئامادە بێت، دەکرێت، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جارێ وەکو سەرۆکایەتی لیژنەکە لەسەر یاسایەکە دانیشتووین، هێشتا کۆبوونەوەی گشتی بلَێین هەموو ئەندامانی لیژنەکەشمان بۆ نەکردووەو، لە رۆژی چوار شەممە تەواو نابین بەڕاستی، لەگەلَ لیژنەی یاساییش دانەنیشتووین خۆشیان زۆر باش دەزانن کە ئێمە چەندمان گفتوگۆ هەیە لەسەر ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا بۆ دواکەوتوون؟ ئەوە ماوەیەکی باشتان لە پێش بووە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تاکو ئێستا پێنج کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیمان بۆ کردووە بەوەی کە هەفتەی پێشووش من لێرە نەبووم هەر بەردەوام بوون، یەعنی ئێمە لە کۆبوونەوەکان بەردەوام بووین، بەڵام یاسایەکە زۆر دوورو درێژەو وردەکاریشی زۆر تیایە، لەبەر ئەوە تاخیر بووین، ئەگینا هیچ سەبەبێکی تری نییەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی خۆمان کردووە، جەنابی وەزیر هاتووەو لە رووی دارشتنەوەو صیاغەوە تەماشامان کردووە، راپۆرتی خۆشمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز کردووە، ئەوانیش دەتوانن بەیانی دابنیشن و راپۆرتی خۆیان تەقدیم بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئاگاداری هەموو لایەك، ئەو پرۆژەیە، ئێمە نزیکەی ساڵێکە داوامان کردووە کە ئەو ئیسلاحاتانە پێویستە تێدا بکرێت بۆمان بێنێتەوە، بە رەسمیش لە مانگی حەوتەوە لە ساڵی 2007 لێرە ئێمە داوامان کرد لە دکتۆر ئیدریس، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە تەعدیلاتی تێدا بکرێت، چونکە نوقصانی تێدایە، ئێمە پاش ئەو خولە دەست بەکار بووینەوە لە پاش 3/15 ئەو پرۆژە یاسایە بە دەستمان گەیشتووە، لە خیلالی ئەو دوو مانگە پێنج جار دانیشتمان لەسەر کردووە، ئاخیر دانیشتنیشمان لەو یەك، دوو رۆژەیە، بۆ هەفتەی ئایندە پرۆژە یاساکە ئامادە کراوەو، راستە جەنابی کاك شێروان دەڵێ ئێمە ئیشی خۆمان کردووە، بەڵێ ئاگادارین دانیشتنەکەی ئەوان تەنها نیو سەعاتی خایاندووە، خۆی دکتۆر ئیدریس گوتی بە نیو سەعات لەگەڵیان تەواو بووم، چونکە ئەوان تەنها لە رووی قانونییەوە تەماشایان کردووە، بەڵام ئەوە بەڕاستی ئیشی لیژنەی موختەسە کە زۆر بە قوولی بچێت، ئەمە مەسەلەیەکی تاریخییە دەمێنێتەوەو زانکۆیەکانمان پێوە بەرێ دەچن، وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئێمە کۆمەڵێك مەبادیئ و پرەنسیپمان هەیە لەسەری دەرۆین، دەمانەوێت ئەو مەبادیئانە لەناو ئەو قانونە جێگای ببێتەوە، کە لەگەڵ روحی سەردەم و روحی حکومەتی هەرێمیش بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس من داوام ئەوەیە شەرت نییە هەر لیژنەیەكی پەیوەندیدار راپۆرتەكەی بریتی بێت لە رێكەوتن لەگەڵ وەزارەتەكەو لەگەڵ پرۆژەكە، با ئیختیلاف هەبێتن راپۆرتەكە بنووسن بە ئیختیلافەوە، دوایێ لێرە قەراری لەسەر دەدرێت، دەكرێتن بڵێن لەبەر ئەوەی لیژنەكەتان راپۆرتان حازر نەكردووە، بەلاَم ئەویش لە هەفتەی داهاتوو تێنەپەرێت، هەر رەئیەكتان هەبێتن موخالیفیش بێت بینووسن، لێرە پەرلەمان قەراری لەسەر دەداتن، مەرج نییە ئیلا دەبێت رەئی ئێوە بسەپێنن، بەڵێ كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رێزم هەیە بۆ نازناز خان، ئێمە نیو سەعات دانەنیشتین لەگەڵ جەنابی وەزیر، دوو سەعات و نیو یەك جەلسەیی دانیشتینە، جەلسەیەكی پێشتریش ئەوە دوو جەلسە لەگەڵی دانیشتووینە، یەعنی وا بە سەهلی پرۆژە لە لای ئێمە تێ ناپەرێت ئەگەر لە رووی صیاغەوە تەماشای بكەین، راستە لە رووی ناوەڕۆكەوە عایدی ئەوانە، بەلاَم لە رووی صیاغەوە ئێمە دوو سەعات و نیو هەر جەلسەیەك لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من ئەوەی دەزانم و ئاگاداری هەردوو جەلسەكەشم، چونكە دوو جاریش وەزیر هاتە لام پاشی دانیشتنەكەش، بەلاَم پەروەردە ئیختیلافی هەیە لەسەر هەندێ مەسائیلی جەوهەری، حەقی خۆشیانە، بەلاَم نابێت لەسەر ئەو ئیختیلافە راپۆرتەكەیان دوابكەوێت، جا ئاگادارتان دەكەینەوە لە كۆبوونەوەی داهاتوو، بەلاَم ئەگەر كۆبوونەوەشمان نەبێتن بۆ رۆژی چوار شەممە، ئەگەر ژینگە حازر بێت، كەواتە رۆژی چوار شەممە ژینگە دەكەین، ئەگەر راپۆرتیان تەواو حازر بوو، ئەوە ئەو وەختە دەتوانین ئەو وەختە پێتان بڵێین، بەلاَم بە هەر حاڵ هەفتەی داهاتوو دوا ماوەیە بۆ راپۆرتی لیژنەی پەروەردە، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرۆكی لیژنەی پەروەردە دەڵێت پێنج جار كۆبوونەوەمان كردووە، بەلاَم ئێمە ئاگادار نەبووینە، ئەوە نۆزدە ئەندامی لیژنەی پەروەردە لێرە دانیشتوونە، لەوانەیە دوو، سێیەك ئاگادار بووینە، دەمانەوێت سەراحەت و شەفافیەت هەبێت، ئێمە ئاگادار نینە لیژنەكە دوو لایەن دادەنیشێت لەگەڵ جەنابی وەزیر، یەعنی پێنج كۆبوونەوە زۆر زۆرە ئێمە ئاگادار نین، ئەوە ئەندامەكان لێرەنە لەوانەیە بە پەنجەی دەست

دوو، یان سێ دانیشت بن له كۆبوونەوەكان، پێویسته هەموومان ئاگادار بین و ئاگادار بكرێینەوە، چونكه سكرتێرو هەموو شتتان دابین كردووه بۆ لیژنەكان، ئینجا ئەگەر ئامادە نەبووین ئەو كاتە ئەوە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مولاحەزەكەت لەگەڵ موداخەلەكەی سۆزان خان یەك دەگرێتەوە، ئەویش گوتی سەرۆكایەتی لیژنەكە نازانم لیژنەكە سەرۆكایەتی هەیە، دەبوایە بڵێی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەرەكە، بەلام حەق وا بوو لیژنەكە هەمووی كۆ ببێتەوە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم دانیشتن به ئامادە بوونی خودی دكتۆر ئیدریس كرا، خۆی داوای كرد بێت پرۆژە یاسایەكەمان لەگەڵ تاوتۆ بكات و بۆمان شەرح بكات، نزیكەی دوو سەعات و نیو هەموو ئەندامانیش ئاگادار كراون، بەلام ماوەیەك ڤیان خان له سەفەر دابوو، خۆی لێرە نەبوو، ئەگەر لەو دانیشتنە لێرە نەبوو بێت، دوای ئەوە هەموو ئەندامانی لیژنەكەمان له ڕێگای سكرتێری لیژنەكە ئاگادار كراینەوە، كه پێشنیارەكانی خۆیان به نووسین بۆمان بێنن، بۆ ئەوەی ئێمە له لیژنەدا كۆبوونەوەی لەسەر بكەین، چونكه بەڕاستی هەر یەك له ئەندامان ئیلتیزاماتی تری هەیە له لیژنەكانی تر ئیش دەكەن، ئەمە ئەركی سەرۆكایەتی لیژنەكەیە كە سەرۆكەو جێگرەو موقەریرە ئەو حاڵەتانە تاوتۆ بكەن، بێگومان ئەم ڕاپۆرتەش ئامادە ناكرێت بەبێ ئامادە بوونی هەموویان، هەر ئەمرۆ قسەمان لەسەر ئەوە كردووە، كه چ ڕۆژێك دابنێین لەو هەفتەیەدا بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان دابنیشن و لەگەڵ ئەو پێشنیارانەو پێشنیارەكانی خۆیان تاوتۆ بكەین و ڕاپۆرتەكە ئامادە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێك دەكەم لەمانگی دوودا سیستەمێكتان دا به ئێمە كارنامەی مانگێك، یەعنی من داوا دەكەم جارێكی تر ئەوەی بخەینەوە كار، یەعنی لەم شتانەدا نەجاتمان دەبێت، یەعنی ئێستا جەنابتان چوار دانیشتن، چوار هەفتە لەكارنامەیەكدا، ئیتر ئەو پەڕەكەی ئەوەیە زەحفی پێ دەكەین، یەعنی ئەو پەڕەكەی ئەوەیە لەم هەفتەیە كۆتایی نایەت دەچێتە هەفتەكەی تر، بەلام ئێستا نازانین هەفتەی داهاتوو چیمان هەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم جارێكی تر ئەو سیستەمە كه داتان دەنا، جارێكی تر بیخەینەوە كار، هی

مانگێك، هی چوار هەفتە لەكار نامەكەدا هەبێت، ئەو پەڕەكەی زەحفی پێ دەكەین، هەموومان ئاگامان لێ دەبێت و جوان دەیخوێنینەوەو ئاگامان لە هەموو مەسائیلەكان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە راستە، بەلاَم كاك كەریم بەحری موافیقی لەسەر ئەو پێشنیارە؟ چونكە وەختی خۆی تۆ ئیعتیرازت كرد، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر رەئی خۆمم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ماوەیەی ماوە لە دەستمان یەك مانگە، بەس مانگی شەشە، لەبەر ئەوە داوا دەكەین كۆبوونەوەكان زیاد بكرێت، ئێمە چۆن پێ رابگەین ئەو پرۆژانەی ماوە تەواویان بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە رۆژی چوار شەممە پرۆژەی یاسای ژینگە ئامادە كراوەو راپۆرتی حازرە، لیژنەی تەندروستی راپۆرتتان حازرە، موشتەرەكە، باشە، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین تا رۆژی چوار شەممە سەعات (11)، زۆر سوپاس، بەخێر بێن سەرچاوان.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)**

## چوارشەممە ڕێکەوتی 28\ 5\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21)

## چوارشەممە رێكەوتی 28/ 5/2008

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2008/5/28 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (21)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (21)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 28/ 5/2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشـنیاری هـەموار كردنـی دووەمـی هـەموار كردنـی یاسـای خانەنشـینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عیراق، ژمـارە (3)ی سـاڵی/ 1999 ی هـەموار كـراو، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

2 - خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هـەرێمی كوردسـتان كـە لـە لایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

1 - خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری هـەموار کردنـی دووەمـی هـەموار کردنـی یاسـای خانەنشـینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق، ژمـارە (3)ی سـاڵی/ 1999 ی هـەموار کـراو، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

2 - خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هـەرێمی کوردسـتان کـە لـە لایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێر هاتنی کاك دارا / وەزیری ژینگە و کاك سەعد وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروبـاری پەرلـەمان دەکەین، زۆر بـەخێر بێن سەرچاو، رەخنەیەکیش بـا لـە ئێـوەی بـەرێز بگـرم، زۆربـەی زۆری ئەنـدامان جاران گلەییان لەوەدا هەبوو دەیانگوت سەرۆکایەتی درەنگ دێت، ئەوەمان بەقـەدەری ئیمکـان لابـرد و، بۆ ئەوەی مەهانەی دواکەوتنیان لە وەختی خۆیـدا نـەمێنێت و، دوایـی گوتیـان هۆڵەکـە گەرمایـە و بـە پەلە ئەوەمان چارەسەر کرد و پارەیەکی باش سەرف کرا بـۆ ئـەوەی گەرمایەکـەش نـەمێنێ، ئـەوە دوو، سێ جارە مولاحەزە دەکات سـەرۆکایەتی کـە دێینـە ژووری، هێشـتا زۆربـەی زۆری ئەندامـەکان رەغمـی ئـەوەی کـە جەرەسـیش لێـدراوە، نـەهاتوون، ئومێـد دەکـەم کـە ئـەوە تیکـرار نەبێتـەوە، ئەگـەر ئێمـە مەهانەشمان هەبێت لە دواکەوتن لەبەر مێوان، ئەو مەهانەیەش لای ئێوە نیە، بـەڵام ئـەو رەخنەیـەش قبوڵ بکەن لێمان، هەر ئازایەتیتان لەوە دا نەبێت کـە رەخنـە لـە سـەرۆکایەتی بگـرن، داوا لـە لێژنـەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیـان دابنیشـن، خـاڵی یەکـەم لـە بەرنامـەی کـار، خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشنیاری هەموار کردنی دووەم، هەموار کردنی یاسای خانەنشینی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستان- عیراق ژمارە (3)ی ساڵی/ 1999 ی هەموار کراو، کە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، بەئیمزای خاتوو سۆزان شـەهاب نـوری، کـاك رەشـاد احمـد ، خـاتوو گـێلاس محی الدین محمد، کاك کەریم بەحری برادۆستی، کاك طلعت خضر سیف الدین، کاك عبدالرحمن احمد رضا، کاك شێروان حەیدەری ، کاك عەونی بەزاز، کاك طارق جامبـاز، خالـد ابـراهیم، پێشـکەش کـراوە، فەرموو کاك خەلیل بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو و میهرەبان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بـەرێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، پـرۆژە یاسـای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە(.......)،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد صالح، خـاڵی یەکـەمی بەرنامـەی کـار، خوێندنـەوەی یەکـەمی، پێشـنیاری هـەموار کردنـی دووەم هـەموارکردنی یاسـای خانەنشـینی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی -عێـراق ژمـارە(3)ی سـاڵی/ 1999 هـەموار کـراو، کـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشـکەش کـراوە، تکایـە پرۆژەکـە بخوێنەوە، ئەو پرۆژەیە نەك ژینگە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**قانون التعديل الثاني لقانون تقاعد اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم 3 لسنة 1999 المعدل.**

**المادة الاولى: تعدل المادة الثانية من القانون و تقرآ كالاتي:**

**أ - يتقاضى رئيس المجلس و نائبه و السكرتير و العضو عند انتهاء عضويته، او عجزه عن اداء عمله او فقدانه العضوية 80٪ مما يتقاضاه اقرانه المستمرون في المجلس من مجموع الراتب و المخصصات الشهرية، كما يتقاضى ورثته نفس النسبة عند وفاته.**

**ب - يستحق عضو المجلس المستقيل، الراتب التقاعدي المبين في الفقرة (ا) اعلاه، اذا مضى على عضويته اربع سنوات، اربع دورات انعقاد في المجلس.**

**ت - تصرف لرئيس المجلس و نائبه و السكرتير و العضو، عند انتهاء عضويته او فقدانها، مكافأة تعادل رواتبه و مخصصاته لسنة كاملة، و يؤخذ راتبه الاخير ومخصصاته اساسآ لاحتساب ذلك و لمرة واحدة مهما تعددت عضويته في الدورات الانتخابية.**

**المادة الثانية:**

**1 - لا يجوز الجمع بين الراتب التقاعدي الوارد في هذا القانون مع اي راتب اخر يصرف من الخزينة.**

**2 - لزوج العضو المتوفي الذي يتقاضى راتبآ اخر، حق الخيار بين ما يتقاضاه بموجب هذا القانون و ما يستحقه من راتب وظيفته او تقاعده، ايهما افضل.**

**المادة الثالثة: تسري حكم الفقرة (ا) من المادة الاولى و المادة الثانية من هذا القانون على المتقاعدين من اعضاء المجلس، و تعدل رواتبهم اعتبارآ من تاريخ نفاذه.**

**المادة الرابعة: لا يعمل باي قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتبارآ من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، وەكو باسم كرد ئەو پرۆژەیە لە لایەن 10 ئەندامەوە پێشكەش كراوە، دوا بڕیاریش بۆ ئێوە دەبێت لە كاتی گفتوگۆدا ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی و ئابووری دەكەم، لەگەڵ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دیراسەتی بكەن و ڕاپۆرتی لێژنەكان حازر بكرێت، خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار: خستنە روو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، ئەگەر ڕاپۆرتتان هاوبەشە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەتان، ڕاپۆرتی هەردوو لێژنە هاوبەشە، لێژنەی یاسایی و لێژنەی تەندروستی هاوبەش، كاك دكتۆر فەرموو بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**بابەت/رای لێژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**هەردوو لێژنەی یاسا و لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێی حوکمی رستەی کۆتایی لە ماددەی 6 و برگە چواری ماددەی 71ی پەیرەوی ناوەخۆ لە 2008/5/25 بەرامبەر بە 4/حوزەیرانی/2708ی کوردی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە و لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لێژنەکانمان کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە یەکی رۆژی 2008/3/17، لێژنەکانمان دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار و گفتو گۆ و لێکدانەوەمان، ئەو پێشنیار و راسپاردانەی خوارەوەمان هەیە:**

**یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری پرۆژە یاسایەکە دەکەین و هەمان شێوازی دارشتن و ریز بەندی کە لەیاسا و بریارە دەرچووەکانی پەرلەمانی کوردستان بەکار هاتووە، بگرێنە بەر ودوای راستکردنەوەی زمانەوانی تەنها ئاماژە بەو ماددە و تێبینیانە ئەکەین کە تێبینیمان لەسەری هەیە.**

**دووەم: سەبارەت بە ماددەی یەك، کوردستانی عێراق لە هەردوو برگەی دووەم و سێیەم بسرێتەوە، با لەسەرەتای برگەی شەشەم و وشەی ژینگە زیاد بکرێ بۆ دوای وشەی ئەنجومەن و ناونیشان دەبێتە ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا.**

**سێیەم: سەبارەت بە ماددەی شەش، رێکخراوەکانی ئافرەتان بکرێتە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.**

**چوارەم: سەبارەت بە ماددەی 11:**

**أ - لە دووەم وەکیلی وەزیر بکرێتە، وەکیلی وەزارەت.**

**ب- لە برگەی پێنجەم سرینەوەی هەموو خاڵەکان تا رێزبەندی (ق)، لە جێگایدا ئەوەی خوارەوە بنووسرێت،**

**پێنجەم: نوێنەری ئەو وەزارەت و دەستانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگە کە لە لایەن وەزیرەوە دیاری ئەکرێ، بەمەرجێك پلەیان لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەندامن.**

**خاڵی (ق) بکرێتە شەشەم و بەم جۆرە، نوێنەری رێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی.**

**پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی 12، لێژنە رای وایە بسرێتەوە، چونکە زیادە و ریزبەندی ماددەکانیش دوای سرینەوەی راست بکرێتەوە.**

**شەشەم: سەبارەت بە ماددەی چواردە کە ریزبەندیەکەی دەبێتە ماددەی 13، لێژنە پێشنیار دەکات برگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بە ریزبەندی حەوتەم و بەو جۆرە:**

**حەوتەم: ئەنجامدانی رووپێوی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی کە دەرئەنجامی بەکار هێنانی چەکی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتیە لە هەرێمدا.**

حەوتەم: سەبارەت بە ماددەی 16 کە دەبێتە ماددەی 15، وشەی لەهەر پارێزگایەك بکرێتە پارێزگاکانی .

هەشتەم:سەبارەت بە ماددەکانی 17 و 18 و 19 کە دەبنە ماددەی 16 و 17 و 18، وشەی ئەنجومەنی پارێزگا تیاندا بکرێتە ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا.

نۆیەم:سەبارەت بە بەشی پێنجەم لەهەر شوێنێك لەو بەشەدا، وشەی (هەڵسەنگاندن) هاتووە بکرێتە مەزەندە کردن، هەروەها وشەی (رێکارانەی) لە برگەی چواری ماددەی 25 کە دەبێتە 24 بسڕێتەوە.

یازدەم: سەبارەت بە ماددەی 26 کە دەبێتە ماددەی 27 و وشەی تیٚ خوێندەوەکان بسڕێتەوە، لەوائیحە بەعەرەبی.

دوازدەم: سەبارەت بە ماددەی 29 کە دەبێتە ماددەی 28، وشەی ژینگە لە کۆتایی برگەی یەکەم بسڕێتەوە.

سێزدەم: لە ناونیشانی بەشی هەشتەم، رستەی باج و کرێیەکان بکرێتە غرامە و کرێیەکان، یەعنی باج لابراوە، هەروەها لە ماددەی 32 کە دەبێتە ماددەی 31، برگەی یەکەم بەم جۆرە دابرژێتەوە: غەرامەیەکی ژینگەیی سالاٚنە بەسەر چالاکی ژینگە پیسکەرەکاندا دەسەپێنرێ کە بە پێی پێوەرێك دیاری دەکرێت و بۆ ئەم مەبەسەتە دەردەچێت.

چواردەم: سەبارەت بە ماددەی 33 کە دەبێتە 32 دەستەواژەی (گەڕانەوەی بۆ سەر سەبەبکار) بگۆڕدرێت بۆ (سەبەبکار بەرپرسە لە).

پازدەم: سەبارەت بە ماددەی 36 کە دەبێتە ماددەی 35، سەرەتاکەی دابرژێتەوە و بەم جۆرە: وەزارەت پێوەری ئاستەکانی پیس بوونی رێگە پێدراو.......هتد.

شازدەم: سەبارەت بە ماددەی 39 کە دەبێتە ماددەی 38، بەم جۆرەی خوارەوە دابرژێتەوە: وەزارەت رادەی پیسبوونی رێگە پێدراو دیاری دەکات بۆ دەرهاوێشتەکانی سەرجەم ئەو چالاکیانەی هەوا پیس دەکەن، لەوانەش........برگەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە تا دوایی.

حەڤدەم: سەبارەت بە ماددەی 44 کە دەبێتە ماددەی 43، وشەی ئیعدام لە کۆتایی برگەی پێنجەم لە دەقە عەرەبیەکەدا بسڕێتەوە.

هەژدەم: سەبارەت بە ماددەی 45 کە دەبێتە ماددەی 44، وشەی باخچەی گشتی بسڕێتەوە.

نۆزدەهەم: لێژنەی هاوبەش پێشنیار دەکات، هەردوو ماددەی 53 و 54، لێك بدرێن و ببێتە ماددەی ژمارەی 52 و داڕشتنەوەی بەم جۆرە: ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، پلانێکی گشتی بۆ رووبەرووبوونەوەی کارەساتە ژینگەیەکان دادەنێت و ئەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ کار پێکردنی و لە پلانەکەش رەچاوی ئەوەی خوارەوە دەکرێت، برگەکانی هەردوو ماددەکە ئەکەنە شەش برگە و لێك دەدرێن.

بیستەم: سەبارەت بە ماددەی 59 کە دەبێتە ماددەی54 ، لێژنە پێشنیار دەکات بەم جۆرە دابرژێتەوە:

1-لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لەگەڵ هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکانی تردا هاتووە، سەرپێچی کاری حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەو و ڕێنماییەکانی کە پێوە دەرکراون، بە بەند کردن سزا دەدرێن، بۆ ماوەیەك کە لە مانگێك کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، یان بە غەرامەیەك کە لە 150 هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە 200 ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، یان بە هەردوو سزاکان.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوەن دکتور، بیستەم ماددەی 59 نیە، غەلەتە لە کوردی، 56 دەبێتە 54، لە کوردیەکە خوێندرا 59.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن، دووەم، سزاکە دوو بەرامبەر دەبێتەوە لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیەکە.

*سێیەم :* وەزیر یان ئەوەی ڕێی پێدەدات بەمەرجێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت بۆی هەیە غەرامەیەك بسەپێنێ کە لە (100000) سەد هەزاردینار کەمتر نەبێتو لە (10000000) دەملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەرکەسێك کە سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێڕەوو ڕێنماییەکانی بەو پێیەوە دەرکراون بکات.

*بیست و یەکەم:* لیژنە پێشنیار دەکات ماددەی (62) وشەی (وقائیعی کوردستان)ی بۆ زیاد بکرێت و بکرێتە دوا ماددە، سەبارەت بە ماددەی (63) کە دەبێتە ماددەی ژمارە (60) بەمجۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

﴿ پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن﴾.

*بیستودووەم :* سەبارەت بە هۆکاری دەرچوواندن ئەوا لیژنەی هاوبەش پشتیوانی لێ دەکات، لەبەر ئەوەی مەبەست لەدەرکردنی ئەم یاسایە دەگرێتە خۆ.

داواکارین پڕۆژەکەو ڕای لیژنەی هاوبەش بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆو ڕادەربڕین لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەصی پرۆژەکە، ماددە، ماددە بخوێننەوە، دوایی ڕەئی لەسەر دەدا لێژنەی قانونی بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا پڕۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (....................)ساڵی ......... دەخەینە ڕوو:

**دەروازەی یەکەم، پێناسە و ئامانج و پرنسیپی گشتی،**

**بەشی یەکەم: پێناسە و ئامانجەکان:**

**ماددەی یەك: مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەیانە بۆ مەبەستی ئەو یاسایە:**

**1- هەرێم:هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**-وەزارەت : وەزارەتی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق.**

**3- وەزیر: وەزیری ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق.**

**4-ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا.**

**5-سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا.**

**6-ئەنجومەنی پارێزگا: ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم.**

**7- صندوق: صندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا.**

**8- ژینگە: ئەو دەورو بەرە ژیانبەخشەیە کە پێك هاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و پێکهاتەکانی بێ گیان و هەر چی دەوری داوە لە ئاو و هەوا و خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێ لە ماددەکانی رەق و شلە گازەکان و ئەو دامەزراوە جێگر و جوولاوانەی کە مرۆڤ لەسەریدا بنیاتی دەنێ.**

**9- پیس بوونی ژینگە: هەر گۆرانکاریەکی راستە وخۆ یان ناراستە وخۆ لە پێکهاتەی یان لە تایبەتمەندی ژینگە، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن پێی یان، هاوسەنگی سروشتی دەشێوێنێ.**

**10- پیسکەرەکانی ژینگە: مادده رەقەکان یان شلەکان یان گازیەکان یان ژاوەژاو یان هۆکارە بایەلۆجیەکان یان تیشکاوەرەکان، یان گەرما یان لەرزینەکانی زیان بە ژینگە دەگەینێ و هاوسەنگی سروشتی دەشێوێنێ.**

**11- پاراستنی ژینگە و رێگە گرتن لە پیس بوونی و تێکچوونی یان رێگە گرتن لێان.**

**12-چاککردنی ژینگە: پەرەپێدان و جوانکردنی رەگەزەکانی ژینگە.**

**13- هەڵسەنگاندنی شوێنەواری ژینگە:دیاری کردن وشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی شوێنەواری پرۆژە یان دامەزراو یان چالاکی نواندن لە سەر ژینگەو دیاری کردنی رێ و شوێنەکانی پێویست بۆ رێگە گرتن یان کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی نەرێنی لە سەر ژینگەو داهاتە سروشتیەکان و پشتی پێ دەبەسترێ ئەویش نواندنی رەزامەندی یان پێچەوانەکەی .**

**14- ژاوە ژاو: ئەو دەنگانەی لە لایەن یاساییەوە لە رینەوەکانی لە سنووری رێپێدراوی خۆی دەردەچێت.**

**15- مادده ترسناکەکان : مادە رەقەکان یان شلەکان یان گازیەکانی تایبەتمەندی ترسناکی هەیە کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن،وەکو مادە درمەکان یان ژەهراویەکان یان توانای تەقینەوەیان هەیە یان دەسووتێن یان تیشکاوەرە ئایۆنیەکان و شتی دیکەش .**

**16- خاشاك: مادە رەقەکان یان شلەکان یەن گازیەکانی کەڵکی بە کارهێنانیان پێوە نەماوە و ، نا هێڵدرێنەوە ، کە پاشماوەی جۆرەها چالاکیەکانن .**

17- پارێزراوە سروشتیەکان : ئەو ناوچانەی تەرخان کراون بۆ پاراستنی جۆرەکانی دیاری کراولە بوونەوەرە زیندووەکان یان هەر سیستەمێکی ژینگەیی دیکە کە ڕێگە بە لابردن وکارتێکردنی یان زیان پێگەیاندنی یان لە ناوبردنی نادات .

18- زیندەوەرە هەمە جۆرەکان : جیاوازی و زۆریی بوونەوەرە زیندووەکان.

19- لایەنەکانی پەیوەندیدار : لایەنی حکومەتی پەیوەندیدار بە ژینگەوە .

20- دامەزراوەکان : زەوی و بیناو پێداویستی و ئامێرەکانی پێکی دەهێنن .

21- شوێنی گشتی :ئەو شوێنە ی بۆ هاتنی هەموو کەس یان، بۆ توێژێکی دیاری کردوو لە خەڵك ئامادە کراوە بۆ هەر مەبەستێك لە مەبەستەکان .

22- ڕەزامەندی ژینگەیی : بە ڵگەنامەیەکی فەرمییە وەزارەت دەریدەکات بە پێی ئەو بەڵگە نامەیەوە ڕێگا دەدرێت بە ئەنجامدانی هەندێ چالاکی دیاری کراو لە لایەنی بیرو بۆچوونی ژینگەییەوە .

23- پێوانەکانی پاراستنی ژینگە :سنووریان چڕبوونەوەی پیسکەرەکان کە ڕێگا نادرێت لە پێکهاتەکانی ژینگەدا بە سەریدا تێپەڕبن.

24- کارەساتەکانی ژینگە : ڕووداوەکانی کە فاکتەری سروشت یان فاکتەری مرۆڤ پەیدا دەبن بە پێی ئەو پێوانانەی بە هۆی ڕێنماییەکانەوە دەردەکرێن زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە زمانی عەرەبی کاك خەلیل بیخوێنەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الاول

التعاريف و الاهداف و المبادئ العامة

الفصل الاول

التعاريف و الاهداف

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1 - الاقليم: اقليم كوردستان- العراق.

2 - الوزارة: وةزارة البيئة في اقليم كوردستان- العراق.

3 - الوزير: وزير البيئة في اقليم كوردستان- العراق.

4 - المجلس: مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم.

5 - الرئيس: رئيس مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم.

6 - مجلس المحافظة: مجلس حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم .

7 - الصندوق: صندوق حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم .

8 - البيئة: المحيط الحيوي الذي يشمل الكائنات الحية من انسان و حيوان و نبات و المكونات اللاحياتية، و كل ما يحيط بها من هواء و ماء و تربة، و ما يحتويه من مواد صلبة او سائلة او غازية، المنشآت الثابتة و المتحركة التي يقيمها الانسان.

9 - تلوث البيئة: اي تغيير مباشر او غير مباشر في مكونات او خواص البيئة، يؤدي الى الاضرار بها او يخل بالتوازن الطبيعي لها.

10 - ملوثات البيئة: هي المواد الصلبة او السائلة او الغازية او الضوضاء او العوامل الاحيائية او الاشعاعات او الحرارة او الاهتزازات التي تضر بالبيئة و تخل بالتوازن الطبيعي لها.

11 - حماية البيئة: المحافظة على البيئة و منع تلوثها و تدهورها او الحد منه.

12 - تحسين البيئة: تطوير و تجميل عناصر البيئة.

13 - تقدير الاثر البيئي: تحديد و تحليل و تقييم اثار مشروع او منشآة و نشاط على البيئة و تعيين التدابير اللازمة لمنع او التخفيف من الاثار السلبية على البيئة و الموارد الطبيعية و يعتمد عليه منح الموافقة من عدمها.

14 - الضوضاء: اصوات تتجاوز ذبذباتها الحدود المسموح بها قانوناً.

15 - المواد الخطرة: المواد الصلبة او السائلة او الغازية ذات الخواص الخطرة التي تؤثر تاثيرآ ضارآ على البيئة، مثل المواد المعدية او السامة او القابلة للانفجار او الاشتعال او ذات الاشعاعات الايونية و غيرها.

16 - النفايات: المواد الصلبة او السائلة او الغازية، غير القابلة للاستخدام او التدوير الناتجة عن مختلف انواع الانشطة.

17 - المحميات الطبيعية: المناطق المخصصة لحماية انواع معينة من الكائنات الحية او اي انظمة بيئية اخرى، التي يمنع ازالتها او التاثير عليها او الاضرار بها او اهلاكها.

18 - التنوع الاحيائي: تباين و تعدد الكائنات الحية.

19 - الجهات المعنية: الجهات الحكومية ذات العلاقة بالبيئة.

20 - المنشآة: الاراضي و المباني و المرافق و المعدات المكونة لها.

21 - المكان العام: المكان المعد لاستقبال كافة او فئة معينة من الناس لاي غرض من الاغراض.

22 - الموافقة البيئية: وثيقة رسمية تصدرها الوزارة، تسمح بموجبها ممارسة انشطة محددة من وجهة نظر بيئية.

23 - معايير حماية البيئة: حدود او تركيز الملوثات التي لا يسمح بتجاوزها لمكونات البيئة.

24 - الكارثة البيئية: الحادث الناجم عن عوامل الطبيعة و فعل الانسان و الذي يترتب عليه ضرر شديد بالبيئة وفق معايير تصدر بتعليمات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راى لێژنەى هاوبەش لەسەر ماددەكە بخوێننەوە بە زمانى كوردى.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەو دەستەواژانەی كە لەم ماددەیەدا هاتوون، زۆربەی زۆریان بریتین لە دەستەواژەی زانستیانە و هیچ تێبینیەكی تایبەتیمان لەسەر ی نیە، تەنها دوو تێبینی نەبێ،یەكەمیان:

أ- (كوردستانی عێراق) لە هەردوو بڕگەی دووەم‌وسێیەم بسڕێتەوە.، كە ئەوترێ، وەزارەتی ژینگە لە هەرێمی كوردستانی عیراق، وەزیری ژینگە لە هەرێمی كوردستانی عیراق، كوردستانی عێراق لە هەردوو لا پێویست نیە.

ب-لەسەرەتای بڕگەی (شەشەم) وشەی (ژینگە) زیادبكرێت بۆ دوای وشەی ئەنجومەن‌و ناونیشانی دەبێتە (ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا).تەنها ئەو دوو تێبینیەمان هەیە، باقیەكەی تری هەردوو لێژنەكەمان هیچ گلەییەك و تێبینیەكمان لەسەری نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە مولاحەزەكەی هەردوو لێژنەی هاوبەش بە جێیە، كە ناوی پرۆژەكە هاتووە، كوردستانی عیراق لە دەستەواژەكان تیكرار كردنی، مانای نیە، مەفهومە كە دەڵێی: وەزیر، وەزیر لە هەرێمی كوردستان، لە شەشەمدا، مەجلیس موحافەزە ئەو بیئەیە جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی جیا بكرێتەوە لەگەڵ مەجلیس موحافەزە، كەس قسەی هەیە؟ كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ماددەكە خۆی ناخوێنمەوە، بڕگەكانی چۆن نووسراوە؟ ماددەی یەك، بڕگەی دە، لە پاش بڕگەكە ئەگەر زیاد بكرێت، هەروەكو ئەوانەی خۆی كە پێشتر هاتووە، یان مەكائین و سەیارە خراپەكان بە هەموو جۆرەكانی و موەلیدەكانی كارەبا، سووتاندنی خواردەمەنی و دەرمانی بەسەر چوو، سووتاندنی زبڵدانەكان، پاككردنەوەی مەخزەنە گەورەكان، ئەوانەش ئەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە،بڕگەی 11، ئەگەر زیاد بكرێت، رێگە گرتن لە رژاندنی تیزابی پاتری سەیارات، ئێستا عەدەدكی زۆری پاتری سەیارات هەر خراپە كە دێت، ئەخرێتە بازاڕ و لە شوێنەكان كۆ ئەكرێتەوە و لە شوێنێكی تایبەتدا دائەنرێ، بەس ئێستا فڕێ ئەدرێ و ئەكەوێتە ژێر عەرز و زەرەرێكی زۆر ئەدا بە ژینگەی كوردستان، ئەگەر ئەوانە حیسابێكیان بۆ بكرێ چاكە، هەوڵدان بۆ چوونە دەرەوەی ناوچە پیشەسازییەكان، بچێتە دەرەوەی شارەكان، ئەوانیش تەئسیرەكی زۆریان هەیە لەسەر ژینگە، لە بڕگەی 17 لە كۆتایی بڕگەكە زیاد بكرێ، ناشتنی دار و درختی زۆر لە شارەكان و هەموو كوردستان، كە وڵات دەپارێزێت، هەم لە وشكە ساڵی ئەیپارێزێت و هەم بۆ ژینگە چاكە، بڕگەی 19 ئەگەر زیاد بكرێ، یەكێك لە لایەنە گرینگەكانی پاراستنی ژینگە، وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكانە، ئەگەر ئەوانە هاوكار بن بۆ دروست كردنی سدودێكی زۆر لە كوردستاندا لە موستقبەلدا لەوانەیە كێشەیەكی زۆر چارەسەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک د.نوری.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشەکی دەست خۆشی لەو لیژنەیە دەکەم، کەوا ئەو پرۆژە قانونەی ئامادە کردووە بە دارشتنێکی زانستیانەی زۆر رێك و پێك، بەڵام دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان: لە برگەی 14 ، عەرەبیەکەی ئەڵێ(الضوضاء: اصوات تتجاوز ذبذبتها الحدود المسموح بها قانوناً)، ئەوە بەلای منەوە روون نیە، حەز دەکەم جەنابی وەزیر ئەگەر بۆمان روونکاتەوە، لە برگەی 24، ئەڵێ: المكان العام: المكان المعد لاستقبال كافة او فئة معينة من الناس لاي غرض من الاغراض، وا بزانم چاکترە بڵێین: او فئة معينة من الناس لغرض معلوم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**24 کوا مەکان عامە؟ 24 کاریسەی بیئییە،شەمسە خان.**

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە ماددەی یەکەم، برگەی چوارەم، کە ئەڵێ: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا، دووەم، لە ماددەی شەشەمدا، هەر ئەنجومەنی پارێزگای تەعریف کردۆتەوە، من پێم وایە یەکێکیان زیادە، هەر ئەنجومەنەکە باشە، ئەوەی چوارەم ، چونکە کە ئەڵێ : لە ئەنجومەن، وازیحە کە پارێزگاکان ئەگرێتەوە، ئیتر برگەی شەشەم بە لای منەوە زیادە، لە برگەی 12 کە ئەڵێ: چاککردنی ژینگە، بریتیە لە پەرەپێدان و جوانکاری ژینگە، ئەوە خۆی بۆ خۆی ئامانجی یاساکەیە، هەدەفی یاساکە، چاککردن و پاراستنی ژینگەیە، هەدەف پێویست ناکات لەو ماددانە، ئەم ماددانە تەعاریفن، من پێم وایە زیادە، دووەم، لە برگەی چواردەم کە تەعریفی ژاوەژاوە، یاخود برگەی 15 مادده ترسناکەکان، یاخود برگەی 16 خاشەکە، ئەم سێیانەی کە هاتووە زۆر بە تەفاصیل شەرحی کردوون، بەرەئی من برگەی 10 لەوێ کە ئەڵێ، پیسکەرەکانی ژینگە، هەموویانی تەعریف کردووە، یەعنی ئەو سێ ماددەیە نەمێنێ و ئیکتیفا بکات بە برگەی دەیەم کە ئەڵێ: پیسکەرەکانی ژینگە بریتیە لە مادده رەقەکان، شلەکان، گازیەکان، ئەو سێ ماددەیە لە وێ هەیە و ئەو تەفاصیلە زۆرەی پێ ناوێ، برگەی 19 لەگەڵ برگەی 20 هەردووکیان تەحصیل حاصلن، یەعنی لایەنەکانی پەیوەندیدار، ئاشکرایە کە پەیوەندی هەیە بە ژینگەوە و تەعریفی ناوێ، برگەی 20 هەر عەینی شتە کە باس لە دامەزراوەکان ئەکات، زەوی و بینا و پێداویستیەکان، ئەویش هەر تەحصیل حاصلە، لە برگەی 24 کە باسی کارەساتەکانی ژینگە دەکات، ئەڵێ: بریتیە لە رووداوەکان کە**

فاكتەری سروشتین یان لە كاری مرۆڤەوە پەیدا ئەبن، هەتا ئەوەندە بەسە، یەعنی وازیحە، ئەو بڕگەیەی دوای ئەو زیادەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەبوو، یەكێكیان ئەوەی د.نوری وتی، دووەمیان ، ئەوەی ئیقلیم، لە ماددەی یەكەم، الاقلیم : اقلیم كوردستان_العراق، نەك اقلیم كوردستان العراق، لە هەموو تەعاریفەكانی پێشتر هەر بەو جۆرە تەعریف كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من هیوادارم لە نووسینەوەی ئەو قانونە، هەرچەندە قانونێكی زۆر باشە، بەڵام سوود وەرگێڕابا لە خیبرەی مامۆستا یان پرۆفیسۆر ئارام خدر مەولود كە لەسەر ئاستی عیراق یەكەمە، دووەمیان پرۆفیسۆری یاریدەدەر دڵشاد گەنجۆ، ئەویش هەر لە بواری ئەوەیە، یەعنی دەوڵەمەندتر دەبوو یاساكە، كە هەردووكیان مامۆستای خۆمن، سێ تێبینیم هەیە، تێبینی یەكەم لەسەر پێناسەی ژینگە، لێرە كە دەڵێ:المحیط الحیوي الذي یشمل الكائنات الحیة من انسان و حیوان و نبات، پرسیاری من بۆ سەرۆكی لیژنەی تەندروستیە، ئایا تەحالب و فتریات و بەكتیریا كاریگەری نیە لەسەر ژینگە؟ بە ئیجیابی و بە سەلبی؟ پێم وایە ئەو تەعریفەش شموولی ئەو سێ بەشەی ناكات، هەم تەحالب و هەم فتریات و هەم بەكتریا، من پێشنیاری پێناسەیەكی تر دەكەم، بەراستی پێناسەی ژینگەی هەموو دونیام لەبەر دەستە، ئەوەی ئوردنی و ئەوەی فەلەستینی و جەزائیری، ئەوەی ئوردنیان وا بزانم زۆر تێر و تەسەلە كە دەڵێ: المحیط الذي یشمل الكائنات الحیة و غیر الحیة، و ما یحتویە من مواد و ما یحیط بە من الهواء و التربة و التفاعلات و ما یقیم الانسان من منشآت فیە، ئەوە هەم تەحالب دەگرێتەوە و هەم مەواد و هەموو شتێك دەگرێتەوە، دووەم: لەسەر مەسەلەی 14 الضوضاء، پێم وایە لێرە لە پێناسەكەی زیاتر با باسی كاریگەری ئەو زەوزایە بكات، چ تەئسیرەكی هەیە لەسەر خەڵك؟ یان چ تەئسیری لەسەر پیسی ژینگەكە هەیە؟ نەوەك وەصفی حاڵەتەكەی بكات بەس ، بۆیە پێشنیار دەكەم بەو شێوەیە بێت پێناسەكەی، ذبذبات صوتیة عالیة تسبب تغییرآ فسلجیآ

او انزعاجآ نفسيآ و اجتماعيآ، له 16 النفايات، لێره له لای من مەفهوم نیه، نەفایات ئایا قەصدی ئەوەیە سوودی لێ وەرناگیرێت، هەموو نفایاتێك، لەبەر ئەوە زۆر لەو نفایاتانەی سوودیان لێ وەردەگیرێتەوە لە زۆربەی وڵات، بۆ نموونه له صین له 20٪ دا تاقه له نفایات بەکاری دێننەوە، بۆیە پێم وایە دەبێ ئەوە بگۆڕدرێ، چونکه لێره دەڵێ( غير قابلة للاستخدام او التدوير الناتجة من بعض الانشطة) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم بڕگەی هەشتەم، که لێره پێناسەکەی ژینگه، منیش تا ڕادەیەك لەگەڵ کاك سەردار هاوڕام، بەڵام ئەو به عەرەبی خوێندیەوە، چونکه لێره له جیاتی بڵێین: هەموو بوونەوەره زیندووییەکان و ئاژەڵ و ڕووەك، دەتوانین بڵێین بریتیه له هەموو سەرچاوه زیندوو یان نا زیندووەکان، دیاره هەمان سەرچاوەی منیش هەر ئی ئوردنه، سەرچاوه سروشته زیندووەکان که لەگەڵ مرۆڤ ڕۆڵ دەگێڕن، هەموو ئەوانە پێکەوه پەیوەندیەکی بەهێزیان هەیه، وا بزانم ئەوه باشتر و کورتتره، له جیاتی ئەو هەمووه بڵێین مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك، دەتوانین بڵێین هەموو سەرچاوه زیندووەکان، یان نا زیندووەکان، ئەوه یەك، دووەم: له 11 ، پاراستنی ژینگه و ڕێگگه گرتن له پیس بوون و تێکچوونی، یان ڕێگه گرتن لێان، من پێم باشتره به ڕەئی من داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی درێژ خایەن، بۆ پاراستنی ژینگه و سامانی سروشتی، 14 لێره ژاوەژاو، من دووباره لەگەڵ د.نوریم، دیاری نەکردووه ئەو دەنگانه له لای یاساییەوە، ئایا لێره ڕۆڵی حکومەت له پابەند بوونی بۆ زامن کردنی بۆ هاتووچۆی هاووڵاتیان نابێ لێره دیاری بکات ڕۆڵی حکومەت؟ ئەگەر بێت و ئامێرەکانی گواستنەوه به کۆمەڵ. به چ شێوەیەك ڕۆڵی هەیه له گواستنەوە؟ چونکه هۆیەکانی گواستنەوەیه ژاوەژاو دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەمزیه خان.

**بەڕێز رمزیه احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی 24، الكارثة البيئية: الحادث الناجم عن عوامل الطبيعة و فعل الانسان و الذي يترتب عليه ضرر شديد بالبيئة وفق معايير تصدر بتعليمات.، ئەوه ببێته ( العوامل الطبيعية و العوامل البشرية) باشتره، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێکیان ئاراستەی جەنابی وەزیر کراوه، ئەو پرسیارانه یان پێشنیارانه، هەندێکیان ئاراستەی لێژنەی تەندروستی، جەنابی وەزیر ئەگەر جوابت هەیه بۆ پرسیارەکانیان یاخود بۆچوونەکانیان، فەرمووو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا داواکاری من ئەوەیە، ئەگەر بێت و پشت بە دەقە عەرەبیەکە ببەستین، لەبەر ئەوەی ئەو وەرگێڕانە کوردیە هەندێك هەڵەی تێدایە کە کاریگەری کردووەتە سەر ناوەرۆکی بابەتەکە، دوو، سەبارەت بەو تێبینیانەی کە ئەو بەڕێزانە کردیان، ئامادەکردنی ئەو یاسایە، هەموو ئەو بەڕێزانەی کە کاك سەردار هەرکی باسی کردن، د.ابراهیم خضر مەولود و کە بەڕێزی خۆی بۆی تەرجومە کردووین بۆ ئینگلیزی و بەشدار بووە و د.دلشاد گەنجۆ و دەیانی تریش لەو بابەتە لە زانکۆکانی کوردستان و لە عێراقیش تێدا بەشدار بوون، ئەوە هەروا لە خۆیەوە لە دایك نەبووە، حەز دەکەم بەڕێزیشتان بزانن، دوای ماندوو بوونێکی زۆر، خاڵێکی تر بە گشتی بیلێم ئەوانە تەعریفاتن، حەز دەکەم ئەوە بزانن تەعریف شتێکی علمیە ، دەکرێ جیاوازی لە تەعریفی پرۆفیسۆرێك، لە زانایەك، لە یەکی تر بۆ یەکێك جیاوازیەکی کەم هەبێ، بەس ئێمە هەوڵمان داوە لەم تەعریفانە، کامە تەعریف جامیع و مانیعە بۆ بیئەن ئێمە بێنین، ئیعتیمادمان کردۆتە سەر ئەوە، پێشم وایە، ئەگەر ئەو تەعریفەی، بۆ نموونە کاك سەردار هەرکی خوێندیەوە، بەراووردی بکەی لەگەڵ ئەوەی هی ئێمە هیچ فەرقی نەبوو، تەنها پاش و پێشی کەلیماتەکان بوو، لەوە زیاتر هیچ شتێکی فەرق نەکردووە جەوهەری بێت، هی ئەویش دوو دێر و نیوە و هی ئێمەش هەر ئەوەندە دەرچوو، ئەوە کێشەیەکمان نیە، من تێبینیەکەی د.نوری بە هەند وەردەگرم، لای خۆشمان ئێمە گۆڕانمان تێدا کردبوو، کە ناردوومانە، نازانم بۆ هەر وا ماوەتەوە، لە تەعریفی 14- الضوضاء: اصوات تتجاوز ذبذباتها الحدود المسموح بها قانوناً. ئەوە ئێمە لە قانوندا نیمانە، حدودوی زەبزەباتی دیار کردبێ، ئێمە گۆڕیمان: یحدد بنظام، ئێمە نیزامێکمان ئامادە کردووە لای خۆمانەوە، نیزامەکە باس لەوە ئەکات، ئەوە قانونی هەوایە، نیزامی هەوا و زەبزەباتە، ئەو زەبزەبانەی کە ڕێگای پێ ئەدرێ لە وڵاتی ئێمە، ئێمە هاتووین و جیاوازییەکیشمان کردووە لە ستاندەری جیهانی کە لەوە ئەچێ ناکرێ وڵاتێك وەکو کوردستان، وەکو سوێد وابێ، هاتووین جیاوازیشمان لەوە کردووە ڕێژەی زەبزەبەکانمان دیاری کردووە، ڕێژەکە چەند بێ؟ تا چەند تەجاوز نەکات لە ناو شارو لە دەرەوەی شار، ئەوە لای خۆمان ئێمە کردوومانە: یحدد بنظام، و ناردبوومان، دەکرێ لێرەش هەر وای لێبکرێتەوە، چونکە قانونێکمان نیە تەحدیدی ئەو ژاوەژاوەی کردبێ، من دەست خۆشی لە د.نوری دەکەم، ئەگەر جەنابتان بفەرموون و ئەوە وای لێبکرێ باشە، سەبارەت بەو تێبینیانەی تر، د.نوری باسی شتێکی تری کرد، لە مەکانی عام، ئێمە ئەڵێین لە مەکانی عام بۆ هەر مەبەستێك، دوایی ئەوە تەعریفە، مەکانی عام چیە؟ دوای باسی ئەکەین هەڵوێستی ژینگە لەسەر مەکانی عام ، یاساکە چی بۆ بڕیار ئەدا؟ نووسیومانە : لاي غرض من الاغراض. بۆ هەر مەبەستێك بەکار بێ، ئەوە مەکانی عامە، ئەگەر د.نوری ئەفەرمووێ، شوێنەکە و غەرەزەکە دیاری بکرێ، ئەو وەختە مەعنای وایە مەکانی عام بۆ یەك شتە، یەعنی مەکانی عام بۆ زۆر شت بەکار دێت و بۆ زۆر موناسەبات بەکار دێت، بۆ زۆر کار و چالاکی جۆراجۆر بەکار دێت، لەبەر ئەوە ئەبێ وا بێ، سەبارەت بە تێبینیەکانی شەمسە خان، باسی کرد لە مەجلیس و مەجلیسی موحافەزە، ئەوانە دوو شتی

لێك جیان، تەعریفە و لە ناو قانونەكەدا هاتووە، دەبێ لە تەعریفەكەشدا دیاری بكرێ، مەجلیس بریتیـە لـە مەجلیسی حیمایەی بیئە كە لە سەر ئاستی حكومەت ئەكرێ و وەزیفەكەی جیایە و مەجلیسی موحافـەزەش، ئەو مەجلیسەیە كە لەسەر ئاستی موحافەزە و سەرپەریشتی موحافیز دروست دەكرێ، ئەرك و مەهامی خۆی جیایـە، سـەبارەت بـەوەی كـە وتـی ئـەوەی خـاڵی 12 هەدەفـە، تـەعریف نیـە، ئێمـە باسـی تـەعریفی ئـەو موصتەلەحانە ئەكەین كە لـە قانونەكـەدا هـاتووە، مـن پـێم وابـوو ئـەو تەعریفانـە موناقەشـەش هەڵـنـەگرێ، بـەڵام ئـەوە بـەرێزتان موناقەشـەتان كـرد، بـۆ نموونـە : تحسـین البیئـە، ئـەوە موصـتەلەحێكە زۆر دووبـارە بوویتەوە، پێویست بەوە دەكات تەعریف بكـرێ، تـەنها تـەعریفێكمان كـردووە، ئەهـداف شـتێكی تـرە، یـەعنی ئەوەش بڕیار لای جەنابتانە، سەبارەت بە ئەو هەموو تەعریف و موصتەڵەحانە لە نـاو قانونەكـەدا هـاتووە و پێویسـتی بـە تـەعریف كردنـە، تەعریفـەكانیش تـەعریفی عـیلمین، ئینسـانی پسـپۆر كردوویـەتی، زۆریـش پێداچوونەوەی لەسەر كراوە، ئەوەی مامۆستا محمد فـەرەج وتـی: اقلـیم كوردسـتان، ئـەوە شـتێكی لای خۆتـان هەر وایە، موشكیلەمان نیە، ئەو بەرێزە پرسیاری كرد لەسەر نفایات، ئێمە لە تەعریفی نفایات نووسـیومانە، دوو شتمان هەیە بۆ ئەوەی بۆ بەرێزتان و لە قانونەكەشدا مەعلوم بێت، النفایات: المـواد الصـلبة او السائلة او الغازیة، غیر القابلة للاستخدام او التدویر، ئەوە نفایات مەبەستمان ئەو مەوادەیە كە نە ریسایكڵ ئەكرێ و نە جارێكی تر بەكار دێتەوە، لە دوای ئەوەی كاك سەردار باسی ئەكات، موخەلەفات، موخەلەفاتمان هەیە، ئەوانە دوای رێسایكڵ، نفایاتمان بۆ ئەمێنێتەوە، نفایـات: مەبەسـتمان ئـەو مەوادانەیـە كـە هـیچ كـەڵكی نـامێنێ، جـا نفایاتی نەوەوی بێ، یان ئەو نفایاتانەی كە لە دوای ریسایكڵ و شت لە نەتیجەی شت دەردەچـێ كـە بەكـەڵكی هیچ نایەت، غەیری ئەوەی ئەبێ تەمرێكی صیحی بكرێت، یـان دووربخرێتـەوە، ئـەوە مەبەسـتمان لـە نفایـات ئەوەیـەو لـە یاساكەشـدا هـاتووە، ڤیـان خـان باسـی ژاوژاوی كـرد، ئێمـە لێـرە مەبەسـتمان تـەعریفی ژاوژامـان كردووە، دەوری حكومـەت مەعلومـە، یـەعنی ئـەو قانونـە كـە دەرئەچـێ، لەسـەر شـانی حكومـەت و وەزارەتـی ژینگەیە، كە جێبەجێی بكات، و نابێ بهێڵێ ئەو ژاوەژاوە كە لێرە بوو یاسا رێی پـێ بـدرێت، نووسـیویەتی بـۆ باسی رۆڵی حكومەت نەكراوە لە ژاوژێ؟ رەمزیە خـانیش پرسـیارێكی كـرد، ئـەوە پـێم وایـە هـیچ ئیشـكالێكی نیە، خۆشی هەر ئەبێ وا بێ، الناجم عن عوامل الطبیعة او فعل الانسان، چـونكە هۆكارەكـان كـە ژینگـە تێـك دەدەن، كارەساتەكان، كەوارسێكی تەبیعیە، یان ئینسان هۆكارێتی، بەس بۆیە نووسیومانە كارەساتی بیئی، ئەو بەرێزە دەیووت دوای ئەوە زیادە، و الذي یترتب علیه ضرر شدید، ئەگـەر ئـەو زەرەرە شـەدیدە نـەبێ، كەواتـە كاریسەی بیئی نیە، ئەوە هەر موشكیلەیەكی بیئیە و موعالەجە دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵامی زۆر لە پرسیارەكان درایەوە، بە تایبەتی لەوەی كە ئاماژەی كرد بۆ وەڵامی چەند ئەنـدامێكی بـەرێز، ئەوانـە ئەهـداف نـین، موسـتەلەحاتن، تـەعریفاتن، لـە قانونەكـەدا هـاتووە، كـاك د.فـؤاد وەڵامـی ئـەو پرسیارانە بداتەوە كە ئاراستەی لێژنەكە كراوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا زۆربەی زۆری پرسیارەكان، جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، تەنها روونكردنەوەیەكم هەیە لە بارەی لەرینەوە، رێژەیەكی تایبەتی هەیە كەوا رێپێداراوە، بۆیە لەو رێژەیە دەرچوو، زیاد یان كەم، ئەوەیە كەوا لەم یاسایە باس كراوە و كەوا بتوانین بە یاسا نەهێڵین ببێ، لەبەر ئەوە هەموو زەبزەبەیەك ئەوە نیە زەرەری بۆ مرۆڤ هەبێ، هەندێكی كە لەو رێژەیە دەرچێ، زیاد بێ یان كەم بێ، بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەكان، لەبەر ئەوە كاك داراش باسی كرد، ئێمەش ئەتوانین پێوەری خۆمان هەبێ، بەڵام پێوەری نێودەوڵەتی هەیە كەوا مرۆڤ چەند ئەتوانێ رێگر بێ، بتوانێ تەحمولی چەند زەبزەبە بكات؟ سورعەتەكەی چەند بێ؟ ئەوە یەك، لەبارەی بەشەكانی تریشەوە لە راستیدا، ئەوانە هەموو تەعریفن و هەمووشی زانستیانەیە، هیچ پێویست بە لێكۆڵینەوەیەكی زۆر ناكات، ئەوانە ئامانج نین، میكانیزم نین بۆ جێبەجێ كردنی، تەنها روونكردنەوەی ئەو قسانەیە كە لە دواییدا لە یاساكە هاتووە بۆ ئەوەی روون بێ كە ئەڵێن ژینگە، كە ئەڵێی: موئەسەسە، كە ئەڵێن مەحمیە، كە ئەڵێن نفایات، شتەكان روون بێ، ئەگینا هیچ شتێكی هینی تێدا نیە، پێم وایە زۆر رێك و پێك هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی كە گۆرانكاری لێكرا، كوردستانی عێراق لادرا، لە ماددەی یەك و، دوو و، سێیەمدا، مەجلیس موحافەزە پێویست ناكات للبیئە، یەكێك مولاحەزەی ئەوەی كرد، ئەگەر چی جەنابی وەزیریش هینی كرد، چونكە ئەوە تەعریفە، لە هی ژاوەژاوەكە جەنابی وەزیر خۆی ئاماژەی پێكرد، لە ئاخیرەكەی، وتحدد بها قانونآ، شەتب دەكرێ، تحدد بنظام، ئەوەی تر هیچ گۆرانكاری بەسەر دانەهاتووە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات، تكایە؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ ماددەی یەكەم پەسند كرا، بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: ئامانجی ئەم یاسایە هێنانەدی ئەم مەبەستانەی خوارەوەیە:

1- پارێزگاری كردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی و رێگە گرتن لە پیسبوونی و چاككردن و پەرەپێدانی.

2- پاراستنی سروشت و تەندروستی گشتی لە مە ترسیەكانی چالاكی و كارەكانی زیانبەخش بە ژینگەو مرۆڤ

.

3- پارێزگاریكردنی داهاتەكانی سروشتی و گەشە پێدانی و رێنماییكردنی بە كارهێنانی .

4- سیاسەتی ژینگە بكرێتە بەشێكی دانەبڕاو لە پلانی گشتگیری گەشەپێدان لە هەموو مەیدانەكانی مرۆیی و پیشەسازی و كشتوكاڵی وبنیاتنان و گەشت وگوزارو شتی دیكە.

5- بەرز کردنەوەی رادەی وشیاری بە مەسەلە کانی ژینگە و قووڵکردنەوەی هەست بە لێپرسینەوەی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و چاککردنی و هاندانی هەوڵە خۆ بەخشراوەکان لەو مەیدانەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى تحقيق الاغراض التالية:

1 - المحافظة على بيئة الاقليم و حمايتها و منع تلويثها و تحسينها و تطويرها.

2 - حماية الطبيعةو الصحة العامة من اخطار الانشطة و الافعال المضرة بالبيئة و الانسان.

3 - المحافظة على الموارد الطبيعية و تنميتها و ترشيد استخدامها.

4 - جعل السياسة البيئية جزءآ لا يتجزءآ من التخطيط الشامل للتنمية في جميع المجالات البشرية و الصناعية و الزراعيةو العمرانية و السياحية و غيرها.

5 - رفع مستوى الوعي بقضايا البيئة و ترسيخ الشعور بالمسؤلية الفردية و الجماعية لحماية البيئة و تحسينها و تشجيع الجهود التطوعية في هذا المجال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لێژنەی یاسایی وا بزانم مولاحەزەتان لەسەر نەنووسیە؟ هەردوو لێژنە تێبینیان لەسەر ئەو ماددەیە نیە، کەس تێبینی هەیە؟ کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە یەکێك لە گرنگترین مەهامەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، دانانی سیاسەتی ژینگەیە لە هەرێمی کوردستان، لە بڕگەکانی داهاتووشدا ئیشارەتی پێدراوە، لە ماددەی دووەم، لە خاڵی چوارەم، سیاسەتی ژینگە بکرێتە بەشێکی دانەبڕاو، من پێم وایە ئەو داڕشتنە تۆزێك کەم و کورتی هەیە، لە سەرەتا ئەبێ ئاماژە بەوە بدات کە سیاسەتی ژینگە دابندرێت، دواتر بکرێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پلانی گشتی، واتە تۆ ئەوەڵەن، ئەبێ سیاسەتەکە دابنێی، دواتر هەوڵ بدەی ئەوە ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پلانی گشتی ئاوەدان کردنەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لە ماددەی چوارەم لە جیاتی ئەوەی تەنها بنووسرێ، سیاسەتی ژینگە بکرێتە بەشێکی دانەبڕاو، سەرەتا دانانی سیاسەتی ژینگەی هەرێم، دواتر بەستنەوەی بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە پلانی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خاڵی یەكەم، داڕشتنەكە بە زمانی عەرەبی ئەز بینم، نارێك و پێكە ، المحافظة علی بیئة الاقلیم و حمایتها، منع تلویثها و تطویرها و تحسینها، ئەوە تحسینها و تطویرها، بێتە عایدی منە، بەلای منەوە بێژن: المحافظة علی سلامة البیئة و حمایتها و تحسینها و تطویرها للحد من تلویثها، ئەوها باشتر دەبێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**خاتوو شەمسە.**

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەم ماددەیە كە ئامانجەكانی دیاری كردووە، لەم یاسایە هەموو ئامانجەكان تێر و پڕن ولە شوێنی خۆیانن، بەڵام من یەك ئامانج بە زەرووری ئەزانم و كە تیای نیە، ئەویش ئەوەیە، هەدەفی ئەم یاسایە ئەبێ بەرگرتنیش بێ لە زیادە ڕۆیەی لەلایەن، مەسەلەن ئەصحابی مەعاملەوە بێت، و هۆكاری سەرەكی پیس بوونی ژینگەیە، یەعنی شێوازێك لە عقوبە دابنرێ، وەكو هەدەفێكی ئەم یاسایە، بۆ سەرپێچی كاران، ئەوە من بە شوێنی شیاوی خۆی ئەزانم لێرە و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**هەدەف چۆن ئەبێ عقوبە بێت؟ عقوبە بۆ ڕەدعە، نابێ هەدەف بێت، كاك عزالدین.**

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی دووەم، حمایة الطبیعةو الصحة العامة من اخطار الانشطة و الافعال المضرة بالبیئة و الانسان. ئاخیری بە تەعریفی بیئە هاتووە، المحیط الحیوي الذي یشمل الكائنات الحیة من انسان و حیوان و نبات...الخ، یەعنی البیئە و الانسان جیاوازی نەكرایە، انسان شەتب بكرێ و بیئە تەواوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك كەرخی.**

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وەڵلا من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە، چونكە خۆی ئەو قانونە داندرایە بۆ جێبەجێ كردنی ئەو ئەهدافە، یەعنی هەدەفێك هەیە، لە ئەسبابی موجەبەش زۆربەی زۆری ئەو شتانە نووسراوە، من پێم وایە نووسینی ئەهدافەكان، خۆی قانونەكە جێبەجێ دەكەین، پێم وایە زیادە و ئەسبابی موجەبەكە، هەندێك بە دوو، سێ شتیش دەوڵەمەند بكرێ، ئەوە هەر هەمووی دەخرێتە ئەوێ و لەوێندەرێ دەڵێ: ئێمە لەبەر ئەو شتانە ئەو یاسایەمان داناوە و تەواو، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان ڕەئی كاك كەرخیم هەیە، چونكە ئەم یاسایە لە ئەسباب موجەبەكەی زۆر بە تێر و تەسەلی هاتووە، ئێمە بۆ چی پێوەستیمان بەو یاسایە هەیە، ئەشكرێ لێرەدا بێ بۆ تەئكیدی زیاتر، بەڵام لێرەدا كە باس لەوە دەكات: جعل السياسة البيئية جزءآ لا يتجزء من التخطيط الشامل، یاخود باسی ئەوە دەكات كە سیاسەتی بیئی لەناو هەموو مەجالاتەكاندا بێ، پێم وایە ئەوە ئەبێ یەكەم خاڵ بێت، ئەهمیەتەكەی، چونكە تۆ هەتا ئەو سیاسەتە پەیڕەو نەكەی لە هەموو لایەكدا، یاخود لە هەموو مەجالاتەكاندا، تۆ ناتوانی موحافەزەی بیئە بكەی، خاڵی پێنجەمیشی، ئەو قەزایای بیئە لابردرێ، بكرێتە رفع مستوى الوعى البيئى، چونكە قەزایای بیئە جیاوازە لەگەڵ الوعى البيئى، چونكە ئێمە پێویستمان بەوەیە كە هەموو تاكێك وشیار بێ لە بارەی ژینگەوە، قەزایای بیئە، چەند قەزیەكی موحەدەدە كە تۆ ئەبێ وەعیت لەسەری هەبێ، بەڵام الوعى البيئى موناسیبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزاتەكان، ئەوەی لە ماددەی دووەم، یەكەم، ئەوەی كاك پیر خدر وتی، ئەگەر جەنابی وەزیر و بەڕێزان ئەندامانی هەردوو لێژنەكە، مەنع تەلەوسەكە بخەنە ئەخیرەكەی حەل دەبێت، لە مولاحەزەی كاك ئارام، جعل السياسه البيئيه، ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە، ئەوەی پێنجەمیش، قەزايا البيئە، الوعى البيئى، ڕاستەی ئەوەی سۆزان خان دەڵێی، ئەوەش جواب بدەیتەوە، كاك كەرخی ڕاست دەكەی، بەڵام ئەوە لێرە هەبێ باشترە، ئەهدافەكە هەبێت، ڕاستە لە هینیش هاتووە، بەس لێرەش هەبێ باشترە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە سیاسەی بیئی، ئێمە لە قانونی وەزارەت باسمان لەوە كردووە كە وەزارەتی ژینگە سیاسەتی بیئە و ستراتیژیەتی بیئە لە هەرێمی كوردستان دائەنێ، ئێستا دەستیشمان پێكردووە، لە قانونی وەزارەت هاتووە، بۆیە لێرە دووبارەمان نەكردەوە، دوو، بە خۆی دانانی ئەو یاسایە بەشێكە لەو سیاسەتە بیئەو ستراتیژیەی بیئەی كە ئەبێ لە كوردستاندا پەیڕەو بكرێت، بۆیە لێرە ئەوەمان دووبارە نەكردووتەوە، سەبارەت بەوەش بۆ نەكراوە بە خاڵی یەكەم؟ ئێمە دانانی سیاسەی بیئی هەر لە پێناو خاڵی یەكەمدا كە خاڵی جەوهەریە: ، المحافظة على بيئة الاقليم و حمايتها و تطويرها، ئەو موحافەزەیە بە چی ئەكرێ؟ بە تێكەڵاو كردنی سیاسەتی بیئیە لەگەڵ بوارەكانی تر، سەبارەت بە پرسیاری قەزایای بیئی،ئەگەر واش بڵێین (رفع مستوى

الوعی البیئی)، ئەوەش دروستە، بەس لە راستیدا وەعی بیئی، بیئە مانایەکی زۆر فراوانی هەیە، ئێمە بۆمان ناکرێ هەموو هاوولاتیەك بگەیەنینە ئەوەی وەعی بە هەموو رەگەزەکانی ژینگە لای دروست ببێ، هەدەفەکەمان ئەوەیە، تەنها ئەو کێشانەی کە ژینگەیین و کێشە رووبەرووی خەڵك دەبێتەوە و مەترسی هەیە، مەترسی لەسەر ژیانی خەڵك دروست دەکات، یەعنی ئەگەر بەس بتوانین بە گشتی هەموو خەڵکێکن ئەوانەی کە مەترسی هەیە لەسەر ژینگە، بزانێ کافیە، بەلام ئیلمام بە هەموو بیئە ئەوە شتێکی زەحمەتە، بۆیە ئێمە بەس قەزایای بیئیمان باس کردووە، باس لەوەش کرا البیئە و الانسان، لە دووەم: الافعال المضرة بالبیئة و الانسان، چونکە لە راستیدا ئینسان راستە لەناو بیئە ئەژێ بەس بیئە یەعنی ئەو موحیتەی دەرەوەی ئینسان، کە ئەڵێین بیئە : موحیتی دەرەوەی ئینسان، ئینسان خۆشی، یەعنی هەندێ کار تەئسیر لە ئینسان ئەکات و هەندێك هەیە لە بیئەی ئینسانەکەیە کە موحیتەکەی دەرەوەیە، بۆیە دووبارە کراوەتەوە، من تێبینیەکی ترم نیە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەت چوارەمت جواب نەداوە، یەعنی (مستوی الوعی البیئی)، نازانم ئەگەر جەنابت موافیق بی ئەوە باشترە لە قەزایا، چونکە قەزایا تەفسیر دەکرێ ، چیە و چ نیە و تێنەگیشتن، بەلام وەعی بیئی هەمووی دەگرێتەوە و شاملترە بە رەئی من، ئەگەر چوارەم ئەوەی کاك ئارام وتی بکرێتە(وضع السیاسة البیئیة و جعلها جزءآ لا یتجزآ من التخطیط)، یەعنی سیاسەتی بیئیمان ئەبێ هەبێ ئەویش ئەوەیە کە وەزارەت دایدەنێت، کاك د.فؤاد قسەت هەبوو؟

**بەرێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەوەی کە کاك دارا باسی کرد، سیاسەتی بیئی ئەوەیە کە ئەم برگانەیە کە لەو یاسایە هاتووە، ئەبێ بە سیاسەتی بیئەی ژینگەی هەرێم، ئەوە لە لایەك و پێم وایە ئەوەی خاڵی پێنجەمیش، (رفع مستوی الوعی بقضایا البیئە)، ئەو روونکردنەوەی کاك دارا لە جێی خۆیدا بوو، بەلام ئەگەر بکرێت بە وەعی بیئی، لام وایە هیچ موشکیلەیەکی تێدا نیە، هەرچەند ئەوە دوور و درێژتر دەبێ، شەرت نیە هەموو کەسێك هەموو شتێك لەبارەی بیئەوە بزانێتن ئەو شتانە باس ئەکەین ئێمە کەوا زەرەری هەیە بۆ ژینگە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دارا.

**بەرێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە ئەوەی خاڵی چوارەم باسمان کردووە، وتم باسی سیاسەت و ستراتیژیەتی سیاسەتی بیئی و دانانی ستراتیژیەتی بیئی لە قانونی وەزارەت هاتووە، ئێمە لەو ماددەیە باس لەوە ئەکەین، هەدەف لەو قانونە چیە؟ هەدەفی ئەم قانونە بۆ دانانی ستراتیجیەتی بیئی نیە، ستراتیجیەتی بیئی لەمە گەورەترە، نووسیمانە،

الماده الثانية:يهدف هذا القانون الى، ئەمانـەوێ بـەم قانونـە وا بکـەین کـە سیاسـەی بیئـی بەشـێك بێـت لـەو خوتەیەی کە لە وڵاتدا هەیە، نە وەزارەتی صیناعە نە تەختیت و نەشتێك بە بێ بیئە نەکات، ئەوە قانونی وەزارەت نیە یەعنی، ئەوە خاڵی چوارەم نووسـیومانە هـەدەف لـە دانـانی ئـەو قانونـەی حیمایـەی بیئەیـە، بریتیە لە تێکەڵ کردنـی سیاسـەی بیئـی بـە بوارەکـانی تـری تەنمیـە، سیاسـەتی بیئـی لـە قـانونی وەزارەت باسمان کردووە، یەکێك لە هەدەفە سەرەکیەکانی دانانی وەزارەتەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بۆیە رەئیم دا لەسەر قەزایای بیئی بکرێتە وەعی بیئی، وەعی بیئـی زۆر شاملترە، هەنـدێ شـت هەیـە، شتی بچووکە رەنگە قەزیـەش نـەبێت، مەسـەلەن زەلامێـك بیبسیەك دەخـوات لـەناو سـەیارە لـە رێگادایـە، پەنجەرەکە دێنێتە خوارێ و قووتیەکە فرێ ئەدات، ئەوە قەزیە نیە، بەڵام ئەگەر وەعی هەبێت ئەوە فڕێ نادات، ئەوە نابێ فڕێ بدات، دەبێ لـە نـاو سـەیارەکە دابنێـت و کـە هاتـە خـوارێ لـە مـاڵ لـە زبڵخانـە فـڕێ بداتن، یان خەڵکێك دەنگی رادیۆ بەرز دەکاتەوە تا حەدێك زەوزا دروست دەکات، ئەو زەوزایە دژی بیئەیـە، ئەوە قزیەکیش نیە وەکو لێرەدا دێتە پێشەوە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چواردەم برگـەی یەکـەم، زۆر بـە ئاشـکرایی ئیشـارەت بـەوە دەدات کـە پێشـنیارکردنی سیاسـەتی گشتی بـۆ پاراسـتنی ژینگـە لـە هەرێمـدا و دەستنیشـان کردنـی ئامـانج و کـارە گرنگـەکانی ژینگـە، ئـەوە لـە چوارچێوەی ئەرك و ئامانجی ئەو لێژنە باڵایەیـە کـە لـەو یاسایەدا دادەمـەزرێت، بۆیـە مـن پـێم وایـە ئـەم یاسایە بەتەئکیـد بەشـێك لـە ئەرکـە گرنگەکـەی دەستنیشـان کردنـی سیاسـەتی ژینگەیـە لـە هەرێمـدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێ کە لەوێ هاتووە مانای ئەوەیە لێرە پێویست ناکات باس بکرێتەوە، ئەوەی کە لێرە هاتووە ئەوە دایئەنێ لێرە ئەوە هەدەفەکانیتی، یەعنی ئەوسیاسەتەی کە هەیە دەیکاتـە هـەدەفێك، تـەواوە هینەکـە، کەواتـە بـەو تەغیراتانەی کە کرا ، چوارەم ناگۆڕدێت، (منع التلوث) دێتـە دوایـی، (رفـع المسـتوى البيئـي بقضـايا البيئـة) دەبێتە (رفع المستوى البيئي)، دەیخەمە دەنگەوە ماددەکە هەمووی، کێ لەگەڵیتی دەستی بڵند بکـات، تکایـە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم: پرنسیپە بنەڕەتیەکان و حوکمەکانی گشتی،

ماددەی سێ: هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەكی پاكدا بژیت، ئەركی هەموو لایەكە بۆ كاركردن بۆ پاراستنی ژینگە و دابین كردنی پێداویستیەكانی نەوەكان بە بێ ئەوەی زیان بە مافی نەوەكانی داهاتوو بگەیەنێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

المبادئ الاساسية والاحكام العامة

المادة الثالثة:

لكل انسان الحق في العيش في بيئة امنة و سليمة، و من واجب الجميع العمل على حماية البيئة و تامين احتياجات الاجيال من دون المساس بحقوق الاجيال المقبلة.

**بەڕێز خلیل ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لیژنەی هاوبەش پشتگیری لێ دەكات، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نیە، دەیخەمە دەنگەوە، كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەەنجومەن.**

وەللا بە قەناعەتی خۆم، ئەوە تەقریبەن دووبارە بوونەوەیە، لە ماددەی سێ هەیە، كە لێرەدا هاتووە ئەڵێ: هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەكی پاكدا بژیت، ئەركی هەموو لایەكە بۆ كاركردن بۆ پاراستنی ژینگە و دابین كردنی پێداویستیەكانی نەوەكان بە بێ ئەوەی زیان بە مافی نەوەكانی داهاتوو بگەیەنێ، بەڵام لێرە تەعبیرەكەی بەو شێوەیە من ئەیلێم: هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەكی هێمن و پاكژدا بژی و ئەركی هەموو لایەكە بۆ پاراستنی ژینگە بۆ ئەوەی زیان بە مافی نەوەكانی داهاتوو نەگەینێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د. شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تێبینیم هەیە، بە نیسبەت ماددەی سێەوە کە ئەڵێ:هەموو مرۆڤێك، جوانترە ئەگەر بڵێین : هەر مرۆڤێك، ئەوە خاڵی یەکەمم، حەزم کرد کە ئەوە دابڕێژرێتەوە بە شێوەیەکی کوردانەو جوان، کە ئەڵێ هەموو مرۆڤێك، جوانترە بگوترێ هەر مرۆڤێك، لکل انسان، دوو، پێداویستیەکانی نەوەکان،یەعنی مەبەستی لە چیە بۆ نەوەکان؟ جوانترە بەسەریان بچینەوە و چاکی بکەنەوە، من تێبینیم لەسەر خاڵەکانی تر هەبوو بەراستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من دەست خۆشی لە قانونەکە ئەکەم بە گشتی، بەلام پێم وایە ئەو ماددەیە بە زیادی ئەبێنم، یەك، دووەم: ئەو عیباراتانەی زۆریان بەلەنگی دێن لە ناحیەی قەواعیدیەوە، مەسەلەن نووسراوە: لکل انسان الحق فى العیش، بۆ نەڵێین : من حق کل انسان العیش في بیئة امنة و سلیمة؟ یەعنی عیباراتەکان زۆر بەلەنگی دێن کە قانونەکە ئەمێنێتەوە شتێکی خۆش نیە بە شێوەیەکی ناقەواعیدی بکەوێتە بەر دەست، یان هەر لە ماددەی پێشتر ئەڵێ: یهدف هذا القانون، بۆ ناڵێین: الهدف من هذا القانون، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عزالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە ماددەی سێیەم، لکل انسان الحق في العیش في بیئة امنة و سلیمة، و من واجب الجمیع العمل على حمایة البیئة و تامین احتیاجات الاجیال، پاشان هاتووە، من دون المساس بحقوق الاجیال المقبلة، نازانم ئەو ئەجیالە چیە و ئەو ئەجیالە موقبیلە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کەلیمە لێرە پێویستە ئیزافە بکرێت، کاك فورسەتیش مولاحەزەی دا، الاجیال الحالیە من دون المساس بحقوق الاجیال القادمە، کەلیمەی حالیە ئیزافە بکرێت، کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی ئەو ماددەیە بڕگەی پێشەکەی بە زیاد ئەزانم، لەبەر ئەوەی لە ماددەی 33 دەستووری هەمیشەی عیراقدا هاتووە، یەعنی هەر تەئکید کردنەوەیە، لە ماددەی 15 دا هاتووە، یەعنی دوو مادەی دەستووری باسی ئەوە دەکات، ئیتر من بە زیادی دەزانم ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ عیلاقەمان بەوە نیە كە لە دەستوور هاتووە، یەعنی هەر شتێك لە دەستوور هاتبێت نابێ لە قوانین هاتبێت؟ كاك سعدالدین.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە دیارە ماددەكە زیاتر لەوەی دەچێ كە ماددەیەكی دەستووریە، كە لەوێش هاتووە و لێرەش هاتووە ئیعتیادیە، بەس كە دەڵێ (لكل انسان الحق فی العیش فی بیئه)، لامەكە لە پێشەوە تەعلیلی دەوێ، (لذلك من واجب الجمیع العمل علی حمایته)، ئەوها جوانترە،نەك (و من واجب الجمیع)، چونكە لكل دەبێ تەعلیلەكی لە پاشان هەبێ، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چاوەڕوانم دەكرد شتێك بڵێی لە ماددەی یەكەم ئاماژەمان پێكرد، چونكە لێرە نەبووی، بەڵام نەتگووت، جەنابی كاك دارا ئەو مولاحەزاتانەت گوێ لێبوو، بزانین چ ڕەئیت هەیە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە ڕاستە ماددەیەكی دەستووریە، لەبەر گرنگی مادده دەستووریەكەش كە لە دەستووردا تەنها ئەو خاڵەش هەیە كە تەئكید لەسەر بیئه ئەكات، ئێمە بە پێویستمان زانیوە لە یاساكەی خۆماندا بیهێنێن، لەبەر ئەوە ئەو شەرح و قەواعیدە، پێشم وایە ئێمە هەمووومان قسەمان هەیە ئەگەر حەزكەن قسەی لێبكەن، من پێشم وا نیە، نە ئەو لامە تەعریفەكەی وایە و نە ئەو ئیعرابەش، بەس ئێستا وەختی ئەوە نیە، پاشان من تێبینیم لەسەر ئەو ئەجیالە هەیە، كە باس لە تەئمین ئیحتیاجاتی ئەجیال ئەكەین، من پێم وا نیە بەس مەبەست ئەجیالی حالی نیە، چونكە كە باس لە ئەجیال ئەكەین، زۆرتر مەبەستمان نەوەكانی داهاتووە، ئەركی سەرشانی ئێمەیە لە پاراستنی ژینگە، چونكە ژینگە پشت دەبەسترێ، بریتیە لەو ڕەگەزانەی كە لەناو خاكدا هەیە، و لەو كانزایانەش كە لەناو خاكدا هەیە، كە بوویتە سەرچاوەی سەرەكی ژیانی خەڵك، جا جاری وا هەیە، ئاو سەرچاوەی ژیانە، ئیقتیصادیشە و جاری وا هەیە كانزاكان نەوت و كانزای ترە لە خاك دەرئەهێنرێت، ئەبێ ئێمە بزانین كە پاراستنی ئەو ڕەگەز و كانزایانە لە پێناو:

یەك: دابین كردنی ژیانی نەوەكانی ئایندە، چونكە دەبێ ئەوە بزانین ئەو كانزایەی هەمانە لە كوردستان نەوتمان هەیە، هەمووی هی ئەو چەند ساڵەیە، هەمووی دەربێ، بەڵكو بیر لەوە بكەینەوە نەوەكانی داهاتوو بە شێوەیەكی تەندروست، بە شێوەیەكی دیاریكرا دەربێ، بیریش لەوە بكەینەوە كە ئەوە مافی نەوەكانی

ئایندەشی تێدایە ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوە هەر بەکارهێنانێکی خراپ لە ژینگە بۆ نموونە، ئەگەر شوێنێك سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی بێت، لەو شوێنە نەوت دەرنایەت، لەبەر ئەوەی تەنها لەو ناوچەیە ئاوی ژێر زەویمان هەیە، دەرهێنانی نەوتیش یەعنی تێکدانی ئاوی ژێر زەوی ئەو ناوچەیە، یان بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، ئەگەر بێت و سەمادی کیمیاوی پێوەبکرێ، ئەو یەك، دوو ساڵ بەرهەمی باشی ئەبێ، بەڵام لە ساڵەکانی داهاتوودا خاکەکە ئەکوژێت و بەرهەمی نابێت، لەبەر ئەوە ئێمە رێگرین لە موبیدات و لە سەماد و هەموو ئەو شتانەی زەرەری هەیە بۆ ئایندە، ئێستا بۆ ئەم ساڵ سوودی هەیە، بەڵام بۆ ساڵەکانی ئایندە زەرەری هەیە، بۆیە باس لەوە ئەکەین هەم ئیحتیاجاتی نەوەکانی داهاتوو دابین بکەین و لە ئێستاوە و هەم کارێکیش بکەین لە بەکار هێنانی ژینگەی خۆمان، حەقی نەوەکانی داهاتوو نەفەوتێ، من پێم وا نیە شتێکی نا تەندروستی تێدا بێت یاساکە، ئیتر رای جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت تۆ شەرحەت هەیە لەسەر ئەجیالەکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە سێ بڕگەیەکی دەستووریە بەراستی لە زۆربەی دەساتیر هاتووە، وەکی باسی ژینگەش ئەکەن، باسی ئەجیالی ئێستا ئەکەن و باسی ئەجیالی موستەقبەلی ئەکەن، تۆ نابێت لێکی جیاواز بکەی، باش کردنی ژینگە هەر لەبەر خاتری ئەجیالی ئێستا نیە، لەبەر خاتری ئەجیالی موستەقبەلیشە، لەبەر ئەوە مادام وشەی ئەجیال دوو جار هاتووە،مەفروزە ئێمە وای لێبکەین جیاوازی بکەین و مەبەستیان چیە؟ ئەجیال موتلەق هاتووە، هەر کامە ئەجیال، لێرەش لە دواییەکە هاتووە، الاجیال المقبلە، بەرەئی من هەکا وای لێبکەین، (تامین احتیاجات الاجیال الحالیە و المقبلە)، باشتر ئەبێت و صیاغەی قانونیشی رێك و پێکتر ئەبێ و، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

ئەوەی کاك فرسەت وتی تەواو و دروستە، بەس کە ئەڵێین ئەجیال بە موتلەقی ،حالی و موقبیل پێویست ناکات بەراستی، ئەوە لە رووی لوغەوییەوە ئەوها باشترە، کە ئەڵێین ئەجیال یەعنی هەمووی ئەگرێتەوە، یەعنی ئەو شەرحەی ناوێ، بەس ئەوە دوو شتی لێك جیان، یەکێکیان تەئمینین موتەتەلەباتی ئەجیالە، یەکێکیان موحافەزەی حقوقی ئەجیالە، یەعنی ئەوە دوو شتی لێك جیایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم مەسەلەکە وەکو وتت دەستووریە، با ئیزافەی یەکەم،( الحالیه دون المساس بحقوق الاجیال المقبلە)، یەعنی هەردووکیان جیاوازیش دەبێت، باسی (اجیال الحالیه) و باسی ئەوەی تریش دەکرێ (المقبله)، یەعنی نەڵێن (الحالیه و المقبله)، ئەو کەلیمە (دون المساس) تیدا بمێنێ تا ئێمە زەرەر بە ئەوانی تریش نەگەینین، مەسەلەنی مەواریدی میاهی جەوفیە ئێستا هەمووی سەرف بکەین، ئەوە حەقی ئێمە نیە، لازمە سیاسەت وا بێ بۆ ئەجیالی تریش، نەوت دەبێ حەقی خەڵکی تریش بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ناکرێ بڵێین: (دون المساس بحقوقها المقبلە)، ئەو ئەجیالەی دووەم بسڕینەوە،لێژنەی قانونی ئەگەر وای لێبکەین باشە؟ (لکل انسان الحق في العیش في بیئة امنة و سلیمة و من واجب الجمیع العمل على حمایة البیئة و سلامتها، دون المساس بحقوق الاجیال المقبلة).

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر، ئەو کەلیمەی( تامین احتیاجات)، ئەساسی ئیشەکەمانە، ئێمە ئەڵێین: کار دەکەین لە پێناو پاراستنی ژینگە و دابین کردنی پێداویستیەکان، چونکە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان هەمووی لەناو ژینگەیە، بەڵام کە ئەو پێداویستیانە دابین ئەکەین، ئەجیالەکە چی لێ ئەکەن موشکیلەمان نیە، بەس (تامین احتیاجات) بمێنێ، (من دون المساس بحقوق الاجیال المقبله).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دارا ئیحتیاجات تەنها بیئە نیە، سەیارەش ئیحتیاجاتە، جل و بەرگیش ئیحتیاجاتە، تەیارەش ئیحتیاجاتە، حمایه البیئه و سلامتها، و تامین حقوق الاجیال المقبله،

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکەم یەك خاڵە ئەویش ئەوەیە، ئینسان ئەتوانێ لە بیئە تەئمینی هەندێ ئیحتیاجی خۆی بکات، کە بەلای زانایانی ژینگەوە ئەوە هەرە پێویستیە سەرەکیەکانن کە مرۆڤ لە ژینگە وەریئەگرێ، کانزاکان بێ لە ناو خاك دەریئەهێنێ، یان ئاو یان هەوا یان خاك یان تەنەوعە حەیاتیەکەی کە هەیە، یەعنی لە دار و درختێکەوە بیگرە تا پێداویستیەکانی تر، هەتا ئەو شیشەی کە خانووی لێ دروست ئەکرێ لە ژینگە وەردەگیرێت هەتا بلۆکەکەش لە ژینگە وەرئەگیرێت، ئێمە ئەڵێین ڕێگە بدرێ کە ژینگە بەکار بێت لە پێناو دابینکردنی پێداویستی نەوەکان، تەئمینی ئیحتیاجات، بەڵام کە ئەو پێداویستیانە ڕێگای پێ ئەدرێ،(دون المساس بحقوق الاجیال المقبله).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لكل انسان الحق في العيش في بيئة امنة و سليمةو من واجب الجميع العمل على حماية البيئة و سلامتها)، تەواو مەعروفە حیمایەی بیئە بۆ دوا رۆژیشە ، خۆ مەصنەعێك دانانێی بلێی: (دون المساس بحقوق الاخرین)، كە تەئمینی سەلامەتی بیئەت كرد ئەو بیئەیە دەوامە، خۆ مەصنەع نیە بلێی ئەو مەصنەعەی دەكەمەوە مەسی حقوقی ئەجیالی موقبیلە بكەم، راستە، بەڵام تۆ لێرە بە عەكسەوەیە، ئەوە بۆ ئێستاشە و بۆ دوا رۆژیشە، هەموو ئەو جوملەی دواتر زیادە، ئەگەر ئەو شەتبەی بكەین تا بیخەمە دەنگەوە،

(لكل انسان الحق في العيش في بيئة امنة و سليمةو من واجب الجميع العمل على حماية البيئة و سلامتها)، تەواو، موافیقن جەنابی وەزیر؟ هەردوو لیژنە؟ دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو خوێندنەوەی دواییە بۆ ماددەكە دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینە قبوڵ كرا، فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوار: مەسەلەی پاراستنی ژینگە و چاككردنی لە پرۆسەی پلان دانان لەسەر ئاستی پرۆژە و پرۆگرام و پلانەكانی گەشەسەندنی كەرتە هەمە جۆرەكانی هەرێمدا لەبەر چاو دەگیرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تراعى اعتبارات حماية و تحسين البيئة في عملية التخطيط على مستوى المشاريع و البرامج و الخطط التنموية للقطاعات المختلفة في الاقليم.

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو د.شوكریە.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەو بەشی دووەمە، ئەو ماددانەم هەمووی بە وردی خوێندوەتەوە كە بریتیە لە دە ماددە، بە رەئی من ئەبوایە 10 خاڵ بوایە، ئەو دە خاڵەش كورتبكراباتەوە، نەك بكرایە ماددەیەك، چونكە بەراستی من دائیمەن و هەمیشە وەكو پسپۆریم، مامەڵە لەگەڵ تێكستدا دەكەم، مامەڵە لەگەڵ فیكرەدا ئەكەم، مامەڵە لەگەڵ دارشتندا ئەكەم، ئەمانەی كە لێرەدا دانراوە هەمووی چەند خاڵێكە، ئەتوانین لە سێ خاڵدا رێكی بخەین، ئەو ماددەی دووەم كە كراوە بە ماددەی مەسەلەی پاراستنی ژینگە و چاككردنی لە پرۆسەی پلاندانانەدا، ئەوانەی تر هەمووی زیادە، لە پرۆسەی پلاندانانی هەرێم، پێویستە لەبەر چاو بگیرێت،

چونكه كه تۆ پلانت دانا ماناى وايه كه تۆ بەرنامەت داناوە، ماناى ئەوەيە پرۆژەت هەيە، ماناى ئەوەيە سيستەمێكت هەيە كه چۆن بتوانى ئەو سيستەمە جێبەجێ بكەى لە رێگەى تەوعيەوە و لە رێگەى هەموو ئەو ئەركانەى كە وەزارەتەكە گرتوويتە دەست خۆى، ئەوانى تريش كە دێت، باوەڕم پێ بكە لە مەسەلەى تەوعيە زياتر و هەندێ لە وەزارەتە مەعنيەكان هيچى تر ناگرێتەوە، جا بۆيە من پێم باش بوو لە 10 خاڵدا و ئەو 10 خاڵەش كورت بكراباوە بە سێ خاڵ يان چوار خاڵ ئەوەتا لاى خۆم نووسيومە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك جعفر فەرمو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پرسيارێكم لە جەنابى وەزير هەيە، ئەو شەريكات و كۆمپانيانانەى كە هەن لە كوردستاندا، ئايا ئەوانەى غەيرە كوردين ئيلتيزام دەكەن بەو ياسايە؟ بە پاراستنى ژينگە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

جەنابى وەزير وەڵامت هەيە؟

**بەڕێز دارا محمد امين/وەزيرى ژينگە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەڕاستيدا ئێمە كە پەلەمان دەكرد لە دەرچوونى ئەو ياسايە، يەكێك لە هۆكارەكانى ئەوە بوو تا بتوانين هەموو كەس ئيلزام بكەين، ئێمە ئەو شەريكاتانەى كە ئيش دەكەن لێرە، بەشێكيان لە كۆمپانيا ئەجنەبيەكان خۆيان داوا ئەكەن، يەعنى پێش ئەوەى دەست بەكار بن داواى ياساى ژينگەمان لێ ئەكەن، داواى موافەقاتى بيئيمان لێ ئەكەن، لەوانە پرۆژەى هايدرۆپاوەرى دێرەلووك، كە ئەڵمانيەكان ئەيكەن، يەعنى پێش ئەوەى دەست بەكار بن، داوايان كرد راى ژينگە چيە تا هەڵسەنگاندنى ژينگەى بۆ بكرێت، هەندێك لەو پرۆژانەى كە پێشتر دەست پێ كراون، پێش دەست بەكاربوونى وەزارەتى ژينگە، بە بێ رەزامەندى ژينگە كارەكانيان ئەكەن، هەندێ لەو پرۆژانەش كە ئێستا ئێمە بە كێشەين لەگەڵيان، لەبەر نەبوونى ياساكە، نەمانتوانيوە لەگەڵيان يەكلابكەينەوە، چونكە تا ئێستا ياساكە دەرنەچووە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێمە ماددەى پێشتر دەنگمان بۆ دا، ئەگەر چى مەسەلەن دەكرا ببێتە يەك ماددە و چەند خاڵێك، بەڵام زەرەريشى نيە تەئكيد بكرێتەوە، لەبەر ئەوەى هەر يەكە و مەسئولياتى جياوازە و ئەو ماددەيە وەكو خوێنرا جارێكى تر كاك خەليل بيخوێنەوە بۆ ئەوەى بيخەمە دەنگدان.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة: تراعى اعتبارات حماية و تحسين البيئة في عملية التخطيط على مستوى المشاريع و البرامج و الخطط التنموية للقطاعات المختلفة في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك فرسەتیش مولاحەزەیەکی هەیە کە پشتگیری لە د.شوکریە دەکات با بفەرمووێ.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش لەگەڵ ڕەئی د.شوکریەم، تەئسریش لە مەوزوع ناکات، چونکە ڕاستە دەنگمان لەسەر مادده سێیەم دا، بەس خۆ موناقەشە لەسەر مەزموونی ماددەکە ناکەین، مەوزوع مەوزوعی ماددەکانە بکەینە فەرع، یەك مادده بێت ئیتر هەمووی ببێتە فروع، چونکە هەموو لە ژێر یەك عینوانن،( المبادئ الاساسیە و الاحکام العامە)، هەمووی یەك عینوانە، مەفروزە یەك مادده بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هیچ مانیع نیە ئەوە بکرێت، شتێکی تەنزیمی ئەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خۆی ئەوەی کاك فرسەت و بەڕێزان ئیسارەیان کرد تەواوە، بەڵام چۆن ڕەبتی ئەکەی لە بەینی مەبادیئی ئەساسی و ئەحکام عامە لەگەڵ ماددەکە؟ چۆن ڕەبتی ئەکەی؟ بە چ صیغەیەك؟**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یەعنی ئەگەر، فەصلی دووەم: (المبادئ الاساسیة و الاحکام العامة): بنووسرێ المادة 3: اولاً، ثانیاً تا ئاخیرەکەی با بڕوات، فەرموو کاکە.**

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەرەتا ئەم یاسایە ئێمە لە قانونی بیئەی عیراقیش کە تازە تەواو بووە، لە مەجلیسی شورای دەولە چوویتە پەرلەمان، ئەو ماددانە هەمووی بە جیا هاتووە لەبەر ئەهەمیەتی بابەتەکان و ڕەبتیشیان نیە، ئێمە لە خاڵێکدا باسمان لە تەعاون کردووە، لەگەڵ وەزارەتی حکومەت، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دەوری تەندروستی، لە بوارێکدا لەگەڵ وەزارەتی بیئەی عێراقی باس دەکەین، لە بوارێکی تر یەعنی لەبەر**

گرنگی ماددەکە ئەو بابەتەکان وا باشترە وەکو خۆی بمێنێتەوەو بـە ماددەیـەکی موسـتەقیل بێـت ناتوانیـت رەبتی بکەیت، چونکە ناوەڕۆکی ماددەکان لە یەکتری جیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیشکالێك دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی دەنگماندا بۆ ماددەی سێ بەڕاستی، لە رووی قانونیەوە هین نەبێتن دەخەمە دەنگدانەوە، وای لێ دێتن تەوحیدی بکەین بۆ یەك ماددە، ئەگەر مـوافیقن دەیخەمـە دەنگدانـەوە، هەر مەبادیئ ئەساسی دەیکەینە یەك ماددە، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی شەکلی و تەنزیمییە، وا ناتوانین لە گرنگیەکەش نایەتە خوارێ، عینوانەکە وازیح و ئاشکرایە چۆن لە ماددەی دوو دەڵێت (یهدف القانون لتحقیق) ئەوەش مەبادیئە، مـاددەی سـێ یـەك، دوو، سـێ نـازانم هیچ ئیشکال دروست ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ موافیقە فەسڵەکە هەمووی ببێتە یەك ماددەو (ثانیا وثالثـا ورابعـا) بـڕواتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگیرا، کەواتە ئەوە دەبێتە ماددەیەك ئەوەلەن موناقەشەی بۆ کراو دەنگیشی بـۆ درا، ئێسـتا (ثانیـا وثالثـا ورابعا) هەمووی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە ناو موناقەشە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: (اولاً) تەصویتی لەسـەر کـرا، مـاددەی چوارەم دەبێتـە دووەم، ثانیـا/ تراعـى اعتبـارات حمايـة وتحسين البيئة في عملية التخطيط على مستوى المشاريع والـبرامج والخطـط التنمويـة للقطاعـات المختلفـة في الاقليم.

ثالثاً/ على المؤسسات التربويـة والاكاديميـة في الاقلـيم العامـة والخاصـة ان تـدخل في مناهجهـا بـرامج تربويـة بيئية بتنسيق مع الوزارة.

رابعاً/ على المنظمات النسوية المؤسسات العامة والخاصة العاملة في ميادين التربية والتعليم والتدريب والابحاث والاعلام الثقافة والاوقاف وغيرها ان تسعى لاشاعة ثقافة الوعي البيئي في الاقليم.

خامساً/ علـى جميـع الجهات الاداريـة كـل حسب اختصاصـها العمـل علـى ترشـيد اسـتخدام المـوارد الطبيعيـة للتنمية المستدامة.

سادساً/ المؤسسات الصحية واجهزة التقيس والسيطرة النوعية ان تأخذ بنظر الاعتبار مبادئ الصحة البيئيـة لبرامج عملها.

سابعاً/ للوزارة التعاون والتنسيق مع الجهات الدولية غير الحكومية في مجال حماية وتحسين البيئة.

ثامناً/ على الوزارة التعاون والتنسيق مع وزارة البيئة العراقية في كل ما يتعلق بالاتفاقيات الدولية.

**بەڕێز د..فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها یەك تێبینیمان هەیە لە ماددەی شەش كە بووە بە بڕگەی چوار (على المنظمات النسوية) بكرێت بە (على منظمات المجتمع المدني)، لە بڕگەكانی تردا هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە تەنیا راپۆرتی لیژنەی هاوبەش لە جیاتی مونەزەماتی نەسەوی بكرێتە مونەزەماتی موجتەمەی مەدەنی زۆر راستیشە، كێ قسەی هەیە؟ ناوتان دەنووسم، نازناز خان فەرمووو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەش، یان بڕگەی شەش منیش لەگەڵ ئەوەدام كە هەموو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بگرێتە خۆی، نەك تەنها ئافرەتان، ماددەی حەوت بە شتێكی زیاد دەزانم، چونكە راستەوخۆ پەیوەندی بە بیئەوە نییە، بەڵكو سیاسەتی حكومەتە، ماددەی هەشت تەحصیل حاصلە، ئەسڵەن كۆنترۆڵی جۆری بۆ خۆراك، بۆ دەرمان، یان دەزگا تەندروستیەكان یەك لە هەدەفەكانیان پاراستنی تەندروستی، یاخود هەدەفی رەئیسیانە، بۆیە لێرە بە شتێكی زیادی دەزانم، بڕگەی نۆ و دە ببێتە یەك ماددە، وەزارەت پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقی و لایەنە نێودەوڵەتیەكان و حكومیەكان لە مەیدان پێكەوە چاك كردنی لە ژینگەدا بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەچاوی ئەوە بكەن، ئێمە دەنگماندا ماددەكان نەمان، یەكەم، دووەم، سێیەم قسە دەكەن، بۆ ئەوەی هینمان یەك بێت، كاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی سێ هاتووە (على مؤسسات التربية والتعليم)، لە بڕگەی چوارەمیش هاتووە (المؤسسات العامة والخاصة في ميدان التربية والتعليم) بە تەسەوری من ئەگەر بڕگەی سێیەكە ئیلغا ببێت، چوارەكە ئیزافەكی بچووك لە رێگەی پرۆگرامی تایبەت بە ژینگە (من خلال برامج الخاصة البيئة) ئەو بڕگەیە كەمتر دەبێتەوە، مانای ئەوی دیكە شاملترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە ئەبو بەكر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها لە ماددەی شەش کە دەبێتە بڕگەی چوارەم (على المنظمات النسوية و المؤسسات العامة) (والمؤسسات العامة)یە چونکە لەگەڵ ئەو یەك نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە عەینی کە دەکاتە چوارەم یەعنی (على المنظمات والمؤسسات العامة والخاصة) دوایێ لە پاشان (والاعلام والثقافة والاوقاف) ئەوانە هەر موئەسەساتن چ عام، چ خاص، یان دەبێت بە نوقتەیەکی سەربەخۆ بێت، یەعنی بڵێت (على وزارة الاوقاف والثقافة والاعلام)، یانیش ئەوەیە کە نەگۆترێت دەرج نەکرێت لە زیمنی موئەسەساتەکان، دوایێ لە شەشەم (على المؤسسات الصحية واجهزة التقيس والسيطرة ان تأخذ بنظر الاعتبار) ئەوە عیبارەتێکی تری بۆ دابنرێت، نەك (ان تأخذ بنظر الاعتبار) چونکە لەوانەیە (اخذ بنظر الاعتبار) لەوانەیە نایکات، یەعنی (على) بێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم خاڵە زۆر شتی لەسەرە، لەگەڵ کاك مەلا سەعدەدین هاوڕام لە لابردنی ئیعلام و سەقافەو ئەوقاف لەوێ، ئەگەر مەبەستی لەوە بێت وەزارەتەکان پەیوەست بکات، ئەوە دەبێت وەکو وەزارەت ناویان بێنێت، نەك بە موئەسەساتی عامەو خاصە، هەروەها دەبێت ئیزافەی بۆ بکرێت (منظمات حماية البيئة) چونکە ئەوە ئێستا خۆشیان کاریانە، ئێستا کوردستانی سەوز بەشێك لەو کارانەی کە دەیکات وشیار کردنەوەی ژینگەییە، ئەی بۆ لەم یاسایە ناویان نەهاتووە، کە ئەوان ئەوەندە دەورێکی فەعالیان هەیە، دەبێت ئیزافە بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە من لەگەڵ ئەوە نیم هەر شتێك هاتە ناو پەرلەمان، یەکسەر بیخەنە ناو پرۆگرامی کولیەوە، یاخود پەروەردە، لە لایەکەوە مافی مرۆڤ بخرێتە بەرنامەوە، ئەنفالە، ژینگەیە، تەدخینە، ئەمەش هاتووە دەڵێت بخرێتە ناویەوە، بەڕاستی من ئەم هەموو شتانە ئەرکێکی زیاتر قورستر دەکات بەنیسبەت زانکۆیەکانەوە، بەلاَم وەکو وشیارییەکی کۆمەلاَیەتی ئێمە دەتوانین پێی لێ دابگرین،

مەسەلەن لەناو تەکسیەکدا دەتوانێت یەکێك دێت شتێك دەخوات و دەیخاتە دەرەوە، ئەگەر من تاکەکانی کۆمەڵ و لە خێزانەوە دەستم پێ کرد، بەڕاستی ئەوە ژینگە دەپارێزم، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تریشم هەیە ماددەی پێنج و شەش و هەشت هەمووی پێکەوە رێك بخرێت بەجوانی دابڕێژرێتەوە، من دەتوانم دوایی بتانـدەمێ باسی کۆمەڵگەی موجتەمەعی مەدەنی کراوە، کۆمەڵگەی موجتەمەعی مەدەنی ئەمە حوکمی تیا نییە، کە لێرەدا دەڵێت هەموو رێکخراوەکانی ئافرەتان، پێویستە بگوترێت هەموو رێکخراوەکانی حکومی و لەگەڵ ناحکومیەکان، کەوا پێویستە تیای بێت، پێویست ناکات مەسەلەی ئافرەتانیشدا بێت، چونکە ئێمە کۆمەڵێك رێکخراوی لاوانمان هەیە، پێویستە ئەوانەش ئاگادارو تەوعیە بکرێنەوە، ئەمە لە لایەك.

خاڵی نۆیەم لە عەرەبیەکە فەرقی هەیە، ئەو (واو)ە کە دەڵێت (مع الجهات الدولیه غیر الحکومیه) لێرە واوێك دانراوە نووسراوە لەگەڵ لایەنی نێودەوڵەتی و ناحکومیەکان، ئەمە لێرەدا تەرجمەکە وا نەهاتووە، ئەو واوە لێرەدا زیادە لە کوردیەکەدا.

خاڵێکی تریشم هەیە، من لەگەڵ نازناز خان دام، خاڵی نۆیەم و دەیەم یەك بخرێن، بەو شێوەیە دابڕێژرێت کە نازناز خان گوتی لە لای خۆشم نووسیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیەو پرسیارێك دەکەم لە جەنابی وەزیر، هەرچەندە ناوەکە هاتووە، بەس تۆزێك وازیح نییە، پاش پەروەردە ئەکادیمی گشتی ئەگەر قوتابخانەی تیا بکرێت چاکە، چونکە قوتابیەکی زۆرمان لەو شوێنانەدا هەیە، ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە باسی هەرێم دەکەین، ئایا ئێمە دەتوانین ئەم یاسایە لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، مەقصەد مەنتیقەی خانەقین و ئەم شوێنانە بەکار بێنین، کە یاسا جێ بەجێ دەکەین، نەك هەر هەرێم بە تەنها مەقصەدم ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، چی دەکرێت بۆ ئەوانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی خۆم بڕگەی سێیەم ماددەی پێنجی پێشوو بوو لەگەڵ بڕگەی چوارەم کە ماددەی شەشی پێشوو بوو پێش دەنگدان، زۆر هاوشێوەی یەکن بکرێنە یەك ماددە، بکرێتە یەك بڕگە ئەویش بەم شێوەیە

(پێویسته هەموو دەزگاكانی پەروەردەو ئەكادیمی گشتی و هەموو رێكخراوەكانی مەدەنی و دەزگاكانی گشتی و تایبەتی ئەوانەی لە مەیدانەكانی پەروەردەو فێركردن و راهێنان و توێژینەوەو راگەیاندن و رۆشنبیری و ئـەوقاف و هـی دیكـە كـار دەكـەن هـەوڵی رۆشـنبیری و وشـیاری ژینگـە لـە هەرێمـدا بـدەن و بەرنامـەی پەروەردەیی بخەنە پرۆگرامەكانیانەوە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منـیش برگـەی چوار پـێم باشـە بـەم شـێوەیەی لـێ بێت (علـى منظمـات المجتمـع المـدني والمؤسسـات العامـة والخاصة العاملة في جميع الميادين) باقی ئەوانەی تری لێ لاببرێت (تسعى لاشـاعة الثقافـة والـوعي البيئـي في الاقليم)، چونكه به رەئی من زیادن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیاره بەشێك له رەئیەكانی من برادەرانم پێش من باسیان كرد، منیش تەئیدی ئەوه دەكـەم كـه برگـەیـەكی تایبەتی ئیشارەت به راگەیاندن و وەزارەتی رۆشنبیری بدات لـەو ماددەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەركێكی یـەكجار زۆر گرنگ بۆ ژینگه پـارێزی دەكەوێتـە سـەر راگەیانـدن و وەزارەتـی رۆشـنبیری، هـەروەها برگـەی شەشـەم سـۆزان خـان ئیشـارەتی پێـدا، پێویسـتە سـەرەتا بـاس لـە رێكخراوەكـانی ژینگـە پـارێزی بكـەین، دواتـر رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مـەدەنی، كـە پێمـوا بـوو ئەوسا گـەنجان و لاوان و بوارەكـانی تـریش ئافرەتـانیش دەگرێتەوە، له هەمان كاتیشدا پێشنیارێكم هەیە، ئێمە پشت بـە دەقـە كوردیەكـە ببەسـتین، لەبـەر ئـەوەی سێ، چوار نموونه لەو ماددەیەو لـە برگەكانـدا هەیـە، بۆیـە كوردیەكـەی دروسـتترە، بـۆ نموونـە لـە برگـەی پێنجەم، ئەگەر موقارەنەیەك لەنێوان كوردی و عەرەبیەكە بكرێت، دەردەكەوێت كه كوردیەكه زۆر شاملترو جوانتر هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من دەمەوێت بزانم بۆچی شاملترە؟

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له عەرەبیەکەدا باس لە موئەسەساتی تەربەوی و ئەکادیمی ئیقلیم دەکات، واتا پتر دەڕوات بۆ عامەو خاصە، (على المؤسسات التربوية والاكاديمية في الاقليم العامة والخاصة)، بەلاّم لە کوردیەکەدا هاتووە (پێویستە هەموو دەزگاکانی پەروەردەی ئەکادیمی گشتی و تایبەتی لە هەرێمدا)، واتا گشتی و تایبەتیەکە پێش ئیقلیمەکە هاتووە، مانایەکەی جوانترە لەوێدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵانەی کە هاتووە هەر یەکەیان گرنگی خۆی هەیە، هەر یەکەیان لە بوارێکی جیا ئێمە باسمان کردووە لەبەر گرنگی ژینگە، لەبەر ئەوە ئەم بوارە نوێیە لە هەرێمی کوردستان لە دامودەزگاکانی ئێمە، ئێمە بە پێویستمان زانیوە هەر یەکەیان لە خاڵێکی جیا ئاماژەی پێ بکەین، بۆ نموونە ئەگەر باس بکەین با بڵێین ماددەی پێنجەم کە ئێستا بۆتە سێیەم لەبەر گرنگی پەروەردە، ئێمە پێمان وا نییە ئەگەر هەموو کەس لە ماڵەوە پەروەردە بکرێت، پەروەردەمان بۆ چیە؟ یەعنی پەروەردە مانایەکی زۆر شاملە، ئەگەر بێتو ژینگە لە پەروەردە گرنگی پێ نەدرێت، چونکە خۆشتان دەزانن ژینگە بەرنامجی تەربەوی و جۆرێك دەرسەکانی پەروەردە خۆشی ژینگەیە، یەعنی ئەگەر باسی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین ژینگەیە باس لە فیزیایە، لە کیمیا، احیا بکرێت هەمووی ژینگەیە، جگە لەوە لەسەر داوای ئێمەو زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆلیژی ژینگەی کردۆتەوە لە کۆلیژی زانست، یەعنی ئێستا قسمێکی تایبەتیشمان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو بوارە گرنگە، گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت و لەناو تەربیەشدا باس بکرێت، چونکە دروست کردنی نەوەیەکی نوێی ژینگە پارێز لە تەربیەوە، بۆیە ویستوومانە بە خاڵێکی تایبەت بێت و شتێکی زیاد نییە، دواتریش کە باسمان لە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی کردووە، ئێمە کە دەڵێین مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، ئێمەش لەگەڵ لیژنەی هاوبەشین بکرێت بە موجتەمەعی مەدەنی، ڕێکخراوەکانی ژینگەشی تیایە، چونکە ئەوانیش بەشێکن لە ڕێکخراوەکانی مەجتەمەعی مەدەنی.

دوو/ ئەوان کاری خۆیان ژینگە پارێزییە، بەس ئێمە مانای وایە بەم یاسایە ڕێکخراوەکانی تریش ئیلزام بکەین و کار بکەین لەسەر وشیار کردنەوەی خەڵك لەبواری ژینگە، هەندێك بوار با بڵێین لە هاوکاری وشیاری ژینگە دەوریان هەیە هەندێك لایەن، بۆیە بە تایبەت ناومان بردوون، لە بواری تەربیەو تەعلیم و تەدریب ئەبحاس و سەقافەو ڕاگەیاندن، چونکە ئەمانە زۆر دەور دەبەن، بۆیە ناومان بردن ئەوقافیشمان بۆیە باس کرد، چونکە ئێمە باسی تەربیەمان کرد، باسی ئیعلام و سەقافەمان کرد، ئەوقافیش بوارێکی زۆر گرنگە، مامۆستایانی ئاینی دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ببینن لە وشیار کردنەوەی خەڵك، بەتایبەتی ئەو جیلەی کە لە قوتابخانە پێی نەگەیشتووەو پێی ناگات، دەتوانین لە ڕێگەی مزگەوتەکانەوە خەڵك وشیار بکەینەوە، کە ئەوە بۆ ئێمە دەورێکی زۆر گرنگی هەیە، ویستمان ئاماژەیەکی پێ بدەین بۆ ئەوەی هەوڵی

ئەوان لە یاسایەکە تەنیا گرنگی پێدان نەبێ، خۆی ئەگەر لا ببرێت کێشەیەکی نییە، بەس بە گرنگترو پێویستری دەزانین تا ئەمانە دەوریان ببێت لە وشیار کردنەوەی خەڵك.
سەبارەت بە خاڵی نۆیەم و دەیەم کە دەڵێن تێکەڵ بکرێن، دوو شتی لێك جیان بەڕاستی، خاڵی نۆ لە کوردیەکە بە هەڵە تەرجومە کراوە، باس لە تەنسیق دەکات لەگەڵ جیهاتی دەولی غەیری حکومی، ئێستا لە دنیا مونەزەماتی بیئی زۆر بەقوەتن، لەبەر ئەوە کێشە ژینگیەکان گلۆباڵ و جیهانین، ئامادەییان هەیە یارمەتی موئەسەساتی بیئە بدەن، ئەحزابی ژینگەیی هەیە، حزبی سەوز هەیە، هی پارتی هەیە، ئەمانە هەن، ئەوانە دەتوانن هاوکاری ئێمە بکەن لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییان پێوە بکەین، بەلاَم غەیری ئەمە، ئەوە باس لە جیهاتی غەیری حکومی دەکات کە بۆ ژینگە کار دەکەن، خاڵی دەیەم باس لە تەعاون و تەنسیقێك دەکات لەگەڵ حکومەتی عێراقی کە پەیوەندی بە ئیتیفاقیاتی دەولی هەیە، ئێستا عێراق بۆتە ئەندام لە زۆرێك لە ئیتیفاقیاتی دەولی دەربارەی ژینگەوە کراوە، ئەوانە رێککەوتنی دیۆتۆو رامسەرو ئۆزۆن و ئیتیفاقیەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت بە تەغیری ناخوات، هەموو ئەمانە کە عێراق داخیل بووەو ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان دەبێت ئیلتیزامی پێوە بکەین، ئەوە باس لەوەیە، یەعنی دوو خاڵی جیان، بۆیە جیامان کردۆتەوە، ئەمە تێبینیەکانی من بوو لەسەر داوای ئەو بەڕێزانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕاستی بە کورتی وەلاَمی پرسیارەکانی ئێوەی دایەوە، ئەوەی راستی بێتن زۆر داڕێژراوە، هەندێك تێبینی ئەگەر ئەو ماددانەمان تەوحید نەکرد بوایە لە یەك ماددە، رەنگ بوو بۆچوونێك هەبوایە کە هەندێك ماددە لەگەڵ ماددەکەی تر زیادی و کەمی هەیە، بەلاَم ئێستاکە زۆر باش هاتووەو چاکیشمان کردو دەنگماندا بۆ ئەوەی بیکەینە ماددەیەك، مولاحەزەکانی جەنابی وەزیر وەلاَمی زۆر پرسیاری ئێوەی دایەوە بە دیقەتیش، تەنیا ئەو گۆڕانکارییە لە چوارەم کە لیژنەی هاوبەش ئیقتیراحی کردووە، ببێتە کۆمەڵگای مەدەنی لە جیاتی رێکخراوەکانی نەسەوی و موئەسەساتی عامەو خاصە زۆر باش هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەروازەی دووەم

رێکخستن و پاراستن و چاك کردنی ژینگە

بەشی یەکەم

ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگە لە هەرێمدا

**ماددەی یازدە کە دەبێتە ماددەی چوار:**

**بەپێی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك دادەمەزرێت بەناوی ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگە لە هەرێمدا پەیوەندی بە وەزارەتەوە دەبێت، سەرۆکی ئەنجومەن، یان رێپێدراوی ئەو نوێنەرایەتی دەکات و هەر یەك لەم ئەندامانە پێك دێت:**

**یەکەم/ وەزیر: سەرۆك.**

**دووەم/ جێگری وەزیر: جێگری سەرۆك.**

**سێیەم/ بەرێوەبەری گشتی کاروباری هونەری و خۆپاراستن لە تیشکاوی وەزارەتدا: ئەندام و بڕیاردەر.**

**چوارەم/ بەرێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەتدا: ئەندام.**

**پێنجەم/ نوێنەری وەزارەت و ئەم دەستانەی خوارەوە دەبێت بە پلەی بەرێوەبەری گشتی پەیوەست بە ژینگە بن: ئەندام.**

**أ- وەزارەتی تەندروستی.**

**ب- وەزارەتی شارەوانییەکان.**

**ج- وەزارەتی کشتوکاڵ.**

**د- وەزارەتی پیشەسازی.**

**هـ- وەزارەتی داهاتە ئاویەکان.**

**و- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.**

**ی- وەزارەتی گەشت و گوزار**

**ح- وەزارەتی پلاندانان.**

**خ- وەزارەتی ناوخۆ.**

**گ- وەزارەتی بازرگانی.**

**ك- وەزارەتی گواستنەوە.**

**ل- وەزارەتی داد.**

**م- وەزارەتی پێشمەرگە.**

**ن- وەزارەتی کارەبا.**

**ت- وەزارەتی خوێندنی باڵاو فێرکردنی زانستی.**

**س- وەزارەتی مافی مرۆڤ.**

**ش- وەزارەتی پەروەردە.**

**ع- دەستەی وەبەرهێنان.**

**ص- نوێنەری رێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆ.**

**شەشەم/شارەزاو پسپۆرو راوێژکاران لە کاتی پێویستدا وەزیر دایاندەمەزرێنێت.**

**حەوتەم/ وەزیر بۆی هەیە میوانداری هەر کەسێك پێی شیاو بێت بکات، بۆ ئامادە بوونی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن لەکاتی پێویستی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم پرس و رایان پێ بکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.**

**هەشتەم/ سکرتێری ئەنجومەن: وەزیر دایدەمەزرێنێت پەیوەستە بە بڕیاری دەرەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الباب الثاني**

**تنظيم حماية وتحسين البيئة**

**الفصل الاول**

**مجلس حماية وتحسين البيئة في الاقليم**

**المادة الحادية عشرة: يؤسس بموجب هذا القانون مجلس يسمى ب(مجلس حماية وتحسين البيئة في الاقليم) يرتبط بالوزارة يمثله رئيس المجلس او من يخوله ويتألف من عضوية كل من:**

**اولاً/ الوزير/ رئيساً**

**ثانياً/ وكيل الوزير/ نائباً للرئيس**

**ثالثاً/ مدير عام الشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع بالوزارة / عضواً ومقرراً.**

**رابعاً/ المدراء العامون في الوزارة / اعضاء.**

**خامساً/ ممثل الوزارات الاتية على ان يكون بدرجة مدير عام ذي علاقة بالبيئة/ عضواً**

**أ- وزارة الصحة.**

**ب- وزارة البلديات.**

**ج- وزارة الزراعة.**

**د- وزارة الصناعة.**

**هـ- وزارة الموارد المائية.**

**و- وزارة الثروات الطبيعية.**

**ز- وزارة السياحة.**

**ح- وزارة التخطيط.**

**ط- وزارة الداخلية**

**ي- وزارة التجارة.**

**ك- وزارة النقل.**

**ل- وزارة العدل.**

**م- وزارة البيێشمرگە.**

ن- وزارة الكهرباء.

س- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

ع- وزارة حقوق الانسان.

ف- وزارة التربية.

ص- هيئة الاستثمار.

ق- ممثل عن منظمات البيئة المحلية.

سادساً/ الخبراء المختصون والمستشارون يعينهم الوزير عند الحاجة.

سابعاً/ للوزير استضافة من يراه مناسبا لحضور جلسات المجلس عند الحاجة من داخل وخارج الاقليم والاستئناس بهم دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثامناً/ سكرتارية المجلس يشكلها الوزير وترتبط بالمقرر.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش.

ئەم تێبینیانەمان هەیە، سەبارەت بە ماددەی یازدە لە بڕگەی (أ/2- وکیل الوزیر) بکرێتە (وکیل الوزارە)، (ب) لە بڕگەی پێنجەم سڕینەوەی هەموو خاڵەکان تا ریز بەندی (ق) لە جێگەیدا بۆ ئەوەی ئەمەی بۆ بنووسرێت بەم شێوەیە:

(پێنجەم/ نوێنەری ئەم وزارەت و دەستانەی پەیوەندیدارن بە ژینگە، کە لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێن، بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام).

خاڵی (ق) کە خاڵی دواییە بکرێتە شەشەم بەم جۆرەی بکرێتە نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی، نەك ژینگەی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی (ص و ق)ەکەش داخیل کراوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی پێنجەم سڕینەوەی هەموو خاڵەکان تا ریز بەندی (ق) لە جێگەیدا بۆ ئەمەی بۆ بنووسرێت بەم شێوەیە:

(پێنجەم/ نوێنەری ئەم وزارەت و دەستانەی پەیوەندیدارن بە ژینگە، کە لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێن، بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام).

خاڵی (ق) کە خاڵی دواییە بکرێتە شەشەم بەم جۆرەی بکرێتە نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی، نەك ژینگەی ناوخۆ، وەکو لە عەرەبیەکە هاتووە (ممثل عن منظمات البيئة المحلية)، یەعنی وەکو

کوردستانی سەوز بۆ نموونە، یەعنی لەجیاتی ئەو هەموو وەزارەتانە وەزیـر دیـاری بکرێـت بـە کوردیەکـەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به ڕەئی من ئەو دەقەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە دروستترە، ئەم لیژنە هەمیشەیەی کە هەیە بە یاسا ڕێك بخرێت، نـەوەك لـە دەسـەڵاتی وەزیـر دایـە ئـەوەی لـە دەسـەڵاتی وەزیـرە بانگهێشتی موستەشارو هەنـدێك خەڵکە بەشێوەی نەك میوان لە دانانی ئەنجومەنەکە، کە لە ئاستی هەرێمدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیـا مـن لـە بیدایـە ئـەوەی کـە دەڵێـت (یمثلـە رئـیس المجلس او مـن یخولـە)، ڕەئیسـی مـەجلیس ببێتـە مومەسیل پێش ئەوە هەموویانە، بێژین (یرأسە وزیر او من یخولە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ناوی وەزارەتەکان بگوترێت باشترە، لەبـەر ئـەوەی قەزیەکـە زۆر حەساسـەو وتەیـەکیش هەیـە بگوترێـت یاسـایەکانی پاراسـتنی ژینگـە دەکەوێتـە نێـو ئیسـتیراتیجیاتی ئـەمنی قـەومی، شـتێکی زۆر زۆر حەساسە، بۆیە ناوی وەزارەتەکان بمێنێت باشترە، یەعنی ئیلزام بێت لەسەریان، ئەوە یەك.

دوو/ لە پێنجەم دەڵێت (علـی ان یکـون بدرجـة مـدیر عـام ذي علاقـة بالبیئـة)، ئـەو (ذي علاقـة بالبیئـة)، پێموایە زیادە لە زۆر لەو وەزارەتانـە کـە یاسـامان بـۆ دانـاوە، وەکـو وەزارەتـی پێشـمەرگە، مـن نـابینم هـیچ مودیر عامێك عیلاقەی هەبێت بە ژینگە، بەڵام با تێیدا بێت، ئەوە لا بدرێت.

تێبینی سێیەمم لە (ق) کە دەڵێت (ممثل عن منظمات البیئـة المحلیـة) (المحلیـة) لـە لای مـن مـەفهوم نییـە، یەعنی من دەزانم مەبەستیان ئەوەیە مونەزەماتی غەیری حکومی، ئەگەر ئەو مەحەلیە بگۆڕین بۆ غەیری حکومی، پێموا بێت باشترە.

چوارەم/ لە (سابعاً) دەڵێت (والاستئناس برايهم دون ان يكون لهم حق التصويت)، مەبەست لێرە (للوزير استضافة من يراه مناسباً) ئەو (استئناس برايهم) زيادە، لەبەر ئەوەی تۆ لە پاشی دەڵێی (دون ان يكون لهم حق التصويت)، ئەوە من هيوادارم جەنابی وەزير بە علمی وەڵامم بداتەوە، نەوەك تۆمەتبارم بكات كە پێش و پاشم كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعدەدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە كە باس لەوە دەكرێت (الفصل الاول: مجلس حمايه وتحسين البيئه في الاقليم)، ئەوە (في الاقليم)ە، يان وەزارەتە، يەعنی ئيشكالێكە، چونكە ئەگەر ئەوە مەجليسێكی خاص بێت، پاشان باسی وەزير دەكات و باسی موازەنەی خاص دەكات، ئەوە لێرە ئيشكالێكە، دوايی (يمثله رئيس المجلس) عەينەن لەسەر رەئيەكەی كاك سالی (يرأسه رئيس المجلس)، نەك (يمثله)، لە پاشان لەو وەزارەتانە ئەو وەزارەتی تێدا نييە، وەزارەتی ئەوقاف، كە ئێمە باسی وەزارەتی ئەوقافمان كرد، دەبێت وەزارەتی ئەوقافيشی تێدا بێت و زياد بكرێت، لە (الخبراء والمختصون والمستشارون) لە شەشەم (الخبراء والمختصون في المنظمات البيئية)، ئەوها باشترە، دوايی لە پاشان (والمستشارون يعينهم الوزير عند الحاجة)، نابێت بڵێين (يعينهم الوزير)، يەعنی بانگيان دەكاتن (يستضيفهم، يعينهم) وشەيەكە لەگەڵ ئێرە ناگونجێت و لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن كە (مجلس حماية وتحسين البيئة في الاقليم) ئەمە شتێكە لەسەر ئاستێكی زۆر بەرزە، وای لێ بكرێت (يرأسه الوزير) خۆشمان دەزانين، (او من يخوله عادة وكيل الوزير، نائبا للرئيس) زۆر جاريش (عندما يكون الرئيس غائباً يخول وكيل الوزير)، ئەوە هەردەم بووە بە شتێك وەكو عورفێكی لێ هاتووە، لێرەدا ناوی نەهاتووە.

سێيەم/ (مدير عام الشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع بالوزارة: عضواً ومقرراً)، من دەپرسم بۆ لەوێ ئەندام و بڕيادەريشە، ئەم هەموو موديرعامەی تريش هەيە لەناو وەزارەتەكەدا، سەبەبەكەی چيە بەس ئەو تەنها دەبێت عوزو بێت و موقەريريش بێت، دووەم/ ئێمە پێويستمان بە موقەرير نييە، چونكە لە دواييدا كە دێيت لە هەشتەمدا سكرتاريەتی مەجليس هەيە، كەواتە موقەريری ناوێت، ئەوسا سكرتێر مەجليس هەڵدەستێت بە ئيشی موقەريرەكە، ئەوەی كە كاك سەردار دەڵێت (ذوي علاقة بالبيئة) ئەو هەموو وەزارەتانە بەڕێوەبەرايەتی گشتی بەڕێوەبەريان نييە لە ئاستی ئەوەی كە ئيختيصاصی بێت

هەبێت، ئینجا لێرەدا یەك خاڵ هەیە (الخبراء والمختصون والمستشارون يعينهم الوزير عند الحاجة)، تەبعەن ئەوە گوتمان تەعینەکە لەسەر ئەوان نییە، بەڵام ئێمە ئێستا لە خاڵەکەی دوای ئەو دەڵێت (ومن يراه مناسبا لحضور الجلسات دون ان يكون لهم حق التصويت)، خوبەڕاو موختەسین و موستەشارینیش تەنها بۆ ئیستیشارە کردنە، ئەوانیش نابێت مافی دەنگدانیان هەبێت، ژمارەشیان دەبێت دیاری بکرێت، مادام ئەوانە تەعین دەکرێن، جەنابت ئیقتیراحیان دەکەیت و ئیقتیراحەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، دەبێت:

یەکەم/ عەدەدی موستەشارەکان دیاری بکرێت.

دووەم/ عادەتەن موستەشار ئیشارەی پێ دەکرێت، ئێستا کێشەیەکی زۆر هەیە لە هەندێك وەزارەتدا موستەشارەکان حەقی دەنگدانیان هەیە لەناو مەجلیسەکەدا، ئەوە بۆتە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورە، ئەو (استئناس برايهم) خاڵی حەوتەم لابرێت.

(سكرتارية المجلس يشكلها الوزير وترتبط بالمقرر) بۆ؟ (سكرتارية المجلس يرأسها) یەکێك مواصەفاتەکەی چیە (يشكلها الوزير) تۆ نابێت بە تەنیا ئەو سکرتاریەتە تەشکیل بکەیت و دەست نیشانی بکەیت و بڕیاریشی لێ بدەیت بە کوێوە بەسترا بێت، تۆ مەجلیسێکی گەورەت هەیە، (مدراء عامون) لەگەڵتان دایە، دەبێت ئەوانیش رەئیان هەبێت لەوەی کەوا ئەو سکرتاریەتە بۆ میکانیەتی ئیشەکە بەکوێوە بەسترا بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە لەگەڵ رەئیەکەی کاك سالم دام، بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە بەڕێوەبەری گشتی و کاروباری هونەر خۆپاراستن لە تیشکاوەر، ئەو موستەڵەحاتە زۆر لە جێی خۆی نییە، بە رەئی من جوانترە ئەگەر بڵێی تیشکێنەر، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تریش لە رووی تەکنیکەوە ئەو هەموو وەزارەتە، هەرچی (أ، ب)ی عەرەبیە لێرە ریز کراوە، ئەو (أ، ب)یەکان لابرێت، وەزارەتەکانیش هەمووی لابرێت لە رووی تەکنیکەوە، بەس بنووسرێت وەزارەتەکان لەنێوان دوو کەوانە ناوی وەزارەتەکان بهێنرێت. ئەمە دووەم.

خاڵێکی تریش کە باسی نوێنەری رێکخراوەکانی ژینگەی ناوخۆ دەکرێت، ئایا رێکخراوی ژینگەمان هەیە؟ ئایا ناوخۆمان هەیە؟ ئینجا بە رەئی من جوانتر دەبێت، ئەگەر بڵێین نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومی، ئەوە بە رەئی من جوانتر دەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شمسە خان فەرمووو.

**بەڕێز شمسه سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش لە خاڵی پێنجەمدا تەئيدی پرۆژەی موشتەرەك دەكەم، كە ناوی ئەو هەموو وەزارەتە نەنووسرێت، چونكە عەدای وەزارەتی ئەوقاف، مودرای عامی هەموو وەزارەتەكانە، لەبەر ئەوەی پێم باشە بە خاڵێك بنووسرێت (مودرای عامی هەموو وەزارەتەكانی ئيزافەی هەيئەی ئيستيسمار لەگەڵ مومەسيلی مونەزەماتی بيئەی مەحەلی، يەعنی ئەوە كە هەموويان دەبێت، ئەگەر موديرعام نەبووايە بەڕاستی بەخۆی مەجليسێكی وزەرا بوو ئەگەر وەزارەت بوايە، لە خاڵی شەشەمدا ئێمە تا ئێستا لەم پەرلەمانە هەرچی مەجليسێكە تەشكيل كرا بێت تايبەتمەند بوو بێت بە هەر وەزارەتێك، بەڕاستی ئێمە عەدەدەكەمان دياری كردووە، هاوڕام لەگەڵ سۆزان خان لای خۆشم ياداشتم كردووە، دەبێت عەدەد دياری بكرێت، ئەو خەبيرو موختەس و موستەشارانەی كە وەزير بەرزی دەكاتەوە بۆ مەجليسی وزەرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی ليژنەی هاوبەشم، بەڵام بە هەندێك دەستكارييەوە، بڕگەی يەك، دوو، سێ، چوار وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بۆ پێنجەم (ممثل عن وزارات ذات علاقة بالبيئة وهيئة الاستثمار على ان يكون بدرجة مدير عام مع ممثل عن منظمات البيئة المحلية وعدد من الخبراء شرط ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة)، بڕگەكانی شەش و حەوت و هەشت هەرسێكيان زيادن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عيزەدين فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجليسێك هەبێتن بەم شكلەو بەو سەلاحيەتە، وابزانم ئيحتياج بە وەزارەتی بيئە ناكات، بەو سەلاحيات و بەم شكلەو، سی تا چل كەس ئەندامن تێدا وەكو كۆنفرانسێك، ئانيش حكومەتێكە، ئەوە مەجليس نييە، ئەوە يەك.

هی تر، دەبێت مەجليسەكە موصەغەر بێتن بۆ وەزير هەبێتن هەر كەسێكی تر بەشداری تيايدا بكات، من پشتگيری لە راپۆرتی ليژنەی هاوبەش دەكەم، هەندێك شتی تريش هەيە وەك مەسائيلی تەكنيكی لە ماددەی پازدەم هاتووە (اكمال النصاب القانونی) كەی چل كەسەكان ئێمە دەينين نيصابی قانونەكە بكەين و باسی شتێك بكەين لەسەر ئەوانە، ماددەی دوازدەش (للمجلس موازنة خاصة) ئەوە ئەو مەجليسە بەسەر

وەزارەتە، ئان بەسەر ئیقلیم دایە، دەزانم عەینی شتە، شتەکە بەسەر وەزارەتدایە، ئان بەسەر ئیقلیمدایە وەك كاك سەعد وتی، ئەگەر پەیوەندی بە ئیقلیمەوە عیلاقەی بە وەزارەتی بیئەوە نییە، ئەگەر بە وەزارەتی بیئەوە بێت، ئەو مەجلیسە زۆرە، چل كەس زۆرە بۆ وەزارەتی بیئە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئی راپۆرتی لیژنەی هاوبەش و ئەو برادەرە بەڕێزانە دەكەم كە ئەوە دەڵێن، لێرە ناوی حەقدە وەزارەت هاتووە، دەكرێت ئەوە رەچاو بكەین، چونكە لە دوا مادده، ماددەی (63) لەسەر هەموو وەزارەتەكان و لایەنە پەیوەندیدارەكان فەرز كردووە، كە پەیڕەوی بەندەكانی ئەم یاسایە بكەن، بۆیە بە زیادەی دەزانم و پشتگیری لە رەئیەكەی لیژنەی هاوبەش دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا وەڵامت هەیە بۆ ئەو مولاحەزاتانە، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا سەبارەت بە روون كردنەوەكەی لیژنەی هاوبەش، ئێمە بەڕاستی كێشەكمان نییە، ئەگەر وەزارەتەكان یەك، یەك ناویان بێت، یان نا، من دوایی هەر هەموویان دەكەم بە ئەندام لەو لیژنەیە، چونكە ئێستا هەمانە لەوە دەست بەكار بووین و ئیشەكانمان دەڕوات، ئەگەر یەك وەزارەت نێت خەلەلەكە پێیان دیارە، خۆیان داوا دەكەن ئێمە بۆ نین، كە راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەوانیشەوە هەیە، یەعنی باوەڕتان ببێت لە مەجلیسەكەی ئێمە وەزارەتی ئەوقاف تێدا نییە، لەوانەیە تیای بوایە زۆر باش و پێویست بوایە، خۆشیان پێیان باشە، ئەمە خاڵێكە، ئەگەر نەبێت من بەلامەوە كێشەیەك نییە ناوەكان نەنووسرێت، بەڵام ئەمانە وەزارەتی مەعنین، لەبەر ئەهمیەتی ئیشەكە، بۆ ئەوەی ئیجبار بكرێن و بە ئەركی خۆیان بزانن، پاشان ئەو مەجلیسە دواتر دەردەكەوێت كۆمەڵێك بڕیار دەدەن، كۆمەڵێك شتی گرنگیان بەدەستەوەیە داتای ستیراتیجیەتی بیئی ئەم ولاتەیە، لە ولاتێكی وەكو كۆریا ئەنجومەنێكیان پێكهێناوە بەهاوكاری هەموو وەزارەتەكان بۆ دانانی سەرپەرشتی وەزارەتی ژینگە، بۆ دانانی ستیراتیجیەتی بیئی شەش ساڵ خەریك بوون، دوای شەش ساڵەكە لە لایەن سەرۆكی كۆمارەوە ستیراتیجیەتەكە ئیعلان كرا، كە مەبەستمان پێی گرنگی بابەتەكەیە، لەبەر ئەوە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە موشكیلەمان نییە ئەو ناوانەی تێدا نەبن، بەڵام بوونیشیان شتێكی پێویستەو ئەگەر تەحدید بكرێت ئەوە باشترە، ئەوانیش گرنگیەكی زیاتری پێ دەدەن، چونكە ئەركی مەجلیسەكەش گەورەیە.

سەبارەت بەو خاڵەی کە نووسیوومانە (ذات علاقة) ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەگەر هەبێت (ذات علاقة)، بۆ ئەوەی ئێمە کە باس لە وەزارەتی کارەبا دەکەین، کارەبا یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ژینگە پیس دەکات، دەکرێت کارەبا لە تاقەی نوێ بێت ئەوە تاقەی موتەجەدید کە ژینگە پیس ناکات، بەس چی بکەین بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، ئەو تاقەیەی هەمانەو ژینگە پیس دەکات کەم بکرێتەوە، کەسانی وا هەن لەناو مودیر عامەکانی وەزارەتی کارەبا پسپۆڕە، لەو بوارە شارەزاترەو بۆ ئێرە باشترە، بەهەمان شێوە لە کشتوکاڵ، بۆ نموونە وەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە وەزارەتی پێشمەرگە پاراستنی ژینگەمان هەیە، یەعنی لەناو ئەوانیشدا لایەنێك هەیە کە گرنگی بە ژینگە دەدات، لەناو وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس دارستانمان هەیە، کە گرنگیەکی زیاتر دەدەن، دیفاع مەدەنیمان هەیە کە تایبەتە بە ژینگە، مرورمان هەیە، لەبەر ئەوە بۆیە دەڵێین (ذات علاقة) بۆ ئێمە پێویستە هەتا ئیمکان هەبێت دەبێت (ذات علاقة) بێت، ئەگەر لە وەزارەتێکدا نەبوو، ئەو کاتە دەتوانین کەسێك بینین، یان هەر کەسێك خۆیان دیاری بکەن، کە پێمان وایە لەبەر ئەوەی ژینگە بوارێکی فراوانە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت مودیر عامێك بنێرێت، کە لە بواری ژینگە شارەزاییەکی زیاتری هەبێت، رەغبەتی هەبێت، یان بەڕێوەبەری گشتی چالاکی قوتابخانەکان بێت، کە ئەوانە ئیشی چالاکی و نەشاتاتی جۆراوجۆر دەکەن، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەو (ذات علاقة) بمێنێت، کە ئەو بەڕێزانە داوایان کرد نەمێنێت.

سەبارەت بە (ممثل عن منظمات البيئية المحلية)، بۆ بیئەی مەحەلیمان گوتووە؟ ئەگەر بڵێین مونەزەماتی بیئی غەیری حکومی ئەمە غەڵەتە، چونکە ئێمە کە باس لە مونەزەمات دەکەین یەعنی موجتەمەعی مەدەنی غەیر حکومی، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین غەیری حکومی، ئەو کاتە تۆ ئیحتیمالە مونەزەماتی بیئی لە ئەوروپاشەوە بێنیت بڵێیت (ترتبط بمنظمات غير حكومية)، ئێمە باس لە مونەزەمەی بیئی کوردستانی دەکەین، بۆیە نووسیمانە (منظمات البيئة المحلية) مونەزەماتی بیئیشمان هەیە، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز هەیە، ئاشتی سەوز هەیە، ئێستا زۆر بوون، لەبەر ئەوە داوامان کردووە کە مونەزەماتی بیئی کوردستانی بێت، بۆیە گوتوومانە مەحەلی.

سەبارەت بە ئەو خوبەڕاو موختەصین و موستەشارانە، ئەوە خەڵكێك هەیە حەز دەکەم بۆ بەڕێزتان روونی بکەمەوە، ئێوە قانونی وەزارەتتان دەرکردووە، قانونی وەزارەتی منیش لە لای ئێوە دەرچووە، بۆمان دیاری کراوە، هەموومان وەك یەك چەند خەبیرو چەند موستەشارمان هەیە، ئەمە قانونی وەزارەت نییە، ئەمە مەجلیسێکە پێویستی بەوە هەیە لە بوارەکەی خۆیدا ئەو رۆژە خەبیرێك بێت بەشداری بکات، گوتوومانە خەبیر نە مەعاشی هەیە، نە تەعینە، نە موافەقەی ئەنجومەنی دەوێت، خۆمان دەعوەتی دەکەین، ئەمرۆ یەکێك لە کێشەکەمان ماددەی تیشکاوەری و تەلەوەسی ئیشعاعییە، خەبیرێکی تیشك، مامۆستایەکی زانکۆ بانگ دەکەین، رۆژی دوایی خەبیر باسی پلە بەرزی و (تنوع حياتي) خەبیرێك لەو بوارە بانگ دەکەین، ئەمە باسی وەزارەت نییە، تا عەددەی بۆ دانێین، خەبیرەو حەز دەکەن لای دەبەین، هەر هەدەفەکە ئەوەیە بۆچی بانگی دەکەین (والاستئناس برايهم) هەر بۆ ئەوە بانگی دەکەین، حەقی

تەصویتیشی نییە، ئیتر سێیان بێت، دووان بێت، پێنج بێت، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، جگە لەوەی ئێمە دەوڵەمەنتر دەکات بەو شتەی کە پێیەتی، ئەو (یعینـه) مەبەستمان تەعین نییە، ئەوە لەوە دەچێت غەڵەتەکە لەوە هاتبێت، ئەمە هەدەفەکە ئیستیزافەیە، ببوورن، ئەمە ئیستزافەیە، بەس لەناویاندا ئێمە کێ تەعینی ئەو موختەسە دەکات، وەزیر، وەزیر دەڵێت ئەمڕۆ تەحدیدەکە مەبەستمان (یحددهم الوزیر) (یعینهم الوزیر) مەبەستمان تەشخیص و تەعینە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە کردی هەموو مەجلیسەکە دەبێت موقەریرێکی هەبێت، موقەریرەکەش دەبێت عوزوێك بێت لەناو مەجلیسەکە، جا ئەوەی موقەریر بێت لە مەجلیسی حیمایەی بیئە، ئەو مودیر عامی فەنیە نزیکترین کەسە لە بوارەکەی خۆی لەناو وەزارەتی ئێمە کە مەشاکیلی بیئی دێتە بەردەست و مەسئوولە لە چارەسەر کردنی مەشاکیلی بیئی، بۆیە مودیری عامی فەنی هەر کەسێك بێت، ئەو موقەریر بێت، خۆشی عوزوە، یەعنی پێویست ناکات، ئێمە گوتوومانە مودیر عامەکان عوزون، خۆی عوزوە، بەڵام ئەویش موقەریر بێت، بەنیسبەت سکرتاریەتەوە ئەگەر لەم یاسایە هەر نەبێت، پێویست ناکات، ئەو وەزیرە خۆی دایدەنێت، یەکێك دادەنێت، سکرتێرە ئیشی کتاب و هێنان و بردنە، حەقی تەصویتی نییە، ئەندامێکی عادەتیە، یەعنی ئەگەر لە یاسایەکە نەبێت پێویست ناکات، وەزیر خۆی سکرتێرێك دادەنێت، سەبارەت بەو بەڕێزە پرسیاری کرد (منظمات البیئیة المحلیة)، سەبارەت بە مەجلیسەکە چل کەس نییە بەڕێزان، یەعنی ئەگەر ئەوانە هەمووشی دابنێین بیست کەس تا بیست و پێنج کەسە، لەبەر ئەوە چل کەس نییە ئەهمیەتی ئیشەکەش ئەوە دەخوازێت مەجلیسێکی وا ببێت، نیصابی قانونیشمان بۆیە راست کردەوە، ئەم مەجلیسە بڕیار دەدات لە کۆمەڵێك شتی گرنگ لەم وڵاتە کە بکرێت، هەندێك ئیجازاتی بەدەستە، بۆیە دەبێت نیصابی قانونی هەبێت و دەبێت دەنگدانیشی تیا بێت، ئەو موازەنەیەش دەتوانین لاببەین، پێویست ناکات دواتریش دێینەوە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی شەش و حەوت هەردووکی زیادە لێرە هاتووە، چونکە ئەوە لە سوڵبی کاری وەزیرو وەزارەتە، یەعنی پێویست ناکاتن (یراه المدیر مناسبا) وەزیر خۆی دەتوانێت موستەشارێك بێت کە تەعین نەبێت، راتبی نەبێت، بۆ هیچ شتێك نەبێت خۆی دەتوانێت ئیستیشارەی پێ بکات، زۆر تەبیعییە، بە رەئی من پێویست ناکات لێرە بنووسرێت، بەنیسبەت خاڵی هەشتەمیش (سکرتاریة المجلس تشکلها الوزیر وترتبط بالمقرر) ئەمە خەلەلێکی تیایە، خەلەلێکی رێکخستنی تیایە، بۆیە بە رەئی من ئەویش زیادە، چونکە مادام سکرتاریەتت دانا تەواو، ئیتر پێویست ناکات ئیرتیباتی بە موقەریرەوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر خاڵی شەشەم هەر زیادە، لەبەر ئەوەی لە حەوتەمدا ئەوانیش دەگرێتەوە، (للوزیر استضافة من یراه مناسبا لحضور جلسات المجلس عند الحاجة من داخل وخارج الاقلیم)، ئەوە خوبەڕاو موختەسین و موستەشاریش دەگرێتەوە، دەتوانیت دەعوەتیان بکەیت، لەبەر ئەوە خاڵی شەشەم زیادە، خاڵی هەشتەم ئەوەی كاك كەمال باسی كرد، ئەوەش زیادە، یانیش دەبێت (یشکلها الوزیر یرتبط بالوزیر)، یەعنی با موقەریر بێت، کە موقەریری هەبێت سكرتاریەتی بۆچیە؟ دەتوانێت موقەریر دوو فەرمانبەر بۆ خۆی دابنێت بۆ موتابەعەی شتەكان، یەعنی ئەوەش شەتب بكرێتن، یەعنی ئەو سكرتاریەتە زیادە، لەبەر ئەوە ئەگەر كەس ئیعتیرازی نییە ئەو دوو خاڵە: شەشەم كە دەڵێت خوبەڕاو موختەسین، هەشتەم: سكرتاریەت ئەوە شەتب بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە شەتب بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ هەردوو بڕگە شەتب كرا، دەمێنێتە سەر ئەو نوقتەیەی كە ئیختیلافی لەسەر بوو لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی كردووە، كە ئەو ژمارە وەزارەتانە ناویان نەنووسرێت، هەر بنووسرێت وەكو لە راپۆرتەكەیاندا هاتووە، دەقەكەی دەڵێت، دەقەكەی خۆتان بخوێنەوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(پێنجەم/ نوێنەری ئەم وزارەت و دەستانەی پەیوەندیدارن بە ژینگە، كە لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەكرێن، بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت/ ئەندام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارەی لیژنەی هاوبەش هەم دەڵێت ناوەكانی تێدا نەبێت، هەمیش بەڕێوەبەرە گشتیەكە پەیوەندیدار بێت بە ژینگە ئەوەشی لابردووە، چونكە فیعلەن ناتوانێت فەرز بكاتن ئەوە هەبێتن، بەڵام دەتوانیت جەنابی وەزیر داوای بەڕێوەبەرێكی گشتی دەكاتن لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار دەڵێت ئەگەر یەكێكی وات هەبێت شارەزای هەبێتن بینێرێتن، بەڵام بیخەیتە ناو قانونەوەو ئیلزام بكەیت جێ بەجێ ناكرێت، كاك شێروان قسەت هەیە لەسەر ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مودیر عامەكە، ئەگەر ئەو وەزارەتە مودیر عامی نەبێت دەتوانێت فەرمانبەرێك بنێرێت بە دەرەجەی مودیر عام بێت، مەرج نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نـەخێر ئـەوە وایـە بـە دەرەجـەی مـودیر عـام بێـت، مومكینـە موستەشـارێك بنێرێـت، كـەمتر نـەبێت لـە دەرەجەی مودیر عام، هەندێك ئەندامی پەرلەمانیش ئاماژەیان بەوە كرد كە زەرووریە ناوەكانی تێدا بێت، ئەندامێكی پەرلەمان گوتی لەنێوان دوو كەوانە ناوی وەزارەتەكان بنووسرێت، ئەگـەر ناوەكـان نەنووسـرێت ئیلزامـی تیـا نابێـت، مومكینـە وەزارەتێـك بڵێـت پێویسـت ناكـات بنێـرین، ئەگـەر ناوەكـان نەنووسـین، ئـەو وەخـتی وەزیـر موخەیـەر دەبێـت بینرێـت، یـان نـەنێرێت، لەبـەر ئـەوە نووسـینەكەی زەرووریيـە، بـەڵام وەزارەتی عەدل پێویستی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ناوەكان ببێت تـا ئیلـزام بكـرێن، بـۆ ئـەوەی هـیچ وەزارەتێـك نـەتوانێت نەیـەت، ئـەوە بـەلای ئێمەوە زۆر گرنگە، چونكە ئێمـە هەنـدێك وەزاراتمـان هەیـە، هەنـدێك هـەیئاتمان هەیـە ئێسـتا راسـتەوخۆ ئیشـەكانیان كاریگـەری خراپیـان لەسـەر ژینگـە هەیـە، ئەگـەر یاسـایەك نـەبێت ئیلزامـی بكـات، لەوانەیـە بەشداری ئەو مەجلیسە نەكات، گوێ بۆ ئێمە نەگرێت بەڕاستی، وەزارەتی عەدل ئێمە زۆر لەم كێشانەی كە رووبەڕووی دادگا دەبێتەوە، بەڵێ ئەو كاتـە هـەبووە، ئێمـە زۆر دەمێكـە لەسـەر ئـەو یاسـایە رێككـەوتووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەردوو لیژنەی هاوبەش موقتەرەحەكەیان سەحب نەكەنەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مە گوتی ئێمە نەدانین، تەشخیص نەكـەین تـا دەسـتی وەزارەتـی بیئـە كراوەتـر بێـت و وەكـو تـریش باسـی كابینەی شەشەم دەكرا، ئەوە لەوانەیە دەنگی وەزارات و ئەوانە بوو، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوەمان مە گۆتی با نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە كاك خەلیل، ئەو مولاحەزەیەی لەبەر ئەوەی كابینەی شەشەمتان لە پێشە، نە بۆ ئەو قانونە، نە بۆ قانونێكی تر ناتوانین ئێمـە لـە تـەوەقوعات بـین، هـەر وەختێكـی وا بـوو هـەمواری دەكەینـەوە، هـەر بڕگەیە، نەك هەر ئەوە، مومكینە زۆر بڕگەی تێـدا بێـت، ئەگـەر گۆڕانكـاری تێـدا بێـت هـەمواری دەكـەین، بۆیە ئەگەر هەبێت باشترە، ئەگەر سەحبی بكەن، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا من ناتوانم خۆم بکەمە نوێنەری برادەران هەموویان سەحب بکەم، ئەوە کاک شێروان سەرۆکی لیژنە لێرەیە، ئەگەر قسەیەك بکات باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ سەحب کردنەوەکە نینە، چونکە ئێمە سوڕ دەزانین ئێستا ئەو کابینەیە دەگۆڕێتن، وەزارەتی تر دێنە ناوی، لە ئێستاوە دەزانین قانونەکە تەعدیل دەکەین بەڕاستی، بۆیە ئەوە نەصێکی شاملە، ئەو مەوزوعانەی کە عیلاقەی بە وەزارەتەکانەوە هەیە، جەنابی وەزیر دەتوانێت ئەو رۆژی دەعوەتی ئەو وەزارەتانە بکات مەوزوعەکە حەسم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو ئیحتیرامم بۆ رەئی جەنابی کاك شێروان هەیە، ئێمە قانونێکمان لەبەر دەستە تەعامول لەگەڵ موافیعەکە دەکەین بەڕاستی، هەر وەختێك کابینەکەی تر دروست بوو پێویستی بەوە هەیە قانونی مەجلیسی وەزیران ئەو وەختی بێتە گۆڕین، لەوانەیە ئەو وەزارەتانە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە یەك.

دوو/ وەزیری ژینگە ویلایەتی نییە لەسەر وەزارەتەکانی تر، لەوانەیە سبەی یەك لە وەزیرەکان بڵێت من نانێرم، چونکە لە قانون نەهاتووە، دەمێنێت لەسەر عیلاقاتی شەخصی و پەیوەندییەکان، ئەوە شتێکی خراپە بەڕاستی، مەجلیسەکە ئەو تابعەو ئەو قوەتی ئیلزامی نامێنێت، ئەگەر بێتو ناوەکانی وەزارەتەکان لەناو قانون نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز بۆ سەیدا فرسەت کە سەیدامانە، بەلأم ئێمە گوتمان (ذات علاقة)، ئەوە بە قانون دیار دەکرێت، خۆ وەزیر ویلایە عامەی نادەینێ بە کەیفی خۆی بێژت بۆ ئەوە بینە، ئەوە بینە، ئێمە گوتمان (ممثل عن الوزارات والهيئات ذات العلاقة بالبيئة)، لەبەر ئەوەی موحەدەد دیارە لە (يحددها الوزير) زانیت ئەمە عیلاقەتەو دیارە لە هەر وەزارەتێك کامە مەعنیە پێی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە، خیلافەکە لەسەر تەفسیری مەنتیقە، ئەوەی کە کاك خەلیل دەڵێتن (ذات علاقة)ەکە، ئەوە تۆ دەسەڵاتێك دەدەیتە وەزیرێك من بەپێی ئەو قانونە ، ئەگەر قانون تەحدیدی نەکاتن، ناکرێت ئەو دەسەڵاتەی بدرێتە وەزیرێك لەسەر وەزیرێکی تر بەڕاستی، لەبەر ئەو مەنتیقەیە من تەئیدی کاك فرسەت دەکەم، بە هەر حاڵ وەجهە نەزەری لیژنەی قانونی ئەوەیە دەڵێت کە کابینەی نوێ لە پێشە، پێویست ناکات ئەوە هین بکرێتن، مومکینە تەغیرات بکرێت بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، تەواو ئەو نوقتەیە یەکلا بکەینەوە، دوایێ موناقەشەی خاڵەکانی تر دەکەین، ئێمە پێشنیارێکمان هەیە دوایێ ئەو تەفسیلاتە دەکەین، لیژنەی یاسایی دەڵێت ئەو ناوانە پێویست ناکات بنووسرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ناوانە پێویست ناکات بنووسرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ تەئیدی موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەکات کە ئەو ناوانە نەنووسرێن، بنووسرێت وەزارەتی پەیوەندیدار دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ببوورن دەبێت بژمێرین، ئەوەی تەئیدی پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاك کەمال و کاك فرسەت دەڵێ تێنەگەیشتوون برادەران بۆیان شەرح بکە، ئەگەر وایە جارێکی تر، نازناز خان نوقتەی نیزامی نەبوو قەتعی دەکەم، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاری وا هەیە رەئی سێیەم دروست دەبێت، بە رەئی من بنووسین واجیبە هەموو نوێنەری وەزارەتەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نییە، ئێمە دوو شتی تایبەتمان لە پێشە، هالە خان فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتەکە هاوبەشە، بەڕاستی ئەوە ئیقتیراحی لیژنەی تەندروستی بوو، هی لیژنەی یاسایی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەوە نوقتەی نیزامییە، موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش، یاسایی و تەندروستی دەڵێن لە ماددەی چوار لە بڕگەی پێنجەم ناوی وەزارەتەکان هاتووە، کە دەبنە ئەندام لەو ئەنجومەنە، لیژنەی هاوبەش موقتەرەحیان ناوی وەزارەتەکان هاتووە، کە نوێنەریان لە دەرەجەی مودیر عامە لێرە وا هاتووە، دوایێ ئیقتیراح کراوە کەمتر نەبێتن ئەندام بن لەو مەجلیسە، لە پرۆژەکەدا ناوی وەزارەتەکان نووسراوە، لیژنەی

هاوبەش دەڵێت ئەو ناوانە پێویست ناكات بنووسرێت تەنیا بنووسرێت وەزارەتی پەیوەندیدار، نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدار، كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 44 دەنگ، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 21 دەنگ، موقتەرەحەكەی لیژنەی هاوبەش سەری گرت، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بەهەر حاڵ ئەگەر هەڵەیەكی هەبێتن، ئیختیلافێكی قانونی هەبێت، ئەویش موشكیلە نییە، ئەوە قورئانی پیرۆز نییە، دەتوانین هەمواری بكەینەوە هەر وەختێكی بۆمان بكرێتن، ئێستا موقتەرەحی لیژنەی یاسایی قەبول كرا لە پێنجەمدا كە دەبێتە لایەنە پەیوەندیدارەكان، (ذوي علاقة)ەكەش نەما، دەرەجەكەی لە مودیر عام كەمتر نەبێت، لە دووەمدا نووسراوە وەكیل وەزیر دەنووسرێت وەكیل وەزارەت، لە یەكەم دەڵێت (يؤسس بموجب هذا القانون مجلس يسمى ب(مجلس حماية وتحسين البيئة في الاقليم يرتبط بالوزارة ويرأسه الوزير) شتێكی وا وەكو قانونەكانی تر بنووسن، لێرە هین هاتووە، ئەو مەجلیسانەی كە هەمانە لە قانونەكانی تردا، كاك خەلیل ئەوە صیاغە بكرێت وەكو ئەو مەجلیسانەی لە وەزارەتەكانی تردا نووسیوومانە، كەواتە ئێستا ئێمە ماددەكە هەمووی بەو گۆڕانكاریانەی كە كراو دوو برگەی ئیلغا كرا، موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش قەبول كرا، كەمتر لە مودیر عام نەبێت و پەیوەندیدار بێت بە ژینگە ئەوەش لادرا، شەرت نییە پەیوەندیدار بێت، بەڵام گوتمان دەتوانێت جەنابی وەزیر خۆی داوای بكات، وەكیل وەزیر دەبێتە وەكیل وەزارەت، ئەو برگەی یەكەم وەكو قەوانینی پێشوو كە مەجلیس هەیە لە وەزارەتەكان وا بنووسرێت، یەعنی (يرتبط بالوزارة) ئەوە چۆن لە قانونەكانی تر سیاغەتان كردووە، ئێستاكە نازانم چۆنە؟ بەڵام (يرأسه الوزير وينوب عنه وكيل الوزارة) وەكو لە هەموو وەزارەتەكاندا هاتووە، ماددەكە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەس كاك دكتۆر رەمەزان لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە كە دەبێتە ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەن بودجەیەكی تایبەتی هەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: للمجلس موازنة خاصة به.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئی لیژنەی هاوبەش.

سەبارەت بە ماددەی دوازدە لیژنەی هاوبەش رەئی وایە ئیلغا بکرێت، چونکە زیادە ریز بەندی ماددەکانیش دوای سڕانەوەی راست بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە ئەو ماددەیە زیادە، لەبەر ئەوە میزانیەکە زمنی وەزارەتەکە دەبێت، هیچ موازەنەی پێویست ناکات، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدە کە دەبێتە ماددەی پێنجەم:

ئەندامانی ئەنجومەن لە وەزارەتەکانیانەوە بە دوای جێبەجێ کردنی بڕیارو راسپاردەکانی کە لە ئەنجومەنەوە دەردەچێ، دادەچن و راپۆرتەکانیان دەربارەیانەوە ئامادە دەکەن و بۆ بڕیاردەری ئەنجومەنی بەرز دەکەنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشر والتي ستصبح المادة الخامسة:

يتولى اعضاء المجلس متابعة تنفيذ القرارات والتوصيات الصادرة عن المجلس في وزاراتهم واعداد تقارير عنها ورفعها الى مقرر المجلس.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکی نییە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیم هەیە، (الى مقرر المجلس) ببێتە (رئيس المجلس)، بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی لەسەر نەکەین، لەبەر ئەوەی موازەنە بۆ ئەو لایەنە دەبێت، کە شەخصیەتێکی مەعنەوی هەبێت، قانونی مەعنەوی هەبێت، ئەمە بەشێکە لە وەزارەتەکە، جەنابی وەزیر موافیقە بۆ ئەو مولاحەزەیەی کە درا (رفعها الى مقرر المجلس) بووە (رئيس المجلس)، ئەگەر کەس مولاحەزەی نەبێت، ئەوەش دەخەمە دەنگدانەوە، تۆ راپۆرتێک دەنووسی خۆ بۆ پەرلەمان نانووسیت، دەبێت بۆ سەرۆکایەتی بنووسیت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی موقەریر بۆ ئەو نەوعە ئیشانەیە، بەڕاستی ئەگەر بێیە سەر حەقیقەت تەقاریر دەدرێتە موقەریر، موقەریر دەداتە وەزیری، نەك راستەوخۆ بچێتە لای وەزیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تەقاریر بۆ رەئیس دەنووسرێت بە رێگای موقەریر، هەر کەسێك بۆ سەرۆکایەتی دەنووسێت و دەدرێتە مودیری نووسینگەکە، مودیر نوسینگەکە دەیگەیەنێتن، تەقریرێك وەکیل وەزیر، وەزارەتێکی تر تەقریرێك بنووسێت بەپێی ئەوە بێت بیداتە موقەریر، ئەوە ناکرێتن، ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکارییە (واعداد تقارير عنها ورفعها الى رئيس المجلس) دکتۆرە شوکریە مولاحەزەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند ساڵە لە زانکۆم موقەریر بووم، سەرۆك بووم بۆ ئەم شتانە، کە تۆ لیژنەیەك تەشکیل دەکەیت ئەو لیژنەیە ئیش و کارەکەی چیە، حەسری ئەو بابەتە دەکەن، ئەگەر ژینگە بێت کە تۆ لیژنەیەکی وا گەورەی تەشکیل کرد، ئەم لیژنەیە هەمووی کۆ دەبنەوە، باسی ژینگە دەکرێت، موقەریرەکە دەینووسێت رەفع دەکرێت دەچێتە سەرەوە، ئینجا بواری جێ بەجێ کردن دێت، ئیتر پێویست ناکات من بیهێنم لێرە بیکەم بە بابەتێکی تایبەتی، ئەمە تەحصیل حاصلە، کە تۆ بودجەت داناو لیژنەت تەشکیل کرد، ئیتر ئیش و کاری خۆی و مەساری خۆی وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دارا وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەجلیسە جیایە لەگەڵ مەجلیسێك لەناو زانکۆدا، یان لەناو وەزارەتدا بەخۆت دروستی دەکەیت، ئەمە مەجلیسێکە لەسەر ئاستی هەرێمە، هەر وەزارەتێك ئەم مودیر عامە نوێنەری ژینگە دەبێت لەناو وەزارەتەکەی خۆی، دەبێت ئەو راسپاردانەی رادەسپێرین لەناو وەزارەتەکەی خۆی کە صناعەیە، ئەم کێشە ژینگانەیان هەیە، نەتیجەی تەوصیات و قەراراتی مەجلیسەکە ئەو هەمووی لە وەزارەتەکەی خۆی دەیهێنێتەوە، بەس ئەمە ئەرکێك بوو، گوتمان لە کۆڵ وەزیری بکەینەوە، بۆیە گوتمان موقەریر بێت، بەس ئەوە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن ئەوەشی بە وەزیر بەخشی، هەرچەندە من ئەو یاسایەم بە خۆم دانەناوە، ئەمەش با بکرێتە رەئیسی مەجلیس پێم باشە، من ئەو یاسایەم بە موقەریر دانەناوە، موقەریرەکە مەسیحییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هـەر كەسـێك ئـازادە، بـەڵام هـەر ئەوەندەیـە ئەنـدامانی پەرلـەمان نەتیجەكـەی هـین دەكـەن، دەیخەمـە دەنگدانەوە بەو گۆڕانكاریەی كراوە تەقاریرەكە لە جیاتی بۆ موقەریر كرا بۆ رەئیس، كێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـە زۆرینـەی دەنـگ وەرگیرا، تكایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم كە دەبێتە ماددەی شەشەم:

سـەرباری ئـەو ئەركانـەی بـەپێی یاسـای وەزارەت پێـی سـپێردراوە، ئەنجومـەن ئـەو ئـەرك و دەسـەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:-

یەكەم: پێشنیار كردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمداو دەست نیشان كردنی ئامانج و كارە گرنگەكانی ژینگە.

دووەم: دانپێدانان وپشت بەستان بە تایبەتمەندی و پێوانەكانی پێوەری رەگەزەكانی ژینگە.

سێیەم: دانپێـدانانی مـەرج و بـەرزە فتكاریـەكانی دەبـێ لـە دامـەزراوو چالاكیەكاندا هـەبێ، كـە كاریگـەری زیانگەیاندن بە ژینگەوە هەیە، یان دەبێتە هۆی تێكدانی هاوسەنگی ژینگە.

چوارەم: دانپێدانانو پشت بەستن بەڕێنمایی بەرزەفتكاریەكانی پێویست بۆ جێ بەجێ كردنی حوكمـەكانی ئەم یاسایە، كە بەپێی ئەم یاسایەوە دەركراون.

پێنجـەم: یـەككردنی پلانـەكانی فریاكـەوتن كـە لایەنـەكانی پەیوەندیـدار ئامـادەی دەكـات، بـۆ رووبـەڕوو بوونەوەی كارەساتەكانی ژینگە.

شەشەم: راسپاردن بە هەمواركردنی یاساو پێڕەو و رێنمـایی و پارێزنامـە (تێخوێندنـەوە)و تایبەتمەنـدی و پێوانەو پێوەرەكانی جۆری، كە تایبەتمەندە بەپاراستنی ژینگە لە هەرێمدا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة والتي ستصبح المادة السادسة:

بالاضافة الى المهام المناطة به بمقتضى قانون الوزارة، يتولى المجلس المهام والصلاحيات التالية:

اولاً: اقتراح السياسة العامة لحماية البيئة في الاقليم وتحديد الاهداف والاولويات البيئية فيها.

ثانياً: اقرار واعتماد المواصفات والمعايير القياسية لعناصر البيئة.

ثالثاً: اقرار الشروط والضوابط التي يجب توافرها في المنشأت والنشاطات الـتي لها تـأثير ضار على البيئـة او يؤدي الى الاخلال بتوازنها.

رابعاً: اقرار واعتماد التعليمات والقرارات والضوابط اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون والصادرة بموجبه.

خامساً: توحيد خطط الطوارئ التي تعدها الجهات المعنية لمواجهة الكوارث البيئية.

سادساً: التوصية بتعديل القوانين والانظمة والتعليمات واللوائح والمواصفات والمعايير والمقاييس النوعية الخاصة بحماية البيئة في الاقليم.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی هاوبەش.

سەبارەت بەم ماددەیە لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت بە ریز بەندی حەوتەمەوەو بەم جۆرە (حەوتەم: ئەنجامدانی رووپێوی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی کە دەرئەنجامی بەکارهێنانی چەکی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی لە هەرێمدا).

حەز دەکەم بە عەرەبیەکەیشی بیخوێنمەوە بەم شێوەیە:

(اجراء المسوحات اللازمة لتقيم الاثر البيئي الناجم عن استعمال الاسلحة المحرمة دوليا في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەکەم نووسراوە (پێشنیار کردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە)، نازانم لە هەموو بەندەکانی خوارەوە بڕیار لێ دانە، بەڵام بەس لەوە پێشنیار کردنی سیاسەتی گشتییە، لێرەش پێموایە ئیقتیراح کردن دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت ئەو سیاسەتە بڕیار لێ بدات، نەك پێشنیار بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چواردە کە بۆتە ماددەی شەشەم، بەنیسبەت بڕگەی یەکەم لە جیاتی پێشنیارەکە بنووسرێت داڕشتنی، چونکە تۆ سیاسەتەکە دادەڕێژی، ئەو مەجلیسە دەبێت سیاسەتی دابڕێژێت بۆ پاراستن و پێشخستنی ژینگە لە کوردستاندا، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، پێم باشە بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت، یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە پاك کردنەوەی ژینگەی کوردستان بێت لە شوێنەوارەکانی شەڕی داگیرکاریش بە خەڵکی کوردستان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی شەش پێم زیادە لابدرێت، چونکە ڕاسپاردن بە هەموار کردنی یاسایەکە خودی دەسەڵاتی وەزیرە هەر کاتێك بۆی هەیە پێشنیارەکان بنێرێتە پەرلەمان، هەروەها سەبارەت بە ڕێنماییەکان ئەویش دەسەڵاتی وەزیرە هەر کاتێك داینێت و بیگۆڕێت، بۆیە ئەو بڕگەیە زیادەو لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە زمانەوانییە، (بالاضافة الى المهام المناطة بە بمقتضى قانون الوزارة،) (بمن) لازمە تەعبیرەکە (بالاضافة الى المهام المناطة بالمجلس بمقتضى قانون الوزارة، ويتولى المهام والصلاحيات التالية) ئەوە ڕاستترە لە زمانەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا یەك تێ نەگەیشتن دروست بووە لە لای من لە بەشی یەکەمی ئەم ماددەیە، کە دەڵێت (بالاضافة الى المهام المناطة بە بمقتضى قانون الوزارة) جەنابی وەزیر گوتی ئەم مەجلیسە زۆر جیاوازە لەو مەجلیسەی کە هەیە لەناو وەزارەت، کە لەناو یاسایەکە بۆمان ئیقرار کردووە، لەبەر ئەوەی ئەم مەجلیسە مەجلیسێکە تایبەتە بە حیمایە کردنی بیئە لەسەر ئاستی هەرێم، لێرەدا نازانم ئەگەر من ڕاست تێ گەیشت بم، یان نا، ئێمە لەناو یاسای وەزارەتەکەدا هیچ مەهامێکمان نووسیووە ئەم مەحلیسە پێش دروست بوونی؟ ئەم پرسیارە ئەگەر بتوانێت وەڵامم بداتەوە.

خاڵی دووەمم/ ئەوەیە جەنابی وەزیر کە دەستی کرد بە کارەکانی وتی ئێمە بەپێی ڕێنمایی کۆمەڵێك ستانداردو شتمان زەوابتمان بۆ کردۆتەوە، لێرەدا کە دەڵێت (التوصيە بتعديل) گوتمان قەوانین و ئەنزیمە ئەو شتانە خۆیان دەیکەن (اللوائح والمواصفات والمعايير والمقاييس النوعيە)، جەنابی وەزیر مەعاییر و مەقاییسی نەوعی ئەوە شتێکی ستاندەردە ساڵانە لەسەر ئاستی جیهانی لە لایەن مونەزەماتی گەورەی بیئەوە دادەڕێژێت و بڵاو دەکرێتەوە، نازانم لێرە لە کوردستان خاترمان دەگرن، بۆمان زیاد دەکەن، بۆمان کەم دەکەنەوە، تۆ ئەم مەعاییرانە ستانداردی جیهانییە، ناتوانیت دەستکاری بکەیت و بڵێیت بە حەسەبی ئیقلیم ئێمە چاکی دەکەین، سەبارەت بەو خاڵەی کە لیژنەی هاوبەش داوای دەکات و زیادی دەکات لەناوەوە ئەوە ئەرکی وەزارەتە رووپێوی ژینگەیی لەناو وەزارەتداو خۆشیان هەوڵیان بۆ داوە، ئەمە ئیشی ئەم مەجلیسە نییە، مەجلیسەکە زیاتر ئیشی سیاسەت دارشتنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەی پێشنیار کردن، ئەوە ئسلوبێکە نایەت لەگەڵ ئەو قانونە، داڕشتن ڕێکترو بەهێزترە، داڕشتنی پلانێکی ستراتیجی بۆ پاراستنی ژینگەو ئامانج و کارە گرنگەکانی ژینگە، منیش لەگەڵ داڕشتنم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من کە ئەم ئەرکانەم خوێندەوە لەگەڵ ئامانجەکەدا زۆر هاوبەشی تێدایە، ئینجا بە ڕەئی من ئەمە دەمج بکرێت پێکەوە لە ژێر یەك ناونیشان، ئامانج و ئەرکەکانی ئەم وەزارەتە، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تریشم هەیە، بەڕاستی هەندێك موستەڵەح بەکار دەهێنرێت خوێندنەوەم نەبیستووە، نەتیا خوێندنەوە هەیە نەلێخوێندنەوە، ئەو پێشگرە زۆر زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لە بڕگەی یەکەم لەگەڵ ئەوەم کە ئیقتیراح بکرێت بە (وضع) لە بڕگەی شەشەم وشەی (اللوائح) لێرە هاتووە لە قانونی عێراقیدا شتی وا نییە، وا دیارە ئەو بڕگە لە قانونێکی عەرەبیەوە وەرگیراوە لەبیریان چووە ئەوە لاببەن، وشەی (اللوائح) لاببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دکتۆرە ڕۆژان پێی وایە بڕگەی شەشەم زیادە، لەبەر ئەوەی ئەو تەوصیەیە دەسەڵاتی وەزیرە، هەر وەختێك دەتوانێت داوای بکاتن تەعدیل بکرێت، یەعنی هەموو وەزیرێك بۆی هەیە تەعدیلی قەوانین داوا بکات، ئەگەر ڕەئیتان لەسەر ئەوەیە ئەوە لابچێت، جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە؟ ئەوەی شەشەم، هەر خۆی وەزیر بێ، مەجلیسیش ئەو سەلاحیەتەی هەیە تەوصیە بکاتن بۆ گۆڕینی هەر قانونێك، دەرهێنانی هەر قانونێك، لەبەر ئەوە ئەو تەوصیەیە تەحصیل حاصلە هەیەتی، بەبێ ئەوەی مەجلیسەکەشی هەبێت، ئەوەی دکتۆرە ڕۆژان مولاحەزەیدا دەڵێت ئەوە بەدیهییە، کە وەزیر ڕەئیسی ئەو مەجلیسەیە، مانای وایە

بۆی هەیە هەر ئیقتیراحێك مەجلیس بیكات وەزیر دەتوانێت بەو دەسەڵاتەی لە وەزارەت هەیەتی، كەواتە جەنابی وەزیر موافیقە، دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو بڕگەی شەشەم لابرێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ بڕگەی شەشەم لادرا، قسەكەی كاك دكتۆر نوری كە دەڵێت (اللوائح)ەكە، بەس ئەوە بڕگەكە هەمووی لاچوو، كاك بەڵێن و كاك غەفور دوو، سێ برادەری تریش لە بڕگەی یەكەمدا دەڵێن دارشتنی لە جیاتی ئیقتیراح (وضع السیاسة) ئایا ئەو سیاسەتە وەزارەتەكە جێ بەجێی دەكات، یان وەزارەتەكانی تریش، یان ئەنجومەن، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانی بوێت پێشنیارەكە راستترە، ئەگەر وەزارەت ئەمرەكەی بكاتن بۆ هەموو وەزارەتەكان دارشتنەكە راستترە، یەعنی بە عەرەبیەكە بڵێی (وضع السیاسة)، دەبێت ئەمری وەزیری بیئە جێ بەجێ بكرێت، كەچی هەندێك جار ئەو ئەمرە لە لایەن رەئیسی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێتن، چونكە یان دەبێت دەسەڵاتی بدەیتێ لەم بارەیەوە، بۆیە ئەنجومەنی وەزیرانە، من پێموایە ئیقتیراحەكە راستترە، بۆ ئەوەی ئەگەر عیلاقەی بە وەزارەتەوە هەبێت ئەوە قەرار دەداتن، ئەگەر عیلاقەی بە وەزارەتی ترەوە هەبێت بڕیارێكە پێویست دەكات وەزارەتی كارەبا جێ بەجێی بكات، وەكیلی وەزیر، یان مودیر عام لەوێ ئەو دەسەڵاتەی نییە قەرار بداتن، دەبێت بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە پێشنیارەكە راستتر هاتووە، سووكم كرد بۆ سەر ئەركی وەزیر بۆ شەرح كردنەكە، كاك دارا مولاحەزەكانی تر چیت هەیە؟ ئەگەر بیڵێیت فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی جەنابت باست كرد، ئێمە ئیقتیراحی سیاسەی بیئی، دەبێت ئیقتیراح بێت، چونكە پێویستی بەوە هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند بكرێت و پەیوەندی بە هەموو حكومەتەوە هەیە، جاری وا هەیە سیاسەتی بیئی وا پێویست دەكات كە تۆ لە مەنتیقەیەكدا هەر نەوت دەرناهێنی، سیاسەتی بیئی وا پێویست دەكات سەددێك دروست دەكەیت، سیاسەی بیئی وا پێویست دەكات مەنتیقەیەكی صناعی لا دەبەیت، ئەوە ئیقتیراح بێت، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم كە لیژنەی هاوبەش باسی كرد بوو زیادی كردووە، لەبەر گرنگی ئەوەی كە لە یاسایەكەدا هاتووە كوردستان رووبەڕووی وێران كاری و چەكی كیمیاوی بووە، بەس لەڕاستیدا ئەم ئەركە ئەركی ئەو لیژنەیە نییە، من لەوە لەگەڵ سۆزان خانم، ئەمە ئەركی وەزارەت خۆیەتی مەسوحاتی بیئی بكات، نەك ئەو مەجلیسە، ئەگەر لێرە نەبێت، لە شوێنێكی تر دابنرێت هەر دەبێت، سەبارەت بەو پرسیارەی كە كردیان دانانی زەوابت و مەعاییر، بەڕێزان، ئەوە هەموو ولاتێك مەعاییرو زەوابتی خۆی هەیە، چونكە ناكرێت ئەو قیاساتەی لە ولاتێكی تردا هەیە بۆ ئێرە ببێت،

له وڵاتێكی وەك ئەڵمانیا تەنها قیاسی هەرێمی هەسن لە شاری فرانكفۆرد جیاوازە لەوەكانی تر، لەبەر ئەوەی لە شاری فرانكفۆرد نیسبەیەكی زۆر كاربۆنیان هەیە بەهۆی مەتارەكەوە، ئەوە نەیانتوانیوە عیلاجی بكەن ستاندەرەكەیان بەرز كردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن عیلاجی بكەن، لەبەر ئەوە هەر وڵاتێك خصوصیاتی خۆی هەیە، هەتا لە سەعاتی شەو و رۆژدا فەرقی هەیە، لە شەودا چەندی رێگای پێ دراوە زەوزا هەبێت، لە رۆژدا چەند هەبێت؟ لەبەر ئەوە هەموو وڵاتێك ستانداردی خۆی هەیە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەكی فەنیمان دروست كردووە لە مامۆستایانی زانكۆ و كەسانی پسپۆر ماوەیەكی زۆرە، تا ئەمەیان بۆ ئێمە ئامادە كردووە، تایبەتە بە قیاساتی هەواو و زەوزا لە هەرێمی كوردستان، بۆیە گوتوومانە دەبێت لەلایەن ئەو لیژنەیەوە ئیقرار بكرێت، یەعنی ئەوەی عالەمی بۆ ئێمە نابێت، ئەگەر وا بكەین مەشاكیلی زۆرمان بۆ دروست دەبێت، هەتا ئاوەكەمان فەرقی هەیە، هەندێك ستاندەردی ئاو هەیە لێرە ناتوانین لەوڵاتێكی تردا تەسبیتی بكەین وەكو كوردستان، سەبارەت بەیاسای وەزارەت، یاسای وەزارەت باسی مەجلیسی حیمایەی بیئەی تیایە، بەڵام یاسایەكە باسی خوبەڕاو موختەسین و موستەشاری تیایە، ئەگەر وەزارەت هەیبێت ئەوە شتێكی ترە، وەكو هەموو وەزارەتەكانی تر، بەس لە یاسایەكەمان ئیشارەت بەوە كراوە، كە دەبێت مەجلیسی حیمایەی بیێت لە هەرێمداو دوو، سێ خاڵیش ئەركی بۆ نووسراوە، بەس ئەوا بە تەفسیل باس لە ئەرك و مەهامی ئەم مەجلیسەو ئەوانە نەكراوە، بۆیە لەم یاسایەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دەكەم موقتەرەحی خۆیان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، كە دەڵێت ئەو بڕگەیە زیاد بكرێتن حەوتەم كە ئێستا دەبێتە شەشەم، فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیەی كە ئێمە پێشنیارمان كردووە بریتیە لە ئەنجامدانی رووپێوی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی كە دەرئەنجامی بەكارهێنانی چەكی قەدەغە كراوی نێودەوڵەتی لە هەرێمدا.

لەڕاستیدا بەكارهێنانی ئەم چەكە لە كوردستاندا كاریگەریەكی خراپی لەسەر هەموو ژیانی كۆمەڵگای كوردی كردووە بە گیانلەبەران و بە رووەك و بە خۆڵ و بە هەوای هەرێمەوە، بۆ ئەوەی كەوا ئەم گرفتە گەورەیە بە گرنگی وەربگیرێت، پێویستە هەر كاتێك لە وەزارەتەكانی تریش بەشداری بكەن لە رووپێویەوە، بۆیە ئەو ئەركەمان خستۆتە سەر ئەم ئەنجومەنە سەرباری ئەوەی ئەم رووپێوە لە ئەركی بنەڕەتی وەزارەتی ژینگەدا هەیە، لەبەر ئەوەی زیادمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشە بۆ زیاد كردنی ئەو بڕگەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو كەس لەگەڵدا نییە، بە

زۆرینەی دەنگ ئەو برگەیە زیاد کرا، عەرەبیەکەش پێشتر خوێندبوویەوە (اجراء المسوحات اللازمة لتقيم الاثر البيئي الناجم عن استعمال الاسلحة المحرمة دوليا في الاقليم)، ئێستا مولاحەزەیەك دەمێنێت، ئەویش وابزانم کاك عیزەدین بوو لە سەرەتای (بالاضافة الى المهام المناطة به) ئەو (بە)یە چیە؟ مەقصەدی کێیە؟ دەبێت (بالمجلس) بنووسرێت، یان (بالوزير) (بمقتضى قانون الوزارة) ئەوەش چیە؟ (بالمجلس بموجب هذا القانون) وا نییە، دەبێت بگوترێت (بالاضافة الى المهام المناطة بالمجلس بمقتضى قانون الوزارة، يتولى) ئەوە مەفهومە (المهام والصلاحيات التاليه)، ئەو مولاحەزەیەی سۆزان راستە، لەجیاتی ئەو موقەدیمەیە (يتولى المجلس المهام التالية) وا نییە کاك خەلیل، ئەگەر پێتان باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو گۆڕانکاریەی کە خوێندمەوە برگەیەکمان لابرد، برگەیەکیشمان ئیزافە کرد، ئەوەش (يتولى المجلس المهام والصلاحيات التالية)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەم دەبێتە ماددەی حەوتەم:

یەکەم: هەردوو مانگ جارێك ئەنجومەن دانیشتنەکانی گرێدەدا، یان هەر کاتێك پێویست بوو ئەویش بەهۆی بانگێشەی سەرۆك، یان جێگرەکەی لەکاتی نەهاتنی رادەکە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن تەواو دەبێت، ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادە بوون، وپێویستە سەرۆك، یان جێگرەکەی یەکێك لەوان بێت.

دووەم: ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان بڕیارەکان دەردەکاتو لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنەی سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەنگی لەپاڵی دەنگی ئەوان داوە ئەو دەیباتەوە.

سێیەم: هەر ئەندامێك بۆی هەیە پێشنیاری خۆی بخاتە بەردەمی سەرۆك بۆ بانگێشە کردنی شارەزاو ڕاوێژکاران، یان هەر کەسێکی دیکە، بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بۆ وەرگرتنی بیروڕاکانیان لەو کاروبارانەی دەخرێتە بەردەمیان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة والتي ستصبح المادة السابعة:

اولاً: يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهرين او كلما دعت الحاجة الى ذلك بدعوة من الرئيس او نائبه في حالة غيابه، ويكتمل النصاب في اجتماعات المجلس اذا حضر اكثرية اعضائه على ان يكون الرئيس او نائبه واحدا منهم.

ثانياً: يتخذ المجلس قراراته باكثرية عدد اصوات اعضائه الحاضرين وفي حالة تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه رئيس الاجتماع.

ثالثاً: لكل عضو ان يقترح على الرئيس دعوة خبراء او مستشارين او اي شخص اخر لحضور اجتماعات المجلس للاستئناس بارائهم في الامور المعروضة عليه دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەین و هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە سێیەم زیادە، دەیخەمە دەنگدانەوە بڕگەی سێیەم لەو ماددەیە حەزف بکرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ بڕگەی سێیەم ئیلغا کرا، جارێ ئەوەلەن ئیلزام بکرێن بەوەی لە مودەیەکی موحەدەد جەلسەیان هەبێت، ئەوە دەبێت بە قانون بێت، لەبەر ئەوە زیاد نییە، بەپێچەوانەوە من دەڵێم دوو مانگەکە ببێتە مانگێك، ئەوە ژینگە تازەیەو زەرورەتە وەعی زیاتر بکرێت، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو ماددەی پازدە هەتا ماددەی بیست هەر هەمووی زیادە، چونکە لەماددەی پەنجاو نۆ سەلاحیەتی جەنابی وەزیرە ئیصداری تەعلیمات و تەنفیزی ئەو قانونە، ئەو هەمووی عیبارەتە لە کۆبوونەوەو دەنگدان و موناقەشاتی وەرقی خوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پێچەوانەی کاك عومەرم، بەباشی دەزانم ئەو ماددەیە بمێنێتەوە وەکو ئیلزامێك، بەلاَم ئیسلوبەکەی زۆر رەکیکە (يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهر) جارێك لە ئێستاوە دوو مانگ جارێك، یەعنی بە تەمای ئیش نین، (او كلما دعت الحاجة الى ذلك بدعوة من الرئيس او نائبه في حالة غيابه)، چونکە ناکرێت بڵێیت (اذا حضر اكثرية اعضائه على ان يكون الرئيس او نائبه واحدا منهم)، نەخێر، عادەتەن خۆی ئیسلوبەکەی وایە هەر دەعوەتی مەجلیس لە لایەن رەئیسەکەیەوە دەبێت، ئەگەر رەئیسەکەش لەوێ نەبوو نائیبەکەی دەیکات، کەواتە بەم شێوەیەی لێ دێت دەڵێت (يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهر او كلما دعت الحاجة بدعوة من الرئيس او نائبه في حالة غيابه) ئەوانی تر زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەی سۆزان خان بەجێیە، (يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهر او كلما دعت الحاجة بدعوة من الرئيس) چونكە نائيبەكە زيادە، قانونەن گوتووتە ئەگەر غائيب بوو وەكيل وەزير دەبێتە رەئيس، يەعنى كەواتە ئەگەر وەزير غائيب بوو، كە رەئيس مەجليسە بۆی هەيە داوا بكاتن، وەكيل وەزارەتەكە رەئيس مەجليسەكە دەبێتن، بۆيە داوا بكاتن (ويتم النصاب اذا حضر اكثرية اعضائه او على ان يكون رئيس او نائبه واحد منهم)، ئەوەش زيادە، چونكە ئەگەر هەردووكيان لەوێ نەبوون كۆبوونەوەكە نابێت، دەعوەتەكە نابێت، تۆ لە سەرەتاوە گوتووتە، كەواتە بڕگەكە وای لێ دێتن، بە عەرەبيەكە دەخوێنمەوە، دوايێ كاك فوئاد بە كورديەكە چاكی دەكات و دەيخوێنێتەوە (يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهر او كلما دعت الحاجة الى ذلك بدعوة من الرئيس ويتم نصاب المجلس اذا حضر اكثرية اعضائه) ئەوانی تر شەتب دەبێت؟

دووەم/ (يتخذ المجلس قراراته باكثرية عدد اصوات اعضائه الحاضرين وفي حالة تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه رئيس الاجتماع)، ئەوەش تەحصيل حاصلە، ئەگەر بڕگەی يەكەم بە كورديەكەی بخوێنيەوە كاك فوئاد بەو تەعديلەی كە كردمان، بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز دارا محمد امين/ وەزيری ژينگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی سێيەميان ئەگەر لابدرێت كێشەيەك نييە، ئەوە حەقيقەتێكە دراوە بە ئەندامانی مەجليسەكە، بەڵام سەبارەت بەوەی كە مانگی جارێك بێت، بەڕاستی مەجليسەكەی ئێمە مەجليسێكی تەنفيزی نييە، مەجليسێكە سياساتی بيئی دادەنێت، مەشاكيلی بيئی لە ئيقليم باس دەكات بيست موديرعامی تيايە، مانگانە زۆر كەمە، يەعنی ئێمە شوكری خوا دەكەين سێ مانگ جارێك كۆببينەوە، يەعنی بە زەحمەت كۆدەبينەوە، لەبەر ئەوە بە عەمەلی ئەگەر شتێك بڵێين بە عەمەلی بكرێت، وەكو ئيحتيرام لە قانونەكەو لە بەغداش وای لێ كراوە، ئێستا ئێمە كۆ دەبينەوە بەڵام جاری وا هەيە دەچێتە دوو مانگ و سێ مانگ، ئينجا ئەگەر جارێك دەتوانين ئەو بيست موديرعامە بێنين و ئيشی لەسەر بكەين، ئەمە لەبەر ئەوەی ئيشەكانمان تەنفيزی نييە، بەڵام ئاساييە ئەگەر دوو مانگ جارێك كۆببينەوە، جگە لەوەش ڕۆژانە پەيوەنديمان هەيە لەو حاڵەتانەی كە پەيوەندی ئيشی ڕۆژانەو تەنفيزو جێ بەجێ كردنە، بۆيە داواكارم وەك خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام وايە دوو مانگەكە بكرێتە مانگێك موقتەرەحێكە، جەنابی وەزير دەڵێت دوو مانگ زۆر باشە، لەبەر ئەوەی بۆمان ناكرێت، موقتەرەحی ئەو دوو مانگە ببێتە مانگێك، دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە دوو مانگ بكرێتە مانگێك دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، موقتەرەحەكە خۆی دوو مانگ جارێكە، ليژنەی هاوبەشيش مولاحەزەی لەسەر ئەوەی نييە كە دوو مانگ جارێك بێت، جەنابی وەزيريش دەڵێت دوو مانگ جارێك بێت، موقتەرەحی سۆزان خان بوو كە منيش پشتگيريم لێ كرد، گوتی كە مانگی جارێك

بێتن، تەبریراتی جەنابی وەزیریش مەنتیقی تێدا بوو، دەیخەمە دەنگدانـەوە کـێ لەگـەڵ ئـەو موقتەرەحـە تازەیە کە مانگی جارێك بێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە وەکو خۆی مایەوە، لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی تر ئەو دەسەڵاتە دراوەتـە وەزیـر، لەبـەر ئەوە زۆر تەبیعیە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە حـەقی ئـەو ئیقتیراحـەی هـەبێتن قەرارەکـەش بـۆ تۆیـە، بۆیـە ئیلغا کرا، کاك فوئاد ئەگەر حازرتان کرد بێت کوردیەکەی بیخوێنـەوە، عەرەبیەکـەی بخوێنـەوە تـا کوردیـە تەواو دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصی ماددەکە وا دەڵێت (المادة السابعة/اولاً: يعقد المجلس جلساته مرة واحدة كل شهرين او كلما دعت الحاجة الى ذلك بدعوة من الرئيس او نائبه في حالة غيابه، ويكتمل النصاب في اجتماعات المجلس اذا حضر اكثرية اعضائه على ان يكون الرئيس او نائبه واحدا منهم.

ثانياً: يتخذ المجلس قراراته باكثرية عدد اصوات اعضائه الحاضرين وفي حالة تساوي الاصوات يـرجح الجانـب الذي صوت معه رئيس الاجتماع) سێیەم نامێنێت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم/

یەکەم: هەردوو مانگ جارێك ئەنجومەن دانیشتنەکانی گرێدەدا، یان هەر کاتێك پێویست بوو ئەویش بـەهۆی بانگێشەی سەرۆك، یان جێگرەکەی لەکاتی نەهاتنی رادەکە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن تەواو دەبێت، ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادە بوون، وپێویستە سەرۆك، یان جێگرەکەی یەکێك لەوان بێت.

دووەم: ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان بڕیارەکان دەردەکاتو لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنەی سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەنگی لەپاڵی دەنگی ئەوان داوە ئەو دەیباتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، ئـەو ماددەیـە بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، زۆر سـوپاس، لێـرەدا کۆتـایی بـە دانیشتنەکەمان دەهێنین، وەختێکی تر دیاری دەکەین بۆ تـەواوی کردنـی ئـەم یاسـایە، بـەیانی ئومێـد دەکـەم هەمووتان حازر بن بۆ کۆنفرانسی یەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان کـە لـە خـانزاد دەکـرێتن، تـا رۆژی دوو شەممەی داهاتوو بەرنامەی کار ئەوە بوو کە ئیعلانمان کرد، پرۆژەی یاسای دابـین کردنـی نیشـتەجێ بـوون و هەروەها کرێی خانووبەرە، بەڵێ کاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی وەکو بابڵێین نازانم، بڵێین وەکو موتەبەع، یەعنی وەکو ئەوەی تاکو ئێستا ئیشمان لەسەر کردووە، پرۆژە یاسایەك تەواو نابێت بە جەلسەیەك، عادەتەن دەمێنێتەوە بۆ جەلسەی داهاتوو، من پێشنیار دەکەم، ئەگەر جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان قەبولی بکەن، پێشنیارە ئەگەر قەبولی بکەن، من پێم باشە گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای ژینگە بەردەوام بین، نە حکومەت هەڵدێت، ئەویتر ئەگەر ئیجازە بدەیت بەڕاستی یەعنی هینیش هەیە، تاکو ئێستا وەفدەکەی حکومەت نەگەڕاوەتەوە، یەعنی من تکام ئەوە بۆ هەموومان باشە، بۆ قانونەکە باشە، یەعنی من حەزم لێیە ئەو رۆژەش ئەوەش لە خیلالی ئەوە ئەو تەوزیحە بدەم 100٪ حکومەت لە باری مەبدەئی لەگەڵ ئیقراری پرۆژەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی، ئەگەر رۆژی دوو شەممە تەکمیلەی ئەو موناقەشەیە بێت، بۆ جەلسەی داهاتوو بە دڵنیاییەوە وەزیرە بەڕێزەکانیش دەگەڕێنەوەو کە پەیوەندییان هەیە بە جەلسەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یەکەم/ ئەوە قەرارمانە لە دانیشتنی پێری، کە دوو شەممە ئاخیر مەوعیدە موناقەشەی دەکەین، بەلاَم ئەگەر وەزیری پەیوەندیدار نەهاتن، بڕگەی دووەم موناقەشە دەکەین خانووبەرە با هەردوو وەزیری دارایی ئامادە بن لێرە، ئەگەر ئەوانیش هاتن ئەوە پێشی دەخەین، ئەگەر نەهاتن هەردوو وەزیری دارایی و ئابووری و هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، چونکە ئیعلانمان کردووە ئەو دوو پرۆژەیە بکرێت، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |